# تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز

بەرگی چوارەم

تەفسیری سوورەتی (المائدة)

عەلی باپیر

# تەفسیری قورئانی

# بەرز و بەپێز

عەلی باپیر

**بەرگی چوارەم**

**تەفسیری سوورەتی (المائدة)**

# پێناسەی کتێب

ناوی کتێـــــب : تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز.
نـووسـەر: عەلـی باپـیر.
نەخشەسازیی ناوەوە: عزالدين محمد عمر.
نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٥ ك– ٢٠١٤ز.
تـــیراژ : ٢٠٠٠ دانە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٧)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە

# پێشەكی ئەم تەفسیرە بەگشتی

الحَمْدُ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب.

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدِي هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەكان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - كە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین كتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەكانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفكرین‌و ڕامان، فێركردن، كارپێكردن ... هتد، بەباشترین جێگرتن جێگا دەگرێ‌و خاوەنەكەی لە دنیاو دواڕۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) كە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەكرد پێش هەر قسەیەكی گرنگ بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییكردن (خِطْبة)و .. هتد، وە ئەم وتارە هەركام لە: الترمذي: (١١٠٥)، والنسائي: (١١٠٤)، وابن ماجه: (١٨٩٢) وأحمد: (٣٧٢٠)، وطبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێكی هێناوە.

منیش کە - وەك باسکردنی چاکەی خوا (التحدّث بنعمة الله) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەییو بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردوومو، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردوومو، بەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەرێزو پێز لەبەر بکەمو، سەرقاڵیی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئانو تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانیو، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێبو نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەمو زۆر لەبەر رۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر روونکردنەوەی قورئانو چۆنیەتی جێبەجێکردنو کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیكو ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە رەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنمو دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەمو خۆمی بۆ یەکلایی (متفرِّغ) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باوو دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان هەندێکی هەندێکی روون دەکاتەوە: (القرآن يُفَسِّر بَعضُهُ بَعْضَاً)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش روونکەرەوە (مُبَيِّن)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿... وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾النحل، واتە: وە زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان روون بکەیەوە، وە بەڵکو خۆشیان بیربکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئان پێشکەش بە مسوڵمانانی کوردستان بکەم،

کە لە قورئـــان بوەشـــێتەوەو مایـەی بـەهرەو سوودی خوێنـەران بـێ، بەتایبـەتیش کە زیـاتر لـە سـی (٣٠) سـاڵە لەگـەڵ قورئـانی بـەرزو مـەزنو تەفسیـرەکانیو کتێبـەکانی سـوننەتدا خـەریکمو دەیـان کتێـبو بەرهـەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بوارەکـانی زانسـتەکانی شـەریعەتدا پێشـکەش کردوون.

شایانی باسیشە کە ئەو بیستو دوو مـانگ زینـدانیی کرانـەم لەلایـەن ئـەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تـاکو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفـەتێکی گـەورەو گـرنگ بـوو، بـۆ زیـاتر پێـدا قووڵـبوونەوەی کتێبـی خـوا تبـارك و تعالـی، وە بۆ پەیـدابوونی تێگەیشـتنی تایبـەت لـەبارەی زۆرێـك لـە ئایەتـەکانی یـەوە، ئـەم ڕاسـتییەش لـە کتێبـی: (الإسـلام كمـا يتجلَّـى فـي كتـاب الله تعالـى)دا زۆر دەرەوشـاوەتەوە[1]، بـەلام هەڵبەتـە نالێـمو هیچکەسـیش بـۆی نیـە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسیرەی مـن تێروتـەواوە، چـونکە وێـڕای سـنوورداربوونی توانـاو بڕسـتم لـە بەرانبـەر کتێبـی لـە هـەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلق)و بێسـنوور (لا محدود)ی خـوادا، نەشـم ویستووە کـە زۆر بەمـلاولادا بچـمو بچمـە نێـو هەنـدێك وردەکـارییەوە، کـە یـان مـن تێیـدا پسپۆڕو شـارەزا نـیم، یـان خوێنـەر پێویسـتی پێـی نیـە، لـە کاتێکـدا دەیـەوێ لـە قورئـان تێبگـاتو بزانـێ خـوا (تبارك وتعـالى) ڕاستەوخۆ چی پـێ فـەرمووە؟!

ئنجا هـەر لێرەشـەوە بـە پێویستی دەزانم پـڕ بـە دڵ سوپاسـی ئـەو بـرا گەنجـە ڕووح سـووكو گـورجو گـۆڵو دڵسـۆزە بکـەم (حـەزی نـەکرد نـاوی بهێـنم)، کـە هەڵسـا بـە نووسـینەوەو هێنـانە سـەر کاغـەزو، پاشـان تـایپکردنو دوایـی پێداچـوونەوەو هەڵەگیـریی، سـەرجـەم ئـەم زنجیـرە دەرسـە، کـە لـە ئەسـڵدا لـە شـێوەی وتـار (محاضـرة)دا پێشـکەش کـراون، هـەروەها هەڵسـا بـە (تخـريج)ی سـەرجەم دەقـەکانی سوننەت، لـە سەرچـاوە متمانـە پێکراوەکانـەوەو، زەحمـەتو ماندووبوونێکـی زۆری بـە سـەرجەم بەرگـەکانی ئـەم تەفسیـرە کێشـاوە، خـوا بـە باشـترین شـێوە پاداشـتی

---

١) ئەو کتێبە کە ئێستا لەژێر چاپدایە لە بەیرووتو ئومێد وایە بەم زووانە بکەوێتە بەر دیدی خوێنـەران، سـەرجەم هەشـت بـەرگو زیـاتر لـە سـێ هـەزار (٣٠٠٠) لاپەڕەیـەو، هەوڵـم داوە بەگشتی تێیدا باسی سەرجەم لایەنەکانی ئیسلام بکەمو، تاکە سەرچاوەشم قورئان بووە، وێڕای دەقەکانی سوننەت، کە لە هۆش (ذاكرة)دا بووون.

بداتەوەو، هەر صاڵحو ساغو سەلامەتو سەربەرزبێ[1]، لە خوای بەرزو بێهاوتاش داواکارم ئەو جۆرە گەنجو لاوانە لە کوڕانو کچان لەنێو گەلەکەماندا زۆر بکات.

شایانی باسیشە کە ئێمە لەم تەفسیرەماندا باسی بەش (جزء)ەکانی قورئانو دابەشکردنەکانی دیکەی وەك: - (حزب) - ناکەین، چونکە هەر سوورەتێك بۆخۆی شتێکی سەربەخۆیەو سەرجەم ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن‌و، ئاشکراشە کە دابەشکرانی سەرجەم قورئان بۆ سی (٣٠) بەش (جزء) و شەست (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایەن زانایانەوە کراوە، بۆ ئاسانکاریی خوێندنی قورئان، دیارە ئێمە لە دابەشکردنی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەشدا دیسان حیساب بۆ بەشەکان (أجزاء)ی ناکەین‌و بە گوێرەی سوورەتەکان بەرگەکانی دیاری دەکەین.

دوا قسەشم ئەوەیە کە:

ئەم تەفسیرە - وەك پێشتر گوتمان - لە ئەسڵدا بەشێوەی دەرس‌و وتار پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر خۆم دووجار بە وردیی پێیدا چوومەوەو بەپێی پێویست دەستکاریی‌م کردوە، دیارە هەموو دەرسێکیش بەناوی خواو ستایشی خوا ﷻ دەستی پێکردوە، بەڵام ئێمە لە سەرەتای دەرسەکانەوە ئەوانەمان لابردوە، بۆ زۆر دووبارە نەبوونەوەو، ئەو (خطبة الحاجة)یەی لە سەرەتای ئەم پێشەکییەوە هاتوە، لەجیاتی سەرەتای سەرجەم دەرسەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ، وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢
٢٠١١/٦/٢٧ هەولێر

---

١) ئەو برا دڵسۆزە ئێستاش پاش سوورەتی (المائدة)، سەرگەرمی سوورەتی (الأنعام)ەو عەزمیشی جەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمان بەردەوام بێ، هەتا کۆتایی ئەم تەفسیرە سەرگەرمی کارەکەی بێ.

# پێشەکی ئەم بەرگە

الحَمـد للّٰه رَبّ العَالـمين وَصَلاته و سلامه و بركاته على عبده مُحَمَّد وآلِهِ السائرين على دربه .

خوێنەرانی بەرێز !

سوپاس و ستایش بۆ خوای بەرزی مەزن، کە دوای هەرسێك سوورەتی بەپێزی فاتیحەو بەقەرەو ئالی عیمران، یارمەتیی داین سوورەتی پڕ فەڕو بەرەکەتی نیسائیش تەفسیر بکەین.

شایانی باسیشە کە ئێمە لە تەفسیرکردنی سوورەتی (المائدة)یش دا هەر لەسەر هەمان نەخشەو بەرنامەی کە لە سەرەتای ئەم تەفسیرەوە ڕامان گەیاندوە، بەردەوام بووین و هەوڵیشمان داوە لەم بەرگەدا لەو تێبینی و پێشنیارانەی خوێنەرانی سەنگین و شیرین کە لەسەر بەرگی یەکەم و دووەمی ئەم تەفسیرە، خستبوویاننە ڕوو، بەهرەمەند بین و هیواداریشین خوێنەرە خۆشەویستەکان بەردەوام لە تێبینی و سەرنجەکانی خۆیان لە هەر ڕوویەکەوە بن، بێبەشمان نەکەن، چونکە فەرمایشتی بەرزو بەپێزی خوای بێوێنەو تاك، هەتا خزمەتی بکرێ هەر کەمەو، هەموو شتێکی باشی شایستەیە، ئەوەندەی لەتوانادا هەبێ و بلوێ.

هیواداریشم سەرجەم خوشك و برایانی مسوڵمانی بەهرەمەند لەم تەفسیرە، دوعامان بۆ بکەن بۆ هیدایەت و بەرچاو ڕوونیی زیاترو، بەردەوام بوونیش هەتا تەواوکردنی تەفسیرکردنی تێکڕای سوورەتە موبارەکەکانی قورئانی بەرزو بەپێز.

سبحانك اللّهم وبحمدك أشهد أن لا اله الاّ أنت أستغفرك وأتوب إليك

١٠ ی ڕەجەبی ١٤٣٤ ك
٢٠ ی مایسی ٢٠١٣ ز
هەولێر

# پێناسەی سوورەتی (المائدة) و نێوەرۆکەکەی

بەڕێزان!

خوا یاربێ هەوڵدەدەین بەرلەوەی ڕاستەوخۆ بچینە سەر تەفسیرکردنی ئەم سوورەتە موبارەکە پێناسەیەکی بکەین‌و، پێگەو گرنگیی‌و پلەو پایەی بخەینەڕوو، پاشان خاڵە هاوبەش‌و وێکچووەکانی لەگەڵ سوورەتی (النساء)دا، وە خاڵە جیاوازەکانیشیان دەخەینەڕوو.

پاشان سەردێرو نێوەڕۆکی بابەتەکانی لە دوو توێی بیست‌و پێنج (٢٥) دەرسدا دەخەینەڕوو:

وشەی (المائدة) کە دیارە ئەم سوورەتە بەوەوە ناونراوە، واتە: سفرەو خوان، کە ئەویش بەسەرهاتێکی هەیە دوایی دەیگەینێ، کە کورتەکەی ئەوەیە کاتێك حەوارییەکانی عیسا ﷷ، خوا لێیان ڕازی بێ، داوا لە عیسا ﷷ دەکەن سفرەو خوانێکیان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنێ، ئەویش داوا لە خوای پەروەردگار دەکات، خواش ﷻ دەفەرموێ: باشە من ئەو سفرەو خوانە دادەبەزێنم، بەڵام لەمەودوا هەر کەسێك بێبڕوابێ، بە شێوەیەك سزای دەدەم، هیچ کەسم لە جیهانیی یان بەو شێوەیە سزا نەدابێ، جا لەبەر ئەوەی ئەو بەسەرهاتە بەسەرهاتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە، ئەم سوورەتە بەو بەسەرهاتەوە ناونراوە.

دیارە سوورەتی (المائدة) بە پێی ڕیزبەندیی سوورەتەکانی (مُصْحَف) پێنجەمین سوورەتە، بەم شێوەیە: (الفاتِحة، البقرة، آل عمران، النساء، المائدة)، بەڵام لە ڕووی کاتی دابەزێنرانیەوە لە دوادوای تەمەنی پێغەمبەردا ﷺ دابەزیوە، واتە: لە کۆتایی دابەزینی قورئان دایە، بەڵکو وەك دوایی باسی دەکەین، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: کۆتا سوورەتە کە لە قورئان دابەزێنراوە، واتە: دوای ئەوە ڕەنگە ئایەتی دیکە دابەزیبن، بەڵام هیچ سوورەتێك بە تەواویی لە دوای سوورەتی (المائدة)

دانەبەزێنراوە، ئەوە لەسەر ڕای زۆر لە زانایان، وە چەند دەقێکی سوننەت هەن کە پێگەو پایەی بەرزی سوورەتی (المائدة)مان بۆ دەردەخەن:

یەکەم: ﴿عَنْ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ قَالَ: حَجَجْتُ فَدَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، فَقَالَتْ لِي: يَا جُبَيْرُ! هَلْ تَقْرَأُ المائدة؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، فَقَالَتْ: أَمَا إِنَّهَا آخِرُ سُورَةٍ نَزَلَتْ، فَمَا وَجَدْتُمْ فِيهَا مِنْ حَلَالٍ فَاسْتَحِلُّوهُ، وَمَا وَجَدْتُمْ فِيهَا مِنْ حَرَامٍ فَحَرِّمُوهُ﴾ (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٥٥٨٨)، وَالنَّسَائِيُّ فِي (الكُبرى) برقم: (١١١٣٨)، وَابْنُ المُنذر، والحَاكِمُ برقم: (٣٢١٠) وَصَحَّحَهُ، وَابْنُ مَردَوية والبَيْهَقِيُّ، تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسنادُهُ صَحيحٌ رجالُهُ ثِقَات، رجَال الصَحيح)، واتە: جوبەیری کوڕی نوفەیر (دیارە یەکێك بووە لە زانایانی تابعین، واتە: دوای جیلی هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: حەجم کرد لە حەجەکەمدا چوومە لای عائیشە دایکی ئیمانداران خوا لێی ڕازی بێ (دیارە لە پشت پەردەوە قسەی لەگەڵدا کردوە) پێی گوتم: ئەی جوبەیر! سوورەتی مائیدەت خوێندۆتەوە، یان دەیخوێنی؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: ئاگاداربە! کۆتا سوورەتە دابەزیبێ، بۆیە هەرشتێکی تێدایەو بە حەڵاڵی داناوە ئێوەش بە حەڵاڵی دابنێنو پێوەی پابەندبن، وە هەر شتێکی قەدەغە کردوە بە قەدەغەی دابنێنو پێوەی پابەندبن.

دووەم: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَنَّ آخِرَ سُورَةٍ نَزَلَتْ سُورَةُ المائدة والفَتْح﴾ (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٦٤٣)، والحَاكِمُ برقم: (٣٢١١) وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيح عَلَى شَرْطِ الشيخين وَلَم يخرجاه، ووافقه الذهبي في التلخيص)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: کۆتا سوورەت لە قورئان دابەزیبێ سوورەتی (المائدة)یە، لەگەڵ سوورەتی (الفتح).

سێیەم: ﴿عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ يَزِيدَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: إِنِّي لآخِذَةٌ بِزِمَامِ الْعَضْبَاءِ نَاقَةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ، إِذْ أُنْزِلَتْ عَلَيْهِ المائدة كُلُّهَا، فَكَادَتْ مِنْ ثِقَلِهَا تَدُقُّ بِعَضُدِ النَّاقَةِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٧٦١٦)، تَعليق شعيب الأرنؤوط: حَسَن لِغَيْرِهِ، وَالطَّبَرانيُّ في (الكبير) برقم: (٤٤٨)، وَالبَيهَقيّ}، واتە: ئەسمائی کچی یەزید خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: من جڵەوی (الْعَضْبَاء)م گرتبوو {(عَضْبَاء) ناو، یاخود نازناوی حوشترێك بوو، کە پێغەمبەر ﷺ سواری بووە، عەرەب عادەتیان وابووە، هەر

ولاخێکی سـواری ناوێکیان لێناوه، جا ئەگەر گوێدرێژ بووبێ، ئەگەر هێسـتـر بووبێ، ئەگەر حوشـتـر بووبێ، ئەگەر ئەسـپ بـووبی، دەڵـێ: مـن جڵەوەکـەیم گرتبـوو}، کاتێك كه سوورەتی (المائدة) هاته خوار هەمووی پێکەوە، لەبەر قورسایی خەریك بوو لاقی حوشترەكە بشـكێ لەبن پێغەمبەردا ﷺ، (كاتێك كه پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەحـی بۆ هاتووه قورسایی زۆری گەیشتۆته سەر، دیاره كه سواری ولاخیش بووبێ لەگەڵ خۆشیدا ولاخەكەشی قـورس كـردوه) وه لـه ڕیوایـەتی دیكــەدا هـاتوه دەڵــێ: پێغەمبەر ﷺ دابەزی، وه پۆشـاكێكمان بەسەر دادا، تا وەحییـەكه تەواو بوو.

چـوارەم: ﴿عَنْ ضَمْرَةَ بْـن حَبِيب وَعَطيـة بْـنِ قَـيْس قَـالا: إِنَّ سُـورَةَ الـمائدة مِـن آخِـرِ القُرْآنِ تَنْزِيلاً، فَأَحِلُّوا حَلاَلَهَا وَحَرِّمُوا حَرَامَهَا﴾[1]، واته: (ضَمْرَةَ بْن حَبِيب وَعَطية بْنِ قَيْس﴾، {كه دیاره تابیعـیین بۆیه ئەم دەقه به (مُرْسَـل) دادەنرێ، وه هەر دەقێك كـه هـاوەڵان گێڕابێتیانــەوه لــه پێغەمبــەرەوه ﷺ، ئـەوه بـه فـەرمووده (حَـديث) دادەنرێ، جا ئەو كاته به پێی پلــەكەی یـان (حَسَـن)ه، یـان (صَحيح)، كـه ئـەو كاتـه حوكمەكـەی جیــایه} ئـەو دوو نەفـەره دەڵێن: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی سوورەتی (المائدة) كۆتا سـوورەته له قورئان دابەزێنرابێ، بۆیـه هەرچی حـەلاڵێكی تێدایه پێوەی پابەندبنو به حەڵاڵی دابنێن، وه هەرچی قەدەغەیـەكی تێدایـه پێـوەی پابەندبنو به قەدەغەی دابنێن.

پێنجـەم: هەروەهـا له (حَسَن البَصـرِي) گێڕدراوەتەوه كه گوتوویـەتی: {لَـيْسَ فِـي هَذِهِ السُّـورَةِ مَنسُوخٌ}، واته: ئەم سوورەته هیچ ئایەتی تێدانین كه نەسخ كـرابن.

هەروەها (أَبي مَيْسَرَة) ئەویش له زانایانی تابیعینه، وەك (حَسَن البَصرِي) ڕەحمەتی خوایان لـێ بێ، ئەویش گوتوویەتی: (فِيهَا ثَمَـاني عَشْـرة فَرِيضَةَ، ولَيْسَ فِيهَا مَنْسُـوخٌ)، واته: هــەژده (١٨) شتی تێدا فەرزكراون، وه هیچ ئایەتی تێدانین مەنسـووخ بن.

دیاره حوكمـه شـەرعییەكانی كـه لـەم سوورەتەدا هـەن زیـاترن لـه هـەژده، لەوانەیـه مەبەستی پێ هـەژده بابـەتی سـەرەكی بـێ، ئـەم دەقانـەش (جمـال الـدّين القَـاسمي) لـه (محاسن التأويل: ج٦، ص١٤) هێنـاونی.

---

١) فتح القدير للشوكاني ج٢، ص٥.

# خاڵە هاوبەشەکانی یان وێکچووەکانی نێوان سوورەتی (المائدة)و سوورەتی (النساء)

١- سوورەتی (المائدة)ش وەك سوورەتی (النساء) ژمارەیەکی زۆر یاسای شەرعیی گرتوونە خۆی، کە زیاتر لە سەد (١٠٠) یاسای شەرعیی تێدا هەن، کە ڕاستەوخۆ ئایەتەکان دەیانگەیەنن، وە دیارە زانایانیش بە شێوازی هەڵهێنجانی خۆیان، زیاتر لەو ژمارەیەشیان لێ هەڵهێنجاون، بەڵکو (إِبْنُ العَرَبِي) کە یەکێکە لە زانایانی مالیکی مەزهەب لە کتێبەکەی خۆی (أحكام القُرآن)دا دەڵێ: زیاتر لە هەزار (١٠٠٠) حوکمی شەرعیی لە سوورەتی (المائدة) هەڵدەهێنجرێ، وە دیارە سوورەتی (النساء)یش کە پێشتر باسمان کردوە، ژمارەیەکی زۆر یاسای شەرعیی تێدان.

٢- خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەردووکیان باسو خواسێکی زۆری جوولەکەو نەصرانیی یەکانیان تێدا هەن، هەم سوورەتی (النساء) کە پێشتر تەفسیرمان کرد، هەم سوورەتی (المائدة)ش، زۆر باسی جوولەکەو نەصرانیی یەکان دەکەن، خوای پەروەردگار سەرزەنشتو سەرکۆنەیان دەکات، باسی کەموکوڕییەکانیان دەکات، باسی هەڵەکانیان دەکات، باسی هەڵوێستە خراپەکانیان دەکات.

٣- خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەردووکیان باسی مونافیقو دڵ نەخۆشەکانیان تێدا کراوە، کەسانێك بوون کە لە نێو مسوڵمانان خۆیان بە مسوڵمان پێشانداوە، بەڵام لە واقیعدا کافر بوون، ئەوە بە مونافیقی داناون، یاخود مسوڵمان بوون، بەڵام ئیمانەکەیان تەواو نەبووە، ئەوە بە دڵ نەخۆشی لە قەڵەم داون، ئنجا لە هەردوو سوورەتەکانی (النساء)و (المائدة)دا زۆر باسی مونافیقەکانو دڵ نەخۆشەکانیش کراوە.

٤- خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان ئەوەیە کە لە هەردووکیاندا ڕێنمایی مسوڵمانان کراوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن کتێبەکانو، وە لەگەڵ مونافیقەکانو، وە لەگەڵ

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیشدا، کە دیارە ئەو کاتە ئەو سێ کۆمەڵە بوو ون: موونافیق، خاوەن کتێب، کە جوولەکەو نەصرانیی یەکان بوون، لەگەڵ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، ئنجا لە سوورەتی (النساء)و لە سوورەتی (المائدة)شدا لە چەند شوێنێکدا مسولْمانان ئاراستە کراون ئامۆژگاریی کراون کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو سێ جۆرە خەڵکەدا بکەن.

٥- خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان ئەوەیە کە لە هەردووکیاندا داکۆکیی کراوە کە مسولْمانان دەبێ بە دادگەریی‌و بە ئینصاف لەگەڵ غەیری خۆیاندا مامەڵە بکەن، وە هەوڵبدەن دادگەریی بچەسپێنن لەگەڵ نەیارەکانیانداو لەبەر ئەوە کە کافرو بێبڕوان، تووشی نادادگەریی‌و بێ ئینصافیی نەبن، چونکە مسولْمان دەبێ دادگەربێ لەگەڵ مسولْمان‌و نامسولْماندا.

٦- خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان ئەوەیە کە لە هەردووکیاندا باسی جەنگ‌و جیهادو فیداکاریی لە پێناوی خوادا کراوە، دیارە لە سوورەتی (النساء)دا زیاتر، وە لە سوورەتی (المائدة)شدا لە چەند شوێنێکدا ئاماژە کراوە بە جەنگ‌و جیهاد لەپێناو خوادا.

٧- خاڵێکی دیکەی هاوبەشیان ئەوەیە کە لە هەردووکیاندا ڕستەی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! زۆر دووبارە بۆتەوە، لە سوورەتی (النساء)دا، یازدە (١١)جار، وە لە سوورەتی (المائدة)دا، شازدە (١٦) جار ئەم ڕستە موبارەکە دووبارە بۆتەوە.

# پێناسەی دەرسەکانی سوورەتی (المائدة)

ئێمە سوورەتی (المائدة)مان دابەشکردوە بۆ بیستو پێنج دەرس، ئنجا واباشە پێش ئەوەی بچینە سەر دەرسەکان، چاوێك بە كۆی ئەو دەرسانەدا بخشێنین، بۆئەوەی نەخشەی ئەو سەدو بیست ئایەتەی سوورەتی (المائدة)مان لەبەرچاوبێ کە باسی چی دەکەن؟ وە چەند بابەتیان تێدا باسکراون بە شێوەی سەرەکی؟!

دەرسی یەکەم: لە سوورەتی (المائدة) لە ئایەتی ژمارە (١ - ٥) دەگرێتە خۆی، دیارە جگە لە (بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) کە لە سەرەتای هەموو سوورەتێکە، بێجگە لە سوورەتی (التوبة)، ئەو پێنج ئایەتە باسی پابەندیی ئیمانداران دەکەن بە گرێ بەستەکانەوە، بە پەیمانەکانیانەوە، وە پاشان باسی پاراستنی دروشمەکانی دینداریی، وە خۆپاراستن لە خواردنە پیسو زیان بەخشەکانی وەك: مردارو خوێنو گۆشتی بەرازو، ئەو شتەی کە بۆ غەیری خوا سەربڕابێو ... هتد، وە حەڵاڵ بوونی خواردنە خۆشو بە سوودەکان، وە ڕەوایی هاوسەرگیریی لەگەڵ ئافرەتانی پاکی بڕوادار، وە ئافرەتی پاکی خاوەن کتێبەکان، وە خۆ دوورگرتن لە داوێن پیسیی، دەکەن.

دەرسی دووەم: دوو ئایەتمان بۆ تەرخان کردوون، ئایەتەکانی ژمارە (٦ - ٧) کە خوا ﷻ لە ئایەتی ژمارە (٦)دا باسی دەستنوێژ دەکات، وە یەکەمین ئایەتە کە لە قورئاندا تەرخان کرابێ بۆ باسی دەستنوێژ گرتن، وە باسی تەیەممووم دەکات، کە ئەگەر ئینسان ئاوی دەست نەکەوت بۆ دەستنوێژ تەیەممووم بکات، وە پاشان باسی خۆشۆردن دەکات لە لەش پیسیی، وە ئەگەر ئاوی دەست نەکەوت، دیسان باسی تەیەممووم دەکات، وەك بە دیل بۆ خۆشۆردن، وە لە هەموو قورئاندا تەنیا ئەم ئایەتە باسی دەستنوێژو تەیەممووم دەکات، وە تەیەممووم چ وەك بەدیل بۆ دەستنوێژ، چ وەك بەدیل بۆ خۆشۆردن، جگە لە ئایەتی ژمارە (٤٢)ی سوورەتی (النساء) کە باسی خۆشۆردنو تەیەممومی دەکردو پێشتر تەفسیرمان کردوە،

هەروەها لە ئایەتی ژمارە (٧)دا خوای پەروەردگار بە ئیمانداران دەفەرمویٚ: یادی ئەو پەیمانە بکەن کە لەگەڵ خوادا بەستوویانە.

دەرسی سێیەم: چوار ئایەتەکانی: (٨ - ١١) دەگرێتە خۆی، کە خوای پەروەردگار لەو ئایەتانەدا فەرمان بە ئیمانداران دەکات کە دادگەربن، وە شایەدیی بدەن بە دادگەریی، وە چاکەی خوا لەسەر خۆیان یاد بکەنەوە، کە سەلامەتی کردوون و دڵنیای کردوون لە مەترسی دوژمنان.

دەرسی چوارەم: سێ ئایەتەکانی: (١٢ - ١٤) دەگرێتە خۆی، کە باسی ئەزموونی شکست خواردووی جوولەکەو نەصرانیی یەکان دەکەن، لە بواری پابەندیی بە پەیمانی خواوە کە چۆن پەیمانیان بە خوا ﷻ داوە، دوایی پەیمانەکەیان شکاندوەو، نەیانتوانیوە بەو بەڵێن و پەیمانەوە پابەندبن، کە دیارە خوا ﷻ زۆرجار باسی کەموکووڕیی و پەیمان شکێنیی و لاساریی جوولەکەو نەصرانیی یەکان دەکات، بۆئەوەی بۆ مسوڵمانان ببنە جێگەی پەندو عیبرەت و دەرسیان لێ وەربگرن، هەروەها بۆئەوەی کە ئەوانیش بناسن چ ماڵێك بوون، وە کاتی خۆی چییان کردوە؟

دەرسی پێنجەم: پێنج ئایەتەکانی: (١٥ - ١٩) دەگرێتە خۆی، کە خوا تێیاندا بانگی خاوەن کتێبەکان دەکات بۆ ئیسلامەتیی کە ئیمان بێنن و بێنە نێو ئیسلامەوە، وە پاشان سەرزەنشتیان دەکات لەسەر بیروڕای ئەفسانەیی و هەڵبەستراویان، بە تایبەت نەصرانیی یەکان.

دەرسی شەشەم: حەوت ئایەتەکانی: (٢٠ - ٢٦) دەگرێتە خۆی، کە باسی بەسەرهاتی مووسا عليه السلام دەکەن، کە وەك گوتم سێ بە سەرهات لە سوورەتی (المائدة)دا هەن، یەکێك لە بەسەرهاتەکان بەسەرهاتی مووساو گەلەکەیەتی، کە مووسا عليه السلام فەرمان دەکات بە گەلەکەی خۆی، (بەنی ئیسرائیل) تا بچنە یەکێك لە شارەکانەوە، جا توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: فلان شارە، یان فیسار شارەیە، گرنگ ئەوەیە شارێك بووە لە شام، مووسا عليه السلام دوای ئەوەی خوا بەنی ئیسرائیلی لە میسر لە چنگی فیرعەون ڕزگار کرد، وە ئەوانیش هاتوون بۆ شام بۆ دەشتی (سینا) فەرمانیان پێ دەکات، بچنە شارێکەوە، ئەوانیش سەرپێچیی دەکەن، وە بڕوبیانوی

زۆر دێننەوە، تا سەرەنجام دەڵێن: ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾﴾، واتە: ئەی مووسا! تۆو پەروەردگارت بچن بجەنگن ئێمەش لێرە دانیشتووین، هەر کاتێك ئێوە شەڕەکەتان تەواو کرد ئێمەش دێین، ئنجا لەسەر ئەوە خوای دادگەر سزای بەنی ئیسرائیل دەدات، وە (٤٠) ساڵ بە سەرگەردانیی لە دەشتو بیابانی (سینا)دا دەمێننەوە، وەك دوایی باسی دەکەین.

دەرسی حەوتەم: پێنج ئایەتەکانی: (٢٧ - ٣١) دەگرێتە خۆی، کە بەسەرهاتی دووەم لە سوورەتی (المائدة)دا باس دەکەن، کە بریتییە لە بەسەرهاتی هەردوو کوڕەکەی ئادەم، خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ﴾، بەسەرهاتی دوو کوڕەکەی ئادەمیان بەسەردا بخوێنەوە، کە زۆر لە توێژەرەوان بە (قابیل وهابیل) ناویان دەبەن، کوڕە خراپەکە ناوی (قابیل)ە، چاکەکەشیان ناوی (هابیل)ە.

دەرسی هەشتەم: سێ ئایەتەکانی: (٣٢ - ٣٤) دەگرێتە خۆی، کە باسی حیکمەتی سزای قەتڵی بە ناهەق دەکەن، حیکمەتی چییە خوای پەروەردگار ئەو سزایەی بۆ قەتڵی بە ناهەق داناوە؟! وە پاشان باسی سزای ڕێگریی، ئەوانەی کە ڕێگریی دەکەن، وە باسی تۆبە وەرگرتن لە پەشێمان بووەوانی ڕێگریی کاران دەکەن.

دەرسی نۆیەم: شەش ئایەتەکانی: (٣٥ - ٤٠) دەگرێتە خۆی، کە باسی پارێز لە خوا ﷻ کردن، وە هۆکار بۆ لای خوا پەیداکردن، وە جەنگو جیهاد لە پێناوی خواداو، پاشان سزای سەختی کافران لە قیامەت، وە دوایی باسی سزای دزیی دەکەن، وە پاشان باسی کەسانێك کە لە دزیی پەشیمان دەبنەوە، کە خوای بە بەزەیی لەگەڵیان میهرەبانو لێبوردەیە.

دەرسی دەیەم: سێ ئایەتەکانی: (٤١ - ٤٣) دەگرێتە خۆی، کە ئاگاداركردنەوەی پێغەمبەر ﷺو مسوڵمانانە لە پیلانی جوولەکەو مونافیقەکان، وە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ جوولەکەکانو مونافیقەکاندا، بەتایبەت پێغەمبەری خوا ﷺ، وەك سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامیی، کە دەبێ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات؟

دەرسی یازدەیەم: چوار ئایەتەکانی: (٤٤ - ٤٧) دەگرێتە خۆی، باسی نێردرانی هەر کام لە تەوراتو ئینجیلو فەرزکردنی کار پێکردنیان دەکات، وە پێویست کردنی، سزای قەتڵ، وە سزای کەسێك کە لووتی کەسێك دەبڕێ، گوێی دەبڕێ، ددانی دەشکێنێ، بریندار دەکات، باسی ئەوە دەکات، وە باسی ئەوە دەکات کە هەر کەسێك حوکم نەکات بە کتێبی خواو بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، چ بەنسبەت ئۆممەتانی پێشوو، چ بەنسبەت ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ، ئەوە ئەو جۆرە کەسانە بە کافر لە هەندێ حاڵەتدا، وە بە زاڵم لە هەندێ حاڵەتدا، وە بە فاسق لە هەندێ حاڵەتدا، ناوزەد دەکرێن، یاخود بە ئیعتیباری بڕوا نەبوونیان بە حوکمی خوا، بە کافر لە قەڵەم دەدرێن، وە بە ئیعتیباری پابەند نەبوونیان بە شەریعەتەوەو بەزایەدانی هەقی خەڵك، بە زاڵم لە قەڵەم دەدرێن، وە بە ئیعتیباری ئەوە کە لە زاتی خۆیاندا سەرپێچیی دەکەن، بە فاسیقو لاڕێ لە قەڵەم دەدرێن، کە دوایی بە درێژیی باسی ئەو ئایەتانە دەکەین، وە مشتومڕی زانایان دەربارەی چۆنیەتی تەفسیرکردنیان باس دەکەین.

دەرسی دوازدەیەم: سێ ئایەتەکانی: (٤٨ - ٥٠) دەگرێتە خۆی، باسی حوکم کردن بە قورئان، وە شوێن نەکەوتنی ئارەزووی ئەموئەو، وە سەرپشککردنی خەڵك لە نێوان حوکمی خوای پەروەردگارو، حوکمی نەفامیی دا، کە خوا ڕایدەگەیەنێ تەنیا دوو جۆرە حوکم هەن، دوو جۆرە بەرنامە هەن: بەرنامەو حوکمی خوا، وە بەرنامەو حوکمی نەفامیی، واتە: غەیری حوکمی خوا کە لە ئیسلام قورئانو سوننەتدا بەرجەستەیە، ئەوەی دیکە هەمووی بە نەفامیی لە قەڵەم دەدرێ.

دەرسی سێزدەیەم: سێ ئایەتەکانی: (٥١ - ٥٣) دەگرێتە خۆی، باسی مەسەلەیەکی گەورەو گرنگ لە ژیانی مسوڵمانان دەکات، کە قەدەغەبوونی بەدۆستایەتیی گرتنیانە لەگەڵ جوولەکەو نەصڕانیی یەکاندا، کە حەرامە مسوڵمانان جوولەکەو نەصڕانیی یەکان، بە دۆست بگرن، خۆشیان بوێن، لەگەڵیان بن، پشتیوانییان لێ بکەن، بە سەرکەوتنیان دڵ خۆش بن، بە شکستیان دڵ ناخۆش بن، وە خوا ڕایدەگەیەنێ کە ئەوانەی خێرایی دەکەن لە دۆستایەتیی کردنی جوولەکەو نەصڕانیی یەکاندا، کەسانی دڵنەخۆشن، وە ئەگەر مونافیقیش نەبن، بەلای کەمەوە نیشانەی پرسیار لەسەر ئیمانو مسوڵمانەتییان هەیە.

دەرسی چواردەیەم: سێ ئایەتەكانی: (٥٤ - ٥٦) دەگرێتە خۆی، باسی هەڵگەڕانەوەی مسوڵمانان دەكات لە ئیسلام، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴾، وە باسی ئەوە دەكات ئەوانەی كە لە دینی خوا هەڵدەگەڕێنەوە، خوا پەكی پێیان ناكەوێ‌و منەتی پێ نیە، وە لە جیاتی وان كەسانێكی دیكە دێنێ، كە كۆمەڵێك سیفەتی بەرجەستەو گەورەیان تێدا بەیان دەكات: ئەوان خوایان خۆشدەوێ، خوا خۆشی دەوێن، لەگەڵ ئیمانداراندا نەرم‌و نیانن، لەگەڵ كافراندا توندن، لە ڕێی خوادا تێدەكۆشن‌و لە لۆمەی لۆمەكاران ناترسێن، وە پاشان باسی دۆستایەتیی گرتنی ئیمانداران دەكات، كە تەنیا دۆستایەتی لەگەڵ خوادا دەگرن، پاشان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ وە لەگەڵ ئیمانداراندا.

دەرسی پازدەیەم: دە ئایەتەكانی: (٥٧ - ٦٦) دەگرێتە خۆی، كە باسی هەڵوێستی ناحەزانەی خاوەن كتێبەكان بە تایبەت جوولەكەكان دەكات، لە بەرانبەر ئیسلام‌و مسوڵماناندا، وە خوا سەرزەنشتیان دەكات، وە هانیان دەدا كە واز لە خراپەو لە دوژمنایەتییان بۆ ئیسلام‌و مسوڵمانان بێنن، وە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، وە بگەڕێنەوە بۆ پابەندیی بە كۆتا شەریعەتی خواوە كە ئیسلامە.

دەرسی شازدەیەم: پێنج ئایەتەكانی: (٦٧ - ٧١) دەگرێتە خۆی، باسی ڕاسپێردرانی پێغەمبەر ﷺ دەكات، كە خوا ڕای دەسپێرێ، بە خاوەن كتێبەكان بەگشتی، وە جوولەكەكان بە تایبەت ڕابگەیەنێ، كە ئەگەر بێت‌و ئیمان بە ئیسلام نەهێنن، ئەوە ئەو شەریعەت‌و بەرنامەیەی كە لەسەرینی، كە جوولەكایەتییە، یان نەصرانییەتە، بۆیان حیساب ناكرێ، وە پاشان باسی سەرزەنشت كردنیان دەكات، لەسەر ئەوەی كە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بە درۆ دادەنێن، وە هەوڵدەدەن بۆ كوشتنیان، وەك كوشتووشیانن، كە مەبەست پێی پێغەمبەرانی پێش ئیسلامە.

دەرسی حەڤدەیەم: پێنج ئایەتەكانی: (٧٢ - ٧٦) دەگرێتە خۆی، باسی سەرلێشێوانی نەصرانیی یەكان دەكات، پاشان دەرخستنی حەقیقەتی عیساو دایكی، صەلاەت‌و

سەلامی خوا لەسەر عیسا بێ‌و، خوا لە مەریەم ڕازی بێ، کە عیسا عليه السلام پێغەمبەرێکی خوا بووەو دایکیشی صیددیقەیەك بووەو ئیمانداریکی زۆر چاك بووە، بۆیەش وا دەفەرموێ، چونکە نەصرانیی یەکان عیساو دایکی بە دوو پەرستراو، یاخود لەگەڵ خوای پەروەردگاردا بە سێ بەش لە خوا لە قەڵەمیان دەدەن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍ﴾، بێگومان ئەوانەی کە گوتیان: خوا یەکێکە لە سێیەکان کافر بوون (دووەکانی دیکە کێ‌و کێن؟ عیساو دایکی، یاخود عیساو روح لقودس کە مەبەستیان پێ جبریلە) وە باسی ئامۆژگاریی کردنیان دەکات بە گەڕانەوە بۆ ئەوە کە تەنیا خوا بپەرستن‌و بەندایەتیی بەس بۆ خوا بکەن، چونکە هەر خوا شایستەی بەندایەتیی بۆ کرانە.

دەرسی هەژدەم: دە ئایەتەکانی: (٧٧ - ٨٦) دەگرێتە خۆی، کە باسی سەرزەنشتکردنی خاوەن کتێبەکانە بەگشتی، لەسەر ڕۆچوونیان لە دینداریياندا‌و لەسەر تێپەڕاندنیان، وە پاشان نەفرین لێکرانیان لەسەر زمانی داوود عليه السلام‌و لەسەر زمانی عیسا عليه السلام، بە هۆی هەڵنەستانیانەوە بە ئەرکی فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە، وە پاشان بە هۆی دۆستایەتیی گرتنیان لەگەڵ کافراندا، وە دواییش خوا ﷻ لەو ئایەتانەدا باسی دوژمنایەتیی سەرسەختی جوولەکەو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەکات، وە بە پێچەوانەشەوە باسی هەڵوێستی نەرمی هەندێك لە نەصرانییەکان دەکات، کە لە بەرانبەر ئیسلامدا هەڵوێستیان نەرمترە، بە هۆی ئەو هەڵوێست نەرمییەشەوە کە زۆریان لێ مسوڵمان بوون، لە سەردەمی پێغەمبەریشدا ﷺ وە لە قۆناغەکانی دیکەش‌و ئێستاش، بەڵام جوولەکە بە دەگمەن وایە لێیان مسوڵمان ببن، ئەوەی کە خوا فەرموویەتی، هەر لەو کاتەوە کە فەرموویەتی تا ئێستاشدا هەر وایە: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ ۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَـٰرَىٰ﴾، واتە: تۆ دەبینی سەرسەختترین دوژمنی ئیمانداران، جوولەکەکان‌و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانن،

جوولەكەكان ئەوە دیارە كێن؟ هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانیش هەموو ئەوانەن كە بت دەپەرستن، ئنجا خوا دەفەرمویّ: وە دەبینی ئەوانەی كە گوتیان: ئێمە نەصرانیین لە هەموویان هەلّوێستیان نەرمترە، واتە: بەگشتی، هەلّبەتە خوای پەروەردگار كە مەدحیان دەكات بە هەلّوێست نەرمیی، زیاتر مەبەستی پێ ئەوانەیە كە ئیمان دێنن، وە دێنە نێو ئیسلامەوە.

دەرسی نۆزدەیەم: سێ ئایەتەكانی: (٨٧ - ٨٩) دەگرێتە خۆی، باسی حەرام نەكردنی شتی خۆش و بە تام و لەزەت و سوود بەخش بۆ مسولّمانان دەكات و دەفەرمویّ: شتی خۆش و سوودبەخش لە خۆتان قەدەغە مەكەن، وە پاشان ئاگاداریان دەكاتەوە كە سنوورەكانی خوا نەشكێنن، وە دواییش باسی كەفارەتی سوێندی ڕاستەقینە دەكات، وە باسی سوێندی پووچ، (لَغو) دەكات، ئەو سوێندەی كە بەسەر زار دادێ بێ ئەوەی كە ئینسان دلّی لەسەر بچەسپێنێ، كە ئەوە كەفارەتی ناویّ.

دەرسی بیستەم: چوار ئایەتەكانی: (٩٠ - ٩٣) دەگرێتە خۆی، باسی قەدەغەبوونی خواردنەوەی مەی، (خَمْر)، وە پاشان قومارو صەنەمەكان وە زەلەمەكان، دەكەن، دەفەرمویّ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾، كە لێرەدا لە سوورەتی (المائدة) كۆتا حوكم و بڕیاری خوا دەربارەی قەدەغە كردنی شەراب و قومار هاتۆتە خوار، بەلاّم دیارە پێشتریش خوای كاربەجێ باسی حەرامی بت پەرستیی و حەرامی پەرستنی صەنەمەكانی كردوە، بەلكو ئەوە بناغەی عەقیدەی ئیسلام و خوا بەیەك گرتنە، بەلاّم لێرەدا خوا بۆیە شەراب و قومار لەگەلّ واندا باسی دەكات تاكو بیخاتەڕوو كە وەك چۆن بتپەرستیی حەرام و قەدەغەیە، شەراب و قوماریش بە هەمان شێوە وەك ئەوان پیسن، (الأزلام)یش كۆی (زَلَم)ە، كە بە داروچكەیەكی گچكەیەكی گوتوە كە شتیان پێ دابەشكردوە و جۆرێك بووە لە قومار، كە ئێستا پێی دەلّێن: (یانسیب)، ئنجا لەم ئایەتانەدا خوای بالاّدەست زۆر بە ڕۆشنیی كۆتا بڕیاری خۆی دەربارەی قەدەغە بوونی شەراب و قومار دەخاتە ڕوو، كە پێشتریش خوای پەروەردگار باسی قەدەغەبوونیانی كردوە، بەلاّم لێرەدا كۆتا بڕیار

لەوبارەوە دراوە، وە ئەو ڕاستییەش ڕوون دەكاتەوە كە كەسانێك لە ڕابردوودا شەڕابیان خواردۆتەوەو قوماریان كردوە، یاخود گوناهیان كردوە، ئەوەی پێشێیان لەسەر حیساب ناكرێ، مادام ئەو كاتە قەدەغە نەبووبێ.

دەرسی بیستو یەكەم: حەوت ئایەتەكانی: (٩٤ - ١٠٠) دەگرێتە خۆی، باسی ڕاونەكردنی مسوڵمانان لە كاتی ئیحرام بە حەجو عومرەدا دەكات، كاتێك كە ئیحرام دەبەستن بە حەجو عومرە، دروست نیە ڕاو بكەن، وە پاشان باسی دروشمەكان دەكات، وە چەند ڕاستییەكی گرنگ دەربارەی پاراستنی دروشمەكانی دینداریی‌و خوا پەرستیی كە كەعبەو مانگە حەرامەكان‌و قوربانییەكانن، دەخاتەڕوو، ئنجا خۆپاراستن لە ڕاوكردن لە ئەرزی حەرامدا، واتە: بێئەوەی كە ئینسان لە ئیحرامیش دابێ كە چووە سنووری حەرەمی مەككەوە، نابێ ڕاو بكات، وە باسی ئەو قوربانیانە دەكات كە لە كاتی حەجو عومرەدا سەردەبڕدرێن، وە ئەو كەسانەی كە ڕوو لەو شوێنە پیرۆزانە دەكەن، كە دەبێ حورمەتیان بگیرێ، باسی ئەوانەی دەكات.

دەرسی بیستو دووەم: چوار ئایەتەكانی: (١٠١ - ١٠٤) دەگرێتە خۆی، باسی قەدەغە بوونی پرسیاری بێجێ دەكات، دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ... ﴾، واتە: ئەی ئیماندارینە! دەربارەی هەندێ شت مەپرسن كە ئەگەر بۆتان دەربكەوێ پێتان ناخۆشە، یاخود خەفەتی پێ دەخۆن، یان بۆتان خراپە، كە وەك دوایی باسی دەكەین، خوا زۆر پێی ناخۆشە خەڵك شت زۆر هەڵكۆڵن، چونكە لە ئەنجامی زۆر هەڵكۆڵێن‌و زۆر پرسیار كردنیاندا، بازنەو پانتایی قەدەغە كراوەكان فراوان دەبێ، وە خوای پەروەردگاریش ئەوەی پێ ناخۆشە، كە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتانە، وەك هەندێ لە زانایان دەڵێن: ئەوە بووە كە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێك دەفەرموێ: خوا حەجی لەسەر فەرز كردوون، یەكێك دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! هەموو ساڵێك؟ سێ جاران دووبارەی دەكاتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ جاری چوارەم دەفەرموێ: ئەگەر گوتبام بەڵێ، لەسەرتان فەرز دەبوو، نەشتان دەتوانی، شتێك كە بۆ خۆم باسی ناكەم لێم

مەپرسن، هەڵیمەکوڵن، خوا فەرموویەتی: حەجتان لەسەر فەرزە، واتە: لە تەمەندا، تۆ بۆ دەپرسی: ئایا هەمووساڵێك؟! خۆ ئەگەر خوای بە بەزەیی لە هەموو ساڵێك جارێك فەرزی کردبایە، خەڵك بۆی نەدەکراو ئەرکێکی دەخستە سەر شانیان کە قورس بوو، ئنجا خوا باسی قەدەغە بوونی چەند جۆرە ئاژەڵێك دەکات کە دەفەرموێ: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَأَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ١٠٣﴾، کە ئەمانە چوار جۆرە ئاژەڵ بوون، موشریکەکان هەر لە خۆڕا ناویان لێ ناون و گوتوویانە: ئەوانە قەدەغەیە باریان لێ بکرێ، قەدەغەن گۆشتیان بخورێ و... هتد.

دەرسی بیستو سێیەم: چوار ئایەتەکانی (١٠٥ - ١٠٨) دەگرێتە خۆی، باس لەوە دەکات کە ئیمانداران دەبێ لە خۆیان وریابن، واتە: پابەندبن بە شەریعەتەوە، ئەگەر ئەوان لە خۆیان وریابن، دوژمنانیان زیانیان لێ نادەن، وە پاشان باسی چۆنیەتی شایەدگرتنیان دەکات لە کاتێکدا کە مردنیان دەگاتە سەر، لە کاتی سەرەمەرگدا، چۆن شایەد بگرن بۆ وەصیەت، یاخود کە بە سەفەر دەچن.

دەرسی بیستو چوارەم: حەوت ئایەتەکانی (١٠٩ - ١١٥) دەگرێتە خۆی، خوای پەروەردگار چەند ڕاستییەك لەبارەی عیسا ﷺ، وە لە بارەی دایکی یەوە دەخاتە ڕوو، وە کە خوا بە عیسا ﷺ دەفەرموێ: ئەی عیسا ! یاد بکەوە کە ئەوەم بۆ کردی، ئەوەم بۆ کردی، ئەوەم بۆ کردی، وە بە فەرمانی من ئەوەت دەکرد، ئەوەت دەکرد، ئەوەت دەکرد، مردووت زیندوو دەکردەوە، وە لە قوڕ باڵندەت دروست دەکردو فووت پێدا دەکرد، ئنجا هەواڵت پێ دەدان کە چ خواردنێکیان خواردوە، واتە: شتی نادیارت پێ دەگوتن، ئەوانە بۆچی خوای پەروەردگار دەیانخاتە ڕوو؟ تاکو نەصرانییەکانی پێ سەرزەنشت بکات، کە نەصرانیی یەکان دەیانگوت: عیسا ﷺ کوڕی خوایە، چونکە ئەو شتانەی کردوە! خوای پەروەردگار بە بیری عیسا ﷺیان دێنێتەوەو دەفەرموێ: ئەی عیسا! ئەوەم بۆ کردی، ئەوەم بۆ کردی، ئەوەم بۆ کردی و من ئەو توانایەم پێدای کەواتە: ئەو شتانەت کە کردوون بە توانای خۆت نەبووە، من بۆم کردووی وەك موعجیزەیەك بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆت، کەچی نەصرانییەکان ئەو شتانە هەموویان دەگێڕنەوە

بۆ عیسا ﷺ، ئەوە دەكەنە بە پاساوی ئەوە كە عیسا ﷺ بكەن بە خواو پەرستراوی خۆیان، خوای پاكو بێگەرد لێرەدا سەرزەنشتی نەصرانیی یەكان دەكات كە ئەوانە كۆمەڵێك موعجیزە بوون، وەكو چۆن خوای پەروەردگار موعجیزەی بە هەموو پێغەمبەران داوە، كۆمەڵێك موعجیزەشی بە عیسا ﷺ داون، بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی، كەواتە: نابێ ئەوانە بكرێنە پاساوی ئەوە كە بەندایەتیی بۆ عیسا ﷺ بكرێ، وە لە ریزی پێغەمبەران جیابكرێتەوە، وە لە ئاستی بەندایەتیی بۆ خوا بەرزتر بكرێتەوەو ببرێتە ریزی خوای پەروەردگارەوە! وە پاشان هەر لەو ئایەتانەدا باسی دابەزینی ئەو سفرەو خوانە دەكرێ كە ئەم سوورەتە بەو ناوەوە ناونراوە، كە بەسەرهاتێكی زۆر سەرسوڕهێنەرە: سفرەو خوانێك كە لە ئاسمانێ بێتە خوارێ، خواردنی لەسەر بێ، (كە زۆربەی زانایان دەڵێن: خواردنەكە ماسی بووە، كە ئەوە لە ئینجیلەكانیشدا هاتوە)، وە خەڵكێكی زۆر بە سەدان كەس لەو سفرەو خوانە بخوات، كەچی هەروەك خۆشی بێ، خوانێك نانی لەسەر بێو ماسی لەسەر بێو لە ئاسمانەوە بێتە خوار، شتێكی زۆر عەجایب بووە، دیارە كە ئەوەش لەبەر ئەوە بووە كە حەوارییەكان برسییان بووە، لەوكاتەداو هیچیان دەست نەكەوتوە، وە پاساویشیان ئەوە بووە، كە گوتوویانە: بۆئەوەی زیاتر دڵنیابین كە تۆ پێغەمبەری خوای، وە وەك نیشانەیەك بێ، وە ئەو ڕۆژەش دەكەینە ڕۆژێكی جەژنو خۆشیی بۆ خۆمان، عیساش ﷺ، داوا لە خوای پەروەردگار دەكاتو خوای بەخشەریش دەفەرموێ: باشە دایدەبەزێنم، بەڵام هەركامێك لەوان كە ئەو سفرەو خوانە دەبینێو لێی دەخوا، ئەگەر لەمەودوا بێبڕوا بێ، بە جۆرێك سزای دەدەم، كەسم لە دنیا ئاوا سزا نەدابێ.

دەرسی بیستو پێنجەمو كۆتایی: پێنج ئایەتەكانی (١١٦ - ١٢٠) دەگرێتە خۆی، باسی وتووێژێكی نێوان خوا ﷻو عیسا ﷺ دەكات، لە قیامەتدا، وەك خوا لە ئایەتی (١١٦)دا دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ

﴿لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾﴾، واتە: کاتێك خوا فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! ئایا تۆ بە خەڵکت گوتوە خۆمو دایکم بکەنە پەرستراو لەگەڵ خوا، یان لە جیاتی خوا؟! عیساش ﷺ دەفەرموێ: پاکیی بۆ تۆ، بۆم نیە شتێك بڵێم کە هەق نەبێ، هیچم پێ نەگوتوون مەگەر ئەوەی تۆ پێت فەرمووم، کە: خوا بپەرستن، پەروەردگاری منیشو ئێوەشە، هەر ئەوەم پێ گوتوونو غەیری ئەوەم پێ نەگوتوون، کەواتە: هەرچی کە نەصرانییەکان لە دوای من گوتوویانە کە عیسا کوڕی خوایەو، عیسا پەرستراوەو، عیسا خوایەو، عیسا چی کردوەو چی کردوە، بە شانو شەوکەتی خۆی کردوویەتی، ئەوە هەمووی زیادەی خۆیانەو بۆخۆیان هەڵیانبەستوە، ئاوا خوای پەروەردگار وتووێژ لەگەڵ عیسا ﷺ دەکات لە قیامەتدا، بەڵام جارێ پێش قیامەت خوای زاناو توانا بۆ ئێمەی گێڕاوەتەوە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە نەصرانییەکانی پێ سەرزەنشت بکات، کە لە قیامەتێ ئاوا عیسا حاشاتان لێ دەکات لەو ئەفسانەیەی کە هێناوتانە نێو دینو شەریعەتی نەصرانییەتەوە، کە شتێکە خۆتان زیادتان کردوە، ئەگەرنا عیساش یەکێك بووە لە پێغەمبەرانی خوا، نە کوڕی خوایەو، نە هیچ پەیوەندییەکی دیکەی تایبەتی لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هەبووە، تەنیا ئەوەندەیە کە عیسا ﷺ خوا وەك موعجیزەیەك بەبێ باب خوڵقاندوویەتیو ڕووحەکەی یەکسەر بەبەر دایکیدا کردوە، بێئەوەی کە بە شێوەی نوطفەی بابی بچێتە منداڵدانی دایکیەوە، عیسا ﷺ بەو شێوەیە دروست بووەو هەر ئەوەندە جیاوازییەی هەیەو ئەوەش پاساوی ئەوە نیە، بڵێن: کوڕی خوایە، یاخود نیسبەتێکی تایبەتی لەگەڵ خوای بێوێنەدا هەیە، بەڵێ لە قیامەتدا خوای بەرزو مەزن نەصرانیی یەکان بەو شێوەیە بە درۆ دەخاتەوە، لە کاتێکدا کە هەموو بەشەر کۆبوونەتەوە بۆئەوەی کە بۆیان دەرکەوێ، کە نەصرانییەکان بە هەڵەداچوون، ئنجا هەڵبەتە ئەوە لە قیامەتدا دەردەکەوێ، بەڵام خوای پەروەردگار لێرەدا بۆیە بەیانی دەکات، تاکو دەری بخات بۆ نەصرانییەکان کە عیسا دەپەرستن، کە لە قیامەتێ ئاوا شەرمەزار دەبن، وە ئاوا بێ قسە دەبن،

وە ئاوا عیسا ﷺ ئەو عیسایەی کە دەیپەرستن بە ناهەق، ئاوا بەرائەتیان لێ دەکاو حاشایان لێ دەکات، وە ئەویش بەندایەتیی خۆی بۆ خوای بێ هاوەڵ دووپات دەکاتەوە.

ئەمە کۆتایی ئەم دەرسەمان بوو کە ویستم تیشکێك بخەمە سەر سوورەتی (المائدة)، وە بابەتەکانیو، چۆنیەتی دابەشبونی بابەتەکانی بۆ ئەو بیستو پێنج دەرسە، کە خوا پشتیوان بێ، ئەو دەرسانە بە ڕیز پێیاندا دەچین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی یەکەم

## پێناسـەی ئەم دەرسـە

ئەم دەرسەمان لە ئایەتی: (١ تاکو ٥) دەگرێتە خۆی، لەم پێنج ئایەتەدا سەرەتا خوا ﷻ بۆ یەکەم جار لە سوورەتی (المائدة)دا بە ناوونیشانی ئیمان، مسوڵمانان دەدوێنێ، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بانگی ئیمانداران دەکات، کە دیارە ئەم ڕستەیە لە سوورەتی (المائدة) شازدە (١٦) جار دووبارە بۆتەوە، وە خوا بە ئیمانداران دەفەرموێ: پەیمانو گرێبەستەکان بە تەواویی جێبەجێ بکەن، پاشان ڕێگرییان لێ دەکات لە شکاندنی حورمەتی دروشمەکانی دینداریی بە گشتی، بە تایبەتی دروشمەکانی حەجو عومرە، وە ڕێیان لێ دەگرێ لە هاوکاریی یەکدی کردن لەسەر گوناهو دەستدرێژیی، دوای ئەوەی کە فەرمانیان پێ دەکات بەوە کە هاوکاریی یەکدی بکەن، لەسەر چاکەکاریی‌و پارێزکاریی، ئنجا دوایی بە ڕوونیی قەدەغەکراوەکانیان پێ ڕادەگەیەنێ، کە یازدە جۆرن: مردارەوەبوو، خوێن‌و گۆشتی بەرازو بۆ غەیری خوا سەربڕاوو ... هتد، وە باسی تەواوکردنی ئایین، کە مەبەست پێی ئیسلامە، وە تەواوکردنی نیعمەتی خۆی، وە هەڵبژاردنی ئیسلام بە تاکە بەرنامەی ژیان بۆ مرۆڤەکان، دەکات، وە پاشان باسی خواردنی ناچاریی دەکات، لەو شتانەی کە قەدەغەکراون، کەسێك کە تێبگیرێ‌و ناچاربێ، دروستە بایی ئەوەندەی کە لە مەرگ دەربازی بێ، لێیان بخوات.

ئنجا دێتە سەر باسی وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوە کە: چ جۆرێك لە جۆرەکانی خواردن حەڵاڵە؟ خوای کاربەجێ دەفەرموێ: هەر شتێك کە خۆش‌و سوودبەخش بێ، وە هەروەها ئەو نێچیرانەی کە ڕاو دەکرێن، حەڵاڵن، پاشان باسی حەڵاڵیی خواردنە خۆش‌و بە سوودەکان دەکات، وە لە کۆتایی دا باسی حەڵاڵیی هێنانی ژنانی پاکیزەی ئیمان‌دار، وە ژنانی پاکیزەو داوێن پاکی خاوەن کتێبەکان، دەکات، وە باسی خۆ دوور گرتن لە زیناو داوێنپیسیی ئاشکراو پەنهان دەکات.

## بسم اللهِ الرَّحمَنِ الرَّحيم

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ
عَلَيۡكُمۡ غَيۡرَ مُحِلِّي ٱلصَّيۡدِ وَأَنتُمۡ حُرُمٌۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ مَا يُرِيدُ ١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا
تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا ٱلۡقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ
يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗاۚ وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْۚ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن
صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ أَن تَعۡتَدُواْۘ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ
عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ
وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ
أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌۗ
ٱلۡيَوۡمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمۡ فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِۚ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ
دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ
غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣ يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمۡۖ قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ
ٱلطَّيِّبَٰتُ وَمَا عَلَّمۡتُم مِّنَ ٱلۡجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُۖ فَكُلُواْ مِمَّآ أَمۡسَكۡنَ
عَلَيۡكُمۡ وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ٤ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ
ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ
ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحۡصِنِينَ
غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي
ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٥ ﴾.

# مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکــان

((بـە نـاوی خـوای بـە بـەزەیی بەخشـندە، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! پـەیمانو گرێبەستەکان بـە تـەواویی جێبـەجێ بکـەن، ئاژەڵـە چوار پێیـەکانتان بـۆ حـەڵاڵ کـراون جگە لەوەی (لەمەودوا) بەسـەرتاندا دەخوێنرێتەوەو هەڵداوێـردرێ، (بەڵام) لـە کاتێکـدا کـە لـە ئیحــرام دان نێچــیران بـۆ خۆتــان حــەڵاڵ مەکـەن، خــوا چــۆنی بــوێ (وە بــە بەرژەوەنـدیی بزانـێ) بڕیـار دەدات ﴿١﴾ ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! دروشـــمەکانی (ئاییــنی) خـــوا مەشــــکێنن، هەروەهـــا مانگـــە (جـــەنگ تێـــدا) قەدەغـــەکراوەکانو قوربانییــــە بـــێ نیشــــانەکانو، قوربانییـــــە نیشـــــانەدارکراوەکانو، ئەوانــــەی کـــــە بەمەبەسـتی وەدەسـتهێنانی بەخششو ڕەزامەندیی خوا ڕوو دەکـەنە مزگەوتی حـەڕام (حورمەتیان بپارێزن)، وە هەرکات ئیحرامتان شـکاند (بۆتـان ڕەوایـە) ڕاووشکـار بکـەن، وە با ڕقلێبوونەوەتان لە کەسانێك بەهۆی ئـەوەوە کـە ڕێگرییـان لێکـردن لـە (چــوون) بۆ مزگەوتی حەڕام، واتـان لـێ نەکات سنوورشکێنیی بکەن، وە هاوکاریی یەکدی بکەن لەسـەر چاکـەو پارێزکارییو، هاوکـاریی یەکدی مەکــەن لەسـەر گونـاهو دەسـتدرێژیـی، وە پارێز لـە خــوا بکــەن، بێگومـان خـوا سـزای تونـــدە ﴿٢﴾ مـردارو، خـوێنو، گۆشـتی بـەرازو، سـەربڕاو بـۆ جگـە لـە خـواو، خنکـاوو، (مـرداری) لێــدراوو، هەڵـدێراوو، قـۆچ لێدراوو، لەلایەن دڕندەوە خوراو جگـە لـەوەی سـەرتانبـڕیوە (چـەقۆی فریاکـەوتوە)، وە ئــەوەی کە لەسەر بت سـەربڕاوەو، ئەوە بە هۆی زەلەمەکانەوە دابەشـی دەکــەن، کە ئەوەتــان مایـەی لـە ڕێ دەرچـوونە، هـەموو ئەمانەتــان لــێ قەدەغـەکراون، ئــەمڕۆ ئـــەوانەی بێبــڕوان لــە (زەفــەر پێــبردنی) دینەکـەتان نائومێـد بـوون، بۆیـــە لـەوان مەترســنو بەس لە من بـترسن، ئەمڕۆ ئایینەکـەتانم بـۆ تەواوکــردنو، چاکـەی خۆمم بەتەواویــی لەگـەڵ کردنو، ئیسـلامم بە بەرنامــە بـۆ پەسـند کـردن، ئنجـا هـەر کـەس بەهـــۆی برســـیەتییەوە ناچـــار بـوو بێئـــەوەی مەیلـــی گونـــاه (و خــواردنی حـــەڕام بکـــات)، ئـەوە بێگـومان خـوا لـێبـوردەی میهرەبانـــە ﴿٣﴾ لێــت دەپرسـن: چییـــان بـۆ حــەڵاڵ کـــراوە؟

بڵــێ: خواردنـە خـۆشو سوودبەخشـەکانتان بـۆ حـــەڵاڵ کـراون، وە (نێچــیری) ئـەو (ســەگو پەڕەور)انەی کە فێـری ڕاویـان دەکــەن، لـــەو زانیارییـەی (ڕاووشـکار) کـە خـوا

فێری کردوون، فێریان دەکەن (و ڕایان دەهێنن)، دەجا لەو (نێچیر)ەی کە بۆتان دەگرن، بخۆن‌و ناوی خوای لەسەر بێنن، وە پارێز لە خوا بکەن، بەڕاستی خوا لێپرسینەوەی خێرایە ﴿٤﴾ ئەمڕۆ خواردنە خۆش‌و سوودبەخشەکانتان بۆ حەڵاڵ کراون، هەروەها خواردنی ئەوانەی کتێبیان پێدراوە، بۆتان حەڵاڵەو خواردنی ئێوەش بۆ ئەوان حەڵاڵە، وە (هێنانی) ئافرەتە پاکیزەکانی ئیمانداره‌کان‌و ئافرەتە پاکیزەکانی ئەوانەی پێش ئێوە کتێبیان پێدراوە، بۆتان حەڵاڵە، هەرکات مارەیی یەکانیانتان پێدان، ئێوەش خۆپارێزبن نە بە ئاشکرا زینا بکەن‌و نە بە پەنهانییش دۆستان (ی زینا لەگەڵ کردن) بگرن، هەر کەسێکیش کوفر بە ئیمان بکات، ئەوە کردەوەکەی هەڵوەشاوەتەوەو لە دواڕۆژدا لە زیانبارانە ﴿٥﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(أَوۡفُواْ ): (وَفَّى بعَهْدِهِ يَفي وَفاءً وَأوفَى: إذَا تَمَّمَ العَهْدَ وَلَمْ يَنقضْ حِفْظَهُ)، (أَوفُوا) واتە: وەفا بكەنو جێبەجێ بكەن، چونكە (وَفَّى بعَهْدِهِ يَفي وَفاءً وَأوفَى) بە مانای پەیمانەكەی جێبەجێ كرد، دێ، جا ئەگەر پەیمانی جێبەجێ كردو تەواوی كردو كارەكەی بردە سەر، هەڵیهێنەوەشاندەوە، دەگوترێ: (وَفَّى بعَهْدِهِ).

(بِٱلۡعُقُودِ ): (عُقُود) كۆی (عَقْد)ە، (عَقْد) واتە: پەیمان، وە بە مانای گرێبەستیش دێ، وە لە ئەسڵی زماندا (عَقْد) واتە: گرێدانی دوو لای شتێك.

(بَهِيمَةُ): (البَهِيمَةُ: مَا لا نُطْقَ لَهُ، وَذَلِكَ لِمَا فِي صَوْتِهِ مِنَ الإِبْهَامِ، وَفي العُرْفِ بِمَا عَدَا السِّبَاعِ وَالطَّيْرَ)، واتە: (بَهِيمَة) هەر شتێكە كە قسەی نەبێ، لە كوردەواریی خۆماندا دەڵێن: ئاژەڵ، یان چوارپێ، یان بەستە زمان، لەبەر ئەوە كە خەڵك لە دەنگەكەی ناگات، چونكە (إِبْهَام) واتە: شتێك كە ئینسان لێی حاڵی نەبێ، وە لە عورف دا بە جگە لە دڕندەو پەلەوەر دەگوترێ.

(ٱلۡأَنۡعَٰمِ ): بە چوار جۆرە ئاژەڵ دەگوترێ، (الأَنْعَامُ: هِيَ الإبلُ وَالْبَقَرُ وَالْغَنَمُ وَالْمَعِز)، (أَنْعَامُ) بە حوشترو ڕەشەوڵاخو مەڕو بزن دەگوترێ.

(حُرُمٌ): دوو واتای هەن: (أَنْتُم دَاخِلُونَ فِي الحَرَم)، واتە: لە نێو ئەرزی حەرام دان، یاخود (أَنتُم مُحرِمُون)، واتە: ئێوە ئیحرامتان بەستوە، ئیحرام بەستن بە حەج یان بە عومرە، (الحَرَام: المَمْنُوعُ عَقْلاً أَو شَرْعَاً) حەرام هەر شتێكە كە بە عەقڵ، یان بە شەرع قەدەغە بێ، واتە: بۆ ئینسان دروست نەبێ كە بەكاری بێنێ.

(لَا تُحِلُّواْ ): واتە: حەڵاڵ مەكەن، یاخود بە ڕەوای مەزانن، (أَصْلُ الْحَلِّ: حَلُّ العُقْدَةَ، وَحَلَّ الشَّيء حَلَالاً) وشەی: (حَلّ) لە ئەسڵدا واتە: كردنەوە، دەگوترێ: (حَلَّ العُقْدَةَ) واتە: گرێیەكەی كردەوە، دەڵێ: (حَلَال) بۆیە پێی دەگوترێ حەڵاڵ،

وەك بلـێـی گرێــی حــەڕامی لێکــراوەتەوە، وە دەشــگوترێ: (حَـلّ الشَّـيءُ) واتــە: شــتەکە حــەڵاڵ بوو.

(**شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ**): (شَعَائِر) کــۆی (شَـعيرَة)یـە، واتـە: دروشـم، بۆچـی دروشـمەکانی حـەج و عومرە، یان دروشــمەکانی خواپەرستیی نـاونراون (شَعيرَة)؟ (وَسُمِّيَ بِذَلِكَ؛ لأَنَّهَا تُشْعَرُ أَي: تُعَلَّمُ بأَنْ تُدْمَى بشَعِيرَةٍ) لەبەرئەوە کـە نیشــانەدار دەکـرێن، بەتایبـەتی ئەو قوربانییـانەی کە بۆ حەج دەبردرێن، ئەگەر حوشتــربن دوونگەکـەیان برینـدار دەکرێن، واتە: نیشـانەدار دەکرێ کە ئەو ئاژەڵـە دەبردرێ بۆ ســەربڕین.

(**ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ** ): مـانگی حـەڕام، کـە لێـرەدا مەبەسـت پێـی جینسـی مـانگی حەڕامـە، وە مانگە حەڕامەکـان چوارن: (ذُو الْقعْدَةِ، ذُو الْحِجَّةِ، مُحَرَّمُ، رَجَبٌ)، ئـەم چـوار مانگـە جـەنگ تێداکرانیــان تێـدا قەدەغـە کـراوە، مانـای دەسـتپێشـخەریی بـۆ جـەنگ، ئەگــەرنا ئەگــەر لـەو مانگـەدا ئـەهلی کـوفر شـەڕ بـە مسـولْمانان بفرۆشـن، قەدەغەنیە لەسـەریان، کە ئەوانیش بەرگریـی لە خۆیـان بکـەن.

(**ٱلْهَدْىَ** ): تاکەکەی (الـهَديَّة)یە، وشـەی (هَديَّة) واتـە: خـەڵات، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێـی ئـەو ئاژەڵەیـە بـە دیـاریی دەبـردرێ، کـە لـە ئـەرزی حــەڕامدا بەبۆنــەی حەجـەوە سـەربـبڕدرێ.

(**ٱلْقَلَٰٓئِدَ** ): لە (قَلْد)ەوە هـاتوە، (القَلْدُ: الفَتْلُ) (قَلْد) بـە مانـای هۆنینــەوە دێ، بـە مانــای شــتێك بچــنرێ، بۆیـە گوتـــراوە: (القِـلادَة الْمَفْتُولَـة) (قِلادَة) گـەردن بەندێکـە دەچـنرێ، یـان دەهۆنرێتــەوە، (قَلائِـد)یـش کــۆی (قِلادَة)یـە، مەبەسـت لێـرەدا ئـەو حوشتـرو ئاژەڵانــەن کە گەردن بەندیـان لـە مـل دەکــرێ بۆئــەوەی دیـاربێ، کە ئەوانـە دەبردرێـن بۆ خـوا سـەرببـڕدرێن، بە بۆنـەی حەجـەوە.

(**يَجْرِمَنَّكُمْ** ): (أَي: وَلا يَحْمِلَنَّكُمْ)، واتە: با واتان لێنەکات، (إِجْتَرَمَ: إكْتَسَبَ)، (إِجْتَـرَمَ) واتە: وەدەسـتی هێنــا.

(**شَنَـَٔانُ** ): (شَـنَئْتُهُ: تَقذرَّتُـهُ بغضـاً لَـهُ، شـانِئَـكَ: مُبْغِضُـكَ)، (شَـنَئَان) بـە مانــای ڕق لـێ هەڵسـان دێ، دەڵـێ: (شَنَئْتُهُ) واتە: ڕقم لـێی هەڵسـا، ڕقم لەو شـتە هەڵســاوە،

خوا كە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣﴾الكوثر، واتە: بێگومان ئەو كەسەی تۆ دەبوغزێنێ دوابڕاوە، چونكە موشریكەكان دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ یەكێ لە كوڕەكانی وەفاتی كرد، گوتیان: موحەممەد بێ پاشەوارە، دوابڕاوە، خوای پەروەردگاریش دڵی پێغەمبەری ﷺ دایەوە، فەرمووی: ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣﴾الكوثر، واتە: بێگومان ئەو كەسەی تۆ دەبوغزێنێ دوابڕاوە، بێخێرە.

(**وَٱلْمُنْخَنِقَةُ** ): (أَي التِي خُنِقَتْ حَتّى مَاتَت)، ئەو ئاژەڵەیە كە دەخنكێنرێ هەتا دەمرێ، یاخود بۆخۆی دەمرێ، سەری لە شتێكدا عاسێ دەبێ، یان لە ئاودا دەخنكێ، گرنگ ئەوەیە هەر ئاژەڵێك بە هەر شتێك بخنكێ، پێی دەگوترێ: (مُنْخَنِقَة)، وە بە مردار لە قەڵەم دەدرێ.

(**وَٱلْمَوْقُوذَةُ** ): (المَقْتولَة بضَرْب)، واتە: (مَوقُوذَة) ئاژەڵێكە لە ئەنجامی ئەوەی كە لێی دەدرێ مردار دەبێ، بێئەوەی كە بریندار بكرێ، بەڵام ئەگەر بە تیرو تفەنگو ئەوانە بریندار بكرێ، یان وەك نێچیر بكوژرێ، ئەو كاتە حەڵاڵە، مادام خوێنی لێ بێ.

(**وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ** ): (الرَّدَى: الهَلاكُ، والتَردِّي: التَعرّضُ لِلْهَلاك)، (رَدى) بە مانای فەوتان دێ، (تَرَدِّي) بە مانای خۆفەوتاندن دێ، یاخود ئینسان خۆی بخاتە حاڵەتی فەوتانەوە، كە لێرەدا مەبەست پێی ئاژەڵێكە كە هەڵدەدێرێ لە بەرزاییەكەوە، وە مردار دەبێ، ئەوەش گۆشتەكەی قەدەغەیە.

(**وَٱلنَّطِيحَةُ** ): (النَّطِيحَةُ: مَا نُطِحَ مِنَ الأَغْنَامِ فَمَاتَ)، (نَطِيحَةُ) لەسەر وەزنی (فعيل)ەو بە مانای (مَفعول)ە، ئەو ئاژەڵەیە كە ئاژەڵێكی دیكە قۆچی تێهەڵداو لە ئەنجامی ئەوەدا بمرێ، كە دیارە ئەوەش بە مردار لە قەڵەم دەدرێ.

(**وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ** ): ئەوەی كە دڕندە خواردوویەتی، دڕندە لە ئاژەڵان وەك: گورگ، شێر، پڵنگ، كەمتیار، چەقەڵ ....، هەموو ئەوانەی كە دڕندەنو ددانیان تیژەو

گۆشت خۆرن، ئەوانە بەشێك لە ئاژەڵێك بخۆن و بە هۆیەوە مرداربێ، ئەوە گۆشتەکەی ناخورێ، وە زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەگەر بەشێکی لێ بخواو نەتوانێ بژیێ بەو بەشەی کە ماوە، ئەگەر چەقۆشی پێڕا بگات، ئەوە دیسان بە مردار لە قەڵەم دەدرێ.

(**مَا ذَكَّيْتُمْ**): واتە: سەرتان بڕیوە، (ذَكَتِ النَّارُ تَذْكُو: إِتَّقَدَتْ وَأَضَاءَتْ، وذَكَّيْتُ الشَّاةَ: ذَبَحْتُها) ئاگرێك خۆش دەكرێ دەگوترێ: (ذَكَتِ النَّارُ) واتە: ئاگرەكە خۆش بوو، لە ئەسڵدا وشەی: (ذَكَت) لەوەوە هاتوە کە ئاژەڵێك سەربڕدرێ، دەمارەکانی کە خوێنبەرن، وە بۆڕی هەناسەو بۆڕی خواردنی هەڵبڕدرێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (ذَكَاة) واتە: سەربڕین.

(**ٱلنُّصُبِ**): (جَمْعُ نَصيب، وَهُوَ الْحِجَارَةُ تُنْصَبُ عَلَى الشئِ، وَكَانَ لِلْعَرَبِ حِجَارَةٌ تَعْبُدُهَا وَتَذْبَحُ عَلَيْهَا) (نُصب) کۆی (نَصيب)ە، عەرەب لە سەردەمی نەفامییدا عادەتیان وابوو چەند بەردێکیان دادەنا دەیانپەرستن و حەیوانیان لەسەر سەردەبڕین، وە خوێنەکەشیان تێهەڵدەسوون، جا خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەو ئاژەڵانەی لەسەر ئەو بەردانە سەر دەبڕدرێن و خوێنەکەیان لەوێ هەڵدەسوورێ، ئەوەش هەر بۆ غەیری خوا سەر بڕاون و دروست نیە گۆشتەکەیان بخورێ.

(**بِٱلْأَزْلَٰمِ**): (جَمْعُ زَلَمْ، السَّهْمُ الَّذِي لاريشَ فيهِ) (أَزلام) کۆی (زَلَم)ە، ئەو تیرەی کە پەڕەکەی پشتەوەی پێوەنیە، پشتەکەی پێوەنیە، بۆئەوەی کە پێی بڕوا، واتە: دارێکی ڕاست، کە پێیانگوتوە: (زَلَم) وەك یانسیب کاتی خۆی بەکاریان هێناوە.

(**غَيْرَ مُتَجَانِفٍ**): واتە: مەیل نەكات بۆ لای گوناح، واتە: مەبەستی ئەوە نەبێ بە ئارەزووەوە لەو شتە بخوات، بەڵکو ناچاربێ لە مردارەوەبوو، یان لە گۆشتی بەراز، یان لە خوێن، یان لەو شتەی کە بۆ غەیری خوا سەربڕاوە، بە ناچاریی لێی بخوات، نەك بە ئارەزووەوە، بە پێخۆشبوونەوە، مادام مەبەستی ئەوەبێ کە پێی لە مەرگ دەرباز بێ، ئەوە بۆی هەیە بخوات.

(ٱلطَّيِّبَٰتُ ): كۆی (طَيِّبة)یە، (أَصلُ الطَيِّبِ: مَا تَسْتَلِذُّهُ الحَوَاسُّ، وَمَا تَسْتَلِذُّهُ النَّفسُ، وفِي الشَّرْعِ: مَا كَانَ مُتَنَاوَلاً مِنْ حَيْثُ مَا يَجُوزُ) واتە: ئەسڵی (طَيِّب) هەر شتێكە كە هەستەكان چێژی لێوەرگرن، وە نەفسی ئینسان چێژی لێوەربگرێ، وە (طَيِّب) لەڕووی شەرعەوە هەر شتێكە كە شەرع ڕێیدابێ ئەو شتە وەربگیرێو بەكاربهێنرێ، هەرچەندە لە بەكارهێنانی قورئاندا وشەی: (طَيِّب) بە مانای حەلاڵ نیە، چونكە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾، ئەمڕۆ (طَيِّب) بۆ ئێوە حەلاڵ كراوە، جا ئەگەر (طَيِّب) بە مانای حەلاڵ بێ، دەبێ بڵێی: (أُحِلَّ لَكُم الحَلالَ) حەلاڵتان بۆ حەلاڵ كراوە، كە ئەوەش تەعبیرێكی نارێكە، بەڵكو (طَيِّب) واتە: شتێكی خۆشو بەتامو سوودبەخش.

(ٱلْجَوَارِحِ ): (جَمْعُ جَارِحَة: لأَنَّهَا تَجْرَحُ، أَو تُكْسِبُ. وَكَذَلِكَ الأَعْضَاء سُمِيت جَوَارِح..)، (جَوَارِح) كۆی (جَارِحَة)یە، وشەی: (جَوَارِح) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ئەندامەكان بەكاردێ، چونكە ئەندامەكان شتیان پێدەكرێ، بۆ وێنە: بە دەستو پێو چاو... هتد، دەگوترێ: (جَارِحَة) لەبەرئەوە كە بەو ئەندامانە ئینسان شت دەكات، كردەوەكان ئەنجام دەدات، بەڵام لەم ئایەتەدا كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ ﴾، (جَوَارِح) لێرەدا بە مانای ئەو ژیاندارانە دێ كە ڕاویان پێدەكرێ، ئەو درندەو پەڕەوەرانەی كە ڕاویان پێدەكرێ، جا سەگە، تاژییە، پڵینگو گورگە ڕاهێنراون بۆ ڕاوكردن، یاخود بازو باشوو و ئەوانە ... هتد.

(مُكَلِّبِينَ ): واتە: فێریان دەكەن، چونكە (التَكْلِيب: التَعْلِيمُ)، (تَكْلِيب) بە مانای فێركردن دێ، واتە: ئەو ئاژەڵەی كە بەكاردەهێنرێ، ئەو پەڕەوەرەی كە بەكاردەهێنرێ بۆ ڕاو، وەختێك كە فێری دەكەی فێركردنەكەی پێی دەگوترێ: (تَكْلِيب) واتە: فێری ڕاوكردن، مەشق پێكردن، (مُكَلّبِين: جَمْعُ مُكَلِّب، مُعَلِّمُ الكَلْبِ الصَّيْد)، (مُكَلّبِين) كۆی (مُكَلِّب)ە، واتە: ئەو كەسەی كە سەگ فێری ڕاو دەكات.

(وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ ): كۆی (مُحْصَنَة)ەیە، واتە: ئافرەتانی پاكیزە، ئافرەتانی پارێزراو، ئنجا ئایا ئەوە لەچی ڕاهاتوە؟ لە (حِصْنَ)ەوە هاتوە، (حِصْنَ) بە مانای قەلاّ دێ، (الحِصْن: جَمْعُهُ حصُون)، (حِصْنَ) تاكە، كۆیەكەی (حصُون)ە، قەلاّ هەركەسێك بچێتە نێوی دەپارێزرێ، ئنجا ئافرەتێك كە خۆی دەپارێزێ لە گوناحو هەڵەو پەڵە، وەك بڵێی خۆی كردوە بە قەلاّیەك كە كەس زەفەری پێنابات، بۆیە دەڵێ: (المُحْصَنَاتُ: العَفِيفَاتُ) واتە: ئافرەتانی پاكیزەو داوێن پاك، هەروەها لە زاراوی قورئاندا وشەی: (مُحْصَنَات) جاری وایە بۆ ئافرەتانی هاوسەرداریش بەكاردێ، لەبەرئەوەی ئافرەتێكیش كەماڵو مێردی هەبێ، مەزەندەی گوناهی لێ دوورترە.

(أُجُورَهُنَّ): كۆی (أَجْر)ە، كە لێرەدا (أَجْر) بە مانای (مَهْر) دێ، واتە: مارەیی، وە لە قورئاندا بە زۆری (أُجُور) بە مانای (مَهُور) دێ، واتە: مارەییەكان.

(مُحۡصِنِينَ ): ئەگەر ئافرەتێك داوێن پاك بێ، پێی دەگوترێ: (مُحْصَنَة)، وە پیاوی داوێن پاكیش پێی دەگوترێ: (مُحْصِن)، واتە: خۆپارێز، (عَفِيف) پیاوێكە كە خۆی دەپارێزێ لە داوێنپیسی، دیارە بۆ ئافرەتیش دەگونجێ بشخوێنرێتەوە (مُحْصِنَات) ئافرەتانێك كە خۆ دەپارێزن، بەلاّم دەشگونجێ بخوێندرێتەوە (مُحْصَنَات) ئافرەتانێك كە دەپارێزرێن، بەلاّم بۆ پیاو زیاتر (مُحْصِن) بەكاردێ، ئنجا ئایا بۆچی بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە؟ چونكە لە مەسەلەی داوێنپیسیدا پیاو دەستپێشخەرەو زیاتر دەوری بكەر (فَاعِل) دەبینێ.

(غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ ): واتە: بە ئاشكرا زینا ناكەن، وشەی: (سَفَحَ الدَّمَ) واتە: خوێنی ڕشت، (سَفَحَ المَاءَ) ئاوەكەی ڕشت، (السّفاحُ: الزّنا لأَنَّ الْمَقصُودَ مِنْهُ سَفْحُ الماءِ فَقَط) (سِفَاح) واتە: زیناكردن، چونكە ئەو كەسەی كە زینا دەكات، تەنیا مەبەستی پێی ئەوەیە كە ئارەزووی جینسیی خۆی تێر بكات، مەبەستی ئەوەنیە كە منداڵی ببێو، هاوسەرگیریی بكات بە شێوەیەكی حەلاڵو ماڵو حاڵی هەبێ.

(**أَخْدَانٍ** ): (جَمْعُ خِدْن، أَي الْمُصَاحِبِ، وَأَكْثَرُ ذَلِكَ يُسْتَعْمَلُ فِيمَن يُصَاحَبُ بشَهْوَةٍ، يُقَالُ: خِدْنُ الْمَرأَةِ وَخَدينُهَا، وَيَسْتوي فيهِ المُذكَرُ وَالمُؤنث)، واتە: (أَخْدَان) كۆی (خِدْن)ە، (خِدْن) كەسێكە كە بە پەنهانیی زینای لەگەڵدا بكرێ، جا بە مانای هاوەڵ دێ، بەڵام زیاتر بۆ ئەوە بەكاردێ كە بە ئارەزووەوە هاوەڵایەتیی لەگەڵ بكرێ، واتە: بە پەنهانیی زینای لەگەڵ بكرێ، وشەی: (خِدْن) كە بە (أَخْدَان) كۆدەكرێتەوە، بۆ پیاویش‌و بۆ ئافرەتیش بەكاردێ، چ ئافرەتێك كە بە پەنهانیی زینا بكات، چ پیاوێك بە پەنهانیی زینا بكات، هەردووكیان پێیان دەگوترێ: (خِدْن)، وە بە كۆمەڵیش پێیان دەگوترێ: (أَخْدَان).

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەكان

١) هـۆی هاتنـــە خــوارەوەی ئــەم ڕســـتە قوڕئانییـەی كـە دەفـەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ ﴾، لـــەوبارەوە دوو بەســـەرهات گێــڕدراونەوە:

أ- {عَنْ عِكْرِمَةَ قَالَ: قَدِمَ الحُطَم بْنُ هِند البَكْري الْمَدِينَةِ فـي عيْرٍ لَـهُ يَحْمِلُ طَعَامَاً فَبَاعَهُ ثُمَّ دَخلَ عَلَى النَّبيّ ﷺ فَبَايَعَهُ وَأَسْلَمَ، فَلَمَّا وَلّى خَارِجَاً نَظرَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: لِمَنْ عِنْدَهُ لَقَدْ دَخَلَ عَلَيَّ بِوَجْهٍ فَاجِرٍ وَوَلَّى بِقَفَا غَادِرٍ، فَلَمَّا قَدِمَ اليَمَامَةَ ارْتَدّ عَنِ الإِسْلامِ وَخَرَجَ فـي عيرٍ لَهُ يَحْملُ الطَّعَامَ فِـي ذِي القَعِدَةِ يُرِيدُ مَكَّةَ، فَلَمَّا سَمِعَ بِهِ أَصْحَابُ النَّبِيّ ﷺ تَهَيأ لِلْخُروجِ إِلَيْهِ نَفَرٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنْصَارِ لِيَقتطعوُهُ فـي عـيرِهِ فَـأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ ﴾، الآيـة، فَانْتَهَى القَوْمُ} (أخْرَجَـهُ الطَّبَريُّ برقم: (١٠٩٦٢)، مُرسلاً، والسيوطي: (٣٨١) والواحدي عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ)، واتـە: عیكرمـە ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ (یەكێكـە لـە زانایـانی تـابیعین) دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: (الحُطَم بْنُ هِنـد البَكْرِي) هاتـە مەدینـە كاروانێكی پـێ بـوو، خـواردنی پـێ بـوو، خواردنەكـەی فرۆشت، دوایـی چـوو بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ و بەیعـەتی پێـداو مسـوڵمان بـوو، كاتێـك چـووە دەرێ و ڕۆیشـت، پێغەمبـەری خـوا ﷺ تەماشـای كـردو، ئەوانـەی كـە لـە دەوری بـوون (هـاوەڵان لـە خزمەتی بـوون) پێـی فـەرموون: ئـەو كابرایـە بـە ڕوویێكـی تاوانبارانـە هاتـە لام و بـە پشـــتە ملـێكی پـەیمان شـكێنانە چـۆوە دەرێ، (واتـە: ڕاسـتی نـەكرد كـە خـۆی بـە مسـوڵمان پیشـاندا، دوایـیش مسـوڵمانەتییەكەی هەڵدەوەشـێنێتەوە، دیـارە خــوای پـەروەردگار پــێ ڕاگەیانــدوە، ئەگـەرنا پێغــەمبەر ﷺ غـەیبی نەزانیــوە، یـان بـە فیڕاسەتێك كە تێیدا دڵنیـا بووە، وای فەرمووە) ئنجا كاتێك چۆوە بـۆ یەمامـە (ئـەو كابرایـە) لـە ئیســـلام هەڵگەڕایـــەوە، وە جارێـك بـە كاروانێكــەوە هـات دیســـان خواردنی پـێ بـوو لـە مـانگی (ذِي الْقِعْدَةِ)دا، {واتـە: لـەو مانگـەدا كـە حـەجی تێدا

دەكرێ‌و جەنگیشیی تێدا قەدەغەیە، هات بەرەو مەككە دیارە ئەو كاتە پێغەمبەر ﷺ تەشریفی لە مەككە بووە} كاتێك هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بیستیان ئەو كابرایە كاتی خۆی هاتوە مسوڵمان بووەو دوایی هەڵگەڕاوەتەوە، كۆمەڵێكیان خۆیان بۆ سازكرد لە كۆچكەرانو لە پشتیوانان بچن تاكو كاروانەكەی لێ بستێننو لە كاروانەكەی دایبڕن، بەڵام خوا ﷻ ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ ... ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! دروشمەكانی خوا حەڵاڵ مەكەن، واتە: دەستدرێژیی یان بۆ مەكەن، وە قوربانییەكان كە نیشانەدار نین، وە ئەوانەشی كە نیشانەدارن، وە ئەوانەشی كە بەرەو مزگەوتی حەرام دێن، بە حیسابی خۆیان داوای بەخششو ڕەزامەندیی خوا دەكەن، دەستدرێژیی یان مەكەنە سەری، (فَانْتَهَى القَوْم) ئەوانیش وازیان هێنا، واتە: نەچوون بۆئەوەی كە زیانی پێ بگەیەنن.

ب- {عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَم قَالَ: كَانَ رَسُول اللهِ ﷺ بِالْحُدَيبِيَةِ وَأَصْحَابُهُ حِيْنَ صَدَّهُمُ الْمُشْرِكُون عَنِ البَيْتِ وَقَدْ اشْتَدَّ ذَلِكَ عَلَيْهِم، فَمَرَّ بِهِم أُنَاسٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ مِنْ أَهْلِ الْمَشْرِقِ، يُرِيدُونَ العُمْرَة، فَقَالَ أَصْحَابُ رَسُول اللهِ ﷺ: نَصُدُّ هَؤُلاءِ كَمَا صَدُّوا أَصْحَابَنَا، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ ﴾، الآية} (أَخْرَجَهُ السِّيوطِي عَنْ إِبْنُ أَبِي حَاتِم: (٣٨٣)، وَفَتْحُ القَدير للشَّوكاني بِرقم: (٧٩٦)، والوَاحِدِي بِرقم: (٣٨٠))، واتە: زەیدی كوڕی ئەسلەم (كە ئەویش یەكێكە لە زانایانی تابیعین) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺو هاوەڵە بەڕێزەكانی كاتێك لە حودەیبییە بوون، ئەو كاتەی كە هاوبەش بۆ خوادانەرەكان گێڕایاننەوە لەوەی كە بچن بۆ زیارەتی مزگەوتی حەرام، (مەشهوورە كە لە ساڵی شەشەمی كۆچی دا بوو) ئەوانیش بەوە زۆر قەڵس بوون، لەو كاتەدا كۆمەڵێك خەڵكی هاوبەش بۆ خوا دانەر كە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون، دەیانویست بچن بۆ مزگەوتی حەرام بە مەبەستی ئەنجامدانی عومرە، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ گوتیان: ئێمەش ڕێ لەوانە دەگرینو ناهێڵین بچن، وەك چۆن ڕەفیقە موشریكەكانی ئێمە، (واتە: قەومەكەی ئێمە كە قوڕەیشن) ڕێیان نەدا ئێمە بچین بۆ زیارەتی مزگەوتی حەرام، ئێمەش ڕێ

لەوانە دەگرین، ئەوانەش هەر موشریکن، بەڵام خوا ﷻ ئەم ڕستە قورئانییەی ناردە خوارێ: ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ﴾ واتە: با ڕق هەڵسانتان لە کۆمەڵێك کە ئێوەیان گێڕاوەتەوە لە مزگەوتی حەرامو نەیانهێشتوە بچن عومرە بکەن، واتان لێنەکات کە ئێوەش ڕێگە بگرن لەوان، واتە: نەك لە خودی ئەوانەی کە ڕێیان لە ئێوە گرتوە، بەڵام لە کۆمەڵە موشریکێکی دیکە کە لە شوێنێکدانو هەموویان یەك قەومن.

٢) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ڕستە قورئانییەی کە دەفەرموێ: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمۡ ...﴿٤﴾﴾، پرسیارت لێ دەکەن چییان بۆ حەڵاڵ کراوە؟ لەوبارەشەوە دوو گێڕدراونەوە هەن:

أ- {عَنْ أَبِي رَافِعٍ ﷺ أَنَّ النَّبِيّ ﷺ أَمَرَهُ بِقَتْلِ الكِلاَب فِي النَّاسُ فَقَالوا: يَا رَسُولَ اللهِ! مَاذَا يَحِلُّ لَنَا مِنْ هَذِهِ الأُمَّةِ الَّتِي أَمَرْتَ بِقَتْلِهَا؟ فَسَكَتَ النَّبِيّ ﷺ فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمۡ ...﴿٤﴾﴾} (أَخْرَجَهُ الطَّبَرِيُّ بِرقم: (١١١٣٨)، وَابْنُ الْمُنْذِر، وَابْنُ أَبِي حَاتِم، والطَّبَرَانِيُّ فِي (الكبير) برقم: (٩٧١)، وَالحَاكِمُ برقم: (٣٢١٢) وهو صحيح الإسناد، ووافقه الذهبي، وَالبَيْهَقِيُّ)، واتە: ئەبو ڕافیع دەگێڕێتەوە (کە یەکێکە لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکرد کە بچێ ئەو سەگانەی کە لەنێو خەڵکیدان بیانکوژێ، (واتە: سەگی ماڵیی)، خەڵکەکە گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەم ئۆممەتەی کە فەرمانت پێکردوە بیانکوژین، (واتە: ئۆممەتی سەگ، کۆمەڵی سەگ) ئایا ئێمە چیمان بۆ حەڵاڵە لەنێو واندا؟ (واتە: بۆمان هەیە لە چیدا بەکاریان بێنین؟) پێغەمبەر ﷺ هیچی نەفەرموو، بێدەنگ بوو، (چونکە دیارە لەلای ڕوون نەبووە، ئایا سەگ بۆ چ حەڵاڵە بەکاربهێنرێ؟) هەتا خوای زاڵی پایەدار ئەم ئایەتەی ناردە خوار ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمۡ ...﴿٤﴾﴾، پرسیارت لێ دەکەن چییان بۆ حەڵاڵ کراوە؟ ﴿قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ وَمَا عَلَّمۡتُم مِّنَ ٱلۡجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ﴾، بڵێ:

خواردنـه خـۆش‌و بـه تـام‌و بـه سـوودەكانتان بـۆ حـەلاڵ كـراون، وە نێچیـری ئـەو سـەگانەش كـە فێـری ڕاویـان دەكـەن، وە نێچیـرتان بـۆ دەگـرن، ئەویشـتان بـۆ حـەلاڵـە.

كەواتـە: سـەگی ڕاو، سـەگ كـە بـۆ ڕاو بەكـاردەهێنرێ، دروسـتە ڕابگیـرێ، جا دوایـی لـە فەرمایشـتەكانی پێغەمبـەردا ﷺ هەیـە كـە سـەگ بـۆ پاسـەوانی مـەڕو ئاژەڵ‌و، بۆ پاسەوانی‌و كشـتوكاڵ‌و ئەوانە دروسـتە بەكاربهێنرێ، هـەروەها سـەگ بـۆ پاسەوانی ئینسـانیش بەكاردەهێنرێ، كابرا كە صاحێب دوژمنـە لـە خـۆی دەترسـێ، دروسـتە سـەگ بەكاربێنـێ.

ب- {عَن سَـعِيدُ بـنُ جُبَيْـرٍ: أَنَّ عَـديّ بْـنِ حَـاتِم، وَزَيْـدِ بْـنِ الـمُهَلْهِلِ الطـائيين سـأَلا رَسُولُ اللهِ ﷺ، فقَالا: يَا رَسُولَ الله! إنّا قَوْمٌ نَصِيدُ بالكِلاَبِ، والبزاةِ، فَمَاذَا يَحِلُّ لَنَـا مِنْهَا؟ فَنَزَلَتْ هَذِهِ الآيَة} (أَخْرَجَهُ الطَّبَرِي برقم: (١١٦)، وَفَتْحُ القَدير للشَّوكَاني برقم: (٨١٦)، وَالسِّيوطِي عَنْ إبْنُ أَبِي حَاتِم: (٣٨٣))، واتە: سەعیدی كـوڕی جوبـەیر (كە یەكێكە لە زانایانی تابیعین) دەڵـێ: هـەر كام لـە عـەدیی كـوڕی حـاتیم‌و زەیـدی كوڕی موهەلـهیل كە هەردووكیان طائیین، (واتـە: لـە هـۆزی طـائیین) پرسـیاریان لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ كـرد، گوتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ! ئێمـە كۆمـەڵێكین، خـەڵكێكین بـە سـەگ ڕاو دەكـەین، وە بـە بـازیش ڕاو دەكـەین (هـەم سـەگان بەكـاردێنین‌و هـەم بـازان بەكـاردێنین بـۆ ڕاو) ئایـا ڕەوایـە یـان نـا؟ خـوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ: ﴿قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ وَمَا عَلَّمۡتُم مِّنَ ٱلۡجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ﴾، (جَوَارِح) پێشـتریش باسمان كـرد، كـۆی (جَارِحَة)یـە، (جَـارِحَة) هـەر شـتێكە كە ڕاوی پـێ بكـرێ، چ پەلـەور بـێ، چ ئـاژەڵ بـێ، ئـاژەڵ وەك: سـەگ‌و تـاژیی‌و پڵـنگ‌و شـێرو گـورگ‌و هـەر دڕندەیـەكی دیكـە، كـە لـە شـوێنانی دیكە هـەن، مادام كەویی بكـرێ‌و ڕاوی پـێ بكـرێ‌و بزانـێ ڕاو بكـات، ئـەوە دروستە نێچیـرەكەی بخـورێ، هەروەهـا پەلـەوەریش بە هەمـان شـێوە.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکـان

دیارە ئێمە پێشتر باسمان کرد کە سوورەتی (المائدة) ژمارەیەکی زۆر یاسای شەرعیی تێدان، من هەروا سەرپێییەك تەماشام کرد، زیاتر لە سەد (١٠٠) حوکمی شەرعیی تێدایە کە ڕاستەوخۆ ئایەتەکان دەیانگەیەنن، وە سوورەتی (المائدة) زۆرترین جار وشەی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ی تێدا دووبارە بۆتەوە لەنێو هەموو سوورەتە مەدەنییەکانداو شازدە (١٦) جار دووبارەبۆتەوە، وە بە زۆریی وایە کە خوا ﷻ وشەی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ی بەکارهێناوە، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! حەڵاڵو حەڕامو، ئەمرو نەهی بە مسوڵمانان ڕادەگەیەنێ، ئەم سوورەتەش ژمارەیەکی زۆر یاسای شەرعی تێدا هەن، بۆیە پێویستی کردوە خوا ﷻ شازدە جار بانگی ئیمانداران بکاتو بە نازناوی ئیمان بێداریان بکاتەوەو بفەرموێ: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بۆ ئەوەی ئەوان گوێ قوڵاخ بن، چونکە وەك عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێ: هەر کاتێك خوا ﷻ فەرمووی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، باش گوێ بگرە، یان حەڵاڵێکە پێت ڕادەگەیەنێ بیکە، یان حەڕامێکە پێت ڕادەگەیەنێ مەیکە، یان ئەمرێك کە پێت دەفەرموێ: ئەنجامی بدە، یان قەدەغەیەکەو دەبێ خۆی لێ بە دوور بگری.

جا ئەم سوورەتە موبارەکە ئاوا دەست پێدەکات: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، جارێکی دیکەش باسمان کردوە، کە دەڵێی: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، دەبێ سێ واتا لە مێشکی خۆتدا ئامادە بکەی، چونکە ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە: دەستپێکردنم بۆ ئەم کارە کە قورئان خوێندنە، نوێژ کردنە، هەر کارێکە کە دەکرێ، نان خواردنە، کارو کەسابەتە، دەستپێکردنم بەو کارەم، بە ناوی خوای بە

بەزەیی‌و بەخشندەیە، یاخود بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە دەست بەو کارە دەکەم، جا ئەمە یانی چی؟ سێ واتا دەبێ لە مێشکی خۆتدا ئامادە بکەی:

یەکەم: ئەو کارەم دەکەم، بۆ ئەوە کە خوا لێم ڕازی بێ‌و پاداشتی لەسەر وەربگرم، وە پێی لە خوا نزیك ببمەوە.

دووەم: ئەو کارە ئەنجام دەدەم، بە پێی شەرعیی خوا.

سێیەم: ئەو کارە ئەنجام دەدەم، بە یارمەتی خوا، بە هاوکاریی خوا، نەك بە شان‌و شەوکەتی خۆم.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! یانی چی؟ یانی ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ! ئەوە ماناکەیەتی، بەلاّم پێویست ناکات هەمووجار خوا ﷻ بفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ بكل ما يَجبُ الإيمان به ﴾، بەلّكو كە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! واتە: بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ، كە لە شوێنەكانی دیكە ئیمان پێ هێنراوەكان (مَا يُؤمَن بِهِ)، ڕوون كراونەوە، بۆیە پێویست ناكات خوای پەروەردگار هەموو ئەو شتانەی كە پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ، هەموو جارێ باسیان بكات، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ﴿ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ ﴾، پەیمانەكان جێبەجێ بكەن بە تەواویی، گرێبەست‌و پەیمانەكان جێبەجێ بكەن‌و ئەنجامیان بدەن، مەبەست لە پەیمانەكان چییە؟ دوایی باسی دەكەین لە مەسەلە گرنگەكاندا، بەلاّم لێرەدا خوای زانا بە كورتیی وا دەفەرموێ، چونكە لەسەر ڕای زۆرێك لە زانایان هەرچی حەلاڵ‌و حەرامە، ئەمرو نەهییە، هەرچی خوا فەرزی كردوە، یان هەرچی خوا قەدەغەی كردوە، هەمووی پەیمانی خوایەو، لە گەردنی ئێمەو لە ئەستۆی ئێمە دایە، دەبێ جێبەجێی بكەین، مادام تۆ دەڵێی من شایەدیی دەدەم كە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراونین، وە شایەدیی دەدەم كە موحەممەد ﷺ ڕەوانەكراوی خوایە، كەواتە: هەرچی ئەو موحەممەدە ﷺ، لەو تاكە پەرستراوەو، لەو تاكە پەروەردگارو بەدیهێنەرەوە هێناویەتی، تۆ پەیمانێكە بە خوات داوە، مادام دەڵێی: تەنیا ئەو بە پەرستراوو بە پەروەردگاری

خۆم دەزانم، وە موحەممەد ﷺ بە ڕەوانەكراوی خوا دەزانم، ئەوە پەیمانە بە خوا داوتە كە پابەندبی بەو حەڵاڵو حەرامانەوە، پابەندبی بەو یاسا شەرعییانەوە، دەشگونجێ مەبەست پێی مانایەكی تایبەت بێ، واتە: ئەو پەیمانانەی كە بە خوا دەیاندەن و، ئەو پەیمانانەی لەنێو خۆتان دەیاندەن و، ئەو پەیمانانەی لەگەڵ خۆتان دەیاندەن، هەر سێ جۆرەكان جێبەجێ بكەن، كە دوایی ڕوونتر باسی دەكەین، ئەو سێ جۆرە پەیمانە چۆنن؟ ئەوجار دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَٰمِ﴾، ئاژەڵە چوار پێیەكانتان بۆ حەڵاڵ كراون، ﴿بَهِيمَةُ﴾، هەر ئاژەڵێكە كە چوار پێ بێ، ئنجا بۆچی بە ئاژەڵی چوارپێ دەگوترێ ﴿بَهِيمَةُ﴾؟ چونكە دەنگێكی نیە خەڵك لێی حاڵی بێ، (إِبْهَام) واتە: شتێك كە لێی حاڵی نەبی، لەبەرئەوەی ئاژەڵ دەنگی هەیە، بەڵام دەنگەكەی مەفهووم نیە، زانراونیەو تێی ناگەی، بۆیە پێی دەگوترێ: ﴿بَهِيمَةُ﴾، ئنجا ئایا ئاژەڵە چوار پێیەكان چیو چین؟ زۆربەی زانایان ئەگەر نەڵێین هەموویان دەڵێن: چوار جۆرن (الأَنْعَامُ: هِيَ الإِبلُ وَالْبَقَرُ وَالْغَنَمُ وَالْمَعِز)، (أَنْعَامُ) بە حوشترو ڕەشەوڵاخ (واتە: مانگاو گا)و مەڕ (واتە: ئاژەڵی سپی واتە: مەڕو بەرانو بەچكەكانیشیان)و بزن (واتە: بزنو نێرییو بەچكەكانیشیان)، ئەوانەتان بۆ حەڵاڵكراون ﴿إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾، جگە لەوەی بەسەرتان دەخوێنرێتەوە لە ئایەتی ژمارە سێی هەر ئەم سوورەتەدا، كە یازدە (١١) جۆرن هەڵاوێردراون، ئەو یازدە (١١) جۆرە حەڵاڵ نین، سوود لە گۆشتەكەیان ببینرێ ﴿غَيْرَ مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾، نێچیر بۆخۆتان حەڵاڵ مەكەن، لە كاتێكدا كە ئێوە لە ئیحرام دانو ئیحرامتان بەستوە بە حەج، یان بە عومرە، یان بە هەردووكیان وێكڕا، یاخود لە كاتێكدا كە ئێوە لەنێو سنووری ئەرزی حەرام دان، لەنێو سنووری حەرەمدا بۆتان نیە ڕاو بكەن، ﴿وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾، هەردوو واتاكەی هەیە، واتە: لەنێو سنووری حەرەم دان، یاخود ئێوە لە حاڵەتی ئیحرام دان، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ﴾، بێگومان خوا ئەوەی بیەوێ بڕیاری لەسەر دەدات، ئنجا ئایا خوا چی دەوێ؟ بێگومان هەموو ئەو شتانەی دەوێ كە خێرو بەرژەوەندیی دنیاو دوارۆژی

ئێمەیان تێدایە، چونکە خوا کاربەجێیە، وە خوا ئەوپەڕی حیکمەتو ڕەحمەتو بەزەیی هەیە.

ئنجا بۆ جاری دووەم خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئنجا بابەتێکی دیکەمان پێ دەفەرموێ، چونکە هیچ جارێك خوای کاربەجێ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بەکارناهێنێ مەگەر شتێکی دیکەی نوێمان پێ بفەرموێ، لێرەشدا کۆمەڵێك حوکمی دیکەی شەرعییمان پێ دەفەرموێ، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ، ﴿لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾، دروشمەکانی خوا حەڵاڵ مەکەن، یانی چی؟ واتە: بۆخۆتان ڕەوای مەکەن کە دەست درێژییان بکەنە سەریّو زیانیان پێ بگەیەنن، حورمەتیان بشکێنن، دروشمەکانی خوا چین؟ دروشمەکانی خوا هەموو ئەو شتانەن کە دینداریی یان تێدا بەرجەستە دەبێ، مزگەوت دروشمی خوایە، بانگ دروشمی خوایە، مەناسیکی حەجو عومرە دروشمی خوان، هەموو ئەو شتانەی کە دینداریی یان تێدا دەردەکەوێ، مانگی ڕەمەزان دروشمی خوایە، لە ڕەمەزاندا نابێ شت بخوّی، ئەگەر کابرا پاساویشی هەبێو نەخۆشیش بێ، یاخود ڕێبواریش بێو بەڕۆژووش نەبێ، بەڵام با لەبەرچاوی خەڵك شت نەخوات، ئەوە حورمەتی ئەو مانگەیە، بەڵێ دروشمەکانی خوا، هەموو ئەو شتانەن کە دینی خوایان تێدا دەردەکەوێو نیشانەی ئەوەن کە ئەو خەڵکە مسوڵمانە، ئنجا هەندێك لەو دروشمانەمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێ: ﴿وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا ٱلۡقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗا ﴾، چوار لەو دروشمانەمان بەتایبەت بۆ باس دەکات، ئەگەرنا کە دەفەرموێ: ﴿لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾، دروشمەکانی خوا مەشکێنن، ئەم چوارەش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوە لە زمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ (ذِكـرُ الخَاصِ بَعْدَ العَام) واتە: باسکردنی تایبەت دوای باسکردنی گشتی، وەك لە سووڕەتی (البقرة)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ مَن كَانَ عَدُوّٗا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ

وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٩٨﴾﴾، واتە: ئەوانەی کە دوژمنایەتیی خواو فریشتەکانیو پێغەمبەرەکانیو جبریلو میکال دەکەن، خۆ (جبریلو میکال)یش هەردوو فریشتەن، ئەوەی کە کوفر دەکات بە مەلائیکەت، کوفریش دەکات بە جبریلو میکال، بەڵام بە تایبەتی باسیان دەکات، لەبەر ئەوەی پایەو پێگەیەکی تایبەتییان هەیە، ئنجا دەفەرموێ: مانگە حەرامەکان حەڵاڵ مەکەن، مانگە حەرامەکان کامانەن؟ چوار مانگن (ذُو الْقِعْدَةِ، وَذُو الْحِجَّةِ، مُحَرَّمُ، وَرَجَبٌ) ئەو چوار مانگە جەنگیان تێدا قەدەغە کراوە، نابێ مسوڵمانان دەستپێشخەریی جەنگ بن لەو چوار مانگەدا، ئەدی ئەگەر کافر هێرشیان کردە سەر مسوڵمانان؟ ئەوە ئەو کاتە مانای ئەوەنیە حورمەتی مانگەکانیان شکاندوە، چونکە خۆ ئەگەر شەڕ بەری دەرگای پێگرتی دەبێ بیکەی، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا بە درێژیی باسی ئەو مەسەلەیەمان کردوە، لەو شوێنەدا کە دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ...﴿٢١٧﴾﴾، لەوێدا بە تەفصیل باسمان کردوە، کەواتە: دەستپێشخەریی جەنگ لەسەر مسوڵمانان قەدەغەیە لەو چوار مانگەدا، بەڵام بەرگریی لەخۆکردن، نا، ﴿وَلَا ٱلْهَدْىَ﴾، (الهَدِي) ئەو ئاژەڵەیە کە بە دیاری دەبردرێ بە بۆنەی حەجەوە سەرببڕدرێ، ﴿وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾، (قَلائِد) کۆی (قِلاَدَة)یە، (قِلاَد) ئەو گەردن بەندەیە کە بەتایبەتی لە ملی حوشتر دەکرێ، ئەگەر لە ملی مەڕو بزنو ڕەشەوڵاخیش بکرێ هەروای پێ دەگوترێ، واتە: ئەو ئاژەڵانە کە گەردن بەندیان لە مل کراوەو نیشانەدار کراون، کە ئەوانە دەبردرێن بە موناسەبەی حەجەوە، سەردەبڕدرێن، بکرێنە قوربانیی ئەوانەش حورمەتیان مەشکێنن، ﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ﴾، واتە: (قَاصِدين) ئەوانەش کە بەرەو بەیتی حەرام دەچن بەرەو ماڵی حەرام، ماڵی حەرام، واتە: ئەو شوێنەی کە حەرامە تێیدا گوناح بکرێ، حەرامە تێیدا ناشەرعیی بکرێ، ئنجا خۆ ناشەرعیی لە هەموو شوێنێك هەر حەرامە، بەڵام لەوێ حەرامترە، وە گوناحو تاوانو سەرپێچیی سزایان لە ئەرزی حەرەمدا بەتایبەتو لە مزگەوتی حەرەمدا بەتایبەتی تر زۆر زیاترە، وەك چۆن نوێژێك بە

سەد هەزار نوێژە، گوناحێكیش دیارە لەوێ سزاكەی زیاترە، جا ئەوانەی كە بەرەو بەیتی حەرەم دێن، چی دەكەن؟ ﴿يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗا﴾، لە پەروەردگاریانەوە بەخشش‌و ڕەزامەندیی داوا دەكەن بەو مەبەستە دێن، جا دەگونجێ ئەمە مەبەستی پێی تەنیا مسوڵمانان بێ، وە دەشگونجێ مەبەستی پێی مسوڵمان‌و نامسوڵمان بێ، واتە: هەر كەسێك كە بەو مەبەستە دەچێ، ئێوە دەستدرێژیی مەكەنە سەریان، دیارە ئێمە دوایی باس دەكەین، كە دوایی خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (التوبة)دا ئایەتێكی دابەزاند، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَا...﴿٢٨﴾﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! موشریكەكان پیسن، (واتە: پیسی مەعنەوویی) با لە دوای ئەمساڵیانەوە توخنی مزگەوتی حەڕام نەكەون، بەڵام ڕێگرتن لە موشریكەكان كە بچن بۆ مزگەوتی حەرەم جیایە، وە دەستدرێژیی كردنە سەریان‌و دەستدرێژیی كردنە سەر ئەو قوربانییانەی كە دەیانبەن، جیایە، ﴿وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْ﴾، واتە: وە هەركاتێ ئیحرامتان شكاند، (مُحْرِم) واتە: ئیحرام بەستوو (حَلال) واتە: كەسێك كە ئیحرامی شكاندوە، هەر كاتێك ئیحرامتان شكاند ﴿فَٱصۡطَادُواْ﴾، ڕاو بكەن، ئایا فەرزە هەر كەسێك ئیحرامی شكاند ڕاوێ بكات ؟ چ ئیحرامی بە حەج بەستبوو، دوایی تەواوی كرد، چ ئیحرامی بە عومرە بەستبوو، عومرەكەی تەواو كرد، فەرزە لەسەری ڕاوێ بكات؟ نەخێر، ئەوە لێرەدا زانایانی (أصول الفقه) دەڵێن: (الأَمْرَ بَعْدَ الْحَظْرِ يُفيدُ الإِبَاحَةِ) واتە: فەرمان كردن دوای قەدەغەكردنی شتێك، ڕەوابوون دەگەیەنێ نەك پێویست بوون، واتە: بۆتان هەیە، تا ئێستا لێتان قەدەغە بوو ڕاو بكەن، مادام لە ئیحرامدا بوون، لەمەودوا مادام ئیحرامتان شكاند، بۆتان هەیە ڕاو بكەن، بەڵام فەرز نییە لەسەریان ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ أَن تَعۡتَدُواْ﴾، وە با ڕق هەڵسانتان لە كەسانێك كە ئێوەیان لە مزگەوتی حەڕام گێڕایەوەو نەیانهێشت بچن عومرە بكەن، {لە ساڵی شەشەمی كۆچیدا}، واتان لێ نەكات كە دەستدرێژیی بكەنە سەریان، ڕق هەڵسانتان لەوان با ئێوە تووشی

هەڵـەو ناشـەرعیی نـەكات، ئەگـەر ئـەوان خراپـەیان لەگـەڵ ئێـوەدا كـردوە، ئێـوە وامەكەن، ئەگەر ئەوان گوناهیان كردوە لەگـەڵ ئێوەدا، ئێـوە وا مەكـەن مسوڵمان دەبـێ جیابـێ، ئەوە مەبەست پێی ئەوەیە كە لە ساڵی شـەشەمی كۆچیـدا پێغـەمبەر ﷺ بـە خۆیو هەزارو چوار سـەد لـە هاوەڵانی بـەڕێزی چوون بـەرەو مەككە كە بچن عـومرە بكـەن، كافرەكـانی مەككـە ڕێیـان پـێ گـرتن، سـەرەنجام ئـەوە بـوو كـە صـوڵحی حودەیبییەی لێكەوتەوەو ئەو ساڵە نەچوون، ئنجا بۆ سـاڵی دوایی، پێی گـوترا: (عُمْـرَةُ القَضَـاء)، واتـە: عومرەیـەك كـە گێڕدرایـەوە، وەك مـن لـە كتێبـی (پوختـەی ژیاننامـەی پێغەمبەری خـوا ﷺ )دا باسـم كـردوە، وە لـە كتێبـەكانی ژیاننامـەی پێغەمبـەردا هـاتوە، چـوون ئـەو عومرەیـان گێڕایـەوە لـە سـاڵی حەوتەمـدا، ئنجا خـوا دەفـەرموێ: بـا ڕق هەڵسانتان لەوان كە ئێوەیان لە مزگەوتی حەڕام گێڕایەوە، ئەو كارەیان واتان لـێ نەكات، ئێوەش دەسـتدرێژیی بكەنە سەر ئەوان، بـە هـەر شـێوەیەك لـە شـێوەكانی دەسـتدرێژیی بێ ﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾، وە لەنێو خۆشـتانیشـداو لەگەڵ ئەوانیشدا لەسەر هـەر شـتێك كـە چـاكەكارییەو پارێزكارییـە، هاوكـاریی یەكـدی بكـەن ﴿ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ﴾، وە هاوكاریی یەكدی مەكەن، لەسەر گونـاهو دەسـتدرێژیی ﴿ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾، وە پارێـز لە خوا بكەن، بێگومان خوا سـزای تونـدە، واتـە: سـزای تونـدە بـۆ هـەر كەسـێك كـە ئـەو فەرمانانـەی خـوای پـەروەردگار دەشكێنـێ، وە دەستدرێژیی دەكاتە سەر دینـی خوا، ئنجـا خوای پـەروەردگار بۆمـان باسـی ئـەوە دەكات كـە بـەڵێنی دا باسـی بكـات، وەك پێشـتر فـەرمووی: ﴿ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾، جگـە لـەوەی بەسـەرتاندا دەخوێنرێتـەوە، ئەوە لێتـان قەدەغەیـە، ئەگـەرنا ئاژەڵـە چوارپێیەكـانتان بـۆ حەڵاڵـن، جگـە لـەوەی بەسـەرتان دەخوێنرێتـەوە، واتـە: هـەر لـەو ئـاژەڵە چـوارپێیانە، یـازدە حاڵەتیـان بەسـەر دادێـن كـە قەدەغەیـە بـۆ ئێـوە سـوود لـە گۆشـتەكەیان وەربگـرن، ئەوانـەش یـازدە حاڵەتەكەن، دەفـەرموێ: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ﴾، لێتان قەدەغە كراوە:

١) ﴿ ٱلْمَيْتَةُ ﴾، مردار.

٢) ﴿وَٱلدَّمُ﴾، خوێن.

٣) ﴿وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ﴾، گۆشتی بەراز.

٤) ﴿وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾، وە هەرشتێك بۆ جگە لە خوا دەنگی پێ بەرز کراوەتەوە، واتە: سەربڕاوەو ناوی غەیری خوای لەسەر هاتوە.

٥) ﴿وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ﴾، خنکێنراو.

٦) ﴿وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ﴾، لێدراو، لێی بدرێ تاکو مردار دەبێ.

٧) ﴿وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ﴾، هەڵدێراو، لە شوێنێکی بەرز هەڵدێرێ.

٨) ﴿وَٱلنَّطِيحَةُ﴾، قۆچ لێدراو، قۆچی لێ بدرێ تا مردار دەبێ.

٩) ﴿وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ﴾، وە ئەوەی کە دڕندە دەیخوا، گورگە، کەمتیارە، پڵنگە، شێرە، ورچە، بەشێکی لێ دەخواتو ئەوی دیکە دەمێنێتەوە ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ﴾، جگە لەوەی کە سەری دەبڕنو جگە لەوەی چەقۆی فریا دەکەوێ، کە دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین.

١٠) ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾، وە لێشتان قەدەغە کراوە ئەوەی کە لەسەر (ٱلنُّصُبِ) واتە: لەسەر ئەو بەردانەی کە دانراونو چەقێنراون، لەسەر ئەو بەردانە سەردەبڕدرێن، وە خوێنەکەی لە بەردەکان هەڵدەسورێ.

١١) ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِ﴾، وە لێتان قەدەغە کراوە ئەو گۆشتانەی کە بە زەلەمەکان، بە یانسیب دابەشیان دەکەن، (الأزلام) کۆی (زَلَم)ە، (زَلَم) بریتییە لە تیرێك کە پەڕەکەی دوایی پێوەنەبێ بۆ ئەوەی بڕوا، چونکە نایانەوێ بیهاوێن، واتە: شێوەی لوولە دارێك بووە، کە لە تەفسیرەکاندا باسی دەکات، دەڵێ: سێ لوولە داری بچووك بوون، یەکێکیان لەسەری نووسراوە: پەروەردگارم فەرمانی پێ کردووم، یەکێکیان لەسەری نووسراوە: پەروەردگارم ڕێی لێ گرتووم، وە

یەكێكیان هیچی لەسەر نەنووسراوە، جا كەسێك ویستبێتی شتێك بكات، بۆ وێنە: گۆشتیان بەش كردوە، بەوە دابەشیان كردوە، تووركەیەك كە ئەو سێ داروچكەیەی تێدا دەبوون، كابرا دەستی تێوەرداوەو یەكێكی ڕاكێشاوە، ئنجا ئەگەر ئەوە بووبێ كە نووسراوە: پەروەردگارم فەرمانی پێ كردووم، گوتوویەتی: ئەوە بەشە گۆشتێكت كەوت، وە ئەگەر ئەوەی دیكە بووبێ كە نووسراوە: پەروەردگارم ڕێی لێ گرتووم، گوتوویانە: كاكە تۆ نات كەوێ، وە ئەگەر ئەوی سێیەمیان بووبێ، كە هیچی لەسەر نیە، دووبارەیان كردۆتەوە، وەك ئێستا پێی دەڵێن: یانسیب، ئنجا هەرشتێك بە یانسیب دابەش بكرێ، ئەوە قەدەغەیە ﴿ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌ﴾، ئا ئەوەتان لە ڕێ دەرچوونە، واتە: ئەوەی كە بە یانسیب دابەش بكرێ بەشێوەی قومار، یاخود هەموو ئەو شتانە، كە لەڕاستیدا وا باشترە مەبەست هەموویان بێ، واتە: هەر كەسێك لە هەر كامێك لەوانە بخوات، ئەوە لە ڕێ دەرچوونەو پێی گوناهبار دەبێ.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمۡ﴾، ئەمڕۆ ئەوانەی بێبڕوان لە دینەكەی ئێوە نائومێد بوون، واتە: نائومێد بوون كە زەفەر بە دینەكەی ئێوە بەرنو چرای دینەكەتان بكوژێننەوە، یاخود نائومێد بوون لەوەی كە جارێكی دیكە بگەڕێنەوە بۆ بەكارهێنانی مردارەوە بووو خوێنو گۆشتی بەرازو بۆ جگە لە خوا سەربڕاوو ئەو شتانە، چونكە تازە ئەو ئیسلامە چەسپیوەو دەبێ خەڵك شتی پاك بخوات، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِ﴾، لەوان مەترسێن، یانی: لە كافرەكان مەترسێنو تەنیا لە من بترسێن ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾، ئا ئەمڕۆ دینەكەتانم بۆ تەواو كردن، واتە: یاسا شەرعییەكان هەموویان دابەزێنران، حەڵاڵو حەرامەكان هەموویان دیاریی كراون، ئەمرو نەهییەكان هەموویان دیاریی كراون، پێشتر دینەكە بەنسبەت قۆناغی پێشەوە تەواو بوو، بەڵام بەنسبەت قۆناغی كۆتایی تەواو نەبووە، بۆیە دەفەرموێ: ئەمڕۆ بە تەواوی دینەكەتان تەواو بوو، واتایەكی دیكەشی ئەوەیە كە ئەمڕۆ دینەكەتانم بۆ وا لێكردوون كە هەیبەتو هەیمەنەو دەستەڵاتی هەبێ، ﴿وَأَتۡمَمۡتُ

عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي ﴾، وە چاكەی خۆم لەسەر ئێوە تەواو كرد، ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ﴾، وە ئیسلامیشم بە بەرنامە بۆ پەسند كردوون، كەواتە: تەنیا ئیسلام بەرنامەی پەسند كراوی منە بۆ ئێوە، ئەوی دیكە هەمووی لای من ڕەت كرایەوە، ئنجا خوا ﷻ دوای ئەوە دێتە سەر خواردنە قەدەغەكراوەكانو دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ﴾، هەر كەسێك ناچاربوو لە برسیەتیدا بەبێ ئەوەی مەبەستی پێ گوناح بێو ئارەزووی گوناح كردنی هەبێو، هەر ئارەزووی بێ لە گۆشتی بەراز بخوات، یان لە مردارەوە بوو، یان خوێن بخوات، واتە: خواردنەكەی لە ڕووی ئارەزووەوە نەبوو، بەڵكو ناچار بوو، ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بێگومان خوا لێبوردەی بە بەزەیی یە، یانی: گوناهبار نابێ كە لە كاتی ناچارییدا لەوانە بەكاربێنێ، بایی ئەوەندەی كە نەمرێو لە مەرگ ڕزگاری بێ.

ئنجا دیارە پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ كردوە، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەكەیدا باسمان كرد، گوتوویانە: چیمان بۆ حەڵاڵە؟ وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمْ ﴾، پرسیارت لێ دەكەن: چییان بۆ حەڵاڵە؟ دیارە پرسیارەكە دەربارەی جۆرەكانی گۆشت بووە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾، پێیان بفەرموو: خواردنە خۆشو بەتامو بە سوودەكانتان بۆ حەڵاڵ كراون، دیارە (طَيِّبات) كۆی (طَيِّبَة)ە، (طَيِّبَة)ش هەر شتێكە كە خۆشو بەتامو بەلەزەت بێو، نەفسی ئینسان ئارەزووی بۆ بچێو سوودبەخشیش بێ، واتە: بە قازانجی جەستە تەواو بێ، ئەگەرنا كەسێك كە ئارەزووی بۆ شەڕابو مردارو بۆ گۆشتی بەرازو بۆ شتێكی خراپ دەچێ، ئەوە لەڕاستیدا ناتوانێ بڵێ: ئەوە لە (طَيِّبَات)ە، چونكە ئارەزووت بۆی دەچێ، بەڵام زیانی هەیەو، مادام زیانی هەیە بۆ جەستە لە (طَيِّبَات) نیە، بۆیە حەڵاڵیش نیە، ئنجا وشەی: (طَيِّبَات) ماناكەی گشتییە، بەڵام لێرەدا زیاتر مەبەست پێی ئەو ئاژەڵانەن كە گۆشتیان دەخورێ، ئنجا جۆرێكی دیكەی حەڵاڵ دەخاتەڕوو، ﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ ﴾، واتە: ئەو نێچیرگرانەش كە فێریان دەكەن، فێری

ڕاویـان دەکەن، بۆیەش دەڵێم: نێچیرگر تاکو هەم چوار پێش بگرێتەوە، واتە: سەگو تاژیی‌و پڵنگو ئەوانە، هەم پەلەوەرەکانیش بگرێتەوە، وەك بازو باشوو... هتد، هەرچەندە لە کوردەواریی ئێمەشدا پەلەوەران کەمتر بەکاردێن‌و بە زۆری تاژیی‌و سەگو ئەوانە بەکاردێن، ئەگەرنا چەند جۆرە پەلەوەرێکیش هەن کە بۆ ڕاووشکار بەکاردێن، جا خوا دەفەرموێ: نێچیری نێچیرگرانیش بۆ ئێوە حەڵاڵە، بەڵام بە مەرجێك فێریان بکەن‌و مەشقیان پێ بکەن، ئەگەرنا سەگێك کە نێچیرەکەی بۆخۆی بگرێ‌و لێی بخوات، ئەوە نێچیرەکەی حەڵاڵ نیە، بۆچی؟ چونکە بۆ خۆی گرتوویەتی‌و لێی خواردوە، بۆیە دەبێ فێری ڕاو بکرێ، ئنجا کە فێر کرا، ئەو کاتە ڕەنگە لە کاتی گرتنیدا برینداری بکات، وە بریندارکردنەکەی ئەگەر بەهۆیەوە مردار بێ، ئەوە بریندارکردنەکەی بە سەربڕان حیسابە، مادام سەگی ڕاوی بێ، یان پەلەوەری ڕاوی بێ، بەڵام ئەگەر بۆ خۆی لێی خوارد، هەتا تێر دەبێ، مانای وایە بۆخۆی گرتوویەتی‌و ئەو کاتە بە نێچیرگر لەقەڵەم نادرێ، بۆیە ئەو نێچیرەی کە ئەو جۆرە دڕندانە دەیگرن حەڵاڵ نیە، جا دەفەرموێ: ﴿ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُ ﴾، لەوەی کە خوا فێری کردوون، فێریان دەکەن، واتە: ڕایان دێنن، مەشقیان پێدەکەن لەسەر ڕاوکردن، ﴿ فَكُلُوا۟ مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ ﴾، وە بخۆن لەوەی کە بۆ ئێوەیان گرتوە، ئەدی ئەگەر بۆخۆیانیان گرتبوو؟ ئەگەر بۆخۆیانیان گرت‌و لێیان خوارد، مانای وایە بۆخۆیان گرتوویانەو حەڵاڵ نیە لێی بخۆن.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ﴾، وە ناوی خواشی لەسەر بێنن، یانی: ناوی خوای لەسەر بێنن لە کاتی خواردنیدا، یان ناوی خوای لەسەر بێنن لە کاتێکدا کە ئەو نێچیرگرە دەنێرن، سەگە، تاژییە، بازە، کاتێك تێی بەردەدەی لەو نێچیرە، لەو کاتەدا (بِسْمِ الله)ی لێ بکەن، ئەوەش تەفصیلاتێکی هەیە دوایی باسی دەکەین، ئەگەرنا ناوی خوا هێنان لەسەر خواردن هەر هەیە، بەڵام ناوی خوا هێنان لەسەر خواردن سوننەتە، بەس ئەمەیان زۆربەی زانایان دەڵێن: فەرزە، وەك دوایی باسی دەکەین ﴿ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ﴾، وە پارێز لە خوا بکەن ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴾، بێگومان خوا لێپرسینەوەی زۆر خێرایە.

ئنجا خوا ﷻ لە ئایەتی ژمارە (٥)دا جارێكی دیكە دووبارەی دەكاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾، ئەمڕۆ شتە پاكو چاكو سوودبەخشەكان، بۆ ئێوە حەڵاڵ كراون، بۆیەش دووبارەی دەكاتەوە، یانی: ئەوەی چاكو سوودبەخش نەبێو بە تامو بەكەڵك نەبێ، قەدەغەیە، مەبەستێكی دیكەشی ئەوەیە كە شتە بەتامو خۆشو سوودبەخشەكان، لەخۆتان قەدەغە مەكەن، ﴿ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ ﴾، وە خواردنی ئەوانەش كە كتێبیان پێدراوە بۆ ئێوە حەڵاڵە، ئنجا ئایا خواردنەكەیان مەبەست پێی چییە؟ مەبەست پێی نانە؟ یان مەبەست پێی برنجو فاسۆلیاو دانەوێڵەیە؟ یان مەبەست پێی میوەو سەوزەیە؟ بێگومان ئەوانە هەر حەڵاڵن هی ئەهلی كیتاب، یان هی هەر كەسێكی دیكەبن، كەواتە: نەخێر، مەبەست پێی گۆشتە لێرەدا، واتە: سەربڕاوی ئەوانەی كە كتێبیان پێدراوە، بۆ ئێوە حەڵاڵە، ئەدی ئەوانەی كە كتێبیان پێ نەدراوە؟ بێگومان سەربڕاویان حەڵاڵ نیە، چونكە ناوی خوای لەسەر ناهێنن، یان ناوی غەیری خوای لەسەر دێنن ﴿ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡ ﴾، خواردنی ئێوەشو گۆشتی ئێوەش بۆ وان حەڵاڵە ﴿ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴾، وە ئافرەتانی پاكیزەی ئیمانداریش بۆ ئێوە حەڵاڵن، هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بكەن، ئەدی ئەگەر پاكیزە نەبن، داوێن پاك نەبن؟ مانای وایە ئەوە حەرامە، وەك دوایی باسی دەكەین بە تەفصیل، ﴿ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ ﴾، وە ئافرەتانی پاكیزەی ئەوانەی كتێبیان پێدراوە لە پێش ئێوەدا، ئەو ئافرەتانەش حەڵاڵن، واتە: ئافرەتی جوولەكەو نەصرانیی با لەسەر دینی خۆشیان بن، بۆ ئێوە حەڵاڵن هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بكەن، ئەدی غەیری خاوەن كتێبەكان، واتە: موشریكەكانو بت پەرستەكانو كافرەكان؟ بێگومان ئەوانە حەڵاڵ نین، ﴿ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ﴾، هەر كاتێك مارەییەكانیانتان پێدان، ئنجا ئایا مەرجە مارەییەكەی تەسلیم بكرێ ئەوجار بگوازرێتەوە؟

یاخود هاوسەرگیریی لەگەڵدا بكرێ؟ نەخێر مەرج نیە، بەڵام دەبێ بڕیار بدرێو مارەییەكەی بۆ دیاریی بكرێ، ﴿ مُحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖ ﴾، ئێوە دەبێ خۆ پاك ڕاگر بن، لە بەرانبەر داوێن پیسیی دا، (مُحصنین) واتە: خۆ پاك

ڕاگــران، ﴿ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ﴾، زینــا نەكــەن بــە ئاشــكرا، وە هەروەها بـە پەنهـانیـیش زینـا نەكەن، چونكــە دەڵـێ: (مُسافِح) ئەوەیــە كە ئــاوی خــۆی دەڕێــژێو هــەر ژنێكــی خراپــی لــێ هەڵبكــەوێ زینــای لەگــەڵ دەكـات، ﴿ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ﴾، ئەوانــەن كـە بەتایبـەت لەگـەڵ هەنـدێك ئافرەتانـدا بـە پـەنهانیی زینایان لەگـەڵدا دەكەن، واتە: زینـای ئاشكراو زینــای پـەنهان، یـان زینــای بەگشـتی هـەر كەسـێك لێی هەڵكەوت زینــای لەگــەڵدا بكات، وە زینای تایبـەت، ﴿ وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ ﴾، هــەر كەســێكیش كــوفر بــە ئیمــان بكــات، ئــەوە كردەوەكــەی هەڵوەشــاوەتەوە، بــا ئیمانیشـــی بووبـــێ، كــە كوفــری كــرد بــە ئیمــان، كردەوەكـەی هەڵوەشاوەتەوە ﴿ وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾، وە لە دواڕۆژدا لە زیانبـارانە، بەڵام بە مەرجێك لەسـەر كوفر بمــرێ، ئەدی كەســێك هەڵگەڕاوەتـەوە، دوایـی دووبارە مسوڵمان دەبێتــەوەو دەمــرێ، ئایــا كردەوەكــەی هەڵدەوەشــێتەوە؟ نــەء، چــونكە لــە ســووڕەتی (البقرة)دا خوای پەروەردگار بۆمان ڕوون دەكاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ﴿٢١٧﴾ ﴾، كەواتــە: كەسێك كە هەڵــگەڕاوەتەوەو دوایــی بــە كــافریی دەمــرێ، زایــە دەبـن، ئـەدی ئەگــەر دوای ئــەوە كــە هەڵگەڕاوەتــەوە، دووبــارە مســوڵمان بــۆوە، ئایــا كردەوەكــانی هەڵناوەشــێنەوە؟ دوایــی لــەوبارەوە دەدوێــین، ئنجــا كــە دەفــەرموێ: ﴿ وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ ﴾، یـەكێك بـۆی هــەیە بڵــێ: جا چۆن كـوفر بـە ئیمـان دەكـرێ؟ وەڵامەكـەی ئەوەیە واتــە: كوفر بكا بەو شتانەی كە ئیمانیـان پــێ دەهێنـرێ، یــانی (وَمَنْ يكفر بِما يُؤمَنُ بِهِ)، واتە: كوفر بكات بەو شـتانەی كە ئیمــانیان پــێ دەهێنـرێ، ئنجــا ئیمـان بـە خــوا دەهێنــرێ، بــە فریشـــتەكان دەهێنــرێ، بــە كتێبەكــان، بــە ڕۆژی دوایــی، بــە پێغــەمبەران، وە ئیمـان دەهێنـرێ بـە حـەڵاڵو حـەڕامی خــوا، وە ئیمـان دەهێنـرێ بـە حوكمـە شــەرعییەكان، هەر كەسـێك كوفر بە هەر كـام لەوانە بكات، ئـەوە كـافر دەبـێ، وە كردەوەكانی هەڵدەوەشـێنەوە، ئەگەر بە كافریی بمرێ، وە لە دواڕۆژدا لە زیـانبارانە.

## چەند مەسەلەیەكی گرنگ

**مەسەلەی یەكەم:** كە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! پەیمانەكان بە تەواویی جێبەجێ بكەن، وشەی (عُقُود) كۆی (عَقْد)ە، (عَقْد)یش واتە: گرێبەست، یان بە مانای بەڵێن‌و پەیمان دێ، عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بێ، گوتوویەتی: (أَوفُوا بالعُقُود: يَعني بالعُهُود مَا أَحَلَّ الله وَمَا حَرَّمَ وَمَا فَرَضَ وَمَا حَدَّ فِي القُرْآنِ كُلِّه لاتَغدروا ولا تَنكِثوا)[1]، واتە: مەبەستی خوای پەروەردگار لە (عقود) كە دەفەرموێ: پەیمانەكان، یان گرێبەستەكان جێبەجێ بكەن، مەبەستی هەموو ئەو شتانەیە كە خوا حەڵاڵی كردوون، یان قەدەغەی كردوون، یان پێویستی كردوون، یاخود ئەو سنوورانەی كە دایناون لە قورئاندا، وە كە دەفەرموێ: پەیمان مەشكێنن‌و خیانەت‌و غەدر مەكەن، مەبەست لە (عُقُود) هەموو ئەو شتانەن كە خوای پەروەردگار لە قورئاندا بەیانی كردوون، لە حەڵاڵ‌و حەرام‌و، ئەو شتانە كە مسوڵمانانی پێوە پابەند كردوون.

وە (الزمخشري) لە تەفسیرەكەی خۆیدا دەڵێ: (والظَّاهرُ أَنَّهَا عُقُود اللهِ عَلَيْهِم فِي دينهِ مِن تَحليل حلالِهِ وَتَحريم حَرَامِهِ)[2] واتە: وا دیارە كە مەبەست لە (عُقُود) ئەو پەیمان‌و گرێبەستانەن كە خوا لە دینی خۆیدا لەسەر ئیماندارانی فەرز كردوون، لە شتێكدا كە بۆی حەڵاڵ كردوون، وە لە شتێكدا كە لێی قەدەغە كردوون، واتە: پابەندبن بە حەڵاڵ‌و حەرامی خواوە.

بەڵام وا پێدەچێ ئەو ڕایە ڕاستتربێ كە دەڵێ: مەبەست لە (عُقُود) كە خوا دەفەرموێ: پابەندبن، یاخود گرێبەستەكان‌و پەیمانەكان جێبەجێ بكەن، مەبەست پێی سێ شتە:

---

١) محاسن التأويل: ج٦، ص٨.

٢) تفسير الكشاف: ج٦، ص٨.

١- ئـەو پەیمانانـەی کـە لەگـەڵ خـوادا دەیانبەسـتن، یـان ئـەو پەیمانانـەی کـە خـوای پەروەردگار لەگەڵیدا بەستوون، جێبەجێیان بکەن.

٢- ئەو پەیمانو بەڵێنانـەی کـە لـە نێـوان خۆتانـدا دەیانـدەن، واتـە: لـە هەڵسوکەوتو مامەڵەی نێوان خۆتاندا، جا کڕینو فرۆشـتنە، مەسـەلەی هاوسـەرگیریی یـە، شـتی سـیاسیو کۆمەڵایەتییـە، هەرچی هەیە.

٣- ئـەو بـەڵێنو پەیمانـانەی کـە ئینسـان لەسـەر خـۆی دەیانـدا، کـە مەبەسـت پێیـان (نَـذْر)ە، واتە: شـتێك کـە ئینسـان لەسـەر خـۆی پێویسـتی دەکـاتو بەڵـێن دەدات جێبەجێی بکات، یان ئەگەر (نَـذْر)یـش نەبـێ، دەڵـێ: بـەڵێن بـێ وادەکـەم، پـەیمان دەدەم وادەکـەم، مادام شـتەکە شەرعیی بـێ، پێویستە ئینسـان جێبەجێی بکات.

کەواتـە: مەبەسـت لـە (عُقُـود) هـەموو ئـەو بەڵـێنو پەیمانـانەن کـە ئینسـان بـە خوایـان دەدا، یان خـەڵك لەنێوان خۆیـاندا دەیانـدەن، یـان ئـەو بەڵێنـەی ئینسـان لـە زاتی خۆیـدا لەنێـوان خۆیو خـوادا دەیدات.

**مەسـەلەی دووەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾، واتـە: چـوار پێـی ئاژەڵەکانتان بۆ حەڵاڵ کراون، پێشـتـر باسمان کرد کە چوار پێـی ئاژەڵەکان مەبەست پێیان چوار جۆرە ئاژەڵە، زۆربـەی زانایـان ئەگـەر نەڵـێین هەموویـان دەڵێن: چوار جـۆرن، (الأَنْعَـامُ: هِـيَ الإِبـلُ وَالْبَقَـرُ وَالْغَنَـمُ وَالْمَعِـز)، (أَنْعَـامُ) بــە حوشـترو ڕەشـەوڵاخو مەڕو بـزن دەگوترێ.

چونکە وشـەی: (نَعـم) کـە بـەکارهێنراوە تـەنیا حوشتـر دەگرێتـەوە، بـەڵام (أَنْعَـام) وێـڕای حوشـتـر، گـاو مانگـا، مـەڕو بـزنو، بـەرانو نێـرییش دەگرێتـەوە، بەڵـگەمان لەسـەر ئـەوەش ئـەم ئایـەتانەن لـە سـوورەتی (الأنعـام)دا کـە خـوا دەفـەرموێ:

﴿وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرۡشًاۚ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ١٤٢ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖۖ مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ نَبِّـُٔونِي بِعِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٤٣ وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِۗ قُلۡ

ءَآلذَّكَرَيۡنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلۡأُنثَيَيۡنِ أَمَّا ٱشۡتَمَلَتۡ عَلَيۡهِ أَرۡحَامُ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۖ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَاۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيۡرِ عِلۡمٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٤﴾ ﴾، واتە: (خوا) لە ئەنعام بۆی خولّقاندوون باربەرو ئەوەی کە وەك فەرش ڕابخرێ (کە مەبەست پێی حەیوانی وردە، مەڕو بزنو... هتد) ئنجا لەوەی کە خوا ڕزقی داون بخۆنو بە دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە، (دوایی ئەو ئەنعامەمان بۆ سەر ژمێر دەکات)، دەفەرموێ: ﴿ ثَمَٰنِيَةَ أَزۡوَٰجٖ ﴾، هەشت جووتن، واتە: چوار نێرو چوار مێ، ﴿ مِّنَ ٱلضَّأۡنِ ٱثۡنَيۡنِ ﴾، لە مەڕێ دوو، (مەڕ واتە: لە حەیوانی سپی، لە نێرو مێیەك، کە کوردەواریی ئێمە مێیەکە مەڕی پێ دەڵێن، نێرەکەشی بەرانی پێ دەڵێن) ﴿ وَمِنَ ٱلۡمَعۡزِ ٱثۡنَيۡنِ ﴾، وە (المعز) مەبەست پێی حەیوانی ڕەشە، کە لە کوردەواریی دا مێیەکەی (بزن)و نێرەکەش (نێریی) پێ دەڵێن، ئنجا دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلۡإِبِلِ ٱثۡنَيۡنِ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِ ﴾، وەك حوشتر دوو، واتە: جووتێك، نێرو مێیەك کە بە عەرەبی (نَاقَة و جَمَل) یان پێ دەڵێن، (نَاقَة) بۆ مێیەکەیە، (جَمَل)یش بۆ نێرەکەیە، بەلاّم لەبەرئەوەی لەنێو کوردەوارییدا نەبووە، بۆیە ئێمە بۆ نێرو مێ هەر دەڵێین: حوشتر، یان وشتر، ﴿ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ ٱثۡنَيۡنِ ﴾، وە لە ڕەشەوڵاخیش دووان، کە (مانگا) مێیەکەیەتی، وە (گا) نێرەکەیەتی، کەواتە: وشەی (الأنعام) ئەو چوار جۆرە ئاژەڵە دەگرێتەوە، جا ئەو چوار جۆرە، چ ماڵیی بن، چ کێویی بن، هەموویان دەگرێتەوە، لەوبارەوە ئەم دەقە لە پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕدراوەتەوە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ، وَعَنْ كُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ﴾ (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٦١٩)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٨٠٥)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٢٣٤) واللَّفْظُ لَهُ، وَالطَّبَرَاني في (الكبير) برقم: (١٢٩٩٤) وصَحَّحَهُ أَحْمَد شَاكر، وَصَحَّحَهُ الألباني) واتە: عەبدوڵلای کوڕی

عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی كردوە (خواردنی) هەر خاوەن كەڵبەیەك لە دڕندەكان، وە هەر خاوەن چڕنووكێك لە پەلەوەران.

مانای وایە دەبێ جگە لە ئاژەڵی دڕندەو كەڵبەدارو پەڕەوری چڕنووكدار تێكڕای ئاژەڵو پەڕەوور هەمووی حەلاڵ بێ، بۆیەش زۆرێك لە زانایان وەك مِن لە تەفسیری سوورەتی (البقرة)دا باسم كردوە، دەڵێن: هەرچەندە لێرەدا خوا ﷻ تەنیا باسی ئەو چوارە دەكات: حوشتر، ڕەشەوڵاخ، مەڕ، بزن، بەلاّم ئەوە لەبەر ئەوەی كە زیاتر ئەو جۆرە ئاژەڵانە لە نێو خەڵكدا هەن، ئەگەرنا خوا هەموو جۆرە ئاژەڵەكانی دیكەی ڕەوا كردوون، بە مەرجێك دڕندە نەبنو ئاژەڵ بن، وە ئەگەر پەلەوەر بن، خاوەن چڕنووك نەبن، واتە: گۆشت خۆر نەبن، چونكە ئاژەڵی دڕندە ئەوەیە كە گۆشت دەخوا، وە پەلەوەری خاوەن چڕنووكو دڕندە ئەوەیە كە گۆشت دەخوات، واتە: ئەوانەی كە گۆشت خۆر نەبن، هەموویان حەلاڵو ڕەوان[1].

**مەسەلەی سێیەم**: كە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾، جگە لەوەی كە بەسەرتاندا دەخوێندرێتەوە، كە پێشتریش باسمان كرد، مەبەست پێی ئەوەیە كە لە ئایەتی ژمارە (٣)دا، دوایی خوا ﷻ باسی دەكات، كە یازدە (١١) جۆرە ئاژەڵ قەدەغەیە، گۆشتیان بخورێ، دیارە ئەو یازدە جۆرەش دەچنە نێو ئەو چوار جۆرانەی كە لە سوورەتی (البقرة)شدا هاتوون، لە سوورەتی (الأنعام)یشدا هاتوون، وە لە سوورەتی (النحل)یشدا هاتوون، وە لە سوورەتی (البقرة)دا قسەمان لەوبارەوە كردوەو دواییش لە تەفسیری سوورەتی (الأنعام)دا قسەی لێ دەكەین، ئنجا ئایا بۆچی خوا فەرموویەتی: ئەو یازدە جۆرە قەدەغەنو غەیری وان هەمووی ئاژەڵانی حەلاڵن؟ چونكە عەرەبەكان عادەتیان وابووە، هەر لە خۆوە ناوێكیان لە ئاژەڵێك دەناو، دەیانگوت: حەرامە، بۆ وێنە: لە ئایەتی (١٠٣) هەر سوورەتی (المائدة)دا خوای پەنهانزان دەفەرموێ: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا

---

١) لە تەفسیری سوورەتی (الأنعام)دا باسێكی تێرو تەسەلمان لەوبارەوە كردوە.

سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾ ﴾، (بَحِيرَة)و (سَائِبَة)و (وَصِيلة)و (حَام)، چوار جۆرە ئاژەڵ بوون، بەتایبەت لە نێو حوشتردا، کە عەرەبەکان هەر لەخۆوە ئەو ناوانەیان لێ نابوون و دەیانگوت: ئەوانە قەدەغەیە گۆشتیان بخورێ، وە نابێ باریشیان لێبنرێ، هەروەها لە سووڕەتی (الأنعام)دا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا ۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾ ﴾، واتە: وە بۆ خوا بەشێکیان دانابوو، لە وەی کە دروستی کردوە لە کشتوکاڵ و لە ئاژەڵەکان، بەشێکیان بۆ خوا دانابوو، جا خوا ﷻ دوای ئەوەی بەهەڵەیان دادەنێ، هەر لە سووڕەتی (الأنعام) ئایەتی ژمارە (١٤٠)دا دەفەرموێ:

﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ...﴿١٤٠﴾ ﴾، واتە: بێگومان زەرەرمەندن ئەوانەی کە منداڵەکانی خۆیان بە نەفامیی و بەبێ زانیاریی دەکوشت، وە ئەو شتانەی کە خوا پێیدابوون، بە درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە لە خۆیانیان قەدەغە دەکرد.

کەواتە: بۆیە خوا ﷻ لێرەدا دەفەرموێ: جگە لەو یازدە (١١) جۆرە کە ئەو تەفصیلەکەیەتی و، دەچنە نێو چوار جۆر، وەك دوایی باسی دەکەین، ئەوی دیکە هەمووی حەڵاڵە، واتە: ئەو شتانەی کە لە خۆوە قەدەغەیان دەکەن، ئەوانە قەدەغەنین و لەڕاستییدا بە نەزانیی و نەفامیی خۆتان، ئەو شتانەتان لە خۆتان قەدەغە کردوە.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ غَيْرَ مُحِلِّي ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ﴾، واتە: نابێ نێچیر بۆخۆتان حەڵاڵ بکەن، لە کاتێکدا کە ئێوە لە ئیحرامدان و ئیحرامتان بەستوە، یاخود لە کاتێکدا کە ئێوە لەسەر زەمینی حەڕامدان، واتە: لە نێو بازنەی حەرەم دان،

وشـەی: ﴿ وَأَنتُمۡ حُرُمٌ ﴾، هـەردووکی دەگرێتـەوە، یـانی: (وأَنـتُمْ مُحرِمـون) ئێـوە ئیحرامتـان بەسـتوە، کـە ئینسـان ئیحـرام بـە حـەج دەبەسـتێ، یـان بـە عـومرە دەبەستێ، ڕاوکردنـی لـێ قەدەغەیـە، ئەوە واتایـەکی، یاخود ﴿ وَأَنتُمۡ حُرُمٌ ﴾، یـانی: (وأَنـتُمْ دَاخلـونَ فـي الحـرم) ئێـوە لـە نێـو بازنـەی حـەرەم دان، لـە کاتێکـدا ئینسـان لەنێو بازنەی حەرەم دا دەبێ، دیسان ڕاووشـکاری لـێ قەدەغەیـە، بـا لـە ئیحرامیشـدا نەبـێ، کـە داخیلـی سـنووری حـەرەم بـووی، حـەرەمی مەککـە، ڕاووشـکارت لـێ قەدەغەیـە، ئنجا ئەگـەر مەبەسـت پێـی حاڵـەتی ئیحـرام بەسـتن بـێ، ئـەوە تـەنیا نێچیـری وشـکانیی قەدەغەیـە، لـە کەسـێك کـە ئیحـرامی بەسـتوە، واتـە: کەسـێك کـە ئیحـرام بە حەج دەبەسـتێ، یـان بـە عـومرە دەبەسـتێ، لەسـەری قەدەغەیـە کـە ڕاوی هەر جـۆرە نێچیـرێك بکات، لە وشکانیدا ﴿ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ ﴾، بـەڵام ڕاوکردنـی نێچیـری دەریـا کە ماسییە، نەهەنگـە، هەموو ئـەو ژیاندارانـەن کـە لـە دەریـادا دەژیـن ئەوانـە ڕەوان، با ئەو کەسـە ئیحرامیشـی بەسـتبـێ، بـە بەڵـگـەی ئایـەتی (٩٦)ی (الـمـائدة) کـە دەفـەرموێ: ﴿ أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِۖ وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗاۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٩٦ ﴾، واتـە: بۆتـان ڕەوا کـراوە، بۆتـان حـەڵاڵ کـراوە، نێچیری دەریـاو خـواردنی دەریـا، ئـەوەی کـە ڕاوی دەکەن، ئەوەشی کـە دەریـا هەڵیـدەداتە دەرێ، بـەبێ ئـەوەی کـە ڕاوی بکـەن، ﴿ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِ ﴾، ئـەوە بـەهرە وەرگرتنێکـی کەمـە بـۆ ئێـوەو بـۆ ڕێبـواران ﴿ وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗا ﴾، وە لێتـان قەدەغـە کـراوە نێچیـریی وشـکانیی هەتا لە ئیحـرام دابن.

کەواتە: ڕاووشکار لە وشکانییدا تـەنیا لـە کەسێك کـە ئیحرامـی بـە حـەجو عـومرە بەسـتوە، قەدەغەیـە، ئەگـەرنا گریمـان کەسـێك بـە نێـو دەریـادا دێو ئیحرامیشـی بەسـتوە، بـۆی هەیـە ڕاو بکـات بـە ئیحرامـەوە، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت لـە: ﴿ وَأَنتُمۡ حُرُمٌ ﴾، واتە: ئێـوە لـە نێـو بازنـەی حـەرەم دان، ئـەو کاتـە دیارە ڕاوکردنـی نێچیری

دەریاییو وشکانیی هەردووکیان قەدەغەن، لە نێو خاکی حەرەم دا، واتە: گریمان ئەگەر لەوێ حەوزی ماسی هەبێ، ڕووبارێك هەبێ، لە سنووری حەرەمدا، دروست نیە ڕاو بکرێ.

**مەسەلەی پێنجەم**: دەربارەی ئەم ئایەتەی یەکەم، زۆر لە تەفسیرەکان ئەوە بەسەرهاتەیان هێناوە[١] کە (النقاش) یەکێکە لە زانایان دەگێڕێتەوە، دەڵێ: هاوەڵەکانی فەیلەسووف (كندي) ڕۆژێك پێی دەڵێن: (أَيُّهَا الحَكِيمُ! اعمَلْ لَنَا مِثْلَ هَذَا القُرْآن، فَقَالَ: نَعَمْ، أَعْمَلُ مِثلَ بَعضِهِ، فَاحتَجَبَ أياماً كَثيرةً، ثُمَّ خَرَجَ فَقَالَ: وَاللهِ مَا أَقدِرُ، وَلا يُطِيقُ هَذَا أَحَدٌ، إنِّي فَتَحْتُ الْمُصْحَفَ فَخَرَجَت سورَةَ المائدة، فَنَظَرْتُ فَإِذَا هُوَ قَدْ نَطَقَ بالوَفَاءِ، وَنَهَى عَنِ النَكثِ، وَحَلَّل تَحليلاً عَاماً، ثُمَّ استَثْنَى بَعْدَ استِثنَاءٍ، ثُمَّ أَخْبَر عَن قُدْرَتِهِ وَحكمتِهِ فِي سَطرينِ، وَلا يَقْدِر أَحَدٌ أَن يَأتِي بِهَذَا)، واتە: ئەی فەیلەسووف! ئەی حەکیم! وەك ئەم قورئانە شتێکمان بۆ دابنێ، (تۆ پیاوێکی زۆر شارەزاو فەیلەسووفو عەللامەی)، گوتی: باشە، وەك هەندێ لە قورئانتان بۆ دادەنێم، چەند ڕۆژێکی زۆر لە ژوورەوە مایەوەو خۆی پەنهان کرد لە شوێنێکی چۆڵ، دوایی هاتەدەرێو گوتی: وەڵڵاهی ناتوانم، وە هیچ کەسیش ئەوە ناتوانێ، (وەك قورئان بێنێ، یانی شتێکی وەك قورئان، جا بۆیان ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ:) من موصحەفم کردەوە تەماشام کرد، (واتە: تەماشای قورئانم کرد) سووڕەتی (المائدة) هاتە بەرچاوم، تەماشام کرد خوا لە دوو دێڕاندا فەرمان دەکات بە جێبەجێکردنی پەیمانو، قەدەغەی دەکات کە پەیمان بشکێنرێ، دوایی بە شێوەیەکی گشتی ئەو شتانەی کە چاکنو سوودبەخشن حەڵاڵیان دەکات، دوایی هەندێ شتیان لێ جیا دەکاتەوە، دوایی لەو شتە جیاکراوانەش شتی دیکە جیا دەکاتەوە، دوایی هەواڵ دەدات بەوەی کە بۆخۆی لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، وە کاربەجێیە، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێ شتی وا بێنێ!

جا ئەو (كندي)یە بەپێی ئەوە دەبێ نامسوڵمان بووبێ، بەڵام دیارە دان بەوە دادەنێ کە هیچ کەس ناتوانێ ئایەتێکی وەك قورئانیش بێنێ، چونکە ئەوە ئایەتی ژمارە یەکە کە (كندي) ئاماژەی پێکردوە، دیارە وەك چۆن ئێستا کەسانێك هەن

---

١) فتح القدير للشوكاني: ج٢، ص٧.

کە تانە لە قورئان دەدەن، وە خەیاڵ پلاوی وا دەکەن کە دەتوانن ڕەخنە لە قورئان بگرن، کاتی خۆیشی ئەوە هەر بووە، بەڵام ئەم قورئانە، وەك خوای هەرماوەو لە ڕاستییدا تا ئێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە ڕەخنەیەکی بەجێ لە قورئان بگرێ، بەڵام هەیە لە قورئان تێناگاتو بە نەزانیی خۆی بە نێو دەکەوێ، ئەو ئایەتە بۆ وایە؟ چۆن وا دەبێ؟ ئەوە بۆ وابوو؟ کە گرفتەکەی ئەوەیە تێینەگەیشتوە، وەك عەرەب دەڵێن: (النَّاسُ أَعْدَاءُ مَا جَهِلُوا)، واتە: خەڵك دژی شتێکن کە پێی نائاشنان، زۆر کەس کە لەوبارەوە شت دەنووسن، من جاروبار هەندێك لەو کتێبانە تەماشا دەکەم، لە کوردەواریی خۆشماندا هەندێك شت لەوبارەوە نووسراوە، بەڵام لەڕاستییدا بۆ کەسێك کە شارەزابێ، شارەزای زمانی عەرەبی بێ، شارەزای ڕەوانبێژیی عەرەبی بێ، شارەزای قورئان بێ، هەر کەمێك شارەزابێ، کاتێك تەماشای ئەوڕەخنانە بکات کە ئاراستەی قورئان کراون، بالایی‌و گەورەیی قورئانی زیاتر بۆ دەردەکەوێ، بەڵام هەندێ کەس هەیە، وەك گوتم، نەزان‌و نەشارەزان، وەك عەرەب، دەڵێن: (ئینسانی نەخۆش، ئاوی شیرینی بە زاری تاڵە)! ئاو شیرینە، بەڵام کابرای نەخۆش کە دەیخواتەوە بە زاری تاڵە، بەتایبەت ئەوەی نەخۆشی گرانەتاو مەلاریای هەبێ، بۆیە زۆر کەس هەقی بە ناهەق دەکەوێتە بەرچاو، لەبەرئەوەی بۆخۆی میزاجەکەی تەواونیەو تێی نەگەیشتوە.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ مَا يُرِيدُ﴾، واتە: بێگومان خوا ﷻ بەو شێوەیەی کە دەیەوێ بڕیار دەدات، حوکم دەکات، یەکێك لێرەدا ڕەنگە بپرسێ: ئایا ئەوە چۆنە، بۆچی خوا خۆی وا دەفەرموێ؟ ئایا ئەگەر یەکێك لە ئێمە بڵێ: وەڵلاهی بۆخۆم چۆنم پێخۆشە، وا بڕیار دەدەم، ئەو قسەیە ڕاستە، یان هەڵەیە؟ بێگومان هەڵەیە، بۆچی؟ چونکە ئەگەر ئینسان چۆنی پێخۆشە وا بڕیار بدات، جاری وایە ستەم‌و خراپەی پێخۆشە، بەڵام خوا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ مَا يُرِيدُ﴾، مانایەکەی جیاوازە لەوەی کە مرۆڤێك بیڵێ، بۆیە ئەو کەسەی کە خوای پەروەردگار لەسەر خۆی قیاس دەکات زۆر هەڵەیە، چونکە بەس مرۆڤ عەقڵی ڕووت نیەو نەفس‌و ئارەزووشی هەیە، ئنجا ئایا کێ ئەو قسەیەی کردوە؟ دیارە

فیرعەون وایگوتوە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾﴾، واتە: وە فیرعەون گوتی: من هەر ئەوەتان پێ دەڵێم کە خۆم بە چاکی دەزانم، وە ئەوەی من دەیڵێم هەمووی ڕاستە، خوای زاناش وەك تانە دان لە فیرعەون ئەو قسەیەی لێ دەگێڕێتەوە، بۆچی؟ چونکە فیرعەون ئەگەر چۆنی پێخۆشە، وای بڕیاردا، زوڵمی پێخۆشە، خراپەی پێخۆشە، جەهلی پێخۆشە، بەڵام خوا ﷻ خوایە، خوا ئەوەی پێخۆشەو بڕیاری لەسەر دەدات کە هەق‌و ڕاستە، خوا هەرچاکەی پێ چاکە، خوا هەر ڕاستیی پێ چاکە، خوای دادگەر بە هەڵەدا ناچێ‌و خاوەنی ئارەزوو نیە، وە پاکیی بۆ خوا، خاوەنی نەزانیی نیە، زانیاریی بێ سنووری هەیە، حیکمەتی بێ سنووری هەیە، ڕەحمەتی بێ سنووری هەیە، عیززەتی بێ سنووری هەیە، وە بێ نیازیی بێ سنووری هەیەو، پێویستیی بە هیچ کەس نیەو پێویستیی بەوە نیە کە زوڵم بکات، کەواتە: ئەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ﴾، بێگومان خوا چی بوێ وا بڕیار دەدات، دەبێ بزانین بۆچی ئەوە بۆ خوا ﷻ شیاوە؟ ئەوە ئەگەر کەسێکی دیکە، بڵێ: من چۆنم پێخۆشە وا حوکم دەکەم، ئەوە دیارە سەری لە فیرعەونایەتییەوە دەردەچێ، ئنجا بەڵگەمان لەسەر ئەوە کە خوا ﷻ جگە لە خێرو چاکەو ئاسانیی‌و ڕاستیی بۆ بەندەکانی بڕیار نادات، بەڵگەمان لەسەر ئەوە چییە؟ چەند بەڵگەیەك لەوبارەوە دێنین:

**بەڵگەی یەکەم:** خوا ﷻ لە سووڕەتی (البقرة) ئایەتی (١٨٥)دا دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ...﴿١٨٥﴾﴾، واتە: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ‌و قورسیی‌و زەحمەتی بۆتان ناوێ، کەواتە: خوا ئەوەی بڕیاری دەدات، هەمووی ئاسانییە بۆ ئێمە.

**بەڵگەی دووەم:** خوا ﷻ لە سووڕەتی (الأنعام) ئایەتی ژمارە (١١٥)دا دەفەرموێ: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ﴿١١٥﴾﴾، واتە: وشەکانی پەروەردگارت تەواویان کردوە لەڕاستییداو لە دادگەرییدا، وشەکانی خوا (واتە: قورئان) دوو بەشە: یان هەواڵە، یان بڕیارو حوکمە، هەواڵەکانی هەموویان تەواویان کردوە

لەڕاستیدا، وە بڕیارەكانیشی هەموویان دادگەرنو لە دادگەرییدا تەواویان كردوە، ئنجا قسەیەك ئەگەر هەواڵ بێ ڕاست بێو بێ پێچو پەنابێ، وە ئەگەر حوكمو بڕیار بێ، دادگەرانە بێ، مانای وایە كەموكوڕیی ڕووی تێ ناكات.

**بەڵگەی سێیەم:** خوا ﷻ لە سوورەتی (النحل) ئایەتی (٨٩)دا دەفەرموێ: ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ٨٩ ﴾، وە كتێبمان بۆ سەر تۆ ناردوە (ئەی موحەممەد ﷺ!) ڕوونكەرەوەیە بۆ هەموو شتێك، واتە: ڕوونكەرەوەیە بۆ هەموو شتێك كە ئێوە پێویستتانە، یان عەقڵتان نایگاتێ، ئەگەرنا یەكێك بۆی هەیە، بڵێ: ئەدی بۆچی خوا ﷻ ڕوونی نەكردۆتەوە، فڕۆكە چۆن دروست بكەین؟ كەشتی چۆن دروست بكەین؟ كۆمپیوتەر چۆن دروست بكەین؟ ڕاستە خوا ئەوەی ڕوون نەكردۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانە لە مەودای عەقڵی ئینسان دان، خوا ئەو شتانەی ڕوون كردۆتەوە لە قورئاندا كە عەقڵی ئینسان نایانگاتێ، بەڵام ئەوەی كە لەبەردەستی ئینسان دایەو، ئینسان لە ئەنجامی بیركردنەوەی خۆیو تێڕامانی خۆیو، ئەزموونی خۆیدا دەتوانێ بیانكات، ئەوە پێویست ناكات خوای پەروەردگار ئەو شتانە فێری ئینسان بكات، كە بۆخۆی دەتوانێ بیانكات، بەڵام خوا ﷻ ئەو شتانەی فێری ئینسان كردوون لە قورئاندا، كە ئینسان عەقڵی پێیان ناشكێو دەركیان پێ ناكات.

جا خوای كاربەجێ لێرەدا دەفەرموێ: كتێبمان بۆ سەر تۆ ناردۆتە خوار، هەموو شتێك ڕوون دەكاتەوە، وە ڕێنماییو بەزەییو موژدەیە بۆ مسوڵمانان، كەواتە: ئەوەی لە قورئاندا هەیە هەمووی ئاوایە ڕێنماییو بەزەییو موژدەیە.

**مەسەلەی حەوتەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! دروشمەكانی خوا حەڵاڵ مەكەن، واتە: بۆ خۆتانیان ڕەوا مەكەن، كە دەستدرێژییان بكەنە سەری، بێ حورمەتییان پێ بكەن، (شعائر) كۆی (شَعيرَة)یە، واتە: دروشم (شِعَار) دروشمەو (شَعِيرَة)ش دروشمە، بەڵام دروشمی چی؟ دروشمی دینداریی، دروشمی مسوڵمانەتی، هەروەك (مَشَاعِر)یش

کـــۆی (مَشْـعَر)ە، ﴿ ...عِنـدَ ٱلْمَشْـعَرِ ٱلْحَرَامِ... ﴿١٩٨﴾ ﴾البقـــرة، (مَشَــاعِر) و (شَعَائِر)یش هـەردووکیان بـە مانـای دروشــمەکانی دینـداریی‌و مسـولْمانەتیین، ئـەوە بەگشـــتی، یــاخود دروشــــمەکانی حـــەج‌و عـومرە بەتایبــەت، یــاخود بــە مانــای فـەڕزەکانی خـوا، یـان بـە مانـای حورمەتـەکانی خـوا، واتـە: ئـەو شــتانەی کـە خـوای پەروەردگار ڕێزی لێنـاون، دەبێ تۆ بیـانپارێزیی‌و حورمـەتیان نەشـکێنی، خـوا ﷻ لــە ســووڕەتی (الحــج)دا دەفــەرموێ: ﴿ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ ﴿٣٢﴾ ﴾، هەر کەسێك دروشـمەکانی خـوا بـە گـەورە بگــرێ‌و ڕێزیـان بگــرێ‌و بـێ حورمـەتییان پــێ نـەکات، ئـەوە ئـەو بـە گـەورە گرتنـەی دروشـمەکانی خـوا، لـە پارێزکـاریی دڵانەوەیـە، دڵێك پارێزکاریی تێدابێ بەرانبـەر بـە خـواو دروشــمەکانی خــوا، ڕێزیان لــێ دەنێ‌و بە گەورەیان دەگرێ، وە دەسـتدرێژییان ناکـاتە سـەر.

**مەسـەلەی هەشــتەم**: کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَلَا ٱلْهَدْىَ وَلَا ٱلْقَلَـٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَٰنًا ﴾، چوار (٤) شـتی باس کردوون:

١- ﴿ وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ ﴾، واتــە: مــانگی حــەڕام، مــانگی قەدەغــە، ئایــا چ مانگێــك جەنگی تێدا قەدەغـە کراوە؟ کە لێرەدا ﴿ ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ ﴾، جینسە، واتـە: جینسـی مـانگی حـەڕام، چـونکە مانگــە حەڕامـەکان (الأشـهر الحـُرُم) واتـە: جـەنگ تێـدا قەدەغـە کراوەکـان، چـوارن: (ذُو الْقِعْـدَةِ ، وَذُو الْحِجَّـةِ ، مُحَـرَّمُ)، بــە دوای یەکـدا (رَجَب)یـش بـە جیـا، ئـەو چوار مانگە جەنگیان تێـدا قەدەغـەکراوە واتـە: جەنگی دەست پێشـخەرانە، نـەك جەنگی بەرگریی کـارانە، لەسەر مسولْمانان قەدەغەیە لـەم چوار مانگـەدا دەستپێشـخەری جـەنگ بن، لەگـەڵ غەیری خۆیـاندا.

٢- ﴿ ٱلْهَدْىَ ﴾، کـۆی (هدیـة)یـە، (هدیـة) ئـەو ئاژەڵەیـە کـە دەبـردرێ بـۆ (مینـا) بۆئـەوەی کە وەك دروشـمێکی حەج‌و عومرە، یاخود عومرە سـەربـبڕدرێ.

٣- ﴿ ٱلْقَلَـٰٓئِدَ ﴾، کـۆی (قِلادَة)یــە، ملوانکــە، یــان گەردنبەنـد یــان مەبەسـت پێـی (المُقلَّدات) واتە: ئەوانەی کە گەردن بەندیــان لـەمل کـراوە، جــا ئـەوە عادەتێك

بووە ئێستاش هەر هەیە، کەسێك دەیەوێ بچێ حوشترێك سەربڕێ بیکاتە قوربانیی، یان مانگایەك، یان ڕەشە وڵاخێك، یان مەڕێك، یان بزنێك، گەردن بەندیان لە ملی کردوە لە گەڵای درەختی سەوز، یان هەرجۆرە گەردن بەندێکیان لە مل کردوە، بۆ ئەوەی دیار بێ کە ئەو ئاژەڵە دەبردرێ سەرببڕدرێو بکرێتە قوربانیی، بۆئەوەی ئەگەر خەڵك بینی دەستدرێژیی نەکەنە سەرێ.

٤- ﴿ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، ئەوانەی کە ڕوو دەکەنە بەیتی حەرام، ڕوو دەکەنە مزگەوتی حەرام، بۆ ئەوەی لەوێ فەرزەکانی حەج، یاخود عومرە، یاخود هەردووکیان جێبەجێ بکەن، ئنجا لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ئەی ئیمانداریىنە! دروشمەکانی خوا حەڵاڵ مەکەن واتە: دەستدرێژییان مەکەنە سەرێ، وە دوایی چوار لەو دروشمانە بەجیا باس دەکات، کە (الأشهر الحرام) مانگە حەڕامەکانن و قوربانییەکان ﴿ الهدي ﴾ و ئاژەڵە نیشانەدار کراوەکان ﴿ ٱلۡقَلَٰٓئِدَ ﴾ و ئەوانەن کە ڕوو دەکەنە بەیتی حەرام﴿ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، مەبەست لە حەڵاڵکردنیان، حورمەت شکاندنیانو زیان پێگەیاندنیانە، وە بەنسبەت چوار مانگەکانەوە، مەبەست جەنگ تێداکردنیانە، جا لێرەدا دوو مەسەلە دێنە پێش، کە توێژەرەوانی قورئان زۆر مشتومڕیان لەسەریان بووە:

١) حوکمی مانگە حەڕامەکان، ئەو چوار مانگە کە جەنگیان تێدا قەدەغە کراوە، حوکمیان چییە؟

٢) دەستدرێژیی نەکردن بۆ سەر: ﴿ ٱلۡهَدۡىَ و ٱلۡقَلَٰٓئِدَ و ءَآمِّينَ و ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، کە لێرەدا دەفەرموێ: دەستیان بۆ درێژ مەکەن، چۆن لەگەڵ ئەو ئایەتەی ژمارەی (٢٨)ی سووڕەتی (التوبة) بیگونجێنین، کە لەوێ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَا...﴿٢٨﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پیسن، با لە دوای ئەم ساڵەوە توخنی مزگەوتی حەڕام نەکەون، ئەم ئایەتەی سووڕەتی (المائدة) دەفەرموێ: دەستدرێژیی مەکەنە سەر ئەوانە، لەوێش

دەفەرموێ: با موشریکەکان لە دوای ئەم ساڵەوە نزیکی مزگەوتی حەڕام نەکەون، ئێمەش بڕوامان بەوە نیە هیچ ئایەتێك (منسوخ) بێ، ئەدی چۆن پێکەوە دەگونجێن؟! ئەوە زانایان لێیان بۆتە گرفتێکی زۆر گەورە، وە مشتومڕی زۆریان لەسەری بووە، کە ئێستا باسی دەکەین:

## بەنسبەت ئیشکالی یەکەم:

حوکمی چوار مانگە جەنگ تێدا قەدەغەکراوەکان ﴿ ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، کە وەکو گوتمان (ذُو الْقِعْدَةِ ، وَذُو الْحِجَّةِ ، مُحَرَّمُ، ورَجَب)ن، ئێمە لە ئایەتی ژمارە (٢١٧)ی سوورەتی (البقرة)دا لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرە (تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز) لە لاپەڕە (٨٨١ - ٨٩٠) بە تەفصیلێ باسمان کردوە، چونکە لێرەش زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەم حوکمە، کە جەنگ کردن لەو چوار مانگانەدا قەدەغەیە، نەسخ کراوەتەوە، بەڵام ئێمە دەڵێین: نەخێر لەڕاستییدا وانیە، چونکە هیچ ئایەتێك لە قورئاندا نەسخ نەبۆتەوە، بەڵکو مەبەست لە جەنگکردنێك کە لەو چوار مانگەدا قەدەغەیە، جەنگکردنی دەستپێشخەرانەیە، جەنگکردنی هێرشبەرانە (الحرب الهجُومية)، بەڵام جەنگی بەرگرییکارانە، هەموو دەمێ ڕەوایە، وە ئەگەر تەماشای پێغەمبەریش ﷺ بکەین، هیچ جەنگێکی دەستپێشخەرانەی لەو چوار مانگەدا نەکردوەو، ئەو جەنگانەی کە کردوونی هەمووی جەنگی بەرگرییکارانە بوون، واتە: ڕای زۆربەی زانایان ڕاست نیە، کە قەدەغەبوونی دەستپێکردنی جەنگیان لەو چوار مانگەدا بە (منسوخ) داناوە، چونکە لەڕاستییدا پێغەمبەر ﷺ لەو چوار مانگەدا جەنگی هەردەست پێ نەکردوە، تاکو نەسخ بووبێتەوە، بەڵکو ئەو چوار مانگە حوکمیان هەر لەجێی خۆیەتی کە جەنگ تێداکردنیان قەدەغەیە، کە جەنگی دەستپێشخەرییانەیە، نەك جەنگی بەرگرییکارانە (الحرب الدفاعية).

ئنجا با لەوبارەوە گوێ لە (ابن القيِّم) بگرین ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە کتێبی (زاد المعاد في هدي خير العباد) کە (محاسن التأويل)[1] لێی

---

١) ج٦، ص١٤ -١٥.

خواستۆتە، (إِبْنُ القَيم) ئەو مەسەلەیە زۆر جوان ڕوون دەكاتەوە، دەڵێ: (إذ لَمْ يُحفظ عن النَّبيّ ﷺ أنه غزا فِي الشَّهْرِ الحَرَام، ولا أغار فيه، وَلا بَعَثَ فيهِ سريَّةً، وَقَدْ عيَّرَ الـمُشْرِكُون الـمُسْلِمِين بقتَالهم فِي أوَّل رَجَب في قصّة العلاء بن الحَضْرَمِي، فقَالُوا: استحلَّ مُحَمَّدٌ الشَّهْرَ الحَرَام، وَأَنْزَلَ اللهُ في ذَلِكَ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ...﴿٢١٧﴾ ﴾البقرة، وَلَمْ يثبُت نسخُ هَذَا بنَص يجبُ المَصِيرُ إِلَيْهِ، ولا أجمعتِ الأُمَّةُ عَلَى نَسْخِهِ، وَقَد استُدِلَّ عَلَى تَحْرِيم القِتَالِ فِي الأَشْهُر الحُرُم بقَولِهِ تَعَالَى: ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ...﴿٥﴾ ﴾التوبة، ولا حُجَّة فِي هَذَا، لأَنَّ الأَشْهُر الحُرُم هَاهُنا هِي أَشْهُر التسيير الأَربعَة الَّتِي سيَّر الله فِيهَا الـمُشْرِكِين فِي الأَرْض يَأمَنُون فِيهَا، وَكَانَ أَوَّلها يَوْمَ الحَجّ الأَكْبَر عاشرَ ذي الحِجَّة، وآخِرُها عَاشِر ربيع الآخر).

واتە: لە پێغەمبەری خواوە ﷺ نەگێڕدراوەتەوە کە لەم مانگە حەرامانەدا جەنگی کردبێ، یاخود پەلاماری کۆمەڵێکی دابێ، یاخود سرییەیەکی ناردبێ، (واتە: بەشێك لە سوپای ناردبێ) وە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان ڕەخنەیان لە مسوڵمانان گرت لەبەرئەوەوە کە لە سەرەتای مانگی ڕەجەبدا، وەك لە بەسەرهاتەکەی (العلاء بن الحضرمي) {کە لە سووڕەتی (البقرة)دا باسمان کرد، مەفرەزەیەکی مسوڵمان ڕێیان بە کاروانێك گرت، وە نەفەرێکیان کوشتو دووانیان لێ بە دیل گرتنو کاروانەکەیان گرت، نەیانزانی کەوتوونە نێو مانگی ڕەجەبەوە، وایانزانی ئەوان هەر لە مانگی حەڵاڵ دان، دیارە سەری مانگێ بووە} ، لەوبارەوە کافرەکان ڕەخنەیان لە مسوڵمانان گرت، وە گوتیان: موحەممەد مانگی حەرامی حەڵاڵ کردوە، خوای بەرز لەوبارەوە ئەم ئایەتەی ناردۆتە خوار لە سووڕەتی (البقرة) کە دەفەرموێ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ...﴿٢١٧﴾ ﴾، پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی

مانگە حەرامەکان، جەنگ تێدا کردنیان چۆنە؟ بفەرموو: جەنگ تێداکردنیان گەورەیە، (واتە: گوناهێکی گەورەیە) وە هیچ دەقێك نەچەسپاوە کە ناچاربین بیهێنین، بڵێین: ئەو دەقە ئەم ئایەتەی نەسخ کردۆتەوە، هەروەها یەکدەنگیی ئۆممەتیشی لەسەر نیە (لەسەر نەسخ)، ئنجا هەندێکی دیکە کە گوتوویانە: جەنگکردن لە مانگە قەدەغەکراوەکاندا حەرامە، بە قسەی خوای بەرز بەڵگەیان هێناوەتەوە، کە لە سوورەتی (التوبة)دا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ...﴿٥﴾ ﴾، واتە: ئەگەر مانگە حەرامەکان تەواو بوون، ئەوە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان بکوژن‌و کەمینیان بۆ دابنێن‌و دەوریان بگرن ... هتد.

{(ابن القيِّم) دەڵێ:} لەڕاستییدا بەڵگە هێنانەوە بەو ئایەتە ڕاست نیە، چونکە مەبەست لەو چوار مانگە، چوار مانگە جەنگ تێدا قەدەغەکراوەکان نین، بەڵکو ئەو چوار مانگەن کە خوای بەرز مۆڵەتی دا بە موشریکەکان کە هەتا چوار مانگان مۆڵەتە ئەوانەی کە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺدا هەبوو، وە هەموو جارێ پەیمانەکانیان دەشکاند فەرمووی: چوار مانگ مۆڵەتە، بیری لێ بکەنەوە، ئایا پابەند دەبن بە پەیمانەکانەوە، یان مسوڵمان دەبن، یان ئامادەی جەنگ دەبن کە لە سەرەتای سوورەتی (التوبة) خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَـٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١﴾ فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ ...﴿٢﴾ ﴾، واتە: بە زەوی دا بڕۆن چوار مانگ، واتە: چوار مانگ مۆڵەتە، کەواتە: ئەو چوار مانگە جیان لەو چوار مانگەی دیکە.

{بۆیە وردبوونەوە لە قورئانێ زۆر پێویستە، زۆر لە توێژەرەوانی قورئان پێیان وابووە ئەو چوار مانگەی کە لە سوورەتی (التوبة)دا باسکراون، هەر ئەو چوار مانگە حەرامانەن کە جەنگیان تێدا قەدەغە کراوە، کە لەڕاستیدا وانیەو ئەو چوار مانگەی سەرەتای سوورەتی (التوبة) واتە: چوار مانگ مۆڵەتە بۆ ئەو

موشـریكانەی پـەیمانیان هەیـە لەگـەڵ مسـولْمانان، تـاكو موراجەعـەی خۆیـان بكەنەوە، یان پابەندبن بە پەیمانەكانەوە، یـان مسـولْمان بـن، یـان ئامـادەی جـەنگ بـن، ئنجـا ئەگـەر نـە مسـولْمان بـن‌و نـە پەیمـانەكانیش بپـارێزن، مانـای وایـە ئەهلـی ئیسـلام جەنگیـان لەگـەڵدا دەكـات} ، ئنجـا دەڵـێ: (لأَنَّ الأَشْـهُرَ الحُـرُمَ هَاهُنـا هِـيَ أَشْهُرُ التسـيير الأَربعَـة الَّتِـي سـيَّر الله فِيهَـا الـمُشْرِكِين فِـي الأَرْض يَأمَنُـون فِيهَـا، وَكَانَ أَوَّلُـها يَـوْمَ الحَـجّ الأَكْبَـر عاشـرَ ذي الحِجَّة، وآخِرُها عَاشِـر ربيع الآخـر)، واتە: مەبەست لەو چوار مانگە حەرامـە لێـرەدا ئـەو چـوار مانگـە حەرامەیـە كە خـوا هاوبەش بۆ خوادانەرەكـانی لـە زەویـدا بەرەڵـلا كـردو ئـازادی پێدان، كـە دڵـنیابن تـا چوار مانگان، (تـا دوایـی بۆخۆیـان تـەكلیفی خۆیـان ڕۆشـن بكەنەوە)، وە ئـەو چـوار مانگـەش سـەرەتایەكـەیان بریتـی بـووە لـە ڕۆژی حـەجی گەورە، ﴿ ... يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ ... ﴿٣﴾ ﴾التوبة، (لە ساڵی دەیـەمی كۆچیی دا، كـە پێغـەمبـەر ﷺ حـەجی ماڵـئاوایی كردو یەكـەم حـەج‌و دوا حـەجی بـوو، ئەوانـی دیكـە كە كردوونـی عومـرە بوون)، واتـە: ڕۆژی (١٠)ی (ذي الْحِجَّة)، ئنجا دوایـی (محرم، صفر، رَبيع الأول) هەتـا دە (١٠)ی مانگی (ربيع الثـاني).

**بەنسـبەت ئیشـكـالی دووەم:**

كە چۆن ئەم ئایەتە دەفەرموێ: ﴿ لَا تُحِلُّوا۟ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَلَا ٱلْهَدْىَ وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ ﴾، لـەوێ دەفـەرموێ: دروشمـەكانی خـوا ڕەوا مەكـەن بۆخۆتـان، وە مانگـە قەدەغـە كراوەكـان، وە ئـەو قوربانییـانەی دەهێنـرێن‌و نیشانەدار كـراون، وە ئـەو قوربانییـانەی دەهێنـرێن‌و گـەردن بەنـدیان لەمل كراوەو، ئەوانەی كە ڕوو دەكەنە مزگـەوتی حـەڕام، دەست درێـژییان مەكەنـە سـەر، بـەڵام لـە ئایـەتی (٢٨)ی سـوورەتی (التوبـة)دا دەفـەرموێ: ﴿ ... إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُوا۟ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَٰذَا ... ﴿٢٨﴾ ﴾، بێگومـان هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەكان پیسـن، (واتـە: پیسـی مەعنـەویی، ئەگـەرنا بابایەكی كافر تۆ دەستی لـێ بـدەی، پێویست ناكات دەستت گلاّو بكەیـەوە، واتـە:

عەقیدەیەکیان هەلگرتوەو بیرو بڕوایەکیان هەڵگرتوە، کە پووچو هەڵەیەو دان ناهێنێ بە پەروەردگارێتیی و بەدیهێنەرێتیی و پەرستراوێتیی خوای بێهاوتاو، بە پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ و بە بەرنامەیەتیی ئیسلامدا بۆ ژیان، ئەوانە پیسیی مەعنەوییین، بۆیە) بۆیان نیە لە دوای ئەم ساڵە، کە ساڵی نۆی کۆچیی بوو، بێن توخنی مزگەوتی حەرام بکەون.

(ابن کثیر) لە تەفسیرەکەی خۆی ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ (ساڵی نۆیەم) بۆ خۆی نەچوو بۆ حەج و ئەبوبەکری صیددیقی نارد، وە کردی بە ئەمیری حەج، دوایی چەند ئایەتێکی بۆ هاتنەخوارو عەلی کوڕی ئەبی طالیبی نارد، گوتی: بچۆ تۆ ئەو ئایەتانە بخوێنەوە، عەرەب عادەتیان وابوو کەسێك پەیامێکی هەبووایە دەبووایە خزمێکی ئەو کەسە پەیامەکە بگەیەنێ، (کە شیعە ئەم مەسەلەیان کردوە بە شتێکی زۆر گەورە بۆ تانەدان لە ئەبوبەکری خوا لێی ڕازی بێ) ئنجا کە عەلی کوڕی ئەبو طالیب خوا لێی ڕازی بێ چوو بۆ لای ئەبوبەکر، ئەبوبەکر گوتی: (أَمِير أَوْ مَأْمُور؟) واتە: فەرماندەی یان فەرمانبەر؟ (قَالَ: بَلْ مَأْمُور) گوتی: بەڵکو فەرمانبەرم و تۆ ئەمیری حەجی، بەلام پێغەمبەر ﷺ هەندێك ئایەتی بۆ هاتوونە خوارو لەبەرئەوەی بۆخۆت دەزانی عادەتی عەرەبان وایە دەبێ خزمێکی ئەو کەسە پەیام بە خەڵك ڕابگەیەنێ، من ئایەتەکانیان بۆ دەخوێنمەوە، بەلام تۆ ئەمیری حەجی، ئایەتەکانیش، ئەمە یەکێکیان بوو: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُواْ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَـٰذَا...﴿٢٨﴾ ﴾ التوبة، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بێگومان هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پیسن، لە دوای ئەم ساڵەوە نابێ توخنی مزگەوتی حەرام بکەون، واتە: ساڵێکی دیکە نابێ حەج بکەن، بۆچی؟ لەوبارەوە ئەم دەقە هەیە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: إِنَّ الْمُشْرِكِينَ كَانُوا يَطُوفُونَ بِالْبَيْتِ فَيَقُولُونَ: لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ، فَيَقُولُ النَّبِيُّ ﷺ: «قَطْ قَطْ»، فَيَقُولُونَ: إِلاَّ شَرِيكاً هُوَ لَكَ تَمْلِكُهُ وَمَا مَلَكَ﴾ {أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِي فِي (الكبير) برقم: (١٢٨٨٣)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: هاوبەش بۆ خوادانەرەکان (کە

هەندێکـیان ڕووت بـوون) طـەوافیـان بـە دەوری کەعبـەدا دەکـردو، دەیانگـوت: (لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ)، پێغـەمبەری خـواش دەیفـەرموو: هەرگـیز هەرگیز هاوبەشی نیە، دوایی ئەوەشیان بۆ زیاد دەکردو دەیانگـوت: (إلاَّ شَرِيكاً هُوَ لَكَ تَمْلِكُهُ وَمَا مَلَكَ) خوایە هیچ شـەریکت نیە، بەس شـەریکێك نەبێ، ئەویش خۆیو هەرچـی هەیەتی ئەویش موڵکی تۆیە!

ئنجا سـەرباری ئەو شیـركو ئەفسانەیە، بە دەوری کەعبەش دا بە ڕووتیی طـەوافیان دەکـرد، ئافرەتیـان بە ڕووتیـی طەوافی دەکرد، پیاویان بە ڕووتیی طەوافی دەکرد، وە خـوای پەروەردگـار دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلَّا مُكَاءً وَتَصْدِيَةً ۚ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٥﴾﴾ الأنفال، نوێژەکـەیان لـە دەوری بـەیت هـەر بریتـی بـوو لـە فیکەکێشانو چەپڵەلێـدان، کـە دیـارە ئـەوەش گـاڵتەو فشـقیاتەو لەگـەڵ جددیەتیـی خواپەرستیی دا کە مسـوڵمانان دەیکەن ناگونجـێ، لەبـەرئەوە نـەدەگونجا بێـن، ئنجا کە ئایەتەکـان خوێندرانەوەو موشـریکەکان تەبلـیغ کران کە بـۆ سـاڵی دادێ کـە سـاڵی دەیەمـە، وە پێغەمبـەر ﷺ بۆخـۆی حـەجی ماڵـئاوایی دەکـات، نابـێ هاوبەشـدانەرەکان بێن بـۆ دەوری کەعبــە، هەڵبەتـە ئـەو حەجـەش دوایـی نـاوی لێنرا حەجی ماڵـئاوایی، دەنـا خـۆ نەیانـدەزانی دوا حەجـە، کە پێغـەمبەری خـوا ﷺ بیکـات، بـەڵام پێغـەمبەر ﷺ ئاماژەی پێدا، فـەرمووی: ﴿لَعَلِّي لاَ أَلْقَاكُمْ بَعْدَ عَامِي هَذَا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (١٤٥٩٣)، وَابْنُ مَاجَه بـرقم: (٣٠٢٣)، وَالدَّارمِيُّ بـرقم: (٢٢٧)، وَالطَّبرانيُّ فـي (الكبير) بـرقم: (٧٧٧) قال حسين سليم أسد: إسنادُهُ حَسَنٌ، وَصَحَّحَهُ الألباني فـي (الإرواء) بـرقم: (١٠٧٤)}، واتـە: ڕەنگە لە دوای ئەم سـاڵەوە پێتان نەگەمـەوە، واتـە: ئاماژەیـەك دەکات کـە کۆچـی دوایـی دەکات، ئنجا ئایـا ئەو دوو ئایەتە چـۆن پێکەوەیان بگونجێنین؟

زانایـان لێیـان بۆتـە ئیشکالـێکی گـەورەو بـە ناچـاریی - هەرچـەندە پێشتـر گوتوویـانە: (المـائدة) هـیچ نەسـخی تێدانیـە! - ئایەتەکـەی (التوبـة)یـان بـە (ناسخ)ی ئەوەی (المـائدة) داناوە! وە ئەوانەش کە گوتوویانە: (المـائدة) نەسـخی تێدانیـە، یـان قورئـان هـیچ نەسـخی تێدانیـە، خۆیـان ناچـار بینیـوە کـە بڵێن:

مەبەست لە: ﴿ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ﴾، تەنیا مسـولْمانانن‌و هەروەها ﴿الهَدِي والقَلآئِدَ﴾یش تەنیا هی مسـولْمانانن!

وە لەڕاسـتیدا منیش بۆخۆم چەند ڕۆژێك بیـرم لەو مەسەلەیە كـردەوە، وە زیاتر لە سـی، تەفسـیریشـم لەلان، تەماشـای هەموویانم كـرد، هەتا سـەرەنجام بەمجـۆرە ئیشـكالەكەم بۆ چارەسـەر بوو:

جارێ ناگونجێ بلێین: ئایەتی دووەمی (المائدة) مەنسـووخە، هەمووی یان هەندێكی، چونكە ئەو ئایەتە، دە (١٠) فەرمانی گەورەو گـرنگ‌و بنـەڕەتی تێدان، كە هیچ كامیـان ناگونجێ نەسخ ببنەوە، كە ئەمانەن:

١/ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! دروشـمەكانی خوا حەڵاڵ مەكەن‌و بێحورمەتییان پـێ مەكەن، كە بێگومان ناگونجێ ئەوە نەسخ بێتـەوە.

٢/ ﴿وَلَا ٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ﴾، وە مـانگی حـەڕام كـە جـەنگی تێـدا قەدەغـە كـراوە حەڵاڵی مەكەن، كە جەنگی تێدا بكەن، كە پێشتـر گوتمان: بـە چ مەفهوومێـك؟ جەنگی دەستپێشـخەرییانە، نەك جەنگی بەرگرییكارانە.

٣/ ﴿وَلَا ٱلْهَدْىَ﴾، وە قوربانییـەكان كـە دەهێنـرێن بـۆ مزگـەوتی حـەڕام دەسـتدرێژییان مەكەنـە سـەر، ئـەوەش دیسـان ناگونجـێ بگـوترێ: ئـەوە نەسـخ بۆتـەوەو بۆمـان هەیـە دەسـتدرێژیی بكەینـە سـەر قوربانییـەكانی حـەج‌و عومرە.

٤/ ﴿وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾، وە ئـەو قوربانییانـەی گـەردن بەنـدیان لـە مـل دەكـرێ، نیشـانەدار دەكـرێن، دەسـتدرێژییان مەكەنـە سـەرێ، ئـەمیش ناگونجـێ نەسـخ بكرێتـەوە.

٥/ ﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ﴾، وە ئەوانـەی ڕوو دەكەنـە مـاڵی حـەڕام، دەست درێژییـان مەكەنـە سـەرێ، ئـەمیش ناگونجـێ بلێین: نەسخ بۆتـەوەو بۆمـان

هەیە دەستدرێژییان بكەینە سەرێ، كابرا بۆ حەج هاتوە تۆش بۆت هەبێ بیكوژی! نەخێر.

٦/ ﴿ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟ ﴾، وە ئەگەر ئیحرامتان شكاند ڕاوێ بكەن، ئەوەش ناگونجێ نەسخ بووبێتەوە، چونكە ئێستاش هەر وایە، كە ئیحرامت شكاند بۆت هەیە ڕاووشكار بكەی.

٧/ ﴿ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ أَن تَعْتَدُوا۟ ﴾ وە با كەسانێك كە ئێوەیان لە مزگەوتی حەرام گێڕاوەتەوەو نەیانهێشتوە بچن عومرە بكەن، لە ساڵی شەشەمی كۆچیی دا، كە صوڵحی حودەیبییەی لێكەوتەوە، ئەوە واتان لێ نەكات ئێوەش دەستدرێژیی بكەنە سەروان، ئایا دەستدرێژیی كردنە سەر خەڵك دروستە، با ئەوانیش غەڵەتیان كردبێ، دەبێ ئێمە وەك خەڵك غەڵەتێ بكەین؟ نەخێر، ئەگەر هەقێكمان لەسەریەتی لەڕێی شەرعییەوە هەقەكەی لێ وەردەگرینەوە، كەسێك نەفەرێكی لە تۆ كوشتوە، تۆ بۆت نیە یەكسەر بە ڕەشەكوژی نەفەرێك بكوژیەوە، بەڵكو دەبێ بێنی بزانی كێ كوشتوویەتی؟ یان تۆڵە لەو نەفەرە كە قاتڵە، بكەیەوە، یاخود خوێنی لێ وەربگرێ، یان عەفوو، ئەمما بڵێی: ئەو قەومە نەفەرێكیان لە ئێمە كوشتوە، ئێمەش نەفەرێكیان لێ دەكوژین، یان ئەوان زینایان كردوە لەگەڵ ئافرەتێكی ئێمەدا، دەبێ ئێمەش بچین زینا لەگەڵ یەكێكیان بكەین، ئەوە نابێ.

٨/ ﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾، وە هاوكاریی یەكدی بكەن لەسەر چاكەكاریی‌و پارێزكاریی، ئەوەش ناگونجێ نەسخ بێتەوە، هاوكارییكردن لەگەڵ یەكدی بۆ چاكەكاریی‌و پارێزكاریی شتێكی چەسپاوە.

٩/ ﴿ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ﴾، وە هاوكاریی یەكدی مەكەن لەسەر گوناهو دەستدرێژیی، ئەوەش ناگونجێ نەسخ بێتەوە، ئێستاش هەر دروست نیە هاوكاری یەكدی بكرێ لەسەر گوناهو دەستدرێژیی.

١٠/ ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾، پارێز لە خوا بکەن، خوا سزای توندە، تەقوا لە خواش نابێ نەسخ بێتەوە.

جا هەندێك لە زانایان دەڵێن: ڕستەکانی ئایەتەکەو حوکمەکانی هەموو نەسخ نەبوونەوە، بەس یەکێکیان نەسخ بۆتەوە، ﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، بەس ئەوەندەی، یان هەندێکیان دەڵێن: ئەو سێیە: ﴿وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا ٱلۡقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ ﴾.

ئێمەش دەڵێین: ناگونجێ لە ئایەتێکدا تەنیا سێ وشە نەسخ بووبنەوە!

هەندێکی دیکەش وا چارەسەریان کردوە، کە گوتوویانە: ئەوە لەگەڵ مسوڵمانانیەتی واتە: مسوڵمانانێك کە دێن قوربانییان پێیە، ئنجا قوربانییەکان چ نیشانەدار نەکرابنو کە (هدي) پێ دەگوترێ، یان نیشانەدار کرابن، گەردن بەندیان لە مل دابێ کە (قلائد)ی پێ دەگوترێ، وە خۆشیان کە ڕوو دەکەنە مزگەوتی حەڕام، ئەو مسوڵمانانە دەستدرێژییان مەکەنە سەرێ.

بەڵام ئێمە دەڵێین: ڕواڵەتی ئایەتو سیاقی ئایەتەکە وا نایەتە بەرچاو کە تەنیا مەبەستی پێی مسوڵمانان بێ، بەڵکو مەبەست پێی هەموو ئەوانەیە کە ڕوو دەکەنە بەیتی حەڕام.

ئنجا چۆنیەتی لاچوونی ئیشکالەکەش ئەوەیە - کە لە هیچ کام لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە-، کە بڵێین:

ئایەتەکەی سوورەتی (التوبة) ئەگەر تەماشا بکەین چی دەفەرموێ؟ چونکە نەسخ لە کاتێکدا پەیدادەبێ کە ئایەتەکان تێکبگیرێن لە هەموو ڕوویێکەوە، بەڵام وەختێك کە تێکنەگیرێن، یاخود بواری پێکەوە گونجانیان هەبێ، پێویست ناکات بڵێی ئەویان ئەوی دیکەی نەسخ کردۆتەوە، ئەگەر تەماشای ئایەتەکەی سوورەتی (التوبة) بکەین خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ

عَيْلَةً فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦٓ إِن شَآءَ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٨﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتاان هێناوە! بێگومان هاوبەش بۆ خوادانەرەكان پیسن، با لە دوای ئەم ساڵەوە توخنی مزگەوتی حەرام نەكەون، وە ئەگەر لە ئاتاجییش ترسان (كە ئەوان دەهاتنو بازرگانییان دەكرد) خوا لە بەخششی خۆی دەوڵەمەندو بێ نیازتان دەكات، بێگومان خوا زانای كاربەجێیە. ئەم ئایەتەی سوورەتی (التوبة) تەنیا دەفەرمویٚ: ڕێ مەدەن هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان لە مزگەوتی حەرام نزیك بكەونەوە.

وە ئایەتەكەی سوورەتی (المائدة)ش دەفەرمویٚ: دروشمەكانی خوا حەڵاڵ مەكەنو دەستدرێژیی مەكەنە سەر قوربانییەكان، وە دەستدرێژیی مەكەنە سەر ئەوانەی دێن بۆ مزگەوتی حەرام، جا ئەوە چ تێكگیرانێكیان تێدا هەیە؟!

دەفەرمویٚ: مەهێڵن كافرەكان بچن بۆ مزگەوتی حەرام، بەڵام دەستدرێژییش مەكەنە سەر قوربانییەكەیانو، دەستدرێژیی مەكەنە سەر خۆشیان، یانی: ئایەتەكەی سوورەتی (التوبة) بەس دەفەرمویٚ: مەهێڵن كافرەكان نزیكی مزگەوتی حەرام بكەون، نافەرمویٚ: بیانكوژن، هەتا بگوترێ: ئەوەی دیكەی نەسخ كردۆتەوە، كە دەفەرمویٚ: دەستدرێژییان مەكەنە سەرێ، بەڵكو بەس دەفەرمویٚ: ڕێگرییان لێ بكەن، كەواتە: هیچ تێكگیرانێك لە نێوانیاندا نیە، تا بگوترێ: یەكێكیان ئەوی دیكەی نەسخ كردۆتەوە.

چونكە مسوڵمانان لەلایەكەوە فەرمانیان پێكراوە كە نەهێڵن كافرەكان توخنی مزگەوتی حەرام بكەونو، لەلایەكی دیكەشەوە پێیان گوتراوە: دەستدرێژیی مەكەنە سەر ئەو كەسانەی بە مەبەستی حەجو عومرە دێنو زیان بە قوربانییەكان مەگەیەنن.

وە هەندێكیان گوتوویانە: ئەوە كە دەفەرمویٚ: ﴿ ... يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَانًا ... ﴿٢﴾ ﴾، بەخششو ڕەزامەندیی پەروەردگاریان داوا دەكەن، بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە ئەوانەی بەو شێوەیە وەسفیان دەكات، مسوڵمانن.

بەڵام ئێمە دەڵێین:

نەخێر، وانیە، چونكە نامسوڵمانانیش بەخششی خواو ڕەزامەندیی خوا داوا دەكەن، مەرج نیە هەر مسوڵمان وابن، بەڵام هی كافران قبووڵ ناكرێ، لەبەرئەوەی لەڕێیەكی ڕاستو شەرعییەوە نیە، دەنا ئەوانیش بە خەیاڵی خۆیان هەر دەیانەوێ خوا لە خۆیان ڕازی بكەنو بەهەشتی خواش داوا دەكەن، كەواتە: بەم شێوەیە ئەو ئیشكالە یاخود ئەو تێكگیرانە ڕواڵەتییە چارەسەر دەبێ.

**مەسەلەی نۆیەم**: كە خوای بێوێنە لە ئایەتی دووەمی سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُوا ﴾، وە هەركاتێك ئیحرامتان شكاند، ڕاووشكار بكەن، پێشتریش باسمان كرد، ئەوە لە كاتێكدایە كە ئینسان لە ئیحرام دایە، واتە: كاتێك ئیحرامتان بە حەج، یان بە عومرە بەستوە، ڕاوكردنتان لێ قەدەغەیە، دیارە مەبەست پێی ڕاوكردن لە وشكانییە، ئەویش لەبەرئەوەی لە سنووری حەرەم دایە، بۆیە لێیان قەدەغەیە، لێرەدا كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُوا ﴾، وە هەركاتێك حەڵاڵ بوون، ئیحرامتان شكاند، ڕاو بكەن، هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەكدەنگن، لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿ فَاصْطَادُوا ﴾، هەرچەندە فەرمان (أمر)ە، چونكە دەفەرموێ: ڕاوبكەن، بەڵام ئەو فەرمانە بۆ ڕێ پێدان (إباحة)یە، نەك بۆ پێویست بوون (وجوب)، واتە: فەرز نیە لەسەر حاجییەكان، وە لەسەر عومرەكەرەكان، كە ئیحرامیان شكاند ڕاوبكەن، تاكو بگوترێ: ئەوە خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی: ئەگەر ئیحرامتان شكاند، ڕاوبكەن، چونكە ئێمە بنچینەیەكی (أصول الفقه)مان هەیە، دەڵێ: (الأَمْرَ بَعْدَ الْحَظْرِ يُفيدُ الإِبَاحَةِ) واتە: فەرمان كردن دوای قەدەغەكردنی شتێك، ڕەوابوون دەگەیەنێ، نەك پێویست بوون، واتە: بۆتان هەیە، تا ئێستا لێتان قەدەغە بوو ڕاو بكەن، مادام لە ئیحرامدا بوونن، لەمەودوا مادام ئیحرامتان شكاند، بۆتان هەیە ڕاو بكەن، بەڵام فەرز نیە لەسەرتان، هەر بۆیەش بەبێ زانیاریی (أصول الفقه) ئینسان ناتوانێ یاسا شەرعییەكان لە قورئانو سوننەت وەربگرێو هەڵهێنجێ، ئەوەی كە بە

ڕوالّەت تەماشای ئەو ڕستەیە: ﴿ وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْ ﴾ بکات، دەڵێ: ئەوە مانای وایە ڕاوکردن فەرزە، یانی هەرچی حاجییە، هەرچی عومرە چییە، لەوێ کە عومرەیان تەواو کردو حەجیان تەواو کرد، دەبێ دەست بە ڕاوکردن بکەن، بەپێی ئەم ئایەتە، بەڵام نا، ئەوە زانایان تێیدەگەن، دەڵێن: ئەو فەرمانە بۆ ڕێ پێدانە، واتە: بۆتان هەیە ڕاوبکەن، بەڵام مولزەم نین بەوەی کە هەر دەبێ ڕاوبکەن.

**مەسەلەی دەیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ أَن تَعۡتَدُواْ ﴾، پێشتریش باسمان کرد، کە لە ساڵی شەشەمی کۆچییدا پێغەمبەری خوا ﷺ خۆیو هەزارو چوارسەد لە هاوەڵانی بەڕێکەوتن چوون بەرەو مەککە، بۆئەوەی عومرە جێبەجێ بکەن، هاوبەش بۆ خوادانەرەکانیش لە مەککە ڕێیان پێگرتن لە شوێنێك کە پێی دەگوترێ: (الْحُدَيْبِيَة)، وە سەرەنجام صولحو ڕێککەوتنێکیان کرد کە ئەو ساڵە، (ساڵی شەشەمی کۆچیی) بگەڕێنەوەو عومرە نەکەنو ساڵی ئایندە، (ساڵی حەوتەم)، بچن ئەو عومرەیە بکەن، جا لە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ڕستەیەدا باسمان کرد، کاتێك کە لە (الْحُدَيْبِيَة) بوون کۆمەڵێك لە موشریکەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون، واتە: خەڵکی غەیری مەککە بوون، ویستوویانە بچن عومرە بکەن لە مەککە، هەندێك لە هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، خۆیان ئامادە کردوە بچن ڕێیان لێ بگرن، وە شەڕیان لەگەڵ بکەن، خوای دادگەر ئەم ڕستە قورئانییەی ناردۆتە خوارێ: ﴿ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ أَن تَعۡتَدُواْ ﴾، وە با ڕق لێبوونەوەنتان لە کۆمەڵێك کە ئێوەیان گێڕاوەتەوە لە مزگەوتی حەرامو ڕێیان لێگرتوون، واتان لێنەکات ئێوەش ڕێ لە کۆمەڵێکی دیکە بگرن، وە دەستدرێژیی بکەنە سەریان، ئنجا ئایا ئەوە چی لێوەردەگیرێ؟ ئەوەی لێوەردەگیرێ کە مسوڵمانان دەبێ بە ڕەوشتو بەهای بەرزەوە لەگەڵ غەیری خۆیاندا مامەڵە بکەن، نەك ئەگەر ئەوان جنێویان

پێگـوتن، مسـولْمانانیش جنێویـان پـێ بڵێنــەوە، وە ئەگــەر ئــەوان جۆرێـك لـە دەستدرێژیی یان كردە سەریان، دەستدرێژییان بكـەنەوە سەر، بەڵـێ مسـولْمانان لـە بەرانبەر دەستدرێژیی‌و ستەمی ئەهلـی كوفردا ئـەوانیش بۆیـان هەیـە بەرپەرچیـان بدەنـەوە، بـەلاّم لـە سـنووری شـەرعدا، نـەك ئـەوان چییان لەگـەڵ كـردن، ئـەوانیش هەمان شتیان لەگەڵدا بكـەنەوە، بۆ وێنە: كە ئەوان مسولْمانێكیان بـە ناهـەق كوشت، ئـەوانیش بچـن غـەیری بكوژەكــە بـە ناهـەق بكـوژنەوە، یـان ئەگـەر ئـەوان تەعـدای ناموسـیان لــە ئافرەتێـك كـرد، ئـەوانیش بچــن تەعـدای نـاموس لـە ئافرەتێكیـان بكەنـەوە، یـان ئەگـەر ئـەوان شـتێكی خـراپ، یـان قسـەیەكی خـراپ‌و ناشــەرعییان پێگـوتن، بـۆ وێنـە: بوختـانی داوێنپیسـیی یـان بـۆ كـردن، ئـەوانیش بچـن وایـان پـێ بڵێنـەوە، ئەوانـە دروسـت نـین، بـەڵكو مسـولْمان دەبـێ پابەنـدبێ بـە بـەهای بـەرزو ڕەوشــتی بــەرزەوە، وە بــە یاســاكانی شــەریعەتەوە، بـا بەرانبــەرەكانیش ســتەم‌و دەستدرێژیی بكەن، بۆیـان هەیـە داوای هـەقی خۆیـان بكەنـەوە لـە ڕێـی شـەرعییەوە، بەلاّم مەرج نیە بە شێوەی دەستدرێژیی، جا خوا ﷻ دەفەرموێ: با ڕق هەڵسانتان لـە كۆمـەڵێك كـە ئێوەیـان گێڕاوەتـەوە لـە مزگـەوتی حـەڕام‌و ڕێیـان لێگرتـوون، واتـان لێنــەكات ئێــوەش دەســتدرێژیی بكەنــە ســەر كۆمەڵــێكی دیكــە، لەوبارەشــەوە ئــەم فەرمایشــتە هەیــە، پێغەمبــەری خــوا ﷺ دەفــەرموێ: ﴿أَدِّ الأَمَــانَةَ إِلَـى مَـنِ ائْتَمَنَكَ وَلاَ تَخُنْ مَنْ خَانَكَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ بـرقم: (٣٥٣٥)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (١٢٦٤)، وَقَـالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَالحَاكِمُ بـرقم: (٢٢٩٦) عَنْ أَبِـي هُرَيْـرَةَ ﷺ، وَقَـالَ: صَحيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم، وَوَافَقَهُ الذَّهبي، وَصَحَّحَهُ الألباني} ، واتـە: كەسێك كە تـۆی بـە ئەمینـدار دانـاوە، سـپاردەكەی بـدەوە، وە خیانـەت لـە كەسـێك مەكـە كـە خیـانەتی لە تۆ كردوە، تۆ سپاردەت لەلای كەسێك دانـاوە، ئـەو بـزری كـردوە، ئەگـەر سـبەینێ ئـەویش سـپاردەیەكی لـە لای تـۆ دانــا، تـۆش ئەمانەتــەكەی بـزر نەكــەی، بڵــێی: تۆڵـە بـە تۆڵـە! ئەگـەر ئـەو ئەمانـەتی تـۆی بـزر كـردوە، بـۆت هەیـە لـە ڕێـی شــەرعییەوە، لــە ڕێــی یاســاییەوە دەعــوای لەســەر تۆمــار بكــەی‌و هــەقی خــۆت وەربگریەوە، بەلاّم بۆت نیە ئـەو خیانـەتی كـردوە، تـۆش خیانـەت بكـەی، ئەگـەر ئـەو خیـانەت لە خۆی دەوەشێنێتەوە تۆ نابـێ لـە خـۆتی بوەشـێنیەوە، بەڵـكو دەبـێ ئـەو هەقــەی خــۆت بــە شــێوەیەكی دیكــە وەربگــریەوە، هەروەهــا لــە فەرمایشــتێكی

دیکەیدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿لا ضَرَرَ وَلا ضِرَارَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٨٦٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٣٤١)، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (١١٥٧٦) عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، وَقَالَ شُعيب الأرنؤوط: حَديثٌ حَسَنٌ}، واتە: زیان لێدان ڕاستەوخۆ، زیان لێدان لە بەرانبەر زیاندا لە ئیسلامدا نیە، واتە: بۆت نیە بە بێ دەستدرێژیی لایەنی بەرانبەر زیانی لێبدەی، وە بۆشت نیە لە بەرانبەر زیان لێدانی ئەودا زیانی لێبدەیەوە، بەڵکو دەبێ داوای هەقی خۆت بکەیەوە، ئنجا ئەوەش زۆر جێی سەرنجە، یانی: خوا ﷻ بە مسوڵمانان دەفەرموێ: ئەگەر خەڵك لەگەڵ ئێوەدا ستەمی کرد، شتی خراپی کرد، خیانەتی کرد، دەستدرێژیی کرد، ئێوە بۆتان نیە وابکەن، چونکە مسوڵمانن، وە دەبێ بە بەها بەرزەکانو ڕەوشتە بەرزەکانەوە پابەندبن، ئەگەر ئەوان خراپەو غەدرو زوڵمو دەستدرێژیی لە خۆیان دەوەشێننەوە، ئێوە نابێ لە خۆتانی بوەشێننەوە، ئەوە بۆیە زۆر جەختی لەسەر دەکەمەوە، چونکە ئەو ئایەتەی سووڕەتی (البقرة) کە دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ﴿١٩٤﴾﴾، دەبێ بزانین سیاقەکەی جیایە لەم سیاقەی ئێرە، چونکە لەو سیاقەی سووڕەتی (البقرة)دا مەبەست پێی شەڕ پێفرۆشتنو ڕێگرتنە، واتە: کەسێك شەڕی پێفرۆشتی تۆش بۆت هەیە بەرپەرچی بدەیەوە، کەسێك ڕێی پێگرتی، تۆش بۆت هەیە ئەو پەرچە لە ڕێی خۆت لابەری، بەڵام کەسێك ناشەرعییەکی لەگەڵ تۆدا کرد، تۆش هەمان خیانەتی لێبکەیەوە!! ئەوە نابێ، بەڵکو دەبێ داوای هەقی خۆت بکەی بە شێوەیەکی شەرعیی.

**مەسەلەی یازدەیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾، وە هاوکاریی یەکدی بکەن لەسەر چاکەکارییو پارێزکاریی، وشەی: (تَعَاوُن) لەسەر کێشی (تَفَاعُل)ە، بۆ بەشداریی کردنی دوولایەن، یاخود زیاتر، دەگوترێ: (تَقَاتُلوا) واتە: دوولایەن، یاخود زیاتر یەکدیان کوشت، پێکەوە بەشەڕ هاتن، (تَعَاوَنوا) واتە: پێکەوە هاوکارییان کرد، هەرکامێکیان (عَون) بوو بۆ ئەوەی دیکە، دیارە لێرەدا خوا ﷻ ئەوەی بە کرداری فەرمان (فِعل الأَمر) هێناوە، وتە: فەرزە ئێوە

هـاوکاریی بکەن، لەگەڵ کێدا؟ بەپێی سیاقی ئایەتەکە دەردەکەوێ کە دەبێ لەگەڵ مسـوڵمانو نامسـوڵماندا هاوکـاریی بکـرێ، چـونکە ئایەتەکـە باسـی چـۆنیەتی مامەڵەکردنی مسوڵمانان لەگەڵ نامسوڵماناندا دەکات، دەفەرموێ: هاوکاریی لەگەڵ خەڵکدا بکەن، لەگەڵ بەرانبەرەکانتاندا، چ مسـوڵمان بـن، چ نامسـوڵمان، لەسـەر هـەر شتێك کە چاکەکارییە، وە پارێزکـاریی یە.

جا بـا بـزانین (البِـرّ والتَّقـوى) یـانی چـی؟ وشـەی: (بِـرّ) زانایـان ئـاوا پێناسـەیان کردوە، دەڵێن: (البِـرُّ: كُلُّ مَا فِيهِ نَفْعُ النَّاسِ) هەر شـتێك سوودی بۆ خەڵك هەبێ، پێـی دەگوتـرێ: (بِـرّ)، بۆیـە مـن بـە چاکـەکارییم مانـا کـردوە، وە دەشـگونجێ مەبەسـت لە وشـەی: (بِرّ) کـردەوە باشـەکان بـن، وە مەبەسـت لـە وشـەی: (تَقـوى)ش خۆپاراسـتن بـێ لـە کـردەوە خراپـەکان، ﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾، واتـە: هاوکـاریی یەکدی بکەن بۆ هەموو کردەوەیەکـی باش، وە هاوکـاریی یەکدی بکـەن بـۆ خۆپاراسـتن لـە هـەموو کردەوەیـەکی خـراپ، دەشـگونجێ بڵـێین: (بِـر) واتـە: ئـەو شـتانەی کـە بـۆ خـەڵك باشـن، سـوودبەخشـن، (تَقـوى)ش واتـە: ئەنجـامدانی هـەر شـتێك کە جێگـای ڕەزامەنـدیی خـوای پەروەردگـارە، ئنجـا ئـەم ئایەتـە زۆر شـتی لـێ وەردەگیـرێ:

یـەکێك لەوانـە: لەسـەر مسـوڵمانان پێویسـتە هـەر کارێـك پێویسـتی بـە هـەرەوەزیی بـوو، پێویسـتی بـە هاوکـاریی نێوخۆیـان هـەبوو، پێویسـتی بـەوە هـەبوو کـە بـۆی کۆببنـەوە، بـۆ وێنـە: ڕێکخراوێکـی مـەدەنیی، یاخـود ڕێکخراوێکـی سیاسـی ... هتد، بەپێی ئەم ئایەتە مادام کارو پـڕۆژەی ئیسـلامیی، یاخـود فـەرمان بە چاکـەکردنو ڕێ لـە خراپـە گـرتن، یـاخود جێبـەجێکردنی یاسـاکانی شـەریعەتو بـەرگریی کـردن لـە ئیسـلامو مسـوڵمانان پـەکی لەسـەر کەوتبـێ، ئەوانـە هـەموویان دەبنە فـەرز، چونکە فـەرزە مسـوڵمانان کۆبن، وە ناشـتوانن کۆبن، هەتا بەرنامـەو پرۆژەیـەکیان نـەبێ، وە هـەتا تەبـاو هاوکـار نـەبنو ڕێكوپێـك نـەبن لـە نێـوان خۆیاندا، بۆیە ئەو شـتانەی باسمان کردن لەوکاتانە هەموویان دەبنـە فـەرز، چـونکە بنچینەیەکـی شـەرعییمان هەیـە دەڵـێ (مَـا لاَ يَـتِمُّ الْوَاجِـبُ إِلاَّ بِـهِ فَهُـوَ وَاجِـبٌ)، واتە: هـەر شـتێك فـەرزێك بـەبێ ئـەو جێبـەجێ نـەکرێ، ئـەویش دەبێتـە فـەرز، بـۆ

وێنە: خوای پەروەردگـار دەفەرموێ: نوێژ بکـەن، نوێژیش پێویستی بە دەستنوێژە، چونکـە بەبێ دەسـتنوێژ نوێژ ناکرێ، کەواتە: دەستنوێژەکەش دەبێتـە فـەرز، ئنجا دەسـتنوێژیش پێویسـتی بـە تـارەتگرتن دەکات، بۆیـە تـارەتگرتنیش دەبێتـە فـەرز، هەروەهـا نوێژکردن پێویسـتی بە بەرگـو پۆشاکی پاك هەیـە، بۆیـە: ئـەویش دەبێتـە فەرز... هتـد، یاخود زانایان بنچینەیەکـی دیکـەیان دانــاوە، دەڵـێ: (الأَمْرُ بِالشَّيْءِ أَمْرٌ بِهِ وبِمَا لا يَتِمُّ إلاَّ بِهِ)، واتە: فەرمان کردن بە شتێك فەرمانە بە خودی ئەو شتە، وە بـە هەرشـتێکی دیکـەش کـە ئـەو شــتە بـەبێ ئـەو جێبـەجێ نـاکرێ، وەك پێشتر وێنـەم هێنایـەوە لەسـەر نوێـژ، نوێـژکردن بـە دەسـتنوێژ، دەســتنوێژ بـەبێ تــارەت، تـارەت بـەبێ خۆپاککردنـەوە، ئنجـا نوێــژ بـەبێ ڕاوەسـتان لـە شـوێنی پـاك، پاشــان ڕووکردنــە ڕووگـــە (قِبلَـة)، بـــەبێ ئاگـــاداربوون لـــە کـــاتی بـــوونی نوێـــژ، ئەوانــە هــەموویان پێویســت دەبـن، چونکــە نوێـژ بـەبێ ئەوانـە نابـێ، هەروەهــا چــەندان شـــتی دیکــــەش کــــە شـــــەرعزانان باســــیان کــــردوون، بۆیــــە هاوکــــاریی کــــردنو دەسـتبارگرتنی مسـولْمانان لـەنێوان خۆیانـدا فـەرزە، وە خـوای پەروەردگــاریش لـە سوورەتی (آل عمران) دەفـەرموێ: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾، واتـــە: بـــا لـــە ئێـــوەدا کۆمەڵـــێك هـــەبن کـە بانگـــەواز دەکـەن بـۆ چاکـــەو، فـەرمان بـە شـــتە پەسندەکان دەکەنو، ڕێ لە شتە ناپەسندەکان دەگـرن، وە هەر ئەوانەش سەرفرازن.

ئنجـا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوا پێناسەی (بِر)ی کردوە، کە پێناسەیەکی زۆر جوان دەکات، بۆ چاکـەکاریی، دەفـەرمـوێ: ﴿الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ، وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (١٨٠٣٠)، وَالطَّبَرَانِيُّ بِرقم: (٤٠٣)، وَحَسَّنَهُ الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب) برقم: (١٧٣٤)}، واتە: چاکەکاریی هەر شـتێکە کە دڵت پێـی ئارامبـێ، {واتە: دڵـت پێی خۆشبێ، وە دەروونـت پێی مورتـاحو ئارامگرتوو بێ}، گونـاهیش (بـە پێچەوانەوە) هـەر شــتێك لـە دڵـتدا بێـتو بچـێو پێـی ناموڕتـاح بـێ، وە لـە سـینەتدا لەرەلـەری بێ، هەرچـەندە خـەڵکیش فـەتوات بـۆ بـدەنو فـەتوات بـۆ بـدەن، واتە: ئینسـان دڵی خۆی زۆرجـار بکات بە پێـوەرو بیکـات بـە تـەرازوو هـەر شــتێك

دڵــت پێــی مورِتــاح بــوو، بــا بــزانــێ ڕەوایــە، بــەڵام دڵــی كەسـێكی ئیمانـدار، وە هـەر شــتێك لێی لە گومـان دابووی، لێی لـەلەرەلـەر دابووی، دڵت پێی مورِتاح نەبوو، ئـەوە نـاڕەوایـە، جاری وایــە شــتێك بە ڕواڵەتی شــەرع ڕەوایـە، بــەڵام ئـەو كەســە دەزانــێ كە ڕەوا نیــە.

بۆیە پێغەمبــەری خوا ﷺ لە فەرمایشـتێكی دیكـەدا دەفـەرموێ: ﴿إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ وَإِنَّهُ يَأْتِينِي الْخَصْمُ، فَلَعَلَّ بَعْضَهُمْ أَنْ يَكُونَ أَبْلَغَ مِنْ بَعْضٍ، فَأَحْسَبُ أَنَّهُ صَادِقٌ فَأَقْضِي لَهُ، فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ بِحَقِّ مُسْلِمٍ فَإِنَّمَا هِيَ قِطْعَةٌ مِنَ النَّارِ، فَلْيَحْمِلْهَا أَوْ يَذَرْهَا﴾ {رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ بـرقم: (٢٤٥٨)، وَمُسْلِم بـرقم: (٤٤٤٨)، وَأَبُو دَاوُدَ بـرقم: (٣٥٨٣)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٤٠١)، وَابْنُ مَاجَهْ بـرقم: (٢٣١٧)، عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا}، واتە: بێگومان منیش مرۆڤـم، ئنجـا جاری وایە كەسانێكی ناكۆك دێنــە لام بـۆ كێشــەیــەك (كـە لـە نێوانیانــە) لەوانەیــە یــەكێكیان قسەی فەسـیح تـرو زمـانی ڕەوانتـربـێ، لـە یـەكیانو منـیش وا دەزنم ڕاســت دەكاتو هـەقی پێـدەدەم، كە ئـەوە هـەقی مســولْمانێكی دیكەیـە، بـەڵام بێگومـان ئـەوە پارچــەیەكە لـە ئاگــر، جــا بـا هەڵـیبگــرێ، یاخود وازی لــێبێنــێ.

كەواتــە: كاتێــك پێغــەمبـــەر ﷺ وەك قــازی بریارێـك دەدات، مـەرج نیـە لـە لای خوای دادگەر بەو شـێوەیە بـێ، بـەڵكو ئـەو بـە ڕواڵـەت وای لــێ حـاڵی بـووەو، ئەگـەر دوایی زانرا كە هەقی تێدا نەپێكراوە، نابێتە پابەندكەر (مُلْـزِم).

كەواتە: ئینســان دەبێ وریــابــێ، هەنـدێ شــت هەیـە وەك گوتم بەپێــی ڕواڵـەتی شەرع لەوانەیە تـۆ بتوانــی بەدەسـتی بخـەی، بـەڵام دەشــزانی كـە هـەقت نیـە، دەبـێ ئاگـات لـێ بێ، وەك كوردەواریـی خۆمـان دەڵـێن: (فێـڵ لە خـوا ناكـرێ!).

هەروەهـا لەوبـارەوە، واتە: دەربارەی پێناســەكردنی چاكــەكاریی (بِـرّ) پێغــەمبەر ﷺ فەرموویــەتی: ﴿الْبِرُّ: حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالإِثْمُ: مَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَعْلَمَهُ النَّاسُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (١٧٦٦٨)، وَالبُخَارِيُّ فـي (الأدب الـمفرد) برقم: (٢٩٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٤٦٣)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (٢٣٨٩) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالحَاكِمُ بـرقم: (٢١٧٢) وَقَالَ: صَحيح الإِسنَاد، عَنِ النَّوَّاسِ بْنِ سَمْعَانَ)، واتــە: چاكەكاریی بریتیە لـە ڕەوشـتی جوان، گونـاهیش هـەر شـتێكە لـە دڵـتـدا بێتو بچـێ

جێگیر نەبێ لە دڵتدا، وە پێشت ناخۆشبێ خەڵك بیزانێ، هەر شتێك پێت ناخۆشبوو خەڵك بیزانێ، دیارە ئەوە گوناهە، كوردەواریی خۆشمان دەڵێن: (ئەوەی پاكە بێ باكە)، ئەگەر تۆ پاك بووی، واتە: شتێك بە شەرعیی دەزانیو دەیكەی، پێت ئاساییە خەڵكیش پێی بزانێ، بەڵام شتێك كە لە خەڵكت شاردەوە، دیارە ئەو ماستە بێ موو نیەو گومانت لێی هەیە.

**مەسەلەی دوازدەیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾، واتە: هاوكاریی یەكدی مەكەن لەسەر گوناحو دەستدرێژیی، ﴿ٱلْإِثْمِ﴾، بریتیە لە گوناهێك كە لە نێوانی خۆتو خوادا دەیكەی، وە ﴿وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾، بریتیە لە گوناهێك كە لەگەڵ خەڵكیدا دەیكەی، واتە: دەستدرێژیی، چونكە گوناهەكان دوو بەشن: بەشێكیان (حَقُّ الله)یە، واتە: مافی خوا، وە بەشێكیان (حَقّ النَّاس)ە، واتە: مافی خەڵك، هەڵبەتە هەندێكیشیان مافی خواو مافی خەڵكیشیان پێوەیە، وەك زۆر لە گوناهەكان دوو سەریان هەیە، بەڵام شەریعەت مافی خەڵكی تێدا زاڵ كردوون، بۆ وێنە: قەتڵ هەم مافی خوای تێدایە، هەم مافی خەڵكی، بەڵام خوای كاربەجێ مافی خەڵكی تێدا زیاتر كردوە، ئەگەر خەڵك لە هەقەكەی خۆی خۆشبوو، ئەوە خوای میهرەبانیش لێی خۆش دەبێ، بەڵام هەندێ گوناح هەن تەنیا هەقی خوای پەروەردگارن، بۆ وێنە: مەیخۆریی، قوماركردن، ئەوانە هەقی خوای بالادەستنو دەبێ ئینسان لە بەینی خۆیو خوادا تۆبە بكات، وە هەندێكیشیان وەك گوتمان هەقی بەندەكانن، ئنجا لەوبارەوە ئەم فەرمایشتە هەیە: ﴿عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﵁، يَقُولُ: سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: مَا الإِثْمُ؟ فَقَالَ: إِذَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ شَيءٌ فَدَعْهُ. قَالَ: فَمَا الإِيْمَانُ؟ قَالَ: مَنْ سَرَّتْهُ حَسَنَتُهُ، وَسَاءَتْهُ سَيِّئَتُهُ فَهُوَ مُؤْمِنٌ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٢٥٣) قَالَ الْمُنْذِري: إِسنَادُهُ صَحِيح، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٧٦)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٠٤٧) وَقَالَ: صَحِيح الإِسنَاد، وَوَافَقَهُ الذَّهَبِي، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (٧٥٣٩) وَقَالَ الهَيْثَمِيُّ: رجالُهُ رجَالُ الصَحيح}، واتە: ئەبی ئومامە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ كرد، دەربارەی گوناح، گوتی گوناح چییە؟ فەرمووی: هەر شتێكە كە

لە دڵـتدا بێو پێی مورتـاح نەبی، وازی لێبێنـە، ئـەوە دیـارە گوناهــە، گوتــی: ئـەدی ئیمــان چییە؟ (واتـە: لێـرەدا ئـەو هاوەڵە بـەڕێزە مەبەسـتی ئـەوە بـووە کـە ئایا لـە مەسـەلەی چاکەکردنو خراپەکردنـدا ئیمـان چ دەورێـك دەبینـێ؟ نـەك مەبەسـتی ئـەوەبوو بـێ کـە پێناسـەی خـودی ئیمـانی بـۆ بکـات) پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێـی فەرموو: هەر کەسێك بـە چاکەکـەی دڵخۆش بـوو، وە بـە خراپەکـەی دڵ نارەحـەت بـوو، ئـەوە ئیمانـدارە، بێگومـان ئـەوە تـەرازوو پێـوەرێکی زۆر وردە، یـانی: ئەگـەر ئینسـان کارێکی چـاکی کـرد، وە بـەو کـارە چاکەی ئـەنجامی داوە دڵـی خۆشـبوو، وە کارێکی خراپ لە دەستی ڕوویـدا، گونـاحو هـەڵەیەکـی کـرد، پێـی دڵنـارەحەت بـوو، ئەوە دیـارە ئیمانی هەیـە، وە ئیمـانەکەی وای لێدەکـات، بـە چـاکە دڵخـۆش بـێو بە خراپـە دڵنـاخۆش بێ، بەڵام ئەوەی کە ئیمانی نەبێ خوای پەنهـانزان دەفەرموێ:

﴿يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَوا ﴿١٨٨﴾﴾ آل عمـران، واتـە: گوناهـانیش دەکـەنو پێشـی دڵخۆشـن، نـەتانبینیوە، کەسـی وا هەیـە زینـا دەکـات، قـەتڵ دەکـات، شـەڕاب دەخـوات، قومـار دەکـات، دزیـیو ڕێگریـی دەکـاتو خۆشـی پـێ هەڵدەکێشـێ لـە مەجلیسـان!! وەك ئەوەی شـتێکی زۆر گەورەی کردبـێ، بـەڵام ئینسـانی ئیمانـدار ئەگـەر گوناهێکیشـی کـرد، شـەرمێ دەکات باسـی بکـات، شـەرم لـە خـوای پەروەردگـارو لـە خەڵکـیش دەکـات، وە خـۆی بـە خـراپو گوناهبـار دەزانـێ، وە پێشـی ناخۆشـە، هـەروەها بـە چاکەکەشی دڵخۆشـە.

ئـەم ڕسـتە قورئانییـەش کـە دەفـەرموێ: ﴿وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾، واتـە: هاوکـاریی یەکـدی مەکـەن لەسـەر گونـاحو دەسـتدرێژیی، ئـەمیش زۆر شـتی لێوەردەگیرێ، یەکێك لەوانـە، ئەوەیە کە قەدەغەیـە لەسـەر مسـوڵمانان بەشـداریـی لە حیزبێك، ڕێکخراوێك، کۆمەڵێك، کۆڕو مەجلیسـێکدا بکەن کـە گونـاهی تێدایـەو، دەسـتدرێژیی تێدایـەو، خراپـەی تێدایـە چونکـە خـوا دەفەرموێ: هاوکـاریی یەکدی مەکـەن لەسـەر گونـاحو دەسـتدرێژیی، هەڵبەتـە بوونـە ئەنـدامی ئینسـانیش لـە حیزبێکـدا کـە دژی ئیسـلامەو گونـاحو تـاوانو ناشـەرعیی دەکـەن، جۆرێکـە لـە هاوکـارییو ناوەکـەی دەچێتـە نێـو ناویـان، لەگـەڵیان کۆبوونـەوە دەکـات، دەچـێ تەگبیـر دەکـاو پـیلان دادەنـێو ئابوونـە دەدات، ئنجا بـەرگرییان لێـدەکات لەگـەڵیان

دەبێ، ئەوانەش هەموویان هاوکاریین، خوای دادگەریش دەفەرموێ: هاوکاریی یەکدی مەکەن لەسەر گوناحو دەستدرێژیی، کە بەو پێیە مسوڵمانانێکی زۆر گوناهبارن، وە هەرواشەو زۆرجار مسوڵمانانێك لە نێو ڕێکخراوێك دان، لە نێو ڕێکخراوێکی مەدەنی، یان سیاسیی دان، یاخود لە کۆڕو مەجلیسێکدا دادەنیشن، کە گوناحو تاوانی تێدا دەکرێ، کۆڕێك دەبەسترێ بۆ شاعیرێك، دەست بە شیعر گوتن دەکاتو قسە بە خوا دەڵێ، قسە بە ئیسلام دەڵێ، قسە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێ، ئەویش لەوێ دانیشتووەو گوێی بۆ تەپ کردوە! ئنجا مەلایە، شێخە، گەنجێکە، هەرچی هەیە، هەموویان گوناهبارن، چونکە خوای پەنهانزان دەفەرموێ:

﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾ ﴾النساء، واتە: لە کتێبدا بۆتان دابەزێنراوە (مەبەست پێی ئایەتی (٦٨)ە لە سوورەتی ئەنعام، کە لەوێشدا خوای کاربەجێ باسی هەمان مەسەلە دەکات) کە ئەگەر بیستتان لە کۆڕێکدا، لە مەجلیسێکدا ئایەتەکانی خوا کوفریان پێدەکراو گاڵتەیان پێدەکرا، بەشدارییان مەکەن، (واتە: دامەنیشن لەو کۆڕو مەجلیسەدا) هەتا خەڵکەکە دەچنە نێو باس‌و بابەتێکی دیکەوە، وە ئەگەر بەشداریی بکەن، ئەوە ئێوەش وەك وانن، (واتە: هەمان حوکمی ئەوانتان هەیە) وە خوا کافران‌و مونافیقەکان لە دۆزەخدا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

**مەسەلەی سێزدەیەم:** ئنجا خوای بەرزو بێ وێنە دێتە سەر ئایەتی سێیەم‌و ئاوا دەست پێدەکات، دەفەرموێ: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلْمُنْخَنِقَةُ وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا۟ بِٱلْأَزْلَٰمِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ﴾، لێرەدا خوا ﷻ باسی یازدە (١١) جۆرە ئاژەڵ دەکات‌و دەفەرموێ: ئەوانەتان هەموو لێ قەدەغەن، ئێمە لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا لە ئایەتی (١٧٣)ی

سووڕەتی (البقرة)دا بە تەفصیلْ باسی ئەو چوارەمان كرد: (مردارەوەبوو، خوێن، گۆشتی بەراز، سەربڕاو بۆ غەیری خوا، یان ناوی غەیری خوا لەسەر هێنراو لەكاتی سەربڕیندا)[١]، لێرەدا خوای پەروەردگار ئەو چوارانە باس دەكاتەوەو حەوت جۆرە ئاژەڵی دیكەش باس دەكات، كە هەموویان دەبن بە یازدە (١١) جۆرە ئاژەڵ، ئنجا كە لە ئایەتی یەكەمدا فەرمووی: ﴿أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾، ئاژەڵە چوار پێیەكانتان بۆ حەڵاڵ كراون، جگە لەوەی بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە، ئەوەی كە بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە مەبەست پێی ئێرەیە، لێرەدا یازدە (١١) جۆری بەسەردا خوێندووینەوە، كە لەڕاستیدا ئەو یازدە جۆرە دەچنەوە نێو چوار جۆرەكان، بەڵام خوای پەروەردگار تەفصیلی پێداون، بۆ ئەوەی كە خەڵك تەواو بەرچاوی ڕوون بێ، نەوەك شتێك مردار نەبێ‌و بە مرداری لێ حاڵی بن، یاخود حەرام بێ بە حەڵاڵی لێ حاڵی بن، یان بە پێچەوانەوە، ئەو یازدە جۆرەش ئەمانەن:

١- ﴿ٱلْمَيْتَةُ﴾، واتە: مردارەوەبوو، هەر ئاژەڵێكە كە بمرێ‌و چەقۆی پێ ڕانەگات.

٢- ﴿وَٱلدَّمُ﴾، واتە: خوێن، مەبەست پێی خوێنی ڕژاوە، چونكە لە سووڕەتی (الأنعام)دا خوا دەفەرموێ: ﴿أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا ﴿١٤٥﴾﴾، خوێنی ڕژاو، بۆچی وادەڵێین؟ چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ: الْحُوتُ وَالْجَرَّاد، وَدَمَانِ: الكَبِدُ وَالطِّحَالِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٥٧٢٣)، الدارقطني برقم: (٤٦٨٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣١٤)، عَنْ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) برقم: (١١١٨)}، واتە: دوو مردارمان بۆ حەڵاڵن: ماسی‌و كوللە (كە سەرنابڕدرێن با بشمرن حەڵاڵن، مەگەر بۆگەن بووبن، یان لەڕووی تەندروستیی‌و پزیشكییەوە زیانیان هەبێ)، وە دوو خوێنیش: جگەرو سپڵ (ئەوانیش لەڕاستیدا جۆرێكن لە خوێن، بەڵام دیارە پێكهاتەكەیان جیایە، لە خوێنی ئاسایی).

---

١) بەڵام باسی تێرو تەسەل لەو بارەیەوە لە بەرگی پێنجەمی ئەم تەفسیرەدا هاتوە، لە كاتی تەفسیركردنی ئایەتی (١٤٥) لە سووڕەتی (الأنعام)دا.

بۆیە لە سوورەتی (الأنعام)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا ﴿١٤٥﴾ ﴾، خوێنی ڕژاو، هەروەها ئەو خوێنەشی کە لە نێو ڕەگی گۆشت دایەو لەگەڵ ئێسقان تێکەڵ دەبێ، ئەوەش دیارە چاوپۆشیی لێدراوە.

٣- ﴿ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ ﴾، گۆشتی بەراز.

٤- ﴿ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾، ئەوەی بۆ غەیری خوا سەربڕاوە، واتە: ناوی غەیری خوای لەسەر هاتوە.

**ئەوە چوار، ئەوانی دیکە پێنجیان دەچنەوە نێو مردارەوەبوو، کە بریتین لە:**

٥- ﴿ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ ﴾، واتە: خنکێنراو، ئاژەڵێك کە دەخنکێنرێ، ئنجا مەڕە، بزنە، حوشترە، گایە، مانگایە، گامێشە، کە هەموو ئەوانە ئەگەر خنکێنران، جا بە غاز خنکێنران، لە ئاویدا خنکێنران، بەخۆیان ملیان بە پەتێکەوەبوو... هتد، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان خنکێنران، ئەویش دیارە مردارە.

٦- ﴿ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ ﴾، یانی: (الْمَضْروبَة)، واتە: لێدراو، ئاژەڵێك بە دار لێی بدەی، یان بە بەرد لێی بدەی تا دەمرێ، ئەوەش بە مردار لە قەڵەم دەدرێ.

٧- ﴿ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ ﴾، واتە: هەڵدێراو، ئاژەڵێك لە چیاییەك دەبێ، لە شوێنێکی بەرز دەبێ، بە هەر شێوەیە بێ، هەڵدێرێ، وە بە هۆی هەڵدێرانەکەیەوە دەمرێ، ئەویش دیسان بە مردار حیسابە.

٨- ﴿ وَٱلنَّطِيحَةُ ﴾، واتە: قۆچ لێدراو، ئاژەڵێك قۆچ لە ئاژەڵێکی دیکە بدات، جا گایە، مانگایە، مەڕە، بزنە، نێرییە، بەرانە... هتد، هەرچی هەیە، گرنگ ئەوەیە بە هۆی قۆچ لێدرانەوە بمرێ، ئەوەش بە مردار لەقەڵەم دەدرێ و گۆشتی ناخورێ.

٩- ﴿ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ ﴾، واتە: ئەوەی كە دڕندە دەیخوات، جا ئەو دڕندەیە، گورگە، كەمتیارە، شێرە، پڵنگە، ورچە، كە بەشێكی لێ دەخوات، یاخود پارووپەكی لێ دەخواتو دوایی دەمرێ، ئەویش هەر بە مردار لەقەڵەم دەدرێ.

**ئەوانە هەر پێنجیان، پێنج جۆری مردارن، ئەوەی دەمێنێتەوە دووی كۆتایی یە:**

١٠- ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ ﴾، واتە: ئەوەی كە لەسەر بتو صەنەم، یاخود بەردی چەقێنراو سەردەبڕدرێ، كە دوایی باسی دەكەم یانی چی؟

١١- ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِ ﴾، واتە: ئەوە كە بە یانسیب بەش دەكرێ، ئەوانەش هەردووكیان دەچنەوە نێو ئەوەی كە بۆ غەیری خوا سەردەبڕدرێن، كەواتە: هەموویان هەر ئەو چوار جۆرەن.

**ئنجا ئایا حیكمەتی قەدەغەبوونی ئەو یازدە جۆرە ئاژەڵە چییە؟**

ئەوەیە كە لە ڕووی ماددییەوە پیسن، خوێنەكەیان لە بەدەن نەچۆتە دەرێ، كە شێوەكانی مردار هەموویان وان، وە خوێنیش كۆمەڵێك نەخۆشیی پێوەیە، یاخود لە ڕووی مەعنەوییەوە پیسن، چونكە ناوی خوایان لەسەر نەهێنراوە، واتە: پیسییەكەیان یان ماددیی، یان مەعنەوییە، یاخود هەم ماددیی‌و هەم مەعنەویی، هەردوو هۆیەكەی تێدا كۆدەبنەوە.

<u>**مەسەلەی چواردەیەم:**</u> كە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ ﴾، مەگەر ئەوەی سەرتان بڕیوە، (ذكاة)، واتە: سەربڕین، ئنجا ئێمە لە سێ خاڵاندا چەمكی ئەم ڕستەیە ڕوون دەكەینەوەو باسی سەربڕین دەكەین:

# باسێك لەبارەی سەربڕین (ذبح)ی ژیاندارانەوە

١) لێـرەدا توێژەرەوانی قورئـان دوو ڕایان هـەن دەربـارەی ئـەم ڕستە موبارەكە: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ﴾:

أ/ هەندێكـیان دەڵـێن: ئـەو (إستثناء)ە، (إستثناء مُتَّصِل)ە، واتـە: هـەڵاوێردراو (مُستثنى) لـە جینسـی لێهـەڵاوێردراو (مُستثنى منه)ە، یـانی: پێـنج جـۆرە مـردار، كـە هەر یەكەیان بـە شـێوەیەك لـە شـێوەكان مـردار دەبـن، حەڕامـن مەگەر ئەوەی كـە سـەرتانبـڕیوە، واتـە: هەركـام لـەو پێنجـانە ئەگـەر چەقـۆی فریا كەوتبوو، تیغی فریا كەوت، حەڵاڵە، ﴿وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ﴾، واتـە: هـەركامیان ژیـانی تێـدا مابـوو، كـە سـەربڕاو لـینگـە فرتەیەكی كرد، ئەوە حـەڵاڵـە.

ب/ هەنـدێكی دیكە دەڵێن: نـەخێر، ئـەو (إستثناء)ە، (إستثناء)ێكـی (مُنْقَطِع)ە، (الإستثناء الـمُنْقَطِع)یش ئەوەیـە كـە هەڵاوێردراوەكـە لـە جینسـی ئـەو شـتـە نەبـێ كە لـێی هـەڵداوێـردرێ، واتە: (مُستَثنى) لە جینسـی (مُستَثنى مِنْهُ) نیـەو لـە یـەك جیـابن، واتـە: لێـرەدا كـە دەفـەرموێ: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ﴾، یـانی ئەوانـە هـەموویان حـەڕامن، بـەڵام ئـەوەی كـە سـەری ببـڕن حەڵاڵـە، دیـارە ئـەو كاتـە حوكمەكەی بە تەواویی دەگـۆڕێ، چـۆن؟

بۆ وێنە: ئاژەڵێك لەبەر خنكێنـران بـە عاسـتەم چەقۆی فریـا دەكـەوێ، یـاخود هەڵـێردراوەو چەقـۆی فریا دەكەوێ، یـاخود دڕنـدە لێـی خـواردووەو چـەقۆی فریـا دەكەوێ، پێش ئەوەی ژیانەكەی دەربچێ، یـاخود قۆچـی لێـدراوە... هتـد، بەپێـی مانـا لێكـدانەوەی یەكـەم بـێ، ئەگـەر (إستثناء)ەكـە لـە جـۆری (الإسـتثناء الـمتصل)بێ، ئەوانە هەموویـان حەڵاڵن، وە بـەپێی مانـا لێكدانـەوەی دووەم بـێ،

ئەگەر (إستثناء)ەكە (إستثناء مُنْقَطِع)بێ، ئەوانە حەرامن.

٢) ئنجا سەربڕین پێناسەی چۆنە لە شەرعدا؟

شەوكانیی لە تەفسیری خۆی (فتح القدير)[1] ئەم پێناسەیەی هێناوە، دەڵێ: (والتَذكِيةُ فِي الشَّرْعِ: عِبَارَةٌ عَنْ إِنْهَارِ الدَّمِ وَفَرْيِ الأَوْدَاجِ فِي الْمَذْبُوحِ، وَالنحْرِ فِي الْمَنْحُورِ، وَالعَقرِ فِي غَيْرِ الْمَقْدُورِ، مَقْرُونًا بِالقَصْدِ لِلَّهِ وَذكرِ اسْمِهِ عَلَيْهِ) واتە: سەربڕین لە شەرعدا بریتیە لە خوێن لێهێنانی ئەو ئاژەڵە كە سەردەبڕدرێ، وە بڕینی دەمارەكانی (واتە: ئەو دەمارانەی كە لە دەوروبەری ملن‌و خوێن دێنن‌و دەبەن) لە ئاژەڵێكدا كە سەردەبڕدرێ، یاخود (نَحر) دەكرێ، {نەحر: هەر بەمانای سەربڕین دێ، بەڵام بۆ حوشتر بەكاردەهێنرێ، وە (ذَبح): بۆ ڕەشە وڵاخو ئاژەڵی وردو پەلەوەرو ئەوانە بەكاردێ}، وە هەروەها لاق بڕین‌و خوێن لێهێنان لە ئاژەڵێكدا كە دەستەڵاتت بەسەری دانیە، {نێچیرێك ڕاو دەكەی، تیری لێدەدەی، چەقۆی تێدەگری، یاخود حوشترێك شێت بووە لە خەڵك، یان گایەك كە بۆیان ناگیرێ، چۆنی سەربڕن؟ تیغێكی لێدەدەن، یان تفەنگێكی لێدەدەن، ئەوانە هەموویان مادام خوێنی لێ بێ، بە سەربڕین لەقەڵەم دەدرێن} بە مەرجێك ئەو سەربڕینە، وە ئەو بریندارکردنە، هاوكاتبێ لەگەڵ ئەوە كە ناوی خوای لەسەر بهێنرێ.

هەڵبەتە هەندێكیش دەڵێن: ناوی خوا لەسەر هێنان سوننەتە، وە هەندێكیش دەڵێن: فەرزە، بەڵام كەسێك بە ئانقەست ناوی خوای لەسەر نەهێنێ، لەسەر ڕای زۆربەی زانایان ئەو شتە حەڵاڵ نیە بخورێ، چونكە بەئانقەست ناوی خوای لەسەر نەهێناوە، بەڵام ئەگەر بە لەبیرچوون بێ، زۆربەی زانایان بە ڕەوای دەزانن.

شایانی باسیشە باسی تێروتەسەلمان لەبارەی چۆنیەتی سەربڕین‌و حوكمی ناوی خوا لەسەر هێنانی سەربڕاوەوە لە بەرگی پێنجەمی ئەم تەفسیرەدا كردوە، لە كاتی تەفسیركردنی ئایەتەكانی (١١٨) و (١٢١) لە سووڕەتی (الأنعام)دا.

٣) ئنجا دەربارەی ئامێری سەربڕین، كە ئایا دەبێ چۆن بێ؟

---

١) ج٢، ص١٤.

دیسان زانایان ئەوەشیان باس كردوە، شەوكانیی دەڵێ: زۆربەی زانایان دەڵێن: (كُلُّ مَا أَنْهَرَ الدَّمَ وَفَرِيَ الأَوْدَاجَ فَهُوَ آلَةٌ لِلذَّكَاةِ مَا خَلا السِّنَ وَالعَظْم)، واتە: هەر شتێك خوێنی لێ بێنێ، وە دەمارەكان ببڕێ، ئەوە ئامێرە بۆ سەربڕین، جگە لە ددانو نینۆك. ئەویش لەبەرئەوەی فەرموودەی (صحیح)ی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوبارەوە هەیە، دەفەرموێ: ﴿مَا أَنْهَرَ الدَّمَ، وَذُكِرَ اسْمُ اللهِ، فَكُلْ لَيْسَ السِّنَّ وَالظُّفُرَ، وَسَأُحَدِّثُكَ أَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ، وَأَمَّا الظُّفُرُ فَمُدَى الْحَبَشَةِ﴾ (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٥٨٤٤)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٤٨٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٩٦٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٩١)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٤٩٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣١٧٨)، عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ ﷺ) واتە: هەر شتێك خوێن بێنێ لە ئاژەڵەكە، وە ناوی خواشی لەسەر بهێنرێ، بیخۆن، جگە لە ددانو نینۆك، وە ئێستا ئەوەتان بۆ ڕووندەكەمەوە: هەرچی ددانە بە ئێسقان لە قەڵەم دەدرێ، وە هەرچی نینۆكیشە ئەوە چەقۆی حەبەشەییەكانە. (الْمُدَى: جَمْعِ مِديَةَ وَهِيَ الشَّفْرَةُ الكَبِيرَة) (مُدى) كۆی (مِديَةَ)یە، بریتییە لە چەقۆی گەورە.

**مەسەلەی پازدەیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾، واتە: ئەوەی كە لەسەر بتو صەنەم، یاخود (نُصُب) سەردەبڕدرێ، ئێستا ئەوە ڕوون دەكەینەوە، كە مەبەست لە (نُصُب) چییە؟ (النُّصُبُ وَالنُّصْبُ، إِمَا جَمْعٌ وَاحِدُهُ نِصَابٌ، كَكُتُب وَكِتاب، أَو مُفرد جَمْعُهُ أنصَاب، كَعُنُقٌ وأَعنَاق، وقُفلُ وأقفَال، أَو جَمْعُ نَصيبٍ، كَمَا قَالَ الرّاغِبِ الأصفَهَانِيُّ)، واتە: (نُصُب) یان كۆیە تاكەكەی بریتییە لە (نِصَابٌ)، وەك: (كُتُب وَكِتاب)، (كُتُب) واتە: كتێبەكان، (كِتاب) واتە: یەك كتێب، یاخود هەر بۆخۆی (نُصُب) تاكە، بەڵام بە چی كۆدەكرێتەوە؟ بە (أَنصَاب)، (والأزلام والأنصاب)، وە (عُنُقُ والأَعنَاق)، (قُفلُ والأقفَال)، یاخود (نُصُب) كۆی (نَصِيب)ە، وەك ڕاغیبی ئەسفەهانیی گوتوویەتی.

وە خاوەنی (محاسن التأويل)[1] دەڵێ: (وَفي القاموسِ وشرحهِ: النُّصُبُ، كُلُّ مَا نُصِبَ وَجُعِلَ عَلَمَاً وَكُلّ ما نُصِبَ فَعُبِدَ مِن دونِ اللهِ تَعَالى، والأنصَابُ حِجَارَةٌ

١) محاسن التأويل ج:٦، ص ٣٩، ٤٠.

كَانَت حَوْلَ الكَعْبَةِ تُنْصَبُ فَيُهَلَّلُ عَلَيها وَيُذْبَحُ لِغَير اللهِ تَعَالى، وَقَالَ القُتَيْبي: النُّصُبُ صَنَمٌ أَو حَجَرٌ، وَكَانَتِ الْجَاهِلِيَّةِ تَنصِبُهُ وَتَذبَحُ عِنْدَهُ فَيَحمرُ بالدَّمِ وَمِنْهُ حَديث أبي ذَرٍ فـي إسلامِهِ، كَمَا وَرَدَ فـي صَحيح مُسْلِمٍ[1]: خَرَرْتُ مَغْشِيًّا عَلَيَّ ثُمَّ ارْتَفَعْتُ حِينَ ارْتَفَعْتُ كَأَنِّي نُصُبٌ أَحْمَرُ)، (جمال الدين القاسمي) دەڵێ: لە قامووس و لە شەرحەكەیدا هاتوە، (نُصُب) هەر شتێكە كە بچەقێنرێ، (وەك بەردێك)، وە بكرێ بە نیشانە، وە هەر شتێك دابنرێو بپەرسترێ، كە ئەوان عادەتیان وابوو لە دەوروبەری كەعبە دایاندەنانو {عەرەبە بتپەرستەكان دوو جۆرە بتو صەنەمیان هەبوون، جۆرێكیان لەسەر شێوەی ئینسان، یان لەسەر شێوەی باڵندە دروستیان دەكرد، جۆرێكیشیان هیچ شێوەی نەبوو، هەر بەردێك بوو، دایان نابوو} ، دەچوون ئاژەڵیان لە لایان سەردەبرین، دوایی خوێنەكەیان تێ هەڵدەسوونو سووریان دەكردن، بۆیە (قتیبي) دەڵێ: (نصب) صەنەمێكە، یاخود بەردێكە لە سەردەمی خەڵكی نەفامییدا دایان دەنا، دەیانچەقاند وە ئاژەڵیان لەلای سەردەبڕی، دوایی خوێنەكەیان تێ هەڵدەسوو و بە خوێن سوور دەچوو، وەك لە بەسەرهاتی ئەبو زەڕدا خوا لێی ڕازی بێ هاتوە كە بەسەرهاتی مسوڵمانبوونی خۆی دەگێڕێتەوە، لە سیاقی گێڕانەوەی بەسەرهاتەكەیدا دەڵێ: (خَرَرْتُ مَغْشِيًّا عَلَيَّ ثُمَّ ارْتَفَعْتُ حِينَ ارْتَفَعْتُ كَأَنِّي نُصُبٌ أَحْمَرُ) {باسی خۆی دەكات كە ئایەتی خوێندۆتەوە دوای كافرەكان زۆریان لێداوە، دەڵێ:} هێندەیان لێدام لە پەو ڕووكەوتمو لە هۆشی خۆم چووم، دوایی هەڵساممەوە وەك بەردی بە خوێن سووركراوم لێ هاتبوو، هێندەیان لێدام، هەموو لەشم لە خوێندا شەلاڵ بوو بوو، ئەوە لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە.

كەواتە: كە دەفەرموێ: ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾، یانی ئەو شتەی كە لەلای بەردێك، لە لای بتێك سەردەبڕدرێو خوێنەكەشی لەو بتە یان بەردە هەڵدەسوورێ، ئەوەش دیارە خواردنی قەدەغەیە.

**مەسەلەی شازدەیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِ﴾، واتە: ئەو

١) صَحيح مُسْلِم رقم: (١٣٢).

گۆشتەی کە دابەش بکەن بە (الأزلام) زەلەمەکان، (زَلَم) یان (زُلَم)، بە (الأزلام) کۆ دەبێتەوە، پێشتر باسمان کرد کە دارێك، تیرێکە، بەڵام نووکەکەی پێوە نیە، وە پەڕەکەشی پێوە نیە بۆ ئەوەی پێی بڕوا، بەکاریان دەهێنا بۆ دابەشکردنی شت، (٣) سێ بوون:

یەکێکیان لەسەری نووسرابوو (أَمَرَنِي رَبِّي)، یەکێکیان لەسەری نووسرابوو (نَهَانِي رَبِّي)، یەکێکیشیان هیچی لەسەر نەنووسرابوو، ئنجا کە گۆشتیان بەش دەکرد، یان لەسەر شتێك گرەویان دەکرد، بۆ وێنە: لەسەر ئاژەڵێك، ئاژەڵێکیان سەردەبڕی‌و دابەشیان دەکرد لەنێوان کۆمەڵە خەڵکێکدا دەچوونە لای کاهینێك، ئەو سێ دارەی دەکردنە توورەگەیەکەوەو دەیشڵەقاندن، یەکێکی دەردەهێنا، ئەگەر لەسەری نووسرابا (أَمَرَنِي رَبِّي) واتە: پەروەردگارم فەرمانی پێ‌کردووم، دەیگوت: تۆ بردووتەوە، وە ئەگەر ئەوەی دیکەیان بووایەو لەسەری نووسرابا (نَهَانِي رَبِّي) واتە: پەروەردگارم ڕێی لێگرتووم، دەیگوت: دۆڕاندت، وە ئەگەر ئەوەی سێیەمیان باو هیچی لەسەرنەبا، دەیگوت: دەبێ دووبارەی بکەمەوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِٱلْأَزْلَٰمِ﴾ (الأزلام) واتە: زەلەمەکان، ئەو سێ دارە بوون، کە بەو شێوەیە شتیان پێ دابەش کردوون، وەك چۆن ئێستا دەڵێن: یانسیب، کە ئەویش حەرامە، کاتی خۆی بەو شێوە سادەیە کردوویانەو، ئێستا دیارە چەندان شێوەی ئالۆزی وەرگرتوون، بەپێی تەکنۆلۆجیای ئەم ڕۆژگارو سەردەمە کە هەموویان حەرامن، مادام بەو شێوەیە بێ‌و بێتەوە سەر بەختو شانس، کەواتە: ﴿وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِٱلْأَزْلَٰمِ﴾، (أَي: طَلَبُ القَسْمِ وَالحُكْمُ بِهَا) واتە: بە هۆی ئەو زەڵەمانەوە دابەشکردنەکە بکرێ، (الأَزهَري) دەڵێ: (هُوَ طَلَبُ مَعرِفَةُ مَا قُسِمَ لَهُ مِنَ الخَيْرِ والشَّرِ مِمَّا لَمْ يُقْسَمُ لَهُ بِوَاسِطَةِ ضَرْبِ القِدَاحِ)(محاسن التأويل: ج٦، ص٤٠) دەڵێ: بریتیە لەوە کە تۆ بتەوێ بزانی لە خێرو شەڕ چیت بۆ دابەش کراوە، وە چت بۆ دابەش نەکراوە، بە هۆی (قِدَاح)ەوە، کە کۆی (قِدْح)ە، وە ئەو دارەیە کە باسم کرد.

ئنجا لەبارەی (الأزلام)ەوە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ هەیە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمَّا دَخَلَ الكَعبَةَ أَبَى أَنْ يَدْخُلَ الْبَيْتَ وَجَدَ إِبْرَاهِيمَ

وَإِسْمَاعِيلَ مُصَوَّرِين وَفِي أَيْدِيهِمَا الأَزْلاَمُ، فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ ﷺ: «قَاتَلَهُمُ اللهُ! وَاللهِ لَقَدْ عَلِمُوا مَا اسْتَقْسَمَا بِهَا قَطُّ»﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٠٩٣)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٦٤)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٢٩٢٠)}، واته: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ کاتێك چووە نێو کەعبە (واتە: لە ساڵی هەشتەمی کۆچیی دا) کە چووە نێو کەعبە، ئامادە نەبوو بچێتە نێو بەیتی حەڕام، چونکە ئیبراهیمو ئیسماعیلی بینی وێنەیان کێشرابوو لەسەر دیواری کەعبە، ئەزلامیان بەدەستەوە بوون، (واتە: ئەو سێ دارە)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوا بیانکوژێ، (واتە: خوا هاوبەش بۆ خوادانەرەکان بکوژێ) سوێند بە خوا ئەوان دەزانن کە ئیبراهیمو ئیسماعیل هەرگیز شتیان بەو زەلەمانە دابەش نەکردوە! {چونکە حەرامە}، ئینجا ئەم ڕستە قورئانییە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قومارو، ئەستێرە گرتنەوەو ئەوەی پێ دەگوترێ (رَمَل) کە لەسەر لم خەت دەکێشن، وە فاوەگرتنەوەو لەپەدەست خوێندنەوەو (عیافة) واتە: باڵندە هەڵفڕاندنو (طیرة) واتە: ڕەشبینیی کەسێك پژمی یان نەپژمی، هەموو ئەوانە قەدەغەنو نابێ هیچ حیسابێکیان لەسەر بکرێ، لەو بارەشەوە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ زۆرن، بۆ وێنە:

یەکەم: ﴿عَنْ قَطَنِ بْنِ قَبِيصَةَ عَنْ أَبِيهِ ﵁ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «الْعِيَافَةُ وَالطَّرْقُ وَالطِّيَرَةُ مِنَ الْجِبْتِ»﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٠٦٢٢)، وَالطَّبَرَانيُّ برقم: (٩٤١)، وَالنَّسَائِيُّ في الكبرى برقم: (١١١٠٨)، وَالبَيْهَقِيُّ برقم: (١٦٢٩٢)}، واتە: (قَطَنِ بْنِ قَبِيصَةَ) لە بابیەوە دەگێڕێتەوە کە گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە فەرموویەتی: بێگومان باڵندە هەڵفڕاندن، (وَالطَّرْقُ) واتە: لەسەر زەوی خەت کێشان یان لەسەر لم، (وَالطِّيَرَةُ) وە ڕەشبینیی {بە هۆی پژمینەوە، یان بە هۆی ئەوەوە کە شتێك بکەی بە نیشانە ئەگەر فلانکەس هات، ئەگەر ئافرەت هات، ئەگەر سەگێکی ڕەشت بینی، ئەگەر پشیلە هات، کە لە نێو هەندێ کۆمەڵگایاندا ئەو شتانەیان هەن}، ئەوانە لە (جِبْت)ن.

(جِبْت) یانی: بت پەرستیی، یان جۆرێکە لە بت پەرستی، بۆچی؟ چونکە تۆ دەتەوێ بەهۆی ئەو شتانەوە نادیار بزانی، نادیاریش هەر خوا دەیزانێ،

خـــوای بـــەرز دەفـــەرموێ: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ...﴿٦٥﴾﴾ النمل، واتە: بڵێ نادیار لە ئاسمانەکانو زەویدا جگە لە خوا کەس نایزانێ.

ئنجا ئایا (عیافة) چۆنە؟ ئەوانە ئەگەر ویستبایان سەفەرێك بکەن، مامەڵەیەك بکەن، شتێك بکەن، چۆن بزانن بیکەن یان نەیکەن؟ دەچوونە سەر هێلانەی باڵندەیەك، کۆتربا، کەوبا، هەر باڵندەیەك با، هەڵیان دەفراند، ئنجا ئەگەر بە لای ڕاستدا فڕیبایە، دەیانگوت: (تیامنوا)، واتە: بەرەکەتە، مادام بە لای ڕاستدا ڕۆیشتوە، وە ئەگەر بە لای چەپدا ڕۆیشتبووایە، دەیانگوت: (تَشَاءَموا) نەگبەتە، دیارە ئێستا قاوە گرتنەوە هەیە، لەپەدەست خوێندنەوە هەیە، لەسەر لمو زەوی خەت کێشانو شت هەیە، کە مەرج نیە لە نێو کوردەواریی خۆماندا ئەو شتانە هەبن، بەڵام لەنێو هەندێ گەلی دیکەدا هەن، ئەم قورئانەش بۆ هەموو گەلان هاتوە.

دووەم: هەروەها هەر لەوبارەوە، ئەم فەرموودەیەش هەیە: ﴿عَنْ بَعْض أزوَاجِ النَّبـِيِّ ﷺ رَضِيَ اللهُ عَنْهُن، عَنِ النَّبيّ ﷺ قَالَ: «مَنْ أتَى عَرَّافاً فَسَأَلَهُ عنْ شَيْءٍ فَصَدَّقَهُ، لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أرْبَعِينَ يَوماً»﴾ {أخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٥٧٨٢)}، واتە: یەکێك لە هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ خوا لێیان ڕازی بێ لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: هەر کەسێك بچێ بۆ لای فاڵچییەك (عَرَّافاً) (ئەوەی ئیددیعای ئەوە دەکات کە دەزانێ سبەینێ، چی ڕوودەدات، تۆ چیت لێدێ، ئەو شتە بکەی باشە، یان خراپە؟) وە پرسیاری شتێکی لێ بکاتو بڕواشی پێ بکات، ئەوە نوێژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیرێ. بگرە هەر چاکە کە یەکجاری کافریش نابێ، چونکە لەڕاستیدا هەر کەسێك پێی وابێ کە غەیری خوا غەیب دەزانێ، ئەوە مانای وایە هاوبەشی بۆ خوا داناوە، خوا دەفەرموێ: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ...﴿٦٥﴾﴾ النمل، واتە: بڵێ ئەوانەی لە ئاسمانەکانو زەویدان هیچیان نادیار نازانن، جگە لە خوا، تۆ پێت وابێ پیرەژنێك، قاوەگرەوەیەك، فاڵچییەك، غەیب دەزانێ! مانای

وایە سیفەتی خوات بۆ وی دانــاوەو ئــەوەش شیــركە، بــەڵام وا دیــارە بــەس نوێـژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیـرێو ئەوە سـزاكەیەتی.

سـێیەم: هەر لـەوبارەوە ئـەم فەرموودەیـەش هەیـە: ﴿عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: لاَ عَدْوَى وَلاَ طِيَرَةَ، وَيُعْجِبُنِي الْفَأْلُ، قَالُوا: وَمَا الْفَأْلُ قَالَ: كَلِمَةٌ طَيِّبَةٌ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٢٢٠٠)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٧٧٦)، عَنْ أبي هُرَيْرَة، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٢٤)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٣٩١٦)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٦١٥) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحيحٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٥٣٧)}، واتە: ئەنەسی كوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بــێ دەڵــێ: پێغــەمبەری خـوا ﷺ فـەرمووی: نەخۆشــی گرتنـەوە نیـە، ڕەش بینیــیو گــەش بینیــی نیـــە، (بــە هــۆی باڵنـــدەو بــە هــۆی پــژمینو وێنەكانیانــەوە)، وە سەرســامم بــە (فــأل) گوتیــان: (فــأل) چییـــە؟ فــەرمووی: قسـەیەكی باشـە.

جـا ئەوەتــان دەبـێ تۆزێـك بـۆ شــی بكەمـەوە: كـە دەفـەرموێ: (لاَ عَدْوَى) واتـە: نەخۆشـی گرتنـەوە نیـە، یـانی چـی؟ چـونكە هـەر پێغەمبـەری خـوا ﷺ بۆخـۆی فەرموویـەتی: ﴿فِرَّ مِنَ الْمَجْذُومِ فِرَارَكَ مِنَ الأَسَدِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٩٧٢٠)، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح}، واتە: لە گەڕ ڕابكە وەك چۆن لـە شـێر ڕادەكەی، ئەگەر شـێرت بـۆ بـێ ڕاناكــەی بۆئـەوەی نەتخـوا؟ ئــاوا خـۆت لـە كەســی گــەڕ دووربگـرە، (جَـذام) گـەڕیی، گولــیی نەخۆشــییەكی پیســی كوشـندەیە، ئێستا لەم سـەردەمو ڕۆژگـارەدا نیە، كەواتـە: كـە دەفـەرموێ: لێـی ڕابكـە! مانـای وایـە، لێـی دەگریەوە، لـەوێ وا دەفەرموێ، لێرەش وا دەفـەرموێ! بۆیـە ئـەگەر فەرمایشـــتەكانی پێغــەمبەر ﷺ هـەر بـە سـەركێڵـیی تەماشــا بكـرێن هەندێكــیان تێكـدەگــیـرێن، بەڵام كـە لێیـان وردبینـەوە ئەوجــار تێدەگــەین كـە ئـەو فەرمایشـتانە تێكناگیرێن، پێغەمبەری خوا لە لایــەك دەفەرموێ: لە چـنگ گەڕ ڕابكــە، چونكە ئەگەر لـە گـەڕ ڕابكــەی هــەر نەخۆشــییەكی دیكـەش مرۆڤـ بیگرێتـەوەو درم بــێ دەبــێ لـەویش ڕابكـەی، بە قیاس لەســەر ئــەو، لەوێـش دەفـەرموێ لــێ گرتنـــەوە نیــە، ئنجـا ئایـا ئەوە چۆنــە؟

زانایـان دەڵـێن: پێغەمبــەر ﷺ مەبەسـتی ئـەوە بـوو كـە ئـەو نەخۆشـییە بەبــێ

ئیرادەی خوا نەقڵ نابێ، لە نەخۆشەکەوە بۆ ساغەکە، چونکە کە پێغەمبەر ﷺ ئاوای فەرموو، گوتیان: ئەدی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی حوشترێك خرو (جرب) دەیگرێ (خروو جۆرە دەردێکە تووشی حوشتر دەبێ)، دوایی ئەوانی دیکە لێی دەگرنەوە؟ فەرمووی: ئەدی کێ حوشتری یەکەمی تووشی ئەو نەخۆشیی خرووە کردوە؟ مانای وایە بەبێ ئیرادەی خوا نایگرێتەوە، مەبەستی پێ ئەوە بووە، ئەگەرنا هەر پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: ﴿لاَ يُورِدَنَّ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحٍّ﴾ (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٩٢٥٢)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٧٧٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٧٥٢)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٩١١)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٥٤١)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦١١٥) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ)، واتە: با حوشتری ساغ لەگەڵ هی نەخۆش تێکەڵ نەکرێ، بۆئەوەی لێی نەگرێتەوە، کەواتە: فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ دەبێ لێیان وردبینەوە، کە دەفەرموێ لێی ناگرێتەوە، واتە: بەبێ ئیرادەی خوا لێی ناگرێتەوە، پێت وابێ ئەو حوشترە هەر بۆخۆی ئەوەی دیکە تووش دەکات، یان میکرۆبەکە هەر لەخۆڕا تووشی دەبێ، ئەگەر خوا نەیەوێ تووش نابێ، بەڵام سوننەتی خوا وایە کە ساغو نەخۆش، نەخۆشی درم (مُعدي) لێك دەگرنەوە، کەواتە: تۆ دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەی کە هی ساغ لەگەڵ هی نەخۆش تێکەڵ نەکرێ، وە ئینسانی ساغ لەگەڵ ئینسانی نەخۆش، ئەو جۆرە نەخۆشیانەی دەگرنەوە، نەخۆشییەك کە ناگرێتەوە، بۆ وێنە: سەرەتانە، ئەو نەخۆشییانەی کە درم نینو نەقڵ نابن، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئەوە خۆ لێپاراستنیان ناوێ.

ئەدی مەبەستی لە (فأل) چییە؟ مەبەستی لە گەشبینییە، پێغەمبەر ﷺ جاری وا هەبوو دەچوو بۆ شوێنێك کەسێکی دەبینی دەیفەرموو: ناوت چییە؟ پێی خۆش بوو ئەگەر گوتبای ناوم (رباح)ە، واتە: قازانج کردن، یان ناوم (یسار)ە، واتە: ئاسانیی، دەیفەروو: خوا سوودتان پێدەگەیەنێ، یان ئیشەکەتان بۆ ئاسان دەکات، بەڵام پێی ناخۆش بوو ئەگەر کەسێك ناوێکی خراپی بووبایە واتە: ناوێك کە مانایەکی خراپ بگەیەنێ، وە جاری وا هەبوو کە پێغەمبەر ﷺ هەندێ کەس ناوێکی هەبووایە مانای خراپی گەیاندبایە، ناوەکەی دەگۆڕی بە ناوێکی ئاسایی، بۆ وێنە: (بَرَّة) واتە: چاکەکار، ناوی ئافرەتانە، دوو سێ جار گۆڕیویەتی بۆ

(زەینەب)، وە هەروەها ناوی (عاصیة)ی گۆڕیوە بۆ (جمیلة)، (عاصیة) واتە: گوناهبار، (جمیلة)ش، واتە: جوان.

(إبن تیمیة) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: (والعَرَّافُ اسْم لِلْكَاهِنِ والـمُنَجِّمِ والرَّمَالِ ونَحوهِم مِمَّنْ يَتَكَلَّمُ فِي مَعْرِفَة الأمُور بهذِهِ الطرق)[1] پێناسەیەكی باشی (عراف) دەكات، دەڵێ: عەڕراف ناوە بۆ كاهین، (كاهین واتە: فاڵچیو كتێب گرەوە) ئەستێرەگرەوە، (ئێستا لە گۆڤارو ڕۆژنامەكاندا شت دەنووسن، ئەوە بەپێی ئەستێرەی فلان ئاوا دەبێو هەر كەسێك سەفەرێ بكات، وای لێ دێت، هەمووی درۆو دەلەسەیە، هیچی ئەسڵو ئەساسی نیە) وە لەم گرەوەو (رمّال)، وە وێنەیان ئەوانەی كە قسە دەكەن دەربارەی زانینی نادیار (غیب) لەو ڕێیانەوە وشەی (عراف) هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، ئەدی ئینسانی مسوڵمان كە بیەوێ بزانێ كارێك بكات، یان نەیكات، چیمان هەیە؟ (الإستخارة)مان هەیە، واتە: ڕاوێژكردن بە خوا، پرس كردن بە خوا، كە خوایە تۆ ئەو شتەت پێ چاكە بیكەم، یان پێت خراپە نەیكەم؟ جا (الإستخارة) چۆنە؟ بەم شێوەیە: ﴿عَنْ جَابِرٍ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُعَلِّمُنَا الإسْتِخَارَةَ فِي الأُمُورِ كَمَا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ، يَقُولُ: إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأمْرِ، فَلْيَركَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الفَرِيضَةِ، ثُمَّ ليقل: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ، وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ، وأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ العَظِيْمِ، فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلاَ أَقْدِرُ، وَتَعْلَمُ وَلاَ أَعْلَمُ، وَأَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ، اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي، أَوْ قَالَ: عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ، فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي، ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ، وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي، (أَوْ قَالَ): عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ؛ فَاصْرِفْهُ عَنِّي، وَاصْرِفْنِي عَنْهُ، وَاقْدُرْ لِيَ الخَيْرَ حَيْثُ كَانَ، ثُمَّ أَرْضِنِي بِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٢٢٠٠)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (١١٦٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٤٨٠)، وَالنَّسَائيُّ برقم: (٣٢٥٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٣٨٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٨٨٧)، وَقَالَ شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط البخاري}، واتە: جابیری كوڕی عەبدوڵلا خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ (كە هەردووكیان هاوەڵ بوون) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ

---

١) محاسن التأويل: ج٦، ص٤٣.

ئیستیخارەی لە ئیشوکاردا فێر دەکردین وەك چۆن سوورەتێکی لە قورئان فێر دەکردین، دەیفەموو: هەرکامێك لە ئێوە ویستی کارێك بکات، (بەڵام دیار نەبوو چاکە، یان خراپە، ئەمما کە شتەکە دیاربێ، بۆ وێنە: دەچی بۆ نوێژی جومعە، پێویست ناکات ئیستیخارەی بۆ بکەی، مانگی ڕەمەزان دێ، پێویست ناکات ئیستیخارەی بۆ بکەی، یان دەچی بۆ حەج، پێویست ناکات ئیستیخارەی بۆ بکەی، سەردانی نەخۆشێك دەکەی، ئەوانە ئیستیخارەیان ناوێ، چونکە ئەوانە خێرەکەیان دیارە، بەڵام سەوداو مامەڵەیەك دەکەی، دەتەوێ ژنێ بینی، دەتەوێ مامەڵەیەك بکەیو لەگەڵ کەسێك تێکەڵ بی، یان سەفەرێك دەکەی، نازانی بچی، نەچی، خێرە شەڕە؟ ئیستیخارە بۆ ئەو جۆرە کارانەیە)، با دوو ڕکات بکات جگە لە نوێژی فەڕز، (واتە: نوێژی فەڕز نەبێ کە نوێژی بەیانی بێ، یان نوێژی نیوەڕۆ، بەڵکو با دوو ڕکاتی سوننەت بەتایبەت بۆ ئەو مەبەستە بکات) دوایی بڵێ: ئەی خوایە! من بە زانیاریی خۆت داوای چاکەت لێ دەکەم، وە بە دەستەڵاتی خۆت داوای توانات لێ دەکەم، وە لە بەخششی مەزنی خۆت داوات لێ دەکەم، چونکە تۆ دەتوانیو، من ناتوانم، وە تۆ دەزانیو من نازانم، وە تۆ زانای هەموو نهێنیەکانی، ئەی خوایە! ئەگەر دەزانی ئەم کارەم (وە لەو کاتەدا ناوی کارەکەی دێنی بۆ وێنە: دەڵێ: ئەم سەفەرەم، ئەم سەودایەم، ئەم بازرگانییەم)، بۆ من چاکە، بۆ دینمو بۆ دنیاو بۆ ژیانمو بۆ دواڕۆژم، یاخود فەرمووی: ژیانی زوو تێپەڕمو دواییم، ئەوە بۆمی بڕیار بدەو بۆم ئاسان بکە، وە دوایی بەرەکەتی بۆ من تێبخە، وە ئەگەر دەزانی ئەو کارە بۆ دینمو دنیام، وە بۆ ژیانو گوزەرانم، وە بۆ سەرەنجامی کارم خراپە، ئەوە منی لێ لابدەو ئەویش لە من لابدە، وە پاشان هەر خێرو چاکەیەك کە بۆخۆت پێت باشە بۆم بڕیار بدەو منیشی پێ ڕازی بکە. کەواتە: مسوڵمانان بۆ کردنو نەکردنی هەر کارێك ئیستیخارەیان هەیەو ئەو شتانەی دیکە هەموویان هی نامسوڵمانانو شتی پووچو ئەفسانەییشن.

**مەسەلەی حەڤدەیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ﴾، ئا ئەوەتان فیسقە، (فِسق) واتە: لە ڕێی دەرچوون، یانی مایەی فاسیق بوونە، کە ئینسان وەختێك فاسیق دەبێ شایەدیی لێ وەرناگیرێ، وە ئینسان بە گوناهی گەورە نەبێ فاسیق

نابێ، گوناهی گەورەش هەر گوناهێکە کە سزای دنیایی لەسەربێ، یاخود هەڕەشەی قیامەتیی لەسەربێ، وەك پێشتریش باسمان کردوە، دەگونجێ لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌ﴾، مەبەستی پێی ئەوەبێ کە هەر کەسێك لەو یازدە (١١) جۆرە گۆشتە کە قەدەغە کراون، بخوات، ئەوە (فیسق)ەو، گوناهبارییەو، لە ڕێ دەرچوونە، وە دەشگونجێ مەبەستی ئەوەی دواییان بێ، کە دەفەرموێ: ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌ﴾، کە شت دابەش دەکەن بە هۆی زەلەمەکانەوە، ئەوەتان (فسق)ە، بۆچی؟ چونکە ئەوە لەڕاستیدا جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ زانیاری غەیب لە ڕێیەکی ناشەرعییەوە، کە ئەوەش ئینسانی پێ فاسیق دەبێ، وە سزایەکەی گەورەترە لە گوناهەکانی دی، وەك خواردنی گۆشتی بەرازو مردارەوەبوو و خوێنو سەربڕاو بۆ غەیری خوا، لەوانەش گەورەترە بۆچی؟ چونکە ئەوە زیان بە عەقیدە دەگەیەنێو پێچەوانەی خوا بەیەکگرتن (توحید)ە.

**مەسەلەی هەژدەیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمۡ فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِۚ﴾، ئەم ڕستەیە کە لە ئایەتی سێی سوورەتی (المائدة) دایە، واتە: ئەمڕۆ ئەوانەی بێبڕوان لە ئایینەکەی ئێوە نائومێد بوون، لێیان مەترسێنو لە من بترسێن، کە دەفەرموێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ﴾، واتە: ئەمڕۆ، بەڵام مەبەستی لە یەك ڕۆژی تایبەت نیە، بڵێ: ئەم ڕۆژە، واتە: ڕۆژێکی دیاریکراو، هەرچەندە ئەو ڕۆژە ڕۆژی ڕاوەستان بووە لە عەرەفاتو ڕۆژی جومعەش بووە، کە پێغەمبەر ﷺ وتاریکی بە گشتی داوە بۆ مسوڵمانان کە لە خزمەتیدا حەجیان کردوە، کە هەندێك دەڵێن: لەو کاتەدا ژمارەی هاوەڵانی بەڕێز سەد هەزار کەس بووە، هەندێك دەڵێن: سەدو بیست هەزار کەس بووە، بەڵام مەبەستم وشەی: ﴿ٱلۡيَوۡمَ﴾ە، کە بە مانای لەم ڕۆژگارەدا، لەم ماوە زەمەنییەدا دێ، ئیدی مەرج نیە تەنیا ڕۆژێکی گرتبێتەوە، واتە: لەو ماوەیەدا، ئەو ماوەیە کە ئایەتەکانی تێدا هاتوونە خوارێ،

ئەوانەی بێبڕوان لە ئایینەکەی ئێوە نائومێد بوون، کە دەفەرموێ: ﴿ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمۡ ﴾، ئەویش دوو واتای هەن:

أ/ واتە: نائومێدبوون کە هەڵیبوەشێننەوە، وە بگەڕێنەوە بۆ خواردنی ئەو شتانەی کە قەدەغەکراون، ئەو شتانەی پیسن، وەك: خوێنو مردارەوەبووو، گۆشتی بەرازو ... هتد، ئەوە واتایەکی، یانی: ئەمڕۆ ئەو ئایینو بەرنامەیەی ئێوە، ئەو حەڵاڵو حەرامەی ئێوە کە خوا ﷻ بۆی دیاریکردوون، وا چەسپیوە جارێکی دیکە بە ئەهلی کوفر هەڵناوەشێتەوە.

ب/ واتایەکی دیکەی ئەوەیە: کە ئەوانە نائومێد بوون لەوەی کە بەسەر دینەکەتاندا زاڵ بن، وە ئەو ئیسلامە کە خوا ﷻ ناردوویەتە خوار چەسپیوەو ناتوانن بەسەریدا زاڵ بن، واتە: ناتوانن بەسەر مسوڵمانانو بەسەر قەوارە سیاسییەکەیاندا زاڵ ببن، لەبەرئەوەی کە دەستەڵاتێکی تەواوی پەیداکردوە، وە دەشگونجێ هەردوو واتایەکە لە یەك کاتدا مەبەست بن.

**<u>مەسەلەی نۆزدەیەم</u>:** کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾، دیسان خوای پەروەردگار وشەی: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، واتە: ئەمڕۆ، دووبارە دەکاتەوە، بە مانای لەو ماوە زەمەنییەدا، ئنجا خوا سێ شتان دەفەرموێ:

یەکەم: ئایینەکەتانم بۆ تەواو کردن.

دووەم: نیعمەتی خۆمم لەسەرتان تەواو کردوە.

سێیەم: وە ئیسلامیشم بۆ بە بەرنامە پەسند کردوون.

کەواتە: سێ شتن، تەواوکردنی ئایین، تەواوکردنی نیعمەت، وە هەڵبژاردنی ئیسلام بە بەرنامە، سەرەتا دەڵێین: ئەم ئایەتە وەك لە پێناسەی ئەم سوورەتەشدا باسمان کرد، بگرە هەندێ دەڵێن: سوورەتەکەش هەمووی، بەڵام ڕەنگە ئەگەر هەموو سوورەتەکەش نەبووبێ، ئەم ئایەتەو زۆر لە ئایەتەکانی سوورەتی

(المائدة) لە ڕۆژی ڕاوەستان لە عەرەفات وە لە ساڵی دەیەمی کۆچیی دا کە پێغەمبەر ﷺ یەکەمینو دوایەمین حەجی کرد هاتوونە خوار، کە حەجەکەیان ناولێنا (حجة الوداع)، واتە: حەجی ماڵئاوایی، کە دیارە ئەو کاتە ئەو ناوەی لێ نەنراوە، بەڵکو دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ ناوی لێنراوە حەجی ماڵئاوایی، چونکە ئەو کاتە نەیانزانیوە کە ماڵئاوایی لە دنیایێ دەکات، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لە وتارەکەیدا ئاماژەیەکی پێداوە، ﴿لَعَلِّي لاَ أَلْقَاكُمْ بَعْدَ عَامِي هَذَا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤٥٩٣)، وَابْنُ مَاجَه برقم: (٣٠٢٣)، وَالدَّارِميُّ برقم: (٢٢٧)، وَالطَّبرانيُّ فِي (الكبير) برقم: (٧٧٧)، قَالَ حسين سليم أسد: إسناده حسن، وَصَحَّحَهُ الألباني}، واتە: ڕەنگە لە دوای ئەم ساڵەوە پێتان نەگەمەوە، واتە: ئاماژەیەك دەكات كە كۆچی دوایی دەکات، جا لەوبارەوە ئەم بەسەرهاتە هەیە: ﴿عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ جَاءَ رَجُلٌ مِنَ الْيَهُودِ إِلَى عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ فَقَالَ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ إِنَّكُمْ تَقْرَءُونَ آيَةً فِي كِتَابِكُمْ لَوْ عَلَيْنَا مَعْشَرَ الْيَهُودِ، نَزَلَتْ لاتَّخَذْنَا ذَلِكَ الْيَوْمَ عِيداً، قَالَ: وَأَيُّ آيَةٍ هِيَ؟ قَالَ: قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾، قَالَ: فَقَالَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ وَاللهِ إِنِّي لأَعْلَمُ الْيَوْمَ الَّذِي نَزَلَتْ فِيهِ عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَالسَّاعَةَ الَّتِي نَزَلَتْ فِيهَا عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ: عَشِيَّةَ عَرَفَةَ فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٨)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٤٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٤٤١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٠٤٣) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٠١٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٨٥)}، واتە: طاریقی کوڕی شیهاب دەڵێ: پیاوێك لە جوولەکەکان هاتە لای عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ، (کە ئەو کاتە دیارە گەورەی ئیمانداران و خەلیفەی مسوڵمانان بووە)، گوتی: ئەی گەورەی ئیمانداران! ئێوە ئایەتێك دەخوێننەوە لە کتێبەکەتاندا، کە ئەگەر بۆ سەر ئێمەی جوولەکە هاتبایە خوار، ئەو ڕۆژەمان دەکردە جەژن، پێی گوت: کامە ئایەتە؟ گوتی: ئەو قسەیەی خوا کە دەفەرموێ: ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواوکردنو چاکەی خۆم بە تەواویی لەگەڵ کردن، وە ئیسلامم بۆ بە بەرنامە پەسند کردوون، عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: سوێند بە خوا من ئەو ڕۆژە دەزانم کە ئەو ئایەتە دابەزییە سەر پێغەمبەر ﷺ: وە ئەو سەعاتەش کە تێیدا دابەزییە سەر

پێغەمبەری خوا ﷺ، ئێوارەی رۆژی عەرەفە لە رۆژی جومعەدا بوو {كە ئەوان دەڵێن: (عَشِيَّة) واتە: دوای نیوەڕۆ، بۆ زانیارییتان (بُكرَةً وَعَشِيَّة) كە (بُكرَةً) پێش نیوەڕۆیە، مەرج نیە ئیللا بەیانییەكەی بێ، (عَشِيَّة)یەش دوای نیوەڕۆیە، یانی كاتێك خۆر لە نێوەڕاستی ئاسمان لادەدا عەرەب پێی دەڵێن: (عَشِيَّة) مەرج نیە، ئیللا كەوتبێتە لای عیشایە، چونكە ڕاوەستان لە عەرەفات لە دوای نیوەڕۆیە تاكو ڕۆژ ئاوا دەبێ}.

## وردبوونەوەیەك لە ڕستەی (ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ...)

ئنجا با تۆزێ لەو سێ وشەیە وردبینەوە، كە دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾، یانی چی؟ زانایان سێ واتایان لێداونەوە، كە دەگونجێ هەرسێكیان لە یەك كاتدا مەبەست بن:

مانای یەكەمی: واتە: تەواوكردنی یاساكانی‌و فەرزەكانی بە شێوەیەك كە لە دوای وی هیچ حوكم‌و یاسایەكی دیكە، هیچ حەڵاڵ‌و حەرامی دیكە دانەبەزن، لەوبارەوە عەبدوڵلای كوڕی عەبباس خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: (لَمْ يَنزِلَ بَعْدَ هَذِهِ الآيةَ حَلالٌ وَلاحَرَامٌ) واتە: لە دوای ئەم ئایەتە هیچ ئایەتی دیكە دانەبەزیوون كە باسی حەڵاڵ‌و حەرامیان تێدابێ، ئەوە واتایەكی.

مانای دووەمی: واتە: لەوەو دوا شوێنەكانی حەج تێداكردن بۆ مسوڵمانان تەرخان دەكرێن، چۆڵ دەبن، وە تەنیا پێغەمبەری خوا ﷺ‌و مسوڵمانان حەج دەكەن، واتە: ئەو شوێنانەی كە مەناسیكی حەجیان تێدا دەكرێن، چونكە پێشتر هاوبەش بۆ خوادانەرەكانیش بەشداریی مسوڵمانانیان دەكرد لە حەجدا، بەڵام دوایی خوا ئەو ئایەتەی ناردە خوار: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُواْ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَٰذَا...﴿٢٨﴾﴾ التوبة، واتە: ئەی ئیمانداریینە! بێگومان موشریكەكان پیسن، (واتە: لە ڕووی

مەعنەوییەوە پیسن) لەم ساڵ بە دواوە نابێ توخنی مزگەوتی حەڕام بکەون، وەك پێشتر باسمان کرد.

مانای سێیەمی: واتە: خوا ﷻ دوژمنی لە کۆڵ کردوونەوە، وە وایکردووە کە مسوڵمانان بالادەست بن، وەك چۆن پادشایەك، دەستەلاتدارێك دەڵێ: (اليَوْمَ كَمُلَ لَنَا المُلْكُ) واتە: ئەمڕۆ دەستەلاتو حوکمڕانیی ئێمە تەواو بووە، ئەوە کاتێك دەستەلاتی بەسەر هەموو شوێنێکدا هەبێ، کەواتە: دەگونجێ مەبەست لە تەواو کردنی ئەوەبێ، وە دەشگونجێ مەبەست پێی هەرسێکیان بێ بەیەکەوە، ئنجا یەکێك بۆی هەیە بپرسێ: ئایا لە پێش ئەو ڕۆژەو ئەو کاتەدا، یانی پێش ئەوەی ئەم ئایەتە دابەزێ، دینی خوا ناتەواو بووە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾، ئەمڕۆ بەرنامەو ئایینەکەتانم بۆ تەواو کردوون، ئایا پێشێ ناتەواو بووە؟ وەلامەکەی ئەوەیە: کە بە نسبەت پێشێ تەواو بووە، بەلام بە نسبەت کۆتا قۆناغی تەواو نەبووەو ماویەتی، بەلام بە نسبەت قۆناغی خۆیەوە تەواو بووە، واتە: لە هەر کام لە قۆناغەکاندا کە دینداریی کراوە، تەواو بووە، ئەو دیندارییەی کە کراوە تەواو بووە، چونکە لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئایا ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە شەهید بوون پێش ماڵئاوایی (حَجَّةُ الوَدَاعِ)و وەفاتیان فەرمووە، ئایا لەبەر ئەوەی دینەکە تەواو نەکراوە، دینداریيەکەیان ناتەواو بووە؟ بێگومان نەخێر، چونکە خوای بەرز تا ئەو کاتە بۆ وێنە: جەنگی بەدر، تەنیا ئەوەندە ئایەتەی ناردوونە خوار، وە مادام مسوڵمانان بەو ئایەتانەوە پابەند بوونو بەو حوکمانەوە پابەند بوون، کەواتە: دینداریيەکەیان تەواو بووە، بە نسبەت سەردەمی خۆیانەوە، وە بە نسبەت دوای خۆیانەوە کە موکەللەف نەکراون، چونکە جارێ ئەو ئایەتانە نەهاتوونە خوارێ، ئەو حوکمانە نەهاتوونە خوارێ، دیسان دینداریيەکەیان بە ناتەواو دانانرێ، واتە: چ بە نسبەت دوای خۆیانەوەو، چ بە نسبەت سەردەمی خۆشیانەوە، دینداریيەکەیان بە تەواو دادەنرێ.

ئنجا بەنسبەت ئەو ڕستەیەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي﴾، ئەویش دیسان سێ واتای لێوەردەگیرێن:

مانـای یەكـەمی/ واتـە: دیـنو شـــەریعەتم بـۆ تـەواو كـردوون، بـە تـەواویی حـەڵاڵو حەرامـەكان هـەموو دابـەزێنراون، كـە دیـارە هـیچ نیعمـەتێكیش لـە نیعمـەتی ئیســلام گـەورەتر نیـە، یـانی: كـە دەفـەرموێ: ﴿وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي﴾، واتـە: مەبەست پێی نیعمەتی ئیسلامە، كە شـەریعەت تـەواو بـووەو یاسـاو حوكمەكـان هەموویـان دابەزیوون.

مانـای دووەمـی/ ئیســلام تـەواو باڵادەسـت بـووەو مەككـە ئـازاد كـراوە، دەسـتەڵاتی ئیسلام هەموو شـوێنەكانی گرتۆتەوە، واتە: نیوە دوورگـەی عەرەبی.

مانـای سـێیەمی/ ئـەو بەڵێنـەی كـە خـوا پێـی داون كـە لـە سـوورەتی (البقـرة)دا دەفەرموێ: ﴿وَلِأُتِمَّ نِعۡمَتِي عَلَيۡكُمۡ ١٥٠﴾، بۆ ئەوەی چاكـەی خـۆم لەسـەر ئێـوە تـەواو بكـــەم، ئـەو بەڵـــێنەی بـۆ هێناونـە دی، وە ئـەو نیعمـەتو چـــاكەیەی بەســـەردا تـەواوكردوون كـە بریتـی بـووە، لـەوەی بۆخۆیـان لەسـەر پێـی خۆیـان بووەسـتنو خـاوەنی بڕیـاری خۆیـان بـن، لـە ژێـر هەیمەنـــەو دەسـتەڵاتی كەسـدا نەبـنو، ئەو ناوچـانە هەموویـان بخـەنە ژێر ڕكێفی ئیسـلامەوە.

وە بەنسبەت ئـەو ڕسـتەیەوە كـە دەفـەرموێ: ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾، ئـەویش زانایـان ئاوایـان لێكداوەتـەوە، (إِخْتَرتـه لَكُـمِ من بـينَ الأديَـان والإسلام كَـانَ مَرضـياً للّٰهِ مُنذ القدم ولكن الـمعنيَّ بـهِ فـي الآيـة الصـفة التي هو بها اليوم وهـي نهاية الكمال والبلـوغ به أقصى الدرجـات)، واتە: لە نێـو بەرنامەكانـدا ئیسـلامم بـۆ هەڵبژاردوون، ئیسلامیش لەوەو پێش هەر جێگـەی ڕەزامەنـدیی خـواو پەسـند كـراو بووە لە لای خوا، بەڵام ئەدی مەبەسـت چییە كـە دەفەرموێ: لـەو ڕۆژەدا ئیسـلامم بە بەرنامە بۆ پەسند كردوون؟ واتە: بەو سیفەتەی ئێسـتا لـە سـەریەتی كـە هـەموو شــەریعەت دابــەزیوە، هــەموو حــەڵاڵو حەرامــەكان، هـــەموو ئــەمرو نەهییــەكان دابەزیون، بەو سیفەتە بە تـەواویی جێگـای ڕەزامەنـدیی خوایـــە، واتـە: هـەر كەسـێك بەو سیفەتە ئیسـلام وەربگـرێو قبـووڵی بكـاتو پێـوەی پابەنـدبێ، ئـەوە مانـای وایـە دینێكـی تـــەواوو پەســـندكراوەو گەیشـــتۆتە لووتكـــەی پەســـندیی لـــە لای خـــوای پــەروەردگار، وە هەڵبــژاردوەو تەبــەننیی كــردوە، لەوبــارەوەش ئــەم فەرموودەیــە

هەیــــە: ﴿عَـنْ جَـابِرِ بْـنِ عَبْـدِ اللهِ ﵁ يَقُـولُ: سَـمِعْتُ رَسُـولَ اللهِ ﷺ يَقُـولُ: قَـالَ جبريـلُ (عَلَيْـهِ السَّــلاَم) يَقُـولُ: قَـالَ اللهُ تَعَـالَى: هَـذَا دِيـن ارتضـيتهُ لِنَفْسِـي وَلَـنْ يُصْلِحهُ إِلاَّ السَّخَاءُ وَحُسْنُ الْخُلُقِ ألا فَـأَكرمُوهُ بِهِمَـا مَـا صَحِبْتُموهُ﴾ {أَخْرَجَـهُ البَغَوي فـي تَفسيره، وَالطَّبَرَاني فـي (الأوسط) عـن جابر، وبمعناه أيضاً عـن عِمْـرَان بْـنِ حُصَـين، وَذَكَـرَهُ الْمُنـذِرِي بصـيغَة التضـعيف فـي الترغيـب والترهيـب، وقـال الـهيثمي: "رواه الطبرانـي، وفيـه عمـرو بـن الحصـين العقيلـي، وهـو مـتروك فـي (مجمـع الزوائـد)، وَقَـال الألبـاني: باطـل، (سلسـلة الأحاديـث الضـعيفة) بـرقم: (٣٣١٧)} [(١)]، واتە: جابـیری كوڕی عەبدوڵـلا خـوا لـە خـۆیو بـابی ڕازی بـێ، دەڵــێ: گوێـــم لـــە پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ بـــوو دەیفـــەرموو: جـبــریل ســـەلامی لەســـەر فەرموویەتی: خوای بەرز دەفەرموێ: ئەم دینەم بۆخۆم پەسند كـردووەو هـیچ شــتێك شـایسـتەی ئەم دینە نیە جگە لـە ســەخاوەتو ڕەوشــتی بـەرزو جوان، ئنجـا ئێـوە ڕێزی ئەم دینــە بگـرن، بە ســەخاوەتو بـە ڕەوشــتی بـەرزو جــوان، هەتــا هاوڕای بـنو لەگـەڵی دابـن، واتـە: ئـەم دینـە، ئـەم ئیسـلامەتییە، تـەنیا سـەخاوەتی لەگـەڵ دەگونجـێو ڕەوشـتی بـەرزو جـوانی لەگـەڵ دەگونجـێ، كـە سـەخاوەتیش یەكێكـە لـە ڕەوشـتە جوانـەكان، بۆیـە هـەتا خۆتـان بـە مسـوڵمان دابنـێن، ســەخی بـنو ڕەوشت بـەرزو جـــوان بـن، بـەوە ڕێـز لـە دینەكـــەتان دەنێـــن، واتـە: چـرووكیـیو ڕەوشـــت دزێــوییو ناقــۆڵایی دینەكەتـــان ناشـــیرین دەكـــەن، وە ئـــەوە دەكاتــە بێـرێزیــــی بەرانبــەر بەو دینــە كە خــۆت بـە شــوێنكەوتووی دەزانـی، كـە پێچــەوانەی ئـەوەی دیــن فەرمانی پێدەكـات لە تۆدا هەیە لە سـیفەتی خراپ.

## وەڵامی پرسیارێكی گرنگ

یەكـێك بـۆی هەیــە بپرسـێ: باشـە كـە خـوا دەفـەرموێ: دینــم تـەواو كـردووە، نیعمەتی خۆم بـە تـەواویی بەســەردا ڕشـتوون، وە ئیسـلامم بـە بەرنامـە بـۆ پەسـند كردوون، باشــە كوا خۆ ئەو ئایەتــانەی كە لـە قورئــاندا هـــەن كە شـــەش هـــەزارو

(١) ئەگەر لە ڕووی سەنەدیشــەوە بێهێـز بێ، بەڵام مانایەكەی ڕاسـتو بێ گرێیـە، بۆیە هێشـتمەوە.

دوو سەدو سیو شەش ئایەتن، وە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ، سنووردارن، ئنجا ئایا لە حاڵێکدا کە ئایەتەکانو فەرمایشتەکان سنووردارن، چۆن دەگونجێ یاساو بەرنامەو چارەسەری هەموو ئەو گرفتو کێشانە، لەو ئایەتو لەو فەرمایشتە سنووردارو ژمێردراوانە بهێندرێنە دەرێ؟ واتە: ئایەتەکان سنووردارنو ژمێردراون، بەڵام ڕووداوەکان بێ سنوورن، گرفتو کێشەکان بێ سنوورن، ئەو ئایەتە سنووردارانەو ئەو فەرمایشتە ژمێردراوانە چۆن فریای ئەو هەموو گۆڕانکارییو بەسەرهاتو شتانە دەکەون کە یاسای جۆراوجۆریان دەوێن؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: خوای کاربەجێ دینەکەی وادانـاوە کۆمەڵێکی زۆر یاسای تێدان، کە ئایەتو فەرمایشتەکان دەقیان لەسەر دەکەن، وە کۆمەڵێکی زۆریش یاسایان لێ هەڵدەهێنجرێن لە ڕێی قیاسەوە، وە لە ڕێی ئیجماعەوەو لەڕێی ئەو بنچینە شەرعییانەی وەك: (العـرف)و (الإسْتِصْحَابُ)و (الإسْتِحْسَان)و (المَصْلَحَة المُرسَلَة)و... هتد، کەواتە: قورئانو سوننەت بەشی هەموو بەشەریەت دەکەن، نەك تەنیا بە دەقی ئایەت، بەڵکو بەو هەڵهێنجرانی یاساو بنچینانەش کە لێیان هەڵدەهێنجرێن، بۆیەش زانایان ژمارەیەکی زۆر بنچینەیان دەرهێناون، کە پێیان دەگوترێ: (القَوَاعِدَ الشَّرْعِيَّةَ)، ئنجا ئەوانیش دیسان دوو جۆرن: (القَوَاعِدِ الفِقْهية)، (القَوَاعِدِ الأصولية) کە دیارە هەر بنچینەیەکی شەرعیی دەگونجێ کۆمەڵێکی زۆر کێشەو گرفتی پێ چارەسەر بکرێن، وە دەگونجێ زۆر یاساو بڕیاری لێ دەربهێنرێن.

**مەسەلەی بیستەم:** کە دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە خوای بەرز لە نێو باسی حەڵاڵو حەرامی گۆشتو خواردنەکاندا، ئەوە چۆنە ئەو ئایەتەی هێناوە: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ چونکە دوایی دێتەوە سەر باسی پێشێ، دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، یانی: ئەو سێ ڕستەیەی

پێشەوە، وەك بڵێی بابەتێكی نەگونجاوبن لەگەڵ ئەو بابەتەدا كە باس دەكرێ، چونكە دوایی دێتەوە سەر باسی پێشیو دەفەرموێ: هەر كەسێك لە برسێتییدا تێكگیراو ناچار بوو بێئەوەی مەبەستی پێ گوناهباریی بێو بێئەوەی ئارەزووی خواردنی حەرامی هەبێ، ئەوە خوا لێبوردەی بە بەزەیی یە، واتە: بۆی هەیە لەو یازدە جۆرە گۆشتەی كە باسمان كردن بخوات، كە لە ئەسڵدا لێی قەدەغەن، بەڵام ئەگەر لێیان نەخوات لە برسان بمرێ، جا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: هۆی بوونی ئەو سێ ڕستە لەم شوێنەدا ئەوەیە: كە خوای زاناو شارەزا دەیەوێ تێمانبگەیەنێ كە ئەو دینە تەواوە نوقتەی لەسەر پیت داناوەو بێگومان گرنگترین شتیش لە ژیانی بەشەردا بریتیە لە خواردنو خواردنەوەو حەڵاڵو حەرام، حەڵاڵو حەرام بە گشتیو خواردنو خواردنەوە بەتایبەت، چونكە ئەوە گرنگترین شتە لە ژیانی ئینساندا، ئینسان بەبێ خواردنو خواردنەوە ناژی، ئنجا مەسەلەی گۆشتو مامەڵەكردن لەگەڵ ئاژەڵو پەڕەوردا كە بەشی سەرەكی خواردنو خۆراك پێكدێنن، مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، بۆیە خوا ﷻ خستوویەتە نێو ئەو ڕستەیە كە باسی تەواویی دین، وە تەواوی نیعمەتی خۆی، وە هەڵبژاردنی ئیسلام بە بەرنامەی خۆی دەكات، بۆیەش خستوویەتە نێو ئەوانەوە، تاكو بزانین كاتێك ئێمە بە تەواویی بە دوای ئیسلام دەكەوین، كە پابەندبین بە هەموو حەڵاڵو حەرامەكانیەوە، چ لە بواری خواردنو خواردنەوەدا كە گرنگترین شتە لە ژیانی ئینساندا، وە چ لە بوارەكانی دیكەدا، وە باسی هاوسەرگیرییش دەكات، چونكە ئینسان بە دوو شتان ژیانی بەردەوام دەبێ، بە خواردنو خواردنەوە، پاشان بە هاوسەرگیریی، كە ئەوەی دووەمیان بۆ ئەوەیە كە ئینسان وەچەو نەوەی بەردەوام بێ، بۆیە خوا ﷻ ئەو سێ ڕستەیەی خستۆتە نێوان ئەو بابەتەوە، ئنجا لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، هەر كەسێك تێگیراو ناچار بوو (مخمصة: واتە: برسێتی، أخمص: كەسێكە كە زگی بە پشتیەوە نووسابێتەوە لە برسان)، بێئەوەی كە ئارەزووی چووبێتە گۆشتی بەرازو بیكاتە بیانوو، یان كەیفی چووبێتە مردارەوە بوو، یان كەیفی چووبێتە خوێن، یان كەیفی چووبێتە خواردنی سەربڕاو بۆ غەیری خوا، كە هەر ئارەزووی لێ بێو برسیەتی بكاتە بیانوو، نەخێر، بەڵكو هەر بە

جیددیی برسی بێو ئەگەر لێشی نەخوات بمرێ، ئەوە ئەگەر لە هەركام لەو یازدە جۆرانە بخوات، مادام تێگیرابێو ناچاربووبێ، خوا لەگەڵی لێبوردەو بە بەزەیی یە، ئنجا لەوبارەوە ئەم دوو فەرمووده هەن:

فەرمایشتی یەكەم: ﴿عَنْ اِبْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اَللهِ ﷺ إِنَّ اَللهَ يُحِبُّ أَنْ تُؤْتَى رُخَصُهُ، كَمَا يَكْرَهُ أَنْ تُؤْتَى مَعْصِيَتُهُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ برقم: (٥٨٦٦)، اِبْنُ خُزَيْمَةَ برقم: (٩٥٠)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٧٤٢)، وَصَحَّحَهُ، وَصَحَّحَهُ الألباني في (إِرواء الغليل) برقم: (٥٦٤)}، واتە: عەبدوڵلای كوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بێگومان خوا حەز دەكات مۆڵەتی لێوەربگیرێن، وەك چۆن خوا پێی ناخۆشە سەرپێچیی بكرێ، بۆیە زانایان دەڵێن: دینداریی تەواوو تەقوا لەوەدا نیە كە ئینسان هەمیشە ئەوە بكات كە زەحمەتە، بۆ وێنە: كەسێك زۆر نەخۆشە، ڕۆژوونەگرتن مۆڵەتێكە كە خوا پێی داوە، كەچی بڵێ: نەخێر هەر بەڕۆژوو دەبم، چونكە تەقوا وایە!! نا مەرج نیە، یان كەسێك لە سەفەرێیە، سەفەرەكەی وایە كە ئەگەر ڕۆژوو نەشكێنێ، زۆر تووشی نارەحەتیی دەبێ، یاخود ئەو ئەركەی كە لەسەر شانیەتی لەو سەفەرەدا بۆی ئەنجام نادرێ، ئایا تەقوا وایە هەر بەڕۆژوو بێ؟ نا، بەڵكو تەقوا وایە بیشكێنی، جارێك پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەمەزان بوو لە سەفەرێكدا هەموو بەڕۆژوو بوون، دوایی فەرمووی: ئاوم بۆ بێنن، ئاویان بۆ هێنا، ئاوەكەی خواردەوە لەبەرچاوی هەمووان، بۆئەوەی بزانن بەڕۆژوو نیە، دوایی هەندێكیان هەر بەڕۆژوو بوون، هەواڵیان پێدا گوتیان: ئەوانە هەر ڕۆژوویان نەشكاندوەو زۆریش هیلاك بوو ون، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿أُولَئِكَ الْعُصَاةُ أُولَئِكَ الْعُصَاةُ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ (٢٦٠٥)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٧١٠)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٢٦٣)، وَابْنُ خُزَيْمَةَ برقم: (٢٠١٩) وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٧٠٦)، عَنْ جَابِر رَضِيَ اللهُ عَنْهُ}، واتە: ئەوانە سەرپێچیی كارن، ئەوانە سەرپێچیی كارن، جارێكی دیكە لە سەفەرێكی دیكەدا دیارە ڕەمەزان نەبووە، هاوەڵان هەندێكیان بەڕۆژوو بوون، هەندێكیان بەڕۆژوو نەبوون، بەڵام ڕۆژووی سوننەت، ئەوانەی كە بەڕۆژوو نەبوون سێبەریان سازكرد بۆ ئەوانی دیكەو خواردنیان سازكردو ئیشو خزمەتی ئەوانی دیكەشیان كرد، چونكە ئەوانەی كە بەڕۆژوو بوون دیاربوو زۆر هیلاك بوون، تینوو بوون، زۆر گەرما بوو،

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿ذَهَبَ الْمُفْطِرُونَ الْيَوْمَ بِالأَجْرِ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٢٨٩٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٦١٧)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٢٨٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٣٥٥٩) عَن أَنَسٍ رضي الله عنه}، واتە: ئەمڕۆ ئەوانەی بێ ڕۆژوو بوون، پاداشتەكە هەمووی بۆ ئەوان بوو، واتە: خێریان زیاتر گەیشتێ لە بەڕۆژووەكان، چونكە خزمەتی وانیشیان كرد، مرۆڤ كە بەڕۆژوو بوو خزمەتی خۆشی پێ ناكرێ لە تینوان، ئنجا لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە، زۆرجار مسوڵمانان وادەزانن ئیللا دەبێ لای زەحمەت بگرن، پێیان وایە تەقوا ئەوەیە كە لای زەحمەتی بگرن! نەخێر، مەرج نیە، خوا پێی خۆشە مۆڵەتەكانیشی لێ وەربگیرێن، بەڵكو جاری وایە مۆڵەت وەرگرتنەكە پێویست دەبێ، ئەگەر فەرزێك پەكی لەسەر بكەوێ، بۆ وێنە: كابرا دەچێ بۆ جەنگو بەڕۆژووشە، ئەگەر ڕۆژووەكەی نەشكێنێ، جەنگەكەی بۆ ناكرێو دوژمن زەفەری پێ دەبات، ئەوە لەسەری فەرزە بیشكێنێ، بۆچی؟ چونكە لەو حاڵەتەدا جەنگ بردنەوەكە خێرترە لەڕۆژوو تەواو كردنەكە، ئەگەر جەنگەكە بەرێتەوە، هەموو مسوڵمانان قازانج دەكەن، بەڵام ئەگەر ڕۆژووەكەی تەواو بكات، بەس بۆ خۆی قازانجی كردوە، وە ڕەنگە بە هۆی تەواوكردنی ڕۆژووەكەی خۆیەوە زەرەر بە مسوڵمانان بگاتو، مسوڵمانان تێ بشكێن، وە ئەگەر هەموویان بەڕۆژووبن پەكیان دەكەوێ، بەڵێ دەبێ ئینسان چاك لە دین تێبگات ئەوجار دەتوانێ بە شێوەیەكی ڕاست پێوەی پابەندبێ، بەڵام ئەوە هەر بە وشكە تەقوایی نابێ، كەسی وا هەیە یەك ئایەت دێنێ، یەك حەدیس دێنێو تەنیا ئاگای لەیەك لایەن هەیە، بۆ وێنە بەس ئاگای لە ڕۆژووەكە هەیە، نەخێر، دەبێ ئاگات لە هەموو لایەنەكان هەبێ.

فەرمایشتی دووەم: ﴿عَنْ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: مَنْ لَمْ يَقْبَلْ رُخْصَةَ اللهِ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الإِثْمِ مِثْلَ جِبَالِ عَرَفَةَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ برقم: (٥٣٩٢)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده ضعيف، وَضَعَّفَهُ الألباني في (السلسلة الضعيفة) رقم: (١٩٤٩)}[1]، واتە: عەبدوڵلای كوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: هەر

١) ئەمیش ماناكەی ڕاستو تەواوە هەرچەندە سەنەدەكەی بێهێزە.

کەسێك مۆڵەتی خوا وەرنەگرێ، هێندەی گوناح دەگاتێ بە قەد کێوی عەرەفات، ئەوە وا پێدەچێ لەگەڵ ئەو حاڵەتە بێ، کە من باسم کرد، کەسێك فەرزێکی گەورەی کەوتۆتە سەر شانو بە ڕۆژووشە، ئەگەر ڕۆژووەکەی تەواو بکات فەرزەکەی بۆ جێبەجێ ناکرێ، جا جەنگو جیهادە، کارو کەسابەتو رزقی حەڵاڵ پەیداکردنە بۆ ماڵو خێزان ... هتد، کە مەبەستم زیاتر ڕۆژووی سوننەت لەو حاڵەتەدا ئەگەر کەسێك مۆڵەتی خوا وەرنەگرێ، کە ئەرکێکی گەورەی شەرعیی پەکی لەسەری کەوتوەو، وە بەبێ شکاندنی ڕۆژووەکانیش جێبەجێ ناکرێ، لەو حاڵەتەدا ئەگەر کابرا هەر نەیشکێنێ، ئەوە بە قەد کێوی عەرەفات گوناهی کەوتۆتە سەر شانی، با وا نەزانێ خێری زۆری گەیوەتێ.

وە بە نسبەت ئەو ڕستەیەوە کە دەفەرموێ: ﴿غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ﴾، لە سوورەتی (البقرة) دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ﴾، وە لە شوێنێکی دیکەشدا دەفەرموێ: ﴿غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ﴾، ئنجا ئەمە یانی چی؟ ﴿غَيۡرَ بَاغٖ﴾، واتە: ئارەزووی خواردنی نەبێو مەبەستی خواردن نەبێ ﴿وَلَا عَادٖ﴾، واتە: لە ئەندازەی پێویست تێنەپەڕێنێ، ئنجا خوا لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ﴾، هەردووکی کۆکردوونەوە، مەیل نەکات بەلای گوناهدا، چ بە هۆی ئەوەوە کە ئارەزووی خواردنی حەرامی هەبێ، وە چ بە هۆی ئەوەوە کە تێیپەڕێنێ لەو ئەندازەی کە پەکی لەسەر کەوتوە، یانی: کە بە چوار پێنج پاروەوان لە مردنێ دەربازی دەبێ، نەچێ هەنگلانی لەسەر دابنێو تێر بخوات، یان بە ژەمێك دەربازی دەبێ، با نەچێ سێ ژەمانی لێبخوات، با تێنەپەڕێنێ با مۆڵەتیش بێ، وە با لەڕووی ئارەزووەو رەغبەتیشەوە لێی نەخوات، بەڵکو لە ڕووی ناچارییو پێویستی پێ بوونی تەواوەوە، لێی بخوات.

**مەسەلەی بیستو یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمۡۖ قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ﴾، پرسیارت لێ دەکەن چییان بۆ حەڵاڵ کراوە؟ بفەرموو: شتە

خۆش و بەتام و بەسوودەكانتان بۆ حەڵاڵ كراون.

خوشك و برایانی خۆشەویست !

شەریعەت هەموو ئەو شتانەی كە خۆش و بە تامن، بەڵام بە سوودن، حەڵاڵی كردوون، وە هەموو ئەو شتانەی كە پیس و خراپ و زیانبەخشن، قەدەغەی كردوون، وەك فەرموویەتی: ﴿...وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ...﴿١٥٧﴾﴾ الأعراف، هیچ شتێك نیە ئیسلام قەدەغەی كردبێ، پیس و زیان بەخش نەبێ، وە هیچ شتێك نیە ئیسلام حەڵاڵی كردبێ، چاك و سوودبەخش نەبێ، ئەوە بنچینەیە كە لێی بكۆڵینەوە، ئاوا دەردەچێ، لە سوورەتی (الأعراف) ئایەتی ژمارە (١٥٧)دا خوای پەروەردگار لە پێناسەی پێغەمبەردا ﷺ دەفەرموێ: ﴿...وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ...﴿١٥٧﴾﴾، واتە: هەرچی سوودبەخش و بەتام و خۆشە، بۆیان حەڵاڵ دەكات، وە هەرچی زیانبەخش و پیس و خراپە، لێیان قەدەغە دەكات، ئەگەر تەماشا بكەی هەموو ڕێپێدراوەكان لە شەریعەتدا چاك و سوودبەخشن، وە هەموو قەدەغەكراوەكان پیس و زیانبەخشن، جا هەندێك لە زانایان گوتوویانە: وشەی (طَيِّبَات) واتە: حەڵاڵەكان، بەڵام ئەوە هەڵەیە، بۆچی؟ چونكە ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾، ئەگەر مەبەست پێی حەڵاڵ بێ، یانی: (يُحلُّ لَهُمُ الحَلال) حەڵاڵەكانیان بۆ حەڵاڵ دەكات، كە دیارە حەڵاڵ هەر حەڵاڵە، نا (طَيِّبَات) هەر وشەی (طَيِّب) لە زمانی عەرەبیدا، یانی: شتی خۆش، دەگوترێ: (صَوْتُ طَيِّب) دەنگی خۆش، دەگوترێ: (رِيحٌ طَيِّب) بۆنی خۆش، دەگوترێ: (طَعَامُ طَيِّب) خواردنی خۆش، دەگوترێ: (أرضُ طَيِّبَة) ئەرزێكی بە پیت، دەگوترێ: (شَخْصٌ طَيِّب) ئینسانێكی پاك و چاك، خوا فەرموویەتی: (الطَيِّبَاتُ للطَيِّبِين)، واتە: ئافرەتانی پاك و چاك بۆ پیاوانی پاك و چاكن.

**مەسەلەی بیست و دووەم**: دێتە سەر باسی ئەوە كە ئایا ئەو شتانەی پاك و چاك و سوودبەخشن لە خواردنەكان، چین؟ دەفەرموێ: ﴿قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ﴾،

واتە: بلّێ: خواردنە چاكو خۆشەكانتان بۆ حەڵاڵ كراون، كەواتە: هەرچی لە ڕووی پزیشكییەوە، لە ڕووی زانستییەوە دەركەوت سوودبەخشەو بۆ مرۆڤ باشە، ئەوە ئاوی لێ مەخۆوەو حەڵاڵە، وە هەرچی دەركەوت كە زیانبەخشە، ئەوە دیارە كە حەرامە، بۆچی؟ چونكە خوای كاربەجێ لێرەدا بەگشتی فەرموویەتی: ﴿قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ﴾، بەڵام لە شوێنی دیكە باسی (خَبَائث)یش دەكات، دەفەرموێ: ﴿وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ﴾، واتە: وە شتە خراپو زیانبەخشەكانیان لێ قەدەغە دەكات، ئنجا یەكێك لەو شتانەی كە سوودبەخشنو باشن، بریتیە لە گۆشتی نێچیری ڕاوكراو، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُ﴾، واتە: وە نێچیری ئەو نێچیرگرانەی كە فێرتان كردوون، بۆتان حەڵاڵ كراوە، لە حاڵێكدا لەوەی كە خوا فێری كردوون فێریان دەكەن، ئایا ئەمە مەبەست پێی چییە؟ لێرەدا زانایان دەڵێن: ﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُ﴾، ڕاوكراو، نێچیری ئەو نێچیرگرانە، {نێچیرگر مەبەست پێی چ ئاژەڵ بێ، وەك: سەگو تاژییو پڵنگو شێرو گورگو...هتد، چ پەلەوەر بێ، وەك: باز، باشوو، خەرتەل، داڵاش... هتد، ئەگەر ئینسان مەشقیان پێ بكاتو فێری ڕاویان بكات، ئەگەر نێچیر بگرن، ئەو نێچیرە حەڵاڵە، واتە: هەر ئاژەڵو باڵندەیەك كە گۆشت خۆرە، ئەگەر ئینسان توانی تەعلیمی بداو مەشقی پێ بكات، كە نێچیری بۆ بگرێ نێچیرەكەی حەڵاڵە} خوا دەفەرموێ: نێچیری ئەوانەی كە فێرە ڕاوتان كردوون (مُكَلِّبِينَ) یانی: (مُعَلِّمِينَ) فێرە ڕاوتان كردوون، مەشقتان پێ كردوون، نێچیرەكانیان حەڵاڵن، وشەی (جَوَارِح) كۆی (جَارِحَة)یە، دیارە بە ئەندامەكانیش دەگوترێ: (جَوَارِح)، دەستو گوێو چاوو لاق هەركامێكیان پێی دەگوترێ (جَارِحَة) لەبەرئەوەی كە بەو دەستو لاقو چاوو زمانو ... هتد كردەوە ئەنجام دەدرێن، چونكە (جَارِحَة) بە مانای (كَاسِب) دێ، واتە: وەدەستهێنەر، وەك زانایان گوتوویانە: (الجَوارحُ: الكواسبُ مِن سِّباع البَهَائِمُ

والطَّير) (جَوَارِح)، واتە: نێچیرگرەکان، لە درندەی ئاژەڵان، وە لە درندەی باڵندانیش ئەو باڵندانەی کە دەتوانن ڕاو بکەنو غەیری خۆیان دەخۆن، گۆشتخۆرن، (كَالْكَلْبِ والفَهْدِ والعُقابِ والصّقرِ والبَازِي والشَّاهين، لأنَّهَا تجرَحُ لأَهْلِهَا: أَي تكسبُ لَهُمْ الوَاحِدَةَ جَارِحَة) وەك سەگو پڵنگو هەڵۆو باشوو و باز، چونکە نێچیر دەگرن بۆ ئەو نێچیرگرانەی ڕاویان بۆ دەکەن، بەڵگەی قورئانیش لەسەر ئەوە کە (جرح) بە مانای (كسب)ە، ئەوەیە کە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ﴿٦٠﴾﴾، خوا دەزانێ لە ڕۆژگاردا چیتان وەدەست هێناوە، (مَاجَرَحتُم يعني: كَسَبتُم)، (جارِح) واتە: (كاسب) وەدەستهێنەر، (جوارِح) واتە: ئەو ئاژەڵو پەرەوەرانەی کە بۆ ڕاوکردن بەکاردەهێنرێن، ئنجا ئەم ئایەتە موبارەکە چەند شتێکی لێ وەردەگیرێن:

یەکەم: لێی وەردەگیرێ کە ئاژەڵو پەرەوەریش زانیارییان هەیە، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ﴾، ئەو نێچیرگرانەی فێرتان کردوون، مادام فێرکراون، دیارە عیلمیشیان بۆ پەیدابووە، کە بریتییە لە عیلمی ڕاوکردن.

دووەم: وە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ کە زانیاریی ئەگەر لە سەگێکیش دابێ، ئەگەر لە بازو باشوویێکیش دابێ، ئەگەر لە پڵنگو شێرێکیش دابێ، زانیاریی پلەی ئەو ئاژەڵو پەلەوەرە بەرزدەکاتەوە، ئایا ئەگەر سەگێك هەر لەخۆڕا نێچیرێك بگرێ، حەڵاڵە، یان حەرامە؟ حەرامە! بێگومان ئەدی ئەگەر سەگێك تەعلیم درابێو فێری ڕاو کرابێ، نێچیر بگرێ حەڵاڵە؟ بەڵێ حەڵاڵە، بە هۆی عیلمەکەیەوە نێچیرەکەشی حەڵاڵە، بەڵام مادام عیلمی نەبێو مەشقی پێ نەکرابێو ڕانەهێنرابێ، نێچیرەکەشی ناخورێ، ئەوەش لەبەر پلەو پایەی زانستو شارەزایی کە زانست لە ئاژەڵانیشدا فەرق بە نێچیرەکەیان دەکات، دیارە کە دەفەرموێ:(مُكَلِّبِين) واتە: (مُعَلِّمِين) (التكليب) واتە: (التعليم) فێرکردن، بەڵام مەبەست پێی فێری ڕاوکردنە.

دەربارەی ڕاوكردنیش پێویستە سێ مەسەلە بزانین:

یەكەم/ زۆربەی هەرە زۆری زانایان ڕایان وایە هەر ژیانداریك، فێری ڕاوكردن ببێ، چ ئاژەڵ بێ، چ پەڕەوەر، ئەوە نێچیرەكەی دەخورێ، بەڵام هەندێكیشیان گوتوویانە: تەنیا سەگ نێچیرەكەی دەخورێ، چونكە خوای بێ هاوتا دەفەرموێ: (مُكَلِّبِين) دەڵێن: ئەوەش لە (كَلب)ەوە هاتوە، بەلاّم لەڕاستیدا قسەی زۆربەی زانایان ڕاستە، چونكە خوا وشەی (جَوَارِح)ی بەكارهێناوە دەفەرموێ: ﴿وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ ٱلْجَوَارِحِ﴾، كەواتە: هەر شتێك نێچیر بریندار بكات و بیگرێ بۆ خاوەنەكەی چ پەڕەوەر بێ، چ ئاژەڵ، ئنجا سەگە، پڵنگە، گورگە، ... هتد، هەرچی هەیە، مادام تەعلیم درابێ، نێچیرەكەی دەخورێ.

دووەم/ زانایان لە پێناسەكردنی ئەو ئاژەڵە، یاخود ئەو پەڕەوەرەی كە ڕاوی پێ دەكرێ گوتوویانە: (اتباعُ الصَّيد بإرسَالِ صَاحِبهِ وينزجرِ بزَجرهِ وينصرف بدعائهِ وَيُمْسِكُ عَلَيْهِ الصَّيْد وَلايأكُل مِنْهُ)[١]، واتە: بریتیە لەوەی كە بە قسەی خاوەنەكەی، بە دوای نێچیر بكەوێ، وە بە قسەی خاوەنەكەی وازی لێبێنێ، وە بە قسەی خاوەنەكەی بۆ وی بیگرێ و لێشی نەخوات، كەواتە: كەسێك كە تاژییەكی هەیە، یان بازێكی هەیەو لە نێچیری بەردەدا، بەلاّم تا پێیگەیشت نیوەی خوارد بوو، ئەوە دیارە بۆ ئەوی نەگرتوەو نێچیرگر نیە، چونكە ئەگەر نێچیرگربێ بریندار دەكات، وە جاری وایە بەهۆی برینداركردنەكەیەوە ڕەنگە ئەو نێچیرە بشمرێ، كە ئەو كاتە برینداركردنەكەی بە سەربڕین دادەنرێ، بەلاّم ئەگەر لێی بخوات مانای وایە بۆ ئەوی نەگرتوەو بۆخۆی گرتوویەتی و ئەو پێناسەیەی بەسەردا ناچەسپێ.

سێیەم/ زۆربەی زانایان ڕایان وایە كە ئاژەڵ و پەلەوەری ڕاوكەر، ئەگەر بەبێ ئاگاداری خاوەنیان ڕاوی نێچیر بكەن، حەلاڵ نیە بخورێ، واتە: كەسێك تاژییەكی هەیە لە خۆڕا لە كەروێشكێك بەر دەبێ، ئایا خاوەنەكەی بۆی هەیە لێی بخوات؟ زۆربەیان دەڵێن: بۆی نیە لێی بخوات، هەندێكیشیان كە

---

١) محاسن التأويل: ج٦، ص٦٠.

(الحَسَن البَصْرِي والزُّهري وَرَبيعَـة ومَالِـك والشـافِعي فـي القـديم)ن، دەڵـێن: دروستە لێی بخـوات، مـادام لـە ئەسڵدا ئـەو ئاژەڵە نێچیـرگرە فێری ڕاو بـێ، با خاوەنەکەشـی ئاگـای لـێ نەبووبـێ، لـە مامزێـك بـەربووە، لـە کەروێشـکێك بـەربووە، یـاخود بازەکـەی کـۆترێکی گرتـووە، کەوێکـی گرتـوە، با خاوەنەکەشی ئاگای لـێ نەبووبـێ، مادام لە ئەسـڵدا تەعلـیم درابـێ، دروسـتە لـێی بخوات، کە منیش پێمـوایە قسـەی ئـەمانیش ڕاسـتە، ئنجـا شـەوکانیی ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ لـە تەفسیـرەکەی خـۆی (فـتح القـدیر)دا، بەرپەرچـی ئەمانـەی دووەم دەداتـەوەو دەڵـێ: خـوا دەفـەرموێ: ﴿مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ﴾، لـەوە بخـۆن کـە بۆیان گرتوون، بەڵام من پێموایە شـەوکانیی نەیپێکـاوە، چونکە دەگونجـێ ئـەو نێچیـرگرە نێچیـرەکەش بگـرێ بـۆ خـاوەنی، بێئـەوەی ئـەویش نـاردبێتی، ئـەو نـەیناردوە، بـەڵام دەگونجـێ نێچیـر بـۆ خاوەنەکەشـی بگـرێو لێشی نـەخوات، ئنجـا کـە لێـی نـەخوارد، مانـای وایـە بـۆ وی گرتوویـەتی، وە ئەمـە ئەوەشـی لێوەردەگیـرێ کە دروستە ئاژەڵو پەلەوەرێـك کـە دەگونجـێ فێـری ڕاو بکـرێن، لێیان بـدرێ، چونکە ئەگەر لێیـان نـەدرێ، یان ئەگەر برسـی نەکرێـن، یـان سـزا نـەدرێن، فێـری ڕاو نـابن، لەبەرئـەوە ئـەو ڕەفتارانـە لەگەڵیـان دروسـتن، چـونکە ئازاردانی ئاژەڵ حـەرامە، کە لە خۆڕا ئـازاری بـدەی، بـەڵام بـە مەبەسـتی ئـەوەی فێـری ڕاوی بکـەی، دروسـتە، هەڵبەتـە نـەك وای لێبـدەی لەبـەر دەسـتتدا مرداربێتـەوە، بەڵام دروسـتە بـایی ئەوەنـدە کـە فێرببـێ چۆن لـێی نەخـوات؟ یـان چۆن بچـێ بـۆ نێچیـرو نێچیـرەکەی بگـرێ؟ بـایی ئەوەنـدە ئـازار بـدرێ، دروسـتە.

**مەسـەلەی بیسـتو سـێیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿فَكُلُوا۟ مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَٱذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ﴾، واتـە: ئـەو نێچیـرانەی بـۆ ئێوەیـان دەگـرن، لێیـان بخـۆن، وە نـاوی خواشیان لەسەر بێنن، لێرەدا دوو شـت بە مەرج گیـراون، بـۆ ئـەوە کـە دروسـت بـێ ئینسـان لە نێچیـری ئەو نێچیـرگرانە بخـوات:

یەکـەم: دەبێ ئەو نێچیـرەیان بـۆ خاوەنەکەیان گرتبـێ، دووەم: دەبـێ نـاوی خوایـان لەسـەر بێـنن، جا دیـارە زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان دەڵـێن: نـاوی خـوا لەسـەر هێنانەکـە دەبێ پێشـێ بـێ، واتـە: کـە ئـەو نێچیـرگرە لـەو نێچیـرە بـەردەدا، ئینجا کە تاژییـە، سـەگە، گورگـە، پڵنگە، هەرچـی هەیـە، بـازە، باشـوویە، کـە تێـی بەردەدا بڵـێ: (بِسمِ الله) بە ناوی خواو ناوی خـوای لەسـەر بێنـێ، بەنسـبەت مەرجی یەکەمیـان: هـەموو زانایان یاخـود زۆربـەیان لەسـەر ئـەوە یـەك دەنگـن، کـە ئەگـەر نێچیـرگرەکە ئـەوەی کـە ڕاو دەکـات، ئەگـەر لێـی بخـوات، مانـای وایـە بۆخـۆی گرتوویـەتی نـەك بـۆ خاوەنەکـەی، بۆیـە دروسـت نیـە لێـی بخـوات، ئەوکـاتە دەبـێ بـۆ وی لـێی گـەڕێ، بـەڵام دەبـێ بشـزانین زانایـان دەڵـێن: لـێ خواردنێك زیانی هەیە، کە پـاش گرتنـی بـێ، واتـە: دوای ئـەوەی کـە گرتوویـەتیو لەبەردەسـتیدایە، وردە وردە لێی بخـوات، ئــەوە مانـای وایـە بۆخـۆی گرتوویـەتی، بەڵام لە کـاتی گرتنیـدا قەپاڵـتەیەکی لێبـداو گـازێکی لـێ بگـرێ، ئەگـەر وانـەبێ بـۆی ناگیـرێ، یـان ئەگـەر چـڕنووکێکی لێبـداو لێـی ببچـڕێ، ئـەوەش لـە پـێش گرتنیدا زیانی نیە، چونکە دیارە بە مەبەستی ئەوە بووە کـە بیگـرێ، بـەڵام دوای ئەوەی کە دەیگرێ لەبەردەستی خـۆی دادەنـێ، لێـی بخوات، ئـەوە دیـارە بـۆ خـۆی گرتوویـەتیو بـۆ خاوەنەکـەی نـەگرتووەو دروسـت نیـە لێـی بخـوات، چـونکە ئایەتەکـە دەفـەرموێ: ﴿فَكُلُواْ مِمَّآ أَمۡسَكۡنَ عَلَيۡكُمۡ﴾، ئەوانـەی کـە بـۆ ئێوەیـان گرتوون بۆتان هەیـە لـێی بخـۆن.

# چوار ڕای زانایان لەبارەی (بسم الله) کردنەوە لەسەر نێچیر

بەنسبەت دووەمیشیان: (بِسمِ الله)ی کردن لە نێچیر، ئەوە چوار ڕای زانایانی تێدا هەن، کە دیارە ئێمە ڕای چوارەممان پێ پەسندە:

١/ هەندێکیان دەڵێن: مەبەست لەوەیە لە کاتی لێ خواردنیدا ناوی خوای لێبێنن، ئەوە نێچیرەکە ڕاوکراوەو هاتۆتە بەردەستی، سەری دەبڕێو دەیبرژێنێ، جا لەکاتی خواردنیدا بڵێ: (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) لەوکاتەدا، بەڵام لەڕاستیدا وەك شەوکانیی دەڵێ: ئەو قسەیە ڕاست نیە، چونکە ئایەتەکە لە باسی ڕاوکردنێدا دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾، لە کاتی ڕاوکردنێدا ناوی خوای لەسەر بێنن، نافەرموێ: لە کاتی نان خواردنێدا، ناوی خوای لەسەر بێنن، چونکە لە کاتی خواردندا ناوی خوا لەسەر هێنان فەرز نیەو لەسەر ڕای زۆربەی زانایان سوننەتە، وەك پێغەمبەر ﷺ بە یەکێك لە هاوەڵانی فەرموو: ﴿يَا غُلاَمُ سَمِّ الله، وَكلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٥٣٧٦)، وَالبُخَارِيُّ بِرقم: (٥٣٧٦)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٥٢٣٧)، وَابْنُ مَاجَهْ بِرقم: (٣٢٦٧)، وَالنَّسَائِيُّ فِي (الكُبرى) بِرقم: (٦٧٥٩)}، واتە: ڕۆڵە گیان! ناوی خوا بێنەو لە پێش خۆتەوە بخۆو، بە دەستی ڕاستت بخۆ، کە ئەوە بۆ خۆراك خواردنێیە وە ئەوە سوننەتە، ئەدی کەسێك (بِسْمِ اللّهِ)ی لە خۆراك خواردنێ نەکرد؟ ئەوە گوناهبار نیەو تەنیا سوننەتێکی تەرك کردوە، بەڵام ئەوی دیکەیان پێویستە، کەواتە: ئەو ڕایە ڕاست نیە.

٢- هەندێکیان دەڵێن: ناوی خوا هێنان لە کاتی ناردنی نێچیرگرەکەدا مەرجی حەڵاڵ بوونی نێچیرەکەیە، دەڵێن: ئەگەر ناوی خوای لەسەر نەهێنێ، ئەگەر نێچیریش بگرێ حەڵاڵ نیە، کە دیارە ئێمە ئەو ڕایەشمان پێ ڕاست نیە.

٣- هەندێکیان دەڵێن: ناوی خوا لەسەر هێنان، لە کاتێکدایە کە لە نێچیرەکەی بەردەداو ئەوەش سوننەتە.

٤- ئەم ڕایەمان پێ ڕاستە، کە دەڵێ: ناوی خوا لەسەر هێنان فەرزە، بەلاَم بۆ کەسێك کە لە بیری بێ، واتە: کاتێك بابای ڕاوچی تاژییەکەی تێبەردەدا، بازەکەی تێبەردەدا، فەرزە، بلێ: (بِسْمِ اللّٰهِ) بەلاَم ئەگەر لەبیری چوو بەوە خواردنەکەی حەرام نابێ، وە لەڕاستیدا ئەوەی چوارەمیان زیاتر دەچێتە عەقڵەوە، چونکە جاری وایە ڕاوچی لە گەرمەی ڕاوێدا ناوی خوا هێنانی لەبیر نابێ، بۆیەش دەڵێین: فەرزە، چونکە فەرمان (أَمْر) لە قورئاندا دێ، ئێمە لە خۆمانەوە بۆمان نیە بلێین: سوننەتەو دەبێ بەڵگەیەك لەوبارەوە هەبێ، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾، ناوی خوای لەسەر بێنن، دیارە وشەی: ﴿وَٱذۡكُرُواْ﴾، فەرمان (أمر)ەو، ئەمیش فەرز بوون دەگەیەنێ، بەلاَم بۆ کەسێك کە لەبیری بێ، ئەگەر لەبیری چوو، ئەوە خواردنی گۆشتەکەی لێ قەدەغە نابێ، وە دەشگونجێ بلێین: سوننەتە، بەلاَم بە هەر حاڵ ئەو ڕایەی چوارەم پێم وایە بەهێزترە، چونکە صیغەی ئەمر کە لە قورئاندا هاتوە، واجب بوون دەگەیەنێ، مەگەر نیشانەیەك هەبێ کە لەوە لایبدات، بۆ ڕەوایی، یاخود بۆ بە پەسندو سوننەت دانان، کە لێرەدا ئەوە نیە.

ئنجا لەوبارەوە فەرمووده زۆرن، یەکێك لەو فەرموودانە: ﴿عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ رضي الله عنه قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ ﷺ عَنْ صَيْدِ الْمِعْرَاضِ؟ قَالَ: مَا أَصَابَ بِحَدِّهِ فَكُلْ، وَمَا أَصَابَ بِعَرْضِهِ فَهُوَ وَقِيذٌ، وَسَأَلْتُهُ عَنْ صَيْدِ الْكَلْبِ؟ فَقَالَ: مَا أَمْسَكَ عَلَيْكَ فَكُلْ، فَإِنَّ أَخْذَ الْكَلْبِ ذَكَاةٌ، وَإِنْ وَجَدْتَ مَعَ كَلْبِكَ أَوْ كِلَابِكَ كَلْبًا غَيْرَهُ فَخَشِيتَ أَنْ يَكُونَ أَخَذَهُ مَعَهُ، وَقَدْ قَتَلَهُ فَلَا تَأْكُلْ، فَإِنَّمَا ذَكَرْتَ اسْمَ اللّٰهِ عَلَى كَلْبِكَ وَلَمْ تَذْكُرْهُ عَلَى غَيْرِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بِرقم: (٥٤٧٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٩٥١) وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٨٤٧)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٦٥)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٢٧٦)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٢١٥)}، واتە: عەدیی کوڕی حاتەم خوا لێی ڕازی بێ (کە بە حاتەمی طائیی بەناوبانگەو زۆر سەخی بووە، کوڕێکی هەبوو نەصرانیی بوو، دوایی بووە مسوڵمان) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر ﷺ کرد: دەربارەی شتێك کە

بە تیـر (مِعْرَاضِ) ڕاو دەكـرێ حوكمی چۆنە؟ پێغـەمبەر ﷺ فەرمووی: ئـەوەی كـە بە تیژییەكەی دەگـیرێ لێی بخـۆ، (واتە: مادام برینداری بكـاو خوێنی لـێ بێنـێ لێـی بخۆ) بەڵام ئەوەی بـە پانایيەكـەی دەگیرێ لێـی مـەخۆ، (واتـە: ئەگـەر مرداربێتــەوە، مەبەستی ئەوەیە ئەگەر بیكـوژێ، یانی: ئەگەر لێیــدابێ‌و خـوێنی لـێ هاتبـێ، ئـەوە خوێن لــێ‌هاتنەكەی لـە شـوێنی سەربڕینیەتــی، جـا خوێنەكــەی لە هـەر شــوێنێك هاتبێ، بەڵام ئەگەر خوێنی لـێ نەهێنابێ‌و مـرداری كردبێتــەوە، ئـەوە بـە مـردار لـە قەڵــەم دەدرێ) چونكــە (وَقِیـذ)ە، {واتـە: ئەگـەر نێچـیرەكە لـە ئـەنجامی لێدرانـدا مردبـێ، ئـەوە لێی مـەخۆ}، وە پرســیارم لێكـرد دەربـارەی نێچـیرێك كـە بـە سـەگ‌و تاژیی دەگیـرێ؟ فەرمووی: هەر نێچیـرێك بۆ تۆی گرتبـوو، لێـی بخـۆ، چـونكە گرتنـی سەگ سەربڕینە بـۆ نێچـیر، {گرتنـی واتـە: برینـداركردنی، تـاژیی‌و سـەگ كـە نێچـیر دەگــرێ، كەروێشــكە، مــامزە كــە دەیگـرێ خــوێنی لـــێ دێنـــێ، ئــەوە لــە جێــی ســەربڕینێیــە بـا دوایی چەقۆشــی پێ‌ڕانـەگات، كـە ڕەنگـە زۆربـەی خـەڵكی وانـەزانن، وە پێیان وابـێ حەتمـەن دەبـێ چەقۆی بگاتـێ، نـا، مـادام خـوێنی لـێ هێنابـێ، خـوێن لێ‌هێنانەكەی لەجێی سەربڕینێیە، ئەوە دەقی حەدیسـە ﴿فَإِنَّ أَخْذَ الْكَلْبِ ذَكَاةٌ﴾، گاز لێگرتنی سەگ سەربڕینە بۆ ئەو نێچیـرە}، بەڵام ئەگەر لەگەڵ سـەگەكەتدا، یـان لەگەڵ ســەگەكاندا، سەگی نەفـەرێكی دیكــەش هــات، یـان تـاژیی نەفـەرێكی دیكـەش بەشداریی كردبوو، وە مەترسیی ئەوەت هەبوو كە لەگەڵیدا گازی لەو نێچیرە گرتبـێ‌و كـوژرابێ، ئەوە لـێی مەخۆ، چونكـە تۆ ناوی خوات لەسەر سـەگەكەی خـۆت هێنـاوە، بــەڵام لەســەر ســەگی غــەیری خــۆت نــاوی خــوات نەهێنـــاوە، ئەمــەش ئــەوەی لێـوەردەگیرێ كە ناوی خوا هێنــان لەسەر ئەو نێچـیرگرە، فەرزە.

هەروەها لەوبارەوە ئـەم ڕیوایەتـەش هەیـە: ﴿عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ رضي الله عنه قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ قُلْتُ: إِنَّا قَوْمٌ نَتَصَيَّدُ بِهَذِهِ الْكِلاَبِ، فَقَالَ: إِذَا أَرْسَلْتَ كِلاَبَكَ الْمُعَلَّمَةَ، وَذَكَرْتَ اسْمَ اللهِ فَكُلْ مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكَ، إِلاَّ أَنْ يَأْكُلَ الْكَلْبُ، فَلاَ تَأْكُلْ، فَإِنِّي أَخَافُ أَنْ يَكُونَ إِنَّمَا أَمْسَكَ عَلَى نَفْسِهِ، وَإِنْ خَالَطَهَا كَلْبٌ مِنْ غَيْرِهَا فَلاَ تَأْكُلْ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٢٩٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٤٨٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٩٥٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٨٤٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٧٠)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٢٦٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٢٠٨)}، واتـە: عـەدیی كوڕی حـاتیم خـوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵــێ:

پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، گوتم: ئێمە خەڵکێکین بەم سەگو تاژیی(و نێچیر)گرانە ڕاوێ دەکەین، (واتە: ئەوە چۆنە کەنگێ نێچیرەکە بخۆین؟ کەنگێ نەیخۆین؟) فەرمووی: ئەگەر سەگەکانی خۆت کە فێری ڕاوت کردوون، ناردتن‌و ناوی خوات لەسەر هێنان {(بِسْمِ الله)ت لێکردن} لە نێچیرەکەیان بخۆ، لەوەی کە بۆتۆیان گرتوە، مەگەر سەگەکە لێی بخوات، ئەگەر سەگەکە لە نێچیرەکەی خوارد دەترسم کە بۆخۆی گرتبێتی، لەبەرئەوە لێی مەخۆ، هەروەها ئەگەر سەگی غەیری خۆشت بەشداری تێدا کرد، دیسان لێی مەخۆ.

**مەسەلەی بیست‌و چوارەم:** کە دەفەرمویٚ: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾، دیارە ئەوەی پێشێ فەرمووی: ﴿ قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾، لێرەدا دووبارەی دەکاتەوە، ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾، ئەمڕۆ شتە خۆش‌و بە تام‌و سوودبەخشەکانتان بۆ حەڵاڵ کراون، ئایا بۆچی دووبارە کراوەتەوە؟ بە مسۆگەریی هەر شتێك لە قورئاندا کە دووبارە دەبێتەوە، هەر لە خۆوە نیەو حەتمەن حیکمەتێکی گەورە، یان چەندان حیکمەتی تێدان، کەواتە: با هەوڵبدەین حیکمەتی ئەو مەسەلەیەش لێرەدا بزانین:

یەکەم/ بۆ ئەوەی بە بیانووی دنیا بە کەمگرتنەوە ئەو شتانەی کە پاك‌و چاك‌و سوودبەخشن لە خۆیانیان قەدەغە نەکەن، بەتایبەتی گۆشت، وەك خوا ﷻ هەر لە سووڕەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ٨٧ ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! شتە خۆش‌و بە تامەکان کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوون لە خۆتانیان قەدەغە مەکەن، وە دەستدرێژیی مەکەن‌و سنوورشکێنی مەکەن، چونکە بێگومان خوا سنوورشکێنانی خۆشناوێن. دوایی دەگەینە تەفسیری ئەم ئایەتە، کە لەبەرچی هاتە خوار؟ کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێك بە لای مێرگو ئاوێکدا تێپەڕێن، گوتیان: با لێرە دابکوتین‌و هەر لێرەبین بۆ خۆمان، وە هەندێکیان گوتیان: با خۆمان بخەسێنین‌و پێویستیمان

بە ئافرەتان نەبێ‌و بۆ خۆمان تەركی دنیا بكەین، دوایی گوتیان: بابچینەوە پرسێك بە پێغەمبەر ﷺ بكەین داخۆ ڕای چییە؟ ئیدی كە چوونەوە، پرسیان پێكرد، خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوار، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! شتە خۆش‌و بەتامەكان كە خوا بۆی حەڵاڵ كردوون لە خۆتانیان قەدەغە مەكەن، (ئنجا گۆشتە، ئافرەتە، خواردنە، شتی شیرینە .. هتد)، وە سنوورشكێنیی مەكەن، كەواتە: شتی خۆش‌و بەتام‌و سوودبەخش لە خۆت قەدەغە بكەی بە بیانووی ئەوە كە خوا لە خۆت ڕازی دەكەی، مانای ئەوەیە تۆ سنوور شكێنییت كردوە، كەواتە: دنیا بە كەمگرتن‌و بە تەقوا بوون پەكی لەسەر ئەوە نەكەوتوە، شتی خۆش لە خۆت قەدەغە بكەی، بەڵام زێدەڕۆیی تێدا مەكە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١﴾ الأعراف، زۆر لە مسوڵمانان وا دەزانن، بەوە لە خوا نزیك دەبنەوە كە شتی حەڵاڵ لە خۆیان حەڕام بكەن، شتی خۆش نەخۆن‌و شتی خۆش بەكارنەهێنن، پێغەمبەر ﷺ شتی وای نەكردوە، ئافرەتیشی هێناون‌و، خواردنی خۆشیشی ئەگەر لێهەڵكەوتبێ خواردوویەتی، شتی شیرینیشی خواردوە: ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُحِبُّ الْحَلْوَاءَ وَالْعَسَلَ﴾ {مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (٥٤٣١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٦٦٤)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٨٣١)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣٢٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٢٥٤)}، واتە: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ حەلواو هەنگوینی پێ خۆش بووە، هەروەها گۆشتیشی پێ خۆشبووە، هەركاتێك لێی هەڵكەوتبێ لێی خواردوە، بەڵام ئەگەر لێشی هەڵنەكەوتبێ نەیكردوە بە خەم، جاری وابووە چەند ڕۆژان نانی نەخواردوە، بە خورماو بە ئاو قەناعەتی كردوە، ئامانجی خواردن نەبووە، بەڵام دژی خواردنی خۆشیش نەبووە، ئا ئەوە ڕاستە شەرعە، هەڵبەتە وەك من لە كتێبی (ڕێگای ساڵح بوون‌و بەرەو خوا چوون)دا لە باسی تەزكیەی نەفس‌و خۆڕاهێنان‌و مەشق لەسەرخۆكردنم كردوە، دەگونجێ ئینسان جار جار هەندێك خواردن لەخۆی بگرێتەوە، بەڵام نەك لەخۆی قەدەغە بكات، وە ئەمە ئەوەشی لێوەردەگیرێ كە ئەگەر مرۆڤ نەخۆشی

وەك زەختو شەكرەی بێو پارێزێ بكاتو هەندێ شت نەخوا، مانای وانییە ئەوە لەخۆی قەدەغە كردوە.

دووەم/ هەروەها بۆئەوەی كە مسوڵمانان بە بیانووی حەڵاڵ بوونی شتی خۆشو بەسوودەوە، بەرەو شتی خراپو پیسو زیانبەخشیش نەڕۆن، وە سنوورشكێنیی نەكەن، بۆیە خوای كاربەجێ دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾، بۆئەوەی كە ئەوانەی بە بیانووی زوهدو دنیا بەكەمگرتنەوە شتی خۆش لەخۆیان قەدەغە دەكەن، كە بزانن ئەوەش خراپە، ئەوانەش كە لە حەڵاڵ تێدەپەڕێنن بەرەو حەرام دەچن، بزانن كە نەخێر بەس ئەو شتانەی كە سوودبەخشو خۆشو بەتامن، حەڵاڵن، وە ئەو شتانەی كە پیسو زیانبەخشن قەدەغەو حەرامن، وە خوا هیچ شتێكی قەدەغە نەكردوە كە پیسو زیانبەخش نەبێ.

**مەسەلەی بیستو پێنجەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ ﴾، خواردنی ئەوانەی كتێبیان پێدراوە حەڵاڵە بۆ ئێوە، لێرەدا مەبەست لە خواردن چییە؟ زانایان دوو رایان هەن:

١) هەندێكیان گوتوویانە: (طَعَام) واتە: هەموو جۆرەكانی خواردن، جا نان بێ، دانەوێڵە بێ، میوە بێ، سەوزە بێ، گۆشت بێ، هەمووی دەگرێتەوە، با هی ئەهلی كیتابیش بێ، با هی جوولەكەش و نەصرانییەكانیش بێ، یانی: با ئەوانیش سازیان كردبێ، بۆ مسوڵمانان حەڵاڵە، چونكە رەنگە ئەوكاتە مسوڵمانان زۆر هەستیارییان بووبێ بە خواردنیان، لەبەرئەوەی ئەهلی كوفرن، بۆیە خوای پەروەردگار بۆی روونكردوونەوە، كە نەخێر خواردنی وان ( واتە: هی خاوەن كتێبەكان) بۆ ئێوە حەڵاڵە، ئەی مسوڵمانینە!

٢) هەندێكی دیكە گوتوویانە: نەخێر لێرەدا مەبەست لە (طَعَام) تەنیا سەربڕاوە، واتە: گۆشت، دەڵێن: چونكە مسوڵمانان زانیویانە كە دانەوێڵەو میوەو سەوزەو...هتد، هی هەر كەس بێ حەڵاڵە، مادام لە رێیەكی حەرامەوە دەستی نەكەوتبێ، هەر كەسێك سازی كردبێ هەر حەڵاڵە، بەڵام ئیشكالیان هەبووە لە

گۆشتدا، لەبەرئەوەی خوا ﷻ باســی ئەوەی كردوە، كە هەر شتێك بە ناوی غـەیری خــواوە ســەربڕدرێ حەرامــە، ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ...﴿١٢١﴾ ﴾الأنعام، واتـە: هەرشـتێك نـاوی غـەیری خـوای لەســەر هاتبــێ لێــ مـەخۆن، چـونكە ئـەوە گوناهبارییـەو لـە ڕێ لادانـە، ئـەوان ئیشـكالیان لـە گۆشـتدا هـەبووە، بۆیـە دەڵـێن: لێـرەدا مەبەسـت لـە (طَعَـام) گۆشــتە، هەڵبەتـە هـەردوو واتاكـانیش دەگـونجێن، چونكــە خــوای زانـاو شـارەزا دەیتـوانی لـە جیـاتی وشـەی (طَعَام) بفەرموێ: (وَلُحُومُ الّذينَ أوتوا الكتاب) یان (وَذَبـائحُ الـّذينَ أوتـوا الكتـاب) بێگومــان مســـوڵمانی واش هــــەبووەو هەیــە كــە پێــی وابــێ نـــانی دەستیشـــیان حـــەرامە! وە هــی وایــە ڕەنگــە پێــی وابــێ میوەشـــیان لەدەســت وەربگــرێ هــەر حـەرامە! بەڵام خوای پەروەردگـار ڕوونی كردۆتـەوە كە نـەخێر ئەوانـەی كتێبیـان پێـدراوە، هـــەموو جـۆرە خواردنێكــیان بـۆ ئێـوە حەڵاڵــە، بــە گۆشتیشـــەوە، وە ئەوانــەی كتێبیــان پێنــەدراوە، گۆشـتیان حەرامــە، بــەڵام شـتی دیكـەیان حەڵاڵـە، بتپەرستێكە، موشـریكێكە دەعوەتـت دەكات مـادام گۆشــت نەبــێ، ئـەوی دیكــەیان حەڵاڵـە، نانـە، میوەیـە، برنجـە، نیســكە، نۆكـە، هەموو ئـەو شـتانە حـەڵاڵن، ئنجا لێـرەدا ئیشــكالێك دروسـت بـووە لەلایـەن هەنـدێك لـە توێـژەرەوانی قورئانــەوە، ئەویش ئەوەیـە: كـە ئایا ئەگـەر زانـرا خـاوەن كتێبـەكان (بِسْمِ اللّهِ) ناكـەن لەسـەر سەربڕاو، یاخود ناوی غەیری خوای لەسەر دێنن، ئەگـەر كابرا بۆی ســاغ بـۆوە كـە ناوی عیســای لەســەر دێـنن، یـان نـاوی مەریـەمی لەسـەر دێـنن، یاخــود جوولەكە ناوی عوزێـری لەســەر دێـنن، ئایـا حەڵاڵــە بیخوات؟ زانایـان لەوبــارەوە ڕاجیـایی یــان هەیــە:

هەندێك گوتوویــانە: دروســتە.

وە هەندێكی دیكـە گوتوویانە: دروســت نیە.

وە من پێمـوایـە ڕای دووەم ڕاسـتە، تـۆ ئەگـەر دڵنیـابی نـاوی غـەیری خـوای لەسـەر هــاتوە نابــێ بیخــۆی، بۆچــی؟ چـونكە خـوای زانـاو شـارەزا فەرموویـەتی: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ...﴿١٢١﴾ ﴾الأنعام، واتە: هەرشــتێك

ناوی خوای لەسەر نەهاتبێ، (واتە: ناوی غەیری خوای لەسەر هاتبێ) لێی مەخۆن، ئەگەرنا ئەگەر خاوەن کتێبێك وەك چۆن مسوڵمانێك لەبیری دەچێ، لەبیری چوو ناوی خوای لەسەر بێنێ، بۆ وێنە: کاتێك مریشکێك سەردەبڕێ، یان مەڕێك، بەرانێك، گایەك، حوشترێك سەردەبڕێ ناوی خوای لەسەر نەهێنێ‌و لەبیری بچێ، ئایا دەخورێ یان ناخورێ؟ زۆربەی زانایان دەڵێن: مادام بە هۆی لەبیرچوونەوەوە بێ دەخورێ، بەڵام ئەگەر بە ئانقەست بڵێ: ناوی خوای لەسەر ناهێنم، ئەوکاتە زۆر لە زانایان دەڵێن قەدەغە دەبێ، با مسوڵمانیش بێ، ئنجا دیارە ئەگەر نامسوڵمانیش بێ لەبیری بچێ ناوی خوای لەسەر بێنێ، مانای وایە هەر هەمان حوکمی هەیە، بەڵام ئەگەر ناوی غەیری خوای لەسەر بێنێ، قەدەغەیە، بخورێ، یاخود بە ئانقەست ناوی خوای لەسەر نەهێنێ، ئەوکاتە ئیشکالەکە لەوێدا دەبێ، کەواتە: کە ئێمە دڵنیابووین خاوەن کتێبێك کە جوولەکەیە، یان نەصرانیی یە، ناوی غەیری خوای لەسەر سەر بڕاوەکەی هێناوە، ئەوکاتە بۆمان نیە لێی بخۆین، بەڵام ئەگەر نەمانزانی کە ناوی خوای لەسەر هاتوە یان نەهاتوە، ئەسڵەکەی ئەوەیە: کە ڕەوایە بخورێ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ ﴾، خواردنی ئەوانەی کتێبیان پێدراوە حەڵاڵە بۆ ئێوە، دیارە لە کاتێکدا خوای پەروەردگار وایفەرمووە کە زانیویشیەتی کە ئەوان لە کاتی سەربڕیندا چی دەڵێن‌و ناوی چی لەسەر دەهێنن، کەواتە: مادام فەرموویەتی: حەڵاڵە، حەڵاڵە، بەڵام ئەگەر دڵنیابووی ناوی غەیری خوای لەسەر هێناوە ئەو کاتە حەرامە.

**مەسەلەی بیستو شەشەم:**

# باسێک لەبارەی شیاوو نەشیاوی ئافرەتی داوێنپاکەوە بە پیاوی داوێنپیس

کە دەفەرموێ: ﴿وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ...﴾، وە ئافرەتانی پاکیزەی ئیماندار بۆ ئێوە حەلاڵن کە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکەن، بۆ زانیاریتان (مُحْصَنَات) کۆی (مُحْصَنَة)یە، (حِصْن) واتە: قەڵا، (مُحْصَن) یانی: قاییم کراو، پارێزراو، (حِصْن) بۆچی پێی دەگوترێ (حِصْن)؟ چونکە هەر کەسێك بچێتە نێو قەڵاوە دەپارێزرێ، (مُحْصَنَة)ش ئافرەتێکە کە پارێزراوە، پاکیزەیە، دەشگونجێ بخوێنرێتەوە (مُحْصِنَات) واتە: خۆ پارێزەران، ئنجا ئەگەر (مُحْصَنَة) بێ ئەوە (إسم مَفعول)ە، وە ئەگەر (مُحْصِنَة) بێ ئەوە (إسم فاعِل)ە، واتە: ئەوانەی خۆیان پاراستوە، یان ئەوانەی پارێزراون، گرنگ ئەوەیە لێرەدا ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە دروست نیە پیاوی داوێن پاك (عفیف)، ئافرەتی ناپاك بێنێ، ئافرەتی داوێنپیسو زیناکەر بێنێ، هەروەها بە پێچەوانەشەوە دروست نیە ئافرەتی پاك شوو بکات بە پیاوی ناپاكو داوێنپیس، دیارە ئایەتی ژمارە (٣) سووڕەتی (النور)یش هەمان مەبەست زۆر بە ڕاشکاویی دەگەیەنێ، کە دەفەرموێ: ﴿ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾﴾، جا قورئان هەندێکی هەندێکی لێکدەداتەوەو ڕووندەکاتەوە، بۆیە لە هەر شوێنێك ئایەتێکت بینی چاك تێینەگەیشتی، چاك لە واتاکەی حاڵی نەبووی، یاخود ئیشکالێك، یاخود تەمومژێکی لەسەر بوو، تەماشا بکە ئایەتی دیکە لەوبارەوە چی هاتوە، بیانهێنە، ماناکەت بۆ ڕۆشن دەبێتەوە، لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ئافرەتانی پاکیزەی ئیماندار بۆ ئێوە حەلاڵ کراون، چونکە دەفەرموێ:

﴿ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴿٥﴾ ﴾، یانی: ﴿ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴾یش، بۆ ئێوە حەڵاڵ کراون، عەطفە بۆ سەر ﴿ أُحِلَّ لَكُمُ ﴾، وەك چەمكی پێچەوانەی وایە كە ئافرەتانی ناپاكیزە حەڵاڵ نین‌و نابێ هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بكەن، ئێمە چۆن ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە؟ لە ئایەتی ژمارە (٣)ی سووڕەتی (النور)دا كە دەفەرموێ: پیاوی زیناكەر تەنیا ئافرەتی زیناكەرو ئافرەتی هاوبەش بۆ خوادانەر دێنێ، ئافرەتی زیناكەریش تەنیا پیاوی زیناكەرو هاوبەش بۆ خوادانەر مارەی دەكات، وە ئەوە لە ئیمانداران قەدەغەكراوە، ﴿ ٱلزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوۡ مُشۡرِكَةٗ وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٞۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٣﴾ ﴾النور، كەواتە: قەدەغەیە لە پیاوی ئیماندارو پاك ئافرەتێكی داوێنپیس بێنێ، وە هەروەها قەدەغەیە ئافرەتێكی پاكیی ئیماندار شوو بە پیاوێكی داوێنپیس بكات، مادام بزانێ داوێنپیسەو لەسەر داوێنپیسیی بەردەوامە، بەڵام كەسێك بزانن پێشتر داوێنپیسیی كردووە، دوایی تۆبەی كردووەو گەڕاوەتەوەو وازی لە گوناح هێناوە، ئەوكاتە دروستە، جا پیاوەكە بێ، یان ئافرەتەكە بێ، ئنجا ئەو ئایەتەی سووڕەتی (النور) ئەوەشی لێوەردەگیرێ، كە دیسان وەك باسمان كرد، پیاوی زیناكەریش ئافرەتی پاكیزەو (عفیفة)ی پێ ناشێ‌و نابێ لێی مارە بكرێ، دیارە زانایان لەوبارەوە ڕاجیاییان هەیە، وە زۆربەیان نیكاحی ئافرەتی زیناكەر لە پیاوی پاك‌و، ئافرەتی پاك لە پیاوی زیناكەر بە دروست دەزانن، واتە: پێچەوانەی ئەوەی كە ئێمە گوتوومانە، بەڵام بەشێكیان كە ئیمام ئەحمەدیشیان لە نێودا هەیە دەڵێن: دروست نیە، نە پیاوی داوێن پاك ئافرەتی ناپاك بێنێ، نە ئافرەتی پاك شوو بە پیاوی ناپاك بكات، كەمێكیان وا دەڵێن، بەڵام زۆربەیان دەڵێن: دروستە.

وە من پێمwایە ئەو ڕایە ڕاستە كە دەڵێ: ئافرەتی پاك بە پیاوی زیناكەر ناشێ، هەروەها پیاوی پاكیش بە ئافرەتی زیناكەر ناشێ، واتە: نابێ لێك مارە بكرێن، لەبەر چەند بەڵگەیەك:

یەکەم/ ڕستەی: ﴿ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ﴾، ئافرەتانی پاك لە ئیمانداران، واتە: تەنیا ئەوانەتان بۆ حەڵاڵ کراوە، ئەوە زۆر ڕوونو ڕاشکاوە، کە بەس ئافرەتانی پاك حەڵاڵن کە ئینسان هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکات، ئەدی ئافرەتانی ناپاك؟ چەمکی پێچەوانەی (مَفهُوم المُخالفة)ەکەی ئاوایە، کە ئافرەتانی ناپاك کە (مُحْصَنات) نەبنو پاکیزە نەبن، دروست نیە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکرێت، هەڵبەتە وشەی (مُحْصَنات) لە قورئاندا کە بەکاردێ بە سێ واتا بەکاردەهێنرێ: (عفیفات)، (متزوجات)، (حرائر) واتە: دەکرێ ئەو وشەیە بە مانای ئافرەتانی داوێن پاك، یان ئافرەتانی هاوسەردار، یان ئافرەتانی ئازاد بێ، واتە: پێچەوانەی کۆیلە، بەلام لێرەدا نە (متزوجات)، نە (حرائر)، ناگونجێ بڵێین: مانای (مُحْصَنات)ە، بەڵکو دەبێ بڵێین: (مُحْصَنات) واتە: (عفیفات) ئافرەتی داوێن پاك.

دووەم/ لە ئایەتی ژمارە (٣) سوورەتی (النور)دا خوا زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی دەفەرموێ: پیاوی زیناکەر جگە لە ئافرەتی زیناکەرو، هاوبەش بۆ خوا دانەر ناهێنێ، وە ئافرەتی زیناکەر مارەی ناکاتو نایهێنێ هاوسەرگیریی لەگەڵدا ناکات، جگە لە پیاوی زیناکەرو هاوبەش بۆ خوا دانەر، وە ئەوە لە ئیمانداران قەدەغە کراوە، ئیدی لەوە ڕوونو ڕاشکاوتر دەبێ چی بێ، کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ... وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ۝٣ ﴾النور، ئەوە لە ئیمانداران قەدەغە کراوە.

ئنجا لەوبارەوە (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) لە کتێبەکەی خۆی (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان)دا لەوبارەوە دەڵێ: (وَهَذَا دَلِيلٌ صَرِيح عَلَى تَحْرِيم نِكَاحِ الزَّانِيَةِ حَتَّى تَتُوبَ، وَكَذَلِكَ إِنْكَاحُ الزَّانِي حَتَّى يَتُوبَ، فَإِنْ مُقَارَنَةَ الزَّوْجِ لِزَوْجَتِهِ، وَالزوجةِ لِزَوْجِهَا، أَشَدُّ الإقتَرانَاتِ والإزدواجَاتِ، وَقَدْ قَالَ تَعَالَى: ﴿ ٱحْشُرُوا۟ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَأَزْوَٰجَهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ۝٢٢ ﴾ الصافات، أي: قُرَنَاءَهُمْ)[1] دوای ئەوەی کە ئەم ئایەتە دێنێ لە سوورەتی (النور)دا دەڵێ: وە

١) ص ٥٦١.

ئەوە بەڵگەیەكی ڕاشكاوە لەسەر قەدەغەبوونی مارەكردنی ئافرەتی زیناكەر بۆ پیاوی پاك، هەتا تۆبە دەكات، هەروەها مارە لێ بڕینی (واتە: مارە بڕینی) ئافرەتێكی پاك لە پیاوێكی زیناكەر، هەتا تۆبە دەكات، چونكە پێكەوە جووتبوونی مێرد لەگەڵ ژنیی‌و ژن لەگەڵ مێردیدا (پێكەوە بوونیان‌و هاوسەرگیرییان) بەهێزترین جۆری پێكەوە بوون‌و بەهێزترین جۆری جووتبوونە، وەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ﴿٢٢﴾﴾ الصافات، واتە: ئەوانەی ستەمكارن‌و ئەوانەی لەگەڵیان دابوون‌و جووتیان بوون (مەرج نیە لێرە مەبەست پێی هاوسەرەكانیان بێ، واتە: پێكەوە بوون) پێكەوە حەشریان بكەن بۆ دۆزەخ، كەواتە: دروست نیە پیاوێكی پاك ئافرەتێكی ناپاك بێنێ، یان بە پێچەوانەوە.

سێیەم: ئێمە چەند دەقێكی سوننەتمان هەن كە نوقتە دەخەنە سەر پیت لێرەدا، بەڵام بۆ زانیارییتان زۆرجار شەرعزانان‌و زانایان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، لە ژێر كاریگەریی‌و زەختی واقیع دا فەتوا دەردەكەن، وە زۆر ناگەڕێنەوە بۆ فەرمایشتەكان‌و ئایەتەكان، زانایەك ڕوو بە ڕووی واقیعێك بۆتەوە، تەماشا دەكات ئەو خەڵكە زۆری داوێنپیسیی دەكات، ڕەنگە خۆی ناچار ببینێ چاوپۆشیی لەو مەرجە بكات، ئنجا بێگومان ئیسپاتی زینا زەحمەتەو ناشكرێ بڵێ: بیستوومە فلانكەس داوێنپیسە، یان ڕەنگە داوێنپیس بێ.

كە ئەوە دوایی كێشەی لێ پەیدادەبێ، بۆیە زیاتر لە ژێر زەختی واقیعدا ئەو فتوایە دراوە، ئەگەرنا ئایەتەكان زۆر ڕوونن، وە فەرمایشتەكانیش زۆر ڕوونن، ئەمەش سێ نموونەی دەقەكانی سوننەت لەوبارەوە:

فەرموودەی یەكەم: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو، رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَجُلاً مِنَ الْمُسْلِمِينَ اسْتَأْذَنَ رَسُولَ اللهِ ﷺ فِي امْرَأَةٍ يُقَالُ لَهَا: أُمُّ مَهْزُولٍ كَانَتْ تُسَافِحُ، وَتَشْتَرِطُ لَهُ أَنْ تُنْفِقَ عَلَيْهِ، فَقَرَأَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ﴿ٱلزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوۡ مُشۡرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٞ...﴿٣﴾﴾ النور﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٤٨٠)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٧٨٥) ووافقه الذهبي، وَصَحَّحَهُ، وَقَالَ شعيب

الأرنؤوط: حَدِيثٌ حَسَنٌ}، واتە عەبدوڵڵای كوڕی عەمری كوڕی عاص خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك لە مسوڵمانان مۆڵەتی لە پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرت كە ئافرەتێك بێنێ كە پێیان دەگوت: (أُمُّ مَهْزُولٍ) كە عادەتی وابوو بە ئاشكرا زینای دەكردو دەشیكردە مەرج لەسەر ئەو كەسەی كە زینای لەگەڵ دەكات كە نەفەقەی بكێشێ، ئەو پیاوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگام دەدەی ئەو ئافرەتە مارە بكەم؟ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئایەتەی بەسەردا خوێندەوە: ﴿ٱلزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوۡ مُشۡرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٌ...﴿٣﴾﴾، واتە: ئافرەتی زیناكەر مەگەر پیاوی داوێنپیس، یاخود پیاوی هاوبەش بۆ خوا دانەر مارەی بكات، ئەگەرنا دروست نیە، ئیدی وازی لێ هێنا، كەواتە: ئایەتەكە دیارە مەبەستەكەی چییە؟

<u>فەرموودەی دووەم</u>: ﴿عَنْ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ مَرْثَدَ بْنَ أَبِي مَرْثَدٍ الْغَنَوِيَّ كَانَ يَحْمِلُ الأُسَارَى بِمَكَّةَ، وَكَانَ بِمَكَّةَ بَغِيٌّ يُقَالُ لَهَا: عَنَاقُ وَكَانَتْ صَدِيقَتَهُ، قَالَ: فَجِئْتُ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! أَنْكِحُ عَنَاقَ؟ قَالَ: فَسَكَتَ عَنِّي، فَنَزَلَتْ: ﴿وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٌ...﴿٣﴾﴾، فَدَعَانِي فَقَرَأَهَا عَلَيَّ وَقَالَ: «لاَ تَنْكِحْهَا»﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٢٠٥٣)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٣١٧٧)، وَالنَّسَائِيُّ بِرقم: (٣٢٢٨)، وَالحَاكِمُ بِرقم: (٢٧٨٥) وَصَحَّحَهُ، وَقَالَ الشيخ الألباني: حَسَنٌ صَحِيحٌ}، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عومەر خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەگێڕێتەوە كە مەرثەدی كوڕی ئەبی مەرثەدی غەنەویی كە دیلەكانی لە مەككە دەفڕاند لە چنگی كافرەكان، (ئەو مسوڵمانانەی كە دیلیان كردبوون دەیفڕاندن دەیهێنان بۆ مەدینە عادەتی وابووە، پیاوێكی ئازابووە) لە مەككەش ئافرەتێكی داوێنپیس هەبوو، پێیان دەگوت: (عَناق) دۆستی بوو، {واتە: لە سەردەمی نەفامیی دا دۆستی بووە، زینای لەگەڵدا كردوە، ئەگەرنا دوایی كە مسوڵمان بووە، نا}، دەڵێ: چووم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئایا عەناق بێنم؟! پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ بوو، هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: ﴿وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٌ...﴿٣﴾﴾النور،

واتە: ئافرەتی زیناکەر مەگەر پیاوی زیناکەر یان هاوبەش بۆ خوا دانەر، ئەگەرنا مارەی ناکات، پێغەمبەر ﷺ بانگی کردمو ئایەتەکەی بەسەردا خوێندمەوەو فەرمووی: مارەی مەکە، (لێی گەڕێ بە کەڵکی تۆ نایەت).

فەرموودەی سێیەم: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لايَنْكِحُ الزَّانِي الْمَجْلُودُ إِلاَّ مِثْلَهُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ بِرقم: (٨٢٨٣)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٢٠٥٤)، وَالحَاكِمُ بِرقم: (٢٧٨٥) صَحِيح الإِسْنَاد، وَصَحَّحَهُ الألباني}، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: پیاوێکی زیناکەری جەڵدە لێدراو، (قامچی لێدراو)، وێنەی خۆی نەبێ مارە ناکات، خوا لەبارەی سزای زیناوە فەرموویەتی: ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجْلِدُوا۟ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِا۟ئَةَ جَلْدَةٍ ۖ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِى دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۖ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾ ﴾ النور، واتە: پیاوی زیناکەرو ئافرەتی زیناکەر هەردووکیان یەکی سەد قامچییان لێ بدەن، پیاوێك لەسەر زینا قامچیی لێ درابێ، مەگەر ئافرەتێکی وەك خۆی، ئەگەرنا دروست نیە مارەی بکا، واتە: ئافرەتیش کە زینای کردبێو، سەد قامچیی لێ درابێ، ئەوە لێکدەوەشێنەوە، بەڵام پیاوێکی زیناکەر لەگەڵ ئافرەتی پاکیزەو پاك، لێك ناوەشێنەوە.

دیارە ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە بۆیە تۆزێك لەسەری ڕۆیشتم، شایانی باسە ئەو زانایانەش کە ڕایان وایە: دروستە پیاوی پاك ژنی زیناکەرو، پیاوی زیناکەر ژنی پاك بێنێ، ئەوانیش بەڵگە دێننەوەو دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتوون، کە بە ڕای من بەڵگەکانیان جێی قەناعەت نین.

ئەو شتانەی ئەوان بە بەڵگەیان دێننەوە:

فەرموودەی یەکەم: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿أَلا وَاسْتَوصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْراً، فَإِنَّمَا هُنَّ عَوَانٍ عِنْدَكُمْ، لَيْسَ تَمْلِكُونَ مِنْهُنَّ شَيْئاً غَيْرَ ذلِكَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ، فَإِنْ فَعَلْنَ فَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ، وَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْباً غَيْرَ مُبَرِّحٍ، فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلا تَبْغُوا عَلَيهِنَّ سَبِيلاً﴾ {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ بِرقم: (١١٦٣)

وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ فِي (الكبرى) برقم: (٤١٠٠)، عَنْ عَمرِو بْنِ الأَحوصِ الجُشَمِي رضي الله عنه، وَصَحَّحَهُ الألباني}، واتە: {پێغەمبەری خوا ئەوەی لە (حَجَّةِ الوَدَاع)دا فەرمووە، بەڵام با بزانین ئەم فەرمایشتە ئەوەی لێوەردەگیرێ، كە ئەوان دەیڵێن؟} پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: من بە داكۆكییكردنەوە ئامۆژگارییتان دەكەم دەربارەی ئافرەتان لەگەڵیان چاك بن، چونكە ئەوان لەبەردەستی ئێوەدان، دەتوانن كە بچنە لایان، (واتە: لەگەڵیان جووتبن)، وە جگە لە لەگەڵ جووتبوون هیچ مافێكی دیكەتان لەسەریان نیە، بیانچەوسێننەوە {كە دیارە لەگەڵ جووتبوون ئەویش كە مافی پیاوە لەسەر ژن، مافی ژنیشە لەسەر پیاو، كە لە ڕووی جینسییەوە یەكدی تێر بكەن بۆئەوەی لە گوناح پارێزراو بن} مەگەر گوناهێكی ئاشكرا بكەن، ئەگەر گوناهێكی ئاشكرایان كرد، پشتیان تێبكەنو لەگەڵیان مەخەون، وە لێیان بدەن، بەڵام لێدانێكی وانا بریندارییان بكەن، شوێنیان بشكێنن، ئنجا ئەگەر دوای ئەوە بە قسەیان كردن، ئەوە بیانوویان پێ مەگرن.

دیارە من فەرموودەی دووەمیش دێنمەوە، دوایی دێمەوە سەری، كە ئایا ئەوە بەبەڵگەی ئەوە دەشێ كە ئافرەتو پیاوی پاكوپیس لێك مارە بكرێن؟!

فەرموودەی دووەم: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ إِنَّ امْرَأَتِي لاَ تَمْنَعُ يَدَ لاَمِسٍ، قَالَ: «غَرِّبْهَا»، قَالَ أَخَافُ أَنْ تَتْبَعَهَا نَفْسِي، قَالَ: «فَاسْتَمْتِعْ بِهَا»﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٠٥١)، وَالنَّسَائيُّ برقم: (٣٤٦٤) صَحِيح الإِسْنَاد، وَصَحَّحَهُ الألباني}، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ، گوتی: ژنەكەم دەستی كەس ناگێڕێتەوە، فەرمووی: دەری بكەو لێی دووربكەوەو وازی لێ بێنە، گوتی: دەترسم نەفسم بە دوای بكەوێ؟! فەرمووی: دە هەر لەلای خۆت بیهێڵەوەو سوودی لێ ببینە.

بەر لەوەی بێینە سەر ئەسڵی مەبەست دەڵێم: من زۆرم پێ ناخۆشە كە زانایەك لە كتێبێكدا، فەرمایشتێكی پێغەمبەر ﷺ دێنێو لێشی حاڵی نەبووە، ئنجا حوكمێكی غەڵەتی لێ هەڵدەهێنجێ، ئنجا ئەو حوكمە كە بە هەڵە لەو حەدیسە هەڵهێنجراوەو قسەی پێغەمبەر ﷺ نیە، ڕەنگە خەڵك دوایی وا بزانن پێغەمبەر

ﷺ وایفەرمووە!!

من زۆر زۆر بەوە قەڵسم، بۆیە پێمـوایە باشترین بەرگریی كردن لە پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە كە فەرمایشتەكانی پێغەمبەر ﷺ وەك خۆی مەبەستی بووە، ئاوا لێیان حاڵی بین، كە هیچ كات پێغەمبەر ﷺ شتێكی نەفەرمووە، كە لەگەڵ ئایەتی قورئاندا دژ بوەستێ، یان لەگەڵ عەقڵی سەلیمدا دژ بوەستێ، یان لەگەڵ عیلم دا دژ بوەستێ، یان لەگەڵ واقیعدا دژ بوەستێ، وە هەر شتێك كە وابوو لێی بكەونە گومانەوە، یان دەبێ مانایەكی ڕاستی لێ وەربگرین، یان دەبێ بڵێین: ئەوە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ نیە، ئنجا لێرەدا با تەماشا بكەین:

فەرمایشتەكەی یەكەم كە دەفەرموێ: ئامۆژگارییتان دەكەم لەگەڵ ئافرەتاندا باش بن، وە جگە لە مافی سەرجێی كردنو، لەگەڵ جووتبوونیان هەقێكی دیكەتان لەسەریان نیە، مەگەر فاحیشەیەكی ئاشكرا بكەن، بۆ زانیارییتان وشەی (فاحشة مبينة) لە قورئاندا تەنیا لە سێ شوێندا هاتوە، وە من بە دوای مانای ڕیشەیی ئەو وشەیە كەوتووم، لە قورئاندا لەبەرئەوەی كە لە سوورەتی (الأحزاب)دا دەربارەی خێزانەكانی پێغەمبەر ﷺ هاتوە، منیش زۆر بە هەستیاریی تەماشای ئەو وشەیەم كرد، داخۆ مەبەست پێی چییە؟ وە سەرەنجام بۆم دەركەوت وشەی (فاحشة) لە قورئاندا بە تەنیاو بەبێ وشەی (مُبيِّنة) بەو گوناهانە دەگوترێ كە پەیوەندیان بە لایەنی جینسیەوە هەیە، با بزانین چۆن؟

١- خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ ... ١٥﴾ النساء، واتە: ئەو ئافرەتانەتان كە فاحیشە دەكەن، كە لێرەدا مەبەست پێی خۆ لە یەكدی خشاندنی ئافرەتانە كە (مُساحقة)ی پێدەگوترێ.

٢- وە خوا لە شوێنێكی دیكەدا دەفەرموێ: ﴿وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ أَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٨٠﴾ الأعراف، واتە: لووط كاتێك بە گەلەكەی گوت: ئایا گوناهێكی دزێو دەكەن كە هیچكەس لە جیهانییان بۆ كردنی پێشتان نەكەوتوە؟ لێرەشدا مەبەست پێی نێربازییە.

٣- وە بە مانای زیناو داوێنپیسیش هاتوە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ:
﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾الإسراء، واتە: وە توخنی زینا مەکەون چونکە فاحیشەیەو ڕێیەکی زۆر خراپە.

٤- وە بە مانای بڵاوکردنەوەی قسەی خراپ لە ڕووی جینسییەوە بەتایبەت بوختان‌و تۆمەتبارکردن بە داوێنپیسی دێ، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ...﴿١٩﴾ ﴾ النور، واتە: بێگومان ئەوانەی حەزدەکەن کە فاحیشە بە نێو بڕوادارانەدا بڵاوبێتەوە، ئازارێکی بە ئێشیان لە دنیاو دواڕۆژدا هەیە..

کە بە پێی سیاقی ئایەتەکان بۆمان دەردەکەوێ مەبەست لێرەدا لە (فَاحِشَة) بوختان‌و تۆمەتی داوێنپیسی یە...

بەڵام ئایا وشەی: (فَاحِشَة مُبَيِّنَة)ش وەك (فَاحِشَة) هەر هەمان مانای هەیەو بە مانای زینا دێ؟!

من زۆر لەو وشەیەم کۆڵیوەوە، چونکە وەك گوتم لە سوورەتی (الأحزاب)دا خوای بەرز دەربارەی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ ﴾، واتە: ئەی پێغەمبەر! بە هاوسەرەکانت بڵێ: ئەگەر ژیانی دنیاو جوانیی دنیاتان دەوێ، وەرن با سەرو دیارییتان بدەمێ‌و بە شێوازێکی جوان دەستتان لێ هەڵبگرم، دیارە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەو ئایەتەکانی دواییشی ئەوەبوو خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ داوایان لێکرد کە نەفەقەیان بۆ زیاد بکات‌و ژیانیان خۆش بکات لە ڕووی گوزەرانەوە پێغەمبەریش ﷺ توانای نەبوو وە ئەگەر توانیباشی بۆی نەدەگونجا، چونکە سەرمەشقی هەموو مسوڵمانانەو ناگونجێ ژیان‌و گوزەرانێکی خۆشگوزەرانانەی هەبێ، ئنجا لەو سیاقەدا دەفەرموێ:
﴿ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِىِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ

﴿وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعْمَلْ صَٰلِحًا نُّؤْتِهَآ أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾﴾ الأحزاب، واتە: ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر! ﷺ هەرکامێك لە ئێوە فاحیشەیەکی ئاشکرا بکات، ئەوە سزای بۆ دووچەندان دەکرێتەوە، ئەوەش لە لای خوا ئاسانە، وە هەر کامێکتان فەرمانبەرو ملکەچیی خواو پێغەمبەرەکەی بێ‌و کردەوەی باش بکات، دووجار پاداشتی دەدەینەوە، وە بژیوێکی پڕ پێزو ڕێزمان بۆ داناوە.

ئنجا بەداخەوە کە تەماشای تەفسیرەکان دەکەین، دەبینین هەموویان دەڵێن: وشەی: (فاحشة مبيِّنة) بە مانای زینا دێ، وە بە مانای یاخیبوونی ژنیش دێ لە مێرد، بەڵام لەڕاستیدا وانیە، چونکە ناگونجێ هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ تووشی ئەو گوناهە ببن، وەك خوای زاناو شارەزا فەرموویەتی: ﴿...وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ...﴿٢٦﴾﴾ النور، پاشان وشەی (فاحشة) بە مانای زینایە، بەڵام (فاحشة مبيِّنة) لەبەرئەوەی لە ئایەتەکەی سوورەتی (الأحزاب)دا بەراورد کراوە لەگەڵ ملکەچیی‌و گوێڕایەڵییدا؟ ناگونجێ بەو مانایە بێ، خوا دەفەرموێ: هەرکامێك لە ئێوە (فاحشة مبيِّنة) بکات، سزایەکەی بۆ چەند قات دەکرێتەوە، وە هەر کامێك لە ئێوە فەرمانبەر بێ‌و ملکەچ بێ بۆ خواو پێغەمبەری خوا، پاداشتی دوو قاتە، ئنجا ملکەچیی پێچەوانەی چییە؟ بێگومان پێچەوانەی یاخیبوونە، کەواتە: ئەگەر یاخیی بێ، سزای دووچەندانە، وە ئەگەر بە قسەی پێغەمبەر ﷺ بکاو گوێڕایەڵ بێ، دیسان هەر وایەو پاداشتەکەی دوو بەرانبەرە ئنجا موناسەبەتەکەش هەر ئەوە بوو، کە ئەوان گوتیان: دەبێ نەفەقەمان بۆ زیاد بکەی پێغەمبەریش ﷺ لە توانای دا نەبوو، موناسەبەتەکە هەر ئەوە بووەو[1] باسی زینا لە گۆڕێدا نەبوو، بەڵکو باسی یاخی بوون بوو،

---

١) بۆ هۆی هاتنەخوارەوەی ئەو دوو ئایەتەی (٢٨ و ٢٩)ی (الأحزاب) بڕوانە (صحيح البخاري): ٢٤٦٨، ٥١٩١، وە (صحيح مسلم): ١٤٧٨و ١٤٧٩، کە ئەم تەعبیرە هاتوە: (فضحك رسولَ الله و قال: هُنَّ حولي كما ترى؛ يَسألْنني النفقة).

هەروەها بڕوانە : (الإستيعاب في بيان الأسباب)، ج ٣، ص: ٩٥–١٠٢، نووسینی: سليم بن عيد الهلالي و محمد بن موسى آل نصر.

ئەوان لە قسەی پێغەمبەر ﷺ دەرچوونو سەرپێچییان کردووەو مانیان گرتوە، گوتوویانە: دەبێ نەفەقەمان بۆ زیاد بکەی، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: من ناتوانم لەوە زیاتر نەفەقەو مەسرەفتان بۆ پەیدا بکەمو دەبێ وەك خەڵکی سادە بژین، نەك وەك خەڵکێکی خۆشگوزەران، دیارە ئەگەر توانیباشی هەر نەیدەکرد، خوای کاربەجێش بەراورد دەکات لە نێوان ئەو دووانەدا، واتە: لە نێوان یاخیی بوونو سەرپێچیی کردن، وە ملکەچ بوونو فەرمانبەریی دا.

ئنجا ئێمە دەڵێین: زیناکردن پێویست ناکات وەسفی (مُبَيِّنة)ی بخرێتە سەرێ، چونکە زینا بۆ خۆی هەر ئاشکرایەو گوناهێکی ناقۆڵاو دزێوو خراپە، کەواتە: (فاحشة مبيِّنة) لە بەکارهێنانی قورئاندا کە لە سوورەتەکانی: (النساء و الأحزاب و الطلاق)دا هاتوە، مەبەست پێی یاخیی بوون (نشوز)ی ژنە لە مێرد.

فەرموودەی دووەمیان: کە دەڵێ پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ، گوتی: {إِنَّ امْرَأَتِي لاَ تَمْنَعُ يَدَ لاَمِسٍ}، واتە: ژنەکەم دەستی کەس ناگێڕێتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لێی دووربکەوەو تەڵاقی بدە، گوتی: دەترسم دوایی دڵم بەلایدا بچێ، (دیارە پێی جوان بووە) فەرمووی: مادام وایە هەر بیهێڵەوە لەلای خۆت، ئنجا ئایا ئەوە دەگونجێ؟! چونکە هەندێك ئاوا لێکیانداوەتەوە: {لاَ تَمْنَعُ يَدَ لاَمِسٍ}، واتە: هەرچی داوای زینای لێ بکات لەگەڵیدا دەکات، ئایا دەگونجێ پێغەمبەر ﷺ بۆ پیاوێکی وا بڵێ: {غَرِّبْهَا} یانی: تەڵاقی بدە، بەڵام دوایی کابرا بڵێ: نەفسم هەر بەدوایدا دەچێ، ئەویش بفەرموێ: باشە بیهێڵەوە لە لای خۆت؟! نەخێر، هەرگیز شتی وا لە پێغەمبەر ﷺ ناوەشێتەوە، ئەدی لێرەدا مەبەست پێی چییە؟!

ئێمە دەڵێین: یان هەر سەنەدەکەی تەواونیەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ نیە، یان ئەوەتا {لاَ تَمْنَعُ يَدَ لاَمِسٍ} واتە: دەستی کەس ناگێڕێتەوەو دەست بازیی دەکات لەگەڵ خەڵك، قسەی سوحبەتو گاڵتە لەگەڵ خەڵك زیاد لە پێویست دەکات، مەبەستی پێی ئەوەیە، چونکە بە ئاشکرا نەیگوتوە زینا دەکات، دەڵێ: {لاَ تَمْنَعُ يَدَ لاَمِسٍ} هەندێ ئافرەت هەیە دەست لە شانی پیاوان دەدات، پیاوان دەست لە شانی دەدەن، قسەیان لەگەڵدا دەکات، لە پیاوان دەچێتە پێشێ، وەك بڵێی زۆر لەگەڵیاندا تێکەڵ دەبێ، ئەو جۆرە ئافرەتەش مەزەندەی ئەوەی لێ دەکرێ کە تووشی خراپە ببێ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: مادام وایە وازی لێ بێنە، گوتی: ئاخر نەفسم بەلایدا دەڕوا، فەرمووی: مادام وایە لەلای خۆت بیهێڵەوە، جا

هەندێك شت پێغەمبەر ﷺ جاری وایە فەرموویەتی، بەلاّم ڕاویەكە تەنیا ئەو ڕستەیەی هێناوە، كە مەبەستی بووە، ئەگەرنا پێغەمبەری خوا ﷺ حەتمەن پێشی فەرمووە: كە ئامۆژگاریشی بكات، دەستبازیی لەگەڵ پیاوان نەكاتو، لەگەڵ پیاواندا هێندە قسان نەكاتو، لێیان نەچێتە پێشێ، بەلاّم بە تەئكید مەبەست ئەوە نەبووە، كابرا بڵێ: ئەو خێزانەی من هەرچی داوای خراپەی لێ بكات، لەگەڵیدا دەكات، ئەویش بفەرموێ: لە لای خۆتی بهێڵەوە، هەرگیز شتی وا نابێ، هەرگیز ئەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ ناوەشێتەوە، وەك لەم فەرمایشتەدا بە ڕوونی دەردەكەوێ: ﴿عَنْ عَمّار بْنِ يَاسر رَضِيَ اللهُ عَنْهُ عَن رَسُول الله ﷺ قَالَ: ثَلاَثَةٌ لا يَدخلُونَ الجنَّةَ (أبداً): الدَّيُّوث مِنَ الرّجَال، والرَّجُلَةُ مِنَ النِّسَاءِ، وَمُدْمِنُ الخَمْرِ، فَقَالُوا: يَا رَسُول الله! أما مُدمِن الخَمْرِ فقَد عَرَفنَاهُ، فَمَا الديوث مِنَ الرِّجَال؟ قَالَ: "الَّذِي لا يُبَالِي مَنْ دَخَلَ عَلَى أَهْلِهِ" قُلْنَا: فَالرّجُلَةُ مِنَ النِّسَاءِ؟ قَالَ: "الّتِي تَشَبَّه بالرّجَال"﴾ {رَوَاهُ البيهقي برقم: (١٠٨٠٠)، وَحَسَّنَهُ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢٣٦٧)}.

واتە: سێ جۆرە كەس هەرگیز ناچنە بەهەشت: پیاوی بە تەنگ نامووسەوە نەبوو، وە ژنی سەر پیاوانە، وە مەیخۆری بەردەوام، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! مەیخۆری بەردەوام دەناسین، بەلاّم پیاوی (دَيُّوث) كێیە؟ فەرمووی ئەو كەسەی دەربەست نیە كێ لە خێزانی وەژوور دەكەوێ، گوتمان: ئەدی ژنی سەرپیاوانە؟ فەرمووی: ئەوەی كە خۆی بە پیاوان دەچوێنێ.

**مەسەلەی بیستو حەوتەم:** كە دەفەرموێ: ﴿وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ﴾، وە ئافرەتانی پاكیزە لەوانەی پێش ئێوە كتێبیان پێ دراوە، دیارە لێرەدا مەبەست لەوانەی كتێبیان پێ دراوە، بە پلەی یەكەم جوولەكەو نەصرانییەكانن، بەڵكو زۆر لە زانایان دەڵێن: تەنیا ئەو دووانەن، واتە: ئافرەتی جوولەكە، وە ئافرەتی نەصرانیی بە پیاوی مسوڵمان دەشێ كە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بكات، وە كە پێی دەشێ نەك دوایی كە هات حەتمەن ببێتە مسوڵمان ئەوجار پێی بشێ، نەخێر، بەڵكو هەر لەسەر جوولەكایەتیی خۆی، یان لەسەر نەصرانییەتی خۆی بمێنێتەوە، دەگونجێ هاوسەری ئەو پیاوە مسوڵمانە بێ، شایانی باسە كە

زۆربەی زۆری زانایان مارەكردنی ئافرەتی خاوەن كتێبیان بەڕەوا زانیوە، بەڵام من نازانم بۆچی هێندێكیان بە ڕەوایان نەزانیوە، وەختێك خوای پەروەردگار بە ڕوون و ڕاشكاویی بفەرموێ: ﴿ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ ﴾، وە ئافرەتانی پاكیزەی خاوەن كتێبەكان كە لە پێش ئێوەدا كتێبیان پێدراوە، بۆتان حەڵاڵن، نەدەبوو هیچ كەس قسەی تێدا بكات، بەڵام بە هەرحاڵ هەندێ لە زانایان هەندێ شتیان گوتوە كە جێی پرسیارە! جاری وایە یەكیان هەستیار بووە بەرانبەر بە حاڵەتێك، یان بەرانبەر بە وەزعێكی سیاسیی، كە كاتی خۆی لەگەڵ جوولەكەكاندا شەڕ بووە، یان لەگەڵ نەصرانییەكاندا، گوتوویانە: چۆن دەبێ ئافرەتی وان بێنین؟! بەڵێ دەگونجێ وەك بەرژەوەندیی گشتیی و، بەرژەوەندیی سیاسیی حوكمڕان بڵێ: نابێ بهێنرێن، بەڵام ناگونجێ بڵێ: حەرامە، وەك لەوبارەوە ئەم بەسەرهاتە هەیە، حوزەیفەی كوڕی یەمان خوا لێی ڕازی بێ، ئافرەتێكی هێنابوو جوولەكە بوو، یان نەصرانیی بوو، عومەر خوا لێی ڕازی بێ هەواڵی بۆ نارد، گوتی: تەڵاقی بدە، گوتی بۆچی، ئایا حەڵاڵ نییە؟! گوتی: با حەڵاڵە، بەڵام دەترسم تۆ ئەوە بێنی و مسوڵمانانیش ئافرەتی جوولەكەو نەصرانییەكان بێنن، سەرەنجام ئافرەتی مسوڵمانان بمێننەوەو ببنە قەیرەو كەس نەیانهێنێ، لەبەرئەوەی ئافرەتی ڕۆمەكان جوانترن و بەرچاوترن، مسوڵمانان ڕوویكەنە ئەوان و ئافرەتانی مسوڵمان بمێننەوە، لەبەرئەوە گوتوویەتی تەڵاقی بدە، نەك لەبەر ئەوەی كە حەڵاڵ نییە، ئنجا خوای كاربەجێ لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ...﴿٢٢١﴾ ﴾، واتە: ئافرەتانی هاوبەش بۆ خوا دانەر مەهێنن تاكو ئیمان دێنن، لەوێ وا دەفەرموێ، كەچی لێرەش دەفەرموێ: ئافرەتانی پاكیزەی كە لە پێش ئێوەدا كتێبیان پێ دراوە، بۆ ئێوە حەڵاڵن، ئەوە چۆنە، ئایا تێكناگیرێن؟! زانایان ئاوا چارەسەریان كردوە دەڵێن: خوای كاربەجێ موشریكەكانی بە جیا باسكردوون، وە خاوەن كتێبەكانیشی بە جیا باسكردوون، بۆ وێنە: لە سوورەتی (البَیِّنة)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾ ﴾،

واتــە: بێگومــان ئەوانــەی بێبــڕوان لــە خــاوەن كتێبەكــانو لــە هــاوبەش بــۆ خوادانەرەكـان، لـە ئـاگری دۆزەخـدا بـە هەمیشـەیی دەمێننـەوە، ئەوانـە خـراپترین زیندەوەرن، كەواتە: خوا ئەهلــی كیتــابی بـەجیا باسـكردوونو هاوبەشـدانەرانیشــی بـە جیـا باسـكردوون، بۆیـە كـە لـەوێ دەفـەرموێ: ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَـٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ...﴿٢٢١﴾﴾، واتـە: ئافرەتـانی هــاوبەش بــۆ خوادانــەر مــەهێنن، هــەتا ئیمـان نـەهێنن، ئافرەتـانی هاوبـەش بـۆ خوادانــەر شــتێكن، وە ئافرەتـانی خــاوەن كتێـب شــتێكی دیكـەن.

هەندێكیشیان گوتوویانە: ئەم ئایەتـەی سووڕەتی (الـمائدة) ئایەتەكـەی سووڕەتی (البقـرة) كـە دەفـەرموێ: ئافرەتـانی موشـریك مـەهێنن، تایبـەت (تخصیص) دەكـات، واتە: تەنیا ئافرەتـانی هاوبەشـدانەری بت پەرست مەهێنــن، بـەڵام ئافرەتــانی دیكە كە شــەریك بۆ خوا پەیدا دەكـەن مادام خاوەن كــتێب بـن، قـەیناكات، دیارە ئـەوەش لـە حاڵێكـدا ئافرەتـانی خـاوەن كتێبـیش بـە موشـریك لـە قەڵــەم بـدرێن، چـونكە ئـەوانیش دەڵـێن: عـوزەیر كـوڕی خوایـەو عیسا كـوڕی خوایـەو، هاوبـەش بـۆ خـوا دادەنێن، ئنجا ئەگەر بە موشریكیش لە قەڵـەم بـدرێن، دەڵێن: ئـەو موشـریكانەی كـە بڕوایـان بـە كتێبـی ئاسمـانیی هەیـە، ئافرەتانیـان حەڵاڵـە هاوسـەرگیریی یـان لەگەڵـدا بكرێ، بەڵام ئافرەتێكی هاوبەشدانەر كە بڕوای بە كتێبی ئاسمانیی نیەو بت پەرسـتە بۆ پیاوی مسـوڵمان حەڵاڵ نیـە، بـەڵام دیارە ئەگـەر ئـافرەتی خـاوەن كتێـب زیناكـەر بـێ، دیسـان دروست نیـە، پیـاوی مسـوڵمان هاوسـەرگیـریی لەگەڵـدا بكـات، چونكـە خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾﴾النـور، واتـە: پیـاوی زیناكـەر تـەنیا ئـافرەتی زیناكـەرو هاوبەشـدانەر دەهێنـێ، هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَٱلْمُحْصَنَـٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكُمْ﴾، (مُحْصَنات) واتـە: (عفیفـات) ئافرەتـانی پـاكیزە لەوانـەی پێش ئێوە كتێبیـان پـێ دراوە، یـەكێك بـۆی هەیـە بڵـێ: ئـەدی ئەگـەر ئـەو ئــافرەتە كاتی خۆی زیناكار بووبــێ؟ چـونكە ئێسـتا دەڵـێن: ڕۆژئـاوا كچیان لـە دوای تەمـەنی پـازدەو شـازدە ســاڵییو بگـرە جاری وایــە لـە پـێش ئەوەشــدا كـچ نـامێننو زینـا

دەكەن، بەڵكو دەڵێن: ئەگەر كەسێك كچێكی هەبێ گەیشتبێتە تەمەنی هەژدەو نۆزدە ساڵیی‌و زینای نەكردبێ، دەیبات بۆ لای دكتۆرێكی دەروونناس‌و دەڵێ: كچەكەم نەخۆشە، چونكە تا ئێستا دۆستێكی نیەو زینای نەكردوە! هەر بە جیددیی دەڵێن: كچێكی وا پێویستی بەوە هەیە پێشانی دكتۆرێكی بدەن كە تاكو ئێستا چۆنە هاوەڵێكی نیەو لەگەڵ كەسدا ڕای نەبواردوە؟! دەڵێ: دیارە كچەكەم نەخۆشی دەروونیی هەیە، كەواتە: ئایا مسوڵمانانێك كە لەوێ ژن دێنن، تەگبیریان چییە؟!

دیارە زانایان هەندێكیان دەڵێن: هەر ئافرەتێك زینای كردبێ، لە هی خاوەن كتێبەكان، پیاوی مسوڵمان بۆی نیە مارەی بكات، بەڵكو دەڵێن: هی مسوڵمانیش ئەگەر زینای كردبێ، با تۆبەش بكات، هەر دروست نیە، پیاوێكی داوێن پاك مارەی بكات.

بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن: چ هی مسوڵمان، چ هی نامسوڵمان، ئەگەر زیناشی كردبێ، ئەگەر زانرا تۆبەی كردووە، ئێستا پاكیزەیەو چاكەو، وە ئێستا پابەندە بە شەریعەتەوە، ئەوە دروستە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بكرێ، وە ئەم ڕایەش لە ڕاستییەوە نزیكترە، وە لەوبارەشەوە جابیری كوڕی عەبدوڵلا خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: {نَتَزَوَّجُ نساء أهل الكتاب ولا يتزوجون نسائنا} (أَخْرَجَهُ عَبْدُالرَّزَاق برقم: (٢٦٥٦))، واتە: ژنانی خاوەن كتێبان دێنین، بەڵام ئەوان ئافرەتی ئێمە ناهێنن، وە یەكدەنگیی زانایانیشی لەسەرە كە ئافرەتی مسوڵمان بە پیاوی جوولەكەو نەصرانیی ناشێ‌و پێش ئەوەش بە پیاوی بت پەرست ناشێ.

**مەسەلەی بیست‌و هەشتەم:** كە دەفەرموێ: ﴿إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾، (أُجُور) كۆی (أَجْر)ە، (أَجْر) واتە: كرێ، بەڵام لێرەدا بە مانای مارەیی دێ، واتە: (مهُورهُنَّ)، ئەگەر مارەییەكانتان پێدان، چونكە لێرەدا ئەوە بۆ هەموویان دەچێتەوە: ئافرەتانی پاكیزەی ئیماندارو ئافرەتانی پاكیزەی خاوەن كتێب، واتە: ئەگەر هێناتانن‌و مارەییەكانتان پێیان دان بۆ ئێوە حەڵاڵن، ئنجا لێرەدا یەكێك بۆی هەیە بڵێ: باشە ئایا ئەگەر مارەییەكەی تەسلیم نەكات دروست نیە بیگوازێتەوە؟

هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن كە: با، ئەدی لێرەدا مەبەستی پێی چییە؟ وەڵام: یانی دەبێ مارەییەكەی بۆ بڕیاردابێ لە دڵی خۆیداو عەزمی جەزم كردبێ كە مارەییەكەی بداتێ، ئنجا ئەگەر عەزمی جەزم كرد، با مارەییەكەشی تەسلیم نەكردبێ، بۆی حەڵاڵە، ئەدی پیاوێك ئافرەتێكی هێناو لەسەر دوو سەد (٢٠٠) مسقاڵ زێڕ مارەی كردبوو، بەڵام عەزمی جەزم نەكرد بوو یەك مسقاڵیشی بداتێ، ئایا ئەوە حوكمی چۆنە؟ دەڵێین: بێگومان ئەو كەسە گوناهبارە، بۆچی؟ چونكە عەزمی جەزم كردوە، كە مارەییەكەی نەداتێ، ئنجا كە عەزمی جەزم كرد لەسەر پێنەدانی مارەییەكەی مانای وایە بۆی بە گوناه لە قەڵەم دەدرێ‌و خیانەتی لەو ئافرەتە كردوە، بەڵگەشمان لەسەر ئەوە كە دروستە ئەگەر مارەییەكەش تەسلیمی ئافرەتەكە نەكرێ، بیگوازێتەوە، ئایەتی (٢٣٦) لە سووڕەتی (البقرة)یە، كە دەفەرموێ: ﴿ لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا۟ لَهُنَّ فَرِيضَةً ...﴿٢٣٦﴾ ﴾، واتە: گوناهتان ناگاتێ ئافرەتان تەڵاق بدەن، بە مەرجێك دەستتان نەیانگەیاندبێتێ، واتە: نەتانگواستبنەوەو نەچووبنە لایان، وە مارەییتان بۆ دانەنابن، كەواتە: دروستە ئینسان ئافرەت مارە بكات، بەبێ ئەوەی مارەیی بۆ دابنێ، وە دروستیشە بشیگوازێتەوە، پێش ئەوەی مارەییەكەی تەسلیم بكات، بەڵام قەرزە لەسەری‌و لە ئەستۆی دایە.

<u>**مەسەلەی بیست‌و نۆیەم**</u> : كە دەفەرموێ: ﴿ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَـٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ﴾، وە نەبێ هەر پیاوان چاو بۆ ئافرەتانی عەفیفەو پاك بگێڕن، بەڵكو پیاویش دەبێ داوێن پاك بێ‌و نەبە ئاشكرا نەبە پەنهان داوێن پیسی نەكات، ئەگەر بیەوێ ئافرەتێكی داوێنپاك بێنێ ﴿ مُحْصِنِينَ ﴾، واتە: خۆ پارێز ﴿ غَيْرَ مُسَـٰفِحِينَ ﴾، واتە: ئەوانەی كە ئاوی خۆیان نارێژن لەگەڵ هەر ئافرەتێك كە پێی گەیشتن زینای لەگەڵدا بكەن، ﴿ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ﴾، واتە: دۆستی پەنهان ناگرن، (مسافح) كەسێكە لەگەڵ هەركەسێك بۆی ڕێك كەوت، زینا بكات (أَخْدَان) كە كۆی (خِدْن)ە، واتە: دۆستی تایبەتی كە زینای لەگەڵ بكات، چ پیاو چ

ئافرەت، دیارە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر دروست نەبوونی نیکاحی ئافرەتی پاکیزە لە پیاوی زیناکەر، وەك پێشتر هێنامان، بەڵام پیاوەکە ئەگەر زیناشی کردبێ، بەڵام دوایی تۆبە بکات‌و بگەڕێتەوە لای خوا، وەك چۆن بە نسبەت ئافرەتەکەشەوە هەر وایە، ئەوکاتە دیارە دروستە کە بیهێنێ، لەوبارەشەوە ئەم شوێنەوارە هەیە: ﴿عَنِ الحسَنِ قَالَ: قَالَ عُمَر بن الخطَّابِ: لَقَدْ هَمَمْتُ أَن لا أَدَعَ أَحَداً أَصَابَ فَاحِشَةً فِي الإِسلام أَن يَتَزَوَّجَ مُحْصَنَةً! فَقَالَ لَهُ أُبَيُّ بْنُ كَعْب: يَا أَمِيرَ الْمُؤمنين، الشِّرك أَعْظَم مِن ذَلِكَ، وَقَدْ يُقبَلُ مِنْهُ إِذَا تَابَ!﴾ {رَوَاهُ إبْنُ جَرِير برقم: ١١٢٦٧﴾[1]، ئیبنو جەریر لە حەسەنی بەصرییەوە هێناویەتی، کە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: ویستم هەر پیاوێك زینای کردبێ، ڕێگەی پێنەدەم ئافرەتی پاك‌و پاکیزە مارە بکات، با تۆبەشی کردبێ، ئوبەی کوڕی کەعب (کە یەکێکە لە هاوەڵان‌و زۆر شارەزا بووە)، گوتی: ئەی فەرمانڕەوای بڕواداران! شەریك بۆ خوا پەیدا کردن گەورەترە لە زینا کردن، کە تۆبەشی کرد لێی قبوول دەکرێ، واتە: وەکو چۆن کابرایەکی کافر کە مسوڵمان بوو لێی قبوول دەکرێ‌و شیرك‌و کوفرەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە، زیناکەرێکیش کە زینای کردوە، ئەگەر تۆبەی کردو گەڕایەوە، گوناهەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە، کەواتە: دروستە ئافرەتی ئیماندار بێنێ، دیارە عومەریش خوا لێی ڕازی بێ نەیگوتوە بڕیار دەدەم، گوتوویەتی: خەریك بوو بڕیار بدەم، واتە هێندە بە داوێنپیسیی قەڵس بووە، گوتوویەتی: ویستم شتێکی وابکەم، بەڵام ئوبەی کوڕی کەعب گوتی: ئەوە مەکە، چونکە ئەوە ڕەوانیە، هەڵبەتە وەکو پێشتر گوتمان مەبەست لە (مسافحين) (المجاهرين بالزنا)یە، واتە: ئەوانەی کە بە ئاشکرا زینا دەکەن، یاخود لەگەڵ هەر کەسێکدا بۆیان ڕێککەوت، داوێنپیسیی دەکەن (الَّذِينَ يَفْعَلُونَ الزِّنَى مَعَ كُل مَن اتَّفَقَتْ مَعَهُ) ﴿مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ﴾، یانی: (المُسِرِّين بالزنى) واتە: ئەوانەی کە بە پەنهانیی زینا دەکەن، یاخود ئەوانەی کە (الَّذِينَ يَزنُونَ مَعَ العَشِيقَاتِ) ئەوانەی کە زینا دەکەن لەگەڵ ئافرەتانێکی تایبەتدا کە لەگەڵیاندا ڕێك کەوتوون، کەواتە: ئایەتەکە دەفەرموێ: ئێوە دەبێ پاك بن ئەی پیاوینە! نە بە ئاشکرا زینا بکەن، نە بە پەنهانیی، نە بە گشتی هەر کەسێکی بۆتان ڕێککەوت زینای لەگەڵدا بکەن،

---

١) بڕوانە: محاسن التأويل: ج٦، ص٩٢.

نە بەتایبەتی لەگەڵ ئافرەتێكی دیاریكـراودا.

**مەسـەلەی سـێیەمو كۆتـایی:** كـە دەفـەرموێ: ﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾، هـەر كەسـێك كـوفر بـە ئیمـان بكـات، ئـەوە بێگومان كردەوەكەی هەڵوەشـاوەتەوە، لێرەدا ئیمـان چاوگ (مصدر)ەو مەبەست پێی ئەو شتەیە كە ئیمانی پـێ دەهێنرێ، هەر كەسێك كوفـر بكات بەو شـتەی كـە ئیمانی پـێ دەهێنـرێ، جا ئـەو شـتەی ئیمـانی پـێ دەهێنـرێ چییە؟ خـوای بـێ وێنـەیە، فریشـتەكانن، كتێبەكـانن، پێغەمبەرانن، ڕۆژی دوایـی یـە، هـەر كەسـێك كـوفر بكات بـە خـواو بـە فریشـتەكانیو بـە كتێبەكـانیو بـە پێغەمبـەرانییو بـە ڕۆژی دوایـی، یـاخود بـە یـەكێكیان، ئـەوە كردەوەكـانی هەڵدەوەشـێنەوە، واتـە: بـا مسـوڵمان بـێو كـردەوەی باشـی كردبـێ، ئەگـەر كـوفری كـرد، كردەوەكـانی هەڵدەوەشـێنەوە، وە دەشـگونجێ مەبەسـت لـەوە كـە دەفـەرموێ: ﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ﴾، ئەوەبێ كە كوفر بكات بـە یاساكانی ئیسـلام، چونكە یاسـاكانی ئیسـلام بەرجەسـتەكەری ئیمـانن، ئیمـان لەوانـدا بەرجەستە دەبـێ، كـە قەناعـەتی پێیـان بـێو پێیانـەوە پابەندبـێ، یـەكێك لێـرەدا بـۆی هەیـە بڵـێ: باشـە ئەگـەر كەسـێك ئیمـانی هەیـەو هەڵگەڕایـەوە، بـەڵام دوایـی مسـوڵمان بـووەوە، ئایـا كردەوەكـانی هـەموو هەڵوەشـاونەوە؟ بـۆ وێنـە: هـەموو ڕۆژووەكـانی دەبـێ بگرێتـەوەو هـەموو نوێژەكان دەبـێ بكاتەوەو، حەجی كردبـێ، دەبـێ حەجەكەی بكـاتەوە، زانایـان دوو ڕایـان هـەن:

هەنـدێكیان دەڵـێن: هـەر كەسـێك هەڵبگەڕێتـەوە، كردەوەكـانی هـەموو هەڵدەوەشێنەوە، وە بۆ دوایی قـەرزدارە.

بـەڵام هەنـدێكیان دەڵێن: نـەخێر، كـە هەڵگەڕایـەوە كردەوەكـانی هەڵدەواسـرێن، ئەگـەر ئیمانی هێنایـەوە، هـەر لەجـێی خۆیـانن، بـەڵام ئەگـەر ئیمـانی نەهێنایـەوەو لەسـەر كـوفر مـرد، ئەوكاتـە كردەوەكـانی هەڵدەوەشـێنەوە، وە ئـەو ڕایـەش ڕاسـتە، چونكـە ئـەوە دەقـی ئایـەتی لەسـەرە خـوا لـە سـوورەتی (البقـرة) كـە لـەوێ بـە

تەفصیلیش باسمان کردوە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾﴾ البقرة، واتە: وە هەر کامێك لە ئێوە لە دینەکەی هەڵگەڕێتەوەو بە کافریی بمرێ، ئا ئەوانە کردەوەکانیان هەڵوەشاونەوە لە دنیاو لە دوارۆژدا، وە ئەوانە هاوەڵی دۆزەخن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، کەواتە: کەسێك لەسەر کوفر بمرێ، کردەوەکانی هەڵوەشاونەوە، ئەدی ئەگەر لەسەر کوفر نەمرد، کەسێك هەڵگەڕایەوەو دوایی ئیمانی هێنایەوە، ئەوە کردەوەکانی هەڵناوەشێنەوە، ئەوەش دیارە دەقی ئایەتی لەسەرە، وە هەر ئەوەش زیاتر لە ڕەحمەتو بەزەیی بێسنووری خوای پەروەردگار چاوەڕێ دەکرێ.

خوای بە بەزەیی بە لوتفو کەرەمی خۆی سەرەنجاممان خێر بکات، وە بەبێ ئیمانی نەمانمرێنێ، بەڵکو بە ئیمانی تەواوەوە بچینەوە خزمەتی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی دووەم

## پێناسـەی ئەم دەرسـە

لەم دەرسـەماندا ئایەتـەکانی (٦ و ٧) تەفسیر دەکـەین، لـەم دوو ئایەتـەدا خـوا ﷻ لـە ئایەتی یەکەمیاندا باسی دەستنوێژ گرتنو، خۆشۆردن، وە لە کاتی نـەبوونی ئاویشـدا بـۆ دەسـتنوێژو خۆشـۆردن باسـی تەیـەمموم دەکـات، پاشـان باسـی حیکمـەتی دەسـتنوێژو خۆشۆردنو تەیەممومیش دەکات، کە بریتییە لەوەی مسـوڵمانان پاکـببنەوە، هەم پاکیی ڕواڵەتیی، هەم پاکی مەعنـەویی، وە شـایانی باسـە ئـەم ئایـەتی ژمـارە (٦)ە، لـە سـوورەتی (الـمائدة)، تاکە ئایەتێکە بە تایبەت باسی دەسـتنوێژو خۆشـۆردنو تەیـەمموم پێکـەوە بکـات، ئایەتی ژمارە (٤٣)مان هەیە لە سـوورەتی (النِسـاء)دا لەوێشـدا خـوای کاربـەجێ، باسی خۆشۆردنو تەیەمموم دەکات، بەڵام لەم ئایەتەدا باسی دەسـتنوێژو خۆشـۆردن بـە ئاو، وە ئەگەر ئـاو نەبوو بۆ هەر کـام لـە دەسـتنوێژو خۆشـۆردن لـە جیاتیـان تەیـەمموم بکـرێ دەکات، وە ئەم ئایەتە زانایان زۆر گرنگییان پێداوە، لە هەنـدێ لـە تەفسـیرەکاندا دەیـان لاپـەڕەیان لەسـەر نووسـیوە، وە (إبنُ العَرَبِي) لـە کـتێبی (أَحکام القُرآن)ەکـەی خۆیدا باسی کـردوە، دەڵـێ: زانایـان گوتوویانـە: هـەزار حـوکمی شـەرعیی لـەم ئـایەتە وەردەگیرێ، وە دەڵـێ: هـاوەڵانی ئێمە (واتە: مالیکییەکان) لە شاری بەغـداد دانیشـتوون نەیانتوانیوە هەزار یاسـا، بەڵام هەشـت سەد حوکمی شـەرعییان لـەم ئایەتـە دەرهێنـاوە، وە لـە ئایـەتی دووەمـدا خـوای بـەرزو مـەزن بـە بـڕواداران دەفـەرموێ: پەیمانەکـەی یـاد بکەنەوە، ئەو پەیمانە پتەوەی کە لەگەڵیدا بەسـتوویانە، پـارێزی لـێ بکـەن، وە بشـزانن کە خوا نهێنییەکانی نێو دڵو دەروونیشـیان دەزانـێ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ
إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا
فَٱطَّهَّرُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ
ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم
مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ
نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿٦﴾ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ
وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ
بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٧﴾﴾

# مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکــان

((ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کـات بـۆ نوێـژ هەڵسـان، ڕووتـان بشـۆن، وە هـەردووك دەستیشـتان هـەتا ئانیشـکان، (بشـۆن) وە دەسـتی تـەڕ بەسـەرتاندا بێـنن، وە لاقەکانیشـتان بشۆن هەتا دوو گوێزینگەکان، وە ئەگەر لـەش پـیس بـوون، خۆتـان پـاك بکەنـەوە (بـە هـۆی خۆشـۆردنەوە)، وە ئەگـەر نـەخۆش بـوون، یـان لـە سـەفەربوون، یـان یەکێکـتان لە شوێنی نزم (ی تارەت تێـداگرتن) هاتـەوە، یـان دەسـتتان گەیانـدە ژنـان، وە ئاویشـتان چـنگ نەکـەوت، ئـەوە ڕوو بکەنـە ڕووی پـاکی زەوی‌و پـاش دەسـتپێداهێنانی، دەست بە ڕووتان‌و دەسـتەکانتاندا بێنن، خوا نـایەوێ هیچ سـەغڵەتییەکتان بخاتـە سـەر، بـەڵکو دەیـەوێ پاکتـان بکـاتەوەو چـاکەی خۆیتـان لەسـەر تـەواو بکـات، بـەڵکو سـوپاسگوزاریی بکـەن ﴿٦﴾ وە چاکـەی خـوا بەسـەر خۆتانـەوە یادبکـەنەوەو ئـەو پەیمانەی کە لەگەڵی بەستن کـە گوتتـان: بیسـتمان‌و فەرمانبـەرییمان کـرد، وە پـارێز لـە خوا بکـەن، بێگومان خـوا بـە (نهێنـی یە) خاوەن سـینەکان زانایە ﴿٧﴾)).

## شـیکردنـەوەی هـەندێـك لە وشـــەکان

(وُجُوهَكُمْ ): (وُجُـوه) کـۆی (وَجْـه)ە، (الوَجْـهُ: مَـا يُواجِهُـكَ مِـنَ الـرَّأسِ، أَوَّلُ مَـا يَستَقْبِلُكَ)، (وَجْه) لەسەری ئینساندا ئەوەیە کە ڕووبەڕووی تۆیە، یان پێشـەوەی سـەری ئینسان پێی دەگوترێ (وَجه)، واتە: ڕوو، بە کوردی ئێمە دەڵێین: دەمو چاو، وە دەشـڵێین: (ڕوو).

(ٱلْمَرَافِقِ ): (جَمعُ مِرْفَق، تَوْصِيلُ الذَّراعِ فـي العَضُدِ) دەڵێ: (الْمَرافِق) کۆی (مِرفَق)ە، (مِرفَق) بـە کـوردی واتــە: ئانیشــك، دەڵــێ: بـە یـەك گەیەنـەری باسـكو قۆڵــە، پێکـیان دەگـەیەنـێ، پێی دەگوتـرێ: ئانیشـك.

(ٱلْكَعْبَيْنِ ): دوو (كَعْـب)ە، واتــە: (مُثنـى)ی (كَعْـب)ە، (الكَعْـب: العَظْـمُ الَّـذِي عِنْـدَ مُلتَقَى القَدَمِ وَالسَّاقِ)، (كَعْب) ئەو جومگەیەیـە کـە پـێو لاق بەیـەك دەگەیـەنێ، کـە هـەموو پێیـەك دوو گـوێزینگی هـەن، گـوێزینگی دەرێو هـی ژووری، گـوێزینگ تۆزێـك خـرە، بۆیـەش پێـی دەگـوترێ (كَعْب) کـە (مُثنّـى)یەکـەی (كَعبين)ە، وە کچۆڵــە کـە تـازە مـەمك دەکات، پێـی دەگـوترێ: (إمْرَأَة كَـاعِب) واتـە: ئـافرەتێکی تـازە مەمك کـردوو.

(جُنُبًا ): (جُنُب) واتە: لەش پیس، بەڵام لێرەدا مەبەست پێـی لـەش پیسـیی گەورەیـە، واتـە: جەنابـەتی لەسـەر بـێ، دەڵێ: (أجنبـتم جُنُبـاً: أي أَصَابَتْكُم الجَنَابَةُ وَسُمِّيَتْ بِذَلِكَ لِكَونِهَا سَبَبَاً لتَجَنُّبِ الصَّلاَة) بۆچی بە ئینسـانی لــەش پـیس (واتـە: بـێ دەسـتنوێژیی گـەورە) دەگـوترێ: (جُنُب)؟ چـونکە کەسـێك کـە بـێ دەسـتنوێژیی گەورەی لەسـەر بـێ، کە پێـی دەگوتـرێ: (الحَـدَثُ الأَكْبَـر)، واتـە: لـەش پیسـیی گەورە، بۆی نیـە نوێـژ بکات، هەڵبەتـە بـە هـۆی بـێ دەسـتنوێژیی گچکەشـەوە هـەر نوێـژ نـاکرێ، بـەڵام بـە هـۆی بـێ دەسـتنوێژیی گـەورەوە نوێـژ نـاکرێ، نابـێ بچـیە مزگەوت، وە نابێ قورئـان بخوێنـێ، نابـێ طەواف بکـەی، کۆمەڵێك شت لە ئینسـان قەدەغـە دەکـرێن، واتـە: لـەو حاڵەتـەی لـەش پیسـییدا ئینسـان لـە زۆرێـك لـە طاعەتەکان دوور دەکەوێتــەوە.

(ٱلۡغَآئِطِ ): لە زمانی عەرەبیدا (غَائِط) واتە: شوێنی نزم، جا كاتی خۆی دیارە سەر ئاو، ئاودەستو شت نەبووە، چوون لە شوێنی نزم تارەتیان گرتوە، ئێستاش لە هەندێك شوێنان وا دەكەن، لە شوێنی نزمو پەنهان پێویستیی جێبەجێ خۆیان دەكەن، ئەسڵی خۆی (غَائِط) واتە: شوێنی نزم، بەڵام دوایی بە عەینی تارەتگرتنیش گوتراوە: (یتغوطُ)، واتە: تارەت دەگرێ، دوایی هەر بە عەینی پاشەڕۆكەكەی ئینسانیش دەگوترێ: (غَائِط)، دەڵێ: (الغَائِطُ: الْمنخَفِضُ الواسِعُ مِنَ الأَرْضِ كِنَايَةٌ عَنِ التَبَرُّزِ والبِرازُ نَفْسُهُ) شوێنی فرەوانی نزم، وە كینایەیە لە فڕێدانی پاشەڕۆك، واتە: تارەت گرتن، وە بە عەینی پاشەڕۆكەكەش دەگوترێ: (غَائِط) هەرچەندە لە ئەسڵی زماندا مانایەكەی وا نیە، جا بۆ زانیارییتان لە قورئاندا ئەو شتانەی كە جوان نیە لە مەجلیسێ ناویان بهێنرێ، هیچیان خوا ﷻ بە زەقی ناوی نەهێناون، بۆ وێنە: لێرەدا بۆ تارەت گرتن، دەفەرموێ: ئەگەر یەكێكتان لە شوێنی نزم هاتەوە، لەسەر ئاوێ هاتەوە، نافەرموێ: چوو فلان شتەی كرد! یان بۆ پێكەوە جووت بوونی پیاوو ئافرەت، دەفەرموێ: ﴿لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ المائدة، دەستتان گەیاندە ئافرەتان، یان دەفەرموێ: ﴿أَفۡضَىٰ بَعۡضُكُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ ﴿٢١﴾﴾ النساء، هەندێكتان چوونە لای هەندێكتان، یان ﴿مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴿٤﴾﴾ المجادلة، پێش ئەوەی دەستیان بگاتە یەك، كە مەبەستی پێی جیماعە، بەڵام خوا بە كینایە دەیفەرموێ، ئنجا ئەمە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ كە مسوڵمانانیش دەبێ لەبەرو مەجلیسیاندا، ئەو شتانەی كە جوان نیە بە ناوی زەقی خۆیان ناو بهێندرێن، نابێ ناوی زەقی خۆیان لێ هەڵبدرێ.

(لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ ): (اللَّمْسُ إدْرَاكٌ بظَاهِرِ البَشْرَة، وَيُكْنَى بهِ وَبِالْملامَسَةِ عَنِ الجِماعِ)، (لَمْس وَمَسّ) واتە: پێست بە پێست بكەوێ، بەڵام وشەی (لَمْس) یان وشەی (مَسّ) لەگەڵ وشەی (مُلامَسَة) بە (كِناية) لە زمانی عەرەبیدا بە كوردی دەبێتەوە دەبەرڕاهاوێشتن، واتە: لە پەناوە پێی بڵێی، نەك بە ڕاشكاویی، (كِناية) لە چی؟ لە پێكەوە جووتبوونی پیاوو ئافرەت، خوای پەروەردگار وشەی (لامَستُم)ی بۆ

بەکارهێنـــاوە، ﴿ أَوْ لَـٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴾، واتـە: دەســـتتان گەیانـدە ئافرەتـان، کـە مەبەست پێی ئەوەیە لەگەڵیان جووت بوون.

(**فَتَيَمَّمُوا**): وشـەی (تَـیَمَّم) واتـە: (قَصَـدَ) دەڵـێ: (یَمَّمْتُ کَذَا، وَتَیَمَّمتُـهُ: قَصَـدتُهُ)، (یَمَّمتُ کَذَا) بەرەو فلان شـتە چووم، (وَتَیَمَّمْتُهُ قَصَـدتُهُ) واتە: کردم بە ئامانج، کـە بــەرەو لای بچــم، کــە دەفــەرموێ: ﴿ فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا ﴾، بــڕۆن بــەرەو زەوییــەکی پـــاك، بــڕۆن بــەرەو ڕووی زەوی پــاك، واتــە: ئــەوە لــە جیــاتی ئــاو بەکــاربێنن، وەکـو بـە دیـل بـۆ ئـاو، کەواتــە: وشــەی (تَـیَمّم) کـە ئێســتا ئێمــە وادەزانین بە مانای بەکارهێنانی گڵە، لەڕاستیدا وانیە لە ئەسـڵـی زمان دا.

(**صَعِيدًا طَيِّبًا**): (صَعید) هەندێکـیان بە گڵیان لێك داوەتەوە، خـۆڵ، خۆڵـێك کە تـۆزی هـەبێ غوبـاری هەبـێ، بـەڵام زۆریـان بـە ڕووی زەویــان لێـك داوەتــەوە، جـا ئـەوە زۆری شـت لەسەر بینـا دەکرێ، دوایی بە تەفصیلی باسی دەکەین، ئەگەر مەبەسـت لە (صَعید) ﴿ صَعِيدًا طَيِّبًا ﴾، واتە: گـڵێکی پاك، ئەگەر مەبەست گـڵ بـێ (تَـیَمّم) تەنیا بە گڵ دەکرێ، بەڵام ئەگەر مەبەسـت ڕووی زەوی بـێ کە ئـەو مانایـە ڕاسـتە، وە بەڵگەی زۆرم لەسـەر هێناوەتـەوە، ئـەوە مانــای وایـە بـە هـەموو شـتێك لەسـەر ڕووی زەوی (تَیَمّم) دەکـرێ، وە لەڕاسـتیدا هەر ئەو ڕایەش ڕاسـتە، کەسێك لـە نێـو بـەفر بـێ، وە مـن بۆخـۆم لـە نێـو بەفــر بـووم، دەسـتت ناگــاتە گڵ، جاری وایـە مەتــرو نیوێـك بـەفر باریوە، مـەترو نیوێــك بـەفرێ لابـەرە، ئنجــا دوایـی سـێ مـەتریش هەڵیقەنـە هـەر ناگــاتە گــڵ، لەوانەیـە عەرزەکــە تـەڕ بـێ، یــان لـە بەستەڵەك، لە چیایە، لە بیابـان، هەر گـڵی لــێ نیـە، جا هەنـدێك لـە شــەرعزانان ڕەحمەتی خوایـان لــێ بـێ گوتوویانـە: نـا، حەتمـەن دەبـێ گـڵـێك بـێ تـۆزی هـەبێ، یەکێك لەوانە ئیمام شافیعییە، وا پێدەچێ لە شــوێنێك بـوو بـێ گڵی زۆر لــێ بـوو بـێ، ئێسـتا دنیـا زۆر فرەوانـە، شـوێنی وا هەیــە هـەر ناگەیـە گڵ، هـەمووی شـاخو چیــایە، هــەمووی لەم بیابانــە، یـان هــەمووی بـەفرو بەســتەڵەکە، تەماشـا بکـەن! خــوای زاناوشــارەزا چ وشــەیەکی بــەکارهێناوە، دەفـەرموێ: ﴿ صَعِيدًا طَيِّبًا ﴾، ڕووی

پـاكی زەوی، ئەگـەر فـەرمووبای: (تُـرَاب) هـەر گڵـی دەگرتـەوە، خـەڵك تووشـی سـەغڵەتیی دەبوون.

(**حَرَجٍ** ): (الضَّـيْقُ أَو الإثْمُ، وَهُـوَ فِـي الأَصْـلِ مُجتَمَـعُ الشَّـيْئَيْنِ)، (حَـرَج) بـە مانـای سـەغڵەتیی‌و تەنگیی دێ، بە مانای گوناهیش دێ، لە ئەسڵدا بە مانای دوو شـت كـە پێكدەگـەن، جا نێـو قەدەكـەیان تەسـكەو هێنـدە تـەنگ دەبـێ دەبێتـە تەنگـەبەر، ئـەوە پێـی دەگـوترێ: (حَـرَج)، كـە دەفـەرموێ: ﴿مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ﴾، خوا نایەوێ هیچ سەغڵەتییتان لەسەر دابنـێ‌و تووشـی سـەغڵەتیتـان بكـات.

(**وَمِيثَاقَهُ** ): (المِيثـاقُ: عَقْـدٌ مُؤَكَّـدٌ بـيَمِينٍ وَعَهْـد)، (الـمِيثاقُ) پەیمانێكـە جـەختی لەسەر كراوەتەوە، بـە هـۆی سـوێند لەسـەر خـواردن‌و پـەیمان لەسـەر دانـەوە، واتـە: دەسـت خسـتنە نێو دەستی یەكـدی.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئایەتـە موبارەکـەی کـە دەفـەرمویّ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِۚ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَٱطَّهَّرُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ۝٦﴾، دوو شت گێڕدراوەنـەوە:

أ/ ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، سَقَطَتْ قِلادَةٌ لِي بِالْبَيْدَاءِ، وَنَحْنُ دَاخِلُونَ الْمَدِينَةَ، فَأَنَاخَ النَّبِيُّ ﷺ وَنَزَلَ فَثَنَى رَأْسَهُ فِي حَجْرِي، رَاقِدًا أَقْبَلَ أَبُو بَكْرٍ فَلَكَزَنِي لَكْزَةً شَدِيدَةً، وَقَالَ: حَبَسْتِ النَّاسَ فِي قِلادَةٍ؟! ثُمَّ إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ اسْتَيْقَظَ وَحَضَرَتِ الصُّبْحُ فَالْتُمِسَ الْمَاءُ، فَلَمْ يُوجَدْ فَنَزَلَتْ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ...﴾، فَقَالَ أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ: لَقَدْ بَارَكَ اللهُ لِلنَّاسِ فِيكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْرٍ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بِرقم: (٤٣٣٢)}، واتە: دایکمان عائیشـە خـوا لـێی ڕازی بـێ، (دیـارە لـە یـەکێك لـە جەنگەکانـدا کـە چـوون، یـان سـەفەرێك بـووە)، دەڵـێ: گـەردن بەنـدێکم (ملوانکەیـەکم) لـێکەوتبوو لـە بیـابان، لـە کاتێکـدا ئێمـە بـەرەو مەدینـە دەگەڕاینەوە، (کە ملوانکەکەی لێکەوتوە، ڕەنگـە لەسەر ئاو لـێی کـەوتبێ، یـان لـە نێـو کەژاوەکە لێی کەوتبێتە خوارێ، سـەرنج بدەن! پێغەمبەری خـوا ﷺ چـەند بـە لوتـف بووە، لەگەڵ ماڵو خێزانی خۆیدا) ئەو سـوپایەی هەموو ڕاگرتو فـەرمووی: ڕاوەسـتن، وە لە شـوێنێك بارگەو بنەیان خسـت، بۆئەوەی ئەو ملوانکەو گەردن بەندە بدۆزنـەوە، ئنجا دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دابـەزی، وە سـەری بـە کۆشـی مـن کـرد، سـەرخەوێك

بشكێنێ، (دیارە هاوەڵان گەڕاون تاكو ئەو ملوانكەیە بدۆزنەوە) ئەبوبەكر هات، (واتە: بابی عائیشە خوا لێیان ڕازی بێ) مستێكی توندی لێدام (لَكْزَة: ئەوەیە بە پانایی دەستی، یاخود بە مستێكی توند لە كەسێك بدەی)، وە پێی گوتم: خەڵكت لەسەر ملوانكەیەك ڕاگرتوە؟! (ئنجا لەبەرئەوەی سەری پێغەمبەر ﷺ لەسەر ڕانم بوو، (لە ڕیوایەتی دیكەدا عائیشە دەڵێ: ئەبوبەكر خۆشی دەپاراست لەوەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ خەبەر بكاتەوە، لە ڕیوایەتی دیكەدا دەڵێ: منیش لەبەرئەوە نەبا سەری پێغەمبەر ﷺ لەسەر ڕانم بوو هێندەم ئازار پێ گەیشت هەڵدەستام)، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ خەبەری بووەوە، وە نوێژی بەیانیش بوو، (دیارە شەو بووە ئیسراحەتیان كردوە)، گەڕان بۆ ئاوێ ئاویان چنگ نەكەوت، وە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ ... لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ۝٦﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئەگەر هەڵسان بۆ نوێژێ، كە هەندێك لە توێژەرەوان دەڵێن: واتە: ئەگەر لە خەوێ هەڵسان بۆ نوێژێ.

جا دەڵێ: (أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ) كە (یەكێكە لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ پیاوێكی بەرجەستەی ئەنصارییەكانە)، گوتی: (لَقَدْ بَارَكَ اللهُ لِلنَّاسِ فِيكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْرٍ)، واتە: بەڕاستی خوا بەرەكەتی خستۆتە خەڵكیەوە بە هۆی ئێوەوە ئەی بنەماڵەی ئەبوبەكر! بە هۆی ئەو گرفتەی دایكمان عائیشەوە، خوا ئەو ئایەتەی ناردە خوارێ، كە ئەگەر ئاوت چنگ نەكەوت، چ بۆ خۆشۆردن، چ بۆ دەستنوێژ گرتن، بۆتان هەیە تەیەمموم بكەن، واتە: دەست بە ڕووی زەویدا بێنن.

ب/ ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ الزُّبَيْرِ عَنْ أَبِيهِ عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: لَمَّا كَانَ مِنْ أَمْرِ عِقْدِي مَا كَانَ، قَالَ أَهْلُ الإِفْكِ مَا قَالُوا، فَخَرَجْتُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فِي غَزْوَةٍ أُخْرَى فَسَقَطَ أَيْضًا عِقْدِي حَتَّى حَبَسَ النَّاسَ الْتِمَاسُهُ، فَقَالَ لِي أَبُو بَكْرٍ يَا بُنَيَّةُ فِي كُلِّ سَفْرَةٍ تَكُونِينَ عَنَاءً وَبَلاءً على النَّاس، فَأَنْزَلَ اللهُ الرُّخْصَةَ في التَّيَمُّمِ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: وَاللهِ يَا بُنَيَّةُ إِنَّكِ لَمُبَارَكَةٌ﴾{أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٦٣٨٤) تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح وهذا إسناد حسن، والطَّبَراني، والسيوطي في لُباب النقول في أسباب النزول برقم: (٣٩١)}، واتە: عەبدوڵلای كوڕی زوبێر خوا لە

خۆیو بابی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: ئەو ملوانکەیەم کە لە جەنگێکی پێشتردا لێ کەوتبوو، وە بوختانچییەکان ئەوەی گوتیان گوتیان، بەڵام جارێکی دیکە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بۆ جەنگێکی دیکە چووم، (پێغەمبەری خوا عادەتی وابوو بۆ جەنگەکان قوڕعەی لە نێوان خێزانەکانی دا دەکرد، کامیان قوڕعەی بۆ دەرچووبا، لەگەڵ خۆی دەیبرد، وە زۆر لە هاوەڵانی دیکەش هاوسەری خۆیان لەگەڵ بوو، نانو چێشتیان بۆ لێدەنان، برینداریان دەرمان دەکردن، خزمەتیان دەکردن ...، وە جاری وایە بەشداریی جەنگیشیان کردوون، دەڵێ) دیسان لەو جەنگەی دیکەشدا ملوانکەیەکم لێ کەوت، وە بە هۆی ئەوەوە خەڵك ڕاوەستانو پێغەمبەر ﷺ سوپاکەی ڕاگرت، (دیارە دەبێ ئەو ملوانکەیە قیمەتی بووبێو، ویستوویانە بۆی بدۆزنەوە) ئەبو بەکر پێی گوتم: (واتە: بابی عائیشە) کچی خۆم لە هەموو سەفەراندا تۆ هەر دەبیە مایەی ناڕەحەتییو گرفتاریی بۆ خەڵکی، (پێی ناخۆش بووە کە بە هۆی کچەکەیەوە ئەو سوپایە ڕابوەستێو ئەزیەت ببینن، نەیزانیوە خوای پەروەردگار حیکمەتێکی گەورەی خستۆتە نێو ئەو ئیشەوە) خوای پەروەردگاریش مۆڵەتی تەیەمومی ناردە خوارێ، دوایی ئەبوبەکر پێی گوتم: وەڵڵاهی ڕۆڵە، کچی خۆم تۆ دیارە ئافرەتێکی موبارەکی، بە هۆی ئەو گرفتەی تۆوە خوای بە بەزەیی ئەو مۆڵەتو ڕوخصەتەی بۆ مسوڵمانان ناردە خوار، کە ئەگەر ئاویان دەست نەکەوت بۆ دەست نوێژو خۆشۆردن تەیەمموم بەکاربێنن.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

خوا ﷻ لەم سوورەتەدا، بۆ جاری سـێیەم، تـا ئێسـتـا دوو جـاری فـەرمووە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، جارێکیـان فـەرمووی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ﴾، لـە ئایـەتی یەکەمـدا، لـە ئایـەتی دووەمـدا فـەرمووی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ﴾، یەکەمیان فەرمووی ئەی ئیمانداریـنـە! پەیمانەکان بـە تـەواویی جێبـەجێ بکـەن، لـە ئایـەتی دووەمـدا دەفـەرموێ: ئـەی ئیمانداریـنـە! دروشمـەکانی خـوا مەشـکێنن، بـێ حورمەتییان پـێ مەکەن، ئنجا بۆ جاری سێیەم دەفـەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾، ئـەی ئەوانـەی ئیمانتـان هێنـاوە! هـەر کات بـۆ نوێـژێ هەڵسـان.. وەك لە سوورەتی (البقرة)شدا باسم کردوە، هەندێ کـەس ڕەخنـەی ئـەوەیان لـە قورئـان گرتـوە ئـەو چاوەڕوانییەیـان لـە قورئـان هەیـە، کـە لـە کتێبێـك کـە بەشـەر دایدەنـێ هەیـانە، کە لەو شوێنەدا باسی دەستنوێژ دەکات، هەر باسی دەسـتنوێژێ دەکات، وە لـەو شوێنەدا کە باسی خۆ شـۆردنە، هەر باسی ئەوە دەکات، وە لەو شوێنەدا کە باسی حەڵاڵ‌و حەرام دەکات هەر باسی ئەوە دەکات، وە لەو شوێنەدا کە باسی هاوسەرگیریی دەکات، هەر باسی ئـەوە دەکـات، لـەو شـوێنەدا کـە باسـی جـەنگ‌و ئاشـتـی دەکـات هـەر باسـی ئـەوە دەکـات، بـەڵام لـە قورئانـدا ئـەو بابەتانـە هـەموویان تێکەڵـن، بەڵـێ هەنـدێك بـە هـۆی ئەوەوە ڕەخنەیان لە قورئـان گرتوە، بەڵام بێگومان ئەوە حیکمەتـی زۆر گەورەی تێدایـە، ئەویش ئەوەیە کە خـوای کاربـەجێ دینـی بـۆ ڕێکخسـتنـی ژیـن نـاردوەو ئـەم قورئانـەش کتێبی ژیـانە، ژیانیش وانیە کە لەو کاتەدا نوێـژ دەبێ، هەر خـەریکی نوێـژ بـی، یـان لـە ڕەمەزاندا هەر ڕۆژوو بگـری‌و هیچی دیکـە نەکـەی، نـەخێر، بەڵـکو تـۆ بـەڕۆژووی کارو کەسـابەتیش دەکـەی‌و، صـیلەی ڕەحمـیش جێبـەجێ دەکـەی‌و، سـەردانیش دەکـەی‌و، مـردووش بـە خـاك دەسـپێری، کـاری فیکـرییش دەکـەی، کـاری سیاسـییش دەکـەی، ژیـان هەمووی تێکەڵە، ژیان وانیە ئەگەر شـتێکت کرد هیچی دیکە نەکەی، لەسەر نان خـواردن جاری وایـە میوانێکـت دێ سـەلامێ دەکات، یـان لەسـەر نـان خـواردنێ، گرفتێـك دێتـە پێشـێ دەبـێ چارەسـەری بکـەی، تەلەفۆنێکـت بـۆ دێ، ... هتـد، ئنجـا بۆیـە خـوا ﷻ

بابەتەکانی قورئانی تێکەڵ کردوون، چونکە ژیانیش وایە، لێرەش خوا ﷻ دوای ئەوەی کە باسی ئەو بابەتانەی پێشووی کرد، ئنجا دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! هەرکات بۆ نوێژ هەڵسان دەمو چاوتان بشۆنو ... هتد، ئنجا لێرەدا توێژەرەوانی قورئان لەبارەی رستەی: ﴿إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾، ئەگەر بۆ نوێژێ هەڵسان، دوو رایان هەن:

١) هەندێکیان گوتوویانە: واتە: کە لە خەوێ هەڵسان بۆ نوێژێ.

٢) هەندێکیان گوتوویانە: واتە: ئەگەر بۆ نوێژێ هەڵسان کە دەستنوێژتان نەبوو، بۆچی وایانگوتووە؟ چونکە ئەگەر ئینسان دەستنوێژی هەبێ کە بۆ نوێژێ هەڵدەستێ، لەسەری فەرز نیە دەستنوێژێ بگرێ، دەستنوێژی هەیە! وەك دوایی باسی دەکەین، بۆیە گوتوویانە کەواتە: لێرەدا مەبەست ئەوەیە، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئەگەر دەستنوێژتان نەبوو و بۆ نوێژێ هەڵسان، واتە: ئەگەر ویستتان نوێژێ بکەن، دەستنوێژێ بگرن: دەمو چاوتان بشۆنو دەستەکانتان بشۆنو مەسحی سەر بکەنو پێیەکانتان بشۆن.

٣) دەشتوانین بڵێین: خوا ﷻ بەگشتی بە ئیمانداری فەرمووە، ئەگەر بۆ نوێژێ هەڵسان، ئنجا ئەوەی لە خەوێ هەڵساوەو دەستنوێژی پێشتر شۆردوە، یانی: دەستنوێژی هەیە، بەڵام سوننەتە دەستنوێژەکەی بگرێتەوە، یان ئەوەی هەر دەستنوێژی نیەو لەسەری فەرزە دەستنوێژێ بگرێ، هەموویان هەر دەگرێتەوە.

هەروەها لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾، واتە: ئەگەر ویستتان هەڵسن بۆ نوێژێ، بۆچی؟ چونکە تۆ کە دەستنوێژت نەبێ، یەکسەر بۆ نوێژێ هەڵناستی، بەڵکو دەچی دەستنوێژ دەگری، واتە: یەکسەر بۆ نوێژێ هەڵناستی، بەڵکو ئەگەر ویستت نوێژێ بکەی، دەبێ دەستنوێژ بگری، نەك یەکسەر هەڵسی بۆ نوێژێ، چونکە ئەگەر قامەت کرا، تۆ بە فریای دەستنوێژێ ناکەوی، ئاوا توێژەرەوانی قورئان زۆر بە وردیی تەماشای وشەکانی قورئان دەکەن، ئنجا ئایا چۆن دەستنوێژێ بگرن؟ باسی چوار شتان دەکات:

١- ﴿فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ﴾، دەمو چاوتان بشۆن (وجُوه) كۆی (وَجه)ە، (وَجه) واتە: ڕوو، دەمو چاو.

٢- ﴿وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾، دەستەكانیشتان بشۆن تا ئانیشكان.

٣- ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾، دەستی تەڕیش بە سەرتاندا بێنن.

٤- ﴿وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِ﴾، پێیەكانیشتان بشۆن هەتا هەردوو گوێزینگان.

هەڵبەتە دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا بە درێژی باسی دەكەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە خوای زاناو شارەزا چوار ئەندامی باس كردوون: دەمو چاوو (ڕوو)، هەردوو دەست، سەر هەردوو لاق، (پێیەكان)، هەموو توێژەرەوانی قورئان لەگەڵ ئەوەدان كە (إلی) لە ﴿وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾، بە مانای (مَعَ) دێ، چونكە (إلی) واتە: هەتا، ئنجا ئەگەر بفەرموێ: دەستتان بشۆن تا ئانیشكی، مانای ئەوەیە ئانیشكی لەگەڵ نەبێ، بەڵام لێرەدا (إلی) بە مانای (مَعَ)یە، واتە: لەگەڵ ئانیشكان، هەروەها لە شۆردنی پێیەكانیشدا ﴿وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِ﴾، (إلی) واتە: (مَعَ الكَعْبَيْنِ) لەگەڵ دوو گوێزینگەكان، ئنجا ئایا (إلی) بە مانای (مَعَ) هاتوە لە قورئاندا؟! بەڵێ، وەك خوا لە سوورەتی (النساء) لە ئایەتی (٢)دا لە باسی خواردنی ماڵی هەتیواندا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَهُمۡ إِلَىٰٓ أَمۡوَٰلِكُمۡ ۝٢﴾، واتە: ماڵی هەتیوان لەگەڵ ماڵی خۆتاندا مەخۆن، واتە: مەیخەنە گەڵ ماڵەكەتانو بیخۆن، كەواتە: (إلی) بە مانای (مَعَ) دێ، یانی: (مَعَ أَمْوَالِكُم) لە زمانی عەرەبیدا جاری وایە ئەو پیتانە هەندێكیان لە شوێنی هەندێكیان دادەنیشن، لەبەر حیكمەتێك، كە لێرەدا دەفەرموێ: دەمو چاوتان بشۆن، ئەوە دیارە سنووری دەموچاو كوێیە، كە لەو شوێنەوە كە تووكی سەر تەواو دەبێ هەتاكو كۆتایی چەنەگە، ئەوە پێی دەگوترێ دەموچاو بە باری درێژییدا، وە بە باری پانییشدا لە گوێوە تا گوێ، ئەوە ڕوو (وَجْه)ەو دەبێ ئەوەندە بشۆرێ، ئەدی دەست كوێیە؟ لە نینۆكەوە تاكو دەگاتە هەنگڵ پێی دەگوترێ دەست، بەڵام چونكە

خوا فەرموویەتی: ﴿إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾، لەگەڵ ئانیشکان، کەواتە: لەو لای ئانیشکەوە فەرز نیە، بەڵام تۆزێکی دیکەش لەو لای ئانیشك بێ، وەك لە سوننەتدا هاتوە باشترە، ئەوە ئەو کاتە دەستو پێی‌و دەمو چاوی ئیمانداران درەوشاوەو سپی‌و بازوو دەبێ (غُراً مُحَجَّلِيْن)، ئنجا ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾، دەستی تەڕ بەسەری خۆتاندا بێنن، ئایا چەندی؟ بە پێی ڕواڵەتی ئایەتەکە هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام هەندێکیان گوتوویانە: بەشێکیشی تەڕ بێ هەر تەواوە، بەڵام کە تەماشای دەقەکانی سوننەت دەکەین، پێغەمبەر ﷺ بە هەردووك دەستی مەسحی سەری کردوە، ئنجا شۆردنی پێیەکانیش لەگەڵ گوێزینگاندا، دیارە (أَرْجُل) کۆی (رِجِل)ە، (رِجِل) واتە: لاق، ئەدی بۆچی بۆ نەیفەرمووە: (أَقْدَامَكُم)؟ چونکە بەشێك لە لاق (ساق)یش دەبێ بشۆرێ لەگەڵ گوێزینگەکانداو، ئەگەر فەرمووبای: (قَدَم) تەنیا پێیەو گوێزینگی لەگەڵ نەدەکەوتن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِ﴾، وە پێیەکانیشتان بشۆن لەگەڵ گوێزینگەکان، ﴿وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْ﴾، وە ئەگەر لەش پیس بوون، خۆتان پاك بکەنەوە، واتە: خۆتان بشۆن، ئەگەر ئاوتان دەست بکەوێ مادام لەش پیسییتان لەسەر بێ، دەبێ خۆتان بشۆن، ئنجا دەتوانن نوێژ بکەن‌و دەتوانن طاعەت بکەن.

ئنجا دێتە سەر باسی ئەوە ئایا ئەگەر ئاو نەبوو؟ دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ﴾ وە ئەگەر ئێوە نەخۆش بوون، ﴿أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾، یان بە سەفەر چوون، ﴿أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ﴾، یان یەکێکتان لە شوێنی نزم هاتەوە، واتە: تارەتی گرتبوو ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، یاخود لەگەڵ ژناندا جووت بوون، هەندێکیش دەڵێن: ﴿لَٰمَسۡتُمُ﴾، بە مانای (لَمَستُم) یانی: دەستتان لێدابوون، دێ، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە مانایەکی بێهێزە، وە بەڵگەیەکی وای لەسەر نیە، چونکە (مُلامَسَة) لەسەر وەزنی (مُفَاعَلَة)یە بۆ بەشداریی دووانە، یانی: پیاوێك دەست لە ژنەکەی دەداو ئەو ئاگای لێ نیە کە دەستی پێی کەوتوە، یان ئافرەتەکە دەست لە پیاوەکەی دەدا،

بۆئەوەی پێی بزانێ، ئەوە چەمکی (مُلامَسَة) نایگرێتەوە، بەلاَم (جِماع) بە هەردووکیان نەبێ ناکرێ، بە هاوکاریی هەردووکیانە، جگە لەوەش هەر (مُلامَسَة) بە خۆشی لە زمانی عەرەبیدا زیاتر بە مانای پێکەوە جووت بوونی ژنو پیاو دێ، ئنجا کە دەفەرموێ: ئەگەر نەخۆش بوون، یان لەسەفەر بوون، واتە: کە نەخۆش بوون، نەخۆشییەکی وا کە نەتاندەتوانی ئاوێ بەکاربێنن بۆ دەستنوێژو خۆشۆردن، دەنا جاری وا هەیە مرۆڤ نەخۆشە، بەلاَم دەتوانێ ئاوێ بەکاربێنێ، ئەوە نایگرێتەوە، بەلکو نەخۆشییەکی وا کە رێی بەکارهێنانی ئاوی لێ بگرێ، چ بۆ دەستنوێژ، چ بۆ غوسل.

وە لە سەفەر بوون، واتە: لە سەفەر بوونو ئاوتان چنگ نەکەوت، دەنا مرۆڤ با لە سەفەریش بێ، بەلاَم ئەگەر ئاوی چنگ بکەوێ، خۆ هەتا ئاو هەبێ تەیەمموم بەتالە، ﴿أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ﴾، یاخود یەکێك لە ئێوە لە تارەت گرتن هاتەوە ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، یاخود دەستتان گەیاندە ژنانو لەگەڵیان جووت بوون ﴿فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ﴾، لە هەر کام لەو چوار حاڵەتەدا ئاوتان چنگ نەکەوت، چی بکەن؟ ﴿فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ﴾، ڕوو بکەنە ڕووی پاکی زەویو دەست بە ڕووی زەویدا بێننو دوایی بە دەمو چاوتانیدا بێنن، وە بەدەستتانی دابێنن، ئنجا ئەو (مِّنۡهُ)ش وەك دوایی باسی دەکەین، هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان بە بەڵگەی ئەوەیان داناوە کە دەبێ شتێك هەبێ لەوە بە دەستو بە دەمو چاوتەوە بنووسێ، بۆیە گوتوویانە: دەبێ گڵ بێو تۆزی هەبێ، بەلاَم نا، ئێمە دەڵێین، کە دەفەرموێ: (مِّنۡهُ) ئەو (مِنَ)ە، (مِن)ی بەشێك (تَبعيضِي) نیە، تاکو مەرج بێ هەندێك لە تۆزو غوبارەکەی بە دەمو چاوتو بە دەستتەوە بنووسێ، بەلکو ئەو (مِن)ە، بۆ دەست پێکردن (إبتِدَاء)ە، واتە: دەست بگەیەننە ڕووی زەوی دەستی پێدا بێننو، دەست بە دەمو چاوو بە دەستتاندا بێنن، کە دیارە ئەوە گەلێك وردەکاریی هەیە، لە مەسەلە گرنگەکاندا تیشکی دەخەینە سەر.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ﴾، خوا نایەوێ هیچ سەغڵەتییەکتان بخاتە سەرێ، بۆیە بواری داون لە جیاتی ئاو هەم بۆ دەستنوێژ، هەم بۆ خۆشۆردن، تەیەمموم بکەن، چونکە نایەوێ سەغڵەتتان بکات، کەسێك لە شوێنێکە لەشی پیس بووە، ئاویشی چنگ ناکەوێ، نوێژیش بووە، یان دەبێ نوێژەکەی بچێ، یان دەبێ بە لەش پیسی نوێژەکەی بکات، بەڵام نەخێر، بۆی هەیە تەیەمموم بکات، وە ئەمە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە گوتمان: ﴿صَعِيدًا﴾، واتە: ڕووی زەوی، ئەگەر ڕووی زەوی بە بەفر داپۆشرابوو، دەست بە بەفرێدا بێنە، وە ئەگەر بەستەڵەك بوو، لەو شوێنانە کە هەموو دنیا بەستەڵەکە، دەست بە ڕووی زەویدا بێنە، ئەگەر بەهار بوو سەوزاییو گیا بوو، هیچی لێ نەبوو، دەست بە گیادا بێنە، وە ئەگەر لم بوو، دەست بە لمەکەدا بێنە، وە ئەگەر لە چیا بووی، بەس بەردی لێ بوو، کە چیاو چۆڵ بەس بەردو زیخە، گڵی لێ نیە، دەست بە بەردەکاندا بێنە، ئاوا ئەم ڕستە قورئانییە: ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ﴾، کاتێك دێتە دی، کە تۆ بۆت هەبێ دەست بە هەموو شتێکدا بێنی، هەرچی لەسەر ڕووی زەوییە، واتە: مەبەست لە: (صَعِيد) ڕووی زەوی بێ، نەك تەنیا گڵ بێ، گڵ لە کوێ پەیدا بکەی، لە بیابان گڵی هەر لێ نیە؟ زۆربەی دنیاش بیابانەو چیاو چۆڵەو بەستەڵەکە، چونکە لە هەموو شوێنان گڵ دەست ناکەوێ، ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾، بەڵکو خوا دەیەوێ پاکتان بکاتەوە، نایەوێ سەغڵەتتان بکات، بەڵکو دەیەوێ پاکتان بکاتەوە، ﴿وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ﴾، وە بۆئەوەی چاکەی خۆی لەسەر ئێوە تەواو بکات، ﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾، بەڵکو سوپاسگوزاربن، لە ئەنجامی ئەوەدا ئینسان هەست بە نیعمەتو چاکەکانی خوا دەکات، سوپاسی خوا دەکاتو سیفەتی سوپاسگوزاریی تێدا دێتە دی، خوای پەروەردگاریش دەیەوێ ئاوا دینداریيتان بۆ ئاسان بکات، وە کارێك بکات کە بە هۆی ئەو دینداریيەوە پاك ببنەوە، بۆ نوێژو طاعەت، لەجیاتی غوسڵو دەستنوێژو بە تەیەمموم پاك ببنەوە، وە چاکەی خۆیتان لەسەر تەواو بکات، تاکو سەرەنجام ئێوەش سوپاسگوزاریی بۆ خوا ئەنجام بدەن.

ئنجا لە ئایەتی دووەمدا دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ﴾، وە چاکەی خوا یاد بکەنەوە لەسەر خۆتان، کام چاکەیە؟ زانایان دەڵێن: ﴿نِعۡمَةَ ٱللَّهِ﴾، لێرەدا جینسی نیعمەتی مەبەستە، نیعمەتی ئیمانو ئیسلام، نیعمەتی ئەو نوێژو دەستنوێژو پاكو خاوێنییە کە لە ئیسلامدا هەیە، ئەو هەموو نیعمەتانەی کە لە ژیانی ئێمەدا هەن، ئەو هەموو ڕزقو ڕۆزییو میوەیە، وە نیعمەتی لەش ساغییو نیعمەتی ماڵو منداڵ، ئنجا نیعمەتی ئەو هێمنییو ئاسایشە، وە نیعمەتی هەواو نیعمەتی تیشکی خۆرو، نیعمەتی ئاوو، نیعمەتی بارانو ... هتد، نیعمەتەکانی خوا بە گشتی، وەك خوا بۆخۆی دەفەرموێ: ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ ٣٤﴾إبراهيم، واتە: ئەگەر بتانەوی نیعمەتی خوا بژمێرن، بۆتان سەرژمێر ناکرێن، کەواتە: یادی چاکەی خوا بەسەر خۆتانەوە بکەنەوە، ﴿وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم بِهِۦٓ﴾، وە یادی ئەو پەیمانەش بکەنەوە کە لەگەڵیدا بەستوون، پەیمانێکی پتەوی لەگەڵتاندا بەست، یادی ئەو پەیمانەش بکەنەوەو لەبیرتان نەچێ، کە ئێوە بەندەی خوان، پەیمانی خواتان لە ئەستۆدایە، ئەو پەیمانە چییە؟ هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست لەو پەیمانەیە کە بۆ جاری دووەم لە عەقەبە لە نێوان پێغەمبەرﷺو هاوەڵانی بەڕێزیدا بەستراوە، بەڵام ئەوە ڕاست نیە، چونکە ئەو پەیمانە حەفتاو دوو پیاو بوون، لەگەڵ سێ ئافرەتیش، ئەوە حەفتاو پێنج، کەچی لێرەدا خوای بەرزو مەزن لەگەڵ هەموو ئیماندارانــدا قسە دەکات، کەواتە: چۆن دەگونجێ ئەو پەیمانە کە تەنیا حەفتاو پێنج کەس بەستوویانە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ لێرەدا خوای پەروەردگار بفەرموێ: هەمووتان یادی بکەنەوە؟! وە هەندێکیان دەڵێن: مەبەست پێی ئەو پەیمانەیە کە لە ژێر درەختی (رِضوَان)دا بەسترا، کە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدۡ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ يُبَايِعُونَكَ تَحۡتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمۡ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيۡهِمۡ وَأَثَٰبَهُمۡ فَتۡحٗا قَرِيبٗا ١٨﴾الفتح، واتە: خوا لەو ئیماندارانە ڕازی بوو کە پەیمانیان پێدای لە ژێر درەختەکەدا، بەڵام ئەو پەیمانەش هەزارو چوار سەد لە هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەستیان، کەچی لێرەدا خوا بەگشتی دەفەرموێ، یادی

پەیمانەکەم بکەنەوە! بۆیە وا پێدەچێ مەبەست لەو پەیمانە شتێکی دیکە بێ، ئەویش ئەوەیە کە هەرکام لە ئیمانداران بە حوکمی ئیمانەکەی پەیمانی لەگەڵ خوا بەستوە کە بەندەی خوا بێ‌و، فەرمانبەریی بکات‌و گوێی بۆ بگرێ‌و پابەندی بەرنامەکەی بێ.

پاشان بە حوکمی ئەو فیطرەتەی کە خوا ئێمەی لەسەر خوڵقاندوە، هەموو ئینسانێك خواناسە، وە بەڵگە عەقڵییەکان‌و بەڵگە نەقڵییەکان هەموویان ئینسان پابەند دەکەن بەوەی کە بەندایەتیی بۆ خوا بکات، وا پێدەچێ مەبەست پێی ئەو چەمك‌و واتا فراوانانە بێ، چونکە ئەوانە هەموو ئیمانداران دەگرنەوە، ﴿إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا﴾، کاتێك گوتتان، گوێمان لێ بوو، گوێڕایەڵین، ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾، وە پارێز لە خوا بکەن بێگومان خوا بە خاوەنی سینەکان ئاگادارە، خاوەنی سینەکان یانی چی؟ یانی: ئەو نهێنییانەی کەوا لە سینەکاندا پەنهان بوون، هەرچەندە لە ئەسڵدا سینەکان خاوەنی نهێنییەکانن، بەڵام خوای پەروەردگار نهێنییەکانی کردوە بە خاوەنی سینەکان، لەبەرئەوەی هێندە پەنهانن، جگە لە خوا کەس بەو نهێنییانە نازانێ، کێ بە نیەتی کێ دەزانێ؟! بێجگە لە خوا کەس ناتوانێ دڵی کەس بخوێنێتەوە، کەواتە: پارێز لەو خوایە بکەن، کە نێو دڵیشتان دەخوێنێتەوەو نهێنییەکانی دڵیشتان دەبینێ، وە ئاگاتان لە خۆتان بێ‌و سەرپێچیی لێ نەکەن.

# چەند مەسەلەیەكی گرنگ

**مەسەلەی یەكەم:** لێرەدا كە خوا دەفەرمویٚ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾، لێرەدا مەبەست لە: (كاتێك كە هەڵسان بۆ نوێژیٚ)، یانی: كاتێك ویستتان هەڵسن بۆ نوێژیٚ، چونكە: ئایا دەگونجیٚ ئەگەر بانگدرا، یان قامەت كراو هەڵسی بۆ نوێژیٚو یەكسەر نوێژیٚ بكەی، یان یەكسەر دەستنوێژیٚ بگری، جاری وایە دەبینی ئاو لەویٚ نیە؟ نەخێر، كەواتە: لێرەدا مەبەست ئاوایە (إِذَا أَرَدْتُم القِيَامَ إِلى الصَّلاَة) ئەگەر ویستتان هەڵسن بۆ نوێژیٚ، دەستنوێژ بگرن، حازر بن، بۆئەوەی دوایی لەسەر یەكدی ڕانەوەستن بۆ دەستنوێژ گرتن)، كەواتە: ئەگەر ویستتان هەڵسن بۆ نوێژیٚ، دەستنوێژیٚ بگرن، چونكە ئەو كاتەی تۆ هەڵدەستی بۆ نوێژیٚ، دەستنوێژت بۆ ناگیریٚو فریای نوێژەكەت ناكەوی، كەواتە: لێرەدا وشەیەك (تَقْدِير) دەكریٚ كە سیاقەكە دەلالەتی لەسەر دەكات، وە بۆ زانیارییتان لە قورئاندا زۆرجاران وشەیەك باس ناكریٚ، لەبەرئەوەی سیاقەكەی دەیگەیەنیٚ، ئنجا لەو ڕستە قورئانییەدا هەرچەندە لێرەدا خوا بەگشتی دەفەرمویٚ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾، ئەی ئیمانداریننە! ئەگەر هەڵسان بۆ نوێژیٚ، واتە: ئەگەر ویستتان هەڵسن بۆ نوێژیٚ، هەرچەند بەگشتی فەرمان بە ئیمانداران دەكات كە دەستنوێژ بگرن، بەلاٚم مەبەست پێی ئەوانەیە كە دەستنوێژیان نیە، واتە: (الْمُحْدِثِين) واتە: ئەوانەی بیٚدەستنوێژن، ئنجا بیٚدەستنوێژیی گچكە، (الحَدَثُ الأَصْغَر)، چ بیٚدەستنوێژیی گەورە (الحَدَثُ الأَكْبَر)، كە پێشی دەگوتریٚ: (الجِنَابَة) واتە: لەش پیسیی، ئنجا ئایا بەڵگەمان لەسەر ئەوە چییە كە تەنیا لەسەر ئەوانە فەرزە دەستنوێژ بگرن، چونكە ئایەتەكە بەگشتی فەرزی دەكات: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِ﴾، كەواتە: فەرزە

دەموچاو بشۆی، هەردوو دەستت بشۆی لەگەڵ ئانیشکان، وە مەسحی سەر بکەی، واتە: دەستی تەڕ بەسەرتدا بێنی، وە پێیەکانیشت بشۆی لەگەڵ گوێزینگەکان، جا ئایا ئەوە لەسەر هەموو کەس فەڕزە، هەر کە نوێژ بوو، هەموو کەس بچێ دەستنوێژ بگرێ؟ نەخێر تەنیا لەسەر ئەوانە فەڕزە کە بێدەستنوێژن، بەڵگەشمان سوونەتی پێغەمبەرە کە سوونەتی پێغەمبەر ﷺ زۆرجاران قورئان ڕوون دەکاتەوە، دەنا ئەگەر بە پێی ڕواڵەتی ئایەتەکە بێ، وەك هەندێکیان گوتوویانە: لەسەر هەموو کەس فەڕزە، دەستنوێژی هەبێو نەبێ، دەبێ دەستنوێژ بگرێتەوە، بەڵام کە تەماشای سوونەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو تێگەیشتنە لە ئایەتەکە تێگەیشتنێکی ڕووکەشییەو تێگەیشتنی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مەبەست پێی ئەوانەیە کە دەستنوێژیان نیە، ئەوان لەسەریان فەڕزە دەستنوێژ بگرنەوە، ئەدی ئەگەر کەسێك دەستنوێژی هەبێ؟ بۆ وان بەس پەسندو سوونەتە، کەواتە: ئەگەر بڵێین: ﴿ فَٱغۡسِلُواْ ﴾، بۆ واجب بوونە، ئەوە تەنیا بێدەستنوێژەکان دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین: مەبەست پێی سوونەتە، ئەو کاتە بە دەستوێژەکانیش دەگرێتەوە، واتە: بۆ ئەوانیش سوونەتە دەستنوێژەکانیان تازە بکەنەوە، ئەوە لەسەر ڕای بەشێك لە زانایان، وە هەندێکیان دەڵێن: سوونەتیش نیە.

یەکێك لە فەرمایشتەکان: ﴿عَنْ بُرَيْدَةَ ﷺ، قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ: يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلاةٍ، فَلَمَّا كَانَ يَوْمُ الْفَتْحِ، تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ، وَصَلَّى الصَّلَوَاتِ بِوُضُوءٍ وَاحِدٍ، فَقَالَ: لَهُ عُمَرُ يَا رَسُولَ اللهِ! إِنَّكَ فَعَلْتَ شَيْئًا لَمْ تَكُنْ تَفْعَلُهُ؟! قَالَ: «إِنِّي عَمْدًا فَعَلْتُ يَا عُمَرُ»﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٢٣٠٢٣)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٢٧٧)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (١٧١)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٦١)، وَالنَّسَائِيُّ بِرقم: (١٣٣)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (١٧٠٨)}، واتە: بورەیدە (کە یەکێکە لە هاوەڵان) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ عادەتی وابوو لە کاتی هەموو دەستنوێژاندا دەستنوێژی دەگرتەوە، (واتە: دەستنوێژی هەبووایە، یان نەیبووایە) لە ڕۆژی فەتحدا (واتە: ئازادکردنی مەککە) دەستنوێژی گرت، وە دەستی تەڕی بەسەر دوو خوففەکەی داهێنا، (خوفف، واتە: گۆرەوی چەرم، واتە: خوففی لەپێ کردبوون، وە پێشتر دەستنوێژی گرتبوو، دیارە چووە تارەتی گرتوەو دەستنوێژی گرتوەو دەموچاوی شۆردنو دەستی شۆردوون، وە مەسحی سەری کردوەو، دەستی تەڕیشی بەسەر دوو خوففەکەی داهێناوە)، وە

هەموو نوێژەکانی بە یەك دەستنوێژ کردن، {دیارە دەبێ نوێژی بەیانی بووبێ، کە ئەو هاوەڵە بینیویەتی کە بۆ نوێژی بەیانی دەستنوێژی گرتوە، نوێژی نیوەڕۆو عەسرو شێوانو خەوتنانیشی بەو دەستنوێژە کردوە}، عومەر پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا ! تۆ شتێکت کرد، کە پێشتر وات نەکردوە، (واتە: هەر پێنج نوێژەکانت بەیەك دەستنوێژ کردنو دەستنوێژت تازە نەکردەوە)، گوتی: بە ئەنقەست وامکرد، ئەی عومەر! کە بێگومان حیکمەتو ئامانجەکەیشی ئەوەبووە، ئەگەر کەسێك نەیتوانی بۆ هەموو نوێژە فەرزەکان دەستنوێژێ تازە بکاتەوە، ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ وایکردوە، دیارە مەرج نیە هەر ئەو جارەش وای کردبێ، جاری دیکەش هەبووە کە پێغەمبەر ﷺ دەستنوێژی تازە نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر بشگونجێ تازەی بکەیەوە باشترە.

کەواتە: دەستنوێژگرتن بۆ هەر نوێژێك ئەگەر ئینسان دەستنوێژی نەبێ فەرزە، وە ئەگەر دەستنوێژی هەبێ سوننەتە، هەر لەوبارەوە ئەم فەرمایشتەش هەیە: ﴿عَن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلاةٍ، قُلْتُ: كَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ؟ قَالَ: كُنَّا نُصَلِّي الصَّلَوَاتِ كُلَّهَا بِوُضُوءٍ وَاحِدٍ، وفي رواية: (يُجْزِئُ أَحَدَنَا الْوُضُوءُ مَا لَمْ يُحْدِثْ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٢٣٦٨)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢١٤)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٦٠)}، واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە (دیارە یەکێك لە تابیعین لێی دەگێڕێتەوە) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ عادەتی وابوو لە کاتی هەموو نوێژەکاندا دەستنوێژی دەگرت، ئەو کەسە کە لە ئەنەس دەگێڕێتەوە دەڵێ: بە ئەنەسم گوت: ئەدی ئێوە چیتان دەکرد؟ (ئێوەش بۆ هەموو نوێژان دەستنوێژتان دەگرتەوە) گوتی: (واتە: ئەنەس گوتی:) ئێمە هەموو نوێژەکانمان بە یەك دەستنوێژ دەکرد، ئەگەر دەستنوێژمان نەشکابایە، لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: یەکێك لە ئێمە یەك دەستنوێژی بەس بوو بۆ هەموو فەرزەکانی، ئەگەر دەستنوێژی نەشکابووایە.

کەواتە: ئێستا بۆمان دەرکەوت کە خوا دەفەرموێ: دەستنوێژ بگرن، واتە: بۆ کەسێك کە دەستنوێژی نەبێ لەسەری فەرزە، وە وەك گوتم، دەشگونجێ بڵێین: ئەوە ڕووی لە هەموو ئیماندارانە، بۆ ئەوانەی دەستنوێژیان نیە، فەرزە دەستنوێژ بگرن، ئەوانەش کە دەستنوێژیان هەیە، سوننەتە، واتە: بۆ ئەوان پەسندەو

چاکە، دیارە ئەویش دیسان لە حاڵێکدا کە مرۆڤ تووشی مەشەققەت نەبێ و، ئاوەکە کەم نەبێ، وە بەشی خەڵکی دیکە نەبێ و، نوێژی خەڵکی دیکە تاخیر نەکات، بەڵام کەسێك دەستنوێژی هەیەو دەچێ بۆ زیادە دەستنوێژ دەگرێتەوەو لە هەقی خەڵکی دیکە دەفەوتێنێ، ئەوە لە جیاتی ئەوەی خێری بگاتێ، ڕەنگە گوناهی بگاتێ، ئینسان دەبێ هۆشیارو بە سەلیقە بێ، سوننەت وەختێك ببێتە هۆی ڕێگرتن لە واجبی کەسێکی دیکە، یاخود سوننەتێك ببێتە هۆی ئەوەی خێرێکت لە دەست بدات، کە پاداشتی لە هی سوننەتەکە پتربێ، ئەو کاتە لەسەر سوننەتەکەت قەرزار دەبیەوە!!

**مەسەلەی دووەم**: کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو جۆرەکانی نوێژ پەکیان لەسەر دەستنوێژ کەوتوە، چونکە وشەی (الصلاة) (ال)ی جینسی لەسەرە، کەواتە: جینسی نوێژ پێویستی بە دەستنوێژ هەیە، نوێژی فەرز بێ، نوێژی سوننەت بێ، نوێژی جەنازە بێ، نوێژی مانگ گیران بێ، نوێژی خۆرگیران، نوێژی بارانە، نوێژی سڵاوکردن لە مزگەوت (تَحية المَسجد)ە، هەموو جۆرەکانی نوێژ، بەڵکو لەسەر ڕای زۆر لە زانایان سەجدەی شوکرو سەجدەی قورئان خوێندنیش پێویستییان بە دەستنوێژە، وە بەبێ دەستنوێژ دروست نین، بێدەستنوێژیی گەورە ئەوە هەر هیچ، بەبێ دەستنوێژیی گچکەش دروست نین، ئنجا لەبەرئەوە کە ﴿فَٱغْسِلُواْ﴾، وە ئەوانی دیکەش ﴿وَٱمْسَحُواْ﴾، بۆ فەرمانن، وە فەرمانیش بۆ فەرزبوونە: (الأَمْرُ يَدُلُّ عَلَى الوجُوب) فەرمان پێویست بوون دەگەیەنێ، بۆیە ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ: کە دەستنوێژ مەرج و فەرزە بۆ نوێژ، واتە: بەبێ دەستنوێژ نوێژ دروست نیە بکرێ، بۆ کەسێك کە ئاوی چنگ بکەوێ، ئەگەر ئاوی دەست نەکەوت تەیەممووم دەکات، تەیەممومیش وەك دوایی باسی دەکەین، خوای کاربەجێ بە شێوەیەك دایناوە بەپێی شەریعەت (قورئان و سوننەت) کە هیچ کەس لە هیچ شوێنێك پەکی ناکەوێ، بەڵام هەندێ لە مەزهەبەکان وایان بەرتەسك و گچکە کردۆتەوە، کە مرۆڤ لە زۆر شوێنان پەکی دەکەوێ و تووشی سەغڵەتیی دەبێ، بۆیە هەمیشە کە دەگەڕێینەوە بۆ شەریعەت، بۆ قورئان و سوننەت دەبینین، دین ئاسانە، بەڵام کە دەچینە نێو قسەی زانایانەوە،

زۆریان ئاڵۆزیی و پێچو مێچی زۆریان تێخستوەو، مسوڵمانەتیی لەسەر خەڵکی بە زەحمەت خراوە، ئەگەرنا بۆ وێنە: کەسێك لە سجنە، (کە من بۆخۆم ئەو ئەزموونەم هەیە لە زیندانی ئەمریکییەکاندا) لە سجن ڕێگات پێ نادەن دەستنوێژ بگری، ئاوت چنگ ناکەوێ، زۆرجار ئاوی خواردنیشت بەتەواویی نادەنێ، چ جای دەستنوێژی پێبگری! باشە لەو کاتەدا چۆن نوێژێ بکەی؟ گڵ لە کوێ بێنی؟ هەمووی کۆنکرێت یان کاشییە، ئەو خۆڵەی ئیمام شافیعیی دەڵێ، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەبێ تۆزی لێ هەڵسێ لە کوێی بێنێ؟ بەڵام بە پێی ئایەتەکە بێ کە دەفەرموێ: ﴿ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا ﴾، ڕوو بکەنە ڕووی زەوی، ئەو کۆنکرێتو کاشییە ڕووی زەوییە، یان دەرو دیوار دەستی پێدا دێنێو تەیەمومی خۆت دەکەی، ئنجا با بیکەینە پێوەر: کاتێك تەماشای سەماحەتی شەریعەت دەکەین، ئەو کاتە هەر ڕاو بۆچوونێك لە سەماحەتو فراوانیی شەریعەت دوورکەوتبێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە خاوەنەکەی نەیپێکاوە.

**<u>مەسەلەی سێیەم</u>**: زانایان هەموو لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە دەستنوێژ پێش دابەزینی ئەم ئایەتەش هەر هەبووە، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە سوورەتی (المائدة) زۆر لە زانایان دەڵێن: لە (حَجَّةُ الوداع)دا دابەزیوە، واتە: ساڵی (١٠)ی کۆچی، باسی دەستنوێژیش لەوێدا کراوە، ئنجا ئەگەر گریمان ئەو ئایەتەی باسی دەستنوێژێ دەکات، لەو کاتەشدا دانەبەزیبێو پێشتریش دابەزیبێ، گرنگ ئەوەیە سوورەتی (المائدة) هەمووی لە دوای صوڵحی حودەیبییە دابەزیوە، دوای ساڵی شەشەمی کۆچی، باشە ئایا تا ساڵی شەشی کۆچی مسوڵمانان چۆنیان نوێژ کردوە، ئایا بەبێ دەستنوێژیی کردوویانە؟ دەستنوێژیان چۆن بووە، چۆن نەبووە؟! ئەو پرسیارە دروست دەبێ، زانایان هەموو لەسەر ئەوە یەك دەنگن دەڵێن: دەستنوێژ پێش دابەزینی ئەم ئایەتەش هەر هەبووە، واتە: بە نیوەڕۆکی ئەم ئایەتە ئیش کراوە، بەڵام دوایی ئایەتەکە دابەزێندراوە، ئەگەرنا هەر لە مەککەوەو هەر لەو کاتەوە کە نوێژ فەرز کراوە لەسەر پێغەمبەرمان ﷺ بە دەستنوێژەوە نوێژی کردوە، بەڵگەمان چییە؟ بەڵگەمان ئەم دەقانەن:

یەکەم: ﴿رَوَى ابْنُ إِسْحَاقَ وَغَيْرُهُ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمَّا فَرَضَ اللهُ سُبْحَانَهُ عَلَيْهِ الصَّلَاةَ لَيْلَةَ الإِسْرَاءِ وَنَزَلَ جِبْرِيلُ ظُهْرَ ذَلِكَ الْيَوْمِ لِيُصَلِّيَ بِهِ فَغَمَزَ الأَرْضَ بِعَقِبِهِ، فَأَنْبَعَتْ مَاءً، وَتَوَضَّأَ مُعَلِّمًا لَهُ، وَتَوَضَّأَ هُوَ مَعَهُ، وَصَلَّى، فَصَلَّى رَسُولُ اللهِ ﷺ﴾[1] ئیبنو ئیسحاقو غەیری ویش گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك خوای پاك نوێژی لەسەر فەرز کرد لە شەوی شەوڕۆدا جبریل نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە (کە پێغەمبەر ﷺ شەوەکەی چوو بۆ شەوڕۆیی و بەرزبوونەوە"الإسراء والمعراج"و دوایی هاتەوە) دابەزی بۆئەوەی نوێژی پێبکات، وە جبریل پاژنە پێی لە زەویداو ئاوی هەڵقوڵاند، وە جیبریل خۆی دەستنوێژی گرت پێغەمبەری ﷺ فێرکرد، کە ئاوا دەستنوێژ بگرێ، پێغەمبەری خواش دەستنوێژی لەگەڵ گرت، وە جبریل نوێژی کرد، پێغەمبەریش ﷺ نوێژی کرد، وەك ئەو یاخود لەگەڵ ئەو.

جا (إِبْنُ العَرَبِي) دەڵێ: (وَهَذَا صَحِيحٌ وَإِنْ كَانَ لَمْ يَرْوِهِ أَهْلُ الصَّحِيحِ) ئەم دەقە ڕاستە (صحيح)ە هەرچەندە ئەوانەی دەقە ڕاستەکانیان گێڕاوەتەوە نەشیان گێڕابێتەوە، بەڵام ئەم دەقە لە ڕووی سەنەدەکەیەوە ڕاستە، کەواتە: پێش دابەزینی قورئان باسی دەستنوێژ لە سوننەتدا هەبووە، وە فەرزیش بووە، چونکە دەستنوێژ مەرجی نوێژە.

دووەم: ئنجا هەر لەوبارەوە ئەم دەقەش هەیە کە (حاکم) کە زانایەکی فەرموودەناسی شارەزایە، لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (الـمُستَدرَك على الصَحيحين) واتە: ئەو فەرمایشتانەی بوخاریی و موسلیم نەیانگێڕاونەوەو فەرامۆشیان کردوون، یان لە بیریان چوون، ئەو لەو کتێبەی خۆیدا هێناونی، لەو بارەوە ئەم دەقەی هێناوە: ﴿عَن إبن عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: إِنَّ الْمَلأَ مِنْ قُرَيْشٍ اجْتَمَعُوا فِي الحِجْرِ فَتَعَاقَدُوا بِاللاَّتِ وَالْعُزَّى وَمَنَاةَ الثَّالِثَةِ الأُخْرَى وَنَائِلَةَ وَإِسَافٍ لَوْ قَدْ رَأَيْنَا مُحَمَّداً لَقَدْ قُمْنَا إِلَيْهِ قِيَامَ رَجُلٍ وَاحِدٍ فَلَمْ نُفَارِقْهُ حَتَّى نَقْتُلَهُ فَأَقْبَلَتْ ابْنَتُهُ فَاطِمَةُ رَضِيَ اللهُ تَعَالَى عَنْهَا تَبْكِي حَتَّى دَخَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَتْ: هَؤُلاءِ الْمَلأُ مِنْ قُرَيْشٍ قَدْ تَعَاقَدُوا عَلَيْكَ لَوْ قَدْ رَأَوْكَ

١) أَحْكام القـرآن لابن العَرَبي، ج٢، ص٤٧.

لَقَدْ قَامُوا إِلَيْكَ فَقَتَلُوكَ فَلَيْسَ مِنْهُمْ رَجُلٌ إِلاَّ قَدْ عَرَفَ نَصِيبَهُ مِنْ دَمِكَ، فَقَالَ: يَا بُنَيَّةُ! أَرِينِي وَضُوءاً فَتَوَضَّأَ، ثُمَّ دَخَلَ عَلَيْهِمْ الْمَسْجِدَ، فَلَمَّا رَأَوْهُ قَالُوا هَا هُوَ ذَا وَخَفَضُوا أَبْصَارَهُمْ، وَسَقَطَتْ أَذْقَانُهُمْ فِي صُدُورِهِمْ، وَعُقِرُوا فِي مَجَالِسِهِمْ فَلَمْ يَرْفَعُوا إِلَيْهِ بَصَرًا وَلَمْ يَقُمْ إِلَيْهِ أَحَدٌ﴾{أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٧٦٢) قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن, رجاله ثقات رجال الصحيح إلا أن في يحيى بن سليم كلاما يحطه عن رتبة الصحيح، وَالحَاكِم برقم: (٥٨٣)، تعليق الذهبي في التلخيص: صحيح}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: زلە زلانی قوڕەیش لە حیجر (حجر إسماعيل)دا کۆبوونەوەو سوێندیان بە لاتو عوززاو مەناتو ئیسافو نائیلە خواردو پەیمانیاندا، کە ئەگەر موحەممەدمان بینی وەك یەك پیاو بۆی هەڵدەستینو لێی ناگەڕێین هەتا دەیکوژین، فاطیمەی کچی خوا لێی ڕازی بێ، چووە لای پێغەمبەر ﷺ بە گریانەوەو گوتی: ئەوانە، زلەزلەکانی قوڕەیش کۆبونەتەوەو پەیمانیان داوە کە بۆت هەڵسنو بتکوژن بە شێوەیەك کە هەرکامێکیان بەشێك خوێنی تۆی بکەوێتە سەر پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: کچی خۆم! ئاوی دەستنوێژم بۆ بێنن، وە دەستنوێژی گرت، پاشان لێیان چووە مزگەوت، کاتێك بینیان گوتیان: ئەها ئەوەتا! بەلام چاویان نزم کردو سەریان نەوی کرد لە شوێنی خۆیان نەجووڵانو تەماشایان نەکرد، وە هیچ کامیان بۆی هەڵنەستان.

دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ وەك لێی گێڕدراوەتەوە ﴿عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا حَزَبَهُ أَمْرٌ صَلَّى﴾{رَوَاهُ أَبُو دَاوُد برقم: (١٣١٩)، وَحَسَّنَهُ الأَلباني في (صحيح سُنَن أبي داود)}، واتە: (حُذَيْفَة) خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئیشێك نارەحەتی کردبایە گرفتێکی هەبایە، پەنای دەبردە بەر پاڕانەوە، یان نوێژی دەکرد، دیارە کە فەرموویەتی: دەستنوێژ دەگرم، ویستوویەتی دووعا بکات، یان دوو ڕکات نوێژ بکات، پەنا بەرێتە بەر خوا لە شەڕی ئەوانەی کە بە تەمابوون بیکوژن.

**مەسەلەی چوارەم:** دیسان کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَوٰةِ ﴾، وەك پێشتریش گوتم، واتە: (إِذَا أَرَدْتُم القِيَامَ إِلى الصَّلاَة) ئەگەر ویستتان هەڵسن بۆ

نوێـژێ، ئەمـە ئەوەشـی لــێ وەردەگیــرێ کـە نیــەت پێویســتە بـۆ دەسـتنوێژ، واتـە: دەبــێ بە نیازی دەستنوێژگرتن مرۆڤ دەموچاوی بشـواو دەستەکانی بشــواو مەسـحی سەری بکاو پێیەکانی بشـوا، ئـەدی ئەگـەر نیـەتی دەسـتنوێژی نـەبوو، نیـەتی غوسـڵی نەبوو، سەروبن لە حـەوزێیان هاوێشــت، ئایا دەسـتنوێژەکەی دەگیــرێ؟ غوســڵەکەی لــێ دەردەچێ؟ نەخێر، دەبــێ نیـەتی هەبــێ، چـونکە وەك گوتـم: زانایـان هـەموویان دەڵێن: لێرەدا کە دەفـەرموێ: ﴿إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ﴾، واتـە: (إِذَا أَرَدْتُم القِيَامَ إِلى الصَّـلاَة) ئەگـەر ویســتتان بـۆ نوێـژێ هەڵسـن، ئـیرادەش واتـە: نیـەت، شــایانی باسیشـە هەرکـام لە:

(مالیكو شـافیعیی) ڕەحمـەتی خوایـان لــێ بـێ، دەڵێن: دەسـتنوێژ بـە بـێ نیـەت واتە: بەبێ نیازو مەبەســتی نێـو دڵ دروســت نیـە، بـەس لێتـان تێـکـنەچێ، نیـەتی دەستنوێژ ئەوە نیە کە بڵـێی: نیەتم ئەوەیە دەسـتنوێژێ دەگرم، چونکـە نیــەت بـۆ نوێژو دەستنوێژو ڕۆژوو و بۆ هەرچی عیبادەتە غەیری حەجو عـومرە، هـەر ئەوەیـە کـە لـە دڵـدا هەیـە، بـەڵام نیـەتی حـەجو عـومرە وێـڕای نیـازی نێـو دڵ بـە زاریـش دەهێنرێ، دەڵێی: (لَبَيْكَ اللَّهُمَّ حَجَّةً، لَبَيْكَ اللَّهُمَّ عُمْرَةً) بـە زار دەگوترێ: دەبــێ لە دڵیشــدا هەر هەبێ، بەڵام نیــەتی عیبادەتەکانی دیکـە هەمووی تـەنیا لـە دڵدایـە، وە سوننەتیش نیە بە زار بگوترێ، بەڵام ئەگـەر کەسێکیش بـە زار نیەتەکـەی گــوت واتە: گۆ (تلفظ)ی پێکرد، ناڵێین دروست نیە، بەڵام دەڵێین: پێچەوانەی سوننەتەو نیـەت هەر ئەوەیە کە لە دڵـدایە، ئنجا:

(مالیك و شــافیعیی) دەڵێن: دەستنوێژیش پێویستی بـەو نیـازەو مەبەستە هەیـە لە دڵـدا.

هەندێکیشــیان کـە (ئـەبو حەنیفـەو ئـەوزاعیی)یان لـە نێـودان دەڵێن: نیــەتی دەستنوێژ پێویســت نیە، لە دڵــیدا هەبێ، بـەڵام پـێم سـەیرە وایـان گوتبــێ، چـونکە ئینسـان کـە دەچــێ دەموچـاوی دەشــواو دەسـتانی دەشــواو مەسـحی سـەری دەکـاو پێیەکانی دەشـوا، دیارە نیەتەکـەی هەر هەیە، ئیدی نازانم مەبەستیان پـێ چی بـووە کـە گوتوویانـە: پێویسـتی پێـی نیـە، چـونکە هـیچ کەسێك هـەتا ئامـانجێکی نەبــێ پاڵـنەرو هاندەرێکـی نەبــێ، ناچــێ کارێك بکـات، کــێ هـەر لـە خـۆوە دەچـێ: ســێ

جاران دەموچـاوی بشواو، دەستەکانی بشـوات هەتا ئەولای ئانیشـکان، پاشان مەسحی سـەری بکاو پێیـەکانی بشـوات، بێئـەوەی نیـەتێکی هــەبێ؟! بێگومـان بـەبێ نیـازو مەبەست ئینسان هیچ کارێك ناکـات، بۆیـە لەڕاسـتیدا هەر ئـەو قسـەیە ڕاستە کە نیـەت بۆ دەستنوێژ فـەرزە.

**مەسـەلەی پێنجـەم:** خـوا کـە دەفـەرموێ: ﴿ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ ﴾، دیـارە ئـەوە (فعل)ی (أَمـر)ە، واتە: دەمو چاوتـان بشـۆن، ڕووتان بشۆن، زانایان لەوبـارەوە کە ئایا شۆردن (غَسْل) تـەنیا بـە ئـاو پێـداکردن (صَبُّ الـماء) یـان (سَكْبُ الـماء) دێتـە دی، یاخود پێویسـتە وێـڕای ئـاو پێـداکردن دەستیشـی پێـدا بهێنـرێ، کــە بـە عەرەبــی پێی دەگوترێ: (دلـك)؟ هەندێکیان پێیان وایە کە تەنیا ئاو بە دەموچاوت دابکـەی، ئـاو بـە دەسـتانتدا بکـەیو، مەسـحی سـەرت بکـەیو، ئـاو بـە پێیـەکانت دابکـەی، دەسـتنوێژەکەت تەواوە.

هەندێکیش دەڵـێن: نەخێر، دەبێ دەسـتیشـی پێدا بهێنرێ.

منیش وای بۆ دەچـم ڕای ئەوانە بەهێزتـر بـێ، کە دەڵێن: پێویستە دەستیشـی پێـدا بهــێنرێ، لەبەرچـی؟ ئایـا ئەگـەر ئینسـان بـەرگێکی خـۆی بشـوا تـەنیا ئـاوی پێدادەکـات؟ نـەخێر، بـەڵکو هەڵیشـی دەگوشـێو دەستیشی پێـدادێنێ، کەواتـە: لەڕاسـتییدا شـۆردن (غسـل) بریتیـە لـە ئـاو پێـداکردن وێـڕای دەست پێـداهێنان، چـونکە ئەگـەر تـەنیا ئـاو پێـداکردن مەبەسـت بووایـە، دەیفـەرموو: (فَصُبّوا عَلَى وجُـوهِكُم الْمَـاءَ)، یــان (فَاسـكِبوا) ئــاوی پێــدا بکــەن، بــەڵام فەرموویــەتی: ﴿ فَٱغۡسِلُواْ ﴾، واتە: بیشـۆن، شۆردنیش ئەوەیە کە ئاویشی پێدا بکەیو دەسـتیشی پێدا بێنـی.

**مەسـەلەی شـەشـەم:** کە خـوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ ﴾، ﴿ وُجُوهَكُمۡ ﴾، واتـە: ڕووەکانتـان، دەمو چاوەکانتــان (وُجُـوه) کـۆی (وَجْـه)ە، (وَجْه) بریتیـە لـەوەی کەسـێك بەرەو ڕووت بێ، کوێی دیارە لەسەری، ئەوە پێی دەگوتـرێ (وَجْه) واتـە: (مَا يُواجِهُـكَ مِنَ الـرَّأسِ) واتـە: لەسـەری ئینسـان کاتێـك کـە کەسێك بـەرەو ڕووی تـۆ

ڕادەوەستێ، ئەوەی کە دیارە لەسەری، چونکە (وَجْه) بەشێکە لەسەر، ئەوە پێی دەگوترێ: (وَجْه)، دەربارەی سنووری (وَجْه)یش چونکە پێویستییمان پێیەتی کە بیزانین خوا کە دەفەرموێ: (وَجْه)تان بشۆن، دەبێ ئەوەی (وَجْه)ە بشۆرێ، سنووری (ڕوو)ش لە پێشە سەرەوە ئەو شوێنەی کە کۆتایی مووی لێدێ لەسەر کۆتاییەکەی هەتاکو کۆتایی چەناگە، ئەوە بە باری درێژیی دا، وە بە باری پانیی دا لە گوێوە تا گوێ، ئەوە (وَجْه)ە، بۆیەش دەبێ ئەوە ورد بکرێتەوە، چونکە خوا دەفەرموێ: ڕووەکانتان بشۆن کەواتە: ئەوەی کە بە ڕوو لە قەڵەم دەدرێ بۆ دەستنوێژ دەبێ بشۆرێ، ئەدی ئەگەر بەسەر لە قەڵەم درا، دیارە شۆردنی لەسەر نیە، با لەوبارەوە نموونەیەك بێنینەوە، ئایا گوێیەکان لە سنووری (وَجْه)دان، یان لە سنووری سەر دان؟ زانایان لەو بارەوە مشتومڕیان هەیەو ڕاجیان:

هەندێکیان گوتوویانە: لە سنووری ڕوو دان، کەواتە: دەبێ بشۆرێن.

هەندێکیان گوتوویانە: نەخێر، لە سنووری سەر دان، کەواتە: شۆردنی هەردوو گوێیەکان فەرزنیە، بەڵکو بەس دەستی تەڕ پێداهێنان (مسح) فەرزە، یان سوننەتە، کە زیاتر ئەو ڕایەش بەهێزترە سوننەت بێ، کەواتە: ئەو ڕایەی دووەم ڕاستە، کە گوێ لە سنووری دەم و چاودا نیە، بەڵگەمان چییە؟ بەڵگەمان ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی دەستنوێژدا گوێییەکانی خۆی نەشۆردوە، بەڵکو دەستی تەڕی پێداهێناون، ئەگەر لە سنووری دەموچاو دابان، خوا دەفەرموێ: دەموچاوتان بشۆن، مادام نەیشۆردوون، دیارە لە سنووری ڕوودا نین، یەکێك لەو دەقانە:

یەکەم/ ﴿عَنْ الْمِقْدَامِ بْنِ مَعْدِ ؓ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ تَوَضَّأَ فَمَسَحَ بِرَأْسِهِ وَأُذُنَيْهِ ظَاهِرَهُمَا وَبَاطِنَهُمَا﴾ {أَخْرَجَهُ إِبْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٤٢)، وَ صَحَّحَهُ الألباني في (صحيح إِبنُ مَاجَه) برقم: (٣٥٦)}، واتە: میقدادی کوڕی مەعد خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستنوێژی گرت، مەسحی سەری کرد، (واتە: دەستی تەڕی بە سەری خۆی داهێنا)، وە مەسحی گوێیەکانیشی کرد، هەردوو گوێیەکەی دیوی نێوەوەیان و دیوی دەرێیان، (وا پێدەچێ دیوی نێوەوەی بە دوو پەنجە گچکەکانیو، دیوی دەرەوەی بە دوو پەنجە گەورەکانی مەسح کردبێ).

دووەم/ ﴿عَنْ الرُّبَيِّعِ بِنْتِ مُعَوِّذِ ابْن عَفْرَاءَ أَنَّهَا رَأَتْ النَّبِيَّ ﷺ يَتَوَضَّأُ قَالَتْ: مَسَحَ

رَأْسَهُ وَمَسَحَ مَا أَقْبَلَ مِنْهُ وَمَا أَدْبَرَ وَصُدْغَيْهِ وَأُذُنَيْهِ مَرَّةً وَاحِدَةً﴾ {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ بـرقم: (٣٤)، قـال الشـيخ الألبـاني: حَسَنُ الإِسْنَاد}، واتـە: ڕوبـەییعی كچـی موعەوویز (یەكێكە لە هاوەڵە ئافرەتەكان) خوا لـێی ڕازی بـێ، پێغەمبەری خوای ﷺ بینیوە دەستنوێژی گرتوە، دەڵێ: مەسـحی سـەری خۆی كـرد، (واتـە: دەستی تـەڕی بەسـەری داهێنـا)، پێشـەوەی سـەریو دواوەی سـەری یـەك جـار، هـەروەها هەردوولا جاینگـیو گوێیەكانیشـی، {واتە: دەسـتی تـەڕی بـە پـێش گوێیەكانیشـی داهێنـاوە (صُـدْغ) ئەوەیە كە لە پەنای گوێیـە، بە كوردی لاجاینگـی پێدەڵـێن، كە هەر بە گوێوەیـە}.

كەواتـە: بـەم دوو دەقـە دەردەكـەوێ كـە پێغـەمبەر ﷺ گوێیـەكانی نەشـۆردوە، بەڵـكو دەسـتی تـەڕی پێداهێنـاون، دەسـتی تـەڕ پێـداهێنانیش فـەڕزی سـەرە، نـەك فەڕزی دەموچـاو، بۆیە دوو گوێیەكـان لە سـنووری دەمو چاودانین.

**مەسـەلەی حەوتـەم:** كـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾، وە هەردوو دەسـتەكانیشتان بشۆن تـاكو ئانیشكان، لـە زمـانی عەرەبیـدا لـە شـانەوە هـەتا نینـۆك پێـی دەگـوترێ دەسـت، (اليَدُ: مِنَ المَنْكِب إلـى الظفر)، ئەدی بۆچی ئێمە بۆ دەستنوێژێ هەمووی ناشـۆرین؟ لەبەرئەوەی خوا دیاریی كردوە، دەفـەرموێ: ﴿وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾، دەستەكانیشـتان بشـۆن تـا ئانیشـكان، ئانیشـك جومگەیەكە كە قۆڵو باسـك پێك دەگەیـەنێ، باسك بـە عـەرەبی (ساعِد)ی پێدەڵـێن، قۆڵـیش بـە عـەرەبی (عَضُـد)ی پێـدەڵێن، ئـەوەی دەكەوێتـە نێـوان قـۆڵو باسك، ئەو جومگەیـە پێی دەگوترێ (مِرفَقْ)، كە كۆیەكـەی (مَرافِقْ)ە.

جا زانـایان لەوبـارەوە كە ئایا ئانیشـك فـەرزە بشـۆرێ، یـان نـا؟ ڕاجیایی یـان هەیە، هەرچەندە پێشتریش ئاماژەیەكمان پێدا، زۆربـەیان دەڵێن: فـەڕزی ئانیشكیش شـۆردنە، بـەڵام ئیشـكالەكەیان لـەوەدا بـۆ دروسـت بـووە، كـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾، دەستەكانیشـتان بشـۆن هـەتا ئانیشـكان؟ چـونكە (إلـى)ی بەكارهێنـاوەو نەیفـەرموە: (مَعَ المَرَافِقِ) لەگـەڵ ئانیشـكەكان، هەروەهـا

هـی پێیـەكانیش فەرموویـەتی: ﴿إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ﴾، نەیفـەرمووە: (مَـعَ الكَـعْبَيْنِ) لەگـەڵ گوێزینگـان، ئیشـكالەكە لـەوەدا دروسـت بـووە، بـەڵام سـوننەتی كردەیـی پێغەمبـەر ﷺ پێشـانی ئێمـەی دەدات كـە هەمیشـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئانیشكەكانی شۆردوون، وە گوێزینگەكانیشـی لەگەڵ پێیەكاندا شـۆردوون، كەواتـە: لـێرەدا بۆیـە زانایـان گوتوویانـە: هەرچـەندە (إلـى لِبلـوغ الغَايـة)، واتـە: (إلـى) بـۆ گەیشـتنە بە شوێنێك، بۆ وێنە: تۆ دەڵـێی: (سَافَرْتُ مِن أربيل إلـى السليمَانِيَة) لە هەولێرەوە چوومە سلێمانی، كەواتە: لـەوێ سـەفەرەكەت كۆتایی پێ هـاتوە، كە خوا دەفـەرموێ: دەسـتتان بشـۆن هەتـا ئانیشـك، دەبـێ لـە ئانیشـك كۆتـایی پـێ بـێ‌و ئانیشكی لەگەڵـدا نەبێ، بەڵام نـا، زانایـان دەڵـێن: لێـرەدا (إلـى) بـە مانـای (مَـعَ)یـە، واتـە: لەگـەڵ، ئنجا ئایـا لـە قورئانـدا شـتی وامـان هەیـە؟ بەڵـێ، لـە سـوورەتی (النسـاء)دا خوا دەربارەی مامەڵەكـردن لەگەڵ مـاڵی هەتیوانـدا دەفـەرموێ: ﴿وَءَاتُوا۟ ٱلْيَتَـٰمَىٰٓ أَمْوَٰلَهُمْ ۖ وَلَا تَتَبَدَّلُوا۟ ٱلْخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِ ۖ وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَهُمْ إِلَىٰٓ أَمْوَٰلِكُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا ﴿٢﴾﴾، واتە: وە ماڵ‌و سـامانەكانی هەتیوان بدەن بـە خۆیـان‌و، پـیس بـە پاك مەگـۆڕن (خراپی خۆتـان بە چاكی ئەوان مەگـۆڕن)، وە مـاڵی ئـەوان لەگـەڵ هـی خۆتـان مەخۆن، بە ڕاسـتیی ئەوە گوناهێكی زلـە.

{(إلـى) لێرەدا بە مانای (مَعَ)یە یانی: مـاڵی ئـەوان لەگـەڵ مـاڵی خۆتـان مـەخۆن}، ئنجا (إلـى) هەرچەندە لە ئەسڵدا بە مانای (تاكو)یە، بـەڵام لێـرەدا یـانی: مـاڵی ئـەوان مـەهێنن لەگـەڵ مـاڵی خۆتـان‌و هـەردووكیان پێكـەوە بخـۆن، كەواتـە: كـە دەفـەرموێ: ﴿وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ﴾، واتـە: دەسـتەكانتان بشـۆن هەتـا دەگـاتە ئانیشكەكان‌و ئەوانیشیان لەگەڵ بشۆن.

هەندێكیشـیان دەڵێن: (إلـى) هـەر لەسـەر واتـای خۆیـەتی، بـە مانـای گەیشـتن بـە شوێنێكە، بەڵام دەڵێن: (الحَـدُّ إذا كَانَ مِنْ جِنْسِ المَحدّدِ دَخَلَ فِيهِ)، سـنوورێك كـە دیـاریی دەكـرێ، ئەگـەر لـە جینسـی دیـاریی كراوەكـە بـێ، ئـەویش دەچـێتە گەڵـی، لەوبارەوە وێنـەیەك دێننـەوە: ئەگەر یەكێك بڵـێ: (بِعْتُكَ هَذَا الفَـدَّانِ مِنْ هَاهُنـا

إِلـى هَاهُنـا)، (فَدّان) ڕووبەرێکـە لـە زەوی {لـە (الـمعجم الوسـيط)دا دەڵـێ: (الفَـدَّان مِقْدَارُ مِنَ الأَرْض الزراعيـةِ تَختَلفُ مِسَاحَتهُ فـي البـلاد العربية من بلَـدٍ إلـى بلـد و مسـاحته فـي مصـر ( ٣/١ ٣٣٣) قصبة مربَّعـة، أو (٤٢٠٠) مـتر مربّـع بتقريـب الكسـر، ج فَـدَادين)[1]، واتـە: فـەددان ئەندازەیەکە لـە زەوی کشـتوکاڵیی، پانتاییەکەی لە وڵاتـانی عـەرەبی لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێك جیاوازە، لـە میصـردا سێسـەدو سی‌و سێ‌و یەك لەسـەر سێی قەسـەبەیەکی چوار گۆشـەیە، یاخود چـوار هـەزارو دوو سـەد (٤٢٠٠) مـەتری چوارگۆشـەیە، کـە بـە (فـدادين) کـۆ دەکرێتەوە} ئەگەر کەسێك بڵـێ: ئەو دۆنمـە تا ئەو دۆنمەم پـێ فرۆشـتی، یان ئـەو فەددانە، تـا ئەو فەددانەم پێ فرۆشـتی، مانـای وایـە هـەمووی دەچێتە نێوی، بـەڵام ئەگەر بڵـێ: (بعتُـكَ هَـذِهِ الأَرْضُ مِنْ هَذِهِ الشَّـجَرَة إلى هَذِهِ الشَّـجَرَة) ئـەم زەویـەم پێ‌فرۆشـتی لـەم درەختـەوە تـا ئـەو درەختــە، دیـارە درەختەکـەی دووەم ناکەوێتـە زەویەکـەوە، بۆچـی؟ لـە حاڵـەتی یەکەمـدا کـە دەفـەرموێ: (مِـنْ هَاهُـنا إِلى هَاهُـنا) لێـرەوە تـا ئێـرە، زەویەکـە هـەمووی یـەك جینسـە، بـەڵام لـە حـاڵەتی دووەمـدا درەختەکـە لـە جینسـی زەویەکـە نیـە، بۆیـە ئـەو درەختـە ناکەوێتـە سـنووری ئـەو زەوییـەوە، چونکە زۆر جار خەڵك لەسەر نێوانو سێوان دەبێتـە کێشـەیان، فرۆشـیار دەڵـێ: لـەم درەختـە تـا ئـەو درەختـەم پـێ فرۆشـتووی، ئایـا ئـەو درەختـەی دووەم دەکەوێتـە نێـو سـنووری زەوییەکـەوە؟ نـەخێر نایکـەوێتـێ، چونکە درەختەکـە لـە جینسـی زەوییەکـەی نیـەو جیـایە، بـەڵام ئەگـەر بڵـێ: لێـرەوە تـا ئێـرە، یـانی دوو شـوێنان دیـاری بکـات، ئـەوە هـەر دوو شـوێنەکان دەکەونـە سـنووری ئـەو زەوییـەوە، بۆیـە کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿إِلَى ٱلْمَرَافِقِ﴾، لەبەرئـەوەی (مِرفَـقْ)یـش هـەر لـە جینسـی دەسـتەکەیە، واتـە: بەشـێکە لـە دەسـت، کەواتـە: ئانیشـکیش دەکەوێتـە نێـو حوکمی شـۆردنەوەو دەبـێ ئەویش بشـۆرێ.

ئنجا لەوبارەوە ئەم دەقە هەیـە: ﴿عَنْ جَابِرِ بْـنِ عَبْـدِ اَللّٰهِ رَضِـيَ اَللّٰهُ عَنْهُمَـا، كَـانَ اَلنَّبِـيَّ ﷺ إِذَا تَوَضَّـأَ أَدَارَ اَلْمَـاءَ عَلَـى مُرْفَقَيْـهِ﴾ {أَخْرَجَـهُ اَلدَّارَقُطْـنِيُّ بـرقم: (١٥)، وَالبَيْهَقِيُّ فـي (الكبرى) برقم: (٢٥٩)، وَالسِّيوطِي فـي (الـدور الـمنثور)، وَإِبْنُ كَـثِير

١) ص ٦٧٧.

فـي (تفسيره) والقُـرطُبي، وَإِبْنُ حَجَـر فـي (فـتح البـاري، وَصَـحَّحَهُ الألبـاني فـي (السلسـلة الصـحيحة) بـرقم: (٢٠٦٧)}، واتـە: جابـیری کـوڕی عەبدولّـلا خـوا لـە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك دەستنوێژی دەگرت، ئاوی بـە دەوری ئانیشـــکی دا هەڵدەســوورِاند، واتــە: ئــاوی بەســەر ئانیشــکەکەشی دا داکــرد، کەواتە: ئانیشکیش سنووری شـۆرینە.

هەر لـەوبارەوە ئـەم فەرمایشـتەش هەیـە: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، قَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: إِنَّ أُمَّتِي يُدْعَوْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ، فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يُطِيلَ غُرَّتَهُ فَلْيَفْعَلْ﴾ {أَخْرَجَـهُ البُخَـارِيُّ بـرقم: (١٣٦)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٢٤٦)، وَابْـنُ حِبَّـانَ بـرقم: (١٠٤٩)}، واتـە: ئۆممـەتی خـۆم بـەوە دەناســمەوە، دەموچــاوو دەســتوپێو بازوویــان (شـــوێنی دەســـتنوێژیان) لــە ڕۆژی قیامەتــدا دەدرەوشێتەوە، سپی دەبێ، دوایی ئەبو هورەیـرە گوتوویەتی: (فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يُطِيلَ غُرَّتَهُ فَلْيَفْعَلْ)[1] واتـە: هـەر کامێـك لـە ئێـوە تـوانی سـپیەتیو درەوشـاوەیی ئەندامەکانی زیاد بکات، یا زیادی بکات، واتە: بەشێکی بشوات، ئەو کاتـە ئەندامـەکانی دەسـتنوێژی ئەندازەیـەکی زیاتریـان زیـاتر دەدرەوشـێتەوە لـە ڕۆژی دوایـی دا، یـانی: دەمو چـاوی‌و دەسـتەکانی‌و پێیـەکانی، کەواتـە: بـا تـەنیا ئەوەنـدەی فـەرزە نەیشــوا، بەڵکو واوەتریشی بەرێ، بە مەرجێك خۆی تووشی نارِەحەتیی‌و تەکەللـوف نەکات.

دیارە لە کاتێکـدا ئینسـان لە خەو هەڵدەستێ بە تایبەت، هەروەها لە حاڵەتـەکانی دیکەشـدا بەگشـتی، پێویسـتە هەردوو دەسـتی هـەتا مەچـەکی بشـوات پـێش ئـەوەی ئـاو بـە دەموچـاویدا بکـات، واتـە: فـەرزە، یـان بـەلای کەمـەوە سـوننەتە، کـە هـەردوو دەستی تا مەچەکی بشـوا، پێشــێ کـە دەسـتنوێژێ دەگـرێ، بەتایبـەتی ئەگـەر ئاوەکـە لەو جـۆرە ئــاوانە بــێ کـە لـە قاپێــك، لـە مەنجەڵــێك بـێو دەسـتی تێبخــات، دەبێ پێشێ ئاو برِژێنێتە سەر دەستی، یان قـاپێکی بچووك بەســەر دەسـتی خۆیـدا بکـاتو دەســتەکانی بشـوات نـەك دەســتی بـە پیسی تێبخــات، لـەوبارەوە ئـەم فەرمایشـتەی پێغــــەمبەر ﷺ هــەیـــە: ﴿إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ، فَلاَ يَغْمِسْ يَدَهُ فِي

---

١) قـال الشــيخ الألبـاني: وهـذه الزيـادة مدرجــة فـي الحـديث مـن كـلام أبـي هريـرة لا مـن كـلام النَّبِـيّ، بيَّن ذلـك غيـرُ واحـدٍ من الحُفّاظ.

الإِنَـاءِ حَتَّـى يَغْسِلَهَا ثَلاَثًـا، فَإِنَّـهُ لاَ يَـدْرِي أَيْـنَ بَاتَـتْ يَـدُهُ﴾ {أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٧٤٣٢)، وَالبُخَـارِيُّ بـرقم: (١٦٠)، وَمُسْـلِمٌ بـرقم: (٦٤١)، وَأَبُـو دَاوُدَ بـرقم: (١٠٥)، وَالتِّرمِـذِيُّ بـرقم: (٢٤) وَقَـالَ: حَسَـنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَـائِيُّ بـرقم: (١٦١)، وَابْـنُ مَاجَـهْ برقم: (٣٩٣) عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ ﷺ}، واتە: ئەگەر یەکێکتان لە خەو هەڵسا با دەستی نەخاتە نێو قاپ، (قاپی ئاوی، تەشتی ئاوی، چونکە ئەو کاتە وەك ئێستا ئاو بە بەلووعە نەبووەو ئاویان لە تەشتو مەنجەڵ کردووەو دەستنوێژیان پێگرتووە)، تاکو سێ جاران هەردوو دەستی دەشوات، چونکە یەکێك لە ئێوە نازانێ دەستی لە کوێ بووە.

(واتە: دەبینی دەستی لە عەورەتی خۆی داوەو دەستی پیس بووە، با دەستی جوان بشوات، ئەوە بەتایبەت کە لە خەو هەڵدەستێ، وەکی دیکەش بەگشتی، کە دیارە بە پێی ئەم فەرمایشتە دەبێ کەسێك کە لە خەو هەڵدەستێ لەسەری فەرز بێ دەستەکانی بشوا، پێش ئەوەی کە دەستنوێژێ بگرێ، لە کاتی دەستنوێژگرتندا پێش ئەوەی ئەندامەکانی دەستنوێژی بشوات، دەبێ دەستەکانی خاوێن بکاتەوەو بشوات).

**<u>مەسەلەی هەشتەم</u>:** کە دەفەرموێ: ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾، وە دەستی تەڕ بە سەری خۆتاندا بێنن، ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾، واتە: دەستتان بەسەرتاندا بێنن، بەڵام بە تەئکید لێرەدا مەبەستی ئەوەیە دەستی تەڕ بەسەری خۆتاندا بێنن، نەك هەر دەست بە وشکیی، زانایان لەوبارەوە کە هۆی ئەوە چییە خوای زاناو شارەزا پیتی (ب)ی زیاد کردوە لەسەر (رُءُوسِكُمْ)و نەیفەرموە: (وَامْسَحُوا رُءُوسِكُمْ) کە دەشگونجا بفەرموێ: (وَامْسَحُوا رُءُوسَكُمْ) سەرتان مەسح بکەن، دەست بە سەرتاندا بێنن، ئەدی بۆچی فەرموویەتی: ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾، بۆ زانیارییتان لە قورئان یەك پیتیش نیە مانای خۆی نەبێ، هیچ پیتێك بە خۆڕایی نیە، جاری وا هەیە هەندێك لە شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: ئەو پیتە زیادکراوە، بۆچی زیادکراوە؟ حەتمەن دیارە مانایەکی لە ژێر دایە، ئێستا لێرەدا ئەم (ب)یە کە دەفەرموێ: ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ﴾، زانایان دوو واتایان لێداوەتەوە:

هەندێکیان دەڵـێن: مەبەست لەو (ب)یە، ئەوەیە کە بەشێك لەسەرتان دەستی تەڕی پێدابێنن، کە شافیعییەکان وا دەڵێن، هەروەها حەنەفییەکانیش دەڵێن: یەك لەسەر چواری سەر فەرزە مەسح بکرێ، بەڵام ئەوانی دیکە واتە: (مالیکییەکانو حەنبەلییەکان) دەڵێن: دەبێ سەر هەمووی مەسح بکرێ، ئنجا ئەوانی پێشەوە دەڵێن: ئەو (ب)یە بۆیە زیادکراوە تاکو ئەو مانایە بگەیەنێ، واتە: بەشێك لە سەرتان دەستی تەڕی پێدا بێنن، بەڵام ئەگەر فەرموویای: (وَامْسَحُوا رُءُوسِكُمْ) دەبووایە دەست بە هەمووی دابێنی، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ڕایەی دیکە بەهێزترە کە دەڵێ: ئەو (ب)یە، بۆیە زیادکراوە کە دەبێ پێ مەسح کراو (مَمْسُوحٌ بِهِ)ێك هەبێ، شتێك هەبێ سەری پێ مەسح بکەی، ئەویش چییە؟ ئاوە، ئنجا ئەگەر خوا فەرموویای: ﴿وَامْسَحُوا رُءُوسَكُمْ﴾، هەر دەستت بەسەری داهێنابا تەڕیش نەبووبایە، هەر تەواو بوو، بەڵام ﴿بِرُءُوسِكُمْ﴾، واتە: دەستتان بە شتێك بکەنو بە سەری خۆتانی دابێنن، کە مەبەست پێی ئاوە، واتە: دەستتان بە ئاو بکەنو بە سەری خۆتانی دابێنن.

ئنجا لەوبارەوە کە ئایا مەسح واتە: دەستی تەڕ بەسەر داهێنان، ئایا هەمووی بێ، یان بەشێکی، وەك گوتم: زانایان ڕاجیایی یان هەیە:

شافیعییەکان دەڵێن: یەك تاڵە مووش لەسەر مەسح بکرێ، فەڕزەکە دێتە دی (کە دیارە ئەوە شتێکی مەحاڵەو نازانم بۆچی وایانگوتوە؟! چونکە یەك تاڵە موو مەسح ناکرێ، هەر حەتمەن دە، پازدە موو هەر وەبەردەکەون).

حەنەفییەکان دەڵێن: دەبێ یەك لەسەر چواری سەر بە لای کەمەوە، مەسح بکرێ.

مالیکییەکانو حەنبەلییەکان دەڵێن: دەبێ سەر هەمووی مەسح بکرێ.

منیش وای تێدەگەم کە سوننەتو پەسند بێ هەموو سەر، یان زۆربەی مەسح بکرێ، بەڵام فەڕزە هەندێکی هەر مەسح بکرێ، واتە: هەندێکی فەڕزە، بەڵام هەمووی سوننەتە، بەڵگەکانی ڕاستیی ئەم ڕایە:

یەك: ئەگەر تەماشای فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ بکەین، ئەوەیان لێوەردەگیرێ، کە پێغەمبەر ﷺ مەرج نیە، هەموو جارێ هەموو سەری مەسح کردبێ، (دەستی تەڕی بە هەمووی داهێنابێ).

دوو: لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر تۆ بڵێی (مَسَحْتُ ثَوبي) دەستم بە پۆشاکەکەم داهێنا، یان (مَسَحْتُ الجِدَارَ) دەستم بە دیوارەکە داهێنا، هیچ کەس وای لێ وەرناگرێ کە دەستی بە هەموو دیوارەکەدا هێناوە، یان دەستی بە هەموو پۆشاکەکەی داهێناوە، کەواتە: ئەو ڕایە ڕاسترە کە کەمێکیش لەسەر، دەستی تەڕی پێدا بهێنرێ، فەرزەکە لادەچێ، بەڵام وا باشترە دەستی تەڕ بە هەمووی دابێنێ، وەك لەم فەرموودەیەی پێغەمبەریشەوە ﷺ دیارە: ﴿عَنْ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ رضي الله عنه قَالَ: تَخَلَّفَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَتَخَلَّفْتُ مَعَهُ، فَلَمَّا قَضَى حَاجَتَهُ، قَالَ: «أَمَعَكَ مَاءٌ»، فَأَتَيْتُهُ بِمَطْهَرَةٍ، فَغَسَلَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ، ثُمَّ ذَهَبَ يَحْسِرُ عَنْ ذِرَاعَيْهِ فَضَاقَ كُمُّ الْجُبَّةِ، فَأَخْرَجَ يَدَهُ مِنْ تَحْتِ الْجُبَّةِ، وَأَلْقَى الْجُبَّةَ عَلَى مَنْكِبَيْهِ، وَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ وَمَسَحَ بِنَاصِيَتِهِ، وَعَلَى الْعِمَامَةِ وَعَلَى خُفَّيْهِ، ثُمَّ رَكِبَ وَرَكِبْتُ فَانْتَهَيْنَا إِلَى الْقَوْمِ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٥٤٦٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٣٢)}، واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ سوپا بووین، دواکەوتین لە کاروانەکە، منیش لەگەڵی دواکەوتم، دوای ئەوەی تارەتی گرت، فەرمووی: ئاوت پێیە؟ منیش (مَطْهَرَة)کەم بۆ هێنا (کە وەك مەسینەیە، ئاوی دەستنوێژی تێدایە) ئەو شتەم بۆ هێنا کە ئاوی تێدا بوو پێغەمبەر ﷺ هەردوو لەپە دەستی شۆردن، دوایی دەمو چاوی شۆرد، پاشان ویستی قۆڵی هەڵبکات، (واتە: باسکەکانی هەڵبکات)، بەڵام جوببەیەکە) قۆڵەکەی تەسك بوو هەڵنەکرا، بۆیە داینا، وە جوببەکەی بەسەر شانی دادا، ئەوجار هەردوو باسکی شۆردن، وە دوایی پێشەسەری خۆی مەسح کرد (دەستی تەڕی پێداهێنا)، وە دەستی تەڕی بەسەر مێزەرەکەشی داهێنا، دوایی دەستی تەڕی بەسەر هەردوو خوففەکەشی داهێنا (خوف واتە: گۆرێی چەرم) دوایی سواری وڵاخەکەی بوو، منیش سواربوومو گەیشتینەوە خەڵکەکە.

**مەسەلەی نۆیەم:** کە دەفەرمویّ: ﴿ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ ﴾، لێرەدا زانایانی قورئان خوێن هەندێکیان بە (وَأَرْجُلَكُمْ) خوێندوویانەتەوەو هەندێکیان بە (وَأَرْجُلِكُمْ) کە ئەگەر (وَأَرْجُلَكُمْ) بێ، یانی: پێیەکانتان بشۆن، بەڵام ئەگەر (وَأَرْجُلِكُمْ) بێ کە ئەو قیرائەتەش هاتوە، هەندێکیان وایان لێکداوەتەوە کە مەبەست پێی مەسح کردنی پێیەکانە، واتە: پێیەکان عەطف دەکرێنەوە سەر مەسحی سەر واتە: (وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلِكُمْ إلى الكعبين) سەرتان مەسح بکەن‌و پێیەکانیشتان مەسح بکەن، وێڕای گوێزینگان، ئایا گوێزینگ لە کوێیە؟ پێ لە کوێ لەگەڵ لوولاکدا پێك دەگاتەوە، ئەو دوو ئێسقانەی کە لەو لاو لای پێ دەردەچن، پێیان دەگوترێ گوێزینگ، واتە: ئەو دوو ئێسقانەی کە خڕن، کە دیارە لەولاو لان یەکیان لە نێوەوە، یەکیان لە دیوی دەرەوە، ئەوانە پێیان دەگوترێ گوێزینگ، بەڵام شیعە دەڵێن: گوێزینگ پێشی پێیە، لای پێشەوەی پێ، بەڵام لەڕاستییدا ئەو لاولای پێ گوێزینگن، بۆچی؟ چونکە (كَاعب) لە زمانی عەرەبیدا بە کچێك دەگوترێ کە تازە مەمك دەکات، کە لە قورئانیشدا هاتوە، خوا دەفەرمویّ:

﴿ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ ﴾ النبأ، واتە: کچانی تازە مەمك کردوو، کەواتە: (كَعْب) هەر شتێکە کە تۆزێك خڕ بێ، جا گوێزینگیش مەیلەو خڕن، شیعەش بۆیە وا دەڵێن تاکو ئەوەیان بۆ بچێتە سەر کە دەڵێن: دەبێ پێ مەسح بکرێ، بەڵام بەپێی ئایەتەکە گوێزینگەکان دەبێ وەبەر شۆردنێ بکەون‌و گوێزینگ سنووری شۆردنەو مەسح ناگاتە وێ، دیارە ئەو وردە کارییانە زیاتر لە کتێبە فیقهییەکاندا هەن، بەڵام ئێمە لێرەدا لە قەدەر تەفسیرەکەمان تۆزێکی لێ باس دەکەین.

بەڵێ ئەو وشەیە لە قیرائەتەکاندا هەم بە: (أَرْجُلَكُمْ) خوێندراوەتەوە، هەم بە (أَرْجُلِكُمْ)یش وە هەردووکیشیان موتەواتیرن (نافع وإبن عامر وكسائي وعاصم) لە ڕیوایەتی (حَفْص)دا، وە یەعقووب لە سێیەکان بە (أَرْجُلَكُمْ)یان خوێندۆتەوە بەڵام هەرکام لە (إبن كثير وحمزة وأبو عَمر)، وە (عاصِم) لە ڕیوایەتێکی دیکەی دا بە: (أَرْجُلِكُمْ) یان خوێندۆتەوە، ئنجا ئەگەر (أَرْجُلَكُمْ)بێ، (غسل)ی پێدا دێتەوە، یانی دەم‌و چاوتان بشۆن‌و پێیەکانیشتان بشۆن لەگەڵ گوێزینگەکان، بەڵام ئەگەر (أَرْجُلِكُمْ)بێ، ئەوە وەك گوتم دەگونجێ بگەڕێتەوە بۆ سەر سەر، واتە:

سەرتان مەسح بکەن، دەستی تەڕی پێدا بێنن و دەستی تەڕیش بە پێیەکانتاندا بێنن، دیارە زانایانی ئیسلام دەربارەی ئەوە کە ئایا مەسحی پێیەکان دروستە، یان دروست نیە؟ چوار ڕایان هەن:

١/ هەندێکیان دەڵێن: ئینسان سەرپشکە ئایا پێیەکان بشۆرێ، یاخود مەسحیان بکات.

٢/ زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێن: فەڕزە بشۆرێن، کە هەر ئەو ڕایەش ڕاستە، وەك دوایی باسی دەکەین.

٣/ ڕایەکی دیکەش هەیە کە ڕای شیعەی دوازدە ئیمامییە، دەڵێن: دەبێ مەسح بکرێن.

٤/ ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێ: دەبێ مەسحیش بکرێن و بششۆرێن، پێشێ دەستی تەڕیان پێدا بێنی دواییش بیانشۆی.

ئەو چوار بۆچوونە هەن لەوبارەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەر بۆچوونی شۆردنیان لە هەموویان بەهێزترە.

ئێستاش با سەرنجێکی هەرکام لەو چوار ڕایە بدەین و هەڵیان بسەنگێنین

**ڕای یەکەم: سەرپشك بوون بۆ مەسح و شۆردن:**

(الشَّوكَاني) خاوەنی كتێبی (فتحُ القَدير) و (نيل الأوطار)ەو زانایەکی گەورەیە دەڵێ: (أبو جعفر الطَّبري) کە بە پێشەوای توێژەرەوانی قورئان بەناوبانگە، ڕای وایە کە ئینسان سەرپشکە لە نێوان ئەوەدا پێیەکانی بشوات، یاخود مەسحیان بکات[1]، جا من ئەوەتان بۆیە بۆ باس دەکەم، بزانن کە (الشوكاني) لێرەدا بە هەڵەدا چووەو (طبري) کە یەکێکە لە پێشەواکانی ئیسلام، وە بە پێشەوای توێژەرەوانی قورئان بەناوبانگە، تەفسیرەکەی گەورەترین تەفسیرە، وە زۆربەی تەفسیرەکانی دیکە هەر سوود لەو دەبینن، وە (طبري) سەرمەزهەب بووەو لە ڕیزی (مالیك)و (أبوحنيفة)و (شافعي)و (أحمد بن حنبل)دا بووە، شتی وایـنەگوتوە، ئێستاش با سەرنجی بدەین:

١) فتح القدير: ج٢، ص٢٥.

ئایا (طبري) ڕای وایە ئینسان بۆی هەیە پێیەکانی مەسح بکات، یاخود بشوات، وە لەوبارەوە سەرپشکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو فەرمایشتانەی پێغەمبەر ﷺ لەسەر پێویستبوونی شۆردنی پێیەکان هەن؟ نەخێر، ئەدی (الشوكاني) بۆچی وا دەڵێ؟ من ئێستا قسەکانی (طبري) دێنم‌و وادیارە (الشوكاني) باش لە قسەکانی تێنەگەیشتوە، واش پێدەچێ لەوکاتەدا تەفسیرەکەی لەبەردەستدا نەبووبێ، بۆیە وایگوتوە، بەڵام (إبْنُ كَثير) وەك (جَمَال الدين القاسمي)[1] لێی خواستۆتەوە دەڵێ: (إبْنُ كَثير) باش لە قسەکەی (طبري) حاڵی بووەو دەڵێ: مەبەستی (طبري) ئەوە نیە کە ئینسان سەرپشك بێ لە نێوان ئەوەدا کە پێیەکانی بشوا یان مەسح بکات، بەڵکو گوتوویەتی: ئینسان سەرپشکە لە نێوان ئەوەدا کە پێیەکانی هەر ئاویان پێدا بکات، یان لەگەڵ ئاو پێداکردندا دەستیشیان پێدا بێنێ‌و (دَلْك)یان بکات، ئەمەش دەقی قسەکەی (طبري)یە کە من لە تەفسیرەکەی خۆی (جامع البيان)دا[2] هێناومە، قسەکەی زۆر جوانە، دەڵێ:

{وَالصَّوَابُ مِنَ القَوْلِ عِنْدَنَا فِي ذَلِكَ، أَنَّ اللهَ عَزّ ذِكْرُه أَمَر عمُوم مَسح الرجلَيْنِ بِالْمَاءِ فِي الوُضُوءِ، كَمَا أَمَرَ بعمُوم مَسْحِ الوَجْهِ بِالتُّرَابِ فِي التَّيَمُّم، وَإِذَا فَعَلَ ذَلِكَ بِهِمَا الْمتوضئ، كَانَ مستحقّاً اسم "مَاسِحٍ غَاسِلٍ"، لأَنَّ "غَسْلَهُمَا" إِمْرَارُ الْمَاءِ عَلَيْهِمَا أَوْ إِصابَتهُمَا بالْمَاءِ، وَ"مَسْحَهُما"، إِمْرَارُ اليَدِ أَوْ مَا قَامَ مَقَام اليَدِ عَلَيْهِمَا فَبَيِّنٌ صَوَابُ قِرَأَة القِرَاءتَيْنِ جَمِيعاً، أَعني النَّصْب فِي "الأَرْجُل" وَالخَفْض، لأَنَّ فِي عمُوم الرِّجْلَيْنِ بِمَسْحِهِمَا بِالمَاءِ غَسلُهما، وَفِي إِمْرَارِ اليَدِ وَمَا قَامَ مَقَامَ اليَدِ عَلَيْهِما مَسْحُهُمَا، فَوُجُه صَوابِ قِرَاءَةِ، مَنْ قَرأَ ذَلِكَ نَصْبَاً لَمَّا فِي ذَلِكَ مِن مَعنى عمُومِهما بِإِمْرَارِ المَاءِ عَلَيْهما، وَوُجُهُ صَواب قِرَاءة مَنْ قَرأَه خَفْضَاً، لَمَّا فِي ذَلِكَ مِنْ إِمْرَارِ اليَدِ عَلَيْهِمَا، أَو مَا قَامَ مَقَامَ اليَدِ، مَسْحَاً بِهِمَا}، واتە: ڕای ڕاست لە لای ئێمەوە ئەوەیە کە خوای پایەدار فەرمانی کردوە کە هەر دوو پێیەکان ئاویان پێدا بکرێ، لە کاتی دەستنوێژدا، هەروەك چۆن فەرمانی کردوە کە لە کاتی تەیەمومدا دەست بە ڕووی زەوی دابهێنرێ‌و، بە دەم‌وچاوو دەستدا

١) محاسن التأويل: ج٦، ص١٠٩.

٢) ج٦، ص١٤٢، ١٤٣.

بهێندرێ، وە کاتێك کەسێك کە دەستنوێژ دەگرێ، وا بکات، ئەو کاتە مانای وایە دەگونجێ پێی بگوترێ (ماسِحٌ غاسِلٌ)، (واتە: دەست پێداهێنەرو شۆرەر) چونکە شۆردنی دوو پێیەکان ئەوەیە کە ئاویان پێدابکرێ، یاخود ئاویان وێ بکەوێ، جاری وایە کەسێك لاق لە نێو ئاوێ دەنێ، ئاوەکەیان پێدا ناکات، مەسح کردنیشیان ئەوەیە کە دەستیان پێدابێنێ، بۆیە هەردوو قیرائەتەکان راستن {لێرەدا (طَبَري) دیفاع لەو دوو قیرائەتە دەکات کە (أَرْجُلِكُمْ)و (أَرْجُلَكُمْ)ن} کاتێك کە دەشۆرێن، ئەوە مانای وایە قیرائەتی (أَرْجُلَكُمْ)، هاتۆتە دیو غوسلیان بەسەردا دێتەوە، وە کاتێك کە دەستیان پێدا دەهێنرێ لەگەڵ ئاوەکەدا ئەوە مانای وایە قیرائەتی (خَفْض) دەیگرێتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ﴾، واتە: دەستی تەڕ بەسەرتان دابێنن، وە دەستی تەڕ بە پێیەکانیشتان دابێنن، (بەڵام لەگەڵ شۆردنی دا، نەك هەر دەستی تەڕو هیچی دی)، کەواتە: دەبێ هەردووکیان ببن، (واتە: دەستی تەڕیشی پێ دابێنێ لەگەڵ شۆردنی، وە دەشگونجێ دەستی تەڕی پێدانەهێنێو هەر لاقان لە ئاوێ بنێ، ئەو کاتە پێیەکان دەشۆرێن).

ئەوە رایەکەی (طَبَري)یە، کە شەوکانی گوتوویەتی: ئینسان سەرپشکە، ئایا دەستی تەڕیان پێدابێنێ، یاخود بیانشوات، کە لەڕاستیدا وا نیە، بەڵکو مەبەست پێی دەستی تەڕ پێداهێنانە، لەگەڵ شۆردنیدا، یاخود هەر شۆردن.

بەڵام (النّحاس) یەکێکە لە زانایان دیارە ئەو ڕایەی هەیە، دەڵێ: ئینسان کە دەستنوێژ دەگرێ، سەرپشکە لە نێوان ئەوەدا کە دەستی تەڕ بە پێیەکانی دابێنێ، یاخود بیانشوات، هەرکامێکیان بێ بۆی هەیە، کە لەڕاستیدا رایەکەی راست نیە.

ڕای دووەم: شۆردن:

سەرجەم زانایانی ئیسلام لەسەر فەرزبوونی شۆردنی دوو پێیەکان، وە هەردوو گوێزینگەکانیش یەکدەنگن، بۆچی؟

چونکە وێڕای ئایەتەکە چەندان فەرمایشتی پێغەمبەریشمان ﷺ هەن، یان چەندان دەقی سوننەت کە زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی ئەوە دەگەیەنن، کە دەبێ دوو پێیەکان لەگەڵ گوێزینگەکاندا بشۆرێن:

١) ﴿عَنْ عَبْدِاللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا، قَالَ: تَخَلَّفَ عَنَّا رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ فِي سَفْرَةٍ فَأَدْرَكَنَا، وَقَدْ أَرْهَقَتْنَا العَصْرُ، فَجَعَلْنَا نَتَوَضَّأُ وَنَمْسَحُ عَلَى أَرْجُلِنَا، قَالَ: فَنَادَى بِأَعْلَى صَوْتِهِ: «وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ» مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاَثًا﴾ {(أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بِرقم: (١٦٣)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەفەرێك لێمان دواکەوت، (دیارە دواکەوتوە بۆ تارەتگرتنو بۆ دەستنوێژگرتن) دوایی پێمانگەیشت کە کاتێك پێمانگەیشت نوێژی عەسر بوو، ئێمەش دەستنوێژمان دەگرتو پێیەکانیشمان مەسح دەکرد، دەستی تەڕمان پێدا دێنان، پێغەمبەر ﷺ بە دەنگی هەرە بەرزی خۆی بانگی کردو فەرمووی: سزای سەخت لە ئاگر بۆ ئەوانەی پاژنە پێیان ناشۆن، سزای سەخت لە ئاگر بۆ ئەو کەسانەی پاژنە پێیان ناشۆن، دوو جاران وایفەرموو، یاخود سێ جاران وایفەرموو. کەواتە: پێیەکان دەبێ بشۆرێن.

٢) ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهَا، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: (أَسْبِغُوا الْوُضُوءَ، وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ) {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ بِرقم: (٢٥)}، واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەستنوێژێ بەتەواویی بشۆن، سزای سەخت لە ئاگر بۆ ئەو کەسانەیە کە پاژنە پێیان ناشۆن.

٣) ﴿عَنْ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ﷺ، أَنَّ رَجُلاً تَوَضَّأَ فَتَرَكَ مَوْضِعَ ظُفُرٍ عَلَى قَدَمِهِ فَأَبْصَرَهُ النَّبِيُّ ﷺ فَقَالَ: (ارْجِعْ فَأَحْسِنْ وُضُوءَكَ)، فَرَجَعَ ثُمَّ صَلَّى﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ بِرقم: (٢٤٣)}، واتە: عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە دەڵێ: پیاوێك دەستنوێژی گرت بە ئەندازەی نینۆکێك لەسەر پێی خاڵێکی وشکی بەجێهێشتبوو، (واتە: نەیشۆردبوو)، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: بگەڕێوە دەستنوێژەکەت بە چاکی بگرە، (واتە: پێت هەمووی بشۆ، کەواتە: بە قەد نینۆکێکیش نابێ وشکی بمێنێ)، دەڵێ: کابرا گەڕایەوە دوایی نوێژی کرد، ئەوە ڕای دووەم کە وەك گوتم هی زۆربەی زانایانە.

**ڕای سێیەم: مەسح کردن:**

ئەویش ڕای شیعەی ئیمامییە، ئەگەرنا شیعەی زەیدیی وا ناڵێن، تەنیا شیعەی، دوازدە ئیمامیی، وا دەڵێن، وە کێشەی وان ئەوەیە دەڵێن: کەسێك کە دەستنوێژ دەگرێ، ئەگەر پێیەکانی بشوا، دەستنوێژەکەی وەبەر ناکەوێ، مەگەر مەسحیان بکات!! کە من پێموایە زیاتر مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە پێچەوانەی جەماوەری مسوڵمانان بجووڵێنەوە، کە بە ئەهلی سوننەت بە ناوبانگن، زیاتر ئەوە پاڵنەریانە، وەك چۆن لە زۆر شتی دیکەشدا وەك: بانگو، بەردەمۆرەو، دەست نەگرتن لە نوێژداو ... هتد، تەماشایان کردوە چۆن پێچەوانەی ئەهلی سوننەتە ئاوا بکەن، کە وەك خۆ جیاکردنەوەیەك ئەو بۆ چوونە فیقهییانەیان تەبەننیی کردوە، جا ئەوان دەڵێن: کەواتە: ناشبێ بە (أَرجُلَكُمْ) بخوێنرێتەوە، دەبێ بە: (أَرجُلِكُمْ) بێ، ئنجا ئێمە دەڵێین: باشە ئەگەر هەر (أَرجُلَكُمْ) بخوێنرێتەوە، ئەوە باسمان کرد، ئەدی ئەگەر بە: (أَرجُلِكُمْ) بخوێنرێتەوە، حیکمەتەکەی چییە؟

(الشَّنْقيطي) لەوبارەوە کە ئایا بۆچی خوای کاربەجێ ئەم ئایەتەی ناردوە کە بە دوو شێوە بخوێنرێتەوە؟ لە تەفسیرەکەی خۆیدا چەند شتێکی جوان دێنێ، چوار هۆکاری باسکردوون، دەڵێ[1]:

١- (قِرَاءَةُ الجَرِّ : إِجْمَالٌ) واتە: مادام بە سەر (نصب) خوێندرابێتەوە، (أَرجُلَكُمْ) دەزانین کە فەرزی پێیەکان شۆردنە، بۆیە کە بە: (أَرجُلِكُمْ)یش دەخوێنرێتەوە، ئەوە بە کورتییە، بەڵام سوننەت ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە دەبێ بشۆرێن، دیارە خوێندرانەوەشی بە ژێر (خفض) چەند حیکمەتێکی تێدان کە لە خاڵەکانی (٢و ٣و ٤)دا دەیانخەینەڕوو.

٢- (قِرَاءَةُ الخَفْضِ إِنَّمَا هِيَ لِمُجَاوَرَةِ المَخْفُوضِ مَعَ أَنَّهَا فِي الأَصْلِ مَنْصُوبة بِدَلِيلِ قِرَاءَةِ النَّصْبِ)، لە زمانی عەرەبییدا بنچینەیەك هەیە، پێی دەگوترێ: (خَفْضُ الجِوَار) یان (جَرُّ الجِوَار) ئەگەر وشەیەك لە تەنیشت وشەیەکەوە هاتبێ، کە وشەکەی پێشی ئەو ژێر (كَسْر)ی هەبێ، ئەو وشەیەی دوای ویش

١) بڕوانە: أضواء البيان، ج١، ص ٣٣٠ –٣٣٦.

ژێـر (کَسْـر) پەیدادەکـات، هەرچـەندە لـە ئەسـڵدا حاڵەتـە ئیعرابیەکـەی (مَنْصُوب) یان (مَرفُوع)بێ، ئنجا با وێنەیەکی لە قورئان بۆ بێنینەوە: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿... وَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ مُّحِيطٖ ٨٤﴾ هـود، واتە: (هوود بە قەومەکەی گـوت:) مـن مەترسـی ئـەوەم لێتـان هەیە لە سزایەکی دەورە دەر لە ڕۆژێکدا، جا لێرەدا وشەی: (مُحيطٍ) سیفەتی (عَذَاب)ە، (عَذَاب)یش (مَنْصُوب)ە، ئەگەر بەپێی ئەوەبێ دەبوایە ئاوا بووایە: {إنّي أخَافُ عَلَيْكُم عَذَابَ يَومٍ مُحيطاً}، کەچـی دەخوێنرێتـەوە (مُحـيطٍ)، ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: (جَرُّ الجِوَار)، لەبەرئـەوەی وشـەی: (يَومٍ) (مَجْرُور)ە، (مُحيطٍ)یش هەرچەنـدە سـیفەتی (عَذَاب)ەو دەبـێ (مَنْصُوب)بـێ، ئـەویش (مَجْرُور) کـراوە، لەبـەر دراوسـێیەتی.

هەروەها هەر لە سوورەتی (هود)دا هاتوە، دەفەرموێ: ﴿... إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ أَلِيمٖ ٢٦﴾، کە دیسـان وشـەی: (أَليم) سـیفەتی (عَذَاب)ە، نـەك (يَوْم)، ئەگـەر بـەپێی ئـەو بنچینەیە نەبووایە، دەبووایە بگـوترێ: {إنّي أخَافُ عَلَيْكُم عَذَابَ يَومٍ أليماً}، کەچی دەخوێنرێتەوە (أَلِيمٍ).

هەروەها عەرەبیش دەڵێن: (هَذَا جُحْرُ ضَبٍ خَرِبٌ)، بـەڵام ئـەوان دەیخوێننـەوە، (خَرِبٍ) چونکە لە دوای (ضَبّ)ەوە هاتوە، کە ئـەویش ژێـری هەیـە، کەواتـە: لەبـەر ئـەو بنچینەیەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ﴾، کە بە: (أَرجُلِكُمْ) بخوێندرێتەوە، لەبەرئەوەیە لە نزیك (رُءُوسِكُم)ە، ئـەویش ژێـر (کَسْر)ی هەیـە، دەبـێ ئـەویش ژێـری هەبـێ، لەبـەر نزیکی (جوار) ئەگـەرنا لـە ئەسڵدا حاڵەتە ئیعرابییەکەی (مَنْصُوب)ە، کە شـۆردنی بەسـەردا دێتـەوە.

٣- (الْمُرَاد بمَسْحِ الرِّجلَين غَسْلهُما والعَرَب تُطلقُ الْمَسْحَ عَلَى الغَسْلِ أيضَاً) واتە: مەبەست لە مەسح کردنی پێیەکان شـۆردنیانە، چونکە عـەرەب جاری وایە وشـەی: (مَسْح) بـە مانـای شـۆردنیش بـەکاردێنن، دەڵـێن: (تَمَسَّحْتُ) واتـە: (تَوضَّأتُ)، وە دەڵێن: (مَسَحَ الـمَطَرُ الأَرْضَ: أَي غَسَلَهَا)، بارانەکـە زەوییەکـەی

مەسح كرد، واتە: شۆردیەوە، وە دەگوترێ: (مَسَح اللهُ مَا بِكَ: غَسَلَ عَنْكَ الذّنُوب والأَذَى)، خوا بیسڕێتەوە ئەوەی لێتە، واتە: گوناهەكانو دەردەكەت لێ لابداتو بشواتەوە، كەواتە: وشەی: (مَسْح) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (غَسْل)یش بەكارهاتوە.

٤- (المرَادُ بقِرَاءة الجَرِّ: المَسْح، ولكن النَّبيّ بَيَّنَ أَنَّ ذَلِكَ لايَكُونُ إلاَّ على الخُفِّ) دەڵێ: ئەگەر بە (جَر) بخوێنرێتەوە، واتە: بە (أَرجُلِكُمْ)، مەبەست لە (مَسْح) دەست پێداهێنانە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی كردۆتەوە كە ئەو دەستی تەڕ پێداهێنانە لە كاتێكدایە كە ئینسان خوفف (واتە: گۆرێی چەرمی) لە پێ بن، (یان گۆرێی دیكە)، وەختێك ئینسان كە گۆرێی لە پێ بن، دەستی تەڕیان پێدادێنێ، ئەو قیرائەتە بۆ ئەو حاڵەتەیە، تەماشای كەلامی خوای زاناو شارەزا بكەن! چەندە وردەكاریی تێدایە، ئەگەر فەرمووبای: (أَرجُلَكُمْ) پێیەكانتان بشۆن، ئەو كاتە بەڵگەی مەسحمان لە كوێ هێنابایە؟! بەڵام ئێستا هەردوو قیرائەتەكان هەن، ئەگەر پێیەكانت ڕووت بن، ئەوە شۆردنیان بەسەر دا دێ، وە ئەگەر داپۆشراوبن (واتە: خوفف یان گۆرێت لە پێ بێ) ئەوە دەستی تەڕیان بەسەردا دێو مەسحیان دەكەی، قیرائەتێك بۆ حاڵەتێ كە پێ بە دەرەوەبن، قیرائەتێكیش بۆ حاڵەتێ كە پێیەكان داپۆشراوبن، ئیش هەرگیز لەوە باشتر ناكرێ، كەواتە: ئەوەی شیعە دەیڵێن: لەڕاستیدا قسەیەكی زیادەیەو هیچ بەڵگەیەكیشیان بەدەستەوە نیە، ئنجا ئەگەر یەكێك بپرسێ: باشە ئایا نەدەگونجا ئەو هەموو مشتومڕە لە كۆڵ شیعەو ئەهلی سوننە بكرێتەوەو یەكسەر خوای كاربەجێ لە دوای شۆردنی دەموچاو یان شۆردنی دەستەكان باسی پێیەكانیشی كردباو فەرمووبای: (فَاغْسِلُوا وجُوهَكُم وَأَيدِيكُم إلى المَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرءُوسِكُم وَأَرجُلِكُمْ إِلى الكَعْبَيْنِ)، نەدەكرا وابێ؟ ئێمە دەڵێین: با، بەڵام ئەو تەعبیرەی قورئان حیكمەتی تێدایە، حیكمەتەكەش ئەوەیە: كە خوای كاربەجێ مەسحی سەری خستۆتە نێوان شۆردنی دەستەكانو پێیەكان، تاكو بزانرێ كە ئەو ڕیزبەندییە پێویستە ڕەچاو بكرێ، كە ئەوەش ڕای زۆربەی زانایانە، ئایا ئەگەر كەسێك دەستنوێژی شۆرد، یەكسەر چوو پێیەكانی شۆرد،

ئنجا دەستەکانی، دوایی دەموچاوی، وەبەر دەکەوێ؟ لەسەر ڕای زۆربەی زانایان وەبەر ناکەوێ، پێویستە ڕیزبەندیی ڕەچاوبکرێ، بەم شێوەیە:

١- دەموچاوت دەشۆی.

٢- دوایی دەستەکانت دەشۆی.

٣- دوایی مەسحی سەرت دەکەی.

٤- ئنجا پێیەکانت دەشۆی.

بەڵێ خوای پەروەردگار فێرمان دەکات، بۆیە مەسحی سەری خستۆتە نێوان شۆردنی هەردوو دەستەکانو هەردوو پێیەکان، تاکو بۆ ئێمە دیاربێ کە پێویستە ئەو ڕیزبەندییە ڕەچاو بکەین، کەواتە: فەرزەکانی دەستنوێژ چیو چین؟ بەپێی ئەم ئایەتە فەرزەکانی دەستنوێژ شەشن، کە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ﴿إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾، پێشتر باسمان کرد، یانی: (إِذا أَرَدتُمُ القيامَ إلى الصَّلاةِ) واتە: ئەگەر ویستتان هەڵسن بۆ نوێژێ، یانی نیەتتان هەبوو، کەواتە:

١) فەرزی یەکەمی دەستنوێژ بریتیە لە نیەت.

٢) فەرزی دووەمی بریتیە لە شۆردنی دەمو چاو.

٣) فەرزی سێیەمی بریتیە لە شۆردنی دەستەکان لەگەڵ ئانیشکان.

٤) فەرزی چوارەمی بریتیە لە مەسحی سەر، دەستی تەڕ بەسەر داهێنان.

٥) فەرزی پێنجەمی بریتیە لە شۆردنی پێیەکان لەگەڵ گوێزینگان.

٦) فەرزی شەشەمی بریتیە لە ڕیزبەندیی (ترتیب)و پاشو پێش پێ نەکردنیان.

ڕای چوارەم: کە دەڵێ: دەبێ پێیەکان مەسحیش بکرێنو بششۆرێن:

ئەوە مەگەر مەبەست پێی ئەوەبێ کە دەستیان پێدابهێنرێ کە پێی دەگوترێ (دَلْک) ئەگەرنا بەڵگەیەکی وام لەسەر نەدی شایانی باس بێ

**مەسـەلەی دەیـەم:** چۆنیـەتی دەستنوێژگرتن، ئایا دەستنوێژ چۆن دەگیـرێ؟ دیارە لە زۆر فەرمایشـتاندا باسـی دەسـتنوێژگرتن کـراوە، مـن یـەك فەرمایشـتم بـە نموونـە هێناوەتــەوە:

﴿أَخْرَجَ البُخَارِيُّ أَنَّ رَجُلاً قَالَ لِعَبْدِ اللهِ بْنِ زَيْدٍ: أَتَسْتَطِيعُ أَنْ تُرِيَنِي كَيْفَ كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَتَوَضَّأُ؟ فَقَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ زَيْدٍ: نَعَمْ، فَدَعَا بِمَاءٍ، فَأَفْرَغَ عَلَى يَدَيْهِ، فَغَسَلَ مَرَّتَيْنِ، ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْثَرَ ثَلاثاً، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاثاً، ثُمَّ غَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ، ثُمَّ مَسَحَ رَأْسَهُ بِيَدَيْهِ، فَأَقْبَلَ بِهِمَا وَأَدْبَرَ بَدَأَ بِمُقَدَّمِ رَأْسِهِ حَتَّى ذَهَبَ بِهِمَا إِلَى قَفَاهُ، ثُمَّ رَدَّهُمَا إِلَى الْمَكَانِ الَّذِي بَدَأَ مِنْهُ ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (١٨٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٥٤)}، واتـە: پیاوێـك بـە عەبدوڵـلای کـوڕی زەیـدی گـوت: دەتـوانی پێشـانم بـدەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەستنوێژی چۆن دەگرت؟ عەبدوڵلای کوڕی زەیدیش گوتی: بەڵـێ، گوتی: ئاوێکم بـۆ بێنـن، ئاویـان بۆ هێنا، دەستەکانی شـۆردن پـێش ئـەوەی دەسـتی لـە قاپەکە بـاوێ، دوو جاران دەستەکانی شۆردن، واتـە: هـەر دوو لەپـە دەسـتی، دوایـی ئـاوی لـە دەمـی وەردا، وە ئاوی لە لووتیشی وەردا، (واتە: قورگ‌و لووتـی خـۆی ئـاو تێـوەرداو خـاوێنی کردنەوە) سـێ جاران، ئنجـا دوایی سـێ جاران دەم‌و چاوی شـۆرد، (واتە: سـێ جـاران ئاوی بە دەم‌وچاوی داکـردو دەسـتی پێـداهێنان) پاشـان دووجـار دووجـار دەسـتەکانی شۆردن، (هـەر دەسـتەی دووجـاری شـۆردوون) دوایـی دەسـتی تـەڕی بەسـەری داهێنـا، دەستی پێداهێناو دوایی هێنایەوە، هەردوو دەسـتی بـە پێشـە سـەری دەسـتی پێکـردو هەتا بردی بۆ پشتە سەری‌و دوایـی لـەوێ ڕاهێنانیـەوە، بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە لێیـەوە دەستی پێکردبوو، ئنجـا هەردوو پێیەکانی شـۆردن.

لێرەدا ئێمە پێویســـتە چەند شتێك دەربارەی دەستنوێژگرتن ڕوون بکـەینـــەوە:

**یەکـەم/ ئـاو لە زارو لـووت وەردان:**

کە پێی دەگوترێ: (الْمَضْمَضَةُ وَالإِسْتِنْشَاق)، (الإِسْتِنْشَاق) بریتیـە لـە ئـاو لـە لـووت وەردان، (الإِسْتِنْثَارُ) بریتیـە لـە فڕێدانـەوەی ئاوەکــە، (الْمَضْمَضَةَ)ش ئـــاو لـە دەم وەردانـە، زۆربـەی زانایـان بـە سـوننەت‌و هەندێکیشیان بـە فـەرزیان

دەزانن، بەڵام سوننەت بوونیان نزیکترە، وە لە زۆربەی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دا باسی ئاو لە دەمو لووت وەردان کراوە، یانی: سوننەتە بەلای کەمەوە، هەندێکیش دەڵێن: فەرزە ئاو لە لووتو دەم وەربدرێ لە کاتی دەستنوێژگرتندا.

دووەم/ دەستنوێژگرتن:

بۆ شۆردنەکان دەگونجێ یەك جاربێ، وە دەگونجێ دووجار بێ، دەشگونجێ سێ جاربێ، یانی: دەگونجێ یەکجار، دووجار، سێ جار دەموچاوت بشۆری بۆ دەستو پێیەکانیش بە هەمان شێوە، لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺدا هەرسێك جۆرەکان هاتوون:

١/ ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا تَوَضَّأَ النَّبِيّ ﷺ مَرَّةً مَرَّةً﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٥٧)}، واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ یەك جار یەك جار، دەستنوێژی گرت، واتە: (یەکجار ئەندامەکانی شۆردن، بەڵام دوایی بۆتان ڕوون دەکەمەوە، ئەو یەکجارو ئەو دووجارە دەبێ چۆن بێ)؟

٢/ ﴿عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ يَزِيدَ رضي الله عنه أَنَّ النَّبِيّ ﷺ تَوَضَّأَ مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٥٨)}، واتە: عەبدوڵلای کوڕی زەید خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دووجار دووجار ئەندامەکانی شۆردنو دەستنوێژی گرت.

٣/ ﴿عن حُمْرَانَ مَوْلَى عُثْمَانَ رضي الله عنه أَنَّهُ رَأَى عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ دَعَا بِإِنَاءٍ، فَأَفْرَغَ عَلَى كَفَّيْهِ ثَلاثَ مِرَارٍ، فَغَسَلَهُمَا، ثُمَّ أَدْخَلَ يَمِينَهُ فِي الإِنَاءِ فَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاثًا وَيَدَيْهِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ ثَلاثَ مِرَارٍ، ثُمَّ مَسَحَ بِرَأْسِهِ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ ثَلاثَ مِرَارٍ إِلَى الْكَعْبَيْنِ، ثُمَّ قَالَ، قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ، لا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٥٩)}، واتە: حومران کە خزمەتکاری عوسمانی کوڕی عەففان بووە (خوا لێی ڕازی بێ) گوتوویەتی عوسمانی کوڕی عەففانی بینیوە قاپێك ئاویان بۆ هێناوە (دیارە ئەویش ویستوویەتی وەك پێغەمبەر ﷺ خەڵك فێری دەستنوێژ گرتن بکات) لە

قاپەکە سێ جاران ئاوی بە دوو لەپە دەستەکانی خۆی داکردو شۆردنی، دوایی دەستی تەڕی خستنە نێو قاپە ئاوەکە، وە ئاوی لە دەمو لووتی وەردا (نەیگوتوە سێ جار، کەواتە: یەکجاریش هەر تەواوە) دوایی دەموچاوی خۆی شۆرد سێ جاران، سێ مستە ئاوی پێدا کردن، وە پاشان هەردوو دەستی خۆی شۆردن، لەگەڵ ئانیشکان سێ جاران، دوایی مەسحی سەری خۆی کرد یەکجار، (واتە: دەستی تەڕی بەسەری خۆی داهێنا) دوایی پێیەکانی خۆی شۆردن، هەتا سێ جاران لەگەڵ گوێزینگەکان، دوایی گوتی: (واتە: عوسمان گوتی:) پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: هەر کەسێك دەستنوێژێ وەك ئەم دەستنوێژەی من بگرێ (دیارە عوسمان پێغەمبەری ﷺ بینیوە کە دەستنوێژی گرتوە)، ئنجا دوو ڕکات نوێژان بکات، هیچ لەگەڵ نەفسی خۆیدا قسە نەکات، (داڵغەی نەڕوات بەولاولادا، یانی دوو ڕکاتان بکات، زۆر بە ئاگا لە خۆبوونەوە، بە بیر لێکردنەوەی ئەو شتانەی کەوا دەیانڵێ)، هەرچی گوناهی ڕابردوویەتی دەپۆشرێ.

جا کوردەواریی خۆشمان شتێك دەگێڕنەوە، دەڵێن: (پێغەمبەر ﷺ جارێك فەرموویەتی: هەر کەسێك دوو ڕکات نوێژان بکات، هیچ داڵغەی نەڕوات یەکێك لەو دوو بەرماڵانەی دەدەمێ، عەلی کوڕی ئەبی طالبیش گوتوویەتی: من دوو ڕکاتی وا دەکەم، فەرموویەتی: باشە، دوایی کە دوو ڕکاتەکەی کردن لەنێو نوێژەکەدا داڵغەی بۆ دێ، دەبێ کام لەو دوو بەرماڵەی بداتێ؟ ئەویش بێ داڵغە نوێژەکەی بۆ نەکراوە)، کە ڕاست نیە، جارێ ئەو کاتی بەرماڵ هەر نەبووە بەم شێوەیە، پاشان ئینسانیش دەتوانێ داڵغەی نەڕواتو دوو ڕکات نوێژانیش بکات، نەك عەلی، زۆر کەسی دیکەش ئەگەر هەر تۆزێك ئاگای لە خۆی بێ، دەتوانێ داڵغەشی نەڕواتو نوێژی خۆشی بکات، بۆیەش وا دەڵێم: چونکە خەڵك دەڵێن: جا خۆ عەلیش خوا لێی ڕازی بێ لە نوێژێدا داڵغەی بۆ هاتوە، مانای وایە قەت نوێژی بێ داڵغە ناکرێ، بەلام لەڕاستییدا وانیە، مرۆڤ ئەگەر بیەوێ دەتوانێ نوێژی بێ داڵغەو خەیاڵ بکات.

بەلام لێرە لێتان تێکنەچێ! کە دەفەرموێ: یەکجار شۆری، دەبێ بەو یەك جارە دەموچاوەکەی هەموو بشوات، وە دەبێ دەستەکانی هەموو بشوات،

وە پێیەکانیش بە هەمان شێوە، بەڵام کە بە دووجاران شۆردنەکە تەواو دەبێ، هەردوو جارەکە دەبنە فەرز، وە ئەگەر بە سێ جاران هەمووی تەڕبێ، هەر سێ جارەکە دەبنە فەرز، چونکە هەرجارەی هەندێکی لێ تەڕ کردوە، بەڵام ئەگەر بە یەکجار دەموچاوو دەستەکان لەگەڵ ئانیشكو پێیەکانیش لەگەڵ گوێزینگ تەڕ بوون، ئەوە جاری دووەمو سێیەم تەڕ کردنەوەیان دەبێتە سوننەت، وە لەڕاستیشدا دەتوانین بڵێین: یەکجاریش سوننەتە، دووجاریش سوننەتە، سێ جاریش سوننەتە[1]، ئەوەش بەپێی حاڵەتەکان دەگۆڕێ، جاری وایە ئاو کەمە سوننەتە ئاوی کەم بەکاربێنی، یەکجار دەموچاو بشۆ بەسە، خۆ نابێ تۆ سێ جار بیشۆی دوایی ئاو بۆ ڕەفیقەکەت نەمێنێتەوە، یان بۆ شتێکی گرنگتر پێویستت پێی بێ، کەسی وا هەیە بە دوو سێ جاریش ڕاناوەستێ، دەست پێدەکات سێ چوار مەسینە ئاوان سەرف دەکات، ئەوە لەڕاستیدا لە سوننەت چۆتە دەرێو خۆی تووشی ئیسراف کردن کردوە، کەواتە: ئەگەر یەکجاریش ئەندامەکانی دەستنوێژ بشۆرێن هەر سوننەتە، دووش سوننەتە، سێش سوننەتە، بە مەرجێك بە یەکجارەکە ئەو ئەندامە هەمووی بشۆرێ، بەڵام ئەگەر بە یەك جارەکە تەواو هەمووی نەشۆرێ، مانای وایە دەستنوێژەکەی تەواونیە، چونکە ڕەنگە کەسی وا هەبێ بە سێ جارانیش هەموو دەمو چاوی تەڕ نەکات، مانای وایە دەستنوێژەکەی هەر ناتەواوە.

### سێیەم/ مەسحی سەر یەکجارە:

تەنیا لە هەندێك دەقاندا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ سێ جار مەسحی سەری کردوە، بەڵام لە زۆربەی فەرمایشتەکاندا هاتوە کە مەسحی سەر یەکجارە، بۆ وێنە، ئەم دەقە هەیە: ﴿مَسَحَ ﷺ رَأْسَهُ مَرَّةً﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٩٢) عَنْ عَبْدِاللّٰه بْنِ يَزِيدَ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ}، واتە: پێغەمبەر ﷺ یەکجار مەسحی سەری کردوە.

---

١) لێرە مەبەستمان لە سوننەت بوون، بە پێی ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بوونە، نەك سووننەتی بەرانبەر فەرز!

چوارەم: پێشخستنی لای ڕاستە لەسەر چەپ (تَقْدِيمِ الْيُمْنَى على الْيُسْرَى):

لەلای زۆربەی زانایان سوننەتە، لای ڕاست لە دەستنوێژگرتن پێش لای چەپ بخرێ، هەندێکیشیان بە فەرزیان داناوە، بەڵام لەڕاستییدا سوننەتبوونەکەی بەڵگەی بەهێزترە، بەڵگەی سوننەتبوونیش ئەم فەرموودەیەیە: ﴿عَن أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: إِذَا لَبِسْتُمْ وَإِذَا تَوَضَّأْتُمْ فَابْدَءُوا بِأَيَامِنِكُمْ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨٦٣٧)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤١٤١)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٠٩٠)، وَابْنُ خُزَيْمَة برقم: (١٧٨) ، وَالطَّبَرَانِيُّ في (الأوسط) برقم: (١٠٩٧) تعليق الشيخ الأرناؤوط: إسناده صحيح} ، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر بەرگتان پۆشیی، وە ئەگەر دەستنوێژتان گرت، بە لای ڕاستتان دەست پێبکەن، کەواتە: سوننەتە بە لای ڕاست دەست پێ بکرێ، بەڵام ئەگەر کەسێك بە لای چەپ دەستی پێکرد، ناڵێین: دەستنوێژەکەی تەواونیە، بەڵکو سوننەتێکی تەرك کردوە.

## کۆتا قسەم دەربارەی دەستنوێژ گرتن:

ئایا حیکمەتی بەکارهێنانی وشەی: (الـمَرافِقْ) بە کۆ، وە وشەی: (الكَعْبَيْنِ) بە (مُثَنَّى) چییە؟ یانی: بۆچی بۆ ئانیشەکەکان خوا فەرموویەتی: ﴿ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ ﴾، (مَرافِقْ) کۆی (مِرْفَق)ە، نەیفەرموە: (إلى الـمِرْفَقَينِ)، کەچی بۆ گوێزینگەکان فەرموویەتی ﴿ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ ﴾؟ وەڵام: لەبەرئەوەی دەست یەك ئانیشکی هەیە، بەڵام هەر پێیەك دوو گوێزینگی هەن، ئنجا ئەگەر قسەکەی شیعان ڕاست بووایە، وەك ئانیشك (مرفق)ی دەست، بە کۆ (جمع)یش باس دەکران نەك بە دووان (مثنّى) کە دەڵێن: گوێزینگ پێشی پێیە، ئەگەر وابووایە هەر پێیەك یەك گوێزینگی دەبوو، بەڵام نا، گوێزینگ بریتیە لەو ئێسقە خڕانەی لەولاو لای پێ دەردەچن، وە هەر پێیەکیش دوو گوێزینگی هەن، خوای زاناو شارەزاش بە نسبەت ئانیشکەوە دەزانێ یەك ئانیشك هەیە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ ﴾، واتە: ئانیشکانیشی لەگەڵ بشۆن، بەس ئەگەر فەرمووبای: (إلى الأكعاب)، کە (كعب) پێمبوایە کۆیەکەی دەبێ بە (أکعاب)،

ئەگەر وای فەرمووبا، ئەوکاتە دەرنەدەکەوت، کە ئایا دەبێ هەر دوو گوێزینگ بشۆرێن، یان نا؟ بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ﴾، بۆ ئەوەی هەردوو گوێزینگەکانی ئەولاو لای پێ بگرێتەوە.

**مەسەلەی یازدەیەم: مەسح کردن لەسەر خوففو گۆرەوی:**

خوفف بریتیە لە پێلاوێك کە لە پێستو چەرم دروست کرابێ، گۆرەویش ئەوەیە کە غەیری چەرم بێ، کە بە عەرەبی (جَورَب)ی پێ دەڵێن: وە لە کوردییدا نەمزانیوە (خوفف) وشەیەکی تایبەتی بۆ بەکارهاتبێ، هەر (خوفف) بەکاردێنن، ئنجا سەبارەت بە مەسح کردن لەسەر خوفف یان گۆرەوی، زانایان قسەو باسی زۆریان کردوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ﴾، باسمان کرد کە حیکمەتی چییە هەردوو قیرائەتەکە بۆ (وأرجُلَكُم) هاتوون: (وأرجُلَكُم) کە ئەو کاتە (غَسْل)ی بەسەردا دێتەوە، یانی: ﴿فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ﴾، واتە: پێکانیشتان بشۆن، بەڵام قیرائەتی (وأرجُلِكُم) کە پێشتر باسمان کرد، یەکێك لە حیکمەتەکانی ئەوەیە کە خوای کاربەجێ بۆیە وایداناوە ئەم وشەیە (وأرجُلِكُم) بە ژێر (کسر)یش، بخوێنرێتەوە، تاکو مەسحی لێ وەربگیرێ، واتە: دەستی تەڕ پێداهێنانی پێیەکان لە کاتێکدا کە لە نێو خوفف دان، یان لە نێو گۆرەوی دان.

ئنجا زانایان لەوبارەوە قسەو باسی زۆریان کردوەو من لە حەوت خاڵ دا بۆتان کورت دەکەمەوە بە گوشراویی، وە ئەوەی دەشینووسم هەمووی لەبەر تیشکی کتێبی (أضواء البيان)ی (الشنقيطي)دایە[1] لێکوڵینەوەیەکی باشی کردوە لەوبارەوە، دیارە منیش بە شێوەی خۆم هەندێکی لێ دادەڕێژمەوەو، جارجار بۆچوونی خۆشمی لەگەڵ دەخەم:

---

١) ج١، ص ٣٣٨، ٣٥٣.

**یەکەم: ڕەوایی مەسح لەسەر خوفف و گۆرەوی:**

ئایا کەسێك کە دەست نوێژ دەگرێ، بۆی هەیە، ئەگەر پێیەکانی لە نێو خوفف دابن، واتە: گۆرەوی چەرم، یان لە نێو گۆرەوی دابن، (کە لە بەن یان دەزوو دەچنرێ) بۆی هەیە دەستی تەڕیان پێدابێنێ لە جیاتی شۆردن؟ زانایانی ئیسلام هەموو لەسەر ئەوە یەك دەنگن، جگە لە خەواریج و شیعەکان، کە پێیان وابووە دروست نیە لە جیاتی شۆردنی پێیەکان دەستی تەڕیان پێدا بهێنرێ، لە کاتێکدا کە لە نێو گۆرەوی و لە نێو خوفف دان، ئەگەرنا شیعە مەسحی پێیەکان دەکەن، بەلام دەڵێن دەبێ مەسحی پێی ڕووت بکرێ، واتە: کە لە نێو هیچ شتێکدا نەبێ، شیعەش کە هەندێك ڕایان هەن، هەر بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لە زۆرینەی مسوڵمانان، ئەو ڕایانە تەبەننیی دەکەن، بێئەوەی کە بەڵگەیەکی وایان بەدەستەوە هەبێ شایانی باس بێ.

(النووي) لە کتێبی (المجموع)دا کە شەرحی کتێبی (المهذَّب)ی (الشیرازي)یە، دەڵێ: (وَقَدْ نَقَلَ ابْنُ الْمُنْذِرِ فـي كِتَـاب الإجْمَاع إجْمَاعَ العُلَمَاءِ عَلَى جَوَازِ الْمَسْحِ عَلَى الْخُفّ وَيَدلُّ عَلَيْهِ الأَحَادِيثُ الصَّحِيحَة الْمُسْتَفِيضَة فـي حَدِيث مَسْحِ النَّبِي ﷺ فِي الْحَضَرِ وَالسَّفَرِ وأمرِهِ بِذَلِكَ وَتَرْخِيصِهِ فِيهِ واتّفَاقِ الصَّحَابَةِ فَمَنْ بَعْدَهُمْ عَلَيْهِ)[1]، واتە: (ابْنُ الْمُنْذِر) لە کتێبی (الإِجْمَاع)دا یەك دەنگیی زانایانی لەسەر دروستبوونی مەسحکردن لەسەر خوفف هێناوە، وە ئەو هەموو فەرمایشتە صەحیحانەی کە زۆرن، وە ناسراون، دەلالەتی لەسەر دەکەن کە پێغەمبەر ﷺ کاتێك کە نیشتەجێ بووە، وە کاتێك کە لە سەفەریش بووە، مەسحی کردوە لەسەر خوفف، وە فەرمانیشی پێکردوە، وە مۆڵەتیشی داوە، وە هاوەڵانی بەڕێزیش و دوای هاوەڵانیش هەموو لەسەر ئەوە یەکدەگن، کە دروستە لە جیاتی شۆردنی پێیەکان، مەسحیان لەسەر بکرێ. واتە: دەستی تەڕیان پێدابهێنرێ، بە مەرجێك لە نێو خوففدابن، یان لە نێو گۆرەوی دابن، کە دوایی باسی گۆرەویش دەکەین.

---

١) أضواء البيان: ج١، ص.٣٣٨

**دووەم: ئایا شۆردنی لاق باشترە، یان مەسح لەسەر خوفف؟**

لەوبارەوە دیسان زانایان ڕا جیاییان هەیە، ئەوانەی کە شۆردنیان پێ باشترە، بەڵگەیان ئەوەیە، دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ زیاتر پێیەکانی شۆردوە، وە بەردەوام بووە لەسەر ئەوە لە زۆربەی کاتەکاندا، هەرچەندە زەحمەتیشی زیاترە، کەواتە: مادام پێغەمبەر ﷺ لەسەری بەردەوام بووە، دیارە ئەوە خێری زیاترە، وە دیارە کردەوەکانیش ئەگەر زەحمەتیان زیاتر بێ، زەحمەتی زیاتریش دەبێتە هۆی پاداشتی زیاتر، وەك پێغەمبەر ﷺ بە دایکمان عائیشەی خوا لێی ڕازی بێ فەرموو: ﴿إنّ لَكِ مِنَ الأَجْرِ عَلَى قَدْرِ نَصَبِكِ، أَوْ قَالَ: نَفَقَتِكِ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٧٨٧)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٧٣٣) واللَّفظ لَهُ}، واتە: پاداشتت بۆ هەیە بە ئەندازەی ماندووبوونت، یان فەرمووی: بە ئەندازەی خەرجکردنت.

دیارە بەشێکیش لە زانایان دەڵێن: مەسحکردن باشترە، یەکێك لە بەڵگەکانیشیان ئەم دەقەیە: ﴿عَنِ الْمُغِيرَةُ بْنُ شُعْبَةَ رضي الله عنه قَالَ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ مَسَحَ عَلَى خُفَّيْنِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ أنَسِيتَ؟ قَالَ: «كَلاَّ بَلْ أَنْتَ نَسِيتَ، بِهَذَا أَمَرَنِي رَبِّي عَزَّوَجَلَّ»﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِي برقم: (٥٧٠٤)، وَأَحْمَد برقم: (١٨١٧٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (١٥٦)}، واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی ڕازی بێ، دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەستی تەڕی بەسەر (خوففەکانی دا دەهێنا لە کاتی دەست نوێژدا، پێم گوت: ئەی پێغەمبەری خوا ! لەبیرت چوو خوففەکانت دابنێیو پێیەکانت بشۆی؟!) فەرمووی: بەڵکو تۆ لەبیرت چوو، چونکە بەمە پەروەردگارم (عزّ وجل) فەرمانی پێکردووم. ئنجا کە بفەرموێ: خوا فەرمانی پێکردووم، مانای وایە ئەوە خێرترە!

بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی زۆر بۆ ئەو مەسەلەیە، پێموایە ئەو قسەیەی (ابْنُ تَيْمِيَة) کە (ابْنُ القَيم) ڕەحمەتی خوای لێبێ لێوەی نەقڵ دەکات، قسەیەکی ڕێکە، (ابْنُ تَيْمِيَة) دەڵێ: (وَلَمْ يَكُن يَتَكَلّفُ ضِدَّ حَالِهِ الَّتِي عَلَيْهَا قَدَمَاهُ، بَلْ إِنْ كَانَتَا فِي الْخُفِّ مَسَحَ عَلَيْهِمَا وَلَمْ يَنْزِعْهُمَا، وَإِنْ كَانَتَا مَكْشُوفَتَيْنِ، غَسَلَ القَدَمَيْنِ، وَلَمْ يَلْبَسِ الْخُفّ لِيمْسَحَ عَلَيْهِ)[1]، واتە: پێغەمبەر ﷺ عادەتی نەبووە

١) أضواء البيان: ج١، ص٣٤٠.

پێچەوانەی حاڵەتی خۆی مامەڵە بکات، ئەگەر پێیەکانی لەنێو خوفف (و گۆرەوی) دا بووبن، مەسحی لەسەر کردوونو داینەناون بۆ ئەوەی پێیەکانی بشوات، وە ئەگەر پێیەکانیشی بە دەرەوە بووبن، لەوکاتەدا کە دەستنوێژی گرتوە، نەچووە خوفف لەپێ بکات، ئنجا مەسحی لەسەر بکات، بەڵکو شۆردوونی.

کەواتە: ئێمە ناتوانین بڵێین کامیان خێرترە، بەڵکو ئینسان چۆنی بۆ هاتە پێش، دەتوانێ وابکات، جاری وایە تۆ کە لە سەفەری، هەر لەنێو بازنەی سوننەتدایە، کە پێیەکانت مادام لەنێو گۆرەوی دان، یان لە نێو خوفف دان، ڕەنگە سەرما بێ، ئاو کەم بێ، دوایی لاقت بتەزن، وا باشترە مەسحیان لەسەر بکەی، واتە: دەستی تەڕ بە خوففەکان، یان بە گۆرەوییەکان دابێنێ، بەڵام ئەگەر وانەبوو لاقت ڕووت بوون، خۆ دیارە دەبێ بیانشۆی، نەك ئەو کاتە بێی خوفف لەپێ بکەی بۆئەوەی مەسحیان بکەی، ئەم ڕایە ڕایەکی مام نێوەندیی و باشە.

## سێیەم: ئایا مەسحکردن لەسەر خوففی دڕاو (مخرَّق) یان گۆرەوی دڕاو دروستە؟

لەوبارەشەوە زانایان ڕاجیاییان هەیە، وە بۆ زانیارییتان ئەو مەسەلانەی کە زانایان مشتو مڕو ڕاجیاییان لەسەریان دەبێ، لەبەر ئەوەیە کە دەقێکی ڕوونو بێ چەندوچوونیان لەسەر نیە، ئەگەرنا زانایان لەخۆوە حەزیان لە ڕا جیایی نەبووە! یاخود چەند دەقێك هەن هەرکامێکیان یەك لەو دەقانە هەڵدەبژێرێ، یاخود ئایەتێك، یان فەرمایشتێك چەند واتایەکی هەیە، یان هیچ دەقێکی یەکلاکەرەوە نیە، بۆیە زانایان کەوتوونەتە مشتومڕەوە، جا لەوبارەوە کە ئایا دروستە خوففێك کە دڕابێ، یان گۆرەوییەك کە دڕابێ، مەسحی لەسەر بکەی یان نا؟ زانایان ڕاجیاییان هەیە.

منیش دوای لێکۆڵینەوەی زۆر ئەو ڕایەم پێ ڕاستترە، کە هەر خوففێك، یان هەر گۆرەوییەك کە زۆر نەدڕابێ، بە شێوەیەك کە نەگونجێ پێی بڕۆی، وە بە شێوەیەك کە پێیەکانت تەواو تێدا دەرکەون، هێندە نەدڕابێ، ئەوە دروستە مەسحی لەسەر بکەی، بۆ وێنە: کونێکی تێبووە، دوو کونی تێبووە، ئەوە دروستە مەسحی لەسەر بکەی، بەڵگەشم ئەوەیە کە هاوەڵانی بەڕێز خوا لێیان ڕازی بێ،

ئــەوە نیە هێنـدە بە ئیمکانیـەت بـووبن، وە بـە زۆریـیش لـە ســەفەردابوون، لەبــارو ســواردابوون، لە دەشتو بیاباندا بوون، لە جەنگدا بوونو خوففیشیان لەپـێ کـردووەو نـاتوانین بڵێــین: هـەموو گـۆرەویو خوففـەکانیان نوێـو تــازە بـووەو، کونیــان تێـدا نەبووەو مەسحیان لەسەر کـردوون، کەواتە: خوفـفو گـۆرەوی مەگـەر زۆر دڕابـێ، کـە تەواو پێی تێدا دیـاربــێ، ئەگـەرنا دروســتە مەســحیان لەســەر بکــرێ.

**چـوارەم: ئـایـا مەسـح لەســەر نەعـلو گۆرەوی دروســتە؟**

لەسەر خوفـف ئەوە دیارە، وەك گوتم هـەموو زانایـان جگـە لـە شـیعە، لەسـەر ئـەوە یەکدەنگن، هەروەها خەواریجیش کە کاتی خۆی بوو ون، لەبارەی مەسـحکردن لەسـەر نەعلو گۆرەویش ڕاجیایی لە نێو زانـایان هەیـە:

(أبو حنيفة والشـافعي) ڕەحمـەتی خوایـان لـێ بـێ، بـە دروسـتی نـازانن، دەڵێـن: نەخێر دروست نیە، لەسەر گۆرەویو نەعل مەسح بکرێ.

هەندێکیش لە زانایان بە دروستی دەزانن، چـەند شــتێکیش بـە بەڵگــە دێننـــەوە، کە دیارە من ڕای دووەمم پێ ڕاسترە، یەکێك لەو بەڵگانەی کە دەیانهێننـەوە لەســـەر ئەوە کە دروسـتە مەسـح لەسـەر نـەعلو لەسـەر گۆرەوی بکـرێ، ئـەم دەقەیـە: ﴿عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى الْجَوْرَبَيْنِ وَالنَّعْلَيْنِ﴾ {أَخْرَجَـهُ أَبُـو دَاوُدَ بـرقم: (١٥٩)، وَصَحَّحَهُ الألبـاني فـي (سُـنَن أبـي داود)}، واتــە: موغـــیرەی کــوڕی شـــوعبە خــوا لـــێی ڕازی بــێ، دەڵـــێ: پێغــەمبەری خــوا ﷺ دەستنوێژی گرت وەدەستی تـەڕی بـە گۆرەوییـەکانو بـە نەعلەکـانی داهێنـا، (دیــارە ئـەو کاتـە نـەعلی لەپــێ بـووەو گۆرەویش، وە دەسـتی تـەڕی پێـدا هێنــان، لـەجیاتی ئەوەی بیانشـوا).

(قَالَ أَبُو دَاوُدَ وَمَسَحَ عَلَى الْجَوْرَبَيْنِ عَلِيُّ بْنُ أَبِى طَالِبٍ وَابْنُ مَسْعُودٍ وَالْبَرَاءُ بْنُ عَازِبٍ وَأَنَسُ بْنُ مَالِكٍ وَأَبُو أُمَامَةَ وَسَهْلُ بْنُ سَعْدٍ وَعَمْرُو بْنُ حُرَيْثٍ وَرُوِىَ ذَلِكَ عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ وَابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُم)[1] ئـەبو داوود زانایـەکی فەرمووودەناسی گەورەیە خاوەنی (سُنن أبي داود)ە، دەڵـێ: هـەر لـە کـام عەلـی کـوڕی

---

١) الجامع لأحكام القُرآن: ج٦، ص٩٢، للقرطبي.

ئـەبی طالـیب، عەبدوڵـلای کوڕی مەسعوود، بـەڕائی کوڕی عازیـب، ئەنەسـی کـوڕی مالیـك، ئـەبو ئومامـە، سـەهلی کـوڕی سـەعد، عـەمڕی کـوڕی حـورەیـث، هـەروەها لـە عومەری کـوڕی خـەتتابو عەبدوڵـلای کـوڕی عـەبباس، خـوا لـە هـەموویان ڕازی بـێ گێڕدراوەتەوە، کە مەسحیان لەسەر گۆرەوی کــردوە.

دیارە ئـەوانیش بـە تەئکیـد ئەگـەر پێغەمبـەری خوایـان ﷺ نەبینیبایـە مەسـحی لەسـەر گـۆرەوی کـردوە، نـەیان دەکـرد، کەواتـە: ڕای دروسـتـبوونی مەسـح لەسـەر گۆرەوی بەهێزترە، وە بەڕاستی ئەوەش زۆرکـار بـۆ خـەڵك ئاسـان دەکـات، جـاری وایـە سـەرمایە، زسـتانە، ئـاو کـەمـە، دانـانی پـێڵاو یـان دانـانی گـۆرەویو ئەوانـە زەحمەتـە، مەسـح کـردن کارەکـە ئاسـان دەکـات، وە ئەوانـە هـەمووی دەچـنەوە نێـو ئـەو ئایەتـە موبارەکە کە دەفـەرموێ: ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ﴾، واتـە: خـوا نایـەوێ سـەغڵەتتان بکـات، جـاری وایـە ئینسـان بـە هـۆی دانـانی گـۆرەویو پێڵاوەوە، تووشی سـەغڵەتیی دەبێ.

پێنـجـەم: مـاوەی مەسـح کردن:

ئایا تـا ماوەی چەند ئینسان بـۆی هەیـە مەسـح لەسـەر گۆرەوی بکـات، یـان لەسـەر خوفـف؟ زۆربـەی زانـایان ڕایـان وایـە ئینسـانی نیشـتەجێ (مُقیم) کـە لـە مـاڵی خۆیەتی، شـەوو ڕۆژێك، وە بابای ڕێبوار (مُسافر) سـێ شـەوو سێ ڕۆژان بـۆی هەیـە مەسـح بکـات، ئەمـە ڕای: (أبـو حنيفـة والشـافعي وأحمـد والـثوري وأوزاعـي وأبـو ثـور وإسحاق و أبو داود الظاهري والطَّبَري والحسـن بـن صـالح بـن حسـين)، هێنـدێکیش کە (مـالك وليث بن سعد والحسـن البصـري)یـان لـە نێودا هـەن، دەڵێن: ئەوەنـدەی بابای ڕێبوار بیەوێ بۆی هەیە، وە کاتی دیاریکراوی نیە، واتە: ئەوەنـدەی بیـەوێ، بـۆ وێنە: دە ڕۆژ گۆرییەکان دانەنـێ خوففەکان دانـەنـێ، بۆی هەیـە.

بەڵام ڕای زۆربـە ڕاسـترە، وە ئەمـەش یەکێکـە لـە بەڵگەکانیان: ﴿عَنْ صَفْوَانَ بْنَ عَسَّالِ الْمُرَادِيّ رضي الله عنه قَالَ: أَمَرَنَا "يَعْنِي النَّبِي" أَنْ نَمْسَحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ، إِذَا نَحْنُ أَدْخَلْنَاهُمَا عَلَى طُهْرٍ ثَلاَثًا إِذَا سَافَرْنَا، وَيَومًا ولَيْلَةً إِذَا أَقَمْنَا، وَلاَ نَخْلَعَهُمَا مِنْ بَوْلٍ، وَلاَ غَائِطٍ وَلاَ نَوْمٍ وَلاَ نَخْلَعَهُمَا إلاَّ مِنْ جَنَابَةٍ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم:

(١٨١١٨)، وَالطَّبَرانـي بـرقم: (٧٣٥٢)، وَابْنُ حِبَّـان بـرقم: (١٣٢٥)، وَالـدَّارقُطني بـرقم: (١٥) تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث المسح على الخفين منه صحيح لغيره وهذا إسناد حسن}، واتـه: صەفوانی کوڕی عەسسـاڵی موڕادیی (کە یەکێکە لـە هاوەڵانی بەڕێز) خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردین دەستی تەڕ بە خوففەکانماندا بێنین، بە مەرجێك پێیەکانمان بە پاکیی خستبێتە نێو خوففەکانەوە، (واتە: دەستنوێژت بووبێ کە خوففەکانت لەپێ کردبێ، یان گۆرێیەکانت لەپێ کردبێ)، ئەگەر سەفەرمان کرد، سێ شەوو سێ ڕۆژان بۆمان هەیە لە جیاتی شۆردنی پێیەکان، دەستی تەڕیان پێدا بێنین، وە شەوو ڕۆژێکیش ئەگەر لە ماڵ بووین، بەڵام بە مەرجێك نابێ خوففەکان دابنێین، نە بۆ تارەتگرتن (خۆپاککردنەوە لە میزو پیسایی)، وە نە بۆ خەوتن، مەگەر لەشمان پیس بێ، کە لەشیشت پیس بوو دەبێ خۆت بشۆیو ئەو کاتە دەبێ خوففەکان دابنێی، ئەگەرنا نابێ دایانبنێی، کە داتنان، ئەو کاتە لەسەر ڕای زۆربەی زانایان چیدیکە بۆت نیە مەسحیان لەسەر بکەیو دەبێ پێیەکانت بشۆی.

**شەشەم: ئایا تەنیا پشتی خوفف مەسح دەکرێ یان بنیشی؟**

گۆرەوی یان خوفف عادەت وایە پشتەکەی مەسح دەکرێ، پشتی پێ، ئنجا ئایا بنەکەشی پێویستە، یان سوننەتە مەسح بکرێ؟! ئەمیش زانایان مشتومڕیان لەسەری هەیە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێن: بەس پشتی گۆرەویو خوففەکە مەسح دەکرێو تەنیا ئەوێ پێویستە، وە ئەوە ڕای (أبو حنيفة وأحمد والثوري وأوزاعي)یە، کە بەڵگەشیان ئەم دەقەیە: ﴿عَنْ عَلِيٍّ رضي الله عنه قَالَ: لَوْ كَانَ الدِّينُ بِالرَّأْيِ لَكَانَ أَسْفَلُ الْخُفِّ أَوْلَى بِالْمَسْحِ مِنْ أَعْلاهُ وَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَمْسَحُ عَلَى ظَاهِرِ خُفَّيْهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (١٦٢)، وَصَحَّحَهُ الألباني}، واتە: عەلی کوڕی ئەبی طالیب خوا لێی ڕازی بێ، فەرموویەتی: ئەگەر دین بە عەقڵ بووایە (لێرەدا مەبەستی لە دین لایەنی عیبادەتە، کە مەرج نیە هەمووی لە عەقڵەوە بچێ، دیارە پێچەوانەی عەقڵ نیە، بەڵام مەرج نیە عەقڵ هەمووی بۆ هەزم بکرێ) بنی خوفف لە پێشتر بوو کە مەسح بکرێ لە پشتەکەی، بەڵام پێغەمبەری خوام ﷺ بینی پشتی خوففەکانی مەسح کرد.

دیـاره ئەم ڕایەش بـەهێزترە، کە هـەر پشـتی خوفف فـەڕزە مەسـح بکرێ، بـەڵام ئەدی بنەکەشـی ئەگەر مەسـح بکرێ، حوکمی چۆنە؟ ئێمـە دەڵێین: بنەکەی فـەڕز نیـە، بـەڵام دروسـتەو ڕێشی تێدەچـێ سـوننەتیش بـێ، بـەڵام گرنگ ئەوەیـە فـەڕز نیـە، مسـوڵمان بنـی خوففەکەی مەسـح بکـات.

حـەوتەم و کۆتـایی: زانایان لەسـەر ئەوە یـەك دەنگن کە دەبێ بابای مەسحکەر دەسـتنوێژی بووبـێ، کـە خوففـەکانی کردوونـە پـێ، یـاخود گۆرەوییەکانی، ئەگەرنـا ئەگەر بەبێ دەستنوێژیی، یان دوای تەیـەممم کردبنیە پێی، دروست نیە مەسحیان لەسەر بکـات:

بەڵگەیان چەند دەقێکە، یەکێك لەوانـە: ﴿عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ ﷺ قَالَ: كُـنْتُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ فِي سَفَرٍ، ... ثُمَّ أَهْوَيْتُ لأَنْزِعَ خُفَّيْهِ، فَقَـالَ: دَعْهُمَا فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَـا طَـاهِرَتَيْنِ فَمَسَـحَ عَلَيْهِمَـا﴾ {أَخْرَجَـهُ الْبُخَـارِيُّ بـرقم: (٢٠٦)}، واتـە: موغـیرەی کـوڕی شـوعبە خـوا لـێی ڕازی بـێ لـە چـەند سـەفەرێك لـە خزمـەت پێغەمبەردا ﷺ بووە، لە درێژەی حەدیسـێکدا دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبـەر ﷺ بووم دەسـتنوێژی گـرت، خـوففی لـە پێـدا بـوو، داهـاتم تـا خوففـەکانی لـەپێ دابکـەنم، بۆئـەوەی پێیەکـانی بشـوا، فـەرمووی: (دَعْهُمَـا) لێیـانـگەڕێ (خوففـەکانم لـە پێدامەنـێ) چونکە من بە پاکیی لە پێمکردوون، واتـە: دەسـت نوێـژم هـەبوو کاتێـك خوففەکانم لە پـێ کردوون، وە مەسحی لەسـەر کردن.

**مەسـەلەی دوازدەیـەم:** کـە خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ﴾، ئەگـەر لەشـتان پـیس بـوو خۆتـان پـاك بکەنـەوە، واتـە: خۆتـان بشـۆن، (راغب الأصـفهاني) دەڵـێ: (أَي: أَصَـابَتْكُمْ الْجَنَابَـةُ وَذَلِـكَ بِـإِنزَالِ الْمَـاءِ أَو بِالْتِقَـاءِ الخِتَـانَيْن، وَقَدْ جَنُـبَ وأَجْنـبَ وَاجْتَنَبَ وَتَجنَّـبَ، وَسُمِّيت الْجَنَابَةُ بِذَلِكَ لِكَـوْنِهَا سَبَبًا لِتَجَنّب الصَّلاةِ في حُكْم الشَّرعِ)، واتە: هەر کاتێك لەش پیسییتان بەسەرهات، لەش پیسیی بە ئاو هاتنـەوە بەسـەر ئینسان دێ، یاخود بـەوە کە ئەنـدامی نێرینـەو مێینـەی ژنو مێـرد بـە یـەك بکـەون، بـەوە واجب دەبـێ کـە ئینسـان خـۆی بشـوا دەگوتـرێ: (جَنُبَ وأَجْنبَ وَاجْتَنَبَ وَتَجنَّبَ) هـەر چواریان بـە مانـای لـەش پیسـی

بووە، دێن، ئنجا ئایا لەش پیسیی بۆ پێی دەگوترێ (جنابة) چونکە ئینسان هەتا لەش پیس بێ، لە نوێژکردن دووردەکەوێتەوە، (اجتَنَب) یانی: لێی دووركەوتەوە (جُنُب) یانی: دوور، لەبەرئەوەی لە طاعەت دوور دەبێ لەو کاتەدا بە ناچاریی، بۆیە وای پێ گوتراوە. کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾، واتە: ئەگەر لەشتان پیس بوو خۆتان بشۆن، وە واجبی لەش پیسیی خۆ شۆردنە، ئەدی ئەگەر ئاو نەبوو؟ ئەوە لە مەسەلەی سێزدەیەمدا باسی دەکەین.

**مەسەلەی سێزدەیەم:** کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ﴾، واتە: ئەگەر ئێوە نەخۆش بوون، یان لە سەفەر بوون، یان یەکێکتان لە تارەت گرتن هاتەوە، تارەتی گرتبوو، یاخود چوونە لای ئافرەتانو لەگەڵیان جووت بوونو ئاوتان چنگ نەکەوت، ﴿فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا﴾، ڕوو بکەنە رووی پاکی زەوی، ﴿فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ﴾، دەستی پێدا بێننو، وە دەست بەدەمو چاوتانو بە دەستەکانتاندا بێنن، دیارە ئێمە لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتی ژمارە (٤٣)ی سوورەتی (النساء)دا کە لە بەرگی سێیەمی (٣) ئەم تەفسیرەدا هاتوە، بە درێژیی باسی ئەم ڕستە قورئانییەمان کردوە، وە باسی تەیەمومومان کردوە، بۆیە لێرەدا زۆر بە درێژیی لەسەری ناچین، بەلاّم لەبەرئەوەی کە مەسەلەی تەیەمموم خەڵك زۆر سەریان تێی دەوەستێ، بە باشی دەزانم لێرەدا لە نۆ (٩) کورتە خاڵدا هەندێ شت لەوبارەوە بنووسم، ئەوەی کە لەوبارەوەش دەینووسم، دیسان سوودم لە تەفسیری (أضواء البيان)[1] وەرگرتوە، کە زۆر بە گوشراوییو بە پوختیی بە شێوەی خۆم دایدەڕێژمەوە، ئەوەی کە گرنگە هەموو لایەك بیزانین ئەوەیە کە:

١) الشنقيطي: ج١، ص٣٥٢ –٣٧٠.

خوای بە بەرزەیی دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْ﴾، ئەگەر لەشتان پیس بوو، خۆتان پاك بكەنەوە، واتە: بە ئاو خۆتان بشۆن، دوایی دەفەرموێ: وە ئەگەر نەخۆش بوون، یان لەسەفەر بوون، یان تارەتتان گرتبوو، لە تارەتگرتن هاتنەوە، یان لەگەڵ ژنەكانتان جووت بوون، ئاویشتان چنگ نەكەوت، واتە: بۆ دەست نوێژو بۆ غوسڵ ﴿فَتَيَمَّمُواْ﴾، پێشتر باسمان كرد (يَمَّمَ) واتە: (قَصد) ڕووی تێكرد، (تَيَمَّموا) واتە: ڕووبكەنە ﴿صَعِيدٗا طَيِّبٗا﴾، واتە: ڕووی پاكی زەوی، ﴿فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم﴾، وە دەستتان بە ڕووی زەویدا بێننو دەستتان بە دەمو چاوتاندا بێننو بە هەردوو دەستتاندا بێنن، ئەوە دوایی باسی دەكەین، تەیەمموم چۆنە؟

جا با بێینە سەر باسی تەیەمموم، باش باش گوێی بۆ بگرن[1]، زۆر پێویستیتان پێی دەبێ، ئەوەی بیەوێ نوێژەكانی نەچن، هەمیشە پێویستی بە تەیەمموم هەیە، كەسی وا هەیە دەڵێ: ئاخر دڵم لێی پاك نابێتەوە، نوێژ بە تەیەمموم بكەم، هەتا ئاوم چنگ نەكەوێ! نا، خوا بۆخۆی چاكتر دەزانێو ئەو تەیەمموومی داناوە، واتە: دەست بە ڕووی زەوی داهێنانی داناوە، لە جیاتی ئاو كە ئاو چنگ نەكەوت، چ بۆ دەست نوێژ، چ بۆ خۆشۆردن، یانی: چ بۆ لابردنی بێ دەستنوێژیی گچكە، چ بۆ لابردنی بێ دەست نوێژیی گەورە، (الحَدَثِ الأَصْغَر) كە بێ دەستنوێژییە، وە (الْحَدَثِ الأَكْبَر) كە لەش پیسییە، لە كتێبە فیقهییەكاندا ئەو دوو زاراوەیان بۆ بەكارهێناوە.

---

١) چونكە لە ئەسڵ بەشێوەی وانە گوتراوەتەوە، بۆیە باسی گوێگرتن كراوە.

# كورتە باسێك لە بارەی تەیەمومەوە

**یەکەم: پێناسەی تەیەممومو: تەیەممومو چییە؟**

وشەی تەیەممومو (تَيَمُّمُ) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (قَصْد) دێ، (التَيَمُّمُ: القَصْد) واتە: مەبەست، ئامانج، لە عەرەبیدا دەگوترێ: (تَيَمَّمْتُ الشَّيء: قَصَدتُهُ) ڕووم کردە ئەو شتەو ئەو شتەم کردە ئامانج، کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا﴾، ڕووی پاکی زەوی بە ئامانج بگرن، ڕووی تێ بکەن، ئەوە وەك ئەسڵی واتایەکەی، بەڵام لە زاراوەی شەرعدا واتایەکی دیکەی هەیە، چونکە جاری وایە وشەیەك لە قورئاندا بەکارهاتوە لەسەر ئەسڵە زمانەوانییەکەی بەکاری هێناوە، بەڵام دوایی وەك زاراوەیەکی شەرعیی بەکاردەهێنرێ، ئێستا بۆ وێنە (صَلاة) ئێمە بۆچی بەکاری دێنین؟ دەڵێین: (الصَّلاة: أَفْعَالٌ وَأَقْوَالٌ مُفْتَتَحَةٌ بِالتَّكْبِيرِ مُخْتَتَمَةٌ بِالتَّسْلِيمِ) نوێژ چەند قسەو کردەوەیەکە بە (اللَّهُ أَكْبَر) دەست پێ دەکەن، بە سەلامدانەوە کۆتاییان پێ دێ، ئاوا پێناسەی نوێژ دەکرێ، بەڵام لە ئەسڵی زمانی عەرەبیدا، وە لە بەکارهێنانی قورئاندا وشەی (الصَّلاَةِ) بە مانای پاڕانەوە هاتوە، وە (صَوْم) بە مانای خۆگرتنەوە هاتوە، (الصَّوْم الإِمْسَاك) وە (زکاة) بە مانای پاکبوونەوە دێ، (حج) بە مەنای مەبەست (قصد)، دێ، بەڵام دوایی وەك زاراوەی شەرعیی واتایەکی دیکە تایبەت وەردەگرن، بۆیە لە زاراوەی شەرعدا تەیەممومو ئاوا پێناسەکراوە: (القَصْدُ إِلى الصعيدِ الطَيِّبِ لِمَسْحِ الوَجْهِ، وَاليَدَيْنِ مِنْهُ بِنيَّةِ استِبَاحَة الصَّلاَةِ عِنْدَ عَدَمِ الْمَاءِ، أَوْ العَجز عَنْ اسْتِعمَالِهِ)[١]، واتە: تەیەممومو لە زاراوەی شەرعییدا بریتییە لە ڕووکردنە ڕووی زەوی، بۆ ئەوەی کە دەستی پێدا بهێنرێ، وە دەموچاوو هەردوو دەستەکانی پێ مەسح بکرێن، بە نیەتی ئەوە کە بوار هەبێ نوێژ بکرێ، لە کاتی نەبوونی ئاودا، یاخود ئاو هەبێ بەڵام نەتوانرێ ئاوەکە بەکاربهێنرێ، لەبەرئەوەی کە کەمەو بۆ

١) أضواء البيان: ج١، ص٣٥٧ –٣٥٨.

خواردنەوە پێویستت پێیەتیو لە شوێنێکی دووریشی، یاخود لەبەر نەخۆشیی، یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە.

دووەم: تەیەمموم بە چیو چی دروستە؟!

وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، کە ئایا تەیەمموم بە چی دەکرێ؟ بۆ زانیاریتان مەلاکان کوردەواریی خۆمان لەبەرئەوەی کە شافیعیی مەزهەبن، وە زۆربەشیان تەنیا لە مەزهەبی ئیمام شافیعیی شارەزان، لە مەسەلەی تەیەممومو لە زۆر مەسەلەی دیکەی وەك پاكو خاوێنیدا، وەزع لە خەڵکی زۆر تەسك دەکەنەوە، لە مەسەلەی تەیەمموم‌دا دەڵێن: دەبێ گڵێك بێ تۆزی لێ هەڵسێ، ئەگەرنا تەیەمموم دروست نیە، دیارە زانایان لەوبارەوە کە ئایا تەیەمموم بەچیو چی دروستە؟ ڕاجیاییان هەیە، ئەویش بەهۆی ماناکردنیان بۆ وشەی (صَعید)، ئایا (صَعید) چییە؟

(شافعي و أحمد) ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ڕایان وایە (صَعید) تەنیا گڵ (تُراب)ە، ئەویش گڵێك کە تۆز (غُبار)ی هەبێ، وە دەڵێن: وشەی (مِنْ) کە دەفەرموێ: ﴿فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ﴾، واتە: دەست بە دەموچاوو هەردوو دەستتانی دابێنن، ئەو (مِنْ)ە، بۆ (تَبْعِیض)ە، کەواتە: دەبێ هەندێك لەو گڵە کە تۆزەکەیەتی بە دەموچاوو بە دەستتەوە بنووسێ!

بەڵام (أبو حنیفة ومالك) ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ڕایان وایە کە هەرچی لەسەر ڕووی زەوییە، بێجگە لە شتی پیس، وە بێجگە لە زێڕو زیوو کانزایەکان، دروستە بەکاربێ، وە دەڵێن: پیتی (مِنْ) کە دەفەرموێ: ﴿فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ﴾، بۆ سەرەتای مەبەستە (لإبتداء الغاية)و بۆ (تَبْعِیض) نیە، وەك: (ذهبت مِنَ العِراق إلى الشام) واتە: سەرەتای دەستپێکردنی سەفەرەکە عێراق بووە، ئنجا بێگومان وشەی (مَسح) تەنیا بە دەست لێدانی شتێك دێتە دیو مەرج نیە بەشێکی ئەو شتە دەست لێدراوە بە دەستەوە بلکێ، وەك (مسحت الثوب) یان (مسحت الحجر الأسود) کە بێگومان هیچ بەشێکی پۆشاكو بەردە ڕەشە بە دەستی بابای دەست لێدەر (ماسح)ەوە نانووسێ!

منیش پێموایە ڕای دووەم ڕاستەو هەرچی لەسەر ڕووی زەوییە بۆ تەیەمموم پێکردن دەشێو بەکاردێ، بەم بەڵگانەی خوارێ:

**بەڵگەی یەکەم:** خوای بە بەرزەیی دەفەرموێ: ﴿ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ ﴾، سەرەتا دەڵێم: وشەو ڕستەکانی قورئان دەبێ هەموو پێکەوە پەیوەست بکرێن، ئەوجار مانای ڕاستو دروست بە دەستەوە دەدەن، نەك وشەیەك لە سیاقی خۆی دەربیبنیو دایبڕی، ئەوکاتە ڕەنگە مانایەکی هەڵەت بەدەستەوە بدات، لێرەدا خوا دەفەرموێ: ڕوو بکەنە ڕووی پاکی زەوی، وە دەست بە ڕووی پاکی زەویدا بێننو دەست بە دەموچاوو دەستتاندا بێنن، خوا نایەوێ هیچ سەغڵەتییەکتان بخاتە سەرێ.

شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: (النكِرَة فِي سِيَاقِ النَّفْيِ يَدلُّ عَلَى العمُوم) واتە: وشەیەك بە نەناسراو (نَكِرَة) هاتبێ لە سیاقێکدا کە ئەو شتە نەفی کرابێو حوکمەکەی لێ لابردرابێ، بەڵگەیە لەسەر گشتاندن، واتە: لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ ﴾، ئەو (حَرَج)ە، (مِنْ)ی خراوەتە سەرێ، (حَرَج)یش (نَكرَة)یەو سیاقەکە سیاقێکی (نَفِي)یە، واتە: خوا نایەوێ هیچ سەغڵەتییتان بخاتە سەرێ، کەواتە: هیچ جۆرە سەغڵەتییەك نابێ لە مەسەلەی دەستنوێژو تەیەمموم ئەوانەدا هەبێ، ئنجا ئێمە دەڵێین: ئایا کەسێك کە لە بیابانێکە بەس لمی لێیە، گڵ لە کوێ بێنێ؟ یان کەسێك لە نێو بەفرێیە، من بۆخۆم جاری وابووە ڕۆژێك سەر لەبەر لەنێو بەفرێدا بووم، گڵ لە کوێ بێنێ؟ ئایا دەتوانی دوو سێ مەتر زەوی هەڵقەنی، ئنجا دوایی بگاتە زەوی وشك جا تۆزی لێ هەڵسێو تەیەمموومی پێ بکات، شتی وا زۆر سەغڵەتیی تێدایە، کەسێك لەو بەستەڵەکی سەرووی دنیایە ئەوە گڵ لە کوێ بێنێ؟ کەسێك لە دەشتو دەرێکە هەمووی سەوزاییە، گیایە، گڵ لە کوێ بێنێ؟ کەواتە: لەڕاستیدا قسەکەی (أبو حنيفة ومالیك) کە دەڵێن (صَعِيد) واتە: ڕووی زەوی، واتە دەستت بەڕووی زەویدا بێنە، جا ئەو ڕووی

زەوییە هەر چییەك بوو، دەشتو مێرگوزارو گیایە، دەستی پێدا بێنە، لەو زیخو چەوە، دەستی پێدا بێنە، شاخو چیایە، دەستی پێدا بێنە، بەفرو بەستەڵەکە، دەست بە بەفرو بەستەڵەکەکەدا بێنە، چونکە ئەو شتە لەسەر ڕووی زەوی هەیەو خواش دەفەرموێ: دەست بەسەر ڕووی زەویدا بێنن، گرنگ ئەوەیە پاك بێ، بەڵام ئەگەر شتی پیسی لێ بێ، دروست نیە، کەواتە: هەر ئایەتەکە بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (صَعِيد) دەبێ شتێك بێ، کە لە هەموو شوێنان بە دەست هەموو خەڵکی بکەوێ، ئنجا تەنیا ڕووی زەوی بەگشتی دەست هەموو خەڵکی دەکەوێ، بەڵام گڵ وەك نموونەم پێ هێنایەوە، وە دەست هەموو خەڵکی ناکەوێ.

**بەڵگەی دووەم:** وشەی (صَعِيد) لە ئەسڵی زمانی عەرەبیدا بە مانای ڕووی زەوی دێ، (وَجْه الأَرْض) وە (تُرَاب) گڵ، بۆیە ئەویش پێی دەگوترێ (صَعِيد)، چونکە ئەویش لەسەر ڕووی زەوییەو بەشێکە لە ڕووی زەوی، بەڵام هەموو ڕووی زەوی گڵ نیە، وەك (راغب الأصفهاني) لە (مفردات ألفاظ القرآن: ص٤٨٤)دا، هەروەها (المعجم الوسيط: ص٥١٤) هەردووکیان دەڵێن: (الصَّعِيد: وَجْه الأَرْض) واتە: ڕووی زەوی، ڕووی زەوی هەر شتێکی هەیە، هەروەها شارەزایانی دیکەی زمانیش هەر وا دەڵێن، بەڵام ئەو زانایانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی مەزهەبێکی دیاریکراو، بەپێی ئەو مەزهەبە قسە دەکەن بۆ وێنە: زانایەکی شارەزای زمان کە شافیعیی مەزهەب بێ، بۆئەوەی پێچەوانەی قسەی ئیمام شافیعیی نەجووڵێتەوە، دەڵێ (صَعِيد) یانی گڵ، ئەوی دیکە ئەگەر لەسەر مەزهەبی ئیمام مالیك بێ، وەك ئیمام مالیك دەڵێ، بەڵام ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ ئەسڵی زمان، وە بۆ ئەسڵی بابەتەکان لە زاتی خۆیاندا، پێش کاریگەریی مەزهەبەکان، مەسەلەکەت باشتر بۆ دەردەکەوێ.

**بەڵگەی سێیەم:** ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێ: ﴿عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «أُعْطِيتُ خَمْساً: لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ مِنَ الأَنْبِيَاءِ قَبْلِي: نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ، وَجُعِلَتْ لِي الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا، فَأَيُّمَا رَجُلٌ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلاةُ فَلْيُصَلِّ، وَأُحِلَّتْ لِي الغَنَائِمِ، وَلَمْ

تَحِلَّ لأَحَدٍ قَبْلِي، وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ، وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً، وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بِرقم: (٣٣٥)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (١١٦٣)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٣٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٣٩٨)}، واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵلا خوا لێیان ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: پێنج شتم پێدراون لە پێش مندا نەدراون بە کەس: (یەکەم): بۆ ماوەی مانگە ڕێیەك بە هۆی ترس خرانە دڵی دوژمنمەوە، بەسەر دوژمنم دا سەرکەوتووم، (دووەم): وە سەر زەوییم هەموو بۆ کراوە بە مزگەوتو بە پاککەرەوەش (لە هەر کوێیەك ئینسانی مسوڵمان نوێژ بکات دروستە) جا هەر پیاوێك لە ئۆممەتی من نوێژی گەیشتێ، یان کاتی نوێژی لێدا هات، با نوێژ بکات، (سێیەم): وە دەستکەوتەکانی جەنگم بۆ حەلاڵ کراون‌و لە پێش مندا حەلاڵ نەبوون، (چوارەم): وە شەفاعەتم پێدراوە (پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی دواییدا پێش هەموو پێغەمبەران شەفاعەت‌و تکا دەکات) (پێنجەم): وە پێغەمبەرانی پێش من بۆ گەلێکی تایبەت دەنێردران، بەڵام من بۆ تێکڕای خەڵکی ڕەوانەکراوم.

**بەڵگەی چوارەم:** لە هەندێك فەرمووداندا وشەی (تراب) هاتوە، وشەی (تراب) گڵ، وەك لەم فەرمایشتەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: ﴿عَنْ حُذَيْفَةَ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «فُضِّلْنَا عَلَى النَّاسِ بِثَلاثٍ: جُعِلَتْ صُفُوفُنَا كَصُفُوفِ الْمَلائِكَةِ، وَجُعِلَتْ لَنَا الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدًا، وَجُعِلَتْ تُرْبَتُهَا لَنَا طَهُورًا إِذَا لَمْ نَجِدِ الْمَاءَ»﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (١١٦٥)، وَالنَّسَائِيُّ فِي (الكُبرى) برقم: (٨٠٢٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٦٩٧)، وَالدَّارَقُطْنِي برقم: (٦٨)}، واتە: حوزەیفە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: بە سێ شتان بەسەر خەڵکدا (واتە: ئۆممەتانی دیکە) هەڵبژێردراوین: (دیارە لە شوێنی دیکەدا زیاتر دەفەرموێ، بەڵام لێرەدا سێ شت باس دەکات) (یەکەم): ڕیزەکانمان وەك ڕیزی فریشتەکان لێکراون، بە ڕیز دەوەستین (دیارە ئۆممەتانی پێش ئێمە بۆ طاعەت بە ڕیز نەوەستاون، هەر یەکە بە تەنیا بۆ خۆی طاعەتی کردوە، وە ئێستاش نابینرێ جگە لە ئۆممەتی ئیسلام ئاوا بەڕیز بوەستن، بەتایبەتی بۆ نوێژ) (دووەم): وە زەوییمان هەموو بۆ کراوە بە مزگەوت، (واتە: بۆمان هەیە لە هەر شوێنێك نوێژ بکەین، چونکە ئۆممەتانی پێشوو تەنیا لە شوێنی

تایبەتی دا، لە پەرستگاکاندا بۆیان هەبووە خواپەرستیی بکەن) (سێیەم): وە گڵی زەوییمان بۆ کراوە بە پاککەرەوە، ئەگەر ئاومان دەست نەکەوت (واتە: هەم لە جیاتی دەستنوێژ بەکاری بێنین، وە هەم لە جیاتی خۆ شۆردن).

ئنجا هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەوەتا لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَجُعِلَتْ تُرْبَتُهَا لَنَا طَهُورًا﴾، وە گڵەکەی بۆ ئێمە گێڕراوە بە پاککەرەوەیە، کەواتە: بەس گڵە کە بە کەڵکی تەیەمموم دێ، بەڵام دەڵێین: ئەوە بەڵگە نیە لەسەر نەشیانی غەیری گڵ بۆ تەیەمموم، بۆچی؟ چونکە فەرموودەکە لە کاتی باسکردنی چاکەو منەتی خوادا ئەوە باس دەکات، لەو حاڵەتەشدا شارەزایانی زمانو شارەزایانی شەریعەت بەتایبەتی زانایانی (أصول الفقه) دەڵێن: چەمکی (مفهوم المخالفة) ئیعتیباری پێ ناکرێ، ئەوەش زاراوەیەکی (أصولي)یە، ڕەنگە هەمووتان لێی تێنەگەن، (مفهوم الموافقة) هەیەو (مفهوم المخالفة)ش هەیە، بۆ وێنە: خوا دەربارەی چاکە لەگەڵ دایكو باب دەفەرموێ: ﴿... فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ ...﴿٢٣﴾﴾ الإسراء، واتە: بە بابو دایکت نەڵێی ئۆف، یانی: وشەیەك نەڵێی کە پێی ناخۆش بێ، ئەدی ئەگەر زللەیان لێ بدەی؟ خۆ خوا نەیفەرمووە زللەیان لێ مەدە، دەفەرموێ: مەڵێ ئۆف، بەپێی (مفهوم الموافقة) یان (مفهوم الأولى) ئەگەر وشەیەك حەرام بێ، مانای وایە زللە لێدان حەرامترە.

ئەدی (مفهوم المخالفة) چییە؟ چەمکی پێچەوانە، کە لێرەدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: گڵەکەی بۆ ئێمە پاك کەرەوەیە، کەواتە: غەیری گڵ پاککەرەوە نیە، (مفهوم المخالفة)ەکەی ئەوەیە، بەڵام لێرە لەم حاڵەتەدا چونکە پێغەمبەر ﷺ باسی منەتو فەزڵو چاکەی خوا دەکات لەسەر ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ (مفهوم المخالفة) لەو حاڵەتانەدا ئیعتیباری پێ ناکرێ، زانایانی (أصول الفقه) لەوبارەوە وایانگوتوە، بۆ وێنە لە کتێبی (مَراقي السَّعود)دا واتە: پەیژەی بەختەوەریی کتێبێکە لە بارەی (موانع اعتبار مفهوم المخالفة) ڕێگرەکانی ئیعتیبارکردن بە چەمکی پێچەوانە، کە شیعرە، دەڵێ:

أو امتنانٍ أو وِفَاقِ الواقِعِ ‏ ‏ ‏ ‏ والجَهْلُ والتأكِيدُ عِنْدَ السَّامِعِ

لە حاڵەتی ئیمتینـاندا چەمکی پێچەوانە کاری پێناکرێ، واتە: لە کاتێکدا خوای پەروەردگار باسی نیعمەتەکانی خۆی دەکات، ئەگەر شتێکی فەرموو، ئەوە چەمکی پێچەوانەکەی ئیشی پێناکرێ، بەڵگەمان لەوبارەوەی چییە؟ خوا لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى سَخَّرَ ٱلْبَحْرَ لِتَأْكُلُوا۟ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا ...﴿١٤﴾ ﴾، واتە: خوا دەریای بۆ ئێوە دەستەمۆ کردوە، بۆ ئەوەی گۆشتێکی تەڕو تازەی لێ بخۆن، کە مەبەست پێی گۆشتی ماسییە، یان گۆشتی ژیاندارەکانی دیکەی نێو دەریایە، بەپێی ئەمە بێ، ئایا ئەگەر گۆشتی ماسی وشك کرایەوەو خرایە قوتوو، یان گۆشتی ئەو ژیاندارانەی دیکە کە لە دەریادا دەژین، ئایا ئەگەر وشککرایەوەو خرایە قوتوو حەرامە یان حەڵاڵە؟ بە پێی ئەمە بێ و ئەگەر (مفهوم المخالفة) ئیشی پێ بکرێ، دەبێ بڵێی نا حەتمەن دەبێ بە تەڕو تازەیی بخورێ، ئەگەرنا بە وشککراوەیی و بە خرانە نێو قوتووەوە حەرامە، بەڵام هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە گۆشتی ماسی دەگونجێ هەڵبگیرێ و وشك بکرێتەوە، هەروەها گۆشتی ژیاندارە دەریاییەکان ئەگەر لە ڕووی پزیشکی (طب)ییەوە تێکنەچێ، دروستە هەڵبگیرێ و بخورێ دەڵێن: چونکە لێرەدا خوای زاناو شارەزا لە مەقامی چاکەو فەزڵ و منەتی خۆیدا باسی دەکات، دەفەرموێ: (لَحْمَاً طريـاً) گۆشتی تەڕو تازە، چونکە گۆشتی تەڕو تازە خۆشترە لە هی قوتوو، کەواتە: (مفهوم المخالفة) لێرەدا ئیشی پێناکرێ.

<u>سێیەم</u>: ڕەوایی تەیەممـوم:

باسی ئەوەمان کرد تەیەمموم بە چی دەکرێ؟ ئەدی ئایا تەیەمموم ڕەوایە، یان نا؟ بێگومان تەیەمموم ڕەوایە، وەك بە دیل بۆ دەستنوێژو خۆشۆردنیش، واتە: بۆ لابردنی لەش پیسیی گچکەو گەورە، لەوبارەوە زانایان هەموو یەکدەنگن، بەڵام یەك شت لە عومەری کوڕی خەتتاب و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێیان ڕازی بێ گێڕدراوەتەوە، هەروەها لە (إبراهيم النخعي)یش کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین، کە گوتوویانە: لەش پیسی گەورە بە تەیەمموم لاناچێ، واتە: دروست نیە دەست بەڕووی زەویدا هێنان بەکاربێنی بۆلابردنی لەش پیسیی گەورە، ئەگەر ئاوت چنگ کەوت خۆت بشۆ، ئەگەرنا نوێژان ناکەی تاکو ئاوت چنگ دەکەوێ،

ئەوان ڕایان وابووە، بەڵام نەوەوی لە کتێبی (الـمجموع)ی خۆیدا هێناویەتی لە (ابن الصبّاغ)ەوەو لـە غـەیری ئەویشـەوە کـە عومـەرو عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسعوودیش وازیان لەو ڕایەی خۆیان هێنـاوە، وە هاتوونە سەر ڕای زۆربەی زانایان کـە تەیـەممومی هـەموو شـتێکی پـێ دروسـتە، واتـە: لـە جیاتی غوسڵو لـە جیـاتی دەسـتـنوێژیش، بەڵگەش لەسـەر ڕەوایـی تەیـەمموم بـۆ لابردنـی لـەش پیسـیی زۆرن، گریمان ئەگـەر ئەوەش ڕاست بێ، هەرچەندە دەگونجێ ئـەو ڕیوایەتـە سـەنەدەکەی بـەهێز نـەبێ، وە دەشگونجێ ڕایـەك بووبـێ لـە سـەرەتاوەو نەیانزانیبـێ فـەرموودە لـەوبارەوە هـەن، وە دوایـی گەڕابنـەوە سـەر ڕای زۆربـە خـوا لـێیان ڕازی بـێ، بـەڵام بـە هەرحـاڵ ئێمـە کاتێـك پێغەمبـەر ﷺ شـتێك دەفـەرموێ: تـازە قسـەی هـەر کەسـێك بـێ لـە بەرانبـەریدا ئیعتیباری بۆ دانـانێین، با ئەبوبەکـرو عومەریش بن خـوا لێیـان ڕازی بێ، ڕۆژێـك عەبدوڵـڵای کوڕی عەبباس خـوا لە خـۆیو بـابی ڕازی بـێ، شـتێك باس دەکـاتو دەڵـێ پێغەمبـەر ﷺ وایـفەرمووە، مەجلیسـێك دەبـێ (دیـارە دوای سـەردەمی ئەبوبەکـرو عومەر بووە، خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، یەکێـك دەڵـێ: دەنـا ئەبوبـەکرو عومـەر وایانـگوتـوە، عەبـدوڵڵاش دەڵـێ: وەڵـڵاهی چـاکە بـەردتان بەسـەردا نابـارێ، مـن دەڵـێم پێغەمبـەر ﷺ وایـفەرمووە، ئێـوەش باسـی ئەبوبەکـرو عومـەران دەکـەن!! هەرچـاکە بـەردتان بەسـەردا نابـارن، واتـە: کـە قسـەی پێغەمبـەر ﷺ هاتـە پـێش کـەس مەجالـی قسـەی دیکـەی نیـە، ئەگـەر کەسێکیش قسـەیەکی کـردوە، بـا ئەبوبـەکرو عومـەریش بـن، خـوا لێیـان ڕازی بێ، دیـارە ئاگـایان لـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ نـەبووەو پێیـان نەگەیشـتوە، یاخود پێیـان وانەبووە کە پێغـەمبەر ﷺ شتی وای فەرمووە، یـان هـەر ڕیوایەتەکـە ڕاسـت نیـەو شـتی وایاننەگوتـوە، دەنـا مەعـقوول نیـە، ئەبوبـەکرو عومـەر کـە لـە هـەموو کـەس زیاتر چاکـتر بـە دوای پێغەمبـەری خوا ﷺ کەوتوون، فەرمایشـتی ئەو هـەبێو ئەوانیش قسەیەکی دیکەیان هـەبێ؟ ناگونجـێ!

## چەند بەڵگەیەك لەسـەر ڕەوایی تەیەمموم بۆ لابردنی لـەش پیسـیی

١- ئێمـە کـاتی خـۆی لـە کـاتی تەفسیـرکردنی ئایـەتی ژمـاری (٤٣)ی سـووڕەتی (النسـاء)دا ڕوونمان کردۆتەوە کە مەبەست لە: ﴿أَوۡ لَـٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، یـانی:

(جَامَعتُمُ النِّساء)، واته: جووت بوون لەگەڵ ژنەکانتاندا، نەك دەست لێدان وه (ملامسة)، لەوێ بە مانای جیماع لەگەڵ کردن دێ، نەك بە مانای دەست لێدان. ئنجا دواییش کە باسی تەیەمموم کراوە، وەك بەدیلی غوسڵ کردن بە ئاو، کەواتە: تەیەمموم لەش پیسی (جنابة) لادەبات.

٢ - لە سوورەتی (المائدة)دا خوا بە وشەی (جنب) باسی لەش پیسیی کردوە، کە دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ﴾، پاشان باسی خۆشۆردن و لە دواییشدا لە کاتی نەبوونی ئاودا، باسی تەیەممومیشی کردوە، کە دیارە بۆ (محدث وجُنُب)ە، واتە: ئەو کەسەی کە دەستنوێژی نیەو ئەو کەسەش کە لەشی پیسە، هەموویان دەگرێتەوە دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، تەماشا بکەن! دەفەرموێ: ئەگەر لەشتان پیس بوو، خۆتان بشۆن، وە ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەر بوون، یان یەکێکتان تارەتی گرت، یاخود چوونە لای ئافرەتان، یان ئەگەر دایبنێی، لێرەدا مەبەست لە : ﴿أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، یانی: دەستتان لە ئافرەتاندا، ﴿فَلَمْ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ﴾، ئاوتان چنگ نەکەوت، تەیەمموم بکەن، ئێ باشە هی پێشێ باسی لەش پیسیی کردوە، دەفەرموێ: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ﴾، ئەگەر لەشتان پیس بوو خۆتان بشۆن... ئەگەر ئاوتان چنگ نەکەوت، تەیەمموم بکەن، کەواتە: لەڕاستیدا تەیەممومەکە بۆ لابردنی لەش پیسییشە، ئەوە زۆر ڕوونە.

٣- ئنجا لەوبارەوە ئەم فەرمایشتانەی پێغەمبەریش ﷺ هەن:

أ/ ﴿عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبْزَى عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فَقَالَ: إِنِّي أَجْنَبْتُ فَلَمْ أَجِدِ الْمَاءَ، فَقَالَ عَمَّارُ بْنُ يَاسِرٍ لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ: أَمَا تَذْكُرُ أَنَّا كُنَّا فِي سَفَرٍ فَأَجْنَبْتُ أَنَا وَأَنْتَ، فَأَمَّا أَنْتَ فَلَمْ تُصَلِّ، وَأَمَّا أَنَا فَتَمَعَّكْتُ فَصَلَّيْتُ، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هَكَذَا»، فَضَرَبَ النَّبِيُّ ﷺ بِكَفَّيْهِ الأَرْضَ فَنَفَخَ

فِيهِمَا، ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْهِ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بِرقم: (٣٣٨)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٨١٨)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٣٢٣)، وَالتِّرمِذيُّ بِرقم: (١٤٤)، وَالنسائيُّ برقم: (٣١٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٥٦٩)}، واتە: پیاوێك هات بۆلای عومەری كوڕی خەتتاب (كە دیارە ئەو كاتە حوكمڕانی مسوڵمانان بووە خوا لێی ڕازی بێ)، گوتی: من لەشم پیس بوو ئاویشم دەست نەكەوتوە، (یانی ئەگەر لەشم پیس بوو ئاوم دەست نەكەوت چی بكەم، دیارە ئاوا پرسیاری كردوە) عەمماری كوڕی یاسر (دیارە لە مەجلیسەكەدا بووە خوا لێیان ڕازی بێ) بە عومەری كوڕی خەتتابی گوت: ئایا بەبیرت نایەت جارێك منو تۆ لە سەفەر بووین، هەردووكمان لەشمان پیس بوو، تۆ نوێژت نەكرد (واتە: لەبەرئەوەی ئاوت دەست نەكەوت، خۆتی پێ بشۆی‌و دەستنوێژی پێ بگری)، بەڵام من هاتم خۆم لە خۆڵێ وەرگەوزاندو نوێژەكەم كرد (یانی: وایزانیوە كە تەیەممومم دەبێ هەموو جەستەی خۆی بە خۆڵ، بكاتو خۆی لە خۆڵێ وەرداوە) كە گەڕاینەوە بۆ پێغەمبەرم ﷺ گێڕاوە، ئەویش فەرمووی: ئەوەندەت بەس بوو كە ئاوا بكەی، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە زەوی داداو فووی لێكردو بە دەموچاوو دەستی داهێنا.

ب/ ﴿عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ رضي الله عنه كُنَّا مَعَ رَسُول اللهِ ﷺ فِي سَفَرٍ، صَلَّى بِالنَّاس فإذَا هُو بِرَجُلٍ مُعتَزِلٍ فَقَالَ: «مَا مَنَعَكَ أَنْ تُصَلِّيَ»؟ قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ أَصَابَتْنِي جَنَابَةٌ، وَلا مَاءَ، فَقَالَ: «عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ، فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ»﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٩٩١٢)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٣٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٨١٩)، وَالدَّارَمِيُّ برقم: (٧٤٣)}، واتە: عیمرانی كوڕی حوصەین خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین، لە سەفەرێكدا نوێژی بە خەڵكی كرد، دوایی تەماشای كرد پیاوێك ڕاوەستاوەو كەناری گرتبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چ شتێك ڕێی لێ گرتووی نوێژ بكەی؟ گوتی: لەش پیسییم تووش بووە، ئاویش نیە، (خۆم بشۆم)، پێغەمبەریش فەرمووی: دەست بە ڕووی زەویدا بێنە، ئەوە بۆ تۆ بەسە.

**چوارەم: ئایا یەك جار دەست لە زەوی دان (ضربة واحدة) یان دوو جار، پێویستە بۆ تەیەممووم؟**

لەوبارەشەوە زانایان ڕا جیاییان هەیە، زۆر لە شەرع زانان (الفقهاء) دەڵێن: دووجار پێویستە، بەلاّم زۆربەی فەرموودەناسان (المحدثين) دەڵێن: یەك جار بەسە، وە ئەوە ڕای (عَطاء ومكحول والأوزاعي وأحمد وإسحاق وإبن المنذر)ە، كە ئەوانە زانای بەرجەستەن، منیش ڕای دووەمم پێ ڕاستە، بۆچی؟ چونكە لە فەرموودەكاندا تەنیا باسی یەك جار كراوە، بۆ وێنە: فەرموودەكەی عەممار كە پێش تۆزێك هێنامان، وە لە فەرموودەكانی دیكەش دا بەس باسی یەك جار دەكرێ، پێغەمبەر ﷺ جارێك دەستی بە زەوی داوەو بە دەموچاوو هەردووك دەستی دا هێناوە، كەواتە: ئەو دوو جارە لەڕاستیدا بەڵگەیەكی لەسەر نیە، هەرچەندە زۆبەی شەرعزانانو مەزهەبەكانیش وادەڵێن، بە هەرحاڵ ڕای ئەوانیش هەر بەڕێزەو هێندەش زەحمەت نیە مرۆڤ دووجاریش دەست بە زەوی بدات، بەلاّم ئێمە دەبێ لە ڕایەكان بكۆڵینەوە داخۆ كامیان بەڵگەی بەهێزترە.

**پێنجەم: ئایا ئەندامانی تەیەممووم چیو چین؟**

عەمماری كوڕی یاسر خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، وایزانیوە ئەندامی تەیەممووم ئەوەیە خۆی لە خۆڵێ وەرگەوزێنی، حەتمەن خۆشی ڕووت كردۆتەوە!! دیارە هی دیكەش هەبوون هەر وایانزانیوە، ئێستاش من جاری وایە خەڵك لێم دەپرسێ: ئەرێ مامۆستا! ئەگەر ئینسان غوسڵی لەسەربێ، دەبێ بۆ تەیەممووم خۆی لە گڵ وەرگەوزێنی؟ زانایان هەموو لەسەر ئەوە یەكدەنگن كە ئەندامەكانی تەیەممووم ڕوو و هەردوو دەستن (الوجه واليدين)، لەوبارەوە كە ئایا دەستەكانیش هەتا ئانیشكانن، یاخود هەر هەتا مەچەكانن، ڕاجیایی یان هەیە، مەچەك (رَسْغ)یشی پێ دەڵێن، (كُوع)یشی پێ دەڵێن.

دیارە منیش دوای ئەوەی تەماشای ڕای زانایانم كردوە، بە كورتیی دەڵێم: ڕاسترین ڕا لەوبارەوە، واتە: لە بارەی تەیەممومەوە، فەرموودەكەی عەمماری كوڕی یاسرە، خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، كە پێشتر هێناومانە كە دەڵێ: (ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْهِ)، واتە: (پاش دەست لە زەوی دان) هەردووك دەستی بە

دەموچاوو لەپە دەستەکانی داهێنان، هەروەها لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە: ﴿عَن أَبِي الْجَهيمِ بْنِ الْحَارِثِ بْنِ الصِّمَّةِ الأَنْصَارِيِّ ﷺ فَقَالَ: أَبُو الجَهْمِ أَقْبَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ نَحْوِ بِئْرِ جَمَلٍ فَلَقِيَهُ رَجُلٌ فَسَلَّمَ عَلَيْهِ فَلَمْ يَرُدَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ عَلَيْهِ، حَتَّى أَقْبَلَ عَلَى الْجِدَارِ فَمَسَحَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ ثُمَّ رَدَّ عَلَيْهِ السَّلاَمَ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٣٣٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٨٤٨)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٣٢٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٨٠٥)}، واتە: ئەبی جەهمی کوڕی حاریسی کوڕی صیممەی ئەنصاریی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لەلای بیری جەمەلەوە (بیرێك بووە ئەو ناوەی لێ بووە) هات، پیاوێك پێیگەیشت سەلامی لە پێغەمبەر ﷺ کرد، پێغەمبەریش ﷺ وەڵامی نەدایەوە، هەتا ڕووی کردە دیوارەکەو دەستی بە دیوارەکەدا هێناو پاشان بەدەموچاوو بە هەردوو دەستی داهێنا، ئنجا وەڵامی دایەوە.

دوایی باسی کردووەو فەرموویەتی: پێمخۆش نەبوو بەبێ دەستنوێژ وەڵامی سەلامەکەت بدەمەوە، ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ، کە دیواریش تەیەمومی پێ دەکرێ، هەڵبەتە ئەوانەی شافیعیی مەزهەبن، دەڵێن: دیوارەکە گڵ بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مادام بە ڕووی زەوی دادەنرێ هەرشتێك لەسەر ڕووی زەوی بێ، تەیەمومی پێ دەکرێ، وەك دەبینین لە هیچ کام لەم فەرموودانەدا باسی دووجار نەکراوە، بگرە فەرموودەکەی عەممار بە تەئکید دەڵێ: جارێك، کەواتە: فەرزی تەیەموم تەنیا ڕووو هەردوو لەپە دەستن، بەرو پشتی هەردوو دەستەکان تا مەچەك، وە هەندێك دەقیش هەن بۆ زانیارییتان باسی ئانیشکیش دەکەن، دەفەرموێ: مەسحی دەموچاوی کردو دەستیشی تا ئانیشکی، بەڵام لەڕاستیدا پسپۆڕانی فەرموودە ناس مشتومڕیان لەبارەیانەوە هەیە، یانی: لەڕووی سەنەدەوە بەهێز نین، وە لەوانەیە ڕاوییەکە بۆ خۆی ئیجتیهادی کردبێ‌و گوتبێتی ڕەنگە ئانیشکیشی لەگەڵ دابن، بەڵام حەدیسەکەی پێغەمبەر ﷺ زۆر ڕوونو ئاشکرایە، کە هەردوو لەپە دەستن، بۆیە من ڕایەکەی (الشنقيطي)یم پێ ڕاست نیە، کە دەڵێ: (ولا يبعد ما قَالَهُ مَالِك رَحِمَهُ الله مِن وجُوب الكَفّين، وَسنية الذراعين إلى الْمرفقين)[1]، واتە: وە دوور نیە ڕای مالیك

---

١) أضواء البيان: ج١، ص٣٦٣.

ڕاست بێ ڕەحمەتی خوای لێ بێ کە دەڵێ: مەسح کردنی هەردوو لەپە دەستان بۆ تەیەمموم فەڕزەو هەردوو مەچەکیش تا دەگاتە ئانیشك، سوننەتە.

من ئەو ڕایەم پێ ڕاست نیە، چونکە پێمـوایە، ڕەنگە لەبەرئەوەی (الشنقیطي) مالیکی مەزهەب بووە، بەو لایەیدا شکاندبێتەوە، ئەگەرنا مادام فەرموودەکان تەنیا باسی هەردوو لەپە دەست دەکەن، کەواتە: بەس ئەوەندە ئەندامەکانی تەیەممومن، بەڵام بە هەرحاڵ کەسێکیش بیەوێ بە قسەی ئیمامەکانی دیکەش بکات، دەتوانێ تا ئانیشکانیش، مەسح بکات، بەڵام بێگومان شوێنکەوتنی بەڵگەی بەهێز باشترە.

شەشەم: ئایا ڕیزبەندیی (ترتیب) لە تەیەممومدا فەڕزە، یان نا؟!

لەوبارەشەوە زانایان ڕاجیاییان هەیە، بەڵام بەگوێرەی ئایەتەکە کە دەفەرموێ: ﴿فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ﴾، واتە: دەست بە ڕووی زەویدا بێنن و بە دەموچاوو بە دەستتانیدا بێنن، کوێ و کوێی باسی کردوە؟ دەموچاوو دەست، کەواتە: دەبێ پێشێ دەموچاو بێ، ئنجا دەست بێ، مانای وایە ڕیزبەندیی پێویستە، هەروەها بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە لەبارەی هاتن و چوونی نێوان صەفاو مەڕوەدا فەرموویەتی: ﴿أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللهُ بِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٩٤١)، وَابْنُ حِبَّان برقم: (٣٩٤٤) عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رضي الله عنه}، واتە: بەوە دەست پێدەکەم کە خوا دەستی پێکردوە، خوا بە چی دەستی پێکردوە؟ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ ...﴾ البقرة: ١٥٨، پێشێ ناوی صەفای هێناوە، کەواتە: پێشێ بچۆ سەر صەفا، ئنجا بڕۆ سەر مەڕوە، کەواتە: ئەمە بنچینەیەکی گشتی لێ وەردەگیرێ، مادام خوای پەروەردگار لێرەدا دەفەرموێ ﴿فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ﴾، پێشی باسی ڕوو دەکات، ئنجا باسی دەستەکان دەکات، کەواتە: وا پێدەچێ کە پێشخستنی ڕوو پێویست بێ، یان بەلای کەمەوە سوننەت بێ، وەك (ابن حجر) دەڵێ: (أَكْثَرُ العُلَمَاءِ عَلَى تَقديم الوجهِ مَعَ الإختلاف في وجوب ذَلِكَ وَسُنِّيتهِ)[1]، واتە: زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە ڕوو پێش هەردوو دەست بخرێ، لەوەشدا ڕاجیاییان هەیە کە ئایا واجبە

١) فتح الباري: ج١، ص.٣٦٤

یان سوننەتە، ئەگەر کەسێکیش دەستەکانی مەسح کردن، دوایی دەموچاوی مەسح کرد، هەر دەگونجێ، کە ئەگەر بە سوننەت دابنرێ، گوناهبار نەبووەو، ئەگەر بە واجبیش دابنرێ، تەیەممومەکەی هەر دروستە، بەڵام گوناهبار بووە، کە دەستی پێش دەموچاوان خستوون، چونکە خوای زانا ڕووی پێش دەستەکان باسکردوە.

حەوتەم: ئایا تەیەممم لەش پیسیی (حَدَث) لادەبات، یان نا؟!

لەش پیسیی: لەش پیسیی گچکە، کە بێ دەستنوێژییە، وە لەش پیسیی گەورە کە جەنابەتە ئایا لای دەبات، یان لای نابات؟ زانایان لەوبارەوە سێ ڕایان هەن:

ڕای یەکەم دەڵێ: تەیەمموم بێ دەستنوێژیی لانابات، واتە: نە بێ دەستنوێژیی گچکە، نە هی گەورە.

ڕای دووەم دەڵێ: تەیەمموم بێ دەستنوێژیی بەیەکجاریی لا دەبات.

ڕای سێیەم دەڵێ: تەیەمموم بێ دەستنوێژیی بە شێوەیەکی کاتیی لا دەبات.

## بەڵگەکانی ڕای یەکەم:

کە دەڵێن: تەیەمموم لەش پیسیی لانابات، چەند شتێك بە بەڵگە دێننەوە، من ئەو دوو دەقەم هێناون:

١/ ﴿عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ﷺ قَالَ: احْتَلَمْتُ فِي لَيْلَةٍ بَارِدَةٍ فِي غَزْوَةِ ذَاتِ السَّلَاسِلِ فَأَشْفَقْتُ إِنِ اغْتَسَلْتُ أَنْ أَهْلِكَ فَتَيَمَّمْتُ ثُمَّ صَلَّيْتُ بِأَصْحَابِي الصُّبْحَ، فَذَكَرُوا ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: «يَا عَمْرُو صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُبٌ» ؟! فَأَخْبَرْتُهُ بِالَّذِي مَنَعَنِي مِنَ الإِغْتِسَالِ، وَقُلْتُ إِنِّي سَمِعْتُ اللَّهَ يَقُولُ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٢٩﴾﴾ النساء فَضَحِكَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَلَمْ يَقُلْ شَيْئًا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٨٤٥)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٣٤)، وَالحَاكِمُ برقم: (٦٢٩)، وَصَحَّحَهُ الألباني} ، واتە: عەمری کوڕی عاص خوا لێی ڕازی بێ (دیارە فەرماندەی سەرییەیەك بووە، سەرییەش بەشێکە لە سوپایەك) دەڵێ: شەوێکی زۆر سارد ئیحتیلامم بوو (لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: شەیتانیی بوو، ئیحتیلام واتە: لە خەودا ڕەحەتبوون) لە جەنگی (ذَاتِ

السَّلاَسِلِ)، منیش ترسام کە ئەگەر بێتو خۆم بشۆم بفەوتێمو بمرم، بۆیە تەیەمومم کرد، وە نوێژی بەیانییشم بەو تەیەمومە بە هاوەڵەکانم کرد، (کە دیارە ئەو فەرماندەو بەرپرسیان بووە) ئەوانیش بۆ پێغەمبەری خوایان ﷺ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: ئەی عەمر! ئایا نوێژت بە هاوەڵەکانت کرد لە کاتێکدا لەش پیس بووی؟! (واتە: خۆت نەشۆرد بوو) منیش هەواڵم پێدا، کە چ شتێك ڕێی لێ گرتم خۆم بشۆم، وە گوتم: من گوێم لێ بووە کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ٢٩﴾النساء، واتە: خۆتان مەکوژن مسۆگەر خوا لەگەڵتان بە بەزەییە، (منیش ترسام کە ئەگەر خۆم بشۆم، خۆم بفەوتێنم)، پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنیو هیچی نەفەرموو، دیارە پێکەنینەکەی نیشانەی ئەوەیە پەسەندی کردووەو ڕازی بووە، ئەگەرنا دەیفەرموو: نەخێر، جارێکی دیکە ئەوە مەکەو هەڵەت کردوە، نوێژەکەشت دەبێ بگێڕیەوە، کەواتە: دروستە، ئنجا ئایا لێرەدا بۆچی ئەوەیان هێناوەتەوە؟ دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُبٌ؟) هەر ناوی لێناوە لەش پیس (جنب)، تەیەممومیشی کردوە، کەواتە: جەنابەتەکەی هەر لەسەر بووە، ئەوە ڕای یەکەمە کە دەڵێن: تەیەممووم لەش پیسیی لانابات.

ب/ بەڵگەیەکی دیکەش دێننەوە دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ طَهُورُ الـمُسْلِمِ، وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الـمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ، فَإِذَا وَجَدَ الـمَاءَ فَلْيُمِسَّهُ بَشَرَتَهُ، فَإِنَّ ذَلِكَ خَيْرٌ﴾{أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢١٤٠٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٢٤) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٣١٣)، وَالحاكم برقم: (٦٢٧) وَقَالَ: صَحِيحٌ}، واتە: ڕووی پاکی زەوی پاککەرەوەیە بۆ مسوڵمان، ئەگەر بۆ ماوەی دە (١٠) ساڵانیش ئاوی چنگ نەکەوێ، ئنجا هەرکاتێك ئاوی چنگ کەوت با خۆی بشوات، دەڵێن کەواتە: کە دەفەرموێ: هەرکاتێك ئاوی چنگ کەوت، خۆی بشوات، کەواتە: دیارە لەش پیسییەکەی هەر لەسەرە، بۆیە دەفەرموێ: با خۆی بشوات، وە ئەگەر لەش پیسییەکەی لەسەر نەمابا، نەیدەفەرموو: با خۆی بشواتو ئاو بەکاربێنێ، ئەوە بەڵگەکانی ڕای یەکەم بوون.

## بەڵگــەکــانی ڕای دووەم:

کە دەڵێن: تەیەمموم بە یەکجـاریی لەش پیسـیی لادەبات، ئەوانیش چەند شــتێك بە بەڵگـە دێننــەوە:

١/ یەکـیان ئـەو فەرموودەیـە کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی‌ـەتی: ﴿جُعِلَتْ لِي الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٣٣٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١١٦٣)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٣٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٣٩٨) عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا}، واتە: سـەر زەوییم هەمووی بۆ کـراوە بە مزگەوتو بە پاککەرەوەش (لـە هەر کوێیەك ئینسـانی مسـوڵمان نوێـژ بکات دروستـە)، کەواتـە: ڕووی زەوی هـەم دروسـتـە نوێژی لەسەر بکرێ، هەم پاك کەرەوەشـە دەستی پێدا بێنـەو تەیـەمموم بکە، پاکت دەکاتەوە، چونکە دەفـەرموێ (وَطَهُورًا) پاککەرەوەیـە، مانـای وایـە لـەش پیسـیی دەبێ لابەرێ، ئنجا پاك دەبێتــەوە.

٢/ دووەمیان هەروەها ئەم فەرموودەیەش دێننەوە کە پێشــتر هێنامـان، جا سبحان الله! هەندێکــیان بەشـێك لــە فەرموودەکــەیان بــۆ ڕای یەکــەم کردۆتــە بەڵــگە، ئەمانیش بەشی یەکـەمی فەرموودەکە بۆ ڕای دووەم دەکەنە بەڵگە کە دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ الصَّـعِيدَ الطَّيِّـبَ طَهُـورُ الْمُسْـلِمِ...﴾ {أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٢١٤٠٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٢٤) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٣١٣)، وَالحاكم برقم: (٦٢٧) وَقَالَ: صَحِيحٌ﴾، واتە: ڕووی پـاکی زەوی پاککەرەوەیـە بـۆ مسـوڵمان، دەڵێن: مـادام پـاك کـەرەوە بـێ، دیـارە دەبـێ لـەش پیسـیی لەســەر لابـەرێو بـێ دەسـتـنوێژیشی لەسـەر لادەبـات.

## بەڵگــەکــانی ڕای ســێیەم:

من ڕای سـێیەمم پـێ ڕاسـتە، لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە هـەموو بەڵـگەکان پێکـەوە کۆدەکاتەوە، هەموو دەقەکان پێکەوە کۆدەکاتـەوە، ڕای سـێیەم دەڵـێ: تەیـەمموم لـەش پیسـیی بە یەکجاریی لانابات، بەڵام لەش پیسیشـی لەسـەر نیە، بەڵکو بەشـێوەیەکی کاتیی لای دەبات، واتـە: هەتا ئاوی چنگ دەکەوێ، لـەش پیس نیــەو بـە لــەش پـیس لە قەڵـەم نادرێ، بەڵام کە ئاوی چنــگ کەوت بە لەش پیس لـە قەڵەم دەدرێو دەبـێ

خـۆی بشــوات، كەواتــە: تەیەممومەكـە حاڵــەتی لــەش پیســییەكەی هەڵواســیوەو ئەگـەر ئاوی چنگ كـەوت لـەش پیسـە، بـەڵام ئەگـەر ئـاوی چـنگ نەكـەوت، بـە پـاك لەقەڵـەم دەدرێ، دوو بەڵگەمان لەوبـارەوە هــەن:

١/ ئەگەر تەیـەمموم لـەش پیسـییەكەی نـەبردبا، نوێـژ دروسـت نـەدەبوو، وە ئەگـەر بڵـێی: لەشی هەر پیسـە، ئـەدی چۆن نوێــژێ دەكات؟ جا چ لـەش پیسیی گچكـە بێ، چ هـی گــەورە بێ، دەبـێ لای بـەرێ، بـەڵام ئێمـە دەڵـێیـن: بـە شــێوەیەكی كاتیـی لای بـردوە، تا ئاوی چنگ دەكـەوێ.

٢/ ئەگەر یەكجـاریی لای بردبایە پێویستی بە خۆشـۆردن نـەدەبوو، كەواتـە: وانیــە بڵـێی لای نـەبردوە، چـونكە نوێـژی بـۆ دروسـتە، واش نیـە بڵـێی: یەكجــاریی لای بردوە، چونكـە دوایی دەبـێ خۆی بشـوات، كەواتـە: ڕای ڕاســتو میـانجـیی ئەوەیـە كە بە شـێوەیەكی كـاتیی لای بـردوە.

هەشـتەم: ئـایـا بە تەیەممومێـك دوو فــەڕز دەكرێـن؟

مامۆسـتایانی كـوردەواریی خۆمـان دەڵـێن: بـۆ هـەر فـەڕزێك دەبـێ تەیەممومێـك بكـەی، بەڵــكو هەنـدێكیان دەڵـێن: سوننەتیشــی پــێ نـاكرێ، بــەس یــەك فــەڕز! هەندێكـیان دەڵێن: فەڕزێــكو چەند ســوننەتێكی پـێ دەكــرێن، زانایـان لـەوبارەوە دوو ڕان:

١) هەرچــی: (حسـن البصــري والزهـري وابـن المســيب، أبـو حنيفـة وأحمــد) لـە باوتریــن ڕیوایەتیـدا، دەڵـێن: هـەتا دەسـتنوێژ دەشـكێ، چــەند فــەڕزی بـوێن دەتوانــێ بیانكــات، كـە تەیــەممومی كـرد، چ بـۆ دەسـتنوێژ، ئەگـەر لـە جیـاتی دەســتنوێژ تەیـەممومی كـرد، وە چ بـۆ لـەش پیسیی، ئەگـەر لـە جیـاتی غوسـڵ تەیـەممومی كـرد، چەند فــەڕزی بـوێن دەتوانـێ بیانكات، بـەڵام (مالـكو شـافعي) دەڵـێن: لە فەڕزێك زیـاتر نابـێ پێی بكـات، بەڵام ڕای یەكەم ڕاسترە، چونكـە:

یەكەم: مادام تەیـەمموم بـەدیلی دەسـتنوێژو خـۆ شـۆردنە، هەرچی بـەوان دەكـرێ، بەویش دەكـرێ، وە ئایـەتو فـەرموودەكانیش بـە ڕەهایی باسیان كــردوە، كە تەیــەمموم بكــەن لــە جیــاتی دەســـتنوێژ، وە لــە جیــاتی غوســڵ، وە نەیـانـفەرمووە: بۆ نوێژێك یان بۆ دوو نوێـژان.

دووەم: ئەوانەی کە دەڵێن: بەس فەرزی پێ دەکرێ، هیچ بەڵگەیەکی قورئانو سوننەتیان بەدەستەوە نیە، ئەدی ئێمە چ بەڵگەیەکمان بەدەستەوەیە؟

بەڵگەمان ئەوەیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا ﴾، واتە: ئەگەر بێ دەستنوێژ بوون، بێ دەستنوێژیی گچکە، یان گەورە، بە ڕووی پاکی زەوی تەیەمموم بکەن، ئیدی نافەرموێ: بۆ نوێژێكو بۆ دوو نوێژان بە ڕەهایی فەرموویەتی.

نۆیەمو کۆتایی: ئایا تەیەمموم وەبری لابردنی پیسیی (نجاسة) دەکەوێ؟

کەسێك پیسییەکی لەسەر بەدەنە، میزی پێوەیە، پیسایی پێوەیە، یان خوێن، ئایا تەیەمموم وەبری ئەوەش دەکەوێ، کە ئەو پیسییەش لابەرێ؟ لەوبارەشەوە زانایان ڕا جیاییان هەیە، تەنیا ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێ ڕای وایە کە تەیەمموم چۆن بێ دەستنوێژیی (حدث) هی گەورەو گچکە لادەبات، پیسییش لادەبات، کەسێك با لەشیشی بە میز بێ، کە تەیەممومی کرد وەك پیس نەبێ وایە، بەڵام زانایانی دیکە سەرجەمیان دەڵێن: تەیەمموم پیسیی لانابات، واتە: حوکمەکەی، ئەگەرنا خودی پیسییەکە هەر لاناچێ، کەسێك میزی بە شوێنێکەوە بێ، ئەگەر تەیەممومیش بکات، هەر پێییەوەیە، کەواتە: مەبەست لە حوکمەکەیە، حوکمەکەی دەمێنێ، یان نا؟

زۆربەی زانایان دەڵێن: حوکمەکەی لاناچێو پیسییەکەش هەتا نەیشوا، یان بە بەردێك، بە شتێك، لاینەبات لاناچێ، ئنجا (الثوري والأوزاعي وأبو ثور) کە ئەوانیش هەرسێکیان پێشەوای سەر مەزهەبن، دەڵێن: دەبێ پیسییەکە بە گڵ لاببات، ئنجا نوێژەکەی بکات، قسەکەی ئیمام ئەحمەدیش بە ڕای من هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، وە بێگومان لە حاڵی ئاواشدا پێویستە بەپێی توانا پیسییەکە لاببرێ، بەڵگەمان چییە؟ بەڵگەمان ئەوەیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾، کەسێك لە بیابانێك لێی قەوماوە، یان منداڵێك میزی پێدا دەکات، یان میزی خۆی بە لاقی کەوتۆتەوەو ئاویشی لێ نیە بیشوا، چی بکات؟ بەپێی توانا بە گڵ، بە بەرد، بە هەرشتێك کە هەیە خۆی پاك دەکاتەوەو، وە نوێژی خۆی دەکات، وە نوێژەکەشی دروستە، وە گێڕانەوەشی

ناوێ، چونكە ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾، خوا لەسەر هیچ كەس پێویست ناكات مەگەر ئەوەندەی لە توانای دایە.

**مەسەلەی چوارەم:** كە دەفەرمووێ: ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ ﴾، واتە: خوا نایەوێ هیچ سەغڵەتییەكتان بخاتە سەر، زانایانو شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: (النكِرَةُ فِي سِيَاقِ النَّفْيِ يُفيد العمُوم) واتە: وشەیەك بە (نَكِرَة) هاتبێ لە سیاقێكدا كە ئەو شتە نەفی كرابێو حوكمەكەی لێ لابردرابێ، بەڵگەیە لەسەر گشتاندن، كەواتە: لێرەدا كە خوا دەفەرمووێ: خوا نایەوێ هیچ سەغڵەتییەكتان بخاتە سەرێ، یانی: بەگشتی هیچ جۆرە سەغڵەتییەك، ئنجا ئەوە زۆر جێی سەرنجە! خوا لە كوێدا وایفەرمووە؟ لێرەدا كە باسی دەستنوێژو تەیەمموم خۆشۆردنو ئەوانەیە، كەواتە: هەرشتێك خەڵكی سەغڵەت بكات خوا نەیویستوە، چونكە لێرەدا خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ ﴾، زانایان دەڵێن: ئەو ئیرادەیە، ئیرادەی تەشریعییە، ئیرادەی تەكوینیی نیە، یانی: خوا لە شەرعی خۆیدا هیچ شتێكی دانەناوە كە ئێوە سەغڵەت بكات، كەواتە: هەر شتێك خەڵكی تووشی سەغڵەتیی بكات، وەك ئەوەی كە دەڵێن: تەیەمموم تەنیا بە گڵ دەكرێ، كە بێگومان خەڵك تووشی سەغڵەتیی دەبێ، ئەوە خوا نەیویستوەو، لە شەرعی خوادا نیە، هەروەها هەموو ئەو شتانەی دیكە كە خەڵك تووشی سەغڵەتیی دەكەن، ئەم ئایەتە دەكرێتە پێوەر بۆیو مانای وایە ئەوە پێچەوانەی شەرعە، ئنجا دیارە ئەم ڕستە قورئانییە لە چەند شوێنێكی دیكەش لە قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە: لە ئایەتی (١٨٥)ی سوورەتی (البقرة)دا دەفەرمووێ: ﴿... يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ...﴿١٨٥﴾﴾، ئەویش لە كوێ وا دەفەرمووێ؟ لە باسی لە كۆتایی باسی ڕۆژووگرتندا دەفەرمووێ: ﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾، واتە: وە ئەگەر كەسێك نەخۆش بوو، یان لە سەفەر بوو، با ئەو ڕۆژانەی بە ڕۆژوو نەبووە لە ڕۆژانی دیكە بگرێتەوە، دوایی

دەفەرموێ: ﴿ ... يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ... ﴿١٨٥﴾ ﴾، واتە: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ‌و زەحمەتی بۆتان ناوێ.

سبحان الله ! خوا چەند بە تەئكید دەفەرموێ، كەچی كەسی وا هەیە دین زۆر لە خەڵكی بە زەحمەت دەخات‌و پێشی وایە كە خوا وایفەرمووە، یانی بە شێوەیەك ئیسلام پێشانی خەڵك دەدات كە مایەی لێ زەحمەتكردن‌و نارەحەتكردنیانە، وە واشیان تێدەگەیەنێ كە ئاوا نەبێ خوا لێیان ڕازی نابێ، خوای پەروەردگاریش بۆ خۆی بە ڕوون‌و بە ڕاشكاویی دەفەرموێ: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ زەحمەتی بۆتان ناوێ، كە نەخۆشی‌و ڕۆژووت بۆ ناگیرێ مەیگرە، لە سەفەرێی قورسە لەسەرت، مەیگرە، ناڵێین: ڕۆژووگرتن دروست نیە لە سەفەرێ، بەڵێ دروستە ڕۆژوو بگری، هەرچەندە هەندێك لە زانایان دەڵێن: دروست نیە، بەلام با، نەخۆشی دروستە بیگری، هەرچەندە هەندێك لە زانایان دەڵێن: سەرت بێشێ دروست نیە بەڕۆژووبی، ظاهیرییەكان وادەڵێن، بەلام وانیە، بەڵێ ئەگەر زانیت سەغڵەت دەبی، بەڕۆژوو مەبە، دوایی بیگرەوە، خوا وای پێ‌خۆشەو شەرعی خوای بەرز وایدەوێ، وەك خوا لە سوورەتی (الحج) ئایەتی (٧٨)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴿٧٨﴾ ﴾، واتە: خوا لە دیندا هیچ سەغڵەتیی بۆ ئێوە دانەناوە، هەروەها لە سوورەتی (الروم) ئایەتی (٣٥)دا دەفەرموێ: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: ڕووی خۆت بەرانبەر دین ڕاست ڕاگرە بە ساغیی، ئەو سروشتەی كە خوا خەڵكی لەسەر خوڵقاندوە، گۆڕین نیە بۆ دروستكراوی خوا، ئەوە دینی ڕاستە، دینی ڕاست ئەوەیە كە بەپێی فیطرەت‌و سروشتی ساغیی ئینسانەكان بێ.

<u>**مەسەلەی پازدەیەم:**</u> كە دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾، واتە: بەڵكو خوا دەیەوێ پاكتان بكاتەوەو

چاکەی خۆی لەسەرتان تەواو بکات، بەڵکو سوپاسگوزاریی بکەن، واتە: خوای بەبەزەیی کە دەفەرموێ: خۆتان بشۆن، ئەگەر لەشتان پیس بوو، دەستنوێژ بگرن بۆ نوێژێ، ئنجا ئەگەر ئاوتان چنگ نەکەوت تەیەمموم بکەن، ئەو نایەوێ سەغڵەتتان بکات، بەڵکو دەیەوێ پاکتان بکاتەوە، دەیەوێ چاکەی خۆی لەسەر ئێوە تەواو بکات، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاربن، ئەم ڕستە موبارەکە حیکمەتو ئامانجی دەستنوێژو خۆشۆردنو تەیەمموم ڕوون دەکاتەوە، خوا دەفەرموێ: دەستنوێژ بگرن، ئەگەر ویستتان نوێژ بکەن، خۆتان بشۆن ئەگەر لەشتان پیس بوو، وە ئەگەر ئاوتان دەست نەکەوت بۆ دەستنوێژو بۆ خۆشۆردن، تەیەمموم بکەن، بۆچی وا دەفەرموێ؟ بۆیە وا دەفەرموێ تاکو پاك بینەوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَـٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ ﴾، خوا دەیەوێ پاکتان بکاتەوە، ئەو پاککردنەوەیە هەم لایەنی ڕواڵەتیی دەگرێتەوە، هەم لایەنی دەروونییش، واتە: هەم جەستەییو هەم ڕووحیی، با تەماشای ئەم چەند فەرموودانە بکەین، کە چۆن پێغەمبەر ﷺ باسی پاكو خاوێنی دەکاتو، چ پەیوەستییەکی هەیە بە ئیمانو مسوڵمانەتیەوە:

# حیکمەتی دەستنوێژو خۆشۆردن و تەیەمموم:

١- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٩٥٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٥١٧) وَقَالَ: صَحِيحٌ}، واتە: پاكو خاوێنی نیوەی ئیمانە، هەندێك لە زانایان وایان لێكداوەتەوە، كە پاكو خاوێنی هەم لایەنی ڕواڵەتیی دەگرێتەوە، هەم لایەنی دەروونییش، دەڵێن: لەبەرئەوەی كە دین دوو بەشە بەشێك ئەوەیە كە تۆ لە خراپەكان خاڵی بی: شیركو كوفرو نیفاقو ڕیاو كیبرو ئەو سیفەتە خراپانەت تێدانەبن، وە بەشی دووەم ئەوەیە تۆ بە چاكەكان بڕازێیەوە: ئیمانو تەوحیدو عیبادەتو ڕەوشتە بەرزەكان، كەواتە: خۆ پاككردنەوە لە شتی خراپ، نیوەی مسوڵمانەتییەو خۆ ڕازاندنەوەش نیوەكەی دیكەیەتی، وە دەشگونجێ وەك گوتم لێرە پاكیی ڕواڵەتیی‌و جەستەیی مەبەست بێ، وە لەڕاستییدا مسوڵمان دەبێ پاكو خاوێن بێ، دەبێ بۆن خۆش بێ، دەبێ ئاوێنەیەك بێ، پاكیی مسوڵمانەتیی‌و پاكیی ئیسلامەتیی تێدا دەربكەوێ، چڵكن‌و كوڵكن‌و بۆن ناخۆش نەبێ، كە پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەدا دەفەرموێ: یەكێك لە ئێوە ئەگەر لەو گیایانەی خوارد وەك سیرو پیازو توور، با توخنی مزگەوتمان نەكەوێ[1]، با لە ماڵی خۆی نوێژ بكات، نوێژی بە كۆمەڵ كە بە بیستو حەوت نوێژی دیكە هەیە، با لە قیس خۆی بدات، چونكە ئەگەر بەو بۆنە ناخۆشەوە كە بۆنی دەمی ناخۆش بێ، بێتە مزگەوتێ، مانای وایە هێندەی گوناح دەگاتێ، لەسەر خێرەكە قەردار دەبێتەوە، یانی: نوێژی بە كۆمەڵ بە بیستو حەوت پلە چاكترە لە نوێژی

---

١) ﴿عَنْ ابْن عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ فِي غَزْوَةِ خَيْبَرَ: (مَنْ أَكَلَ مِنْ هذِهِ الشَّجَرَةِ يَعْنِي الثُّومَ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا)﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٨٥١)، كتاب الأذان: باب ما جاء في الثوم النِّيِّ والبصل والكراث. ﴿عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: (مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الْبَقْلَةِ الثُّوم "وَقَالَ مَرَّةً مَنْ أَكَلَ الْبَصَلَ وَالثُّومَ وَالْكُرَّاثَ" فَلاَ يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ تَتَأَذَّى مِمَّا يَتَأَذَّى مِنْهُ بَنُو آدَمَ)﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٢٨٢)، كتاب المساجد، باب نَهْي مَنْ أَكَلَ ثُومًا أَوْ بَصَلاً أَوْ كُرَّاثًا أَوْ نَحْوَهَا عَنْ حُضُورِ الْمَسْجِدِ}.

تاك، بەڵام دیارە گوناهی بۆنی ناخۆش لێ هاتنەکەی گەورەترە، لە خێرەکەی، ئنجا ئایا بۆنی جگەرە چی کەمترە لە بۆنی سیرو پیاز؟! هی وا هەیە جگەرە کێشە، لە پەنات ڕادەوەستێ، تا لە نوێژێ دەبیەوە پشووت سوار دەبێ، بۆن خڵتەیەکی لێ دێ! ئنجا مسوڵمانان بەداخەوە زۆرجار گوێ نادەنە پاكو خاوێنی، هی وا هەیە بۆنی دەمی دێ، بچۆ تۆزێك دەمو ددانی خۆت بشۆ بە فلچەو مەعجوون، یان بە سیواك بیشۆو خاوێنی بکەوە، وە هی وا هەیە بۆنی ناخۆشی لێ دێ، وە هەیە خۆی ناشوات، خۆتان بشۆنو بۆنی خۆش لەخۆتان بدەن، پێغەمبەر ﷺ هەمیشە خاوێن بووەو بۆنی خۆش بووە، ئێمەش دەبێ وەك پێغەمبەری خوا ﷺ بین.

٢- لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿الْوُضُوء شَطْرُ الإِيمَانِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٩٥٩)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٤٣٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٠)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٨٤٤)، وَالطَّبَرَانِيُّ في (الكبير) برقم: (٣٤٢٣) عَنْ أَبِي مَالِكٍ الأَشْعَرِيِّ رضي الله عنه قال الشيخ الألباني : صحيح}، واتە: دەستنوێژ نیوەی ئیمانە.

٣- لە فەرمودەیەکی دیکەدا هاتوە: ﴿مِفْتَاحُ الصَّلاَةِ الطُّهُورُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٩٥٩)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٦١٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣) هَذَا الحَدِيث أَصَحّ شَيء في هذا الباب، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٧٥)، عَنْ عَلِيّ رضي الله عنه، وَقَالَ الشيخ الأَلبانِي: حَسَنٌ صَحِيحٌ}، واتە: کلیلی نوێژ پاكو خاوێنییە.

٤- ئنجا ئەم فەرمودەیەش دەربارەی چۆنیەتی پاکبوونەوەی ئینسانە لە گوناهەکان، بە هۆی دەستنوێژەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿إِذَا تَوَضَّأَ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ أَوِ الْمُؤْمِنُ، فَغَسَلَ وَجْهَهُ، خَرَجَتْ مِنْ وَجْهِهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ نَظَرَ إِلَيْهَا بِعَيْنَيْهِ مَعَ الْمَاءِ، أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ أَوْ نَحْوَ هَذَا، فَإِذَا غَسَلَ يَدَيْهِ، خَرَجَتْ مِنْ يَدَيْهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ بَطَشَتْهَا يَدَاهُ مَعَ الْمَاءِ ، أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ، فَإِذَا غَسَلَ رِجْلَيْهِ، خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَةٍ مَشَتْهَا رِجْلاهُ مَعَ الْمَاءِ أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا مِنَ الذُّنُوبِ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٤٤)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٤٣٧)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٠٤٠)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه}، ئەم فەرموودەیە موژدەیەکی زۆر خۆشی تێدایە، دەفەرموێ: هەر کاتێك بەندەی مسوڵمان یان، فەرمووی: بەندەی ئیماندار، دەستنوێژی گرت، ئەگەر دەموچاوی شۆرد ڕووی خۆی شوشت،

هەر گوناهێك كە بە چاوەكانی كردوویەتی (كە لە دەمو چاودان) لەگەڵ ئاوەكە، یاخود لەگەڵ دوا دڵۆپی ئاوەكەدا، ئەو گوناهانە هەموویان دەڕۆن، واتە: گوناهی ڕوانین، (بەڵام ئەگەر درۆو غەیبەتو بوختانی كردبێ، بە ئاوی دەستنوێژ ناچێ، چونكە گوناهی گەورەن، دەستنوێژو غوسڵ بەس گوناهی گچكەیان پێ دەچێ)، وە ئەگەر دەستی شۆردن، هەر گوناهێك بە دەستەكانی كردوویەتی لەگەڵ ئاوەكە، یاخود لەگەڵ دوا دڵۆپی ئاوەكەدا دەڕوات، (دیسان ئەوەش مەبەست پێی گوناهی گچكەیە، بەڵام كەسێك بەو دەستە قەتڵێكی كردبێ، بڵێ: دەستنوێژێكی دەگرم، نا)، وە هەركاتێك پێیەكانی شۆردن، هەر گوناهێك بە پێیەكانی بۆیان چووە، ئەو گوناهانە لەگەڵ ئاوەكە، یاخود دوا دڵۆپی ئاوەكەدا دەڕۆن، تاكو لە گوناهان پاك دەبێتەوە، دوای دەستنوێژەكەی. واتە: لە گوناهە گچكەكان، ئەمە لە ڕووی مەعنەوییەوە، وە لە ڕووی جەستەییەوە، هەم دەستنوێژو هەم خۆشۆردنیش حیكمەتەكەیان دیارە:

### دەستنوێژ:

ئینسان چ ئەندامێكی زیاتر مەزندەی ئەوەی لێدەكرێ كە تۆزو خۆڵو میكرۆباتی لێ بنیشێ؟ ئاشكرایە دەموچاو دەستو پێیەكانو سەر، ئنجا بەهۆی دەستنوێژگرتنەوە، دەموچاوت دەشۆی، دەستەكانت دەشۆی وێڕای ئانیشكەكانت، وە پێیەكانت دەشۆی لەگەڵ گوێزینگان، وە سەریشت هەمووی مەسح دەكەی، كە ئەگەر هەر تۆزو خۆڵێكی پێوەبێ پاك دەبێتەوە، چونكە زەحمەتە سەرت هەمووی بشۆی، جاری وایە زستانەو مرۆڤ ئەگەر سەری بشوا، ڕەنگە تووشی هەڵامەتێكی خراپ بێ، كەواتە: مرۆڤ ڕۆژی پێنج جاران دەستنوێژ بشوا، هەمیشە دەموچاوو لاقو پێو سەروگوێلاكی خاوێن دەبێ، ئەوە لە ڕووە جەستەییەكەیەوە لەڕووە مەعنەوییەكەشییەوە، كاتێك ئینسان دەچێتە خزمەت خوا جل شأنه ئەوە لە كوێ كە دەستنوێژێكی تازەی گرتبێو هۆشیارو بێدار بچێ لە خزمەت خوادا ڕاوەستێ، یان بە دەستنوێژێكی كۆنەوە بچێ لە خزمەتی ڕاوەستێ، بە تەئكید فەرق دەكات، وە ئەگەر دەستنوێژی نەبێ هەر دروست نیە، كەواتە: لەڕاستیدا هەم لە ڕووی مەعنەوییو، هەم لە ڕووی جەستەیی یەوە، دەستنوێژ حیكمەتەكەی دیارە.

## خۆشـۆردن: (الغـسـل):

لە ڕووی پزیشـکی (طـب)ییـەوە شـارەزایان گوتوویانـە: لـەنێو جەسـتەی ئینسـاندا، دوو ڕسـتە دەمار هەن، ڕسـتە دەمارێك پێیـان دەگوترێ: دەمارەکـانی (سـمپاتیك) کە ئەوان کۆئەندامـەکان تونـد دەکەنـەوە، ڕسـتە دەمـارێکی دیکـە پێیـان دەگـوترێ: (پـارا سـمپاتیك) کـە کۆئەندامـەکان شـل دەکەنـەوە، یـانی پێچـەوانەی یەکـدین، یەکـیان تونـدیان دەکاتـەوەو یـەکیان شـلـیان دەکاتـەوە، ئنجـا لـە کاتێکـدا ئینسـان ئـاوی دێتـەوەو ئیحتیلامـی دەبـێ، یـان جیمـاع دەکـات، هاوسـەنگی نێـوان ئـەو دوو دەزگایـە تێکدەچێ، کە ئینسـان هەسـتیش دەکات لەشـی گـرانو سسـت دەبـێ، ئنجـا بـە هـۆی خۆشۆردنەوە ئەو حاڵەتـە هاوسـەنگییە بۆ جەستەی دەگەڕێتـەوە، لێرەدا بـا شـتێکی خۆشتان بۆ بگـێڕمەوە:

دەگێڕنـەوە ڕۆژێـك مەلایـەکی کـوردەواریی خۆمـان لەگـەڵ کەسـێکی نەصـرانیی (فەلـە)، دەبێتە موناقەشـەیان، (فەلە بڕوایـان بە خۆشـۆردن نیـەو دوای جیمـاع بـە فـەرزی نـازانن، کـە ئێسـتا لـە ڕووی پزیشـکییەوە سـەلـمێنراوە ئـەوە پێویسـتە، چونکـە کاریگـەریی لەسـەر هـەموو جەسـتە هەیـە)، نەصرانییەکە گوتـی: باشـە ئێوەی مسـوڵمان دەڵێن: ئەگەر پیاو لەگەڵ خێزانی جووت بوو، دەبێ هەموو بـەدەنی بشـوا؟ مـەلاش دەڵـێ: بەڵـێ، فەلەکەش دەڵـێ: جا ئـەوە غەڵەتـە، مـەلاش دەڵـێ: بۆچـی؟ فەلـە دەڵـێ: تـۆ بـارە خەیارێکـت پێیـە، خـەیارێکت لـێ دەکەوێتـە نێـو قـوڕێ، ئایـا هـەموو بـارە خەیارەکـە دەشـۆی، یـان هـەر ئـەو خـەیارە دەشـۆی کـە کەوتۆتـە نێـو قـوڕ؟ مـەلا گـوتی: هـەر ئـەوەیان دەشـۆم کـە کەوتۆتـە نێـو قـوڕێ، فەلەکـە گوتی: ئەدی بۆچی لە حـاڵەتی جیماعکردنـدا تەنیـا ئەنـدامی پـیس بـوون ناشۆرێو هـەموو جەسـتەت دەشۆی؟

مەلا گوتـی: کاکـی فەلە تێینەگەیشـتووی، گـوتی: بۆچی؟ گوتی: ئایـا ئـەو خـەیارە لـەو بـارە جیـادەبێتـەوە، گوتـی: بەڵـێ، گـوتی: ئـەدی کـە جیمـاعـێ دەکـەی ئـەو ئەندامەت لـە خـۆت جیادەکـەیەوە، یـان هـەر پێتەوەیـە؟ گوتـی: هـەر پێمەوەیـە، گوتـی: کەواتـە: دەبـێ جەسـتەت هـەموو بشـۆی!!

ئنجا لەڕاسـتیدا جیماعـکردن لـە ڕووی پزیشـکییشـەوە کاریگـەریی لەسـەر هـەموو بەدەن هەیـە، بۆیە پێویسـتە هەموو بەدەن ئاوی پـێ بکـەوێو بشـۆرێ، ئنجا دیـارە

لە ڕووی مەعنەوییشەوە، ڕووحو جەستەی ئینسان بە خۆشۆردن، هۆشیاریی‌و چالاکیی، وە نەهێشتنی تەنبەڵیی‌و سستیی بۆ فەراهەم دێنێ، ئنجا یەکێ بۆی هەیە بپرسێ: باشە ئەوە خۆشۆردن بە ئاو حیکمەتەکەی دیارە، بەڵام ئەدی تەیەممووم؟

**تەیەممووم:**

دەڵێین: لەڕاستیدا گڵ، یان ڕووی زەوی زۆرجار میکرۆب‌و شتی زیانبەخش لە بەین دەبات، زانایان دەڵێن خوای کاربەجێ چوار پێنج پاككەرەوەی داناون لەسەر زەوی بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆش‌و میکرۆبات‌و ئەوانە:

١/ گڵ، ڕووی زەوی کە کارلێکی لەگەڵ دەکات، ئەو هەموو کەلاکە تۆپیوو شتە پیسانە دوای ماوەیەك تەماشا دەکەی نامێنن، واتە: هەر ڕووی زەوی بۆ خۆی شت پاك دەکاتەوە.

٢/ با، کە پیسیی‌و بۆگەنیی ڕا دەماڵێ.

٣/ تیشکی خۆر.

٤/ ئاو (باران‌و بەفرو تەرزەو ڕووبارو کانیاو).

ئەوانە هەموویان پاككەرەوەن، وە لە ڕووی دەروونییشەوە بە تەئکید مرۆڤ کە هەست دەکات شەرع وای داناوە کە دەست بە ڕووی زەویدا بێنێ لەجیاتی دەستنوێژ بۆی دروستە، هەست دەکات کە پاکە، وە لە خزمەت خوادا بە پاکیی ڕاوەستاوە.

**مەسەلەی شازدەیەم:** کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا﴾، واتە: چاکەی خوا یاد بکەنەوە بەسەر خۆتانەوە، وە ئەو پەیمانە پتەوەی لەگەڵیدا بەستن، کاتێك کە گوتتان بیستمان‌و فەرمان بەرین، لێرەدا خوا بە ئێمە دەفەرموێ: چاکەی خوا بەسەر خۆتانەوە یاد بکەنەوە، نافەرموێ کام چاکە، کە بێگومان ئیسلام گەورەترین نیعمەت‌و چاکەیە، هەروەها لەش ساغیی چاکەیە،ماڵی حەلاڵ چاکەیە، ماڵ‌و منداڵی حەلاڵ‌و هێمنیی‌و ئاسایش‌و ئازادیی‌و ئەو هەموو بژێوو

ڕۆژییانە، هەموو ئەوانە چاکەن و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، ﴿وَمِيثَـٰقَهُ ٱلَّذِى وَاثَقَكُم بِهِۦٓ﴾، وە ئەو پەیمانە پتەوەی کە لەگەڵی بەستن، (الـميثاق: عَهْدٌ مُؤكَّدٌ بيَمينٍ) پەیمانێکە بە سوێند لەسەر خواردن، یان بەدەست لە دەستی یەکدی نان، تەئکیدی لەسەر کرابێتەوە، ئایا ئەو پەیمانە چییە؟ زانایان سێ چوار ئیحتیمالیان بۆ داناون:

١- هەندێکیان دەڵێن: مەبەست پێی پەیمانی دووەمی (عَقَبَـة)یە، کە پێغەمبەر ﷺ پەیمانی لە هاوەڵانی بەڕێزی وەرگرت کە حەفتاو پێنج کەس بوون، حەفتاو سێ پیاوو دوو ئافرەت، کە پەیمانەکە وەك لە سیرەی (ابْنُ هِشام)[1]دا هاتوە، هەروەها لە (البداية والنهاية)ی (إبن كثير)[2]، وە (إمام أحمد) هێناویەتی، وە (حاكم وإبن حبان) بە صەحیحیان داناوە، ئاوایە: ﴿عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رضِيَ اللهُ عَنْهُمَا فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ! نُبَايِعُكَ، قَالَ: تُبَايِعُونِي عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، فِي النَّشَاطِ وَالْكَسَلِ، وَالنَّفَقَةِ فِي الْعُسْرِ وَالْيُسْرِ، وَعَلَى الأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيِ عَنِ الْمُنْكَرِ، وَأَنْ تَقُولُوا فِي اللهِ لا تَخَافُونَ فِي اللهِ لَوْمَةَ لائِمٍ، وَعَلَى أَنْ تَنْصُرُونِي فَتَمْنَعُونِي إِذَا قَدِمْتُ عَلَيْكُمْ مِمَّا تَمْنَعُونَ مِنْهُ أَنْفُسَكُمْ وَأَزْوَاجَكُمْ وَأَبْنَاءَكُمْ وَلَكُم الْجَنَّةُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤٤٩٦)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٠١٢) وَصَحَّحَهُ كل من شعيب الأرنؤوط والألباني}، واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵڵا خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە (کە پەیمانی دووەمی عەقەبە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بەسترا، حەفتاو پێنج لە پشتیوانەکان هاتن، لە ئەوس و خەزرەج حەفتاو سێ پیاو لەگەڵ دوو ئافرەت، بەم شێوەیە پەیمانیان بەست)، دەڵێ: گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! لەسەر چی پەیمانت لەگەڵ ببەستین؟ (مسوڵمان بووین، بەڵام لەسەر چی پەیمانت لەگەڵ دەبەستین، واتە: وەك سەرۆك وڵاتێك، بەرپرسێك، خاوەن دەسەڵاتێك) فەرمووی: پەیمانم لەگەڵ ببەستن کە گوێم بۆ بگرن و بە قسەم بکەن، لە کاتێکدا کە لە قالبتان خۆشەو لە کاتێکدا

---

١) ج٢، ص٢٢٨، ط دار ابن الهيثم.

٢) ج٣، ص.٢٨٤

کە لە قالبتان ناخۆشە، (واتە: لە کاتی چالاکیی‌و لە کاتی تەنبەڵیی دا)، وە لەسەر ئەوە کە ماڵی خۆتان ببەخشن لە کاتی سەغڵەتیی‌و لە کاتی ئاسایید‌ا، (واتە: کاتێك کە تەنگ دەستن‌و لە کاتێکدا کە دەوڵەمەندن)، وە پەیمانم لەگەڵ ببەستن لەسەر فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە، وە لەسەر ئەوە کە لە پێناوی خوادا قسەی هەق بکەن‌و لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسێن، وە لەسەر ئەوە کە پشتم بگرن‌و سەرم بخەن، هەرکاتێك هاتم بۆ نێوتان {(واتە: هاتم بۆ شاری (یثرب) کە دوایی ناوی گۆڕدرا بۆ (مەدینە)} من بپارێزن لە هەر شتێك کە خۆتان‌و ماڵ‌و منداڵەکانتانی لێ دەپارێزن، پشتم بگرن‌و بەرگرییم لێ بکەن، وە بەهەشتتان هەبێ لە بەرانبەردا.

٢- وە هەندێك دەڵێن: مەبەست پێی ئەو پەیمانەیە کە لە ژێر درەختێکدا بەسترا، بە ناوی (شجرة الرضوان) کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾﴾ الفتح، پەیمانی عەقەبەش لە ساڵی سێزدە (١٣)ی پێغەمبەرایەتی دا بوو، بەڵام پەیمانی (رضوان) لە ساڵی شەشەمی کۆچییدا لە حودەیبییەدا بوو، دوای ئەوەی کە کافرەکان ڕێیان لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان گرت، پێغەمبەری خوا دەوری هەزارو چوارسەد (١٤٠٠) جەنگاوەری لە خزمەت دابوون، بانگی کردن وەرن، پەیمانم لەگەڵ تازە بکەنەوە[1]، جا بۆیە لێرەوە دەبێ بزانین بەیعەت کردن تەنیا بۆ مسوڵمان بوون نەبووە، چونکە ئەوانە هەموو مسوڵمان بوون، چ ئەوانەی پەیمانی (عەقەبە)یان بەستوە، چ ئەوانەی پەیمانی (رضوان)یان بەستوە، بەڵام پەیمان دان بۆ تەئکیدکردنەوەی ئەوەیە کە تۆ بە قسەی ئەو بەرپرسەی خۆت دەکەی، جا خوا لە ئایەتی ژمارە (١٨)ی سوورەتی (الفتح)دا دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾،

---

٢) بڕوانە: السيرة النبوية لابن هشام، ج ٣، ص ١٦٢- ١٧٢.

واتــە: خـوا ڕازی بـوو لـەو ئیماندارانـەی كـە پـەیمانت لەگـەڵ دەبەسـتن لـە ژێـر درەختەكەدا، (خوا) زانی چییان لە دڵدایە، ئارامیی ڕژاندە سەریان.

٣- وە هەندێك دەڵێن: مەبەسـت پێـی ئەو پەیمانەیە كە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِيٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَأَشۡهَدَهُمۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَلَسۡتُ بِرَبِّكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ شَهِدۡنَآۚ أَن تَقُولُواْ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنۡ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾ ﴾ الأعـراف، واتە: وە یاد بكـەوە كاتێك پـەروەردگارت وەچـەی ئـادەمی لە پشتی لە ئادەم وەرگـرت، وە پێی فەرموون: ئایا من پەروەردگارتان نیم؟ گوتیـان: بـا، واتـە: بەسـەر خۆیانەوە كردنی بە شایەد، هەندێك دەڵێن: مەبەست پێی ئەو پەیمانەیە

٤- وە هەندێكیش گوتوویانە: مەبەسـت پێـی ئـەو بەڵگـە عەقـڵیی‌و شـەرعییانەن كە بەڵگەن لەسەر یەكـتایی خـواو، لەسەر ڕاسـتیی ئیسـلامو، ڕاسـتیی پێغەمبـەرو ﷺ تا كـۆتایی، وەك خـوا دەفـەرموێ: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾یونـــس، واتـە: بڵـێ: تەماشـای ئاسـمانەكان‌و زەوی بكـەن، بـەڵام نیشـانەكان‌و ترسـاندنەكان (ئاگـادار كردنەوەكان) چ سـوودیان هەیـە بۆ كەسـانێك كە ئیمان نـاهێنن.

بـەڵام مـن ئـەو ڕایـەم پـێ ڕاسـتە كـە لێـرەدا مەبەسـت لـەو پەیمـانە ئەوەیـە كـە هـەموو ئیمانـدارێك پـەیمانی لەگەڵ خـوادا هـەیـە، لـەو ڕۆژەوە كـە تـۆ دەڵـێی: (أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ ، وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدًا رَسُـولُ اللهِ) پـەیمان لەگـەڵ خـوادا دەبەسـتی، كـە بێجگـە لـە خـوا كـەس بـە پەرسـتراو نەزانـی، وە بێجگـە لـە موحەممـەد ﷺ كەس بە ڕابەرو پێشەواو سـەر مەشـقی ڕەهـای خـۆت نـەزانی‌و، بـە دوای پێغەمبـەری خـوا بكـەوی‌و بـە ڕێـی ئـەودا بـڕۆی، كـە ئەویـش بـە ڕێـی قورئـاندا دەڕوات، هـەموو ئیمانـدارێك پەیمـانی لەگـەڵ خـوادا هەیـە، واتـە: مەبەسـت پێـی ئـەو پەیمانەیـە، بۆیـەش وادەڵێم، چونكە خـوای پـەروەردگار لێـرەدا بەگشـتی دەفـەرموێ: ﴿ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم

﴿بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ﴾، وە لەگەڵ هەموومانیەتی، ئنجا ئەگەر بەپێی ڕای یەکەم بێ، (پەیمانی عەقەبە) تەنیا حەفتاو پێنج هاوەڵەکەی گرتۆتەوە، کە ئەوکاتە[1] ڕەنگە ژمارەیەکیشیان لێ شەهید بووبن! وە ئەگەر مەبەست ئەوەی ژێر درەختی (رضوان) بێ، تەنیا هەزارو چوار سەد کەس دەگرێتەوە، ئەدی بڕوادارانی دیکە؟ ئنجا کە دەفەرموێ: خوا کاتێك کە وەچەی ئادەمی لە پشتی ئادەم وەرگرت؟! ئێمە دەڵێین: ئەو تەعبیرە زیاتر مەبەست پێی ئەوەیە کە خوا ئینسانەکانی وا خوڵقاندوە وەك بڵێی پەیمانی لێ وەرگرتبن، ئەگەرنا کەس ئەو پەیمانەی نایەتەوە بیر، کەس دێتەوە بیری ئەو ڕۆژەی کە خوای باڵادەست قسەی لەگەڵ ڕووحی ئێمە کردبێ؟ کەس نایەتەوە بیری، کەواتە: لێرەدا وەك هەندێك لە زانایان دەڵێن مەبەست پێی ئەوەیە کە خوا ئینسانی وا دروست کردوە، وەك پەیمانی لێ وەرگرتبێ، کە تەنیا خوا (اللّه) بە پەروەردگاری خۆی بزانێ، چونکە لەسەر ئەو فیطرەتە خوڵقاندوویەتی، کەواتە: مەبەست لەوە کە ئیمانداران پەیمانیان لەگەڵ خوادا هەیە، ئەوەیە کە تەنیا ئەو پەرستراویان بێ، پەروەردگاریان بێ، دانەری بەرنامەی ژیانیان بێ، وە تەنیا موحەممەد ﷺ کە ڕەوانەکراوی ئەوە سەرمەشقی ژیانیان بێ.

**مەسەلەی حەڤدەیەمو کۆتایی:** کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، بێگومان خوا بە خاوەنی سینەکان، ئاگادارە، زانایە، خاوەنی سینەکان خۆی مەبەست پێ نهێنییەکانی نێو سینەکانن، بەڵام بۆچی دەفەرموێ: (ذات الصُدُور) (ذات) یانی: (صاحب)، خاوەن سینەکان، وەك بڵێی نهێنییەکان بووبنە خاوەنی ئەو سینانە، خوا ﷻ دەفەرموێ: من بە نێو دڵیشتان، بە نێو سینەکانیشتان زاناو ئاگادارم، کەواتە: فێڵ لە خوا ناکرێ، ڕاستو ساغ بن، لەگەڵ خوای خۆتاندا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) واتە: کاتی دابەزینی سوورەتی (المائدة) کە ئەو ئایەتەی تێدایە.

# دەرسی سێیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا ئایەتەکانی: (٨، ٩، ١٠، ١١) دەتوێژینەوەو تەفسیر دەکەین، کە خوا ﷻ بۆ جاری چوارەمو پێنجەم لەم سوورەتەدا بە نازناوی ئیمان ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، مسولْمانان دەدوێنێ، وە سەرەتا فەرمانیان پێدەکات بە ڕاوەستان بۆ خوا، وە شایەدیی دان بە دادگەریی، وە وریا بوون لەوەی کە لە کاردانەوەی خراپەی خەڵکی نامسولْماناندا لە دادگەریی لابدەن، وە فەرمان پێکردنیان بە پارێزکاریی.

پاشان باسی بەڵێنی خۆی دەکات بۆ ئەو ئیماندارانەی کردەوەی باش ئەنجام دەدەنو ئیمانیان هەیە، کە لێبوردنێکو پاداشتێکی مەزنیان بداتێ، هەروەها هەڕەشەی خۆیشی بۆ بێبڕوایان دەخاتەڕوو، کە ببنە هاوەڵو خاوەنی دۆزەخ، ئنجا بۆ جاری پێنجەم بانگی مسولْمانان دەکاتو بە نازناوی ئیمان ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، دەیاندوێنێ، پێیان دەفەرموێ: کە یادی چاکەی خوا بکەنەوە، کە لە شەڕو زیانی ناحەزانیان پاراستوونی، وە فەرمانیان پێدەکات بە پارێزکردن، وە تەنیا پشت بە خوا بەستن.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ
شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ
خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ۙ
لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٩﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ
أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٠﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ
إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ ۖ وَٱتَّقُوا۟
ٱللَّهَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ ﴾.

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((ئەی ئەوانەی بڕواتـان هێناوە! بـە تەواویـی بـۆ خـوا لەسـەر هـەق ڕاوەستاوبن، وە شـایەدیی بـە دادگەرانـە بـدەن، وە بـا ڕق لێبوونـەوەتان لـە کۆمەڵـێك پەلکێشـی نادادگەرییتـان نـەکات، دادگـەربن، ئـەوە لـە پارێزکارییـەوە نـزیکتـرە، وە پـارێز لـە خـوا بکـەن، بێگومـان خـوا بـەوەی دەیکـەن شـارەزایە، ﴿٨﴾ خـوا بەڵـێنی لـێبوردنو پاداشتێکی مـەزنی بـەو کەسانە داوە کـە ئیمانیـان هێنـاوەو، کـردەوە باشـەکان ئەنجـام دەدەن ﴿٩﴾ وە ئەو کەسانەی بێبڕوانو ئایەتـەکانمانیان بـە درۆ دانـاوە، ئەوانـە خـاوەنی (یـان هاوەڵـی) کڵپەی ئاگری دۆزەخـن ﴿١٠﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێنـاوە! یـادی چاکەی خوا بەسەر خۆتـانەوە بکەنـەوە، کاتێـك کۆمـەڵێك ویسـتیان دەسـتتان بـۆ درێـژ بکـەن، ئـەویش (واتـە: خــوا) دەسـتیانی لێتـان گێڕایـەوە، وە پـارێز لـە خـوا بکـەن، وە بـا بڕواداران تەنیـا پشـت بە خوا ببەسـتن ﴿١١﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ): واتە: زۆر بۆ خوا ڕابوەستن، لەسەر ڕێی ڕاست بوەستن، یاخود لەسەر هەق بوەستن، جا وشەی: (قَوَّام) صیغه موبالەغەی (قائم)ە، (قائم) واتە: ڕاوەستاو، (قَوَّام) واتە: زۆر ڕاوەستاو لەسەر هەق، دەڵێ: (قِيام بِالشَّخْص إِمَّا بتسخير أَو اختيار، وَقِيَام للشيء هُوَ المُرَاعَاةُ للشيءِ والحِفْظ لَهُ)، (قِيام) لە زمانی عەرەبی بە چەند شێوەیەکە، دەگوترێ: (قِيام بِالشَّخْص) واتە: کەسێك بە هۆی کەسێکەوە ڕابوەستێ، (وَقِيَام للشيء) ڕاوەستان بۆ شتێك کە بریتیە لە ڕەچاوکردنیو پارێزکاریی لێکردنی کە دەفەرموێ: ﴿كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ﴾، واتە: بۆ خواو لەبەر ڕەچاوکردنی شەریعەتی خوا ڕابوەستن لەسەر ڕاستە شەقامی خوا، واتە: لەسەر هەق.

(وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ): واتە: با واتان لێنەکاتو پەلکێشتان نەکات، لە قورئاندا لە چەند شوێنێك ئەم وشەیە هاتوە، (أَجْرَمَ، أي: سَارَ ذا جُرمِ) وەك: (أَثْمَرَ وأَلْبَنَ)، (أَثْمَرَ) واتە: میوەی دەرکرد، (أَلْبَنَ) واتە: شیری پەیداکرد، دەگوترێ: (أَلْبَنَتِ البقرة) واتە: مانگایەکە شیری پەیداکرد لە گوانیدا، وە (أَجْرَمَ) واتە: جورمی پەیداکرد، ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ﴾، واتە: با پەلکێشتان نەکات بۆ گوناحو خراپە، وە وشەی (إِجْرَام) هەرچەندە لە بنەڕەتدا بۆ هەر جۆرە کردەوەو بە دەستهێنانێك بەکاردێ، بەڵام بە زۆریی بۆ بەکارهێنانی کردەوەی خراپ بەکاردێ، بۆیە وشەی (مُجْرِم)یش واتە: کەسێك کە خراپەو تاوانێك دەکات.

(ٱلۡجَحِيمِ): (الجَحْمَة: شِدَّةُ تأجُّجِ النَّارِ، وَمِنْهُ الجَحِيم)، (الجَحمَة) بە کڵپەی سەوزی ئاگر دەگوترێ، کە ئاگر زۆر کڵپە دەسێنێ سەوز دەبێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (جَحمَةُ النَّار)، ئاگری دۆزەخ بۆ پێی دەگوترێ (جَحِيم)؟ چونکە ئاگرەکەی زۆر کڵپە سەندوو بەهێزە.

(أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ): واتە: دەستتان بۆ درێژ بکەن، چونکە دەڵێ: (البَسْطُ: النَّشْرُ، وبَسْطُ اليَدِ: مَدُّها)، (بَسْط) واتە: بڵاوکردنەوەو فراوانکردن، وە (بَسْطُ اليَدِ) واتە: دەستدرێژکردن.

(فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡ): دەستیانی لێتان گێڕایەوە، دەڵێ: (الكَف) لە ئەسڵدا بە لەپە دەست دەگوترێ، (وَتُعورِفَ الكَفُّ بالدَّفْعِ عَلَى أيّ وَجْهٍ كَانَ بِالْكَفِّ كَانَ أَوْ غَيرها) وشەی: (كَف) لە بنەڕەتدا بە لەپە دەست دەگوترێ، بەڵام دوایی لە زمانی عەرەبیدا بەکاریان هێناوە بۆ گێڕانەوەی شتێك، (كَفَّهُ) واتە: (دفعهُ) واتە: گێڕایەوە، جا چ بە دەست بیگێڕێتەوە، چ بە لاق بیگێڕێتەوە، بە هەر شتێك بیگێڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئینسان بە زۆری بە لەپە دەست شت دەگێڕێتەوە، بۆیە وشەی (كَف) واتە: (دفع)، (كَففتهُ، دفعتهُ) واتە: گێڕامەوە.

## هـۆی هاتنـه خـوارەوەی ئایـەتـەکان

١) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ڕستە قورئانییە کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾﴾:

﴿قَال الطَّبَرِيّ: نَزَلَتْ في يَهُودِ خَيْبَر، أَرادُوا قَتْلَ النَّبِيِّ ﷺ، وَقَالَ إِبْنُ جُرَيج، قَالَ عَبْدُاللهِ بْنُ كَثير: ذَهَبَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِلى يَهُود يَسْتَعِينهُمْ في دِيَةٍ، فَهَمُّوا أَنْ يَقْتلُوهُ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾﴾[1]،

واتە: تەبەریی دەڵێ: دەربارەی جوولەکەکانی خەیبەر هاتە خوار، کاتێك ویستیان پێغەمبەر ﷺ بکوژن، وە ئیبنو جورەیج (کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین) دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی کەثیر گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ چووە بۆ لای جوولەکەکان داوای لێکردوون لە خوێنێکدا بەشداریی بکەن (خوێنێك کەوتۆتە سەر مسوڵمانان، دیارە ئەو کاتیش مسوڵمانان پەیمانیان لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینەدا هەبوو بە (صحیفة)ی مەدینە کە دەبووایە هاوکاری یەکدی بن، چووە داوای هاوکاریی و یارمەتی لێکردوون لەو خوێن دانە، ئەوانیش ویستیان بیکوژن) ئنجا کە مسوڵمانان ئەو نیەتە خراپەی جوولەکەیان بۆ ئاشکرابوو، ویستیان تۆڵە لە جوولەکەکان بستێننەوە، خوای دادگەریش ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ...﴾، واتە: با ڕق هەڵسانتان لە کۆمەڵێك واتان لێنەکات نادادگەریی بکەن، بەڵێ ئەوان کە ویستوویانە پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژن، خراپەیان کردوە، بەڵام ئەوە پاساوی ئەوەنیە ئێوەش بێن بیانکوژن، بەڵکو دەبێ سزای دیکە بدرێن، ئەگەرنا لەسەر ئەوە کە بە تەمای

---

١) جامع البيان، ج٦، ص١٥٦، برقم: (١١٤٧٨).

گوناهێك بوونو بۆیان نەکرا، ئەوە نابێ تۆڵەی ئەو گوناهەیان لێ بسەندرێتەوە کە نەیانتوانیوە بیکەن، ئایا ئەگەر کەسێك ویستی کەسێك بکوژێ، دروستە تۆ بچی بیکوژی؟ نەخێر، بەڵام ئایا ناگونجێ هیچ جۆرە سزایەکی بدەی؟ با، بەڵام لەسەر ئەو کارە تۆڵە (قصاص)ی لەسەر پێویست نابێ.

٢) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ڕستە قورئانییە کە دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ ﴾:

أ- ﴿عَنْ يَزِيدِ بْنِ أَبي زِيَادٍ، قَالَ: أَنَّ النَّبيّ ﷺ خَرَجَ وَمَعَهُ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَر وَعُثْمَان وَعَلِيّ وَطَلْحَة وَعَبْدُالرَّحْمَن بْن عَوْف رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ، حَتَّى دَخَلُوا عَلَى كَعْبِ بْنِ الأَشْرَف وَيَهُود بَنِي النَّضِير يَسْتَعِينهُم فِي عَقْلٍ أَصَابهُ، فَقَالوا: نَعَمْ، اجْلِس حَتَّى نُطْعِمُكَ وَنُعْطِيك الَّذِي تَسْأَلُنَا، فَجَلَسَ، فَقَالَ حُيي بْنُ أَخْطَب لأَصْحَابهِ: وَلا تَرَونهُ أَقْرَب مِنْهُ الآنَ، اطْرَحُوا عَلَيْهِ حِجَارَة فَاقْتُلُوهُ وَلا تَرَونَ شَراً أَبَداً، فَجَاءوا إِلَى رِحى عَظِيمَة لِيَطرحوها عَلَيْهِ، فَأَمْسَكَ اللهُ عَنْهَا أَيدِيهم حَتَّى جَاءَهُ جبريل فَأَقَامَهُ مَنْ ثَمَّ، فَأَنْزَلَ اللهُ جَلَّ وَعَزَّ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ ﴾﴾[1]، واتە:

یەزیدی کوڕی ئەبی زیاد دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆ لای جوولەکەکان، ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانو عەلیو طەڵحەو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف خوا لێیان ڕازی بێ لە خزمەتی دابوون، هەتا چوونە لای کەعبی کوڕی ئەشرەف (کە سەرۆکی جوولەکەکانی خەیبەرو بەنی "قریظة" بوو)، وە یەهوودی بەنی نەضیر، پێغەمبەری خوا ﷺ داوای هاوکارییو یارمەتی لێکردن بۆ خوێنێك کە کەوتبووە سەریان، (عقلو دیة - بە واتای خوێنبایی دێ)، جوولەکەکانیش گوتیان: بەڵێ، دانیشە، بۆئەوەی خواردنیشت بدەینێو ئەوەی داواشت کردوە پێت بدەین، پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشت، (حُيي بْنُ أَخْطَب) بە هاوەڵەکانی خۆی گوت: هیچ

١) جامع البيان برقم: (١١٤٨٢)، ولباب النقول في الأسباب النزول للسيوطي، برقم: (٣٩٢).

کاتێك لە ئێستا نزیکتر چنگتان ناکەوێ، (واتە: لەبەر دەستتانە) بەردێکی بەسەردا بدەن و بیکوژن، وە لە دوای وی هەرگیز تووشی خراپە نابنەوە، (یانی: ئەگەر موحەممەد لە کۆڵ خۆتان بکەنەوە، تازە بۆخۆتان دەکەونە خێرو خۆشیی)، ئەوانیش چوون بەرداشێکی زۆر گەورە لەوێ بوو، چوون بیهێنن و خلۆری بکەنەوە بەسەر پێغەمبەری خوادا ﷺ، (دیارە پێغەمبەر ﷺ لە بن دیوارێك دانیشتوە لە شوێنێك کە دووقات بووە، یان سەربانێکی بەرزی هەبووە) ئیدی خوا دەستی گرتن، وە نەیانتوانی بەرداشەکەی بەسەردا بەردەنەوە، جبریلیش هات و لەوێ هەڵیساندو هەواڵی پێدا کە ئەوان بە تەمای پیلانێکی ئاوان، جا بەوبۆنەوە خوا (جَلَّ وَعَزَّ) ئەو ئایەتەی ناردە خوار: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ ﴾.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: مادام ئەو جوولەکانە بە تەمابوون دەستدرێژیی بکەنە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەدی بۆچی خوا دەفەرموێ: ئەی ئیماندارینە؟! وەڵامەکەی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێغەمبەری هەموو ئیماندارانە، خوا کە پێغەمبەرەکەی خۆی پاراستوە، وەك ئەوەیە هەموو ئیماندارانی پاراستبن، ئەگەر خوانەخواستە ئەو زیانی هێنابا، هەموو ئیمانداران زەرەریان دەکرد، وە هەموو ئیماندارانیش دەبێ پێغەمبەریان لە خۆیان خۆشتر بووێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ...﴿٦﴾ ﴾الأحزاب، واتە: پێغەمبەر ﷺ بۆ ئیمانداران لە نەفسی خۆیان لە پێشترە، واتە: دەبێ لە خۆیانیان خۆشتر بوێ.

ب- هەروەها هەر لەوبارەوە ئەو بەسەرهاتەش گێڕدراوەتەوە، کە دەشگونجێ هەردووکیان مەبەست بن، چونکە جاری وایە دوو سێ ڕووداو ڕوویان داوە، ئایەتێك هاتۆتە خوارێ هەم ئەو ڕووداوەی پێ مەبەستە، هەم ئەو ڕووداوەشی پێ مەبەستە، وە هەم ئەوی دیکەشی پێ مەبەست بووە، ئەمەش دەقی بەسەرهاتەکەیە: ﴿عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَنَّ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا أَخْبَرَ أَنَّهُ غَزَا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ قِبَلَ نَجْدٍ فَلَمَّا قَفَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ قَفَلَ مَعَهُ فَأَدْرَكَتْهُمُ الْقَائِلَةُ فِي وَادٍ كَثِيرِ الْعِضَاهِ، فَنَزَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَتَفَرَّقَ النَّاسُ

يَسْتَظِلُّونَ، بِالشَّجَرِ فَنَزَلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ تَحْتَ سَمُرَةٍ وَعَلَّقَ بِهَا سَيْفَهُ، وَنِمْنَا نَوْمَةً فَإِذَا رَسُولُ اللهِ ﷺ يَدْعُونَا وَإِذَا عِنْدَهُ أَعْرَابِيٌّ، فَقَالَ: إِنَّ هَذَا اخْتَرَطَ عَلَيَّ سَيْفِي، وَأَنَا نَائِمٌ فَاسْتَيْقَظْتُ وَهُوَ فِي يَدِهِ صَلْتاً فَقَالَ: مَنْ يَمْنَعُكَ مِنِّي؟ فَقُلْتُ: اللهُ ثَلاثاً، وَلَمْ يُعَاقِبْهُ وَجَلَسَ﴾[1]، واته: جابیری کوڕی عەبدوڵڵا خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو نەجد بۆ جەنگ چووین، (نەجد: واتە: سەرەوەی ڕۆژهەڵاتی نیوە دوورگەی عەرەبیی) کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە لەو جەنگە جابیریش لەگەڵی گەڕاوەتەوە، کاتی نووستنی نیوەڕۆ بوو، لە شیوێك کە دارو درەختی زۆر بوو، (جەنگەڵستانێك بوو، بۆئەوەی هەر کەسێك بچێتە ژێر سێبەری دارێك ئیسراحەت بکات) پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژێر سێبەری درەختێکدا دابەزیو شمشێرەکەشی بە یەکێك لە لقەکانی درەختەکە هەڵواسی، جا دەڵێ: تۆزێك خەوتینو سەرخەوێکمان شکاند، هەر ئەوەندەمان زانی پێغەمبەری خوا ﷺ وا بانگمان دەکات، (ئێمەش چووینە خزمەتی) دیتمان عەرەبێکی دەشتەکیی، (خێڵەکیی) لە لای دانیشتوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو کابرایە شمشێرەکەمی هەڵکێشا، منیش خەوتبووم، کە بەئاگا هاتم شمشێرەکەی بە ڕووتی لەدەستدا بوو، (صَلْتاً: واتە: لە کالان دەری هێنابوو) سێ جاران پێی گوتم: کێ لە من دەتپارێزێ؟ گوتم: خوا، (دیارە لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەڵێ: شمشێرەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە، وە لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەڵێ: هەرچەندە ویستوویەتی دەستی لێ بوەشێنێ، دەستی ڕەق بووەو نەیتوانیوە)، ئەوە لێرە دانیشتوە، پێغەمبەری خواش ﷺ سزای نەدا، (لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ شمشێرەکەی لە دەست دەرهێناو فەرمووی: ئەدی کێ تۆ لە من دەپارێزێ؟ ئەویش گوتوویەتی: تۆ باشترین کەسێك بە کە شمشێری بە دەستەوەیە) واتە: مەیوەشێنەوە! ئیدی سزای نەدا، جا لەوبارەوە خوا ﷻ ئەم ئایەتەی ناردۆتە خوارێ کە دەفەرموێ: ئەی بڕوادارینە! یادی چاکەی خوا بکەنەوە لەسەر خۆتان، کە کەسانێك ویستیان دەستدرێژیی بکەنە سەرتان، بەڵام خوا دەستی ئەوانی لە ئێوە گێڕایەوە.

---

١) مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: الْبُخَارِيُّ برقم: (٤١٣٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٩٤٦).

# مانای گشتی ئایەتەکان

وەك پێشتر باسمان کردوە لەم سوورەتە موبارەکەدا شازدە جار خوای پەروەردگار ڕستەی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ی، دووبارە کردۆتەوە، وە جا ئەمجارە لە ئایەتی هەشتەم دایەو، جاری چوارەمینە لەم سوورەتەدا ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، دووبارە دەبێتەوە، دیارە ئێمە باسمان کرد کە ئەم سوورەتە زۆر باسی پەیمانو گرێبەستو بەڵێن دەکات، لێرەدا خوا ﷻ دوای ئەوەی کە لە ئایەتەکانی ڕابردوودا باسی چەند یاسایەکی شەرعیی کرد، وە پاشان باسی دەستدرێژیی کرد، وە باسی خۆشۆردنی کرد، وە باسی تەیەمومی کرد بۆ ئەو کەسانەی کە ئاویان دەستناکەوێ، ئنجا باسی ئەو پەیمانەی کرد، کە ئیمانداران بیهێننەوە بیر خۆیان، کە خوا لەگەڵیدا بەستوون بە حوکمی ئیمانەکەیان، هەموو ئیمانداریك پەیمانی لەگەڵ خوا بەستوە کە بەندەی خوا بێ، ئنجا خوا ﷻ بۆ جاری چوارەم دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بۆ خوا زۆر باش بوەستن، وە بە دادگەریی شایەدیی بدەن، لە سوورەتی (النساء)یش بە شێوەیەکی دیکە ئەم ئایەتە هاتوە، دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ ... ﴿١٣٥﴾ ﴾، لێرەش دەفەرموێ: ﴿كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ﴾، زۆر بە دادگەریی هەڵسن، لەبەر خوا شایەدیی بدەن، لێرەدا دەفەرموێ: زۆر بۆ خوا ڕابوەستن، بە دادگەریی شایەدیی بدەن، کە خوا پشتیوان بێ ئێمە لە مەسەلە گرنگەکان باسی دەکەین بۆچی لێرەدا وا هاتوە، وە لەوێش وا هاتوە؟ حەتمەن حیکمەتی خۆی تێدایە، گرنگ ئەوەیە لێرەدا خوا دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بۆ خوا زۆر باش ڕاست بوەستن، واتە: لەسەر ڕاستە شەقامی ئەو بوەستن، وە بە دادگەریی شایەدیی بدەن، وە کە شایەدییتاندا، ئنجا شایەدییدانەکە بۆ مسوڵمانان بوو یان بۆ نامسوڵمانان بوو، با دادگەرانە بێ، چیتان ئاگا لێیە، وا بڵێن، وە

شایەدییەكە مەگۆڕن، ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْ﴾، وە با ڕق هەڵسانتان لە كۆمەڵێك، ئەو كۆمەڵە كافربن، یان مسوڵمان بن، دوژمن‌و ناحەزبن، یان نزیك‌و دۆست بن، چونكە بە زۆریی وایە ئینسان ڕقی لە ناحەز هەڵدەستێ، وە مسوڵمان ڕقی لە كافر هەڵدەستێ، وە دەشگونجێ مسوڵمان ڕقی لە كەسانێكی مسوڵمانیشی هەڵسێ، كە زوڵمیان لێكردوە، بۆیە مەرج نیە بە تەنیا كافران بگرێتەوە، گرنگ ئەوەیە خوا ﷻ دەفەرموێ: با ڕق هەڵسانتان لە كەسانێك واتان لێنەكات‌و پەلكێشتان نەكات، بەرەو نادادگەریی ﴿ٱعۡدِلُواْ﴾، لەگەڵ دۆست‌و دوژمندا دادگەربن، لەگەڵ كافرو مسوڵماناندا دادگەربن، ئەگەر شایەدییتاندا، ئەگەر حوكمتان كرد، دادگەرانە شایەدیی بدەن‌و دادوەریی بكەن، ﴿هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰ﴾، دادگەریی لە پارێزكارییەوە نزیكترە، واتە: لە ئەنجامی دادگەربووندا تەقوا پەیدا دەبێ، تەقواش بەرهەمی كردەوە باشەكانە، خوای پەروەردگار باسی عیبادەت دەكات، دەفەرموێ: بۆئەوەی تەقواتان پەیدابێ، باسی ڕۆژوو دەكات، دەفەرموێ: بۆئەوەی تەقواتان پەیدابێ، باسی دادگەریی دەكات، دەفەرموێ: بۆئەوەی تەقواتان بۆ پەیدابێ، لە ئەنجامی عیبادەتدا ئینسان تەقوا بە دەست دێنێ، لە ئەنجامی ڕۆژووگرتندا كە جۆرێكە لە عیبادەت، ئینسان تەقوا وەدەست دێنێ، لە ئەنجامی خۆڕازاندنەوە بە سیفەتی دادگەریی دا، ئینسان تەقوا وەدەست دێنێ.

وەك خوا ﷻ دەربارەی عیبادەت دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾﴾البقرة، واتە: ئەی خەڵكینە! بەندایەتیی بۆ خوا بكەن، ئەو خوایەی كە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست كردوە، بۆئەوەی پارێزكاربن.

دەربارەی ڕۆژووگرتن خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾﴾البقرة، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ڕۆژووگرتنتان لەسەر پێویست كراوە، وەك چۆن لەسەر ئەوانی پێش ئێوەش پێویست كرابوو، بۆئەوەی پارێزكاربن، (تەقواتان پەیدابێ).

لێرەشدا دەفەرموێ: ﴿ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰ ﴾، دادگەربن ئەوە نزیکترە لە پارێزکارییەوە، ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، وە پارێز لە خوا بکەن، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾، بێگومان خوا بەوەی دەیکەن شارەزایە، لە هەندێك شوێنان خوا وشەی (علم) بۆخۆی بەکاردێنێ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٢٣﴾ ﴾ لقمان، لێرەشدا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾، ئەو سیفەتانەی خوای بێوێنە هەرکامێکیان لەگەڵ ئەو مەبەستە کە باس دەکرێ، گونجاون، بۆ زانینی نهێنی نێو دڵەکان سیفەتی زانیاری (علم) گونجاوترە، ناسینی کردەوەکان سیفەتی شارەزایی (خبیر) گونجاوترە، واتە: خوا بە کردەوەکان شارەزایەو بە نهێنی نێو دڵەکان، زانایە.

ئنجا خوای پەروەردگار دەیخاتە ڕوو کە بەڵێنی داوە بە ئیمانداران، ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٞ ﴾، واتە: خوا بەڵێنی داوە بە ئیماندارانێك کە ئیمانیان هێناوەو کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، بە لێبوردنێك کە شایستەیە، وە پاداشتێکی مەزن، بەڵێنی ئەوەی پێداون، واتە: ئیماندارینە! ئێوە لەبەر لێبوردنێك و پاداشتێکی مەزن کە خوا بۆی داناون، دادگەربن و دادگەریی یەکێکە لەو کردەوە باشانەی کە ئیمانەکەتان دەیانخوازێ، ئیمان هەموو کردەوەیەکی باش دەخوازێ، ئەگەر ئینسان ئیماندار بێ، دەبێ کردەوە باشەکان لە خۆیدا بێنێتە دی، سیفەتە بەرزەکان لە خۆیدا بێنێتە دی، ئیمان و زوڵم پێکەوە نەگونجاون، ئیمان و دادگەریی پێکەوە گونجاون، ئیمان و تەقوا پێکەوە گونجاون، ئەوە بە نسبەت ئیماندارانەوە، ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوا بوون، وە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ داناوە، ئا ئەوانە هاوەڵانی دۆزەخن، یاخود خاوەنانی دۆزەخن، (أصحاب) کۆی (صاحب)ە، (صاحب) هەم بە مانای هاوەڵ دێ، هەم بە مانای خاوەن دێ، جا ئینسان ببێتە ڕەفیق و هاوەڵی دۆزەخ هەر خراپە، وە ببێتە خاوەنی دۆزەخ و هیچ شتێکی دیکەی نەبێ، جگە لە ئاگری دۆزەخ، هەر خراپە.

ئنجا بۆچی لێرەدا خوای زاناو شارەزا باسی سزای بێبڕوایانێك دەكات كە ئایەتەكانی بە درۆ دادەنێن؟ تاكو كەس گومان نەبات، خوا كافرانی خۆشبوێن، یان كافران سزا نەدات، هەر لەبەرئەوەی دەفەرموێ: لەگەڵ كافرانیش دادگەربن، بەڵام بۆیە وا دەفەرموێ: چونكە دادگەریی هەر لە ئەهلی ئیمان دەوەشێتەوە، وە دادگەریی بناغەی ژیانەو بەبێ دادگەریی كۆمەڵگاكان پێكەوە ناژین، كافرو مسوڵمان بە دادگەریی دەتوانن پێكەوە بژین، كە زوڵم هەبوو كۆمەڵگا تێكدەچێ، ئەوە لەبەرئەوەیە، ئەگەرنا خوای باڵادەست بڕیاری داوە: كافرەكان خاوەنی دۆزەخ بن، وە هاوەڵی دۆزەخ بن.

ئنجا لە كۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! چاكەی خوا بەسەر خۆتانەوە یادبكەنەوە، جا چاكەكانی خوا زۆرن، بەڵام لێرەدا دیاریی دەكات كە مەبەست لەو چاكەیە چییە؟ دەفەرموێ: ﴿إِذۡ هَمَّ قَوۡمٌ أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡ ﴾، كاتێك كە كۆمەڵێك ویستیان دەستتان بۆ درێژ بكەن، خواش دەستی گێڕانەوە، ئەگەر یەكێك بڵێ: باشە ئەوە یەك نەفەر بووە، ویستوویەتی دەستدرێژیی بكات بۆ سەر پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆچی خوا بە كۆمەڵ دەیهێنێ؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لەڕاستیدا ئەو یەك نەفەرە لەوانەیە كۆمەڵێك نەفەر ناردبیان، وەك لە هۆی هاتنەخوارەوەكەشدا باسكرا، ئەگەرنا ئەو كەسە لە كوێ پەیدا بووە؟ دیارە كۆمەڵێك كافر هەبوون، چاودێریی ئەو سوپایەی پێغەمبەر ﷺیان كردووە ئەو نەفەرەیان ناردوە، بۆئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بكوژێ.

ئنجا ئەو حاڵەتەش هەر یەك جار نەبووەو چەند جارێك دووبارە بۆتەوەو خەڵكانی دیكەش ویستوویانە پێغەمبەری خوا ﷺ بكوژن، واتە: لێرە وشەی (قوم) مەبەست پێی هەموویانە، وە دەشگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ كە حاڵەتی دیكە بووە، ئەهلی كوفر ویستوویانە، زەفەر بە مسوڵمانان بەرن، خوای پەروەردگار دەستی گێڕاونەوە، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەی دیكەدا باسكراوە، ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾، وە پارێز لە خوا بكەن، وە ئیمانداران با تەنیا پشت

بە خوا ببەستن، تەماشا بکەن، لێرەدا خوای بێ هاوەڵ لە بەرانبەر پیلانی دوژمناندا هەر دەفەرموێ: ئەهلی تەقوابن، لە کاتێکدا لەگەڵ ئەهلی کوفردا ڕووبەڕوو دەبنەوە، هەر دەفەرموێ: ئەهلی تەقوابن، لە مەسەلەی حوکمو دادوەریی کردندا هەر دەفەرموێ: ئەهلی تەقوابن، لەڕاستیدا تەقواو پارێزکاریی دەبێ لە هەموو مەیدانەکاندا لەگەڵ ئینساندابێ، بۆئەوەی ئینسان لانەداتو کارێك نەکات لە ڕاستە ڕێی خوای کاربەجێ لابدات، بۆئەوەی هەمیشە خوای لەگەڵدابێ، وە بە دڵنیاییی یەوە بە ئەندازەی پارێزکار بوون، خوا لەگەڵ ئیمانداراندا دەبێ، بۆیە تەقوا لە هەموو مەیدانەکاندا پێویستە، ئنجا کە دەشفەرموێ: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ﴾، وە پارێز لە خوا بکەن، وە ئیمانداران با تەنیا پشت بە خوا ببەستن، واتە: پشت بە هیچی دیکە نەبەستن.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە ئەدی مادام هێز ئامادە بکەنو، پارەو سامانو ئیمکانیەتیان هەبێو، لە ڕووی ڕێکخستنی ئیدارییەوە خۆیان ڕێکبخەنو، هەوڵبدەن تا شارەزا بن لە پلانو نەخشەی جەنگیی‌و، لە پیلانی دوژمنان، ئایا پێویست ناکات پشت بەو هۆکارانەش ببەستن؟ دەڵێین: نەخێر، چونکە ئەوانە هەموویان هۆکارن، دەبێ دەستیان پێوە بگیرێ، بەڵام تەنیا خوا دەبێ پشتی پێ ببەسترێ، دەبێ دڵ تەنیا بە خواوە پەیوەست بێ، دەستیش بە هۆکارەکانەوە بێ، کە دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْ ﴾، جاری دیکەش گوتوومەو ئێستاش دەڵێم: بۆ ئەوەی لە مەبەستێك یان لە وشەیەکی قورئان تێبگەن، بڕۆن بگەڕێن لەنێو قورئاندا بزانن لە کوێی دیکە ئەو مەبەستە یان ئەو وشەیە هاتوە، هەموویان کۆبکەنەوە ماناکەتان بۆ ڕوون دەبێتەوەو زۆر شتتان بۆ دەردەکەوێ، بۆ وێنە ئێستا لەم ئایەتەی ژمارە (٨)ی سوورەتی (المائدة)دا کە دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بۆ خوا ڕاوەستاوبن‌و بە دادگەریی شایەدیی بدەن، ئەمە وەك ئەو ئایەتەی ژمارەی (١٣٥)ی سوورەتی (النساء)ە، کە خوا لەوێ دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُواْ ۚ وَإِن تَلْوُۥٓاْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٣٥﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بۆ خوا زۆر بە دادگەریی بەڕێوەبچن‌و زۆر بە دادگەریی هەڵسن، وە لەبەر خوا شایەدیی بدەن، ئەو شایەدیی دانە با لەسەر خۆشتان بێ، یاخود لەسەر بابو دایکتان‌و خزمانی نزیك بێ، یان "بابای شایەدیی بۆ دراو یان لەسەر دراو" دەوڵەمەند بێ یان هەژار بێ، خوا لە پێشترە لەو، (واتە: لەبەرئەوە کە هەژارە شایەدیی بۆ مەدەن، وە لەبەرئەوە کە دەوڵەمەندە بە ناهەق شایەدیی بۆ مەدەن، یان شایەدیی لەسەر مەدەن)، وە بە دوای ئارەزوو مەکەون لە دادگەریی لابدەن، (یاخود بۆئەوەی کە دادگەربن بە دوای ئارەزوو مەکەون)، ئەگەر شایەدییەکە بگۆڕن، یاخود پشتی تێبکەن (بیگۆڕن، یان هەر شایەدییەکە نەدەن) ئەوە بێگومان خوا بەوەی دەیکەن شارەزایە.

ئنجا ئایا بۆچی خوای پەروەردگار لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ﴾؟ هۆیەکەی ئەوەیە سیاقی ئایەتەکە باسی خزمو نزیکان دەکات، بۆیە با بزانرێ کە شایەدیی دانەکە دەبێ بۆ خوا بێ، چونکە ئەگەر لەبەر خوا شایەدیی بدەی، لایەنگریی خزمان ناکەی، بەڵام ئایەتەکەی سوورەتی (المائدة) لە سیاقێکدایە باسی دوژمنان دەکات، باسی ئەهلی کوفر دەکات، بۆیە پێویستە بزانرێ کە شایەدیی دانەکە دەبێ دادگەرانە بێ، ئنجا ئایا بۆچی لەگەڵ مسوڵمانانیدا جەخت لەسەر چاودێریی خوا دەکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ نامسوڵمانانیدا جەخت لەسەر دادگەریی دەکرێتەوە؟ چونکە تۆ ناکرێ بڵێی لەبەر خوا چاکە لەگەڵ ئەو کافرەدا دەکەم، دەڵێی لەبەر خوا لەگەڵ ئەو کافرەدا دادگەر دەبم، چونکە خوا فەرمانی پێکردوە، بەڵام دەگونجێ بڵێی: لەبەر خوا شایەدیی بە هەق بدە، لەسەر مسوڵمانانو نامسوڵمانان، بێگومان ئینسان کاتێك ئەو وردەکارییانەی قورئانی بۆ دەردەکەون، وەك گوتم کە هەموو ئایەتەکان بێنێ کۆیان بکاتەوەو تەماشایان بکات، وە قورئان تەنیا کەسانێك باش تێیدەگەن کە چاك لێی وردبنەوە، بەڵام ئەوەی هەر بیخوێنێتەوەو سەرکێڵانەو سەتحییانە تەماشای ئایەتەکان بکات، بۆی دەرناکەون، بۆیە خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾﴾ محمد، واتە: ئایا لە قورئانی وردنابنەوە، یاخود دڵیان قوفڵی لێدراوە، هەمیشە لە ئەنجامی وردبوونەوەو تێڕاماندا، ئینسان نهێنییەکانی قورئانی بۆ دەردەکەون.

**مەسەلەی دووەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ﴾، دادگەربن ئەوە لە پارێزکارییەوە نزیکترە، وشەی نزیکترە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە ئینسان ئەگەر دادگەریش نەبێ، نزیکە لە پارێزکارییەوە، بەڵام دادگەریی نزیکترە، چونکە (أقرب) (صیغة التفضیل)ە، (قریب، أَقْرَب) نزیك، نزیکتر، بەڵام جاری وایە مەبەست پێی (مفاضلة) نیەو مەبەست پێی ئەوەنیە کە فلان شتە لە فلان شتە نزیکترە، بەڵکو مەبەست پێی نزیکتری ڕەهایە، وەك ئەو ئایەتەی خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوْا۟ مَا يُوعَدُونَ إِمَّا ٱلْعَذَابَ وَإِمَّا ٱلسَّاعَةَ

﴿فَسَيَعۡلَمُونَ مَنۡ هُوَ شَرّٞ مَّكَانٗا وَأَضۡعَفُ جُندٗا ٧٥﴾ مریم، واتە: (ئەو بێبڕوایانە) هەر کاتێك ئەوەیان بینی کە هەڕەشەیان پێی لێدەکرێ، یان سزای دنیایی، یاخود ئەو کاتەی کە دنیای تێدا کۆتایی دێ، ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوێ‌و دەزانن کێ پێگەی خراپترە، وە سەربازەکانی بێهێزترن.

لێرەدا مەبەست پێی ئەوە نیە کە پێگەی کافرەکان خراپترە، کەواتە: ئەگەر بەو واتایە بێ دەبێ بڵێی پێگەی مسوڵمانانیش خراپە! بەڵام هی کافران خراپترە، یان سەربازەکانی مسوڵمانان بێهێزن، بەڵام سەربازەکانی کافرەکان بێهێزترن، نەخێر، لێرەدا مەبەست پێی زانینی باشی‌و باشترە (مفاضلة)و بەراورد نیە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوێ کە ئەوان خراپترین پێگەیان هەیە، وە خراپترین‌و بێهێزترین هێزو پشت‌و پەناشیان هەیە، هەروەها لە سووڕەتی (الجن) ئایەتی (٢٤)یشدا بە هەمان شێوە کە دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا رَأَوۡاْ مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعۡلَمُونَ مَنۡ أَضۡعَفُ نَاصِرٗا وَأَقَلُّ عَدَدٗا ٢٤﴾ الجن، واتە: هەتا کاتێك ئەوەیان بینی کە هەڕەشەیان پێی لێ دەکرێ، (واتە: قیامەتیان بینی)، ئەو کاتە دەزانن کێ پشتیوانەکەی بێهێزترە، وە ژمارەکەشی کەمترە، لێرەشدا دیسان واتە: کێ بێهێزترین پشتیوانی هەیە، وە کەمترین ژمارەی هەیە، کە هاوکاریی بکەن، لێرەدا مەبەست پێی بەراورد نیە، لە نێوانی ئەو دووانەدا، چونکە ئەگەر مەبەستی پێی بەراورد بێ، ئەوە ئیشکالێکی تێدا پەیدا دەبێ، کە وەك گوتم عەرەب ئەو تەعبیرەیان بەکارهێناوە، نەك مەبەستیان پێی ئەوەبێ کە هەردووکیان خراپن، بەڵام یەکیان خراپترە، وە هەردووکیان بێهێزن، بەڵام یەکیان بێهێزترە.

وە ئەم ڕستە قورئانییە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە بە هۆی دادگەربوونەوە مسوڵمان پارێزکار دەبێ، پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە تەقوا بە هۆی چییەوە پەیدادەبێ؟ بە هۆی خواپەرستییەوە، بە هۆی دادگەریی یەوە، بە هۆی خۆدوورگرتن لە گوناهانەوە ... کەواتە: بە ئەندازەی هەبوونی زوڵم‌و ستەم، تەقوا لە ئینساندا کەم دەبێتەوە، وە بە ئەندازەی زیاتر پابەندبوون بە دادگەریی یەوە، ئینسان تەقوای پەیدادەبێ، لەوبارەوە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ هەیە: ﴿عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رَضِيَ اَللّٰهُ عَنْهُمَا، قَالَ: تَصَدَّقَ عَلَيَّ أَبِي بِبَعْضِ مَالِهِ، فَقَالَتْ: أُمِّي

لاَ أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ اللهِ ﷺ، فَانْطَلَقَ أَبِي إِلَى النَّبِيِّ ﷺ لِيُشْهِدَهُ عَلَى صَدَقَتِي، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «أَفَعَلْتَ هَذَا بِوَلَدِكَ كُلِّهِمْ»، قَالَ: لاَ، قَالَ: «اتَّقُوا اللهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلاَدِكُمْ»، فَرَجَعَ أَبِي فَرَدَّ تِلْكَ الصَّدَقَةَ﴾ {أَخْرَجَهُ: البُخَارِيُّ بِرقم: (٢٥٨٦)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٤١٥٧))، واتە: نوعمانی کوڕی بەشیر (یەکێکە لە هاوەڵان) خوا لێیان ڕازی بێ دەڵێ: بابم لە هەندێك لە ماڵەکەی بە دیاریی دامێ، (دیارە خوشكو برای دیکەشی هەبوون) دایکم گوتی: ڕازی نابم هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ شایەد نەبێ لەسەری، دەڵێ: بابم چووە لای پێغەمبەر ﷺ بۆئەوەی شایەد بێ لەسەر ئەو ماڵەی داویەتە من، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئایا ئەو کارەت بۆ هەموو منداڵەکانت کردوە (واتە: سەرو دیارییت داونێ)؟ گوتی: نەخێر، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: پارێز لە خوا بکەنو لە نێوان منداڵەکانتان دادگەربن، (فەرقو جیاییان پێ مەکەن)، لە ڕیوایەتی دیکەدا دەڵێ: دوایی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من شایەدیی نادەم لەسەر شتێك کە ستەمە، نوعمان دەڵێ: بابم هاتەوە ئەو دیارییەی پێی دابووم لێی وەرگرتەوە.

شاهێد لێرەدا ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿اتَّقُوا اللهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلاَدِكُمْ﴾، واتە: پارێز لە خوا بکەنو لە نێوان منداڵەکانتان دادگەربن، کەواتە: ئینسان بە ئەندازەی ئەوە کە دادگەر دەبێ، تەقوای بۆ پەیدادەبێ، وە بە پێچەوانەوە ستەم پێچەوانەی پارێزکارییە.

**مەسەلەی سێیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾، خوا بەڵێنی داوە بەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، کە لێبوردنێكو پاداشتێکی مەزنیان هەیە، واتە: ئیماندارانی کردەوە باش دەبێ دادگەربن، وە دادگەریی یەکێکە لە سیفەتو خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئینسانی ئیماندار، وە دادگەریی گرنگترین کردەوەی باشیانە لە بواری مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا، چ مسوڵمان بن، چ نامسوڵمان بن، کەواتە: ئیماندارینە! ئەگەر دەتانەوێ پەیمانو بەڵێنو موژدەی خوا بتانگرێتەوە بە لێبوردنو پاداشتی مەزن، با یەکێك لە کردەوە چاکەکانتان دادگەریی بێ لە مامەڵەکردنداو، دادگەربن لەگەڵ خەڵکدا.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَآ أُوْلَـٰٓئِكَ أَصۡحَـٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴾، وە ئەوانەی بێبڕوان، وە ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ دەزانن، ئەوانە خاوەنی دۆزەخن یان هاوەڵی دۆزەخن، لێرەشدا خوای پەنهانزان بۆیە سەرەنجامی شوومی ئەهلی کوفری باسکردوە، تاکو وا نەزانرێ کە لەبەرئەوەی خوا ﷻ دەفەرموێ: لەگەڵ کافراندا دادگەربن، ڕەنگە خوا لە کافران ڕازی بێ و گلەیی لێیان نەبێ، نەخێر، بەڵکو خوا لەبەر دوو هۆکاران دەفەرموێ: لەگەڵ کافراندا دادگەربن:

١/ ئیماندار ناگونجێ ستەمکاربێ و ناگونجێ لاروخوار بێ، بەڵکو دەبێ ڕاستو دادگەربێ، وەك گوتمان دادگەریی سیفەتێکی گرنگو بنەڕەتیی ئینسانی ئیماندارە لەگەڵ کافرانو مسوڵماناندا، وە مسوڵمانان ستەمیان لێ ناوەشێتەوە، بۆیە خوای بەرز دەفەرموێ: لەگەڵ کافرانیش دادگەربن، چونکە ئەگەر کافرەکەش لێی بوەشێتەوە ستەمی لێبکەی، تۆ لێت ناوەشێتەوە زوڵمی لێبکەی، وەك زۆر جار من بە خەڵکی خۆمانم گوتوە، تۆ کە دەگەیە کەسێك ڕەنگە شایستەی ئەوە نەبێ سڵاوی لێبکەی و ڕێزی لێ بگری، بەڵام ئێوە شایستەی ئەوەن و ئەوەتان لێ دەوەشێتەوە کە سڵاو بکەن و ڕێز لە خەڵك بگرن، تۆ تەماشای بەرانبەرەکەت مەکە، تەماشای خۆت بکە، چیت لێ دەوەشێتەوە بەو شێوە مامەڵە بکە، دادگەریی و ڕاستگۆیی و دەستپاکیی و سیفەتی بەرزت لێ دەوەشێتەوە، بەو سیفەتە بەرزو چاکانەی خۆت مامەڵە بکە، با بەرانبەرەکەشت شایستەی ئەوە نەبێ، وە دەشگونجێ تۆ بە هەڵداچوویی و بەرانبەرەکەت شایستەی بێ، تۆ پێت وابێ شایستە نیە، بە هەر حاڵ ئەوە هۆکارێك بوو.

٢/ هۆکاری دووەم ئەوەیە کە سروشتی ژیانی دنیا وایە بە دادگەریی بەڕێوە دەچێ لەگەڵ کافرانو مسوڵماناندا، وە دادگەریی بناغەی هەڵسوکەوت و بناغەی پێکەوە ژیان و تەباییە، بە دادگەریی نەبێ ژیان تێکدەچێ، بۆیە زانایانی ئیسلام گوتوویانە: (إنَّ الملك يَبْقَى مَعَ الكُفْر، وَلا يَبْقَى مَعَ الظُّلْم)، واتە: دەسەڵات و حوکمڕانیی بە کوفرەوە دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێ، بەڵام بە ستەم و زوڵمەوە نامێنێتەوە و بەردەوام نابێ، جا تەماشای دنیا بکەن ئەو وڵاتانەی کافرن، بەڵام لە نێو خۆیانداو بۆخۆیان باشن، بەردەوامن، بەڵام ئەو وڵاتانەی

مسوڵمانان کە زوڵمو ستەم دەکەن، تێکدەچنو بەردەوام نابن، قسەکە زۆر جوانە، پادشایەکی کافر ئەگەر دادگەربێ لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی، دەگونجێ بەردەوام بێ، بەڵام دەستەڵاتدارێکی مسوڵمان یان بە ڕواڵەت مسوڵمان[1] مادام زاڵم بێ بەردەوام نابێ، وە سەرەنجام خەڵك لێی ڕادەپەڕنو سەرنخوونی دەکەن وەك: (زەینولعابیدین بنو عەلیو حوسنی موبارەكو موعەممەر قەزافیو عەلی عەبدوڵلا صالحو بەشار ئەسەدیشیان بەدوادا دەچێ بەم زووانە إن شاء الله)، کەواتە: بۆیە خوای باڵادەست لێرەدا باسی سزای کافرەکان دەکات، کە خاوەنی کڵپەی دۆزەخنو هاوەڵی کڵپەی دۆزەخن، کەس وا گومان نەبات کە خوا ﷻ بۆیە دەفەرموێ لەگەڵیاندا دادگەربن، چونکە کە خۆشی دەوێن یان گلەیی لێیان نیە، نەخێر کافر هەر کافرەو خاوەنی دۆزەخە، بەڵام تۆ لێت ناوەشێتەوە زوڵم بکەی، وە سروشتی ژیانی دنیا ئەوە هەڵدەگرێ کە دەبێ دادگەریی تێدا بچەسپێ.

**مەسەلەی پێنجەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! یادی چاکەی خوا بکەنەوە بەسەر خۆتانەوە، کاتێك کۆمەڵێك ویستیان دەستتان بۆ درێژ بکەنو خوا دەستی گێڕانەوە، یەکێك بۆی هەیە، بڵێ: باشە لێرەدا دەستدرێژکردنەکە بەس بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ بوو، بە پێی ئەوەی لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمان کرد، ئەدی بۆچی خوا دەفەرموێ: کەسانێك ویستیان دەستتان بۆ درێژ بکەن؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە: هەموو ئیمانداریکی ڕاست پێغەمبەری خوای ﷺ لە خۆی خۆشتر دەوێو لە خۆی پێی لە پێشترە، وە ئەو ئیماندارانەی کە لە خزمەتی دابوون پێیان خۆشبووە هەر هەموویان لەنێو بچن، بەس پێغەمبەر ﷺ سەلامەت بێو هیچی بەسەر نەیەت، وە ئەگەر ئەو شتێکی بەسەر هاتبایە، وەك ئەوە وابوو هەموویان شتیان بەسەر هاتبێ.

---

[1] چونکە هەندێ لەو حوکمڕانە تێچووانە کوفری ڕوونو ئاشکرایان لێ بینراوەو بیستراوە، واتە: ئەوانەی لیبیاو تونس و میسرو یەمەنو سووریا.

پاشان ئێمە بنچینەیەكی (أصول الفقه)مان هەیە دەڵێ: (إِنَّ خصُوصَ السَّبَبِ لايَمْنَعُ شمُولَ المَعْنَى) واتە: تایبەتمەندبوونی هۆكاری هاتنە خوار، ڕێگا ناگرێ لە گشتگیریی واتایەكەی، هۆیەكەی ئەوەبووە كە كافرێك ویستوویەتی پێغەمبەر ﷺ بكوژێ، بەڵام خوای پەروەردگار لەو ڕووداوە حوكمێكی گشتی دەرهێناوە، چونكە زۆر جاری دیكەو زۆر مسوڵمانی دیكەش كەوتوونەتە بەر مەترسی كافرانەوەو، ویستوویانە زەفەریان پێببەنو پەلاماریان بدەن، خوای پەنهانزان ئەو چاكەیە دەخاتە بەرچاوی هەموویان، كە زۆرجار دەربازیان دەكاو چەپاڵەیان دەداو، نایەڵێ بكەونە بن دەستی كافران.

وە دەشگونجێ ئاواش وەڵام بدرێتەوە: كە لەڕاستیدا هیچ كەسێك لە مسوڵمانان نیە، وە هیچ كۆمەڵێكی مسوڵمانان نیە لە ژیانیاندا دووچاری ترسو پیلانی دوژمنان نەبنەوە، وە خوای باڵادەستیش دەربازی نەكردبن، هەمیشە ئیمانداران لەگەڵ نەخشەو پیلانی گڵاوی دوژمناندا ڕووبەڕوو دەبنەوە، وە خوای پەروەردگاریش دەربازیان دەكات، بەڵێ جاری واش هەیە تووشی زیانیش دێن، بەڵام زۆرجار خوا ئیمانداران سەلامەت دەكات، مەبەست پێی ئەو سەلامەتییەیە، كە ئیمانداران هەمیشە ئەو نیعمەتەیان لەبەرچاو بێت.

**مەسەلەی شەشەم**: كە دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، وە با ئیمانداران تەنیا پشت بە خوا ببەستن، لە شوێنی دیكەدا شیمان كردۆتەوە، ئێستاش شیدەكەمەوە، وشەی (تَوَكّل) لەسەر كێش (وزن)ی (تَفَعّل)ە، لە زمانی عەرەبیدا ئەم كێشە بۆ شتێكە بە زۆر بكرێ، بە جەخت لێكردنەوە، (تَكَلّف) واتە: خۆ ئەزیەتدانو، خۆ زۆر ماندووكردن، (تَوَكّل)یش، واتە: وەكیل گرتن، خوای زانا دەفەرموێ: با ئیمانداران تەنیا خوا بە وەكیل بگرن، وەكیل بە كەسێك دەگوترێ كە تۆ دەیكەیە كار پێسپێردراوی خۆت، وەكیل واتە: كار پێسپێردراو، وەك چۆن یەكێك دەڵێ: فلان كەسم كردۆتە وەكیلی خۆم، واتە: كاری خۆم بەو سپاردووەو ئەو لە جیاتی من كارەكە دەكات، ئیمانداران دەبێ كاری خۆیان بە خوا بسپێرن، بەڵام كار بە خوا سپاردن، مانای وانیە تۆ دەستبەرداری هۆكارەكان بی، بەڵكو دەبێ تۆ لە دڵەوە بە خواوە پەیوەست بی، وە كاری خۆت

حەوالەی خوای پەروەردگار بکەی، کەواتە: (تَوَكّل) واتە: خوا کردن بە کار پێسپێردراوی خۆت، ئنجا (تَوَكّل) ئیشی دڵە، کەواتە: ئایا کەسێك کە سەفەر دەکات، هۆکارەکان وێڵ بکاتو بڵێ: پشتم بە خوا بەستوەو نانو توێشوو لەگەڵ خۆی نەبات، ولاخی پێ نەبێ، یان سەیارەی پێ نەبێ، بڵێ مادام پشتم بە خوا بەستوە، نانو توێشووم بۆ چییە؟ هۆکاری سەفەرم بۆ چییە؟ ئایا ڕاست دەکاتو تێگەیشتوەو لە مەسەلەی پشت بە خوا بەستن؟ بە دڵنیاییی نەخێر، بۆچی؟ چونکە پشت بە خوا بەستن، ئیشی دڵەو قەرەبووی ئیشی دەستان ناکاتەوە، تۆ ئەوەی بە دەست پێت دەکرێ، دەبێ ئامادەی بکەی، نانو توێشووە، جلوبەرگو پێڵاوە، هۆکاری گواستنەوەیە...هتد، ئنجا دەبێ بڵێی: دڵم بە خواوە پەیوەستە، بۆچی؟ چونکە جاری وایە هەموو هۆکارەکان ساز دەکەی، کەچی ڕێگرێك دێتە پێشو سەفەرەکەت بۆ ناکرێ، بۆیە لە حاڵێکدا کە دڵت بە خواوە پەیوەست بووە، بڵێ: خوایە! من هەموو هۆکارەکانم ئامادە کردوون، ئەگەر تۆ بتەوێ بۆم ئاسان دەکەیو سەفەرەکەم بۆ دەکرێ، بەڵام ئەگەر خوا نەیەوێ ڕێگرێك دێتە پێشیو نەخۆش دەکەویو سەفەرەکەت بۆناکرێ، ترسێك دەبێ، دوژمنێك دەبێ، گۆڕانکارییەك لە کەشو هەوا دەبێ، سەفەرەکەت بۆ ناکرێ، کەواتە: (تَوَكّل) ئیشی دڵە، کە بێگومان قەرەبووی هۆکارەکان ناکاتەوە، هەرچەندە زۆرێك لە مسوڵمانان لەوە حاڵی نینو پێیان وایە پشت بە خوا بەستن (تَوَكّل) قەرەبووی ئامادەکردنی هۆکارەکان دەکاتەوە، مادام پشتت بە خوا قایمە، پێویستیت بە هیچ نیە!

جاری وایە ئەگەر مسوڵمانێك دووربینییەك بکات بۆ ئەنجامدانی کارێك، ئەو جۆرە کەسانە دەڵێن: تەماشا بکەن تەوەککولی چەند بێهێزە؟! بەڵام نەخێر ئەوە تەوەککول کەمیی نیە، تەماشای ژیانی پێغەمبەر ﷺ بکەن! وەك لە ژیاننامەیدا هاتوە، نانو توێشووی ساڵێکی بۆ خێزانەکانی دادەنا، لە کاتێکدا کە لە هەموو کەسێکیش زیاتر پشتی بە خوا بەستوە، کەواتە: ئینسان دەبێ هەموو هۆکارەکان ئامادە بکات، ئنجا دڵیشی بە خوا پەیوەست بکات، جا بۆ جەنگو جیهاد دەچێ، بۆ ئاشتییە، بۆ سەفەر دەچێ، دەیەوێ کڕینو فرۆشتنو مامەڵەیەك بکات، هەر کارێك دەکات.

لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە، کە پێموایە زیاتر بەرچاوی مسوڵمانان ڕوون دەکاتەوە دەربارەی وشەی (تَوَکّل) پشت بە خوا بەستن: ﴿عَنْ عَمْرُو بْنُ أُمَيَّةَ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! أُرْسِلُ نَاقَتِي وَأَتَوَكَّلُ؟ قَالَ: أَعْقِلْهَا وَتَوَكَّلْ﴾ {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيّ برقم: (٢٥١٧) عَنْ أَنَس، وَأَخْرَجَهُ ابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٣١)، وَالحَاكِمُ برقم: (٦٦١٦)، وَالبَيْهَقِي في (شعب الإيمان) برقم: (١٢١٠) قال الشيخ الألباني: حسن، قال شعيب الأرنؤوط: حديث حسن}، واتە: عەمری کوڕی ئومەییە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! حوشترەکەم بەڕەڵڵا کەمو پشت بە خوا ببەستم؟ فەرمووی: بیبەستەوەو پشت بە خوا ببەستە.

کەواتە: پشت بە خوا بەستن بەدیل نیە بۆ بەستنەوە بە دەست، هەروەك بە دەست بەستنەوەش بەدیلی پشت بە خوا بەستن نیە، کەواتە: وێڕای دابینکردنی هۆکارەکان بە دڵیش پشتت بە خوا قایم بکە، بۆچی؟ چونکە جاری وایە بە دەستان دەیبەستیەوە، دوایی یەکێك دێو پەتەکەی لێدەکاتەوەو دەیدزێ، یان پەتەکەی دەپسێو دڕندەیەك تێی ڕۆ دێو دەیخوات، کەواتە: مەرج نیە بەستنەوە کارەکەت بۆ تەواو بکات، وە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە پشت بە خوا بەستن، بە دیل نیە بۆ هەوڵدانو کۆششکردنو دابینکردنی هۆکارەکان.

لە فەرمایشتێکی دیکەدا هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿لَوْ أَنَّكُمْ تَتَوَكَّلُونَ عَلَى اللهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ لَرَزَقَكُمْ كَمَا يَرْزُقُ الطَّيْرَ تَغْدُو خِمَاصاً وَتَرُوحُ بِطَاناً﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٠٥) تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده قوي رجاله ثقات رجال الشيخين غير عبدالله بن هبيرة فمن رجال مسلم، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٣٤٤)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤١٦٤)، وَأَبُو يَعلى برقم: (٢٤٧)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٣٠)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٨٩٤)، وَقَالَ: صَحِيحُ الإسناد، وَالبَيْهَقِي في شُعب الإيمان برقم: (١١٨٢) عَنْ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ}، واتە: ئەگەر ئێوە بەڕاستیی پشت بە خوا ببەستن، خوا ڕزقتان دەدات وەك چۆن ڕزقی باڵندە دەدات، بەیانیان بە زگی برسییەوە دەڕواتو ئێواران بە زگی تێر دێتەوە!

ئینسان ئەگەر لەو فەرمایشتە ورد نەبێتەوە، وادەزانێ پێچەوانەی ئەو قسەیە کە من گوتم، کەچی ئەو فەرمایشتە پشتگیریی قسەکەی من دەکات، بۆچی؟

ئایا خوا چۆن ڕۆزیی باڵندە دەدات؟ ئایا ئەگەر لەنێو هێلانەکەیدا نەجووڵێ، خوا ڕزقی بۆ دەبارێنێ؟ نەخێر، بە بەڵگەی ئەوە کە لە فەرمایشتەکەدا دەفەرموێ: (تَغْدُو خِمَاصًا)، جا وشەی: (خِمَاصًا) واتە: زگی بە پشتییەوە نووساوە، بە زگی بەتاڵەوە بەیانیان دەڕوات، کەواتە: ئەو باڵندە لە هێلانەکەی دەردەچێ، ئنجا دەفەرموێ: (وَتَرُوحُ بِطَانًا) واتە: ئێوارە بە زگی تێر دێتەوە، مانای وایە ئەو باڵندەیە جووڵەی کردووەو ئیشی خۆی کردوە، ئەگەر لە هێلانەکەیدا دەرنەچووباو ڕاووشکاری نەکردبایە، خوا لە ئاسمانێوە ڕۆزیی نابارێنێتە نێو هێلانەکەی.

جا با بێینە سەر مەبەستی فەرموودەکە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: کەواتە ئێوەش ئەگەر وەك باڵندە پشت بە خوا ببەستن، ڕۆزیتان دەدات، بەڵام پشت بە خوا بەستن وەك هی باڵندە، کە باڵندە بەیانی دەردەچێ تا ئێواری ڕاووشکاری دەکات، ئنجا ئێواری بە تێریی دێتەوە، بەڵام تۆ لە ماڵێ دابنیشیو بڵێی: وەك باڵندە پشتم بە خوا بەستوە، نەخێر تۆ وەك باڵندەت نەکردوە، چونکە باڵندە دەڕوات هەوڵدەدات، بەڵام تۆ هیچت نەکردوە، بۆیەش وا دەڵێم: چونکە هەندێك لە ئەهلی تەصەووف بە هەڵە ئەم فەرمایشتە مانا دەکەنو بە هەڵە تێی دەگەن، دەڵێن: تەماشا بکەن! پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەگەر بەڕاستی پشت بە خوا ببەستن، وەك چۆن ڕزقی باڵندە دەدات، ئاوا ڕزقی ئێوەش دەدات، کە ئەوە ڕاستە، بەڵام تەماشای هەموو فەرموودەکە بکە، لە کۆتاییدا دەفەرموێ: (تَغْدُو خِمَاصًا)، بەیانیان بە زگی بەتاڵەوە دەڕوات، (وَتَرُوحُ بِطَانًا) ئێوارەش بە زگی تێر دێتەوە، جا باڵندە بۆچی بەیانیان دەچێتە دەرێ؟ بۆئەوەی لە شوێنێك ڕزقێك پەیدا بکات، کە خوا بۆی داناوەو بە تێریی بگەڕێتەوە، بەڵام بەیانی لەنێو هێلانەکەی دابنیشێ، بێگومان بەیانیش هەر برسی دەبێو ئێوارەش هەر برسی دەبێ.

بۆیە دەبێ زۆر ئاگامان لە چەمكو واتای وشەی (تَوَكّل) بێ، وە ئاگامان لە چەمکی (قَدَر) بێ، چونکە هەندێك گوتوویانە: مادام هەموو شتێك بە قەدەری خوایە، کەواتە: (تَوَكّل) هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێ، وە هیچ کەلێنێك ناگرێ؟

بەڵام ئێمە دەڵێین: ئەوە ڕاست نیە، با ڕوونی بکەینەوە:

١- لە شوێنەوارێکدا هاتوە کە عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: ﴿مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَكُونَ أَقْوَى النَّاسِ فَلْيَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ﴾ {رَوَاهُ إبنُ جرير بسنده عن عمر بن الخطاب موقوفاً، وقال المناوي: إسناده حسن}، واتە: هەر کەسێك دەیەوێ بەهێزترین کەس بێ، با پشت بە خوا ببەستێ.

کەواتە: پشت بە خوا بەستن هێزی دڵ دەدات بە ئینسان، مەعنەوییاتی ئینسان بەرز دەکاتەوە، هەست دەکات کە خاوەنێك‌و کارپێسپێرراوێکی هەیە، کە ئەوە زۆر جیایە لەوەی کە تۆ هەر تەنیا دەست بە هۆکارە ماددییەکانەوە بگریو هەست بە هیچ هێزو توانایەکی مەعنەویی نەکەی‌و، هەست بە هیچ سەرپەرشتیارو مشوورگێڕو کارسازێك نەکەی.

٢- لەوبارەوە ئەم دەقەش هەیە: ﴿سُئِلَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أَرَأَيْتَ أَدْوِيَةً نَتَدَاوَى بِهَا وَ رُقًى نَسْتَرْقِي بِهَا، وَتُقًى نَتَّقِيهَا، هَلْ تَرُدُّ مِنْ قَدَرِ اللهِ شَيْئًا؟ قَالَ: هِيَ مِنْ قَدَرِ اللهِ﴾ {رَوَاهُ إبْنُ مَاجَه برقم: (٣٤٣٧)، وَقَالَ الشيخ الألباني: ضعيف، انظر رقم: (٧٤٩) في (ضعيف إبْنُ مَاجَه)}، واتە: پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا ﷺ، گوترا: ئایا ئەو دەرمانانەی کە ئێمە خۆمانی پێ چارەسەر دەکەین، وە هەندێك دوعا کە نەخۆشەکانمانی پێ چارەسەر دەکەین، وە هەندێك هۆکار کە خۆمانی پێ دەپارێزین، (بۆ وێنە: بەرگ پۆشین لەبەر سەرماو گەرماو، زرێ پۆشین لە کاتی جەنگدا بۆئەوەی تیرو شیر کاریگەریی نەبێ... هتد) هیچ شتێك لە قەدەری خوا دەگێڕنەوە؟ (تەماشا بکەن! چ وەڵامێکی حەکیمانەی داوەتەوە) فەرمووی: ئەوانەش هەموویان بەشێکن لە قەدەری خوا.

واتە: کە تۆ خۆت دەرمان دەکەی، یان پیاوێکی صاڵح دوعات بۆ دەکات‌و گرفتێکت بۆ چارەسەر دەبێ، هۆکارێك دەگریە بەرو لە شتێك دەپارێزرێی، بەرگی گەرم لەبەر دەکەی سەرمات نابێ، خۆت فێنکدەکەیەوە، هەتاو ناتبا، ئەوانە هەمووی لە قەدەری خوان، واتە: لە قەدەری خوا بووە تۆ زستانێ خۆت داپۆشیو، تووشی هەڵامەت‌و کۆخەو سەرما نەبی، وە ئەگەر نەخۆش بووی دوعا بکەی‌و نەخۆشییەکەت چارەسەر بێ، هۆکارێك بگریە بەرو ئەو گرفتەت چارەسەر بێ، ئەویش هەر لە قەدەری خوایە، هەروەها ئەو کەسەش کە ئەو شتانە

ڕەچاو ناکاتو دەرمان بەکارناهێنێ بۆ نەخۆشییەکەی، قەدەری خوایە کە ئەویش بەو نەخۆشیە لەنێو بچێ، یان خراپتر ببێ، لەبەرئەوەی دەرمان بەکارناهێنێو، دوعا ناکاتو خۆی ناپارێزێ، کەواتە: پشت بە خوا بەستن لەگەڵ قەدەری خوادا یەکن، بە قەدەری خوا پشت بە خوا دەبەستی، بەڵام ئینسانی کافر پشت بە خوا نابەستێ، بۆیە هەمیشە هەست بەبێ پشتو پەنایی دەکاتو هەست بە بێکەسیی دەکات، وە بێگومان یاسا (سنة)ی خوایە هەر کەسێك پشت بە خوا ببەستێ، خوای باڵادەست کاری بۆ پێکدێنێ، دڵی بەهێز دەکات، وە بۆ زانیاریتان بناغەی بەهێزیی ئینسان، دڵی ئینسانە، ئەگەر ئینسان لە ڕووی مەعنەوییەوە بەهێز بوو، کارەکانی بۆ ئاسان دەبن، بۆیە مووسا ﷺ کە خوا دەینێرێ بۆ لای فیرعەون، چوار داوایان لە خوا دەکات، کە خوا پێی دەفەرموێ: ﴿ ٱذۡهَبۡ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ ﴿٢٤﴾ ﴾طـه، واتە: بڕۆ بۆ لای فیرعەون بەڕاستی ئەو یاخی بووە، پێغەمبەر مووساش ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي ﴿٢٦﴾ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ﴿٢٧﴾ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ﴿٢٨﴾ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ﴿٢٩﴾ هَٰرُونَ أَخِي ﴿٣٠﴾ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ﴿٣١﴾ وَأَشۡرِكۡهُ فِيٓ أَمۡرِي ﴿٣٢﴾ كَيۡ نُسَبِّحَكَ كَثِيرٗا ﴿٣٣﴾ وَنَذۡكُرَكَ كَثِيرًا ﴿٣٤﴾ ﴾طـه، واتە: گوتی: خوایە! سینەم گوشاد بکە، کارم ئاسان بکە، گرێی زمانم بکەوە، کە لە قسەم تێبگەن، وە لە کەسوکارم پاڵپشتێکم بۆ دابنێ ئەویش هاروونی برام بێ، پشتمی پێ بەهێز بکە، وە لە کارمدا بەشداریی بکە، بۆئەوەی زۆر تۆ بە پاك بگرین، وە زۆر یادی تۆ بکەین.

کەواتە: بناغەی سەرکەوتنی ئینسان ئەوەیە لە ڕووی مەعنەوییەوە بەهێزبێ، پێش هەموو شت مووسا ﷺ داوای چی دەکات؟ دەڵێ: سینەم فراوان بکە، ئینسانی دڵ گچکە هەر کە دوو خەمی هاتنە پێش، یەکسەر دەکەوێ، کەواتە: دەبێ سینگت فراوان بێ، ئنجا کارت ئاسان دەبێ، وە کە کارت ئاسان بوو، ئنجا زمانت دەکرێتەوە، وە کە وابووی، هاوکاری باشترت بۆ پەیدا دەبن، بەڵام ئەوەی لە زاتی خۆیدا دڵی گچکەبێو حەوسەڵەی کەم بێ، هەر لە ڕێوە بە دوو خەمان

دڵی کوێر دەبێتەوە، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (فلان کەس دڵی دەڵێی شارە مێرووییە، بە دڵۆپە ئاوێك وێران دەبێ)، شارە مێروو بۆ بە دوو دڵۆپە ئاوان وێران دەبێ، چونکە گچکەیە، هەر کوردەواریی خۆشمان گوتوویانە: (فلان کەس دڵی وەك دەریایە بە هیچ پڕ نابێ) جا پشت بە خوا بەستن لە ڕووی مەعنەوییەوە ئینسان بەهێز دەکات، تۆ هەست دەکەی مشوورخۆرێکت هەیە، کارسازێکت هەیە، پشتت پێی قایمە، ئەوەش هێز دەداتە دڵت، چونکە عەلمانییەکانو ماددییەکان دەڵێن: کوا پشت بە خوا بەستن، چ کەلێنێك پڕ دەکاتەوە؟ وە بێئاگان لەوە کە (توکل) لایەنی مەعنەویی‌و دەروونیی ئینسان پڕ دەکاتەوە، ئنجا من پەندێکی عەرەبیم داناوە، دەڵێم: (لا يَضْعُفُ جِسْمٌ عَمّا قَوِيتْ عَلَيْهِ الرُّوح) واتە: جەستە لە بەرانبەر ئیشێکدا لاواز نابێ، ئەگەر ڕووحەکە لە بەرانبەریدا بەهێز بێ، یانی: هەمیشە ئینسان بە ڕووح بێهێز دەبێ، ئنجا جەستەکەی بێهێز دەبێ.

دەگێڕنەوە کاتی خۆی پیاوێکی کاروانچیی هەبووە زۆر بە شان‌و شەوکەت بووە، قەدو قیافەکی زۆر بەهێزو بەرچاوی هەبووە، جارێك بە ڕێگادا دەڕوات کە وڵاخی باری پێیە، لە ناکاو وڵاخەکەی لە قووڕێ دەچەقێ، چەتەو ڕێگریش لەوێ کەمینیان داناوە، چونکە دەزانن وڵاخ لەوێ دەچەقێ، ئنجا کابرا هەر دەست دەداتە وڵاخەکەی‌و بە بارەوە لە قوڕەکەی دەردێنێ، بەڵام لەبەر خۆیەوە قسەیەکی کردو گوتی: (ئای زۆرەکە بۆ غیرەتێ)، واتە: ئای ئەو هێزو قوەتە غیرەتێکیشی لەگەڵدا بووایە!! ئنجا کابرای ڕێگر سەرەتا کە دەیبینێ ئەو وڵاخە بە بارەوە دەردێنێ‌و لەو گۆڕە دایدەنێ دەڵێ: ئەوە هی ئەوە نیە خۆمی لێبدەم، چونکە هەر دەستی بمگاتێ لە پەل‌و پۆم دەخات، بەڵام دوایی کە گوێی لەو قسەیەی دەبێ، دەڵێ: وادیارە هەر هێزەو غیرەتی لەگەڵدا نیە، هەر جەستەیەو ڕووحی لەگەڵدا نیە، بە هەر حاڵ لێی بە تەماع دەکەوێ، دەنگی دەداو دەڵێ: ڕووتبەوە! ئەویش دەڵێ: بەڵێ قوربان چیت دەوێ؟ ئیدی ڕووتی دەکاتەوە، ئنجا کابرای ڕێگر دەڵێ: ئەی بێ قەزابی ئەو قووەتەی کە تۆ هەتە، کەس ناوێرێ خۆی لێبدات، دەڵێ: ڕاستە، بەڵام حەیفێ غیرەتی لەگەڵدا نیە، کەواتە: لە حەقیقەتدا ئینسان بەس جەستە نیە، زۆرجار دەبینی ئینسانێکی کورتە بالای بچووك بە ئینسانێکی گەورە دەوێرێ، بۆچی؟ چونکە لە ڕووی مەعنەوییەوە لەو بەهێزترە.

ئنجا ئەو ئایەتانەش بەڵگەن لەسەر ئەوە کە پشت بە خوا بەستن هێز دەداتە ئینسان، خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ ﴾التوبة، واتە: ئەگەر پشتیان هەڵکرد، بڵێ: خوامان بەسە، بێجگە لەو هیچ پەرستراوی هەقو ڕەوانین، پشتم بەو بەستوە، ئەو خاوەنی بارەگای مەزنە.

هەروەها لە سوورەتی (الطلاق)دا دەفەرموێ: ﴿ ... وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا ﴿٣﴾ ﴾، واتە: هەر کەس پارێز لە خوا بکات، خوا دەرووی خێری لێدەکاتەوە، وە بێئەوەی بۆخۆی فکری پێ بشکێ ڕۆزی دەدات، وە هەر کەس پشت بە خوا ببەستێ خوای بەسە، خوا کاری خۆی دەگەیەنێتە جێ، بەڵام خوا بۆ هەر کارێك ئەندازەیەکی داناوە، وە کاتو شوێنێکی دیاریکراوی داناوە.

خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ کە بەڕاستیی پشت بە خوا دەبەستنو دڵیان بە خواوە پەیوەستە، وە دەستیشیان بە هۆکارەکانەوەیە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی چوارەم

## پێناسـەی ئەم دەرسـە

لـەم دەرسـەماندا ئایەتەکـانی: (١٢، ١٣، ١٤) دەتوێژینـەوەو تەفسـیـر دەکـەین، کـە خـوا ﷻ لەم سێ ئایـەتە موبارەکەدا باسی ئەزموونی شکسـتـخواردووی جوولەکـەکانو، پاشـان نەصـرانییەکان دەکات لـە بـواری پەیمـان لـێوەرگرتنو بەڵـێن بـە خـوا دان دا، لەسـەر بەندایـەتیی کـردن بـۆ خـواو، طـاعـەتو چاکەکـاریی، پاشـان شـکاندنی ئـەو پەیمانو بەڵێنـانە، وە سـەرەنجام سـزاو تۆڵەی دنیـاییو قیامـەتیی خـوا عَزَّوَجَلَّ لەسـەر ئەو بێپەیمـانییو ئەو بەڵێن شـکاندنە دەخاتـە ڕوو، کـە دیـارە ئامـانجی سـەرەکییش لـە خسـتنە ڕووی ئـەو ڕاسـتییە، دەرسو پەنـد لـێوەرگرتنی مسـوڵمانانە، وە پاشـان ناسینی ئەو دوو میللـەتەیە: جوولەکـەکانو نەصرانییەکان.

﴿وَلَقَدۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَبَعَثۡنَا مِنۡهُمُ ٱثۡنَيۡ عَشَرَ
نَقِيبٗاۖ وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمۡۖ لَئِنۡ أَقَمۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيۡتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ
وَءَامَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرۡتُمُوهُمۡ وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا لَّأُكَفِّرَنَّ
عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۚ فَمَن
كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ١٢ فَبِمَا نَقۡضِهِم
مِّيثَٰقَهُمۡ لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن
مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٖ مِّنۡهُمۡ إِلَّا
قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡۖ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٣ وَمِنَ
ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ
بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَسَوۡفَ
يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ١٤﴾

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((وە بە دڵنیـایی یـەوە خـوا پەیمانێکـی پتـەوی لـە وەچـەی ئیسـڕائیل وەرگـرت، وە دوازدە مشـوورخۆرمان لە نێودا دانان، وە خوا پێی فـەرموون: مسـۆگەر مـن لەگەڵتـانم بـە مـەرجێك نوێـژ بەرپـا بكـەن‌و، زەكـات بـدەن‌و، ئیمـان بـە ڕەوانـەكراوانم بێـنن‌و، پشـتیان بگـرن‌و، قـەرزی بـاش بـە خـوا بـدەن (لەبـەر خـوا هاوكـاریی هـەژاران‌و نـەداران بكـەن)، ئەوە دڵنیـابن خراپەكانتان لـێ دەسڕمەوەو، دەتانخەمـە نێـو چـەند باخێكـەوە كـە ڕووباریـان بـەژێردا دەڕۆن، ئنجـا هەركامێكتـان دوای ئـەوە بێبـڕوا بـێ، ئـەوە بێگومـان ڕێـی ڕاسـتی بـزر كـردوە ﴿١٢﴾ ئیـدی لـە سـۆنگەی هەڵوەشـاندنەوەی پەیمانەكەیانـەوە، نـەفرینمان لێكـردن‌و دڵیانمـان ڕەق كـرد: وشـەكان لـە شـوێنی خۆیـان لادەدەن‌و دەگـۆڕن، وە بەشـێك لەوەی كە پێـی ئامۆژگـاریی كرابـوون لەبیـریان كـرد، وە بەردەوامیـش ناپاكیی دیكەیان لـێ دەبینـی، جگـە لـە كەمێكـیان، دەجا لێیـان ببـوورەو چاوپۆشییان لـێبكـە، بێگومان خوا چاكـەكارانی خـۆش دەوێـن ﴿١٣﴾ هـەروەها لەوانـەش كە گوتیـان: ئێمـە نەصـڕانیین، پـەیمانی پتەومـان وەرگـرت، بـەڵام بەشـێك لـەوەی كـە پێـی ئامۆژگـاریی كرابـوون لەبیـریان كـرد، ئیـدی لـە ئـەنجامی ئـەوەدا ئێمـەش دوژمنایەتیـی‌و ڕق‌و كینەمـان خسـتنە نێوان هەتـا ڕۆژی قیـامەت، وە لەمـەو دواش خـوا هـەواڵیان پێـدەدات بـەوەی كـە لێزانـانەو، وردەكارییانـە (لـە كـردەوەی خـراپ) دەیانكـرد ﴿١٤﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(نَقِيبًا ): وشەی (نَقيب) ئێمە بە كوردی دەڵێین: سەرپەرشتیار، یان مشوورخۆر، یان بەرپرس، بەڵام لە ئەسڵدا دەڵێ: (النَّقْبُ في الحَائِطِ وَالجِلْدِ كَالثَّقْبِ في الخَشَبِ والنَّقِيبُ الباحِثُ عَنِ القَوْمِ وَعَنْ أَحْوَالِهِمْ وَجَمْعُهُ نُقَبَاءُ) وشەی: (نَقيب) لە (نَقْب)ەوە هاتوە، (نَقْب) وەك چۆن كونێك لە دیوار دەكرێ پێی دەگوترێ: (نَقب)، بەڵام لە خشتەو دار كە نەخشەی لەسەر دەكرێ، یان كە كون دەكرێ پێی دەگوترێ: (ثَقب)، وە (نقیب) كەسێكە كە لە حاڵو باڵی كۆمەڵێك بپێچێتەوەو سەرپەرشتییان بكات، وە (نُقَبَاء) كۆی (نقیب)ە.

(وَعَزَّرْتُمُوهُمْ ): (التَّعزِيرُ: النُّصْرَةُ مَعَ التَّعْظِيم)، واتە: (تَعزیر) بریتیە لە پشتگرتن لەگەڵ بە گەورەگرتندا، (وَالتَّعزِيرُ: ضَرْبٌ دُونَ الحَدِّ، وَهُوَ تَأْدِيبٌ) هەروەها (تَعزیر) بە لێدانێك دەگوترێ، كە لە سزا شەرعییەكان كەمتر بێ، كە بۆ تەمبێكردنی ئینسانی تاوانبارە، بەبێ ئەوەی كە ئەو سزا شەرعییە دیاریی كرابێ.

(وَأَقْرَضْتُمُ ): (القَرْضُ: ضَرْبٌ مِنَ القَطْعِ، وَتَقْرِضُهُم: تَجُوزُهُم والقرضُ وَمَالٌ يُدْفَعُ بِشَرْطٍ رَدِّ بَدَلِهِ) (قَرْض) جۆرێكە لە برین، وشەی: (تَقرضهُم) كە لە سوورەتی (الكهف)دا هاتوە، واتە: خۆر لێیان تێدەپەڕی ڕاستەوخۆ لێی نەدەدان، وە هەروەها (قَرْض) بە ماڵێك دەگوترێ كە بدرێ بە كەسێك بە مەرجێك دوایی خودی ئەو ماڵە، یان وێنەی ئەو ماڵە بدرێ بەو كەسەی كە پێیداوە.

(قَٰسِيَةً ): واتە: ڕەق، (القَسْوَةُ: غِلَظُ القَلْبِ، وَأَصْلُهُ مِنْ: حَجَرٍ قَاسٍ، وَالْمُقَاسَاةُ مُعَالَجَةُ ذَلِكَ)، (قَسْوَةُ) واتە: دڵ ڕەقیی، لە ڕیشەشدا عەرەب بە بەردێكی زۆر ڕەقو سەخت دەڵێن: (حَجَرٌ قَاسٍ) واتە: بەردێكی ڕەقو پتەو (مقاساة)یش بریتیە لە چارەسەركردنی بەردێكی ڕەق كە بشكێنرێ، پێی دەگوترێ: (قَاسَاهُ) واتە: ئەو بەردە ڕەقەی شكاند.

(حَظًّا ): (الحَظُّ: النَّصِيبُ الْمُقَدَّرُ، جَمْعُهُ أَحَاظٍ وَأُحُظ)، (حَظّ) لە زمانی عەرەبیدا بە بەشێكی دیارییكراو دەگوترێ كە بە (أَحَاظ)و بە (أُحُظ) كۆ دەكرێتەوە.

(خَآئِنَةٍ ): (خَائِنَة: جَمَاعَةٍ خَائِنَةٍ، وَقِيلَ رَجُلٌ خَائِنٌ، وَخَائِنَة وَقِيلَ: الخَائِنَة: مَصْدَر) وشەی (خَائِنَة) دەگونجێ بە مانای كۆمەڵێكی خیانەتكاربێ، وە دەشگونجێ پیاوێكی خائین بێ، كە زۆر ناپاكیی كردبێ، وە دەشگونجێ وشەی (خَائِنَة) لێرەدا چاوگ بێو مەبەستی پێ ناپاكیی بێ، دیارە خیانەت پێچەوانەی ئەمانەتە، ئەمانەت واتە: سپاردە پاراستن، خیانەت واتە: ناپاكیی كردن لە سپاردەدا.

(فَٱعْفُ عَنْهُمْ ): واتە: لێیان ببووره، (العَفُو هُوَ التَجَافِي عَنِ الذَّنْبِ) ئەوەیە كە كەسێك گوناهێك بكاتو گوناهەكە نادیدە بگیرێ، (وَعَفَوْتُ عَنْهُ قَصَدْتُ إِزَالَةَ ذَنْبِهِ صَارِفاً عَنْهُ) كەسێك گوناهێك دەكات، هەڵەیەك دەكات، عەفوو كردنەكەی بریتییە لەوەی كە گوناهەكەی نادیدە بگرێ، وەك بڵێی گوناهەكەی نەكردبێ، یاخود خۆی لێ بەسەرەوە نەبات، وەك ئەوەی كە نەزانێ ئەو گوناهەی كردوە.

(وَٱصْفَحْ ): (صَفْح) لەگەڵ (عَفُو) جیاوازییان چییە؟ (عَفُو) ئەوەیە كە گوناهەكە نادیدە بگری، بەڵام (صَفْح) بریتیە لەوەی كە هەر سەركۆنەشی نەكەی، (عَفُو)، ئەوەیە كە تۆ گوناهەكە ببینی، بەڵام چاوپۆشیی لێبكەی، بەڵام (صَفح) ئەوەیە كە وەك بڵێی ئەو گوناهەت هەر نەبینیبێ، دەڵێ: (صَفْحُ الشَّيءِ: عَرْضُهُ وَجَانِبُهُ، وَالصَّفْحُ: تَرْكُ التَّثْرِيبِ) (صَفْح) بریتییە لە لای شتێك، یاخود پانایی ئەو شتە، یاخود تەنیشتی، (صَفْح) بریتییە لەوەی كە تۆ سەركۆنەی كەسێك نەكەی لەسەر ئەو هەڵەیەی كە كردوویەتی.

(فَأَغْرَيْنَا ): بە مانای (شَوَّقْنا) و (هَيَّجْنَا) و (أَلصَقْنا) هاتوە، ﴿ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَاوَةَ ﴾، واتە: دوژمنایەتییو دڵ ڕەقییمان لە نێواندا پەیداكردن، یاخود پێمانەوە لكاندن، دەڵێ (غَرِيَ بِكَذَا، أَي لَهِجَ بِهِ وَلَصِقَ)، (غَرِيَ بِكَذَا) واتە:

زۆر بەو شتەوە سەرگەرم بوو، پێوە نووسا، (وَأَصْلُهُ مِن الغِراءِ وَهُوَ مَا يُلصَقُ بِهِ) (غِراءِ) بە صمغو کەتیرەو هەر شتێك دەگوترێ کە مرۆڤ شتێکی پێ بە شتێکی دیکەوە بنووسێنێ، (أَغْرَيتُ فُلاَناً بِكَذَا، أَلْهَجْتُ بِهِ)، لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێین: تێمبەردا، یاخود شتەکەم پێوە خەریك کرد، یاخود پێمەوەنووساند.

(يَصۡنَعُونَ ) (الصُّنْعُ إِجَادَةُ الفِعْلِ) (صُنْع) بریتیە لەوەی هەرشتێك بە رێکیی بکرێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ﴾، واتە: خوا هەواڵیان پێدەدا بەوەی کە زۆر بە وردەکاریی دەیانکرد، کە لێرەدا مەبەست پێی کردەوە خراپەکانیانە، هەرچەندە زۆر وردەکاریی و پەنهانییان تێدا کردبێ، بەڵام خوا هەواڵیان پێدەدا بەوەی کە کردوویانە.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکــان

خـوا ﷻ لە ئایەتەکانی پێشوودا کە دەیفەرموون، ڕووی دواندنی لە ئیمانداران بـوو، ئنجا خـوا ﷻ باسـی ئـەزموونی جوولەکـەکان‌و نەصـڕانییەکان دەکـات لـە پەیمـان‌و بەڵێندانیانـدا بە خوا، وە پاشان شـکاندنی ئەو بەڵـێن‌و پەیمـانە، بۆئـەوەی مسـوڵمانان پەنـدی لـێ وەربگـرن، ئنجـا ئێمـە لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی تەفسـیـرکردنی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەوە، باسمـان کـرد، کـە یەکـەم ئایـەتی ئـەم سـوورەتە باسـی پەیمـان دەکـات، دەفـەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ ﴾، بۆیـە لـە زۆر شـوێنی ئەم سوورەتەدا باسی بەڵێن‌و پەیمـان دەکرێ، لێـرەدا ئەمە یەکێکـە لەو شـوێنانە کە خـوا بۆمـان باسـی بـەڵێن‌و پەیمانێـك دەکـات کـە لـە جوولەکـەکانی وەرگرتـوە، دیـارە مەبەسـت لە جوولەکەکان (بَنِي إِسْرَائِيل)ە، واتە: وەچەی ئیسـڕائیل، چونکە ئیسـڕائیل نازناوی پێغەمبەر (یەعقووب)ە ﷺ، کە دوازدە کـوڕی بـوو ون، یـەکێکیان یوسـف بـوو، یـەکێکی دیکـەیان بنیـامین بـوو، لەگـەڵ دە برایەکـەی دیکەیـان، یوسـفـو بنیـامین بـە تـەنیا لـە دایکـێك بـوون، ئـەوانی دیکـەش لـە دایکێـك بـوون، هـەموویان کـوڕانی (یـەعقووب)ن، جـا ئیسـڕائیل نازنـاوو شـۆرەتی (یـەعقووب)ە، کـە دەفـەرموێ (بَنِي إِسْرَائِيل) ڕۆڵەکانی ئیسـڕائیل، بێگومـان وەچەی ئیسـڕائیل، هەموو ئەوانـەن بـە کوڕو کچەوە کـە دەچـنەوە سـەر یـەعقووبو لـە یـەعقووب پەیـدابوون، (یـەعقووب)یش کـوڕی (ئیسـحاق)ە، (ئیسـحاق)یش کـوڕی (ئیبـڕاهیم)ە، سـەلامی خـوا لەسـەر هەموویـان بـێ، جـا لێـرەدا خـوا ﷻ بۆمـان باسـی ئـەو پـەیمان‌و بەڵـێنە پتـەوە دەکـات کـە لـە بـەنی ئیسـڕائیلی وەرگرتـوەو دەفـەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴾، دەفەرموێ: بێگومان خوا پەیمانێکـی پتـەوی وەرگرت لە وەچەی ئیسـڕائیل، (المِيثَاق: العَهْدُ المُؤَكَّدُ، العَهْدُ المُوَثَّقُ) پـەیمانێکی پتـەو، پـەیمانێکی داکۆکیی لەسـەر کـراوو جەخت لەسەرکراو، ئنجا ئایا پەیمانی چی لـێ وەرگـرتن؟ پـەیمانی بەندایـەتیی بـۆ خـوا کـردن، پـەیمانی پابەنـدیی بـە شـەریعەتەوە، پـەیمانی فەرمانبـەریی کـردن بـۆ پێغەمبـەرانیان (سـەلامی خوایـان لەسـەر بـێ)، ﴿ وَبَعَثۡنَا مِنۡهُمُ ٱثۡنَيۡ عَشَرَ نَقِيبٗا ﴾، وە لـە نێـو بـەنی ئیسـڕائیلدا دوازدە (نَقِيب)مـان نـاردن (نَقِيب) واتـە:

مشووورخۆر، بەرپرس، بۆچی دوازدە بوون؟ چونکە جوولەکەکان دوازدە تیرە بوون، هەر تیرەیەك چۆتەوە سەر یەكێك لە كوڕەكانی یەعقووب، هەر كوڕێك بەرەبابێكی لێ كەوتۆتەوەو تیرەو هۆزێكی لێ كەوتۆتەوە، خوای پەروەردگار بۆ ڕێكخستنی كاروباریان، لە نێو هەركام لەو تیرانەدا مشووورخۆرێكی پەیدا كردوە، جا ئایا ئەوە بە وەحی بووە بۆ پێغەمبەری سەردەمی خۆیان سەلامی خوای لەسەر، كە خوا بفەرموێ: فلان كەس بكە بە (نەقیب)ی فلان تیرەو هۆز، یاخود خوای بالادەست ئەو صەلاحیەتەی بەو پێغەمبەرە داوە، كە لە نێو هەر تیرەیەكدا (نەقیب)ێك هەڵبژێرێ، هەردووكیان گونجاون، ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ﴾، وە خوا فەرمووی: {بەو دوازدە (نقیب)ەی فەرموو} ، من لەگەڵتانم، كە ئێوەش سەرپەرشتی هەر كام لەو دوازدە تیرەو هۆزە دەكەن، كە بە هەموویان گەلی جوولەكە پێكدێنن، بەلام بێگومان لەگەڵ بوونی خوا بۆ هیچ گەلو كۆمەڵێك بە گۆترە نیەو خوای كاربەجێ لەخۆوە وە لەگەڵ كەس نیە، ئنجا كە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ﴾، خۆ خوا لەگەڵ هەموو دروستكراوەكانی خۆی دایە، بە زانیاریی‌و بە دەسەلاتو بە ئیرادەوە، لەگەڵ هەمووان‌و دایەو ئاگای لە هەموانە هیچ شتێك نیە بەبێ ئیرادەی خوا بێ‌و بچێ، بەلام لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿إِنِّي مَعَكُمْ﴾، ئەم لەگەڵ بوونە لەگەڵ بوونێكی تایبەتە، واتە: لەگەڵتان دام بە پشت گرتن‌و هاوكاریی كردن‌و كار بۆ ئاسان كردن، وە سەرخستن، ئنجا ئەم لەگەڵ بوونە تایبەتەی خوا، دیارە بە گۆترە نیە، بۆیە دەفەرموێ:

﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ﴾، وە خوا فەرمووی: من لەگەڵتانم ئەگەر نوێژ بەرپا بكەن‌و، زەكات بدەن‌و، بڕوا بێنن بە ڕەوانەكراوانی من، وە پشتیان بگرن‌و ڕێزیان لێ بگرن، وە قەرزی باش بە خوا بدەن، (واتە: لەبەر خوا هاوكاریی هەژارو نەداران بكەن)، ئەگەر وابكەن ﴿لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ﴾، بە دڵنیاییەوە، خراپەكانتان لێ دەسڕمەوە، یانی: جگە لەوەی كە

لەگەڵتانم، لە دنیادا پشتتان دەگرمو هاوکارییتان دەکەم، لە دواڕۆژیشدا خراپەکانیشتان لێ دەسڕمەوە، ﴿ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، وە بە تەئکید دەشتانخەمە نێو چەند باخێکەوە کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە: بەهەشتەکان.

لێرەدا خوای پەروەردگار هەر بە کورتی دەفەرموێ: بەڵێنو پەیمانی لە بەنی ئیسرائیل وەرگرت، بەڵام لە سووڕەتی (البقرة)دا {وەك لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا باسمان کرد، لە ئایەتی (٨٣ و ٨٤)دا} بە تەفصیل باسی ئەو پەیمانە دەکات کە لە جوولەکەکانی وەرگرتوە، پەیمانێکی دە بڕگەیی بووە، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾، ئەوە ئەو پەیمانە دە (١٠) بڕگەیی یە، کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، خوا پەیمانێکی پتەوی لە وەچەی ئیسرائیل وەرگرت، قورئانیش هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە، ئجا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴾، هەر کامێك لە ئێوە دوای ئەوە، (واتە: دوای ئەو پەیمان لێ وەرگیرانە)، بێبڕوا بێ، ئەوە ڕێی ڕاستی ون کردوە، جا لێرەدا خوای دادگەر دەیەوێ ئەوە بخاتەوە بیری مسوڵمانان، کە کاتی خۆی پەیمانێکی ئاوای لە جوولەکەکان وەرگرت، بەڵێنو موژدەی زۆریشی پێدان، کە ئەگەر پابەندبن بەو بەڵێنو پەیمانانەوە، خوا ئەوەتان بۆ دەکاتو ئەوەتان بۆ دەکات، لە دنیادا سەرتان دەخاتو پشتتان دەگرێ، وە لە دواڕۆژیشدا گوناهەکانتان لێ دەسڕێتەوەو دەتانخاتە نێو چەند باخێکەوە، کە ڕووباریان بە ژێردا

دەڕۆن، وە ترساندنیشــیو هەڕەشەشــی لێکـردن کە هەرکامێك لە ئێوە لە دوای ئەو پەیمانە کە لێتان وەرگیراوە، بێبڕوابێ، ئەوە ڕێی ڕاستی ون کردوە، وە هەر کەسێك ڕێـی ڕاسـتی ون کـرد، هەم لە دنیادا زیانبـارەو دەفـەوتێو، هـەم لە دواڕۆژیشـدا گوناهبـارەو، تووشـی سزاو جەزرەبـەی خـوا دێ.

ئنجـا لـە ئایـەتی دووەمـدا دێتـە سـەر ئاکـامو سـەرەنجامی ئەو پەیمـان لـێوەرگیـرانەو دەفـەرموێ: ﴿ فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ ﴾، دیـارە پەیمانەکـەیان شـکاندو پێـوە پابەنـد نـەبوون، خـوا دەفـەرموێ: جـا بـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەیان بـۆ پەیمانەکەیان سـزامان دان، خـوا باسی پێنـج جۆر سـزا دەکا، دیارە پێشـێ پێنج شـتی بۆ دیـاری کردبـوون کـە ئەگـەر بیانکـەن: نوێـژ بـەرپا بکـەن، زەکـات بـدەن، ئیمـان بـە پێغـەمبەرانی خـوا بێنن، پشـتیان بگرن، وە لە پێناوی خـوادا مـاڵی خۆیـان ببەخشـن، ئەگـەر ئـەو پێـنج شـتە بکـەن، ئـەو بەڵێنـانەیان بـۆ دێنێتـە دی، بـەڵام لـە ئەنجـامی پەیمان شـکاندن دا، خـوا گیرۆدەی کردن بە پێنج شتەوە، واتە: پێـنج جۆر سـزای دان ﴿ فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ ﴾، بـە هـۆی پـەیمان شـکاندنیانەوەو هەڵوەشـاندنەوەی پەیمانەکەیانـەوە: ﴿لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٖ مِّنۡهُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡۖ ﴾، گونـاح هەندێکی هەندێکی پەلکێش دەکات، ئاگـاداربن! (گوناهێکـت کـرد، ئـەو گوناهـە وات لــێدەکات گوناهێکـی دیکـەش بکـەی) هـەروەك چـۆن چـاکەکان یەکـدی پەلکـێش دەکەن، چاکەیەکت کـرد ئـەو چاکــەیە وات لــێ دەکات چاکەیەکی دیکــەش بکەی، کە بـە ڕۆژووی بـیر دەکەیــەوە لـەوەی کـە نوێژێکـیش بکــەی، قورئــان بخوێنــی، زیکر بکـەی، کە دەچیتـە مزگـەوتـێ بـیر دەکەیـەوە لـەوەی دوو ڕکـات نوێـژی سـڵاو لێکردنـی مزگـەوت بکـەی، گـوێ لـە قسـەیەکی خێـر بگـری، قورئـان بخـوێنی، بەڵـێ چاکەکـان یەکـدی پەلکـێش دەکـەنو ڕادەکێشـن، خراپـەکانیش یەکـدی پەلکـێش دەکەنو ڕادەکێشـن.

لێرەشدا خـوا دەفەرموێ: بـە هـۆی شـکاندنی پەیمانەکەیانـەوە، نـەفرینمان لـێکـردن، کەواتـە: هەرکەسـێك پـەیمان بشـکێنـێ، وە بـەر لەعنـەتی خـوا دەکـەوێ، ئنجـا ئایـا

(لعن) چییـە؟ (اللَّعنُ: الطَّـرْدُ وَالإِبْعَادُ)، (لَعْن) بریتیە لە دوورخستنەوەو دەرکـردن، لێرەدا لەعنـەتی خـوا، واتـە: دوورخستنەوە لـە ڕەحمـەتو بەزەیـی خـواو، وە لـە بەخشـشـی خـوا، کەواتـە: یەکـەمین سـزا کـە خـوا دانـی، لەسـەر ئـەوەی پـەیمانیان شـکاندبوو، ئەوە بـوو کە لـە ڕەحمەتـی خـۆی دووری خستنەوە، وە هەر کەسـێك لـە ڕەحمـەتی خـوا دوورکەوتـەوە، تووشـی هـەموو شـتێکی خـراپ دێ، بۆیـە دەفـەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَـٰسِيَةً﴾، دووەمیـان ئـەوە بـوو کـە دڵیانمـان ڕەق کـرد، هـەر کەسێك کـە لەعنـەتی خـوای وەبەرکـەوێ، دڵیشـی ڕەق دەبـێ لـە بەرانبـەر بەندایـەتی کردن بۆ خـواداو، لـە بەرانبـەر چاکەکـردن لەگەڵ خەڵـکی خـوادا، دڵـی ڕەقو سـەخت دەبـێ، ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾، بەڵایـەکی دیکەشـیان بەسـەرهات ئـەوە بـوو کـە وشـەکانیان لـە شـوێنی خۆیـان لادەدا، واتـە: وشـەکانی خـواو، ئایەتـەکانی (خوا)یـان دەگـۆڕین، جـا چ گـۆڕینی ڕواڵـەتیی‌و بێـژەیی، یـانی وشـەیەکیان لادابـێ وشەیەکی دیکەیان لە جێـی دانـابـێ، چ گۆڕینی مەعنـەویی، واتـە: وشـەکان هـەروەك خۆیـان بـوون، بـەڵام مانـای هەڵـەیان لێداونـەوە، بـۆ وێنـە: کەسـێك ئـەو ڕسـتە قورئانییـە دەخوێنێتـەوە: ﴿... وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ... ﴿١٩٥﴾﴾البقـــــرة، واتـە: بەدەسـتی خۆتـان مەفەوتێنـن، بابـای گـۆڕەر (محـرّف) دێنـێ چـۆنی مانـا دەکـات؟ وای مانـا دەکـات کـە خەڵـك نەچـێ بـۆ جـەنگو جیهـاد بەدەسـتی خۆتـان خۆنەفەوتێنـن، واتـە: مەچـۆ بـۆ جـەنگو جیهـاد چونکـە دەفـەوتێی! ئـەوە گـۆڕینی مەعنەوییـە، جـا ئـەو ڕسـتە قورئانییـە لـە سـیاقێکدا هـاتوە کـە هـەمووی باسـی جەنگو جیهـاد دەکـات، کەواتە: مەعقووڵ نیە ئەم ڕسـتە قورئانییـە بەکاربهێنـرێ، بـۆ گێڕانەوەی خەڵك لە جەنگو جیهـادو لە فیـداکاریی، چونکـە ئەوە لـە سـیاقێکدا هاتوە لـە سـوورەتی (البقـرة) کـە هـەمووی باسـی جـەنگو جیهـاد دەکـات، خـوا دەفـەرموێ:

﴿ٱلشَّهْرُ ٱلْحَرَامُ بِٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْحُرُمَـٰتُ قِصَاصٌ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩٤﴾﴾، هـەتا دوایـی دەفـەرموێ: ﴿وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوٓا۟ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ

ﭐلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٩٥﴾ ﴾، لە ڕێی خوادا ماڵی خۆتان ببەخشن لە ڕێی جەنگو جیهاددا ببیەخشن، وە بە دەستی خۆتان خۆ مەفەوتێنن، یانی: ئەگەر ماڵی خۆتان نەبەخشنو جیهادی ماڵیی نەکەن، دوژمن بەسەرتان زاڵ دەبێو بە دەستی خۆتان خۆ دەفەوتێنن، کەواتە: تەماشا بکەن ئایەتەکە چ دەگەیەنێ، ئەگەر لە سیاقی خۆی دەرت هێنا؟ دەگونجێ بە مانایەکی هەڵە بەکاربهێنرێ، کە خوای پەروەردگار مەبەستی نەبووە، وە لەگەڵ ئایەتەکانی دیکەی قورئانیشدا تێکدەگیرێ، جا ئەوە پێی دەگوترێ گۆڕینی مەعنەویی.

ئنجا بەڵای چوارەم کە بەسەریان هاتو گوناهی چوارەم کە کردیان لە ئەنجامی پەیمان شکاندندا: ﴿ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ ﴾، بەشێك لەوەی پێی ئامۆژگاریی کرابوون لە بیریان کرد، واتە: بەشێك لە دینی خوا کە پێی ئامۆژگاریی کرابوون، بەشێك لە کتێبی خوایان فەرامۆش کرد، ﴿ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٖ مِّنۡهُمۡ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡ ﴾، وە گوناهی پێنجەمی دەرهاوێشتەی ئەو پەیمان شکاندنە، ئەوە بوو کە دەفەرموێ: بەردەوام تۆ خیانەتیان لێ دەبینی، بەردەوام ناپاکیی دەکەنو تۆ ئاگاداری ناپاکیی یەکانیان دەبی، کە لێرەدا ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە ﷺ، یان هەر کەسێك کە قورئان دەخوێنێتەوە، ئەی مسوڵمان! تۆ بەردەوام ناپاکیی لە جوولەکەکان دەبینی، خیانەتیان لێ دەبینی، ﴿ إِلَّا قَلِيلٗا مِّنۡهُمۡ ﴾، جگە لە کەمێکیان، ئەو کەمانەش ئەوانەن کە مسوڵمان دەبن، یاخود ئەوانەن کە ئینصافیان هەیە، وەك زۆرجار لە ئەمریکاو لە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەندێك لە جوولەکەکان لە دژی سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیلی ئێستا خۆپیشاندان دەکەن، ئەو کاتەی کە قەوارەی جوولەکە لە غەززەی دەدا، یەکێك لە قەشە گەورەکانی جوولەکە لە بەریتانیا پاسپۆرتەکەی خۆی سووتاند، وە لە ئەمریکا خۆپیشاندانیان دەکرد، دژی سیاسەتی زایۆنی، مەبەست ئەو جۆرە کەسانەن، جا تەماشا بکەن! دینی خوا چەند بە ئینصافە جوولەکەکانیش پۆلێن دەکات، کەمێکیان کە بە ئینصافن یان ئیمان دێنن، ئەو کەسانە جیادەکاتەوە کە ئەوانە خائین نین، جا خوای دادگەر بە پێغەمبەر ﷺ وە بە هەرکەسێك کە لە ڕێی پێغەمبەرەوە دەروا دەفەرموێ: ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ

﴿وَٱصۡفَحۡ﴾، لێیان ببوورەو چاوپۆشییان لێبکە، (عفو) لە کوردیدا ئێمە دەڵێین: لێبوردن، لێبوردن ئەوەیە گوناهەکەی دەبینی، هەڵەکەی دەبینی، دەڵێی ئەوە هەڵەکەتە، ئەوە گوناهەکەتە، بەڵام بڕۆ گەردنت ئازادبێو ئەوە لێمبوردیو لێت ناپێچمەوەو سزات نادەم لەسەر ئەو گوناهە، بەڵام (صَفْح) ئەوەیە کە گوناهەکە، یان هەڵەکە بە چاوی کابرا دانەدەیەوە، چونکە (صَفْح) لەوەوە هاتوە، واتە: لاملی تێ بکەیو هەڵەکەی نادیدە بگری، وەك هەر هەڵەشی نەکردبێ، ئنجا خوای لێبوردە دەفەرموێ: تۆ لەگەڵیاندا بە لێبوردەییو چاوپۆشیی کردن مامەڵە بکە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، بێگومان خوا چاکەکارانی خۆشدەوێ، یانی: تەنانەت لەگەڵ ئەو خراپەکارانەشدا لێبوردنو چاوپۆشیی کردن هەر باشە، دیارە ئەویش لە کاتی خۆیو لە شوێنی خۆیداو لە سنووری خۆیدا، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە، چونکە هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەم ڕستە قورئانییە ﴿فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡ﴾، نەسخ بۆتەوە، بەڵام پێشتر باسمان کرد لە سەرەتای سووڕەتی (المائدة)وە کە زانایان هەموو لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە سووڕەتی (المائدة) هیچ ئایەتێکی مەنسووخی تێدا نیە، کەواتە: ئەو قسەیە ڕاست نیە کە ئەم ڕستەیە ﴿فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡ﴾، لێیان ببوورەو چاوپۆشیان لێ بکە! نەسخ بۆتەوە، ئەدی چۆن دەگونجێ لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوانەی پەیمانیش دەشکێننو خیانەت دەکەن، چاوپۆشییان لێبکەی؟ دوایی ڕوونی دەکەینەوە.

ئنجا لە کۆتاییدا دێتە سەر باسی خیانەتو پەیمان شکێنیی نەصرانییەکانیشو دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ﴾، وە لەوانەش کە گوتیان: ئێمە نەصرانیین، پەیمانێکی پتەومان لێیان وەرگرت، ئەمە ئاماژەیە بەوە کە ئەوانە ڕاست ناکەن، نەصرانیی نین، ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ﴾، ئەوانەی خۆیان گوتیان: ئێمە نەصرانیین، واتە: هەر بە لاف لێدانو ئیددیعا وا دەڵێن، بەڵام لەڕاستییدا نەصرانیی نین، چونکە نەصرانیی کەسێکە دینی

خوای سەرخستبێ‌و پێغەمبەرانی خوای پشت گرتبێ‌و یارمەتی دابن، كە ئەوان وانەبوون، بۆیە ئەو نازناوەیان بە ئیددیعاو بە لاف لێدان بۆ تۆمار دەكات، جا دەفەرموێ: لەوانیش پەیمانی پتەومان وەرگرت، ﴿فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ﴾، بەشێك لەوەی كە پێی ئامۆژگاریی كرابوون، فەرامۆشیان كردو لە بیریان بردەوە، هەمیشە هۆی پەرتەوازەبوونی میللەتان، واتە: ئەوانەی خاوەنی بەرنامەی ئاسمانیین، ئەوە بووە كە بوونەتە تاقم تاقم‌و، هەر تاقمەو دەستەیە بەشێكی ئایینەكەی گرتووەو لایەن‌و بەشەكانی دیكەی فەرامۆش كردووە، سەرەنجام لە بەینی خۆیاندا بۆتە دەمەقاڵێ‌و مشتومڕیان‌و هەركامێكیان بەشەكەی خۆی پێ ڕاست بووە، بەڵام ئەوەی كە دەبێتە هۆی یەكڕیزیی ئەوەیە كە هەموو دینەكە بگری‌و هیچی لێ فەرامۆش نەكەی، ئەو كاتە كە مرۆڤ هەمووی پێكەوە گرت‌و هەمووی تەماشا كرد: لایەنی عەقیدە، لایەنی عیبادەت، لایەنی سیاسەت، لایەنی حوكم، لایەنی جەنگ‌و جیهاد، لایەنی پەروەردە، ئەو كاتە هەر كەسێك خزمەتی هەر لایەنێك لەو لایەنانەی دینداریی بكات‌و خزمەتی هەر بەشێكی بكات، خۆشی دەوێ‌و پێیوایە كە ئەویش هاوكاریەتی هاوڕێبازیەتی. بەڵام كەسێك وابزانێ ئیسلام تەنیا لایەنی زیكرو فیكرە، لەگەڵ ئەوەدا كە لەڕووی كاری سیاسییەوە خزمەت بە ئیسلام دەكات، هەستیاری دەبێ، وە ئەوەی كەوا دەزانێ ئیسلام تەنیا جەنگ‌و جیهادە، هەر كەسێك لە ڕووی عیلمیی‌و فیكرییەوە خزمەتی ئیسلام دەكات، هەستیاریی بەرانبەری دەبێ، وە ئەوەی كە پێیوایە ئیسلام تەنیا لایەنی بانگەوازو پەروەردەیە، هەستیاریی دەبێ بەرانبەر بە مسوڵمانانی دیكە كە خزمەت بە لایەنەكانی دیكە دەكەن، بەڵام ئەگەر تۆ هەموو ئیسلامت بینی، لە هەر قوژبنێكەوە كەسێك خزمەتی بە ئیسلام كرد، كارەكەی ئەو بە كارەكەی خۆت دەزانی، وە بەرانبەری هەستیار نابی، نەك وەك ئێستای مسوڵمانان، یەكێك تەنیا لایەنی تەزكیەو تەصەوف دەگری، یەكێك تەنیا لایەنی عەقیدە دەگری، یەكی دیكە تەنیا لایەنی بانگەواز دەگری، یەكێك تەنیا لایەنی جەنگ‌و جیهاد دەگری، سەرەنجام ئەوانە هەموو لە بەینی خۆیاندا تێكدەگیرێن، وە هەركامێكیان ئەوەی دیكە بە هەڵە دەزانێ، كە لەڕاستیدا هەمووشیان هەڵەن‌و، ئیسلام هیچ كام لەو لایەن‌و بەشانە نیە بە تەنیا، بەڵكو هەموو ئەوانەیە بەیەكەوە، وە گەلێك لایەنی دیكەشە، ئنجا

دەفـــــــــــــەرموێ: ﴿ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَاوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، نەصرانییەکان لە ئەنجامی ئەوەدا کە بەشێك لەوەی کە پێی ئامۆژگاریی کرابوون فەرامۆشیان کرد، (بەڵام بۆمان دەرناخات بەشەکە چییە؟ بۆمان دەرناخات ئەو لایەنە چییە؟ کە فەرامۆشیان کردوە) لە ئەنجامی ئەوەدا دوژمنایەتییو ڕقو کینەمان لە بەیندا پەیدا کردن، تاکو ڕۆژی قیامەت، کە زۆر لە توێژەرەوان دەڵێن: مەبەست لەو بەشە کە فەرامۆشیان کردوە، لایەنی یەکتاپەرستیی (توحید)ە، نەصرانییەکان کە لایەنی خوا بەیەکگرتنیان لە نەصرانییەت دەرهێنا، لە بەینی خۆیاندا ناکۆك بوون، وەك دوایی باسی دەکەین، هیچ پێغەمبەرێك (علیهم الصلاة والسلام) نەهاتوە کە خەڵك بانگ نەکات بۆ تەنیا خوا پەرستن، کەچی نەصرانییەکان دەڵێن: عیسا کوڕی خوایە، وە بەشێکە لە خوا، وە مەریەم بەشێکە لە خوا، وە (روح القدس) بەشێکە لە خوا! وە لە ئەنجامی ئەوەدا تووشی جیاوازیی زۆر بوون، وەك دوایی باسی دەکەین، چونکە هەمووکات شتی ڕاست یەکێکە، بەڵام شتی هەڵە جۆراو جۆرە، (٢ + ٢ = ٤)، وەرە ئەنجامە ڕاستەکە بەدەستەوە مەگرە، بڵێ: (٢ + ٢ = ٥)، ئەوەی دیکەش دەڵێ: (٢ + ٢ = ٦) ... هتد، بۆی هەیە ڕەخنەت لێ بگرێ، ئەوی دیکە دەڵێ: دەکاتە سێ بۆی هەیە ڕەخنەت لێ بگرێ، هەموویان ڕەخنەیان دەبێ بەرانبەر بەوی دیکە، مادام ئەنجامە ڕاستەکە نەگرن، کە (٢ + ٢ = ٤)، هەمیشە ئەنجامە هەڵەکان پێکەوە ناکۆکن، بەڵام ئەنجامی ڕاست هەموولا لەسەری پێکدێن، ئینسان کە لە ڕاستەکەی لاداو تووشی هەڵە بوو، ئەوە چ بڵێی (٢ + ٢ = ٥)، چ بڵێی: (٢ + ٢ = ٣)، چ بڵێی (٢ + ٢ = ١٠٠٠) هەروەك یەکە، هەمووی هەر هەڵەیە، بەڵێ هەیانە دوورتر ڕۆیشتوە، بەڵام هەمووی هەر هەڵەیە، ئنجا لە کۆتاییدا دەفەرموێ:

﴿ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ﴾، وە لەمەودوا خوا بە تەئكید هەواڵیان پێدەدا بەوەی کە زۆر بە وردەکارییو بە وەستایانەو لێزانانە دەیانکرد، واتە: لە کردەوەی خراپو ڕەفتاری خراپ، خوا لەمەودوا هەواڵیان پێدەدا، کە هەواڵیشیان پێدەدا بۆ سزادانو بۆ سەرزەنشتکردنو بۆئەوەی کە پێیان بفەرموێ: ئەوە هەڵە نەبوو کردتان، ئەوە ناشەرعیی نەبوو؟ ئەوە زوڵم نەبوو؟ ئەوە خراپە نەبوو؟ با، دە ئەوە سزایەکەتانەو سزای خۆتان بچێژن !.

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾، واتە: بێگومان خوا پەیمانی پتەوی وەرگرت لە بەنی ئیسرائیل، کە جوولەکەکانن، دیارە پەیمان وەرگرتنی خوای دادگەر لە هەر گەلو کۆمەڵێك، واتە: پابەندکردنیان بەو شەریعەتەوە کە خوا بۆی ناردوون، وە بەندایەتیی کردنیان بۆ خوا بەهۆی پابەندیی یان بەو شەریعەتەوە، کە دەفەرموێ: خوا پەیمانی لە جوولەکەکان وەرگرت، یان لە نەصرانییەکان وەرگرت، مەبەست لەو پەیمانە ئەوەیە کە خوا بەڵێنو پەیمانی لە هەموو ئەو خاوەن کتێبانە وەرگرتوە کە بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، بە پابەندییان بەو کتێبو شەریعەتەوە کە بۆی ناردوون، ئەو پەیمانەش کە لێرە خوای زاناو شارەزا بە کورتی باسی دەکات، وەك لە مانا گشتیەکەشدا ئاماژەمان پێدا، لە ئایەتی ژمارە (٨٣)و (٨٤)ی سوورەتی (البقرة)دا بە درێژیی باسی دەکات، دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾﴾، دوایی باسی دەکات، کە چۆن پەیمانەکەیان شکاندوەو پێوە پابەند نەبوون، ئەو پەیمانە بریتیە لە (١٠) بڕگە، دیارە ئێمە لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا بە تەفصیلی باسمان کردوە، (١٠) دە بڕگەکان بەم شێوەیەن:

یەکەم/ ﴿لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾، بێجگە لە خوا کەسی دیکە، وە هیچ شتێکی دیکە ناپەرستن، کە بناغەی ئەو پەیمانەیە، چونکە ئەگەر تەنیا خوات پەرست،

شتە چاکەکانی دیکە هەموویان دێنیە دی، وە ئەگەر خوات نەپەرست، خراپەکانی دیکە هەموویان بە دوای نەپەرستنی خوا، یان بە تەنیا نەپەرستنی خوادا دێن.

دووەم/ ﴿وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَانٗا﴾، یەکسەر لە دوای خوا پەرستیی، چاکە لەگەڵ بابو دایکتاندا بکەن.

سێیەم/ ﴿وَذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾، وە لەگەڵ خزماندا چاکە بکەن.

چوارەم/ ﴿وَٱلۡيَتَٰمَىٰ﴾، وە لەگەڵ هەتیواندا چاکە بکەن.

پێنجەم/ ﴿وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾، وە لەگەڵ نەداراندا، چاکە بکەن.

شەشەم/ ﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا﴾، وە پەیمانمان لێ وەرگرتن کە دەبێ هەمیشە قسەی باش لەگەڵ خەڵکیدا بکەن، مسوڵمانان نابێ قسەی خراپ بکەن، ئەوانەی کە خۆیان بە بەندەی خوا دەزانن، نابێ قسەی خراپ لەگەڵ خەڵك بکەن.

حەوتەم/ ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾، وە نوێژ بەرپا بکەن.

هەشتەم/ ﴿وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾، وە زەکات بدەن، نوێژ هەقی خوایە، زەکات هەقی خەڵکە، خوا پەرستو خەڵك دۆست بن.

نۆیەم/ ﴿لَا تَسۡفِكُونَ دِمَآءَكُمۡ﴾، وە پەیمانمان لێ وەرگرتن کە خوێنی یەکدی نارێژن، دەفەرموێ: خوێنی خۆتان نارێژن، ئنجا ئایا بۆچی دەفەرموێ: خوێنی خۆتان، خۆ کەس خوێنی خۆی نارێژێ مەگەر بە دەگمەن ئینسان خۆی بکوژێ؟ مەبەستی لەوەیە کە هەرکامێك لە مسوڵمانان دەبێ وەك خۆت تەماشا بکەیو خوێنی ئەو بە خوێنی خۆت بزانی.

دەیەم: ﴿وَلَا تُخۡرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ﴾، وە خۆتان لەماڵو حاڵو نیشتیمانی خۆتان وەدەرنانێن، دیارە کەس خۆی دەرناکات، بەڵام کە تۆ برایەکی

مسولْمان، خوشکێکی مسولْمان دەردەکەی لە ماڵو حاڵی خۆی، لە نیشتیمانی خۆی، وەك خۆتت دەرکردبێ وایە، دیارە لەوێ باس دەکات، کە دوایی پێوەی پابەندنەبوون، وە خوای پەروەردگاریش سزای دان، وەك چۆن لێرەشدا وادەفەرموێ.

**مەسەلەی دووەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ ٱثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا ﴾، وە دوازدە نەقیبمان لەنێودا پەیداکردنو ڕەوانەکردن، (نَقِيب) واتە: مشوورخۆرو بەڕێوەبەرو کارهەڵسوڕێنەر، بۆ زانیاریتان خوای کاربەجێ باسی دوازدە (نقیب)ی کردوە، هەم بۆ جوولەکەکان، ئەوە لێرەدا وە هەروەها بۆ نەصرانییەکانیش لە ئینجیلەکاندا هاتوە، کە عیسا دوازدە حەواریی هەبوون (حواري)، واتە: هاوەڵو دۆستی دڵسۆزو مشوورخۆری زۆر نزیكو تایبەت بە ئینسانەوە، هەروەها پێغەمبەر ﷺیش لە عەقەبەدا کە پەیمانی دووەمی لە مسولْمانان وەرگرت، کە حەفتاو پێنج کەس بوون لە خەڵکی (يَثْرِب) نوێنەرانی هەردووك هۆز ئەوسو خەزرەج دوو ئافرەتو حەفتاو سێ پیاو بوون، پێغەمبەر ﷺ دوازدە (نَقِيب)ی لە نێوانیاندا هەڵبژارد، کەواتە: دوازدە مشوورخۆر: لەنێو جوولەکەکاندا بوون، وە لەنێو نەصرانییەکاندا بوون، وە لەنێو مسولْمانانیشدا بوون، جا ئەو دوازدە نەقیبەی کە خوا لێرەدا باسیان دەکات لە تەفسیرەکاندا ئاوا باس دەکات، وە لە پەیمانی کۆنیشدا (واتە: لە تەوراتو ئەو کتێبانەی کە لەگەڵ تەورات دان، پێیان دەگوترێ پەیمانی کۆن)، لەوێشدا هاتوە کە مووسا ﵇ دوای ئەوەی گەلی جوولەکە دەرباز دەکات لەدەست فیرعەون وە لە ڕووباری نیل دەیپەڕنەوە، یان لە دەریای سوور دەیپەڕنەوە، بەرەو شام دێن، بەرەو دەشتی (سینا) دێن، لەوێ بەو دوازدە مشوورخۆر (نَقِيب)ە، دەفەرموێ: بچن بۆ سەر زەمینی کەنعان، (فەلەستینی ئێستا) بچن بزانن داخۆ ئەو کەسانەی کە لەوێن چۆنن؟ چونکە خوا بەڵێنی پێداوین کە ئێمە بچینە سەرزەمینی کەنعان، (سەرزەمینی فەلەستین)و لەوێ نیشتەجێ بین، ئەو کاتە خوا ئەو بەڵێنەی پێداون، دیارە ئەو دوازدە کەسە دەچن بۆئەوەی بزانن داخۆ ئەوانە چۆنن؟ هێزیان چەندە؟ دەستەڵاتیان چەندە، ئەگەر لەگەڵیان بەشەڕ بێن؟ دیارە ئەگەر ئەوان یەکسەر بڵێن: ئێمە هاتووین لێرە

نیشتەجێ بین، بێگومان لێیان ناگەڕێن‌و تووشی شەڕ دەبن، بۆیە سەرەتا ئەو دوازدە کەسە دەچن، دیارە مووساش ﷺ بەپێی ئەو بەسەرهاتانە کە گێڕدراونەوە پێیان دەفەرموێ: هەر شتێکتان بینی بلاوی مەکەنەوە، بە خۆمی بلێن، واتە: ئەگەر دوژمنەکان دەسەلاتیان زۆر بوو، بە توانا بوون، شەڕکەرێکی بێ ڕەزا بوون، بلاوی مەکەنەوە بۆ ئەوەی مەعنەوییاتی خەلکەکە نەشکێ، تەنیا بە من بلێن، دوایی لەو دوازدەیە دەیان پەیمان دەشکێنن، تەنیا دوویان خیانەت ناکەن، شتەکە دەپارێزن، لە تەفسیرەکاندا بۆ وێنە: لە تەفسیری (الطبري)دا وەك لە کوردەواریی خۆشماندا باوە باسی (عوج) دەکات، دەلێ: (عوج) کە بە (عاج)یش هاتوە، کابرایەك بووە لە کەنعانییەکان، کە عەمالیقەشیان پێ‌گوتوون، دیارە (طبري) ڕەحمەتی خوای لێ بێ زانایەکی زۆر گەورەیە، بەلام ئەو بەسەرهاتە ئەفسانەییە دەگێڕێتەوە، دەلێ: ئەو دوازدە کەسە کە چوون لە ڕێگادا تووشی (عاج) یان (عوج) بوون، کە ئەو دووازدە نەفەرەی بینی هەمووی خڕکردنەوە لەبەر پشتێندی نان، گوتی: بۆ خێزانەکەمیان دەبەمەوە، با تەماشایان بکات، ئەو بەشەرە وردیلانە، وە هەندێك دەلێن: لە نێفۆکی خۆی نان، (واتە: ئەو شوێنەی کە بەنەخوێنی پێدا دەچێ) لەوێی هاوێشتن، ئنجا کە بردنیەوە بردنیەوە هەلی ڕشتن بۆ هاوسەرەکەی‌و گوتی: ئەو دوازدە کەسە بەحیساب هاتوون شەڕ لەگەل ئێمە بکەن!! ئایا بیانهاڕم، پێیان لێنێم؟ خێزانەکەشی گوتی: نەء، مەیانهاڕە، لێیانگەڕێ، با بڕۆنەوە، چییان دیتوە بۆ قەومەکەیان بیگێڕنەوە، بۆئەوەی مەعنەوییاتیان بشکێ‌و بزانن کە ئەو خەلکەی هاتوون شەڕیان لەگەل بکەن، پیاوی وەك تۆیان هەیە، دەلێ: (عاج) ئەگەر ویستبای ماسییان بگرێ یەکسەر دەچووە نێو بەحرێ هەتا ئەژنۆی دەهات، دوایی ماسی دەردەهێناو بە تیشکی خۆر دەیبرژاندن، ئەوە لە (تأريخ الطَّبَري)دا باسکراوە، بەلام بێگومان ڕاست نیە، بەلێ ڕەنگە بە کەلەش بەهێز بوون‌و شەڕکەرو ئازاش بووبن، واتە: خەلکێکی نائاسایی بوون، بەلام بەو شێوەیەش نا کە نەچێتە عەقلی هیچ کەسێکەوە، بۆیەش لێرەدا باسمکرد تاکو کەسێك کە تەفسیری (طبري) خوێندەوە پێی وانەبێ کە ئەوە ڕیوایەتێکی ڕاستە، ئەویش هەروا بیستوویەتی‌و هێناویەتی ڕەحمەتی خوای لێبێ، چونکە (طبري) بۆخۆی گوتوویەتی: من هەندێك شت

دەهێنم مەرج نیە پێم ڕاست بێ، زانایان دوایی بۆخۆیان تەحقیق بکەن لێی بکۆڵنەوە، بەڵام هەرچی بیستوومە دەیهێنم بۆئەوەی زایە نەبێ، بزر نەبێ، وەك زانستێك هەبێ، بەڵام ناڵێم کامەی ڕاستەو کامەی ڕاست نیە، جا چ بەنسبەت ئەو شتانەی وەك شوێنەوار بە ناوی هاوەڵانو پێغەمبەریشەوە ﷺ گوتراون، چ بەنسبەت ئەو شتانەوە کە لە بەنی ئیسرائیل وەرگیراون، ئنجا دیارە ئەو دوازدە نەقیبەی جوولەکەکان کە لێرەدا خوا باسیان دەکا، هەموویان پەیمانیان شکاندوە، جگە لە دووانیان کە دوایی لە ئایەتەکاندا دەیگەینێ، ئەوانیش ناویان (یوشع بن نون) وە (کالب بن یوفنا) بوون، بەپێی ئەوەی کە لە کتێبەکانی ئەهلی کیتابدا هاتوە[1].

ئنجا بەنسبەت دوازدە حەوارییەکەی عیساوە علیه السلام ئەوانیش هەموویان هەر ڕاست نەبوون، وەك لە ئینجیلی (یوحنّا) لە (إصحاح)ی (١٣) ئایەتی (١٠)دا هاتوە[2]: {فَقَالَ يَسُوع: مَنِ اغْتَسَلَ صَارَ كُلُّهُ نَقيًّا ولايحتَاج إلا لِغَسْل قَدَمِيهِ، وَأَنتُمْ أنقياء وَلَكن لَيْسَ كُلكُم} واتە: عیسا گوتی: (بە دوازدە حەوارییەکانی) هەر کامێك لە ئێوە خۆی شۆردبێ، خاوێن بۆتەوە، وە هیچی پێویست نیە مەگەر هەردوو پێیەکانی بشۆن (بە حیساب عیسا پێی هەر دوازدە حەوارییەکانی شۆردوون، وە بە خاولیەکیش کە لەبەر پشتێنی خۆی چەقاندوە لە ئینجیلەکاندا واهاتوە پێیەکانیشی وشك کردوونەوە، گوتوویەتی: ئێوە هەمووتان پاکن، بەڵام هەمووشتان پاك نین، ناپاکیشتان تێدا هەیە).

ئنجا لە ئینجیلی (متّی) لە (إصحاح)ی (٢٦) لە ئایەتی (١٤و ١٥و ١٦)دا هاتوە[3] ئاوا باسی یەکێکیان دەکات لە دوازدە حەوارییەکان کە خیانەتی بە عیسا کردوە، کە قورئانیش ئاماژەی بەوە کردوە، دەڵێ: {عينَدئِذٍ ذَهَبَ وَاحِدٍ مِن الأثني عَشَرَ وَهُوَ المَدَعو يَهُوذَا الأَسْخَرِيُوطِيَّ إِلى رُؤَسَاءِ الكَهَنَة، وَقَال: كَمْ تُعطوني، لأُسلِمَهُ إِلَيْكُمْ فَوَزنوا لَهُ ثَلاثينَ قِطْعَة مِن الفِضَّة، وَمِنْ ذَلِك الوَقْت أَخَذَ يَهُوذَا يَتَحينُ

١) بڕوانە: التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر العدد، الإصحاح:١٣، (إستكشاف أرض كنعان)، الإصحاح:١٤، (تمرُّد أبناء بني إسرائيل)، ص ٢٩٨ - ٣٠٥ .

٢) الكتاب المقدس: العهد الجديد: ص٢٢١٨.

٣) الكتاب المقدس: ص.١٩٥٦

الفُرصَة لِتَسْلِيمه﴾، واتە: لەو کاتەدا یەکێك لە دوازدەکان (دوازدە حەوارییەکان، واتە دوازدە هاوەڵە تایبەتییەکانی عیسا، یان دوازدە مشوورخۆرەکانی کە لە خزمەتی دابوون) کە پێی دەگوترا (يَهُوذَا الأَسْخَرِيُوطِي) چوو بۆ لای سەرۆکەکانی کاهینەکان[1] وە پێی گوتن: چەندەم دەدەنێ عیساتان تەسلیم بکەم، شوێنەکەتان پێ بڵێم؟ ئەوانیش سی (٣٠) پارچە زیویان بۆ ژمارد، (دیارە دراوی ئەوکاتە زیو بووە) ئیدی ئەوکاتە (يَهُوذَا) لە دەرفەتێك دەگەڕا کە تەسلیمیان بکاتو پێیان بڵێ: عیسا لە فلانماڵە، وەرن بیگرن دیارە ڕۆمەکانو جوولەکەکانیش هەردووك لایان لە عیسا دەگەڕان، ئەویش خۆیو دوازدە هاوەڵەکەی لە ماڵێکدا بوون، (يَهُوذَا) گوتی: ئەوەتا لێرەدایە، گوتیان: بچۆ ژووری بزانە لە وێیە؟ ئەو چووە ژوورێو خواش عیسا ﷺ بە کلاوڕۆژنەدا سەرخست، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿... وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ... ﴿١٥٧﴾﴾النساء، واتە: نەیانکوشتو هەڵیشیان نەواسی، بەڵکو وێنەی عیسایان بۆ برایە سەر یەکێکی دی، کە ئەو یەکە، هەر ئەو (يَهُوذَا)یە بوو، کە خیانەتی بە عیسا ﷺ کرد، خواش شێوەی عیسای بردە سەر وی، عیساشی بەرزکردەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ... ﴿١٥٨﴾﴾النساء، واتە: بەڵکو خوا بەرەو لای خۆی بەرزی کردەوە، هەر بە زیندوویی نەك وەك نەصرانییەکان دەڵێن، نەصرانییەکان زۆر بە غەڵەت داچوو ون، وەك لە تەفسیری ئەو ئایەتانەی لە سوورەتی (النساء)دا هاتوون، بە درێژی باسمکرد، نەصرانییەکان بە قسەی جوولەکەکان بڕوایان کرد، کە ئێستا نەصرانییەکانیش پێیان وایە عیسا گیراوەو هەڵیشواسراوەو لە داریش دراوە، بەڵام دوای سێ ڕۆژان زیندوو بۆتەوە، لە ئینجیلەکاندا واهاتوە، دەڵێ: عیسا دوای سێ ڕۆژان زیندووبۆتەوە، ئنجا خوا بەرزی کردۆتەوە[2]، کە لەڕاستیدا وانیەو عیسا ﷺ نەکەوتە بەر پەلی جوولەکەکانو ڕۆمەکان کە دەوڵەت بوون،

---

١) كهنة: جمع كاهن وهو عالم اليهود.

٢) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد الجديد، إنجيل لوقا، الإصحاح: ٩، (يسوع يعلن عن موته وقيامه)، وە الإصحاح: ٢٤، (قيامة يسوع المسيح)، ص ٢١٠٠و ٢١٥٩ .

جوولەکەکانیش کە خۆیان بە خاوەنی دینی یەهودییەت دەزانی، وە پێیانوابوو عیسا ﷺ لە دینی یەهودییەت هەڵگەڕاوەتەوەو لای داوە، بە دڵنیایی عیسا ﷺ نەکەوتە بەردەستی ئەوان، بەڵکو خوا بەرزی کردەوە وەك بە دەقی ئایەت خوا وا دەفەرموێ: ﴿... وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا ﴿١٥٧﴾﴾ النساء، بەڵام ئەو نهێنییە تەنیا قورئان زانیویەتی، جوولەکەکانیش وایانزانیوە کە عیسایان کوشتووە، ڕۆمەکانیش هەروایان زانیوە، وە نەصرانییەکانیش وایانزانیوە عیسا ﷺ لە دار دراوە، بۆچی؟ چونکە ئەو کابرایەی کە گرتیانو دوایش شێوەی عیسا ﷺ چوو بووە سەر شێوەی وی، کتومت عیسا ﷺ بوو، کە گرتیان گوتی: من عیسا نیم، گوتیان: با هەوی، عەیب ناکەی دەترسێی! ئەدی تا ئێستا نەتگوتووە من پێغەمبەری خواو ناترسێم، عەیبە ئێستا لە مردن دەترسێی! گوتی: هەونیمو عیسا بۆ ئاسمان بەرز بۆوە، گوتیان: عەیبە ئەو درۆو دەلەسەیە مەکە تۆ هەر هەوی، دەڵێ: بەڵام عەجایب ئەوەبوو کە دەیانژماردن یازدە بوون، دەیانگوت باشە دوازدە بوون، ئێستا بۆ بوون بە یازدە؟ ئەوی دیکە چی لێ هات؟ ئەوە لێیان بوو بە مەتەڵ، بەڵام بە هەر حاڵ ئەوە نهێنییەك بوو کە دوایی قورئان ئەو نهێنییەی ئاشکرا کرد، کە لەڕاستیدا ئەوەی لە دار درا (يَهُوذَا الأَسْخَرِيُوطِي) بوو، وە ئەگەر تەماشای ئینجیلەکانیش بکەین، دەردەکەوێ: ئەوەی لە دار دراوە زۆر بێهێز بووە، بۆ وێنە: لە شوێنێکدا دەڵێ: («إِيلِي، إِيلِي، لَمَا شَبَقْتَنِي؟» أَيْ: «إِلـهِي، إِلـهِي، لِمَاذَا تَرَكْتَنِي؟»)[1] خوایە خوایە! بۆ وێڵت کردم، بۆ بەجێت هێشتم، دیفاعم لێ ناکەی، یان دەڵێ: خوایە ئەمجارەش دەربازم بکە با نەمرم، یانی: زۆر بە بێهێزیی دەردەکەوێ، کە ئەوە خۆ مسوڵمانێك هەر تۆزێ ئیمانداری چاکیش بێ، ئاوا ناپاڕێتەوە بۆ چەنگە خوێنێكو چوار هەناسە ژیان!! چ جای پێغەمبەرێکی پایە بەرزی وەك عیسا ﷺ، کەواتە: دیارە ئەو کەسە (يَهُوذَا الأَسْخَرِيُوطِي) بووە کە زانیویەتی کە لە دار دەدرێو خوا سزای دەدات، بۆیە وا ترساوە، کەواتە: دوازدە حەوارییەکەی عیساش هەموویان ساغ دەرنەچوو ون، بە ئیعتیرافی نەصرانییەکان خۆشیان.

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد الجديد، إنجيل متى، الإصحاح: ٢٧، (يسوع يسلم الروح)، ص ١٩٦٨.

ئنجا با بزانین دوازدە نەقیبەکەی پێغەمبەر ﷺ چۆن بوون؟ دوازدە نەقیبەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموویان ساغو ڕاستو بە وەفا دەرچوون، دوای ئەوەی ئەو حەفتاو پێنج کەسە چوونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی دوازدەیەمی پێغەمبەرایەتی دا، ساڵێك پێش ئەوەی پێغەمبەر ﷺو هاوەڵانی کۆچ بکەن بۆ مەدینە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ﴿أَخْرِجُوا إِلَيَّ مِنْكُمْ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا، لِيَكُونُوا عَلَى قَوْمِهِمْ بِمَا فِيهِمْ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٥٨٣٦)، وَقَالَ شعيب الأرنؤوط: حديث قوي وهذا إسناد حَسَنٌ، سيرة ابْنُ هِشَام ج٢، ص٢٢٩، وَالطَّبَرانـي برقم: (١٧٤)، والذَّهَبِي في تأريخ الإسلام ج١، ص٨٥}، واتە: دوازدە (نقيب)م لەنێو خۆتاندا بۆ هەڵبژێرن بۆئەوەی بەسەرتانەوە سەرپەرشتیاربن، (دیارە دەبێ دوازدە بەرەباب بووبن)، ئەوانیش دوازدە کۆمەڵ بوون، گوتوویەتی: با هەر کۆمەڵە سەرپەرشتیارێکتان هەبێ، خۆتان لە نێو خۆتاندا هەڵیبژێرنو بۆم دەستنیشان بکەن.

ئنجا دەڵێ: دوایی پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون: ﴿أَنْتُمْ عَلَى قَوْمِكُمْ بِمَا فِيهِمْ كُفَلاءُ، كَكَفَالَةِ الْحَوَارِيِّينَ لِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ، وَأَنَا كَفِيلٌ عَلَى قَوْمِي "يَعْنِي الْمُسْلِمِينَ" قَالُوا: نَعَمْ﴾[1]، واتە: ئێوە بەسەر کۆمەڵی خۆتانەوە کەفیل دەبن وەك کەفالەتی حەوارییەکان، چۆن لە جیاتی عیسا سەرپەرشتیاریی خەڵکەکەیان دەکرد، سەرپەرشتیاریی شوێنکەوتووانی عیسایان دەکرد، ئێوەش لە جیاتی من سەرپەرشتیاریی خەڵکەکەی خۆتان بکەنو بچنەوە بۆ مەدینە، ئەوە منیش کەفیلم بەسەر قەومەکەی خۆمەوە، کۆمەڵی خۆی کێن؟ بێگومان هەموو مسوڵمانانن، گوتیان: بەڵێ، واتە: ئێمە ئامادەین لە جیاتی تۆ سەرپەرشتیاریی ئەو گەلو کۆمەڵەی خۆمان بکەین، دیارە وەك لە مێژووشدا چەسپاوە، ئەو دوازدە نەقیبەی پێغەمبەر ﷺ وەفاداربوون بە پەیمانی خۆیانەوەو هیچکەسی ناساغو ناڕێکیان تێدا پەیدا نەبوو، هەڵبەتە لێرەدا ناڵێین: مووساو عیساش صەلاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ، هەڵەو سووچیان هەبووە، بەڵام ئەوە فەزڵو ئیمتیازێکە خوا بە پێغەمبەری خاتەمی داوە، کە ئەو دوازدە مشوورخۆرە، هەموویان ساغو ڕاست دەرچوون، وە لەڕاستیدا هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ مەگەر

---

١) سيرة ابْنُ هِشَام ج٢، ص٢٢٩.

بە دەگمەن، ئەگەرنا هەموویان ئاوا ساغو ڕاست دەرچوون، بۆیە شیعەكان كە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ بەو چاوە تەماشا دەكەن، كە پەیمانیان شكاندوەو خیانەتیان لە عەلی كردوەو هەڵگەڕاونەوە دوای پێغەمبەر ﷺ، كە هەندێ لە شیعەكان دەڵێن: بێجگە لە دوازدەیان هەموویان هەڵگەڕاونەوە! ئەوە درۆو دەلەسەیەكە هەر شایستەی خۆیانە، وە لەڕاستیدا لە مێژوودا هیچ كەس وەك هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ ساغو ڕاستو وەفادار نەبووە، بەڵام بێگومان هاوەڵانیش پارێزراو نەبوون لە هەڵە، وەك چۆن هەندێك لە ئەهلی سوننەتیش لە بەرانبەر ئەو تێپەڕاندنەی شیعان داو، لە بەرانبەر ئەو بێوەفاییو كورت هێنانەیاندا تێدەپەڕێنن‌و وا تەماشای چوار خەلیفە ڕاشیدەكانو هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ دەكەن، وەك بڵێی: پارێزراو بوو ون لە هەڵە! نەخێر لە هەڵە پارێزراو نەبوون‌و تووشی گوناهانیش بوو ون، بەڵام بەڕاستی ڕاستترین‌و ساغترین كەس بوون لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ، وە لەگەڵ ئەو دین‌و بەرنامەیەدا كە پێغەمبەری خوا ﷺ، هێناویەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كەموكوڕییشیان هەبووە.

**مەسەلەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ﴾، وە خوای تاك‌و پاك دەفەرموێ: من لەگەڵتانم، بەڵام چ كاتێك؟ چونكە وەك پێشتریش باسمان كرد، لەگەڵ بوونی خوا بە گۆترە نیە، بە خۆڕایی خوا لەگەڵ كەس نابێ، وە بە خۆڕاییش پشتی كەس بەرنادات، بەڵكو دەفەرموێ: ﴿لَئِنْ أَقَمْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيْتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾، ئەگەر ئەوانەتان نەكرد ئەوە لەگەڵتان نیم، وەك لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿إِن يَنصُرْكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمْ ۖ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا ٱلَّذِي يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعْدِهِۦ ...﴿١٦٠﴾﴾، واتە: ئەگەر خوا پشتتان بگرێ كەس بەسەرتاندا زاڵ نابێ، وە ئەگەر خوا پشتتان بەردا كەس سەرتان ناخات، كەواتە:

جاری واش هەیە خوای كاربەجێ پشتی خەڵكی بەردەدا، بەڵێ خوا پشتی كەسانێك دەگرێ كە لەگەڵ خوا ڕاستو ساغ بن، وە پشتی كەسانێكیش بەردەداو ئیهمالیان دەكات، كە لەگەڵیدا ڕاستو ساغ نەبن، وەك دەبینین خوا پێنج مەرجی داناون بۆ پشتگیریی كردنی خۆی بۆیان:

١- ﴿أَقَمۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ﴾، نوێژ بەرپا بكەن.

٢- ﴿وَءَاتَيۡتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ﴾، زەكات بدەن.

٣- ﴿وَءَامَنتُم بِرُسُلِي﴾، ئیمان بە پێغەمبەرانی من بێنن.

٤- ﴿وَعَزَّرۡتُمُوهُمۡ﴾، پشتی پێغەمبەرانی خوا بگرنو بە هێزیان بكەنو سەریان بخەن.

٥- ﴿وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا﴾، وە لە پێناوی خوادا ماڵی خۆتان ببەخشن، واتە: بێجگە لە زەكاتیش، چونكە یەكێك بۆی هەیە بڵێ: لەوێ باسی زەكات دەكات، دواییش باسی قەرزی چاك دەكات، قەرزی چاك بە خوا دان، مەبەست پێی بەخشینی ماڵی سوننەتە، ماڵ بەخشینی (تطوع) بێئەوەی لەسەرت فەرزبێ.

جا دەفەرموێ: كەسانێك ئەوانە بكەن، ﴿لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَلَأُدۡخِلَنَّكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾، خراپەكانتان لێ دەسڕمەوەو بۆ قیامەتیش دەتانخەمە نێو باغەكانەوە، (بۆ دنیاش پشتتان دەگرمو لەگەڵتانمو هاوكارتانم).

**مەسەلەی چوارەم:** كە دەفەرموێ: ﴿فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ﴾، لە ئەنجامی شكاندنی پەیمانەكەیاندا ﴿لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ

خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ﴾، بەڕاستیی ئەمە زۆر جێی سەرنجەو زۆر جێی هەڵوەستەکردنو پەند لێ وەرگرتنە، کە پەیمان شکاندن لەگەڵ خوای بالادەستدا ئینسان پەلکێش دەکات بۆ زۆر جۆرە گوناهو هەڵەو پەڵەو کەموکوڕیی دیکە، چونکە هەر کات ئینسان بەینی لەگەڵ خوادا تێکچوو، یەکسەر سەرەو ژێر دەبێتەوە، لێرەدا دەفەرموێ: جوولەکەکان لە ئەنجامی ئەوەدا کە پەیمانەکەیان شکاند لەگەڵ خوادا، لەعنەتمان لێکردنو دڵمان ڕەق کردن، وشەکانی خوا دەگۆڕن، وە بەشێك لەوەی پێی ئامۆژگاریی کرابوون لەبیریان کرد، وە بەردەوام خیانەتیش دەکەنو ئاگاداریی خیانەتەکانیان دەبین.

کەواتە: ئینسان دەبێ لە خۆی وریابێ، کەسی وا هەیە گوناهێکی دێتەپێش، دەڵێ جا خۆ یەك گوناهە، دوایی تۆبە دەکەم!! بەڵام ئەو گوناحکردنە زۆرجار وەك ئەوە وایە ئینسان لە شوێنێکی لێژ وەستابێو خلیسك ببات، کە لەگەڵ پێی خلیسکا ڕەنگە خۆی پێ نەوەستێ، چونکە ئەوە نیە بڵێی دوو هەنگاو بڕوا، یان سێ هەنگاو بڕوا، دوایی خۆی بۆ بگیرێتەوە، ئێمە جارێك لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ دالە بناری قەندیل سەر دەکەوتین بەیانی بوو، بەستبووی دەمانویست تەماشای ناوچەکە بکەین، زۆر لێژ بوو، برایەکمان خلیسکا خەریك بوو هەر بڕوا، کە ئەگەر نەگیرسابایەوە خوانە خواستە هەر لە بەین دەچوو، سوپاس بۆ خوا دوایی لە نێو قەدی ڕێدا درەختێکی لێبوو، دەستی بە درەختەکە گرتو خۆی گرتەوە، ئەگەرنا دەڕۆیی تا خواری خواریێ، چیایەکەش شاخێکی زۆر بەرز بوو، گوناحکردنیش ئاوایە ئینسان کە خلیسکا، وەك گوتم بە زەحمەت خۆی پێ کۆنترۆڵ دەکرێ، دەڵێن: کەسێك کە شەڕاب دەخواتەوە، بەس پێکی یەکەم، یان قومی یەکەم کە دەخواتەوە، دوایی پێیەوە خووگر (مُعْتَاد) دەبێ، یان ئەوانەی ماددەی بێ هۆشکەر بەکاردێنن، دوایی وردە وردە گیرۆدە دەبن، هەروەها داوێنپیسیی، یان قەتڵ، دەڵێن: بابای قاتڵ هەر ئەوەندەیە نەفەرێکی کوشت، ئیدی دوایی نەفەر کوشتنی لەلا وەك ئاو خواردنەوە لێدێ، یان کەسێك کە دزیی دەکات، دەڵێن: ئەوەی یەکەم جار دزیی دەکات ئارەقە دەکاتو ڕەنگی تێکدەچێ، دوایی وردە وردە وەك لە ماڵی خۆی شت بێنێتەوە، ئاوایەو زۆر لەلای ئاسایی دەبێ، ئنجا هەموو گوناهەکان هەر ئاوان، ئینسان قابیلیەتی ئەوەی هەیە، هەم

چاکە بکات، هەم خراپە بکات، بۆ نموونە: کەسێك کە یەکەم جار بە منداڵیی نوێژ دەکات، یان ڕۆژوو دەگرێ، هەر طاعەتێك کە ئەنجام دەدات، سەرەتا پێی قورسە، دوایی زۆر ئاسانە بەلایەوە، بۆیە ئینسان دەبێ لە سەرەتاوە ئاگای لە خۆی بێ، ئەوەتا لێرەدا دەفەرموێ: دوای ئەوەی کە پەیمانیان لەگەڵ خوا شکاند، لەعنەتمان لێکردن، کەواتە: کەسێك پەیمان بشکێنێ خوا لەعنەتی لێ دەکاتو لە ڕەحمەتی خۆی دووری دەخاتەوە، دوایی دڵی ڕەق دەبێ بۆ طاعەت، ئنجا وشەکانی خوا دەگۆڕێ، ئینسان کە لە خوا دوورکەوتەوە، دەیەوێ ئایەتەکان لەگەڵ لارییەکەی خۆیدا بگونجێنێ، بۆ نموونە: مەلای وامان هەیە، کە ئێستا لەگەڵ یەکێ لە حیزبە عەلمانییەکان دایە، هەوڵدەدات هەرچی ئایەتو فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ لەگەڵ وەزعە لارەکەی خۆیو حیزبە لارەکەی کە لەگەڵی دایە بیگونجێنێ، نابینن چ لە هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی عێراق، وە لەسەر ئاستی دنیا ئەو زانایانەی کە لادەدەن، هەرچی ئایەتو فەرمایشتە ملی پێ دەسووڕێننو لەگەڵ وەزعە لارەکەی خۆیاندا دەیانگونجێننو تەئویلیان دەکەن، ﴿وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ﴾، وە بەشێك لەوەی کە پێی ئامۆژگاریی کرابوون فەرامۆشیان کرد، لەبیر خۆیان بردەوە، کەواتە: ڕاستە گوناهەکان یەکدی پەلکێش دەکەن، وەك چۆن چاکە چاکە پەیدا دەکات، بە هەمان شێوە خراپەش خراپە پەیدا دەکات، بۆیە ئینسان دەبێ زۆر لە خۆی وریابێ، وە هیچ گوناهێك بە کەم نەگرێ، گوناهی گچکەش بە کەم نەگرێ، چونکە گوناهە گچکەکانیش دوایی وای لێدەکەن هی گەورە بکات.

(أحمد شوقي) دەربارەی ڕوانینی حەڕام (نظر) قسەیەکی زۆر جوانی هەیە، دەڵێ:

نَظْرَةٌ فَابتِسَامَةٌ فَسَلامٌ ... فَكَلامٌ فَمَوْعِدٌ فَلِقَاءٌ

واتە: ڕوانینێکە، دوایی زەردەخەنەیەکە، پاشان سەلام کردنێکە، ئنجا قسەکردنێکە، دوایی جێی ژوان دانانێکە، لە کۆتایی دا پێکگەیشتنە.

عەرەب دەڵێن: (وَمُعْظَمُ النَّارِ مِنْ مُسْتَصْغَرِ الشَّرَرِ) واتە: ئاگری زۆر لە بڵێسەیەکی بچووکەوە پەیدادەبێ، جاری وایە لە دەنکە شقارتەیەکەوە ئاگرێکی

گەورە خەڵەو خەرمانی وا دەسووتێ، گەنمو دەغڵو دانی وا دەسووتێ، لێرەواری وا دەسووتێ کە بە چەند ڕۆژ ناتوانرێ بکوژێنرێتەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە بابایەکی جگەرەکێش جگەرەیەك فڕێ دەدات بە ئیهمالیی! بەڵێ ئینسان دەبێ وریابێ لە گوناهانو لە گوناهی گچکەش خۆی بپارێزێ، بۆئەوەی تووشی هی گەورە نەبێ، وە ئەگەر ئینسان تووشی گوناحو هەڵەیەك بوو، زوو بگەڕێتەوە، نەك بچێتە دووی، هەرچەندە پارێز زۆر لە چارەسەر ئاسانترە، کە ئینسان خۆی بپارێزێ لە گوناهان، لەوەی تێوە بگلێو دوایی بگەڕێتەوەو خۆی چارەسەر بکات.

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، لێیان ببوورەو چاوپۆشییان لێبکە، بێگومان خوا چاکەکارانی خۆشدەوێن، لێرەدا لەگەڵ پێغەمبەریەتی ﷺ، بە نسبەت ئەو جوولەکانەوە کە پەیمانیان شکاندو ئاوایان کردو ئاوایان کرد، دەفەرموێ: لێیان ببوورەو چاوپۆشییان لێبکە، ئایا لە چی لێیان ببوورێو چاوپۆشییان لێبکات؟ لەو هەڵەو پەلانە کە لەگەڵ مسوڵمانان‌دا دەیکەن، بۆیە لێرەدا هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەم ڕستە قورئانییە نەسخ کراوەیە، چونکە جوولەکەکان کە پەیمان دەشکێننو خراپە دەکەن، چۆن دەبێ پێغەمبەری خوا ﷺ لێیان ببوورێو چاوپۆشییان لێ بکات؟! لەولاشەوە لە سەرەتای سوورەتی (المائدة) باسمان کرد کە زانایان گوتوویانە: سوورەتی (المائدة) کۆتا سوورەتە لە قورئان هاتبێتە خوار، وە دوا حەڵاڵو حەرام لە سوورەتی (المائدة)دا بەیان کراون، وە هیچ ئایەتێکی تێدانیە کە نەسخ کرابێتەوە، ئایا چۆن ئەوە چارەسەر بکەین؟ من لێرەدا ئەو قسەیەی: (طبري) دێنم، کە بە پێشەوای توێژەرەوانی قورئان ناسراوە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا ئەمەی هێناوە، دەڵێ[1]: ﴿عَنْ قَتَادَةَ: ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، وَلَمْ يُؤمَر يَوْمَئِذٍ بقِتَالِهِمْ، فَأَمَرَهُ

---

١) جامع البيان: ج٦، ص١٧١، برقم: ١١٥١٦، ١١٥١٧.

اللهُ عَزَّ ذِكْرُهُ أَنْ يَعْفُو عَنْهُم وَيَصْفَحَ، ثُمَّ نَسَخَ ذَلِكَ فِي"بَرَاءَة" فَقَالَ: ﴿ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩ ﴾التوبــة، وَالَّـذِي قَـالَهُ قَتَادَة غَيْرُ مَدْفُوعٍ إِمْكَانُهُ، غَيْرَ أَن النَّاسِخ الَّذِي لا شَكَّ فِيهِ مِنَ الأَمْرِ، هُوَ مَا كَانَ نَافياً كُلَّ مَعَانِي خِلافِهِ الَّذِي كَانَ قَبْلَهُ، فأمَّا مَا كَانَ غَيْرَ نَافٍ جَمِيعَهُ، فَلاَ سَبِيلَ إلى العِلْم بِأَنَّهُ نَاسِخ إلاَّ بِخَبَرٍ مِنَ اللهِ جَلَّ وَعَزَّ أَوْ مِنْ رَسُولِهِ ﷺ، وَلَيْسَ فِي قَوْلِهِ: ﴿ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ... ﴾، دِلالَةٌ عَلَى الأَمْرِ بِنَفْيِ مَعَانِي الصَّفْحِ وَالعَفْوِ عَنِ اليَهُود، وَإِذ كَانَ ذَلِكَ كَذَلِك، وَكَانَ جَائِزاً مَعَ إِقْرَارِهِم بِالصَّغَارِ وَأَدَائِهِم الْجِزيَةَ بَعْدَ القِتَال، الأَمرُ بِالعَفْوِ عَنْهُمْ فِي غَدْرَةٍ هَمُّوا بِهَا، أَو نَكثَةٍ عَزَمُوا عَلَيْهَا، مَا لَمْ يَنْصِبُوا حَرباً دُونَ أَدَاء الْجِزْيَةِ، وَيَمْتَنِعُوا مِنَ الأَحْكَام اللازِمَة لهم، لَمْ يَكُنْ وَاجِبَاً أَنْ يُحْكَمَ لِقَوْلِهِ: ﴿ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ... ﴾ الآيـة، بِأَنَّهُ نَاسِخٌ قَوْلِهِ: ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾،

واتە: لە قەتادەوە هاتوە (كە یەكێكە لە زانایانی تابعین، واتە: جیلی دوای هاوەڵان) گوتوویەتی: ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، بۆیە خوا وایفەرمووە ئەو كاتە فەرمان نەكرابوو بە جەنگ كردن لەگەڵ جوولەكەكاندا، بۆیە خوای ناوبانگ بەرز فەرمانی كردوە بە پێغەمبەر ﷺ كە لێیان ببووریّ و چاوپۆشییان لیّ بكات، بەڵام دوایی لە سوورەتی (براءة)دا ئەو لێبووردن و چاوپۆشییە نەسخ كرایەوە، وە خوا فەرمووی: ﴿ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩ ﴾

التوبة، واتە: لەگەڵ ئەوانەدا بجەنگن كە ئیمان بە خواو بە ڕۆژی دوایی ناهێنن، لە خاوەن كتێبەكان، تاكو سەرانە دەدەن، بە ملكەچیی.

(طَبَرِي) دەڵێ: ئەوەی قەتادە گوتوویەتی: ناڵێین ناگونجێ، بەڵام لابەری حوكمی پێشێ كاتێك دەبێ، وە گومانی تێدا نابێ، ئەوەی كە ناسیخە تێكبگیرێ لەگەڵ هەموو ئەو ماناو مەبەستانەی ئەوەدا كە مەنسووخە، بەڵام كە لەگەڵ هەموو ماناو مەبەستەكانی تێكنەگیرێ، وە هەواڵێكمان پێ نەبێ لەلایەن خواو پێغەمبەری خواوە ﷺ كە ئەم ئایەتەی دوایی هاتوە لەگەڵ ئەوەی پێشێ دا تێكدەگیرێو، ئەوەی پێشێی نەسخ كردۆتەوە (مادام لەلایەن خواو پێغەمبەرەوە هەواڵێكمان پێ نەبێ، وە لەگەڵ هەموو مەبەستەكانی پێشێ تێكنەگیرێ ناتوانین بڵێین: مەنسووخە) جا دەڵێ: ئەوە كە خوا دەفەرموێ: ﴿ قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ... ﴾، هیچ دەلالەتێكی تێدانییە كە تێكبگیرێ لەگەڵ هەموو ئەو واتاو مەبەستانەدا كە لەو ڕستە قورئانییەدا هاتوون، كە دەفەرموێ: ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، چونكە لە حاڵێكدا كە جوولەكەو نەصرانییەكان دان بەوەدا بێنن كە سەرانە بدەن بە ملكەچیی و دوای ئەوەی كە جەنگیان لەگەڵدا دەكرێ، جەنگەكە ڕادەگرن و دەڵێن: ئامادەین سەرانە بدەین، (ئەندازەیەك ماڵمان بدەین بە دەوڵەتی ئیسلامیی و لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەمێنینەوە)، ئەوە كە ئەگەر جارێك پەیمانێكیان شكاندبێ، یاخود هەڵەیەكیان كردبێ، مسوڵمانان چاوپۆشییان لێ بكەن و لێیان ببوورن، مادام سەرانە بدەن و ملكەچ بن بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی، ئەو دووانە تێكناگیرێن. واتە: جەنگ لەگەڵدا كرانیان هەتا سەرانە دەدەن، لەگەڵ چاوپۆشیی لێكردنیاندا لەسەر هەندێ هەڵەو كەموكوڕیی تێكناگیرێ، بە مەرجێك جەنگ لەگەڵ مسوڵماناندا نەكەن، كە سەنگەریان لێ بگرن و بڵێن: سەرانە نادەین، وە لاملیی و سەرپێچیی نەكەن لەو یاسا شەرعییانەی كە ڕوویان تێ دەكەن و دەبێ جێبەجێیان بكەن، مادام وا نەكەن، ئەو كاتە ڕێی تێدەچێ كە مسوڵمانان چاوپۆشییان لێ بكەن لە هەندێك هەڵەو كەموكوڕیی، وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ چاوپۆشیی لە هەندێ هەڵەو كەموكوڕیی مسوڵمانان كردوە، ئەوانیش هاووڵاتین و دانیشتووی ژێر

سایەی دەوڵەتی ئیسلامیین، ئەگەر هەندێك هەڵەو کەموکوڕییشیان هەبوون، چاوپۆشییان لێ بکرێ، ئەوە پێویست ناکات بگوترێ: نەسخ بۆتەوە، بەتایبەتیش کە خوای بالآدەست دوایی دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، واتە: بێگومان خوا چاکەکارانی خۆشدەوێن، کەواتە: لێبوردن لە خەڵك و چاوپۆشیی لێکردنیان لە هەندێك هەڵەو کەموکوڕیی بە مەرجێك نەگەیشتبێتە رادەی ئەوە کە دژایەتی دەوڵەتی ئیسلامیی بکەن، واتە: هەڵەی کەسیی، بۆ وێنە: کەسێك لە جوولەکەکان قسەیەکی غەڵەت دەکات، وەك ئەوەی (فنحاص) گوتی: ﴿ ... إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ...﴿١٨١﴾ ﴾آل عمران، وە دوای ئەوە ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێ زللەیەکی لێدا، وەك لە سوورەتی (آل عمران)دا باسمان کردوە[1]، دوایی پێغەمبەر ﷺ پشتگیریی ئەبوبەکری نەکرد، خوا لێی رازی بێ، هەرچەندە کابرای جوولەکە بێئەدەبییەکی گەورەی کردبوو، کە گوتی: خوا فەقیرەو ئێمە دەوڵەمەندین!! چونکە خوا دەفەرموێ: قەرزم بدەنێ، کەواتە: دیارە خوا پێویستی بە ئێمەیە، کە ئەوە بێئەدەبییەکی گەورەیە، بەلآم خوای زاناو شارەزا، ئایەتی نارده خوار: ﴿لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَذًى كَثِيرًا ۚ وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٨٦﴾ ﴾ آل عمران، واتە: مسۆگەربن لە ماڵ و سامانتان و لە خودی خۆشتان دا تاقی دەکرێنەوە، وە لەوانەی پێش ئێوە کتێبیان پێدراوەو لەوانەش کە هاوبەشیان (بۆ خوا) پەیداکردوە، ئازاری زۆر دەبیستن، وە ئەگەر خۆڕاگربن و پارێزکاربن، ئەوە ئەو خۆڕاگریی و پارێزکارییە لەو کارانەیە کە (لەلایەن خواوە) جەختیان لەسەر کراوە، (یان پێویست بە بڕیاری بەهێزو ئیرادەی پتەو دەکەن)، واتە: ئەگەر سزایان نەدەن، ئەوە لەو شتانەیە کە پێویستیان بە عەزیمەت دەکات، کە ئەوە هاندانی مسوڵمانانە کە چاوپۆشیی لەو کەموکوڕییانەیان بکەن، با عەقیدەی غەڵەتیشیان

١) بڕوانە: (الإستيعاب في بيان الأسباب) ج ١، ص ٣٣٩ - ٣٤٢ .

هەبێ، با قسەی بێئەدەبانەش بکەن، چاوپۆشییان لێ بکەن، بە مەرجێك شتەکەیان نەبووبێتە سەرپێچییەکی گشتی.

کەواتە: ئایەتی ژمارە (٢٩)ی سوورەتی (التوبة) لەگەڵ ئەم ڕستە قورئانییەی ئەم ئایەتەی سوورەتی (المائدة)دا تێکناگیرێن، تاکو بڵێین: ئەوەی دواییان، ئەوەی پێشێی نەسخ کردۆتەوە، کە دیارە من بۆ خۆم قەناعەتم وایە هیچ ڕستەیەك لە قورئاندا نیە نەسخ کرابێتەوە، واتە: هیچ ڕستەیەك لە قورئاندا نیە کە کاری پێ نەکرێ، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرە، بە تەفصیل باسم کردوە، بەڵگەشم لەسەر هێناوەتەوە.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرمووێ: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ﴾، لێرەدا پێویستە سێ شتان لەم ئایەتە موبارەکە وەربگرین:

یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ ﴾، واتە: ئەوانەی گوتیان: ئێمە نەصرانیین، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە لەو دەعوایەیاندا ڕاست ناکەن، وەکو تۆ بە یەکێك بڵێی: تۆش دەڵێی مسوڵمانم؟! یانی من ناڵێم هەوی، ئەگەر بڵێی: خۆ تۆش مسوڵمانی، ئەوە مانایەکە، بەڵام ئەگەر بڵێی تۆش خۆت بە مسوڵمان دەزانی؟ یان خۆ تۆش دەڵێی مسوڵمانم؟! ئەوە مانای وایە من بڕوات پێ ناکەم، کە وادەڵێی، یاخود قەناعەتم وا نیە کە تۆ مسوڵمان بی، ئنجا کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ ﴾، واتە: ئەوانەی کە گوتیان: ئێمە نەصرانیین، نەیفەرمووە: (وَمِنَ النَّصَٰرَىٰٓ ) بۆچی؟ چونکە وشەی (نَصَٰرَىٰٓ ) کۆی (نصراني)یە، نەصرانیی، واتە: ئەوانەی کە یارمەتی خوایان داوەو پشتی دینی خوایان

گرتووەو، پشتی پێغەمبەرانیان گرتوە، كە ئەوان وا نەبوون، بۆیە ئەو ناوە نێوەڕۆكێكی وەك خۆی لەگەڵدا نیە.

دووەم: كە دەفەرموێ: ﴿أَخَذْنَا مِيثَـٰقَهُمْ﴾، واتە: پەیمانێكی پتەومان لەوانیش وەرگرت، پەیمانە پتەوەكە پێشتر باسمان كرد، واتە: خوا بەڵێن‌و پەیمانی وەرگرتوە لە هەموو خاوەن كتێبە ئاسمانییەكان كە بەندایەتیی بۆ خوا بكەن‌و، پابەند بن بە كتێب‌و شەریعەتی خواوە.

سێیەم: وە كە دەفەرموێ: ﴿فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَاوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ﴾، ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ، وەك پێشتریش باسمان كرد، كە هەمیشە لەبیرچوون‌و پشتگوێ خستنی بەشێك لە دین، دەبێتە هۆی ناكۆكیی‌و دووبەرەكیی، ئەگەر دین هەمووی بگری لەگەڵ دیندارانی ساغ‌و ڕاستدا ناكۆك نابی، هاوەڵانی بەڕێز خوا لێیان ڕازی بێ، چونكە دەستیان بە هەموو دینەوە گرتبوو، لەنێو خۆیاندا تەباو ڕێك بوون، بەڵێ دوایی شەیتان زەفەری بە هەندێكیان برد لەسەر مەسەلەی زەعامەت‌و سەرۆكایەتیی‌و دوژمنانیشیان دەستیان تێخستن، بەڵام گرنگ ئەوەیە هیچیان كێشەیان نەبووە لەسەر ئەوەی ئەو ئایەتە ئیشی پێ‌دەكرێ، یاخود ئیسلام جەنگ و جیهادی تێدایەو، بەڵام بانگەوازو پەروەردەی تێدانیە، سیاسەت‌و حوكمی تێدایە، بەڵام عیبادەتی تێدانیە، یان عیبادەتی تێدایە، بەڵام لایەنی ئابووریی تێدانیە، هیچ كەسێكیان لەسەر ئەو شتانە كێشەو مشتومڕیان نەبووە، بەڵام جیلەكانی دوایی لەسەر ئەوە كێشەو مشتومڕیان هەبووە، ئێستا مسوڵمانی وا هەیە، پێی وایە ئیسلام سیاسەتیی تێدانیە، یان ئیسلام حیزبایەتی تێدانیە، یان ئیسلام جەنگ‌و فیداكاریی تێدانیە، بەڵكو خەڵكێكی ناحاڵیی‌و فەقیرۆكەمان هەیە، دەڵێ: فەرزە یان سوننەتە مسوڵمانان هەر پرژو بڵاوبن‌و، ناشەرعیی‌و بیدعەتە، پێكەوەبن، ئەگەر پێكەوە خربنەوەو ئیشی خۆیان ڕێكبخەن‌و بەرپرسێكیان هەبێ‌و ئیشی خۆیان ڕێك بخەن، خراپە!! وەك دەبینین لێرەدا خوای بەرزو مەزن بۆمان باسی نەقیبان دەكات‌و بۆمان باسی كۆمەڵبوون‌و كاری

هــەرەوەزیی دەكـات، كەچـی مسـولْمانی فەقـیرۆكەی وا هەیـە دەڵـێ: بیدعەتـە مسـولْمانان خڕبنـەوە سـەر یـەك، دەبـێ هـەر پـرژو بـڵاو بـنو لێكـترازاو بـن، بـێ خەبـەر لـەوە ئـەو دینـە گەورەیـە بـە كـاری هـەرەوەزیی‌و بـە خـەڵكی پێكـەوە جۆشدراوو لێكـبەستراو نەبـێ، چـۆن بـەڕێوە دەچـێ؟! چـۆن دەگونجـێ ئـەم واقیعـە بگۆڕدرێ‌و ئەم شـەریعەتەی تێدا پیـادە بكرێ؟ بەڵام بە هەرحـاڵ ئـەوە هـەمووی لـە ئەنجـامی دووركەوتنەوەیـە لـە قورئـان‌و سـوننەت، كـە هـەر كەسـێك لایـەك دەگـرێ، كەسـێك كـە ئـەو لایـەی گرتـوە، لەگەڵ ئـەوی دیكـە كـە لایـەكی دیكـەی گرتـوە، تێكدەگیـرێ، سـۆفیی‌و سـەلەفیی، ئـەوی دیكـەو ئـەوی دیكـە تێكـدەگیـرێن، بەڵام ئەگەر تۆ بێنـی هەموو لایەنـەكانی ئیسـلام بگـری، وەك چـۆن پێغەمبـەر ﷺ و هـاوەڵانی بـەڕێزی دینـدارییان كـردوە، ئـاوا دینـداریی بكـەی، هەستیارییت بەرانبـەر هیچ كەس نابێ، بەڵـێ كەسێك كـە زیـاتر خـەریكی لایـەنی تەزكیەی نەفسـە، بە مەرجێك پابەنـدبـێ بـە شـەریعەتەوە، ئـەوەش هـەر كـارێكی خێـرە، وە ئەوی دیكـە كـە زیـاتر خـەریكی لایـەنی دژایـەتییكردنی بیدعـەت‌و ئـەو شـتانەیە، كـە پەیـدا كـراون لـە بـواری ئیمـان‌و عیبـادەتدا، ئـەویش هـەر خـەریكی كـارێكی چاكە، كـە بەشـێكە لـە كـاری ئیسـلامیی، وە ئـەوی دیكـە كـە خـەریكی جـەنگ‌و جیهادە، ئـەوی دیكـە خـەریكی لایـەنی سیاسـەتە، ئـەوی دیكـە خـەریكی لایـەنی كۆمەڵایەتییـە ... هتـد، ئینسـان دەبـێ دان بـە هەموویـاندا بێنـێ، هەموویـان بە هـی خۆی بزانـێ.

ئنجـا كـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ﴾، دوژمنایـەتیی‌و ڕق‌و كینەمـان لـە نێـودا پەیـدا كـردن، یەكێـك بـۆی هەیـە بپرسـێ: خـوا دوژمنـایەتیی‌و ناكۆكیی لە نێـوان خەڵكیدا پەیـدا دەكـات؟

وەڵامەكـەی ئەوەیـە كـە خـوای دادگـەر لێـرەدا باسـی هاتنـە دی یاسـایەكی خـۆی دەكـات، كـە دەرەنجامەكـەی خـوا پەیـدای نـەكردوە، بـەو واتـایە خـوای بـەرز داوای كردبـێ، بەڵام بۆیە پاڵی دەداتـە لای خـۆی، چـونكە بـە پێـی یاسـای خـوا هاتۆتـە دی، وەك چـۆن كەسـێك ژەهـر دەخواتـەوە، دوایـی ژەهرەكـە دەیكـوژێ، ئـەو كەسـە كـە ژەهرەكەی داوەتێ بۆی هەیـە بڵـێ: مـن كوشـتم، هەرچـەندە ڕاستەوخۆ نەیكوشـتوە،

بەڵكو لە ڕێی ژەهر پێدانەوە بووە، كە ژەهرەكەش ڕەنگە بە نەفەرێكی دیكەدا بۆی ناردبێ، مەبەست ئەوەیە كە خوای كاربەجێ یاسایەكی داناوە، كە هەر كاتێك ئەهلی دین بەشێك لە دینیان فەرامۆش كرد، دژایەتیی و ناكۆكییان لەنێودا پەیدادەبێ، جا خوا دەفەرموێ: ئێمە پەیدامان كرد، واتە: بە پێی یاسای ئێمە پەیدابوو، نەك خوای پەروەردگار دژایەتیی و ناكۆكیی لە نێوانی ئەهلی دیندا پەیدا بكات، بەڵام خوا وای داناوە، هەر كاتێك خەڵك بە دینی خواوە پابەندبن، بە هەموو دینەوە پێكەوە، ئەوە تەباو كۆك و ڕێكدەبن، بەڵام ئەگەر هەندێكیان ئەو لایان گرت و هەندێكیان لایەكی دیكەیان گرت، ناكۆكییان لە بەیندا پەیدادەبێ، ئەوەش یاسای خوایە، بۆیە خوا ئەو دەرەنجامە پاڵ دەداتە لای خۆی، ئەگەرنا خوا ناكۆكیی و دژایەتیی لە نێوان خەڵكدا پەیدا ناكات، دەبێ ئاوا بە وردی لە وشەكانی خوا تێبگەین، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە خوای پەروەردگار تووشی بێئەدەبیی نەبین، بڵێین: خوای دادگەر دوژمنایەتیی و ناكۆكیی پەیدا دەكات، جا هەندێك لەوانەی بە حیساب ڕەخنە لە قورئان دەگرن، ڕستەیەكی ئاوا دێنن و هەر بە سەركێڵیی تەماشای دەكەن، دەڵێن: تەماشا! ئەدی بۆچی دەڵێن خوا هەر چاكەی دەوێ بۆ بەندەكانی و خوا خراپەی ناوێ؟! ئەدی ئەوە نیە لێرە دەفەرموێ: دوژمنایەتیی و ڕق و كینەمان لە بەیندا پەیداكردن كەواتە: خوا خەڵكی تێكبەردەدات! نەخێر، مەبەست ئەوەیە كە ئێمە گوتبوومان بە هەموو دینەوە پابەندبن، كەچی ئەوان هەندێكیان لێ فەرامۆش كردو، لە ئەنجامی ئەوەدا كە بە قسەی ئێمەیان نەكرد، ناكۆكییان لە بەیندا پەیدا بوو، بەپێی یاسای ئێمە ئەو دەرەنجامە هاتە دی.

**مەسەلەی حەوتەم و كۆتایی**: كە دەفەرموێ: ﴿ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللَّهُ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ ﴾، ئەمە هەڕەشەیە: لەمەودوا خوا هەواڵیان پێدەدات بەوەی كە بە وردەكاریی دەیانكرد، ئایا جیاوازیی لە نێوان ﴿يَصْنَعُونَ و يَفْعَلُونَ و يَعْمَلُونَ و يَكْسِبُونَ﴾دا چییە؟!، جیاوازیی ورد وردیان هەن: بە زۆریی وایە وشەی (عَمَل) ئیرادەی لەگەڵ دایە، بەڵام (فعل) جاری وایە مرۆڤ ئەو شتەی ناوێ، دەشبێ، (كَسْب) ئەوەیە ئینسان بۆ خۆی بەدەستی بێنێ،

(صُنْع) ئەوەیە کە وردەکاریی تێدابێ، ناگونجێ (صنع) پاڵ بدرێتە لای ماددەی بێ ژیان، بۆ وێنە: لای دارو درەخت، بەڵکو پاڵ دەدرێتە لای ئینسان، وە پاڵ دەدرێتە لای خوای پەروەردگار ﴿... صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ ... ﴿٨٨﴾﴾ النمل، واتە: ئەوە دروستکراوی خوایە، کە هەموو شتێکی بە وردیی دروست کردوە، هەروەها پاڵ دەدرێتە لای ئینسان، ئینسانیش کاتێك شتەکەی خۆی زۆر بە وردەکاریی دەکات، کارەکەی پێی دەگوترێ: (صُنع)، بەلاّم ئەگەر زۆر وردەکاریی تێدا نەبێ پێی دەگوترێ: (فعل)، وەك هەر لەم سوورەتی (المائدة)دا کە دوایی دەیگەینێ خوا بۆ جوولەکەو نەصرانییەکان، بۆ خەڵکە گشتییەکەیان (فعل) بەکاردێنێ، بەلاّم بۆ زاناکانیان (صُنع) بەکاردێنێ، بۆچی؟ چونکە زاناکان زۆر بە وردەکاریی شتەکەیان کردوە، پیلانەکان بە وردیی دادەڕێژن، بەلاّم خەڵکەکە هەر وا بە شێوەیەکی سەرکێڵیی شتەکان ئەنجام دەدەن، کەواتە: لێرەدا خوا دەیەوێ پێیان بفەرموێ: ئەو کردەوانەی کە زۆر بە پەنهانکاریی و وردەکاریی و لێزانانەوە دەیانکرد، خوا هەواڵیان پێ دەدات، بۆئەوەی کە سەرزەنشتیان بکات و سەرەنجام سزایان بدات، دوای ئەوەی کە وایان لێدەکات دان بە هەڵەکانیاندا بێنن، بۆئەوەی ئەو سزایەی کە دەیاندات بزانن کە سزایەکی پڕ بە پێستە بۆ ئەوان.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی پێنجەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا ئایەتەکانی: (١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩) دەتوێژینەوەو تەفسیر دەکەین، کە خوا ﷻ لەم پێنج ئایەتە موبارەکەدا بانگی خاوەن کتێبەکان دەکات بەگشتی، وە پێیان ڕادەگەیەنێ کە پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون، زۆرێك لەو شتانەی کە شاردوویاننەوە بۆیان ئاشکرا دەکات و چاوپۆشیی لە هەندێك شت دەکات، پاشان پێناسەی قورئان دەکات بە: ﴿نُورٌ وَكِتَٰبٌ مُّبِينٌ ١٥ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾، دوایی بیروبڕوایی نەصرانییەکان ڕادەگەیەنێ لەسەر بە خوا دانانی عیسا، یان بە بەشێك لە خوا دانانی سەلامی خوای لێ بێ، پاشان بەرپەرچیان دەداتەوە، بە خستنەڕووی چەند ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، ئنجا باسی لاف لێدانی جوولەکەو نەصرانییان دەکات، بەوە کە کوڕان و خۆشەویستانی خوان و، هەڵیدەوەشێنێتەوە.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە بانگیان دەکات، کە هاتنی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ پاش دابڕانی وەحی بووە، بۆ ماوەی شەش سەدەو دە ساڵ، کە پێشتر بەردەوام پێغەمبەرانێکیان بۆ هاتوون بۆ مژدە پێدانیان و ترساندن و ئاگادارکردنەوەیان لە سزای خوا، وە ئەمجارەش بۆ دواجار ئەوە پێغەمبەری خاتەمیان بۆ هات.

﴿ يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا
كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ قَدۡ جَآءَكُم
مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ ﴿١٥﴾ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ
سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ
إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿١٦﴾ لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ
ٱبۡنُ مَرۡيَمَۚ قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ أَن يُهۡلِكَ ٱلۡمَسِيحَ
ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗاۗ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٧﴾ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ
وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ
مِّمَّنۡ خَلَقَۚ يَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۚ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٨﴾ يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ عَلَىٰ
فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَآءَنَا مِنۢ بَشِيرٖ وَلَا نَذِيرٖۖ فَقَدۡ جَآءَكُم بَشِيرٞ وَنَذِيرٞۗ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٩﴾ ﴾

# مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەكــان

((ئەی خاوەن كتێبینـە! ئـەوە پێغەمبەرەكـەمان هاتـە لاتــان زۆرێـك لــەوەی كە لـە كتێـب (ی خـوا كـە لەلاتانـە) دەتانشــاردەوە، بۆتـان ڕوون دەكاتــەوەو چاوپۆشــییش لـە زۆرێك دەكات (كـە پێویســت ناكات ڕوون بكرێتـەوە)، بێگومـان ڕووناكییـەك‌و كتێبێكـی ڕۆشـنكەرەوەتان لە خواوە بۆ هـات ﴿١٥﴾ خوا ڕێنمایی كەسانێكی پێـدەكات - كە شــوێن ڕەزامەندیی یەكەی دەكـەون - بـەرەو ڕێبازەكانی ئاشــتییو، لـە تاریكایی یـەكان بـەرەو ڕووناكیی بە ویستی خۆی دەربازیان دەكات‌و، بـەرەو ڕاسـتە شـەقام ڕێنمـایی یـان دەكات ﴿١٦﴾ بە دڵنیایی یەوە ئەوانەی گوتیـان: خوا مەسیحی كوڕی مەریەمـە، بێـبڕوان، بڵــێ: ئایا كــێ هـیچ شـتێكی لـە خـواوە بەدەســتە، ئەگەر بیـەوێ مەسـیحی كوڕی مەریـەم‌و دایكی‌و تێكـڕای ئەوانەی لەسـەر زەویین، لەبەیـن بـەرێ، وە مـوڵكی ئاسمانـەكان‌و زەوی‌و هەرچی كە لەنێوانیان دایـە هـی خوایـە، هەرچی بیـەوێ وە دی دێنــێ، وە خـوا لەسـەر هـەموو شـتێك بەتوانــایە ﴿١٧﴾ وە جوولەكــەو نەصــڕانییەكان گوتیــان: ئێمــە كـوڕان‌و خۆشـەویستانی خواین، بڵــێ: ئـەدی بۆچی بـە هـۆی گوناهەكانتــانەوە سـزاو ئازارتــان دەدات؟! بەڵكـو ئێوەش بەشـەرێكن وەك ئـەو خەڵـكەی كە خوڵقانـدوونی، هـەر كەسێك بیـــەوێ دەیبـــوورێ‌و هــەر كەســێكیش بیــەوێ ســـزاو ئـــازاری دەدات، وە موڵــكی ئاسـمانەكان‌و زەوی‌و ئەوەی نێوانیـان هـی خوایـەو سـەرەنجامیش هەر بـۆ لای ویـە ﴿١٨﴾ ئـەی خـاوەن كتێبینــە! ئـەوە پێغەمبەرەكـەمان هاتـە لاتـان، پـاش دابڕانێكـی (هاتنــی) پێغەمبەران (ئەو ڕاســتییانەی كـە پێویســتتانن) بۆتـان ڕۆشـن دەكاتـەوە، نـەوەك بڵێن: هیـچ موژدەدەرو ترسـێنەرێكمان بۆ نەهـاتوە، بێگومـان ئـەوە مـوژدەدەرو ترسـێنەرتـان بۆ هــات، وە خوا لەسـەر هـەموو شـتێك بە توانــایە ﴿١٩﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(**نُورٌ**): خوای پەروەردگار قورئان بە چەند وشەیەك پێناسە دەكات، یەكێك لەوانە بریتیە لە (نور)، ئەم وشەیەش لە زمانی عەرەبیدا ئاوا پێناسە کراوە: (النُّورُ: الضُّوءُ الـمُنْتَشِرُ الَّذِي يُعِينُ عَلَى الإِبْصَار، وَهُوَ ضَرْبَان: مَعْقُولٌ، وَمَحْسُوسٌ) واتە: نوور ئەو ڕووناكییەیە كە بڵاودەبێتەوە، وە یارمەتی بینین دەدات، (كە دیارە ئێمە بە هۆی ڕووناكییەوە شت دەبینین) دیارە ڕووناكییش دوو جۆرە: ڕووناكییەكی مەعنەویی مەعقوولێ، كە بە عەقڵ دەرك دەكرێ، كە لێرەدا بە قورئان دەفەرموێ نوورە، واتە: نوورێكی مەعنەویی، وە نووری بەرهەستیش وەك: چراو گڵۆپو ئەو ڕووناكییانەی كە بە چاو دەبینرێن.

(**ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ**): مەسیح نازناوی عیسای كوڕی مەریەمە، یانی: مەسیحی كوڕی مەریەم، جا عیسا ﷺ لە قورئاندا هەمیشە پاڵدراوەتە لای دایكی، چونكە هەر دایكی هەیە، بابی نییە، مەسیح لە چییەوە هاتوە؟ مەسیح یان (فعیل)ە بە مانای (فاعل)، یان (فعیل) بە مانای (مفعول)، دەڵێ: (الـمَسِيحُ مِنَ الـمَسْحِ، بِمَعْنَى الفَاعِل، الذَّاهِبُ فِي الأَرْض، أَمْسَحَ ذَا العَاهَةِ، أَو الـمَمْسُوحُ بِمَعْنَى المَفْعُول: مُسِحَ مِنْهُ قُوَّة الشَّرِّ) یان بە مانای كەسێكە بە زەویدا دەڕواتو سیاحەت دەكات، ئەگەر مەسیح لێرەدا بە مانای (فاعل) بێ، چونكە عیسا ﷺ سیاحەتی كردووەو زۆر گەڕاوە بە زەویدا بۆ بانگەوازكردنی خەڵكی بۆ لای خوا، یاخود لەبەرئەوەی كە دەستی بە خەڵكی دا هێناونو مەسحی كردوون، كاتێك نەخۆشو نەساغ بوون هاتوونە لای، ئەویش دەستی پێداهێناونو خوای شیفادەر شیفای بۆ ناردوون، یانیش بە مانای (مفعول)ە، كە كەسێكە شەڕو خراپەی تێدا مەسح كراوەتەوەو لابردراوە، هێزی شەڕو پاڵنەری خراپەی تێدا لابردراوە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە، هیچ كەسێك نەبووە خەتەرەی گوناهی بە دڵدا نەیەت جگە لە عیسای كوڕی مەریەم، كە بە خەتەرەش بەسەر دڵی دا نەهاتوە گوناح بكات، دەڵێن ئەویش لە بەرەكەتی دووعای نەنكی،

واتە: دایکی مەریەم، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ إِذْ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ عِمْرَٰنَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا ...﴿٣٥﴾﴾آل عمران، واتە: کاتێك خێزانی عیمران گوتی: پەروەردگارم! ئەوەی لە زگم دایە (کە مەریەم بوو) نەزری دەکەم بۆ تۆ، وە دوایی گوتی: ﴿ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ...﴿٣٦﴾﴾ آل عمران، وە خوایە! من خۆی و ئەوەشی کە لێی دەبێ، پەنای پێ بە تۆ دەگرم لە شەیتانی نەفرەت لێکراو، بۆیە شەیتان زەفەری بە عیسا عليه السلام نەبردوە.

(عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ): وشەی (فَترَة) بە مانای (إنقطَاع) دێ، (فَتَرَ، يَفتُرُ)، (الفُتُورُ: سُكُونٌ بَعْدَ حِدَّةٍ، وَلِينٌ بَعْدَ شِدَّةٍ، وَضَعْفٌ بَعْدَ قُوَّةٍ)، (فتُور) بە مانای وەستانی شتێك دێ دوای ئەوەی کە زۆر بەهێز ئەو شتە بجووڵێنرێ، یاخود شتێکی توندە دوایی نەرم بێتەوە، یان شتێك بەهێزبێ دوایی بێهێز بێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، واتە: دوای دابڕانێك لە پێغەمبەران.

جا بۆ زانیاریتان درێژترین ماوەی نێوان دوو پێغەمبەران (عليهم الصَّلاة والسلام) ئەو ماوەیە بووە کە لە نێوانی عیساو موحەممەدە دا بووە، صەلاتو سەلامی خوایان لەسەر، ئەگەرنا دەربارەی پێغەمبەرانی دیکە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا ...﴿٤٤﴾﴾المؤمنون، واتە: پاشان پێغەمبەرانی خۆمان پەیتا پەیتا، یەك لە دوای یەك ناردوون، وە ماوەی نێوان عیساو موحەممەد (٦١٠) شەش سەدو دە ساڵ بووە، وەك دوایی تۆزێکی ڕوون دەکەینەوە.

(بَشِيرٍ ): (أَي: المُبَشِّر) واتە: موژدەدەر، دڵخۆشکەر، (وأَبشرتُهُ: أَخبَرتُهُ بِسارٍّ بَسَط بَشَرةَ وَجْهِهِ)، (أَبشرتُهُ، بَشَّرتهُ) واتە: هەواڵو موژدەیەکی خۆشم پێدا بوو بە هۆی گەشبوونی دەموچاوی، ئینسان لە کاتێکدا کە هەواڵی خۆشی پێدەگات،

دەموچاوی گەش دەبێ، یان ڕوون دەبێ، بە پێچەوانەشەوە كاتێك هەواڵێكی ناخۆشی پێدەدرێ، دەمو چاوی تاریك دادێو لێڵ دەبێ، تەنانەت پێغەمبەری خواش ﷺ وا بووە، وە بە زۆری ئینسانی ڕاستگۆ وان، ئەوانەی كە ڕواڵەتو دەروونیان یەكە، واتە: حاڵەتی دوو فلیقانیو نیفاقیان نیە، بە خۆشی دڵخۆش دەبن، بە ناخۆشیی دڵناخۆش دەبن، وە خۆشییو ناخۆشیی لەسەر دەموچاویان دەردەكەوێ.

(**نَذِيرٍ**): (نَـذير جَمْعُهُ: نُذُر: الـمُنْذِر)، (نُذُر) كۆی (نَذیر)ە، واتە: ئاگاداركەرەوە، ئاگاداركەرەوەكان، یاخود ترسێنەرەكان، ئنجا دەڵێ (الإِنْذَار إِخْبَارٌ فِيهِ تَخْوِيفٌ كَمَا أَنَّ التَّبْشِيرَ إِخْبَارٌ فيهِ سُرُورٌ)، (إِنْذَار) بریتیە لە هەواڵ پێدانێك كە ترسی تێدایە، هەروەك چۆن (تَبْشِير) بریتیە لە هەواڵ پێدانێك كە دڵخۆشیی تێدایە.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەكـان

خـوای پەروەردگـار هـەر لەسـەر باسـی خـاوەن كتێبـەكان دەڕوا، كـە دیـارە وەك كـاتی خۆی لـە پێناسـەی ئـەم سوورەتە موبارەكـەدا باسـمان كـرد، پانتاییـەكی بـاش تـەرخان كـراوە بـۆ وتووێـژكردن لەگـەڵ خـاوەن كتێبەكـان، لەگـەڵ جوولەكـەو نەصـرانییەكان، بـەڵام زۆربـەی جـار دواندنـەكان ڕوو لـە جوولەكەكـان دەكـات، بـەڵام بەگشـتی ڕوو لـە هەردووكیـانە، لێـرەدا ڕوو لـە هەردووكیـانە، خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴾، ئـەی خـاوەن كتێبینـە! خـوا ﷻ لـە قورئـاندا كـاتێك بیـەوێ بـە شـێوەیەك جوولەكـەو نەصـرانییەكان بدوێنـێ، كـە حاڵـەتێكی ئاسـایی وەربگـرێ، یـاخود حاڵـەتی ڕێـز لێگیـرانی تێـدا بخوێنرێتـەوە بـە ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾ دەیانـدوێنێ، بـە پێچـەوانەوەش ئەگـەر لـە حاڵـەتی سەرزەنشـتو لـێتووڕەبوونیاندابێ، كە باسـی كەموكوڕییـەكانیان دەكات بـە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ﴾، ئەوانـەی كتێبیـان پێـدراوە، لێـرەدا خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ئـەی خاوەن كتێبینە! ﴿ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾، پێغەمبەری ئێمەتـان بۆ هـات، زۆرێـك لـەوەی كـە لـە كتێبدا دەتانشـاردەوەو پـەنهانتان دەكـرد، بۆتـان ڕوون دەكاتـەوە، مەبەسـت پێـی چییە؟ دیـارە ئێمـە لـە مەسـەلە گرنگەكانـدا هەڵوەسـتەیەكی درێـژ لـەوبارەوە دەكـەین، چونكـە خـاوەن كـتێبەكـان هـەم لـە ڕووی عەقیـدەوە، هـەم لـە ڕووی شـەریعەتەوە، هـەم لـە ڕووی مامەڵـە لەگـەڵ پێغـەمبەراندا ﷺ زۆر ڕاسـتییان شـاردۆتەوە، وە زۆر ڕاسـتیی كـە لـە كتێبـەكانی خۆیـاندا هـەبوون، گۆڕیوویـانن، بـەڵام دوایـی قورئـان بـۆی دەرخسـتوون، جا ئەوەی كە دەویسـترێ لەم ئایەتە موبارەكـە ڕابگەیەنـرێ، ئەوەیـە كە خاوەن كتێبەكان واتە: جوولەكەو نەصرانییەكان بەتایبـەت، زۆرێك لەو ڕاستییانەی لـە كتێبەكـانی خۆیانـدا، لـە زەبـوورو تـەوراتو ئینجیلـدا هـەبوون، دیـارە ئـەو كتێبـانە

ناویان لە قورئاندا هاتوە، بەڵام ئەوان لە پەیمانی كۆن‌و نوێدا باسی زۆر كتێبی دیكەش دەكەن، ئەوەی كە لە كتێبەكانی خۆیاندا بۆیان ڕوون كراوەتەوە، زۆربەیان شاردۆتەوە، یاخود گۆڕیویانە، قورئان هاتوە زۆرێك لەو ڕاستییانە دەخاتەڕوو، جا چ لە ڕووی عەقیدەوە، چ لە ڕووی شەریعەتەوە، چ لە ڕووی پێغەمبەرانەوە، ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ﴾، چاوپۆشیی لە زۆرێكیش دەكات، واتە: زۆرێكی كە پێویست بكات ڕوونی دەكاتەوە لە قورئاندا، بەڵام زۆرێكیش كە پێویست نەكات چاوپۆشیی لێدەكات، چونكە هەندێك شتیان گۆڕیوەو شاردۆتەوە، پێویست ناكات‌و قورئان بە پێویستی نازانێ ئەو شتانە بخاتە ڕوو، لەبەر ئەوەی بەشەریەت پێویستی پێی نیە، بۆیە چاوپۆشیی لێدەكات، بۆیە تەماشا دەكەی قورئان هیچ شتێكی نا پێویستی تێدانیە، هەندێ شت كە ئەوان شاردوویانەتەوە، واتە: ئەوەی كە شاردوویانەتەوە، هەر ئەوانە نین كە قورئان دەریان دەخات، ئیدیكەش هەبوون، شاردوویانەتەوەو گۆڕیویانە، بەڵام مادام بەشەریەت پێویستی پێیان نەبێ، قورئان جارێكی دیكە دەریان ناخاتەوە: ﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ وَكِتَـٰبٌ مُّبِينٌ﴾، بێگومان لە خواوە ڕووناكییەكتان بۆ هاتوە، وە كتێبێكی ڕۆشنكەرەوە، دوایی باسی دەكەین، كە هەندێك لە زانایان پێیان وایە لێرەدا مەبەست لە نوور پێغەمبەرە ﷺ، وە (وَكِتَـٰبٌ مُّبِينٌ)یش مەبەست پێی قورئانە، بەڵام من وای تێدەگەم كە هەردووكیان هەر مەبەست پێی قورئانە، لێرەدا هەر باسی قورئان دەكرێ، ئەویدیكە مەبەست پێی پێغەمبەر ﷺ بوو، ئەو پێغەمبەرە ﷺ كۆمەڵێك ڕاستی دەخاتە ڕوو كە ئەوان شاردوویاننەوە، بە هۆی چییەوە دەیانخاتەڕوو؟ بەهۆی قورئانەوە، بۆیە پێشێ باسی پێغەمبەری ﷺ كرد، ئنجا پێناسەی ئەو كتێبە دەكات دەفەرموێ: ﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ﴾، بێگومان لە خواوە ڕووناكییەكتان بۆ هاتوە، ﴿وَكِتَـٰبٌ مُّبِينٌ﴾، وە كتێبێكی ڕۆشنكەرەوەیە، یاخود كتێبێكی ڕۆشنە، وشەی (مُّبِينٌ) ئەگەر لە (بَانَ، يَبِينُ)ەوە بێ (فعل لازم)ە، (بَانَ، يَبِينُ)، واتە: دەركەوت، دەردەكەوێ، ئەوكاتە واتە: كتێبێكی ڕۆشن، بەڵام ئەگەر لە (أبَانَ، يُبِينُ)ەوەبێ، دەگونجێ (لازم) بێ‌و دەشگونجێ (مُتَعدِّي) بێ،

واتە: دەریخست دەریدەخات، واتە: کتێبێکی ڕۆشنکەرەوە، جا دیارە کە قورئان هەم کتێبێکی ڕۆشنەو، لە ماناکانی تێدەگەی هەر کەسێك شارەزای زمانی عەرەبی بێ، بەقەدەر خۆی لە قورئان تێدەگات، هەم ڕۆشنکەرەوەشە، هەردووك لایە.

ئنجا لەسەر پێناسەی قورئان بەردەوام دەبێ و دەفەرموێ: ﴿ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ ﴾، هەر کەسێك بە دوای ڕەزامەندیی خوا بکەوێ، خوا بە هۆی ئەو کتێبەوە بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتیی، ڕێنمایی دەکات، یانی: خوا بە هۆی قورئانەوە ڕێنمایی کەسانێك دەکات بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتیی، کە ئەو کەسانە کێن؟ ئەوانەن کە مەبەستیان وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای پەروەردگارە، لەم ئایەتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کەسێك مەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا نەبێ، لە قورئان بەهرەمەند نابێ، بۆیە زۆر کەس کە قورئان دەخوێنێتەوە، سوودی لێ نابینێ، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ جَعَلۡنَا بَيۡنَكَ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ حِجَابٗا مَّسۡتُورٗا ﴿٤٥﴾ وَجَعَلۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ أَكِنَّةً أَن يَفۡقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٗاۚ وَإِذَا ذَكَرۡتَ رَبَّكَ فِي ٱلۡقُرۡءَانِ وَحۡدَهُۥ وَلَّوۡاْ عَلَىٰٓ أَدۡبَٰرِهِمۡ نُفُورٗا ﴿٤٦﴾ ﴾الإسراء، واتە: کاتێك کە قورئان دەخوێنیەوە، لە نێوانی تۆو ئەوانەدا کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە (واتە: بێبڕوایەکان) پەردەیەکی داپۆشراومان داناوەو دڵیانمان خستۆتە توورەکەوەو گوێیان قورسایی تێدایە، واتە: وەك کەسێك وان کە دڵی لە توورەکەدا بێ و پەردەیەکی ئەستووری لە پێش چاوبێ، وە گوێشی گیرابێ، کەسێك وابێ دیارە لە هیچ شتێك حاڵی نابێ، ئەوانەش بە هۆی ئەو کوفرەوە کە لە دڵیاندا هەیە، بەهرەمەند نابن.

جا ئەوە لێتان وەصیەت بێ، ئینسان بە ئەندازەی ئیمانی لە قورئان تێدەگا، هەر کەسە بە ئەندازەی ئەوەی کە لە خوا نزیکە، لە فەرمایشتی خوا حاڵی دەبێ، بە ئەندازەی ئەوە کە ئیمانت بە خوا هەبێ، مەبەستت بێ خوا لێت ڕازی بێ، کە تەماشای کتێبەکەی دەکەی لە ڕاستییەکانی کتێبی خوا بەهرەمەند دەبی، ﴿ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ ﴾، وە خوا بە هۆی ئەوەوە

كـە بـە دوای ڕەزامەنـدیی خـوا دەكـەون، لـە تاریكاییـەكان دەربازیـان دەكـات بـەرەو ڕووناكـایی، بۆچی تاریكـاییەكانی بە كۆ هێناون‌و ڕووناكیی بە تاك هێنـاوە؟!

لەبەرئـەوەی ئیسـلام یـەك بەرنامەیـە، وەحـی خوایـە، كـە لـە قورئـان‌و سـوننەتدا بەرجەسـتەیە، بەڵام تاریكاییەكان چ مەبەسـت پێی بەرنامەكان بـێ، كە زۆرن: ئەوانـەی لــە ڕۆژهەڵاتــەوە هــاتوون‌و، ئەوانــەی لــە ڕۆژئــاواوە هــاتوون‌و، ئەوانــەی لێــرە ســەرهەڵدەدەن، چ مەبەســت پێـی حاڵەتـەكانی پـێ كەوتنـە تاریكـیی ئینسـان بـێ، لـە ڕووی بووناسـیی، لـە ڕووی ئیمـان‌و عەقیـدەو، لـە ڕووی ڕەوشـت‌و ئاكـار، لـە ڕووی سـیاسـی، لـە ڕووی ئـابووریی، لـە ڕووی كۆمەڵایـەتیی ... هتـد، ئینسـان دەكەوێتــە زۆر جۆرە تاریكـییەوە، بەڵام یەك ڕۆشـناییمان هەیـەو ڕووناكیی تەنیا یەك حاڵەتی هەیـە، بەڵام تاریكاییەكـان جۆراوجـۆرن، بە مۆڵـەتی خــوا، بـە فـەرمانی خـوا لـە تاریكاییەكـان دەربازیـان دەكـات بـەرەو ڕۆشـنایی، ﴿وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾، وە بـەرەو ڕاسـتە شـەقام ڕێنماییـان دەكـات، كەسانێك كـە مەبەسـتیان وە بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدیی خـوا بێ.

ئنجـا خـوا دوای پێناسـەكردنی پێغەمبـەری كۆتـایی خـۆی‌و كتێبـی كۆتـایی خـۆی، ئنجـا دێتە سـەر باسـی دەرخستنی حەقیقـەتی عەقیـدەو دینـداریی خـاوەن كتێبـەكان بـە تایبـەت نەصـرانییەكان، سـەرەتا باسـی ئـەوان دەكـات، دەفـەرموێ: ﴿ لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ﴾، بێگومـان بێبـڕوان ئەوانـەی كـە گوتیـان: خوا مەسـیحی كوڕی مەریـەمە، واتە: ئەوانە بێبـڕوان.

هەندێك لە ئەهلی عیلـم ئەوانـەی كە زیـاتر بـە پێی دڵخواسـتی دەسـەڵاتداران قسـە دەكـەن، زۆر جـاران وشـەی كـافر بـۆ جوولەكـەو نەصـرانییەكان بـەكارناهێنن، دەڵێن: ئەوەنیـە ئـەوانیش خـوا دەناسـن، ئیمانیـان بـە خـوا هەیـە، ئیمانیـان بـە ڕۆژی دوایـی هەیـە، ئیمانیان بە پێغەمبـەران هـەیە، با ئیمانیشـیان بـە پێغەمبـەری ئێمـە نەبـێ، مادام ئیمانیـان بە پێغەمبـەران هـەیە، ناگونجێ بڵێین: كـافرن[1]!.

١) هەڵبـەتە دەگونجێ وشـەی (نامسوڵمانان – غیـر المسـلمین) بۆ هاووڵاتییانی كـافر لـە جوولەكەو نەصرانیی و غەیری وانیش بەكـار بهێنـرێ، بـەڵام نابـێ لـەبارەی كافربوونیانـەوە مشـت‌ومڕ (جدال) هەبێ .

بەڕێـزان! لەڕاسـتیدا عیلم هەبوون بە خوا جیایە لە ئیمـان هـەبوون، عـیلم هـەبوون بە ڕۆژی دوایی جیـایە، لە ئیمان هــەبوون پێی، عیلم هـــەبوون بـە پێغەمبـەران جیایـە لە ئیمان هەبوون بەوەی كە پێغەمبەران لەلایەن خواوە هاتوون، فەرقیان چییـــە؟

ئیمان بە شـتێك ئەوەیە كە ئەو شــتەت وەك خــۆی دەرك كردبێ بـە عـەقڵ، وە بـە دڵ قبووڵت كردبێو پەسندت كردبێ، وە بە زمانیش دانی پێدابێنـیو، بە كردەوەكانیش بە پێـی ئەوە ڕەفتـار بكـەی. چونكە ئیمـان دەبـێ چوار پێكــهێنەری تێــدابن، ئەوجــار پێی دەگوترێ ئیمــان، ئەگــەرنا ئایــا ئیبلیس بــە ئیمانـدار لـە قەڵـەم دەدرێ، كـە قسـەی لەگەڵ خوادا كـردووەو، موناقەشـەی لەگەڵ خـوادا كـردووە؟ نـەخێر، هەچـەندە عیلمـی بـە خوا هەبووەو زانیویەتی خـوا هەیـە، خـوا هەقـەو ڕاسـتە، بـەڵام ئیمـانی نـەبووە، چـونكە ئیمـان بە خــوا تەنیا بریتی نیــە لە عیلم هەبوون بە خــوا، بەڵكو بریتیــە لــە: {عـیلم پـێ هـەبوون + خۆشـویسـتنو قبـووڵكردنو بـۆ ملكەچـبوون + دانپێـدانان بـە زمـان + جێبەجێكردن بە ئەندامەكـان}.

ئینسـان چوار هێـزی سـەرەكی هەن كە بریتیـن لـە:

١/ هێـزێك كە شـتی پـێ دەرك دەكـات، كە بریتیە لە عەقڵو هـۆش.

٢/ هێـزێك كە شتی پێ قبووڵ یان ڕەفز دەكات، كە بریتیە لە هێزی دڵو ئـیرادە.

٣/ هێـزێك كە شتی پێ دەربـڕێ، كە بریتیە لە هێـزی زمان، یان نووسـین.

٤/ هێزێكیش كە شــتی پــێ جێبــەجــێ دەكـات، كـە بریتیـە لـە هێـزی ئەندامـەكانی جەستە.

ئنجـا ئیمـان پەیوەندیی بە هەر كـام لەو چـوار هێزانــەوە هەیــە.

جا لێــرەدا خـوای پــەروەردگار دەفـەرموێ: بێگومــان ئەوانـەی كـە گوتیـان: مەسـیحی كـوڕی مەریـەم خوایـە، بێـبڕوان، ئنجا قسـەكەیان هەڵدەوەشـێنێتەوەو دەفـەرموێ: ﴿ قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ أَن يُهۡلِكَ ٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ﴾ ، (ئـەی موحەممـەد ﷺ، یـان هـەر كەسـێك كـە قورئـان دەخوێنـێ) تـۆ (بـە نەصـڕانییەكانی سـەردەمی خـۆت) بڵـێ: كـێ لـە خـواوە هـیچ

شـتێکی بەدەستە؟! ئەگەر خوا بیەوێ مەسیحی کوڕی مەریەمو دایکیشی لە بەین بەرێ ، وە ئەگەر تێکـڕای ئەوانەی لەسەر زەویش دان هـەمووان بفەوتێنـێ، کێ هیچی پێدەکرێ؟ کەس، کەواتە: وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (هەر خوا خوایە، ئەویدی هەمووی کاو بایە)، لە بەرانبەر خوادا هیچ کەس هیچی بەدەست نیە، بۆیە ناگونجێ عیسای کوڕی مەریەم، کە مانو نەمانی بە دەستی خوایە، وە دایکیشی، وە تێکڕای ئەوانەی لەسەر زەویشن، ناگونجێ بەشێك بێ لە خوا، چونکە هیچی بە دەست نیە، خوا ئەو کەسەیە دەژیەنێو دەمرێنێ، دروست دەکاتو لە بەین دەبات، هەموو شتێکی بەدەستە.

ئنجا دوایی دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَاۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ﴾، وە موڵکی ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی دەکەوێتە نێوانیشیانەوە، هی خوایە، وە هەرچی بیەوێ دروستی دەکات، واتە: هەرچی هەیە خوا خاوەنیەتی، واتە: ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوەو، لە دوای ئەوانەش هەر شتێکی دیکە بیەوێ دروستی دەکات، ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾، وە خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، ئەوە خوایە جل جلالە، خوا دەبێ ئاوابێ، ئەوە پێناسەکەیەتی، ئەوە وەسفەکەیەتی، خاوەنداریێتیی هەموو شتێکی هەیە، وە هەرچی بیەوێ دروستی دەکات، ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾، وە خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، بەڵام عیسا عليه السلام "بە عەقیدەی وان" بەرگریی پێ لە خۆی نەکرا، کاتێك جوولەکەو ڕۆمەکان گرتیانو لە سێدارەیاندا، بەڵام ئێمە دەڵێین: لە سێدارە نەدراوە، کە بێگومان قسەکەی ئەوان ناڕاستە، وەك من لە تەفسیری ئایەتەکانی سووڕەتی (النساء)دا بە تەفصیلێ باسی ئەوەم کردوە، هەروەها لە ئایەتەکانی سووڕەتی (آل عمران)یش دا.

ئنجا خوای پەروەردگار باسی لاف لێدانو ئیددیعاو درۆیەکی دیکەی جوولەکەو نەصرانییەکان دەکاو هەڵیدەوەشێنێتەوە، دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ﴾، جوولەکەو نەصرانییەکان گوتیان: ئێمە کوڕانی خواینو خۆشەویستانی خواین، کە دوایی ئێمە لە مەسەلە گرنگەکاندا ڕوونی دەکەینەوە، کە

ئایا ئـەو قسـەیان کـردوە، یـان قسـەیەکی دیکـەیان کـردوە، کـە ئـەوە دەگەیـەنیٚ؟! بـەس هەرچی خـوا فەرموویەتی، بە تەئکیـد وایـە، بـەڵام گرنگ ئەوەیـە لـە مەبەسـتی خـوا وەك خوا ﷻ مەبەسـتیەتیو ویسـتوویەتی ئـاوا تێیبگەین، چونکە هەنـدێك لـە زانایـان دەڵـێن، وە نەصـرانییەکانیش دەڵێن: کوا ئێمـە نـەمانگوتوە ئێمـە کوڕی خـواین، بـەس دەڵـێین: عیسـا کـوڕی خوایـە، وە جوولەکـەکان نەیانگوتـوە، ئێمـە هەمـوومـان کـوڕی خواین، دەڵێن: بـەس عـوزێر کوڕی خوایـە، ئـەدی ئایا مسـوڵمانینە ئەوەتـان لـە کویٚ هێنـاوە؟ دوایی ئـەوە ڕوون دەکەینـەوە.

ئنجـا دوای ئـەوە فـەرمووی: جوولەکـەو نەصـرانییەکان گوتیـان: ئێمـە کـوڕانی خـواینو خۆشەویسـتانی خـواین، دەفـەرمویٚ: ﴿ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ﴾، بڵـێ: ئـەدی بۆچـی بـە هـۆی گوناهەکانتـانـەوە سـزاتان دەدات؟ چـونکە بـۆ خۆیـان دان بەوەدادێنن کە خوا بـە هـۆی گوناهەکانیانـەوە سزایان دەدات، جا هەرچی جوولەکـەن دەڵێن: ئێمە چەند ڕۆژێکی کەم نەبیٚ لـە دۆزەخـدا نامێنینـەوە، چل ڕۆژ، بـە ئەنـدازەی ئـەو چل ڕۆژە کـە بـابو باپیرانیـان گوێلکـە زێڕینـەیان پەرستوە، وە نەصـرانییەکان دەڵێن: عیسـا دەبێتە بەلاگێڕەوەو فیداکارمانو بۆیە لە خـاچ دراوە، تـاکو گوناهـەکانی ئێمە بسـڕێتەوە، گرنگ ئەوەیە جوولەکەو نەصـرانیی هەردووکیـان دان بـەوە دا دێـنن کـە خـوا سـزایان دەدات، ئنجـا خـوا دەفـەرمویٚ: ئـەدی ئەگـەر ئێـوە کـوڕانو خۆشەویستانی خوان، بۆچی خوا بە هۆی گوناهەکانتـانەوە سزاتان دەدات؟! کەواتـە: دان پێـداهێنانتان بـەوەدا کـە بـە هـۆی گوناهەکانتانـەوە سـزاتان دەدات، ئـەو قسـەیەتان هەڵدەوەشـێنێتەوە، چونکە هیچ بابێـك کوڕی خـۆیو خۆشـەویسـتی خـۆی سـزا نـادات، ﴿ بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ﴾، بـەڵکو ئێـوەش بەشـەرێكنو خەڵـکێکـن، وەك ئـەو خەڵـکەی دیکە کە خوا دروسـتی کردوون، واتە: لەسەر چاکە پاداشـتتان هەیـەو، لەسـەر خراپە سـزاتان هەیە، نە کوڕی خـوانو نـە خۆشـەویستی خـوان، دروستکراوەکانی خوا لەگەڵ خوای بیٚهاوتـادا هیچ نسـبەتێکیان نیە، مەگەر نسـبەتی بەندایەتیـی، ئەگەر بـۆ خـوا فەرمانبـەرو ملکـەچ بـن، خـوا خۆشـی دەوێـنو پاداشـتیان دەداتـەوە، وە ئەگـەر سـەرپێچیی لە فەرمانی خوا بکـەن، خـوا ڕقی لێیـان هەڵدەسـتیٚو سـزایان دەدات، هـەر کەسـە بـە پێـی خـۆی، ﴿ يَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ ﴾، ئەوانـەی کـە خـوا

دروستی کردوون، هەر کەس بیەوێ، لێی دەبوورێ، وە هەر کەسێکیش بیەوێ، ئازارو سزای دەدات ﴿وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴾، وە مولْکی ئاسمانەکانو زەوی، وە ئەوەش کە دەکەوێتە نێوانیانەوە، مولْکی خوایە وە سەرەنجامیش بۆ لای خوایە، ئایا بۆچی خوای کاربەجێ ئەو ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە؟ چونکە نەصرانییەکان ئێستاشی لەگەڵدابێ، زۆر بە داکۆکیی لەسەر کردنو جەخت لەسەر کردنەوە دەڵێن: عیسا کوڕی خوایە، خواش (سبحانه وتعالى) دەفەرموێ: عیسایەك بە دانپێداهێنانی خۆتان گوایە جوولەکەکان گرتوویانەو لە داریان داوەو هەڵیانواسیوە، ناگونجێ کوڕی خوابێ، وە ناگونجێ بەشێك بێ لە خوا، چونکە ئەوەی خاوەن بێ سەرەنجامیش هەر لە لای ویە، کە خوایە.

ئنجا لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ ﴾، ئەی خاوەن کتێبینە! ئەوە پێغەمبەری ئێمەتان بۆ لا هات، واتە: پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ بۆتان ڕوون دەکاتەوە، چییان بۆ ڕوون دەکاتەوە؟ لێرەدا بەگشتی فەرموویەتی، ﴿يُبَيِّنُ لَكُمْ ﴾، واتە: هەموو ئەوەی کە پێویستە پێغەمبەری خوا ڕوونی دەکاتەوە، ﴿ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، دوای دابڕانێك لە پێغەمبەران یانی: (عَلَى انقِطَاعٍ مِنَ الرُّسُل أو عَلَى انقِطَاع مِنَ إرسَال الرُّسُل) دوای ماوەیەك کە خوای پەروەردگار ناردنی پێغەمبەرانی ڕاگرت، ئنجا پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ هات، دیارە ئەو ڕاگرتنەی پێغەمبەرانیش بۆ ئەو ماوەیە، چەندان حیکمەتی تێدان، یەکێك لە حیکمەتەکان بریتیە لەوەی کە هەموو بەشەرییەت چاوەڕێی پێغەمبەری کۆتایی بێ، کە لە هەر چوار لای دنیاوە هەموو بەشەر چاوەڕێ بوون: جوولەکە، نەصرانیی، زەردەشتی، بووذیي، هەر هەموو چاوەڕێیان کردوە، چونکە لە کتێبەکانی خۆیاندا بینیویانە کە پێغەمبەری کۆتایی دێو پێغەمبەرانی پێش خۆی هەموو بە ڕاست دەزانێ، کتێبەکانیان بە ڕاست دەزانێ، بەلاّم ئەو گۆڕانکارییو دەستکارییانەی کە لە کتێبەکاندا هەن هەموویان ڕاست دەکاتەوە، چاودێرە بەسەریانەوە، بەلاّم ئەگەر خوای کاربەجێ وەك عادەتی خۆی لەو ماوەیەشدا پێغەمبەرانی پەیتا پەیتا ناردبایە، ئاوا چاوەڕێ نەدەبوون، بەلاّم دوای ئەوەی (٦١٠)

شەش سەدو دە ساڵ پێغەمبەران نەهاتوون، هەموو بەشەر گوتوویانە: پێغەمبەری کۆتایی دێ.

بۆیە ئێوە تەماشا بکەن ! کە دوایی ئیسلام ئاوا بە خێرایی بڵاوبۆتەوە لەبەرچی بووە؟ لەبەر ئەوە بووە کە بەشەرییەت هەمووی چاوەڕێ بووە، زانیویانە پێغەمبەری کۆتایی دێ، بەڵام جوولەکە گوتوویانە: لە ئێمەیە، نەصرانیی پێیان وابووە عیسا دێتە خوارەوە، هەندێکی دی گوتوویانە: لە ئێمەیە، ڕەنگە عەرەب لە هەموو کەس کەمتر چاوەڕوانییان کردبێ، یان هەر چاوەڕوانییان نەکردوە، چونکە شوێنەواریی پێغەمبەرایەتییان زۆر لە نێودا کوژاوەتەوە، بەڵام سەرەنجام خوای کاربەجێ لە نێو گەلی عەرەبدا ناردی، ﴿أَن تَقُولُواْ مَا جَآءَنَا مِنۢ بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍ﴾، بۆیە ئەو پێغەمبەرەمان بۆ ناردن ئەی خاوەن کتێبەکان! تاکو نەڵێن: (كَرَاهَةَ أَن تقولوا) یان (لِأَلاَّ تَقُولُوا) هیچ دڵخۆشکەرو ترسێنەرێکمان بۆ نەهاتوە، خوای بەرز پێغەمبەران بەو دوو وەسفە وەسف دەکات، ﴿بَشِيرٍ﴾ و ﴿نَذِيرٍ﴾، دڵخۆشکەرو ترسێنەر، یاخود موژدەپێدەرو ورياكەرەوە ﴿فَقَدْ جَآءَكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ﴾، ئەوە بە تەئکید هات بۆ لاتان هات دڵخۆشکەرێك‌و ترسێنەرێك، یاخود موژدەدەرێك‌و ورياكەرەوەيەك كە موحەممەدە ﷺ، ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ قَدِيرٌ﴾، وە خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، کەواتە: ئەی خاوەن کتێبەکان! ئێوە بیانووتان نیە، کە لەسەر کتێبە گۆڕدراوەکانی خۆتان بمێننەوە، وە شوێن پێغەمبەرانی خۆتان بکەون، کە شوێنەواری ئەوانتان ڕەش کردۆتەوەو تێکتان داوە، دوای ئەوەی خوا پێغەمبەری کۆتایی بۆ ناردن، کە هەموو ئەو پێغەمبەرانە برای ئەون، هەموویان بە ڕاست دەزانێ‌و هەموویانی خۆشدەوێ، وە کتێبەکانیشیان بە ڕاست دەزانێ، وە هەرچی گۆڕانکاریی‌و دەستکاریی کردووتانە لە کتێبەکانتاندا، ئەوەی پێویست بکات دەستنیشان‌و دیاریی دەکات.

# چـەند مەسـەلـەیـەکی گرنـــگ

**مەسـەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ ﴾، کە پێشتر مانامان کرد، ئەم ڕستە قورئانییە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە قورئان زۆر شتی ئاشکرا کردوە لەوەی کە جوولەکەو نەصرانییەکان شاردوویانەتەوە، واتە: لە کتێبەکانی خۆیاندا هەبووە، بەڵام ئەوان پەنهانیان کردوە، بۆ وێنە: سیفەتو ناوونیشانەکانی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ من بۆخۆم پەیمانی کۆنو پەیمانی نوێم خوێندۆتەوە، ئێستاش لە پەیمانی کۆندا لە چەند شوێنێکدا، هەروەها لە پەیمانی نوێدا واتە: چوار ئینجیلەکان، باسی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ هەیە، بەڵام تۆزێك گۆڕیوویانە، بەڵام چەند وەسفێکیان باس کردوە، کە ئەو وەسفانە بەسەر غەیری پێغەمبەری کۆتایی موحەممەددا ﷺ ناچەسپێن، وەك من لەو کتێبەی لە (سجن)دا نووسیومە: (الإِسْلام كَمَا يَتَجَلّى فِي كِتَابِ الله) ئاماژەم بە هەندێك لەو شوێنانە کردوە، وە زۆر لە زانایان ئاماژەیان بەو شوێنانە کردوە، لە هەردووك پەیمانی کۆنو نوێدا.

بەڵام جگە لە سیفەتو ناوونیشانەکانی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ جوولەکەو نەصرانییەکان شتی دیکەشیان شاردۆتەوە، بۆ نموونە:

# چەند نموونەیەك لە شاردنەوەی خاوەن كتێبەكان بۆ ڕاستییەكان

**یەكەم/ لە بواری خوا ناسین و خوا بە یەككگرتن (مَعْرِفَةُ اللهِ والتوحيد):**

چ جوولەكەكان، چ نەصرانییەكان كۆمەڵێك شتیان دەربارەی خوای بێوێنە باس كردوە، كە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ خوادا ناگونجێ، بۆیە ئێمە دڵنیایین كە ئەوان خواناسیی ڕاستەقینەیان شاردۆتەوە، خوا بەیەككگرتنی ڕاستەقینەیان شاردۆتەوەو ئەو شتانەیان خستۆتە شوێنی، دیارە كتێبی پیرۆز (الكتاب المقدس) لە هەردوو پەیمانی كۆن و پەیمانی نوێ پێكهاتوە، ئنجا پەیمانی كۆنیش بریتییە لە تەورات بە هەموو سیفرەكانیەوە، (سفر العدد، سفر الخروج، سفر التكوين ...إلخ)، هەروەها ئەو كتێبانەی دیكە، وەك زەبووری داوودو ئەوەی بۆ سولەیمان هاتوەو هەرچییەك كە لە خوارەوە هاتوە تاكو سەردەمی عیسا، هەمووی تێدایە، وە پەیمانی نوێش بریتییە لە چوار ئینجیلەكان و ئەو كتێبانەی دیكەی دوای عیسا نووسراونەوە.

هەڵبەتە جوولەكەو نەصرانییەكان هەردوو لایان پەیمانی كۆنیان تەبەننیی كردوەو بە كتێبی خۆیانی دەزانن، ئنجا با لە پەیمانی كۆندا دوو نموونە بێنینەوە:

١- لە پەیمانی كۆن لە (سفر التكوين، الإصحاح:٢، الآية:٢)[1] ئاوا باسی خوای پەروەردگار دەكات، دەڵێ: (وَهَكَذَا إِكْتَمَلَتِ السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ بِكُلِّ مَا فِيهَا، وَفِي اليَوم السَّابِع أَتمّ الله عَمَلَهُ الَّذِي قَامَ بِهِ، فَاستَرَاح فيهِ مِن جَمِيع مَا عَمِلَهُ..)

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، قصة الخلق، ص٩.

(سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە خوا ڕۆژی شەممە فلاّن شتی دروست کرد، پاشان باسی ڕۆژی یەك شەممەو ڕۆژی دووشەممەو ڕۆژی سێ شەممەو ڕۆژی چوار شەممەو ڕۆژی پێنج شەممە دەکات، ئنجا لە دوایی دا بۆ ڕۆژی جومعە دەڵێ:) بەو شێوەیە دروستکرانی ئاسمانەکانو زەویو هەرچی تێیاندایە تەواو بوو، وە لە ڕۆژی حەوتەمدا خوا ئەو کارەی دەستی پێکردبوو تەواوی کرد، وە ئیسراحەتی کرد لە هەرچی کردبووی.

واتە: ئەوان وەك بەشەر تەماشای خوا دەکەنو وا دەزانن وەك چۆن بەشەر کە شتێك دەکات ماندوو دەبێو پێویستی بە پشوودان دەبێ، خواش ئاوایە، کە لەڕاستیدا ئەوە جۆرێکە لە جەستاندن (تجسد)ی خوا، بەلاّم خوای پەروەرگار دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ ﴾ق، واتە: بەڕاستی ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی نێوانیانمان لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروست کرد، وە هیچ ماندووبوونێکمان نەهاتە سەرێ.

ئەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو قسەیەی جوولەکەو نەصرانییەکانە، کە بە دڵنیاییەوە، خوای پەروەردگار ماندوو نابێ بە شتەکانەوە، چونکە خوا جل جلالە ئەگەر بیەوێ شتێك بکات، هەر بفەرموێ ببە دەبێ، وەك دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ ﴾یس، واتە: بێگومان فەرمانی خوا ئاوایە، ئەگەر ویستی شتێك بکات پێی دەفەرموێ: ببە، دەبێ، کە ئەوەش ماندووبوونی تێدانیە، دیارە بۆ نزیك خستنەوە لە عەقڵی ئێمە وا دەفەرموێ، ئەگەرنا وە نەبێ خوای بەرز بە شتەکە بفەرموێ: ببە ئەویش ببێ، چونکە ئەگەر ئێمە بە شتێك بڵێین: ببە، یەکسەر ببێ، پێوەی ماندوو نابین، بۆ خوای بالادەستیش هەر ئاوایە، نەك خوا بە شتەکە بفەرموێ: ببە، ئەویش ببێ، چونکە جارێ شتەکە بوونی نیە، تاکو فەرمانەکەی ئاراستە بکرێ، بەلاّم ئەوە بۆ نزیك خستنەوەیە لە عەقڵی ئێمە.

٢- هەروەها لە (سفر التكوين، الإصحاح: ٣) لە باسی (سقوط الإنسان: الآيتان: ٨ و٩)دا[1]، (ثُمَّ سَمِعِ الزَّوْجَان صَوْتَ الرَّبِّ الإِلَهِ مَاشِياً فِي الْجَنَّةِ عِنْدَ هُبُوبِ رِيحِ

١) ص١٣، ١٤.

النَّهَارِ فَاخْتَبَئَآ مِنْ حَضْرَةِ الـرَّبِّ الإِلَهِ بَيْنَ شَجَرِ الْجَنَّةِ، فَنَادَى الـرَّبُّ الإِلَـهُ آدَمَ: «أَيْنَ أَنْـتَ؟») واتـە: دوای ئـەوەی ژنو مێردەکـە (مەبەسـت پێـی ئـادەمو حەووایـە سـەلامی خوایـان لـێ بـێ) گوێیـان لـە دەنگـی پـەروەردگاری پەرسـتراو بـوو کـە لـە بەهەشـتێ دەڕۆیـی پیاسـەی دەکـرد، لـە کاتێکـدا کـە بـای ڕۆژگـار هـەڵیکردبوو، ئەوانیش خۆیـان لە پـەروەردگار شـاردەوە لـەنێو درەختـەکانی بەهەشـتدا (خۆیـان پـەنهان کـرد بۆئـەوەی خـوا نەیانبینـێ)، پەروەرگـاری پەرسـتراو بـانگی ئـادەمی کـردو فەرمووی: لە کوێـی؟!

وەك خــوا نــەزانێ ئـادەم لــە کوێیــەو پرسـیاری لــێ بکـات! بەڵــێ جوولەکــەو نەصرانییەکان لە کتێبـە موقەددەسـەکەیاندا ئـاوا باسـی خـوا دەکــەن، بۆیـە پێتـان سـەیر نەبـێ کە ئێسـتا خەڵکی ڕۆژئـاوا متمانـەی بـە دیـن نـەماوە، دینێـك ئـاوا باسی خــوا بکــات، خــەڵك چـۆن لەبەرچـاوی ناکــەوێ، ئـەو خوایـە پیاسـە بکــات لـە بەهەشـتێ، کـە لـە درێـژەی ئایەتەکانـدا دەڵـێ: خـوا گـۆرانی دەگـوت!! پاشـان لـەنێو بەهەشـت نەزانـێ ئـادەم لـە کوێیــەو نەیبینــێو بڵــێ: لـە کـوێ خـۆت شــاردۆتەوە؟! ئنجـا دەڵێ: دوایـی ئـادەم وەڵامـی دەداتـەوەو دەڵـێ: خـۆم لـەنێو درەختـی بەهەشــتدا شــاردۆتەوە! خــواش پێــی دەفــەرموێ: بۆچـی خـۆت شــاردۆتەوە؟ دەڵــێ: چـونکە ڕووتــم، دەڵــێ: بۆچی ڕووتی دیـارە لە درەختەکــەت خـواردوە؟! (وەك ئـەوەی خــوا نەیزانیبـێ لەو درەختـەی خــواردوە!!)

ئنجا با سەرنج بـدەین داخـۆ نەصـڕانییەکان چـۆن پێناســەی خـوای تــاكو تـەنیا دەکــەن؟!

لە پەیمانی نوێ لە ئینجیلی (متى، الإصحاح: ٣، الآيتـان: ١٦، ١٧)دا[1]، ئـاوا باسـی خــوای پاكو تـاك دەکـات، دەڵێ: (فَلَمَّا تَعَمَّدَ يَسـوعُ صَعِدَ مِنَ الـمَاءِ فـي الحَالِ، وإذا السَّـمَوَات قَـد انفَتَحـت لَـهُ وَرأى رُوحَ اللّه هَــابِطاً ونـازلاً عَلَيْـهِ، كـأنَّـهُ حَمَامَــةٌ، وَإذَا صَـوت مِنَ السَّـمَوَات يَقُولُ: هَذَا هُوَ ابْني الحَبيب الَّذِي سُرِرْتُ بِهِ كُلَّ سرُورٍ) واتـە: کاتێك عیسـا لە ئاو هەڵکێشـان (تعمّد)ی کرد، (ئەوە زاراوەیەکە نەصــڕانیی بـەکاری دێنـن لە جیاتی خۆشـۆردن) لە ئاوەکە هاتە دەرێ، یەکســەر ئاسمانـەکان کرانـەوە، وە

١) ص١٨٧٥.

ڕووحی خـوا هاتە خوارو دابەزیـە سـەری وەك كۆترێك، وە دەنگێك لـە ئاسـمانەوە هـات گوتی: ئەوە ئەو كوڕە خۆشـەویستەی منە، كە زۆر پێـی دڵخـۆش بـووم، (واتـە: عیسا كوڕی منـە)!!

ئنجا لـە (التفسير التطبيقي للكتاب الـمقدس)دا[١] دەڵـێ: (الشّرحُ: إنَّ تَعلِيم الثالوث مَعنَاهُ أنَّ اللّه ثَلاثَة أقَانِيم، وَلَكِنهُ وَاحِدٌ فِي الجَوْهَر، وَفِي هَذَا الفَصْل نَرَى الأَقَانِيم الثلاثة، مَوْجُودِين وَعَامِلِين: فاللّه الآب تَكلَّم، واللّه الإبن اعْتَمد، وَنَزَلَ اللّه الروح القُدس عَلَى يَسوع، فَاللّه وَاحِدٌ وَلَكِنَّهُ في نَفْس الوقت ثَلاثَة أقانيم) شەرحی ئـەو ئایەتانـەی سـەرێ دەكـاتو ئـەو شـەرحە لەلایـەن نەصـڕانییەكانەوە، دیـارە تەبـەننیی كـراوە دەڵـێ: فێركردنـی (ثـالوث)، (ثـالوث: واتـە: سـێكوچكە) مانـای ئەوەیە كە خوا سێ توخمە، سـێ پێكهاتەیە بـەڵام لـە هەمان كاتیشـدا لـە نێوەڕۆكـدا یەكـە، وە لـەو فەسـڵەدا دەبیـنین كـە هـەر سـێ ئوقنوومـەكان، {(أقانيم) كـۆی (أُقنوم)ە، واتـە: پێكـهاتە، پێكـهێنەر} پێكـەوە كاریـان كـردوە، (فاللّهُ الآبُ تَكَلَّم) خوای باب قسـەی كـردوە، (واللّه الإبن اعْتَمد) وە خـوای كـوڕ خـۆی شـۆردوە، (وَنَزَلَ اللّه الروح القُدس عَلَى يَسوع)، وە خـوای ڕووحـی قودسیش (كە ئـەوان وا پێدەچـێ مەبەستیان پێی جبريل بێ) دابەزیوەتە سـەر یەسـووع، كەواتـە: خـوا یەكێكـەو لـە هـەمان كاتیشـدا سـێ پێكهاتەیـە، {خـوا بۆخـۆی، عیسـاش كـە كوڕیـەتی، وە (روح القدس)یش كە لە نێـوان خـواو عیسـادا دێو دەچـێو پـەیام دێنـێ، هەندێكیشـیان لـە جیـاتی (روح القـدس) دەڵـێن: مەریـەم، واتـە: خـواو عیسـاو مەریـەم، هـەردوو عەقیدەكـان بوو ون} ئەوە عەقیدەی نەصـڕانییەكانە، دەربـارەی خـوا.

من جارێ وابـووە موناقەشـەم بووە لەگەڵ قەشـەو زاناكـانیـان پێمـگوتوون: ئـەوە چۆن دەگونجێ ئێوە دەڵـێن: خوا یەكێكەو سـێشـە؟ گوتوویانـە: ئـەدی چۆن ئێـوەش دەڵـێن: خـوا یەكێكـەو نـەوەدو نـۆ (٩٩) ناویشـی هەیـە؟ دیـارە خـوا لـە قورئانـدا دەفـەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾الأعـراف، لـە فەرمایشـتێكدا دەربـارەی

٢) ص١٨٧٥.

ناوەکانی خوا هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ للهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ إِسْمًا مِائَةً إِلاَّ وَاحِداً، مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ، إِنَّهُ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ﴾ {رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (٢٥٨٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٩٨٦)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ}، واتە: بە دڵنیایی خوا نەوەدو نۆ ناوی هەیە، سەد جگە لە یەکێك، جا هەر کەسێك بیانژمێرێ دەچێتە بەهەشت، بێگومان ئەو (یانی: خوا) تاکە، تاکیشی خۆشدەوێ.

منیش لە وەڵامدا گوتوومە: ئەو دوو بابەتە زۆر لە یەك جیاوازن، ئێمە دەڵێین: خوا یەکێکە، بەڵام نەوەدو نۆ وەسفو ناوی هەیە، کە ناوەکان هەموویان یەك حەقیقەتن، بەڵام ئێوە دەڵێن: سێ شتن، خوای بابو، خوای کوڕو، خوای (روح القدس)، کە سێ شتی لێك جیانو لە هەمان کاتدا یەکیشن!! ئەوەش لەڕاستیدا لە عەقڵ دا جێی نابێتەوە.

<u>دووەم</u>: لە بواری بڕوابوون بە پێغەمبەران (الإيمان بالأنبياء والرّسل)دا:

با بزانین ئەو کتێبانەی لە بن دەستی جوولەکەو نەصرانییەکاندان، چۆن باسی پێغەمبەران دەکەنو، قورئانیش چۆن ڕاستیان دەکاتەوە؟

ئنجا زانینی ئەو ڕاستییە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، تاکو بزانین خەڵکی ڕۆژئاواو ئەمریکاشەوە، بۆچی لە دینەکەی خوا هەڵگەڕاونەتەوەو ڕوویان کردۆتەوە عەلمانیەتو ڕێچکەو بەرنامە دەستکردەکان؟ بۆچی متمانەیان بە ئایینەکەیان نەماوە؟ چونکە لە ئەسڵی عەقیدەکەیاندا لادان (إنحراف)ێکی زۆر سەیر هەیە، ئنجا با تەماشا بکەین، جارێ لە (الکتاب المقدس)دا کە هەر دوو پەیمانی کۆنو پەیمانی نوێ دەگرێتە خۆیو، جوولەکەو نەصرانییش تەبەنیییان کردوە، گوناهی گەورەو کەمو کوڕیی زۆریان پاڵداوەتە لای پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) کە ئێمە پێمان وایە مسوڵمانێکی عادەتیش کە هەر تۆزێك مسوڵمان بێ، ئەو گوناهانە ناکات، بەڵام ئەوان بە چاوێکی زۆر کەمو سووك تەماشای پێغەمبەرانیان کردوە، وە ئێمە کە لێرەدا ئەم دەقانەی نێو کتێبی جوولەکەو نەصرانییەکان نەقڵ دەکەین، مانای وانیە باوەڕمان پێی بێ، پەنا بە خوا، بەڵکو دەمانەوێ چەمکی ئەو ئایەتانە ڕوون بکەینەوە، خوا دەربارەی دەستکاریی کرانی

کتێبەکانیان فەرموویەتی: ﴿يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ﴾، یان لە شوێنی دیکە فەرموویەتی: ﴿يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ﴾النساء، ئنجا ئێمە لە کتێبەکانیان چەند نموونەیەك دێنینەوە، کە ڕاستیەتی ئەم ئایەتانەی قورئان دەسەلمێنن:

١/ لە (سفر التكوين الإصحاح: ١٩ تا ٣٠)[1] لە باسی (خطيئة ابنَتي لوط)دا ئاوا باسی پێغەمبەر لووط ﷺ دەکات:

(وَغَادَرَ لُوطٌ وَابْنَتَاهُ بَعْدَ ذَلِكَ صُوغرَ، وَاسْتَقَرُّوا فِي الْجَبَلِ لأَنَّهُ خَافَ أَنْ يَسْكُنَ فِي صُوغرَ، فَلَجأَ هُوَ وَابْنَتَاهُ إِلَى كَهْفٍ هُنَاك، فَقَالَتْ الإِبْنَةُ الْبِكْرُ لأُخْتِهَا الصَّغِيرَةِ: إِنَّ أَبَانَا قَدْ شَاخَ وَلَيْسَ فِي الأَرْضِ رَجُلٌ يَتَزَوّجنا كَعَادَةِ كُلِّ النَّاسِ، فَتَعَالَيْ نَسْقِيهِ خَمْراً وَنَضْطَجِعُ مَعَهُ فَلا تَنْقَطِعُ ذُرِّيَّةُ أَبِينَا فَسَقَتَا فِي تِلْكَ اللَّيْلَةِ أَبَاهُمَا خَمْراً، وَأَقْبَلَتْ الإِبْنَةُ الْكُبْرَى وَضَاجَعَتْ أَبَاهَا فَلَمْ يَعْلَمْ بِاضْطِجَاعِهَا وَلاَ بِقِيَامِهَا...).

واتە: لووطو دوو کچەکەی دوای ئەوەی صوغەریان بەجێهێشت (صوغەر: ناوی شوێنێکە) وە لە چیا نیشتەجێ بوون، چونکە ترسی لە خۆی هەبوو ئەگەر لە صوغەر نیشتەجێ بێ، بۆیە خۆیو هەردوو کچەکەی پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێك لە چیا، ئنجا کچە گەورەکەی بە خوشکە گچکەکەی گوت: بابمان کەوتۆتە تەمەنەوە، لەسەر زەویش هیچ پیاوێکی دیکە نیە ئێمە بێنێو هاوسەرگیریمان لەگەڵدا بکات، وەك عادەتی خەڵك، وەرە با شەراب (مەی) بدەینە بابمان، وە لەگەڵی بخەوین، بۆئەوەی کە وەچەی بابمان نەبڕێتەوە، لەو شەوەدا شەڕابیان دا بە بابیان، وە کچە گەورەکە لەگەڵ بابی خەوت (واتە: پێکەوە جووت بوون) بابی نە بە ڕاکشانەکەی زانی، نە بە هەڵسانەوەکەی زانی، دوایی دەڵێ: خوشکە گچکەکەشی لەگەڵی خەوت... دوایی دەڵێ: ئنجا ئا بەو شێوە هەردوو کچەکە منداڵیان لە بابیان بوو!

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص٣٨.

بەڵێ خاوەن کتێبەکان ئاوا باسی پێغەمبەران دەکەن، لووط ﷺ پێغەمبەری هەڵبژێردراوی خوا، شەڕابی درابێتێو دوایی زینای کردبێ لەگەڵ دوو کچەکەی خۆیدا، بێئەوەی بەخۆی بزانێ، بەلاّم بێگومان پێغەمبەران پارێزراون نەك لە زینا، بەڵکو لە شتی زۆر بچووکتریش لە زینا، هەتا لە نەزەریش کە بە ئارەزووەوە تەماشای ئافرەتیان کردبێ، خوا پاراستوونی، چ جای ئەوە لەگەڵ کچی خۆیاندا زینا بکەن!!

٢/ لە (سفر التكوين،)[١] لە باسی (نُقطة الضعف والخَطأ)دا ئاوا باسی پێغەمبەر یەعقووب ﷺ دەکات:

أ- (كَانَ يَعْتَمدُ عَلَى إمكَانياته الشَّخْصيَّة عوضاً عَنِ الرّجُوع إلَى اللّهِ طَلَباً لمعُونة إذَا وَاجه صِرَاعَاً)، واتە: هەڵەو خاڵی بێهێزیی یەعقووب ئەوە بوو کە پشتی بە توانای شەخصی خۆی دەبەست، لە جیاتی ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، کاتێك کە ناکۆکییو دژایەتیی بەرەو ڕوو دەبۆوە (لە جیاتی ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، پشتی بە خۆی دەبەست).

کەواتە: تەوەککولی نەبووە بە خوای بالادەست، خوای بەرزیش فەرموویەتی: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٣﴾المائدة، واتە: وە پشت بە خوا ببەستن، ئەگەر ئێوە ئیماندارن، کەواتە: کەسێك ئەگەر هەر ئیمانداربێ، دەبێ پشت بە خوا ببەستێ، چ جای پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)!!

ب- (كَانَ يَمِيلُ إلى تكديس الثروةِ مِن أَجْلِ الثَروةِ ذَاتِهَا)، واتە: (یەعقووب) پێی خۆشبوو سەروەتو سامان وەسەر یەك بنێ، هەر لەبەر سەروەتو سامان خۆشویستن، (نەك لەبەرئەوەی پێویستیەتی، یان لەبەرئەوەی لە پێناوی خوادا سەرفی بکات).

٣/ لە (سفر التكوين)[٢] لە باسی (نُقطة الضعف والخَطأ)دا، ئاوا باسی پێغەمبەر یوسف ﷺ دەکات: (كَانَت كِبريَاء شَبَابه سَبَبَاً في إحْتكَاكهِ بإخوته) واتە:

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص٧٣.
٢) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص٩٧.

(یوسف) شانازیی بە خۆوەكردنی لە سەردەمیی گەنجێتیی دا، هۆكاری ئەوە بوو، كە لەگەڵ برایەكانی دا تێكبگیرێ.

كە دیارە ئەوە درۆیە چونكە كاتێك برایەكانی یوسفیان خستۆتە نێو بیر، تەمەنی هێندە نەبوو و زۆر بچووكو نا باڵغ بووە، واتە: تەمەنی هێندە نەبووە، كە ئەو حاڵەتە دەروونییەی بۆ دروست بێ.

٤/ لە (سفر التكوين)[١] لە باسی (نُقطة الضعف والأخَطاء)دا ئاوا باسی پێغەمبەر مووسا ﷺ دەكات:

أ- (لَم يَدخُل أَرْضَ الـمَوعِدِ بِسَبَب عِصِيانهِ لله) واتە: خاڵی یەكەمی بێهێزیی مووسا ئەوە بوو كە نەچووە سەر ئەو زەمینەی كە خوا بەڵێنی پێدا بوون، بە هۆی سەرپێچیكردنی لە فەرمانی خوا، یانی: مووسا بە قسەی خوای نەكردوە!!

ب- (لَمْ يميز عَلَى الدوام مواهب الآخَرِين وَيسْتَخدمها)، واتە: (خاڵی دووەمی بێهێزیی مووسا) ئەوە بوو هیچ كاتێك نەیتوانیوە توانای بەرانبەرەكانی بناسێ، تاكو بە شێوەیەكی ڕاست بەكاری بێنێ!!

ئەوە شێوەی تێڕوانینی جوولەكەو نەصرانییەكانە بۆ پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام).

<u>سێیەم</u>: لە بواری یاساكانی شەریعەت (الأحكام الشرعية)دا:

أ) خوای پەروەردگار باسی شاردنەوەی سیفەتەكانی پێغەمبەر ﷺ دەكات لەلایەن خاوەن كتێبەكانەوە، ئەو سیفەتانەی لە كتێبەكانیاندا هەبوون، پەنهانیان كردوونو شاردوویاننەوە، یاخود گۆڕیویانن.

خوای زاناو شارەزا هەم بۆ جوولەكەكان، هەم بۆ نەصرانییەكان لە چەند شوێنێكدا زۆر بە ڕوونیی فەرموویەتی: دەیانزانی موحەممەد پێغەمبەری خوایەو نیشانەكانیان دەزانین، بەڵام شاردیانەوە، بۆ وێنە: لە ئایەتی (٨٩)ی سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿...وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص١٦٥.

كَفَرُواْ فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦۚ فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾، کە ئێمە لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا، بە تەفصیلْ باسمان کردوە، دەفەرموێ: جوولەکەکان پێشتر داوایان لە خوا دەکرد بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ یاخود هەڕەشەیان لە کافرە بتپەرستەکان دەکرد، بە هاتنی پێغەمبەری کۆتایی، دەیانگوت: (لَنَقْتُلَنَّكُمْ قَتَلَ عَادٍ وَإِرَم) واتە: دەتانکوژین‌و لە نێوتان دەبەین، وەك چۆن قەومی عادو ئیرەم لەنێوچوون، ئێمەش ئاوا دەتان فەوتێنین، بە پشتیوانی پێغەمبەری کۆتایی، کە ئێمە ئیمانی پێ دێنین‌و شوێنی دەکەوین، وە لەگەڵ ئێوەدا دەجەنگین، واتە: لەگەڵ بتپەرستەکاندا، ئەوە واتایەکی، واتایەکیشی ئەوەیە ﴿يَسۡتَفۡتِحُونَ﴾، دەڵێ: دووعایان دەکرد، دەیانگوت: خوایە! ئێمە لێت دەپاڕێینەوە بە پێغەمبەری کۆتایی واتە: تەوەسسولی پێدەکەین، کە بەهۆی ئەووەوە سەرمان بخەی بەسەر کافرەکاندا[1]، ﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِۦ﴾، کاتێك ئەوەی کە دەیانزانی دەیانناسیی کە پێغەمبەریی کۆتاییە (موحەممەد ﷺ) بۆیان هات، بێبڕوا بوون پێی ﴿فَلَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، نەفرینی خوا لە بێبڕوایان.

وە هەر لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنۡهُمۡ لَيَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿١٤٦﴾﴾، واتە: ئەوانەی کتێبمان پێدابوون، (دیارە هەم جوولەکەو هەم نەصرانییەکان دەگرێتەوە، بەڵام بەپێی سیاقی ئایەتەکان دەزانین، کە لێرەدا مەبەست پێی جوولەکەکانن) دەیناسن (واتە: موحەممەد ﷺ)، ﴿كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡ﴾، وەك چۆن کوڕەکانی خۆیان دەناسن، وە کۆمەڵێکیان هەق دەشارنەوە، کە دەشزانن هەقە.

---

١) بڕوانە: الإستيعاب في بيان الأسباب، ج ١، ص ٣٤، کە لە کۆتایی هێنانی چەند گێڕراوەیەك دا نووسەرەکانی گوتوویانە: (قلنا: وسنده حسن – إن شاء الله - و جهالة الأسياخ لا تضر لكونهم صحابة وهم عدول، والله أعلم.

دەربارەی نەصرانییەکانیش کە زانیویانە موحەممەد ﷺ، پێغەمبەری کۆتاییەو دێ، لە سوورەتی (الصف) لە ئایەتی (٦)دا خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: کاتێك عیسای کوڕی مەریەم، گوتی: ئەی وەچەی ئیسرائیل (واتە: ئەی جوولەکەکان، چونکە عیسا ﵇ بۆخۆی جوولەکە بووەو لە یەهوود بووە، وە بە پلەی یەکەمیش بۆ ئەوان نێردراوە، بەڵکو هەندێك دەڵێن: هەر بۆ جوولەکەکان نێردراوە، بەڵام نەصرانییەکان ئیددیعا دەکەن، کە بۆ هەموو خەڵکی دیکەش نێردراوە) من ڕەوانەکراوی خوام بۆ لای ئێوە، ئەوەی لە پێش دەستی منەوەیە، بەڕاستی دەزانم، (واتە: ئەوەی لە پێش مندا هاتوە کە تەوراتە، بەڕاستی دەزانم کە کتێبی خوایە، ئنجا کە تەورات بەڕاست بزانیٚ کەواتە: مووساش ﵇ بەڕاست دەزانیٚ)، وە موژدەشتان پێی دەدەم بە پێغەمبەرێك لە دوای من دێ، ناوی ئەحمەدە (ئەحمەد واتە: ستایش کراو، موحەممەدیش واتە: ستایشکراو).

ئنجا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿لِي خَمْسَةُ أَسْمَاءٍ: أَنَا مُحَمَّدٌ وَأَحْمَدُ، وَأَنَا الْمَاحِي الَّذِي يَمْحُو اللهُ بِي الْكُفْرَ، وَأَنَا الْحَاشِرُ الَّذِي يُحْشَرُ النَّاسُ عَلَى قَدَمِي، وَأَنَا الْعَاقِبُ﴾ {أَخْرَجَهُ مَالِكٌ بِرقم: (١٨٢٣)، وَأَحْمَد بِرقم: (١٦٧٨٠)، الْبُخَارِيُّ بِرقم: (٤٦١٤)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٦٠٥٨)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٢٨٤٠)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ فِي (الكبرى) بِرقم: (١١٥٩٠)، وَالدَّارَمِيُّ بِرقم: (٢٧٧٥)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (٦٣١٣)، وَأَخْرَجَهُ أَيضًا: عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ عَنْ أَبِيهِ ﵁}، واتە: من پێنج ناوم هەن: من موحەممەدو ئەحمەدم، وە من سڕەرەوە (ماحي)م، کە خوا کوفرم پیٚدەسڕێتەوە، وە کۆکەرەوە (حاشر)م کە خەڵك لە بەردەممدا کۆدەکرێتەوە، وە دوامین (عاقب)م.

جا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾، ئنجا کاتێك بە بەڵگە ئاشکرایەکانەوە گوتیان: ئەوە جادوویەکی ئاشکرایە، بۆ زانیارییتان وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، لە پەیمانی کۆنو لە پەیمانی نوێدا لە چەند شوێنێکدا باسی سیفەتەکانی پێغەمبەر ﷺ کراوە، کە وەك باسمکرد زانایان دەریانخستوون، وە منیش ئەو کاتەی لە زیندانی ئەمریکییەکان بووم، لەو کتێبەدا کە نووسیومە باسمکردوە، کە ئەو وەسفانەی باسکراون، غەیری پێغەمبەر موحەممەد ﷺ بەسەر کەسی دیکەدا ناچەسپێن، هەروەها لە پەیمانی کۆندا هاتوە هەندێ لە پێغەمبەران موژدەیان داوە کە پێغەمبەرێك دێ ئاواو ئاواو ئاوایە، وەك گوتم: ئەو وەسفانەی بەسەر پێغەمبەری کۆتایی نەبێ بەسەر کەسی دیکە ناچەسپن، بۆ وێنە: دەڵێ پێغەمبەرێك دێ بانگەوازەکەی بۆ هەموو خەڵکە، سوپای دەبێ، وە بانگەوازەکەی دەگاتە نێو دورگەکانی دەریاکانیش، وە هاوەڵەکانی بەو شێوەیەن، ئنجا کە وەسفی هاوەڵانی دەکات، بەس سیفەتەکان بەسەر هاوەڵانی بەرێزی پێغەمبەر ﷺدا دەچەسپن[١].

ب) هەروەها هەندێك لە یاساکانی شەریعەتیشیان شاردۆتەوە:

وەك خوای پەنهانزان باسی دەکات، بۆ وێنە شاردنەوەی حەددی زیناکەر، لە شەریعەتی جوولەکەدا زیناکەر دەبووایە بەردباران بکرێ، مادام ئەو پیاوە ژنی هەبووایە، ژنەکەی مابێ یان نا، یان ئەو ئافرەتە مێردی هەبووبێ، جا مێردەکەی مابێ، یان نا، لەوبارەوەش با تەماشای ئەم دەقە بکەین: ﴿عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ ؓ قَالَ مُرَّ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ بِيَهُودِيّ مُحَمَّمًا مَجْلُودًا فَدَعَاهُمْ ﷺ فَقَالَ: (هَكَذَا تَجِدُونَ حَدَّ الزَّانِي فِي كِتَابِكُمْ)؟ قَالُوا: نَعَمْ، فَدَعَا رَجُلاً مِنْ

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر: إشعياء، الإصحاح: ٤٢، (مهمة خادم الرّب):

(هوذا عبدي الّذي أعضُدُهُ، مختاري الّذي ابتهجتْ به نفسي، وضعتُ روحي عليه ليسوس الأمم با لعدل، لا يصيحُ ولا يَصْرُخُ ولا يرفع صوتَهُ في الطريق، لا يكسر قصبةً مرضوضةً، وفتيلةً مُدَخِّنةً لا يُطفيءُ، إنما بأمانةٍ يَجْري عَدْلاً، لا تكلُّ ولا تُثَبَّطُ له هِمَّةٌ حتى يُرسِّخ العدل في الأرض، وتنتظر الجزائر شريعتَه... ها هي النبوّات السالفة تتحقّق وأخرى جديدة أُعلِنَ عنها وأُنبيءُ بها قبْل أن تحدث)، ص ١٤٣٧.

عُلَمَائِهِمْ، فَقَالَ: (أَنْشُدُكَ بِاللهِ الَّذِي أَنْزَلَ التَّوْرَاةَ عَلَى مُوسَى، أَهَكَذَا تَجِدُونَ حَدَّ الزَّانِي فِي كِتَابِكُمْ)؟ قَالَ: لاَ وَلَوْلاَ أَنَّكَ نَشَدْتَنِي بِهَذَا لَمْ أُخْبِرْكَ نَجِدُهُ الرَّجْمَ، وَلَكِنَّهُ كَثُرَ فِي أَشْرَافِنَا فَكُنَّا إِذَا أَخَذْنَا الشَّرِيفَ تَرَكْنَاهُ، وَإِذَا أَخَذْنَا الضَّعِيفَ أَقَمْنَا عَلَيْهِ الْحَدَّ، قُلْنَا: تَعَالَوْا فَلْنَجْتَمِعْ عَلَى شَيْءٍ نُقِيمُهُ عَلَى الشَّرِيفِ، وَالْوَضِيعِ فَجَعَلْنَا التَّحْمِيمَ، وَالْجَلْدَ مَكَانَ الرَّجْمِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ (اللَّهُمَّ! إِنِّي أَوَّلُ مَنْ أَحْيَا أَمْرَكَ إِذْ أَمَاتُوهُ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٥٤٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٧٠٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٤٤٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٥٥٨)}، واته: جوولەکەیەکیان بە لای پێغەمبەر داهێنا، دەموچاوی ڕەش کرابوو، قامچیشیان لێدا بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کردن، فەرمووی: ئایا ئەمە لە کتێبەکەتاندا سزای زینایە؟ (دیارە ئەو کەسە زینای کردوە، بۆیە بەو جۆرە سزایان داوە)، گوتیان: بەڵێ، دوایی پیاوێکیانی بانگ کرد لە زاناکانیان (دیارە زانیویەتی ئەهلی ئینصافە)، فەرمووی: خوات بە گژ دادەکەم، (وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: تۆ ئەو خوایە) کە تەوراتی ناردۆتە سەر مووسا ؑ! ئایا ئەوە سزای زینایە، لە کتێبەکەتاندا؟ گوتی: نەخێر، وە ئەگەر بەو شێوەیە داوات لێ نەکردبام (واتە: ئاوا سوێندت نەدابام) هەواڵم پێنەدەدای، سزای زینا لە کتێبی ئێمەدا بریتییە لە بەردباران کردن، بەڵام دوای ئەوەی زینا لەنێو پایەدارەکانمان‌و خاوەن پێگەکانماندا زۆر بوو، ئەگەر یەکێك لەو پیاوە ناودارانەمان زینای کردبایە، لێی دەگەڕاین، وە ئەگەر یەکێکی بێهێزیش زینای کردبایە، سزامان دەدا، گوتمان وەرن با شتێك دابنێین بەسەر پایەدارو بێپایەدا (واتە: بەهێزو بێهێز) بیچەسپێنین، وە ڕامان هاتە سەر ئەوەی کە دەموچاویان ڕەش بکەین‌و قامچیان لێ بدەین، (ئنجا قامچی بووە، دار بووە، باس نەکراوە) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی خوایە! من یەکەم کەسم کە فەرمانی تۆی زیندووکردۆتەوە، دوای ئەوە کە مراندبوویان، وە فەرمانی پێکرد بەردبارانیان کرد.

دیارە بۆ خۆیان ڕازی بوون کە پێغەمبەر بە پێی تەوراتەکەی خۆیان، ئەو سزایەیان بەسەردا بسەپێنێ، ئەگەرنا خاوەن کتێبەکان لە بواری باری کەسیی (الأحوال الشخصية)داو لە بواری تایبەتمەندییەکانیاندا، پەیوەست نین کە ئیش بە شەریعەتی ئیسلام بکەن.

ئنجا لە تەوراتــدا لـە ژێـر ناوونیشــانی: (الأحكام في الزنى والإغتصاب)[1] دا سزای زینا بـەم شـێوەیە هاتوە: {وَإِذَا ضَرَبْتُم رَجُلاً مضطَجعاً مَعَ آمرأة مُتَزَوجَةٍ تَقتُلنهُما كِلاَهُمَا} واتە: هەر کاتێك پیاوێکتان بینی لەگەڵ ژنێك کـە هاوسـەردار بوو ڕاکشـابوو (واتە: زینای لەگــەڵ کردبـوو) هەردووکیــان دەکوژن، دیارە وێـڕای ئەم سـزایە چـەندان، یاساو سـزای شـەرعیی دیکەشـیان شـاردوونەوەو دەسـتکارییان کــردوونو گۆڕیویــانن، وە قورئــان ئــەو شــتانەی بەگشــتی باســکردوون، وەك دەفــــــــــــەرموێ: ﴿يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾، زۆر لەوەی لە کتێب شاردووتانەوە، قورئان ڕوونی دەکاتــەوە.

**مەسـەلەی دووەم:** کە دەفـەرموێ: ﴿وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ﴾، وە چاوپۆشـیی لـە زۆری دەکــات، یەکێــك بــۆی هەیــە بپرســێ: باشــە قورئــان ئــەوەی دەریــدەخات، دەریـدەخات، لـەوەی کـە خـاوەن کتێبـەکان شـاردوویانەتەوە لـە کتێبـەکانی خۆیانـدا، بەڵام بۆچی چاوپۆشـیی لە زۆرێکیش دەکــاتو دەریناخـات؟

زانــایان چــەند وەڵامێکیـان داوەتـەوە، باشــترینیان ئەوەیـە کـە قورئــان نـەهاتوە باسی هــەموو شــتێك بکــات، بەڵکو باسی ئـەو شــتانە دەکات کـە ئینســان پێویســتی پێی دەبـن، لەو کاتەوە کە دابەزیـوە تا لەســەر زەوی ژیـانی ئینسـان کۆتـایی پێــدێو دەپێچرێتـەوە، ئەو شتانەی کە قورئان چاوپۆشـیی لـێکردوون لە دەسـتکاریی کــرانو گۆڕانکــاریی‌و شــاردنەوەی خــاوەن کتێبــەکانو نەیخســتوونە ڕوو، دیــارە ئینســـان پێویســتی پێیـان نیـە، ئـەوان زۆر شـتیان گۆڕیـوەو ئەگـەر هاتبــاو قورئــان هــەموو شــتێکی باس کردبا، ئێسـتا قەبارەکـەی چــەندە، دەبـوو بـە پەنجـا هێنـدە، کەواتـە: ئـەو شـتانەی پشــتگوێ خســتوەو چاوپۆشـیی لێکـردوون کـە پێویســت ناکـات بـاس بکـرێنو ڕوونبکرێنــەوە، لەبەرئـەوەی ژیـانی بەشـــەر پێویسـتی پێیـان نیـە، نـەك قورئـان خاتــری گرتبــن، خوای پەروەردگار لـە گـوتنی هــەقدا خـاتری کـەس نـاگرێ، وەك دەفـەرموێ: ﴿... وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِى ٱلسَّبِيلَ ۝٤﴾ الأحـزاب، واتـە: خـوا هـەق دەفەرمـوێو بەرەو ڕێی ڕاســت خەڵـکی ڕێنمایی دەکــات.

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر التثنية: الإصحاح: ٢٢، ص٣١٦.

**مەسەلەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ وَكِتَٰبٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِهِۦ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾.

# پێنج وەسفی گەورەو گرنگی قورئان بۆ پێناسەكردنی

باسمان كرد كە خوای كاربەجێ لەم ڕستە قورئانییەدا چەند وەسفو پێناسەیەك بۆ قورئان بەكاردێنێ:

١/ ﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ﴾.

٢/ ﴿وَكِتَٰبٌ مُّبِينٌ﴾.

٣/ ﴿يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ﴾.

٤/ ﴿وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ﴾.

٥/ ﴿وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾.

بە پێنج سیفەت قورئانی وەسف كردوە:

یەكەم: كە دەفەرموێ: ﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ﴾، توێژەرەوانی قورئان دوو هەڵوێستیان هەیە لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا:

١- هەندێكیان دەڵێن: (نور) واتە: قورئان.

٢- هەندێکیش دەڵێن: (نور) واتە: موحەممەد ﷺ، چونکە لە سوورەتی (الأحزاب)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا ﴿٤٦﴾ ﴾ الأحزاب، واتە: ئەی پێغەمبەر! تۆمان ناردوە چاودێربی، مـوژدەدەرو ترسێنەربی، وە بانگەوازکاربی بۆ لای خوا، بە مۆڵەتی خوا، وە چرایەکی ڕۆشنکەرەوە بی، کەواتە: دەگونجێ ناو لە پێغەمبەر ﷺ بنرێ، (نور) خوا لێرە ناوی لێناوە: (سِراجاً مُنيراً)، (سِراج) واتە: چرا، (مُنير) واتە: ڕۆشنکەرەوە، یاخود ڕۆشن، دەڵێین: لەڕاستییدا لە ڕووی زمانەوانییەوە دەگونجێ، بەڵام بە پێی سیاقی ئەم ڕستە قورئانییە بۆمان دەردەکەوێ، کە مەبەست لە (نور) لێرەدا پێغەمبەر ﷺ نیە، بەڵکو مەبەست لە (نور)و (كتاب مُبين)، وە لە هەموو وەسفەکانی دیکە، قورئانە، بۆچی؟ چونکە ئایەتەکەی پێشێ دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا ﴾، کەواتە: ئەوە باسی پێغەمبەر ﷺ کرا، ئنجا دوایی باسی قورئان دەکات.

بەڵگەی دووەممان ئەوەیە کە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾، واتە: ڕێنماییان دەکات بەرەو ڕاستە شەقام، هەروەها دەفەرموێ: ﴿ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ ﴾، بە هۆی ئەوەوە خوا ڕێنمایی دەکات، ئەگەر مەبەست پێغەمبەر ﷺو قورئان بووایە دەیفەرموو: (يَهدِي بِهِمَا اللهُ) چونکە ئەو کاتە دەبوونە دوو، بەڵام بە دڵنیایی ئەو وەسفانە هەموویان مەبەست پێیان قورئانە، بۆیە ڕاناوەکەی بۆ یەکیانە (يَهدِي بِهِ)، نەك (بِهِمَا) بۆ هەردووکیان ناچێتەوە، بۆ یەکیان دەچێتەوە، ئەویش بریتیە لە قورئان، وە لەڕاستییدا ئەوە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوە کە مەبەست لە هەرکام لە (نور)و (كتابٌ مُبين) قورئانە، بێگومان هەر شتێك خوا بیفەرموێ سەد لە سەد وایە، وە ئەو وەسفانەی قورئانیش پڕ بە پێستی قورئانن، کە دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ ﴾، قورئان:

نوورو، ڕۆشناییە، بۆ عەقڵ، بۆ دڵ، بۆ ژیانی تاك، بۆ ژیانی خێزان، بۆ ژیانی کۆمەڵگا، بۆ دەوڵەت، بۆ بووناسیی، (واتە: چۆنیەتی تێڕوانینی ئینسان بۆ خوا، بۆ بوون، بۆ ئینسان) هەروەها قورئان نووره لە ڕووی ئیمانو عەقیدەوە، لە ڕووی یاساکانی ڕێکخەری ژیانەوە، وە نووره بۆ ڕابردوو، چونکە پێمان دەڵێ ڕابردوو چۆن هاتوە؟ وە ڕووناکییە بۆ داهاتوو ئایا چی دەگوزەرێ، وە چی دەبێ، وە نووره بۆ ئێستاش، ئایا چی بکەین؟ وە قورئان لە ڕووی زانستییەوە نووره، وە لە ڕووی عەقڵییەوە نووره، وە لە ڕووی مێژووییەوە نووره، وە قورئان لە ڕووی دەروونناسییەوە نووره، لە هەر ڕوویەکەوە بیگری قورئان ڕۆشناییە.

دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكِتَٰبٌ مُّبِينٌ ﴾، وە قورئان کتێبێکی ڕۆشنیشە، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە ئەدی مادام قورئان کتێبێکی ڕۆشنە، بۆچی ئەو هەمووە زانایە قورئانیان تەفسیر کردوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لەڕاستییدا قورئان ڕۆشنە، واتە: هیچ کەس نیە بەشی خۆی لە قورئان تێنەگات، بەڵام هیچ کەسیش نیە بگاتە ئەوپەڕی زانایی‌و تێگەیشتن دەربارەی قورئان، وە بە دڵنیایی تەنیا بێژەری قورئان کە خوای زاناو شارەزایە، وەك پێویستو بە تەواویی دەزانێ قورئان چی تێدایە، چونکە قورئان فەرموودەی خوا (كلام الله)یە، ئەگەرنا پێغەمبەری خواش ﷺ بە تەئکید نەگەیشتۆتە ئەوپەڕی قورئان، بەو مانایە کە بە ئەندازەی ئەوەی کە خوا دەزانێ مەبەست لە فلانە ئایەتە چییەو؟ فلان ئایەت چی مەبەستە؟ بەڵکو پێغەمبەری خواش ﷺ بەقەدەر خۆی وەك بەشەرێك، وەك سەروەرو گەورەی پێغەمبەران، ئەویش بەقەدەر خۆی لە قورئان گەیشتوە، بەڵام دەربارەی زانیاریی قورئان خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ... ۝٦ ﴾الفرقان، واتە: بڵێ: کەسێك قورئانی ناردۆتە خوار، کە نهێنییەکانی ئاسمانەکانو زەوی دەزانێ، نهێنی ئاسمانەکانو زەویش بەس خوا ﷻ دەیزانێ، بە بەڵگەی چی؟ خوا فەرموویەتی: ﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ

(٦٥) ﴾النمل، واتە: بڵێ: هیچكەس نهێنی ئاسمانەكانو زەوی نازانێ جگە لە خوا ﷻ، دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا ئەوەندەی لە نادیار (غیب) زانیوە كە خوا پێی فەرمووە، بۆیە قورئان كتێبێكی ڕۆشنە، واتە: هیچكەس نیە بەشی خۆی لێی تێنەگات، بەڵام بەو مانایە نا كە هەرچی ڕاست بۆوە هەموو شتێك بزانێ لە قورئان، بەڵكو هەر كەسە بەشی خۆی لێی تێدەگات، بەڵام زاناترین كەس ناگاتە ئەوپەڕی قورئان، وە نەزانترین كەسیش كە هیچ شارەزاییەكی نەبێ، بەشی خۆی لە قورئان تێدەگات، هەر ئەوەشە كە كردوویەتی بە موعجیزە: هەر كەسە بەشی خۆی لێی تێدەگات، هیچ كەسیش ناگاتە ئەوپەڕەكەی، كە بێگومان هیچ كتێبێكی دیكە وانیە لەسەر زەوی، خەڵك یان تێیدەگات، یان تێناگات، بەڵام قورئان ڕۆژ بەڕۆژ نهێنییەكانی دەردەكەون، وە چین (جیل)ەكانی بەشەر هەتا دێن بە دوای یەكدا وەك شەپۆلی دەریا، زیاتر نهێنییەكانی قورئان دەردەخەن، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ (٥٣) ﴾فصلت، واتە: لەمەودوا نیشانەكانی خۆمانیان بۆ دەردەخەین، لە ئاسۆیەكان، (واتە: لە بوونەوەردا) وە لە خودی خۆشیاندا، بۆ ئەوەی بۆیان دەربكەوێ كە هەقە، ئایا ئەو ڕاناوە (أَنَّهُ) بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ قورئان، كەواتە: هەتا زانست بەرەو پێشەوە بچێ، نهێنییەكان زیاتر ئاشكرا دەبن، جا نهێنی كەونیو نهێنی ئینسانی، وە خەڵك زیاتر لە هەقانیەتی قورئان تێدەگات.

سێیەم: وە قورئان وەك خوا ﷻ وەسفی دەكات: ﴿ يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ ﴾، خوا بە هۆی قورئانەوە كەسێك ڕێنمایی دەكات كە بە دوای ڕەزامەندیی خوا بكەوێ بەرەو ڕێبازەكانی ئاشتی، كەواتە: ئینسان هەتا دڵی خۆی بۆ خوا ساغ نەكاتەوە، لە قورئان بەهرەمەند نابێ، ڕەنگە زۆر كەس كە تەماشای قورئان دەكات بڵێ: كوا قورئان چی تێدایە؟!

جارێك كابرایەكی عەلمانیی، گوتی: خۆ من ڕێزم هەیە بۆ قورئان، بەڵام ئایا سوورەتی: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١﴾ المسد، لە قورئاندا چ سوودێكی هەیە؟ گوتم: ئێستا بوارم نیە هەموو شتێكت بۆ باس بكەم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم كە لە هەموو قورئاندا ناوی یەك كافری سەردەمی پێغەمبەر ﷺ هاتوە، ئەویش (أَبُو لَهَب)ە، كە دیارە بە نازناوەكەی هاتوە، ئەگەرنا بۆخۆی ناوی (عَبْد الْعُزَّى) بووە، بەڵام كونیەكەی (أَبُو لَهَب) بووە، ئەوەش گەورەترین حیكمەتی تێدایە، كە خوا لێرەدا ئەم سوورەتەی ناردۆتە خوار، جاری ئەوە بەرگرییە لە پێغەمبەر ﷺ، چونكە بەو موناسەبەتەوە ئەم ئایەتە دابەزیوە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: صَعِدَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ الصَّفَا، فَقَالَ: يَا صَبَاحَاهُ، قَالَ: فَاجْتَمَعَتْ إِلَيْهِ قُرَيْشٌ، فَقَالُوا لَهُ: مَا لَكَ؟ فَقَالَ: أَرَأَيْتُمْ لَوْ أَخْبَرْتُكُمْ أَنَّ الْعَدُوَّ مُصَبِّحُكُمْ أَوْ مُمَسِّيكُمْ أَمَا كُنْتُمْ تُصَدِّقُونِي؟ قَالُوا: بَلَى، قَالَ: فَإِنِّي نَذِيرٌ لَكُمْ بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ، فَقَالَ أَبُو لَهَبٍ: تَبًّا لَكَ لِهَذَا دَعَوْتَنَا جَمِيعًا، فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلّ: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١﴾ المسد﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٤٥٢٣)}، واتە: عەبدوڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ﷺ سەركەوتە سەر كێوی صەفاو فەرمووی: (يَا صَبَاحَاهُ) هۆی هاوار! قورەیش لە دەوری كۆبوونەوەو گوتیان: چی بووە؟ فەرمووی: ئەگەر هەواڵتان پێبدەم بەوەی كە دوژمن ئێواریّ، یاخود بەیانی هێرشتان دەكاتە سەر، بڕوام پێ ناكەن؟ گوتیان: با، فەرمووی: دە من ترسێنەرتانم و بۆتانهاتووم پێتانڕابگەیەنم كە سزایەكی سەخت هەیە بۆ ئەو كەسانەی كە ئیمان ناهێنن، ئەبو لەهەب (یش كە لە نێو خەڵكەكە بوو) گوتی: دەستەكانت لەنێوچن، هەر بۆ ئەوە ئێمەت كۆكردەوە؟ ئنجا لە دوای ئەو قسەیەی ئەبو لەهەب، خواش وەڵامی دایەوەو ئەو سوورەتەی ناردە خوار، فەرمووی: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١﴾ واتە: دەستەكانی ئەبو لەهەب بفەوتێن و فەوتاشن، وە لە هەموو كافرەكانی قورەیش خوا ﷻ تەنیا ناوی ئەبو لەهەبی هێناوە، لەگەڵ هاوسەرەكەیدا، وە باسیان دەكات كە چۆن پیلانیان گێڕاوە دژی پێغەمبەر ﷺ، هەرچەندە مامیشی بووە، كەواتە: لە ئیسلامدا بە هیچ

شێوەیەك خاترو خۆتر نیەو لە هەقیدا، خاتری كەس ناگیرێ، وە هەڵاوێردران نیە، وەك دەبینین مامی پێغەمبەری خوا تووكی لێكراوەو خوا فەرموویەتی: بفەوتێ، وە فەوتاش‌و بەهیلاكیش چوو، هەروەها خێزانەكەشی.

مەبەستم ئەوەبوو كە ئینسان بە ئەندازەی ئەوە كە مەبەستی پێی خوایەو دڵی بۆ خوا ساغ دەكاتەوە، لە قورئان تێدەگات، ئایا هەر كەسێك شارەزای زمانی عەرەبی نەبێ كتێبێكی عەرەبی بدە دەست، هیچی لێ تێدەگات؟ نەخێر، ئەدی كەسێك شارەزای زمانی ئینگلیزی، فەرەنسیی، رووسیی یان چینی نەبێ كتێبێكی بەو زمانانە نووسرابێ بدە دەستی، كە پڕبێ لە زانست، پڕبێ لە حیكمەت، ئایا هیچی تێدەگات؟ نەخێر، دەجا لەڕاستییدا كەسێكیش ئیمانی نەبێ، لە قورئان بەهرەمەند نابێ، تەماشای دەكات ڕواڵەتەكەی دەبینێ، بەڵام دڵی خۆی بۆ ناكاتەوە، لێی بەهرەمەند نابێ، بۆیە خوا ﷻ لە سەرەتای سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ الٓمٓ ۝١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ۝٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ۝٣ ﴾، واتە: ئەلیف، لام، میم، ئەم كتێبە ڕێنماییە بۆ پارێزكاران، ئەوانەی ئیمان بە پەنهان دێنن، وە نوێژ بەرپا دەكەن‌و لەوەی پێمان داون دەبەخشن.

كەواتە: ئەوەی كە ئیمانی نەبێ، قورئان بۆ ئەو ڕێنمایی نیە، مەبەستم لەوەنیە كە نازانێ بیخوێنێتەوە، یاخود بە ڕواڵەت لە مەبەستەكانی تێناگات، بەڵام قورئان بۆی نابێتە ڕێ پێشاندەرو ڕێنمایی، دەبێ ئینسان تەفاعولێكی ئیمانیی‌و ڕووحیی‌و مەعنەویی لەگەڵ قورئاندا بكات، ئەوجار لێی بەهرەمەند دەبێ.

چوارەم‌و پێنجەم: ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾، لە تاریكایی دەریاندێنێ بەرەو ڕۆشنایی، وە بەرەو ڕاستە شەقام ڕێنماییان دەكات، ئەوانە ئەو وەسفانەن كە خوای بەرز بۆ قورئان بەكاری هێناون، وە بە دڵنیاییی هەمووشیان لە جێی خۆیاندان‌و پڕ بە پێستی قورئانن.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرمویٚ: ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ﴾، بێگومان ئەوانەی گوتیان: خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە، بێبڕوان، کەواتە: نەصرانییەکان کافرن، پێشتریش ئاماژەیەکم پێدا، هەندێك مەلا هەن، ئەوانەی کە لە بەرگی پێشەوایانی ئایین دان، بەلاّم سەر بە دەستەلاّتن و بەلای دەستەلاّت و حوکمڕانانداا دایدەشکێنن، وە پێیان خۆشە بە هەوای ئەوان قسە بکەن، جاری وابووە لەگەلّ ئەو جۆرە کەسانە ڕووبەڕوو بوومەوە، گوتوویانە: مامۆستا! دروست نیە بە جوولەکەو نەصرانیی بلّێین: کافر، چونکە ئەوانیش ئیمانیان بە خوا هەیە!! بەلاّم وەك پێشتریش گوتم: ئیمان هەبوون جیایە لەگەلّ عیلم هەبوون بە بوونی خوا، چونکە ئیبلیس بە دلّنیایی دەیزانی خوا هەیە، فیرعەونیش بە تەئکید دەیزانی مووسا پێغەمبەری خوایەو موعجیزەکانی لەلایەن خواوە پێدراون، وەك دەفەرمویٚ: ﴿ وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾ ﴾النمل، واتە: دانیان پێدانەهێناو لە دەروونیشدا یەقینیان هەبوو کە ڕاستە، لەبەر ئەوەی چاویان لە ستەمو لە خۆبەزلگرتن بوو، نەیاندەویست بۆ پەیامی مووسا ملکەچ بکەن، چونکە ئەو کاتە فیرعەون و داروودەستەکەی ئەو بەزمو بازاڕەی هەیانبوو لێیان تێکدەچوو، کەواتە: ئەوانیش عیلمیان هەبووە بە خواو پێغەمبەرەکەی، کەچی بە ئیمانداریش لە قەلّەم نەدراون، کەواتە: جوولەکەکان و نەصرانییەکان و ئەوانی دیکەش کە عیلمیان هەیە بە بوونی خوا، وە عیلمیان هەیە بە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بە کتێبەکان، تەنیا بەوەندە بە ئیماندار لە قەلّەم نادرێن، لەبەرئەوەی ئیمانیان نیە بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ، وە دواییین کتێبی خوا سبحانە و تعالی، کە ئەو چەوتی و لادان و هەلاّنەی کەوتوونە نێو کتێبەکانیانەوە، ڕاستیان دەکاتەوەو بڕیاریان دەکات، ئنجا پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ سەرەوەری هەموو پێغەمبەرانە، وە هەموو پێغەمبەران موژدەیان بە هاتنی داوە، ئنجا ئایا ئەگەر موحەممەد ﷺ ئەو پێغەمبەرە موژدە پێدراوە نەبێ، کوا کێ هاتوە، ئەوە دوای عیسا دوو هەزار سالّ زیاتر تێپەڕیوەو کەس نەهاتوە؟! بەلّێ

کەسانی وا هەبوون بە درۆ بانگەشەی پێغەمبەرایەتییان کردوە، بەلاَم هیچ نەبوونەو هەر زوو درۆیەکەیان ئاشکرا بووە، ئەو پێغەمبەرەی کە مووسا گوتوویەتی: دوای مـن دێو عیسا گوتوویەتیو پێغەمبەران هەموویان گوتوویانە: کوا؟ کامەیە؟ کەواتە: کەسێك کە ئیمان بە موحەممەد ﷺ ناهێنێ، وە ئیمان بە قورئان ناهێنێ، ئیمانی بە پێغەمبەرەکەی خۆشیو بە کتێبەکەی خۆیشی لێ هەڵدەوەشێتەوە، چونکە کتێبەکەیشیو پێغەمبەرەکەشی گوتوویانە: دوایی پێغەمبەری کۆتایی دێ، ئیمانی پێ بێنن، ئنجا کە ئیمانیان پێ نەهێنا، مانای وایە بڕوای بە کتێبو پێغەمبەرەکەی خۆیشی نەهێناوە.

ئنجا دیارە پێشتریش لە کتێبی پیرۆز (الكتاب المقدس) لە پەیمانی نوێ، (العهد الجديد)دا ئەم دەقەم هێناوە: (فَاللّه وَاحِدٌ وَلَكِنَّهُ فـي نَفْس الوَقْتِ ثَلاثَـةُ أقـانيم)، وە لە ئینجیلی (متى: الإصحاح: ٣) لە شەرحی ئایەتەکانی (١٦و ١٧)دا دەڵێ: (يَسُوع باعتبَارهِ الله: لإبن، يَخضَعُ طَوْعِيَـةً للهِ الآب)[1]، واتە: یەسووع بەو ئیعتیبارەی خوای کوڕە، ملکەچ دەکات بۆ خوای باب! ئەوەش مانای وایە کافر بوو ون، بۆیە خواش فەرموویەتی: ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ﴾، واتە: بێگومان ئەوانەی گوتیان: خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە، بێبڕوان.

هەروەها هەر لە ئینجیلی (متى) لە (الإصحاح:١٥، آيتان: ٥، ٦) دەڵێ: (الحَيَاةُ فِي المَسيحِ تَعني: أوَّلاً: الإيمانُ بأنَّهُ إبْنُ اللهِ، ثانياً: مخلِّصَاً وَرباً)[2]، واتە: ژیان لە مەسیح یانی: ئیمان هێنان بەوە کە کوڕی خوایە، وە قبووڵکردنیشی بەوەی کە ئەو ڕزگارکەرەو پەروەردگارە! بە هەر حاڵ ئەگەر تەماشای ئەوە بکرێ کە پێی دەگوترێ: (الكتاب المقدس: العهد الجديد)، پەیمانی نوێ، چ چوار ئینجیلەکان، چ نامەکانی پۆڵسو ئەوانە، زۆر بە زەقی دەڵێن: خوا سێ بەشە: (الآب، الإبن، الروح القدس) واتە: بابو کوڕو گیانی پیرۆز، کە مەبەستیشیان لە گیانی پیرۆز

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس: ص.١٨٧٥
٢) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس: ص ٢٢٢٤.

جبـیـریلـە سەلامی خـوای لێبـێ، دیـارە مـن لـە بـەرگی دووەمـی ئـەم تەفسیرە، لـە تەفسیرکردنی سوورەتی (آل عمران)دا، ئەم دەقەم کە لە تەفسیری (الجامع لأحكام القرآن)ی (القرطبي) وەرگرتـوە، لـەوێش هێنـاوە، کـە دەڵـێ: {نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ بِسَبَبِ وَفْدِ نَجْرَان حِينَ أَنْكَروا عَلَى النَّبِيّ ﷺ قوله: إنَّ عِيسَى عَبدُ اللهِ وَكَلِمَتُهُ، فَقَالُوا: أَرِنَا عَبْداً خُلِقَ مِنْ غَيْرِ أَبٍ، فَقَالَ لَهُم النَّبِيّ ﷺ: «آدَمَ مَنْ كَانَ أَبُوهُ أَعَجِبْتُم مِن عِيسَى لَيْسَ لَهُ أَبٌ ؟ فَآدَمُ عليه السلام لَيْسَ لَهُ أَبٌ وَلاَ أُمٌ»}[1]، واتـە: ئەم ئایەتە بە هۆی شـاندی نەجرانەوە هاتـە خـوار، کـە نکـووڵیـان کـردو ڕەخنـەیان گرت لەو فەرمایشـتەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرمووی: عیسـا بەنـدەی خوایەو وشـەی خـوایە، (واتە: بە وشـەی خـوا دروسـت بـووە)، گوتیـان: بەندەیەکمـان پێشـان بـدە، کە بـەبێ بـاب دروسـت بووبـێو لـە دایـك بووبـێ، پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: ئـەدی بابـی ئادەم کێیـە؟ ئایا سەرسـام دەبـن بـەوە کـە عیسـا بـابی نیـە، بـەڵام سـەرسام نابن کە ئـادەم نـە بـابی هەیـە، نـە دایك؟ بۆیـە خـوا ئـەم ئایەتـە موبـارەکەی نـاردە خـوار، کـە دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ﴾، واتـە: بێگومـان وێنـەی عیسـا لـە لای خـوا، وەك وێنـەی ئادەمە کە لە گڵ دروستی کردو فەرمـووی: ببـە، یەکسـەر بوو.

واتە: ئەگەر عیسـا دایکی دیارە، بەڵام بـابی دیـارنیـە، خـۆ ئـادەم ﵇ نـە بـابیو نـە دایکـی دیـارنین، بـەڵکو خـوا لـە گڵ دروسـتی کـرد، عیسـاشـی ﵇ لـە دایکـی دروسـت کـرد، ئنجـا دەربـارەی دروسـتـبوونی عیسـا ﵇ خـوای پـەروەردگار لـە سـوورەتی (مریم)دا زۆر بە ڕوونی باسی دەکات، کـە ڕووحـی عیسـا ﵇ ڕاستەوخۆ خراوەتـە نێـو منداڵـدانی مەریەمـەوە، بـەبێ بەیەکگەیشـتنی پیـاوو ئـافرەت، وەك دەفـــەرموێ: ﴿ وَٱذْكُرْ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَرْيَمَ إِذِ ٱنتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا ﴿١٦﴾ فَٱتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا ﴿١٧﴾ قَالَتْ

[1]) الجامع لأحكام القُرآن للقُرْطُبي ج٤، ص٩٢، وأسباب النزول للسيوطي برقم: (١٩٨)، و رَوَاهُ إبْنُ أَبي حَاتم مُرْسَلاً.

إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا ﴿١٨﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمٗا زَكِيّٗا ﴿١٩﴾ قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا ﴿٢٠﴾ قَالَ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٞۖ وَلِنَجۡعَلَهُۥٓ ءَايَةٗ لِّلنَّاسِ وَرَحۡمَةٗ مِّنَّاۚ وَكَانَ أَمۡرٗا مَّقۡضِيّٗا ﴿٢١﴾ ﴾ مريـــم، واتــە: باســی مەریــەم بكــە، كاتێــك خــۆی دوور گــرت لــە كەسوكاریو لـە شـوێنێكی ڕۆژهەڵاتیــی، ئنجـا پەردەیـەكی گرتـەوە لـە نێوان خـۆیو ئەوانــدا (دیـارە ڕۆژێـك چـووە خـۆی بشـوا، وەك عــادەتی ئافرەتـان دەچـوونە سـەر كانیو ئـاو، چونكە كـاتی خـۆی گـەرماو بـەو شــێوەیەی ئێســتا نـەبووە، كـوردەواریی خۆمان دەڵــێن: (كولْ)، دیـارە چـووە كولْــێ بكـات، خـۆی بشــوات، یـان خـۆیو جـلو بـەرگی خـۆی بشــوات)، ڕووحـی خۆمانمــان بـۆ لای نـارد، (واتـە: جـبـریل، چونكـە چـەند ناوێكی هەیـە: الروح القـدس، الـروح، الـروح الأمـين) ئنجا خـۆی لێبـردە سـەر شـێوەی بەشــەرێكی تـەواو (مەریـەم) گـوتی: مـن پـەنا بـە خــوای خــاوەن بـەزەیی دەگــرم، ئەگــەر ئەهـلی تـەقوایو تەقــوات هەیــە، (وایزانیـوە چـووە دەســتدرێژیی بكــاتە سـەرێ، چونكــە لـە شێوەی پیــاودا بـووە) (ئـەویش) گـوتی: مـن نێـردراوی پەروەردگــارتم، دەبــێ منـداڵێكی پاكــت پـێ ببەخشــم. (بـەلاْم دیـارە مەریــەم هـەر گومانی لێی هـەبوو بۆیە) گوتی: جـا من چۆن منداڵــم دەبــێ، نـە هـیچ بەشــەرێك (بە حـەلاڵــیی) دەسـتی گەیاندوومــێ، وە بـە حــەرامیش داوێـن پیسـییم نـەكردوە؟! گـوتی: پـەروەردگارت وای فـەرمووە ئـەوە لـە لای منـەوە ئاسـانە، بۆئـەوەی بیكەینــە نیشــانەیەك بــۆ خــەڵك، وە بەزەییــە لــە لایــەنی منـــەوەو ئــەو بڕیــارە، دراوەو بڕاوەتــەوە.

كەواتە: مەریەم بە دەستی خـۆی نەبووە عیسـای ببــێ، بـەڵكو لەسـەری پێویســت بووە، ئنجا لە تەفسـیـرەكاندا دەڵـێ: جیبـریل فـووی بـە یەخـەی كراسـەكەی داكـرد یـان فـووی بـە دەمـی داكـردو ڕووحەكــە چـووە نێـو منداڵدانی مەریەمـەوە، گـرنگ ئەوەیــە ڕووحەكە دەچێتــە بەری، وە دەبێتە كۆرپــە، جا ئایا بە نۆ مانگو نۆ شــەو بووە، وەك منداڵی دیكـە، یاخود هـەر ئـەو كاتـە یەكســەر بوویـەتی؟ لێـرەدا زانایــان دوو ڕایــان هــەن:

هەندێكیان دەڵێن: ﴿ فَحَمَلَتْهُ فَٱنتَبَذَتْ بِهِۦ مَكَانًا قَصِيًّا ﴿٢٢﴾ ﴾مريم، واتە:
لە سكی دا هەڵیگرتو چووە شوێنێكی دوور لە خەڵكی، ئیدی دوایی خوای زاناو
شارەزا بە تەفصیل باسی چۆنیەتی لە دایكبوونی عیسا ﷺ دەكات، كە هەر بە
مەلۆتكەییش كاتێ دایكی بردوویەتیەوە بۆ لای گەلەكەی، قسەی كردوە، باشە
مەریەم لەو گۆڕەی منداڵێك بێنێتەوەو بڵێ: هی خۆمە، كە بە حیساب ئەو
خزمەتی پەرستگای كردوە، ئایا كێ بڕوای پێدەكات، كە هیچی خراپی نەكردبێ؟!
بۆیە خوای پەروەردگار پێی دەفەرموێ: ﴿ ... فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِىٓ
إِنِّى نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ ٱلْيَوْمَ إِنسِيًّا ﴿٢٦﴾ ﴾ مريم، واتە: ئەگەر
كەست بینی بڵێ: من ڕۆژووم لەسەر خۆم نەزر كردوە، بۆ خوای خاوەن بەزەیی،
ئەمڕۆ قسە لەگەڵ كەس ناكەم، دیارە ئەوكاتە عادەتیان وابووە، كە ڕۆژوویان
گرتوە، لەگەڵ نەخواردنو نەخواردنەوە، قسەشیان نەكردوە، ئنجا كە دەچێتەوە بۆ
لای گەلەكەی، سەریان سووڕدەمێنێو دەڵێن: بابت پیاوێكی خراپ نەبوو،
دایكیشت خراپەكار نەبوو، ئەدی ئەو منداڵەت لەكوێ بوو، ئەی مەریەم؟!
﴿ يَٰٓأُخْتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا ﴿٢٨﴾ فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ
قَالُوا۟ كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِى ٱلْمَهْدِ صَبِيًّا ﴿٢٩﴾ ﴾ مريم، واتە: (دیارە كە پێی گوتن
من بەڕۆژوومو قسە ناكەم) ئنجا ئاماژەی بۆ كۆرپەكەی كرد، ئەوانیش گوتیان:
جا چۆن قسە لەگەڵ منداڵێكدا بكەین كە جارێ لە بێشكە دایە؟! ئنجا عیسا
ﷺ دەكەوێتە قسەو لەگەڵیاندا دەدوێ: ﴿ قَالَ إِنِّى عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِىَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِى
نَبِيًّا ﴿٣٠﴾ وَجَعَلَنِى مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَٰنِى بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا
﴿٣١﴾ وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِى وَلَمْ يَجْعَلْنِى جَبَّارًا شَقِيًّا ﴿٣٢﴾ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَىَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ
أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ﴿٣٣﴾ ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ ٱلْحَقِّ ٱلَّذِى فِيهِ
يَمْتَرُونَ ﴿٣٤﴾ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ ۖ سُبْحَٰنَهُۥٓ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن

فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾ ﴾مریم، واتە: (عیسا) گوتی: من بەندەی خوام، کتێبی پێداوەو گێڕاومی بە پێغەمبەر. وە پێزداری کردووم لە هەر کوێیەك بم، وە هەتا زیندووبم ڕایسپاردووم بە نوێژکردنو زەکات دان. وە ڕایسپاردووم کە لەگەڵ دایکم دا چاکەکاربم، وە نەیگێڕاوم بە خۆسەپێنو خراپەکار. وە سەلامم لێ بێ، ڕۆژی لە دایکبوونمو، ڕۆژی مردنمو، ڕۆژی زیندووبوونەوەم. ئا ئەوە قسەی عیسای کوڕی مەریەمە، ئەو قسە هەقەی کە تێیدا لە گوماندان. ناگونجێ خوا ڕۆڵەی هەبێ "پاکیی بۆ وی" هەر کات کارێکی بوێ، بەس پێی بفەرموێ: ببە، دەبێ.

پێمباش بوو شتێکتان بۆ باس بکەم، لەوبارەوە کە عیسا ﷺ چۆن پەیدا بووە؟ کەواتە: کە بەمشێوەیە پەیدابووە، مانای وانیە کوڕی خوایە، خوای کاربەجێ عیسای بەبێ باب دروست کردوە، هەروەك ئادەمیشی بە بێ دایكو باب دروست کردوە لە گڵ، حەوواش دیارنیە چۆنی دروست کردوە؟ بەڵام وا پێدەچێ ئەویشی ڕاستەوخۆ لە گڵ دروستکردبێ، بەڵام ئەوە کە دەگوترێ: حەووا لە پەراسووی چەپی ئادەم دروست بووە، ڕاست نیە، چونکە ئەوە تەنیا لە تەوراتدا هاتوە، بەڵام لە قورئانو سوننەتدا شتی وا نەهاتوە، وەك من لە کتێبی: (ئافرەتو خێزان لە سایەی شەریعەتدا) باسم کردوە، هەروەها لە تەفسیری ئایەتی ژمارە (١)ی (النساء)یشدا بە درێژیی باسم کردوە، واتە: بە هەر چوار شێوەکان خوای پەروەردگار خەڵکی خوڵقاندوە:

١) خەڵکی بەگشتی: بابو دایکیان دیارن.

٢) ئادەم هیچ کامیانی دیارنیەو ڕاستەوخۆ لە گڵ دروست بووە.

٣) عیسا دایکی دیارەو بابی دیار نیە.

٤) حەووا، چۆنیەتیەکەی دیار نیە.

بۆچی؟ تاکو تێمان بگەیەنی کە ئەگەر خوا بیەوێ شتێك دروست بکات، دروستی دەکات!!

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دیارە لە وەڵامی نەصرانییەکاندا کە گوتوویانە: عیسا کوڕی خوایە، پاکیی بۆ خوا ﷻ، دەفەرموێ: ﴿قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا

إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴾
ئەوە بەڵگەهێنانەوەی خوای پەروەردگارە، جا بۆ زانیارییتان خوای زاناو شارەزا زۆر بەڵگان دێنێتەوە لە قورئاندا، ئێمە فێر دەکات، کە ئێمەش فێربین ئەو دینو عەقیدەو مسوڵمانەتییەی خۆمان لەسەر بەڵگە بنیات بنێین، نەك لەسەر بناغەی لاساییکردنەوەو عاتیفە، بەڵکو لەسەر بناغەی بەڵگە، بۆیە لە چەند شوێنان لە قورئاندا، خوا هەم بە ئەهلی کتێبو هەم بە کافرە بتپەرستەکان، دەفەرمویٚ: ﴿... قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١١١﴾﴾البقرة، واتە: بڵێ: بەڵگەتان بێنن، ئەگەر ڕاست دەکەن، لە سوورەتی (البقرة) بە ئەهلی کتێب دەفەرمویٚ: ﴿وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١١١﴾﴾، لە سوورەتی (النمل)یش بە بتپەرستەکان دەفەرمویٚ: ﴿أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾﴾، کەواتە: ئینسانێك کە ڕاستی کرد لە دەعوواکەیدا، دەبێ بەڵگەی پێ بێ، ئەگەر بەڵگەی پێنەبوو، مانای وایە ڕاست ناکات، جیاوازیی نێوان ڕاستو درۆ بەڵگەیە، جا ئەوە بۆ ئێمە دەرسێکی گەورەیە، لێرەدا خوا بەڵگە دێنێتەوە لەسەر نەصرانییەکان کە دەڵێن: عیسا کوڕی خوایە، لەبەرئەوەی بابی دیار نیە، خوای پەروەردگار لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرمویٚ: ئادەم نە بابی دیارە، نە دایك، کەواتە: ئەگەر ئەوە بەڵگەتان بێ، قسەیەکی پووچە، ئنجا هەر ناگونجێ عیسا کوڕی خوا بێ؟ وەك دەفەرمویٚ: ﴿قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ ٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴾، بڵێ: ئایا کێ لەلایەن خواوە هیچی بەدەستە، ئەگەر بیەوێ مەسیحی کوڕی مەریەمو دایکیشیو ئەوانەی کە لەسەر زەویشن هەموویان بفەوتێنێ،

کێ چی لەدەست دێ؟ کەواتە: هیچیان پشكو بەشیان لە خوایەتی دانیە، خوای بەرزیش ئەو کەسەیە کە دەژێنێو دەمرێنێ، پەیدادەکاو دەفەوتێنێ، ئەوە خوایە، سیفەتی سەرەکیی خوا ئەوەیە کە بەدیهێنەرو پەیداکەربێ، وە دەبێ مرێنەرو لەنێوبەر بێ، بەڵام غەیری خوا نە شتێکی پێ پەیدا دەکرێو، نە شتی پێ دەفەوتێنرێ، پێی خراپ دەکرێ، بەڵام پێی نافەوتێنرێ، واتە: پێی وا لێناکرێ کە نەمینێ، ئێستا تۆ دەتوانی شتێك بسووتێنی، لە حاڵەتێکی ماددییەوە دەیگۆڕی بۆ حاڵەتێکی ماددیی دیکە، بۆ وێنە: ئاو دەیکوڵێنی، لە حاڵەتی شلیەوە بۆ حاڵەتی گازییو دەبێتە هەڵم، وە کە دەیبەستێ دەگۆڕێ بۆ حاڵەتێکی دیکە، بەڵام ماددەکە هەر هەیەو نافەوتێ، لەڕاستییدا ئەوەی کە دەتوانێ شت پەیدابکات لە نەبووەو بیشیکاتەوە بە نەبوو (عدم)، بەس خوایە ﷻ، کەواتە: ئەوە بەس خوایە کە ئەوەی لەدەست دێو، خاوەنداریێتی ئاسمانەکانو زەوی دەکات، بۆیە تەنیا ئەویش شایستەیی پەرستراني هەیە.

**مەسەلەی شەشەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَۚ يَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۚ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴾ توێژەرەوانی قورئان لێرەدا بۆ لێکدانەوەی مانای ئەم ئایەتە تووشی جۆرێك لە ئیشکالو تەنگژە بوون، چونکە: خوای دادگەر لە سووڕەتی (التوبة)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِ ... ﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: جوولەکە گوتیان: عوزێر کوڕی خوایەو نەصرانییەکانیش گوتیان: عیسا کوڕی خوایە، (پاکیی بۆ خوا)، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: جوولەکەو نەصرانییەکان گوتوویانە: ئێمە هەموومان کوڕانی خواینو خۆشەویستانی خواین، بۆیە توێژەرەوانی قورئان چەند وەڵامێکیان داوەتەوە بۆ ئەو پرسیارەو، بە چەند جۆرێك هەوڵی لابردنی ئەو ئیشکالەیان داوە:

# ئیشکالێک لەسەر ڕستەی:

# ﴿... نَحْنُ أَبْنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ...﴾ و وەڵامدانەوەی

١/ هەندێکیان دەڵـێن: کە جوولەکە دەڵێن: عوزێر کوڕی خوایەو نەصرانیی دەڵـێن: مەسیح کوڕی خـوایە، وە ئەو دوو کەسەش لەنێو جوولەکـەو نەصرانیی یانـدا زۆر بـەڕێزن، مـادام دوو بەشـــەر بگونجـێ کـوڕی خـــوابن، دەگونجـێ بەشـــەرەکانی دیکـەش کوڕی خـوابـن.

٢/ وە هەندێکیان دەڵێن: کـاتی خـۆی ئەوانـەی گوتوویـانە: ئێمـە کە دەبیـــن بـە جوولەکـەو دەبـین بـە نەصرانیی، مانـای وایـە ئێمـە کوڕی خـواین‌و خۆشەویسـتی خـواین، با ئێسـتاش لە کتێبەکانیاندا نەبێ، چونکە لـە کتێبەکـانیاندا نیـە، بڵـێ: ئێستا نەصـرانییەکان کوڕی خـوان، دەڵێن: کاتی خـۆی وایـانـگوتـوە، بـەڵام ئێسـتا لایانـبـردوە.

٣/ هەندێکـیش دەڵێن: مەبەسـت لـە کوڕانی خـوا، خۆشـەویسـتانی خوایــە، واتـە: ئەوانــە گوتوویانــە: ئێمـە خۆشـەویســتی خــواین، وە لــەلای خـــوا پەســـندین‌و هەڵبژێردراوین، جا جوولەکەکان ئەوە ناشارنەوەو ئێسـتاش دەڵـێن: ئێمە گەلـی بـژاردەی خـــواین، (نَحْـنُ شَـعْبُ اللهِ الـمُخْتَار) وە لـە قورئانیشــدا باسـی ئـەو مەسـەلە کراوە، خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ وَأَنِّي فَضَّلۡتُكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ٤٧﴾ البقـــرة، ئـەی وەچـەی ئیسـرائیل! یـادی نیعمەتـەکانی مـن بکەنـەوە کـە لەگـەڵم کـردوون، وە بەسـەر جیهانییانـدا هەڵمبـژاردوون، کـە مەبەسـت پێـی سـەردەمی خۆیـەتی، لـە سـەردەمی خۆیانـدا وەچەی ئیسـرائیل ئیمانـدار بـوون‌و لـە هەموو خەڵـکی سـەردەمی خۆیـان باشـتر بـوون، بـەڵام مانـای وانیـە کە بـە درێـژایی مێـژوو، وە تـا دنیـا بـە کۆتـا دێ، لـە

هەموو خەڵك باشترین، شتی وانیە، بەلام کە گوتوویانە: ئێمە کورانی خواین، واتە: ئێمە خۆشەویستی خواین، وە بە خۆشەویست بوون لەلای خوای پەروەردگاریش، نسبەتێکی تایبەتیمان لەگەڵ خوادا هەیە.

٤/ هەندێکیشیان دەڵێن: دەقی ئەو قسەیان نەکردوە، بەلام لاف لێدانەکانیان خوازیاری ئەوەن، واتە: نەیانگوتوە ئێمە کوڕی خواین، نە ئێستا وا دەڵێن: نە کاتی خۆشی وایانگوتوە، بەلام ئەو لافە لێدەدەن بۆ وێنە: جوولەکەکان گوتوویانە: ﴿وَقَالُوا لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَّعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ اللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٠﴾﴾ البقرة، ﴿قَالُوا لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ وَغَرَّهُمْ فِي دِينِهِم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾﴾ آل عمران، چەند ڕۆژێکی کەمو ژمێردراو نەبێ ئاگرمان تووش نابێ، واتە: ئێمە هەرچەند گوناهانیش بکەین، هەرچەند خراپیش بین، تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم دەسووتێنرێین، جا هەندێکیان گوتوویانە: حەوت ڕۆژە، هەندێکیشیان گوتوویانە: چل ڕۆژە، ئنجا ئەو لاف لێدانە، ئەگەر وابێ، ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ ئێوە خۆشەویستی خوابن‌و نسبەتێکی تایبەتییتان لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هەبێ، واتە: لاف لێدانی ئەوە کە خوا سزایان نادات، ئەوەی لێوەردەگیرێ کە دەبێ ئەوان نسبەتێکی تایبەتییان لەگەڵ خوادا هەبێ، خۆشەویستی خوابن، نەصرانییەکانیش ئەوە دیارە دەڵێن: عیسا ﷺ کە لە خاچ دراوە بۆتە بەلاگێڕەوەی بەشەر، بۆ زانیارییتان نەصرانییەکان عەقیدەیان وایە کە عیسا ﷺ لە دار دراوەو هەڵواسراوە کە بە حیساب ئەو تاقە جگەر گۆشەو تاقە کوڕی خوا بووە، وە خوا فەرموویەتی: من ئەو تاقە کوڕەی خۆم دەکەمە فیداو بەلاگێڕی هەموو ئەوانەی کە ئیمانی پێ دێنن، کە پێغەمبەری خواو کوڕی خوایەو بەشێکە لە خوا، هەر کەس ئەو ئیمانەی پێ هەبێ، ئەوە ئەو لە سێدارەدرانەی ئەو، دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەرچی گوناهی کردوویەتی! کە بەڕاستی ئەوە شتێکی زۆر نامەتیقییە، یانی: ئێستا بابای نەصرانیی لە وڵاتانی ڕۆژئاواو لەوپەڕی دنیا گوناهان دەکات، زینا دەکات، قەتڵ دەکات، دزیی

دەكات، بە عەقیدەی ئەفسانەیی وان، دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا عیسا ﷺ لە دار دراوەو هەڵواسراوە، تاكو ببێتە مایەی كەفارەتی گوناهەكانی ئەوان!! كە بێگومان واش نیە، وەك ئێمە لە تەفسیركردنی ئایەتەكانی سوورەتی (النساء)و (آل عمران)دا ڕوونمان كردووە كە عیسا، لە دار نەدراوە، خوا دەفەرموێ: ﴿... وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ...﴿١٥٧﴾﴾النساء، واتە: نە كوشتوویانەو نە هەڵیانواسیوە، بەڵكو وێنەی عیسایان بۆ برایە سەر كەسێكی دیكەو ئەو كەسەیان لە جیاتی عیسا ﷺ لە خاچداوە، ئنجا بە هەرحاڵ عیسا ﷺ دوو هەزار ساڵ لەمەو پێش هەڵواسرابێ، بۆ دەبێ ببێتە هۆی سڕینەوەی گوناهی ئێستای كەسێك كە تاوانو گوناهان دەكات؟!!

بۆ زانیارییتان! ئەو عەقیدە ئەفسانەییە زۆر كاریگەریشی هەبووە لەسەر نەصرانییەكان، چونكە ئەگەر بە پێی ئینجیلەكان بێ، دەبێ نەصرانیی زۆر سەلامەتو ئاشتی خوازبن، چونكە لەو چوار ئینجیلانەدا هاتوە، دەڵێ: عیسا ﷺ فەرموویەتی: (ئەگەر كەسێك زللەیەكی لەلای ڕاست دای، لای چەپیشی بۆ ڕاگرە)! وە (ئەگەر كەسێك چۆغەڵەكەی لێ سەندی، كراسەكەشتی بۆ دانێ)، وە (ئەگەر كەسێك میلێكی بە پێش خۆی دای، دوو میل لە پێشیەوە بڕۆ) باشە مادام عیسا ﷺ وای فێركردوون، ئەدی بۆچی ڕۆژئاواو ئەورووپا، وڵاتانی دنیا داگیر دەكەن؟ ئەدی ئەمریكا بۆچی دنیا داگیر دەكا؟ بەریتانیای مەزن (عُظمى) كاتی خۆی بۆ دنیات داگیر كردبوو؟ فەرەنساو ئیسپانیاو ئەڵمانیا بۆ دنیا پاوان دەكەن؟ هەمووشتان خۆتان بە نەصرانیی دەزانن!

بۆیە من پێموایە ئەو عەقیدە ئەفسانەییە كاریگەریی زۆری بووە لەوەدا بڵێن: هەرچی بكەین قەیدێناكات مادام عیسا ﷺ لە سێدارە دراوەو ئێمەش نەصرانیینو بە دوای عیسا ﷺ كەوتووین، ئەو بۆتە هۆی سڕینەوەی گوناهەكانمان، چاوپۆشییمان لێ دەكرێ، چونكە عیسا ﷺ لە جیاتی ئێمە لە سێدارە دراوە، هەڵبەتە ئەوان بیرۆكەیەكی دیكەشیان هەیە، دەڵێن: چ پیاو چ ژنی نەصرانیی هەرچەندە گوناهان بكات، كە چوو بۆ لای پاپا، یان بۆ لای قەشەو لە بەردەمی دانی دا بە گوناهەكانی خۆی داهێناو گوتی: من ئەو گوناهانەم كردووەو هەڵەم

کردوە، ئەویش بڵێ: ئەوە من لە جیاتی خوا لێت خۆشبووم! تازە ئەوە پاك دەبێتەوە.

ئنجا بۆ ئاگادارییتان ئەو جۆرە فیکرو بیرۆکە سەیرانە هاتوونە نێو ئیسلامو مسوڵمانانیشەوە، ئێستا هەندێك لەوانەی خۆیان بە سەییدو شێخ دەزانن، پێیان وایە لەبەرئەوەی خزمی پێغەمبەرن، لە گوناهان دەبەخشرێن، جا شتێکیش دێننەوە، دەڵێن: خوا پێی فەرمووە: ئەوانەی خزمی تۆن چاکەکانیان بۆ خۆم دەبەمە بەهەشتێ، خراپەکانیشیان بە تۆ دەبەخشم، مانای وایە کەس نامێنێتەوە، ئنجا لەوبارەوە (مەلای گەورەی کۆیی) شتێکی سەیر لە تەفسیرەکەی باس دەکات، دەڵێ: ڕۆژێك بابم (مەلا عەبدوڵڵاجەلی زادە) لە مەجلیسی کاك ئەحمەدی شێخ دادەنیشێ، کە پیاوێکی گەورەو زۆر چاکیش بووە، کوڕی شێخ مەعرووفی نۆدییە، شوێنکەوتووی (ڕێبازی قادریی)ین، مەولەوی شاعیریش لەو مەجلیسە دەبێ، یەکێك لە سەییدەکان لەو مەجلیسەدا دەڵێ: ئێمە پیاوەکانمان هەرچی بکەن عەفوون، لە گوناهو خراپە، لەبەرئەوەی لە وەچەی پێغەمبەرانن، مەولەوییش دەڵێ: وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەوە: هەر پیاوەکانتان عەفوون، یان ئافرەتەکانیشتان؟! کاك ئەحمەدیش تووڕە دەبێ لە خزمەکانیو دەڵێ: قسەی نەزانانەو نەفامانە بۆ دەکەن کە مەولەوییی لێرە دانیشتوە؟! بۆیەش خوا ﷻ وەك بەرپەرچدانەوەی ئەو بیرە ئەفسانەیەی جوولەکەکان دەفەرموێ: ﴿قَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ ۖ وَغَرَّهُمْ فِى دِينِهِم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾﴾ آل عمران، واتە: گوتیان: ئاگر نامانگاتێ مەگەر چەند ڕۆژانێکی ژمێردراو، وە ئەوەی لە دینەکەیاندا هەڵیان دەبەست فریوی دان. بەڵێ شت هەڵبەستن لە دیندا خەڵك فریو دەدات: سەیید بەتەمای پشتێنی سەوزو، حاجی بەتەمای کەشیدەی زەردو، مەلا بە تەمای مەندیلی سەریو، ئیسلامیی بە هۆی ئەوەی ناوی ئیسلامییەو، ئەوی دیکە لەبەرئەوەی کوڕی فلانە کەسە، ئەوی دیکە لەبەرئەوەی مەلا زادەیە، یەکیان لەبەرئەوەی شێخ زادەیە، کە لە قورئاندا هیچیان بنەمایان نییە، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿مَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ﴾ {رَوَاهُ مُسْلِم برقم: (٦٧٩٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٩٤٥)، وابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٢٥)،

وَالدَّارَمِي برقم: (٣٤٤) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه} واتە: هەر كەسێك كردەوەكەی دوای بخات، ڕەچەڵەكەكەی پێشی ناخات، كەواتە: دەبێ مرۆڤ بە كردەوە پێش بكەوێ، خوای پەروەردگاریش كە دەفەرموێ: ﴿...إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ...﴿١٣﴾﴾ الحجرات، واتە: بەڕێزترینتان لای خوا پارێزكارترینتانە، وە دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ ﴿١٠١﴾﴾ المؤمنون، واتە: ئەگەر فوو بە كەڕەنادا كرا، لەو ڕۆژەدا نە ڕەچەڵەكیان لە نێوان دا هەیە، نە كەسیش داوا لە كەس دەكات.

(جمال الدين القاسمی) خاوەنی تەفسیری (محاسن التأويل) قسەیەكی خۆش دەكات، دەڵێ: (قَالَ بَعْضُ شيوُخ الصوفِيَّة لِبَعْض الفُقَهَاء: أَيْنَ تَجِدُ فِي القُرْآنِ أَنَّ الحَبِيبَ لا يُعَذِّبَ حَبِيْبَهُ؟ فَلَمْ يَرُدْ عَلَيْهِ، فَتَلاَ الصَّوفِي هَذِهِ الآيةَ: ﴿قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ﴿١٨﴾﴾ المائدة[1].

واتە: یەكێك لە شێخەكانی تەریقەتی تەصەووف بە یەكێك لە شەرعزانان دەڵێن: لە كوێی قورئاندا ئەوە هەیە كە خۆشەویست خۆی سزا نادات؟ ئەویش وەڵامی ناداتەوەو نازانێ وەڵامی بداتەوە، شێخە صۆفییەكەش ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە: ﴿قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم ﴿١٨﴾﴾، واتە: ئەدی بۆچی بە گوناهەكانتان سزاتان دەدات، دیارە ئەوان گوتوویانە: ئێمە كوڕان و خۆشەویستانی خواین، ئەویش دەفەرموێ: كەواتە ئەگەر خۆشەویستبان سزای نەدەدان، ئنجا دیارە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە خوا هەر كەسێكی خۆشویست بە گوناهەكانی سزای نادات، بەڵام بۆچی سزای نادات؟ دیارە تۆبەیان لێ دەكات و پەشێمان دەبێتەوە، ئەگەرنا كەس مافی (ڤیتۆ)ی نیە لە بەرانبەر خوادا، بەڵام كەسێك خوا خۆشی بوێ، دیارە كە گوناهی كرد، تۆبە دەكات و پەشێمان دەبێتەوە، ئنجا كە پەشێمان بۆوەو تۆبەی كرد، ئەوە خوای بە بەزەییش

١) ج٦، ص١٤١.

لـێی خـۆش دەبـێ، چونکە خـوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿... إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة، واتە: بێگومان خـوا ﷻ ئەوانەی کە زۆر دەگەڕێنەوە بۆ لای خـواو، ئەوانەی کە زۆر خۆ پاك دەکەنەوە، خۆشیدەوێن.

**مەسـەلەی حەوتەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَ﴾، واتـە: بەڵـکو ئێـوەش بەشـەرێکن وەك باقی ئەو خەڵکـە، کە خوا دروستی کـردوون، کەواتـە: هـیچ کـەس پلـەو ئیمتیـازی لـەلای خـوا نیـە، مەگـەر بـە تـەقوا نـەبێ، وە بـە لای خـواوە نەسـەبو ڕەچـەڵەك هیچ دەورێـك نابینـێ، ئـەوە زۆر گرنگـە کـە مسـوڵمانان بـاش لـێی تێبگـەن، چـونکە وەك گـوتم: هەیـە مەلازادەیـە، دەڵـێ: کاکـە ئێمـە ئەوەنـدە پشـتەمان مـەلا بـووە، تـۆ بڵـێی خـوا لێمـان خـۆش نـەبێ! ئەویدیکـە دەڵـێ: ئێمـە شـێخ بـووین، ئەویدیکـە دەڵـێ: ئێمـە سـەید بـووین، یەکـی دیکـە دەڵـێ: بـابم ئەوەنـدە چـاك بووە...هتـد، نەخێـر وەك کـوردەواریی خۆمـان دەڵـێ: (کـەس بـە مەلەی بـابی ناپەڕێتـەوە) یان (کە خـۆت کۆسـەی ڕیشـی بابـت بـە تـۆ چـی)، دەبـێ بۆخۆت کردەوەت هەبێ، وەك جارێك من لەگەڵ مامۆستایەکی شێخ کە سەییدیش بوو، باسی ئەو بابەتی نەسەبو ڕەچەڵەكو ئەوانەمـان کـرد، پێـی گوتـم: مامۆسـتا چۆن ڕەچـەڵەك سـوودی نیـە؟ سـوودی هەیـە، گوتـم: سـوودی چـی هەیـە؟ گـوتی: کەسێك خزمی پێغەمبەر ﷺ بێ، چۆن سـوودی بـۆی نیـە؟ مـنیش گوتـم: ئەگـەر خزمایەتیی لەگەڵ پێغەمبـەردا ﷺ سوودی هەبووایـە، لـە سـەردەمی خۆیـدا سـوودی زیاتر دەبـوو، باشـە (أَبُو طَالِب) مـامی نـەبوو؟ (أَبُو لَهَب) مـامی نـەبوو؟ گـوتی: بـا، گوتم: تۆ لە دوای هـەزارو چوار سـەد سـاڵ بە چەند پشت دەچیەوە سەری، زۆر لێـی دوورکەوتوویـەوە، ئەوان لە بنـەو پاڵی خۆی بوون، کەچـی (أَبُو لهب) خـوا لەعنـەتی لـێ دەکـات، لەبەرئـەوەی لەگەڵیـدا نـەبووە، ئێمـە دەڵـێین: هـەر کەسـێك بـە دوای پێغەمبـەر ﷺ نەکـەوێ، خزمایـەتیی لەگـەڵ پێغەمبـەر ﷺ سـوودی پێناگـەیەنـێ، ئەدی کەسێك بە دوای بکەوێو خزمیشـی بێ؟ بێگومان باشـە، بـەڵام بـایی ئەوەنـدی سـوودی پێدەگەیەنێ کە بە دوای دەکەوێ، نەك بایی ئەوەندە کە خزمیـەتی، بۆچـی؟ چونکە ئەگـەر وانـەبێ ئەوانـەی خزمـی پێغەمبـەر نیـن، لـە ڕۆژی قیـامەتـێ بۆیـان هـەیە بڵـێن: خـوایە! ئێمەشـت بـە خزمـی پێغەمبـەر ﷺ دروسـت کردبا، تاکو

بەبێ خۆ ماندووکردن چووباینە بەهەشتێ، پاکیی بۆ خوا، ئەو کاتە خوا بەڵگەی بەدەستەوە نەدەبوو، بەڵام خوا لە قورئاندا دەفەرمویٚ: ﴿ ... إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ ... ﴿١٣﴾ ﴾الحجرات، واتە: بەرێزترینتان لە لای خوا پارێزکارترینتانە، وە پێغەمبەریش ﷺ روونی کردۆتەوە، کەواتە: وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (ئیمانێ بە نیسکێ مەسپێرە)، نابێ ئینسان خۆی بەو شتانە هەڵخەڵەتێنێ، وە لەڕاستیدا جوولەکەو نەصرانییەکان لێرەدا تووشی لادان بوون، وە لێرەدا تووشی لەخۆباییبوون بوون، کە پشتێنی لێ بکەنەوەو گوێ نەدەنە کردەوەی باش، ئەوەتا بە دوای پێغەمبەری کۆتایی نەکەوتوون، گوتوویانە: ئێمە تەنیا بە دوای مووسا دەکەوین، یان بە دوای عیسا دەکەوین، ئەوان شەفاعەتمان بۆ دەکەن، بەوە خۆیان هەڵخەڵەتاندوە، ئنجا ئەگەر خاوەن کتێبەکان وابڵێن‌و مسوڵمانانیش هەر کۆمەڵەیان بڵێ: خزمی فلان کەسین، یان فلان کەسین .. هتد، مانای وایە هەموو خەڵك مافی (ڤیتۆ)ی دەبێ لە بەرانبەر خوادا، ئەدی کێ پابەندبێ بە شەریعەتەوە؟ بۆیە دەبێ هەوڵبدرێ ئەو شتانە لە مێشك‌و دڵی مسوڵمانان بسڕێنەوەو تێبگەیەندرێن کە تەنیا پشت بە کردەوەی باشی خۆیان ببەستن، وە ئەگەر تەماشای هەموو قورئانیش بکەین، دەبینین خوا هەر دەفەرموێ: ﴿ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾التوبة، ﴿ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾السجدة، پاداشت‌و سزای ئەوەیە کە بە دەستیان دێناو دەیانکرد، هەرگیز نافەرموێ: لەبەرئەوەی کە خزمی فلان کەس بوو، یان لە فلان کەس نزیك بوو.

**مەسەلەی هەشتەم‌و کۆتایی:** کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ عَلَىٰ فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، وشەی: (فَتْـرَة) واتە: دابڕان‌و وەستان‌و خاوبوونەوە، وە پێغەمبەری خواش فەرموویەتی: ﴿أَنَا أَوْلَى النَّاسِ بِابْنِ مَرْيَمَ، وَالأَنْبِيَاءُ أَوْلاَدُ عَلاَّتٍ، لَيْسَ بَيْنِي وَبَيْنَهُ نَبِيٌّ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٩٩٧٥)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٤٤٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٠٨٥)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٦٧٥)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ} ، واتە: من نزیکترین کەسم لە کوڕی مەریەمەوە، وە پێغەمبەران هەموویان لە باببێکن‌و دایکیان جیایە، وە لە نێوان من‌و عیسای کوڕی مەریەم دا

هیچ پێغەمبەرێکی دیکە نەبوون، بۆیە ئەم فەرموودەیەم هێناوە، چونکە لە هەندێ لە کتێبەکانی تەفسیردا دەڵێن: لەنێو عەرەباندا دوو سێ پێغەمبەری دیکە هاتوون، خالیدی کوڕی کێی کوڕی کێ، لەڕاستییدا ئەوە وانیە، لە دوای عیسا هیچ پێغەمبەر نەهاتوون هەتا پێغەمبەری کۆتایی ﷺ هاتوە، وە ئەم حەدیسەی پێغەمبەر ﷺ دەقە لەسەر ئەوە، وێڕای ئایەتەکەش کە دەفەرموێ: ﴿ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾، دوای دابڕانێك لە پێغەمبەران، ئەوجار موحەممەد ﷺ هاتوە، وە ماوەی نێوان پێغەمبەری کۆتایی ﷺو عیسا عليه السلام چەند ساڵ بووە؟ لە کاتی وەفاتی عیساوە عليه السلام تاکو نێردرانی موحەممەد ﷺ (٥٦٠) پێنج سەدو شەست ساڵ بووە، وە ئەگەر عیسا عليه السلام لە یەکی (١) زایینی لەدایك بووبێ‌و لە تەمەنی چل (٤٠)دا بووبێتە پێغەمبەرو لە تەمەنی پەنجا (٥٠)دا هەڵکێشرابێ بۆ ئاسمان، پێغەمبەری ئێمەش موحەممەد ﷺ لە ساڵی (٥٧١)ی زایینی لەدایك بووەو لە (٦١٠) بۆتە پێغەمبەر، پەنجا ساڵی لێدەرکە، دەبێتە (٥٦٠)، واتە: ماوەی (٥٦٠) ساڵ لە نێوان عیسا عليه السلامو موحەممەد ﷺدا بووە، کە ئەوە ماوەیەکی زۆرە، وە لە نێوان هیچ دوو پێغەمبەرێکدا ئەو ماوە زۆرە نەبووە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی شەشەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان حەوت ئایەت دەگرێتە خۆی، لە ئایەتی: (٢٠ تاكو ٢٦)، دیارە ئەم دەرسەمان یەكەمین بەسەرهات لەو چوار بەسەرهاتەی كە لە سوورەتی (المائدة)دا باسكراون، دەگرێتە خۆی، كە بریتیە لە فەرمانكردنی مووسا ﷺ بە گەلەكەی، واتە: وەچەی ئیسرائیل، كە بچنە نێو سەرزەمینی پیرۆزەوە، كە دواتر باسی دەكەین سەرزەمینی پیرۆز یانی: چی؟ دیارە ئەوانیش بڕوبەهانەیان هێناوەتەوەو نەچوون، وە سەرەنجام سەرپێچییان كردوە لە فەرمانی مووسا ﷺ، وە دوو كەس لە گەلەكەی مووسا ﷺ كە دوو پیاوی لەخواترس بوون، وە پشت بە خوا بەستوو بوون، وە خوا پێداو بوون، زۆر هانیان داون كە بچنو نەترسن، بەڵام هەر ئامادە نەبوون بچنو سەرپێچییان كردوە، پاشان مووسا ﷺ سكاڵای خۆی لە لای خوای پەروەردگار كردوە، وە لێی پاڕاوەتەوە، كە لەگەڵ ئەو گەلە لاڕێو لەڕێ دەرچووە لە یەكیان بترازێنێو لە یەكیان جیابكاتەوە، وە سەرەنجام خوای كاربەجێ بڕیاری داوە كە دەبێ ئەو گەلە (واتە: بەنی ئیسرائیل) چل ساڵ لە بیابانی سینادا بمێننەوە، وە ئەو چل ساڵە بە سەرگەردانیی بسووڕێنەوە سەراسیمەو بن.

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ
أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٠﴾ يَٰقَوْمِ ٱدْخُلُوا۟
ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٢١﴾
قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِن
يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴿٢٢﴾ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ
عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن
كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا ۖ فَٱذْهَبْ أَنتَ
وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى ۖ
فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ۛ أَرْبَعِينَ سَنَةً ۛ
يَتِيهُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ﴾

## مانای وشــه به وشـەی ئایەتەکــان

((وە یاد بکـەوە! کاتێك مووسـا بـە گەلەکـەی خـۆی گـوت: ئـەی گەلەکـەم! چاکـەی خوا بەسەر خۆتانەوە یاد بکەنەوە، کە پێغەمبـەرانێکی تێـدا ڕەوانـە کـردوون‌و گێـڕاونی بە پادشـا، وە ئەوەی پێیداون بە هیچ کام لـە جیهـانییانی نـەداوە ﴿٢٠﴾ ئـەی گەلەکــەم! بچنە سەر ئەو زەمینە پاکـەوە کە خوا بــۆی نووســیون، وە پاشـەو پـاش مەگەڕێنــەوە دوا کە ســەرەنجام زیانبــاربن ﴿٢١﴾ گوتیـان: ئـەی مووسـا! بەڕاســتی ئـەو ســەر زەمینـە کۆمەڵێکی بە زەبرو زۆری تێدان، وە ئێمە هەرگیــز نایچینــێ، هـەتا ئـەوان لێـی نەچنــە دەر، ئنجـا هـەرکات لێـی چوونــە دەر، دەچینــە نێـوی ﴿٢٢﴾ دوو پیـاو لەوانـەی لـە خـوا دەترسـن، وە خـوا چـاکەی لەگـەڵ کردبـوون، گوتیـان: لـە ناکـاو لێیـان وەژوور دەروازەی شـارەکەیان بکـەون، ئنجــا هەرکــات کتـوپڕ لێیــان بچنــە ژوور، ئـەوە بێگومـان ئێـوە سەرکەوتوون، وە ئەگەر لـە بـڕوادارانن تـەنیا پشــت بـە خـوا ببەسـتن، ﴿٢٣﴾ (گەلەکەی گوتیــان: ئەی مووسا! بە دڵنیاییــەوە ئێمـە هـەرگیز ناچینــە ئـەو شـارەوە تـاکو ئـەوانی تێــدابن، دەجــا تــۆو پــەروەردگارت بچــن لەگــەڵیان بجەنگــن، ئــەوە ئێمــەش لێــرەدا دانیشــتووین‌و چاوەڕێین ﴿٢٤﴾ مووســا گــوتی: پــەروەردگارم! تــەنیا خـۆم‌و برایەکـەمم بەدەســتە، دەجا لەگەڵ کۆمەڵـی لاڕێیان‌و سـەرپێچییکاران لـە یـەکمان جیابکـەوە ﴿٢٥﴾ خــوا فــەرمووی: بێگومــان لێیــان قەدەغەیــە، بــۆ مــاوەی چـل ســاڵ دەبــێ لــە زەویــدا ســەرگەردان ببـن، دەجا تۆش خەفـەت لە کۆمەڵـی لاڕێیـان مەخـۆ ﴿٢٦﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(مُّلُوكًا ): كۆی (ملك)ە، جا مانا زاراوەییەكەی واتە: پادشا، حوكمڕان، بەڵام خۆ بەنی ئیسرائیل تاك تاكیان مەلیك نەبوون، ڕیشەی وشەی مەلیك ئاوا هاتووە: (الملوكُ: جَمْعُ المَلِكِ، وَالمَلِكُ مَنْ بيَدِهِ المُلْكُ، والمُلْكُ: هُوَ التَّصَرفُ بالأَمْرِ وَالنَّهِي في الجُمهُور)، واتە: (مُلْك) بریتیە لە دەستكراوەیی لە فەرمان پێكردنو لێ قەدەغەكردن لە خەڵكو جەماوەردا، هەر كەسێك ئەوەی بەدەست بوو، مانای وایە ئەوە مەلیكی ئەو خەڵكەیە، (وَالمِلْكُ ضَربَان: مِلْكٌ هُوَ التَمَلُّكُ وَالتَّوَلِّي، وَمِلْكٌ هُوَ القُوَّةُ عَلَى ذَلِكَ، تَوَلَّى أَوْ لَمْ يَتَوَلَّ)، واتە: (مِلْك) بریتیە لە خاوەنداریەتی شت، جا (مِلْك) دوو جۆری هەیە: یەكیان ئەوەیە شتێكی هەبێو لەژێر دەستەڵاتی خۆیدا بێ بە كردەوە، ئەویدیكە ئەوەیە كە شتێكی هەبێو دەستەڵاتیشی هەبێ با بە كردەوە ئەو حوكمڕانییەشی لەبەردەستدا نەبێ.

(ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ): واتە: سەر زەمینی پاككراوە، چونكە دەڵێ: (التَقْدِيسُ: التَطْهِيرُ الإلَهي المَذْكُور في قَولِهِ: ﴿وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾﴾الأحزاب)، (تَقْدِيس) واتە: (تَطْهِير)، پاككردنەوە، جا پاككردنەوەی خوایی هەیە، جاری وایە خوا هەندێك كەس پاك دەكاتەوە، بۆ وێنە: بە (بنەماڵە)و هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾﴾الأحزاب، واتە: دەیەوێ بە پاكبوونەوە پاكتان بكاتەوە، جاری واش هەیە، شتێك پاك دەكرێتەوە، نەك خوا پاكی كردبێتەوە، بۆ وێنە: شوێنێك، وڵاتێك، لە دەستەڵاتی كەسێك دایە، دوایی كەسێكی دیكە دەستەڵات دەگرێتە دەست، دەگوترێ: دەستەڵات پاككرایەوە لە دەستی فلان كەس.

(أَدْبَارِكُمْ): (أَدبَار) كۆی (دُبُر)ە، (دُبُرُ الشَّيءِ خِلاَفُ القُبُلِ)، (قُبُل) واتە: پێشەوە، پێشی هەر شتێك، (دُبُر) واتە: پشتەوە، (خلف) واتە: پشت، پاشو پێش، نەك بڵێین:

وەك ئەنـدامێكی دیاریکـراو، نـا، دوایـی بـە مانــای زاراوەیـیو بـاو وایلــێهاتوە، كـە (قُبُـل) و (دُبُـر) بە دوو ئەندامی ئینسـان بگوترێن.

(جَبَّارِينَ): كۆی (جَبَّـار)ە، (الإجـبَارُ: هُوَ الإكـرَاهُ، والجَبَّـارُ: الـمُتعالي)، (إجبَار) واتـە: (إكـرَاه)، زۆرلێكـــردن، تـۆبزیی لێكـــردن، ناچاركردن، (جَبَّـار)یـش كەسێكە خـۆی بەرز كردبێتەوەو مل بە خەڵك كەچ بكات، وە دەستەڵاتی خۆیان بەسـەردا ڕابنـێ.

(فَٱفْرُقْ ): واتـە: جیامـان بكـەوە، (الفَـرْقُ يُقَـارِبُ الفَلْـقَ، لَكِـنَّ الفَلْـق إنْشـقَاقٌ والفَـرْق إنْفِصالٌ) واتە: (فَرْق) كە بە مانای لێك جیاكردنەوەیــە، لەگەڵ وشــەی (فَلْق) زۆر لێك نــزیكن، بەڵام (فَلْق) بریتیە لـەوەی كـە شـتێك شـەق ببــێ، واتـە: شـتێكی ڕەق ببێتــە دوو كـەرت، كـــەرت بـوون، (فَـرْق)یـش بریتیـــە لـە لێـك جیـــابوونەوە، بـا دەنگیشــی لێــوە نەیــێ.

(يَتِيهُونَ ): واتـە: ســەرگەردان دەبـن، سەراســیمە دەبــن، (تَـاه يَتِيـهُ: إذَا تَحَيَّـرَ، وَتَـاهُ يَتُـوُهُ، لُغَــةٌ مِنْـهُ)، (تَـاه) واتـە: سـەرگەردان بـوون، (يَتِيـهُ) واتـە: سـەرگەردان دەبـــێ، (تَحَيَّـر) واتـە: ســەراسیمە بـوون، ســـەرگەردان بـوو، نەیزانـــی بـۆ كـوێ دەچـــێ، وە (وَتَاهُ يَتـوُهُ)ش ئەویش لەهجەیەكـەو ئەوەش بەكـارهاتوە.

(فَلَا تَأْسَ ): واتـە: خەفـەت مەخـۆ، (الأسـى: الحـزنُ، وَيُقَـالُ: أَسـيْتُ عَلَيْـهِ وَأَسـيْتُ لَـهُ، قــال تعالــی: ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ۝٢٦﴾)، واتــە: (الأسـى) یــانی: خەفـەت، دەگـوترێ: (أَسـيْتُ عَلَيْـهِ وَأَسـيْتُ لَـهُ) واتـە: خەفـەتم بـۆی خـوارد، بـۆی دڵتەنگ بووم، كە خـوای بەرزیش دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ۝٢٦﴾، واتە: خـەم مەخـــۆو دڵتــەنگ مەبـە، كـە ئـەو گەلـە لاڕێو دەرچـووە، بـە قسـەت ناكەنو ســەرپێچیی دەكـەن.

## مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

دیارە هەر لە درێژەی باسی خاوەن کتێبەکاندا، لێرەدا خوا بە تایبەت دەربارەی مووسا ﵇و گەلەکەی، واتە: بەنی ئیسرائیل دەدوێ، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ﴾، وە یاد بکەوە، کێ یاد بکاتەوە؟ پێش هەموو کەس پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە یەکەم کەس بووە قورئان دابەزێنراوەتە سەر دڵی موبارەکی، دوای ویش هاوەڵانی بەڕێزی، ئنجا هەموو جیلەکانی ئۆممەت تا دنیا کۆتایی دێ، هەرکەسێك کە قورئان دەخوێنێتەوە، ئەم دواندنانە دەیگرنەوە، جا ئەمە ئەوەشی لێوەردەگیرێ کە پێویستە ئێمە لە بەسەرهاتەکانی قورئان وردبینەوەو تێیان ڕابمێنینو سەرنج بدەین، ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ﴾، وە یاد بکەنەوە کاتێك مووسا بە گەلەکەی خۆی گوت: ئەی گەلەکەم! یادی چاکەی خوا بەسەر خۆتانەوە بکەنەوە، لێرەدا نیعمەتی بە تاك هێناوە، واتە: جینسی نیعمەتەکانی خوا، چاکەکانی خوا، چونکە بەڕاستی خوای بەخشەر وەك دوایی باسی دەکەین، ئەو چاکانەی لەگەڵ بەنی ئیسرائیلی کردوونو ئەو هەموو شتانەی بە وانی داون، بە هیچ گەلێکی دیکەی نەداون، دیارە هۆکارەکەیشی ئەوە بووە کە پێویستییان پێیان بووە، وە خوای پەروەردگاریش کاربەجێیەو شتی نابەجێ ناکات، ئەوان لە سەردەمی خۆیاندا چوار دەوریان هەموو ئەهلی کوفرو بتپەرستان بوونو، تەنیا خۆیان ئەهلی خوا بەیەکگرتنو خواپەرستیی بوون، ئنجا لەبەرئەوەی زەختو فشاری زۆریان لەسەر بووە، یان لەبەرئەوەی لە ژێر دەستی فیرعەوندا زۆر چەوسێنراونەوە، پێویستییان بە موعجیزەی زۆرو بە دەستگرتنی خوای پەروەردگار هەبووە، لەبەر ئەو هۆیانەو چەند هۆکارێکی دیکەش، خوا ئەو چاکانەی لەگەڵ ئەو گەلەدا کردوون، گرنگ ئەوەیە ئەو نیعمەتانەی خوا ﷻ بە گەلی ئیسرئیلی داون، بە هیچ گەلێکی دیکەی نەداون، وەك مووساش ﵇ لێرەدا دەفەرموێ: یادی چاکەی خوا بەسەر خۆتانەوە بکەنەوە،

﴿إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَآءَ ﴾، یاد بكەنەوە كە لە نێوتاندا پێغەمبەرانێكی پەیداكردوون، ئەمە لێی وەردەگیرێ كە دەبێ لە پێش مووسادا ﷺ پێغەمبەرانێكی دیكە بووبن، ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا ﴾، وە گێڕاونی بە پادشاو حوكمڕان، جا توێژەرەوانی قورئان وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا باسی دەكەین، دەڵێن: لێرەدا خوای بالادەست باسی كردوە كە هەندێك پێغەمبەری تێدا پەیداكردوون، بەلام ئەدی چۆن دەفەرموێ: هەمووتانی كردە پادشا؟ واتە: لە نێوتاندا حوكمڕانی پەیداكردوون، بەلام لەبەرئەوەی حوكمڕانییەكە بە قازانجی هەمووان بووە، وەك ئەوە وایە كە هەموویان حوكمڕان بووبن، خۆیان خاوەنی خۆیان بووبن، دوایی دەفەرموێ: ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، وە یادی ئەوە بكەنەوە، كە خوا ئەوەی بە ئێوەی داوە، بە هیچ كەس لە جیهانییانی نەداوە، جا هەندێك مەسەلە كە لە قورئاندا هەن، لە پەیمانی كۆنیشدا هەن، بەلام بە هەڵە تێگەیشتنی ئەو مەسەلەیە وای لە جوولەكە كردوە، كە خۆیان پێ لە هەموو خەڵكی دنیا چاكتربێ، دەڵێن: ئێمە گەلی هەڵبژاردەی خواین (نَحْنُ شَعْبُ الله المُخْتَار)، كە لەڕاستییدا ئەو هەڵهێنجان و تێگەیشتنەیان هەڵەیە، بەڵێ ڕاستە ئەو كاتی باشترینی خەڵكی بوون، بۆیە خوا ئەو شتانەی بەوانی داون، بە كەسی دیكەی نەداون، چونكە ئەو كاتە بەس ئەوان لەسەر ڕێبازی خوا بوون، بەلام دوای ئەوەی لایانداوە، بۆ وێنە: گەلی فەلەستین ئاوا بەو شێوەیە دەچەوسێننەوە، ستەم دەكەن، ئەوە بە تەئكید ئەو مەدحانەی خوای پەروەردگار نایانگرێتەوە، چونكە خوای دادگەر لە گۆترە نە كەسی خۆشدەوێ، نە ڕقی لە كەسیش هەڵدەستێ، كەسانێكی خۆشدەوێ كە ڕازاوەن بە سیفەتی باش، وە ڕقی لە كەسانێك هەڵدەستێ كە سیفەتی خراپیان تێدان، ئەگەر وەختی خۆی لەبەر سیفەتە باشەكانیان خۆشی ویستبوون، ئێستا كە سیفەتی خراپیان تێدان، لەبەر سیفەتە خراپەكان ڕقی لەوان و غەیری ئەوانیش هەڵدەستێ، ئنجا ئەو قسانەی مووسا وەك بڵێی زەمینە خۆشكردنێك بوون، بۆ ئەو فەرمانەی كە دەیەوێ پێیان بكات، پێش ئەوە زەمینەی بۆ خۆش كرد، فەرمووی: ئێوە گەلێكن خوا چاكەی زۆری لەگەڵدا كردوون، پێغەمبەرانی لە نێودا هەڵبژاردوون، كردوونی بە پادشاو، ئەوەی

بە ئێوەی داوە بە کەسی نەداوە، کەواتە: ئەوە زەمینە خۆشکردنە، جا ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە ئێمە دەبێ ئەگەر ویستمان کارێك بە کەسێك بسپێرین، پێشێ زەمینەی بۆ خۆش بکەین‌و هانی بدەین، وەك چۆن کەسێك بیەوێ زوویەك بکێڵێ پێشێ هەڵیدەوژێرێ، دوایی لە کاتی خۆیدا دەچێ دەیکێڵێ، عەرەبیش دەڵێن: (اضربِ الحَديد وَهُوَ ساخن)، واتە: کاتێك ئاسن گەرم دەبێ، ئنجا لێی بدە، چونکە کە نەرم دەبێ ئینسان دەتوانێ بیچەمێنێتەوەو شتی لێ دروست بکات، پیرەمێردی شاعیریش گوتوویەتی:

پیاوت نارد بۆ ئیش قوەتی بەرێ ... سەعات قورمیشی نەکەی ناگەڕێ

ئنجا فەرمانەکەیان پێدەکات، دەفەرموێ: ﴿ يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ ﴾، ئەی گەلەکەم! بچنە سەر ئەو زەمینە پاککراوە، کە خوا بۆی نووسیون‌و بۆی بڕیار داون، ﴿وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴾، پاشاو پاش مەکشێنەوەو هەڵمەگەڕێنەوە لە ترسان، ئینسان وەختێك مەترسییەکی ڕووبەڕووبێ‌و فریا نەکەوێ بسوورێتەوەو باداتەوە، ناچارە پاشاوپاش بگەڕێتەوە، واتە: هێندە ترساو مەبن، هێندە زراو تۆقیو مەبن، کە دەگەڵ چاوتان بە دوژمنتان کەوت، یەکسەر فریای بادانەوەش نەکەون‌و پاشاوپاش بکشێنەوە، ئەگەر وا بکەن سەرەنجام لە زیانباران دەبن، مەبەست لە: ﴿ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ﴾، سەرزەمینی پاککراوە، فەڵەستینە، یاخود (بيت المقدس)و دەووروبەریەتی، دوایی باسی دەکەین بۆچی ناونراوە سەر زەمینی پیرۆز، پاککراوە، لەبەرئەوەی خوا بەرەکەتی زۆری تێخستوە، هەندێك لە زانایان دەڵێن: لێرەدا مەبەست پێی پاککردنەوەی ماددیی بووە، وەك نەخۆشیی‌و دەردو بەلا کە لە هەندێ سەر زەمینان هەن، لەوێ نەبوون، شوێنێکی زۆر بە بەرەکەت بووە، ئێستاش وایە، شوێنێکی زۆر بە پێزە، ئاوو هەوایەکەی زۆر خۆشە، بەرەکەتی زۆری تێدایە لە ڕووی ماددییەوە، هەندێکیش دەڵێن: لە ڕووی مەعنەوییەوە، واتە: شوێنێك بووە کە پێغەمبەرانی لێبوو ون، هەر لە ئیبراهیمەوە، دوایی پێغەمبەرانی دیکەی بەنی ئیسرائیل لەو سەر زەمینە بوون،

یەعقووبو کوڕەکانیو ئەوانەی دوای وان (عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) کەواتە: لێرەدا مەبەست لەسەر زەمینی پیرۆز، یاخود پاککراوە، یان مەبەست پاککردنەوەی ماددییە، یان مەعنەویی، یاخود مەبەست پێی هەردووکیانە، ئنجا مووسا پێی گوتن: بچنەوە ئەو سەرزەمینەی کە خوا بۆی بڕیار داون، کەی بۆی بڕیار داون؟ لەسەر دەمی مووسادا بۆیان بڕیار دراوە، خوا فەرموویەتی: ئەو شوێنەم بۆ دیاری کردوون، بچن لەوێ نیشتەجێ بن، دوای ئەوە کە لە میسر دەربازیان بووە، بچنە کوێ؟ دەبێ لە شوێنێك نیشتەجێ بن، دیارە ئەوێ چۆڵ بووە، یان شوێنی ئەوانیشی تێدا بۆتەوە، یاخود لە سەردەمی ئیبراهیمدا ﷺ وەك دوایی باسی دەكەین لە پەیمانی كۆندا هاتوە، كە خوا بەڵێنی بە ئیبراهیم داوە، كە وەچەی تۆ لەو شوێنە نیشتەجێ بێ، مووسا ﷺ وایپێگوتن، بزانین ئەوان چی وەڵام دەدەنەوە؟ ﴿ قَالُواْ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴾، گوتیان ئەی مووسا ﷺ! ئەو سەر زەوییە كۆمەڵێكی زۆر ستەمكارو خۆبەزلگرو جەربەزەو بەتینو توانای تێدایە، وە ئێمە بێگومان ناچینە سەر ئەو زەمینە، تاكو ئەوان نەچنە دەرێ، هەركاتێك ئەوان چوونە دەرێ، ئێمە دەچین، وەك كوردەواریی خۆمان دەڵێن: (حازر خۆری بەر سێبەرێ)، دیارە وەڵامێكی زۆر ناڕێكیان داوەتەوە، بەڵام هەموویان وانەبوون، دوو كەس لەنێو بەنی ئیسرائیلدا واتە: دوو لە بەرپرسانو مشوورخۆرانیان، ئەگەرنا هەر ئەو دووانە وا نەبوون، وەك دوایی باسی دەكەین، مووسا ﷺ دوازدە كەسی ناردوون، لە هەر تیرەی نەفەرێك وەك نوێنەر، كە ئەو سەر زەمینەی بپشكنن، بزانن چۆنە؟ وە چییە؟ وە كێی لێیە؟ وە چۆن دەتوانن بچن نیشتەجێ بنو، ئەگەر ئەوانەی كە لەوێ نیشتەجێن، لەگەڵیان بەشەڕ بێن، ئایا دەتوانن بەسەریاندا زاڵ بن، یان نا؟ دوازدە كەس دەچن، دووانیان كە یەكیان (یوشع بن نون)و ئەویدیكەش (كالب بن یوفنا) بوو، لەسەر ڕای زۆربەی زانایان، كە لە پەیمانی كۆنیشدا ناوەكانیان هاتوە، ئەو دووانە هەڵوێستی باشیان دەبێ، بەڵام دە كەسەكەی دیكە هەڵوێستی خراپیان دەبێ، دەڵێن: پێیان ناوێرین، كە دوایی بە درێژی باسی دەكەین، دەفەرموێ: ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ

﴿ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ﴾، دوو پیاو لەوانەی کە دەترسێن، لە چی دەترسێن؟ لە خوا دەترسێن، لە جیاتی ئەوەی لە دوژمن بترسێن، لە خوا دەترسێن، هەر کەسێك بەڕاستی لە خوا ترسا، لە کەس ناترسێ، دڵو دەروونی پڕ دەبێ لە ترسی خواو، جێی ترسی خەڵکی دیکەی تێدا نابێتەوە.

خوێندراویشەتەوە: ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يُخَافُونَ ﴾، واتە: دوو کەس لەو گەلەی کە لە دوژمنەکانیان دەترسێنرێن، کە دیارە ئەوانە ترسیان نەچۆتە دڵ، ئاوایان گوت.

ئنجا خوا بەوە وەسفیان دەکات، دەفەرموێ: ﴿أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُواْ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ ﴾، خوا چاکەی لەگەڵ کردبوون، بەچی چاکەی لەگەڵ کردبوون؟ بەوەی کە ئازا بوون، دڵسۆزبوون بۆ مووسا ﷺ، فەرمانبەر بوون بۆ خوا، دیارە کە دەفەرموێ: چاکەی لەگەڵ کردوون، بە موتڵەقیی فەرموویەتی، زۆر شت دەگرێتەوە، ئەوان گوتیان: ﴿ٱدْخُلُواْ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ ﴾، بچنە نێو دەرگاکەوە، ئەوکاتە هەر شارێك دەروازەی هەبووە، شوورەو قەڵای بەرزی هەبووە، وە دەرگاشی هەبووە، کە لەو دەرگایەوە نەبووایە کەس نەیتوانیوە بچێتە ژوورێ، چونکە لەسەر قەراغی دیوارو شوورەکانیش بورجو ئێشکگر هەبووە، بۆیە کە دەفەرموێ: گوتیان: ﴿ٱدْخُلُواْ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ ﴾، لێیان وەژوور دەرگاکە بکەون، واتە: بە کتوپڕی بچنە نێوی، ﴿فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ ﴾، ئنجا ئەگەر چوونە ژوور دەروازەکە، ئەوە ئێوە بەسەریاندا زاڵ دەبن، ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، وە ئەگەر ئیمانداریشن، پشت بە خوا ببەستن، ئەو دوو نەفەرەش ئاوا هانیانداو پشتگیریی قسەکەی مووسایان ﷺ کرد، دووبارە خوا دەفەرموێ: ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُواْ فِيهَا ﴾، گەلەکەی گوتیان: ئەی مووسا ! ئێمە هەرگیز

ناچینە نێو ئەو شارە، نێو ئەو سەر زەمینە، هەتا ئەوان لەوێ بن، ﴿ فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ إِنَّا هَـٰهُنَا قَـٰعِدُونَ ﴾، تۆو پەروەردگارت بچن لەگەڵیان بجەنگن، ئەوە ئێمە لێرە دانیشتووین، ئەگەر ئێوە لێبوونەوەو کۆتاییتان پێهێنان ئنجا ئێمەش دێین، دیارە مووسا ﷺ زۆر خەفەتی خواردوە، بۆیە ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ﷺ شتێك دەبیستێ، دڵی زۆر پێی نارەحەت دەبێ‌و دەفەرمویێ: ﴿رَحِمَ اللهُ مُوسَى، قَدْ أُوذِيَ بِأَكْثَرَ مِنْ هذَا فَصَبَرَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٦٠٨)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٤٤٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣١٥١)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٨٢٩) عَن عَبْدِاللّٰهِ بْنِ مَسْعُودٍ}، واتە: خوا بەزەیی بە مووسادا بێتەوە، زۆر لەوەش زیاتر ئەزیەت درا، بەڵام ئارامی گرت.

وە بۆ زانیارییتان! هەمیشە ئەوانەی بەرپرس‌و سەرکردەن، تووشی ئەزیەت دەبن لەگەڵ خەڵك، یان دەبێ دیکتاتۆربن‌و خەڵك وا لێبکەن یەك کەس قسە نەکات، یاخود دەبێ تەحەممول بکەن، کاتێك کەسێك تەعبیر دەکات لە ناخی خۆی، لە زوعفی خۆی، لە گرێ‌و گۆڵی خۆی، لە دەروونی نەخۆشی خۆی‌و، لە ئاستی خۆی، پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەو فەرمایشتەی فەرمووە، لە کاتێکدا بووە کە دەستکەوتی جەنگی دابەش کردوە، یەکێك پێیگوتوە: ﴿وَاللّٰهِ إِنَّ هذِهِ الْقِسْمَةَ مَا عُدِلَ فِيهَا، وَمَا أُرِيدَ بِهَا وَجْهُ اللّٰهِ﴾، واتە: بە خوا ئەم دابەشکردنە دادگەریی تێدانییەو، مەبەستیش تێیدا ڕەزامەندیی خوا نیە، وە جارێکی دی یەکێك پێیگوتوە: ﴿يَا مُحَمَّدُ اتَّقِ اللّٰهَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١١٦٦٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٦٩٩٥) عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ}، واتە: ئەی موحەممەد لە خوا بترسێ! پارێز لە خوا بکە! دیارە پێغەمبەر ﷺ لێی توورە نەبووە، بەڵام پێی ناخۆش بووە لە دڵەوە، بۆیە فەرموویەتی: جا کێ لە من شایستەترە کە لە خوا بترسێ، گفتوگۆ لەگەڵ خوای پەروەردگاردا دەکەم، بێگومان مووساش صەڵاتو سەلامی خوای لەسەر، لەو کاتەدا زۆر خەفەتی خواردوە، بۆیە بە داخ‌و حەسرەتەوە دەڵێ: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى ﴾، گوتی: پەروەردگارم! تەنیا خۆم‌و برایەکەم بەدەستە، واتە: ئەو دووەمان ئامادەین، بۆ هەموو شتێك، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئامادەنین، نەیفەرمووە: هیچ یەکێك لە خەڵکی

دیکە ئامادەنین، چونکە ئەوەتا دوو پیاوی دیکەش کە پێشتر باسی کردن، ئەوانیش ئامادەبوون، بەڵام کە زۆرینەی قەومێك بۆ ئەنجامدانی شتێك ئامادەنەبوون، کە یەکی لەسەر زۆرینەیان کەوتبێ‌و بە کەمینە نەکرێ، مانای وایە بابای سەرکردە عوزری هەیە کە ئەو کارەی بۆ ئەنجام نادرێ، دیارە ئەوانیش "واتە: مووساو هارونی برای‌و ئەو دوو پیاوە" بایی ئەوەندە نەبوون، جەنگەکە بکەن.

ئنجا گەلەکەی سەرەڕای ئەوەی کە ڕازی نەبوون جەنگەکە بکەن، وەك دوایی باسی دەکەم، قسەی زۆر بێتامیشیان کردوە، بۆیە مووسا ؑ گوتی: ﴿ فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾، ئێمەو گەلی لادەرو لاڕێ لێك جیابکەوە، لادەرو لاڕێ لەچی؟ لادەر لە شەریعەت، لاڕێ لە فیطرەت، لادەر لە عەقڵ‌و مەنتیق، لە میسر دەرکراون، خوا فەرموویەتی: بچن لە فەلەستین نیشتەجێ بن، سەر زەمینێکی بە بەرەکەت‌و ئاوو هەوایەکی خۆش‌و میوەو بەروبوومێکی زۆر، ئیدی خەڵکێك کە لەوێیە، ئەگەر چاویان لە ستەم بێ‌و نەهێڵن لەوێ نیشتەجێ بن، لەگەڵیان بجەنگن، چونکە جێی ئێوەش دەبێتەوەو جێی ئەوانیش دەبێتەوە، کەسانێك ملکەچ نەکەن بۆ فەرمانێکی خوا کە بەرژەوەندیی خۆیانی تێدایە، دیارە لاڕێن‌و لە حوکمی خواو عەقڵ‌و شەرع‌و فیطرەت‌و هەموو شتێك دەرچوون، بۆیە بەکەڵکی ئەوە نایەن ئێمە لە نێویاندا بمێنینەوە، بۆیە مووسا ؑ دەپاڕێتەوە، دەڵێ: پەروەردگار! ئێمەو ئەو گەلە لاڕێیە لێك بترازێنە، دیارە چی دیکە تەحەممولی نەماوە گەیشتۆتە ئەوپەڕی، چونکە بەنی ئیسرائیل هەر ئەو هەڵوێستە خراپەیان نەبووە، بەڵکو زۆر هەڵوێستی دیکەی خراپیان بوون، وە زۆر پرتەو بۆڵەیان کردوەو بڕوبیانوویان گرتوە، وەك ئێمە لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرە لە سوورەتی (البقرة)دا زۆر شتمان باس کردوە، ئنجا خوا بڕیار دەدات: ﴿ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡ ﴾، واتە: خوا ﷻ فەرمووی: بێگومان لێیان قەدەغەیە، واتە: ئەو گەلەی بەنی ئیسرائیل کە پێشتر بۆم بڕیار دابوون‌و بۆم نووسیبوون، کە بچنە نێو ئەم سەرزەمینەو لێی نیشتەجێ بن، ئەوە ئێستا لێیانم قەدەغە کرد، مادام ئەوە

هەڵوێستیانە، شایانی ئەوە نین بچنە ئەو شوێنەوە، ﴿أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾، دەبێ چل ساڵ لە زەویدا بخولێنەوە بە سەرگەردانیی، ئەوە واتایەکی، وە دەگونجێ بە مانای ئەوە بێ، کە بۆ ماوەی چل ساڵ لێیان قەدەغەیەو، دوای چل ساڵەکە بۆیان هەیە بچنە نێوی، وەك دوایی باسی دەکەین، ﴿فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾، کەواتە: خەفەت لە گەلی لارێ مەخۆ، ئەوانە شایستەی ئەوەنین خەمیان لێ بخۆی، وە تۆو هاڕوونی برات لەگەڵ وان لێك جیادەکەینەوە.

# چەند مەسەلەیەكی گرنگ

**مەسەلەی یەكەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا ﴾، وەك پێشتر تەفسیرمان كرد، كە دەفەرموێ: ﴿ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ ﴾، واتە: لە نێو ئێوەدا پێغەمبەرانێكی ناردوە (علیهم الصَّلاة والسَّلام)، كەواتە: هەموویان پێغەمبەر نین، وە كە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا ﴾، مانا ڕواڵەتییەكەی وا دەگەیەنێ، كە هەمووتانی كردوە بە مەلیكو پادشا، ئنجا توێژەرەوانی قورئانیش زۆریان قسە لەوبارەوە كردوە، بەڵام ئەوەی من بە عەقڵمەوە نووساوە، دوو ڕاو بۆچوونن:

ڕای یەكەم: ﴿ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا ﴾، واتە: مادام حوكمڕانەكان لە خۆتانن، وەك ئەوە وایە هەمووتان حوكمڕان بن، چونكە ئەگەر حوكمڕانێك لە وڵاتێك، یان لە نێو قەومێك دادگەر بێ، وەك ئەوە وایە هەموو خەڵكەكە حوكمڕان بن، مادام بە دادگەریی حوكمی كرد، ئەوە لە بەرژەوەندیی هەمووانە، چونكە بە زۆریی وابووە ئەگەر حوكمڕان لە غەیری قەوم بێ، دەیانچەوسێنێتەوە، بەڵام ئەگەر حوكمڕان لەخۆیان بێ، ئەوە مەگەر چۆن دەنا چاوی لە چەوساندنەوە نیە، خەڵكەكە بۆخۆیان دایاناوەو بۆ خۆشیان دەتوانن لایبەرن، بەڵام ئەگەر لە قەومێكی دیكەبێو، خۆی بەسەر قەومێكی دیكەدا فەرز كردبێ، بە زۆریی وایە دەیانچەوسێنێتەوەو، سۆغرە بێگاردو ستەمو زۆرییان بەسەردا دەسەپێنێ، ئەوە واتایەكی.

ڕای دووەم: ﴿ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا ﴾، لێرەدا وشەی (ملوك) مەبەست پێی مانا عورفییەكەی نیە، چونكە مانای عورفیی (ملك)، واتە: پادشاو حوكمڕان، بەڵام مانا زمانەوانییەكەی واتە: كەسێك كە بۆخۆی خاوەنی خۆیەتی، وە ئیشی خۆی بەدەست خۆیەتی، كەس زوڵمی لێ ناكات، وە پێداویستییەكانی

ژیانی بۆ دابین کراون، بەڵگەمان لەسەر ئەوە چییە؟ ئەم فەرموودەیە: ﴿عَنْ زَيدِ بْنِ أَسْلَمَ فِي قَوْلِهِ تَعَالَى: ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: (زَوْجَةٌ وَمَسْكَنٌ وَخَادِمٌ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ فِي مَرَاسِلِيهِ بِرقم: (١٧٩) مُرْسَلاً}، واتە: زەیدی کوڕی ئەسلەم (کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی تەفسیری ئایەتی ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾، فەرموویەتی: هەر کامێکتان هاوسەری هەیەو، جێگاو ڕێگای هەیەو، کەسێکیشی هەیە خزمەتی بکات (ئەوە مەلیکە).

لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا ﷺ مانای ئەم ئایەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، دەفەرموێ: ﴿مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمْ مُعَافًا فِي جَسَدِهِ، آمِناً فِي سِرْبِهِ، عِنْدَهُ قُوتُ يَوْمِهِ، فَكَأَنَّمَا حِيزَتْ لَهُ الدُّنْيَا بِحَذَافِيرِها﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ فِي (الأَدَب المُفرد) برقم: (٣٠٠)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٣٤٦) وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤١٤١)، وَالبَيْهَقِي فِي (شعب الإيمان) برقم: (١٠٣٦٢)، عَنْ عُبَيْدِ اللهِ بْنِ مِحْصَنٍ الأَنْصَارِيِّ، عَنْ أَبِيهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، وَحَسَّنَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) رقم: (٢٣١٨)}، واتە: هەر کامێك لە ئێوە لە جەستەیدا سەلامەت بێو بێ دەردو بەڵا بێ، لە جێگاو ڕێگای خۆیدا لە خۆی دڵنیابێو، ترسی لەسەر نەبێ، وە نانو بژێوی ئەو ڕۆژەی لەلابێ، (واتە: نانو ئەمانو لەش ساغیی هەبێ) وەك ئەوە وایە هەموو دنیای بە هەموو نیعمەتەکانییەوە بۆ کۆکرابێتەوە، واتە: مەلیکە، کوردەواریی خۆشمان دەڵێن: فلان کەس مەلیکە! یانی: مادام لەشی ساغ بێو هەبووبێو، جێوڕێی خۆی هەبێو، چاوی لە دەستی خەڵك نەبێو، ترسی لەسەر نەبێ، دەڵێن: فلان کەس مەلیکە.

**مەسەلەی دووەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، شتێکی پێداون کە بە هیچ کەس لە جیهانییانی نەداوە، وەك گوتم: لە پەیمانی کۆنیشدا ئەو تەعبیرە بە شێوەی دیکە بەکارهاتووە، بۆتە هۆی لەخۆبایی‌بوونی جوولەکەکان، چونکە بە هەڵە لێی تێگەیشتوون، دیارە لە سەردەمی مووسادا ﷺ بەنی ئیسرائیل شایستەترین گەل بوون لەسەر زەوی، چونکە هەر ئەوان

خواپەرستو خوا بەیەکگر (موحّد) بوون، خەڵکی دیکە هەمووی بتپەرستو سەرگەردانو سەرلێشێواو بوون، مانای وایە لە سەردەمی خۆیاندا لە هەموو خەڵك باشتر بوون، بۆیە خوای بەخشەر ئەوەی بە وانی داوە بە کەسی نەداوە، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە: بەنی ئیسرائیل بێگومان زۆر چەوسێنراونەوەو تووشی نارەحەتییو گرفتاریی بوون لەبەردەستی فیرعەوندا، بۆیە خوای پەروەردگار کاربەجێیەو بە ئەندازەی پێویستی خەڵك بە دەم خەڵکەوەیە، ئەوانە وەك چۆن کەسێك زۆر بریندارو دەردەدارو گرفتارو نەخۆشە، پێویستیی بە هاوکاریی زیاترە، ئەوانیش لەبەردەستی فیرعەوندا کە زۆر چەوسێنراونەوەو تووشی نارەحەتیی بوونو، نەخۆشییو دەردی زۆریان تێدا پەیدابوون، لەبەرئەوە پێویستییان بە موعجیزەگەلی زۆرو دەستگرتنی بەردەوامی خوا بووە، بۆیە خوای بە بەزەیی لە زۆر ڕووەوە دەستی گرتوونو هاوکاریی کردوون، وە ئەو شتانەی کە پێیداون بە کەسی دیکەی نەداون، بۆ وێنە:

# چوار چاکەو نیعمەتی خوا بۆ گەلی موسا

یەکەم: دەریای بۆ لەت کردوون ﴿ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ ... ﴿٥٠﴾ ﴾البقرة، کە مەبەست دەریاری سوورە، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست ڕووباری نیلە، بەڵام واپێدەچێ دەریای سووربێ، کە لە میسرەوە هاتوون، پێشیان دەریا بووەو، پشتیان فیرعەونو سوپایەکەی بووە، وەك لە سووڕەتی (الشعراء)دا خوای پەروەردگار بە تەفصیل باسی دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا تَرَاءَا الْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَابُ مُوسَىٰ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ ﴿٦١﴾ قَالَ كَلَّا ۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ ﴿٦٢﴾ فَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ ۖ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ ﴿٦٣﴾ ﴾الشعراء، واتە: کاتێك هاوەڵانی مووسا ئەو کۆمەڵەیان بینی، گوتیان: (ئەی مووسا فیرعەونو سووپایەکەی) دەمانگەنێ، {بەردەمیشمان دەریایە، یان

دەبێ بخنکێین، یان دەبێ بکوژرێین؟! وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (چ گورگ بتخوا، چ سوار بتبا)}.

مووسا ﷺ گوتی: نەخێر پەروەردگارم لەگەڵم دایەو ڕێنماییم دەکات، (چی بکەمو چۆن دەربازتان بکەم؟) ئنجا سرووشمان بۆ کرد، گوتمان: بە گۆچانەکەت لە دەریاکە بدە، (گۆچانێکی لێدا)، بوو بە بەش بەشو دالان دالان، هەر بەشێکی وەك چیایەکی مەزن بوو (ئەوان دوازدە تیرە بوون، ئەو دەریایەش بوو بە دوازدە ڕێگا، بۆ ئەوەی هەر سەرۆك تیرەیەك ئاگای لە ئەندامانی تیرەکەی خۆی بێ، کەسی لێ بزر نەبێ، هەر تیرەیەك بە کۆڵانێکی دەریادا ڕۆیشتن کە شەق بوو)، جاری وایە پانتایی دەریا چەندان کیلۆمەترە، نەك چەندان مەتر، وە چەندان کیلۆمەتر قووڵە، پەیمانی کۆن دەڵێ: هەمووی جامد بوو بوو لە شوێنی خۆی وەك سەهۆڵ بەستبووی، ئنجا لە هەندێك سەرچاواندا دەڵێ یەکدیشیان دەبینی، بۆئەوەی هەر تیرەیەك ئاگایان لە یەکدیش بێ، هەتا لێی پەڕیونەوە، چەندان کیلۆمەتر بووە، وە بێگومان زۆری پێوەبوون، ئنجا دیارە فیرعەونو سوپایەکەی دوای وان دێنو وادەزانن ئەوە هەر ڕێیە، وە دوای ئەوەی کۆتا نەفەری بەنی ئیسرائیل لە دەریا دەربازی دەبێو، کۆتا نەفەری فیرعەونییەکانیش دێتە نێو دەریا، دەریا وێکدێتەوەو دەخنکێن، چەند خۆشە مرۆڤ خۆی دەربازبێو دوژمنیشی بە چاوی خۆی ببینێ فەوتاوە[1]، جا لە کتێبەکانی مێژوودا هاتوە، کە بەنی ئیسرائیل دوای ئەوەی لە دەریا دەرباز بوونو سوپای فیرعەونو فیرعەونیش هەموویان غەرق بوون، گوتیان: ئەی مووسا! ئێمە لێرە ناجووڵێین؟ فەرمووی: بۆچی؟ گوتیان: ئەوان بە بنی دەریادا بۆمان دێن، فەرمووی: ئاخر هەموویان خنکاون، گوتیان: نەخێر، لێرە ناجووڵێین، دەبێ جەنازەکانیان ببینین، با جەنازەکانیان سەر ئاو بکەون، ئەگەرنا وەك ماسی بە بن دەریادا بۆمان دێن! دەڵێ: ئنجا مووسا ﷺ لە خوا

---

١) بۆ وردەکاریی چۆنیەتی دەربازبوونی مووسا علیه السلامو گەلی بەنی ئیسرائیلو شەقبوونی دەریای سوور، دەتوانی سەرنجی: (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس) بدەی، بڕوانە: العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ١٤، عبور البحر الأحمر، هلاك جيش فرعون، ص١٦٠، ١٦١.

پاڕایەوەو دووعای کرد، گوتی: پەروەردگارم با جەنازەکانیان وەك ماسی سەر ئاو بکەون، بە جەنازەی فیرعەونیشەوە، تاکو گەلەکەم بیانبینن‌و دڵنیابن کە مردوون، وە لاقیان لە دوا بێ بڕۆن، دیارە فیرعەون زۆری تۆقاندوون، بۆیە بە مردوویش لێی ترساون، ئنجا وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَوۡرَثَكُمۡ أَرۡضَهُمۡ وَدِيَٰرَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُمۡ ...﴿٢٧﴾ ﴾الأحزاب، وە سەرزەمینی ئەوان‌و ماڵ‌و سامانی ئەوانی کردە میراتتان.

دووەم: یەکی دیکە لەو نیعمەتانەی کە خوا بە کەسی نەداوە بەوان نەبێ، (واتە: بەنی ئیسرائیل) بریتیە لەوەی کە گەزۆی بۆ باراندوون‌و باڵندەی سەمانیی بۆ دەستەمۆ کردوون، کەدەهاتە بەردەستیان‌و دەیانگرت، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَأَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰۖ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡۖ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾البقرة.

سێیەم: وە کە گەرمایان بوو لە دەشتی سینادا خوا سێبەری بۆ پەیداکردن، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَظَلَّلۡنَا عَلَيۡكُمُ ٱلۡغَمَامَ ...﴿٥٧﴾ ﴾البقرة، واتە: هەورمان بۆ کردن بە سێبەر، تەماشا بکەن چەند بەنازبوون‌و، خوای بە بەزییش چەند نازی هەڵگرتوون! هەوری بۆ دەناردن بە هاوین، چونکە بارانی پێوە نەبوو بەس بۆئەوەی سێبەریان لێبکات!

چوارەم: وە کاتێك کە تینوویان دەبێ لە دەشتی سینادا، دەچنە لای مووساو دەڵێن: تینووومانە، مووسا بە فەرمانی خوا گۆچانەکەی لە پارچە چیایەك دەدات، دوازدە کانی‌و سەرچاوەی لێ دەردەقوڵێن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ فَقُلۡنَا ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ فَٱنفَجَرَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗا ... ﴾البقرة، واتە: کاتێك مووسا داوای ئاوی کرد بۆ گەلەکەی، گوتمان: بە گۆچانەکەت لەو بەردە بدە (دیارە دەبێ بەردێکی گەورە یان پارچە

چیایەك بووبێ)، یەكسەر دوازدە سەرچاوەو كانی لێ هەڵقوولاّن، چونكە ئەوان دوازدە تیرە بوون، بۆ ئەوەی هەر تیرە سەرچاوەی خۆی هەبێ، واپێدەچێ لەنێوان خۆشیاندا تەبا نەبووبن‌و كێشەو ناكۆكییان بووبێ، تاكو لەسەر ئەوە بەشەڕ نەیەن[1]، وە خوا زۆر شتی دیكەشی پێداون، بۆیە دەفەرموێ:

﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمۡ يُؤۡتِ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾، شتێكی پێداون كە بە هیچ كەس لە جیهانییانی نەداوە، وە ئێمە لە بەرگی یەكەمی ئەم تەفسیرە لە سوورەتی (البقرة)دا بە درێژیی باسی ئەو شتانەمان كردوە.

**مەسەلەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ ﴾، ئەی گەلەكەم! بچنە سەر ئەو زەمینە پاكەوە كە خوا بۆی نووسیوون، ئایا مەبەست لەو سەرزەمینە موقەددەس‌و پاك‌و پیرۆزە كوێیە؟ لەوبارەوە سێ ڕا هەن:

ڕای یەكەم: دەڵێن: مەبەست (بیت المقدس)و دەوروبەرەكەیەتی، واتە: شاری قودس‌و دەوروبەری.

ڕای دووەم: دەڵێن: مەبەست فەڵەستینە.

ڕای سێیەم: دەڵێن: مەبەست لەو شوێنە پاكە، هەموو (شام)ە، واتە: سووریای ئێستاو ئوردن‌و لوبنان‌و فەڵەستین، وە دەشتی سیناش كە هەندێكی دەكەوێتە نێو وڵاتی میسرەوە.

وە دەڵێن: مەبەست لە (المقدَّسة) پاكیی مەعنەوییە، یانی: پاككراوە لە بت‌و صەنەم، كە لێی بپەرسترێ، وە لەبەرئەوەی شوێنی پێغەمبەران بووە، سەلامی خوایان لێ بێ، وە شوێنی خوا بە یەكگرتن‌و خوا بەیەكگران بووە، وەك ئیبراهیم پێغەمبەرو ئیسحاقی كوڕی‌و یەعقووبی كوڕی ئیسحاق، وە كوڕانی یەعقووب‌و ... هتد، كەواتە: مەبەست پێی پاككرانەوە (تطهیر)ی

---

[1] بڕوانە: (التفسیر التطبیقي للكتاب المقدس، العهد القدیم، سفر الخروج، الإصحاح: ١٦و ١٧، ص ١٦٤ و ١٦٧) كە باسی (المن والسلوی) و (ماء من الصخرة) دەكات.

مەعنەوییە، ڕایەكیش دەڵێ: مەبەست پاكیی ڕواڵەتیی‌و ماددیە، واتە: سەرزەمینێكە، كە هەندێ نەخۆشیی‌و دەردو نارەحەتیی لێ نیە، چ دەردو نەخۆشییەك كە تووشی ئینسان دەبێ، یان دەردو نەخۆشییەك كە تووشی ئاژەڵ دەبێ، چ دەردو نەخۆشییەك كە تووشی كشتوكاڵ دەبێ، كە ئێستاش هەر وایەو سەر زەمینی فەڵەستین شوێنێكی زۆر بە بەرەكەتە، منیش ڕایەكی دیكەی سێیەم دەخەمەڕوو و دەڵێم: مەبەست لەو پاكیی یە پاكیی مەعنەویی‌و ماددییە هەردووكی پێكەوە.

ئنجا بەنسبەت ئەوەوە كە دەفەرموێ: ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾، واتە: خوا بۆی نووسیون، بەڕاستی ئەوە جێی هەڵوەستە لەسەركردنە، چونكە ئەگەر بەڕواڵەت تەماشای ئەم ئایەتە بكەین جوولەكە بۆیان هەیە بڵێن: ئەوەتا لە قورئانی خۆشتاندا هاتوە، كە ئەوە بۆ ئێمە نووسراوە، شایانی باسیشە لە تەفسیرەكاندا زۆر گەڕام، بە داخەوە نەمبینی زانایانی تەفسیر هەڵوەستەیان لەبەردەم ئەم ڕستەیەدا نەكردبێ، جگە لە (المرَاغِي) كە لە تەفسیرەكەی خۆیدا شتێكی جوانی هێناوە، دەڵێ: {﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾: يُرِيدُ مَا وَعَدَ اللهُ بِهِ إبرَاهِيمَ مِنْ حَقِّ السُّكنى فِي تِلْكَ البِلاد المُقَدَّسَة، لا أنَّ المُرَادَ أنَّهَا تَكُونُ كُلُّهَا مِلْكَاً لَهُم، لا يُزَاحِمُهُم فيها أَحَدٌ، لأن هَذَا مُخَالِفٌ لِلوَاقِع، وَلَنْ يخلف الله وَعدَه، فاستنباط اليَهود مِنْ ذَلِكَ الوَعْدِ أَنَّهُ لابُدّ أَن يَعودُ لَهُم ذَلِكَ المِلكُ، لَيْسَ صَحيحاً}[1]، واتە: مەبەست لەوە كە دەفەرموێ: خوا بۆی نووسیون، ئەوەیە كە كاتی خۆی خوا (وەك دوایی دەیهێنین) لە پەیمانی كۆندا بەڵێنی بە ئیبراهیم دا، كە لەو شوێنەدا لەو سەرزەمینە پاكەدا نیشتەجێ بێ، خۆی‌و وەچەكەی، نەك مەبەست ئەوەبێ كە ئەوە موڵكی بەنی ئیسرائیلەو هیچ كەسێكی دیكە نابێ لەوێدا هەبێ، چونكە ئایەتەكە ئەوە ناگەیەنێ، ئایەتەكە بەس ئەوە دەگەیەنێ بۆتان هەیە لەوێ نیشتەجێ بن، (ئنجا ئایا بەڵگەمان لەسەر ئەوە چیە كە مەبەست ئەوە نیە كە هیچ كەسێكی دیكەی تێدا نەبێ؟!) چونكە ئەوە پێچەوانەی واقیعە، وە خواش

---

١) تفسير المراغي: ج٢، ص٩٠.

بەڵێنی خۆی بەجێدێنێ (بەڵێنی خوای کاربەجێ درۆ دەرناچێ) ئێمەش دەبینین جگە لە بەنی ئیسرائیل ئەو شوێنە خەڵکی دیکەشی لێبووە، کەواتە: مەبەست لەوە کە خوا بۆی نووسیون ئەوە نیە کە هەر ئەوانی تێدابن، بۆیە هەڵهێنجانی جوولەکەکان لەو بەڵێنە، ئەوە کە دەبێ موڵکی ئەو سەرزەمینە هەر هی ئەوان بێ، ڕاست نیە.

لە (پەیمانی کۆن) لە (سفر التكوين) لە (إصحاح: ١٥) لە ژێر ناوونیشانی بەڵێندانی سەرزەمین (الوعد بالأرض)دا ئاوا هاتوە: (فِي ذَلِكَ الْيَوْمِ عَقَدَ اللهُ مِيثَاقاً مَعَ أَبرَام قَائِلاً: سأُعطي نسلكَ هَذِهِ الأَرضَ مِن وَادِي العريش إِلى النَّهْرِ الكَبِيرِ نَهْرِ فرات)[1]، دەڵێ: لەو ڕۆژەدا خوا بەڵێنێکی پتەوی بە (أبرام)، (واتە: ئیبراهیم)دا، پێی فەرموو: ئەم سەر زەمینە لە دۆڵی عەریشەوە تاکو ڕووباری گەورەی فورات، بە وەچەکەی تۆ دەدەم.

(پەیمانی کۆن)یش دیارە دەستکاریی کراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەگشتی قسەکەی تەوراتیش لەگەڵ واتای ئایەتەکەدا دێتەوە، چونکە ئەو بەڵێنە بە کێ دراوە؟ بە ئیبراهیم، ئنجا ئەگەر ئەو بەڵێنە بە ئیبراهیم درابێ، دیارە ئیبراهیم دوو کوڕی بوون: ئیسحاق و ئیسماعیل، کەواتە: وەك چۆن وەچەی ئیسحاق بۆیان هەیە لەوێ نیشتەجێ بن، وەچەی ئیسماعیلیش بۆیان هەیە لەوێ نیشتەجێ بن، بەڵام بە هەرحاڵ، خوا بەڵێنی بەو گەلەی داوە کە بۆتان هەیە لەوێ نیشتەجێ بن، ئەمما نەیفەرمووە هی خۆتانەو نابێ کەسی دیکەی تێدابێ، وەك جوولەکە ئێستا ئیددیعا دەکەن.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟ خَـٰسِرِينَ﴾، وە پاشاوپاش لەسەر پاژنە پێیەکانتان هەڵمەگەڕێنەوە، دوایی زەرەرمەند دەبن، یانی: پاشگەز مەبنەوە لە فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی بۆ مووسا ﷺ ئنجا ئەوە چی لێ وەردەگیرێ؟ ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە جاری وایە دۆڕاندنی هەڵوێستێك چارەنووسێکی شووم بۆ ئینسان پەلکێش دەکات، خوای پەروەردگار بە بەنی

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص٤٠.

ئیسـرِائیل دەفـەرموێ: هەڵمەگەڕێنـەوە، واتـە: لـە جێبـەجێکردنی ئـەو فەرمـانە، ئەگەرنا زەرەرمەند دەبن، کەواتە: جاری وا هەیە هەڵوێستێکی چارەنوسـاز لـە ژیـانی ئینسـاندا دێتـە پـێش، کـە هەڵوێسـتەکەی دۆڕانـد، ئینسـان زیانبـار دەبـێ، واتـە: ئینسـان خـۆی دەدۆڕێنـێ، مەبەسـتم ئەوەیـە جاری وایـە هەڵوێسـتێك دێتـە پـێش، ئەگـەر وەك پێویسـت نـەبووی‌و دۆڕانـدت، تـەنیا ئـەوە نیـە گوناهێـك بـێ بیکـەی، بەڵکو بەتەواویـی خۆت لەدەسـت دەدەی، خوای پەروەردگار پەنامان بـدات.

**مەسـەلەی پێنجـەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿ قَالُواْ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴾، گوتیـان: ئەی مووسـا! عليه السلام لەو سـەرزەمینـەدا کۆمەڵێکی بە زەبرو زۆرو خـۆ بـە زلگـر هــەن، وە ئێمە بە تەئکید ناچینە سەر ئەو زەمینە، تاکو ئەوان لـێی دەرنەچـن، هەرکاتێك ئـەوان لـێی دەرچـوون ئێمــەش دەچیــن، دەربــارەی وشـەی: (الجَـبَّار)، زەججـاج یەکێکە لە شارەزایانی زمان، دەڵـێ: (الجبَّارُ: العاتي وَهُوَ الَّذي يُجْبِـرُ النَّاسَ عَلَى مَا يُريد) واتـە: سـتەمکار، خۆسـەپێنەر، کەسێکە کـە خەڵـك ناچار دەکـات لەسـەر ئەوەی کە دەیـەوێ.

وە شـەوکانیی لە تەفسیرەکەی خۆی (فتح القدير)[1]دا دەربارەی وشـەی: (الجَبَّار)، دەڵـێ: (وَالْمُرَاد هُنَا قَوْمٌ عِظَام الأَجْسَام طَوالٌ متعاظمونَ، قِيلَ هُمْ قَوْمٌ مِنْ بَقِيَّةِ قَوْمِ عَادٍ وَقِيلَ هُمْ مِنْ وَلَدِ عَيص بْنِ إِسْحَاق وَقِيلَ هُـمْ مِنَ الرُّوم، وَيُقَال إِنَّ مِنْهُمْ عُوجُ بْن عُنق الْمَشْهُور بِالطُّولِ المفرط وعنق هِيَ بنتُ آدَمَ قِيْلَ كَانَ طُولُهُ ثَلاثَةَ آلافِ ذراعٍ، وَثَلَثمائَةٍ وَثَلاثَةَ وَثَلاثِينَ ذِرَاعاً وَثلُثُ ذِرَاعٍ، قَالَ ابْنُ كَثير: وَهَذَا شَيءٌ يُسْتَحِيا من ذكره)، واتە: مەبەست لە: ﴿ قَوۡمًا جَبَّارِينَ ﴾، کۆمەڵـێ کـە جەسـتەیان زۆر گەورەیـە، وە زۆر درێـژن‌و زۆر زلو قەبـەن، هەنـدێك گوتوویانـە: ئەوانـە پاشـماوەی گەلـی عاد بوون، هەندێکیش گوتوویانە: ئەوانە لە وەچەی عەیصی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمن، هەندێکیشـیان گوتوویانـە: لـە ڕۆمەکـانن، وە گوتـراوە:

---

١) ج٢، ص٣٦ – ٣٧.

عوجـی كوڕی عونـق لەو گەلـەیە، كە ناسراوە بەوەی زۆر زۆر درێـژ بـووە، وە عونـق كچی ئادەمە، عوجیش لەو كچـە بووە، واتە: نەوەی ئادەمە، كە گوتراوە درێژییەكەی سـێ هەزارو سێسـەدو سیو سـێو سێیەكی (٣/١، ٣٣٣٣) گەز بـووە، (إبـن كـثیر)یـش گوتوویـەتی: شـــەرمە شـتی وا بـاس بكـرێ، دیـــارە لـە تەفسـیرەكاندا بـە درێـژیی بەســەرهاتو بـاسو خواســی عــووج باسكراوە، دەڵـێ: عـووج دەچووە نێـو دەریـاو ماسی دەگرتن، كە دەچووە نێوی ئـاوی دەریـا هـەتا چۆكـی دەهــات! ئنجا كـە ماسـی دەگرتن هـەر بـە تیشكی خـۆر دەیـبرژاندنو ... هتـد، بـەڵام (إبـن كـثیر) قسـەیەكی جوان دەكات، كە دەڵـێ: (وَهَذَا شَيءٌ يُسْتَحِيا من ذكرِهِ)، واتە: ئەوە شتێكە شــەرمە كـە بـــاس بكــرێ، واتــە: درۆیـــەو بنــەمای نیـە، وە ڕەنگـە بـەنی ئیســڕائیل هـەر بۆخۆیـان ئەو درۆو دەلەسـەیان ڕێكخستبـێ، بۆئەوەی بیكەنـە بەڵـگەو پاساوی ئـەوە كە نەچـنو ئەو شـەڕە بكـەن، ئەگەرنا بەشــەری وا نـەبووە بـەو شــێوەیە بـێ، ئنجا ئایا ئێمە كـە دەڵـێین: ئـەوە درۆیـەو ئەسـڵو ئەسـاسی نیـە، وە (عــوج)ێكی وا بـەو شـێوەیە نەبووە، بەڵـگەمان چییە؟ بەڵگەمان ئـەم فەرمایشــتەیە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ اللهَ خَلَقَ آدَمَ، وَطُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا، ثُمَّ لَمْ يَزَلِ الْخَلْقُ يَنْقُصُ بَعْدَهُ حَتَّى الآنَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨١٥٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٣٢٦)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٠٩٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦١٦٢) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه}، واتـە: خـوا ئـادەمی دروست كرد، درێـژییەكەی شەست باسك بوو (یانی: نـزیكـەی سـی (٣٠) مـەتر، یـان زیـاتر، یـان ئـەو دەوروبـەرە) پاشـان وردە وردە خـەڵك لـێی كــەم بۆتـەوە (واتـە: لـە قـەدو قیافەو باڵایـان كەم بۆتــەوە) تا وەك ئێسـتای لێهـاتوە.

زانایانی شوێنەوار زانیش هەندێ كە لەشو پەیكـەرو ئێسـقانیان دۆزیوەتـەوە كە زۆر درێژن، دیارە بە ئەندازەی ئەوەش كە زۆر كۆن بـن درێـژترن، ئـادەمو كوڕەكـانیو نـەوەكانی زۆر زۆر كـۆنن، وە پێشـمـوانیە كـە ئێسـقانەكانیشیان مابنـەوە، چـونكە ئێسـقانیش كـە زۆر مایـەوە لـە زەویدا دەپڕووكــێو دەبێتـەوە بـە خــاك، وەك خـوا دەفــەرموێ: ﴿ مِنْهَا خَلَقْنَٰكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ ﴿٥٥﴾ ﴾طـــه، واتـە: لـەوێ دروستمان كـردوونو دەتانگێڕینـەوە بـۆ ئـەوێ، جـارێكی دیكــەش هـەر لــەوێ دەرتـان دێنینــەوە، كەواتـە: ئەگـەر ئـادەم عليه السلام بـە خـۆی ئـاوا بووبــێ، یـانی:

شەست باسك بووبێ، مەعقوولْ نیە نەوەکەی بەو شێوەیە بووبێ، چونكە دەقی حەدیسی پێغەمبەری خوایە ﷺ دەفەرمویْ: ﴿ثُمَّ لَمْ يَزَلِ الْخَلْقُ يَنْقُصُ بَعْدَهُ حَتَّى الآنَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨١٥٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٣٢٦)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٠٩٢)، وَالبُخَارِيُّ في (الأدب المفرد) برقم: (٩٧٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦١٦٢) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)، واتە: پاشان وردە وردە خەڵك لێی کەم بۆتەوە (واتە: لە قەدو قیافەو بالآیان کەم بۆتەوە) تا وەك ئێستای لێهاتوە.

وە لە (پەیمانی کۆن) لە (سفر العدد)، (الإصحاح: ١٣)دا هاتوە، باسی ئەوە کراوە ئەوەی کە مووسا عليه السلام دوازدە نەفەر لە هەر تیرەیەك دەنێرێ بۆئەوەی پێشێ بچن ئەو سەرزەمینە بپشکنن، بزانن چۆنەو کێی لێیەو چییەو چۆنە؟ لە ژێر ناوونیشانی (إستكشاف أرض كنعان) پشکنینی سەرزەمینی کەنعاندا، ئاوا هاتوە: (ثُمَّ قَالَ الربُّ لمُوسَى: أَرْسِلْ جَوَاسيس إِلى أَرْضِ كَنْعَان الَّتِي أنا وَاهِبُهَا لِبَنِي إِسْرَائِيلَ أَرْسِلْ مِنْ كُلِّ سِبْطٍ ممثّلاً لَهُ...)، واتە: دوایی پەروەردگار بە مووسای فەرموو: چەند سیخوڕێك بۆ سەرزەمینی کەنعان بنێرە، کە من ئەو سەرزەمینەم بە بەنی ئیسرائیل داوە، وە لە هەر تیرەو هۆزێکی بەنی ئیسرائیل نوێنەرێك.

ئنجا هەر لە پەیمانی کۆندا باسی ڕاپۆرتێك دەکات دەربارەی پشکنینی ئەو سەرزەمینە، بە ناوونیشانی: (تقرير عن استكشاف الأرض) ڕاپۆرتێك لەبارەی پشکنینی زەوییەوە، دەڵێ: (وَبَعْدَ أَرِبَعِين يَوْمَاً رَجَعُوا مِن استكشَافِ الأَرْضِ فَأَقبَلوا عَلَى مُوسَى وَهَارُون وَسَائِرُ شَعْبِ إِسرَائيل فِي صَحْرَاءِ فَارَانَ فِي قَادِش وَبَلَّغوهم بِمَا شَاهَدوهُ وَأَروهُم ثَمَرُ الأَرْضِ، وَقَالُوا: قَدِ انْطَلَقْنَا إلى الأَرْضِ الَّتِي أَرسلتنا إِلَيْهَا فَوَجَدْنَاهَا تَفيضُ حَقَاً لَبَنَاً وَعَسَلاً وَهَذِهِ هِيَ ثِمَارُهَا، غَيْر أَن الشعب المستوطِنَ فِيهَا بِالِغُ القُوَّةِ ومُدْنُهُ مَنِيعَةٌ وَعَظِيمَةٌ جداً... وَلَكِنْ كَالِبَ هَدَّأَ رَوْعَ الشَّعْبِ الْمَاثِلِ أَمَامَ مُوسَى وَقَالَ: لِنَمض وَنَمْتَلِك الأَرْضَ لأَنَّنَا قَادِرُونَ حَقَاً عَلَى ذَلِك، فَعَارضَهُ الرّجَال الذِينَ كَانُوا مَعَهُ وَقَالُوا: لانقدرُ عَلَى أَن نُقَاومَ سُكانهَا لأَنَّهُم أَقْوَى مِنَّا، وَبِذَلِك أَذَاعُوا الذُّعْرَ بَيْنَ الإِسْرَائِيليين مِنَ البلاد الَّتِي تَجَسَّسوهَا قَائِلِينَ: سَتَفْتَرِسُنَا الأَرْضُ الَّتي تَجَسَّسناهَا وَجَمِيعُ مَنْ شَاهَدنَاهُمْ مِن

سُكَانِهَا عَمَالِقَة، فَقَدْ رَأَيْنَا هُنَاكَ الجَبَابِرَة بَني عُنَاق فَبَدَوْنا فِي أَعين أَنْفسنا كَالجَرَادِ وَكَذَلِكَ كُنَّا فِي أَعينهم)(١)، واتە: لە دوای چڵ ڕۆژ، (واتە: دوای چڵ ڕۆژ لە گەڕانو پشکنینی ئەو دوازدە نوێنەرەی کە مووسا ﷺ ناردنی بە نوێنەرایەتی هەر دوازدە تیرەکەی گەلی بەنی ئیسرائیل)، دوای ئەوەی کە سەرزەمینەکەیان پشکنی گەڕانەوەو ڕوویان کردە مووساو هارونو گەلی بەنی ئیسرائیل لە بیابانی فاران لە قادیش، وە ئەوەیان پێ ڕاگەیاندن کە بینیویانە (واتە: چییان دیبوو گێڕایانەوە) وە بەرو میوەی ئەو سەرزەمینەش کە چووبوون بیپشکنن‌و ئەویشیان لەگەڵ خۆیان هێنا، وەك نموونە پێشانیاندان، وە گوتیان: ئێمە چووین بۆ ئەو سەرزەمینەی کە ئێمەت بۆ ئەوێ ڕەوانە کرد بوو، بینیمان، بەڕاستی وایە: شیرو هەنگوینی لێ‌دەڕژێ، (واتە: زۆر بە بەرەکەتە) ئەوەش نموونەی ئەو میوەو بەرهەمەیە کە لەوێیە، بەڵام ئەو گەلەی کە لەوێدا نیشتەجێن، زۆر بەهێزن، وە شارەکانیان زۆر مەحکەمن، وە شارەکانیان گەورەن وە شوورەی مەحکەمیان هەیە، (زۆریان لەوبارەوە گوت)، بەڵام کالیب {واتە: (كالب بن يوفنا) دیارە لێرەدا تەنیا باسی ئەوی کردوە، بەڵام زانایانی ئیسلام لە کتێبەکانیاندا باسی (يوشع بن نون)یش دەکەن هەروەها (پەیمانی کۆن)یش لە شوێنی دیکەدا باسی ئەویش دەکات}(٢)، ئەو گەلەکەی ئارام کردەوە، ئەو گەلەی کە لە بەرانبەر مووسادا وەستا بوو، وە گوتی: با بچین بۆ ئەو سەرزەمینە کە بۆمان دیاریی کراوە، بیکەینە موڵکی خۆمانو تێیدا نیشتەجێ بین، چونکە بێگومان ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین، بەڵام ئەو پیاوانەی کە لەگەڵی بوون، {واتە: جگە لە خۆی ئەو یازدەیەی دی، بەڵام لەڕاستیدا (یوشەعی کوڕی نوون)یش هەر ڕای وەك ئەو بوو، واتە: تەنیا ئەو دووەیان ڕایان وابوو و ئەو دەیەی دیکە} گوتیان: ئێمە ناتوانین بچین لەو سەرزەمینەدا نیشتەجێ بین، چونکە دانیشتووانی لە ئێمە بەهێزترن، وە بەو شێوەیە ئەو دە نەفەرەی دیکە ترس‌و بیمێکی زۆریان لەنێو وەچەی ئیسرائیلدا بڵاوکردەوە لە وڵاتدا، سەبارەت بە خەڵکی ئەو شوێنەی کە چووبوون بۆ پشکنینی، وە گوتیان: ئەگەر ئێمە بچینە سەر ئەو زەمینەو تێیدا نیشتەجێ بین لە بەینمان

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص ٢٩٨، ٣٠١.

٢) بڕوانە: (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر العدد، الإصحاح: ١٤، ص٣٠٤).

دەبەن، وە خەڵكی ئەو شوێنە وەك نێچیر ڕاومان دەكەن، وە هەمموو ئەوانەی كە بینیومانن (عَمالِقة)ە بوون (عَمالقة)ە، كۆی (عِملاَق)ە، (عِملاَق)، واتە: ئینسانی زۆر بە قەڵافەتو بە كەلەشو بەهێز}، وە پێیانگوتن ئێمە لەوێ (جَبَابِرَة)مان بینین، {(جبَابِرَة) كۆی (جَبَّار)ە، واتە: كەسانی زۆر بە هێزو بە تواناو سەركەش} لە وەچەی (عَناق) كە ئێمە لەچاو ئەوان خۆمانمان بە كوللە بینی، هەروەها ئەوانیش ئێمەیان وەك كوللە دەهاتە بەرچاو لەچاو ئەوان، هێندە گچكە بووین.

دیارە ئەو وردەكارییە لە پەیمانی كۆندا هاتوە، بەڵام لە قورئاندا تەنیا ئاماژەی پێدراوە، كە گوتوویانە: ئێمە ناتوانین بچین چونكە خەڵكێكی بەهێزو توانای تێدایەو، ناتوانین بچین لەوێ نیشتەجێ بین‌و، ئەوان ڕێگا نادەن، وە شەڕیشمان بۆ لەگەڵ ئەواندا ناكرێ.

**مەسەلەی شەشەم:** ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَـٰلِبُونَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، دوو پیاو لەوانەی كە (لە خوا) دەترسێن، یاخود لەو خەڵكەی كە لە دوژمن دەترسان، كە خوا چاكەی لەگەڵدا كردبوون، پێیانگوتن، (واتە: بە گەلی بەنی ئیسرائیلیان گوت): كتوپڕ بچنە نێو دەروازەكەیانەوە (واتە: دەروازەی شارەكەیانەوە) ئەگەر ئێوە كتوپڕ پەلامارتان دان، بەسەریاندا زاڵ دەبن، وە پشت بە خوا ببەستن ئەگەر ئیماندارن، لێرەدا پێویستە چەند هەڵوێستەیەك بكەین:

### یەكەم: ئەو دوو پیاوە كێ بوون؟

لە تەفسیرەكان زانایانی ئیسلام ناویان بە (یوشع بن نون) وە (كالب بن یوفنا) هێناون بۆ وێنە: (فتح القدير)دا دەڵێ: (جاء في العهد القديم قالَ الربّ لِموسى وهارونَ: إلى مَتى أصفحُ عَن هذهِ الجَماعةِ الشرِّيرة المتذمِّرةِ عَليَّ؟... لَنْ تدخلوا الأرضَ التي وعدتُ يَدي رافعاً بقَسَمٍ أن أُسكِنَكُمْ فيها ماعدا كالبَ بنَ يَفُنَّة و يشوعَ بنَ نونَ، غيرَ أني سأُدخِلُ إليهما أولادَكُمْ الذينَ إدعيتُم أنَهُمْ يُصبِحونَ أَسرى فيتمتَّعون بالأَرضِ التي إحتقرتموها أَمَّا أنتم فإنَ جثثَكم تتساقطُ في هذا

القَفرِ)[١]، واتە: لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: پەروەردگار بە مووساو هاروونی فەرموو: هەتاکەی من چاوپۆشیی لەو کۆمەڵە خراپەکارە بکەم، کە هەمیشە پرتەو بۆڵەم لەسەر دەکەن، هەمیشە نارەزایی دەردەبڕن؟! خوا فەرمووی: وە ناچنە سەر ئەو زەمینەوە کە بەڵێنم پێداونو دەستم بەرزکردۆتەوەو سوێندم بۆ خواردن، کە ئێوەی تێدا نیشتەجێ بکەم، ئێوە نابێ بچنە نێوی جگە لە دوو کەس (یوشع بن نون) وە (کالب بن یوفنا) تەنیا ئەو دووانە دەچنە نێویو ئێوە هیچ کامتان ناچنە نێوی، بەڵام ئەو منداڵانەتان کە لافی ئەوەتان لێدەدا دەبنە دیلی خەڵکی ئەو سەرزەمینە، (واتە: دەبنە دیلی جەبابیرەو عەمالیقە) ئەوانە دەچنە نێوی، دوای ئێوە، وە ئەو سەرزەمینەی کە ئێوە بە کەمتان تەماشا کرد، ئەوان تێیدا ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن، بەڵام ئێوە دەبێ جەنازەکانتان لەو بیابانەدا بەسەریەکدا بکەون، وەك گەڵارێزان (واتە: دەبێ ئێوە هەمووتان بمرن، ئنجا وەچەی تازەتان منداڵەکانتان پێدەگەن، وە دەچنە نێو ئەو سەرزەمینەو نێو ئەو شارەوە).

**دووەم: ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا خوای باڵادەست ئەو دوو پیاوەی بە دوو سیفەت پێناسە کردوون:**

وەسفی یەکەم: ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ ﴾، بۆ وشەی: (يَخَافُونَ)ە، چەند واتایەکیان لێکداوەتەوە:

١- لە خوا دەترسێن، یانی: بەنی ئیسرائیل لە دوژمنەکان دەترسان، بەڵام ئەوان تەنیا لە خوا دەترسان.

٢- واتایەکی دیکەی: ئەو دوو پیاوەی کە ئەوانیش لە جەبابیرە دەترسان، کە لەو سەرزەمینە پیرۆزە نیشتەجێن، بەڵام لەبەرئەوەی ئیمانیان بە خوا پتەو بوو، هەرچەندە ترسی ئەوانیشیان لە دڵدا هەبوو، گوێیان نەدا بەو ترسە.

---

١) ج٢، ص٣٠٤دا، هەروەها بڕوانە: التفسیر التطبیقي للكتاب المقدّس، العهد القدیم: سفر العدد، الإصحاح: ١٤، ص ٣٠٤.

٣- دوو پیاو لەو گەلی بەنی ئیسرائیلە کە لە دوژمنەکانیان دەترسان واتە: ﴿يَخَافُونَ﴾، دەچێتەوە بۆ ﴿ٱلَّذِينَ﴾، نەك بۆ دوو پیاوەکە، واتە: ئەوان ترسی دوژمنیان نەبوو، تەنیا گەلی بەنی ئیسرائیل ترسیان هەبوو، هەروەها خوێندراویشەتەوە (مِنَ الَّذِينَ يُخَافُون)، (يُخَافُونَ) واتە: لەوانەی کە ترسێنران، یاخود مەترسییان لێدەکرا، ئەوە وەسفی یەکەم، کە من زیاتر ئەوەم بە عەقڵەوە دەنووسێ، کە مەبەست پێی ئەوەبێ ئەو دوو پیاوەی کە لە خوا دەترسان، ئەوەش ڕەخنەیە خوا لە بەنی ئیسرائیلی دەگرێ، کە ئێوە مادام ئیددیعای ئیمان دەکەن، دەبوو بەس لە خوا بترسێن، وەك ئەو دوو پیاوە ئیماندارە، نەك لە غەیری خوا بترسێن.

وەسفی دووەم: ﴿أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا﴾:

(أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا) خوا چاکەی لەگەڵدا کرد بوون، ئەو چاکە لەگەڵداکردنەی خوای پەروەردگار دیارە خوا بەگشتی فەرموویەتی، بەڵام دەگونجێ مەبەست ئەوەبێ ئیمانیان هەبووەو، پشتیان بە خوا بەستووەو، ئازا بوونو، دڵیان بەهێز بووەو، ڕووحی فیداکارییان هەبووە، کۆمەڵێك وەسف دەگونجێ ئەم (أَنعَمَ اللهُ عَلَيهِمَا)یان پێ تەفسیر بکرێ، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، ئنجا لە یەکێك لە ڕووەکانی ڕەوانبێژیی لە قورئاندا ئەوەیە کە وشەیەك بەکاردەهێنرێ، کۆمەڵێك مانای هەیە، ئێستا لێرەدا ئەگەر فەرمووبای: (قَالَ رَجُلانِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُون شُجَاعَيْنِ أَو شُجَاعَانِ}، دوو پیاوی ئازا، ئەوە هەر ئازایەتیی دەگرتەوە، بەڵام لێرەدا کە دەفەرموێ (أَنعَمَ اللهُ عَلَيهِمَا) ئازایەتیی دەگرێتەوە، فیداکارییو لە خۆبردوویی دەگرێتەوە، پشت بە خوا بەستن دەگرێتەوە، ئیمان بە خوا دەگرێتەوە، نەترسان لە دوژمنان دەگرێتەوە، زۆر سیفەت دەگرێتەوە.

## سێیەم: دانانی نەخشەی جەنگ:

ئەنجا ئەم دوو پیاوە واتە یوشەعی کوڕی نوون لەگەڵ کالیبی کوڕی یوفەننا، کە لە تەفسیرەکانی خۆماندا دەڵێ یوفەننا، بەڵام لە پەیمانی کۆندا دەڵێ:

یەفوننە (يَفُنَّة)، بە هەرحاڵ دێن نەخشەیەکی جەنگ دادەنێن بۆ بەنی ئیسرائیل، کە لە دوو سێ وشەدا کورتی دەکەنەوە: ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُواْ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، نەخشەیەکی جەنگییان بۆ دادەنێن کە بریتییە لەوەی کتوپڕ پەلامار بدەن، پەلاماری کوێ بدەن؟ یەکسەر پەلاماری دەروازەی شارەکەیان بدەن، پێشتر باسمان کرد کە کاتی خۆی هەر دەوڵەتێكو شارێك شووورەی هەبووە، بۆ وێنە: کە هەولێر دەبینین قەڵای هەیە، هەموو شارەکان وابوون، قەڵایان هەبووەو شوورەیان هەبووە، ئنجا ئەو قەڵایە خەڵکەکەی، دانیشتووانەکەی هەموویان لەنێوی دابوون، وە هەر قەڵایەك کە شووورەی هەبووە، دەروازەشی هەبووە، جا دەروازەیەك بووە، یان دوو دەروازە بوون، یان زیاتر بوون، گرنگ ئەوەیە لەو دەروازەوە نەبێ، ڕێ نەبووە خەڵك بچێتە نێویان، ئەو دەروازەیەش بە دەرگایەکی زۆر گەورەی لە ئاسن، یان پۆڵا، یان لە تەختەیەکی زۆر مەحکەم دروستیان کردوە، وە شتی گەورەیان داوەتە پشتی کە بە هیچ کەس نەبێتەوە، بۆیە ئەو دوو پیاوە دەڵێن: ﴿ ٱدْخُلُواْ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ ﴾، نەخشە جەنگییەکە لەوەدا کورت هەڵدێتەوە: لە ناکاوو کتوپڕ پەلاماریان بدەن، یەکسەر هێرشیش بکەنە سەر دەروازەی شارەکەیان ﴿ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ ﴾، ئنجا کە نەخشەی جەنگییان بۆ دادەنێن، وە موژدەشیان پێ دەدەن کە ئەگەر ئێوە کتوپڕ چوونە نێو دەروازەی شارەکە، دڵنیابن بەسەریاندا زاڵ دەبن، واتە: بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری دەروازەی شارەکە بدەنو بیکەنەوەو بچنە نێو شار، ئنجا پێشیان دەڵێن: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، وە پشتیش بە خوا ببەستن ئەگەر ئیماندارن.

کەواتە: هەم نەخشەی جەنگیان بۆ دادەنێن، هەم موژدەی سەرکەوتنیان پێدەدەن، وە هەم ئامۆژگارییشیان دەکەن، بەڵام بزانین ئایا بەنی ئیسرائیل ئامۆژگاریی ئەو دوو پیاوەش هیچ کاریگەریی لەسەریان هەبووە؟!

**مەسـەلەی حەوتـەم**: کە خـوا دەفەرموێ: ﴿قَالُواْ يَـٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا﴾، بەنی ئیسرائیل گوتیان: ئەی مووسا! هەرگیز ئێمە ناچینە نێو ئەو شارەوە، یان ناچینە ئەو سەرزەمینەوە، تاکو ئەو دانیشتووانە لەوێدا هەبن، وەك گوتم ئەوانە دیارە خەڵکێك بوون ڕووحی فیداکاریی‌و لەخۆبوردووییان نەبووە، بە کوردەواریی خۆمان دەڵێ: (حازر خۆری بەر سێبەرێ بوون) قەومێکی واش شایستەی ئەوە نین کە ئەو جەنگ‌و جیهادە بکەن، وە ئەگەر بیشیکەن سەرکەوتوو نابن، بەو ڕووحییەتەوە، هێندە خۆت پێ بێهێز بێت‌و دوژمنەکەی خۆت پێ ئەوەندە بەهێز بێ، ئەوە تۆ هەر لەڕێوە تێشکاوی، ئنجا ئەگەر تەماشا بکەین ئەوانە چوار جۆرە تەئکیدیان بەکارهێناوە بۆ نەچوون:

یەکەم: (إِنَّا)، (إِنَّا) ئەسڵی خۆی (إِنَّنَا)یە، واتە: بێگومان ئێمە.

دووەم: ﴿لَن نَّدۡخُلَهَآ﴾، (لَنْ) بۆ داکۆکیی (تَأكيد)ەو بۆ هەرگیز (تَأبيد)ە، واتە: بە تەئکید ناچین‌و هەرگیز ناشچین.

سێیەم: (أَبَداً) تەئکیدیان کردوە، واتە: هەرگیز ئێمە ناچین.

چوارەم: ﴿مَّا دَامُواْ فِيهَا﴾، هەتا ئەوان لەوێدا بن، واتە: مەگەر چۆڵی بکەن، کە بێگومان دانیشتووانی هیچ شارو وڵاتێك، لە خۆڕا شارو وڵاتی خۆیان چۆڵ نەکردوە، کەواتە: چوار جۆرە تەئکیدیان بەکارهێناون، تاکو مووسا سەلامی خوای لێ بێ یەکجاریی نائومێد بێ لێیان، وە نائومێدی بکەن کەچی دیکە داوایان لێ نەکات، وە بۆئەوەی غەیری مووساش، ئەو دوو پیاوەش‌و هیچکەسی دیکەش داوایان لێ نەکات، ئنجا بزانین دەڵێن: چی لە بەرانبەردا؟

**مەسـەلەی هەشـتەم**: کـە دەفەرموێ: ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ إِنَّا هَـٰهُنَا قَـٰعِدُونَ﴾، ئەو بەنی ئیسرائیلە بە مووسا ﷺ و، وە بە هاڕوونی برای دەڵێن: وە دیارە لە پشت ئەوانیشەوە بە یوشەعی کوڕی نوون‌و بە کالیبی کوڕی یوفەنناش دەڵێن: ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ إِنَّا هَـٰهُنَا قَـٰعِدُونَ﴾، تۆو

پەروەردگارت بچن بجەنگن، ئێمەش ئەوە لێرە دانیشتووین، کە دەڵێن: (فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ ) تۆو پەروەردگارت بچن بجەنگن، ئەوە دوو واتای هەن:

١) یان ئەوەتا ئەوانە موجەسسیمە بوون، واتە: خوای پەروەردگاریان جەستاندووەو وایانزانیوە وەك چۆن بەشەر دێتو دەچێو دەڕوا، خوای پەروەردگاریش وایە، واتە: خوایان جەستاندووە وەك جەستە شتی ماددیی تەماشایان کردووە.

٢) یاخود مەبەستیان ئەوە بووە: ئەی مووسا! ﷺ تۆ بچۆ، با خوای پەروەردگاریش یارمەتیت بداو هاوکارت بێ، هەردوو واتاکان هەڵدەگرێ.

ئنجا دەڵێن چی؟ دەڵێن: تۆو پەروەردگارت بچن بجەنگن، بەڵام ئەدی بەنسبەت خۆیانەوە چی؟ دەڵێن: ئێمەش ئەوە لێرە دانیشتووین! لە (پەیمانی کۆن) لە (سیفری عەدەد) لە ئیصحاحی (١٤) لە ژێر ناوونیشانی: (تَمَرُّدُ أَبناء إِسرَائِيل) واتە: هەڵگەڕانەوەی بەنی ئیسرائیلدا، ئاوا باسی ئەو هەڵوێستەی بەنی ئیسرائیل دەکات، دەڵێ: (فَرَفَعَ الْشَّعْبُ كُلُّهُ صَوتَهُ وَبَكَى فِي تِلْكَ اللَّيلَةِ وَتَذمَّر عَلَى مُوسَى وَهَارُون، وَقَالوا: ليتنا مُتْنا فِي ديار مِصر أَو ليتَنَا مُتَنا فِي الصَّحْرَاءِ، لِمَاذا أَحْضَرنا الْربُّ إِلى هَذِهِ الأَرْض لَنهلِكَ بِحَدِّ السَّيفِ وَتُؤخَذَ نِساؤُنا وَأَطفَالُنا سَبَايا؟ أَلَيْسَ مِنَ الأَفْضَلِ أَنْ نَرجِعَ إِلى مِصْرَ؟ وَقَالَ بَعْضُهُم لِبَعْضٍ لِنَنتَخَبْ لَنا قائِداً وَنَرجِعِ إِلى مِصرْ...)[1] واتە: لەو شەوەدا گەل هەمووی دەنگی گریانی بەرز بووەوە، وە پرتەو بۆڵەو بێزاریی و نارەزایی زۆریان لە بەرانبەر مووساو هاروونی برای (سەلامی خوایان لێبێ) دەربڕی، وە گوتیان: خۆزگە لە سەرزەمینی میسر مردباین، یان خۆزگە لە بیابان مردباین، بۆچی پەروەردگار ئێمەی هێناوەتە ئەم زەمینەوە، تاکو بە تیژایی شمشێر بکوژرێین! وە ژنەکانمان و منداڵەکانیشمان بە دیل بگیرێن، (ڕەخنەیان لە خوا گرت) دوایی گوتیان: ئایا باشترنیە بگەڕێینەوە بۆ میسر، (ئەو میسرەی کە ساڵەهای ساڵ بووە سوغرەو بێگاریان لەوێدا پێکراو چەوسێنراونەوە) وە هەندێکیان بە هەندێکیان گوت: با فەرماندەیەك بۆخۆمان هەڵبژێرین، وە لەگەڵ خۆی بمانباتەوە بۆ میسر!

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص٣٠٢.

جا دەبێ مووسا ﷺ چەندەی خەفەت لەو قسانە خواردبێ!! خوا ﷻ مووسا ﷺو هارِوونی ﷺ برای ناردوون، دوو پێغەمبەری پایە بەرز، کە بچن بەنی ئیسرائیل دەرباز بکەنو لە ژێر چەکمەو پۆستاڵی فیرعەون دەریان بێنن، دەریای بۆ شەق کردوون، فیرعەونی بۆ فەوتاندوون، بە خۆی و بە سوپاکەیەوەو، دەربازی کردوون بۆ بیابانی سینا، لە بیابانی سینا خواردنی حازری بۆ ئامادەکردوون، بە هەور سێبەری لێکردوون، بەڵکو لە پەیمانی کۆندا دەڵێ بە شەوانەش چۆن دەرِۆیشتن لەو بیابانەو چۆن بە رِێیان دەزانی؟! عەموودێکی ئاگر هەبوو لە شێوەی کۆڵەکەیەکدا ئاگر بوو رِێی بۆ رِۆشن دەکردنەوە[1]، ئنجا کانیو سەرچاوەی بۆ رەخساندبوون، ئنجا خۆ ناکرێ هەر لە بیابان بن تا قیامەت، خوا بە مووسای فەرموو: بچن لە شام نیشتەجێ بن، لە دەوری (بيت المقدس)، کەچی ئەوە وەڵامیان، بوو!! ئەوەش لە پەیمانی کۆندا هاتوە، کە هەم جوولەکەکانو هەم نەصرانییەکان کتێبی خۆیانە بروایان پێیەتی.

ئنجا با ئەوە بەراورد بکەین لەگەڵ هەڵوێستێکی هاوەڵانی پێغەمبەردا ﷺ تاکو بزانین هاوەڵانی بەرِێزی پێغەمبەر ﷺ خوا لێیان رِازی بێ، چەند وەچەو جیلێکی موبارەك بوون، چەند خەڵکێکی جێی رِێزو خۆشەویستین خوا لێیان رِازی بێ، وە جێی ئەوەن کە بەرِاستی هەموو هەموو وەچەکانی مسوڵمانان بیانکەنە سەرمەشقو رِێزیان لێ بگرن، با تەماشا بکەین: ﴿عَنْ أَنَسٍ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ شَاوَرَ حِينَ بَلَغَهُ إِقْبَالُ أَبِي سُفْيَانَ، قَالَ: فَتَكَلَّمَ أَبُو بَكْرٍ فَأَعْرَضَ عَنْهُ، ثُمَّ تَكَلَّمَ عُمَرُ فَأَعْرَضَ عَنْهُ، فَقَامَ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ، فَقَالَ: إِيَّانَا تُرِيدُ يَا رَسُولَ اللهِ! وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَمَرْتَنَا أَنْ نُخِيضَهَا الْبَحْرَ لأَخَضْنَاهَا، وَلَوْ أَمَرْتَنَا أَنْ نَضْرِبَ أَكْبَادَهَا إِلَى بَرْكِ الْغِمَادِ لَفَعَلْنَا...﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٨٣) وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٦٨١)}، واتە: ئەنەسی کورِی مالیك خوا لێی رِازی بێ دەگێرِێتەوە (لە باسی جەنگی بەدردا) دەڵێ: کە پێغەمبەری خوا ﷺ راوێژی کرد بە هاوەڵانی بەرِێزی، دوای ئەوەی هەواڵی پێگەیشت کە ئەبو سوفیان بە خۆو بە کاروانەکەوە هاتوە لە شامەوە، وە تێپەرِیوە (دوایی سوپای قورِەیش بە سەرکردایەتی ئەبو جەهل لە

---

١) هەمان سەرچاوە، سفر الخروج، الإصحاح: ١٣، عمود السّحاب والنار، ص١٥٨.

مەككەوە هاتوە) پێغەمبەر ﷺ ڕاوێژی پێكردن: ئەبوبەكر خوا لێی ڕازی بێ قسەی كرد، پێغەمبەر ﷺ ڕووی لێوەرگێڕا، وە عومەر قسەی كرد، ڕووی لێوەرگێڕا، {یانی چی ڕووی وەرگێڕا؟ واتە: مەبەستی نەبوو كۆچكەران قسە بكەن، مەبەستی بوو پشتیوانان قسە بكەن، لەبەر دوو هۆیان:

یەكەم: لەبەرئەوەی كە كۆچكەران ژمارەیان زۆر كەم بوو، وە ئەو (٣١٤) كەسە زۆربەی پشتیوانان بوون.

دوو: لەبەرئەوەی ئەوانەی كە لە مەككەوە كۆچیان كردوە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بۆ مەدینە، دیارە ئامادەی جەنگو جیهادن، بەڵام ئایا پشتیوانانیش كە كاتی خۆی پەیمانیان بە پێغەمبەر داوە ﷺ كە لە عەقەبەی دووەمدا پەیمانیان پێدابوو لە نێو شاردا بیپارێزن، ئایا لە دەرەوەی شاریش ئامادەن جەنگو جیهادی لە خزمەتدا بكەن، لە بەرانبەر دوژمناندا، یان نا؟ دەبێ لێیان تەئكید بكاتەوە، چونكە گرێبەستو پەیمانێك كە لێیان وەرگیراوە، ئەوەی تێدا نەبووە، بۆیە ئێستا دەیەوێ لێیان دڵنیا بێت، كە ئایا ئامادەن؟ بۆیە كە ئەبو بەكر قسە دەكاتو عومەر قسە دەكات خوا لێیان ڕازی بێ، ڕوویان لێوەردەگێڕێ واتە: چاوەڕێی قسەكردنی كەسانی دیكە دەكەم! كەواتە: با بە هەڵە تێنەگەینو پێمان وابێ قسەكەی وانی پێ ناخۆش بووە، نا، لەبەرئەوەی كە پێویستی بە قسەی وان نەبووەو پێویستی بە قسەی پشتیوانەكان بووە، ئەوانەی كە خەڵكی مەدینەن} ئنجا سەعدی كوڕی عوبادە (كە سەرۆكی تیرەی خەزرەج بوو كە زۆرینەی خەڵكی مەدینەیان پێك دەهێنا) هەڵسا گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ مەبەستت ئێمەیە؟ (دیارە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: بەڵێ، یان ئاماژەی بۆ كردوە یاخود سەعدی كوڕی عوبادە مەبەستی ئەوە نەبووە وەڵامی پرسیارەكەی بداتەوە) سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر فەرمانمان پێ بكەی ئەو حوشترانەی كە سواریانین پێیان بەنێو بەحرێ بكەوین، بەنێو دەكەوین، وە ئەگەر فەرمانمان پێ بكەی كە لە كەلەكەی حوشترەكان بدەینو لێیان خوڕین تاكو بەركو لغیماد، دەچین، (بەركو لغیماد شوێنێكە پێنج شەو لە مەككەوە دوورە بەلای ئەو لایدا، نەك بەلای مەدینەدا، وەك كوردەواریی خۆمان

دەڵێن: ئامادەین لەسەر فەرمانی تۆ بە نێو ئاگرو ئاو بكەوین)، ئەوە هەڵوێستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بوو.

یەكێك بۆی هەیە بپرسێ: ئنجا خۆ لێرەدا تەنیا سەعدی كوڕی عوبادە قسەی كردوە؟ دەڵێین: دیارە پشتیوانەكان، سەعدی كوڕی عوبادە لەو مەقامەدا نوێنەریان بووە، واتە: كە ئەو قسەیەی كردوە وەك برا گەورەو ڕیش سپییان قسەی هەموویانی كردوە، وەك چۆن كۆچكەرەكان ئەبو بەكرو عومەر خوا لێیان ڕازی بێ نوێنەریان بوون، كە ئەوان قسەیان كردوە پێویستی نەكردوە، هەموویان قسە بكەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە دەبێ لە نێو مسوڵماناندا گەورەو بچوكیی هەبێ، وە دەبێ وانەبێ كە پێویست بكات هەموویان هەر قسە بكەن، چونكە ئەگەر بەرپرسێك مشورخۆرێك قسەی كرد، مانای وایە لە جیاتی ئەوانی دیكەشە.

هەروەها لەوبارەوە ئەم دەقەش دێنین: ﴿عَنْ طَارِقٍ أَنَّ الْمِقْدَادَ قَالَ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ يَوْمَ بَدْرٍ يَا رَسُولَ اللهِ! إِنَّا لا نَقُولُ لَكَ كَمَا قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ لِمُوسَى: ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾، وَلَكِنْ اذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلا إِنَّا مَعَكُمْ مُقَاتِلُونَ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٣٩٥٢)، وَأَحْمَد برقم: (١٨٨٤٧)، واللَّفظُ لَهُ، تعليق شعيب الأرنؤوط: حَدِيثٌ صَحِيحٌ}، واتە: طاریق دەڵێ: میقداد (كە ئەویش دیارە لەگەڵ ئەو سوپایەدا بووە كە لە خزمەت پێغەمبەردا بوون ﷺ) لە جەنگی بەدردا گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئێمە وەك بەنی ئیسرائیل ناڵێین كە بە مووسایان گوت: ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾، واتە: تۆو پەروەردگارت بچن بجەنگن ئێمەش ئەوە لێرە دانیشتووین، بەڵكو دەڵێین: تۆو پەروەردگارت بچن بجەنگن ئێمەش لە خزمەتتانینو جەنگاوەرین.

**مەسەلەی نۆیەم:** پێغەمبەر مووسا ﷺ دیارە كە زۆر بێزارو نائومێد دەبێ، سكاڵای خۆی لە لای خوا دەكات، دەڵێ: ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ إِلَّا نَفۡسِي وَأَخِيۖ

﴿فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾، گوتی: پەروەردگارم! من تەنیا خۆمو برایەکەمم بەدەستە، (واتە: بە مسۆگەریی خۆمو برایەکەم ئامادەین، کە ئەویش پێغەمبەر بووە، بەڵام خەڵکەکەی دیکە ئامادەنین، دیارە خۆیانو دوو نەفەرەکەی دیکەش کە پێشتر باسمان کردن: یوشەعو کالیب، بایی ئەوەیان نەکردوە جەنگ بکەن، چونکە بە چوار نەفەران جەنگ ناکرێ) بۆیە ئێمەو کۆمەڵی لارێیان لێك بترازێنەو لێکمان جیابکەوە، (واتە: بەکەڵکی گەڵ یەکدی نەماوین، ئەوانە بە قسەم ناکەنو ڕێزم ناگرن، هەرچەندە من سوودی وانم دەوێ، بەڵام ئەوان بەو شێوەیەن، لەبەرئەوە با لێك جیاببینەوە)، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾، ئێمە دوو هەڵوەستە دەکەین:

یەکەم: مەبەست لەو لێکجیابوونەوەیە چییە؟ سێ واتای لێوەردەگیرێن:

١) واتە: ئێستا لە یەکمان جیابکەوە، یانی: ئێمە بمرێنەو لە کۆڵ ئەوانمان بکەوە، یانی: منو هاروونی برام بمرێنەو بمانبە لای خۆت.

٢) واتە: ئەگەر ئەوانت سزادا لە دنیادا ئێمە لەگەڵ ئەوان سزا مەدەو لەوانمان جیابکەوە، چونکە ئەوان بۆ فەرمانبەرییت ئامادەنینو ئێمە ئامادەین.

٣) واتە: با لە قیامەت پێکەوە نەبین، یانی پێکەوە لە قیامەتدا سزامان مەدە، چونکە ئێمە وەك وان نین، ئامادەین بۆ هەموو شتێك، دیارە هەر سێ واتاکەش گونجاون.

دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾، (قوم) واتە: کۆمەڵ، (فاسق) واتە: لەرێ دەرچوو، کە دەگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ لە ڕێی شەریعەت دەرچوونو، یان لە شیرازەی فیطرەت دەرچوون، یان لە حوکمی عەقڵی سەلیم دەرچوون، کە لەڕاستییدا هەڵوێستەکەی ئەوانە پێچەوانەی شەریعەت بووەو، پێچەوانەی فیطرەت بووەو، پێچەوانەی عەقڵو مەنتیقیش بووە، بەنسبەت پێچەوانەی شەریعەت ئەوە خوا ﷻ فەرموویەتی: بچنە ئەو سەر زەمینەو نەچوونە، وە بەنسبەت پێچەوانەی فیطرەتیش، ئەوە دیارە

هەموو خاوەن فیطرەتو سروشتێکی ساغ، دەبێ ئامادەبێ بۆئەوەی دەستکەوتێکی دەستبکەوێ، تۆزێك قوربانیی‌و زەحمەتیش بداتە بەر خۆی، تەماشا دەکەی باڵندە بۆئەوەی بەچکەکانی بەخێو بکات، دەچێ خۆی ماندوو دەکاو نێچیریان بۆ دەگرێو خواردنیان بۆ پەیدا دەکات، وە زیندەوەران تا ئەندازەیەك تووشی نارەحەتیی‌و مەشەققەت دەبن لەپێناوی ئەوەدا دەستکەوتو بەرهەمێکیان هەبێ، وە عەقڵو مەنتیق وادەخوازێ، تۆ کە لەبەردەستی فیرعەوندا بوویو تا ئێستا چەوسێنراویەوەو، سۆغرە بێگاردت پێکراوە، ئێستا هاتووی بۆ دەشتو بیابان خۆ ناکرێ هەر لەو دەشتو بیابانەدا بمێنیەوەو دەبێ لە شوێنێك نیشتەجێ بی، ئنجا شارێك هەیە دەگونجێ تێیدا نیشتەجێ بی، قەومێکی تێدایە، لێك تێکەیشتنێکی لەگەڵدا دەکەیو پێی دەڵێی: ئێرە جێی ئێمەشی تێدادەبێتەوەو جێی ئێوەشی تێدادەبێتەوە، ئەگەرنا دەبێ ئامادەی جەنگکردن بن، کەواتە: سەرپێچییەکەیان وەك گوتم: دەرچوون بووە لە حوکمی شەرع‌و، لە حوکمی فیطرەتو، لە حوکمی عەقڵ، بۆیە ئەوانە شایستەی ئەوەنین کە چیدیکە دوو پێغەمبەری پایەبەرز کە مووساو هاروونن (علیهما الصلاة والسلام) لە نێویاندا بمێننەوە.

**مەسەلەی دەیەمو کۆتایی:** بزانین دوایی چارەنووسیان چی لێ دێ؟ ﴿ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡۛ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾ خوا ﷻ فەرمووی: لێیان قەدەغەیە ئەو سەر زەمینە بچنە نێوی، وە چل ساڵ لە زەویدا بە سەرگەردانیی دەگەڕێن، خەفەت لە کۆمەڵی بێباوەڕان مەخۆ، کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡۛ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئەو چل ساڵە دەگونجێ پەیوەست بکرێ بە: ﴿ مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡ ﴾ەوە، واتە: بۆ ماوەی چل ساڵ لێیان قەدەغەیە، هەتا چل ساڵی دیکە ناتوانن بچنە نێو ئەو سەرزەمینە، کە ئەو کاتە ڕستەکە ئاوا دەبێ: (قال فإنّها محرَّمة علیهم أربعین سنة).

یاخود ﴿أَرۡبَعِينَ سَنَةٗ﴾، پەیوەستە بە: ﴿أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾، واتە: دەبێ چل ساڵ سەرگەردان بن‌و بخوولێنەوە لە بیابانی سینادا، بۆ هیچ شوێنێکی دیکە نەچن، چونکە ڕوو لە هەر شوێنێك بکەن ئاوەدانیی لێیە، ئێوەش ئامادەنین جەنگ‌و فیداکاریی بکەن‌و لەگەڵ هیچ کەسێك تێکبگیرێن، مانای وایە دەبێ هەر لەو بیابانەدا بمێننەوە بە سەرگەردانیی، یەکێك بۆی هەیە بپرسێ: ئایا ئەو چل ساڵە حیکمەتی چییە؟ حیکمەتەکەی ئەوەیە: کە ئەو جیلەی کە لەو کاتەدا بوون، کۆتاییان پێ بێ، چونکە ئەو کاتە گەنجەکانیان تەمەنیان لە نێوان بیست‌و سی ساڵ دابووە، بێگومان هی واشیان تێدابووە کە تەمەنی پەنجاو شەست‌و حەفتا ساڵ‌و زیاتریش بووە، ئنجا ئەوانەی کە تەمەنیشیان بیست‌و سی ساڵ بووە، بەو چل ساڵە دەبوونە شەست‌و حەفتا ساڵ، چونکە ئەو جیلە کاتی خۆی وا ڕاهاتوون هەر بچەوسێنرێنەوەو سۆغرە بێگاریان پێ بکرێ‌و، لە بەرماوەی سفرەی فیرعەونەکان شتێك بخۆن، وە لە ژیانی کۆیلایەتیی ڕاهاتوون‌و فێر نەبوونە نانی فیداکاریی‌و ئازایەتیی‌و جوامێریی بخۆن، بۆیە ئەو جیلە بەکەڵکی شۆڕش نایەن‌و دەبێ ئەوانە بڕۆن‌و وەچەکانیان‌و نەوەکانیان کە تازە پێدەگەن، بەکەڵکی ئەوە دێن کە لەنێو بیاباندا پێدەگەن، چونکە ژیانی بیابان ژیانی خۆشگوزەرانیی نیەو ژیانێکی زەحمەتە، سەرمایەو گەرمایەو نارەحەتییەو باران‌و بایە، ژیانی بیابان ژیانێکی ئاسوودەو نەرم‌و نۆڵ نیە، ئینسان لەوێدا ژیانێکی ناز پەروەرانەی نیە، کەسانێکیش بەکەڵکی جەنگ‌و جیهاد دێن کە ژیانێکی زبریان بووبێ، ئەوانەی کە وەختی خۆی بەو شێوە ژیانەی ژێر دەستەلاتی فیرعەونەوە ڕاهاتوون، بەکەڵکی ئەوە نایەن بێن ئەو فیداکارییە بکەن، بۆیە با ئەوانە بڕێنەوەو وەچەی تازەیان پێبگات، ئنجا ئەو وەچە تازەیە دەتوانن ئەو شەرەفەیان پێ ببڕێ، بچن لەو سەرزەمینە پیرۆزەدا نیشتەجێ بن، ئەوە وەك شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانە، ئەگەرنا دەقێکی شەرعیی لەسەر نیە، وە کە (پەیمانی کۆن)یش ئێمە جار جار هەندێ شتی لێ‌دەردێنین، ئەو شتانە دێنین کە زیاتر لەگەڵ سیاقی ئایەتەکاندا دەگونجێن‌و وردەکاریی زیاتریان لەبارەی ڕووداوەکانەوە تێدایە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

﴿حَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا حَرَجَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٤٨٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٢٧٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٨٤١)، وَالتِّرمذيُّ برقم: (٢٦٦٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٢٥٦) عَنْ عَبْدَ اللهِ بْنَ عَمْرو رضي الله عنه}، واتە: قسان لە بەنی ئیسرائیل بگێڕنەوەو سەغڵەتییتان لەسەر نیە، واتە: ئەو شتانە بگێڕنەوە کە لەگەڵ قورئانو سوننەتدا دەگونجێن، بەڵام شتێك کە پێچەوانەی قورئانو سوننەتە، مەگەر وەك دەرسو پەند وەرگرتن، یان وەك دەرخستنی کەموکوڕییەکان، ئەگەرنا ناگونجێ بە بەڵگە بهێنرێتەوە، جا لە پەیمانی کۆن، (الإصحاح: ٤)[1]دا هاتوە، (غير أَنِّي سَأُدخلُ إليها أولادكم الذين ادَّعيتم أَنَّهم يُصبِحون أَسرى، فيتمتَّعون بالأرض التي احتقرتموها، أمَّا أنتم فإنَّ جثثكم تتساقط في هذا القَفر. ويبقى بنوكم في الصحراء أربعين سنة تُعانون من فجوركم حتى تَبلَى جثثكم فيها، وتحملون أوزاركم أربعين سنة كل يومٍ بسنةٍ على عدد الأيام الأربعين التي تجسَّستم فيها الأرض فتُدرِكون عاقبة ابتعادي عنكم)؟

(بە حیساب خوای پەروەردگار وای پێ فەرموون)، واتە: بەڵام من ئەو منداڵانەتان کە ئیددیعای ئەوەتان دەکرد دەبنە دیل بەدەستی عەمالیقەو جەبابیرەکانی سەرزەمینی موقەددەس، ئەوان دەخەمە نێو سەرزەمینی پیرۆزەوەو لەو زەوییە بەهرەمەند دەبن، کە ئێوە بە کەم تەماشاتان دەکرد، بەڵام ئێوە جەنازەکانتان لەو بیابانەدا دەکەون، وەك چۆن گەڵای درەختی پایز دەکەوێ، وە منداڵەکانتانو کوڕەکانتان چل ساڵ لە بیاباندا دەمێننەوە، ئێوەش بە هۆی خراپەکارییتانەوە تووشی ئەو ناخۆشییانە دەبن، هەتا ئەو چل ساڵە هەمووتان دەمرن، ئەوانەی ئێستا هەن، (ئەوانەی کەوتوونە تەمەنەوە دەڕۆن)، وە ئێوەش باجی گوناهەکانی ئەو چل ڕۆژە دەدەن، کە چوون ئەو سەرزەمینە بپشکنن بزانن چی لێیە، (مادام دوایی ئامادە نەبوون بچنە نێو ئەو سەرزەمینەوە)، لەجیاتی هەر ڕۆژێك دەبێ ساڵێك لەو بیابانەدا بمێننەوە، تاکو سەرەنجامی دوورکەوتنەوەتان لە من، یان دوورکەوتنەوەی من لە ئێوەتان بۆ دەربکەوێ.

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص٣٠٤.

### لێرەدا دوو پرسیار دێنە پێش :

یەکەم: ئایا مووساو هارِوون (علیهما السلام) لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا لەگەڵ گەلەکەیان ماونەوە لە بیابانی سینادا؟

دووەم: ئایا پاش چل ساڵەکە بەنی ئیسرِائیل چوونەتە ئەو شوێنەوە؟

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا، دەڵێین: مادام ئەو چل ساڵ مانەوەی بەنی ئیسرِائیل لە نێو دەشتی سینادا، سزایەکی خوا بووبێ‌و خوا ﷻ لەسەر ئەوە سزای دابن کە فەرمانی خواو پێغەمبەران مووساو هارِوونیان شکاندوە، کەواتە: نابێ ئەو سزایە ئەوانی "واتە: مووساو هارِوونی" گرتبێتەوە.

بەڵام ئایا ئەگەر ئەو چل ساڵە بەنی ئیسرِائیل لەو بیابانە بێ سەروبنەدا مابنەوە، ئایا مووساو هارِوون (علیهما السلام) چییان بەسەر هاتوە؟ دیارە وەفاتیان کردوە، ئەگەرنا خۆ بەجێشیان نەهێشتوە! چونکە ئەو سەرگەردانیی‌و سەراسیمەییەی ئەو چل ساڵە، سزایەك بووەو سزایەکەش مووساو هارِوونی نەگرتۆتەوە، چونکە ئەوان دوو پێغەمبەری خوان‌و ئامادەبوون، بۆ ئەنجامدانی هەموو فەرمانێکی خوا ﷻ.

وە لە وەڵامی پرسیاری دووەم دا دەڵێین: واپێدەچێ کە دوای ئەو چل ساڵە چوونە نێو سەرزەمینی موقەددەسەوە، وەك لە تەفسیرەکانی خۆمان‌و لە پەیمانی کۆنیشدا باسکراوە[1]، کە (یوشع بن نون) و (کالب بن یوفنا) دوایی ئەم کارەیان ئەنجام دابێ‌و سەرپەرشتی جیلی تازەی بەنی ئیسرِائیلیان کردبێ، وە پێشیان کەوتبن‌و جەنگیان کردبێ لەگەڵ عەمالیقەو جەبابیرەکانی ئەو سەرزەمینەدا کە نەیانهێشتوە بچن، وە سەرەنجام چووبن‌و لەوێدا نیشتەجێ بووبن، ئەوە (الشوكاني) لە (فتح القدیر)[2]دا هێناویەتی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) بڕوانە: (التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس، العهد القدیم، سفر العدد، الإصحاح: ٢٢، ص٣٢١، ٣٢٢ ، المحاولة الثانیة لدخول أرض الموعد).

٢) ج٢، ص٤٠ .

# دەرسی حەوتەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا ئایەتەكانی (٢٧ تاكو ٣١) تەفسیر دەكەین، لەو پێنج ئایەتەدا خوای پەنهانزان دووەمین بەسەرهاتی كە لەم سوورەتە موبارەكەدا هاتوە، لە چوار بەسەرهاتەكان خستۆتە ڕوو، ئەو بەسەرهاتەش بە بەسەرهاتی قابیل‌و هابیل ناسراوە، كە كورتەكەی ئەوەیە یەكێك لە دوو كوڕەكەی ئادەم ئەویدیكەیان دەكوژێ، كە لە تەفسیرەكاندا دەڵێ: قابیل هابیلی كوشتوە، بۆچی؟ لەسەر ئەوەی كە هەردووكیان سەرو قوربانیی دەكەن، قوربانیی یەكەمیان وەردەگیرێ كە هی هابیلە، وە قوربانیی دووەمیان كە هی قابیلە، وەرناگیرێ، ئەوەی كە قوربانییەكەی لێوەرنەگیراوە حەسوودیی بە برایەكەی دیكەی دەبات، كە قوربانییەكەی وەرگیراوە، وە هەڕەشەی لێدەكات، وە سەرەنجام دوای مشتومڕێك لە نێوانیاندا دەیكوژێ، ئنجا دوای ئەوەی كە دەیكوژێ، بە دەست تەرمەكەیەوە گیر دەخوات‌و نازانێ چی لێ بكات! چونكە ئەوە یەكەمین ئینسانە كە بكوژرێ، بۆیە ئەزموونی نەبووە لە چۆنیەتی شاردنەوەی مردوودا، واشپێدەچێ كە یەكەمین ئینسانیش بووبێ كە مردبێ، بۆیە نەیزانیوە چی لە جەنازەكەی بكات، لە تەفسیرەكاندا دەڵێ: جەنازەكەی هەر بە كۆڵەوە بووە، بەس خوا دەزانێ چەند ڕۆژان یان چەند مانگان بە كۆڵیەوە بووە، هەتا خوا قەلەڕەشێك دەنێرێ بە دەنووكی زەوی هەڵدەقەنێ‌و پێشانی دەدا چۆن تەرمی برایەكەی بنێژێ، جا لە تەفسیرەكاندا دەڵێ: دوو قەلەڕەشە دەبن، یەكێكیان ئەوی دیكە دەكوژێ، قەلەڕەشەكەی كە ماوە زەوی دەكۆڵێ بە دەنووكی‌و، بە پێی زەوی هەڵدەقەنێ‌و تەرمی قەلەڕەشەكەی دیكەی تێدەخاو خۆڵەكەی بەسەردا دەكاتەوە، تاكو قابیل فێر بكات چۆن تەرمی برایەكەی بنێژێ.

﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَيْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ
يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْءَاخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ ۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ (٢٧) لَئِنۢ بَسَطتَ
إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِى مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ
(٢٨) إِنِّىٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ
(٢٩) فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ (٣٠) فَبَعَثَ ٱللَّهُ
غُرَابًا يَبْحَثُ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ ۚ قَالَ يَٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ
أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى ۖ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ (٣١)﴾.

# ماناى وشـــه به وشـەى ئايەتەكـان

((وە بـە شـێوەیەكی هـەق بەسـەرهاتی دوو كوڕەكەی ئادەمیـان بەسـەردا بخـوێنەوە، كـاتێك كە هەردووكیـان سـەرو قوربانییەكیـان كـرد، ئنجـا لـە یەكێكـیان وەرگیـراو لـەوی دیكـەیان وەرنـەگیرا، ئـەوەی قوربانییەكـەی وەرنـەگیرابوو، گـوتی: سـوێندبێ دەتكـوژم، قوربـانیی لێوەرگیـراوەكە گـوتی: بێگومـان خـوا تـەنیا لـە پارێزكـاران وەردەگـرێ، (تـۆش پارێزكـارنی بۆیـە قوربانییەكـەت وەرنەگـیراوەو هـیچ سـووچی منیشـی تێدانیـە، لەسەرچی دەمكـوژی؟!) ﴿٢٧﴾ بە دڵنیاییـەوە ئەگەر تـۆش دەسـتم بـۆ درێژ بكـەی تاكو بمكـوژی، مـن دەسـتم بـۆت درێـژ ناكـەم كە بتكـوژم، چونكە مـن لـە خـوای پەروەردگـاری جیهانییـان دەترسـێم ﴿٢٨﴾ من دەمـەوێ كە لـە ئـەنجامی كوشـتنی مندا بە ناهـەق، گونـاهی منو گونـاهی خۆیشـت هەڵبگـریو، سـەرەنجام لـە هـاوەڵانی ئـاگر بـی، وە ئـەوەش سـزای سـتەمكارانە ﴿٢٩﴾ ئیـدی سـەرەنجام نەفسـی (نەخۆشـی) كوشـتنی برایەكـەی بـۆ ئاسـان كـردو كوشـتیو لـە زیانبـاران بـوو ﴿٣٠﴾ ئنجـا خـوا قەلەڕەشـێكی نارد بە دەنووكـی لە زەوی دەگـەڕا دەیكـۆڵـی، تاكـو پێشـانی بـدات، چۆن تـەرمی برایەكـەی بشـارێتەوە، گوتـی: ئەی هـاوار بۆ مـن! ئایا نـەمتوانی كە وەك ئـەم قەلەڕەشەیەش بـم، وە تەرمی برایەكـەم بشـارمەوە؟! ئنجـا لـە ئاكامـدا لـە پەشـێمانان بوو ﴿٣١﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(وَٱتْلُ ): یانی: (وَاقْرَأ) بخوێنەوە، (تَلاه: تَبِعَهُ مُتَابَعَةً لَيْسَ بَيْنَهُما مَا لَيْسَ مِنْهما، قِرَاءَةً بِتَدَبُّرٍ)، واته: شوێنی کەوت، بە شێوەیەك كە لە نێوانی ئەوو ئەو شتەی کە شوێنی کەوتوە هیچ شتێکی نامۆ نەبێ، وە (تِلاوَة) واتە: خوێندنەوە بە لێوردبوونەوەوە، بەڵام (قِرَاءَة) واته: خوێندنەوە، جا بە لێوردبوونەوەوەبێ، یان بێ لێوردبوونەوە، بەڵام كە گوترا: (تَلاَهُ، يَتلُوهُ) واته: خوێندیەوە بە تێوەڕامان.

(نَبَأَ ): (النَّبَأُ: خَبَرٌ ذُو فَائِدَةٍ عَظِيمَةٍ يَحصُلُ بِهِ عِلْمٌ أَوْ غَلَبَةُ ظَنٍّ)، (نَبَأ)، بریتیە لە هەواڵێکی سوودبەخشی گەورە، کە زانیاریی یاخود گومانێکی زاڵی پێ وەدەست بێ، تەنیا ئەو کاتە پێی دەگوترێ: (نَبَأ).

(قُرْبَانًا ): (القُرْبَانُ: مَا يُتَقَرَّبُ بِهِ إلى الله) (قُرْبَان) هەر شتێکە ئینسان پێی لە خوا نزیك بکەوێتەوە، جا چ سەربڕینی ئاژەڵ بێ، چ پارە بکەیە خێر، چ خواردنێك بکەیە خێر، هەر شتێك بێ، هەرچەندە چەمکە عورفییەکەی وشەی (قُرْبَان) زیاتر بۆ ئاژەڵ بەکاردێ، بەڵام لەڕاستییدا وانییە، (قُرْبَان وجمعه قَرَابين، هي الذَّبيحَةُ والنَّسيكَةُ في العُرفِ، وَقُربان المَلِكِ: لِمَنْ يَتَقَرَّبُ بِخِدْمَتِهِ إلى المَلِكِ)، واتە: (قُرْبَان) کۆیەکەی (قَرَابين)ە، کە بریتییە لەوەی سەردەبڕدرێ ئەوە لە عورف دا، بەڵام لە ئەسڵی زماندا (قُرْبَان) هەر شتێکە ئینسان پێی لە خوا نزیك بێتەوە، وە (قُربان المَلِكِ) بۆ کەسێکە شتێك دەکات، خزمەتێك دەکاتو پێی لە پادشاو حوکمڕان نزیك بێتەوە.

(بَسَطتَ ): وشەی (بَسَطَ) واته: پانی کرد، بەڵام لێرەدا بە مانای درێژی کرد، دێ، (لَئِن بَسَطتَ إلَيَّ يَدَكَ) واته: ئەگەر دەستت بۆم درێژ کرد، دەڵێ: (بسْطُ الشَّيء: نَشْرُهُ وَتَوْسِيعُهُ، وَبَسْطُ اليَدِ للصولَةِ وَالضَربُ)، واته: (بَسَطَ) یانتی: بڵاوی کردەوەو فراوانی کرد، بەڵام (بسْطُ اليَدِ) بریتیە لەوەی کە دەست ڕابوەشێنی بۆئەوەی لە کابرای بدەی، واته: دەست وەشاندن.

(تَبُوٓأَ ): (بَـاءَ يعـني: رَجَـعَ)، (بَـاءَ) واتــە: گەڕایـەوە، (تَبَـوءَ) واتـە: (تَرْجـعَ)، دەڵـــێ: (وَبَـاءَ بِغَضَـبٍ مِنَ اللّٰهِ، أَي حَـلَّ مُبَـوأً وَمَعَـهُ غَضَبُ اللّٰهِ أَي عقُوبَتـهُ)، واتـە: لەگــەڵ تـووڕەیی خـوادا گەڕایــەوە، یـانی لـە شــوێنێك قـەراری گـرتو نیشـتەجـێ بـوو، وە توڕەیی لەگـەڵدا بوو، واتە: سـزای خـوای پەروەردگـار.

( فَطَوَّعَتۡ): واتـە: بـۆی ئاسـان کـردو دنـەی دا، (الطَّوْعُ: الإنقيَادُ، تَكَلُّفُ الطَّاعَةِ، وَهُوَ التَّبَـرّعُ بِمَـا لاَ يَلْـزَمُ كَالتَّنَفُّـلِ ﴿ فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ ﴾ أَي: سَـوَّلَتْ لَـهُ وزيَّنَتْـهُ وَشَجَّعَتْهُ عَلَيْهِ)، (طَوْع) بریتیــە لە ملکەچیی، وە (تطَـوْعُ) بریتیــە لە طـاعـەتێك کە ئینسـان بۆخـۆی خۆبەخشـانە بیکـاتو لەســەری فەرز نەبـێ، وەك کردنـی دوو ڕکـــات نوێـــژی ســــوننەت، کـــە دەفـــەرموێ: ﴿ فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ ﴾، واتــە: نەفسـەکەی بۆی ئاسان کردو بۆی جوان کردو هانیدا بیکـوژێ.

(غُرَابًا ): ئێمە بە کوردیی دەڵێین: قەلەڕەشـە، (سُـمِّيَ الغُرَابُ غُرَابَـاً لِكَونـهِ مُبْعِدَاً فـي الـذَّهَابِ، وَغَـارِبُ السّـنَامِ لِبُعْـدِهِ) بۆیــە قەلەڕەشــە پێـی دەگـوترێ: قەلــەڕەش، لەبەرئـــەوەی کــە زۆر دەڕوات، چونکـــە دەڵـــێ: (غَـارِبُ السّنَامِ) بــە حوشــترێك دەگوترێ کە دوونگـەکەی لە پشـتی بەرز بووبێتەوە، لەبەرئـەوەی دوورکەوتۆتـەوە لە پشـتی.

(يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ ): زەوی دەکۆڵــێ بـە دەنـووکی، یـان بـە پێیــەکانی جنجـڕووکــ لــێدەدا، دەڵــێ: (البَحْثُ: الكَشْـفُ وَالطَلَـبُ، وَبَحَثَـتِ النَاقَـةُ الأَرْضَ بِرجلِهَا فِي السير: إِذَا شَـدَّدَتِ الـوَطء تَشْبِيهَاً بِذَلِكَ)، واتـە: (بَحْث) بریتیـە لـە دەرخســتنو بەدوای شـتێك کەوتن، وە حوشـتر کە چـاك پێی بـە زەویدا بـدات بۆئـەوەی خێـرا بڕوات، دەگـوترێ: (بَحَثَـتِ النَاقَةُ) واتە: پێیەکـەی چـاك بە زەوی دادا، وەك بڵــێی زەوی هەڵکۆڵــی.

(يُوَٰرِي ): (وَارَيـتُ كَـذَا إِذَا سَـترتهُ، وَتـوارى اسـتترَ، وجـاء فـي الحديـث: إِذَا أَرَادَ غـزواً وَرّى بِغـيرِهِ)، (وَارَيتُ كَذَا) واتــە: دامپۆشـی، (تواری يعـني إستتر) خـۆی داپۆشـــی،

ون بوو، خوّى پەنهان كرد، لە حەدیسدا هاتوە: ﴿عَن كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ: أَنَّ النَّبِيَّ كَانَ إِذَا أَرَادَ غَزْوَةً وَرَّى بِغَيْرِهَا وَكَانَ يَقُولُ: (الْحَرْبُ خَدْعَةٌ)﴾ {مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، أَخْرَجَهُ أبو داود برقم: (٢٦٣٩)، وَأَبي عَوَانة برقم: (٦٥٤٩) قال الشيخ الألباني: صحيح}، واتە: كەعبی كوڕی مالیك دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ویستبای جەنگێك بكات‌و، بە لایەكدا بڕوات، وای ئاماژە پێدەدا كە بۆ لایەكەی دیكە دەچێ، بۆئەوەی ئەوانی بەرانبەر هەواڵیان پێنەگات‌و كتوپڕ بتوانێ بچێتە سەریان.

(سَوۡءَةَ ): (كِنَايةٌ عَنِ الفَرْجِ، وَعَنِ العَورَةِ لأن انكشافها يسوء الإنسان)، (سَوْءة) كینایەیە لە داوێنی ئینسان، پێش‌و پاشی ئینسان، هەروەها بە عەورەتیش دەگوترێ، واتە: ئەو شوێنانەی كە نابێ دەربكەون، هەم لە ڕووی فیطرەتەوە، هەم لە ڕووی شەرعەوە نابێ دەركەون، چونكە دەركەوتنیان دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئینسان پێی ناخۆش‌و خەفەتبار بێ.

(يَٰوَيۡلَتَىٰٓ ): (وَيْل) بە مانای سزا دێ، (وَيْلَتَى) واتە: سزایەكەی من، دەڵێ: (وَيْلٌ: قُبْحٌ، وَقَدْ يُسْتَعْمَلُ على التَّحسُّرِ)، كەواتە: (يا وَيْلَتَى) واتە: ئەی هاوار بۆ من، كە مەبەست پێی خەم‌و خەفەت خواردنە.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

ئەم بەسەرهاتە وەك پێشتر گوتمان، دووەمین بەسەرهاتە لە سوورەتی (المائدة)دا کە خوا ﷻ باسی کردوە، دیارە سوورەتی (المائدة) جگە لەو چوار بەسەرهاتە کە ئەوانیش هەر کۆمەڵێك یاسای شەرعییان لێ وەردەگیرێن، ئایەتەکانی دیکە هەموویان باسی یاسا شەرعییەکانن، لە یەکەم ئایەت تا کۆتا ئایەت، جا ئەم بەسەرهاتە بە بەسەرهاتی قابیل و هابیل ناسراوە، هەرچەندە ناوی قابیل و هابیل نە لە قورئاندا، وە نە لە سوننەتی صەحیحی پێغەمبەردا ﷺ نەهاتوە، باشە ئەدی لە کوێ هاتوە؟ لە پەیمانی کۆن، لە تەورات وەرگیراوە، ئەو بەسەرهاتە بەو شێوەیە دەست پێدەکات خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ﴾، وە بەسەریاندا بخوێنەوە هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەم، بە شێوەیەکی هەق، واتە: بە شێوەیەکی ڕاست، بە شێوەیەك کە جێگەی دڵنیایی بێ، وە لە چەند شوێنێکی دیکەدا خوای پەروەردگار ئەم ڕستەیەی فەرمووە: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ﴾، بۆ وێنە: لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾﴾، بەسەرهاتی ئەو کەسەیان بەسەردا بخوێنەوە کە ئایەتەکانی خۆمانمان پێدا بوون، واتە: شارەزامان کردبوون لە ئایەتەکانی خۆمان، دیارە ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خوا موحەممەدە ﷺ لە دوای ئەویش ڕووی دواندن لە هەر کەسێکە کە قورئان دەخوێنێ، یانی: هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەمیان بە شێوەیەکی هەق بەسەردا بخوێنەوە، ئنجا دێتە سەر هەواڵەکەو بەسەرهاتەکە باس دەکات، دەفەرموێ: ﴿إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا﴾، کاتێك کە قوربانییەکیان کرد، واتە: هەرکامێکیان قوربانییەکی کرد، قوربانیی وەك پێشتر باسمان کرد هەر کردەوەیەکە کە ئینسان پێی لە خوا نزیك ببێتەوە، ئەوە مانای زمانەوانییەکەی، لە ئەسڵی زماندا (القُرْبَانُ: مَا يَتَقَرَّبُ بِهِ إِلَى اللهِ)، بەڵام مانا عورفییەکەی بریتیە لە سەربڕینی ئاژەڵێك بۆئەوەی کە ئینسان پێی لە خوا نزیك ببێتەوە، ئنجا وەك

ئەم بەسەرهاتەش دەلالەتی لەسەر دەکات، هەر شتێك ئینسان بیکات بۆئەوەی پێی لە خوا نزیك ببێتەوە، پێی دەگوترێ قوربانیی، ئەو دوو کوڕەی ئادەم وەك گوتمان نە لە قورئاندا، نە لە سوننەتدا نەهاتوە، ناویان چییە؟ دوایی باسی دەکەین، بەلاّم لە پەیمانی کۆندا (قاینو هابیل) هاتوون، بەلاّم لە کتێبە ئیسلامییو سەرچاوە ئیسلامییەکاندا گوتوویانە: (قابیلو هابیل) کە دیارە قابیل کوڕە خراپەکەیەو هابیل کوڕە باشەکەیە، ئەوانە سەرو قوربانییان کردوە بۆ لە خوا نزیکبوونەوە، وە باس نەکراوە ئەو قوربانییەیان بۆچی کردوە؟ دوایی باسی دەکەین لە مەسەلە گرنگەکاندا، ﴿فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ﴾، یەکێکیان قوربانییەکەی لێ قبووڵ کرا، لێی وەرگیرا، وە یەکێکیان لێی وەرنەگیرا لەبەرچی؟ یەکێکیان لێی وەرگیراوەو ئەوی دیکەیان لێی وەرنەگیراوە؟ هۆکارێکی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوە کە دوای ئەوەی قوربانییەکەی لێوەرنەگیراوە، بەوەی دیکەی گوتوە: ﴿قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَ﴾، واتە: گوتی: بە تەئکید دەتکوژم، وە ئەوەی کە قوربانییەکەی لێ وەرگیرابوو گوتی: ﴿قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾، بێگومان خوا تەنیا لە پارێزکاران وەردەگرێ، تەنیا کردەوەی پارێزکاران وەردەگرێ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی دووەمیان کە قوربانییەکەی لێ وەرنەگیراوە، پارێزکار نەبووە، واتە: یان قوربانییەکەی بۆ خوا نەبووە، یان بە شێوەیەکی باش نەبووە، یان نە بۆ خوای بووەو نە بە شێوەیەکی باشیش بووە، چونکە پارێزکار (مُتَّقِي) کەسێکە:

یەکەم: کردەوەکەی بەپێی شەرع ئەنجام بدات.

دووەم: تەنیا بۆ خواش ئەنجامی بدا، واتە: هەم لە ئەنجامدانی کردەوەکەیدا شوێنی شەرع بکەوێ، وە هەم ئیخلاصیشی هەبێو ئەنجامدانی ئەو کردەوەیەی تەنیا بۆ خوابێ، وە مەبەستی پێ لە خوا نزیك بوونەوەبێ، جا ئەوەی دووەمیان دیارە لە پارێزکاران نەبووە، بۆیە قوربانییەکەی لێ وەرنەگیراوە، ئنجا یان یەکێك لە دوو مەرجەکانی ناتەواو بووە، واتە: قوربانییەکەی یان شەرعیی نەبووە، یان باش نەبووە، یاخود لەبەرئەوەی کە بۆ خواش نەبووەو باشیش نەبووە.

کەواتە: ئەو دوو کوڕەی ئادەم سەرو قوربانییان کردوە، یەکیان لێی وەرگیراوە، ئەوی دیکەیان لێی وەرنەگیراوە، ئنجا ئەوەی کە قوربانیەکەی وەرنەگیراوە، بەوەی دیکەی گوتوە: دەتکوژم، ئەویش گوتوویەتی، بێگومان خوا تەنیا لە پارێزکاران وەردەگرێ، ئنجا ئایا ئەمە چی لێ وەردەگیرێ؟ ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە من ئەو قوربانییەی کە کردومە، هەم شتێکی باشم کردۆتە قوربانیی، هەم بۆ خواشم بووە، هی تۆ دیارە ئەم دوو مەرجەی تێدا نەبوون، یەکێکیان یان هەردووکیان، بۆیە خوا لێی وەرنەگرتووی، کەواتە: سووچی من نیە، سووچی خۆتە کە قوربانییەکەت وەرنەگیراوە، مانای وایە تۆ من بە بێ بەڵگەو پاساو دەکوژی، ئنجا ئەوەی کە قوربانییەکەی لێوەرگیراوە بەردەوام دەبێو دەڵێ: ﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، ئەگەر تۆ دەستم بۆ درێژبکەی تاکو بمکوژی، من دەست بۆ تۆ درێژ ناکەم کە بتکوژم، بێگومان من لە خوای پەروەردگاری جیهانییەکان دەترسێم، ئەمەش ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە کوڕە صاڵحەکە، دەڵێ: دەستت بۆ درێژ ناکەم بۆ کوشتنت، بەڵام ئەدی بۆ بەرگریی لەخۆکردن؟ ئەوەی نەفی نەکردوە! بۆیە زانایان زۆر مشتومڕیان لەوبارەوە هەیە، گوتوویانە: دیفاع لەخۆکردن فەرزە، ئەدی چۆن لێرەدا، دەڵێ: من دەست درێژ ناکەم بتکوژم؟! وەڵامەکەی ئەوەیە کە دەڵێ: دەستت بۆ درێژناکەم بۆ کوشتنت، بەڵام نەیگوتوە: دەست درێژناکەم بۆ نەهێشتنت کە بمکوژی، چونکە خۆ کەسێك بڵێ: دەتکوژم، نابێ ملی بۆ ڕاگری، ئەمە ئەوەی لێ وەرناگیرێ، وەك دوایی باسی دەکەین، ئنجا هۆکاری ئەوە کە دەست بۆ کوشتنی برایەکەی درێژ ناکات، چییە؟! بەوە پاساوی دەداتەوە، ﴿إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، بێگومان من لە خوای پەروەردگاری جیهانییەکان دەترسێم، کەواتە: کەسێك ترسی خوای لە دڵ دابێ، خوێنی خەڵك بە ناهەق نارێژێ، ئنجا لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام دەبێو دەڵێ: ﴿ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ فَتَكُونَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، من دەمەوێ گوناهی منو گوناهی خۆشت لەگەڵ خۆت بەریەوە[1]، گوناهی منو

١) باء، يبوء، رَجَعَ، يَرْجِعُ، گەڕایەوە، دەگەڕێتەوە.

خۆشت لەگەڵ خۆ بەری بۆ قیامەتێ بۆ لای خوا، ﴿فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ﴾، لە ریزی هاوەڵانی ئاگربی، یان لە ریزی خاوەنانی دۆزەخ بی، ئەمەش ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە ئینسان لە ئەنجامی گوناح کردندا دەبێتە هاوەڵی دۆزەخ، یاخود دەبێتە خاوەنی دۆزەخ، ﴿وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ﴾، ئەوەش سزای ستەمکارانە کە تۆ ستەم بکەی لە من، بە ناهەق بمکوژی منیش پێم خۆشە گوناهی منو خۆیشت هەڵبگری، دوایی روونی دەکەینەوە بۆچی گوتوویەتی گوناهی منو خۆیشت؟ توێژەروان چەند مانایەکیان لەوەدا لێکداوەتەوە.

ئنجا خوا ﷻ هەلۆیستی کورە ناصاڵحەکە باس دەکات ﴿فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾، نەفسی کوشتنی برایەکەی بۆ ئاسان کرد، وشەی (طَوع) دەڵێ: (الطَّوْعُ: الإنقِيادُ) وە (تطوّع) بریتیە لە ئەنجامدانی کردەوەیەك کە پێیەوە پابەند نەکراوی‌و، لەسەرت پێویست نیەو، خۆبەخشانە ئەنجامی دەدەی، (طَوَّعَتْ) توێژەروان بە (سَهَّلَتْ) و (زَيَّنَتْ) و (سَوّلت) بە هەرسێکیان لێکیان داوەتەوە، واتە بۆی ئاسان کرد، بۆی جوان کرد، دنەیداو هانیدا، ئنجا ئایا نەفسی بۆچی هانیدا؟ ﴿قَتْلَ أَخِيهِ﴾، کوشتنی برایەکەی بۆ ئاسان کردو بۆی هاندا، ﴿فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾، ئەویش کوشتی‌و لە زیان باران بوو، لێرەدا ئەم ئایەتە موبارەکە ئەوەی لێ وەردەگیرێ، کە هەرچی گوناهە هەرچی تاوان‌و خراپەیە، ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ نەفس، لەوبارەوەش خوا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ ﴿٥٣﴾﴾یوسف، واتە: بێگومان نەفس زۆر فەرمان بە خراپە دەکات، واتە: هەرچی هەڵسوکەوتی ئینسانە لە خێرو لە شەر، ریشەکەی لێرەوەیە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکی صەحیح دا باسی تەقوای کردوە، فەرموویەتی: ﴿اَلتَّقْوَى هَا هُنَا، وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاثَ مِرَارٍ﴾{أَخْرَجَهُ أَحمد برقم: (٧٧١٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٤٨٧)}، واتە: تەقوا لێرە دایە، تەقوا لێرە دایە، تەقوا لێرە دایە، ئاماژەی بۆ سینگی موبارەکی کرد، واتە: ریشەی تەقواو هاندەری تەقوا لە سینەو دڵی ئینسانەوەیە، هەروەها هی گوناهیش بە هەمان شێوە.

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە هابیل دیارە یەکەمین مرۆڤ بووە کوژراوە بەدەستی قابیل، یاخود یەکێك لە دوو کوڕەکەی ئادەم کە کوڕە صالحو چاکەکەی بەدەستی کوڕە خراپەکەی کوژراوە، یەکەمین ئەزموونی کوشتن بووە، بۆیە نەیزانیوە تەرمەکەی چی لێ بکات، جا لە تەفسیرەکاندا زانایان خەیاڵی خۆیان خستۆتە سەری، هەبووە گوتوویەتی: چل ڕۆژ بە کۆڵیەوە بووە، هەبووە گوتوویەتی: ساڵێك بە کۆڵیەوە بووە، هەبووە گوتوویەتی: حەوت ساڵ بە کۆڵیەوە بووە، جەنازەکەی لێ بۆتە بەڵاو نەیزانیوە چی لێ بکات! ئەگەر بەجێی بهێشتبایە، دڕندە دەیانخوارد، بۆیە زۆر ئەزیەتی پێوە کێشاوە، ﴿ فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، خوا قەلەڕەشەیەکی نارد زەوی دەکۆڵی، (بَحَثَ) یانی: لێی کۆڵیەوەو بە دوای کەوت، لێی گەڕا، ئنجا لێرەدا ﴿ يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، واتە: بە دەنووکی، یان بە چڕنووکەکانی زەوی هەڵدەکۆڵی، قەلەڕەشەش بۆخۆی عادەتی وایە شت دەشارێتەوەو، زەوی هەڵدەکۆڵێو شتەکەی تێدەخات، ئنجا بۆچی خوای پەروەردگار ئەو قەلەڕەشەیەی ناردوە لە پێشچاوی قابیل، واتە: کوڕە خراپەکە زەوی بکۆڵێ؟! ﴿ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِ ﴾، بۆئەوەی پێی پێشانبدا چۆن تەرمی برایەکەی بشارێتەوە، ﴿ سَوۡءَةَ ﴾، بە مانای عەورەت دێ، یان بە مانای هەرشتێك دێ کە مرۆڤ دەرکەوتنی پێ ناخۆش بێ، دیارە ئەویش وەك چۆن ئینسان پێی ناخۆشە عەورەتی دەرکەوێ، ئەویش پێی ناخۆش بووە، تەرمی ئەو برایەی بە کۆڵیەوە بێ، وە پێشی ناخۆش بووە داینێو دڕندە بیخوات، لەبەرئەوە وەك شتێك بە ملیەوە بووە، بۆیە خوای پەروەردگار ئەو قەلەڕەشەیەی ناردوە، بەڵام ئایا چۆنی ناردوەو چی کردوە؟ هەروا لە خۆوە گڵی هەڵکۆڵیوەو شتێکی تێخستوە؟ دەگونجێ، وە دەشگونجێ وەك هەندێك لە توێژەرەوان دەڵێن: خوا دوو قەلەڕەشی ناردوون یەکیان یەکیانی کوشتوەو زەوی هەڵکەندوەو، کەلەشی قەلەڕەشە مردووەکەی لەبن گڵی ناوەو، خۆڵی بەسەردا کردوە، بۆئەوەی مردووناشتن فێری مرۆڤ بکات، ﴿ قَالَ يَـٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَـٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّـٰدِمِينَ ﴾، (قابیل

یان كوڕه بكوژه كه) گوتی: هەی هاوار بۆمن، هەی داخو حەسرەت هاوار بۆمن، ئایا من دەستەوستان بووم كه وەك ئەو قەلەڕەشەیەشم پێ بكرێ! كه تەرمی برایەكەم بشارمەوە، بەقەدەر ویشم لێ نەزانی!! بۆیە لە پەشێمانان بوو، واتە: پەشێمان بووەوە كه چەند سەعات یان ڕۆژە، یان چەند مانگو ساڵە، بەلاَم پێموانیە مانگو ساڵ بووبێ، چەند سەعات یان ئەوپەڕی چەند ڕۆژێك ئەو جەنازەیەی بەكۆڵیەوە هەڵگرتوەو، فكری پێ نەشكاوە لەبن گڵی بنێو بیشارێتەوە، لەبەرئەوە پەشێمان بوو لە بە كوڵ هەڵگرتنەكەی، كە ئەو هەموو ماوەیە ماوەتەوە، نەك لە كوشتنەكەی پەشێمان بووبێ، وەك دوایی ڕوونی دەكەینەوە.

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم**: کە دەفەرمویٚ: ﴿ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ ﴾، زانایان چەند هەڵوەستەیەکیان لەبەردەم ئەم ڕستە قورئانییەدا کردوون:

یەکەم: ئایا ئەو دوو کوڕە کوڕی ڕاستەوخۆی ئادەم بوون؟ واتە: لە ئادەمو حەووا بوون، یاخود نەوەیان بوون، یان کوڕی نەوەیان بوون؟ تەنانەت هەندێك گوتوویانە: لە بەنی ئیسرائیل بوون، بەڵام ئەوەی دەردەکەوێ، ئەوەیە کە کوڕی ئادەم خۆی بوون، لەبەرچی؟

١) وشەی (بني آدم) کوڕی ڕاستەوخۆ دەگەیەنێ، مەگەر نیشانەیەك هەبێ لەو مانایە لایدا.

٢) کوڕە بکوژەکە لە کۆتایی بەسەرهاتەکەدا کە دەڵێ: ﴿ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِي ﴾، واتە: ئەی هاوار بۆ من داخو حەسرەت بۆ من، ئایا دەستەوسان بووم کە وەك ئەو قەلەڕەشەیە بم! بەڵگەیە لەسەر کوڕی ڕاستەوخۆی ئادەم بوونیان، چونکە ئەگەر هاتباو بکوژ کوڕی ڕاستەوخۆی ئادەم نەبووایەو، یەکەم قەتڵ نەبووایە کە دەکرا لەسەر زەوی، دەیزانی چۆن بیشارێتەوە، بەڵام دیارە ئەزموونی نەبووە، وە یەکەم مرۆڤ بووە بکوژرێ، بۆیە ئەزموونی شاردنەوەو بە خاك سپاردنی نەبووەو، ناچار بووە لە قەلەڕەشە فێربێ، کەواتە: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە کوڕی ئادەم بوون، چونکە ئەگەر نەوەی بوونایە، یاخود دوور بوونایە، تا ئەوکاتە چەند بەشەر دەکوژران و دەمردن و بە خاك دەسپێردران و، پێویستی بەوە نەدەبوو قەلەڕەشەکە فێری بکات.

دووەم: دەربارەی ناویان: ئایا قابیل و هابیل ناویان لە کوێ دا هاتوە؟!

وەك گوتم لە کتێبە ئیسلامییەکاندا لە تەفسیرەکاندا دەڵێ: ناویان قابیل و هابیل بووە، کوڕە خراپەکە ناوی قابیل بووە، کوڕە چاکەکەش ناوی هابیل

بووە، جا هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان جار جار وایانزانیوە زمانی عەرەبی تاکە زمانێك بووە کە بەشەر قسەی پێکردوە!! ئیدی هەڵساون بۆ هەموو وشەیەك لێیان کۆڵیوەتەوە ڕیشەی لە عەرەبی دا یانی چی؟ بۆ وێنە: هی نووح گوتوویانە: ئەوە لەبەرئەوەی کە زۆر (نَوْح)ی کردوە، زۆر شینو گریانی کردوە، بۆ ئەو خەڵکەی کە دوایی بە تۆفان هەمووی مردوە، لەبەرئەوە خوا ﷻ ناوی لێناوە نووح، هەروەها ناوی پێغەمبەرانی دیکەشو گەلەکانیانو شوێنەکانیشیان بە هەمان شێوە کە ئەوانە هیچیان وانین، چونکە ئەو ناوانە عەجەمیین، هەر خوا دەزانێ بەو زمانانە چ مانایەکیان هەبووە، ئنجا کە دەگوترێ: ناوی عەجەمیی، مانای وایە عەرەبی نەبووە، تا بیبەیەوە سەر ڕەگو ڕیشەیەکی عەرەبیی، دوایی مانایەکی عەرەبیی لێوەربگیرێ، (نووح)یشو (ئیبراهیم)یشو (شوعەیب)یشو ئەو ناوانەی دیکەش هەموویان، وەك: (مووسا)و (عیسا)و (قابیل)و (هابیل)و (هارووت)و (مارووت)و هەموویان پێیان دەگوترێ: ناوی عەجەمییەکان (الأسماء العجمیة)، ئنجا ئایا بۆچی لە قورئاندا ناویان نەهاتوە؟! جاری دیکەش باسمان کردوە، کە لە قورئاندا تەنیا ئەو شتانەی کە تێگەیشتن لە ئایەتەکانو تێگەیشتن لەو بەسەرهاتە، پەکی لەسەری کەوتوە، باس دەکرێ، ئەمما قورئان ناچێت هەموو وردەکارییەکان باس بکات، ئەگەر قورئان وردەکارییەکانی هەموو باس کردبان، گۆچانەکەی حەزرەتی مووسا چەند مەتر بووەو؟ چەند بست بووەو؟ لە چ دارێك بووەو؟ چۆن بووەو؟ کەشتییەکەی نووح چەند قات بووەو؟ چۆن بووەو؟ چەند مەتر بووەو؟ چەند نەفەری سوار بووە؟ ئەوانە هیچ باس ناکات، بەڵکو قورئان دێنێ نێوەرۆکی ئەو بەسەرهاتەو نێوەرۆکی ئەو بابەتە باس دەکات، ئەگەرنا قورئان چەندە، دەبوو سەد هێندەی دیکە بووایە، بەڵام ناوی قابیلو هابیل لە پەیمانی کۆن وەرگیراون، لە (پەیمانی کۆن، سیفری تەکوین ئیصحاح: ٤)[1] لە ژێر ناوونیشانی (تقدمتا قاین وهابیل)دا هاتوە: (وَعَاشَرَ آدَمُ حَوَّاءَ زَوْجَتَهُ فَحَبِلَتْ وَوَلَدَتْ قَايِينَ إِذْ قَالَتْ اقتَنيتُ رَجُلاً مِنْ عِنْدِ الرَّبِّ ثُمَّ عَادَتْ فَوَلَدَتْ أَخَاهُ هَابيل)، واتە: ئادەم لەگەڵ حەووای هاوسەری

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص١٦١.

جووت بوو (سەلامی خوایان لێ بێ)، دووگیان بوو، وە قایینی بوو، حەووا گوتی: لەلایەن پەروەردگارمەوە پیاوێكم پەیدا كرد، (یانی: كوڕێكم بوو)، دوایی دووبارە كە بەیەكەوە جووت بوون، ئەمجارە هابیلی بوو.

كەواتە: لە پەیمانی كۆندا (قایینو هابیل)ن و زانایانی خۆشمان واپێدەچێ هەر لێرە وەریانگرتبێ.

ئنجا كە دەفەرموێ: ئەو بەسەرهاتەیان بە هەق بەسەردا بخوێنەوە، دوو واتای هەن:

<u>مانای یەكەمی</u>: واتە: هەقو حیكمەتی تێدایەو، حیكایەتی بەر ئاگردان نیە، ئەوە نیە هەر قسە بێو گێڕدراوە بێ.

<u>مانای دووەمی</u>: واتە: ڕاستو دروستو واقیعی یەو ڕەمزو هێما نیە، دیارە خوای زاناو شارەزا زانیویەتی هەندێك لە توێژەرەوان گوتوویانە: ئەو بەسەرهاتەو هەندێك لە بەسەرهاتەكانی دیكەی قورئانیش، بەسەرهاتی ڕەمزیین، هێماو مەرج نیە ڕووداوێك بن ڕوویان دابێ، بەڵكو ئەوە وەك ڕەمزو هێمایەكە كە خوای پەروەردگار فەرموویەتی، بەلام وانیە بەسەرهاتەو ڕووشیداوەو واقیعییەو هەقە[1].

<u>**مەسەلەی دووەم**</u>: كە دەفەرموێ: ﴿إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ﴾، كاتێك كە قوربانییەكیان كرد، واتە: هەركامێكیان قوربانییەكی كرد، یەكێكیان قوربانیەكەی لێ وەرگیرا، یەكێكیان لێی وەرنەگیرا، ئایا قوربانییەكە چی بووە؟ ئێمە جار جار هەندێك زانیاری كە لەگەڵ سیاقی

---

١) ژمارەیەك نووسەری عەلمانییو تووشی ئەو جۆرە هەڵەیە بوو ون، كە بێگومان مەگەر لێی پەشێمان بووبنەوە، ئەگەرنا بەهۆیەوە فڕیان بەسەر ئیسلامەوە نامێنێ، بڕوانە: (العلمانيون والقرآن الكريم، تأريخية النص ) د. أحمد إدريس الطعان. المدخل التأريخي (الأسطوري): ص٥٤٧ -٥٨٣، كە ناوی هەركام لە:
(طه حسين و أمين الخولي و محمد أحمد خلف الله و محمد أركون و نصر حامد أبوزيد و هاشم صالح و القمني و خالد السعيداني)ی هێناوە كە هەڵگری ئەو جۆرە بیرۆكەیە بوون، بەلام (طه حسين) دوایی لێی پەشێمان بۆتەوە.

ئایەتەکاندا دەگونجێن‌و دژ ناوەستن، هەندێك وردەکاریی کە لە پەیمانی کۆنداو لە پەیمانی نوێدا هەیە ئیستیفادەیان لێ دەکەین، توێژەرەوانی قورئانیش هەموویان یاخود زۆربەی هەرە زۆریان وایانکردوە، چونکە ئەوە تیشکی زیاتر دەخاتە سەر هەندێك بابەت، ئنجا پێغەمبەریش ﷺ لە فەرمایشتێکدا فەرموویەتی: ﴿حَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلاَ حَرَجَ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بِرقم: (٣٢٧٤) عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَمْرو}، واتە: لە بەنی ئیسرائیلەوە شت بگێڕنەوەو سەغڵەتییتان لەسەر نیە، یانی: ئەوەی کە پێچەوانەی ئایەتەکان نیە، وە لەگەڵ ڕووحی ئیسلام‌و عەقیدەی ئیسلامیی دا دژ ناوەستێ.

لە پەیمانی کۆندا لە (سفر التكوين: الإصحاح: ٤) دەڵێ: (وَكَانَ هَابِيلُ رَاعِياً لِلْغَنَمِ، أمَّا قَايِينُ فَقَد عَمِلَ فِي فَلاَحَةِ الأَرْض، وَحَدَثَ بَعْدَ مُرورِ أَيَّام، أَنْ قَدَّمَ قَايِينُ مِنْ ثِمَارِ الأَرْضِ قُرِبَاناً لِلرَب، وَقَدَّمَ هَابِيلُ أَيضَاً مِن خَيرة أَبكارِ غَنَمِهِ وَأسْمنهَا فَتَقَبَّلَ الرَّبُ قُرِبَاناً هَابِيل وَرَضِيَ عَنْهُ لكِنَّهُ لَمْ يَتَقَبَّل قُرِبَان قَايِين وَلَم يَرضَ عَنْهُ)[1]، واتە: هابیل شوان بوو، (واتە: مەڕدار بوو)، قابیلیش زەوی دەکێڵا‌و جوتیار بوو، دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێك، قابیل لە بەروبوومی زەوی (کە دیارە کشتوکاڵی کردوە، لە تەفسیرەکاندا هاتوە: باقە دانەوێڵەیەکی هێناو تێیگەڕا لە نێو دەغڵەکەی دا کام گوڵە بێ دانە، یان دانەکەی بە کەڵك نایەت، ئنجا گەنم بووە، جۆ بووە، مەرەزە بووە، هەرزن بووە)، باقەیەکی کردە خێرو صەدەقەو قوربانیی، بۆئەوەی پێ لە پەروەردگار خوا نزیك بێتەوە، هابیلیش کە خاوەن مەڕ بوو، ئەویش تێگەڕا لە نۆبەرەی مەڕەکەی کامەیان لە هەموویان قەڵەوترەو چاکترە، یەکێکی کردە قوربانیی، پەروەردگار قوربانیی هابیلی وەرگرت، وە لێی ڕازی بوو، بەڵام قوربانیی قاینی وەرنەگرت‌و لێشی ڕازی نەبوو.

دیارە هابیل کە مەڕدار بووەو کامە مەڕی قەڵەوو چاکە ئەوی کردۆتە خێر، خواش لێی وەرگرتوە، ئینسان شتێك کە پێشکەشی خوای دەکات، دەبێ باش بێ، بەڵام قایین کە جوتیار بووە کام دانەوێڵە خراپە، ئەوەی بۆ خوا کردۆتە خێرو قوربانیی، بۆیە خوای پەروەردگار لێی وەرنەگرتوە.

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص١٧، ١٨.

ئنجا ئایا هۆکاری ئەوە چی بووە کە قوربانییان کردوە؟ لە قورئاندا باس نەکراوەو لە سوننەتی پێغەمبەریشدا ﷺ نەهاتوە، بەڵکو لە قورئانو سوننەتدا هەر باسیش نەکراوە، کە هی یەکێکیان مەڕ بووە، هی یەکێکیان دانەوێڵەو کشتوکاڵ بووە، وە لە پەیمانی کۆنیشدا نەهاتوە، کە لەبەرچی ئەو قوربانییەیان کردوە؟ واپێدەچێ کە تەنیا بۆ لە خوا نزیك بوونەوە ئەو قوربانییەیان کردبێ، بەڵام لە تەفسیرەکاندا بۆ وێنە: خاوەنی تەفسیری (التفسیر الكبیر)[1]دا ئەوە دەگێڕێتەوە، کە: حەووا هەر سکەی دووانەی دەبوو، کوڕێك و کچێك، وە دووانەی سکی پێشوو، بۆیان هەبوو لەگەڵ دووانەی سکی دوایی دا هاوسەرگیریی بکەن، واتە ئەو کوڕو کچەی کە پێشێ بوونو خوشكو بران، بۆیان نەبوو لەگەڵ یەکدیدا هاوسەرگیریی بکەن، چونکە هیچ بەشەری دیکە لەسەر زەوی نەبوون، ئەدی چۆن وەچە پەیدابێ؟ بۆیە لەگەڵ دووانەی سکی دواییدا خوشکەکانیان دەدا بەیەکدی، وەك دەڵێ: ژن بە ژنیان پێ دەکردن، ئنجا دەڵێ: خوشکەکەی قایین (لە تەفسیرەکاندا ناوەکەشی هێناوە) زۆر جوان بوو، وە خوشکەکەی هابیل ناشیرین بوو، دەبوو بشیاندەن بە یەکدی، چونکە هیچ کامیان خوشکەکەی بۆ خۆی نەدەشیا، بۆیەش هی ئەو سکەی دیکە بۆ ئەوسکە دەشیا، چونکە هیچ بەشەری دیکە لەسەر زەوی نەبوون، چونکە یەکێك بۆی هەیە بڵێ: چۆن ئەوە دەبێ، خۆ هەر هی بابو دایکێك بوون، دەڵێین: بەڵێ، بەڵام هیچ چاری دیکە نەبوو، ئنجا قابیل ڕازی نەبوو خوشکە جوانەکەی خۆی بدا بە هابیلو گوتی: دەبێ بۆخۆم بێ، ئادەمو حەوواش سەلامی خوایان لێ بێ گوتیان: ڕۆڵە پێت ناشێ بە پێی شەریعەتی خواو، سەرەنجام بووە مشتومڕیان، ئنجا ئادەم پێی گوت: باشە قوربانیی بکەن، کامەتان قوربانییەکەی وەرگیرا، با خوشکە جوانەکە بۆ وی بێ، کە قوربانییەکەیان کردوە، دیارە قوربانیی هابیل وەرگیراوە، ئنجا هەرچی بووبێ، مەڕ بووبێ، وەك لە پەیمانی کۆندا دەڵێ، یان هەر شتێك بووبێ، قوربانییەکەی وەرگیراوەو، قوربانیی قایین یان قابیلیش وەرنەگیراوە، ئیدی سەرەنجام وەك شەریعەتەکە بڕیاری داوە، بەو شێوەیە بووەو، ئەو خوشکە جوانە بۆ ئەو بووە، دیارە ئەویش لەسەر ئەوە حەسوودیی پێ بردوە.

---

١) ج١١، ص١٧٤، ١٧٥.

ئنجا ئایا چۆنیان زانیوە ئەو قوربانییە قبوول بووە، یان قبوول نەبووە؟ نیشانەی قبوولّ کرانی قوربانییەکە چی بووە؟ زانایان دوو ڕایان هەن:

ڕای یەکەم: زۆربەی هەرە زۆریان دەڵێن: نیشانەکەی ئەوە بووە، ئەگەر قوربانییەکە وەرگیرابێ، ئاگرێك هاتۆتە خوارو سوتاندوویەتی، وەك لە تەفسیری سورەتی (آل عمران)دا باسمان کرد، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيۡنَآ أَلَّا نُؤۡمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأۡتِيَنَا بِقُرۡبَانٖ تَأۡكُلُهُ ٱلنَّارُۗ قُلۡ قَدۡ جَآءَكُمۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِي بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَبِٱلَّذِي قُلۡتُمۡ فَلِمَ قَتَلۡتُمُوهُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٨٣ ﴾، واتە: ئەوانەی گوتیان: ئێمە خوا ڕایسپاردووین، بڕوا بە هیچ پێغەمبەرێك نەهێنین، هەتا قوربانییەکیان بۆ نەکات کە ئاگر بێ بیسوتێنێ، لەبەرچاوی ئێمە، (خوا ﷻ دەفەرموێ:) بڵێ: لە پێش مندا پێغەمبەرانێك هاتن بە بەڵگە ئاشکراکانەوەو بەوەش کە گوتتان (واتە: قوربانییەك ئاگر بیسووتێنێ) ئەدی بۆچی هەر کوشتیشتانن؟ ئەگەر ڕاست دەکەن؟! وە ئێمە لەوێ باسمان کردوە کە چۆن لە سەردەمی سولەیماندا، وە لە سەردەمی هەندێك لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلدا، قوربانییان کردووە ئاگر لە پێش چاوی هەمووان هاتۆتە خوارێ و ئەو قوربانییەی سوتاندووە، بۆتە خۆڵەمێش، ئەوە نیشانەی ئەوە بووە کە قبوول کراوە، ئنجا زۆربەی زانایان ڕایان وایە کە نیشانەی قبووڵکرانی قوربانییەکە، ئەوە بووە کە ئاگر بێتە خوارێ و بیسووتێنێ.

ڕای دووەم: موجاهید ڕایەکی پێچەوانەی هەیە، دەڵێ: نیشانەی وەرنەگیرانی قوربانییەکە ئەوەبووە کە ئاگر بیسووتێنێ.

بەڵام دیارە ڕای زۆربەیان ڕاستترە، وە ئایەتەکەی (آل عمران)یش بەڵگەیەتی، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰ يَأۡتِيَنَا بِقُرۡبَانٖ تَأۡكُلُهُ ٱلنَّارُ ﴾، واتە: قوربانییەك کە ئاگر بیخواو بیسووتێنێ، مانای وایە قبوول کراوە، کەواتە: نیشانەی قبووڵکرانی قوربانییەکان ئەوەبووەو ئەگەر وابێ و ئەوەی پەیمانی کۆن ڕاست بێ، دەبێ ئاگر لە ئاسمان هاتبێتە خوارو مەڕەکەی هابیلی سووتاندبێ و، باقە

دانەوێڵەکەی قابیلیش هەر لەوێ بووە نەیسوتاندوە، مانای وایە قبوولْ نەکراوە، یاخود نیشانەیەکی دیکە هەبووە، خوای پەروەردگار بە وەحی بە ئادەمی گوتوە، کە ئەوە قوربانیی هابیلم قبولْ کردوەو، قوربانیی قابیلیشم قبوولْ نەکردوە.

**مەسەلەی سێیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾، واتە: ئەوە کە قوربانییەکەی وەرنەگیرابوو بەوەی دیکەی گوت: بە تەئکید دەتکوژم، ئەویش گوتی: بێگومان خوا تەنیا لە پارێزکاران قبوولْ دەکات، یەکێك بۆی هەیە بلێ: ئەوە کەی وەڵامی ئەو قسەیەیە؟ ئەو دەڵێ: دەتکوژم، ئەویش دەڵێ: بێگومان خوا لە پارێزکاران قبوولْ دەکات، ئەو کە گوتوویەتی دەتکوژم، دیارە بە هۆی حەسوودییەوەیەو لەبەر ئەوەی قوربانییەکەی قبوولْ نەکراوە حەسوودیی پێ بردوە، حەسەد پاڵی پێوەناوە کە بیکوژێ‌و هەڕەشەی لێ بکات، بەڵام ئەو وەڵامە گونجاو نیە لەگەلْ ئەو هەڕەشەیەی ئەودا کە بلێ: خوا تەنیا لە پارێزکاران وەردەگرێ؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، ئەوە وەڵامێکی پڕ بە پێستە، بەڵام قورئان بە کورتی شت دەفەرموێ، ناچێ هەموو وردەکارییەکان باس بکات، درێژەی وتووێژەکەیان ئاوایە قابیل گوتوویەتی: دەتکوژم، هابیلیش گوتوویەتی: بۆچی دەمکوژی؟ قابیل گوتوویەتی: ئەدی بۆچی قوربانیی تۆ وەرگیرا، هی من وەرنەگیرا؟! (هابیل)یش گوتوویەتی: لەبەرئەوە هی تۆ وەرنەگیراوە، کە تۆ پارێزکارنی، کەواتە: خوای پەروەردگار ئەوەی کە (بيت القصيد)و ئامانجی وتووێژەکەیە هێناویەتی‌و ئەوەی دیکەی لێ قرتاندوە، وە ڕوویەکی گرنگی ڕەوانبێژیی قورئان ئەوەیە کە بە کورتیی مەبەستەکان دەفەرموێ، دیارە کاتێك قسە کورت دەکرێتەوە، کە ئەوەی سیاق دەلالەتی لەسەر دەکاو درێژەو وردەکارییە، بیقرتێنی، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾، ئەوە بەڕاستیی دەبێ هەڵوەستەی لە بەرانبەردا بکەین، چونکە (إنَّما) ئامرازی کورت هەڵهێنان‌و چەسپاندن (أداة الحصر والإثبات)ە، واتە: بێگومان خوا بەس لە پارێزکاران قبوولْ دەکات‌و ئەوی پارێزکار نەبێ، کردەوەکەی بەسەردا دەدرێتەوە، پارێزکاریش دەبێ خۆی لە دوو شتی سەرەکی بپارێزێ:

١/ لە شیركو ڕیابازیی، واتە: لە كردەوەكەیدا خۆی بۆ خوا ساغ بكاتەوەو نیەتەكەی بۆ خوا بێ، مەبەستی پێی لە خوا نزیكبوونەوە بێ.

٢/ كردەوەكەی بەپێی شەرع بێو مۆری شەرعی پێوەبێ، واتە: هەردووك مۆری ئیخلاصو شوێنكەوتنی پێوەبن، دیارە هەر كەسێك خۆی لە شیركو ڕیا نەپارێزێ، مانای وایە ئیخلاصی نیە، وە هەر كەسێك خۆی لە لادان لە شەریعەت نەپارێزێ، مانای وایە پابەندییو شوێنكەوتن (إتباع)ی نیە، كردەوەیەكیش ئەو دوو مەرجەی تێدا نەبن، وەرناگیرێ، كەواتە: گرنگ تەنیا كردەوە نیە، بەڵكو گرنگ ئەوەیە كە ئەو كردەوەیە بە شێوەیەك بێ قبووڵ بێ، كاتێكیش كردەوە قبووڵ دەبێ، كە بەپێی شەرع بێو بۆ خوا بێ، وە دیارە بێجگە لە خواش هیچ كەس بە مسۆگەریی نازانێ داخۆ ئەو كردەوەیە قبووڵ بووە، یان نا؟ لەبەرچی؟ لە سۆنگەی ئەوەوە كە تەقوا پەنهانە، دوو مەرجەكەیشی یەكێكیان دیارە بەپێی شەرع بوون، ئەوە دیارە، بەڵام ئیخلاصەكە بۆ خوا، پەنهانە، وە خوا كە لێرەدا لەسەر زمانی ئەو كوڕە صالحە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾، دوایی خوا ﷻ بۆخۆی ڕوونی دەكاتەوە، كە تەنیا خوا بە تەقوا زانایە، دەفەرمووێ: ﴿...فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمْۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾﴾النجم، خۆتان چاك مەكەن، (واتە: خۆتان پاكو چاك پێشان مەدەن بە قسە)، خوا زاناترە بەوەی كێ پارێز دەكات.

كەواتە: خۆ بە قسە چاكو پاك پێشاندان خراپە، بەڵام خۆ پاكو چاك كردن بە كردەوە، زۆر پەسندە، خوا دەفەرمووێ: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾﴾الأعلى، ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾﴾الشمس، ئەوە بە كردەوە، بەڵام بە قسە خراپە، یانی: تەزكییە لە قورئاندا لە شوێنێكدا نەهی لێكراوەو لە شوێنێكدا فەرمانی پێكراوە، نەهی لێكراوە، ئەگەر هەر بە قسە بێ، وە فەرمانی پێكراوە، ئەگەر بە كردەوە بێ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێكی صەحیح دا باسی تەقوای كردووە، فەرموویەتی: ﴿اَلتَّقْوَى هَا هُنَا، وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلَاثَ مِرَارٍ﴾{أَخْرَجَهُ أَحْمَد

برقم: (٧٧١٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٤٨٧)}، واتە: تەقوا لێرە دایە، تەقوا لێرە دایە، تەقوا لێرە دایە، ئاماژەی بۆ سینگی موبارەکی کرد، واتە ڕیشەی تەقواو بناغەی تەقوا سەرچاوەی لێرەدایە، بەلاّم شوێنەوارەکانی تەقواو بەرهەمەکانی تەقوا دەردەکەون، کەواتە: کاتێك قابیل بە هابیل دەڵێ: دەتکوژم، ئەویش لە وەلاّمی دا دەڵێ: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴾، واتە هۆکارو پاڵنەری کوشتنەکەی تۆ بۆ من حەسوودییە، حەسوودییەکەشت لەبەرئەوەیە کە قوربانییەکەت قبووڵ نەکراوە چونکە تۆ پارێزکارنی، کەواتە: لە جیاتی ئەوەی من بکوژی دەبوو خۆت چاك بکەی، ئنجا بۆ زانیارییتان، یەکەم دوو گوناهێك کە لە ئاسمانو لەسەر زەوی کراون، هاندەرەکەیان حەسوودیی بووە، ئیبلیس حەسوودیی بە ئادەم برد، کە خوا ڕێزی لە ئادەم گرتوو کردی بە جێنشینی خۆیو بە فریشتەکانی فەرموو: سەجدەی بۆ بەرنو هەموو سەجدەیان برد، واتە: سەجدەی ڕێزگرتن جگە لە ئیبلیس، کە حەسوودیی پێ برد، بە بەڵگەی ئەوە کە دەڵێ: ﴿ قَالَ أَرَءَيۡتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِي كَرَّمۡتَ عَلَيَّ لَئِنۡ أَخَّرۡتَنِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَأَحۡتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٦٢﴾﴾الإسراء، واتە: (ئیبلیس) گوتی: ئەوە دەبینی کە بەسەر مندا ڕێزت لێناوە! مانای وایە حەسوودیی پێبردوە، وە لەسەر زەویش یەکەمین گوناهێك کە کراوە، قەتلّ بوو، ئەویش هەر بە هاندەری حەسوودیی، کە دیارە کوڕە خراپەکەی ئادەم حەسوودیی بە کوڕە باشەکەی دەبات، لەبەرئەوەی قوربانییەکەی وەرنەگیراوە.

**مەسەلەی چوارەم:** کە هابیل، (واتە: کوڕە باشەکە) دەڵێ: ﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، لێرەدا نوقتەیەکی ڕەوانبێژیی تێدایە، بۆ وی دەڵێ: ﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ ﴾، بە (فعل) دەیهێنێ، ئەگەر تۆ دەستدرێژ بکەی بۆ من، بۆئەوەی بمکوژی، هی خۆی بە (إسم فاعل) دێنێ، ﴿ مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَ ﴾، دەڵێ: (لِتَأْكِيدِ النَّفِي وَأَنَّهُ لايَفْعَلُ مَا يَكْتَسِبُ به هَذَا الوَصْفُ الشَّنِيع) یانی بۆ تەئکیدکردنەوەیە، کە من

ئـەو وەصـفە لەخۆمـدا ناهێنمـە دیو خـۆم بـە شایسـتەی ئـەوە نـازانم سـیفەتی دەسـتـدرێژکردن بۆ ڕشتنی خوێنی بە ناهەق لەخۆمـدا بێنمـە دی.

ئنجـا لێرەدا ئیشکالێك دروسـت دەبـێ، ئایا ئەگـەر کەسێك هەڕەشـەی کوشـتن لـە تۆ بکات، شـەریعەت فـەرمانت پـێ دەکـات ملـی بـۆ ڕاگـری‌و بڵـێی: فـەرموو بمکـوژە؟! عـەقڵ ئـەوە قبـووڵ ناکـات، وە شـەریعەتی خـوای پـەروەردگاریش بـە پێـی عـەقڵ‌و فیطرەتـی ئینسـانان هـاتوە، کەواتـە: ئەگـەر بگـوترێ: وەك هەنـدێك لـە توێـژەرەوانی قورئـان گوتوویـانە ئـەوە جیـاوازیی شـەریعەتەکانە، واتـە: لـە شـەریعەتی ئێمـەدا بەڵـێ دروسـت نیە، مل بۆ بکـوژ ڕاگری، چەقۆی پێدابێنـی‌و بتکوژێ، بەڵکو دەبـێ بـەرگریی لـە خـۆت بکـەی، بـەڵام ڕەنگـە لـە شـەریعەتی ئـادەمدا ئـەوە دەرفـەتی بووبـێ؟

دەڵێم: نەخێر، چونکە هەموو شـەریعەتەکانی خـوا لەگەڵ فیطـرەتی ئینسـاندا دەگونجێن، عەقڵ‌و فیطرەتی ساغیش خـوازیـاری ئەوەن کە ئینسـان بۆخـۆی مـل بـۆ چـەقۆ ڕانەگـرێ‌و دەبـێ بەرگریی لە خۆی بکات، ئەدی یـانی چـی کـە لێـرەدا دەڵـێ: ئەگەر تۆ دەستم بۆ درێژبکەی بۆ کوشتنم، من دەست درێژ ناکـەم بۆ کوشـتنی تۆ؟

بۆ ئەم پرسـیارە، سـێ وەڵام هـەن:

یەك: یانی ئەگەر تۆ دەستپێشـخەری کوشـتنی من بی، مـن دەستپێشـخەری کوشـتنی تۆ نابم، بەڵام ئەوە مانای وانیـە کە من بەرگریـی لە خۆم ناکـەم.

دوو: ویستوویەتی ئامۆژگـاریی بکـات کـە بیسـڵەمێنێتەوە لـە قـەتڵ، واتـە: تەنـانەت ئەگـەر تـۆش بتـەوێ بمکـوژی، مـن تـۆ ناکـوژم، واتـە: کوشـتن هێنـدە شـتێکی خراپـە لـە بەرانبـەر کوشـتنی تۆشـدا مـن هـەوڵنادەم بتکـوژم، نـەك هـەر لـە سـەرەتاوە دەستپێشخەریی بکـەم بۆ کوشـتن.

سـێ: کەسـێك بویسـترێ بکـوژرێ، دروسـتە خـۆی بـە دەسـتەوە بـدات، هەنـدێك وایانـگوتوە، وەك عوسمانی کوڕی عەففـان خـوا لـێی ڕازی بـێ، کەسێك بزانـێ یـان دەبـێ بەرانبەرەکەی بکـوژێ، یـان ئـەو بکوژرێ، دروسـتە کـەس نەکـوژێ‌و خۆی بە کوشت بدات، عوسمان خـوا لـێی ڕازی بێ وایکـردوە، کـە مـن ئـەوەم پـێ ڕاسـت نیـە، وە عوسـمان خەلیفـەی سـێیەم، خـوا لـێی ڕازی بـێ، بۆیـە

وایکرد، چونکە دەیزانی لە بەرگریی کردنو بەرهەڵستیی کردنەکەدا خوێنێکی زۆر دەڕژێو ئەویش هەر دەکوژرێ، لەبەرئەوە گوتوویەتی: با خوێن کەمتر بڕژێ، ئەگەرنا ئەگەر ئومێدی ئەوە بووایەو زانیبای هێزێکی وای بە دەورەوە هەیە کە دەتوانن ئەو ئاژاوەچییانە دوور بخەنەوەو، لە کوڵی بکەنەوە، پێموانیە گوتبای: دەست مەکەنەوە، بەلاَم زانیویەتی شەڕێکی بێ ئەنجامەو دواییش هەر دەیکوژنو، خەڵکێکیش دەکوژرێ، گوتوویەتی: با هەر من ببمە بەلاَ گێڕەوەی ئەو خەڵکە.

کەواتە: قسەی ڕاست بۆ وەلاَمی ئەو ئیشکالە ئەوەیە کە هابیل نەیگوتوە من بەرگریی لە خۆم ناکەم، بەڵکو گوتوویەتی دەستپێشخەری کوشتنت نابم، وە ئایەتەکەش ئاوا دەفەرموێ: ﴿ مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَ ﴾، ئیدی نەیگوتوە من هیچ ناکەمو بەرگریی لەخۆم ناکەمو لە کوڵ خۆمت ناکەمەوە.

ئنجا ئایا چۆنی کوشتوە؟ دیسان توێژەرەوان زۆر شتیان گوتوە، لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: خەوتبوو، غافڵ گیریی کردو لێی دەخەفتا، ئنجا کوشتی، ئایا بەردێکی بەسەری داداوە؟ لە تەفسیرەکاندا بە پێی خەیاڵی خۆیان چەند شتێکیان گوتوە، بەلاَم لە قورئاندا درێژەکەی باس نەکراوەو، لە سوننەتیشدا نەهاتوە، گرنگ ئەوەیە دەبێ ئاگاداری خۆی نەبووبێ کە کوشتوویەتی، ئەگەرنا بەرەو ڕووی چووبایە کە بیکوژێ، لە کوڵ خۆی دەکردەوەو خوای بەرزو مەزنیش شتێکی لەوبارەوە باس دەکرد، شەڕێك، دەستەویەخەبوونێك، بەلاَم دیارە ڕاست باسی کوشتنەکەی دەکات بۆیە وا پێدەچێ بە غافڵگیریی کردبێتی، یان لە کاتی خەوتندا بووبێ، ئنجا لەوبارەوە کە ئەگەر ئینسان بزانێت ئاژاوەو فیتنەیەو خەڵك کوشتنەو واباشە نەبێتە هۆکاری خوێن ڕێژیی ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ بُسْرِ بْنِ سَعِيدٍ أَنَّ سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ قَالَ: عِنْدَ فِتْنَةِ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، أَشْهَدُ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: (إِنَّهَا سَتَكُونُ فِتْنَةٌ، الْقَاعِدُ فِيهَا خَيْرٌ مِنَ الْقَائِمِ، وَالْقَائِمُ خَيْرٌ مِنَ الْمَاشِي، وَالْمَاشِي خَيْرٌ مِنَ السَّاعِي)، قَالَ: أَفَرَأَيْتَ إِنْ دَخَلَ عَلَيَّ بَيْتِي فَبَسَطَ يَدَهُ إِلَيَّ لِيَقْتُلَنِي؟ قَالَ: (كُنْ كَابْنِ آدَمَ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (١٦٠٩)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٤٢٥٦)، وَالتِّرمِذِيَّ بِرقم: (٢١٩٤) وَقَالَ: حَسَنٌ، وَأَبُو يَعلى بِرقم: (٧٥٠)، وَالحَاكِمُ بِرقم:

(٨٣٦٢) عَنْ سَعد بن مالكٍ، وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ مُسْلِمٍ قال الشيخ الألباني: صحيح، انظر حديث رقم: (٢٤٣١) في صحيح الجامع}، واته: بوسری کوڕی سەعید لە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصەوە خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە کە لە کاتی ئەو ئاژاوەیەی کە عوسمان تێیدا شەهید کرا خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی شایەدیی دەدەم کە پێغەبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: شەڕو کوشتارو ئاژاوەیەك دەبێ، دانیشتوو باشترە لە هەڵساو، هەڵساو باشترە لە ڕۆیشتوو، ڕۆیشتوو باشترە لەوەی کە بەپەلە دەڕوات، یاخود هەوڵی تێدا دەدات، (واتە: ئینسان خۆی لێ دوورە پەرێز بگرێ باشترە، دیارە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص خوا لێی ڕازی بێ لە کاتی ئەو کێشەو شەڕەی نێوان عەلیو موعاویەشدا کە عەلی لەسەر هەق بووە، خوا لێی ڕازی بێ، وە موعاویە ناهەق بووە خوا عەفوی بکات، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص هەر کەنارگیر بووە، دوورە پەرێز بووە هەرچەندە ئەگەر پشتی عەلی گرتبایە باشتر بوو، لە بەرانبەر موعاویەدا کە هەڵوێستەکەی هەڵە بوو، بەڵام بەهەرحاڵ وادیارە ئەو فەرمایشتە زۆر کاریگەریی لەسەری هەبووەو لەوێشدا هەر کەنارگیرو دوورەپەرێز بووە، ئنجا دەڵێ) یەکێك لە پێغەمبەری ﷺ پرسی: ئەگەر کەسێك لێم وەژوورکەوتو دەستی درێژ کرد کە بمکوژێ، هەڵوێستم چی بێ؟ فەرمووی: وەك کوڕەکەی ئادەم بە، (واتە: وەك کوڕە باشەکە، کوڕە صاڵحەکە کە گوتی: من ئامادەنیم بەرانبەرەکەم بکوژم، ئامادەنیم ئەوەی دەستم بۆ درێژ دەکات بیکوژم).

هەڵبەتە ئەوەش شوێنی خۆی هەیە، ئەویش لە کاتێکدا کە فەرمایشتەکە ڕاست بێ، ئەگەرنا ئەگەر بێو بیکەینە بنچینە، هەر کەسێ ویستی خەڵکی بکوژێ، هەموویان بڵێن: من وەك کوڕە باشەکەی ئادەم دەبمو تۆ ناکوژم، بێگومان ئەوە هاندانی خەڵکە لەسەر خەڵك کوشتنو خوێنڕێژییو لەسەر زوڵمو ستەم، بۆیە ئەم فەرموودەیە دەبێ شوێنی تایبەتی خۆی هەبێ، لە کاتێکدا کە دەزانێ وەك عوسمان خوا لێی ڕازی بێ، ئەو دەستکردنەوەو بەرگریی لە خۆکردنە سوودێکی نیە، وە خوێنی زیاتر دەڕژێ، لەو کاتەدا شەریعەت ڕێگای داوە، کە تۆ دەستەوکەر نەکەیو بەرگریی لە خۆت نەکەی، تاکو خوێنی کەمتر بڕژێ، ئەو فەرمایشتە بۆ شوێنێکی وایە، نەك وەك بنچینەیەکی گشتی خەڵك بیەوێ یەکدی بکوژێ،

ئەوانیش بڵێن: با وەك كوڕە باشەكەی ئادەم بین، دەست نەكەینەوە، وە سەرەنجام ئەوانەی كە چاویان لە خوێنڕێژیی‌و زوڵم‌و ستەمە، ڕێیان بۆ تەخت بێ، وە ئەو خەڵكەیان وەك نێچیرێكی تووك نەرم بكەوێتە بەرپەل، كە دیارە هیچ دڕندەیەكیش لە نێچیری تووك نەرم‌و لە نێچیری ئاسان ناسڵەمێتەوە!!.

**مەسەلەی پێنجەم:** كە كوڕە باشەكەی ئادەم (هابیل) دەڵێ: ﴿ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ فَتَكُونَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، من دەمەوێ گوناهی من‌و گوناهی خۆشت لەگەڵ خۆت بەریەوە (بۆ قیامەت بۆ لای خوا)، وە سەرەنجام ببی بە هاوەڵی دۆزەخ (یان خاوەنی دۆزەخ)، وە ئەوەش سزای ستەمكارانە.

دوو ئیشكال، یان دوو پرسیار لێرەدا هەن:

یەكەمیان: كە دەڵێ: ﴿ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ ﴾، چۆن دەبێ ئینسانی مسوڵمان پێی خۆش بێ‌و بیەوێ بەرانبەرەكەی گوناهبار ببێ، وە سەرەنجام بچێتە دۆزەخ؟

ئەم پرسیارە دوو وەڵامی هەن:

١- من ئەگەر هەر ناچاربم تۆ گوناهباربی، یان بۆخۆم، تۆ گوناهباربی بە كوشتنم، یان من گوناهباربم بە كوشتنت، دیارە یەكەمیان هەڵدەبژێرم، تۆ گوناهباربی، نەك من گوناهباربم، تۆ خوێنی منت بكەوێتە ئەستۆ، نەك من خوێنی تۆم بكەوێتە ئەستۆ.

٢- دەمەوێ تۆ سزای كوشتنمت بچێتە ئەستۆ، نەك سزای كوشتنی تۆ بچێتە ئەستۆی من.

دووەمیان: كە دەڵێ: ﴿بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ ﴾، گوناهی من‌و گوناهی خۆت، گوناهی بەرانبەرەكەی كە ئەو دەكوژێ، دیارە، ئەدی گوناهی وی كە كوژراوە چییەو بۆچی دەچێتە ئەستۆی؟ زانایان سێ وەڵامیان داونەوە:

١) گوناهی كوشتنی منو گوناهی پێشووی خۆت، حەتمەن دیارە پێشتریش گوناهی بوو ون، كە ئێستا لەسەر ئەوەی قوربانییەكەی قبوول نەكراوە، ئامادەبێ برایەكی بكوژێ، دیارە گوناهی دیكەشی بوو ون، واتە: ئەو گوناهەمت بچێتە ئەستۆ، لەگەڵ گوناهەكانی پێشووی خۆشت.

٢) گوناهی كوشتنی منو گوناهی وەرنەگیرانی قوربانییەكەت، چونكە ئینسان شتێك بۆ خوا بكاتو خوا وەری نەگرێ، مانای وایە گوناهبارە.

٣)- گوناهی كوشتنی من كە گوناهی خۆتە، وە گوناهەكانی من كە لە قیامەت هەڵدەدرێنە سەر گوناهەكانت، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: (أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ)؟ قَالُوا: الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لاَ دِرْهَمَ لَهُ، وَلاَ مَتَاعَ، فَقَالَ: إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلاَةٍ، وَصِيَامٍ، وَزَكَاةٍ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا، وَقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا، وَسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فَيُعْطَي هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ، قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨٣٩٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٥٢٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٤١٨)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالطَّبَرَانِيُّ في (الأوسط) برقم: (٢٧٧٨)}، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئایا دەزانن مایەپووچ، قەڵۆش، (ئەوەی كە هیچی بەدەستەوە نەماوە) كێیە؟ گوتیان: مایە پووچ لەلای ئێمە كەسێكە، نە زیوی هەبێ، (نە پارەو سامانی هەبێ)، وە نە كەلوپەلی هەبێ، فەرمووی: مایەپووچ لە ئۆممەتی من كەسێكە لە ڕۆژی قیامەت دێ: نوێژی پێیە، ڕۆژووی پێیە، زەكاتو صەدەقەی پێیە، بەڵام دێت جنێوی بەو داوە، ماڵی ئەوی خواردوە، خوێنی ئەوی ڕشتوە، لەوی داوە، ئنجا لە چاكەكانی دەدرێ بەو خاوەن هەقانە تاكو كە هیچ چاكەی نەمان، ئنجا لە گوناهی خاوەن هەقەكان هەڵدەدرێتە سەر وىو بە گوناهەوە فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخ، (ئەوە موفلیسە) كەواتە: ئەو مانایەشی لێ وەردەگیرێ.

ئنجا لەوبارەوە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەریش ﷺ هەیە كە دەفەرموێ: ﴿إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا، فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِي النَّارِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ هذَا

الْقَاتِلُ فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ؟ قَالَ: إِنَّهُ كَانَ حَرِيصًا عَلَى قَتْلِ صَاحِبِهِ﴾ {مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: الْبُخَارِيُّ (٣١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧١٨١) عَنِ أَبُو بَكْرَةَ} واتە: هەر کاتێك دوو مسولْمان بە شمشێرەکانیان، (واتە: بە چەکەکانیان) پێکگەیشتن، بکوژو کوژراو هەردووکیان لە ئاگردان، (ڕاوی دەڵێ:) لێمپرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوە بکوژ بکوژە، ئەدی کوژراو (بۆچی دەچێتە دۆزەخ)؟ فەرمووی: چونکە ئەویش سوور بووە لەسەر کوشتنی هاوەڵەکەی، (بەڵام یەکیان دەستی خۆی پێشخستوە، دەنا ئەوی دیکەش ویستوویەتی، هەمان تاوان بکات).

کەواتە لێرەدا کە دەفەرموێ: (إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا) واتە: هەردووکیان دەیانەوێ یەکدی بکوژن بە ناهەق، کەواتە: ئەویان کە بکوژە، ئەوە هەم نیەتی هەبووە، هەم کردەوەی هەبووە، ئەوی دیکەیان کردەوەی نەبووە، بەڵام نیەتی هەبووە، (إِنَّهُ كَانَ حَرِيصًا) ئەویش سوور بووە، ئەگەر بۆی کرابا دەستی خۆی پێش دەخستو ئەوی دەکوشت.

کەواتە، کە هابیل گوتوویەتی: ﴿بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ﴾، یانی گوناهی ئەوە کە ئەوی کوشتوە، وە گوناهی ئەوەش کە بەرانبەرەکەی نەیویستوە بیکوژێ، کەچی هەر کوشتوشیەتی.

<u>**مەسەلەی شەشەم**</u>: کە دەفەرموێ: ﴿فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾، نەفسی کوشتنی برایەکەی بۆ ئاسان کرد، بۆی جوان کردو هانیداو کوشتیو لە زیانباران بوو.

سێ هەڵوەستە لە بەرانبەر ئەم ڕستە قورئانییەدا دەکەین، کە پێشتریش ئاماژەیەکم پێدا:

١/ ڕیشەی هەموو خراپەو گوناهەکان لە دڵو دەروونداییە، بۆیە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الشمس)دا دەفەرموێ: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾، واتە: سوێند بە نەفسو بەوەی کە ڕێکی خستوەو دروستی کردوە، خراپەکاریو پارێزکاریی فێرکردوە، بە تەئکید سەرفرازە کەسێك کە نەفسی

خۆی پاكو چاك كردوە، وە بەدبەختو پەشێمانە، ئەو كەسەی كە نەفسی خۆی بن گوناهان خستوە.

بەڕێزان !

لەڕاستیدا بناغەی چاك بوونی ئینسان لە دڵەوەیە، وە بناغەی خراپبوونیشی هەر لە دڵەوەیە، بۆیە خوا لە سوورەتی (الأنعام)یشدا دەفەرموێ: ﴿ وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ ... ﴿١٢٠﴾ ﴾، واتە: واز لە گوناهی ئاشكراو گوناهی پەنهان بێنن، گوناهی پەنهان بێگومان ڕەگو ڕیشەی گوناهە ئاشكرایەكانیشە.

٢/ ئنجا وەك دەروونناسانیش دەڵێن: هەموو هەڵسوكەوتێك ڕیشەیەكی فیكریی هەیە، هەموو تەصەڕروفێك ڕیشەیەكی تەصەووری هەیە، وە ئەوە كە دەفەرموێ: ﴿ فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ ﴾، ئەوەی لێ وەردەگیرێ كە نەفسی بەشەر پلە پلە لەسەر چاكەو خراپە ڕادێو یەك تەكان نیە، هەروەك جەستەی بەشەریش هەر وایە، بۆ وێنە: كەسێك بیەوێ مەشقی كاراتە یان كۆنفۆ، یان جومناستیك بكات، یەك تەكان فێرنابێ، بەڵكو بە پلە پلە، نەفسیش هەروایە، وەك چۆن جەستە وردە وردە ڕادێ، نەفسی بەشەریش هەم بۆ چاكە، هەم بۆ خراپە، وردە وردە ڕادێ.

٣/ كە دەفەرموێ: ﴿ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴾، هەندێكیان گوتوویانە مەبەست لە: ﴿ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴾، چونكە (أصبح) یانی: چووە نێو بەرەبەیانەوە، مانا ڕواڵەتییەكەی وایە، گوتوویانە: دیارە بە شەوێ كوشتوویەتیو ئەوە بەڵگەیە لەسەر شەوكوژكردنی قابیل بۆ هابیلو، كە ڕۆژ بۆتەوە بووە بە زیانبارو چۆتە ڕیزی زیانبارانەوە، ئێمەش دەڵێین: وانیە، چونكە لە زمانی عەرەبیدا (أصبح، بات) یانی: بوو، بەڵێ (بات) جاری وایە بۆ مانای شتێك كە لە شەوێدا دەكرێ، بەكاردێ، بەڵام لێرەدا ئەوەی لێ وەرناگیرێ، هەركام لە: (أصبح) وە (بات) بە مانای موتڵەقی بوونی شتێكیش دێن، وە مەرج نیە كە فەرموویەتی: (أصبح) لە ڕۆژێ دابێو كە گوتی: (بات) لە شەوێ دابێ.

**مەسەلەی حەوتەم**: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِ ﴾، خوا قەلەڕەشەیەکی نارد زەوی دەکۆڵی، تاکو پێشانیدا چۆن تەرمی برایەکەی بشارێتەوە.

لێرەدا چەند شتێك ڕوون دەکەینەوە:

١) خوا لە ڕێگای باڵندەو زیندەوەرو ژیاندارانەوە، مرۆڤی فێری زۆر شت کردوە، ئەمە ئاماژەیە بەو ڕاستییە، وە لە زۆر بواری جۆراو جۆری زانستو تەکنۆلۆژیادا بەشەر بە لاساییکردنەوەی باڵندەو ئاژەڵو پەڕەوورو زیندەوەران، زۆر شت فێربووە، ئەم ئایەتە ئاماژەیە بەوە کە ئەی بەشەر! دەتوانن لە ئاژەڵو پەڕەورو باڵندەو دڕندەو، هەتا لە زیندەوەرانیشەوە، فێری زۆر شت ببن.

٢) بۆچی خوا لێرەدا باسی قەلەڕەشەی کردوە، یاخود بۆچی قەلەڕەشە ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە؟ من زۆر تەماشای تەفسیرەکانم کردوە، هەر یەکە شتێکیان باس کردوە، بەڵام پێموایە دەتوانین بڵێین: سێ هۆکار هەن کە قەلەڕەشە ئەو ڕۆڵەی پێ سپێردراوە:

أ- قەلەڕەشە باڵندەیەکی نزمو پەستە لە چاو زۆربەی باڵندەکانی دیکەدا، کۆتر ڕەمزی ئاشتییەو شتێکی جوانە، طاووس مەلێکی جوانە، قازو مراوی باڵندەیەکی جوانو گەورەن، بەڵام قەلەڕەشە هەم نابووتە، هەم نزمو پەستە، لەچاو باڵندەکانی دیکە.

ب- قەلەڕەشە نیشانەو هێمای نەگبەتیو شەئامەتە، دەگوترێ: (فلان کەس دەڵێی قەلەڕەشەیە، لە هەر شوێنێك بخوێنێ کاولی دەکات).

ج- قەلەڕەش عادەتی وایە شت دەشارێتەوە، ڕەنگە باڵندەی دیکەش هەبن، بەڵام قەلەڕەش بەوە زۆر مەشهوورە، پارچە گۆشتێك، شتێکی دەستکەوێ عەرزی هەڵدەکۆڵێو تێی دەخات، لەبن گڵدا دەیشارێتەوە.

٣) ئنجا دەربارەی چۆنیەتی فێرکردنی قەلەڕەشە بۆ قابیل: توێژەرەوان گوتوویانە: خوا دوو قەلەڕەشی ناردوونو بەشەڕ هاتوون، یەکیان ئەوی دیکەی

کوشتوەو بکوژەکە، قەلەڕەشە کوژراوەکەی لەبن گڵ خستوە، ئێمەش دەڵێین دەگونجێ ئەوە وابێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، قەلەڕەشەش ئاشکرایە کە عادەتی وایە شت لەبن گڵ دەخات و دەیشارێتەوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿لِيُرِيَهُۥ﴾، بۆئەوەی پێشانی بدا، دەگونجێ ڕاناوەکەی بگەڕێتەوە بۆ خوا، یانی: (لِيُرِيَهُ اللّٰه) بۆئەوەی خوا پێشانی بداو بە هۆی قەلەڕەشەوە فێری بکات چۆن تەرمو جەنازە دەشاردرێتەوە، یاخود ڕاناوەکەی بگەڕێتەوە بۆ (غراب) واتە: (لِيُرِيَه الغُرابُ) بۆئەوەی قەلەڕەشەکە فێری بکات، واتە: قەلەڕەشەکە ببێتە مامۆستای، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ﴾، چۆن تەرمی برایەکەی خۆی بشارێتەوە، ﴿سَوْءَةَ﴾، لێرەدا یانی: خراپە، وە لە ئەسڵی زماندا ﴿سَوْءَةَ﴾، بە مانای خراپەیە، کە لێرەدا دەگونجێ بە مانای عەورەت بێ، لەبەرئەوەی ئینسان پێی خراپە عەورەتی دەرکەوێ، عەورەتیش بەمانای کەلێن و عەیب و عار دێ، لە ئەسڵدا، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ ﴿١٣﴾﴾ الأحزاب، واتە: بێگومان ماڵەکانمان بەدەرەوەن و خاڵیین، وە بە مانای کەلێن و بۆشاییش دێ، وە بە مانای جەنازەش دێ، هەروەها جەنازەش بۆیە ناویان لێناوە ﴿سَوْءَةَ﴾، چونکە کەسێك کە عەورەتی دەرکەوێ، پێی ناخۆشەو نارەحەت دەبێ، هەروەها جەنازەش کە دەرکەوێ، ئینسان پێی ناخۆشە کە تەماشای جەنازەیەك بکات، یاخود تەماشای جەنازەی بکرێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی هەشتەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە سێ ئایەت پێکهاتوە، کە ئایەتەکانی (٣٢و ٣٣و ٣٤)ن‌و لەو سێ ئایەتەدا خوای کاربەجێ ڕایدەگەیەنێ، کە لە سۆنگەی ئەووەوە کوشتنی بە ناهەق مایەی زیانباریی‌و پەشێمانیی یە لە قیامەت‌و دنیادا، لەسەر گەلی بەنی ئیسرائیلمان نووسیوە کە هەر کەسێك یەکێك بە ناهەق بکوژێ، وەك تێکڕای خەڵکی کوشتبێ وایە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە: هەر کەسێك ببێتە مایەی مانەوەی کەسێك، وەك تێکڕای خەڵکیی دەرباز کردبێ وایە.

پاشان خوای پەروەردگار باسی چۆنیەتی سزادانی ئەوانە دەکات کە پەشێویی‌و ئاڵۆزیی بڵاودەکەنەوەو، ئارامیی خەڵکی تێکدەدەن‌و، چوار جۆر سزایان بۆ دادەنێ بەگوێرەی تاوانەکەیان، وێڕای سزاو ڕیسوایی قیامەت.

ئنجا ئەوانە لەو حوکمی سزادانە هەڵداوێرێ، کە بەرلەوەی بکەونە بەر پەل، دەگەڕێنەوەو دەست لە خراپەکاریی هەڵدەگرن.

﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ
أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ
أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا ۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ
ذَٰلِكَ فِى ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ ﴿٣٢﴾ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُا۟ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ
وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓا۟ أَوْ يُصَلَّبُوٓا۟ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ
وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ ۚ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْىٌ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ
وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٣٣﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟
عَلَيْهِمْ ۖ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٤﴾﴾

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکــان

((لە سـۆنگەی ئـەوەوە، لەسـەر وەچـەی ئیسـرائیلمان پێویست كـرد، كـە هـەر كەسـێك بەبێ كوشتنی كەسێك (لە تۆڵـە)دا یـان كـە خراپەكاربـێ لـە زەویـدا، كەسـێك بكـوژێ، وەك ئەوە وایە تێكـڕای خەڵـكی كوشـتبـێ، وە هـەر كەسـێكیش یەكـێـك زیندووبكـاتەوە (لە مردن دەربـازی بكـات) وەك ئـەوە وایـە تێكـڕای خەڵكـی ژیاندبێتــەوە، وە بێگومـان پێغـــەمبەرانمانیان بــە بەڵــگە ڕۆشـــنەكانەوە هاتنـــەلا، پاشـــان زۆریـــان دوای ئـــەوەش زێدەڕۆییكــەر بـوون (دەسـتدرێژكار بـوون) لـە زەویـدا ﴿٣٢﴾ بێگومـان سـزای ئەوانـەی دژایـەتیی خـواو پێغەمبەرەكـەی دەكـەنو، هـەوڵـی خراپـەو ئاشـــووبكاریی دەدەن لـە زەویـدا، تـەنیا ئەوەیـە كـە: بكـوژرێن، یـان هەڵبواسـرێن، یـان دەسـتو پێیـان بـە پێچەوانەوە (دەستی ڕاسـتو پێـی چەپ) ببـڕێن، یـان لـە زەویـدا دووربخـرێنەوە، ئـەو (سـزایە)ە لـە دنیـادا بۆیـان مایـەی سـەرشـۆڕییەو، لـە دواڕۆژیشـدا ئـازارێكی مـەزنیان هەیـە ﴿٣٣﴾ بێجگـە لەوانەی گەڕاونـەوە بەرلـەوەی تواناتـان بەسـەریاندا بشـكـێ، ئـەوە بزانن كـە خـوا (لە بارەیـانەوە) لـێبوردەی بە بەزەیـی یە ﴿٣٤﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ ): (الأَجل: الجنـاية الّتي يُخاَفُ مِنْهَا آجلاً، مِن أَجْل أي مِن جـرَّاء، وَقُرِئ مِن إجل: أي مِن جِنَايَة)، (أجل) تاوانێكە كە بۆ داهاتوو مایەی مەترسییە، وە خوێنراوەتەوە: (مِن إِجْل) یانی: لەبەر تاوانی.

(لَمُسۡرِفُونَ ): (والسَّرَفُ: تَجَاوُزُ الحَدِّ فِي كُلِّ فِعْلٍ يَفْعَلُهُ الإِنْسَانُ)، (سَرف) بریتییە لە لەسنوور دەرچوونی ئینسان لە هەر كردەوەیەكدا كە دەیكات.

(مِّنۡ خِلَٰفٍ ): (الإِخْتِلاَفُ وَالمُخَالَفَةُ: أَنْ يَأْخُذ كُلُّ وَاحِد طَرِيقاً غَير طَرِيق الآخَر فِي حَالِه أَو قوله، مِنْ خِلافٍ، أَي إِحداهما من جانب والأُخرى من جانب آخر)، (من خلاف) واتە: پێچەوانە، كە مەبەست پێی ڕاستو چەپە، واتە: دەستی ڕاستو پێی چەپ، (إختلاف)و (مخالفة)ش ئەوەیە كە دوو كەس یان زیاتر هەر كامیان لە قسە یان كردەوەدا ڕێیەكی جیاوازو پێچەوانەی ئەوی دیكە، یان ئەوانی دیكە بگرێ.

(يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ ): (نَفى الشَّيء: يَنْفِيهِ نَفياً: نَحَّاهُ وَأَبعَدَهُ، أَخْرَجَهُ وطرده)، (يُنْفَوا) دووربخرێتەوە، (نفي) بە دوورخستنەوەو دەركردنو وەدەرنان دەگوترێ.

(خِزۡيٌ ): {خَزِيَ الرَّجُلُ: لَحِقَهُ انْكِسَارٌ، إِمَّا مِنْ نَفْسِهِ وَإِمَّا مِنْ غَيرِهِ، فَالَّذِي يَلْحَقُهُ مِنْ نَفْسِهِ هُوَ الحَيَاءُ المُفْرِط وَمَصْدَرُهُ الخَزَايَة وَرَجُلٌ خَزْيَان وامْرَأَةٌ خَزيَاء، وَجَمْعُهُ خَزَايا، وَفِي حَدِيث مُسلم: (مَرْحَبَاً بِالوَفْدِ غَيْرَ خَزَايَا وَلا النَّدَامى)، وَالَّذِي يَلْحَقُهُ مِنْ غَيْره، يُقَالُ: هُوَ ضَرْبٌ مِنَ الإستِخْفَافِ، وَمَصْدَرُهُ: الخِزْيُ وَرَجُلٌ خَزٍ...، وَأَخزَى مِنَ الخزاية والخِزْي...} وشەی (خِزْي) لە زمانی عەرەبیدا، لە كوردیی دا یانی: بەخۆدا شكانەوەو شەرمەزاربوون، ئنجا ئەگەر مرۆڤ لە خودی خۆیدا تووشی بێ، ئەوە شەرمكردنو تەریق بوونەوەیە، بەڵام ئەگەر بە هۆكارێكی دەرەكیی بێ، ئەوە شەرمەزاریی و ڕیسوایی و زەبوونیی پێدەگوترێ.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

هۆی هاتنە خوارەوی ئـەو ئایـەتەی کـە دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣ ﴾، ﴿عَنْ أَنَس بْنُ مَالِكٍ أَنَّ قَوْمًا مِنْ عُكْلِ أَوْ عُرَيْنَةَ قَدِمُوا عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَاجْتَوَوْا الْمَدِينَةَ، فَأَمَرَ لَهُمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ بِلِقَاحٍ وَأَمَرَهُمْ أَنْ يَشْرَبُوا مِن أَلبَانِهَا وَأَبْوَالِهَا، فَانْطَلَقُوا فَلَمَّا صَحُّوا، قَتَلُوا رَاعِيَ رَسُولِ اللّهِ ﷺ وَاسْتَاقُوا النَّعَمَ، فَبَلَغَ رَسُولَ اللهِ ﷺ خَبَرُهُمْ مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ فَأَرسَلَ فِي آثَارِهِمْ فَمَا ارْتَفَعَ النَّهَارُ، حَتَّى جِيءَ بِهِمْ فَأَمَرَ بِهِمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقُطِّعَتْ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ وَسُمِرَتْ أَعْيُنُهُمْ وَأُلْقُوا فِي الْحَرَّةِ يَسْتَسْقُونَ فَلاَ يُسْقَوْنَ..، وفي رواية: فَبَعَثَ رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي طَلَبِهِمْ قَافَةً فَأُتِيَ بِهِمْ، قَالَ: فَأَنْزَلَ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى فِي ذَلِكَ: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا ﴾، وفي رواية لمسلم عَنْ أَنَسٍ، قَالَ: إِنَّمَا سَمَلَ النَّبِيُّ ﷺ أَعْيُنَ أُولَئِكَ، لأَنَّهُمْ سَمَلُوا أَعْيُنَ الرِّعَاءِ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بِرقم: (٢٣٣)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٤٣٣٠)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٤٣٦٤)، وَالنَّسَائِيُّ بِرقم: (٤٠٣٦)}، واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێ: کۆمەڵێك لە هۆزی (عوکل) یان (عورەینە) هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ (دیارە مسوڵمان بوو ون) بەڵام ئاوو هەوای مەدینەیان پێ نەکەوتو نەخۆش کەوتن، پێغەمبەری خواش فەرمانی کرد هەندێك حوشتری شیردەری وێدان کە لە شیرو میزیان بخۆنەوە، (وەك چارەسەر)، ئنجا ڕۆیشتنو کاتێك چاکبوونەوە، شوانی پێغەمبەری خوا ﷺ یان کوشتو حوشترەکانیشیان بردن، ئنجا کە هەواڵەکەیان بەرەبەیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشت بە شوێنی دا ناردنو بەر لە نیوەڕۆ هێنایانن، ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد دەستو لاقیان بڕینو چاویان دەرهێنرانو لە (حەڕە) فڕێدرانو هەرچەندە داوای ئاویان دەکرد پێیان نەدرا...

وە لە ڕیوایەتێکی دیکەدا:

پێغەمبەری خوا ﷺ شوێن پێ هەڵگری بە دوایاندا نارد، هێنران، وە خوای بەرزو پایەدار لەوبارەوە ئەوەی ناردە خوار: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا ﴾.

وە لە ڕیوایەتێکی (مسلم)دا: ئەنەس گێڕاویەتیەوە گوتوویەتی: بۆیە پێغەمبەر چاوی ئەوانەی کۆڵیوەو دەرهێناوە، چونکە ئەوانیش چاوی شوانەکانیان دەرهێناوە.

تێبینی:

دیارە ئەو جۆرە سزادانە توندترین سزا بووە، حیکمەتەکەشی پرینگاندنەوەو سڵەماندنەوەی خەڵکی ڕێگرو فیڵباز بووە، کە تەماع لە ئیسلام‌و موسوڵمانان نەکەن‌و چاکەکاریی‌و دڵسافیی‌و لێبوردەیی موسوڵمانان، بۆ خراپەکاریی نەقۆزنەوەو بزانن ئیسلام لە کات‌و شوێنی خۆیدا تۆڵەو زەبریشی هەیەو، تەنیا خاوەنی بەخشین‌و صەبر نیە!

## مانـای گـشـــتـی ئایەتەکـــان

دوای ئـەوەی لـە ئایەتـەکانی پێشـــوودا خـوای کــاربەجێ بەســەرهاتی دوو کوڕەکـەی ئادەمی گێڕایـەوە کـە پوختەکـەی بریتیـە لـە کـوژرانی هابیل لەلایـەن قابیلـی برایــەوە بـەبێ هـیچ بەڵـگەو پاساوێکی ڕاسـتو ڕەوا، لێـرەدا خـوای زانـاو شـارەزا ســزای قورسی کوشتنی بە ناهەقی کردۆتە زادەو دەرەنجامی ئەو تاوانە زلەو فەرموویـەتی: ﴿ مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ﴾، واتــە: لــە ســۆنگەی ئــەوەوە لەســەر وەچــەی ئیسرائیلمان نووسی کە هەر کەسێك کەسێك بکوژێ، بێئەوەی کەسێکی کوشـتبـێ، یـان خراپەکاریی لە زەویـدا کردبێ، وەك ئەوە وایــە کە تێکـڕای خەڵکی کوشـتبێ..

ئنجا دیـارە مادام تـاوانی کوشتنی بە ناهەق خوای دادگەر ئـاوای تەماشا بکات، دیـارە سـزایەکەشــی لەقــەدەر خۆی دەبــێ لە دنیـاو دواڕۆژدا.

پاشان باســی پێچەوانەی کوشـتنی بـە ناهــەق دەکات، کە بریتیـــە لـە دەربـازکردنی مرۆڤێـك لـە مـەرگ: ﴿ وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ﴾، وە هـەر کەســێکیش کەســێك زینـدوو بکاتــەوە "لــە مـردن دەربـازی بکــات" وەك ئــەوە وایـــە تێکــڕای خەڵـکی سـەر زەوی ژیـاندبێتــەوە.

پاشان خوای کاربەجێ باسی ڕەوانەکردنی پێغەمبـەرانی خـۆیو لاملیـیو سـەرپێچیو سنوورشـکێنی زۆربـەی خەڵـکی دەکـات: ﴿ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ ﴾، وە پێغـەمبەرانی ئێمـە بـە بەڵـــگە ئاشــکرایەکانەوە هاتنـــە لایـــان، کەچـــی دوای ئـــەوەش زۆرێکـــیان هـــەر سنوورشـکێنو زێدەڕۆییکـەر بوون لە زەویـدا.

ئنجـا لـە ئایـەتی دواتـردا خـوای بـەرزو مـەزن دێتـە سـەر خسـتنە ڕووی ســزای کەسـانێك کـە ڕێگریـیو چـەتەیی لـە دەشـتو دەر، یـان هەڵکوتانـە سـەر مـاڵان لـە

ئاوەدانییەکاندا دەکەنە پیشەو، هێمنییو ئاسایشی کۆمەڵگاو خەڵکی گوندو شارەکان تێکدەدەنو لە ژێر ناوونیشانی: ﴿ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا ﴾دا، دەیانناسێنێ: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوْ يُصَلَّبُوٓاْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الْأَرْضِ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، واتە: بێگومان سزای کەسانێك كە دژایەتی خواو پێغەمبەرەكەی دەكەنو هەوڵی ئاژاوەگێڕیی دەدەن لە زەویدا، ئەوەیە كە بكوژرێن، یان هەڵبواسرێن، یان دەستو لاقیان پێچەوانە ببڕرێن، یان لە زەوی دووربخرێنەوە، ئا ئەوە ڕیسواكردنیانە لە دنیاداو، لە دوارۆژیشدا سزاو ئازارێكی مەزنیان هەیە.

دیارە ئێمە لە مەسەلە گرنگەکاندا بە وردیی باسی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو چوار جۆرە سزایە دەكەین، کە بە گوێرەی جۆرو چۆنیەتیەکانی تاوانی تێکدانی ئاسایشی هێمنیی خەڵکی دەگۆڕێن، پاشان لە ئایەتی سێیەم دا خوای کاربەجێ باسی حاڵەتی پەشێمانبوونەوەو دەستهەڵگرتنی ئەو تاوانبارانە دەکات لە تاوانی ڕێگرییو هەڵکوتانە سەر ماڵو حاڵی خەڵكو، بڵاوكردنەوەی ترسو بیمو پەشێوییو ئاڵۆزیی، وە ڕایدەگەیەنێ کە خوای بە بەزەییو لێبوردە لەو حاڵەتەدا لەگەڵیان لێبوردەیەو میهرەبانە، کە ئەمە ئاماژەشە بەوەی پێویستە مسوڵمانانیش، "واتە: حكوومەتەكەیان" لەگەڵیان لێبوردەو بە مەرحەمەت بێ: ﴿ إِلَّا الَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوٓاْ أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، واتە: جگە لەوانەی کە دەگەڕێنەوەو دەستهەڵدەگرن بەرلەوەی دەستەڵاتتان بەسەریاندا بشكێ، ئەوە بزانن كە خوا لێبوردەی بە بەزەیی یە.

کەواتە:

ئەو چوار جۆرە سزایەی کە باسكران، دەبێ بەسەر هەموو ئەو تاوانبارانەدا بسەپێنرێن، کە تاوانی گۆرین ئەنجام دەدەن، جگە لەو كەسانەی کە بە ئارەزوو و

ویستی ئازادانەی خۆیان پەشیمان دەبنەوەو، دەست لە تاوانەکەیان هەڵدەگرن، ئەوانە حوکمیان جیاوازە.

ئنجا ئایا بە نسبەت هەموو جۆرە خراپەکانیانەوە، کە بەر لە تەسلیم بوونو ژیوان بوونەوەیان ئەنجامیان داون، بەر لێبوردنو بەخشران دەکەون، یان تەنیا بەشێکیان؟!

ئەو وردەکاریی و ڕاجیایی زانایانی تێدایەو، لە مەسەلە گرنگەکاندا ڕوونی دەکەینەوە.

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** كە خوا دەفەرمویْ: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾،﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ﴾ ئێمە لە کوردیدا دەڵێین: لەبەرئەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە، یان لەپێناوی ئەوەدا، واتە: لە سۆنگەی ئەوەوە کە ڕابردو تێپەڕی، لە دوو توێی ئەو بەسەرهاتەی دوو کوڕەکەی ئادەمدا (قابیلو هابیل)، کە کوشتنی بە ناهەق دەبێتە هۆی زیانباریی بکوژ لە دوارِۆژدا، وە دەبێتە هۆی پەشیمانبوونەوەی لە دنیادا، لەسەر وەچەی ئیسرائیلمان نووسیو پێویستمان کرد (كَتَبْنَا) یانی: (أَوْجَبْنَا، فَرَضْنَا) لەبەرئەوەی عادەت وایە یاسایەك كە دادەنریْو بڕیارێك كە دەردەچیْ، دەنووسریْ، خوا ﷻ دەفەرمویْ: لەسەرمان نووسین، کە هەر کەسێك کەسێك بە ناهەق بکوژیْ (بِغَيْرِ نَفْسٍ) یانی: بەبیْئەوەی کە کەسێکی کوشتبیْ، (أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ) یان بیْئەوەی کە ئاشووبو خراپەکاریی لە زەویدا بەرپا کردبیْ، وەك ئەوە وایە، هەموو خەڵکی سەر زەوی کوشتبیْ، وە بە پێچەوانەشەوە، ﴿وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾، هەر کەسێك یەك نەفس دەرباز بکات لە مەرگو بیژیەنێتەوە، کە لێرەدا مەبەست لە ژیاندنەوە، واتە: لە مردن دەربازی بکات، ئەگەرنا ئەگەر کەسێك بمریْ، بە کەس زیندوو نابێتەوە، بە خوا نەبیْ، وە سوننەتی خواش ﷻ وانەبووە کە لە دنیادا خەڵك زیندوو بکاتەوە، بەڵکو لە ڕۆژی دواییدا زیندوویان دەکاتەوە، بەلاْم ئایا لێرەدا مەبەست لە: ﴿وَمَنْ أَحْيَاهَا﴾، چییە؟ واتە: دەربازی بکات لە مەرگو مەترسی مەرگی لیْدووربخاتەوە، وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی لە مەرگ دەرباز کردبیْو ژیانی بۆ گێڕابنەوە.

**مەسەلەی دووەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، لێرەدا پرسیارێك دەكرێ: ئایا بۆچی خوا ﷻ لێرەدا بەتایبەت باسی بەنی ئیسرائیل دەكات؟ كە بە تەئكید مەسەلەی تۆڵە تایبەت نەبووە بە بەنی ئیسرائیلەوە، بەڵكو هەموو شەریعەتەكانی خوا تۆڵەیان تێدا بووە؟

لەبەرئەوەی عەقڵی سەلیم و فیطرەتی ساغ خوازیاری ئەوەن، كە كەسێك كەسێك بەناهەق بكوژێ، یان ئاشووب و خراپەكاریی لە زەویدا بكات، دەبێ بكوژرێ، وە ناشگونجێ شەریعەتەكانی خوای دادگەر لەوەدا ناكۆكییان بووبێ، ئەدی بۆچی هەر باسی بەنی ئیسرائیل دەكرێ؟ هەندێك لە توێژەرەوان گوتوویانە: لەبەرئەوەی كە بەنی ئیسرائیل یەكەمین ئۆممەت و كۆمەڵگا بوون، كە قەوارەیەكیان دروست كردوە لەسەر بناغەی ئایین، كە بێگومان ئەوە ڕاست نیەو ئۆممەت و كۆمەڵگای دیكەش لەو جۆرە بوو ون.

بەڵام من پێموایە هۆكارەكە ئەوەیە كە بەنی ئیسرائیل (واتە: جوولەكەكان) نوێترین و تازەترین ئەزموونی سیاسی دینیی بوون بەنسبەت ئۆممەتی ئیسلامەوە، كە بۆ ئێمە تۆمار كرابێ، وە بەسەرهات و ڕووداو و هەڵسوكەوتەكانیان لە مێژوودا نزیك بێ و دیار بێ، بۆیە خوای كاربەجێ باسی ئەوان دەكات، ئەگەرنا واپێدەچێ ئەوە یاسایەكی گشتی پەروەردگار بووبێ لە هەموو بەرنامە ئاسمانییەكاندا كە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هێناویانن.

**مەسەلەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، لێرەدا تێبینی دەكرێ، كە خوای دادگەر دوو هۆكار دێنێتەوە بۆ كوشتنی خەڵك، یان بۆ كوشتنەوەی خەڵك و تۆڵە لێسەندنەوەیان:

١/ دەفەرموێ: ﴿ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ ﴾، واتە: كەسێك كەسێك بكوژێ، بێئەوەی كەسێكی كوشتبێ، یانی: كەسێك كەسێك بە ناهەق بكوژێ، دروستە بكوژرێتەوە، بەڵام قەتڵی بە ناهەق، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ... وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾ ﴾

الأنعـام، واتە: ئەو نەفسەی کە خوا قەدەغەی کردوە بکوژرێ، بە ناهەق مەیکـوژن، کوشـتنی بە هـەق ئەوەیە کە نەفسـێکی کوشتبـێ، ئەوە هۆکـاری یەکـەم.

٢/ دەفەرموێ: ﴿أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، یان خراپەکـاریی لە زەویــدا، واتـە: هـی یەکەمیــان مافێکــی تایبەتــە، کەسـێك بەتایبــەت کەســێکی کوشــتبێ، تۆڵــەی دەکەوێتــە سەر، ئەویدیکەیان مافێکی گشـتییە، ئەو مافە گشـتییە دەبـێ دیـاربێ، سەروسـیمای دیاربـێ، چوارچـێوەی دیاربـێ، ئەگـەرنا هـەر کەسـێك ڕاست بـۆوەو بیـانوو بگـرێو بڵێ: تۆ خراپەکارییت لە زەویدا کردووەو دەتکـوژم، ئــەوە نــابێ، ئەدی چۆن دەزانین؟ لە ئایەتی دواییـدا خوای زاناو شارەزا باسی ئـەو خراپـەکاریی (فسـاد)ە دەکـات، وە تەعبـیری ﴿وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا﴾، بـەکارهێناوە، کە بریتیە لە ڕێگریىو هەڕەشـە کردن لە خەڵك، لە ژیانیــان، لە ماڵو سـامانیان، لە کەڕامەتیــان، لە هێمنییو ئاسـایشیان، هەرکەسـێك ئەوە بکات ئەوە بە شـێوەی گشـتیی تۆڵـە ڕووی تێدەکـات، ئـەویش لەبەرئـەوەی مـافێکی گشــتییە، کـە دیـارە ئــەوەش وردەکاریی زۆری هەیــەو، لە هــەموو حاڵەتداو هەموو کەسێك کە فەســاد دەکات لە زەویــدا، ناکـوژرێ، چونکـە خراپەکـارییو ئاشــووب نانەوەش لە زەویــدا جۆراوجۆرە، بۆیـە خـوای پـەروەردگار چــەند سـزایەکی جـۆراو جـۆری بـۆ دانـاوە، وەك دوایی باســی دەکــەین.

**مەســەلەی چــوارەم:** کــە دەفــەرموێ: ﴿فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾، واتــە: کوشـتنی بەناهـەق، وەك ئـەوە وایـە هـەموو خەڵـکی سـەر زەوی کوشـتبــێ، وە بـە نســبەت دەربازکردنیشــی لــە مــەرگ، دەفــەرموێ: ﴿فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾، وەك ئەوە وایـە هـەموو خـەڵکی سـەر زەوی زینـدوو کردبێتـەوە، یاخـود ژیانی بۆ گێڕابنــەوە.

دیــارە لێــرەدا پرســیارو ئیشــکالێك دێتــە پێشــەوەو، توێــژەرەوانی قوڕئــان لەوبارەیەوە زۆرر شـتیان گوتـوە: هەنـدێك گوتوویانـە: ئـاخر ئەگـەر کەسێك کەسێك بکوژێ، ئـەوە تـەنیا کەسێکی کوشـتوەو جیایـە لـەوەی دووان، یـان سـێیان بکـوژێ، وە جیــایە لــەوەی هــەموو خـەڵـکی ســەر زەوی بکــوژێ! ئــەدی بۆچــی لێــرەدا

دەفەرموێ: ﴿مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾، هەروەها بە پێچەوانەوەش ﴿وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾؟!

١) هەندێکیان گوتوویانە: لەبەرئەوەی حورمەتی ئینسانەکان وەك یەکە، حورمەتی خوێن‌و نەفسیان وەك یەکە، چ ئەمیان بکوژی‌و چ ئەویان بکوژی، چ یەکێکیان بکوژی، چ دووانیان بکوژی، چ زیاتر هەر وەك یەکەو لەو ڕووەوە کە دەستدرێژیی کراوەتە سەر حورمەتی نەفسێك‌و نەفسێك کوژراوە، کە نەدەبوو بکوژرێ.

٢) هەندێکی دیکە گوتوویانە: کەسێك دەستی بچێتە خوێنی کەسێك‌و بە ناهەق بیکوژێ، دەستی دەچێتە دووان‌و سیان‌و چوارانیش... هتد.

٣) هەندێکیش گوتوویانە: بۆ ئەو کەسەی کە دەکوژرێ‌و بۆ کەسوکارەکەی، وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی کوژرابێ، کە بۆخۆی لە دنیادا نەما، وەك ئەوە وایە دنیا کاول بووبێ، وەك گوتراوە: (مَنْ مَاتَ فَقَدْ قَامَتْ قِيَامَتُهُ) واتە: هەر کەسێك مرد، تازە قیامەتی وی هاتوە، کە ئەو لە دنیادا نەما جیاوازیی چییە لەگەڵ ئەوەدا کە دنیا تێکبچێ؟ وەك یەکە، هەروەها بەنسبەت کەسوکاریشی هەروایە، کە کەسێکیان لێ دەکوژرێ، وەك ئەوە وایە هەموو دنیایان بەسەردا کاول بووبێ.

بەنسبەت ژیاندنەوەشی، یان دەربازکردنی لە مەرگیش بە هەمان شێوە، کەسێك کەسێك دەرباز بکات، لەو ڕووەوە کە نەفسێکی بە حورمەتی ڕێزلێنراوی دەرباز کردوە لە مەرگ، وەك ئەوە وایە خەڵکی سەر زەوی دەرباز کردبێ، وە کەسێك نەهێڵێ کەسێك بکوژرێ، ئەگەر دەستی بڕوا ناهێڵێ هیچ کەس بکوژرێ، وە کەسێك کە لە مەرگ دەرباز دەبێ، وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی سەر زەوی دەربازبووبێ، بۆخۆی یان بۆ کەسوکاری، هەرسێکیان پاساوی جوانن، بەڵام گرنگ ئەوەیە خوای زاناو شارەزا بە (ك) کافی وێکچوواندن (تشبيه) هێناویەتی، ﴿فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾، هەروەها بە پێچەوانەوەش

﴿فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾، واتە: نافەرموێ: کتومت وایە، دەفەرموێ: وەك ئەوە وایە.

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ﴾، واتە: بێگومان ڕەوانەکراوانی ئێمە، پێغەمبەرانی ئێمە بە بەڵگە ڕوونو ئاشکرایەکانەوە، هاتنە لایان، هاتنە لای کێ؟ مەبەست پێی بەنی ئیسرائیلە، چونکە سیاقەکە باس لەوان دەکات، فەرمووی: ﴿مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾، کەواتە: مەبەستیش لەو پێغەمبەرانە (علیهم الصلاة والسلام) کێن؟ ئەوەی بۆ ئێمە چەسپاو بێ، یەعقووبو یوسفو برایەکانی ئەوانەی کە پێغەمبەر بوون، پاشان داوودو سولەیمان، ئنجا مووسا، دوایی زەکەریاو یەحیاو عیسا (علیهم الصلاة والسلام)، بەڵام لە پەیمانی کۆندا باسی ژمارەیەکی دیکەش دەکاتو، چەند ناوێکی دیکە دێنێ، دەڵێ ئەوانیش هەر پێغەمبەر بوون، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: پێغەمبەرانی ئێمە بە بەڵگە ئاشکرایەکانەوە هاتنە لایان، ﴿ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ﴾، کەچی دوای ئەوەش زۆریان هەر زێدەڕۆیی کەرو هەر سنوورشکێنو هەر تێپەڕێنەر بوون، واتە: دوای ئەوە کە پێغەمبەران هاتن (علیهم الصلاة والسلام) بە بەرنامەی خواوەو، بە بەڵگە ڕوونو ئاشکرایەکانەوە، وا چاوەڕوان دەکرا پابەندبن، وە سنوورشکێنیی نەکەنو لە خەت دەرنەچن، بەڵام بە داخەوە وا نەبوون.

هەڵبەتە لێرەدا جێی سەرنجە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ﴾، واتە: زۆرێکیان، نافەرموێ: هەموویان، بۆچی؟ چونکە دیارە هەمیشە قورئان کە (كَلَامُ الله)یە خۆی لە گشتاندن (تعمیم) بە دوور دەگرێ، چ بۆ بە چاك دانان، چ بۆ بە خراپ دانان، بۆچی؟ چونکە بە زۆریی گشتاندن لە هەستو سۆزەوە سەرچاوە دەگرێ، نەك لە عەقڵو مەنتیقو زانیارییو

حیکمەتەوە، دیارە خوای پەروەردگاریش بە زانیاریی‌و حیکمەتی بێسنووری خۆی فەرمایشت دەفەرموێ، وەك ئێمە نیە جارجار عاطیفەو تووڕەیی‌و خۆشویستن بەسەریدا زاڵ بێ، بۆیە ئەگەر تەماشای قورئان بکەین شتی عاطیفی تێدانیە، شتی وای تێدانیە لەگەڵ عەقڵ‌و زانست‌و واقیع دا نەیەتەوە، هەستی پێ بکەی بڵێی ئەوە شتێکی عاطیفییە، چونکە قورئان فەرمایشتی خوایە.

**مەسەلەی شەشەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾، ئێمە حەوت هەڵوەستەی گرنگ لەبەردەم ئەم ئایەتە موبارەکەدا دەکەین، کە توێژەرەوانی قورئان زۆر قسەیان لەسەر کردوە، وە مشتومڕی زۆریان لە بەرانبەریدا بووە، بەڵام من لە حەوت کورتە خاڵدا باسی ئەم ئایەتە موبارەکە دەکەم:

## حەوت کورتە خاڵ لەبارەی ئایەتی

## ﴿ ... إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا ... ﴾ەوە:

یەکەم: هۆی هاتنە خواری ئەم ئایەتە: ئێمە پێشتریش لە باسی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکاندا باسمان کرد، بەسەرهاتێکمان هێنا لەبارەی ڕووداوی سزادانی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو حەوت کەسەی کە سێیان لە (عُكْل) وە چواریشیان لە (عُرَينة) بوون، گوتمان ئەو ئایەتە موبارەکە لەوبارەوە هاتۆتە خوار، لێرەشدا ڕیوایەتێکی دیکەی بوخاریی دێنینەوە: ﴿عَنْ أَنَس بْن مَالِكٍ، قَالَ: قَدِمَ عَلَى النَّبيّ نَفَرٌ مِنْ عُكْلٍ وَعُرَيْنَةَ فَأَسْلَموا، ثُمَّ أَتوا رَسُولَ اللهِ ﷺ

فَقَـالُوا: قَـدِ اسوخَمْنَا هَـذِهِ الأَرْض، فَقَـالَ لَهُـم: هَـذِهِ نَعَـمٌ لَـنَا فَـاخْرُجُوا فيهَـا فاشْـربوا أَلْبَـانها، وأَبْوَالـها، فَخَرجُـوا فيهـا فشـربوا مِـنْ أَبْوَالِهَـا وَأَلْبَانِهَـا وَاسْتَصَحُّوا، فَمَالُوا عَلَى الرّاعـي فَقَتَلُوهُ وَاطَّردوا الـذَّوْدَ وارتَـدّوا، فَبَعَثَ رَسُولِ اللهِ ﷺ جرير بن عَبد الله فـي آثَارِهِمْ فـي خيلٍ فَأَدْرَكَهُمْ وَقَدْ أشْرفوا عَلَى بلادهم، فَمَا ترجَّل النَّهَارُ حَتى جِيءَ بِهِم، فَأَمَرَ بِهِم فقطعت أَيديهُم وأَرجُلَهُم وَسُمِلَتْ أعيُنهم بمسامير أُحميت ثُمَّ حَبسَهم حَتَّى مَاتُوا﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٤٦١٠)}، واتە: ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کۆمەڵێك نەفەر، {لە زمانی عەڕەبیدا، واتە: لە نێوان (٣ تا ٩)، وە لە گێڕانەوەی دیکەدا دەڵێ: حەوت کەس بوون}، (سێیان) لە عوکلو (چواریان لە) لە عورەینە بوون، (کە دوو تیرە بوون) هاتن مسوڵمان بوون، (واتە: بە ڕواڵەت وایان پێشاندا کە مسوڵمان بوون)، دوایی هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ (واش پێدەچێ ماوەیەك لە مەدینە مابنەوە) گوتیان: ئاوو هەوای ئێرەمان پێناکەوێ، نەخۆشبووین (دیارە خەڵکی بیابان بوون، ئاوو هەوای شاری مەدینەیان پێنەکەوتوە) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە چەند حوشترێکی ئێمەن لەگەڵ حوشترەکان بڕۆنە دەرێ، (واتە: شوانیشیان لەگەڵ دایە)، وە لە شیری حوشترەکان بخۆنەوە، لە میزیشیان بخۆنەوە (وەك چارەسەرو دەرمان بۆ ئەوەی کە چاك ببنەوە)، ئەوانیش لەگەڵ حوشترەکان چوونە دەرەوەو لە شیرو میزی حوشترەکانیان خواردەوە، ئنجا دوای ئەوەی تەندروستییان بۆ گەڕایەوە، یەکسەر شوانەکەیان کوشتو حوشترەکانیشان بە پێش خۆیانداو هەڵگەڕانەوە (لە ئیسلام) پێغەمبەریش ﷺ جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەدوادا ناردن، لەگەڵ چەند سوارێکدا، لە کاتێکدا کە نزیکی شوێنی خۆیان بوون، پێیان گەیشتن، خۆر نەگەیشتبووە نێوەڕاستی ڕۆژ، کە هێنایانن، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد، دەستو لاقیان بڕین، وە بە شیشەی ئاسنی کە سوور کرابوو چاویشیان کوێر کرا، دوایی لەو گۆڕە فڕێ دران تاکو مردن، لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە، دەڵێ: داوای ئاویان کرد، ...وارەوەی بوو، کە ئێمە

...ە.

دووەم: ڕوونكـردنەوەی چەمـكو واتـای چەنـد وشـەیەك: بـە پێویسـتی دەزانـم چـەند وشـەیەك لەو ئایـەتە موبـارەكەدا ڕوون بكەینـەوە:

١- ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾: مانـــا ڕواڵەتییەكــــەی: ئەوانەی جـەنگ لەگـەڵ خـواو پێغـەمبەرەكەی دا دەكـەن، بـەڵام مەبەسـت پێـی ئەوەیـە: (يُحَـارِبُونَ الله وَأحْكَامَـهُ وَيَعتـدُونَ عَلَـى حكـم الرَّسُـول وَسُـلطَانِهِ)، واتە: دژایەتی بەرنـامەو یاسـاكانی خوا دەكـەن، وە دەسـتدرێژیی دەكەنـە سـەر حـوكمڕانێتی پێغەمبـەر ﷺو لـە ژێـر دەسـتەڵاتی سیاسـی ئـەودا شـوانەكەی دەكـوژنو حوشـترەكانیان پـێش خۆیـان دەدەن، كەواتــە: مەبەسـت لــە: ﴿ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، ئەوەیە.

٢- ﴿ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ﴾: واتە: (يَكتَسِبونَ فَسَـاداً ويجتنونـهُ)، واتــە: خراپـەكاریی وەدەسـت دێـنو ئـەنجامی دەدەن، وەك خـوا دەفـەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَرَادَ ٱلْـَٔاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا ... ﴿١٩﴾ ﴾الإســـراء، واتــە: هــەر كەســێك دواڕۆژی بـوێو كۆششـی بـۆ بكــات، (سَعي) یـانی: كۆشـش كـردنو هەوڵــدان، یاخــود دەگوترێ: (فُلاَنٌ سَعى لأَهلِهِ، أي: اكتسب لهم) فلاّن كـەس هـەوڵدەدا بۆ ماڵو منداڵـەكەیو كەسابەتیان بۆ دەكـات.

٣- ﴿ فَسَادًا ﴾، (الفَسَـاد: إتـلاف الـنَّفْسِ وَالأمْـوَال)، (فَسَـاد) واتـە: فەوتانـدنی نـەفسەكانو ماڵو سـامان، یان دەست بەسـەرداگرتنـی.

٤- ﴿ يُقَتَّلُوٓاْ ﴾، واتــە: بكــوژرێن، كــە ئــەم شــێوازە دەربڕینــە، مانــای زێدەڕۆیـیكردنە لە كوشـتنیاندا، واتە: باش بكوژرێن.

٥- ﴿ يُصَلَّبُوٓاْ ﴾، لە ئەسڵدا (يُصْلَبوا)ە، بـەڵام لـە عەرەبیـدا بنچینەیەك هەیـە دەڵــێ: (إذا شُـدِّدَ الفعل قـوي معنـاه) ئەگـەر كـردار گیـرەدار كـرا، ماناكەشــی بەهێــز دەبـێ، یـان دەڵـێ: زیـادەی پێكهـاتە (مَبْنـى) نیشـانەی زیـادەی مانایـە،

(يُصْلَبوا) واتە: هەڵبواسرێن، (يُصَلَّبُواْ) واتە: زۆر هەڵبواسرێن، کە دەگونجێ مەبەست پێی بە مردوویی هەڵبواسرێن، یاخود بە زیندوویی.

٦- ﴿ مِّنْ خِلَٰفٍ ﴾، ئێمە بە کوردیی دەڵێین: ڕاستو چەپ، (أي تُقْطَعَ مختلفةً بأن تقطعَ يدهم اليُمنى ورجْلُهُم اليُسرى)، واتە: بە جیا ببڕدرێن، دەستی ڕاستییان ببڕدرێ، لەگەڵ پێی چەپیان.

٧- ﴿ يُنفَوْاْ ﴾، واتە: (يُبْعَدوا)، (النَفيُ: الإبعادُ) دوورخستنەوە، (الإبعادُ مِن المَكَان الذي هُوَ وَطَنهُ لأن النَّفي مَعناهُ عَدَم الوجود)، وشەی: (نَفي) واتە: نەبوون، وە (يُنفَواْ) یانی: لەو شوێنە نەهێڵدرێنو دووربخرێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

ئەبو حەنیفەش (نَفي) بە سجن لێکداوەتەوە، بەڵام ڕایەکەی بێهێزە.

سێیەم: ئەو ئایەتە چ حوکمێکی لێوەردەگیرێ؟

(مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا (التحرير والتنوير)[1] دەڵێ: (وَعَلَى هَذَا يَكُونُ نزولُهَا نَسخاً لِلحَدّ الّذِي أقَامَهُ النَّبِيُّ ﷺ سَوَاءٌ كَانَ عَن وَحيٍ أمْ عَن اجْتِهَادٍ مِنْهُ، لأنَّهُ لَمّا اجْتَهَدَ وَلَمْ يُغَيّرهُ الله عَلَيْهِ قَبْلَ وقُوعِ العَمَلِ بِهِ فَقَدْ تَقَرَّرَ بِهِ الشَّرْعُ، وَإنَّمَا أذِنَ الله لَهُ بِذَلِكَ العِقَابِ الشَّدِيدِ لأنَّهُم أرَادوا أنْ يَكُونُوا قُدوَةً لِلْمُشرِكِينَ فِي التَحيُّلِ بإظْهَارِ الإسْلاَمَ للتوصُّلِ إلى الكَيْدِ لِلْمُسْلِمِين، وَلأنَّهُمْ جَمَعُوا فِي فعلِهِم جِنَايَاتٍ كَثِيرَةٍ)، چەند قسەیەك دەكات، دوایی دەڵێ: بە پێی ئەوە کە ڕابرد، هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە نەسخ کەرەوەیە بۆ ئەو سزایەی کە پێغەمبەر ﷺ بەسەر ئەو چەند نەفەرەی داسەپاند، جا چ ئەو سزایە وەحی خوا بووبێ، یاخود پێغەمبەر ﷺ کۆششی کردبێو بە عەقڵی خۆی وایدانابێ، (کە پێغەمبەر ﷺ بۆ هەندێك مەسەلە ئیجتیهادیشی کردوە)، چونکە دوای ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە سزای ئەوانەی داوە، دوایی خوا نەیگۆڕیوە، پێش ئەوەی کاری پێبکات، لەوەوە بۆمان دەرکەوتوە کە

---

١) ج٣، ص١٨٠.

بۆتە شتێکی شەرعیی، وە بۆیە خوا مۆڵەتی داوە بەو سزا توندە ئەوانە سزا بدات، چونکە ئەوانە ویستوویانە ببنە پێشەنگ بۆ ئەو هاوبەشدانەرانە، کە فێڵ بکەن، (کڵاو لەسەری مسوڵمانان بنێن)، خۆیان بە مسوڵمان پێشان بدەن (هەتا لە بن باڵی ئیسلامەتیی داو خۆ بە مسوڵمان پێشاندان بێن فێڵ لە مسوڵمانان بکەن و زەبریان لێبدەن)، وە لەبەر ئەوەشە کە ئەوانە کۆمەڵێك گوناهیان کۆکردوونەوە، (لە بەرانبەر چاکەی پێغەمبەردا ﷺ خراپەیان کردووە و شوانەکەیان کوشتووە، حوشترەکانیشیان بردووە و لە ئیسلامیش هەڵگەڕاونەوە، بۆیە بەو شێوە توندە سزای داون).

هەروەها هەر (مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) دوایی هەر لەوبارەوە گوتوویەتی: (وَأَيًّا مّا كَانَ سَبَب النزولِ فَإِنَّ الآية تَقْتَضِي وجُوب عِقَابِ الْمُحَاربِين بِمَا ذَكَر الله فِيهَا، لأَنَّ الحَصْرَ يُفِيدُ تَأْكِيد النسبة)[1]، واتە: هۆی هاتنە خوارەوەی هەرچی بووبێ (چونکە هەندێك گوتوویانە: مەبەست لەو ئایەتانە ئەو کەسانەیە کە هەڵدەگەڕێنەوە، وە هەندێك گوتوویانە: نا، مەبەست ئەو مسوڵمانانەیە کە خراپەکاریی دەکەن و ئاشووب و ئاژاوە دەگێڕن) ئایەتەکە ئەوە دەخوازێ کە پێویستە ئەوانەی دژایەتیی خواو پێغەمبەری خوا دەکەن و ئاشووب و ئاژاوە بڵاودەکەنەوە، بەو شێوەیە سزا بدرێن، واتە: بەو شێوەیەی کە لە ئایەتەکەدا هاتوە، مانای وایە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی، چ وەحی بووبێ، چ ئیجتیهاد بووبێ، ئەوە ئەو جۆرە سزادانە نەماوەو نەسخ کراوەتەوە.

چوارەم: ئایا ئەو ئایەتە لەبارەی کێوە هاتوە؟

زانایان زۆر قسەیان لەوبارەوە کردوە، بەڵام بەگشتی دوو ڕایان هەن:

١)- هەندێك دەڵێن: دەربارەی کەسانێك هاتۆتە خوار، کە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە.

٢)- زۆربەیان دەڵێن: دەربارەی ڕێگران، - کە لە کتێبە فیقهییەکاندا دەڵێن: (قطاع الطرق) - هاتۆتە خوار، دیارە هەرکام لە (الآلوسي) لە (روح المعاني)[2]، وە

---

١) تفسير التحرير والتنوير: ج٣، ص١٨١.

٢) ج٣، ص٤٠٦

(القرطبي) لە (الجامع لأحكام القران)دا[١]، وە زۆر لە توێژەرەوانی دیکەی قورئانیش[٢] دەڵێن: مەبەست پێی مسوڵمانانی ڕێگرە، مسوڵمانانێك کە خراپەکاریی‌و ئاشووب دەگێڕن‌و لە حوکمی شەریعەت لادەدەن، نەك کەسانێك کە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە.

منیش پێموایە ڕای دووەم کە ڕای زۆرینەیە، ڕاستە، واتە: مەبەست پێی مسوڵمانانێکی لاڕێ‌و لاسارو ئاشووبگێڕە، بە بەڵگەی ئەوە کە خوای پەروەردگار لە ئایەتی دوای ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٣٤﴾ ﴾، واتە: جگە لەوانەی تۆبەیان کرد، پێش ئەوەی تواناتان بەسەریاندا بشکێ، بزانن کە خوا لێبوردەی بە بەزەییە، دیارە لێبوردن‌و بەزەیی خواش تایبەتە بە مسوڵمانانەوە، واتە: خوا ﷻ ئەو سیفەتانەی خۆی بۆ ئەهلی ئیمان بەکاردێنێ، هەروەها وشەی تۆبە بە زۆری بۆ گوناهباران بەکاردێ، مسوڵمانانێك کە گوناح دەکەن‌و دوایی دەگەڕێنەوە، ئنجا (الآلوسي) لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێ: (وَإِنَّمَا المُرَاد مُحَارَبة المُسْلِمِينَ إلاَّ أَنَّهُ جعَل مُحَارَبتِهم مُحَارَبةِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ وَرَسُولِهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم تَعْظِيمَاً لَهُ وَتَرْفِيعَاً لِشَأْنِهم)[٣]، واتە: مەبەست لە دژایەتیکردنی خواو پێغەمبەرەکەی، جەنگ لەگەڵ کردنی مسوڵمانان‌و ئاشووب گێڕیی یە لە نێوان مسوڵماناندا، بەڵام ڕێگریی کردن لە مسوڵمانانی، وەك جەنگ کردن لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوای ﷺ تەماشا کردوە، بۆ بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ و بەرزکردنەوەی شکۆو پایەی مسوڵمانان، کە هەر کەسێك دژایەتی مسوڵمانان بکات، وەك دژایەتی خوای پەروەردگاری کردبێ وایە.

---

١) ج٢، ص١٣٢.

٢) وەك (عبدالرحمن بن ناصر السّعدي)، بڕوانە: (تیسیر الكريم الرحمن في تفسير كلام المنّان)، ص: ٢٣٠.

وە (ابن كثير)، بڕوانە : (المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير)، ص: ٣٧٣.

وە (الشيخ حسنين محمد مخلوف)، بڕوانە: (صفوة البيان لمعاني القرآن)، ص :١٤٩.

وە (حسن الترابي)، بڕوانە (التفسير التوحيدي)، ج ١، ص ٥٠٣).

٣) هەمان سەرچاوەو بەرگو لاپەڕە.

هەروەها (مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١] لەوبارەوە دەڵێ: (وَمِنْ أَجْلِ ذَلِكَ اعتَبرهُ العُلَمَاءُ جَزَاءً لِمَنْ يَأْتِي هَذِهِ الجَرِيمَةَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، وَلِهَذَا لَمْ يَجْعَلَه الله جَزَاءً لِلْكُفَّارِ الّذِينَ حَارِبُوا الرَّسُولَ لأَجلِ عِنَادِ الدِّين، فَلِهَذَا الْمَعْنَى عُدِّيَ (يُحَارِبُونَ) إلى (اللهِ وَرَسُولِهِ) ليَظْهَرَ أَنَّهُمْ لَمْ يَقصُدوا حَرْبَ معيَّنٍ مِنَ النّاسِ ولا حَربَ صَفٍّ)، واتە: بۆیە زانایان ئەو سزایەی لەو ئایەتەدا هاتوە، بە سزای کەسێکیان داناوە، کە ئەو تاوانە دەکات لە مسوڵمانان، بۆیەش خوا ﷻ ئەو سزایەی بۆ کافرانێك دانەناوە کە دژایەتی دینی خوا دەکەن، {واتە: لە هیچ ئایەتێکدا نیە خوا بفەرموێ: ئەگەر کافرەکانتان گرتن: هەڵیانبواسن، یان دەستو پێیان ببڕن، سزای وامان نیە بۆ کافران} وە وشەی: (يُحَارِبُونَ) تەعەددی پێکراوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا، تاکو بزانرێ کە مەبەستیان دژایەتییکردنی کەسێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو نیە، (بەڵکو مەبەستیان دژایەتیکردنی مسوڵمانانە بەگشتی، وە تێکدانی هێمنییو ئاسایشیانە بەگشتی).

<u>پێنجەم: ئایا مەبەست لە (مُحَارَبَة) چییە؟</u>

کە دەفەرموێ: ﴿يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾، دیسان (مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا (التحرير والتنوير)[٢] هەندێك قسەی جوان دەکات، دەڵێ: (وَقَدِ اخْتَلَفَ العُلَمَاءُ فِي حَقِيقَةِ الحِرَابَة؛ فَقَالَ مَالِك: هِيَ حَمَلُ السّلاَحِ عَلَى النَّاسِ لأَخذ أَمْوَالِهِم دُونَ نَائِرةٍ ولا دَخَلٍ ولا عَدَاوَةٍ أي بَيْنَ المُحَارِبِ وَبَيْنَ المُحَارَب، سَوَاءٌ فِي البَادِيَة أَوْ فِي المِصْر، وَأن يَكونوا جَمَاعَة المُسلمين، وَقَالَ بِهِ الشَّافِعيّ وَأَبُو ثَور، وَالأوزَاعي، والليثُ، وإبْن سَعد، وَقِيلَ: لاَيكُون المُحَارِبُ فِي المِصرِ مُحَارِبَاً، وَهُوَ قَولُ أَبِي حَنِيفَة وَسُفيان الثَوري وَإِسْحَاق)، واتە: زانایان ڕاجیایی یان هەیە دەربارەی وشەی: (حِرَابَة) مالیك دەڵێ: هەر کەسێك چەك هەڵبگرێ لە دژی خەڵك، بۆئەوەی ماڵو سامانیان زەوت

---

١) التحرير والتنوير: ج٣، ص١٨٢.

٢) ج٣، ص١٨٢.

بکاتو لێیان بستێنێ، بێئەوەی کێشەو ئاژاوە هەبێو دوژمنایەتیی هەبێ لە نێوان ئەو کەسەدا کە چەکەکەی هەڵگرتووەو ڕێگریی دەکاتو، ئەو کەسەدا کە ڕێگریی لێکراوە، ئەوە چ لە بیابانو چ لە چۆڵایی بێ، چ لە نێو شار بێ، مادام ئەوانە کۆمەڵێك لە مسوڵمانان بنو چەکداریش بن، ئەوە پێی دەگوترێ (حِرَابَة)، وە ئەوانە بە (مُحَارِب) لە قەڵەم دەدرێن، وە ئەو ڕایە ڕای شافیعییو ئەبوو ثەورو ئەوزاعییو لەیثی کوڕی سەعدە، بەڵام ئەبو حەنیفەو سوفیانی ثەورییو ئیسحاق دەڵێن: (حِرَابَة) لە چۆڵایی دا دەبێ، بەڵام لە نێو شاردا نابێ.

کەواتە: هەر کەسێك لەنێو شارو ئاوەدانیی دا بەو کارە هەڵسێ، ئەو پێناسەیە نایگرێتەوەو ئەو جۆرە سزایەشی بەسەردا ناچەسپێنرێ، ئنجا ئایا ئەو ڕاجیایی یە سەر بۆچی دەکێشێ؟ ئەگەر بڵێین: هەر کەسێك هەڵیکوتایە سەر خەڵك، چ لە دەشتو چۆڵایی، چ لە نێو شارو ئاوەدانیی دا، بۆئەوەی ماڵیان لێ بستێنێ، یان دەستدرێژیی بکاتە سەر نەفسیانو ناموسیانو بیانترسێنێ، ئەگەر بڵێین: (حِرَابَة) هەمووی دەگرێتەوە، کەواتە: لە شاربێ یان لە چۆڵایی دا، دەبێ ئەو سزایەی بەسەردا بچەسپێ، بەڵام ئەگەر بڵێین: وەك ئەبو حەنیفەو ئەوانی دیکە دەڵێن: تەنیا ئەو کەسانەی کە لە دەشتو چۆڵایی دا ئەوە دەکەن، دەگرێتەوە، مانای وایە ئەگەر لە شاردا کرا، ئەو سزایە نایانگرێتەوە.

منیش کە زۆر تەماشای بەڵگەی هەموویانم کرد، ڕایەکەی (مالیكو شافیعییو ئەبوو ثەورو ئەوزاعییو لەیثی کوڕی سەعد)م پێ ڕاستە، بۆچی؟ چونکە خوا ﷻ دیاری نەکردووە، هەر دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا ﴾، ئەوانەی جەنگ دەکەن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی، وە لە زەویدا خراپەکاریی بڵاودەکەنەوە، هەوڵدەدەن بۆ خراپەکاریی لە زەویدا، ئیدی نەیفەرمووە ئەو زەوییە زەوییەکی چۆڵ، یان ئاوەدان بێ، لە شار بێ، یان لە بیابان، ئنجا مادام خوا ﷻ بەگشتی فەرموویەتی، ئەوە شارو گوندو ئاوەدانییو چۆڵایی دەگرێتەوە.

شەشەم: ئەو چوار سزایە چۆن جێ بەجێ دەکرێن؟ کە دەفەرموێ: ﴿أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ﴾، وشەی: (أو) لە کوردیدا واتە: (یان)، واتە: یان بکوژرێن، یان هەڵبواسرێن، یان دەستی ڕاستو پێی چەپیان ببڕدرێن، یان دووربخرێنەوە، ئنجا ئایا ئەو (یان)ە، بۆ دابەشکردن (توزیع و تقسیم)ە، یاخود بۆ سەرپشك کردنە؟ لێرەشدا دوو ڕا هەن:

١- هەندێك دەڵێن: بۆ سەرپشك کردنە، واتە: دەستەڵاتی شەرعیی بۆی هەیەو، سەرپشکە یەکێك لەو چوار سزایە هەڵبژێرێو، بەسەر ئەو کەسانەدا بیچەسپێنێ کە هەڵدەستن بە ئاشووبو هەرا نانەوە لە نێو خەڵکداو، دەستدرێژیی کردنە سەر نەفسو ماڵو ناموسو هێمنییو ئاسایشییان.

٢- هەندێکیش دەڵێن: بۆ دابەشکردن، (توزیع و تقسیم)ە.

بەڵام ڕای دووەم بەهێزترە، کە زۆربەی زانایان ڕایان وایە، چونکە خوا ﷻ چوار حاڵەتی باسکردوون:

١- ﴿أَن يُقَتَّلُوٓاْ﴾، یان بکوژرێن.

٢- ﴿أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ﴾، یان هەڵبواسرێن.

٣- ﴿أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ﴾، یان دەستی ڕاستو پێی چەپیان ببڕدرێن.

٤- ﴿أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ﴾، یان دووربخرێنەوە.

کەواتە: خوا چوار سزای باسکردوون، بۆچی؟ چونکە چوار حاڵەت مەزەندە دەکرێن، بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێگریی دەکەن، وە هێمنییو ئاسایشی خەڵك تێکدەدەن:

أ/ یان خەڵك دەكوژنو ماڵیشیان لێ دەستێنن، كە سزایان ئەوەیە دەكوژرێنو هەڵدەواسرێن.

ب/ یاخود هەر خەڵك دەكوژن، بەڵام ماڵەكەیان نابەن، ئەوە تەنیا دەكوژرێن.

ج/ یاخود تەنیا ماڵ دەبەن، ئەوە دەستو پێی ڕاستو چەپیان دەبڕدرێ.

د/ یاخود تەنیا خەڵك دەترسێنن، ئەوانەش دووردەخرێنەوە، كەواتە: خوا ﷻ چوار جۆرە سزای داناون، بۆ چوار حاڵەت لە ڕێگریی‌و دەستدرێژییكردنە سەر هێمنیی‌و ئاساییشی خەڵك، كە بە پێی هەر كام لەو ستەمو تاوانانە، جۆرێك لەو سزایانە دیاریی دەكرێ، وە ئەو ڕایەش تەئكیدی لەسەر دەكەم كە هەر ئەو ڕاستە، بۆچی؟ بۆئەوەی هەر حوكمڕانێك ڕاست بۆوە نەیەت كەسێك وتارێك بدات، یان قسەیەك بكات بڵێ: ئەوە ئەو ئایەتە:

﴿ وَيَسْعَوْنَ فِي ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ﴾، دەیگرێتەوە، جا بێنێ قورسترین سزای بۆ دابنێ! بڵێ: بە دەقی قورئان هەموو جۆرە سزایەكانو هەر چواریانم بۆ هەیە بەسەریدا بسەپێنم! بەڵێ لەڕاستییدا ئەو ڕایە ڕاستە كە دەڵێ وشەی: (أو) خوا بۆ دابەشكردن (توزیعو تقسیم) هێناویەتی، وە ئێمە ئەگەر تەماشای قورئان بكەین دەبینین خوای كاربەجێ وشەی (أو)ی زیاتر بۆ دابەشكردن بەكارهێناوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ:

﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ... ﴿٨٩﴾ ﴾ المائدة، واتە: خوا سوێندی سەرزارەكییتان لێناگرێ، بەڵكو لەسەر ئەو سوێندانە كە دڵیان لەسەر گرێ دەدەن، لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەكات، ئنجا ئەو جۆرە سوێندە دڵ لەسەر چەسپێنراوانە كەفارەتی هەركامێكیان خواردن پێدانی دە نەدارە، لە خواردنێكی میانجیی كە دەرخواردی خێزانتانی دەدەن، یان پۆشاكیان، یان ئازادكردنی گەردن (ی

کۆیلــە)ێك، هـەر کەســێك هیــچ کـام لــەوانەی چنــگ نەکــەوت، ســێ ڕۆژ ڕۆژووگرتنـی لەسـەرە، ئـەوە کـەفارەتی سـوێندەکانتانە، هـەر کـات ســوێندتان خـوارد، وە سـوێندەکانتان بپـارێزن، ئاوا خوا ئایەتەکانیتـان بۆ ڕوون دەکـاتەوە بەڵکو سوپاسـگوزاریی بکـەن (بۆ خـوا).

وەك دەبینین، دەفەرموێ: یـان ئـەوە، یـان ئـەوە، یـان ئـەوە، ئنجـا ئەگـەر یـەکێك لەوانەت نەتوانی، سێ ڕۆژان بەڕۆژوو دەبی، ئنجا زانـایـان لەوبارەوەش دەڵێن: ئەو کەسـەش تا ئەوەی یەکـەمی پـێ بکرێ، نـابــێ هــی دووەم بکــات، وە تــا دووەمـی پـێ بکــرێ نابــێ هـی سـێیەم بکـات، بـەڵام هەندێکــی دیکـە لـە زانایــان دەڵــێن: هەرکامیـان بکات سـەرپشکەو بۆی هەیـە.

بەڵام ئەوەی مەبەستمە بیڵــێم ئەوەیــە کـە لـە قوڕئــاندا تاکە تاوانێــك چـوار جـۆرە سـزای بۆ دانـرابێ، یان چــەند سـزایەکی بـۆ دانـرابـێ، ئـەم تـاوانەیـە، وە ئـەم تـاوانــەش یـەك حاڵـەت بـە خـۆوە ناگــرێ، وەك کوشـتن، یـان دزیـی، چـونکە دەگونجێ بابـای ڕێگـر بەس خەڵـك بترسێنــێ، وە دەگونجـێ بیانترسێنێو سامانیان لــێ بسـتێنــێ، وە دەگونجــێ ویـڕای مــاڵ لــێستاندن بشیانکــوژی؟ نــەخێر، وە دەشگونجـێ تەنیا بیانکوژێ، کەواتە: بەپێی حاڵەتەکـە سـزایەکە دیـاری دەکـرێ.

حەوتــەم: ئەو چـوار سـزایە لەنێـوان مافی گشتی و تایبــەتی دا:

زۆربەی زانـایـان لەســەر ئـەوە یەکدەنگــن کـە ئـەو ســزایەی دانـراوە تەنیـا بـۆ پاراستنی مافی تاکە کەس نیـە، بەڵـکو بۆ پاراسـتنی مافی گشــتییە، بۆیـە ئەگــەر یەکێك لەو تاکانە کـە دەســتدرێژیی کراوەتـە ســەر مـاڵو سـامانی، لـە هەقەکــەی خۆی خۆشبوو، ئایا کابرای خراپەکار سزایەکەی لەسـەر لادەچـێ؟ نەخێـر، بۆچـی؟ چونکە ئەوە مافی گشـتییە، مافی خوایــە، با ئەو تاکـەش لە مافی خۆی خۆشــبێ، چونکـە ئەوە وەك کوشـتنی بە ئانقەسـت (القتل العمـد) نیە کە ئەگـەر کابرا لە هــەقی تۆڵـە (قصـاص) خۆشـبوو، یان خوێنی وەرگرت، یان عـەفووی کـردو هیچـی نەویســت، ســزایەکەی لەسـەر لادەچـێ، بـەڵام لێـرەدا ئـەو مافــە گشـتییە، بۆیــە هەرچـەندە تاکـەکان چاوپۆشـیی لـە هـەقی خۆشـیان بکـەن، تاوانبـار نابــووردرێو سـزایەکەی لەسـەر لانـاچـێ.

**مەسەلەی حەوتەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾، ئەوە سەرشۆڕیی‌و شەرمەزارییە بۆیان لە دنیادا، وە لە دواڕۆژیشدا سزایەکی مەزنیان بۆ هەیە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خوای دادگەر ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر تۆبە نەکەن‌و پەشیمان نەبنەوە، لێیان خۆشنابێ، وەك لە ئایەتی دواییدا هاتوە، دەفەرموێ: بەڵام ئەگەر تۆبە بکەن‌و پەشیمان ببنەوە خوا لێیان خۆشدەبێ، لەوبارەوە ئەم دەقەش هەیە، دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی لە هاوەڵانی بەرێز وەرگرت لە عەقەبەی دووەم دا، ئنجا فەرمووی: ﴿فَمَنْ وَفَّى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللهِ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعُوقِبَ بِهِ، فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئاً فَسَتَرَهُ اللهُ، فَهُوَ إِلَى اللهِ إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ وَإِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٧٨٥)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (١٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٤٣٦)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٣٩) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤١٧٨)}، واتە: هەر کامێك لە ئێوە پەیمانەکەی بردە سەر، ئەوە پاداشتەکەی لەسەر خوایە، وە هەرکامێك لە ئێوە یەکێك لەو گوناهانەی کرد، ئەگەر لە دنیادا پێی سزا درا، ئەوە دەبێتە مایەی سڕانەوەی، وە ئەگەر هەر کامێك لە ئێوە گوناهێکی کرد، خوا بۆی پۆشی، (واتە: پێی سزا نەدرا لە دنیادا)، ئەوە حوکمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، ئەگەر ویستی سزای دەدات، وە ئەگەر ویستیشی لێی دەبووری.

جا لێرەدا کە دەفەرموێ: (فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ) ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سزای دواڕۆژی لەسەر لادەچێ بەو سزایەی دنیا، ئەدی ئەگەر تۆبە بکات؟ ئەوە دیارە ئەگەر تۆبە بکات، بە هەمان شێوە سزای دواڕۆژیشی لەسەر لادەچێ.

**مەسەلەی هەشتەمو کۆتایی:** کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، جگە لەوانەی کە دەگەڕێنەوە، پەشیمان دەبنەوە پێش ئەوەی تواناتان بەسەریاندا بشکێ، ئەوە بزانن کە خوا لێبوردەی بە بەزەییە، دیارە ئەمە هەر پەیوەستە بەوەی پێشی،

واتە: یەکێك لەو چوار سزایانە بەسەر ئەو تاوانبارانەدا بسەپێنن، جگە لەو کەسانەی کە پێش ئەوەی ئێوە دەستەڵاتتان بەسەریاندا بشکێ‌و کۆنترۆڵیان بکەن، بۆخۆیان بە شێوەیەکی ئازادانە بێئەوەی ئێوە ناچاریان بکەن، دێن پەشیمان دەبنەوە، ئەوە بزانن کە خوا، لێبوردەی بە بەزەییە، لێرەدا کە دەفەرموێ: خوا لێبوردەی بە بەزەییە، ئایا سزای دنیاو قیامەتیان لەسەر لادەبات، یان هەر سزای قیامەتیان لەسەر لادەبات؟ دیارە دوای ئەوەی کە حکوومەت، دەوڵەت دەستەڵاتی بەسەریدا دەشکێ، ئنجا بڵێ: تۆبەم کرد! ئەوە هیچ نیە، ئەوە تۆبەی ناچارییە، بەڵام پێش ئەوەی دەستەڵاتیان بەسەریاندا بشکێ‌و بۆخۆیان بێن، ئەوە زانایان لەوبارەوە دوو ڕایان هەن:

## ڕای زانایان لەبارەی جەردەو ڕێگران و چۆنیەتی مامەڵە کردنی دەوڵەت لەگەڵیان دا دوای خۆتەسلیم کردنەوەیان

ڕای یەکەم، دەڵێن: تەنیا سزای قیامەتیان لەسەر لادەچێ، یان تەنیا مافی خوایان لەسەر لادەچێ، بەڵام مافی خەڵکیان هەر لەسەر دەمێنێ‌و پێی سزا دەدرێن.

وە (مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا (التحرير والتنوير)دا دەڵێ: (وَمَعْنَى قَوْلِهِ: ﴿مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ عَلَيْهِمْ﴾، مَا كَانَ قَبْلَ أَنْ يَتَحَقَّقَ الْمُحَارِبُ أَنَّهُ مَأْخُوذٌ أَوْ يُضَيَّقَ عَلَيْهِ الحِصارُ أَوْ يطارَدَ فِي جَمِيعِ البِلَادِ وَيُضَيَّق عَلَيْهِ، فَإِنْ أَتَى قَبْلَ ذَلِكَ كُلِّهِ طَائِعاً نَادِماً سقطَ عَنْهُ مَا شَرَّعَ اللهُ لَهُ مِنَ الْعُقُوبَةِ)[1]، واتە: کە خوا دەفەرموێ: ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە پێش ئەوەی تواناتان بەسەریاندا بشکێ، واتە: ئەو کەسەی ڕێگریی کردووەو ئاژاوەی ناوەتەوە، پێش ئەوەی کە دڵنیابێ دەگیرێ، یاخود تەنگی پێ هەڵدەچنرێ، وە هیچ

١) ج٣، ص١٨٦

بواری ڕاکردنی نابێ، ئەگەر پێش ئەوە هەمووی بۆخۆی بێو ملکەچ بێ، وە پەشێمان بێ، لەو حاڵەتەدا ئەوەی کە خوا بۆی داناوە لە سزا، لەسەری لادەچێ، (واتە: سزای قیامەتییو ئەوەی کە پەیوەندی بە مافی خوای پەروەردگارەوە هەیە).

دوایی هەر لەوبارەوە دەڵێ: (وَلَمَّا لَمْ تَتَعرّضِ الآيةُ إلى غُرْمِ مَا أَتْلَفَهُ بِحرَابَتِهِ، عُلِمَ أنّ التَّوْبَةِ لا تُؤَثّرُ فِي سقوطِ مَا كَانَ قَدْ اعْتَلَقَ بهِ مِن حقُوقِ النَّاسِ مِنْ مَالٍ أَوْ دَمٍ، لأَنَّ ذَلِكَ مَعْلُومٌ بِأَدِلَّةٍ أُخْرَى)، واتە: لەبەرئەوەی ئایەتەکە باسی بژاردنی ئەو شتانەی نەکردوە بە هۆی ڕێگرییو دژایەتییەکەیەوە، فەوتاندوونی، لەوەوە دەزانرێ کە ئەو تۆبەو پەشێمانبوونەوەیەی کاریگەریی نیە لە لاچوونی ئەو مافانەدا کە کەوتوونە سەر شانی، لە مافەکانی خەڵك، جا چ ماڵو سامان بن، جا چ خوێن، چونکە ئەوە بە چەند بەڵگەیەکی دیکە دەزانرێ، کە ئەو مافانەی لە ئەستۆ دایە.

هەروەها (الآلوسي)یش لە (روح المعاني)دا، ئەویش هەمان ڕای هەیەو دەڵێ: (﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْ ﴾، استثناءٌ مَخْصُوصٌ بِمَا هُوَ مِن حقُوق الله تَعَالى كَمَا يُنْبِيءُ عَنْهُ قَوْلُهُ: ﴿ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، وَأمَّا مَا هُوَ مِن حقُوق العِبَادِ كَحقُوق الأَوْلِيَاءِ مِنَ القِصَاصِ وَنَحْوِهِ فَيَسْقطُ بالتَوْبَةِ وَجوبُهُ عَلَى الإمَامِ مِن حَيْثُ كونُهُ حداً، وَلاَ يَسقطُ جَوَازُهُ بالنَّظَرِ إلى الأَوْلِيَاءِ مِنْ حَيْثُ كونُهُ قِصَاصاً؛ فَإِنَّهُمْ إن شَاءوا عَفَوا وَإنْ أَحَبّوا استَوفوا)[١]، هەروەها (قُرطُبي)یش لە (الجامع لأحكام القرآن)[٢] هەمان ڕای هێناوە، واتە: ئەو ئایەتە: کە دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْ ﴾، جیاکردنەوەیەکی تایبەتە لەوانەی کە تاکە مافی

١) ج٣، ص ٤٠٨.
٢) ج٦، ص ١٣٦.

خوای بەرزن، هەروەك قسەی خوای بەرز ئاماژەی بۆ دەكات: ﴿ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، بزانن كە خوا لێبوردەی بە بەزەییە، بەڵام ئەوەی كە مافی بەندەكانە، وەك مافی كەسوكاری كوژراوان كە تۆڵە بستێنن، یاخود وێنەی ئەوە، ئەوە بە هۆی گەڕانەوەیانەوە تەنیا فەرزبوونەكەی لەسەر ئیمام لادەچێ، (واتە: لەسەر ئیمام پێویست نابێ كە تۆڵە لەو كەسە بستێنێتەوە، لەو ڕووەوە كە سزایەكی شەرعییە)، بەڵام دروست بوون (جواز)ەكەی لاناچێ لەو ڕووەوە كە تۆڵە (قصاص)یەو هەقی خەڵكە. واتە: بەس مافە گشتییەكەی لەسەر لادەچێ، ئەگەر كەسوكاری كوژراوەكان، یان كەسوكاری ماڵ براوەكان، گوتیان: دەیبەخشین، ئەوە بژاردنو تۆڵەكەیشی لەسەر لادەچێ، بەڵام ئەگەر ئەوان سووربوون لەسەر داواكردنی مافی خۆیان، دەبێ مافی خاوەن كەسەكان وەربگیرێتەوە.

وە لەوبارەوە (قُرطُبي) ئەم فەرموودەیە دێنێ: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! أَرَأَيْتَ إِنْ جَاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أَخْذَ مَالِي؟ قَالَ: (فَلاَ تُعْطِهِ مَالَكَ)، قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَاتَلَنِي؟ قَالَ: (قَاتِلْهُ)، قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلَنِي؟ قَالَ: (فَأَنْتَ شَهِيدٌ)، قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلْتُهُ؟ قَالَ: (هُوَ فِي النَّارِ)﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٣٥٨)}، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا دەبینی ئەگەر پیاوێك هات ویستی ماڵو سامانەكەم لێ بستێنێ؟ فەرمووی: ماڵو سامانی خۆتی مەدەیە، گوتی: ئەدی ئەگەر لەگەڵم بەشەڕهات؟ فەرمووی: تۆش لەگەڵی بەشەڕەوە، گوتی: ئەگەر منی كوشت؟ فەرمووی: تۆ شەهیدی، گوتی: ئەدی ئەگەر من ئەوم كوشت؟ فەرمووی: ئەو لە ئاگر دایە.

(إبنُ المنذر) دەڵێ: (بِهِ قَالَ أَكْثَرُ أَهلِ العِلْم)، واتە: زۆربەی زانایان ڕایان وایە كە دەبێ ئینسان بەرگریی لە ماڵو سامانی خۆی بكات، ئەگەر لەسەریشی بكوژرێ، یان بكوژێ، (القُرطُبي) لە (الجامع لأحكام القرآن)[1] ئەو ڕایەی هێناوە.

١) ج٦، ص١٣٨.

ڕای دووەم، دەڵێن: هەموو جۆرەکانی سزا لادەچن، واتە: کەسێك بۆئەوەی ناچاربێ، تۆبە بکاتو بگەڕێتەوە، هەقی خواو خەڵکی هەمووی لەسەر لادەچێ، لەوبارەوە (إبن كثير) دەڵێ: (وَقَوْلِهِ تَعَالى: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْ ﴾، أَمَّا عَلَى قَوْلِ مَنْ قَالَ: هِيَ فِي أَهْلِ الشِّرك فظَاهِرٌ، وَأَمَا الـمُحَارِبُون الـمُسْلِمُونَ فَإِذَا تَابُوا قَبْل القدرةِ عَلَيْهِم، فَإِنَّهُ يَسقطُ عَنْهُم انحتام القَتْلِ وَالصَّلْبِ وَقَطْعِ الرجلِ، وَهَل يسقط قَطْعُ اليَدِ أَمْ لا ؟ ...، وَظَاهِر الآيةِ يَقتضي سقُوط الجَمِيع، وَعَلَيْهِ عَمَلُ الصَّحَابَةِ)[1]، واتە: وە قسەی خوای بەرز کە دەفەرموێ: جگە لەوانە کە دەگەڕێنەوە پێش ئەوەی تواناتان بەسەریاندا بشکێ، لەسەر قسەی ئەوانە کە دەڵێن: ئەوە دەربارەی ئەهلی شیرکە، ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە، ئەوە دیارە کە کەسێك تۆبەی کردو گەڕایەوە لە موشریکەکان لە هەموو شتێك دەبووردرێ، {وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿الإِسْلامُ يَجُبُّ مَا قَبْلَهُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٢٠٥/٤)، وَصَحَّحَهُ الألباني في (الإرواء) برقم: (١٢٨٠)، عن عمرو بن العاص رَضِيَ اللهُ عَنْهُ}، واتە: ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوە}[2]، بەڵام مسوڵمانانی جەنگاوەر، مسوڵمانانی ئاژاوەگێر ئەگەر پێش ئەوەی توانا بەسەریاندا بشکێ، بگەڕێنەوە، ئەوە پێویستبوونی کوژرانو هەڵواسرانو لاق بڕانیان لەسەر لادەچێ، بەڵام ئایا دەست بڕانیان لەسەر لادەچێ؟ ... ڕواڵەتی ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ، کە هەموو جۆرە سزاکانیان لەسەر لادەچێ، هاوەڵانی بەڕێزیش ئیشیان بەوە کردوە، ئنجا (إبن كثير) لەوبارەوە ئەم شوێنەوارە دەگێڕێتەوە: {روى إِبْنُ أَبِي حَاتم عَن الشَّعْبي قَالَ: كَانَ حَارِثَةُ بْنُ بَدْرٍ التَّمِيمِيُّ مِنْ أَهْلِ الْبَصْرَةِ قَدْ أَفْسَدَ فِي الأَرْضِ وَحَارَبَ، فَكَلَّمَ رِجَالاً مِن قُرَيش مِنْهُمْ: الْحَسَنَ بْنَ عَلِيٍّ، وَابْنَ عَبَّاسٍ، وَابْنَ جَعْفَرٍ، فَكَلَّمُوا عَلِيًّا فَلَمْ يُؤَمِّنْهُ، فَأَتَى سَعِيدَ بْنَ قَيْسٍ الْهَمْدَانِيَّ فَخَلَفَهُ فِي دَارِهِ، ثُمَّ أَتى عليًا فَقَالَ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ ، أَرَأَيْتَ مَنْ حَارَبَ اللهَ وَرَسُولَهُ وَسَعَى فِي الأَرْضِ فَسَاداً، فَقَرَأَ

---

١) المصباح المنير: ص٣٧٤ ، ٣٧٥.

٢) ئەم فەرموودەیە خۆم زیادم کرد.

حَتَّى بَلَغَ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡ ﴾، قَالَ: فَكَتَبَ لَهُ أَمَانًا، قَالَ سَعِيدَ بْنَ قَيْسٍ: فَإِنَّهُ حَارِثَةَ بْنَ بَدْرٍ، وَكَذَا رَوَاهُ إِبْنُ جَرِيرٍ وَإِبْنُ أَبي شَيبة برقم: (٣٣٤٥٩)} واتە: ئیبنو ئەبی حاتم لە شەعبییەوە هێناویەتی، دەڵێ: (حارثة بن بدر التميمي) خەڵکی بەسرە بوو، پیاوێکی زۆر ئاشووبگێڕ بوو لە زەوی داو ڕێگر بوو، (بەڵام دەیویست بگەڕێتەوە) لەگەڵ چەند پیاوێك لە قوڕەیشییەکان قسەی کردبوو، (واستەی پێکردبوون، کە دەمەوێ بگەڕێمەوە) لەوانە: حەسەنی کوڕی عەلیو عەبدوڵلای کوڕی عەبباسو عەبدوڵلای کوڕی جەعفەر، خوا لێیان ڕازی بێ، ئەوانیش قسەیان لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو طالیب دا کرد، (کە دیارە ئەو کاتە خەلیفەی مسوڵمانان بووە) بەڵام ئەمانی پێنەدا، ئەویش "حَارِثَة بْنُ بَدْر" چوو بۆ لای سەعیدی کوڕی قەیسی هەمدانیو ئەویش لە ماڵی خۆی دایناو چوو بۆ لای خەلیفەی مسوڵمانان عەلی کوڕی ئەبو طالیب گوتی: ئەی فەرماندەی ئیمانداران! ئایا ئەگەر یەکێك دژایەتی خواو پێغەمبەری خوای کردبێ، وە خراپەی لەسەر زەوی کردبێ، (مەبەست لە دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا واتە: ڕێگریی کردبێ، ئاژاوەگێڕیی کردبێ) حوکمەکەی چییە؟ ئەویش (عەلی) ئەو ئایەتانەی خوێندەوە هەتا گەیشتە ئەو شوێنەی کە دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡ ﴾، دەڵێ: ئنجا عەلی کوڕی ئەبو طالیب خوا لێیان ڕازی بێ، ئەمانی بۆ نووسی، گوتی: هەر کەسێك وایە ئەوە مادام بگەڕێتەوە بێئەوەی ئێمە گرتبمان، خۆی ئازادانە بگەڕێتەوە، ئەمانی پێدەدەین، (واتە: لە هەموو شتێك دەیبەخشین) سەعیدی کوڕی قەیسیش گوتی: جا ئەوە (حارثة بن بدر) لە ماڵی ئێمەیەو هێنایو ئەویش لێی بورد.

(الشوكاني)یش لە (فتح القدير)دا ئەویش بە هەمان شێوە دەڵێ: {﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡ ﴾، اسْتَثْنَى الله سُبْحَانَهُ التَّائِبِينَ قَبْلَ القدرةِ عَلَيْهِم مِنْ عمومِ المعَاقبِينَ بِالعقُوبَات السابقة، وَالظَّاهِرُ عَدمُ الفَرْقِ بَيْنَ

الدِّمَـاءِ وَالأَمْـوَالِ وَبَيْنَ غَيرها مِنَ الـذُّنُوبِ الموجِبَـةِ لِلْعقُوبَات المُعَيّنَـة المَحْدُودَةِ، فَلاَ يُطالَبُ التَّائِبُ قَبل القدرةِ بِشَيءٍ مِنْ ذَلِكَ وَعَلَيْهِ عَمَلُ الصَّحَابَةِ وَذَهَبَ بَعْضُ أَهْلِ العِلْمِ إلى أَنَّهُ لاَ يسقُطُ القِصَاصُ وَسَائِرُ حقوقِ الآدَميّين بِالتَوبَة قَبل القدرة وَالحَقّ الأَوَّلُ..}[1]، واتە: ئەوە کە خوا دەفەرموێ: جگە لەوانەی پێش ئەوەی تواناتان بەسەریاندا بشکێ دەگەڕێنەوە، خوای پاك پەشێمانبووەوانێك کە پێش ئەوەی دەستەڵاتی ئیسلامی کۆنترۆڵییان بکات، دەگەڕێنەوە، هەڵیواردوونو جیای کردوونەتەوە، لەوانەی کە بەو سزایانەی پێشێ سزا دەدرێن، ئەوەی کە دیاریشە خوا ﷻ جیاوازیی نەخستۆتە نێوان خوێنو ماڵو سامانو باقی ئەو گوناهانەوە کە ئەو سزا دیاریی کراوانەیان بەسەردا دەچەسپن، بۆیە کەسێك کە پێش ئەوەی توانای بەسەردا بشکێنرێ بگەڕێتەوە، هیچ کام لەو مافانەی لێ داوا ناکرێنەوە، وە هاوەڵانیش بەوە کاریان کردوە، هەرچەندە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: تۆڵەو مافەکانی دیکەی خەڵکی بە تۆبە لاناچن، بەڵام هەق ئەوەی یەکەمیانە.

وە منیش وای بۆ دەچم ڕای دووەم ڕاستتربێو واتە: هەموو مافەکانی لەسەر لابچن، چ مافی خوا، چ مافی خەڵك، وە ئەوە لە سەماحەتو لێبوردەیی ئیسلامو ڕەحمەتی خوای پەروەردگار نیزیکترە، وە ئەوە هاندەرێکیشە بۆ خەڵك کە واز لە ڕێگرییو ئاشووب نانەوەو ئاژاوەگێڕیی بێنێو، بێتەوە ژێر کۆنترۆڵو ڕکێفی دەوڵەتی ئیسلامیی، چونکە ئەگەر بگوترێ: هەقی خەڵکت هەر لێ دەستێنین، کابرا ڕەنگە لە ترسان هەر نەیەتەوەو، هەر بەردەوام بێ لەسەر ڕێگرییو خراپەکاریی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

١) ج٢، ص٤٨.

# دەرسی نۆیەم

## پێناســەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە (٦) ئایەت پێکدێ، ئایەتەکانی (٣٥ - ٤٠) سەرەتا خوای پەروەردگار بۆ جاری شەشەم لەم سورەتەدا مسولْمانان بە نازناوی ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، بانگ دەکاتو، وە فەرمانیان پێدەکات بە سێ شتان: پارێزکارییو بەدەستهێنانی ئامرازو هۆکار بۆ لە خوا نزیکبوونەوە، وە تێکۆشان لە ڕێی خوادا بە مەبەستی سەرفرازبوون (التَّقْوَى، وابْتِغَاء الوَسِيلَة، وَالجِهَاد فِي سَبيلِ الله)، پاشان خوا ﷻ سەرەنجامی شوومی بێبڕوایان ڕادەگەیەنێ، کە ئەگەر لە قیامەتدا پڕی دنیا، وە وێنەی ئەووش کە لە دنیادا هەیە، (واتە: دنیا چی تێدایەو هێندەی دیکەشی بخەنە سەر) بیکەنە قەرەبووو بەلاگێڕەوەی خۆیان لە سزای قیامەت دەربازیان نابێ، وە هەرچەندە هەوڵی هاتنەدەریش دەدەن لە دۆزەخ، بەڵام بێسوودەو، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، پاشان خوا ﷻ باسی حوکمێك لە حوکمە گرنگەکانی ئیسلام دەکات، کە بریتیە لە دزییو سزای دزیی، دەفەرموێ: پیاوی دزو ئافرەتی دز دەستیان ببڕن، وە پاشان ڕایدەگەیەنێ کە هەرکەسێك پاش ئەو ستەمو تاوانە واتە: پاش دزیی کردن، پەشێمان ببێتەوەو چاکەکاریی بکات، ئەوە خوا لێی دەبووری، چونکە خوا لێبووردەی بە بەزییە، وە لە ئایەتی کۆتاییدا واتە: لە ئایەتی کۆتایی ئەم دەرسەدا خوا ﷻ ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنێ، کە خوا خاوەنی ئاسمانەکانو زەوییەو، هەرکەسێك بیەوێ سزای دەدا، بەڵام بە پێی تاوانو خراپەی خۆی، هەرکەسێکیش بیەوێ لێی دەبووری، لەبەرئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، یاخود شایستەی ئەوەیە کە خوا لێی ببووری، وە خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ **ءَامَنُواْ** ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي
سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ
جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفۡتَدُواْ بِهِۦ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنۡهُمۡۖ وَلَهُمۡ
عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٣٦﴾ يُرِيدُونَ أَن يَخۡرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنۡهَاۖ وَلَهُمۡ
عَذَابٞ مُّقِيمٞ ﴿٣٧﴾ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا
مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٣٨﴾ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ
عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿٣٩﴾ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿٤٠﴾ ﴾.

## ماناى وشــه به وشـەى ئایەتەکــان

((ئەى ئەوانەى ئیمانتان هێناوە! پـارێز لـە خـوا بکەنو هۆکار بـەرەو (ڕەزامەنـدیی) خـوا ﷻ بخـوازنو لـە پێناویـدا تێبکۆشـن، بەڵـکو سـەرفرازبن ﴿٣٥﴾ بێگومـان ئەوانـەى بێـبڕوان ئەگـەر تێکـڕاى ئـەوەى لـە زەوى دایـــەو هێنـدەى خۆیشـــى لەگـەڵ بـــێ، تـاکو بیکەنـە قـەرەبوویان لـە سـزاى ڕۆژى قیامـەت، لێیـان وەرنـاگیرێو سـزا (و ئـازار)ێکى بـە ئێشـــیان هەیـە ﴿٣٦﴾ (هەرچـەندە) دەیانـەوێ لـە ئـاگر بچـنە دەرێ، بـەڵام لـێى دەربـاز نـابنو سـزایەکى بـەردەوامیان هەیـە، ﴿٣٧﴾ وە وەك ســزایەکى سـڵەمێنەرەوانە لەلایـەن خـواوە، دەسـتى پیـاوو ئـافرەتى دز بـبڕن لەسـەر ئـەوەى کردوویانـە، وە خـوا زاڵـى کاربەجێیـە ﴿٣٨﴾ ئنجا هەر کەس پاش سـتەمەکەى گەڕایـەوەو چاکەکـاریى کـرد، ئـەوە بێگومان خـوا ﷻ دەگەڕێتـەوە سـەرى (تۆبـەى لێوەردەگـرێ)، بەڕاستى خـوا لـێبوردەى بە بەزەیـى یە ﴿٣٩﴾ ئایا نـازانـى کـە خـوا ﷻ موڵـکى ئاسـمانەکانو زەوى هەیـە، هـەر کەسـێکى بوێ سـزاى دەدات، وە هـەر کەسـێکیشـى بـوێ لـێى دەبوورێ، وە خـوا لەسـەر هەموو شتێك بە توانـایە!﴿٤٠﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ): پێشتریش پێناسەی تەقوامان كردوە لێرەشدا بە كورتی دەڵێین: (اتَّقُوا اللّه) پارێز لە خوا بكەن، واتە: لەخۆتان وریابن لە مامەڵەكردنتان لەگەڵ خوادا ﷻ تەقوا لە چییەوە هاتوە؟ لە (وَقَى، يَقِي، وقاية) دەڵێ: (الوِقَايَةُ: حِفْظُ الشَّيءِ مِمَّا يُؤْذِيهِ، وَيضُرُّهُ، وَالتَّقوَى جَعْلُ النَّفْسِ فِي وِقَايةٍ مِمَّا يُخَافُ، وَفِي إصطلاحِ الشَّرْعِ حِفْظُ النَّفْسِ عَمَّا يُؤْثِمُ) (وَقَايَة) بریتیە لەوەی كەسێك پارێزگاریی بكات لە هەرشتێك كە ئازاری پێبگەیەنێو زیانی پێبگەیەنێ، (تَقْوَى) بریتیە لەوەی كە خۆت والێبكەی لەو شتەی كە جێگای مەترسییە خۆت بپارێزی، وە لە زاراوەی شەرعدا بریتیە لە خۆ پاراستن لە هەر شتێك كە ئینسان گوناهبار بكات، ئینسانیش بە دوو شتان گوناهبار دەبێ، بە چوواندنی فەرزەكان، وە بە شكاندنی قەدەغەكان.

(ٱلْوَسِيلَةَ ): (الوَسِيلَةُ: التَّوَصُّلُ إلى الشَّيءِ بِرَغْبَةٍ وَهِيَ أَخَصُّ مِنَ الوَصِيلَةِ، لِتَضَمُّنِهَا لِمَعْنَى الرَّغْبَةِ، الوَاسِلُ: الرَّاغِبُ إِلى اللهِ تَعَالى، وَحَقِيقَةُ الوَسِيلَةِ إِلى اللهِ: مُرَاعَاةُ سَبيلِهِ بِالعِلْمِ والعِبَادَةِ، وَتَحرِّي مَكارِمِ الشَّرِيعَةِ)، (وَسيْلَة) بریتیە لەوەی كە بە ئارەزووەوە بەرەو شتێك بچیٚو ماناكەی تایبەتترە لە (وصيلة)، (وَصيلَة)ش هەر ئەوەیە كە تۆ بەرەو شتێك بچی، بەلاّم (وَسيلَة) ئەوەیە كە ئارەزوومەندانە بەرەو شتێك بچی، بۆیە (وَاسِل) واتە: كەسێك كە ئارەزووی هەیە بەرەو خوا، بەرەو خوا بڕواو لە خوا نزیك بێتەوە، وە وشەی (وَسيلَة) بەرەو لای خوای بەرز، ئەوەیە: كە ڕەچاوی ڕێبازی خوا بكرێ بە زانیاریی واتە: هەوڵبدەی كە لێی شارەزابی، وە بەندایەتیی بۆ خوا، وە بەوە كە ئەو شتانەی كە شەریعەت فەرمانی پێكردوون لە ئەدەبە بەرزەكانی شەریعەت، ئینسان هەوڵبدات لەخۆیدا بیانهێنێتە دی.

(لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ ): واتە: بۆئەوەی بیكەنە بەلاّگێڕەوەی خۆیان (إفْتَدَى بِهِ) واتە: ئەو شتەی كردە قەرەبووی خۆیو بەلاّگێڕەوەی خۆی، دەڵێ: (الفِدَى وَالفِدَاءُ: حِفْظُ

الإنْسَـانِ عَن النـائِبَةِ بِمَا يَبْذُلُـهُ عَنْـهُ، وَافْتَدَى: بَذَلَ ذَلِكَ عَنْ نَفْسِهِ) (فِدَى) و (فِدَاء) بریتـیە لـەوە كە ئینسـان خـۆی لە بەڵایەك بپـارێزێ، بـە هـۆی ماڵێكـەوە كـە سـەرفی دەكـات، (وَافْتَدَى) واتـە: ئـەو ماڵـەی بەخشـی بۆئـەوەی خـۆی لـە گرفتێـك بپـارێزێ.

(مُّقِيمٌ ): بـە كەسـێك دەگـوترێ كـە لـە شـوێنێك نیشـتەجێ بـێ بـەردەوام، (وَيُعَبَّـرُ بِالإِقَـامَةِ عَنِ الدَّوَامِ نَحْو: عَـذَابٍ مُقْيـمٍ) واتە: وشـەی (إِقَامَة) بەكـاردەهێنرێ بـۆ بەردەوام بوون، وە دەگوتـرێ: (عَذَابٍ مُقيمٍ) واتە: سـزایەكی بـەردەوام.

(نَكَلًا ): وشـەی (نَكَـال) لـە كوردییـدا دەبێتـە تەمبـێكردن، یاخـود سـڵەماندنەوەو پرینگاندنەوەو دوورخسـتنەوە، دەڵـێ: (نكَّلْتُ بِهِ: إذَا فَعَلْت بِهِ مَا يُنَكَّلُ بِهِ غَيـرُهُ واسم ذَلِكَ الفعل النَّكَالُ) كـە تـۆ سـزای كەسێكـت دا، خەڵـكی دیكـەی پێـوە تەمبـێ بـێ، وە پەند وەربگـرێ، ئەو كردەوەیەی كە تـۆ لەگـەڵ كەسێكدا دەیكەی كەسـێكی دیكـەی پێ عیبـرەت گرتووبێو پێ تەمبێ خـواردووبێ، پێـی دەگوتـرێ: (نَكَـال)، (نَكَـال)یـش لـە (نِكْـل)ەوە هـاتوە (والنِكل: قَيْدُ الدَّابَّةِ وحَديـدِة اللِّجَام لِكونِهمـا مانعـين، والجَمْعُ: أَنكال)، (نِكْل) بە پێوەندی پێـی وڵاخ دەگوتـرێ، وە بـەو ئاسـنە دەگـوترێ كـە دەكرێتـە لغـاوی وڵاخـە بـەرزەو دەخرێتـە نێـو زاری، چونكـە هەم ئەو پێوەندەی كە دەخرێتـە پێـی وڵاخـەوە، قەدەغـەی دەكـات لـەوەی كە بەملاو بەولادا بڕوا، وە هەم ئـەو ئاسـنەی دەخرێتـە دەمـی ئەسـپیشـەوە، ڕێـی لـێدەگیـرێ لەوە كە گیـاو لـەوەڕ بخوات، كـۆی (نِكْل)یـش (أَنكَـال)ە.

## مانای گشتی ئایەتەکان

پێشتر ئاماژەم پێدا ئەوە بۆ جاری شەشەمە لەم سوورەتەدا خوای پەروەردگار بە نازناوی ئیمان مسوڵمانان دەدوێنێ، وە زۆرترین ڕستەی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ﴾، لەم سوورەتەدا هاتوە کە (١٦) جارە، واتە: هیچ سوورەتێکی دیکەی مەدەنیی بە قەدەر ئەم سوورەتە، ڕستەی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ﴾ی تێدا نەهاتوە.

خوا ﷻ دوای ئەوەی لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی سزای ڕێگریی‌و تێکدانی هێمنیی‌و ئاسایشی کۆمەڵگای کرد، بانگی مسوڵمانان دەکات بە خۆشەویسترین نازناو، کە بریتیە لە ئیمان، چونکە ئینسان بە هۆی ئیمانەوە دەبێتە خۆشەویستی خوا ﴿ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ... ﴿٢٥٧﴾ ﴾البقرة، ﴿ ... وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾آل عمران، وە بە هۆی ئیمانەوە ئینسان دەربازی دەبێ لە دنیاو سەرکەوتوو دەبێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾آل عمران، وە بە هۆی ئیمانەوە ئینسان بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەبێ، وە بە هۆی ئیمانەوە ڕەزامەندیی خوای دەست دەکەوێ، بۆیە وشەی ئیمان نازناوێکی زۆر خۆشەویستە لە لای مسوڵمانان، بۆیەش خوا ﷻ هەر کاتێك بیەوێ فەرمانێکیان پێ بدات، یان ڕێگرییەکیان لێ بکات، واتە: ئەرکێکی شەرعییان پێ بسپێرێ، بە ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، دەیاندوێنێ، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن، واتە: لە مامەڵەتان لەگەڵ خوادا پارێزکاربن، وریاو هۆشیار بن، کارێك مەکەن کە خوا لێتان بڕەنجێ، کارێك مەکەن خوا لێتان توورەبێ، کارێك مەکەن دووچاری لێپرسینەوەو سزای خوابن، تەقوا بریتیە لەو حاڵەتە هۆشیاریی‌و بێدارییەی کە بۆ ئینسان دروست دەبێ، ئینسان بە وریاییەوە دەژیێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکات، هەمیشە چاودێریی خوا بەسەر خۆیەوە دەبینێ، وە کارێك ناکات خوای بالادەست سزای بدات، یاخود تەنانەت

گلەییشی لـێ بكـات بەبێ سـراداییش، ﴿ وابتغوا إليهِ الوسِـيلة ﴾، ئنجا وە بەرەو خـوا هۆكارێك بخوازن، واتە: ئەو ئامرازو هۆكارانـەی كـە لـە خـواتان نـزیك دەخەنـەوە، ئەوانە پەیدا بكـەن، (كە دوایـی ئێمـە لە مەسـەلە گرنگەكاندا زیاتر تیشـك دەخەینـە سەر ئـەوە، وە ئـەو مشـتومڕەی زانایـان كـە لەسەر تەوەسسـول‌و وەسـیلە هەیـە، زیـاتر باسـی دەكەیـن)، لێرەدا ئەوەی كە لـە قورئـان وەردەگیرێ كـە دەفەرموێ: ﴿ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِـيلَةَ ﴾، واتە: ئەو هۆكـارانەی كە لە خـواتان نـزیك دەخەنەوە، هەوڵبـدەن دابینیـان بكـەن، ئینسان بە چی لە خوا نـزیك دەبێتەوە؟ بێگومان بە طاعەت لـە خـوا نــزیك دەبێتــەوە، بــە خــۆ دوورگــرتن لــە قەدەغــەكراوەكان‌و بــە جێبــەجێ كردنــی فەرمانەكان لە خـوا نـزیك دەبێتـەوە، بە شوێن پـێ هەڵگرتنـی پێغـەمبەر ﷺ لە خوا نـزیك دەبێتەوە، بە خۆ ڕازاندنــەوەی بە ڕەوشــتە بـەرزەكان، لـە خــوا نــزیك دەبێتـەوە، بە خۆ دوورگرتن لە خوو خدە خراپەكان لە خـوا نـزیك دەبێتـەوە، كەواتـە ﴿ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِـيلَةَ ﴾، ڕاستە مانایەكەی ئەوەیە: هەر هۆكـارو ئامرازێك لە خـواتان نـزیك دەخاتەوە، بیخـوازن‌و دابینی بكـەن، وە ڕەچاوی بكـەن‌و كـاری پـێ بكـەن، ﴿ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ ﴾، وە لـە ڕێـی خــوادا تێبكۆشـن، كـە جیهـاد لـە ڕێـی خـوادا یەكێكـە لـە هۆكارەكـانی لـە خــوا نــزیك كەوتنـەوە، جا لێــرەدا ﴿ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ ﴾، وە لـە ڕێـی خـوادا تێبكۆشــن، وشـەی تێكۆشــان (جهـاد) لـە زمـانی عەرەبیــدا لـە ئەســڵدا بـە مانــای ئەوەیــە كــە مرۆڤــ ئەوپــەڕی توانــای خــۆی بەكاربێنـــێ (بَذلُ أقصى ما في الوسع) كە لێــرەدا بــە مانـای جــەنگ (قتـال) دێ‌و غـەیری جـەنگ (قتـال)یــش هــەر دەگرێتـەوە، بەڵام لە ئایەتـە مەككییەكانــدا بـە تەئكیـد مەبەست پێـی جـەنگ نـەبووە، چـونكە جـەنگ‌و ڕووبەڕووبوونــەوەی چـەكدارانە لـە قۆنـاغی مەدینــەدا فـەرز كـراوە، ڕێگای پێدراوە بـۆ مسـوڵمانان كە لـە بەرانبـەر نەیارەكانیانـدا بەكـاری بێـنن، كەواتــە: وشـەی جیهـاد لـە قورئـانی مەكـكییدا واتـە: بانگــەوازو، فەرمانكــردن بــە چاكــەو ڕێ گــرتن لــە خراپــەو بڵاوكردنــەوەی زانســتی شــەرعیی‌و تێگەیانــدنی خــەڵك‌و بەرچـاو ڕوونكردنەوەیان، بەڵام لە ئایەتە مەدەنییەكاندا ئەوەش دەگرێتەوەو، بەخشـینی سـەرو

ماڵیش لە پێناوی خوادا دەگرێتەوە، ئنجا خوا دەفەرموێ: ئەو سێیانە بكەن ﴿لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾، بەڵكو سەرفراز بن، ئنجا دوایی خوا ﷻ باسی سەرەنجامی كوفر دەكات، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفۡتَدُواْ بِهِۦ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنۡهُمۡۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾، بێگومان ئەوانەی بێبڕوان، بێبڕوان بەچی؟! ئەگەر سەرنجتان دابێ لە قورئاندا خوا ﷻ كورتیو پوختی ڕەچاو دەكات، بۆ وێنە: لێرەدا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئیمانیان بە چی هێناوە؟ دیاریی نەكردوە، بەڵام لە شوێنی دیكەدا دیاریی كردوە، جا ئەگەر لە هەموو شوێنان بفەرموێ: ﴿ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ...﴾، ئەوە درێژ دەكێشێ، بەڵام لە چەند شوێنێك دیاریی كردوە كە دەبێ چ شتێك ئیمانی پێ بهێنرێ؟ ئیمان بە خواو بە فریشتەكانو بە كتێبەكانو بە پێغەمبەرانو بە ڕۆژی دوایی[1]، وە هەموو ئەو شتانەی كە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەواڵیان پێداوە، دەبێ ئیمانیان پێ بهێندرێ، لێرەشدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، ئەوانەی بێبڕوا بوون، بە چی بێبڕوا بوون؟ لە سوورەتی (النساء)دا ڕوونی دەكاتەوە، دەفەرموێ: ﴿... وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ ...﴿١٣٦﴾﴾ بێبڕوا بوون بە خوا، بە فریشتەكانی، بە كتێبەكانی، بە پێغەمبەرانی، بە ڕۆژی دوایی، بەو پێنج پایە بنەڕەتییە، كە دیارە ئیمان بە قەدەریش هەر دەچێتەوە نێو ئیمان بە خوا، چونكە ئیمان بە قەدەر، واتە: ئیمان بە زانیاریی بێسنووری خواو، ئیرادەی بێسنووری خواو، حیكمەتی بێسنووری خواو، دەسەڵاتی بێسنووری خوا، تا كۆتایی، دەفەرموێ: بێگومان ئەوانەی بێبڕوان واتە: بێبڕوان بەرانبەر بە هەموو ئەو شتانەی كە پێویستە ئیمانیان پێبهێنرێ، ﴿لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا

---

[1] وەك خوا فەرموویەتی: ﴿لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ...﴿١٧٧﴾﴾ البقرة.

﴿ وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ ﴾، ئەگەر ئەوەی لە زەویدا هەیە هەمووی‌و هێندەی دیکەشی لەگەڵدا بێ ﴿ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، بۆ ئەوەی بیکەنە بەلاگێڕەوەو قەرەبووی خۆیان، لە بەرانبەر سزای ڕۆژی قیامەتدا ﴿ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، لێیان وەرناگیرێ، وە ئازارێکی بە ئێشیان هەیە، جا ئازار هەر خۆی بە ئێشە، بەڵام دیارە لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئازارێکی زۆر بە ئێشە، بۆیە خوای پەروەردگار بە وەسفی: (ألیم) واتە (مؤلم) ئێش پێگەیەنەر، وەسفی دەکات، ئنجا هەر لەبارەی سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانەوە، دەفەرموێ: ﴿ يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ﴾، دەیانەوێ لە ئاگر بچنەدەر کە ئەو هەموو ئازارو ناڕەحەتییە دەبینن، پەلەقاژەی چوونە دەرو دەرباز بوون دەکەن، ﴿ وَمَا هُم بِخَـٰرِجِينَ مِنْهَا ﴾، بەڵام هەرچی دەکەن ناتوانن لێی بچنەدەرو لێی قوتاربن، ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴾، وە ئازارو سزایەکی نەپساوەو بەردەوامیان هەیە بۆچی؟! لەبەرئەوەی کە بەرانبەر بە بەدیهێنەری خۆیان‌و پەروەردگاری خۆیان، سپڵەو ناسوپاس بوون‌و، بەرانبەر بە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بێوەفاو سپڵە بوون، خوا ﷻ ئێمەی داناوە لەم سەرزەمینە تاقیمان بکاتەوەو پێغەمبەرانی بۆ ناردووین‌و، کتێبی بۆ ناردووین‌و عەقڵی پێداوین‌و، هەرچی نازو نیعمەتە پێی داوین، وە فەرموویەتی: ئەو پێنج‌و دووڕۆژەی دنیا بە شێوەیەك بگوزەرێنن کە من لێتان ڕازی بم، کە قازانجی دنیاو قیامەتیشتان هەر لەوەدایەو بەرژەوەندیی عەقڵ‌و جەستەو ڕووح‌و تاك‌و خێزان‌و کۆمەڵگاشتان هەر لەوە دایە، بۆیە کەسێك هەر بە لاڕێییەدا بڕواو، بە قسەی شەیتان‌و دوژمنی خوا بکات، دیارە خوای دادگەر بەو شێوەیە سزای دەدات.

ئنجا دێتە سەر باسی یەکێك لە یاساکانی ئیسلام کە دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، وە لە ڕابردووەوە ئێستاش مشتومڕی زۆری لەسەرە، ئەویش مەسەلەی (یاسای دەست بڕینی دزە)، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَـٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾، وە پیاوی دزو

ئافرەتی دز دەستەكانیان ببڕن، ئەوە سزایەكە لە بەرانبەر ئەوەدا كە كردوویانەو بەدەستیان هێناوە، سزایەكی تەنبێ كەرانەو سڵەمێنەرانەو دوورخرانەوەیە، لە خواوە، ﴿ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾، وە خوا زاڵی كاربەجێیە، لێرەدا تێبینی دەكرێ كە خوا ﷻ پیاوی دزی پێش ئافرەتی دز خستوە، بەڵام لە سوورەتی (النور)دا، ئافرەتی زیناكەری پێش پیاوی زیناكەر خستوە، لەوێ دەفەرموێ: ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي...﴿٢﴾ ﴾، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ ﴾، بۆچی؟! چونكە دزیی پێویستی بە غیرەتو جەربەزەیی‌و دڵڕەقیی‌و ئازایەتی دەكات، كە ئەوە زیاتر لە پیاودا هەیە، بەڵام زینا بە پێچەوانەوە زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی نەرمو ناسكیی‌و كارتێكراوییەوە هەیە، كە ئافرەتیش زیاتر ئەو سیفەتانەی تێدان، پاشان لەبەرئەوەی كە ئەگەر ئافرەت دەستپێشخەر نەبێ، كەمتر وایە پیاوان جورئەت بكەن، مەگەر وەك حاڵەتی زەوتكردن (إغتصاب)و بە زۆر دەست درێژیی كردنەسەر (إعتداء)، ئەگەرنا كەمتر وایە پیاوان جورئەت بكەن بە چاوی تەماع چاو ببڕنە ئافرەتێكی شەریفو شەرم بەخۆو پۆشتەو بە حەیاو حورمەت، لەبەر ئەوە بە زۆریی وا هەیە بۆ داوێن پیسیی‌و زینا، ئافرەت دەستپێشخەر دەبێ، بەڵام بۆ دزیی پیاو، بۆیەش خوای كاربەجێ هەر كامێكیانی لە شوێنی خۆیدا پێشخستوە، كێ زیاتر دەستپێشخەرە ئەوی پێشخستوە، ئنجا كە دەفەرموێ: دەستیان ببڕن، لێرەدا بەگشتی فەرموویەتی: دەستیان ببڕن، كە وشەی دەست لە شانەوە تاكو پەنجەكان، هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بۆی ڕوون كردووینەوە، كە دەبێ لە كوێ ڕا دەست ببڕدرێ:

١) لەلای زۆربەی زانایان لە مەچەكەوە دەبڕدرێ.

٢) هەندێكیش دەڵێن: تەنیا هەر چوار پەنجەكەی دەبێ ببڕدرێن.

٣) وە هەندێكیان گوتوویانە: دەبێ لە ئانیشكەوە ببڕدرێ.

بەڵام ئەوەی كە زۆربەی زانایان لەسەری یەكدەنگن ئەوەیە كە لە مەچەكەوە دەبێ ببڕدرێن، كە پێی دەگوترێ (رَسْغ) ئنجا ئەوەی كە جێی سەرنجە ئەوەیە، كە خوا ﷻ كەم وایە باسی یەكێ لە حوكمە شەرعییەكان بكات، مەگەر ئاماژە دەكات بە حیكمەتەكەی، لێرەشدا ئاماژە دەكات بە حیكمەتی سزای دەست بڕین‌و دەفەرموێ:

﴿ جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا ﴾، سزای ئەو کاسبییە خراپەی کە کردوویانە، ئەو دەستکەوتە خراپەی کە وەدەستیان هێناوە ﴿ نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، ئەوە بۆ ترساندنە لە خواوە، واتە: ئەم سزایە حیکمەتەکەی زیاتر سڵەماندنەوەی خەڵکە لە دزیی، تەمبێ کردنی خەڵك، کە وەك دوایی باسی دەکەین، دەڵێن: لە هەموو مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیی دا شەش دەست بڕدراون و وڵات پڕ بووە لە ئاسایش و هێمنیی، چونکە هەندێ کەس وا تەصەووڕ دەکات، ئەگەر ئیسلام دەسەڵاتی هەبێ، نیوەی خەڵکی بێ قۆڵ دەبێ! نا وانیە، دوو دەستان ببڕە، دوو هەزار دەستی پێوە تەمبێ دەبێ، وەك خوا ئاماژەی بۆ کردوە: ﴿ نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، ئەوە پرینگاندنەوەو سڵەماندنەوەو دوورخستنەوەیە لە خواوە، وە تەمبێ کردن و چاوترساندنی خەڵکە، ﴿ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾، وە خوا زاڵەو کاربەجێشە، ئنجا عادەتی خوا ﷻ وایە مەگەر چۆن، ئەگەرنا باسی گوناح و باسی خراپەیەك بکات، دوایی دەرگای تۆبەو گەڕانەوەش دەکاتەوە، وەك لە مەسەلەی ڕێگریی (محاربة)دا باسمان کرد، کە دوایی دەفەرموێ: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهِمْ ۖ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٤﴾ ﴾المائدة، لێرەشدا دوای باسی دزیی، دەفەرموێ: ﴿ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعْدِ ظُلْمِهِۦ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ ﴾، هەر کەسێك دوای ستەمەکەی، ئەو زوڵمەی کە کردوویەتی لە خۆی کردوە، لەو کەسەی کە دزیی لێکردوە، لەو کۆمەڵگایە، لەو شەریعەتە، دوای ئەو زوڵمە جۆراو جۆرە کە کردوویەتی، بگەڕێتەوە، {(تَـابَ) یانی: (رَجَـعَ)}: گەڕایەوە هەر کەسێك بگەڕێتەوەو واز لە خراپەکاریی و ستەم بێنێ (وَاصْلَـحَ) وە چاکەکارییش بکات ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ ﴾، بێگومان (إِنَّ) ئامرازی تەئکیدە، واتە: بێگومان خوا دەگەڕێتەوە سەری، لە بەکارهێنانی باو (عرف)دا (تَـابَ) واتە: تۆبەی کرد، ئەگەرنا لە ئەسڵی زماندا (تَـابَ)، یانی: (رَجَعَ، عَادَ) وە (تَابَ اللهُ عَلَيْهِ) یانی: خوا گەڕایەوە سەری، کە تا ئێستا خوا لێی تووڕە بووەو خوا لێی دوورکەوتۆتەوە، لەمەودوا خوا دەگەڕێتەوە سەری بە لێبوردن و بەزەیی، وەك چۆن ئەو پێشتر ڕۆیشتوە، سەری

خۆی هەڵگرتوە، بەڵام ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ لای خوا، خواش دەگەڕێتەوە بۆ لای ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾، بێگومان خوا لێبوردەی میهرەبانە.

لە کۆتای ئایەتی ئەم دەرسەماندا خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، ئایا نازانی کە خوا موڵکی ئاسمانەکانو زەوی هەیە، خاوەنی ئاسمانەکانو زەوییە، ئەوە وەڵامی ئیشکالێك دەداتەوە: خوا بۆچی ئەو سزایانەی بۆ داناون، چۆن وا بەو سزا قورسە سزای کەسێك دەدات کە دزیی کردوە؟ خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، ئەدی نازانی کە خوا خاوەنی ئاسمانەکانو زەوییە ﴿يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ﴾، هەر کەسێکی بوێ سزای دەدات، وە هەر کەسێکی بوێ لێی دەبووری، ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، هەمیشە کردەوەی خوای پەروەردگار کاردانەوە (رد فعل)یەو، ئەوەی بەندە کار (فعل)ە، خوا دەفەرموێ: چاك بی، خوا لێت خۆش دەبێ، خراپ بی، خوا سزات دەدات، بەرەو لای خوا بگەڕێوە، خوا قبووڵت دەکات، واتە: بەپێی ئەوە کە ئێمە هەین، بەپێی ئەوەی کە ئێمە ڕەفتار دەکەین، خوا مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات، ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ﴾، وە خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، یەکێك لەو شتانەی کە لە سەری بە توانایە، ئەوەیە کە لە شەریعەتی خۆیدا دایناوە، کە بۆ پاراستنیماڵو سامانی خەڵك، ئەوەی بە ڕەنجی شانو ئارەقی نێوچەوانیان وەسەریەکیان ناوە، کەسێك بیدزێو ببێتە حازر خۆری بەر سێبەر، بێئەوەی ئارەقی پێوە بڕێژێ، ئەوە لەڕاستیدا دەبێ سزا بدرێ، بەڵێ ئەوانەی کە دەیانەوێ لەسەر خوێنی خەڵکی دیکە بژینو حازر خۆری بەر سێبەر بن، دەبێ ئەوانە سزا بدرێن، هەروەك چۆن کەسێك کە هێمنییو ئاسایشی کۆمەڵگا بخاتە مەترسی یەوە، خوای بەرز سزای بۆ داناوە لە شەریعەتی خۆیدا، وە لەڕاستیدا ئەگەر شەریعەتی خوای کاربەجێ جێبەجێ بکرێ، کۆمەڵگا پاك دەبێتەوە لە خراپەکاران، چونکە سزاکانی شەریعەت وایان لێدەکەن لە خراپەو تاوان بسڵەمنەوەو هەنگاوی بۆ نەنێن، وە ئەگەر کەسێکیش هەنگاوی بۆ تاوانو خراپەنا، بە هۆی سزادانەکەیەوە، دەبێتە مایەی پەندو عیبرەت بۆ کەسانی دیکەو مایەی سڵەمینەوەیان.

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، لێرەدا خوای پەروەردگار فەرمان بە سێ شتان دەکات:

١- تَقْـوَى. ٢- إبْتِغَـاء الوَسِيلَةِ إلـى الله. ٣- الجِهَادُ فِي سَبيلِ الله.

١- (تَقْـوَى) ئەگەر بمانەوێ بە کوردیی مانای بکەین واتە: وریایی‌و هۆشیاریی‌و ئاگا لەخۆبوون، لە بەرانبەر خوادا ﷻ، چونکە جاری وا هەیە ئەم وشەیە (تَقْـوَى) بۆ خۆپاراستن ئاگریش بەکارهاتوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِيٓ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٣١﴾ ﴾ آل عمران، واتە: خۆتان لەو ئاگرە بپارێزن کە بۆ بێبڕوایان ئامادە کراوە.

هەروەها لە سوننەتیشدا بە هەمان واتا هاتوە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٢٧٩)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٦٥٣٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٣٤٤)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٥٥٢)، وَالبَيْهَقِيُّ في شُعب الإيمان برقم ٧٣٣)، عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ}، واتە: خۆتان لە ئاگر (ی دۆزەخ) بپارێزن، ئەگەر بە لەتکە خورمایەکیش بێ، (کە دەیبەخشن لە پێناوی خوادا).

خوێنەرانی بەڕێز!

لەڕاستییدا مەسەلەی تەقوا وەك زانایان گوتوویانە: (جِمَاعُ خِصَالِ الخَيْرِ كُلِّهَا) هەرچی سیفەتی چاکە لەخۆیدا کۆی دەکاتەوە، چونکە ئەگەر ئینسان بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵ خوای پەروەردگاردا کرد، کە هەمیشە خوا چاودێریەتی، ئاگای لێیەتی، بەسەری ڕادەگات، بێگومان خەت خوار ناکات، بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی ئامۆژگارییکردنی یەکێك لە هاوەڵاندا، کە ئەبو زەڕ

خوا لێی ڕازی بێ، پێی دەفەرموێ: ﴿اتَّقِ اللهَ حَيْثُ مَا كُنْتَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٢١٣٩٢) تعليق شعيب الأرنؤوط: حَسَنٌ لِغَيْرِهِ، وَرَوَاهُ التِّرمِذِيُّ بـرقم: (١٩٨٧) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَالدَّارَمِي بـرقم: (٢٧٩١)، وَالحَاكِم بـرقم: (١٧٨)، صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه، ووافقه الذهبي، وَالبَزَّار بـرقم: (٤٠٢٢)، قال الشيخ الألباني: حَسَنٌ}، واتە: لە هەر شوێنێك بووی‌و لە هەر حاڵێكدا هەی پارێز لە خوا بكە، یانی: هەست بە چاودێریی خوا بكەو بە وریایی لەگەڵ خوادا مامەڵە بكە، كە ئەوە بەڕاستیی بناغەی كەسایەتیی سەركەوتوو پاك‌و چاك‌و ڕاست‌و ساغە، كوردەواریی خۆشمان چاك لەو مەسەلەیە حاڵی بوون! دەڵێن: (لەو كەسە بترسێ لە خوا ناترسێ)! كەسێك لە خوا ترسا، لە ترسی خواو، لە شەرمی خواو، لەبەر گەورەیی خوا ﷻ خەت خوار ناكات، پێویستی بەوە نیە قامچی قانوونی چاو لێبێ، هەر لە دەروونی خۆیدا لەبەر خوا، لە خەت لانادات، وە مافی خەڵك پێشێل ناكات، سیستەمی حوكمڕانیی ئیسلامیش پێش ئەوەی قامچی یاساو سزادان پێشانی خەڵك بدات، سزادانی دنیایی یان بۆ دابنێ، لە دەروونیاندا وایان لێ دەكات لانەدەن، بۆچی؟ چونكە چاوی قانوون هەموو شتێك نابینێ‌و، دەستی قانوون‌و سزادان ناگاتە هەموو شوێنێك، بەڵام ئینسان ئەگەر لە زاتی خۆیدا ترسی خوای لە دڵ دابوو و، شەرم‌و ڕێزو هەیبەتی خوای لە دڵ دابوو، لە ڕاستە ڕێ لانادات، وەك زۆرجار بیستراوە كە لە سەردەمی (عومەری كوڕی خەتتاب)دا خوا لێی ڕازی بێ، عومەر لە سەردەمی خیلافەتی خۆیدا، شەوێك دەگەڕێ بە نێو شاری مەدینەداو گوێی لێ دەبێ دایكێك بانگی كچەكەی دەكات: ڕۆڵە هەستە تۆزێك ئاو لە شیرەكە بكە بۆئەوەی بیفرۆشین (لەبەرئەوەی كە شیرەكە كەم بووە، ئەگەر تۆزێ ئاویشی تێبكەن، تاكو زۆربێ‌و بیفرۆشن‌و پارەی زیاتریان بۆ بكات) كچەكەش دەڵێ: دایە! ئەدی نەتبیستوە ئەمیری ئیمانداران عومەری كوڕی خەتتاب قەدەغەی كردوە ئاو بكرێتە شیرەوە؟! دەڵێ: با، ڕۆڵە، بەڵام خۆ ئێستا عومەر ئاگای لێ نیە!! دەڵێ: دایە! ئاخر پەروەردگاری عومەر ئاگای لێیە، ئنجا دەڵێ: عومەر دەرگاكەی ئەو ماڵە دیاریی دەكات، دوایی بە كوڕەكانی دەڵێ: كامەتان دەیەوێ ژنێ بێنێ؟ كچێكم دۆزیوەتەوە لە ماڵێكدا، ئەوە بێنن، عاصیمی كوڕی ئەو ئافرەتە دێنێ، ئەو

ئافرەتە دوایی دەبێتــە نـەنكی عومـەری كـوڕی عەبدولـعەزیز، واتـە: دایكـی دایكـی عومەری كوڕی عەبدولعەزیز، خـوا لە هـەموویان ڕازی بـێ.

٢- ئنجـا بەنسبەت ئـەو ڕستـەیەوە كـە دەفـەرموێ: ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾، ئێمە بە تەفصیلێ باسی وەسیلە دەكەین، بـەڵام ئەگـەر سـەرنج بـدەین: دەبینین ئەوەی قوڕئان دەیفەرموێ لە كـوێ؟ وە ئـەوەی سـوننەت دەیفـەرموێ، لـە كـوێ؟ وە ئەوەی لە نێو مسـوڵمانانـدا بۆتە باوو كلـتور، لە كوێ؟!! كە بەراوردیان دەكـەین زۆر زۆر لێك جیـان، بۆیە مسـوڵمانان كـاتێك لـە قورئـانو سوننەت دووردەكەونـەوە، دەكەونەوە نێـو دڕكو داڵو كەنـداڵی عـەجایب!! وشـەی: (وسیلة) لـە: ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾دا، ئێستا چـەمكو واتـای وای لـێ پەیـداكراوە كـە لەگـەڵ ئایەتەكـە هەر زۆر جیایە، بەڵكو هەر پێچـەوانەی ئایەتەكەیە! وەك دوایی باسی دەكەین! ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾، پێشتریش باسم كـرد، واتـە: ئـامڕازو هۆكـار بەرەو خـوا بخوازن، یانی: بزانن بە چ شتێك لە خـوا نـزیك دەبنەوە، پەیدای بكـەن، هەڵبەتـە ئینسان پێش هەموو شتێك بە ئیمان لـە خـوا نـزیك دەبێتــەوە، پاشـان بـە عیبـادەت بـۆ خــواو فەرمانبـەریی بـۆ پێغەمبــەر ﷺ وە بـە پێـنج نوێـژە فـەرزەكان، بـە ڕۆژووی مـانگی ڕەمـەزان، بـە زەكـاتو حـەج، بـە مـاڵ بەخشـین، بـە فەرمان بە چاكـەو ڕێگرتن لە خراپە، بە بانگـەوازكردنـی خەڵـك، بـە هەوڵـدان بـۆ چەسپاندنی دادگـەریی‌و لابردنـی زوڵـم‌و سـتەم، وە هـەروەها، ئەگـەر هـەموو ئـەو شتانەی كە خـوای پەروەردگار بە چاكی داناون، بە پێی توانـا ئـەنجامیان بـدەی، وە هەموو ئەو شتانەی كە خـوا بـە خراپـی داناون، خۆتیـان لـێ بـە دوور بگـری، لـە خــوا نــزیك دەبیـەوە، بەڵــێ ئینســان بــە طـاعــەت لــە خــوا نــزیك دەبێتــەوە، طاعـەتیش یـان وازلێهێنـانی گونـاه (معصـیة)یـە، یـان ئەنجـامدانی چاكەیە، ئـەو شـتەی كـە خــوا بـە چاكی دانـاوە، كەواتـە: ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾، یـانی: (أُطلبـوا مَـا تتَقَرَّبُون بـهِ إِلـى اللهِ سُبْحَانهُ وَتَعَـالى) ئـەو شـتە بخـوازن كـە پێـی لـە خـوای پاكو بەرز نـزیك دەبنــەوە.

٣- پاشـان کە دەفەرموێ: ﴿وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ﴾، وە لە ڕێی وی (خـوا)دا عَزَّ وَجَلَّ، ئەوپەڕی تواناتـان بـە خـەرج بـدەن، چـونکە دەڵـێ: (الجِهَادُ وَالمُجَاهَدَةُ: اسْتِفْرَاغُ الوُسْعِ فـي مُدَافَعَـةِ العَدُوِّ، والمُجَاهَدَةُ ثَلاثَـةُ أَضْـرُبٍ: مُجَاهَدَةُ العَدُوِّ الظَّاهِرِ، وَمُجَاهَدَةُ الشَّيْطَانِ، وَمُجَاهَدَةَ النَّفْسِ)، (جِهَاد ومُجَاهَدَة) ئەوەیـە کـە ئەوپەڕی توانـای خـۆت لـە بەرانبـەر دوژمنانـدا بەکاربێنـی، وە جیهاد سـێ جۆرە: تێکۆشـانو جـەنگ کـردن لەگـەڵ دوژمنـی ئاشـکرادا، وە تێکۆشـان لـە بەرانبـەر شـەیتاندا، وە تێکۆشان لەگەڵ نەفسی خۆتـدا.

لـە کۆتـایی ئایەتەکـەدا خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ: ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾، بەڵکو سەرفرازبن واتە: ئەگـەر وابکـەن ئێوە سەرفراز دەبـن، ئەگـەر ئەم سـێ شـتانە دابین بکـەن، تەقوای خـوا، وە پەیداکردنـی هۆکـارو ئـامڕاز بـەرەو خـوا، وە تێکۆشـان لـە پێنـاوی خـواداو، خـەرج کردنـی ئەوپـەڕی توانـا لـە ڕێـی خـوادا، ئەوە دەبێتـە هۆی سـەرفرازییتان.

# باسێك لە بارەی وەسیلەو تەوەسسولەوە

وشەی: (تَوَسُّل) واتە: (تَقَرُّب)، ئەوەیە كە ئینسان بە شتێك لە خوا نزیك بكەوێتەوە، جا من بەگشتی لە سێ خاڵدا باسی تەوەسسولو وەسیلە دەكەم:

١/ چەمكو واتای (وسیلة) چییە، لە قورئانو سوننەتدا؟

٢/(وسیلة) بەگشتی بە پێنج مانا بەكارهاتوە، چوار مانایان ڕەوان، یەكێكیان ناڕەوایە.

٣/ هاواركردنە غەیری خواو، غەیری خوا كردن بە وەسیلەی پاڕانەوە لە خوا، یاخود غەیری خوا كردن بە هۆكاری نزیك كەوتنەوە لە خوا، شتێكی نادروستە.

## خاڵی یەكەم: چەمكو واتای (وسیلة) لە قورئانو سوننەت دا:

(الآلوسي) لە تەفسیرەكەی خۆیدا[1] پێناسەیەكی جوانی هێناوە، بۆ وشەی (الوَسِيلَة) دەڵێ: (الوَسِيلَةُ: هِيَ فَعِيلَةٌ بِمَعْنَى مَا يُتَوَسَّلُ بِهِ وَيُتَقَرَّبُ إِلى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ فِعْلِ الطَّاعَاتِ وَتَرْكِ المَعَاصِي، من وَسَلَ إِلى كَذَا، أَي: تَقَرَّبَ إِلَيْهِ بِشَيءٍ) واتە: (وَسِيلَة) لەسەر كێشی (فَعِيلَة)یە، بە مانای ئەوەیە كە دەیكەی بە هۆكارو پێی لە خوای زاڵو شكۆدار نزیك دەبیەوە، لە ئەنجامدانی چاكەكان، وە وازلێهێنانی سەرپێچییەكان، ئەویش لە چییەوە هاتوە؟ لە (وَسَلَ إِلى كَذَا) لە زمانی عەرەبیدا واتە: بە شتێك خۆی نزیك خستەوە.

ئنجا ئەوە لە ئەسڵی زماندا (الآلوسي) وای هێناوە، وە زۆربەی توێژەرەوانی قورئانیش هەر لەو چوارچێوەیەدا دەسووڕێنەوە.

ئەگەر تەماشای سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ بكەین دەبینین لە سوننەتدا وشەی (وَسِيلَة) بە بەرزترین پلەی بەهەشت دانراوە، وەك لەو دوو فەرموودەیەدا هاتوە:

---

١) روح المعاني: ج٣، ص٤١٣.

فەرمایشتی یەکەم: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿مَنْ قَالَ حِيْنَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ: اللَّهُمَّ رَبَّ هذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلاَةِ القَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّداً الوَسِيلَةَ، وَالفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَاماً مَحْمُوداً الَّذِي وَعَدْتَهُ، حلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ القِيَامَةِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (١٤٨٥٩)، وَالبُخَارِيُّ بـرقم: (٦١٤)، وَأَبُو دَاوُدَ بـرقم: (٥٢٩)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (٢١١) وَقَالَ: صَحِيحٌ حَسَنٌ غَرِيب، وَابْنُ مَاجَهْ بـرقم: (٧٢٢)، وَابْنُ خُزَيْمَة بـرقم: (٤٢٠)، وَابْنُ حِبَّانَ بـرقم: (١٦٨٩) عَنْ جَابِرٍ رَضِيَ اَللهُ عَنْهُ}، واتە: هەر کەسێك کاتێك گوێی لە بانگ دەبێ، بڵێ: ئەی خوایە، پەروەردگاری ئەم بانگەوازە تێرو تەواوە، وە ئەم نوێژە بەرپاکراوە! وەسیلەو فەضیلە، بە موحەممەد ببەخشە، وە ئەو پێگەیەی کە تێیدا ستایش دەکرێ کە بەڵێنت پێداوە، پێی ببەخشە، (هەر کەسێك ئەو دووعایە بکات دوای بانگ) ئەوە شەفاعەتی منی بۆ پێویست دەبێ لە ڕۆژی دواییدا، (واتە: شایستەی ئەوە دەبێ کە پێغەمبەر ﷺ شەفاعەتو تکای بۆ بکات).

فەرمایشتی دووەم: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: (إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ، ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا، ثُمَّ سَلُوا اللهَ لِيَ الْوَسِيلَةَ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ لاَ تَنْبَغِي إِلاَّ لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللهِ، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ اللهَ لِيَ الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ عَلَيْهِ الشَّفَاعَةُ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٦٥٦٨)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٣٨٤)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٥٢٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٦١٤) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ بـرقم: (٦٧٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٦٩٠)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمڕی کوڕی عاص خوا لە خۆیو باوکی ڕازی بێ، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: هەر کاتێك گوێتان لە بانگبێژ بوو، ئەو چی دەڵێ، ئێوەش وا بڵێنەوە، (واتە: وەڵامی بانگ بدەنەوە) دوایی صەڵەواتم لەسەر بدەن، (بڵێن: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ) چونکە هەر کەسێك صەڵاتێکم لێ بدات، خوا دە صەڵاتی لەسەر دەدات، دوایی داوای وەسیلەم بۆ بکەن، چونکە (وسیلة) پلەیەکە لە بەهەشت تەنیا بۆ یەکێك لە بەندەکانی خوا شایستەیە، وە ئومێدم وایە کە من ئەو بەندەیە بم، (کە بەرزترین پلەی بەهەشتە)، ئنجا هەر کەسێك وەسیلەم بۆ داوا بکات، ئەوە شەفاعەتی منی بۆ پێویست دەبێ.

کەواتـە: ئـەوە چـەمكو واتـای وسـیلەیە لـە زمـانی عـەرەبیو لـە سـوننەتی پێغەمبەردا ﷺ.

## خـالّی دووەم: وشـەی (وسـیلة) بە پێنج مانایـان بـەکارهاتوە، چـواریان ڕەواو یەکیـان ناڕەوایـە:

(وَسیلَة) لە بەکارهێنانی هاوەڵانیشـدا خـوا لێیـان ڕازی بـێ، بـە چـوار واتـای ڕاسـت بەکارهاتوە، وە خەڵکێکی عەوام، بەتایبەت ئەهلـی تەصـەووف، بـە مانایـەکی چـەوتو هەڵەش بەکاریان هێنـاوە، ئنجـا ئێمە چوار مانا ڕاسـتەکان بـاس دەکەیـن، دوایـی مانـا چەوتو هەڵەکەش دەخەینـە ڕوو، کە بەداخـەوە زۆر لە مسـوڵمانان تەنانـەت هەنـدێك لـە ئەهلـی عیلـمیش بـە هەڵـە لـە مانـای وەسیلەو تەوەسسـول تێگەیشـتوون، وە بـە شـێوەیەك ئـەو وشـەیە بـەکاردێنن، یـاخود بـە بیـانووی ئـەو وشـەیە هەنـدێ ڕەفتـارو هەڵسوکەوت دەکەن، کـە زۆر پێچـەوانەی عەقیـدەی ئیسـلامییە، وە پێچـەوانەی خـودی ئەو ئایەتەشـە کە باسی وەسیلەی تێدا هـاتوە! ئنجا وەسیلە بەگشـتی بـە پێـنج مانایـان هـاتوە، کە وەك گوتـم چواریان ڕەواو ڕاستن، یەکێکیشیان ناڕەوایـە:

١) لــە قورئانــدا وشــەی وەســیلە، وەكو ئەســڵی مانــا زمانەوانییەکــەی کــە لــە (ئـالووسـیی)یـەوە هێنامـان، ئـاوا هـاتوە، بریتیـە لـە هۆکـارو ئـامرازی لـە خـوا نزیککەوتنەوە، وە وشەی وەسیلە لـە قورئانـدا لە دوو ئایەتـدا هاتوە، لـەم ئایەتـەی سـوورەتی (الـمائدة)دا کـە ئێسـتا خـەریکی تەفسیـر کردنینـی، ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾، وە لە ئایـەتی (٥٧)ی سـوورەتی (الإسراء)دا، کە دیـارە ئێمـە ئایـەتی (٥٦)یشـی لەگـەڵ دێـنین، چـونکە بەیەکـەوە پەیوەسـتن، خـوا دەفـەرموێ: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمۡلِكُونَ كَشۡفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمۡ وَلَا تَحۡوِيلًا ﴿٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحۡذُورًا ﴿٥٧﴾﴾، واتـە: بلـێ:

لەوانە بپارێنەوە کە پێتان وایە لە جیاتی (خوا) دەپەرسترێن، نە دەتوانن زیانتان لێ لابەرن‌و نە دەشتوانن لێیان لابدەن، ئەوانەی کە لێتان دەپارێنەوە ئەوانە خۆیان هۆکارو ئامراز دەخوازن، بەرەو پەروەردگاریان، (واتە: ئەوانە بۆ خۆیان دەیانەوێ لە خوا نزیك ببنەوە)، وە بە ئومێدی بەزەیی خوان، وە لە سزای خوا دەترسێن، بێگومان سزای پەروەردگارت مەترسیی لێکراوە، واتە: ئەو صالْحانەی کە ئێوە لێیان دەپارێنەوە، ئنجا پێغەمبەرانن، مەلائیکەن، بەندە صالْحەکانی دیکەن، ئەوان بۆخۆیان بە دوای هۆکارو ئامرازێکدا دەگەڕێن، پێی لە خوا نزیك بکەونەوە، وە هیچیان بۆ ئێوە پێناکرێ، بگرە هیچیان بۆخۆیان پێ ناکرێ، بۆخۆیان خوا خوایانە تۆزێك لە خوا نزیك بکەونەوە، کەواتە: (فَاقِدُ الشَّيءِ لا يُعْطِيهِ)، واتە: کەسێك بۆخۆی شتێکی نەبێ، ناتوانێ بیبەخشێ، ئەوان بۆخۆیان چاوەڕێی ڕەحمەتی خوان، بۆخۆیان لە سزای خوا دەترسێن‌و، بەتەمای ئەوەن خوا لێیان خۆشبێ، ئێستا چۆن دەتوانن لە ئێوە خۆشبن‌و ئێوە بەرەو لای خوا بەرن؟ بەو واتایە کە گوناهتان لێ لابەرن‌و لێتان خۆشبن، ئەوانە ئیشی ئەوان نین، کەواتە: (وسيلة) لە قورئاندا بەمانای هۆکاری لە خوا نزیکبوونەوەیە.

٢) لە سوننەتیشدا وەك پێشتر باسمان کرد، لەو دوو فەرموودەیەدا کە هێنامانن (وَسيلَة) بریتیە لە بەرزترین پلەی بەهەشت، کە ئەویش تەنیا بۆ یەکێك لە بەندەکانی خوا شایستەیە، کە کۆتا پێغەمبەرە ﷺ، وەك خۆی فەرموویەتی: ئومێدم وایە کە من ئەو بەندەیە بم، وە ئێستا ئۆممەتەکەی، هەموو ئەوانەی کە ئەو فەرمایشتانە جێبەجێ دەکەن، دوای هەر بانگێك دەڵێن: ﴿اللَّهُمَّ رَبَّ هذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلاَةِ القَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّداً الوَسِيلَةَ، وَالفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَاماً مَحْمُوداً الَّذِي وَعَدْتَهُ﴾، هەمووشمان ئەو دووعایەی بۆ دەکەین، ئومێدمان وایە بەبەر شەفاعەتی پێغەمبەریش ﷺ بکەوین، چونکە فەرموویەتی: هەر کەس دوای هەر بانگێك ئەو دووعایە بکات: ﴿حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتي يَوْمَ القِيَامَةِ﴾[1].

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤٨٥٩)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٨٩)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٥٢٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢١١)، وَالنَّسَائِيُّ في (الكبرى) برقم: (٩٨٧٤)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٧٢٢) وَابْنُ خُزَيْمَة برقم: (٤٢٠)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٦٩٨)، وَالطَّبَرَانِيُّ في الأوسط برقم: (٤٦٥٤).

٣ و ٤) مانای سێیەمو چوارەمی وەسیلەو تەوەسسول لە لای هاوەڵان، ئەوانیش بە دوو واتا بەكاریان هێناوە، هەردووكیشیان ڕاستن، وەك (الآلوسي) گوتوویەتی: (التَوَسُّل بالنَّبيِّ، والتَوَجّه بِهِ إلى الله، لَهُ مَعنيان صَحيحَان) پێغەمبەر ﷺیان كردوە بە وەسیلەو ڕوو پێكردنە خوا لە پشت پێغەمبەرەوە بوەستن، بۆئەوەی پێغەمبەر ﷺ بەرەو خوایان بەرێ، كە ئەویش دوو مانای ڕاستو دروستی هەن:

١- (التَوَسُّل بالإِيمانِ بِهِ وبطَاعَتِهِ) خۆ لە خوا نزیك خستنەوە بە بڕوا پێبوونی پێغەمبەرو فەرمانبەریی بۆ كردنی، كە ئێمە لە خوا بپاڕێینەوەو بڵێین: خوایە! لەبەر خاتری ئیمانمان بە پێغەمبەر ﷺ، وە لەبەر خاتری ئەوەی كە ئێمە فەرمانبەریی پێغەمبەر ﷺ دەكەین، لێمان خۆشبە.

٢- (دُعَاؤُهُ وَشَفَاعَتُهُ) ئەویش ئەوەیە كە داوا لە پێغەمبەر ﷺ بكرێ، تا دووعاو تكامان بۆ بكات، وەك چۆن ئێمە داوای وەسیلەی بۆ دەكەین، ئەویش شەفاعەتمان بۆ بكات، ئەوەش دروستە.

بەڵگەی ڕەوایی مانای یەكەمیان:

ئەوەیە كە ئێمە هەوڵبدەین بە هۆی ئیمانمان بە پێغەمبەرو ﷺ بە هۆی فەرمانبەرییمانەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، لە خوا نزیك بكەوینەوە، ئەویش ئەوەیە كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴾، هۆكار بەرەو خوا بخوازن، ئیمان هێنانمان بە پێغەمبەرو فەرمانبەرییمان بۆ پێغەمبەر ﷺ دەبێتە هۆكاری لە خوا نزیككەوتنەوەمان، چونكە ﴿ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴾، (أَي: وَابتَغوا إِلَيْهِ القُربَة بطَاعَةِ رَسُولِهِ) دیارە فەرمانبەریی بۆ پێغەمبەریش ﷺ فەرمانبەریی یە بۆ خوا، وەك خوا لە سووڕەتی (النساء) ئایەتی (٨٠)دا دەفەرموێ: ﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَ ...﴿٨٠﴾ ﴾، واتە: هەر كەسێك فەرمانبەریی پێغەمبەر بكات، ئەوە فەرمانبەریی خوای كردوە، كەواتە: دروستە ئێمە لە خوا بپاڕێینەوەو بڵێین: خوایە! بە هۆی فەرمانبەرییمان بۆ پێغەمبەر ﷺ لێمان خۆشبە، وە بە هۆی ئیمانمانەوە بە پێغەمبەر ﷺ لێمان خۆشبە.

بەڵگەی ڕەوایی مانای دووەمیان:

وە مانایەكی دیكەی (تَوَسُّل)ی ڕاست بە پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە كە داوای دووعای لێبكەین‌و داوای شەفاعەتی لێبكەین، ئەوەش ڕاستەو، لەگەڵ دەقەكانی قورئان‌و سوننەتدا تەبایە، ئەم شوێنەوارەش لەوبارەوە هەیە: ﴿عَنْ عُمَر ابْنَ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، لَمَّا خَرَجُوا يَسْتَسْقُونَ: (اللَّهُمَّ إِنَّا كُنَّا إِذَا أَجْدَبْنَا نَتَوَسَّلُ إِلَيْكَ بِنَبِيِّنَا فَتَسْقِينَا، وَإِنَّا نَتَوَسَّلُ إِلَيْكَ بِعَمِّ نَبِيِّنَا)، مَعْنَاهُ بِدُعَائِهِ هُوَ رَبَّهُ وَشَفَاعَتِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (١٠١٠)}، واتە: عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ، (دیارە جارێك وشكە ساڵیی بوو، باران نەباریبوو، دەستی عەبباسی مامی پێغەمبەری گرت‌و لەگەڵ مسوڵمانان چوون بۆ دەشتێك بۆ نوێژە بارانە، یان هەر لە میحرابی پێغەمبەردا لەنێو مزگەوت، ئەو كات دیارە عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ خەلیفەی مسوڵمانان بووە) گوتی: ئەی خوایە! ئێمە ئەگەر وشكە ساڵیی دەبوو تەوەسسولمان بە هۆی پێغەمبەرمانەوە بۆ لای تۆ دەكرد، تۆش بارانت بۆ دەباراندین، ئێستاش تەوەسسول دەكەین بۆ لای تۆ بە مامی پێغەمبەرەكەمان، بارانمان بۆ ببارێنە، (واتە: ئەو دەكەینە هۆكار كە لە تۆ نزیك بینەوە، كە مامی پێغەمبەر دووعامان بۆ بكاو تكامان بۆ بكات لە تۆ بپاڕێتەوە، بارانمان بۆ ببارێنی).

لێرە دایە زۆر لە ئەهلی تەصەووف‌و خەڵكی عەوام بە هەڵە داچوون، بەڵام وەك دەبینین عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ، تەوەسسولی بە خودی عەبباسی مامی پێغەمبەر خوا لێی ڕازی بێ، نەكردوە بەڵكو تەوەسسولی بە پاڕانەوەو تكاكردنی عەبباس كردوە، واتە داوایان لە عەبباس كردوە كە لە خوا بپاڕێتەوەو داوا لە خوای بەخشەر بكات، بارانیان بەسەردا ببارێنێ، هەتا پێغەمبەر ﷺ مابوو ئەو دوعای دەكرد، چونكە دەبێ بزانین: مەبەست ئەوەنیە كە ئەگەر عەبباس نەبووایە خوای بە بەزەیی بارانی نەدەباراند، بەڵام عومەر خوا لێی ڕازی بێ، وەك خۆ بەكەمگریی (تواضع) وایكردوەو پێغەمبەری خواو خزمەكانیشی زۆر خۆشویستوە، دیارە عەبباسیش خوا لێی ڕازی بێ كە مامی پێغەمبەرە ﷺ، وە عومەر خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: مسوڵمانبوونی عەبباسم پێ خۆشتر بوو لە مسوڵمانبوونی خەتتابی بابم، چونكە دەزانم

پێغەمبەر ﷺ بە مسـوڵمانـبوونی عەبباسی مامی چەندە دڵی خۆشـبوو، تەماشا بکەن چەند دڵسـۆز بووە! ئەگەرنا عومەرو خەلیفـەو زانایـانی دیکـەش هەبوون کە لە کاتی نەبارینـی باراندا داوای باران بارینیـان کردوە.

کەواتـە: (تَوَسُّل) بـە دوعـای عەببـاس خـوا لێـی ڕازی بـێ کـراوە، نـەك زاتـی عەبباس، پێغـەمبـەریش ﷺ تا زینـدوو بـووە دوعــای بـۆ کـردوون، ئێسـتا کـە لـە نێومانــدا نــەماوەو، مــردوە دەبــێ یــەکێکی دیکـە دوعـا بکــات، ئنجـا ئەگــەر دوعـاکردنەکـان بە زاتی شـەخصەکان بووایە، دیارە پێغەمبـەر ﷺ لـە پێشـتر بـوو لە عەبباس، دەیانگوت: ئەی خـوای پەروەردگار! لـە تـۆ دەپاڕێینـەوە بـە پێغــەمبەر ﷺو ئـەو دەکەینــە وەسیلە بـۆ لای تـۆ، ئنجـا ئـەوەی پشــتگیریی ئـەوەش دەکـات، ئەوەیە کە دەڵێ: عەببـاس دوعای دەکردو عومەری کوڕی خەتتـابو مسوڵمانانیش لـە پشــتیەوە ئامینیــان دەکـرد، ئـەو دەپــاڕایەوە ئـەوانیش دەیانگــوت: ئـامین، کەواتـە: ئـەو (تَوَسُّـل)ەی کـە بـە پــاڕانەوەو شـەفاعەتی پێغـەمبــەر ﷺ دەکـرێ، ئـەوە لـە دوای وەفــاتیو مردنـی تێپـەڕیوەو نـەماوە، بـەڵام ئـەو (تَوَسُّل)ەی کـە بـە پێغــەمبەر ﷺ دەکـرێ، کـە ئیمـان پێهێنــانو فەرمانبـەریی بـۆ کردنیـەتی، ئـەوە دوای مـردنیشی هەر هەیــە.

٥) (التَوَسُّل بِهِ بِمَعنَى الإِقْسَام عَلَى اللهِ بِذَاتِهِ وَالسؤال بذَاتِهِ)، واتە: سـوێند بـە خـوا بخـورێ بە زاتی پێغەمبەر ﷺ، یان زاتی هەر کەسێك کە داوای پێ لە خـوا بکــرێ، بۆ وێنە: بگوترێ: خـوایە لەبەر خـاتری فلان کەس ئـاواو ئـاوام بۆ بکـە!

لەوبـارەوە (محاسن التأويل) ئـەو قسـەیە لـە (إبنُ تيمية) دەخـوازێتـەوە، کە تەفصیلێکی هەیـە، من پـوختم کردۆتــەوە، گوتوویـەتی: (فَهَذَا هُوَ الَّذِي لَمْ تَكُنْ الصَّحَابَةُ يَفْعَلُونَهُ فِي الإِسْتِسْقَاءِ وَنَحْوِهِ لا فِي حَيَاتِهِ وَلا بَعْدَ مَمَاتِهِ، لا عِنْدَ قَبْرِهِ وَلا غَيْرِ قَبْرِهِ، وَلا يُعْرَفُ هَذَا فِي شَيْءٍ مِنَ الأَدْعِيَةِ الْمَشْهُورَةِ بَيْنَهُمْ، وَإِنَّمَا يُنْقَلُ شَيْءٌ مِنْ ذَلِكَ فِي أَحَادِيثَ ضَعِيفَةٍ مَرْفُوعَةٍ وَمَوْقُوفَةٍ، أَوْ عَمَّنْ لَيْسَ قَوْلُهُ حُجَّةً كَمَا سَنَذْكُرُ ذَلِكَ إِنْ شَاءَ اللهُ تَعَالَى... وَهَذَا هُوَ الَّذِي قَالَ أَبُو حَنِيفَةَ وَأَصْحَابُهُ: إِنَّهُ لا يَجُوزُ وَنَهَوْا عَنْهُ حَيْثُ قَالُوا: لا يُسْأَلُ بِمَخْلُوقٍ وَلا يَقُولُ أَحَدٌ: أَسْأَلُكَ بِحَقِّ أَنْبِيَائِكَ... وَقَالَ القدوري: الْمَسْأَلَةُ بِخَلْقِهِ لا تَجُوزُ، لأَنَّهُ لا حَقَّ

لِلْخَلْقِ عَلَى الْخَالِقِ فَلا تَجُوزُ وِفَاقًا)[١]، واته: (إبنُ تیمیة) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: (ئەوەی پێنجەمیان) ئەوەیە كە (بڵێی: خوایە! من سوێندت لێ دەخۆم، ئەو شتەمان بۆ بكەی، لە بەرخاتری فلان كەس)، هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ شتی وایانەگوتوە، نە بۆ داواكردنی باران، وە نە بۆ غەیری ئەوەش، نە لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ كە زیندوو بووە، (هیچ هاوەڵێك نەچووە بڵێ: خوایە! لەبەر پێغەمبەر ئاوامان بۆ بكە)، وە نە دوای مردنیشی، نە لە لای گۆڕەكەی، نە لە لای غەیری گۆڕەكەشی، وە ئەوە نەزانراوە لەو دوعایانەی كە ناسراوو ناوداربوون لە نێوانیاندا، وە هاوەڵان دوعایان كردوە، لە دوعایەكانیشیان دا شتی وا نەبووە، بەڵكو هەندێك لەو جۆرە شتانە لە هەندێك فەرموودان كە سەنەدەكەیان بێهێزە، كە پاڵ دەدرێن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، یاخود پاڵ نادرێن‌و دەوەستێنرێن، {فەرموودەی (مرفوع) واتە: لە پێغەمبەر ﷺ گێڕدراوەتەوە، (موقوف) ئەو فەرموودەیە كە هاوەڵێك دەیگێڕێتەوەو لەسەر وی ڕادەوەستێ‌و ناچێتە پاڵ قسەی پێغەمبەر ﷺ} یاخود لە هەندێك كەس كە قسەیان بەڵگە نیە، (لەڕاستییدا بەڵگەی شەرعیی تەنیا قورئان‌و سوننەتە)، وە ئەوەشە كە ئەبو حەنیفەو هاوەڵانی پێشگیرییان لێكردوەو گوتوویانە: دروست نیە، بە دروستكراو داوا لە دروستكەر ناكرێ، وە هیچ كەسێك ناڵێ خوایە! لەبەر هەقی پێغەمبەران ئەو شتەمان بۆ بكە، وە قەددوریی (كە یەكێكە لە زانایانی حەنەفی مەزهەب) دەڵێ: داواكردن بە دروستكراو دروست نیە، چونكە هیچ دروستكراوێك هەقی لەسەر بەدیهێنەر نیە، لەبەرئەوە دروست نیە.

## خاڵی سێیەم: هاواركردنە غەیری خوا، وە غەیری خوا كردن بە وەسیلەی پاڕانەوە لە خوا دروست نیە:

لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی بە قسەیەكی (الآلوسي) بكەم لە تەفسیرەكەیدا بە ناوی (روح المعاني)، {بۆ زانیارییتان (الآلوسي) یەكێك بووە لە زانایانی قورئان، وە خۆی بە شوێنكەوتووی تەریقەتی نەقشبەندیی داناوە لە ڕووی تەزكیەی

---

١) محاسن التأویل ج٤، ص١٨٦– ١٨٧، كە ئەویش لە (كتاب الوسیلة)ی (إبنُ تیمیة)وە هێناویەتی.

نەفسەوە، وە یەکێکیش بووە لە خەلیفەکانی مولانا خالیدی نەقشبەندییو، لە ژێر ناوونیشانی: (التفسير الإشاري)دا هەندێ قسەی ئەهلی تەصەووف دێنێ کە من تێبینییم لەسەر زۆر لەو قسانەی هەیە، بەلاّم بە هەرحالّ، ئینکاریی ناکرێ کە یەکێکە لە زانا گەورەکان} ، دەلّێ: (وَاسَتَدَّلَ بَعْضُ النَّاسِ بِهَـذِهِ الآيَةِ عَلَى مَشْرُوعِيَةِ الإِستِغَاثة بالصَّالِحِينَ وَجَعْلِهِم وَسِيلَة بَيْنَ اللهِ تَعَالى وَبَيْنَ العِبَاد وَالقَسَم عَلَى اللهِ تَعَالى بِهِم بِأَن يُقَالَ: اللَّهُمَ إِنَّا نُقْسِمُ عَلَيْكَ بِفُلانٍ أَنْ تُعْطِينا كَذَا، وَمِنْهُم مَنْ يَقُولُ لِلْغَائِبِ أَو المَيِّتِ مِن عِباد الله تَعَالى الصَّالحين: يَا فُلان ادعُ الله تَعَالى لِيُرزقُني كَذَا وَكَذَا، وَيَزْعُمُونَ أَنَّ ذَلِكَ مِنْ بابِ ابْتِغَاءِ الوَسِيلَة، وَيروونَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أَنَّهُ قَالَ: إِذَا أعيتكُم الأُمُورُ فَعَلَيْكُم بِأَهْلِ القُبُور، أَو فَاستَغِيثوا بِأَهْلِ القُبُورِ، وَكُلُّ ذَلِكَ بَعِيدٌ عَنِ الحَقِّ بِمَرَاحِل)[1]، واتە: هەندێك لە خەلّكی ئەم ئایەتە بە بەلّگە دێننەوە لەسەر ڕەوایی هاوار كردنە پیاوچاكانو كردنیان بە وەسیلە لە نێوان بەندەكانو خوای بەرزدا، وە سوێند لە خوا دەخۆن بەوان كە بگوترێ: خوایە! سوێندت لێ دەخۆم بە فلاّن كەس، كە فلاّن شتەم بدەیە، یاخود هەیانە بە كەسێك كە نادیارە، یاخود كە مردووشە لە بەندە چاكەكانی خوا، (دەچێتە سەر قەبرەكەی، یان لە مالّێ هاواری دەكات) دەلّێ: ئەی فلاّن كەس! لە خوای بەرز بپاڕێوە كە فلاّن شتەو فلاّن شتەم پێبدات، وە پێیانوایە ئەوە لە جۆری داواكردنی هۆكارە بەرەو خوا، وە لەوبارەشەوە ئەوە لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕنەوە، گوایە: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: هەر كاتێك كاروبارەكان سەغلّەتیان كردن، ڕووبكەنە خەلّكی گۆڕستان، یاخود هاوار بكەنە خەلّكی گۆڕستان، (كە پێغەمبەر ﷺ هەرگیز شتی وای نەفەرمووەو وەك ئالووسیی دەلّێ) ئەوە چەند قۆناغ لە هەق دوورە.

دوایی ئالووسیی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لە ژێر ناوونیشانی: (تَحقيق الكَلاَم في هَذَا الْمَقَام)دا، واتە: ساغكردنەوەی قسە لەوبارەوە، (توسُّل) بە گشتی دەكاتە چوار جۆر، سێیان بە ڕەوا دەزانێ، دەلّێ:

---

١) ج٣، ص٤١٤ – ٤٢٢.

**یەکەم:** ﴿أَنَّ الإِسْتِغَاثَةَ بِمَخْلُوقٍ وَجَعْلِهِ وَسِيلَةً بِمَعْنَى طَلَبِ الدُّعَاءِ مِنْهُ لا شَكَّ فِي جَوَازِهِ إِنْ كَانَ الـمَطْلُوبُ مِنْهُ حياً، ولا يَتَوَقَّفُ عَلَى أَفْضَلِيتِهِ مِنَ الطَالِبِ بَلْ قَدْ يطلُبُ الفَاضِلُ مِنَ الـمفضُولِ، فَقَدْ صَحَّ أَنَّهُ ﷺ قَالَ لعُمَر رَضِيَ اللهُ تَعَالى عَنْهُ لَما اسْتَأْذَنَهُ فِي العُمْرَة: (لاَ تَنْسَنَا يَا أَخِي مِنْ دُعَائِكَ)!﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (١٤٩٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٩٤)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٥٦٢)، وإسناده ضَعيف، كَمَا ذكر الشيخ شاكر والألباني}، واتە: حاڵەتی یەکەم ئەوەیە ئینسان هاوار بکاتە دروستکراوێك لە دروستکراوەکانی خواو، بیکاتە وەسیلە کە داوای لێبکات بۆی بپاڕێتەوە، (بڵێ دووعام بۆ بکە)، گومان لە دروستی ئەو حاڵەتە ناکرێ، بەمەرجێك داوا لێکراو زیندووبێ، وە ئەوەش پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە کە ئەوەی داوای لێ دەکرێ، لە داواکارەکە باشتربێ، بەڵکو جاری وایە کەسێك کە باشترە داوا لە کەسێك دەکات کە بە قەدەر ئەو باش نیە، (داوای لێدەکاتو دوعای بۆ دەکات)، وەك لە ڕێیەکی ڕاستەوە پێمانگەیشتوە کە پێغەمبەر ﷺ بە عومەری کوڕی خەتتابی خوا لێی ڕازی بێ فەرموو، کاتێك مۆڵەتی لێوەرگرت بۆ عومرە: (لاَ تَنْسَنَا يَا أَخِي مِنْ دُعَائِكَ)، واتە: ئەی برایەکەم لە دوعای خۆت بێبەشمان مەکە، (هەرچەندە هەندێك لە زانایانی فەرموودەناس ئەو فەرموودەیان بە بێهێز زانیوە، وەك شێخ شاکرو شێخ ئەلبانیی)، پاشان دەڵێ: {وَأَمْرَهُ أَيضاً أن يطلُبَ مِن أُوَيْس القَرَنِي رَحْمَةُ اللهِ تَعَالى عَلَيْهِ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَهُ: (فَإِنِ اسْتَطْعتَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَكَ، فَافْعَلْ، فَطلب منه الإسْتغْفار، فاسْتَغْفَرَ لَهُ)[1] وَأَمرَ أُمَّتَهُ ﷺ بطَلَبِ الوَسِيلَةَ لَهُ كَمَا مَرَّ آنِفاً وَبِأَنَّ يُصَلُّوا عَلَيْهِ}، واتە: وە هەروەها بە عومەری کوڕی خەتتابی خوا لێی ڕازی بێ فەرموو: کە داوا لە ئوەیسی قەرەنیی بکات تا داوای لێبوردنی بۆ لە خوا بکات، فەرمووی: (فَإِنِ اسْتَطْعتَ أَنْ يَسْتَغْفِرَ لَكَ، فَافْعَلْ، فَطلب منه الإسْتغْفار، فاسْتَغْفَرَ لَهُ)، واتە: ئەگەر توانیت وای لێبکەی داوای لێبوردنت بۆ لە خوا بکات، وا بکە، دیارە عومەریش خوا لێی ڕازی بێ داوای لێکرد کە داوای لێبوردنی بۆ لە خوا بکات، ئەویش

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٦٦٥٦)، وَأَحْمَد برقم: (٢٤٨٤٥)، وَأَبُو يَعَلى برقم: (٤٥٩٣).

داوای لێبوردنی بۆ لە خوا کرد، هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردوە بە ئۆممەتی کە داوای وەسیلەی بۆ بکەن، (وەك پێشتر باسمان کرد)، وە صەڵەواتی لێبدەن.

کە دیارە پێغەمبەر ﷺ لە هەموو ئۆممەتەکەی باشترە، کەچی دوعاشی بۆ دەکەن، ئەوە حاڵەتی یەکەمی تەوەسسولی دروستو ڕەوایە.

**دووەم:** {وَأَمَّا إِذَا كَانَ الـمَطْلُوبُ مِنْـهُ مَيتاً أَوْ غَائِبَاً فَلاَ يَستَرِيبُ عَالِمٌ أَنَّهُ غَيْرُ جَائِزٍ وَأَنَّـهُ مِن البِدَعِ الَّتِي لَمْ يَفعلهَا أَحَدٌ مِنَ السَّلَفِ}، واتە: بەڵام ئەگەر داوا لێکراوەکە مردووبوو، یان لەوێ نەبوو (بۆ وێنە: لە شارێکی دیکەیە، تۆ لێرەوە داوای لێبکەی دوعات بۆ بکات) ئەوە هیچ زانایەك گومانی لەوەدانیە کە دروست نیە، وە لەو داهێنراوانەیە کە هیچ کام لە زانایانی پێشین شتی وایان نەکردوە.

**سێیەم:** {نَعَمْ السَّلاَمُ عَلَى أَهْلُ القُبُورِ مَشروعٌ وَمُخَاطبَتهم جَائِزَة؛ فَقَدْ صَحَّ أَنَّهُ ﷺ كَانَ يُعلِّمُ أَصْحَابَهُ إِذَا زَارُوا القُبُورَ أَنْ يَقُولُوا: (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللّٰهُ تعالى بِكُم لاحِقُونَ، يَرحَم الله تَعَالى الـمُستَقدمِينَ مِنَّا وَمِنْكُم، والـمُستَأخِرِينَ نَسْأَلُ الله تَعَالى لَنَا وَلَكُمْ العَافِيَة، اللَّهُمَ لا تَحرِمْنَا أَجْرَهُمْ وَلا تَفْتِنَّا بَعْدَهُمْ وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُمْ)[1]، وَلَمْ يرد عَن أَحَدٍ مِنَ الصَّحَابَةِ رَضِيَ اللّٰهُ تَعَالى عَنْهُمْ وَهُمْ أَحْرَص الخَلْقِ عَلَى كُلّ خَير أَنَّهُ طَلَبَ مِن مَيِّت شَيئَاً، بَلْ قَدْ صَحَّ عَن ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللّٰهُ تَعَالى عَنْهُمَا أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: إِذَا دَخَل الحُجْرَةَ النَّبَوِيَّة زَائِرَاً: السَّلاَمُ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ الله؛ السَّلاَمُ عَلَيْكَ يَا أَبَا بَكر، السَّلاَمُ عَلَيْكَ يَا أَبَتِ، ثُمَ يَنْصَرِفُ ولا يَزِيدُ عَلَى ذَلِكَ ولا يطلبُ مِن سيد العَالَمِين ﷺ أَوْ مِنْ ضَجيعيهِ الـمكرَّمَيْن رَضِيَ اللّٰهُ تَعَالى عَنْهُمَا شَيَئَاً، وَهُمْ أَكْرَم مِن ضَمَّتهُ البَسيطة، وَأَرْفَعُ قَدْرَاً مِنْ سَائِر من أَحَاطَتْ بِهِ الأَفْلاَكُ الـمُحيطَة}، واتە: بەڵێ، ئەگەر سڵاویان لێبکەیو بیاندوێنی، (واتە: دواندنێکی یەك تەرەفانە) ئەوە دروستە، چونکە لە ڕێی ڕاستەوە

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٤٨٤٥)، وَابْنُ مَاجَه برقم: (١٥٤٦)، وَالبَيْهَقِي في (شعب الإيمان) برقم: (١٩١) قال الشيخ الألباني: ضعيف وهو صحيح دون: اللهم لا... .

پێمانگەیشتوە کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەرێزی خۆی فێر دەکرد، ئەگەر سەردانی گۆڕستانیان کرد، بڵێن: سڵاوتان لێ بێ ئەی خاوەنی ئەم مەنزڵگایانە لە ئیمانداران‌و مسوڵمانان، وە ئێمەش هەرکاتێك خوای بەرز ویستی پێتان دەگەین، خوای بەرز بەزەیی بێتەوە بە پێشووانی ئێمەو ئێوەدا، وە بە دواییانی ئێمەو ئێوەشدا، ئەوانەمان کە تێپەڕبوون‌و هاتوون بۆ لای ئێوە، وە ئەوانەش کە دوایی دێن، لە خوای بەرز بۆ ئێوەو بۆ ئێمە سەلامەتی داوا دەکەین، خوا لە پاداشتیان بێبەشمان مەکەو، لە دوای وان تووشی بەڵامان مەکە، وە لە ئێمەو لەوانیش خۆشبە.

وە لە هیچ کام لە هاوەڵانی بەرێزی پێغەمبەر ﷺ نەگێڕدراوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەموو کەس سوورتربوون لەسەر هەموو خێرو چاکەیەك، کە هیچ کامیان داوای لە مردوویەك کردبێ، بۆ هیچ شتێك، بەڵکو لە ڕێی ڕاستەوە پێمان گەیشتوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێ، کاتێك دەچووە نێو ئەو ژوورەی کە پێی دەگوترێ: (الحُجْرَةَ النَّبَوِيَّة)، (کە هەر سێ گۆڕی پێغەمبەر ﷺو ئەبو بەکرو عومەر خوا لێیان ڕازی بێ لەوێدان) بۆ سەردانی کردنیان دەچوو، دەیگوت: (السَّلاَمُ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ الله؛ السَّلاَمُ عَلَيْكَ يَا أَبَا بَكْر، السَّلاَمُ عَلَيْكَ يَا أَبَتِ)، واتە: سەلامەت لێ بێ ئەی پێغەمبەری خوا، سەلامەت لێ بێ ئەی ئەبو بەکر، سەلامەت لێ بێ ئەی بابە، دوایی دەڕۆیشت، لەوە زیاتری نەدەگوت، وە هیچ شتێك لە سەروەری جیهانییان (کە پێغەمبەرە ﷺ) وە لە دوو هاوەڵە لەلا نێژراوەکەی، کە لە هەموو کەس بەرێزترن، هیچ شتێکی داوا لێ نەکردوون، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەو سێیانە (پێغەمبەر ﷺو ئەبو بەکرو عومەر خوا لێیان ڕازی بێ) لە هەموو ئەوانەی کە زەوی گرتوونیە خۆی، بەرێزترن، {دیارە جگە لە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)} وە پایەیان بەرزترە لە هەموو ئەوەی کە فەلەکەکان دەوریان داوە، (دیارە تۆزێك موبالەغەی سۆفییانەی کردوە)[١]، واتە: هیچی لە هەر کام لەو سێیانە داوا نەکردوە، بەس سەلامی لێکردوون.

---

١) ئاشکرایە ئەوەی نێوان ئەو دوو کەوانەیە قسەی خۆمە.

**چوارەم:** {وَأَمَّا القَسَمُ عَلَى اللهِ تَعَالى بِأَحَدٍ مِنْ خَلْقِهِ مِثْلَ أَن يُقَالَ: اللَّهُمَّ! إِنِّي أُقْسِمُ عَلَيْكَ أَوْ أَسْأَلُكَ بِفُلان إِلاَّ مَا قَضيت لِي حَاجَتِي، فَعَن ابْنُ عَبْدُ السَّلاَمِ جَوَاز ذَلِكَ فِي النَّبِي ﷺ لأَنَّهُ سَيِّد وَلَدِ آدَمَ، وَلا يَجُوزُ أَنْ يُقْسَمَ عَلَى اللهِ تَعَالى بِغَيْرِهِ مِنَ الأَنْبِياءِ وَالـمَلاَئِكَةِ وَالأَوْلِيَاءِ، لأَنَّهُم لَيْسُوا فِي دَرَجَتِهِ، وَدَلِيلهُ فِي ذَلِكَ مَا رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ وَقَالَ حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ: (عَنْ عُثْمَانَ بْنِ حُنَيْفٍ رَضِيِ اللهُ تَعَالى عَنْهُ أَنَّ رَجُلاً ضَرِيرَ الْبَصَرِ أَتَى النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: ادْعُ اللهَ أَنْ يُعَافِيَنِي قَالَ: إِنْ شِئْتَ دَعَوْتُ، وَإِنْ شِئْتَ صَبَرْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ؟ قَالَ: فَادْعُهْ، قَالَ: فَأَمَرَهُ أَنْ يَتَوَضَّأَ فَيُحْسِنَ وُضُوءَهُ، وَيَدْعُوَ بِهَذَا الدُّعَاءِ: اللَّهُمَّ! إِنِّي أَسْأَلُكَ، وَأَتَوَجَّهُ إِلَيْكَ بِنَبِيِّكَ مُحَمَّدٍ نَبِيِّ الرَّحْمَةِ، إِنِّي تَوَجَّهْتُ بِكَ إِلَى رَبِّي فِي حَاجَتِي هَذِهِ لِتُقْضَى لِيَ اللَّهُمَّ فَشَفِّعْهُ فِيَّ)} (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٢٧٩)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح رجاله ثقات، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٥٧٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٣٨٥) وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (١٢٨٩))، واتە: بەڵام سوێند خواردن لەسەر خوای بەرز بە یەکێك لە دروستکراوەکانی، وەك ئەوەی بگوترێ: خوایە! من سوێندت لێ دەخۆم، یاخود داوات لێدەکەم بە فلاّن کەس، کە فلاّن شتەم بۆ بکەی! ئەوە (العز بْن عَبْدُ السَّلاَمِ) ئەوەی بە ڕەوا زانیوە، بەڵام تەنیا بۆ پێغەمبەر ﷺ لەبەرئەوەی کە گەورەی ڕۆڵەکانی ئادەمە، وە گوتوویەتی: دروست نیە سوێند لە خوای بەرز بخورێ، جگە لە پێغەمبەر ﷺ، بە هیچ کام لە پێغەمبەرانی دیکە، وە بە فریشتەکان، وە بەوانەی کە دۆستی خوان، چونکە هیچ کامیان لە پلەی بەرزی پێغەمبەردا نین، وە بەڵگەش لەوبارەوە ئەو دەقەیە کە (ترمِذِيّ) گوتوویەتی: (حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ)، دەڵێ: عوسمانی کوڕی حونەیف دەگێڕێتەوە، کە پیاوێکی کوێر هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: لە خوا بپاڕێوە کە چاکم بکاتەوە، پێی فەرموو: ئەگەر حەز دەکەی دەپاڕێمەوە، ئەگەر حەزیش دەکەی خۆڕابگرە، ئەوە بۆ تۆ چاکترە، ئەویش گوتی: بۆم بپاڕێوە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی پێکرد، کە دەستنوێژێکی باش بگرێ، وە دوایی بەم شێوەیە بپاڕێتەوە: ئەی خوایە! من داوات لێدەکەم، ڕووت تێدەکەم بە پێغەمبەرەکەت، پێغەمبەری ڕەحمەتو بەزەیی،

ئەی پێغەمبەری خوا! من بە تۆ ڕوو دەکەمە خوای پەروەردگارم، کە ئەم پێویستییەم، ئەم داواکاریەم جێبەجێ بکات، ئەی خوایە! بیکە تکاکار لە مندا، تکای ئەو بۆ من قبوول بکە.

(هەڵبەتە ئەوە جیایە لەوەی دیکە کە باسی دەکەین، بەڵام ئەوەش دیسان وەنەبێ هەموو زانایان ڕایان وابێ)، بۆیە ئالووسیی دەڵێ: (وَمِنَ النَّاسِ مَنْ مَنَعَ التَّوَسُّلَ بِالذَّاتِ وَالقَسَمِ عَلَى اللهِ تَعَالى بِأَحَدٍ مِنْ خَلْقِهِ مُطْلَقَاً)، واتە: وە هەندێك لە خەڵكی ڕێیان گرتووە لە تەوەسسول کردن بە زاتی پێغەمبەر ﷺ و سوێند لە خوای بەرز خواردن، بە هیچ کام لە دروستکراوەکانی بە شێوەیەکی ڕەها، ئەوەیان قەدەغە کردوە، {وَهُوَ الَّذِي يَرْشَحُ بِهِ كَلَامُ المَجْدِ ابْنُ تَيْمِيَة؛ وَنَقَلَهُ عَنِ الإمَامِ أَبِي حَنِيفَةَ رَضِيَ اللهُ تَعَالَى عَنْهُ وَأَبِي يُوسُفَ وَغَيرِهُمَا مِنَ العُلَمَاءِ الأَعْلَامِ، وَأَجَابَ عَنِ الحَدِيثِ بِأَنَّهُ عَلَى حَذفِ مُضَافٍ أَي بِدُعَاءِ أَوْ شَفَاعَةِ نَبِيِّكَ ﷺ، فَفِيهِ جعل الدُّعَاءِ وَسِيلَةً وَهُوَ جَائِزٌ بَلْ مَنْدُوبٌ، وَالدَّلِيلُ عَلَى هَذَا التَقْدِيرِ قَوْلُهُ فِي آخِرِ الحَدِيث: (اللَّهُمَّ فَشَفِّعْهُ فِيَّ) بَلْ فِي أَوَّلِهِ أَيْضَاً مَا يَدُلُّ عَلَى ذَلِكَ}، واتە: وە قسەکەی مەجدی ئیبنو تەیمییە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەوەشی لە ئەبو حەنیفە خوای بەرز لێی ڕازی بێ‌و ئەبو یوسف‌و غەیری وانیش لە زانایانی ناوداری ئیسلام نەقڵ کردوە، وە وەڵامی ئەو فەرموودەیەشی بەوە داوەتەوە، کە ئەوە شتێکی تێدا قرتێنراوە، واتە: پاڵدراو (مضاف)ەکەی قرتێنراوە، کە دەفەرموێ: {(وَأَتَوَجَّهُ إِلَيْكَ بِنَبِيِّكَ مُحَمَّدٍ نَبِيِّ الرَّحْمَةِ) وشەیەك لێرەدا لابراوە، لەبەرئەوە کە سیاقەکە دەیگەیەنێ، واتە: خوایە لێت دەپاڕێمەوەو ڕووت تێدەکەم بە دوعاو تکای پێغەمبەر ﷺ}، دەڵێ: کەواتە: لێرەشدا دوعاو تکاکردنی پێغەمبەر ﷺ کراوەتە وەسیلە، کە ئەوەش دروستە، بەڵکو سوننەتیشە، بەڵگەش لەسەر ئەوە کە وشەیەك دەبێ لێرە دابنرێ، ئەوەیە کە لە کۆتایی فەرموودەکەدا دەڵێ: (اللَّهُمَّ فَشَفِّعْهُ فِيَّ)، خوایە پێغەمبەر بکە بە تکاکار لە مندا، واتە: دوعاو شەفاعەتی ئەو بۆ من قبوول بکە. وە دەڵێ: بەڵکو لە سەرەتای فەرموودەکەش ئەوەی تێدایە، کە ئەوە دەگەیەنێ، ئنجا ئالووسیی دەڵێ: (وَقَدْ شَنَّعَ التَاجُ السُّبكِي كَمَا هُوَ عَادَتُهُ عَلَى المَجدِ، فَقَالَ: وَيَحْسُنُ التَوَسُّلُ والإِستِغَاثَةُ بِالنَّبِيّ ﷺ إِلى رَبِّهِ وَلَمْ يُنْكِرْ ذَلِكَ أَحَدٌ مِنَ السَلَفِ وَالخَلَفِ حَتَّى

جَـاءَ ابْـنُ تَيميَـة فَأَنْكَرَ ذَلِكَ وَعَدَلَ عَن الصِـرَاطِ الـمُسْتَقِيم وَابتـدَعَ مَـا لَـمْ يَقُلْـهُ عَـالِمٌ وَصَـارَ بَـيْنَ الأَنَـامِ مُثْلَـة انتهـى)، واتــە: تــاج ســوبكی (یەکێکــە لــە زانایــانی شــافیعیی مەزهــەب) وەك عــادەتی خــۆی، ئــەوەی کــردوە بــە عەیبــەیەكو ڕەخنەیەکی گەورە لەســەر ئیبنــو تەیمییــە، وە گوتوویــەتی: واباشــە، تەوەسســول بــە پێغەمبــەر ﷺ بکــرێو، هــاواری تێببەســترێ بــەرەو پەروەردگــاری (واتــە: بگــوترێ: خــوایە لەبەر پێغەمبــەر لــێم خۆشبە! یـان ئـەی پێغەمبـەر شـەفاعەتم بـۆ بکـە!) وە هیــچ کــەس لـە زانایـانی پێشــینو دوایـین نکوولــییان لـەوە نـەکردوە، وە جگــە لـە ئیبنو تەیمییە کەس قســەی وای نەکــردوە، بۆیــە لــە نێـو خەڵـکی بۆتــە پەنـد (کـە لەڕاسـتییدا سـوبکی نەیپێکـاوە، چونکـە ئیبنـو تەیمییـە ڕەحمـەتی خـوای لــێ بــێ هەر قســەی زانایانی پێش خۆی گوتــوە، ئنجـا بۆیە ئالــووســییش لێرەدا بەرگرییەك لـە ئیبنـو تەیمیـە دەکـات) دەڵــێ: {وَأَنْـتَ تَعْلَـمُ أَنَّ الأَدْعِيـة الـمَأثورَة عَـن أَهْل البَيْتِ الطَّـاهِرِينَ وَغَيرِهُـم مِـنَ الأئِمَـةِ لَـيْسَ فِيهَـا التَوَسُّــلُ بِالـذَّاتِ الـمُكَرَّمَةِ ﷺ، وَلَـوْ فَرَضْـنَا وجُودَ مَـا ظَـاهِرهُ ذَلِكَ فَمـؤَوَّلٌ بتَقـدير مُضَـافٍ كَمَـا سَمِعْتَ؛ وَمَـنِ ادَّعَـى النَّصَ فَعَلَيْـهِ البَيَـان، وَمَـا رَوَاهُ أَبُـو دَاوُدَ فِـي (سُـنَنِهِ) وَغَيْـرُهُ: (أَنَّ رَجُـلاً قَـالَ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ: إنَّا نَسْـتَشْفِعُ بِكَ إلـى الله تعالـى وَنَسْـتَشْفِعُ بِاللهِ تَعَالـى عَلَيْكَ، فَسَـبَّحَ رَسُولُ اللهِ ﷺ حتـى رؤِي ذَلِكَ فِي وَجْهِـهِ وَوُجُـوهِ أَصْـحَابِهِ، فَقَـالَ: وَيْحَـكَ أَتَـدرِي مَا الله تَعَالـى؟ إنَّ اللهَ تَعَالـى لا يُسْتَشْفَعُ بِـهِ عَلَـى أَحَدٍ مِنْ خَلْقِـهِ شَـأن الله تَعالـى أَعْظَـمُ مِنْ ذَلِكَ)[1] لا يصلح دليلاً على ما نحـن فيه حيـث أنكـر عليه قولـه : (إنَّـا وَنَسْتَشْـفِعُ بِـاللهِ تَعَـالى عَلَيْــكَ) وَلَــمْ يُنْكِـرْ عَلَيْـهِ الصَّــلاَةُ وَالسَّــلاَم قَوْلَــهُ: (إنَّـا نَسْتَشْـفِعُ بِكَ إلـى الله تعالـى) لأَنَّ مَعْنَـى الإستشـفَاعِ بـهِ ﷺ طَلَب الدُّعَـاء مِنْهُ، وَلَيْسَ مَعْنَاهُ الإقسام بِهِ عَلَى اللهِ تَعَالـى، وَلَوْ كَانَ الإقْسَام مَعْنَـى للإستشفاع، فَلِمَ أَنْكَـر النَّبِـيُّ ﷺ مَضْـمُونَ الجُمْلَـةِ الثـانية دُونَ الأُولَ؟}، واتــە: تــۆ دەزانــی کــە ئــەو پاڕانەوانــەی گێڕدراونــەوە لــە خانــەوادەی پــاکی پێغەمبــەرەوە ﷺ وە لــە غــەیری

---

١) أَخْرَجَـهُ أَبُـو دَاوُدَ بـرقم: (٤٧٢٦)، وَإبـنُ أبـي عاصـم فـي (السـنة) بـرقم: (٥٧٥)، والطبرانـيُّ فـي (الكبير) بـرقم: (١٥٤٧) والبَـزَّار فـي (مسـنده) بـرقم: (٣٤٢٢)، وَقَـالَ الألبـاني فـي (ظلال الجنّـة) بـرقم: (٥٧٥) إسـناده ضـعيف، ورجالـه ثقـات لكن ابـن إسـحاق مـدلس ومثلـه لا يحـتج بـه إلا إذا صرَّح بالحديث وهذا ما لم يفعله هنا.

وانیش لە پێشەوایانی ئیسلام، لە هیچ كام لەو دوعایانەدا، پاڕانەوە بە زاتی پێغەمبەر ﷺ نەكراوە، (یانی: بڵێن: خوایە! لەبەر پێغەمبەر لێمان ببوورە، یان ئەی پێغەمبەر دوعامان بۆ بكە، شتی وا لە دوعاكاندا نەهاتوە) وە ئەگەر شتێكی واش هەبێ، كە ڕواڵەتەكەی ئەوە بگەیەنێ، ئەوە بەوە تەئویل دەكرێ، كە بیستت وشەیەك لەوێدا نیە كە سیاقەكە دەیگەیەنێ، (وەك بڵێی: خوایە! بە دوعای پێغەمبەر ﷺ لێت دەپاڕێمەوە، بە شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ لێت دەپاڕێمەوە، یان بڵێی: ئەی پێغەمبەری خوا! دوعام بۆ بكە، شەفاعەتم بۆ بكە)[1]، وە هەر كەسێكیش لافی ئەوە لێبدات، دەبێ ڕوونی بكاتەوە، وە ئەوەی كە ئەبو داوود لە (سنن)ی خۆیدا هێناویەتیو غەیری ویش گێڕاویانەتەوە: {كە پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ گوتوە: ئێمە تكا بە تۆ دەكەین بەرەو لای خوای بەرز، (دەتكەینە تكاكارمان بۆ لای خوای بەرز) وە خوای بەرزیش دەكەینە تكاكار بۆ لای تۆ! پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: پاكیی بۆ خوا، هەتا ئەوە لە دەموچاوی هاوەڵاندا بینراو زانیان كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو قسەیەی زۆر پێناخۆش بوو، دوایی فەرمووی: بێ قەزابی! دەزانی خوای بەرز كێیە؟! خوای بەرز ناكرێتە تكاكار بۆ لای هیچ كام لە دروستكراوەكانی، (واتە: نابێ بڵێی: خوات بە گژدا دەكەم، یان خوایە! داوام بۆ لە فلان كەس بكە، هیچ كام لە دروستكراوەكانی ئەوە نین خوا بكەی بە تكاكار بۆ لای ئەو) پلەی خوا زۆر زۆر لەوە گەورەترەو مەزنترە} ئەوە بە بەڵگە ناشێ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ نكوولیی لێكردوە كە تكا بە خوا بكات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، بەلام نكوولیی لێنەكردوە كە تكا بە پێغەمبەر ﷺ بكات بۆ لای خوا، (واتە: نكوولیی لێنەكردوە بڵێ: ئەی پێغەمبەر ﷺ تكامان بۆ بكە لە لای خوا، بەلام ئەوەی دیكەی نكوولیی لێكردوە)، چونكە مانای تكاكردن بە پێغەمبەر ﷺ بۆ لای خوا، داوای دوعا كردنە لە پێغەمبەر ﷺ نەك سوێند خواردن بە پێغەمبەر ﷺ لەسەر خوا، وە ئەگەر مانای داوای تكاكردن بە پێغەمبەر ﷺ سوێند پێ لەسەر خوا خواردن بووایە، ئەوە پێغەمبەر ﷺ بۆچی نكوولیی لە ڕستەی دووەمیان كرد، بەلام نكوولیی لە ڕستەی یەكەمیان نەكرد؟!

---

١) ئەوەی نێوان دوو كەوانەكە خۆم زیادم كرد بۆ ڕوونبوونەوەی مانا.

دوایی ئالووسیی شتێکی دیکەش دەڵێ، کە زۆر شتێکی جوانەو بە ڕاستیی زۆر مەتەڵ حەل دەکات، دەڵێ: (وَقَدْ يَتَمَثَّلُ الشَّيْطَانُ للمُستغيث في صُورَة الَّذِي استغاثَ بِهِ فَيَظنُّ أَنَّ ذَلِكَ كَرَامَةٌ لِمَنْ استغاثَ بِهِ، هَيهَاتَ هَيهَاتَ إِنَّمَا هُوَ شَيطَانٌ أَضلّهُ وَأَغواهُ وَزَيّنَ لَهُ هَوَاهُ، وَذَلِكَ كَمَا يَتَكَلَّمُ الشَّيْطَانُ فِي الأَصْنَامِ لِيُضِلَّ عَبدَتها الطّغام)، واتە: وە جاری وایە شەیتان خۆی دەباتە سەر وێنەی ئەو کەسەی کە هاواری تێ بەستراوەو، دوعای بۆلا کراوە، ئنجا ئەو کەسەی کە دوعاکەی کردوەو هاوارەکەی کردوە، پێی وایە ئەوە کەرامەتە بۆ ئەو کەسەی کە هاواری لێ کردوە، (بۆ وێنە: یەکێك هاوار دەکاتە شێخ عەبدولقادری گەیلانیی، یەکێك هاوار دەکاتە بەهائەددینی نەقشبەندیی، یەکێك هاوار دەکاتە فڵان شێخ، شەیتانیش دەچێتە سەر شێوەی یەکێك لەوانە، چ لە خەویدا چ بە شێوەیەك لە شێوەکان‌و دەڵێ: ئەوە داواکەت جێبەجێ دەکەم) نەخێر ئەوە زۆر لەوە دوورە، بەڵکو ئەوە شەیتانە گومڕای کردوە، وەك چۆن شەیتان جاری وایە لەو بت‌و صەنەمانەدا کە خەڵك دەیانپەرستن قسە دەکات (جاری وایە چوون بۆ لای ئەو بتە بیپەرستن‌و لێی پاڕاونەوە دوایی گوێیان لە قسەیەك بووە، شەیتانێك لە پەنای ئەودا بەبێ ئەوەی کە ئەو ببینن قسە دەکات، دەڵێ: ئەوە دوعایەکەت گیرابوو، فڵان شتەشت بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی کە ئەوانەی دەیانپەرستن لە خەڵکی هەرچیی‌و پەرچیی‌و نەزان‌و بێئاگا، زیاتر گومڕایان بکەن).

کە بە تەئکید شیکردنەوەکەی زۆر جوانە، وە ئەو حاڵەتە هەیە، لەوبارەوە عەبدولقادری گەیلانیی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، شتێکی جوان دەگێڕێتەوە لە کتێبەکەی خۆی (الغنية للطالبي طريق الحق)دا دەڵێ[1]:

جارێکیان ڕۆشناییەکی مەزنم لێ وەدەرکەوت کە ئاسۆی پڕکرد، پاشان لە شێوەیەك دا شۆڕبۆوە و بانگی کردم:

ئەی عەبدولقادر من پەروەردگارتم و شتە قەدەغەکانم بۆ حەڵاڵ کردی!

گوتم: چغە بە ئەی لەعین! ئیدی ئەو ڕووناکییە بوو بە تاریکیی‌و وێنەکەشی بوو بە دووکەڵ.

---

١) بڕوانە: (الغُنية لطالبي طريق الحق في الأخلاق و التصوف والآداب الإسلامية)، ج ١، ص ٤ .

دوایی پێیگوتم: ئەی عەبدولقادر لە زانیارییت لەبارەی فەرمانی پەروەردگارتەوە لەدەستم دەرباز بووی، بەم ڕووداوە حەفتا کەسم لە ئەهلی طەریقەت گومڕا کردوە.

گوتم: چاکە هەر لە خواوەیە!

جا ئەگەر شەیتان ویستبی فێڵ لە عەبدولقادر بکات، ئەدی لە موریدو صۆفیو شوێنکەوتووەکانی! چۆن فێڵ لەوانیش ناکات؟! بۆیە بەڕاستیی ئەو قسەیەی ئالووسیی زۆر جوانە، وە من بیستوومە لەو جندانەی کە قسەیان کردوە لەسەر دەمی خەڵك، کە گوتوویانە: ئێمە جاری وایە دەچینە نێو بەدەنی کەسێکەوە، تووشی حاڵەتێکی نەخۆشیی دەکەین، بۆ وێنە: بادار دەبێ، زگی دێشێ، گورچیلەی دێشێ، پشتی دێشێ، بۆئەوەی تووشی شیرکی بکەین، ئەویش بەو شێوەیە: کە دەچێتە سەر ئەو گۆڕەی کە لێی دەپاڕێتەوە، یەکسەر دێینە دەرێ، تا تووشی شیرکی بکەینو، وابزانێ کە ئەو شێخە چاکی کردۆتەوە، من ئەوەم بۆخۆم لێیان بیستوە، گوتیان: ئەو فێڵانەشمان هەن، کە دیارە ئینسان ئەگەر بەڕاستی ئەهلی عیلم بێ، ئەهلی تەوحید بێ، خواپەرستو خواناس بێ، هیچ کات شەیتان ناتوانێ ئەو فێڵانەی لێ بکاتو، ئەو جۆرە کڵاوانەی ناچنە سەر.

## ئنجا بە پێویستی دەزانم کە ڕای خۆم دەربارەی (تَوَسُّلُ وَسِيلَة) بخەمەڕوو:

## ڕای خۆم لەبارەی وەسیلەو تەوەسولەوە:

**یەکەم/** ئێمە ئەگەر سەرنجی ئەو ئایەتە بدەین، کە بەداخەوە هەندێك لە ئەهلی تەصەووف، وە هەندێك لە زانایانیش، کە پێموایە کە زیاتر لە ژێر کاریگەریی تەوژمی تەصەووفو صۆفیگەریی دابوون، تەصەووفو صۆفیگەریی ناپابەند بە شەریعەتەوە، بە هەڵە لێی حاڵی بوون، باسی تەوەسسولو وەسیلەیان کردوە،

ئەو ڕستە قورئانییەی کە دەفەرموێ: ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾، دەبینین ئەو چەمكو واتا هەڵەیەی باسمان کرد، هەڵێناگرێو نایگەیەنێ، ئێستاش با سەرنجی ئەو ئایەتە بدەینو بزانین ئایا ئەو چەمكو واتایە، کە ئەو جۆرە

کەسانە لەو ڕستە قورئانە وەریانگرتووە، ئایا ئەو ئایەتە ئەو چەمك و واتایە بەدەستەوە دەدات؟ با تەماشا بکەین:

خوای پەروەردگار لەو ئایەتەدا فەرمان بە سێ شتان دەکات، دەفەرمویٚ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾ المائدة، واتە: پارێز لە خوا بکەن، هۆکار بەرەو خوا پەیدابکەن، بۆ نزیکبوونەوە لە خوا، وە لەڕێی خوادا تێبکۆشن، بۆ ئەوەی سەرفرازبن، ئنجا بێگومان:

١- خودی تەقواو، هۆکار پەیداکردن بۆ نزیك بوونەوە لە خواو، تێکۆشان لە ڕێی خوادا، پێچەوانەی ئەو چەمك و واتایەن، کە بەداخەوە لە زۆر لە کتێبەکانی ئەهلی تەصەووفدا هەیە، بۆچی؟ جارێ خوای بالادەست پێش هەموو شتێك فەرمان دەکات بە تەقواو دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، پێشتریش باسمان کرد، کە تەقوا واتە: خۆپاراستن لە هەر شتێك کە مایەی گوناهباریی بێ، بە واتایەکی دی، تەقوا واتە: پابەندیی بە شەریعەتەوە، چ بە بارە ئیجابییەکەی دا، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان، وە چ بە بارە سەلبییەکەی دا، بۆ خۆ دوورگرتن لە حەرامو قەدەغەکان، بێگومانیش پاڕانەوە لە غەیری خواو هاوارکردنە غەیری خوا، وە بە شێوەیەك مامەڵەکردن لەگەڵ خوای بێ وێنەدا کە شایستەی خوا نیە، یا بە بیانووی ڕێز لێگرتنی پێغەمبەریشەوە ﷺ بێ، پێچەوانەی تەقوایە، چونکە تەقوا ئەوەیە پابەندبی بە شەریعەتەوە، کوا لە کوێی شەریعەتدا هەیە کە ئێمە لە غەیری خوا بپاڕێینەوە؟ خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ﴿١٨﴾ ﴾ الجن، واتە: مزگەوتەکان هی خوان، یاخود ئەو ئەندامانەی سەجدەیان لەسەر دەبردرێ و سەجدەیان پێ دەبردرێ، تەنیا هی خوان، لەگەڵ خوادا لە کەسی دیکە مەپاڕێنەوە، کەواتە: ئەو چەمك و واتا غەڵەتانەی کە خزێنراوەتە نێو وشەی وەسیلەوە، لەڕاستیدا پێچەوانەی تەقوان، پێچەوانەی ئەوەن کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردوە، کە خوا بەیەکگرتن (توحید)ە.

٢- كە دەفەرموێ: ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ﴾، وەسیلەو هۆكار دەستەبەر بكەن، بەرەو لای خوا، ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە كە ئینسان چاوەڕوانی لە غەیری خوا هەبێ، جا فریشتەكانن، پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام)، دۆستانی خوان، هەر كەسێكن، ئەو چاوەڕوانییەی كە لە خوا دەكرێ، ئەگەر لە غەیری خوا بكرێ، ئەوە دەچێتە نێو بازنەی شیركەوە، وە پاشان پێچەوانەی ئەوەیە كە خوا فەرمانی پێكردوە، خوا دەفەرموێ: هۆكار بۆ لە خوا نزیك كەوتنەوە دابین بكەن، تۆ بێنی لە غەیری خوا بپاڕێیەوە، یان هاوار لە غەیری خوا بكەی، یان پشت بە غەیری خوا ببەستی، یاخود سوێند لە خوا بخۆی بە كەسێك، یان بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ خوادا بكەی كە پێچەوانەی مەقامی بەرزی خوای پەروەردگار بێ، ئەوە مانای وایە تۆ هۆكارت بۆ لە خوا نزیك كەوتنەوە دەستەبەر نەكردوە، بەڵكو شتێكت ڕەچاو كردوە كە لەڕاستییدا بریتیە لە پاڵدانەوەو چاوەڕوانیی كردن لە غەیری خوا، واتە: ڕاست پێچەوانەی فەرمانی خوا ڕەفتارت كردوە.

٣- كە دەفەرموێ: ﴿وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ﴾، دیسان ئەو چەمكو واتا هەلآنەی كە بۆ وەسیلەو تەوەسسول پەیداكراون، پێچەوانەی ئەوەشن كە خوا دەفەرموێ: وە لەڕێی خواداو لە پێناوی خوادا تێبكۆشن، هەموو وزەی خۆتانو توانای خۆتان صەرف بكەن، كەواتە: هەڵخزانو پاڵدانەوەو خۆزگە خواستنو بە تەمای ئەموئەو بوون، بە بیانووی وەسیلەوە، پێچەوانەی تێكۆشانە لە پێناوی خوادا، كەواتە، هەم تەقواو، هەم داواكردنی هۆكار بۆ نزیكبوونەوە لە خواو، هەم تێكۆشان لە پێناوی خوادا، پێچەوانەی ئەو چەمكو واتایانەن كە خزێنراوەتە نێو وشەی وەسیلەوە.

<u>**دووەم/**</u> دەڵێم لەڕاستییدا كردنە بیانووی وشەیەكو دەرهێنانی لە سیاقی خۆیو، لێباركردنی ئەو هەموو مانایانەی كە وشەكە هەڵیان ناگرێ، جۆرێكە لەلادان لە ڕێبازی شەریعەت، وە لادان لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ، كوا لە چ فەرمایشتێكدا هەیە كە پێغەمبەری خوا ﷺ، هاوەڵانی بەرێزی ڕێنمایی كردبێ، لە غەیری خوا بپاڕێنەوە، چاوەڕوانیی لە غەیری خوا بكەن، پشت بە غەیری

خـوا ببەسـتن؟! عەبـدوڵلای کوڕی عـەبباس خـوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: ڕۆژێـك لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ سـواری وڵاخێـك بووبـووم لـە پشــتیەوە فـەرمووی: {يَـا غُـلامُ!..إِذَا اسْـتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِـاللهِ، وَاعْلَـمْ: أَنَّ الأُمَّةَ لَـوْ اجْتَمَعَتْ عَلَـى أَنْ يَضُـرُّوكَ بِشَـيءٍ لَمْ يَضُـرُّوكَ إِلاَّ بِشَـيءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْـكَ، وَإِن اجتَمَعُوا عَلَـى أَنْ يَنْفَعُـوكَ بِشَـيءٍ لَـمْ يَنْفَعُـوكَ إِلاَّ بِشَـيءٍ قَـدْ كَتَبَـهُ اللهُ لَـكَ} (أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٢٦٦٩)، وَالتِّرمِـذِيُّ بـرقم: (٢٥١٦) وَقَـالَ: حَسَـنٌ صَحِيحٌ، وَالحَـاكِمُ بـرقم: (٦٣٠٢) عَـنْ ابْـن عَبَّـاسٍ، وَصَـحَّحَهُ الشـيخ الألبـاني فـي صـحيح الجـامع بـرقم: (٧٩٥٧)) (چـەند ئامۆژگارییەکی دەکات)، واتە: ئـەی کوڕەکــە! ئەگـەر داوای یارمەتییـت کـرد، تەنیــا داوای یارمـەتی لـە خـوا بکــە، ... وە بشــزانە: ئەگـەر هــەموو خەڵـکی ســەر زەوی کۆببنــەوە زیانێکـت پـێ بگـەیەنن، پێت ناگەیەنن مەگـەر خـوا بـۆی نووســیبی، وە لـە ڕیوایـەتی ئیمــام ئەحمــەد دا پێـی دەفـەرموێ: {تَعـرَّفْ إِلَـى اللهِ فـي الرَّخَـاءِ يَعْرِفْـكَ فـي الشِّـدَّةِ} (أَخْرَجَـهُ أَحْمَــد بـرقم: (٢٨٠٤)، تعليـق شـعيب الأرنــؤوط: صحيح)، واتە: لە کاتی ئاسانیی دا خـوا بناسەو ئاگـات لـە خـوا بــێ، خـوا لـە کاتی ســەغڵەتییدا لە فریـات دێ.

تەماشــا دەکـەین پێغــەمبەر ﷺ چ عەبدوڵــلای کـوڕی عــەبباس، چ هــاوەڵانی بەڕێــزی دیکــەی خــوا لێیــان ڕازی بـێ، ڕووی پــێ نەکردوونــە غــەیری خــوا، وە هەمیشە هانیـداون بەنـدەی چاکتربن بـۆ خـوا، وە تەنیـا پشـت بـە خـوا ببەسـتنو تەنیـا، چاوەڕوانیـی لە خـوای پەروەردگـار بکـەن.

ئنجـا من لێـرەدا دەپرسم: ئایا لە کەیــەوە ئەو وشـەی وەسیلەو تەوەسسـول بـەو شـێوەیە ڕەواجـی پەیـداکرد، بـەو واتـاو چـەمکەی کـە مسـوڵمانان لـە پێغەمبـەرانو فریشـتەکانو پیاوچاکـانو دۆسـتانی خـوا بپـاڕێنـەوە، لە جیـاتی خـوا؟

لەو کـاتەدا کە مسوڵمانان لەوپەڕی دوورکەوتنـەوە دابوون لە ئیسـلام، لەو کاتــەدا کـە مسـوڵمانان لـە ڕووحـی قوڕئــانو ســونەت دوورکەوتنـەوە، لـە چـەمكو واتـای ڕاستەقینەی ئیمـانو خـوا بەیەك گرتن دوورکەوتنــەوە، وە هـەر لەو جەوەش دابـوو کـە تەتــەرو مەغـۆڵ لـە ڕۆژهــەڵاتەوەو، خاچپەرســتەکان لـە ڕۆژئــاواوە هــاتنو زەفـەریان بە مسوڵمانان برد!! بەڵام دوایـی ئــەوە بوو کە جارێکی دیکە پیـاوانی وەك

عەبدولقادری گەیلانیی ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لەم شاری بەغدایە[1]، دەستی كردوە بە بووژاندنەوەی خوا بەیەكگرتن (توحید)، بۆ وێنە: كتێبی (الفتح الرباني والفیض الرحماني) تەماشا بكەن، وەك من لە كتێبی (ڕێگای صالح بوونو بەرەو خوا چوون)دا باسم كردوە، چەند جەخت دەخاتە سەر تەنیا خواناسینو خوا بەیەكگرتنو، تەنیا خوا پەرستنو، تەنیا چاوەڕوانیی لە خوا كردنو هەتا كۆتایی، هەروەها، (سەید ئەحمەدی سەرهەندیی) كە كتێبێكی هەیە بە ناوی (المكتوبات) ئەویش زۆر جەخت لەسەر مەسەلەی شوێنكەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەكاتەوە، وە لە كتێبی (ڕێگای صالح بوونو بەرەو خوا چوون)دا لێم نەقڵ كردوە، كە دەڵێ: بیدعەی چاك نیە، بیدعە هەمووی خراپە، بەڵێ (الإمام الربَّاني) لە كتێبی (المكتوبات)ەكەی خۆیدا (البدعة الحسنة) بوونی نیە، بیدعە هەمووی خراپو تاریكە، مادام پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤٣٧٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٠٠٢)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (١٥٧٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٦)}، دەڵێ: ناگونجێ بڵێین: بیدعەت هیچ چاكەو ڕووناكییەكی تێدایە.

بەڵێ ئەو چەمكو واتایانەی بۆ وەسیلەو تەوەسسول پەیدابوون لە كاتێكدا بوو، كە مسوڵمانان لە قورئانو سوننەت دووركەوتوونەتەوە، وە پیاوانی گەورەی تەصەووفی ڕاستەقینەی پابەند بە قورئانو سوننەتەوە، هەمیشە دژی ئەوە بوون، دژی شیركو، پشت بە غەیری خوا بەستنو، چاوەڕوانیی لە غەیری خوا كردنو، دژی پەنابردنە بەر غەیری خوا بوون.

<u>**سێیەم**</u>/ ئنجا با باسی ئەزموونێكی خۆشم بكەم لێرەدا، من لە ساڵی (١٩٩٦)دا دوای ئەوە كە خێزانی ڕەحمەتییم (ڕوخسار خان) وەفاتی كرد، دیارە من لە ژیانمدا هەوڵم داوە لە بەینی خۆمو خوادا هەمیشە ئیعتیكافم هەبێ، بە تەنیا دانیشتنو بیركردنەوەم هەبووە، بەڵام ئەو كاتە، زیاتر كەوتمە بیری عالەمی بەرزەخو قیامەتو قەبرو ئەو حاڵەتانە، وە كتێبێكیشم كەوتە بەردەست بە ناوی (التوسل والوسیلة)، ئەوەی (إبن تیمیة) نیە، هی زانایەكی بواری تەصەووفە،

---

١) ئەم دەرسانە لە شاری بەغداد گوتراونەوە.

بەلاَم بە هەڵەو لادانەوە، کە لەوێدا دەڵێ: داوای کۆمەکیی کردن (إستمداد) لە ڕووحی مەشایخو دۆستانی خوا، سوودت پێ دەگەیەنێ، ئەو کتێبەم دەخوێندەوە، جۆرێ لە کارتێکراویی بەو کتێبەم بۆ پەیدا بوو بوو، بەلاَم هەستم بە دڵتوندییەكو حاڵەتێکی ناخۆشی دڵ دەکرد، شەو بوو یان ڕۆژ بوو، خەونم بینی لە خەونمدا سەعاتەکەی ماڵمان لە جیاتی ئەوەی بەرەو پێشێ بچێ، بەرەو دواوە دەگەڕایەوە، یەکسەر هاتە دڵم، گوتم: دیارە ئەوە ئاماژەیەو هۆشیارکردنەوەیە بۆ من، کە ئەو حاڵەتەی ئێستای من ڕاست نیەو، ئەوەی کە من بۆ خۆ بەهێزکردنی لایەنی ڕووحییو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یە ڕووحی یە، دەمەوێ سوودی لێ ببینم، کە هەندێك لەو کتێبانە بوون، کە وەك گوتم شیركو بیدعەتو لادانو غەڵەتو پەڵەتیان تێدا هەبوو، ڕاست نین، ئیدی سوپاس بۆ خوا هۆشیار بوومەوەو، هەڵوێستی خۆمم ڕاست کردەوە، چەرچەندە تەنیا وەك بیرۆکەیەکیش هاتبووە زەینمەوەو کارم پێنەکردبوو.

<u>مەسەلەی دووەم</u>: کە لەم ئایەتە موبارەکە وەردەگیرێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفۡتَدُواْ بِهِۦ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنۡهُمۡۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾، بێگومان ئەوانەی بێبڕوان، ئەگەر ئەوەی لە زەوییدا هەیەو وێنەی خۆشی لەگەڵدابێ، بۆئەوەی بیکەنە بەلاَگێڕەوەی خۆیان لە سزای ڕۆژی قیامەت، لێیان وەرناگیرێ، وە ئازارێکی بەئێشیشیان هەیە، لەوبارەوە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ هەیە ﴿عَن أنَس بْنُ مَالِكٍ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ أَنَّ نَبِيَّ اللهِ ﷺ كَانَ يَقُولُ: يُجَاءُ بِالْكَافِرِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَيُقَالُ لَهُ: أَرَأَيْتَ لَوْ كَانَ لَكَ مِلْءُ الأَرْضِ ذَهَبًا أَكُنْتَ تَفْتَدِي بِهِ؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ، فَيُقَالُ لَهُ: قَدْ كُنْتَ سُئِلْتَ مَا هُوَ أَيْسَرُ مِنْ ذَلِكَ: أَنْ لا تُشْرِكَ بِي، فَيُؤْمَرُ بِهِ إِلَى النَّارِ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بِرقم: (٦٥٣٨)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٧٠١٦)}، واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئینسانی کافر ڕۆژی قیامەتێ دەهێنرێ، پێی دەگوترێ: ئایا ئەگەر پڕی زەوی زێڕت هەبووایە، ئێستا نەتدەبەخشی، ببێتە بەلاَگێڕەوەت، وەك فەرەبوو؟ دەڵێ: با، پێی دەگوترێ:

لەوە زۆر ئاسانترت لێ داواکرا، (واتە: لە دنیادا ئەویش ئەوەیە) کە هیچ شتێك نەکەیە هاوبەشی خوا، بەڵام ئامادە نەبووی، ئیدی فەرمانی پێ دەکرێو بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبرردرێ.

ئنجا ئەم ئایەتە موبارەکە، وەك ئەو ئایەتەی (٥٤)ی سورەتی (یونس) وایە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي ٱلْأَرْضِ لَٱفْتَدَتْ بِهِۦ ۗ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ ۚ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٥٤﴾﴾، واتە: ئەگەر هەر نەفسێك کە ستەمی کردوە (کوفری کردوەو خراپەی کردوە شایستەی سزای خوایە)، ئەگەر پڕی زەوی ماڵی هەبێ لە قیامەتدا، دەیکاتە بەلاگێڕەوەی خۆی...

**مەسەلەی سێیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَـٰرِجِينَ مِنْهَا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾، واتە: دەیانەوێ لە ئاگری دۆزەخ بچنەدەرو پەلەقاژەی چوونەدەرو دەرباز بوون دەکەن لە ئاگر، بەڵام لێی ناچنە دەر هەرگیز، وە ئازارو سزایەکی بەردەوامو نەبڕاوەو نەپساوەیان هەیە، لەوبارەوە پێشتریش دیارە ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (النساء) ئایەتی (١٨)دا باسی ئەوەمان کرد، کە هەندێك لە زانایان کە دیارە لە ژێر کاریگەریی فیکری خەواریجدا بوون، ڕایان وایە خەڵك لە قیامەتێ دەبنە دوو بەش: یان بۆ بەهەشت، یان بۆ دۆزەخ، ئەوە نیە خەڵکی بچنە دۆزەخو سزا بدرێنو، دوایی دەربازیان ببێو بچنە بەهەشت، هەندێك لە زانایان ڕایان وایە، ئنجا ئێمە لە بەرگی سێیەمی ئەم تەفسیرەدا لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتی (١٨)ی سووڕەتی (النساء) باسمان کردوە، کە هەندێك لە زانایانی هاوچەرخیش ڕایەکی وایان هەیە، هەندێك شتیش بە بەڵگە دێننەوە، بۆ وێنە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ ﴿٧﴾﴾ الشورى، واتە: کۆمەڵێك لە بەهەشت دانو، کۆمەڵێکیش لە دۆزەخدان، بەڵام باسم کردوە کە ئەوە مەبەست پێی سەرەنجامی کۆتایی بەشەریەتەو، لە سەرەنجامی کۆتاییدا بەشەر بەسەر بەهەشتو دۆزەخدا دابەش دەبن، بەڵام ئەو

ئایەتە ڕێگر نیە لەوەی کە لە سەرەتاوە هەندێك لە ئەهلی ئیمان ئەگەر شایستەی سزا دران بنو، بە سزای گۆڕ پاك نەبووبنەوەو، وەبەر عەفووی خواش نەکەوتبن، بسووتێنرێن سزا بدرێن، دوایی دەرباز بکرێن و بچنە بەهەشت، چونکە ئەوە لە چەندان فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، لەوبارەوە ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ يَزِيدُ الْفَقِيرُ، قَالَ: كُنْتُ قَدْ شَغَفَنِي رَأْيٌ مِنْ رَأْيِ الْخَوارِجِ، فَخَرَجْنَا فِي عِصَابَةٍ ذَوِي عَدَدٍ نُرِيدُ أَنْ نَحُجَّ، ثُمَّ نَخْرُجَ عَلَى النَّاسِ قَالَ: فَمَرَرْنَا عَلَى الْمَدِينَةِ فَإِذَا جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللهِ يُحَدِّثُ الْقَوْمَ جَالِسٌ إِلَى سَارِيَةٍ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: فَإِذَا هُوَ قَدْ ذَكَرَ الْجَهَنَّمِيِّينَ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: يَا صَاحِبَ رَسُولِ اللهِ مَا هَذَا الَّذِي تُحَدِّثُونَ، وَاللهُ يَقُولُ: ﴿ رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدۡخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدۡ أَخۡزَيۡتَهُۥ ﴿١٩٢﴾ ﴾ آل عمران، ﴿ ... كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا ... ﴿٢٠﴾ ﴾السجدة، فَمَا هَذَا الَّذِي تَقُولُونَ! قَالَ فَقَالَ: أَتَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ فَهَلْ سَمِعْتَ بِمَقَامِ مُحَمَّدٍ عَلَيْهِ السَّلام؟ يَعْنِي الَّذِي يَبْعَثُهُ اللهُ فِيهِ، قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: فَإِنَّهُ مَقَامُ مُحَمَّدٍ ﷺ الْمَحْمُودُ الَّذِي يُخْرِجُ اللهُ بِهِ مَنْ يُخْرِجُ، قَالَ: ثُمَّ نَعَتَ وَضْعَ الصِّرَاطِ وَمَرَّ النَّاسِ عَلَيْهِ، قَالَ: وَأَخَافُ أَنْ لا أَكُونَ أَحْفَظُ ذَاك، قَالَ غَيْرَ أَنَّهُ قَدْ زَعَمَ أَنَّ قَوْمًا يَخْرُجُونَ مِنَ النَّارِ بَعْدَ أَنْ يَكُونُوا فِيهَا، قَالَ: يَعْنِي فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمْ عِيدَانُ السَّمَاسِمِ، قَالَ: فَيَدْخُلُونَ نَهَرًا مِنْ أَنْهَارِ الْجَنَّةِ، فَيَغْتَسِلُونَ فِيهِ فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمُ الْقَرَاطِيسُ فَرَجَعْنَا قُلْنَا، وَيْحَكُمْ أَتُرَوْنَ الشَّيْخَ يَكْذِبُ عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَرَجَعْنَا فَلا وَاللهِ مَا خَرَجَ مِنَّا غَيْرُ رَجُلٍ وَاحِدٍ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٤٩٣)}، واتە: یەزیدی فەقیر (دیارە یەکێکە لە زانایانی تابیعین) دەڵێ: من سەرسام بوو بووم بە هەندێك لە بۆچوونی خەواریج (خەواریج ئەوانە بوون کە لە عەلی خوا لێی ڕازی بێ هەڵگەڕانەوە، وە چەند بیرو ڕایەکیان هەبوو، کە ئێستا پاشماوەکانیان ئیباضییان پێ دەڵێن، یەکێك لە ڕایەکانیان ئەوەیە کە هەر کەسێك یەك گوناح بکات لە بازنەی ئیسلامو ئیمان دەچێتە دەرێ، بۆ وێنە: هەر کەسێك درۆیەك بکات، غەیبەتێك بکات، قەتڵێك بکات، زینایەك بکات، هەر کەسێك یەك گوناح بکات، چ بە باری سەلبییدا چ بە باری ئیجابییدا بۆ وێنە: هەر کەسێك نوێژێك بچوێنێ، ڕۆژوویەك بچوێنێ، شتێك کە واجب بێ بیچوێنێ، چونکە گوناح

یانی چی؟ چواندنی واجبو، شکاندنی قەدەغەیە، ئەوە یەکێکە لە ڕایەکانیان) وە ئێمە کۆمەڵێك بووین، ژمارەیەکی باش بووین، چووینەدەر ویستمان بچین حەجێ بکەینو دوای حەجێ وەدەرکەوین (واتە: یاخی بین لە دەسەڵاتی ئەو کاتە) بە مەدینەدا تێپەڕین تەماشامان کرد جابیری کوڕی عەبدوڵلا خوا لە خۆیی‌و بابی ڕازی بێ قسەی دەکرد، لە لای کۆڵەگەیەك (دیارە لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ خەڵکی دانیشتبوون) ئەویش فەرموودەی پێغەمبەری بۆ باس دەکردن، لە میانەی قسەکانیدا باسی جەهەننەمیەکانی دەکرد (واتە: ئەوانەی کە لە ئیماندارانن دەچنە دۆزەخو دوایی دەربازیان دەبێ) منیش پێمگوت: ئەی هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە چییە ئەوەی ئێوە باسی دەکەن، لەکاتێکدا خوا دەفەرموێ: ﴿رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ...﴿١٩٢﴾﴾ آل عمران، واتە: پەروەردگارمان! هەر کەسێك تۆ بیخەیە دۆزەخەوە ڕیسوات کردوە، (کەواتە: دیارە ئیماندار نیە، مەبەستی ئەوە بووە)، هەروەها دەفەرموێ: ﴿... كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا ...﴿٢٠﴾﴾ السجدة، واتە: هەر کاتێك ویستیان لێی بچنەدەر دەگێڕدرێنەوە نێوی، (خوا ئاوا باسی دۆزەخییەکیان دەکات)، کەواتە: ئەوە چییە ئێوە باسی دەکەن‌و بەڵگەتان چییە؟! ئەویش پێی گوتم: قورئان دەخوێنی؟ (واتە: شارەزاییت هەیە لە قورئان؟) گوتم: بەڵێ، گوتی: ئایا بیستووتە لە قورئاندا مەقامی موحەممەد ئەوە نیە خوا دەفەرموێ: ﴿عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ﴿٧٩﴾﴾ الإسراء، گوتم: بەڵێ، گوتی: ئەوە ئەو پێگەو پایە بەرزەی موحەممەدە کە تێیدا ستایش دەکرێ، کە خوا بە هۆی تکاکردنی ئەوەوە کەسانێك لە دۆزەخ دەردێنێ کە لە ئەهلی ئیمانن، دوایی جابیری کوڕی عەبدوڵلا باسی پردی (صِرَاط)ی کرد، (صِرَاط: واتە: ئەو پردەی کە بەسەر پشتی دۆزەخدا ڕادەهێڵدرێ، وە خەڵك بەسەریدا تێدەپەڕن)، وە دوایش گوتی: دەشترسێم کە هەموو چاك لەبەر نەبێ، (بۆیە ناچمە نێو وردەکارییەکانەوە)، بەڵام فەرمووی: کەسانێك لە دۆزەخ دەچنە دەرێ (واتە پێغەمبەر ﷺ وایفەرمووە) دوای ئەوەی کە لە نێو دۆزەخدا بوون، لێی دەچنە دەر، وەك لاسکی کونجی (لاسکەکەی زۆر

باریك دەبێتەوە، واتە: ئەوانەی لە دۆزەخ دا دەسووتێنرێن، وەك لاسكە كونجی باریك دەبنەوە) دەخرێنە نێو ڕووبارێكەوە لە ڕووبارەكانی بەهەشت، خۆیانی تێدا دەشۆن، كە دێنە دەرێ وەك كاغەزی سپین، (پێشێ وەك لاسكە كونجی وشكو ڕەقو سووتاون، دوایی وەك كاغەزی سپییان لێ دێ، دیارە لە فەرمایشتی دیكەش دا هاتوە كە كۆتا كەس لە دۆزەخ لە ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ دەچێتە دەرێ ئاوایەو ئاوایەو لە بوخاریی‌و موسلیم دا هاتوە)، ئنجا یەزیدی فەقیر دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئێمەش چووینەوە لە نێو خۆماندا گوتمان: ئێمە یاخوا بێ قەزابین، ئایا پیاوە بە تەمەنە (جابیری كوڕی عەبدوڵلا دیارە ئەو كاتە زۆر بە تەمەن بووە)، تۆ بڵێی درۆ بە زمانی پێغەمبەرەوە ﷺ بكات!! (دیارە ئەو بۆچوونەی ئێمە غەڵەتە، ئێمە بە غەڵەت لە قورئان تێگەیشتووین)، دەڵێ: سوێند بە خوا تەنیا یەك نەفەرمان دەرچوو بۆ لای خەواریج، ئەویدیكە هەمووی وازمان لەو بیرۆكەیە هێنا، وە یاخی نەبووین.

(إبنُ مردويه) ئەویش هەر لە (يزيد بن صهيب الفقير) دیارە بابی ناوی (صهيب) بووە ئەم دەقە دێنێ: ﴿عَنْ يَزيد بْنِ صُهَيب الفَقِير عَنْ جَابِر بْنِ عَبدِالله ﷺ (أَنَّ رَسُول الله ﷺ قَالَ: يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ قَوْمٌ فَيَدخُلُونَ الجنَّة)، قَالَ يَزيد الفَقِير: فَقُلْتُ لِجَابِر: يَقُول الله تعالى: ﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٧﴾﴾ المائدة، قال: أتل أول الآية: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ المائدة، أَلاَ إِنَّهُمْ الَّذِينَ كَفَروا}[1]، واتە: (ئەوەش ڕیوایەتێكی دیكەیە) هەر لە یەزیدی كوڕی صوهەیبی فەقیر لە جابیری كوڕی عەبدوڵلاوە، دەڵێ: گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: كۆمەڵێك لە دۆزەخ دێنە دەر، دەچنە بەهەشت، دەڵێ: بە جابیری كوڕی عەبدوڵلام گوت: خوای بەرز دەفەرموێ: دەیانەوێ لە دۆزەخ بچنە دەرێ، لێی ناچنە دەرێ؟ ئەویش گوتی: سەرەتای ئایەتەكە بخوێنەوە

١) محاسن التأويل: ج٤، ص١٩٠٠.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، ئاگاداربە مەبەست پێی کافرەکانن، کە لێی ناچنە دەر (لە دۆزەخ)، وە مەبەست پێی ئیماندارانی گوناهبار نیە.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعْدِ ظُلْمِهِۦ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، ئەم دوو ئایەتە موبارەکە باسی یەکێك لە یاسا گرنگەکانی ئیسلام دەکەن، کە بریتیە لە یاسای بڕینی دەستی دز، چ پیاو بێ، چ ئافرەت، کە ئەم یاسایە لە ڕابردووشداو، ئێستاش بەتایبەت مشتومڕی زۆری لێ کەوتۆتەوە، بۆیە چەند شتێك لەوبارەوە دەخەینەڕوو، خوا پشتیوان بێ لە دوازدە خاڵدا تەفسیری ئەم ئایەتەو باسی حوکمی بڕینی دەستی دز دەکەین:

# باسێك لە بارەی دزیكردن و حوكمی بڕینی دەستی دزەوە

## یەكەم: پێناسەی دزیی (السَّرِقة)و، بە كێ دەگوترێ دز؟

زانایان زۆر پێناسەیان بۆ دزیی كردوە، بەڵام كورتەو پوختەكەی ئەوەیە: (أَخْذُ المَالِ خُفْيَةً مِن حِرْزِ المثل)[1] دیارە تەفسیرەكانی دیكەش هەروا بەوشێوەیە هێناویانە، {بردنی سامانێكە بە پەنهانیی لە شوێنێكدا، كە وێنەی ئەو شتە لەو شوێنەدا دەپارێزرێ}، بۆ وێنە: پارە لە قاصەدا دەپارێزرێ، مەڕو بزنو گاو مانگاو حوشتر لە ئاغەڵداو لە شوێنێ كە ئاژەڵی تێدەكرێ، وە كا لە كادێندا دەپارێزرێ، هەروەها دانەوێڵە لە عەمباردا دەپارێزرێ، هەر شتێك لە شوێنێك كە وێنەی ئەو شتەی تێدا دەپارێزرێ، بە پەنهانیی ببردرێ، ئەوە دزییە.

دز (السارق) بە كێ دەگوترێ؟!

(القُرطُبي) لە تەفسیرەكەی خۆیدا[2]، ئاوا پێناسەی دز دەكات: (مَنْ جَاءَ مُسْتَتِراً إِلى حِرْزٍ فَأَخذَ مِنْهُ مَا لَيْسَ لَهُ، فَإِن أَخذَ مِنْ ظَاهِرٍ فَهُوَ مُخْتَلِسٌ وَمُسْتَلِبٌ وَمُنْتَهِبٌ، ومحترسٌ، فَإِن تَمَنَّعَ بِمَافِي يده فَهُوَ غَاصِبٌ) هەم پێناسەی دز (سارق)مان بۆ دەكات هەم هی (مختلس)مان بۆ دەكات، هەم هی (غاصب)مان بۆ دەكات، دەڵێ، دز: بریتیە لە كەسێك بە پەنهانیی بێ شتێك بەرێ، كە هی ئەو نەبێو مافی پێوە نەبێ، لە شوێنێكدا كە وێنەی ئەو شتە لەو شوێنەدا دەپارێزرێ، كە لە زاراوە شەرعییەكەیدا دەڵێ: (فِي حِرزِ مثله) شتێك كە وێنەی ئەو شتە لەو شوێنەدا دەپارێزرێ، دەڵێ: ئنجا ئەگەر بە پەنهانیی بیبا، دزییە، بەڵام ئەگەر بە ئاشكرا بیباو بیرفێنێ، پێی دەگوترێ: (مختلس)و (مستلب)و (منتهب)و (محترس) ئێمە بە كوردیی دەڵێین: (ڕفاندن) ئنجا ئەگەر بیباو بڕوا، ئەوە ئەو چوار ناوە

---

١) التفسير المنير: ج٣، ص٥٣٠.

٢) الجامع لأحكام القران: ج٦، ص١٤٧.

دەیگرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر لە دەستی خۆیدا بیهێڵێتەوەو بابای ماڵ لێبراو زەق زەق تەماشای بکات، ئەوە پێی دەگوترێ (غاصب) واتە: زەوتکەر.

**دووەم: حیکمەتی پاشوپێشکردنی نێرو مێ لە دزیی و زینادا؟**

پێشتریش باسمان کرد، خوا بۆ زینا دەفەرموێ: ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ ﴾ النـور، واتە: ئافرەتی زیناکەرو پیاوی زیناکەر یەکی سەد قامچیان لێ بدەن، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا ﴾، واتە: پیاوو ئافرەتی دز، دەستیان ببڕن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دزیی‌و ڕێگریی زیاتر پیاوان تێیدا دەست پێشخەرن، بەڵام داوێن پیسیی زیاتر ئافرەتان، هۆکارنی.

لێرەدا دەمەوێ شتێك ڕاست بکەمەوە، بۆ زۆر کەس، کە لە دەرسەکانی دیکەشدا ئاماژەم پێداوە، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا زاراوەیەك بەکاردێنن لە جیاتی زینا، یان داوێن پیسیی دەڵێن: (لەشفرۆشیی) بەڵام ئەو وشەیە لە چەندان ڕووەوە غەڵەتە، کە بە داخەوە زۆرجار کەناڵە ئیسلامییەکانیش (کەناڵەکانی ڕاگەیاندن) بەکاری دێنن، هەروەها زۆر وشەی دیکەش ئاوا تووتییانە خەڵکی بەکاری دێنن، بێئەوەی بیری لێ بکەنەوە، لەشفرۆشیی جیایە لە زینا، جارێ ئەو وشەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوە جۆرێکە لە بازرگانیی، ئەو ئافرەتە لەشی خۆی دەفرۆشێ بەو پیاوەو پارەی لە بەرانبەردا وەردەگرێ، یانی: لەبەرئەوەی پارە وەردەگرێ قەدەغەیە، بەڵام ئەگەر بە بەلاش بێ، قەیدێ ناکات!! ئنجا ئەوانە هەموو جارێ بانگەشەی مافی ئافرەت دەکەن‌و دەڵێن: ئافرەت ستەمی لێکراوە، ئنجا ئەو وشەیە ستەمێکی زۆری لەو ئافرەتە کردوە، بۆچی؟! چونکە لەشفرۆشیی بەس ئافرەتە زیناکارەکە دەگرێتەوە، کێ فرۆشەرە؟ ئافرەت، ئەدی کوا بەرانبەرە بێ ناموسەکەی؟! بەپێی ئەو وشەیە بێ دیارنیەو، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە! وە لەڕاستیدا بە پێی ئەو وشەیە بێ زیاتر ناوبەدییەکە بۆ ئافرەتەکەیە، وە خەتابارکردنەکە زیاتر ملی ئافرەتەکە دەگرێتەوە، وەك بڵێی پیاوەکە هیچی نەکردووە!!

**سێیەم: یەکەمین دز کە دەستی بڕاوە:**

زانایانو توێژەرەوان دەڵێن: یەکەمین دز کە دەستی بڕاوە لە سەردەمی ئیسلامدا لە پیاوان پیاوێك بووە ناوی (الخِيار بن عَديّ بن نَوْفَل بن عَبدُ مَنَاف القُرَشي النَّوْفَلي)ە، کە بە چەند پشتێك دەگاتەوە پێغەمبەر ﷺ، وە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا منداڵ بووە.

لە ژنانیش یەکەمین ئافرەت کە دەستی بڕاوە ناوی (مرة بنت سفيان بن عبد الأسد من بني مخزوم) ئەو ئافرەتەی کە پێغەمبەر ﷺ لەبارەیەوە تکای بۆ کرا، فەرمووی: ﴿لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ ابْنَةَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ، لَقَطَعْتُ يَدَهَا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٥٣٣٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٤٧٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٣٨٦)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٣٧٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٣٠)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٨٩٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٥٤٧)}، واتە: ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەدیش دزیی کردبا دەستی دەبڕی.

**چوارەم: مەرجەکانی بڕینی دەستی دز:**

زۆر کەس وا دەزانێ هەر کەسێك هەر جۆرە دزییەك بکات دەستی دەبڕدرێ، جا ئەوانەی کە ڕەخنە دەگرن لە حوکمی سزای دەست بڕین لە ئیسلامدا، بە زۆریی لەبەرئەوەی کە شارەزانین، وادەزانن ستەمە، کە بە داخەوە هەندێ لە مامۆستایانیش کاتێك باسی ئەو حوکمە دەکەن دەڵێن: دەبێ دز دەستی ببڕدرێ، بێئەوەی کە تەفصیلی بدەنێ، بەڵام لەڕاستیدا وانیە، جارێ بابای دز پێنج مەرجی هەنو دەبێ پێنج مەرجی تێدابن، ئنجا دەستی دەبڕدرێ، وە ئەو شتەی کە دزراوە، دەبێ چوار مەرجی تێدا ببینرێن، ئەوجار ئەو دزە دەستی لەسەری دەبڕدرێ، وە ئەو شوێنەش کە شتی تێدا دەدزرێ، ئەویش مەرجێکی هەیە.

**یەك/ مەرجەکانی بابای دز بۆئەوەی کە دەستی ببڕدرێ:**

١) دەبێ باڵغ بێ، منداڵ دەستی نابڕدرێ.

٢) دەبێ عاقڵ بێ، شێت دەستی نابڕدرێ.

٣) دەبێ خاوەنی ئەو شتە نەبێ کە دزراوە، واتە: بەشی تێدا نەبێ، بۆیە هەندێك لە زانایان دەڵێن کەسێك لە خەزێنەی دەوڵەت (بیت المال) دزیی بکات، دەستی نابڕدرێ، چونکە بەشی وی تێدا هەیە.

٤) دەبێ ئەو سامانە کە دزیی لێکردوە، لە ژێر سەرپەرشتیاریی خۆیدا نەبێ.

٥) ئەو کەسە کە دزیی کردوە، نابێ لەبەر برسیەتییو ناچاریی دزیی کردبێ، وەك لە خاڵی یازدەیەمدا بە درێژیی باسی دەکەین.

## دوو: مەرجەکانی ئەو شتەی دەدزرێو دەستی دزی لەسەر دەبڕدرێ:

١/ (النصاب) واتە: بگاتە ئەندازەی دیارییکراوی شەرعیی، ئنجا ئایا شەریعەت ئەندازەیەکی دیاریی کردوە، یان هەر شتێك بدزرێ، دەستی دزی لەسەر دەبڕدرێ؟! لەوەدا ڕاجیایی هەیە لە نێوان زانایاندا، بەلاّم ئەو فەرمایشتە هەیە لەوبارەوە کە دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەگێڕێتەوە کە لە پێغەمبەری خوای ﷺ بیستوە، فەرموویەتی: ﴿لاَ تُقْطَعُ يَدُ السَّارِقِ إِلاَّ فِي رُبْعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٧٨٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٣٧٤)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٩٣٦)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٥٨٥)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٤٦٤)}، واتە: دز دەستی نابڕدرێ، مەگەر لەسەر شتێك کە بە قەدەر (١/٤) چواریەکی دینارێکی زێڕو زیاتر بێ، لەسەر کەمتر لەوە، نابڕدرێ.

وە من پێموایە دەگونجێ دەسەلاّتی شەرعییو دەوڵەتی ئیسلامیی قسە لەو ئەندازە دیاریکراو (نصاب)ەشدا بکات، واتە: ئەو کاتە ڕەنگە ئەوە ئەندازەیەك بووبێ کە شتێکی گرنگ بووبێ، بەلاّم ئەگەر لە ڕۆژگاری ئێمەدا، وە لە ڕۆژگاری دوای ئێمەدا، لە کۆمەڵگایەکدا، ئەو ئەندازەیە هیچ شتێکی وانەبوو و، شتێکی کەم بایەخ بوو، دەسەلاّتی شەرعیی بۆی هەیە قسەی تێدا بکاتو ئەندازەیەك دابنێو بڵێ لەو ئەندازەیە کەمتر دەستی کەسی لەسەر نابڕدرێ، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: ئەدی چی لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەکەن کە دەفەرموێ: ﴿لَعَنَ اللهُ السَّارِقَ، يَسْرِقُ الْبَيْضَةَ فَتُقْطَعُ يَدُهُ؛ وَيَسْرِقُ الْحَبْلَ فَتُقْطَعُ يَدُهُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٤٣٠)، وَالبُخَارِيُّ برقم:

(٦٧٨٣)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٤٣٨٤)، وَالنَّسَـائِيُّ بـرقم: (٤٨٧٣)، وَابْـنُ مَاجَـهْ بـرقم: (٢٥٨٣) عَن أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁}، واتـە: نـەفرینی خـوا لـە دز بـێ، هێلكـە دەدزێ، دەستی دەبڕدرێو گوریسێك دەدزێ، دەستی دەبڕدرێ؟

زانایان دەڵێن: لێرەدا مەبەست ڕوونكردنەوەی حوكمی شەرعیی نیە، بەڵكو مەبەست ترساندنی خەڵكە لە دزیی، وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەكدا دەفەرموێ: ﴿مَنْ بَنَى للهِ مَسْجِداً، وَلَوْ مَفْحَصَ قَطَاةٍ، بَنَى اللّهُ لَهُ بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ﴾ {أَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيبَة برقم: (٣١٥٦)، وَابْنُ حِبَّانَ بـرقم: (١٦١١)، وَالطَّبَرَانِيُّ في (الصغير) بـرقم: (١١٠٥) عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﵁ وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب) رقم: (٢٦٩)}، واتـە: هـەر كەسێك مزگەوتێك بۆ خوا دروست بكات، ئەگەر بەقەدەر هێلانەی باڵندەیەكیش بێ (قطاة: جۆرە باڵندەیەكە) خوا لە بەهەشت خانوویەكی بۆ دروست دەكات.

ئنجا ئایا مزگەوتی بەقەدەر هێلانەی باڵندە نوێژی تێدا دەكرێ؟! نا، كەواتە: لێرەدا مەبەست هاندانی خەڵكە بۆ دروستكردنی مزگەوت، نەك دیاریكردنی ئەندازەكەی، باسی بڕینی دەستی دزیش بە هەمان شێوە، ئەگەرنا وەنەبێ لەسەر هێلكەو لەسەر گوریس دەستی دز ببڕدرێ.

هەندێكیش گوتوویانە مەبەست لە هێلكە، واتە: زێرێك بەقەدەر هێلكە بێ، وە مەبەستیش لە گوریس، واتە: گوریسێك كە نرخەكەی لە یەك لەسەر چواری دینارێكی زێڕ زیاتر بێ، كەواتە: مەرجی یەكەمی ئەو ماڵە دەبێ ئەندازەیەك بێ كە شەریعەت دیاریكردوە (نصاب).

٢/ دەبێ لەو جۆرە ماڵە بێ كە بگونجێ بكرێتە موڵكو ماڵو سامان، بۆیە زانایان گوتوویانە: لەسەر بەراز، لەسەر سەگ، لەسەر شەڕاب، لەسەر ئەو شتانەی كە پیسن، با بشدزرێن، دەست نابڕدرێ.

٣/ دەبێ ئەو ماڵەی كە دزیویەتی بەشی خۆی تێیدا نەبێ، بۆ وێنە: دەستكەوتی جەنگی، یاخود خەزێنەی دەوڵەت، لەبەرئەوەی هەموو كەس بەشی تێدا هەیە، دەستی لەسەر نابڕدرێ.

٤/ دەبێ بگونجێ بدزرێ، شتێك كە نەگونجێ بدزرێ، بۆ وێنە: كەشتییەك لە بیاباندا، یان هەر شتێكی دیكە كە نەگونجێ بدزرێ، ئەوە دیسان دەستی لەسەر نابڕدرێ.

## سێ: مەرجی شوێنی شت لێ دزراو:

ئەویش یەك مەرجی هەیە، كە پێی دەگوترێ: (الحِرْزُ لِمِثْلِ ذَلِكَ الشَّيءِ الْمَسْرُوق) ئەویش بە كورتی ئەوەیە كە ئەو شتە لەو شوێنەدابێ، كە وێنەی ئەو شتە لەو شوێنە دەپارێزرێ، (القرطبي) دەڵێ: (وَجُمْلَةُ القَولُ فِيهِ أَنَّ كُلّ شَيءٍ لَهُ مَكَانٌ مَعْرُوفٌ فَمَكَانُهُ حِرزُهُ، وَكُلُّ شَيءٍ مَعَهُ حَافِظٌ فَحَافِظُهُ حِرْزُهُ) واتە: كورتەی قسە تێیدا ئەوەیە كە هەر شتێك شوێنی هەبێ، شوێنەكەی پێی دەگوترێ (حِرْز)، واتە: ئەو شوێنەی كە ئەو شتەی تێدا دەپارێزرێ، وە هەر شتێك پارێزەرێكی لەگەڵدابێ، پارێزەرەكەی (حِرْز)یەتی، بۆ وێنە: مەڕ شوانی لەگەڵدایە، گاڕان گاوانی لەگەڵدایە، حوشتر حوشترەوانی لەگەڵدایە، یەكێك بێ مەڕێكی لێ بەرێ، حوشترێكی لێ بەرێ، ئنجا بڵێ جا خۆ لە ئاغەڵیدا نەبووە! ئەدی ئەوە نییە شوانی لەگەڵدا بووە، لەبەرچاوی شوانەكەی بیبا، ئەوەش بە مانای (حِرْز)ی ئەو شتەیە، لەوبارەشەوە ئەم فەرمودەیە هەیە كە ئیمام مالیك بە مورسەلیی هێناویەتی (مُرْسَل)یش ئەوەیە كە زانایانی تابیعین قسەیەكیان گێڕابێتەوەو پاڵیان نەدابێتە لای هاوەڵانو یەكسەر لە پێغەمبەرەوە ﷺ بیگێڕنەوە: ﴿لا قَطْعَ فِي ثَمَرٍ مُعَلَّقٍ وَلا فِي حَرِيسَةِ جَبَلٍ فَإِذَا آوَاهُ الْمُرَاحُ أَوْ الْجَرِينُ فَالْقَطْعُ فِيمَا يَبْلُغُ ثَمَنَ الْمِجَنِّ﴾ {أَخْرَجَهُ مَالِك برقم: (٣٠٧٥)، مُرْسَلاً، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِالرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي حُسَيْنٍ الْمَكِّيِّ}، واتە: دەست بڕین نییە لە میوەیەكی هەڵواسراودا (یانی: میوەیەكی كە بە درەختەوەبێ)، هەروەها ئاژەڵێك كە لە چیا پارێزگاریی لێ دەكرێ، (مادام شوانی بەلاوە نەبێ)، بەلام هەر كاتێك ئاژەڵەكە لە ئاغەڵدا بوو، یاخود میوەكە لەسەر خەرمان بوو، لە شوێنی عەمباركردندا بوو، لەو شوێنەی كە تێیدا دەپارێزرێ، ئەوە ئەوكاتە ئەگەر نرخەكەی بكاتە نرخی (مِجَن) واتە: قەڵغان {كە دیارە بە ئەندازەی چواریەكی دینارێكی زێڕ بووە}، ئەو كاتە دەستی لەسەر دەبڕدرێ.

**پێنجەم: دەستی ڕاست دەبڕدرێ لە مەچەکەوە (رسغ)ەوەو داغیش دەکرێ:**

یانی: پاش برانی لە مەچەکەوە داغ دەکرێو دەخرێتە نێو شلەمەنییەکی گەرمەوە، بۆئەوەی خوێنەکەی وشك بێ، چونکە نابێ یەکسەر کابرای دز بکوژرێ، بەڵکو دەویسترێ تەمبێ بکرێ، ئەمما چ تەمبێ کردنێك!! هەزاران کەسی دیکەی پێوە تەمبێ دەبێ، هەڵبەتە ئەوەش دیسان ڕاجیایی زانایانی لەسەرە، بەڵام ئەوەی گوتم ئەوە ڕای زۆربەیانە، ئەگەرنا:

خەواریج دەڵێن: دەبێ لە شانیەوە ببڕدرێ.

وە هەندێك دەڵێن: لە ئانیشك (مرفق)ەوە.

شیعەی دوازدە ئیمامییش دەڵێن: تەنیا چوار پەنجەکان دەبڕدرێ، واتە: پەنجە گەورەکەی بۆ دەهێڵدرێتەوەو لەپە دەستەکەشی بۆ دەهێڵدرێتەوە (روح المعاني) ئەوەی هێناوە[١]، هەروەها (تەفسیری نمونە)ش ئەوەی هێناوە[٢].

وە بە نسبەت داغ کردنیشی، واتە: ئەو دەستە بخرێتە شلەمەنییەك: ڕۆن، یان زەیت، یان هەر شتێکی داغو گەرم، بۆئەوەی وشك بێ، (القرطبي) دەڵێ: ﴿قَالَ ابْنُ الـمُنْذِرِ: وَقَدْ رَوَيْنَا عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ أَمَرَ بِقَطْعِ يَدِ رَجُلٍ فَقَالَ: احْسِمُوهَا﴾، واتە: لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاومانەتەوە، یان بۆمان گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردوە بە بڕینی دەستی پیاوێك، دوایی فەرموویەتی (احْسِمُوهَا)، واتە: داغی بکەن. بۆئەوەی خوێنەکەی زوو وشك بێو بە هۆی ئەوەوە نەمرێ، وە (القرطبي) دەڵێ: (لا خِلَافَ أَنَّ اليُمْنَى هِيَ الَّتِي تُقْطَعُ أَوَّلاً)، واتە: هیچ ڕاجیایی لەسەر ئەوە نیە کە دەستی ڕاست پێشی دەبڕدرێ.

هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە: ﴿عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ ثَوْبَانَ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أُتِيَ بِرَجُلٍ سَرَقَ شَمْلَةً، فَقَالَ: أَسَرَقْتَ؟ مَا إِخَالُكَ تَسْرِقُ، قَالَ: بَلَى، يَا رَسُولَ اللّٰه، قَالَ: اذْهَبُوا بِهِ فَاقْطَعُوا يَدَهُ، ثُمَّ احْسِمُوهَا، ثُمَّ ائْتُونِي بِهِ، فَقَطَعُوهُ، ثُمَّ حَسَمُوهُ، ثُمَّ أَتَوْا بِهِ، فَقَالَ: تُبْ إِلَى اللّٰه، قَالَ: أَتُوبُ إِلَى اللّٰه، قَالَ:

١) ج٤، ص٤٢٨.
٢) ج٤، ص٣٧٦ –٣٧٧.

اللهمَّ تُبْ عَلَيْهِ﴾ {أَخْرَجَهُ عبد الرزاق برقم: (١٣٥٨٣)، هَـذَا إِسْنَادٌ مُرْسَلٌ، صَحِيحُ الإِسْنَادِ}، واته: پیاوێکیان هێنایه لای پێغەمبەر ﷺ پۆشاکێکی دزی بوو، فەرمووی: دزییت کردوه؟ پێم وانەبوو دزیی دەکەی! گوتی: با ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: بیبەن دەستی ببڕن، پاشان داغی بکەن، دوایی بیهێننەوه بۆ لام، دەستیان بڕی و داغیان کردو پاشان هێناویانەوه، فەرمووی: بگەڕێوه بۆ لای خوا، گوتی: دەگەڕێمەوه لای خواو پەشیمانم، (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: خوایه لێی ببووره.

**شەشەم: بۆچی خوا فەرموویەتی: ﴿أَيْدِيَهُمَا﴾و نەیفەرمووه: ﴿يَدَيهُمَا﴾؟**

کە دەفەرموێ: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا ﴿٣٨﴾﴾، نەیفەرمووه (يَدَيهُمَا) هەرچەندە دووانن، (الخليل بن أحمد) و (الفراء) کە دوو زانای زمانەوانیین، گوتوویانە: (كُلُّ شَيءٍ يُوجَد في خَلْقِ الإِنْسَانِ إِذَا أُضِيفَ إِلى اثنينِ جُمِعَ، تَقُولُ: هَشَمْتُ رؤوسَهُمَا وَأَشْبَعْتُ بطُونَهُمَا، ﴿إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ﴿٤﴾﴾ التحريم، واته: له زمانی عەرەبیدا بنچینه وایه هەر شتێك له بەدەنی ئینسان، کاتێك پاڵ دەدرێته لای دوو نەفەران کۆدەکرێتەوه، کە بگوترێ: سەرەکانیانم پان کردنەوه، یان سەرەکانیانم هاڕین دەڵێ: (هَشَمْتُ رؤوسَهُمَا) ناڵێ: (رأسِيهما) یان ئەگەر بڵێ: زگم تێرکردن، دەڵێ (أَشْبَعْتُ بطُونَهُمَا)، پەروەردگاریش فەرموویەتی: ئەگەر بگەڕێنەوه بۆ لای خوا دڵتان لای داوه، (القرطبي) له تەفسیرەکەی خۆیدا هەموو ئەو مەسەلانەی باسم کردن، هێناونی[1].

**حەوتەم: ئەگەر بۆ جاری دووەمو سێیەمو چوارەمیش هەر دزیی کرد، سزای چییه؟**

زانایان لەوبارەوه ڕاجیایی یان هەیه:

ڕایەکیان دەڵێ: بۆ جاری دووەم پێی چەپی دەبڕدرێ، بۆ جاری سێیەم دەستی چەپی دەبڕدرێ، وە جاری چوارەم پێی ڕاستی دەبڕدرێ.

---

١) الجامع لأحكام القرآن: ج٦، ص١٤٠ – ١٥٤.

ڕایەکیشیان دەڵێ: ئەگەر جاری یەکەم دەستی بڕدرا، ئەوە جاری دووەم هەرچەندە دووبارە بێتەوە هەر حەپس دەکرێ، ئەو ڕایە ڕای ئەبو حەنیفەیە، وە عومەری کوڕی خەتتابیش وای کردوە، واتە: کەسێك دوای ئەوەی کە دەستی بڕدرا دزیی کردبێ، عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ سجنی کردوە، نەچووە پێی چەپو، دوایی دەستی چەپو، دوایی پێیەکەی دیکەشی ببڕێ.

کە لەڕاستیدا ئەم ڕایەش لە ڕووحی شەریعەتەوە نزیکترە، وە گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئەگەر بە جاری یەکەم تەمبێ نەبێ، ئەوە مانای وایە سجن بکرێ باشە، بۆئەوەی خەڵك لەدەستی سەلامەت بن(١).

**هەشتەم: ئایا بابای دز ئەگەر شتە دزراوەکەی فەوتاندبوو، پێی دەبژێررێ؟!**

زانایان لەوبارەوە ڕاجیایی یان هەیە:

**ڕای یەکەم**: کە هی شافیعیی‌و ئەحمەدو ئیسحاقە، ڕەحمەتی خوایان لێ بێ دەڵێن: بابای دز، چ هەبوو (مُیَسّر)بێ، چ نەبووبێ (مُعَسّر)بێ، ئەگەر هەبووبێ، دەبێ یەکسەر ئەو شتەی دزیویەتی لێی وەربگیرێتەوە، وە ئەگەر نەبووبێ، لەسەری دەبێتە قەرزو دوایی دەبێ بیبژێرێ.

**ڕای دووەم**: مالیك ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: ئەگەر شتەکە مابێ، ئەوە ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر نەمابێ‌و ئەویش هەبووبێ‌و ئیمکانیەتی هەبێ، پێی دەبژێررێ، بەڵام ئەگەر نەداربێ‌و هیچی نەبێ، ئەوە چاوپۆشیی لێ دەکرێ، (قُرطُبي) ئەم ڕایانەی لە تەفسیرەکەی خۆیدا هێناون(٢).

بەڕاستی منیش ڕایەکەی مالیکم پێ لە ڕووحی شەریعەتەوە نزیکترە، کە بابای دز دوای ئەوەی کە دەستێکی بڕدراوە، ئنجا ئەو شتەشی کە دزیویەتی مادام فەوتابێ، یان سەرفی کردبێ، یان نەمابێ، پێمدووره لە ڕووحی شەریعەتەوە لەسەری ببێتە قەرز، تازە ئەو سزای خۆی وەرگرتوە، لە بەرانبەر ئەو شتەدا، ئنجا ئەگەر دووبارە شتەکەشی پێ بهێنرێتەوە، ئەوکاتە دەبێتە دوو سزا، لەبەرئەوە من ڕایەکەی مالیکم پێ ڕاسترە.

---

١) محاسن التأويل: ج٤، ص١٩٨، وه (الجامع لأحكام القرآن)، ج٦، ص١٥٢.

٢) الجامع لأحكام القرآن، ج٦، ص١٤٦.

**نۆیەم: ئایا تۆبەی بابای دز پێش کەوتنە بەرپەلی، سزای لێ لادەدات؟ واتە: پێش ئەوەی کە پێی بزانرێو بگیرێ سزای دەست بڕینی لەسەر لادەچێ؟**

زانایان لەوبارەوە ڕا جیان:

١- (عطاء)و هەندێك لە شافیعییەکان دەڵێن: بەڵێ.

٢- زۆربەیان دەڵێن: نەخێر، (إِبْنُ العَرَبِي) لە کتێبەکەی خۆی (أحكام القُرآن)دا، کە (القُرطُبي) لە تەفسیرەکەی خۆی (الجامع لأحكام القُرآن)دا[1] لێی خواستۆتەوە، ئەو ڕایە بەڕاست دەزانێ، کە تۆبەکردنی دز پێش ئەوەی بکەوێتە بەرپەل، سزای دەست بڕینی لەسەر لانابات، بە پێچەوانەی بابای ڕێگرو جەردەو ئەوەی هەڵدەکوتێتە سەر ماڵو حاڵی خەڵك، ئەوەش بە بەڵگە دەهێنێتەوە، دەڵێ: بابای ڕێگرو جەردە کە هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی خەڵك، حاڵیان وایە کە کۆمەڵێك بن، دەستەڵاتیان هەبێ، چەکیان پێ بێ، یاخی بن، لەژێر ڕکێفی دەسەلاتی شەرعییدا نەبن، بەلام بابای دز لەبەردەستی مسوڵمانانەو هەمیشە لەبەر پەلیان دایە، واتە: ناتوانێ لێیان دەربازبێ، لەبەرئەوە بە پەشێمانبوونەوەکەی سزاکەی لەسەر ناچێو، حیسابەکانیان لێکجیان، ئەوەی کە ڕێگربێ لە ژێر ڕکێف دانییە، بۆیە ئەگەر پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر ڕکێفو کۆنترۆڵی دەستەلاتی شەرعیو بگەڕێتەوە، ئەوە باسمان کرد کە تۆبەکەی وەردەگیرێ، وە سزایەکانی هەموو لەسەر لادەچن، یان هەندێکیان، بەلام دز هەر لەبەردەستی مسوڵمانان دایە، لەڕاستیدا منیش ڕایەکەی (إِبْنُ العَرَبِي) و (قُرطُبي)یەم پێ ڕاستە، کە ڕای زۆربەی زانایانیشە.

**دەیەم: لەسەر دزینی میوە، یان دانەوێڵە، ئەگەر تەنیا بە لێخواردن بێ، بایی ئەوەندەی ئەو ئینسانە پێی لە مەرگ دەربازبێ، دەست نابڕدرێ:**

لەوبارەوە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ هەیە: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رضي الله عنه عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ أَنَّهُ سُئِلَ عَنِ الثَّمَرِ الْمُعَلَّقِ؟ قَالَ: (مَنْ أَصَابَ بِفِيهِ مِنْ ذِي حَاجَةٍ غَيْرَ مُتَّخِذٍ خُبْنَةً فَلاَ شَيْءَ عَلَيْهِ، وَمَنْ خَرَجَ بِشَيْءٍ مِنْهُ فَعَلَيْهِ غَرَامَةُ

---

١) الجامع لأحكام القرآن، ج٦، ص١٥٤.

مِثْلَـيْهِ، وَالْعُقُوبَـةُ، وَمَـنْ سَـرَقَ دُونَ ذَلِـكَ فَعَلَيْـهِ غَرَامَـةُ مِثْلَيْـهِ وَالْعُقُوبَـةُ) وفـي روايـة: (وَجَلَدَاتُ نَكَـالٍ)﴾ {أَخْرَجَـهُ أَبُو دَاوُدَ بـرقم: (١٧١٠)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (١٢٨٩) وَقَالَ: حَسَنٌ، وَالنَّسَائِيُّ بـرقم: (٤٩٥٨) وَحَسَّنَهُ الألبـاني}، واتـه: عەبـدوڵڵای كـوڕی عـەمڕی كوڕی عاص، خـوا لە خـۆی‌و بـابی ڕازی بـێ، لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەگێڕێتـەوە كـە پرسـیاری لێكـراوە لـەبارەی میـوەی هەڵواسـراو، (یـاخود میـوەیەك كـە بـە درەختەوەیـە)، پێغـەمبەر ﷺ فـەرمووی: هەركەسـێك لەبـەر پێداویسـتی بـایی ئەوەندەی كە پێویستی پێیـەتی، لێی بخـوات، بـە مـەرجێك هەڵنـەگرێ لـە گـیرفانیدا، یاخود لە كراسـیدا، (واتە: لێـی نەبـاتە دەرەوەی باغەكـە) ئـەوە هیچـی لەسـەر نیـە، بەڵام هەركەسێك هێندەی لـێ بەرێتە دەرێ، كە بگـاتە نیصـابی دەسـت بـڕین، (واتـە: بەرانبەر روبعـە دینـارێكی زێـڕ)، ئەوە دەست بڕینی دەكەوێتە سـەرێ، وە هەركەسـێك كـەمتر لـەوە بـدزێ، ئـەوە پێویسـتە دوو قـاتی ئـەوە كە بردوویـەتی بیـبژێرێ، وە سزاش بدرێ، (واتە: قسـەی پێ بگوترێ، دوو قامچـی لـێ بـدرێ)، وە لـە ڕیوایەتێكـدا دەڵـێ: (وَجَلَـدَاتُ نَكَـالٍ) واتـە: چـەند قامچییەكیشـی لێبـدرێ، وەك سـڵەماندنەوەو پڕینگاندنـەوە، كە جارێكـی دیكە ئەوە نەكـات.

## یازدەیـەم: هەر كەسـێك لە برسـان‌و لەبەر ناچـاریی دزیی بكات، دەستی نابـڕدرێ؟

لەبەرئـەوەی خـوای پـەروەردگار ئـەو شـەریعەتەی نـاردوە یاسـاكانی لـە حاڵـەتی ئاساییدا جێبەجێ دەكرێن، بـەڵام لـە حاڵـەتی نائاسـاییدا حوكمەكـانی دەگـۆڕدرێن، هـەر بۆیـە عومـەری كـوڕی خـەتتاب خـوا لێـی ڕازی بـێ، خەلیفـەی دووەمـی ڕاشـیدی پێغەمبەر ﷺ، لە ڕۆژگاری خۆیدا لە ساڵێكدا كە گرانیـی‌و قـات‌و قڕیـی‌و برسـیەتیی بوو، كە پێی دەگوترێ (عَامَ المجاعة) یان (عَامَ الرَّمَـادَةِ) لـەو سـاڵەدا حـوكمی بڕینـی دەسـتی دزی ڕاگـرت، لەبەرئـەوەی زەمینـەی جێبـەجێكردنی نەڕەخسـابوو، جا ئـەوە هەندێـك لـە شـیعەكان بـە نەزانیـی ڕەخنـەی لـێ دەگـرن، دەڵێن: عومـەر سـزایەكی شـەرعیی لـە كارخسـتوە! بـەڵام لەڕاسـتییدا عومـەر پـەكی نەخسـتوەو (تعطیل)ی نەكـردوە، بەڵام زەمینـەی جێبەجێكردنی ڕەخساو نەبووە، وەك لە سیـرەدا هاتوە، كە (حَاطِبُ بْنُ أَبِي بَلْتَعَـةَ) دوو غـوڵام، یان زیـاتر دەبن حوشـترێك لـە كـابـرایەك دەدزن وە سەری دەبـڕن‌و گۆشتەكەی دەخۆن، ئەویش دەیانبـاتە لای عومـەر خـوا لـێی ڕازی بـێ، دەڵـێ: ئـەو غوڵامانـەم ئـەو حوشـترەیان دزیـوە، {واتـە: سـزا بـدرێن‌و دەسـتیان

ببڕدرێ﴾، عومەریش خوا لێی ڕازی بێ لێیان دەپرسێ: بۆچی واتان کردوە؟ دەڵێن: برسیی دەکردینو، نانی نەدەداینێو لەبرسان ئەوەمان کردوە، عومەر خوا لێی ڕازی بێ، بە خاوەنی حوشترەکەی گوت: نرخی حوشترەکەت چەندە؟

ئەویش ئەندازەیەکی گوت، عومەریش بە (حاطب)ی گوت: بچۆ دوو بەرانبەری نرخی حوشترەیەکەی پارەی بدەیە! وەك سزادانێك بۆی کە غوڵامەکانی برسی کردوونو ناچاری کردوون دزیی بکەن !

لەڕاستیدا ئەو هەڵوێستەی عومەر خوا لێی ڕازی بێ زۆر لەگەڵ عەقڵو مەنتیقو ڕووحی شەریعەتدا دەگونجێ، وە هەر حوکمڕانێکی دیکەی عاقڵو لێزانو دووربینیش دەبێ هەر وابکات، هەر یاسایەکی شەرعیی کاتێ مسوڵمانان دەکەونە نێو بارودۆخێکی نائاسایی یەوە، لەو کاتەدا جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو بەس لە بارودۆخی ئاسایی دا جێبەجێ دەکرێ، هەر بۆیە شەرعزانان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە دەڵێن: سزا شەرعییەکان لە کاتی جەنگدا جێبەجێ ناکرێن، بۆ وێنە: سزای مەی خۆریی، سزای زینا، بۆچی؟ چونکە مەترسیی ئەوە هەیە کە ئەو ئینسانە لە ترسی ئەوەی سزا بدرێ، پاڵداتە لای دوژمن، بۆیە مادام کەوتوونەتە حاڵەتێکی نائاساییەوە، کە حاڵەتی جەنگە، سزا شەرعییەکان جێبەجێ ناکرێن.

**دوازدەیەم: ئەگەر بابای دزیی لێکراو، دزەکەی بەخشی، بەرلەوەی بگاتە لای دادوەر سزایەکەی لادەچێ:**

لەوبارەوە ئەم دەقەی سوننەت هەیە:﴿عَنْ صَفْوَانَ بْنِ أُمَيَّةَ ﷺ قَالَ كُنْتُ نَائِمًا فِي الْمَسْجِدِ عَلَى خَمِيصَةٍ لِي ثَمَنُ ثَلاَثِينَ دِرْهَمًا، فَجَاءَ رَجُلٌ فَاخْتَلَسَهَا مِنِّي، فَأُخِذَ الرَّجُلُ فَأُتِيَ بِهِ رَسُولُ اللهِ ﷺ فَأَمَرَ بِهِ لِيُقْطَعَ، قَالَ: فَأَتَيْتُهُ فَقُلْتُ: أَتَقْطَعُهُ مِنْ أَجْلِ ثَلاَثِينَ دِرْهَمًا؟ أَنَا أَبِيعُهُ وَأُنْسِئُهُ ثَمَنَهَا، قَالَ: (فَهَلاَّ كَانَ هَذَا قَبْلَ أَنْ تَأْتِيَنِي بِهِ)﴾ {رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٣٩٤)، وَصَحَّحَهُ الألباني) واتە: صەفوانی کوڕی ئومەییە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: لە مزگەوت خەوتبووم سەرم بە خەمیصەیەك کردبوو (خەمیصە: قوماشێکی ڕەنگاو ڕەنگ بووە، دیارە جۆرە بەرگێك بووە، لە قوماشێکی تایبەت) نرخەکەی سی درەم (ئەو کاتە دراوی زیو پێی گوتراوە: "درهم"و دراوی زێڕ پێی گوتراوە: "دینار"، ڕۆمەکان زیاتر زێڕیان بەکارهێناوەو

دراوی وان دینـار بووە، وە فارسەکان زیویان بەکارهێناوەو هەر دینارێك بەرانبەری دە (١٠) درهەم تاکو دوازدە درهەم بووە) ئەو کاتی پیاوێك هات ئەو خەمیصەیەی لێ دزییم، دوایی کابرا گیراو بردرا بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ئەویش فەرمانی کرد کە دەستی ببڕدرێ، (دیارە دوای ئەوەی لێی کۆڵیوەتەوە لە ناچاریی نەبووەو مەرجەکانی تێدابووە، بەڵام ڕاوییەکان کە فەرمایشتەکان دەگێڕنەوە، ناچنە نێو تەفاصیلی ڕووداوەکان، ئەگەرنا پێغەمبەر ﷺ هەر کەسێك کە دزیی کردبێ، یەکسەر نەیفەرمووە: دەستی ببڕن، حەتمەن لێی کۆڵیوەتەوە، ئایا لە ناچاریی دزیویەتی؟ چۆنی دزیوە؟ مەرجەکانی تێدا دێنەدی؟) منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ گوتم: ئایا لەبەر سی (٣٠) درەمی زیو دەستی دەبڕی؟ من پێی دەفرۆشم، وە نرخەکەشی بۆ دوا دەخەم (هەرکاتێ بووی نرخەکەم بداتێ)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەبووایە ئەوە پێش ئەوەبێ کە بیهێنێ بۆ لای من (واتە: دوای ئەوە هاتوە بۆ لای من، تازە ئەو سزایە دەبێ جێبەجێ بکرێ).

هەڵبەتە هەندێ: لە زانایانیش دەڵێن: مادام بابای شت لێ دزراو دزەکەی بەخشی، سزایەکەی لەسەر لادەچێ، وە بە تەئکید دەوڵەتی ئیسلامیی بۆی هەیە ئەو ڕایە وەربگرێ، کە مادام بابای شت لێ درزراو دزەکەی بەخشی، ئەو سزایەی بەسەردا نەچەسپێ، واتە: ئەگەر ئەوەش جێبەجێ بکرێ، لەگەڵ ڕووحی شەریعەتدا دەگونجێ، هەرچەندە ئەو فەرمایشتەش هەیە، بەڵام دیارە زانایانو شەرعزانان لەبارەی فەرمایشتەکانەوە جاری وا هەیە دەڵێن: سەنەدەکەی بەهێز نیە، جاری وا هەیە دەڵێن: مەتنەکەی لەگەڵ فەرموودەیەکی دیکەدا تێکدەگیرێ، بەهەرحاڵ بواری تێدا هەیە.

ئنجا لە کۆتایی باسی سزای دەست بڕیندا پرسیارێك دەکرێ: ئایا سزای دەست بڕینی دز زۆر قورس نیە لە چاو تاوانەکەیدا! یانی: کەسێك دزیی دەکات، بەڵێ لە ناچاریی نیەو، برسی نیە، بەس دزیی دەکات بایی ڕوبعە دینارێك، روبعە دینارێکی زێڕ، کە وەك گوتم: دەگونجێ دەوڵەتی ئیسلامیی نیصابێکی دیکە دابنێ لەم ڕۆژگارەدا، بۆ وێنە: بگوترێ دەبێ دە گەلا بێ، دەبێ ملیۆنێك دیناری ئێستا بێ، دەبێ ئەوەندە ڕیاڵو تومەنە بێ، دەگونجێ، وە پێموایە بواری تێدا هەیە، بەڵام هەرچۆن بێ، ئایا لەسەر ئەندازەیەکی ئاوا، بڕینی دەستی ئینسانێكو کەم ئەندامکردنی، سزایەکی زۆر قورس نیە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: با قورسە، جا کاتی خۆی (أَبُو عَلاء المعرِّي) کە شاعیرێك بووە هەندێکیان تۆمەتباریشیان کردوە کە بێدین (مُلحِد) بووە، شیعرێکی گوتوە دەربارەی ڕەخنەگرتن لەم حوکمە شەرعییە، بەڵام زۆر بە زۆرزانانە ڕەخنەکەی گرتووە دەڵێ:

يَدٌ بِخَمْسِ مِئِينَ عَسْجَدٍ وُدِيَتْ
مَا بَالُهَا قُطِعَتْ فِي رُبْعِ دِينَارِ
تَنَاقُضٌ مَا لَنَا إِلاَّ السُّكُوتَ لَهُ
وَأَنْ نَعُوذ بِمَوْلانَا مِنَ النَّـار

واتە: دەستێك ئەگەر بە ناهەق ببڕدرێ، بە پێنج سەد دیناری زێڕ خوێنەکەی دەدرێ، ئەدی بۆچی لەسەر چارێگە دینارێك دەبڕدرێ، کە بدزێ.

ئەوە حوکمێکی ناکۆكو پێکەوە دژ بووە، کە هیچمان بۆ نیە مەگەر لە بەرانبەریدا بێدەنگ بین.

وە پەنابگرین بە سەرپەرشتیارمان بە پەروەردگارمان، لە ئاگری دۆزەخ!!

ئەوە لێرەدا ڕەخنەیەکی زۆر شەیتانانەیە، ئەگەرنا (تَنَاقَضَ مَا لَنَا إِلاَّ السُّكُوتَ لَهُ) ئەوە ڕەخنەگرتنە لە حوکمی خوا!

ئنجا (علم الدين السَّخَاوِيِّ) کە یەکێکە لە زانایانی ئیسلام، لە وەڵامدا بە یەك دێڕە شیعر ئەو وەڵامەی دەداتەوە، زۆر بە جوانییو هەر لەسەر کێشو سەرواى خۆىو دەڵێ:

عِـزُّ الأَمَانَة أَغْلاَهَا وأرخصها
ذلُّ الخِيَانَةِ فَافْهَم حكمة الباري

واتە: عیززەتی دەستپاکیی قیمەتەکەی گران کردبوو، واتە: دەستێك کە دزیی نەکات، یەکێك لە خۆڕا بیبڕێو سەقەتی بکات، لەبەرئەوەی دەستێکی ئەمینە قیمەتی زۆرەو دەبێ نیوەی خوێن بدرێ، کە پێنج سەد دیناری زێڕە، بەڵام زەبوونیی خیانەتو دزیی هەرزانی کردوە، ئەو دەستەی دەستێکی ئەمین بێ، لە لای

خوا گرانە بە پێنج سەد دیناری زێر دەبێ خوێنەكەی بدرێ، بەڵام دەستێك كە دزیی كرد، خۆی سووكو هەرزان دەكاتو، لەسەر لەسەر چارەگە دیناریكی زێڕ دەبڕدرێ، لە حیكمەتی خوای پەروەردگار تێبگە.

یەكێك لە زانایان دەڵێ: (لَمَا كَانَتِ أَمينة كانت ثمينة ولما خانَت هانت)، واتە: كاتێك ئەو دەستە ئەمین بوو، بە قیمەت بوو، بەڵام كاتێك خیانەتی كرد سووك بوو.

یەكێكی دیكە لە زانایان قسەیەكی جوان دەكات دەڵێ:

(الأيادي أربعة:

١/ يد عَامِلَة: يُكْرِمُهَا الإِسْلاَم .

٢/ ويد عَاطِلَة: يُشْغِلُهَا الإِسْلاَم.

٣/ ويد عَاجِزَة: يُعِينُهَا...

٤/ ويد خَائِنَة: يقطعها...)

واتە: دەستەكان چوارن:

١/ دەستی ئیشكەر، ئیسلام ڕێزی لێ دەگرێ.

٢/ دەستێكی پەككەوتوو یان بێ ئیش، ئیسلام ئیشی بۆ دەدۆزێتەوە،

وەك لەوبارەوە ئەم بەسەرهاتە لە سوننەت دا هاتوە:

﴿عن أنس أن رجلاً من الأنصار أتى النبيَّ ﷺ فسألَه عطاءً، فقال الرسول ﷺ : أما في بيتك شيءٌ؟ قال: بلى، حِلْسٌ نَلْبَسُ بَعضَهُ ونَبْسُطُ بعضُهُ، وقعب نشرب فيه، فقال: إئتني بهما، فأخذهما رسول الله ﷺ بيده وقال: من يشتري هذين؟ قال رجلٌ: أنا أخذهما بدرهم، قال رسول الله ﷺ: مَنْ يَزِيدْ على درهم؟ مرتين أو ثلاثاً فقال رجلٌ: أنا أخذهما بدرهمين، بأعطاهما إيّاه، فأخذ الدرهمين وأعطاهما الأنصاريَّ، وقال له: إشتر بأحدهما طعاماً فانبذه الى أهلك، واشتر بالآخر قدوماً فائتني به، فأتاه به، فَشَدَّ فيه رسول الله ﷺ عوداً بيده، ثّم قال: إذهب فاحتطِبْ و بعْ ولا أرينَّك خمسة عشر يوماً.

فجاءَ وقَدَ أصاب عشرة دراهم، فاشترى ببعضها ثوباً و ببعضها طعاماً. فقال له رسول الله ﷺ: هذا خيرٌ لك من أن تجيء المسألَةُ نكتة سوداءَ في وجهك يوم القيامة، إن المسألة لا تصلح الا لثلاثة: لذي فقرٍ مُدْقِعٍ، أو لِذي غُرْمٍ مُفظِعٍ، أو لذي دَمٍ موجعٍ﴾ { رواه أبوداود في السنن، ج ٢، ص ١٢٠، وابن ماجة في السنن، ج ٢، ص ٧٤٠ والمنذري في الترغيب والترهيب)، ج ٢، ص ٥٢٢.

کە پوختەی مانایەکەی ئەوەیە: پیاوێکی ئەنصاریی هاتۆتە لای پێغەمبەرﷺو داوای هاوکاریی لێکردوەو، ئەویش بەڕەیەك‌و قاپێکی گەورەی زیاد کە لەماڵیان دا بوون، بە دوو درەم بۆی فرۆشتوون‌و، بە درەمێکیان هەندێك خواردنی بۆ ماڵەوەیان پێ کڕیوەو، بەوی دیکەشیان دەمە بیور (تەور)ێك‌و، بە دەستی خۆیشی کلکی بۆ تێبڕیوەو، فەرمانی پێکردوە کە بچێ دار لە چیا بهێنێ‌و بیفرۆشێ‌و، هەتا پازدە رۆژان بەردەوام بێ، ئنجا پاش پازدە رۆژەکە کابرا دە (١٠) درەمی پەیدا کردوون‌و، هەم جل‌وبەرگ‌و هەم خۆراکیشی پێکڕیوەو، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرمووە: ئا ئەمە باشتر بوو لەوەی کە رۆژی قیامەت بێی‌و بەهۆی سواڵکردنەوە خاڵێکی ڕەشت بە ڕووەوە بێ !

پاشان فەرموویەتی: کە داواکردنی هاوکاریی تەنیا بۆ سێ جۆرە کەسان ڕەوایە: هەژارێکی ڕەجاڵ، یان قەرزدارێکی بارگران، یان خاوەن خوێنێکی بێچارەو دەرەتان.

کەواتە: دەستێك بێ ئیش بێ، ئیشی بۆ دەدۆزێتەوە.

٣/ وە دەستێك کە دەستە پاچەبێ، کەسابەتی بۆ نەکرێ‌و پەککەوتە بێ، ئیسلام هاوکاریی دەکات.

٤/ وە دەستێکی خیانەتکاریش، ئیسلام دەیبڕێ.

ئنجا ئێمە لە کۆتایی کۆی ئەم باس‌و بابەتەی حوکمی بڕینی دەستی دزدا دەڵێین:

**یەكەم**: ئیسلام بەرنامەیەكی گشتگیرو هەمەلایەنەیە، وە دەبێ كاتێك سەرنجی یەكێك لە یاساكانی ئیسلام دەدەین، لە نێو لە كۆی بەرنامەكەدا تەماشای بكەین، ئەگەرنا دیمەنێكی هەڵەمان دەكەوێتە بەرچاوو، وێنەیەكی هەڵە وەردەگرین لەو سزایە، یاخود لەو یاسایە، بۆ وێنە: ئینسان دەچێ تەماشای كۆشكێك دەكات، تەماشای خانوویەكی گەورە دەكات، ئەگەر بەس تەماشای دینگەكە بكات، دەڵێ: ئەو دینگەیە بۆ لێرە دانراوە؟! وە ئەگەر تەنیا تەماشای یەكێك لە ژوورەكان بكات، دەڵێ: ئەو ژوورە چی دەكات لێرەدا؟ بەڵام ئەگەر تەماشای كۆی هەمووی بكات، دەزانێ ئەو دینگە واتای خۆی هەیەو، ئەو ژوورە واتای خۆی هەیە، ئەو جامخانەیە واتای خۆی هەیە، وە هەروەها، ئنجا لەڕاستییدا زۆربەی ئەوانەی ڕەخنە لە یاساكانی ئیسلام دەگرن، ئنجا ئەو یاسایە سزای دزییە، یاخود هەر یاسایەكی دیكەو حوكمێكی دیكەی شەرعییە، دەچن لە سیاقەكەی خۆیو لە نێو هەموو یاساكاندا دەری دێننو بە جیا تەماشای دەكەن، ئنجا كە بە جیا تەماشای دەكەن، شتێكی سەیر دێتە بەرچاو، بۆ وێنە: ئەو یاسای دەست بڕینە ئەگەر بە جیا تەماشای بكەی، وایە، بەڵام تۆ وەرە لە كۆی سیستەمی حوكمڕانیی ئیسلامیی دا تەماشای بكە، ئیسلام دەیەوێ دینی خەڵك، عەقڵی خەڵك، ناموسی خەڵك،ماڵو سامانی خەڵك، هێمنو ئاسایشی خەڵك، بپارێزێو هەر كەسێك دەستدرێژیی بكاتە سەر یەكێك لەوانە، سزای بۆ داناوە، كەواتە: ئیسلام دەیەوێ كۆمەڵگای مسوڵمان كۆمەڵگای ئیسلامیی كۆمەڵگایەك بێ، خەڵك لە دینو ژینو ناموسو ئاسایشو ماڵو سامانو ئابڕووی دڵنیابێو، هەر كەسێك یەكێك لەوانە بخاتە مەترسیی یەوە، سزای بۆ دانراوە.

**دووەم**: ئەو مەرجانەی كە دانراون بۆ بڕینی دەستی دز، دەبێ هەموویان تەماشا بكرێن، كە بە داخەوە زۆر لە مامۆستایانیش كە وتار دەدەن لەسەر مینبەر، یان كە دەرس دەڵێنەوەو باسی ئەو حوكمە ئیسلامییانە دەكەن، هەر یەكسەر دێنن لایەنە قانونییەكەی باس دەكەنو حوكمەكەی باس دەكەن، ناچن تەفاصیلی دیكەی باس بكەن: ژینگەی تێدا جێبەجێ كرانی، لە چ كۆمەڵگایەكدا جێبەجێ دەكرێ؟ كەی جێبەجێ دەكرێ؟ بەسەر كێدا جێبەجێ دەكرێ؟ مەرجەكانی چین؟ دەبێ ئەوانە هەموو باس بكرێن، ئەگەرنا وەك گوتم: بۆچوونێكو

تێڕوانینێكی هەڵەمان دەربارەی، چ جا یاسای دەست بڕینی دز بێ، چ هەر یاسایەكی دیكە بێ، بۆ دروست دەبێ.

**سێیەم:** سزا شەرعییەكان لە ئیسلامدا دوایین شتن كە جێبەجێ دەكرێن، هەندێ كەس وا تەصەووڕ دەكات، هەركات ئیسلام دەستەڵاتی بوو، دەوڵەتێكی ئیسلامیی هەبوو، یەكسەر لە جێبەجێكردنی سزا شەرعییەكانەوە دەست پێدەكات، بزانێ كێ زینای كردوە؟ بزانێ داخۆ كێ شەڕابی خواردوە، سزا بدرێ؟ نا، ئەگەر تەماشای دەوڵەتی ئیسلامیی یەكەم بكەین، كە پێغەمبەر ﷺ بەرد بەرد دایناوە، دەبینین سزا شەرعییەكان لە كۆتایی تەمەنی پێغەمبەردا ﷺ هاتوونەتە خوارێ، ئەم سووڕەتی (المائدة) كە باسی سزای ڕێگریی تێدایە، وە باسی سزای دزیی تێدایە، وە باسی حوكمی كۆتایی شەڕاب خۆریی تێدایە، ئەم سووڕەتی (المائدة)یە كە وەك پێشتر باسمان كرد، دایكمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: كۆتا سووڕەتە كە پێكەوە لە قورئان هاتۆتە خوار، وە هیچ شتێكی تێدانیە نەسخ كرابێتەوە، كەواتە: سزا شەرعییەكان لە دوا دوای تەمەنی موبارەكی پێغەمبەرو ﷺ لە دوا قۆناغی دەوڵەتی ئیسلامیدا هاتوونەتە خوار، دوای ئەوەی كۆمەڵگایەكی ئیسلامیی هەبوو، پەروەردە كراوەو تێگەیەنراوە، خەڵك بەرچاوی ڕۆشن كراوەتەوە، پێداویستییەكانی بۆ دابین كراون، ئنجا دوای ئەوە خەڵك سزا دەدرێ، بەڵام هەر لە ڕێوە خەڵك سزا بدەی! نەخێر، دەبێ سەرەتا پێداویستییەكانی بۆ دابین بكەی، دەوڵەتی ئیسلامیی دەبێ ئەركەكانی خۆی لە بەرانبەر هاووڵاتییانو دانیشتوانی دەوڵەتەكەی دا جێبەجێ بكاتو سەرەتا پێداویستییەكانی بۆ دابین بكاتو، ڕاستییەكانیان فێر بكاتو، پەروەردەیان بكاتو بەرچاویان ڕۆشن بكاتەوە، ئنجا دوای ئەوە بۆی هەیە سزایان بدات، لەسەر ئەوەی كە لادەدەن، بەڵام هەر لە ڕێوە سزایان بدات، وەك هەندێك گروپو خەڵكی ئیسلامیی لە هەندێ شوێن، چ لە هەرێمی كوردستان، چ لە هەر شوێنێكی دیكەدا ئاوایان كردوە، ئەوە غەڵەتەو، مانای وایە لە ئیسلام تێنەگەیشتوون، چونكە ئیسلام پێش ئەوەی لە سزادانی خەڵك بخەفتێ، لە دابینكردنی پێداویستییەكانیان دەخەفتێ، پێشێ پێداویستییەكانیان بۆ دابین دەكات، ئنجا دوای ئەوە دێنێ لەسەر خراپە سزایان دەدات، ئەگەرنا بە بێ دابینكردنی پێداویستیەكان، وە

بە بێ پەروەردەکردنی خەڵك، بە بێ لێ حاڵی کردنیان، ناگونجێ سزایان بدات، لەسەر شتێك کە بۆی ناچارن بیکەن، یان نایزانن !

**مەسەلەی پێنجەم:** کە لەم ئایەتە وەردەگیرێ، واتە: ئایەتی کۆتایی ئەم دەرسەمان کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾، واتە: ئایا نازانی کە خوا موڵکی ئاسمانەکانو زەوی هەیە، هەر کەسێکی بوێ سزای دەدات، هەر کەسێکیشی بوێ لێی دەبووری، وە خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، ئەوە وەڵامی ئەو گومانو خوتخوتەو پرسیارانە دەداتەوە، کە لە عەقڵو دڵی کەسانێکی وەك (أَبُو عَلاء المعرِّي)، یان هەر کەسێکی دیکەدا، با مسوڵمانیش بێ، پەیدا دەبن، سەبارەت بە قورسیی سزا شەرعییەکان، کە لەڕاستیی دا سزا هەردەبێ قورس بێ، سزا دەبێ بە ئێش بێ، ئەگەرنا خەڵك لە ستەمو خراپە ناپرینگێتەوە، ئنجا وەك باسیشمان کرد: سزای دەست بڕین، یاخود سزای داوێنپیسیی، یاخود هەر سزایەکی دیکەی شەریعەت، وا بە ئاسانیی جێبەجێ ناکرێو، دەبێ هەلومەرجەکەی بۆ بڕەخسێ، وە دەبێ بە ئیسپاتو سەلماندن بێ، دەبێ ئەو مەرجانە کە بە پێویست گیراون هەموویان هەبن، ئەوجار ئەو سزایە دەچەسپێ، وە سزاش دەبێ بە ئێش بێ، بۆ ئەوەی کە خەڵك بپرینگێنەوە لە خراپەو تاوان، ئەگەرنا ئێمە ئێستا دەبینین ئەوانەی کە ئێستا لە جیاتی بڕینی دەستی دز، سزای دیکەیان داناوە، بۆ وێنە: لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کە دز دەگرنو زیندانیی دەکەن، هەیە لە نێو حەپسخانەکەشدا دزیی دەکات، وە لەڕاستیدا ئەوەی ئەوان وەك میوانخانەیەك وایەو، ئەو تاوانبارانە نەك لە تاوان ناسڵەمنەوە، بەڵکو بابای تاوانبار دوایی کە دێتەدەر لە زیندان، لەبەرئەوەی ناخۆشی لێ نەگوزەراوە، ڕەنگە زیاتر دزیی بکاتو، زیندان زیاتر سووری بکات لەسەر تاوانو دەست درێژیی!!

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی دەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە سێ ئایەت پێکهاتوە (٤١ - ٤٣)، کە تێیاندا خوای کاربەجێ بانگی پێغەمبەری خۆی موحەممەد ﷺ دەکاتو، وە ئامۆژگاریی دەکات کە لە پێشبڕکەکردنی بێبڕوایان لە دەغەڵەکانو جوولەکەکان لە دژایەتیکردنی ئیسلامو مسوڵمانانادا، دڵتەنگ نەبێ، لەوانەی کە بە زار گوتیان: ئیمانمان هێناوە، بەڵام دڵەکانیان ئیمانی تێدانیە، بە مەبەستی بە درۆدانان زۆر گوێت بۆ دەگرن، یان زۆر گوێ بۆ درۆو دەلەسەی گەورەکانیان دەگرن، هەم بۆخۆیان هەم بۆ کەسانێکی دیکە، کە ئامادە نەبوون لەلات، کە ئەگەر دادوەریی پێغەمبەری خوایان بە دڵ بێو بە پێی ئارەزوویان بێ، لێی وەردەگرن، ئەگەرنا لێی وەرناگرن، پاشان خوای پەنهانزان ڕایدەگەیەنێ کە ئەو جۆرە کەسانە، خوا نەیویستوە دڵیان پاك بکاتەوەو، شایستەی سەرشۆڕیی دنیاو سزای مەزنی دواڕۆژن.

پاشان خوای زاناو توانا ئەو جۆرە کەسانە بەوە پێناسە دەکات، کە زۆر گوێ بۆ درۆو دەلەسە هەڵدەخەنو، زۆریش حەرامخۆرن، وە بە پێغەمبەر دەفەرموێ: هەر کات هاتنە لات بۆ دادوەریی، بۆت هەیە دادوەریی یان لە نێواندا بکەیو، بۆشت هەیە پشتگوێیان بخەی، بەڵام ئەگەر دادوەرییت لە نێواندا کردن، دادگەرانە بیکە، چونکە خوا دادگەرانی خۆشدەوێن.

وە لە کۆتاییدا خوای پەروەردگار بە سەرسوورمانەوە ڕایدەگەیەنێ، کە چۆن دەبێ جوولەکەکان بێنە لای تۆ - ئەی مەحەممەد ﷺ ! - بۆ دادوەریی، لە حاڵێکدا کە تەوراتیان لەلایەو، لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە حوکمی خوای تێدایە؟! کەچی پشتی تێدەکەن، کەواتە: بڕوایان بە تەوراتەکەی خۆیشیان نیە!

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ
ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْۛ سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ
سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦۖ يَقُولُونَ
إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْۚ وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن
تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔاۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡۚ
لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿٤١﴾ سَمَّٰعُونَ
لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن
تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ
يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ﴿٤٢﴾ وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ
يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٤٣﴾﴾.

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکــان

((ئـەی پێغـەمبەر! بـا ئەوانـەی پێشبـڕکە دەکـەن لـە کـوفردا دڵتەنگـت نەکـەن، لەوانـەی بـە زاریـان گوتیـان: ئیمانمـان هێنـاو دڵـیان ئیمـانی نـەهێناوە، وە لـە جوولەکەکـان، زۆر گوێ هەڵدەخـەن بۆ درۆ، زۆر گـوێ هەڵخـەرن بـۆ کۆمەڵێکـی دیکە کـە نەهـاتوون، وشـەکان پـاش دانرانیـان لـە شـوێنی خۆیانـدا، دەگـۆڕن، دەڵـێن: ئەگـەر ئەوەیـان پێدان (حـوکمو دادوەرییـەك کە ئارەزووتـانە) ئـەوە وەریبگـرن، بـەڵام ئەگـەر ئـەوەیان پێنـەدان (کـە دڵ پەسـندتانە) ئـەوە وریـابن (وەری مەگـرن)، هـەر کەسـێکیش خـوا بیـەوێ بە هۆی (گوناهەکانیـەوە) سـزای بـدات، تـۆ لـە بەرانبـەر خـوادا هیچـت بـۆی پێنـاکرێ، ئەوانـە کەسانێکن، خـوا نەیویسـتوە دڵیـان پـاك بکـاتەوە، (چـونکە شـایستە نەبوون) لە دنیادا بەشـیان ڕیسـواییەو، لە ڕۆژی دواییش دا سـزایەکی مـەزن ﴿٤١﴾ زۆر گوێ هەڵخـەرن بـۆ درۆو زۆر حـەرام خـۆرن، ئنجـا هـەر کـات هاتنـە لات، (بـۆ چارەسـەریی کێشـەیەك‌و کردیـانی بە دادوەر) ئەوە دادوەریی یان لە نێوانـدا بکـە، یـان پشـتگوێیان بخـە، وە ئەگـەر پشـتگوێیان بخـەی، هـیچ زیانـت لێنـادەن، وە ئەگـەر دادوەرییشـت کـرد، بـە دادگـەریی دادوەریـی یـان لـە نێـوان بکـەو، بێگومـان خـوا دادگـەرانی خۆشـدەوێ ﴿٤٢﴾ ئنجـا ئایا چۆن تۆ دەکەنە دادوەر، لە حاڵێکـدا تـەوراتیان لەبەردەسـتەو حـوکمی خـوای لـەو مەسـەلەیەدا تێدایـە، کەچـی دوای ئـەوەش پشـت هەڵدەکـەن، بێگومان ئەوانە بڕوادارنیـن (بە تەوراتـەکەی خۆشـیان) ﴿٤٣﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(لَا يَحْزُنكَ ): (الحَزَنُ والحزونَةُ: خشُونَة فـي الأَرْضِ وَخشُـونَة فـي الـنَّفْس، وَحَزَنْتُهُ وَأَحْزَنْتهُ)، (لايَحْزُنكَ) واته: دڵتەنگت نەكات، خەمبارت نەكات، نارەحەتت نەكات، چونكە لە ئەسڵدا (حَزَنْ، حُزونَة) بە زبریی زەوی دەگوترێ، زەوییەك كە زبر بێ، تەختو ساف نەبێ، ئەم وشانەی بۆ بەكاردێن، هەروەها ئینسانیش كە نەفسی ساف نەبێو گرێو گۆڵی تێدابێ، غەمو مەراقی تێدابێ، ئەوەی بۆ بەكاردێ، وە دەگوترێ: (حَزَنْتهُ وَأَحْزَنْتهُ) واته: خەفەتبارم كرد، هەردووكی هاتوه، وە خوێندراویشتەوە: (لايُحْزِنْكَ)، بەلام قیرائەتی (لايَحْزُنكَ) زیاتره.

(يُسَـٰرِعُونَ ): (سَرُعَ: فَهُوَ سَرِيعٌ، وَأَسْرَعَ فَهُو مُسْرِعٌ: يَتَسَابَقُونَ)،(سَرُعَ، سَرِيعٌ) و (أسرع، مُسْرِع)، واته: خێرابوو، یانی: هەم (ثُلاثِي)یەكەی هاتوه، هەم (رُبَاعِي)یەكەی هاتوه، ئنجا لێرەدا (يُسارِعُونَ) یانی: (يَتَسَابَقُونَ) واته: پێشبڕكە دەكەن، یاخود بە مانای خێرایی دەكەن بە موتڵەقیی.

(يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ ): واته: وشەكان دەگۆڕن، (تَحْرِيفُ الكَلاَم: إمَالَتُهُ وَهُوَ أَن تَجعلَهُ عَلَى حَرْفٍ مِنَ الإحْتِمَالِ يُمْكِنُ حَملُهُ عَلَى الوَجْهَيْن) لە زمانی عەرەبیدا (تَحْرِيفُ الكَلاَمِ) واته: لادانی ئەو قسەیە بە شێوەیەك كە لەسەر قەراغێك دایبنێی، كە هەم بگونجێ ئەو واتایە بگەیەنێ، وە هەم بگونجێ ئەو واتایەش بگەیەنێ، وەك جوولەكەكان كە دەیانگوت: (رَاعِنا) لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (رَاعَاهُ، يُرَاعِيهِ، رَاعِنَا) واته: چاودێریمان بكە، ڕەچاومان بكە، ئاگات لێمانبێ، بەلام ئەوان مانایەكی خراپیان پێ مەبەست بوو، دەڵێ: (رَعِنَ الرَّجُلُ يَرْعَنُ رَعنَاً، فَهُوَ رَعِنٌ، وَأَرْعَنٌ، وامرأَةٌ رَعْنَاءُ وراعنا: إحفظنا)، (رَعِنَ الرَّجُلُ)، واته: پیاوەكە گێلە، یان كەودەنە، یان كەم هۆشە، (أَرْعَن) واته: گێلو نەفام، وە بە ئافرەت دەگوترێ: (رَعْنَاء)، واته: ئافرەتێكی گێل، بەلام

(رَاعِنَا)، واتە: چاودێرییمان بکە، ڕەچاومان بکەو بمانپارێزە.

(فِتْنَتَهُۥ): وشەی فیتنە کە پێشتریش باسمان کردوە، لە ئەسڵدا بە مانای سووتاندنو قاڵکردنەوەی زێڕە لە ئاگردا، تاکو دەرکەوێ داخۆ چەندی ساغەو چەندی ناساغەو، کانزای دیکەی ڕەگەڵ خراوە، بەڵام دوایی بە مانای تاقیکردنەوەو سزاو بەڵاو نارەحەتیی بەکارهاتوە، وە بە مانای کوفرو شیریکیش بەکارهاتوە، بە پێی ئەو سیاقانەی کە تێیاندا هاتوە، وشەی فیتنە وشەیەکە لە قورئاندا ڕەنگە زۆرترین مانا بەدەستەوە بدات، بۆیە دەبێ تەماشای سیاقی ئایەتەکان بکەین، تا بزانین بە چ مانایەك هاتوە! بەڵام لە ئەسڵدا بە مانای تاقیکردنەوە دێ، واتە: شتێك بجەڕبێنی بۆئەوەی حەقیقەتەکەیت بۆ دەربکەوێ، وە کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ﴾، یانی: کەسێك خوا بیەوێ بەڵای بەسەر بێنێ، یاخود (وَمَنْ يُرِدِ اللهُ كُفرهُ) کەسێك خوا کوفری بۆی بوێ، یاخود (وَمَنْ يُرِدِ اللهُ عَذَابهُ) کەسێك خوا بیەوێ سزای بدات، (وَمَنْ يُرِدِ اللهُ صَرفهُ أَو انحرافهُ) کەسێك خوا لادانی ئەوی مەبەست بێ، ئەو مانایانە هەموویان دەگرێتەوە.

(لِلسُّحْتِ): (السُّحْتُ: القَشْرُ الّذِي يُسْتَأصِلُ، السَّحتُ وَالسُّحُت: الحَرَامُ) وشەی: (سُحْت) لە زمانی عەرەبیدا بەو توێکڵە دەڵێن کە لادەچێ لەسەر شتێك کە دەویسترێ بخورێ، یاخود هەر شتێك کە سپی بکرێ، وە (السَّحتُ وَالسُّحُت) هەردووکیان بە مانای حەرام دێن، وەك بڵێی: هەر کەسێك حەرام بخوات، وەك ئەوە وایە دینەکەی خۆی سپی کردبێو توێکڵەکەی لێکردبێتەوە، یان برینداری کردوە، یاخود زیانی پێگەیاندوە.

(بِٱلْقِسْطِ): (القِسْطُ: هُوَ النَّصِيبُ بِالعَدْلِ كَالنَّصَفِ وَالنَّصَفَةِ، وَالقِسْطُ: هُوَ أَن يَأخُذَ قِسطَ غَيرهِ، وَالإقسَاطُ: أَن يُعْطِيَ قِسْطَ غَيرِهِ، فَالأَوَّلُ جَوْرٌ، وَالثَّانِي عَدْلٌ وَإِنْصَافٌ) وشەی (قِسْط) واتە: پشكو بەش، کە بە شێوەیەکی دادگەرانە

دابەش کرابێ، (نَصَفَ نَصفَة)، واتە: ئینصافو دادگەرییو یەکسانیی، وشەی: (قِسْط) ئەوەیە کە ئینسان بەشی ئەوەی دیکە بۆخۆی بەرێ، بەلاّم وشەی: (إقْسَاط) ئەوەیە کە بەشی ئەویدیکە بدات، بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرمویّ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾، بەلاّم لە سووڕەتی (الجن)دا دەفەرمویّ: ﴿وَأَمَّا ٱلْقَٰسِطُونَ فَكَانُوا۟ لِجَهَنَّمَ حَطَبًا ﴿١٥﴾﴾، ئنجا (قَاسِط) واتە: (جائر وظالم)، چونکە بەشی غەیری خۆی بۆخۆی دەبات، بەلاّم (مُقسِط) کەسێکە کە بەشی غەیری خۆی دەدات.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەكان

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ڕستە قورئانییەی كە دەفەرموێ: ﴿يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْ ... ﴿٤١﴾﴾، دوو بەسەرهات گێڕدراونەوە:

أ/ ﴿عَنْ نَافِعٍ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَنَّ الْيَهُودَ جَاءُوا إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَذَكَرُوا لَهُ أَنَّ رَجُلاً مِنْهُمْ وَامْرَأَةً زَنَيَا، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ: مَا تَجِدُونَ فِي التَّوْرَاةِ فِي شَأْنِ الرَّجْمِ؟ فَقَالُوا: نَفْضَحُهُمْ وَيُجْلَدُونَ، فَقَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ سَلاَمٍ: كَذَبْتُمْ، إِنَّ فِيهَا الرَّجْمَ، فَأَتَوْا بِالتَّوْرَاةِ فَنَشَرُوهَا، فَوَضَعَ أَحَدُهُمْ يَدَهُ عَلَى آيَةِ الرَّجْمِ، فَقَرَأَ مَا قَبْلَهَا وَمَا بَعْدَهَا؛ فَقَالَ لَه عَبْدُ اللهِ بْنُ سَلاَمٍ: ارْفَعْ يَدك فَرَفَعَ يَدَهُ، فَإِذَا فِيهَا آيَةُ الرَّجْمِ، فَقَالُوا: صَدَقَ يَا مُحَمَّدُ فِيهَا آيَةُ الرَّجْمِ فَأَمَرَ بِهِمَا رَسُولُ اللهِ ﷺ، فَرُجِمَا، قَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ عُمَرَ: فَرَأَيْتُ الرَّجُلَ يَجْنَأُ عَلَى الْمَرْأَةِ، يَقِيهَا الْحِجَارَةَ﴾ {أَخْرَجَهُ مَالِكٌ بِرقم: (١٤٩٧)، وَالبُخَارِيُّ بِرقم: (٣٤٣٦)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٤٤٤٦)، وَإِبْنُ حِبَّانَ بِرقم: (٤٤٣٤)}، واتە: نافیع لە عەبدوڵلای كوڕی عومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: جوولەكەكان هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیان باسكرد كە پیاوێكو ژنێكیان زینایان كردوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لە تەوڕاتدا دەربارەی بەردبارانكردن چی دەبینن؟ گوتیان: ڕیسوایان دەكەین، قسەیان پێ دەڵێین، قامچیشیان لێدەدرێ، (ژمارەی لێدانی قامچییەكە دیاریی نەكراوە، گرنگ ئەوەیە باسی بەردبارانیان نەكرد)، عەبدوڵلای كوڕی سەلام (كە یەكێكە لە گەورە زانایانی جوولەكە، بەڵكو ڕەنگە گەورەترینی زانایانیان بووبێ، وەك لە بەسەرهاتی مسوڵمانبوونییدا جوولەكە گوتوویانە: زاناترینمانەو كوڕی زاناترینمانە، بەڕێزترینمانە كوڕی بەڕێزترینمانە، باشترینمانو كوڕی باشترینمانە، مەدحیان كردوە پێش ئەوەی بزانن مسوڵمان بووە، دوایی كە گوتوویەتی: ئەوە من مسوڵمان بووم، گوتوویانە: نەزانترینمانە كوڕی

نەزانتــرینمانە، خراپتــرینمانە کوڕی خراپتــرینمانە)[1]، بـە جوولەکەکـانی گـوت: درۆ دەکــەن لـە تەوراتـدا باسـی بەردبارانــکردنی زیناکــەر هەیـە، ئنجا تـەوراتیان بلاوکـردەوە، (جا ڕەنگـە کتێـب بووبـێ کردبیـانەوە، یـان وەك خـاوەنی (التحریر والتنـویر) دەڵـێ: تۆمـار بووبــێو پێچـرابــێ بلاویــان کردبێتــەوە، وەك فایلێـك پێچرابێ) یەکێکیان دەستی لەسەر ئـەو ئایەتـە دانا کـە باسی بەردبـاران دەکـاتو، پــێش ئایەتەکـەو دوای ئایەتەکـەی خوێنــدەوە، عەبـدوڵڵای کــوڕی ســەلام گـوتی: دەسـتت لابەرە، دەسـتی لابرد، ئایەتی بەردبارانـکردن لـەبن دەسـتی بـوو، گوتیــان: ئەی موحەممــەد! عەبدوڵـڵای کوڕی ســەلام ڕاســت دەکات، ئایـەتی بەردبارانــکردن هــەیە، ئیـدی پێغــەمبەری خــوا ﷺ فەرمانــی کــرد (بـە تەوراتەکــەی خۆیـان حوکمـی لە نێوانـدا کردنو) بەردبـاران کران، ئنجا عەبـدوڵڵای کوڕی عومەر خـوا لـە خــۆیو بـابی ڕازی بــێ، دەڵــێ: پیــاوەکەم بینـی خـۆی بەسـەر ئافرەتەکـەدا شـۆڕکردبۆوە (واتە: خۆی بەسـەردا گرتبوو، بۆئـەوەی بەردی پێنـەکـەون).

ب/ ﴿عَنِ الْبَـرَاءِ بْنِ عَـازِبٍ رضي الله عنه قَـالَ مُـرَّ عَلَـى النَّبِـيِّ ﷺ بِيَهُـودِيّ مُـحَـمَّمَاً مَجْلُـودَاً فَدَعَـاهُمْ ﷺ فَقَـالَ: (هَكَـذَا تَجِـدُونَ حَـدَّ الزَّانِــي فِـي كِتَابِكُـمْ)؟ قَالُـوا: نَعَمْ، فَدَعَا رَجُـلاً مِـنْ عُلَمَـائِهِمْ، فَقَـالَ: (أَنْشُـدُكَ بِـاللهِ الَّـذِي أَنْزَلَ التَّـوْرَاةَ عَلَـى مُوسَى، أَهَكَذَا تَجِـدُونَ حَـدَّ الزَّانِـي فِـي كِتَـابِكُمْ)؟ قَـالَ: لاَ وَلَـوْلاَ أَنَّـكَ نَشَـدْتَنِي بِهَـذَا لَـمْ أُخْبِرْكَ نَجِـدُهُ الرَّجْـمَ، وَلَكِنَّهُ كَـثُرَ فِي أَشْرَافِنَا فَكُنَّـا إِذَا أَخَذْنَا الشَّـرِيفَ تَرَكْنَـاهُ، وَإِذَا أَخَـذْنَا الضَّعِيـفَ أَقَمْـنَا عَلَيْـهِ الحَـدَّ، قُلْـنَا: تَعَـالَوْا فَلْنَجْتَمِـعْ عَلَـى شَـيْءٍ نُقِيمُـهُ عَلَـى الشَّـرِيفِ، وَالوَضِيـعِ فَجَعَلْنَـا التَّحْمِـيمَ، وَالجَلْـدَ مَكَـانَ الـرَّجْمِ، فَقَـالَ رَسُـولُ اللهِ ﷺ (اللهُمَّ! إِنِّـي أَوَّلُ مَنْ أَحْيَـا أَمْـرَكَ إِذْ أَمَـاتُوهُ)، قَـالَ فَأَمَرَ بِـهِ فَرُجِـمَ، فَــأَنْزَلَ اللهُ عَــزَّ وَجَــلَّ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي

١) بڕوانە: صحیح البخاري: ٣٨١٢، وە صحیح مسلم: ٢٤٨٣.

بـۆ درێــژەی بەســەرهاتەکەش بڕوانـە: (المسـند) لأحمد: (٢٥/٦)، و (جـامع البيـان) للطـبري (٨/٢٦ ، ٩)، و(المسند) لأبي يعلـى: (٧٨١٦، و صحيح ابن حبـان: ٧١٦٢، صـحّحه الحـاكم و وافقه الذهبـي.

وە بڕوانـە (الإسـتيعاب فـي بيـان الأسـباب، ج ٣ ص ٢٠٥ - ٢٠٦، کـە گوتوویانـە: قلـنا: هـذا سـند صحيح رجالـه ثقـات.

ٱلْكُفْرِ ﴾، إلـى قَوْلِـهِ: ﴿يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ ... ﴿٤١﴾ ﴾، يَقُولُـونَ ائْتُـوا مُحَمَّـدًا فَـإِنْ أَفْتَـاكُمْ بِـالتَّحْمِيمِ وَالْجَلْـدِ فَخُـذُوهُ، وَإِنْ أَفْتَـاكُمْ بِـالرَّجْمِ فَاحْذَرُوا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (١٨٥٤٨) واللَّفْظُ لَـهُ، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (١٧٠٠)، وَأَبُـو دَاوُدَ بـرقم: (٤٤٤٨)، وَابْـنُ مَاجَـهْ بـرقم: (٢٥٥٨)}، واتـه: جوولەکەیەکـیان بـە لای پێغەمبـەر داهێنـا، دەموچـاوی ڕەش کرابوو، قامچیشـیان لێـدا بـوو، پێغــەمبەری خـوا ﷺ بانگـیکردن، فـەرمووی: ئایـا ئـەوە لـە کتێبەکەتـاندا سـزای زینـایـە؟ (دیـارە ئەو کەسەی زینـای کردوە، بۆیە بـەو جـۆرە سـزایان داوە)، گوتیـان: بەڵـێ، دوایـی پیاوێکـیانی بانگـکرد لـە زاناکانیـان (دیـارە زانیویـەتی ئەهلـی ئینصـافە)، فـەرمووی: خــوات بەگـژ دادەکــەم، (وەك کـوردەواریی خۆمـان دەڵــێن: تـۆ ئـەو خوایــە) کــە تــەوراتی ناردۆتــە ســەر مووسـا ﷺ! ئــەوە ســزای زینایــە، لــە کتێبەکەتـاندا؟ گوتـی: نـەخێر، وە ئەگـەر بـەو شـێوەیە داوات لـێ نەکردبـام (واتـە: ئاوا سـوێندت نەدابـام) هەواڵـم پێنـەدەدای، سـزای زینا لـە کتێبـی ئێمــەدا بریتیـە لــە بەردبارانــکردن، بــەڵام دوای ئــەوەی زینــا لــەنێو پایــەدارەکانمانو خــاوەن پێگـەکـانماندا زۆر بوو، ئەگــەر یەکێك لەو پیــاوە ناودارانەمــان زینــای کردبـا، لـێی دەگەڕاین، ئەگەر یەکێکـی بێهێـزیش زینـای کردبــا، سـزامان دەدا، گوتمــان وەرن بـا شـتێك دابنێین بەسـەر پایـەدارو بـێ پایـەدا (واتـە: بەهێـزو بێـهـێز) بیچەسـپێنین، ئیدی ڕامان هـاتە سـەر ئەوەی کە دەمــوچاویان ڕەش بکـەینو قامچیـان لــێبدەین، (ئنجا قامچـی بـووە، دار بـووە، بــاس نـەکراوە) پێغــەمبەری خـوا ﷺ فــەرمووی: ئەی خـوایــە! من یەکــەم کەسم کە فەرمـانی تۆی زیندووکردۆتـەوە، دوای ئـەوە کە مرانـدبوویان، ئنجا فەرمانی پێکرد ئـەو پیـاوەی زینـای کردبـوو بـەردبارانیان کـرد، خــوای پایــەبەرزیش ئــەم ئایەتــەی نـاردە خــوارێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْكُفْرِ ﴾، هـەتا ئـەو شــوێنەی دەفـەرموێ: ﴿يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَٱحْذَرُوا۟ ... ﴿٤١﴾ ﴾. واتــە: بچــن بــۆ لای موحەممـەد، ئەگـەر ئـاوا فەتوایـدا (کە ئەوانـەی زینایـان کـردوە دەموچـاویان ڕەش بکـرێو قامچییـان لـێبدرێ) لێی وەربگـرن، بـەڵام ئەگــەر ئـاوا فەتــوای بـۆ نـەدان (وە ئـەگــەر فەتــوای دا کـە بەردبــاران بکـرێن لێـی وەرمەگــرن)، وریــابن، دیـارە بۆخۆیان ڕازی بوون، پێغـەمبەر ﷺ بە تەوڕات حوکمیـان لە نێواندا بکـات.

# مانای گشتی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار لەم سوورەتە موبارەکەدا دووجار ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خۆی موحەممەد ﷺ بە نازناوی (الرسول) دەیدوێنێ، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ ﴾، کە ئێرە شوێنی یەکەمیانە، ئنجا لەڕاستییدا قورئان هەمووی ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ کراوە، وە خوا ﷻ بە زۆریی بە وشەی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ﴾، یاخود بە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ ﴾، دەیدوێنێ، جاری واش هەیە بەبێ نازناوی نوبووەتو ڕیسالەت دەیدوێنێو ڕاستەوخۆ فەرمایشتی لەگەڵ دەکات، لێرەدا خوا ﷻ دوای ڕوونکردنەوەی ئەو یاساو حوکمە شەرعییانەی کە ڕابردن، باسی سزای ڕێگریی‌و دزیی‌و هەڵکوتانە سەر خەڵك‌و تێکدانی هێمنیی‌و ئاسایشی وڵات، ئەمجار ڕوو دەکاتە پێغەمبەری خۆی موحەممەد ﷺ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ ﴾، ئەی پێغەمبەر! با ئەوانەی خێرایی دەکەن لە کوفردا، واتە: دەست گەرمیی دەکەن لەو کردەوانەدا کە لە کوفریانەوە سەرچاوە دەگرن، وە لەو کردەوانەدا کە لە کافراندا پەیدادەبن، وە ئەو کردەوانەی کە کوفرەکەیان پێکدێنن، با خێراییکردنی ئەوان لە کوفردا تۆ دڵتەنگ نەکاتو نارەحەتت نەکات، ئنجا ئایا ئەوانە کێن کە خێرایی دەکەن لە کردەوەی کافرانەدا؟

﴿ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ ﴾، لەوانەی کە بە زار گوتیان: ئیمانمان هێناوە، واتە: بە زار ئیددیعای ئیمانیان کرد، بەڵام دڵیان ئیمانی نەهێناوە، وە لەڕاستییدا بەشی سەرەکیی ئیمان، وە ئیمان بە شێوەیەکی سەرەکیی پەیوەندیی بە دڵو دەروونەوە هەیە، بۆیە هەمیشە خوای بەرز بۆ مونافیقان نەفی ئیمان لە دڵو دەروونیان دەکات، هەروەها بۆ (أعراب)یش، وەك لە سوورەتی (الحجرات)دا دەفەرموێ: ﴿ قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّاۖ قُل لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ وَلَٰكِن قُولُوٓاْ أَسۡلَمۡنَا وَلَمَّا يَدۡخُلِ ٱلۡإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمۡ ...﴿١٤﴾ ﴾، واتە: عەرەبە

دەشتەکییەکان گوتیان: ئیمانمان هێناوە، بڵێ: ئیمانتان نەچۆتە نێو دڵ، بەڵێ بەشی سەرەکیی‌و بنەڕەت‌و ڕیشەی ئیمان لە نێو دڵ دایە، بەڵام دیارە هەر کام لە دەرککردنی بە عەقڵ‌و هۆش، وە دان پێداهێنانی بە زمان، وە کردەوەی ئەندامەکانیش لە لای زۆربەی هەرە زۆری زانایان بە پێکهێنەری ئیمان لە قەڵەم دەدرێن[1]، جا دەفەرموێ: با ئەوانەی پێشبڕکەو خێرایی دەکەن لە کوفردا لەوانەی بە زار یان گوتوویانە: ئیمانمان هێناوەو دڵیان ئیمانی نەهێناوە، ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾، وە ئەوانەش کە جوولەکەن (هادوا) واتە: (رَجَعوا)، وە (هُدْنا) واتە: (رَجَعْنَا)، یەهوود واتە: ئەوانەی گەڕاونەوە بۆ لای خوا، کە کاتی خۆی دیارە وابوون‌و گەڕاونەوە بۆ لای خوا، بەلام ئێستا لە خوا دوورکەوتوونەتەوە، ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾، واتە: جوولەکەکان، کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: با خێراییکردن‌و دەستگەرمیی کردن‌و پێشبڕکەکردنی موونافیقەکان‌و جوولەکەکان، کە پێشبڕکەو خێرایی دەکەن لە کوفرو کردەوەی خراپدا، تۆ دڵتەنگ نەکات، واتە: زۆر خۆتیان پێ نارەحەت مەکە.

ئنجا دوایی بە چەند وەسفێك پێناسەیان دەکات، دەفەرموێ: ﴿سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ﴾، ئەوانە زۆر گوێ دەگرن‌و گوێ هەڵدەخەن بۆ درۆ، (سَمَّاع) صیغەی موبالەغەی (سَامِع)ە، (سَامِع) واتە: بیسەر، (سَمَّاع) واتە: زۆر گوێگر، جا مەبەست لە: ﴿سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ﴾، واتە: ئەوانە زۆر گوێ هەڵدەخەن بۆ درۆ، یاخود زۆر گوێ دەگرن بۆ درۆو دەلەسەی سەرکردەکانیان‌و زاناکانی خۆیان، یاخود گوێ هەڵدەخەن بۆ قسەکانی تۆ بۆئەوەی دوایی درۆت بە دەمەوە بکەن‌و بە درۆت بزانن، واتە: بۆیە دەیانەوێ گوێ بۆ تۆ بگرن، تاکو ئەو زانیاریی‌و شارەزاییەی لە تۆی وەردەگرن، دوایی لە دژی ئیسلام‌و مسوڵمانان بەکاری بێننەوە، وە بیکەن بە

---

١) بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر لەبارەی پێناسەی ئیمان‌و پێکهاتەکانییەوە سەرنجی بەرگی یەکەمی: (ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی) بدە، هەروەها لە بەرگی دوومی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)دا بە درێژی باسی ئیمان و پێکهاتەکانیمان کردووە.

هۆکارێك بۆ بە درۆ دانان، ﴿سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَ﴾، گوێ هەڵدەخەن بۆ تۆ بۆئەوەی بۆ کۆمەڵێکی دیکەی باس بکەن، کە نەهاتوون بۆ لات، واتە: دەیانەوێ ئەو قسانەی تۆ بەوان بگەیەنن، یاخود مەبەست ئەوەیە کە ئەوانە زۆر گوێ هەڵدەخەن، زۆر گوێگرن بۆ کۆمەڵێکی دیکە کە نەهاتوون بۆ لای تۆ، کە مەبەست مشوورخۆرانو سەرکردەکانیانە، واتە: زیاتر گوێ بۆ ئەوان دەگرن، ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦ﴾، وشەکان دوای شوێنی خۆیان دەگۆڕن، لادەبەن، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە خوا ﷻ ئەو وشانەی تەوراتو ئینجیلو کتێبەکانی پێشوو کە دایناون لە شوێنی خۆیاندا، ئەوان دەیانگۆڕن، جا چ گۆڕینی بێژە (لَفْظ)یی، واتە: بە یەکجاریی وشەکان دەگۆڕن، یان گۆڕینی مەعنەویی بێ، واتە: بە جۆرێك واتایان دەکەن کە خوای پەروەردگار مەبەستی نەبووە، ﴿يَقُولُونَ إِنۡ أُوتِيتُمۡ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمۡ تُؤۡتَوۡهُ فَٱحۡذَرُواْ﴾، واتە: ئەو جوولەکەو دڵنەخۆشانە کە لێرەدا زیاتر مەبەست پێی جوولەکەکانە، دەڵێن: ئەگەر ئەمەتان پێدرا وەریبگرن، بەڵام ئەگەر پێتان نەدرا وریابن، دەگونجێ لێرەدا مەبەست ئەوەبێ واتە: گوێ هەڵبخەن بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەگەر بە دڵی ئێوەو بە ئارەزووی ئێوە قسەی کرد، وەریبگرن، بەڵام ئەگەر قسەکانی لەگەڵ ئارەزوو مەبەستی ئێوە نەهاتەوە وریابنو لێی وەرمەگرن، ئەوە مانایەکی، وە دەشگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەی دا باسمان کرد، کە ئەگەر دەچن بۆ لای موحەممەد ﷺ گوێ بگرن، ئەگەر بەو شێوەیە فەتوای بۆ دانو حوکمە شەرعییەکەی پێگوتن، کە بریتیە لەوەی کە ئەوان گوتوویانە: دەموچاو ڕەشکردنو قامچیی لێدان، بۆ کەسێك کە زینای کردوە، ئەوە لێی وەربگرن، بەڵام ئەگەر غەیری ئەوەی پێدان، کە بریتیە لە بەردباران کردن، ئەوە لێی وەرمەگرن، ﴿وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتۡنَتَهُۥ فَلَن تَمۡلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا﴾، هەر کەسێکیش خوا فیتنەی بۆ ئەو بوێ، تۆ لە بەرانبەر ئەودا هیچت بۆی پێناکرێ، فیتنە لێرەدا دەگونجێ مەبەست پێی سزادان (عَذاب) بێ، وە دەگونجێ مەبەست پێی لادان (صَرْف)بێ، واتە: کەسێك خوا بیەوێ لایبدا تۆ ناتوانی

بیگێڕیەوە، وە دەگونجێ مەبەست پێی گومڕاکردن (إضلال) بێ، دەشگونجێ مەبەست پێی بەڵا بەسەرهێنان (بلاء) بێ، وەك دوایی باسی دەکەین وشەی فیتنە بە پێی ئەو سیاقانە کە تێیاندا دێ، ماناکەی دەگۆڕێ، بەهەر حاڵ، لێرەدا یانی: خوا هەر کەس بیەوێ تووشی فیتنەو بەڵاو گرفتاریی‌و ئازاری بکاتو لایبدات، ئەی موحەممەد! ﷺ تۆ هیچ شتێکت لەلایەن خواوە بۆ ئەو کەسە پێناکرێ، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡ﴾، ئەوانە کەسانێکن کە خوا ﷻ نەیویستوە دڵیان پاك بکاتەوە، واتە: نەك هەر دڵی پاك نەکردوونەوە، هەر نەشیویستوە، ﴿لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، لە دنیادا شەرمەزاریی‌و سەرشۆڕیی‌و زەبوونییان بۆ هەیە، وە لە دواڕۆژیشدا ئازارو سزادانێکی مەزن، واتە: لە ئەنجامی ئەو کردەوەو ڕەفتارانەیاندا، هەم لە دنیادا زەبوونیی‌و سەرشۆڕییان بەسەر دێ‌و لە دنیادا عەیبدارن، وە لە قیامەتیشدا تاوانبارو سزادراون.

ئنجا خوا ﷻ ئەو سیفەتەیان زیاتر زەق دەکاتەوە، ﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِ﴾، زۆر گوێ هەڵدەخەن بۆ درۆ، وە زۆریش حەرام دەخۆن، (أكَّال) صیغەی موبالەغەی (آكِلْ)ە، واتە: زۆر حەرام دەخۆن، پێشتریش باسمان کرد، کە: ﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ﴾، دوو واتای هەن: یان بە مانای: زۆر گوێ هەڵدەخەن بۆ درۆو دەلەسەی زاناو بەرپرسەکانی خۆیان، یان مەبەست ئەوەیە کە زۆر گوێ بۆ تۆ هەڵدەخەن، بۆئەوەی دوایی درۆ بە زمانی تۆوە بڵێن، وە ئەوەی کە لە تۆی وەردەگرن، دوایی بەکاری بێنن بۆ بە درۆ دانانت، ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ﴾، ئنجا ئەگەر هاتن بۆ لات، بۆ دادوەریی ئەگەر کێشەو مشتومڕێکیان بوو، دیارە ئێمە لێرەدا پێمانوایە کە مەبەست پێی زیاتر جوولەکەکانە، دەشگونجێ مەبەست پێی مونافیقەکانیش بێ، بەڵام زیاتر مەبەست پێی جوولەکەکانە، چونکە مسوڵمانەکان خۆیان بە بڕوادار داناوە، سەرپشکی

نەدراوەتە پێغەمبەر ﷺ، كە دادوەرییان لە نێواندا بكات، یان نەكات، كەسێك گوتبێتی مسوڵمانم، چ بە ڕاستی بووبێ، چ بە درۆ، پێغەمبەر ﷺ مولزەم بووەو ئەویش مولزەم بووە، كە شەریعەتی بەسەردا پیادە بكرێ، بۆیە لێرەدا مەبەست پێی جوولەكەكانە، دەفەرموێ: ئەگەر هاتن بۆ لات، واتە: بۆئەوەی دادوەرییان لە نێواندا بكەیو، كێشەو مشتومڕێكیان هەبوو بۆیان چارەسەر بكەی، ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ﴾، بۆت هەیە دادوەرییان لە نێواندا بكەی، بۆشت هەیە پشتیان تێبكەی، ﴿وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗا﴾، وە ئەگەر پشتت تێكردنو ئیهمالت كردنو پشتگوێت خستنو دادوەرییت لە نێواندا نەكردن، گوێت بە كێشەو ناكۆكییەكەیان نەدا، ئەوە هیچ زیانێكت پێناگەیەنن، ﴿وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِ﴾، وە ئەگەر دادوەرییشت لە نێواندا كردن، بە شێوەیەكی دادگەرانە دادوەرییان لە نێواندا بكە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ﴾، بێگومان خوا ﷻ دادگەرانی خۆشدەوێن، كەواتە: تۆش دادگەربە، بۆئەوەی ببیە خۆشەویستی خوا، دیارە پێغەمبەر ﷺ خۆشەویسترین كەسە لەلای خوای پەروەردگار، چونكە لە هەموو كەس دادگەرتر بووە، وە لە هەموو كەس لە پێشتر بووە، لە هەرچی سیفەتی باشە، بەڵكو لە هەموو سیفەتو ڕەوشتێكی بەرزو جواندا لە لووتكەدا بووە.

ئنجا خوا ﷻ لە كۆتایی ئەم سێ ئایەتەدا، لە ئایەتی سێیەمدا بە سەرسووڕمانەوە، واتە: كە ئەوە جێی خۆیەتی خەڵك سەری لێ سووڕبمێنێو پێی عەجاییب بێ، دەفەرموێ: ﴿وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ﴾، جا ئەوان چۆن تۆ دەكەنە دادوەر لە حاڵێكدا كە تەوراتیان لەبەردەست دایە، حوكمی خوای تێدایە! واتە: حوكمی خوای لە بارەی ئەو مەسەلەیە تێدایە، نەك تەورات حوكمی خوای تێدابێ بۆ هەموو مەسەلەیەك، كە ژیانی ئینسان ئێستا پێویستی پێیەتی، نەء، واتە: بۆ ئەو مەسەلەیە حوكمی خوای تێدایە، چونكە ئەوان لە حاڵێكدا كە دەڵێن: ئێمە جوولەكەین، دەبێ بە كتێبی خۆیانەوە پابەند بین، وە هەروەها نەصرانیی

یەکان دەبێ بە کتێبی خۆیان مامەڵە بکەن، دیارە هەموو خاوەن دینێك دەبێ بە بەرنامەی خۆیەوە بەڕێوە بچێ، ئەدی ئەوانە بۆچی لە حاڵێکدا کە حوکمی خوای دادگەر دەربارەی ئەو مەسەلەیەی کە ئەوان مشتومڕیان لەسەر بووە، ئەو حوکمە لە تەوراتدا هەبووە، کەچی ئەوان دێن بۆ لای تۆ داوای دادوەرییت لێدەکەن؟! واتە: ئەوە شتێکی سەیرە! وە ئەو ماستە بێ موو نیە، ماناکەی ئەوەیە کە ئەوانە بۆیە هاتوون بۆ لای پێغەمبەر ﷺ چونکە ئەو سزایەی کە لە تەوراتدا هەبووە بۆ زیناکردن، بریتی بووە لە بەردباران کردن، ئنجا گوتوویانە: بچن بۆ لای موحەممەد ﷺ بەڵکو حوکمێکی سووکمان دەست بکەوێ، کە بریتیە لەوەی زیناکەرەکان دەموچاویان ڕەش بکەین و قامچییان لێبدەین و قسەیان پێ بڵێین، ئنجا ئەگەر حوکمە ئاسانەکەمان دەستکەوت، ئەوە باشەو لێی وەربگرن، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبوو، لێی وەرمەگرن، ئەوە واتایەکی، واتایەکی دیکەشی ئەوەیە: ﴿ وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانە تۆ ناکەنە دادوەر لە حاڵێکدا کە تەوراتیان لەلایە، بەڕاستی تۆ ناکەنە دادوەر، بەڵکو مەبەستێکی خراپیان هەیە لەوەدا، دوایی دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ﴾، دواییش دوای ئەوە لاملێی دەکەن، پشت هەڵدەکەن، دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تەورات بێنن، ئایەتەکەی تەوراتیش باسی بەردبارانی کردبوو، ویستیان بیشارنەوەو پشتی تێبکەن، دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، ئا ئەو جۆرە کەسانە ئیماندارنین، واتە: نە ئیماندارن بە تەورات، وە نە ئیماندارن بە تۆش ئەی موحەممەد ﷺ، وە نە بەو کتێبەش کە بۆ تۆ نێردراوە، یاخود لە بنەڕەتەوە ئەوانە ئیماندارنین بە خوا ﷻ چونکە لەڕاستییدا کەسێك حوکمی خوا ڕەت بکاتەوە، مانای وایە بڕوای بە خوا نیەو، ئەگەر بە ڕاستیی ئیمانی بە خوا هەبێ، ئیمان بوون بە خوا، واتە: ملکەچبوون بۆ خواو بۆ حوکمی خوا، دیارە ئێمە لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەم ئایەتە موبارەکانە.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَـٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾، ئەم ڕستە موبارەکە کۆمەڵێك شتی لێوەردەگیرێن:

(لَا يَحۡزُنكَ) خوێندراوەتەوەش (لايُحْزِنْكَ) هەردوو قیرائەتەکەی هاتوون، (حَزَنَهُ، يَحْزُنُهُ، أَحْزَنَهُ يُحْزِنُهُ)، پێشتریش باسمان کرد لە زمانی عەرەبیدا (الحَزْنُ وَالحزونة خُشُونَةُ فِي الأَرْضِ وَخُشُونَةُ فِي النَّفْسِ)، (حزن) بە زەوییەك دەگوترێ کە زبرو لۆچو کەلێنی تێدابێ، وە نەفسی ئینسانیش کە گرێو گۆڵو خەمو خەفەتو نارەحەتیی تێدابێو دڵی توندبێ، ئەو حاڵەتە پێی دەگوترێ (حَزْن وحزُونَه).

ئنجا لێرەدا کە خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: دڵتەنگ مەبە! پرسیارێك دێتە پێش، چۆن نەهی دەکرێ لە کردەوەی ئەهلی کوفر کە دڵتەنگیی بۆ پەیدانەکات، چونکە ئەو حاڵەتە بەدەست خۆی نیە؟!

زانایان ئاوا وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە: زانایانی ڕەوانبێژیی دەڵێن: ئەوە وەك ئەوە وایە کە لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (لا أَرَيَنَّكَ هَاهُنا) واتە: لێرە تۆ نەبینم، یانی: لێرە مەبە، لە زمانی کوردیشدا ئەوە هەیە، دەڵێ: جارێکی دیکە نەتبینمەوە، مەبەستی ئەوەنیە نەیبینێ بە چاو، واتە: جارێکی دیکە نەیەوە بۆ ئێرە، ناڵێ مەیەوە، لازمی مانایەکەی پێ دەڵێ، دەڵێ: جارێکی دیکە نەتبینمەوە، چونکە ئەگەر نەهات مانای وایە نایبینێتەوە، دیارە لە زماندا ئەو جۆرە شێوازانە هەن، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئەی پێغەمبەر! ﷺ گوێیان پێمەدەو ئیهمالیان بکەو زۆر خەفەتیان لێ مەخۆو پێیانەوە سەغڵەتو دڵتەنگ مەبە، چونکە سەرەنجامی جرتو فرتو دەست گەرمیی ئەوانە لە کوفرو خراپەدا، بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوەو زیانی بۆ تۆ نیە.

جێی سەرنجە لێرەدا خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: بە دەست گەرمیی کردنو خێراییو پێشبڕکە کردنی دووجۆر لە کافرەکان دڵتەنگ نەبیٚ، یەکەم: مونافیقەکان، دووەم: جوولەکەکان.

﴿مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡۛ وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾، وە لەڕاستییدا زۆرترین خەمو خەفەت کە دراوەتە پێغەمبەر ﷺ وە زۆرترین زیان کە بە ئیسلام گەیەنراوە، لەلایەن ئەهلی نیفاقو، لەلایەن جوولەکەکانەوە بووە، لێرەدا خوا ﷻ نەیفەرمووە: ﴿لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ مِنَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ﴾، وەك ئەوی دیکە، کە دەفەرمویٚ: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾، بەڵکو دەفەرمویٚ: ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡ﴾، خوای پەروەردگار لێرەدا ویستوویەتی پێناسەی مونافیقەکانمان بۆ بکات، مونافیق کێیە؟ ئەو کەسەیە کە بە زار دەڵیٚ: ئیمانم هێناوە، بەڵام بە دڵ ئیمانی نەهێناوە، واتە: خوا ﷻ لە جیاتی ئەوەی یەکسەر ناوی مونافیقەکان بێنیٚ، وەك لە شوێنی دیکەدا هاتوە، لێرەدا دەفەرمویٚ: مونافیق ئەوەیە بە زار ئیددیعای ئیمان دەکات، بەڵام ئیمان نەچۆتە نێو دڵی، هەڵبەتە ئەمە ئەوەشی لێوەردەگیریٚ کە شوێنی سەرەکی ئیمان دڵە، وەك خوای بەرزو مەزن لە چەندان شوێن لە قورئاندا ئاماژەی بەوە داوە، بۆ وێنە دەفەرمویٚ: ﴿... وَلَمَّا يَدۡخُلِ ٱلۡإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمۡۖ ...﴿١٤﴾﴾ الحجرات، یان دەفەرمویٚ: ﴿... كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ ... ﴿٢٢﴾﴾ المجادلة، لێرەشدا دەفەرمویٚ: ﴿وَلَمۡ تُؤۡمِن قُلُوبُهُمۡ﴾، ئنجا بۆیەش بەشی گەورەو سەرەکیی ئیمان پەیوەندیی بە دڵەوە هەیە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە: لە دڵدا بە ڕاست دانان (تصديق) هەیە، خۆشویستن (حب) هەیە، ملکەچ کردن (إذعان) هەیە، پەسند کردن (قبول) هەیە، بەڵیٚ، ئیمان چوار پێکهێنەری هەن: دوای ئەوەی بە عەقڵ تێگەیشتنو دەرککردن دەبیٚ، بە دڵیش قبووڵ کردنو خۆشویستنو پەسند کردن دەبیٚ، بە زاریش دان پێداهێنان دەبیٚ، بە

ئەندامەكانیش ئەنجامدانو جێبەجێ كردن دەبێ، خوای پەنهانزان پێناسەیان دەكاتو دەفەرموێ: ﴿يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ﴾، واتە: خێرایی دەكەن (سَارَعَ، يُسَارِعُ، مُسَارَعَةً)، وە دەشگونجێ بە مانای پێشبڕكە دەكەن، بێ، واتە: هەر كامێك لە جوولەكەكانو لە مونافیقەكان هەوڵدەدات لەوەی دیكە كافرترو خراپەكارتر بێ، لە جیاتی ئەوەی لە چاكەدا پێشبڕكە بكەن، لە خراپەدا پێشبڕكە دەكەن.

ئنجا ئەوە كە دەفەرموێ: ﴿يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ﴾، وە دوایيش باسی كردەوەكانیان دەكات، باسی قسەكانو هەڵوێستەكانیان دەكات، ئەوەی لێوەردەگیرێ كە وەك چۆن ئیمان چەند پێكهێنەری هەن، وە كردەوەكان دەبنە هۆی پێكهێنانی ئیمان، كوفریش چەند پێكهێنەرێكی هەن، چونكە خوای زاناو شارەزا ئەوە دادەنێ بە خێرایی كردنیان لە كوفردا كە:

١- گوێ دەگرن بۆ پێغەمبەر ﷺ، یان بۆ سەركردەكانی خۆیان، گوێ بۆ درۆكانیان دەگرن.

٢- دەڵێن: ئەگەر ئەو حوكمەتان پێدرا وەریبگرنو ئەگەر ئەوە نەبوو وەریمەگرن، خوای بێهاوتا ئەو ڕەفتارو كردەوانەی ئەوانی بە كوفر داناوە، كەواتە: كردەوە خراپەكانیش پێكهێنەری كوفرن، وەك چۆن كردەوە چاكەكان پێكهێنەری ئیمانن.

**مەسەلەی دووەم**: كە دەفەرموێ: ﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَ﴾، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش: ئایا مەبەست لە: ﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ﴾، مونافیقەكانن؟ یان جوولەكەكانن؟ یان هەردووكیانن؟ توێژەرەوانی قورئان هەر سێ ڕایەكەیان گوتوون.

بەڵام ئەوەی من پێمـوایە لە ڕاستییەوە نزیكترە، ئەوەیە كە مەبەست پێی هەردووكیانن، بۆچی؟ چونكە هەم مونافیقەكانو هەم جوولەكەكانیش گوێیان گرتوە، یەكەم: بۆ درۆیەكانی مشوورخۆرو گەورەو سەركردەكانی خۆیان، دووەم:

گوێشیان بۆ پێغەمبەر ﷺ گرتوە، تاكو ئەوەی كە لە پێغەمبەر ﷺ وەریدەگرن، دوایی لە دژی خۆی بەكاری بێننەوە، وەك هەندێك كەس دەچێ لە قورئان شارەزابێ، یان لە مێژووی ئیسلام شارەزابێ، نەك بۆ ئەوەی تێبیگات، بەڵكو بۆئەوەی شەڕی پێبكات، بۆئەوەی دوایی بیكاتە چەكێكو لە دژی مسوڵمانان بەكاری بێنێ، ئەوە سیفەتێكی هاوبەشی مونافیقەكانو جوولەكەكانیش بووە، وە هیچ نیشانەیەكیش نیە كە خوا تایبەتی كردبێ بە یەكێكیانەوە، كەواتە: مەبەست پێی هەردووكیانە، ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿سَمَّٰعُونَ لِقَوۡمٍ ءَاخَرِينَ لَمۡ يَأۡتُوكَ﴾، زۆر گوێ دەگرن بۆ كۆمەڵێكی دیكە كە نەهاتوونە لات، ئەوە دوو واتای هەن، واتە: گوێ بۆ تۆ دەگرن، بۆئەوەی قسەكانی تۆ بۆ ئەو كۆمەڵە بەرن، كە نەهاتوونە كۆڕو مەجلیسی تۆ، یان گوێ بۆ درۆو دەلەسەی ئەوان هەڵدەخەن.

ئنجا ئایا ئەوانە بۆچی نەهاتوونە كۆڕو مەجلیسی پێغەمبەر ﷺ؟ دیارە یان لەبەر خۆبەزلگریی بووە، یان چاویان بە پێغەمبەر ﷺ هەڵنەهاتوە، چونكە كەسێك نەچێتە كۆڕو مەجلیسی پێغەمبەر ﷺ یان لەبەر خۆبەزلگرییە، یان لەبەرئەوەیە چاوی پێی هەڵنایەو لەبەر حەسوودیيو بوغزو كینەیە، كە بۆتە پەردەیەكو ڕێی لێگرتوە كە پێغەمبەر ﷺ ببینێو بە خزمەتی بگات.

**مەسەلەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦ﴾، وشەكان لە دوای شوێنەكانی خۆیان دەگۆڕن، واتە: دوای ئەوەی دانراون لە شوێنەكانی خۆیاندا لایان دەبەن، ئەمەش دوو واتای هەن:

١/ وشەكان دوای ئەوەی لە شوێنی خۆیان دانراون، بە شێوەی ڕواڵەتیی دەیانگۆڕن، كە ئەوە لادانی بێژەیی (تحريف لفظي)یە، خوا ﷻ وشەیەكی داناوە، ئەوان دێنن وشەیەكی دیكەی لە جێ دادەنێن.

٢/ وشەكان دوای ئەوەی لە شوێنی خۆیان دانراون، واتاكانیان دەگۆڕن، ئەوەش لادانی مانایی (تحريف معنوي)یە، ئنجا لێرەدا كە خوا دەفەرموێ: ﴿يُحَرِّفُونَ

ٱلۡكَلِمَ مِنۢ بَعۡدِ مَوَاضِعِهِۦ ﴾، مەبەست پێی ئەوەیە كە ئایەتەكانی خوا دەگۆڕن، وشەكانی خوا دەگۆڕن، ئەم تەعبیرە كە لە سوورەتی (النساء)یش لە ئایەتی (٤٦)دا هاتوە، زۆر لە توێژەرەوان تێكەڵیان كردوونو گوتوویانە: لێرەو لەوێش مەبەست یەك شتە، بەلاَم وانیە، وەك من لەوێ ڕوونم كردۆتەوە، لە ئایەتی (٤٦)ی سوورەتی (النساء) ﴿ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ ﴾ واتە: ئەوانەی جوولەكەن، وشەكان لە شوێنی خۆیان لادەبەن، وشەكان دەگۆڕن، لێرەدا دەفەرموێ: دوای ئەوەی لە شوێنی خۆیاندا دانراون، ئەوەی ئەوێ مەبەستی ئەوەیە ئەو وشانەی بەكاریان دێنن، بەو واتایانە بەكاریان ناهێنن، كە واتای ڕاستەقینەیانن، بەڵكو بە واتایەكی دیكە بەكاریان دێنن، ئنجا ئەگەر تەماشای ئایەتەكە بكەین زۆر جوان دیارە، ئەوەی ئێرە هەم بە پێی سیاقی ئایەتەكە، هەم بە پێی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەكە، دیارە كە مەبەست پێی گۆڕینی وشەكانی خوایە، بەلاَم لەوێ مەبەست پێی زمان بادانی خۆیانە، واتە: گۆڕینی واتای ئەو وشانەیە كە خۆیان بەكاریان هێناون، لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ وەك دەفەرموێ: ﴿ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَيَقُولُونَ سَمِعۡنَا وَعَصَيۡنَا وَٱسۡمَعۡ غَيۡرَ مُسۡمَعٖ وَرَٰعِنَا لَيَّۢا بِأَلۡسِنَتِهِمۡ وَطَعۡنٗا فِي ٱلدِّينِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا وَٱسۡمَعۡ وَٱنظُرۡنَا لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَقۡوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفۡرِهِمۡ فَلَا يُؤۡمِنُونَ إِلَّا قَلِيلٗا ٤٦ ﴾النساء، لێرەدا زۆر جوان دیارە، دەفەرموێ: لەوانەی جوولەكەن وشەكان لە شوێنی خۆیان لادەدەن، وە دەڵێن: بیستمانو سەرپێچییمان كرد، وە ببیستە پێ بیستراو نەبی، وە چاودێرییمان بكە، (یان تۆ شوانی ئێمەی، یان نەفامیی) زمانیان بادەدەنو تانە لە دین دەدەن، وە ئەگەر گوتبایان بیستمانو فەرمانبەریین، وە گوێت لێمان بێو چاودێرییمان بكە، ئەوە بۆیان چاكتر بوو...، كەواتە: لەوێ مەبەست پێی گۆڕینی قسەكانی خۆیانە، لێرەشدا مەبەست پێی گۆڕینی وشەكانی ئایەتەكانی خوای پەروەردگارە.

دیارە سەرجەم ئەو تەفسیرانەی كە من سەرنجم داون، نەمبینیوە ئەو جیاوازییەیان كردبێ، هەموویان پێیان وابووە كە لە هەردوو شوێن دا هەر مەبەست گۆڕینی وشەكانی خوایە، كەچی ئەوەی سووورەتی (النساء) زۆر بە ڕوونیی دیارە، بە پێی سیاقی ئایەتەكەش، كە مەبەست ئەوە بووە، ئەوان چەند وشەو تەعبیرێكیان بەكارهێناون، دوو واتایان هەبووە، واتای چاكو خراپیان هەبووە، خوای پەنهانزانیش دەفەرموێ: دەبووایە ئەو وشانە بەكاربێنن كە یەك واتایان هەیە، كە واتای چاكو باشو ڕاستو ڕێكن، بەڵام ئەوانە بە شەیتانیی‌و زۆرزانیی، ئەو وشانەیان بەكارهێناون، كە وەك تیغی دوو دەم وان، كە بە هەردوو دیواندا دەبڕێ.

**مەسەلەی چوارەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ﴾، ئەگەر ئەمەتان پێدرا وەریبگرن، وە ئەگەر پێتان نەدرا وەریمەگرن، وریابن، لە هۆی هاتنە خوارەوەی دیارە، كە مەبەست ئەوەبووە: ئەگەر ئەوەتان پێدرا كە قامچیی لێدانەو دەموچاو ڕەشكردنە، ئەو سزایەتان پێدرا، بۆ كەسێك كە زینای كردوە، لێیان وەربگرن، بەڵام ئەگەر سزای بەردباران كردن بوو، لێیان وەرمەگرن، ئەمە چی لێوەردەگیرێ؟ ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ كە گوڵبژێركردن (إنتقائیة) لە حوكمەكانی ئایینىدا عادەتێكی جوولەكەكانە، واتە: ئێمە لەگەڵ دینی خوادا، نابێ بە شێوەیەكی گوڵبژێرانە (إنتقائیة) مامەڵە بكەین، چی بە دڵمانە وەریبگرین، یان ئەو ئایەتانەی كە لەگەڵ مەبەستی ئێمەدا دێنەوە، ئەوانە بێنین، یان ئەو فەرمایشتانەی پێغەمبەر ﷺ، بەڵام ئەوانەی لەگەڵ قسەو بۆچوونو ئارەزووەكانی ئێمەدا ناگونجێن، نادیدەیان بگرین! ئەوە لەڕاستییدا عادەتی جوولەكەكانەو دەبێ لەوە وریابین، هەڵبەتە ئەوەش جیایە لە مەسەلەی پلەپلەیی (التدرّج) لە شەریعەتدا، پلەپلەیی لە شەریعەتدا هەیە، بە پێی بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگاو، بەپێی ئەوە كە دەبێ زەمینەی جێبەجێكردنی حوكمە شەرعییەكان بڕەخسێ، ئەوجار حوكمە شەرعییەكان جێبەجێ بكرێن، ئەوە پلەپلەیی (التدرج)ی پێ دەڵێن، بەڵام (إنتقائیة) ئەوەیە حوكمێكی شەرعیی زەمینەشی بۆ ڕەخسابێ، بەڵام تۆ حوكمێكی دیكە بێنیە جێی ئەو حوكمە

شەرعییە، هەرچەندە ئەوەی یەکەمیشیان زەمینەی جێبەجێکردنی ڕەخسابێ، ئەوە پێی دەگوترێ گوڵبژێرکردن، کە لەڕاستییدا مسوڵمان مافی ئەوەی نییە، وەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾الأحزاب، واتە: هیچ پیاوێکی ئیماندارو ئافرەتێکی ئیماندار، بۆیان نییە دوای ئەوەی خواو پێغەمبەری خوا بڕیارێك دەردەکەن، مافی سەرپشك بوون بەخۆیان بدەن، (پێوەی پابەند بن، یان پێیەوە پابەند نەبن)، مادام تۆ خۆت بە ئیماندار لە قەڵەم دەدەی، ڕێی ئەوەت لە خۆت بڕیوەتەوە کە سەرپشك بی: بە قسەی خوا بکەی، یان نەیکەی، ڕێی سەرپشك بوونت نییە، دەبێ ملکەچ بی بۆ خوا، بەڵێ دەتوانی بڵێی: هەر ئیمانم نییە، ئەو کاتە بۆخۆت چی دەکەی بیکە، بەڵام کە گوتت: ئیماندارم، خۆت بەستۆتەوە بە شەریعەتی خوای پەروەردگارەوە.

**مەسەلەی پێنجەم**: کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾، هەر کەسێك خوا فیتنەی بوێ بۆی، تۆ هیچت لە بەرانبەر خوادا بۆ ئەو پێناکرێ، ناتوانی هیچ سوودێکی پێ بگەیەنی، وشەی فیتنە لە قورئاندا زۆر هاتوە، بەلای کەمەوە، ئەوەندەی من سەرنجم داوە، بە شەش واتایان هاتوە:

# مانای ڕیشەیی وشەی (فیتنة)ومەبەستەکانی:

جارێ ئەسڵی وشەی: (فَتْن) وەك (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (أصْلُ الفَتْنِ: إدْخَالُ الذَّهَبِ النَّار لِتَظهَر جَوْدَتُهُ مِنْ رَدَاءَتِهِ) واتە: ئەسڵی وشەی (فِتنَة) لە (فَتْن)ەوە هاتوە (فَتْن)یش ئەوەیە زێڕ بخەیە نێو ئاگر، بۆئەوەی چاك وخراپی لەیەك جیابێتەوە، وەك خوای کاربەجێ بە مووسای فەرمووە: ﴿... وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا ...﴾ طە، واتە: تۆمان تاقیکردەوە بە چەند تاقیکردنەوەیەك، تاکو خڵتەی پێوە نەهێڵێ، (وَاسْتُعْمِلَ فِي إِدْخَالِ الإِنْسَانِ النَّار، قَالَ تَعَالى: ﴿يَوْمَ هُمْ عَلَى النَّارِ يُفْتَنُونَ ۝ ذُوقُوا فِتْنَتَكُمْ هَذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ ۝﴾) الذاريات، واتە: دوایی بەکارهێنراوە بۆ خستنە نێو ئاگری ئینسانیشەوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ هُمْ عَلَى النَّارِ يُفْتَنُونَ ۝ ذُوقُوا فِتْنَتَكُمْ هَذَا الَّذِي كُنتُم بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ ۝﴾ الذاريات، واتە: ئەو ڕۆژەی کە بێبڕوایانن لەسەری سزا دەدرێن، دەسووتێنرین، (پێیان دەگوترێ:) سزایەکەتانو سووتاندنەکەتان بچێژن، ئەوە بوو کە پەلەتان لێی دەکرد.

ئنجا بە پێی سەرنجدانی ئایەتەکانی قورئان (فِتنَة) ئەم شەش واتای هەن:

١) بە مانای سووتاندنو سزا دێ، وەك دەفەرموێ: ﴿ذُوقُوا فِتْنَتَكُمْ ...۝﴾ الذاريات، واتە: بیچێژن سووتاندنەکەتانو سزایەکەتان.

٢)- بە مانای تاقیکردنەوە دێ، وەك خوا ﷻ بە مووسا سەلامی خوای لێبێ دەفەرموێ: ﴿... وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا ...۝﴾ طە، واتە: تۆمان بە زۆر شێوە تاقیکردەوە، خوای بەرز ئەگەر ویستی کەسێك بکات بە پێشەوا، ئەوە بە چەند

جۆرێك تاقیدەکاتەوەو، لە ئەنجامدا لە تاقیکردنەوەکانی خوا دەردەچێ، ئنجا بە کەڵکی ئەو ئەرکە دێ، مووسا ﷺ کە خوا ویستی بیکات بە پێشەوای بەنی ئیسرائیلو بەنی ئیسرائیلی پێ دەرباز بکات لە دەستی فیرعەونو، بە گژ فیرعەونی دا بکات، بە چەند شێوەیەك تاقیکردەوە، هەر لە سەرەتای کۆرپەبوونیەوە، دوایی لە کڵ دەرهاتو توندو پتەوو مەحکەم بوو، بە کەڵکی ئەوە هات کە ئەو بارە قورسەو، ئەو ئەمانەتە کە ئەرکی پێغەمبەرایەتییە لە ئەستۆی بگرێ، هەروەها خوا ﷻ لە ئایەتی (٣٥)ی سوورەتی (الأنبیاء)دا دەفەرموێ: ﴿... وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٣٥﴾﴾، (نَبْلُوكُم) واتە: (نَفْتِنَكُمْ بالشَّرِّ وَالخَيْرِ فِتنَةً)، بەڵام خوای پەروەردگار وشەی (نبلو)ی بەکارهێناوە وەك فیعلەکە، وە لە شوێنی دیکەشدا وشەی (یفتنوا)ی بەکارهێناوە، بۆئەوەی کە جیابێ و دووبارە نەبێتەوە، واتە: تاقییتان دەکەینەوە بە ناخۆشییانو بە خۆشییان، کەواتە: لێرەدا (فِتنَة) بە مانای تاقیکردنەوە دێ، جا چ بەوبارەدا بێ کە مرۆڤ بە نیعمەتی بزانێ، چ بەو بارە بێ کە بە بەڵاو موصیبەتی بزانێ.

٣) بە مانای بەڵاو موصیبەت دێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ ... ﴿٧١﴾﴾ المائدة، واتە: جوولەکەکان پێیان وابوو، ئەوە کە پێغەمبەران دەکوژن، نابێتە هۆی بەڵاو موصیبەت بۆیان.

٤) بە مانای ئازاردرانو رێی دینداریی لێگرتن دێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ ﴿١٩١﴾﴾ البقرة، لێرەدا فیتنە بە مانای لادانی مسوڵمانانو ئەزیەتدانیان دێ، بۆئەوەی هەڵیان بگێڕنەوە لە دین، یاخود رێ لێگرتنیان لەوەی کە مسوڵمان بن، کە ئەوە لە کوشتنیان خراپترە، هەروەها لە ئایەتی (١٩٣)ی سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ ﴿١٩٣﴾﴾، واتە: لەگەڵ کافرەکاندا

بجەنگن تاکو فیتنە نامێنێ، واتە: هەتا ناتوانن مسوڵمان ئەزیەت بدەن، یاخود تاکو ناتوانن مسوڵمانان لە ڕێی دینداریی بگێڕنەوەو، ڕێی دیندارییان لێ بگرن.

٥) بە مانای گوناحو سەرپێچیی دێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ٱئْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّيٓ أَلَا فِي ٱلْفِتْنَةِ سَقَطُوا۟ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٩﴾﴾التوبة، واتە: هەیانە لە دەغەڵو دڵنەخۆشەکان دەڵێ: مۆڵەتم بدە، نەیەم بۆ جەنگ (جەنگی تەبووك)و گوناهبارم مەکە، تووشی گوناهێکم مەکە! دەڵێ: یەکێك لە زلزلەکانی مونافیقان بووە گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! قەومەکەی من دەزانن چەند سەرسامم بە ئافرەتان، وە لە بەرانبەر ئافرەتاندا خۆم بۆ ڕاناگیرێ، بیستوومە ئافرەتی ڕۆمەکانیش زۆر سپیو جوانن دەترسێم بێم بۆ جەنگو لەوێ تووشی نەزەرێ ببم!! بۆئەوەی تووشی نەزەرێ نەبم، لەگەڵ خۆتم مەبە بۆ جەنگو جیهاد[1]، ئەوەیە دەڵێ: (عوزر لە قەباحەت خراپترە) خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿أَلَا فِي ٱلْفِتْنَةِ سَقَطُوا۟﴾، ئاگاداربن! ئەوەی کە دەیکەن ئەوە فیتنەیە، ئەوە گوناهە، کە لە پێغەمبەری خوا بەجێ دەمێننو نایەن بۆ جەنگو جیهاد،

---

١) ئەو کابرایە ناوی (جُدّ بن قَيْس) بووە، کە ئەمەش دەقی ئەو وتووێژەی نێوان پێغەمبەری خواو ﷺ ئەو مونافیقەیە.

(عن جابر بن عبدالله، قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول: يا جُدُّ! هل لك في جِلاء بني الأصفر؟!! قال جُدّ: أوَ تأذن لي يا رسول الله؛ فإني رجلٌ أُحب النساءَ وإني أخشى إن أنا رأيت نساء بني الأصفر أن أُفْتَنَ؟ فقال رسول الله وهو مُعْرِض عنه: قد أذنتُ لك، فعند ذلك أنزل الله : ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ٱئْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّيٓ أَلَا فِي ٱلْفِتْنَةِ سَقَطُوا۟ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٩﴾﴾التوبة.

بڕوانە: (الإستيعاب في بيان الأسباب، ج ٢، ص ٢٨٠ - ٢٨١، کە بە (صحيح)یان داناوە، وە گوتوویانە : أخرجه ابن أبي حاتم في (التفسير) رقم : ٩٦٠٠، قال شيخنا العلامة الألباني رحمه الله في (الصحيحة) رقم : ٢٩٨٨، : وهذا إسناد حسن رجالُهُ ثقات معروفون من رجال التهذيب...

یانی: ئەوان بە فیعلی کەوتوونە نێو گوناهەوە، کە بریتیە لەوەی خۆ بە پاش دەدەن لە چوونە جەنگو جیهاد، لەبەر گوناهێکی ئیحتیمالیی کە ڕەنگە تووشی نەزەر، یان تووشی خراپتر لە نەزەر ببن، نایەن بۆ جەنگو خۆیان تووشی گوناهێکی واقیعیی دەکەن!

٦) بە مانای گومڕاکردن دێ، وەك دەفەرموێ: ﴿مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَٰتِنِينَ ﴿١٦٢﴾ إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ ﴿١٦٣﴾﴾ الصافات، واتە: (ئەی شەیتانەکان!) ئێوە ناتوانن کەس گومڕا بکەن، یاخود کەس بفەوتێنن بەنسبەت خوای پەروەردگارەوە، مەگەر لەوانەی کە بۆیان دانراوە بچنە دۆزەخەوە، هەروەها لە ئایەتی (٤٩)ی سوورەتی (المائدة)دا کە دوایی دەیگەینێ دەفەرموێ: ﴿وَٱحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَنۢ بَعْضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ﴿٤٩﴾﴾ واتە: وە لەوان وریابە کە لات نەدەنو گومڕات نەکەن، لە هەندێك لەوەی کە خوا بۆی ناردوویە خوار... هەڵبەتە گەلێك وشەی دیکەش هەن مانای جۆراو جۆریان هەنو، بۆ دیاریکردنی یەکێکیان دەبێ تەماشای سیاقەکەیان بکەی، وشەی (فِتنَة)ش کە تەماشای سیاقەکانی دەکەین، جاری وایە دەگونجێ بە مانای عەزاب بێ، وەك: ﴿وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾، وە جاری وایە دەگونجێ مەبەست پێی گومڕایيو فەوتان بێ، وەك ﴿مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَٰتِنِينَ ﴿١٦٢﴾﴾ الصافات، وە جاری وایە دەگونجێ مەبەست پێی بەڵاو موصیبەت بێ، کە بەسەری دێ، وەك ﴿وَحَسِبُوٓا۟ أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ... ﴿٧١﴾﴾ المائدة، وە دەگونجێ مەبەست پێی گوناحو تاوانو سەرپێچی بێ، وەك: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ٱئْذَن لِّى وَلَا تَفْتِنِّىٓ... ﴿٤٩﴾﴾ التوبة.

**مەسـەلەی شەشـەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡ﴾، واتـە: ئەوانـە کەسـانێکن کـە خـوا نەیویسـتوە دڵیـان پـاك بکاتـەوە، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە بۆچی خوا نەیویستوە دڵیان پاك بکاتەوە؟

لـە وەڵامـدا دەڵـێین: کاتێـك خـوا شـتێك دەفـەرموێ، هـەموو تەفاصـیلۆ وردەکارییەکانی دیکە نافەرموێ، بۆیـەش دەفەرموێ: لـە قورئـانێ وردبنـەوە، ئنجـا لێـرەش کـە خـوا دەربـارەی ئەوانـە دەفـەرموێ: خـوا ﷻ نەیویسـتوە دڵیـان پـاك بکـاتەوە، یـانی: هـەتا ئـەوان خـاوەنی ئـەو ڕەفتـارانە بـن، خـاوەنی ئـەو نیـەتو نیازو مەبەستە پیسانە بن، بە کەڵکی ئـەوە نایـەن خـوا دڵیـان پـاك بکـاتەوە، ئـەدی ئایـا خـوا ﷻ دڵـی کـێ پـاك دەکـاتەوە؟ دڵی کەسـێك کە شـایسـتە بـێ، وەك لە سـوورەتی (الحجـرات)دا دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصۡوَٰتَهُمۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمۡتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ لِلتَّقۡوَىٰۚ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٌ ٣﴾، واتـە: ئەوانـەی دەنگـی خۆیـان لـە خزمـەت پێغەمبـەردا کـپ دەکەنـەوە (نـزم دەکەنـەوە)، ئەوانـە کەسـانێکن خـوا ﷻ دڵـی پـاڵاوتوون بـۆ تـەقوا، واتـە: وای لێکـردوون تـەقوا بچێتـە نێـو دڵۆ دەروونیـانەوە، بۆچـی؟ چـونکە ئـەو ئـەدەبو ڕێزەیـان لەگەڵ پێغـەمبەردا ﷺ، وە ئـەو لـە خزمـەتی پێغەمبـەردا ﷺبوونـەیان، وای لێکـردوون، شـایستەی ئەوەبن، کە خـوا ﷻ دڵیـان ئامادە بکـات بۆئـەوەی تـەقوای تێدا جێگیربێ، بەڵام لێرەشدا بـە پێچـەوانەوە، ئەوانـە ڕەفتارەکانیـانو بێئەدەبییـان لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ، وایلێکـردوون کـە شـایسـتەی ئـەوە نـەبن خـوا ﷻ بیەوێ دڵیان پاك بکـاتەوە، ئنجا ئایا لەچـی پاکـی بکـاتەوە؟ باسـی نـەکردوە، بـەڵام بـە پێی سیاقەکە دیارە، (أَنْ يُطَهِّرَ قُلُوبَهُم مِنَ الشِّركِ والنِّفَاق والعِصيَان...) کـە دڵیـان پاك بکـاتـەوە لە شـیـركو سـەرپێچـیی.

ئنجا لێرە بۆچی خوای کاربەجێ نەیفەرمووە: ﴿لَمۡ يُطَهِّرِ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ﴾، خوا دڵـی پـاك نەکردوونـەوە، دەفـەرموێ: ﴿لَمۡ يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمۡ﴾، بۆئـەوەی کـە ئێمـە بـزانین کردەوەکـانی خـوا ﷻ، لـە ئیـرادەی خـواوە سەرچاوە

دەگـرن، ئنجا ئەوانـە ئەوەندە خراپـن، هەر لـە سـەرەتاوە خـوا ئیرادەی نەكـردوە دڵیان پاكبكـاتەوە، نەك هەر بە كردەوە پاكیـان نەكاتـەوە، بەڵكو هەر لە ویستی ئەزەلیـی خـوای پەروەردگاردا نـەبووە، كـە ئـەوە دوورتـری دەخـاتەوە لـەوەی كـە بفەرموێ: دڵی پـاك نەكردوونـەوە، بەڵـكو هـەر لـە بنـەڕەتدا نەیویسـتوە پاكیان بكـاتەوە، لەبەرئەوەی شایسـتە نەبوون.

**مەسـەلەی حەوتـەم:** كـە دەفـەرموێ: ﴿لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، ئەمـە چـی لێوەردەگیـرێ؟ كۆمـەڵێك سـیفەتی جوولەكـەو موونافیقـەكان بـاس دەكات، دوایی دەفەرموێ: ﴿لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞ﴾، لە دنیـادا سەرشـۆڕیی‌و زەبـوونیی‌و شـەرمەزاریی بـۆ وان هەیـە، ﴿وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، وە لە دوارۆژیشدا ئـازارێكی مـەزن، كـەواتە:

١) گونـاح‌و تاوانەكـان پـێش قیـامەت هـەر لـە دنیـادا زەرڕ بـە ئینسـان دەگەیـەنن: شـەرمەزاری دەكـەن، ڕیسـوای دەكـەن، عەیبـداری دەكـەن، واتـە: گونـاح‌و تـاوان‌و لادانەكـان، پێـش گوناهبـاریی قیـامەت، عەیبـداریی دنیـایان بە دواوەیـە.

٢) پاشـان ئەوەشـی لێوەردەگـیرێ كـە ڕەفتـاری ئـەو جوولەكـەو موونافیقانـە سـزای دنیاییـان نیـە لەلایـەنی مسـوڵمانەوە، واتـە: نابـێ مسـوڵمانان ئـەو ڕەفتـارو هەڵسوكەوتـانەی موونافیـق‌و جوولەكەكـان بكـەنە پاسـاوی ئـەوەی سـزایان بـدەن بۆچـی؟ چـونكە خـوا دەفـەرموێ: ﴿لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞ﴾، لـە دنیـادا سەرشـۆڕیی‌و زەبـوونی‌و شـەرمەزارییان بـۆ هەیـە، ﴿وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ﴾، وە لە دوارۆژیشدا سزایەكی مەزن، كەواتە: ئێوە بۆتان نیە لەسـەر ئەو شـتانە سـزایان بـدەن.

٣) وە ئـەوەش دەگەیەنـێ كـە كۆمەڵـگای مسوڵمان، كۆمەڵـگای ئیسـلامیی زۆر بـە لێبـوردەیی‌و سـینگ فراوانیـی‌و دڵ گەورەیـی لەگـەڵ نەیـارە فیكرییەكـانی

خۆیدا، ئەگەر مونافیق‌و جوولەکەش بن مامەڵە دەکات، نەك هەر کە پێیان خوار داناو خراپەکیان کرد، مسولمانان سزایان بدەن، وەك هەندێك کەس وا تەصەووڕ دەکەن، کە مسولمانان ئەگەر دەستەڵاتیان بکەوێتە دەست، هەرچی نەیاری خۆیان بێ، پەتو سێدارەی بۆ هەڵدەواسن!! ئەوە هیچ بنەمایەکی نیە، خوای لێبووردە لە چەندان شوێن لە قورئاندا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡ﴾، لێیان ببوورەو چاوپۆشییان لێبکە، ڕوویان لێوەربگێڕەو صەرفی نەزەریان لێبکە.

**مەسەلەی هەشتەم:** کە دەفەرموێ: ﴿سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ﴾، وشەی (سُحْت) بە چوار قیرائەت هاتوە: (سُحْت، سَحْت، سُحُت، سِحْت) هەر چواریشی بە مانای حەرام دێ، واتە: دەگونجێ بڵێی: (أَكَّالون للسُّحْت، أَكَّالون للسَّحْت، أَكَّالون للسُّحُت، أَكَّالون للسِّحْت)، بۆیە ئەگەر جارێك بیستتان قورئان خوێنێك بە هەر کامێك لەو وشانەی خوێندەوە، پێتان وانەبێ لێی تێکچووە، ئەوە هەموو شێوەی خوێندنەوە، (قراءة)ن، ئنجا ئایا بۆچی لێرە وشەی (سُحْت) لە جیاتی حەرام بەکارهێنراوە؟ چونکە لە شوێنی دیکە لە قورئاندا وشەی (حرام)یش هەر بەکارهاتوە؟ دەڵێ: (السَّحْتُ: القِشْر الذي يُسْتأصَلُ)، (سَحْت) بریتیە لەو توێکڵەی کە دەبێ لابدرێ، بۆ وێنە: پەتاتە کە سپی دەکەی، یان هەنار، گوێز کە توێکڵەکەی لادەدەی، دەڵێ: چونکە حەرامیش وەك ئەوە وایە کە دینی ئینسان بتاشێ‌و لێی بکاتەوە، لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (سَحَتَه وأَسْحَتَهُ: أهْلَكَهُ)[1] یانی لە بەینی برد، وە خوای پەروەردگار لە ئایەتی (٦١)ی سوورەتی (طه) ﴿... فَيُسۡحِتَكُم بِعَذَابٖ...﴿٦١﴾﴾، یانی: (فَيُهْلِكَكُم بِعَذاب) خوێندراویشەتەوە (فَيَسْحِتُكُم) هەردوو قیرائەتەکەی هاتوە، واتە: لە بەینیان بەرێ، بە هۆی سزایەکەوە کە بۆتان دەنێرێ، وەك مووسا سەلامی خوای لێ بێ بە فیرعەون‌و دارو دەستەکەی دەڵێ.

---

١) المعجم الوسيط: ص٤١٨.

جا هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لێرەدا كە خوا دەفەرمویٚ: ﴿أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِ﴾، یانی: (أَكَّالُونَ للرَّشْوَةِ) بەرتیل دەخۆن، بەرتیل ئەوەیە تۆ ئەندازەیەك ماڵ لە كەسێك وەربگری لە بەرانبەر ئەوەدا كە ناهەقێكی بۆ دەكەی بە هەق، یان هەقێكی بۆ دەكەی بە ناهەق، جا (القُرطُبي) دەڵێ: (وَلاَ خِلاَفَ بَيْنَ السَّلَفِ أَن أَخذ الرِّشْوَةِ عَلَى إِبْطَالِ حَقٍّ أَوْ مَا لاَ يَجُوزُ سُحْتٌ حَرَامٌ)(١)، واتە: ڕاجیایی نیە لە نێوان زانایانی پێشیندا (هەروەها پاشینیش) كە وەرگرتنی بەرتیل بۆ پووچاندنەوەی هەقێك، یاخود بۆ شتێك كە دروست نەبێ، حەرامە.

(عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو) خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە: ﴿لَعَنَ رَسُولُ اللهِ ﷺ الرَّاشِيَ وَالْمُرْتَشِيَ﴾ {رَوَاهُ التِّرمِذيّ برقم: (١٣٣٧)، وقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَقَالَ الألباني في (الإرواء) برقم: (٢٦٢١)، ورَوَاهُ أبوبكر في (زاد المسافر) و زاد: وَالرائِشَ)، صَحِيح باللَّفظ الأول}، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی كردوە لە كەسێك كە بەرتیل دەداتو، كەسێك كە بەرتیل وەردەگرێتو، كەسێك كە لە نێوانیاندا دێتو دەچێت دەلاڵەو بەرتیلدەرو بەرتیل وەرگر پێكدێنێ، بۆئەوەی ماڵی مەزلوومێك لە بەین بچێ، پێغەمبەر ﷺ نەفرەت (لعنة)ی لە هەرسێكیان كردوە.

**مەسەلەی نۆیەم:** كە دەفەرمویٚ: ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـًٔا﴾، ئەگەر هاتن بۆ لات دادوەرییان لە نێواندا بكە، یاخود پشتیان تێبكە، ئیهمالیان بكە، وە ئەگەر پشتیشت تێكردن هیچ زیانێكت پێ ناگەیەنن، ئەگەر دادوەرییشت لە نێواندا كردن، دادگەرانە دادوەریی بكە، توێژەرەوانی قورئان لەوبارەوە كە ئایا دەوڵەتی ئیسلامیی بۆ كەمایەتییە دینیو فیكرییەكان كە لە ژێر سایەی دا دەژین، جا جوولەكەو نەصرانیی بن، یان غەیری وانیش، وەك من لە كتێبی (ئیسلامو دەوڵەتداریی)دا بە تەفصیل باسم كردوە(٢)، هەموو كەمایەتییە فیكرییەكان، بە خاوەن كتێبو

---

١) الجامع لأحكام القرآن ج٦، ص١٦٢.

٢) لە بەرگی چوارەم دا كە بۆ ئەو بابەتە تەرخان كراوە.

مورتەددو مونافیقو بتپەرستو موشریکەوە، هەموو بۆیان هەیە لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی دا بژین، ئنجا ئایا کەمایەتییە فیکریی و دینیەکان، کە هاووڵاتییانی نامسوڵمانن، ئیسلام چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟ ئەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ ﴾، ئەگەر هاتن بۆ لات بۆ دادوەریی و بۆ چارەسەری کێشەکانیان، دادوەرییان لە نێواندا بکە، یاخود پشتیان تێبکە، ئیهمالیان بکەو هەردووک لات بۆ هەیە، دیارە لەوبارەوە توێژەرەوانی قورئان زۆر شتیان گوتوە:

(مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] پوختەیەکی جوانی ئەو بابەتەی هێناوە، دەڵێ: (وَالَّذِي يُسْتَخلَصُ مِنَ الفِقهِ فِي مَسأَلَةِ الحُكْمِ بَيْنَ غَيْرِ المُسْلِمِينَ دُونَ تَحْكِيمٍ: أَنَّ الأُمَّةَ أَجْمَعَت عَلَى أَنَّ أَهل الذِمّة دَاخِلُونَ تَحْتَ سُلْطَان الإِسْلَامِ، وَأَنَّ عهود الذِمَّةِ قضت بإِبقَائِهِم عَلَى مَا تَقْتَضِيهِ مللهُم فِي الشُؤُون الجَارِيةِ بَيْنَ بَعْضُهُم مَعَ بَعْض بِمَا حَدَّدَتْ لَهُمْ شَرَائِعهُم، وَلِذَلِكَ فَالأُمُورُ الَّتِي يَأتُونَها تَنْقَسِمُ إِلى أَرْبَعَة أَقْسَام:

القِسْمُ الأَوَّل: مَا هُوَ خَاصّ بِذَاتِ الذِمِّيّ مِن عِبَادَتِه كَصَلَاتِهِ وَذَبحِهِ وَغيرها مِمَّا هُوَ مِنَ الحَلَالِ وَالحرَام، وَهَذَا لا اخْتِلَافَ بَيْنَ العُلَمَاءِ فِي أَنَّ أَئِمَّة المُسْلِمِينَ لايتعرَّضُونَ لَهُمْ بِتَعْطِيله إِلاَّ إِذَا كَانَ فِيهِ فَسَاد عَامّ كَقَتْلِ النَّفْس.

القِسْمُ الثَّانِي: مَا يَجْرِي بَيْنَهُمْ مِنَ المُعَامَلاَتِ الرَّاجِعَةِ إِلى الحَلاَلِ وَالحَرَامِ فِي الإِسْلَامِ، كَأَنْوَاعٍ مِنَ الأَنْكِحَةِ وَالطَّلَاقِ وَشُربِ الخَمْرِ وَالأَعْمَالِ الَّتِي يَسْتَحِلُّونَهَا وَيُحَرِّمُهَا الإِسْلَام، وَهَذِهِ أَيْضاً يُقَرُّونَ عَلَيْهَا...

القِسْمُ الثَّالِث: مَا يَتَجَاوزهُم إِلى غيرهِم مِنَ المَفَاسِدِ كَالسَّرِقَةِ وَالإِعْتِدَاءِ عَلَى النّفوسِ وَالأَعْرَاض، وَقَدْ أَجْمَعَ عُلَمَاء الأُمَّة عَلَى أَنَّ هَذَا القِسْم يَجري عَلَى أَحْكَام الإِسْلَام، لأَنَّا لَمْ نعاهدهُم عَلَى الفَسَادِ، وَلِذَلِكَ نَمْنَعُهُم مِنْ بَيْعِ الخَمْرِ لِلْمُسلِمِينَ وَمِنَ التَظَاهر بالمُحَرَّمَات.

---

١) التحرير والتنوير: ج٣، ص٢٠٣، ٢٠٤.

القِسْمُ الرّابعُ: مَا يَجري بَيْنَهُمْ مِنَ المُعَامَلاتِ الَّتِي فِيهَا اعْتِدَاءُ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ: كَالجِنَايَاتِ، وَالدِيون، وَتَخَاصُم الزَّوْجَيْنِ. فَهَذَا القِسْم إِذَا تَراضَوا فِيهِ بَيْنَهُمْ لاَنَتعرَّضُ لَهُمْ، فَإِنِ استَعْدَى أَحَدُهُمْ عَلَى الآخر بحَاكِمِ المُسْلِمين، فَقَالَ مَالِك: يَقْضِي الحَاكِمُ المُسْلِم بَيْنَهُم فِيهِ وُجُوبَاً، لأَنَّ فِي الإعْتِدَاءِ ضَرْبَاً مِنَ الظُّلْمِ وَالفَسَادِ، وَكَذَلِكَ قَالَ الشَافِعِيُّ، وَأَبُو يُوسُف، وَمُحَمَّد، وَزُفْر، وَقَالَ أَبُو حَنِيفَةَ: لايَحْكُم بَيْنَهُمْ حَتَّى يَتَرَاضَى الخَصْمَانِ مَعَاً).

واتە: دەربارەی مەسەلەی حوکمو دادوەریی کردن لە نێوان نامسوڵمانانێك کە لە نێو دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژین، ئەوەی کە پوخت دەبێتەوە لە تێگەیشتن لەوبارەوە ئەوەیە: کە ئۆممەتی ئیسلام (واتە: زانایانی ئۆممەتی ئیسلام) یەکدەنگن لەسەر ئەوە کە ئەهلی زیممە (واتە: ئەوانەی پەیمانیان لەگەڵ ئەهلی ئیسلام لە ئەستۆ دایە کە لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامییدا بژین) ئەوانە لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ئیسلامییدان، ئەو پەیمانەش کە بەستوویانە لەگەڵ دەوڵەتی مسوڵمانان خوازیاری ئەوەیە کە ئەو کاروبارانەی لە نێویاندا دەگوزەرێن، بە پێی ئەوە کە بەرنامەکانیانو دینیان دیاری کردوە، مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، وە بەگشتی هەڵسوکەوتەکانیان لەوبارەوە، دەبن بە چوار جۆر:

جۆری یەکەم/ ئەوەی کە تایبەتە بە بابای نامسوڵمان، وەك: نوێژەکەی، قوربانی سەربڕینەکەی، وە غەیری ئەو شتانەش کە پەیوەندییان بە حەڵاڵو حەڕامەوە هەیە، زانایان ڕاجیایی یان نیە کە پێشەواو بەرپرسانی مسوڵمانان هەقیان بەسەریانەوە نیە، چۆن بۆخۆیان نوێژ دەکەن، چۆن سەردەبڕن، چۆن عیبادەت دەکەن، بە پێی دینی خۆیان ڕەفتار دەکەن، بیکەن.

جۆری دووەم/ ئەوەی کە لە نێوانیاندا دەگوزەرێ، لە هەڵسوکەوتەکان، کە ئەوانیش پەیوەندییان بە حەڵاڵو حەڕامەوە هەیە، لە ئیسلامدا، وەك مەسەلەی هاوسەرگیرییو، تەڵاقو، خواردنەوەی شەڕاب، وە ئەو کردەوانەی کە ئەوان بۆخۆیان بە حەڵاڵیان دەزانن، بەڵام ئیسلام بە قەدەغەیان دەزانێ، وەك خواردنی گۆشتی بەرازو خواردنەوەی شەڕابو قومارکردن، ئەوەش بە هەمان شێوە لێیان دەسەلمێنرێ، کە بۆخۆیان چۆنیان پێ چاکە وابکەن.

جۆری سێیەم/ ئەوەی كە تایبەت نیە بە نێوخۆیانەوە، بەڵكو دەچێتە دەرەوەی خۆیان لە خراپەكاریی، وەك: دزیی‌و دەستدرێژیی بۆ سەر ماڵ‌و نامووسی خەڵك، ئەوە تێكڕای زانایانی ئوممەت لەسەر ئەوە یەكدەنگن، كە ئەم جۆرەی سێیەم بە پێی یاساكانی ئیسلام مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێ، (هەموو دەوڵەتێكیش هەر وایە، كێی زۆر دیموكراتییە، ئەگەر سەیارەیەك لە سەیارەیەك بدات، ئایا كابرا بۆی هەیە بڵێ: من هیندۆسییم، لە ئایینی ئێمەدا سەیارە لە سەیارە بدات تۆڵەی نیەو، نابێ هیچی لێ بكەی؟ نەخێر، تۆ كە لە بەریتانیای بەپێی یاسای هاتووچۆی بەریتانیی مامەڵەت لەگەڵ دەكرێ، هەروەها لە ئەڵمانیاو فەڕەنساو ... هتد، هەر دەوڵەتێك دیارە كۆمەڵێك یاسای هەن بۆ نەهێشتنی ناكۆكیی‌و ڕێگریی‌و دەستدرێژیی خەڵك بۆ سەر نەفس‌و ماڵ‌و نامووسی یەكدی‌و جێبەجێیان دەكات)، بۆیە زانایانی ئیسلام لەوبارەوە لەسەر ئەوە یەكدەنگن نابێ ڕێگە بدرێ ئەوانە بێن لە نێو دەوڵەتی ئیسلامیی دا خراپە بكەن‌و شەڕاب‌و گۆشتی بەرازو ئەوانەی قەدەغەن بە مسوڵمانانی بفرۆشن، (یان بێن بە ئاشكرا لە نێو كوچەو كۆڵانەكان شەڕاب بخۆنەوە، یان هەر كردەوەیەكی دیكەی قەدەغە لە ئیسلامدا بكەن).

جۆری چوارەم/ ئەوەیە كە لە نێوانیاندا ڕوودەدات لە هەڵسوكەوتەكان، وەك ئەوەی كە هەندێكیان دەستدرێژیی بكەنە سەر هەندێكیان، یەكدی بریندار بكەن‌و یەكدی بكوژن، یاخود قەرزیان لەسەر یەكدی دەبێ، یاخود ژن‌و مێرد پێكەوە ناكۆك دەبن، ئەو جۆرە هەڵسوكەوتانە ئەگەر لە نێوان خۆیاندا پێكهاتن بۆ چارەسەری ئەو گرفت‌و كێشانە، ئەوە حاكمی مسوڵمانان هەقی نیە، بەڵام ئەگەر یەكێكیان پەنای بردە بەر دادوەری مسوڵمانان، مالیك دەڵێ: حاكمی مسوڵمان لەسەری پێویستە دادوەرییان لە نێواندا بكات‌و، گرفت‌و كێشەكەیان بەو شێوەیەی كە شەریعەت دەڵێ چارەسەر بكات، (هەڵبەتە هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەگەر لە شەریعەتی خۆیاندا حوكمێك هەبوو، ئەوە شەریعەتی خۆیانیان بەسەردا دەچەسپێنێ)، هەروەها شافیعیی‌و ئەبو یوسف‌و موحەممەدو زوفەریش وایانگوتوە، بەڵام ئەبو حەنیفە دەڵێ: نابێ دادوەرییان لە نێواندا بكات تاكو هەردوو تەرەفە ناكۆكەكە ڕازی نەبن، (ئەگەر

تەنیا تەرەفێك بۆ ئەوە حاكمی مسوڵمانان هەقی بەسەریانەوە نیە، دەبێ هەردوو تەرەفەكە ڕازی بن).

وە منیش ڕایەكەی ئەبو حەنیفەم پێ ڕاسترە، وە ئەوەش باشتر لەگەڵ ڕواڵەتی ئایەتەكە دەگونجێ، كە دەفەرموێ: ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ﴾.

**مەسەلەی دەیەمو كۆتایی:** كە دەفەرموێ: ﴿وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾، سێ ڕاستیی لەو ئایەتە موبارەكە وەردەگیرێن:

١- كە دەفەرموێ: ﴿وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ﴾، ئەوە دوو مانای هەن:

یەكەم: چۆن دەتكەنە دادوەر؟! ئەوە پێی دەگوترێ: پرسیاركردنی نكووڵیی كەرانە (الإِستفهام الإنكاري)، واتە: تۆ ناكەنە دادوەر بەڕاستی، كە دەتكەنە دادوەریش دیارە شتێكی ڕواڵەتییەو بۆ مەبەستێكی دیكەیە.

دووەم: واتە: سەیرە كە تۆ بكەنە دادوەر لە حاڵێكدا كە تەوراتیان لەبەردەست دایە، ئەوە شتێكی سەیرە، كەواتە: تۆ نیشانەی پرسیاری لەسەر دابنێ، حەتمەن دیارە ئەو ماستە بێ موو نیە.

٢- كە دەفەرموێ: ﴿وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ﴾، لێمان تێكنەچێ! كە دەفەرموێ: تەوراتیان لەبەردەستە حوكمی خوای تێدایە یانی: لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە، نەك لە بارەی هەموو شتێكەوە، چونكە ئەوە تەوراتمان لەبەردەستە، حوكمی هەموو مەسەلەیەكی تێدانیە، بەڵكو حوكمی ئەو مەسەلانەی كاتی خۆی تێدا هەبووە، كە زۆریشی گۆڕدراوە، بەڵام دیارە لەوبارەوە حوكمەكە نەگۆڕدراوە، بۆیە خوای پەروەردگار ئیستیشهادی كردوە بە تەورات، ئەگەر حوكمەكە گۆڕدرابایە دیارە وای نەدەفەرموو، بەڵام مەرج نیە ئێستاش مابێو دەستكاری نەكرابێ!.

٣- كە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾، وە ئەوانە ئیماندارنین، ئایا ئیماندارنین بەچی؟ بە تەورات، بە قورئان، بە خوا، بە هیچ كام لەوانە،

لەڕاستییدا کە دەفەرموێ: ئیماندارنین، ئیدی نەیفەرموە ئیماندار نین بە چی، بۆیە دەگونجێ بڵێی: بە هەموویان، وە ئەمە لێشی وەردەگیرێ کە هەر کەسێك ئامادە نەبێ ملکەچ بکات بۆ حوکمی شەریعەت، بە ئیماندار لە قەڵەم نادرێ، ناگونجێ بڵێین: جوولەکەو نەصرانیی ئیماندارنین، ئەگەر ملکەچ نەکەن بۆ تەوراتو ئینجیل، بەلاّم مسوڵمانان با ملکەچیش نەبن بۆ قورئان، هەر ئیماندارن! وەك دوایی زیاتر تیشکی دەخەینە سەر لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتەکانی دیکەدا کە دوایی دێن، وە دەریدەخەین کە ئەوە وانیە، بەڵکو مسوڵمانان زیاتر جەختیان لێکراوە، داکۆکییان لەسەر کراوە، کە پابەندبن بە شەریعەتەکەیانەوە، تاوەکو خەڵکی دیکەی خاوەن کتێبەکان.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی یازدەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان چوار ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی (٤٤ - ٤٧)، خوای بەرزو مەزن سەرەتا لەو چوار ئایەتەدا ڕایدەگەیەنێ کە کاتی خۆی تەوراتی بۆ مووساو هاڕوونی برایو گەلەکەیان، واتە: گەلی جوولەکە، (بەنی ئیسراِئیل) ناردۆتە خوار، کە ڕێنماییو ڕووناکیی گرتۆتە نێوخۆی، وە تەوراتی بۆیە ناردوە، تاکو پێغەمبەرانی خوا کە بۆ خوا ملکەچنو مشوورخۆرانو زانایانێك کە پاراستنییان پێ سپێردراوە، حوکمی پێبکەن لە نێو گەلی جوولەکەدا، وە دەیخاتە ڕوو کە کاتی خۆی بە پێغەمبەرانو مشوورخۆرو زانایانی بەنی ئیسراِئیلی فەرمووە، کە جگە لە خوا لە هیچ کەس نەترسنو، ئایەتەکانی خوا بە نرخێکی کەم نەفرۆشن، یاخود دەستبەرداری ئایەتەکانی خوا نەبن لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکی کەمی دنیادا، وە واز لە کارپێکردنی شەریعەتی خوای پەروەردگار نەهێنن.

ئنجا ڕایدەگەیەنێ کە هەر کەسێك - لە حوکمڕانان - حوکم بەو بەرنامەیە نەکات، کە خوا ناردوویەتە خوارێ، ئەوە ئەوانەن کافری ڕاستیی، پاشان ڕایدەگەیەنێ کە لە تەوراتدا سزای تۆڵەی لەسەر جوولەکەکان نووسیوە، نەفس بە نەفس، چاو بە چاو، لووت بە لووت، گوێ بە گوێ، ددان بە ددان، برین بە برین، وە پاشان جارێکی دیکە ڕایدەگەیەنێ کە هەر کەسێك حوکم نەکات بەو بەرنامەیە کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن ستەمکاری ڕاستەقینە، دوایی باسی ئەزموونی نەصرانییەکان دەکات، کە عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خوایان لەسەر، وەك پێغەمبەر، وە ئینجیلی وەك بەرنامەیەکی درێژکراوەو تەواوکەری تەوراتی بۆ ناردوون، ئەوانیش هەردووکیان تەوراتیان بەڕاست داناوەو ئینجیلیش ڕێنماییو ڕۆشناییو ئامۆژگاریی گرتۆتە خۆی، وە ڕایشیدەگەیەنێ کە کاتی خۆی بە نەصرانییەکانی فەرمووە کە حوکم بە ئینجیل بکەنو، هەر کەس حوکمی پێنەکات ئەوە ئەوانەن لە ڕێ دەرچووانی ڕاستەقینە.

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ
لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ
شُهَدَآءَۚ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخۡشَوۡنِ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ وَمَن
لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ
بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ
وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ
أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ وَقَفَّيۡنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَ مُصَدِّقٗا
لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ فِيهِ هُدٗى وَنُورٞ وَمُصَدِّقٗا لِّمَا
بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٗ لِّلۡمُتَّقِينَ ﴿٤٦﴾ وَلۡيَحۡكُمۡ أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ
أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((ئێمە تەوراتمان ناردۆتە خوارێ ڕێنمایی‌و ڕووناکیی تێدایە، پێغەمبەرانێك كە ملكەچبوون - بۆ خوا - لە نێو جوولەكەكاندا حوكمیان پێدەكرد، هەروەها مشووڕخۆران‌و زانایان، بەهۆی ئەوەوە كە كرابوونە ئەمانەتدارو پارێزەری كتێبی خواو چاودێر بوون بەسەریەوە (وە پێمانگوتن) هەر لە من بترسن‌و لە خەڵك مەترسن، وە نرخێكی كەم بە ئایەتەكانم مەكڕن، هەر كەسێكیش حوكم بەو (بەرنامەی)ە نەكات كە خوا دایبەزاندوە، ئەوە مسۆگەر ئەوانەن كافران (ی ڕاستەقینە) ﴿٤٤﴾ وە تێیدا لەسەریان (واتە: لەسەر جوولەكەكان) پێویستمان كردبوو (سزای تۆڵە) كە هەر كەسێك بە ناهەق كەسێك بكوژێ، پێی بكوژرێتەوە، وە چاو بە چاوو، لووت بە لووت‌و، گوێ بە گوێ‌و، ددان بە ددان‌و، برین بە برین تۆڵەبێ، هەر كەسێكیش (چاوپۆشیی لە تۆڵەستاندنەوە بكات‌و) خێرو چاكە بكات، ئەوە بۆی دەبێتە مایەی سڕانەوە (ی گوناهەكانی)، هەركەسێكیش حوكم بەوە نەكات كە خوا دایبەزاندوە، ئەوە بە دڵنیایی یەوە ئەوانەن ستەمكاران (ی بەڕاستیی) ﴿٤٥﴾ وە بە شوێنیاندا عیسای كوڕی مەریەممان نارد، كە تەوراتی پێش خۆی بە ڕاست دادەنا، وە ئینجیلمان پێدا، ڕێنمایی‌و ڕووناكیی تێدابوو، وە تەوراتی پێش خۆی بەڕاست دادەناو، ڕێنمایی‌و ئامۆژگاریی بوو بۆ پارێزكاران ﴿٤٦﴾ وە (پێمانگوتن) با خاوەنانی ئینجیل بەوە حوكم بكەن كە (خوا) لەو (ئینجیل)ەدا ناردوویەتە خوار، هەر كەسێكیش بەوە حوكم نەكات كە خوا دایبەزاندوە، ئەوە بێگومان ئەوانەن لاڕێ بووان (ی تەواو) ﴿٤٧﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(وَٱلرَّبَّـٰنِيُّونَ ): كۆی (الرَّبَّانِي)یە، (الرَّبَّانِي: مَنْسُوبٌ إِلَى الرَبَّانِ، مِثْلُ عَطْشَانَ وَسَكْرَان، وَقِيلَ مَنْسُوبٌ إِلَى الرَبّ الَّذِي هُوَ الـمَصْدَرُ، وَهُوَ الَّذِي يَرُبُّ العِلْمَ، وَقِيلَ هُوَ مَنْسُوبٌ إِلَى الرَبِّ، أَي اللهِ تَعَالَى مِثْل إِلـهِي، لَحْيَانِي، وجُمَّانِي) وشەی (ربَّاني) یان پاڵدراوەتە لای ڕەببان، وەك (عَطْشَان وَسَكْرَان) واتە: كەسێك كە خۆیو خەڵك پەروەردە دەكات، وە دەشگوترێ: پاڵدراوەتە لای (رَب) بە مانای چاوگ نەك بە مانای پەروەردگار، واتە: پەروەردەكردن، ئەویش ئەو كەسەیە كە زانیاریی لە خۆیدا زۆر دەكاتو بڵاوی دەكاتەوە، هەندێكیش گوتوویانە: وشەی ڕەببانیی پاڵدراوەتەوە لای (رَب) بە مانای خوای بەرز وەك: (إِلـهِي) واتە: سەر بە پەرستراو، سەر بە پەروەردگار، وەك لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێ: (لَحْيَاني وجُمَّاني)، (لَحْيَاني) بە كەسێك دەگوترێ كە ڕیشی گەورەی هەبێ، وە (وجُمَّاني)یش بە كەسێك دەگوترێ كە تووكی پێشە سەری گەورەبێ.

(وَٱلْأَحْبَارُ ): (الحِبْرُ الحَبْرُ: الأَثَرُ الـمُسْتَحْسَنُ وَمِنْهُ مَا رَوَى (يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ رَجُلٌ قَدْ ذَهَبَ حِبْرُهُ وَسِبْرُهُ)، (والحِبْرُ والحَبْرُ العَالِم) (حِبْرُ ، حَبْر) واتە: شوێنكی خۆش یان شتێكی جوان، وە گێڕدراوەتەوەو لە شوێنەوار هاتوە، دەفەرموێ: پیاوێك لە ئاگر دێتە دەرێ، (قَدْ ذَهَبَ حِبْرُهُ وَسِبْرُهُ) واتە: هیچ ڕەنگو ڕووی نەمابوو. وە وشەی: (حِبْر) و (حَبْر) بە مانای زانا دێ، كە زیاتر بۆ زانای خاوەن كتێبەكان بەكارهێنراوە.

(بِمَا ٱسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَـٰبِ ٱللَّهِ ): (بِمَا وَكَّلَ بِهِم حِفْظَ كِتَابِ اللهِ وَأَحْكَامهُ، وَهَذَا يَكُونُ بِالعِلْمِ وَالعَمَل) واتە: بە هۆی ئەوەوە كە پارێزگاریكردنی كتێبی خوایان پێ سپێردرابوو، ئەویش بە دوو شت دەكرێ:

یەكەم: زانیارییت هەبێ بە كتێبی خوا.

دووەم: كاری پێ بكەی.

(قِصَاصٌ ): دەڵێ: (القَصُّ تَتَبُّعُ الأَثَر، وَالقَصَصُ الأَخْبَارُ الـمُتَتَبَّعَةُ، وَالقِصَاصُ تَتَبّعُ الدَّم بِالقَوَدِ)، (قِصَاصُ) بە مانای تۆڵە دێ، لە ئەسڵیشدا لە (قَصّ)ەوە، هاتوە،

(قَصّ) واته: به دوای شوێن‌و پێكەوتن، (قَصَص)یش به مانای شوێنەوار دێ، وه (قَصَص) به مانای هەواڵێك دێ كه خەڵك بەدوای بكەوێ، وه (قِصَاص)یش واته: تۆڵە، یانی: به دوای خوێنەكەیدا بڕۆی، تاكو تۆڵەی دەكەیەوه.

(وَقَفَّيْنَا): واته: به شوێنی دا ناردمان، چونكه دەڵێ: (قَفَّيْنَا) یانی: (أَتْبَعْنا) واته: به دوامان خستن، ئەویش له (قفا)ەوه هاتوه، (قفا) به پشته مل دەگوترێ، شتێك به دوای شتێك بكەوێ، له دوای پشته‌ملیەوه دەڕوا، (وَاقْتَفَيْتُهُ تَبِعْتُ قَفَاهُ، وَالإِقْتِفَاءُ اتِّبَاعُ القَفَا)، (اقتَفَيْتُهُ) واته: به دوای پشته ملی كەوتم، (إِقْتِفَاء) واته: شوێن پشت ملی كەسێك كەوتن.

(وَهُدَى): (الهِدَايَةُ دَلالَةٌ بلُطفٍ، والهِدَايَة أَرْبَعَة أَنْوَاع: عَامٌ، خَاصٌ، أَخَصّ، أُخْرَوِي)، (هُدى) واته: ڕێنمایی، ڕێ پێشاندان، وه هیدایەت بریتیه له ڕێنمایی كردنێكی به پەنهانیی‌و كارامەیی، وه هیدایەت چوار جۆره: گشتی، تایبەت، تایبەتتر، هی دواڕۆژ:

ڕێنمایی گشتی: وەك خوا دەفەرموێ: ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ۝٥٠﴾طه، واته: پەروەردگارمان ئەو كەسەیه كه هەموو شتێكی دروست كردوەو ڕێنمایی كردوه، خوا هیچ شتێكی دروست نەكردوه، مەگەر بەرنامەیەكی بۆ داناوه، ئنجا ئەوه هیدایەتی گشتی خوایه، بۆ هەموو شتەكان، به ژیاندارو بێ ژیان‌و وردو درشتەوه.

ڕێنمایی تایبەت: وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَهُدٗى لِّلۡعَٰلَمِينَ ۝٩٦﴾آل عمران، ڕێنماییه بۆ تێكڕای جیهانییان، ئەوەش هیدایەتێكی تایبەته به مرۆڤ‌و جنەوه، چونكه قورئان لەبەردەستی هەموو خەڵكی دایه، با سوودی لێوەربگرن.

ڕێنمایی تایبەتتر: وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَذِكۡرٗا لِّلۡمُتَّقِينَ ۝٤٨﴾الأنبياء، ﴿هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ۝٢﴾البقرة، قورئان ڕێنمایی یه به شێوەی تایبەتتر بۆ

پارێزکاران، بۆچی؟ چونکە تەنیا پارێزکاران وەك پێویست لە قورئان سوودمەند دەبن.

ڕێنمایی دوارِۆژ: وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلّٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ لَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّۖ وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٤٣ ﴾الأعراف، لە دوارِۆژدا کە ئیمانداران دەچنە بەهەشت، خوا ڕێنمایی یان دەکات بۆ دۆزینەوەی شوێنو جێگەی خۆیانو ئەوانیش دەڵێن: ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ﴾، واتە: ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ڕێنمایی کردین بۆ ئەوە، ئەگەر خوا ڕێنمایی نەکردباین پێمان نەدەزانیو نەماندەدۆزییەوە، وە لە حەدیسدا هاتوە، دەفەرموێ: بەهەشتییەکان وا بەماڵی خۆیان دەزاننەوە، وەك بڵێی چەند ساڵ بێ ماڵیان لەو شوێنە بووبێ[1]، دیارە بەهەشت عالەمێکی جیاوازە، وەك شارێك نیە چەند گەڕەکێك بێ، بۆیە ئەوەی کە خوای پەروەردگار باسی دەفەرموێ: کە هیدایەتیان دەدات لە بەهەشتدا، ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە، کە ئینسان لە بەهەشتێ بە جێگاو ڕێگای خۆی بزانێتەوە، خوای بەخشەر بە نسیبمان بکات.

(وَمَوۡعِظَةٞ ): لە (وَعْظ)ەوە هاتوە، (الوَعْظُ: زَجْرٌ مُقْتَرِنٌ بِتَخْوِيفٍ، وَالتَّذْكِيرُ بِالخَيْرِ فِيمَا يَرِقُّ لَهُ القَلْبُ وَالعِظَةُ وَالمَوْعِظَةُ: الإِسْم)، واتە: (مَوْعِظَة) بریتیە لە ئامۆژگاریی کردنێکی بە تێخوڕین، واتە: بە جۆرێك کە بیترسێنی، یاخود بە شێوەیەکی وا کە چاکەی بیر بخەیەوە، بە جۆرێك کە دڵی بۆی نەرم بێ، وە (عِظَة، مَوْعِظَة) ناون.

---

١) کە ئەمە دەقی ئەو فەرموودەیە: (فَو الّذي نفسي بيده إنَّ أحدهم بمنزله في الجنّة أدّلُّ منه بمسكنه كان في الدنيا) رواه البخاري، فتح الباري، ج ٥، ص ١١٥.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

١) هۆی هاتنـــە خـــوارەوەی ئـەو ئایەتـــانەی کـە خـــوا تێیـــاندا دەفـەرموێ: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾، ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾، ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾:

أ/ ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ أَنْزَلَ: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾، ﴿ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ ﴿ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، فِي الطَّائِفَتَيْنِ مِنَ الْيَهُودِ، وَكَانَتْ إِحْدَاهُمَا قَدْ قَهَرَتْ الأُخْرَى فِي الْجَاهِلِيَّةِ حَتَّى ارْتَضَوْا أَوْ اصْطَلَحُوا عَلَى أَنَّ كُلَّ قَتِيلٍ قَتَلَهُ الْعَزِيزَةُ مِن الذَّلِيلَةِ فَدِيَتُهُ خَمْسُونَ وَسْقًا، وَكُلَّ قَتِيلٍ قَتَلَهُ الذَّلِيلَةُ مِن الْعَزِيزَةِ فَدِيَتُهُ مِائَةُ وَسْقٍ، فَكَانُوا عَلَى ذَلِكَ حَتَّى قَدِمَ النَّبِيُّ ﷺ الْمَدِينَةَ فَذَلَّتْ الطَّائِفَتَانِ كِلْتَاهُمَا لِمَقْدَمِ رَسُولِ اللهِ ﷺ وَيَوْمَئِذٍ لَمْ يَظْهَرْ وَلَمْ يُوطِئْهُمَا عَلَيْهِ وَهُوَ فِي الصُّلْحِ، فَقَتَلَتْ الذَّلِيلَةُ مِنَ الْعَزِيزَةِ قَتِيلاً فَأَرْسَلَتْ الْعَزِيزَةُ إِلَى الذَّلِيلَةِ: أَنْ ابْعَثُوا إِلَيْنَا بِمِائَةِ وَسْقٍ، فَقَالَتْ الذَّلِيلَةُ: وَهَلْ كَانَ هَذَا فِي حَيَّيْنِ قَطُّ دِينُهُمَا وَاحِدٌ وَنَسَبُهُمَا وَاحِدٌ وَبَلَدُهُمَا وَاحِدٌ، دِيَةُ بَعْضِهِمْ نِصْفُ دِيَةِ بَعْضٍ؟ إِنَّا إِنَّمَا أَعْطَيْنَاكُمْ هَذَا ضَيْمًا مِنْكُمْ لَنَا وَفَرَقًا مِنْكُمْ، فَأَمَّا إِذْ قَدِمَ مُحَمَّدٌ فَلا نُعْطِيكُمْ ذَلِكَ، فَكَادَتْ الْحَرْبُ تَهِيجُ بَيْنَهُمَا ثُمَّ ارْتَضَوْا عَلَى أَنْ يَجْعَلُوا رَسُولَ اللهِ ﷺ بَيْنَهُمْ، ثُمَّ ذَكَرَتِ الْعَزِيزَةُ فَقَالَتْ: وَاللهِ مَا مُحَمَّدٌ بِمُعْطِيكُمْ مِنْهُمْ ضِعْفَ مَا يُعْطِيهِمْ مِنْكُمْ، وَلَقَدْ صَدَقُوا مَا أَعْطَوْنَا هَذَا إِلاَّ ضَيْمًا مِنَّا وَقَهْرًا لَهُمْ، فَدُسُّوا إِلَى مُحَمَّدٍ مَنْ يَخْبُرُ لَكُمْ رَأْيَهُ إِنْ أَعْطَاكُمْ مَا تُرِيدُونَ حَكَّمْتُمُوهُ، وَإِنْ لَمْ يُعْطِكُمْ حَذِرْتُمْ فَلَمْ تُحَكِّمُوهُ، فَدَسُّوا إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ نَاسًا

مِنَ الْمُنَافِقِينَ لِيَخْبُرُوا لَهُمْ رَأْيَ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَلَمَّا جَاءَ رَسُولَ اللهِ ﷺ أَخْبَرَ اللهُ رَسُولَهُ بِأَمْرِهِمْ كُلِّهِ وَمَا أَرَادُوا فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّوَجَلَّ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ ﴾،إلى قَوْلِهِ: ﴿ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، ثُمَّ قَالَ: فِيهِمَا وَاللهِ نَزَلَتْ وَإِيَّاهُمَا عَنَى اللهُ عَزَّ وَجَلَّ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢١٢)، وَقَالَ الشَيخ شعيب الأرناؤوط: إِسنَادُهُ حَسَنٌ، وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) رقم: (٢٥٥٢)}، واته: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: دەربارەی دوو کۆمەڵەکە لە جوولەکە هاتۆتە خوار، (بَنِي قُرَيْظَةَ وبَنِي النَّضِيرِ)، ئەو دوو کۆمەڵە لە سەردەمی نەفامییدا یەکێکیان بەسەر ئەویدیکەدا زاڵ بوو، هەتا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە هەرکاتێك تیرە بە دەستەڵاتەکە (بَنِي النَّضِيرِ) نەفەرێکی کوشت لە تیرە بێ دەستەڵاتەکە (بَنِي قُرَيْظَةَ)، دەبێ بە دەستەڵاتەکە (بَنِي النَّضِيرِ) نیوەی خوێن بدەن بە بێدەستەڵاتەکە (بَنِي قُرَيْظَةَ)، کە پەنجا ویسق بوو، (کە بە ئەندازەیەك دانەوێڵە دەگوترێ، ویسقێك شەست ڕبە (صاع)یەو، هەر ڕبەیەکیش چوار کیلۆ زیاترە، ئنجا هەر کەسێك کوژرابایە، خوێنەکەی سەد ویسق بوو)، بەلام ئەگەر تیرە بێدەستەڵاتەکە (بَنِي قُرَيْظَةَ) نەفەرێکیان کوشتبایە لە بە دەستەڵاتەکە (بَنِي النَّضِيرِ) دەبووایە سەد ویسقیان پێبدەن[1]، جا دەفەرموێ: لەسەر ئەوە بوون هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە مەدینە، ئیدی هەردوو کۆمەڵەکە بە هاتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ملکەچبوون، (واتە: ئەو دەستەڵاتەیان نەما زوڵم لە یەکدی بکەن)، ئەوەش پێش ئەوەی پەیمان هەڵبوەشێننەوەو لە مەدینە دەربکرێن، کە لە حاڵەتی صوڵحو تەبایی دا بوون لەگەڵ مسوڵمانان، لەو کاتەدا بێهێزەکە (بَنِي قُرَيْظَةَ) نەفەرێکیان کوشت لە بەهێزەکە (بَنِي النَّضِيرِ)، ئەوانیش جوابیان بۆ ناردن گوتیان: خوێنمان بۆ بنێرن، سەد ویسق، (واتە: شەست صاع، کە کوردەواریی خۆمان ڕبەی پێدەڵێن و ڕبە چوار مستە) بێهێزەکە (بَنِي قُرَيْظَةَ)ش گوتیان: هەرگیز شتی

---

١) وشەی (وِسْق) و (وَسْق) بە (أَوسُق و أَوساق و وسوق) کۆ دەکرێتەوە، المعجم الوسيط، ص٣٣٢.

وابووە! دوو تیرە دینیان یەك بێو ڕەچەڵەكیان یەك بێو لە یەك وڵاتدابن، كەچی یەكێكیان ئەگەر نەفەرێكی لێكوژرا خوێنەكەی نیوەی ئەویدیكە بێ؟!! وە گوتیان: ئێمە كاتی خۆی لێتان ترساوینو ئێوە زوڵمتان لێكردووین، بەڵام ئێستا كە موحەممەد هاتوە، ئەوەتان پێنادەین، (واتە: خوێنی دوو قاتی خۆمانتان پێنادەین) ئیدی خەریك بوو جەنگیان لە بەیندا بەرپابێ، دوایی ڕازی بوون كە پێغەمبەری خوا ﷺ بخەنە نێوان خۆیانو بیكەنە دادوەر، دوایی تیرە دەستەڵاتدارەكە گوتیان: سوێند بە خوا موحەممەد ئەوەمان ناداتێ (دوو قاتی وانمان ناداتێ)، بۆیە نەفەرێك بنێرن بۆ لای موحەممەد، بزانن داخۆ ڕای چۆنە؟ ئەگەر ئەوەی داینێ كە كاتی خۆی وەرمانگرتوە، دەیكەینە دادوەر، ئەگەر ئەوەشی نەداینێ، نایكەینە دادوەر، نەفەرێكیان نارد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك هاتنە لای، خوای پەنهانزان پێغەمبەری ﷺ بەو كەینو بەینە ئاگادار كردەوە، وە خوا لەوبارەوە ئەم ئایەتانەی نارده خوار.

جا عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: سوێند بە خوا دەربارەی ئەوان هاتۆتە خوارێو خوای پەروەردگاریش مەبەستی ئەوان بووە.

دیارە ئێمە پێشتر باسمان كرد كە ئەو ئایەتانە دەربارەی پیاوو ئافرەتێك هاتوونە خوار كە زینایان كردبوو، بەڵام دەگونجێ ئەوەش بووبێو ئەویش بووبێ، چونكە جۆراو جۆر بوونی هۆی هاتنە خوارەوەكان تێكناگیرێن، ئەو ڕووداوەش بووەو ئەوی دیكەش بووە.

ب/ ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا أَنَّ الآيَاتِ الَّتِي فِي الْمَائِدَةِ الَّتِي قَالَهَا اللهُ عَزَّ وَجَلَّ ﴿فَٱحْكُم بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ ۖ وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿ٱلْمُقْسِطِينَ﴾، إِنَّمَا أَنَزَلَتْ فِي دِيَةِ بَنِي النَّضِيرِ وبَنِي قُرَيْظَةَ، وَذَلِكَ أَنَّ قَتْلَى بَنِي النَّضِيرِ، وَكَانَ لَهُمْ شَرَفٌ يُودَوْنَ الدِّيَةَ كَامِلَةً، وَأَنَّ بَنِي قُرَيْظَةَ كَانُوا يُودَوْنَ نِصْفَ الدِّيَةِ، فَتَحَاكَمُوا فِي ذَلِكَ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَأَنْزَلَ اللهُ ذَلِكَ فِيهِمْ فَحَمَلَهُمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ عَلَى الْحَقِّ فِي ذَلِكَ فَجَعَلَ الدِّيَةَ فِي ذَلِكَ سَوَاءً﴾ {أَخْرَجَهُ إِبْنُ جَرِيرِ بِرقم: (١١٩٧٤) وَالنَّسَائِيُّ بِرقم: (٤٧٣٣)، وَقَالَ الشَيخ

الألباني: حَسَنٌ صحيح الإِسَناد}، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی خوێنی (بَنِي قُرَيْظَةَ وبَنِي النضيرِ) هاتۆتە خوار، كە كوژراوەكانی (بَنِي النَّضِيرِ) لەبەرئەوەی دەستەڵاتیان هەبوو، خوێنی تەواویان لە بەرانبەر بۆ وەردەگرتن، بەڵام كوژراوەكانی (بَنِي قُرَيْظَةَ) نیوە خوێنیان لە بەرانبەر بۆ وەردەگرتن، لەوبارەوە دادوەرییان بردە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، خواش ئەو ئایەتانەی دەربارەیان ناردە خوار، پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی هەقە لەوبارەوە لەسەری پێویست كردن، (چونكە لەو شتانەدا كە خوێنو ئاشووبو ئاژاوە دەبێو، دەچن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو كاتە بە پێی شەریعەت حوكم دەكرێن)، وە خوێنی هەموویانی وەك یەك لێكرد، {دیارە (بَنِي النَّضِيرِ)یش زانیویانە كە پێغەمبەر ﷺ زوڵمیان بۆ ناكات، بۆیە گوتوویانە: با نەچین بۆ وێ، لە ڕیوایەتەكەی دیكەدا هاتوە: پێشێ نەفەر دەنێرن، تاكو بزانن داخۆ ئەوەی ئەوان دەیانەوێ دەیانداتێ یان نا؟ ئنجا ئەگەر بۆیان دەركەوت بەو شێوەیە دادوەرییان لە نێواندا دەكاتو لە بەرژەوەندیی وان بوو بچن، ئەگەرنا نەچن}.

لەوبارەوە (جمال الدين القاسمي) لە تەفسیرەكەی خۆیدا[1] دەڵێ: (وَقَد يَكُونُ اجتمَعَ هَذَانِ السَّبَبَانِ فِي وَقْتٍ وَاحِدٍ، فَنَزَلَت هَذِهِ الآيات فِي ذَلِكَ كُلِّهِ)، واتە: دەبینی هەردوو هۆیەكان كۆبوونەتەوە لە یەك كاتدا، خواش ئەم ئایەتانەی دەربارەی هەردوو ڕووداوەكان ناردوونە خوارێ.

---

١) محاسن التأويل: ج٤، ص٢١٧.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

خـوای پەروەردگار هەر لە درێژەی باسی خـاوەن کتێبەکانـدا بەگشـتی، باس دەکات کە تەوراتی ناردۆتـە خـوارەوە، دوایـی باسـی ئـەوە دەکات کـە ئینجـیلی ناردۆتـە خـوار، ئنجـا وەك دوایی دەیگەینـێ، ڕوو لـە پێغەمبـەری کۆتـایی ﷺ دەکـات، کـە کتێبمـان بـۆ لای تۆش نـاردوە، لێرەدا ئەوەی گرنگـە ئێمە بیزانین، ئەوەیـە کـە خـوای کاربەجـێ لـەو کاتـەوە کە ئادەمی لەسەر زەوی داناوە، هەتا دوا ئینسان لەسـەر زەوی دەمێنـێ، کتێبـی خـۆی بـۆ نـاردوون، پێغەمبـەرانی بـۆ نـاردوون، پـەیتا پـەیتا، وەك دەفـەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا تَتۡرَا ...﴿٤٤﴾ ﴾المؤمنـون، واتە: پێغەمبـەرانی خۆمـان یـەك بـە دوای یەکـدا نارد، خـوا ﷻ لەوکاتــەوە ئـادەمو حـەوواو ئیبلیسـی ناردنـە سـەر زەوی، فـەرمووی: مـن هیدایەتو ڕێنمایی خۆمتـان بۆ دەنێرم، بۆئەوەی بزانن داخـۆ کـێ ڕێـی خـوا دەگـرێو بەندایەتیـی بۆ خوا دەکـاتو، کێش لـە ڕێـی خـوا لادەدات؟ وە خـوای دادگـەر بـەڵێنی خـۆی لەگــەڵ مرۆڤایــەتیی دا بردۆتــە ســەر، وە ئەمــە ئەوەشــی لێــوەردەگیرێ کــە بەشــەریەت بـەبێ ڕێنمـایی خـواو بـەبێ کتێبەکـانی خـوا، ناتوانــێ ژیـانێکی ڕێـكو ڕاستو تەواوی هـەبـێ، بەڵـێ ڕەنگـە لـە ڕووی ماددییــەوە بـەرەو پێشـەوە بچـێ، وەك ئەو واقیعـەی ئێسـتا لە ڕۆژئـاواو یـابانو چیـن هەیە، دیارە لـە ڕووی ماددییـەوە بـەرەو پێشـەوە دەچن، بەڵام لەڕووی ئینسـانییەوە بـەرەو دوا دەچنـەوە، لـە ڕووی ڕووحیـیو ڕەوشــتەوە بـەرەو دوا دەچنــەوە، بگـرە هـەر ئـەو بـەرەو پێـش چوونە ماددییەیەکـە، بـەرەو دواوەیـان دەبـات، لەبەرئـەوەی لەسـەر حیسـابی لایـەنی ڕووحیـیو ئینسـانییو ئەخلاقییـە، بۆیە بە دەست بەرهەمـە تەکنۆلۆژیـایی یەکەیانـەوە گیـر دەخـۆن، تەماشا دەکـەی ئێسـتا بەشــەریەت بەدەسـت ئـەو چەکـە کۆکـوژییوماڵوێرانـکەرانەی کـە بەرهـەمی هێنـاون، گیری خـواردوە، هەتـا هەنـدێ جار بـیردەکەنەوە لـەوەی کـە ئـەو چەکانە بەرن بۆ سـەر مانگ، بەتایبـەتی چەکە بایۆلۆجییـەکانو نێوکییـەکان، دەڵـێن: ئەگەر کـاتی زۆر پێ بچـێو بمێننــەوە، ئەگـەری زۆرە لـە ئـەنجامی کارلێـك (تفـاعـل)ی کیمیاییدا بتەقنــەوە، لە ئەنجامدا ژیانی بەشــەریەت کۆتایی پـێ بـێ لـەم سـەر زەوییـە، بە پێی ئەو مەزەندانە، جا خـوا لێـرەدا دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدًى

وَنُورٌ ﴾، ئێمە تەوڕاتمان ناردۆتە خوار، کە ڕێنمایی و ڕووناکیی تێدایە، ڕێنمایی وا پێدەچێ مەبەست پێی بووناسیی و عەقیدەو ڕەوشت بێ، وە ڕووناکیی (نور)یش وا پێدەچێ مەبەست پێی لایەنی حەڵاڵ و حەرام و ئەمرو نەهی بێ، خوا تەوڕاتی بۆچی ناردوە؟ ﴿ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ ﴾، پێغەمبەرانێك (علیهم الصلاة والسلام) کە بۆ خوا ملکەچبوون، حوکمیان پێدەکرد، بۆ ئەوانەی کە جوولەکە بوون، هەروەها ڕەببانییەکان و ئەحبارەکانیش (واتە: مشوورخۆران و زاناکانیش) ئیشیان بە تەوڕات دەکرد، لە نێو گەلی جوولەکەدا، ﴿ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَ ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە پارێزگاریی لێکردنی کتێبی خوا بەوان سپێردرا بوو، وە بەسەریشیەوە چاودێر بوون، واتە: پاراستنی تەوڕات بە کێ سپێردرابوو؟ بە ڕەببانییەکان و ئەحبارەکان، لە پێش ئەوانیشدا بە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) وە بەسەریشیەوە چاودێر بوون، ﴿ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخۡشَوۡنِ ﴾، وە لە خەڵك مەترسێن و لە من بترسێن، ﴿ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ ﴾، وە بە ئایەتەکانی من نرخێکی کەم مەکڕن، واتە: سەوداو مامەڵە بە ئایەتەکانی من مەکەن، بۆیەش دەفەرموێ: ﴿ ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ ﴾، نرخێکی کەم، مەبەست ئەوەنییە ئەگەر بە نرخێکی زۆربێ قەیدێ ناکات ئایەتەکان بفرۆشێ! بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر لە بەرانبەری ئایەتەکانی خوادا هەر نرخێك وەربگری، هەر کەمە، ئەگەر هەموو دنیاش بێ، هەر نرخێك بیخەیە تەرازووی مامەڵەکردن بە ئایەتەکانی خوا، هەر کەمە، ئەگەر هەموو دنیاش بێ، مەبەستی ئەوەیە، ئەگەرنا ئەوە مەفهوومی موخالەفەکەی لێرەدا وەرناگیرێ، یانی بگوترێ: خوا دەفەرموێ: بە نرخی کەم ئایەتەکان مەفرۆشن، کەواتە: ئەگەر بە نرخی زۆریان بفرۆشین قەیدێ ناکات! وانیە، بەڵکو واتە: ئایەتەکانی من بە هەموو دنیاش مەدەن، هەموو دنیاش لە بەرانبەر ئایەتەکانی مندا وەربگرن، هەر کەمە، جا لێرەدا خوای پەروەردگار ئاماژە دەکات بە دوو هۆکار، ئەوانیش ترس و برسن، ﴿ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ

﴿ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُواْ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ﴾، واتە: نە لە ترسان نە لە برسان دەست لە ئایینو بەرنامەو یاسای شەریعەتی مـن هەڵمەگـرن، ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾، وە هـەر کەسێك حـوکم نـەکات بـەوەی کـە خـوا ناردوویەتـە خـوار، ئـا ئەوانـەن کافـران، لێـرەدا "وەك دوایی لـە مەسـەلە گرنگەکـاندا باسی دەکەین" مشـتومڕی زۆر لەنێو زانایاندا هەیـە، کە ئایا مەبەست لەم ئایەتە تەنیا جوولەکەکانـە؟ یـاخود مسـوڵمانانیش دەگرێتـەوە؟ وە پاشـان حوکمڕانـانی مسـوڵمانان، کامانە دەگرێتـەوە؟ وە ئایا هـەر کەسێك لـە یـەك مەسەلەشـدا لابـدات، دەیگرێتـەوە؟ یاخود بەس ئەوانەی کە شـەریعەتی خـوا بەگشـتی ڕەفز دەکەن؟ ئەوە دوایی لە مەسـەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، لێرەدا بواری ئەوە نیـە کە هەقی خۆی بە تـەواویی بدەینـێ، ئنجا خـوا ﷻ بەردەوام دەبێو دەفەرموێ: ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ﴾، وە لەوێدا لەسـەرمان نووسـیبوون، لە کوێدا، ڕاناوەکە بۆ کوێ دەچـێ؟ بۆ تەوڕات، لە تەوڕاتدا لەسەر ئەوانمان پێویسـت کردبوو، لەسەرمان نووسیبوون، نەفس بە نەفس، کەسـێك بـە ناهـەق کەسێك بکـوژێ، دەکوژرێتـەوە، وە کەسـێك چـاوی کەسێك کوێر بکـات کـوێر دەکرێتـەوە، ئەگـەر چاوی ڕاسـتی بـێ چاوی ڕاستی، ئەگـەر چاوی چەپی بێ، چاوی چەپی، وە ئەگەر هەردوو چـاوی بن، هەردوو چاوی، وە ئەگەر کەسێك لـووتی کەسـێك بـبڕێ، یـان وای لـێبکات هەسـتی بۆنـکـردنی نەمێنـێ، بـۆی هەیـە وای لێبکـاتەوە، وە گوێ بە گوێ، ئەگەر یەکێك گوێی کەسـێك بقرتێنـێ، ئنجا کـەم بێ یـان زۆر، بابای گـوێ قرتـاو بـۆی هەیـە هـەمان شـت لـە بەرانبەرەکـەی بکاتـەوە، وە ددان بـە ددان، چ ددانێکـە، ئـەو ددانـە، ﴿ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ﴾، برینـەکانیش تۆڵـەن، دیـارە ئەگەر برینێـك ئێسـقانەکەی تێدا شـکابێ، یـان گەیـیبێتـە سـەر ئێسـقان، بـۆی هەیـە ئەو برینەی تێبکـاتەوە، ﴿ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ﴾، هەر کەسێك بیکاتە خێرو چاکـە، ئەوە بۆ ئەو دەبێتە مایەی سڕانەوە، واتە: ئەگەر کەسێك لەلایـەن

کەسێکەوە دەستدرێژیی کرایە سەر خزمێکیو کوژرا، یان خۆی چاوی کوێر کرا، یان لووتی، دەستی شکا یان بڕا، لاقی بڕا یان شکا ، یان برینی تێکرا، هەرچی بوو، گوتی: لەبەر خوا دەتبەخشم، ئەوە بۆی دەبێتە مایەی سڕانەوەی گوناهی، بەڵام ئەگەر گوتیشی تۆڵەم دەوێ، هەقی تۆڵەشی هەیە، ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴾، وە هەر کەسێك دادوەریی‌و حوکم نەکات بەوە کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن ستەمکاران، هی پێشێ فەرمووی: ئەوانەن کافران، ئەمەیان دەفەرموێ: ئەوانەن ستەمکاران، چونکە هی پێشێ باسی ئەوەبوو کە ئایا شەریعەتی خوای قبووڵە کە، یان قبووڵ نیە؟ لە ترسی خەڵك‌و لەبەر تەماع دەست لە شەریعەتی خوا هەڵدەگری، یان هەڵناگریێ؟! بەڵام لەمەدا باس باسی هەقی خەڵکە، ئاشکرایە هەر کەسێك شەریعەتی خوا لە ترسان یان لە برسان دەست لێ هەڵبگرێ بە کافر دادەنرێ، بەڵام هەر کەسێك هەقی خەڵك پێشێل بکات، ستەمکار دەردەچێ، ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ﴾، وە بە شوێنیاندا عیسای کوڕی مەریەممان نارد، واتە: بە دوای ئەو پێغەمبەرانەی پێشوودا عیسامان نارد، ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ﴾، لە حاڵێکدا بەڕاستدانەری ئەو تەوراتە بوو کە لە پێش دەستییەوە بوو، ئەو تەوراتەی کە لە پێش ئەودا نێردرابوو، عیسا علیه السلام ئەو تەوراتەی بە ڕاست دادەنا، ﴿وَءَاتَيْنَـٰهُ ٱلْإِنجِيلَ ﴾، وە ئینجیلیشمان پێدا، عیسا تەوراتی بە ڕاست دادەناو تەوراتیش لەبەردەستیاندا بوو، بەڵام خوای کاربەجێ ئینجیلیشی پێدا، بۆئەوەی ئەو شتانەی جوولەکەکان تێیاندا کەوتبوونە ڕاجیایی یەوە لە تەورات دا، بۆیان ڕوونبکاتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا جَآءَ عِيسَىٰ بِٱلْبَيِّنَـٰتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِٱلْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى تَخْتَلِفُونَ فِيهِ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٦٣﴾ ﴾ الزخرف، واتە: وە کاتێك عیسا بە بەڵگە ئاشکرایەکانەوە هاتە لایان، گوتی: حیکمەتم بۆ هێناون، وە بۆئەوەی هەندێك لەوەی کە ئێوە تێیدا کەوتوونەتە ڕاجیایی، بۆتان ڕوون بکەمەوە، دەجا

پارێز لە خوا بکەن‌و فەرمانبەرییم بکەن. وە هەندێك یاسای تازەش کە سەردەمی عیسا سەلامی خوای لێبێ دەیخواستن، نێردرابوونە خوار لە ئینجیلدا، ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ ﴾، وە ئینجیلمان بە عیسا دابوو، کە ڕێنمایی تێدابوو، وە ڕووناکیی تێدابوو، ڕێنمایی "وەك گوتمان" دەگونجێ مەبەست پێی لایەنی بووناسیی‌و، جیهانبینیی‌و، عەقیدەو ڕەوشت‌و ئاکاربێ، وە ڕووناکیی دەگونجێ مەبەست پێی لایەنی حەڵاڵ‌و حەرام‌و ئەمرو نەهی‌و بەرنامەکانی ژیان بێ، ﴿ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ﴾، وەك چۆن عیسا تەوراتێك کە لە پێش دەستی ئەودا نێردراو بوو، بە ڕاستی دەزانی‌و بە ڕاست دانەری تەورات بوو، ئینجیلیش کە بە عیسا درابوو، ئەو ئینجیلەش دیسان تەوراتی بە ڕاست دادەنا، لە هەردووکیان دا دووبارە کراوەتەوە، ﴿ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴾، وشەی (هدى) جارێکی دیکەش دووبارە بۆتەوە، واتە: وە ڕێنمایی‌و ئامۆژگاریی بوو بۆ پارێزکاران، لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿ وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ ﴾، وە با خاوەنانی ئینجیل، (واتە: نەصرانییەکان) دادوەریی بکەن بەوەی کە خوا تێیدا ناردوویەتە خوار، با حوکمڕانیی پێ بکەن، دیارە ئینجیلیش تەورات بە ڕاست دەزانێ، کەواتە: پابەندبن بە تەوراتیشەوە، بۆیە ئێستا تەورات‌و ئەو کتێبانەی دیکەی لەگەڵێنی‌و هەر چوار ئینجیلەکان‌و نامەکان هەموویان لە دوو توێی کتێبێك دان بەناوی (الكتاب المقدس) ئینجیلەکانیش لە نێو حەفتا ئینجیلدا چواریان لێ هەڵبژاردوون، بۆیە ئەوەی ئەهلی ئیسلام هەیەتی کەس نیەتی، کاتێك (پەیمانی کۆن) و (پەیمانی نوێ) دەخوێنیەوەو لەگەڵ قورئان بەراوردیان دەکەی، ئاسمان‌و ڕێسمانیان بەینە، هەڵبەتە ناڵێین ئێستا لە تەورات‌و ئینجیلدا هیچ قسەیەکی خوایان تێدا نەماوە، بەڵام هەڵەو پەڵەو گۆڕانکاریی زۆریشیان تێدا کراوە، وە بەڕاستیی کە لەگەڵ قورئاندا بەراوردیان دەکەی، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێین: هەر خوایان یەکە!!

ئنجـــا خـــوا دەفـــەرموێ: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴾، وە هـەر کەسـێك حـوکم نـەکات بـەوەی خـوا ناردوویەتـە خـوار، ئـا ئەوانەن لارێیـان، جاری یەکـەم فەرمووی: ئا ئەوانەن کـافران، جاری دووەم فـەرمووی: ئـا ئەوانـەن سـتەمکاران، ئـەمجارە دەفـەرموێ: ئەوانـەن لارێیـان، وەك باسمـان کـرد لەبەرئەوەی جاری یەکەم باس باسی ئەوەیـە کە بەرنامەو ئایاتەکانی خوا بهێڵدرێنەوە، یـاخود لـە ترسـانو لـە برسـان وەلابنـرێنو، لـە ژێـر فشـاری تـرسو بیـمو بەرژەوەنـدیـی دا، دەسـتیان لـێ هەڵبگیـرێ؟! بۆیـە لەوێـدا دەفـەرموێ: هـەر کەسـێك حـوکم نەکـات بـەوەی کـە خـوا ناردوویەتـە خـوار، ئەوانـەن بێبـڕوا، چـونکە کەسـێك دەستبەرداریی دینی خـوابێ لە ترسانو لە برسـان، مانـای وایـە بێـبڕوایە، بـەڵام ئـەوەی دیکـە، چونکـە بـاس باسی تۆڵـە بوو، دیارە هەر کەسێك حوکـم نەکات بـە دینـی خـوا، لـە بـواری هـەقو مـافی خەڵـکدا، ئـەوە سـتەمی کـردوە، لێرەشـدا کـە بـاس باسـی ڕەوشـتو ئـەدەبو ڕەفتـارو لایـەنی مەعنەوییـە، هـەر کەسـێك لـەو ڕووەوە لـە وەحـی خـوا لابدات، ئەوە تووشـی لارێ بـوونو گوناهبـاریی دەبـێ.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞ ﴾، بۆ زانیارییتان: خاوەن کتێبەکان، واتە: جوولەکەو نەصرانییەکان ئێستا یەك کۆمەڵە کتێبیان هەیە، هەموویان لە ژێر ناوونیشانی، یاخود لە نێو دوو بەرگی کتێبی پیرۆز (الکتاب المقدس)دا کۆدەبنەوە، ئەو (الکتاب المقدس)ە، کە بە ئینگلیزی (Holy book)ی پێدەڵێن، ئەوە دەبێتە دوو بەش: (پەیمانی کۆن)و (پەیمانی نوێ)، پەیمانی کۆن، تەوراتی تێدایە، لەگەڵ چەند کتێبێکی دیکە بۆ وێنە: زەبووری داوود، سروودەکانی داوود، پەندو حیکمەتەکانی سولەیمان، وە باسی عیسقیال‌و دانیاڵ‌و باسی کۆمەڵێك کەسایەتیی دەکات، کە دەڵێ ئەوانە پێغەمبەر بوون، هەروەها باسی زەکەرییاو یەحیاش دەکات، وە پەیمانی نوێش چوار ئینجیلەکان‌و نامەکانی بۆڵصی تێدان، ئنجا وەك چۆن قورئان سوورەت سوورەتە، تەوراتیش ئاوا چەند (سِفْر)ێکە، وەك: (سِفْر التكوين، سِفْر التثنية، سِفْر الخروج، سِفْر اللاويين، سِفْر العدد)، ئنجا هەر (سِفْر)ێك چەند (إصحاح)ێکە، وە هەر (إصحاح)ێکیش چەند ئایەتێکە، وەك چۆن ئێمە دەڵێین: قورئان (١١٤) سوورەتەو هەر سوورەتەش چەند ئایەتێکە، خوا دەفەرموێ: ئێمە تەوراتمان ناردۆتە خوار، ڕێنمایی‌و ڕووناکیی تێدایە، وەك پێشتریش باسم کرد، ئەو دوو وشەیە هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەوانە وشەی هاوواتا (مُترادف)ن، واتە: بێژەکەیان لێك جیایە، بەڵام ماناکەیان یەکە، بەڵام من پێموایە وشەی: (مُترادف) لە قورئاندا هەر نیە، وە هەر وشەیە مانایەکی سەربەخۆی خۆی هەیە، (هُدی) واتە: ڕێنمایی، (نور)یش یانی: ڕووناکیی، ئینسان لە ژیانی دا پێویستی بە دوو شتان هەیە: بووناسیی، کە تێبگات ئینسان چییە؟ بوونەوەر چییە؟ لە کوێ هاتوە؟ بۆچی هاتوە؟ بۆ کوێ دەچێتەوە؟ کێ هێناویەتی؟ دەبێ چی بکات؟ چۆن بکات؟ ئەوە پێی دەگوترێ: بووناسیی (معرفة الوجود)، وە ئیمان‌و عەقیدە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوە لەلایەك، بەڵام وێڕای ئەوە ئینسان پێویستیشی بە بەرنامەیەك هەیە، کە پێی بڵێ: حەڵاڵ چییە؟ حەرام چییە؟ چاکە چییە؟ خراپە چییە؟ ڕاست چییە؟ چەوت چییە؟ چی بکات؟

چـۆنی بکــات؟ لــە چوارچێــوەی خــودی خۆیــدا، لــە چوارچــێوەی خێزانــدا، لــە چوارچێوەی کۆمەڵدا، لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـدا، لەگـەڵ میللەتــانی دیکــەدا چۆن مامەڵە بکات؟ ئەوەش پێی دەگوتــرێ: ڕووناکــیی، بۆیــە مــن پێمــوایە: (هُدى) واتــە: بووناســـیی و عەقیـدە، وە (نور)یــش واتــە: حــەڵاڵ و حــەرام و چاکــەو خراپــەو ئــەو یاسایانەی شەریعەت کە خوا ناردوونیــە خــوار.

**مەســـەلەی دووەم:** کــە دەفەرمــوێ: ﴿ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ ﴾، پێغەمبــەرانێك (علـيهم الصـلاة والسـلام) کــە ملکەچبوون، بەو تەوراتە حوکمیــان دەکـرد، بـۆ کــێ ملکــەچبوون؟ بـۆ خــوا، ئـەدی حوکمیـان بـۆ کـێ پێـدەکرد؟ دەفـەرموێ: ﴿ لِلَّذِينَ هَادُواْ ﴾، لـە نێـو جوولەکەکانـدا حوکمیـان پێـدەکرد، ﴿ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ ﴾، وە مشــوورخۆرەکان و زاناکانیـان ئەوانیش ئیشـیان بە تەورات دەکرد، لە نێو جوولەکەکانـدا، لێرەدا پرسـیارێك دێتـە پێشــێ: ئیسـلام واتە: ملکــەچیی، لێرەدا خــوای باڵادەست دەفەرموێ: ﴿ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ ﴾، پێغەمبەرانێــك (علـيهم الصــلاة والســلام) کــە ملکــەچبوون حوکمیــان بــە تــەورات دەکــرد، ئــەو پێغەمبەرانــە مســوڵمان بــوون، ملکەچبوون، جا توێــژەرەوانی قورئــان دەڵـێن: ملکــەچبوون بـۆ خــوا، شتێك نیـە پێغــەمبەرانی پــێ مــەدح بکرێــن، چونکە مســوڵمانێکی سادەش بـۆ خــوا ملکــەچە، ئــەدی وەڵامــی ئەمــە چییە؟ توێـژەرەوان زۆر شـتیان گوتـوە، بــەڵام مــن پێمــوایە، وشــەکانی ئیمـان، ئیســلام، تەقــوا، عیبــادەت، ئیحســان، پشــت بــە خــوا بەســتن (توکل)، ئەوانــە هــەموویان تەنیــا یــەك پلەیــان نیــە، بــەڵکو هــەر کامێـك لەوانــە، چــەندان پلـەی هەیــە، وە ئیســلامەتیی و ئیمـان و تەقــواو عیبــادەت و ئیحســان و پشــت بــە خــوا بەســتنی پێغــەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) جیــابوون، لـە هـی خەڵـکی دیکـە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ ﴾، پێغەمبەرانێك کـە ملکەچبوون بـۆ خــوا حوکمیـان پێـدەکرد، ملکەچیی پێغەمبـەران

(علیهم الصلاة والسلام) لووتكەی ملكەچییە بۆ خوا، بەلاّم ملكەچیی خەڵكی دیكە لە قەدەر خۆیانە، بۆیە خوای بەرز نەك هەر لێرە، بەڵكو لە سووڕەتی (البقرة)دا دەربارەی ئیبراهیم دەفەرمویّ: ﴿ وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ ۚ وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٣٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾ ﴾، واتە: كاتێك پەروەردگاری پێی فەرموو: ئیسلام ببە، ملكەچبە، (ئیبراهیم) گوتی: ملكەچبووم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان. دیارە ملكەچیی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێ، كە (خَلِیل الله)یە لە لووتكەی ملكەچیی دایە بۆ خوا، كەواتە: وشەی (أسلموا) هەر لەسەر مانای خۆیەتی بەلاّم ملكەچیی پێغەمبەران لە قەدەر خۆیانە، هی خەڵكی دیكەش لە قەدەر خۆیەتی، هەروەها ئیمانو تەقواو تەزكیەو باقی سیفەتەكانی دیكەشیان بە هەمان شێوەیە.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ ﴾، واتە: حوكمیان بە تەورات دەكرد، بۆ جوولەكان، هەڵبەتە تەورات تایبەت بووە بە گەلی جوولەكەوە، وە بۆ زانیارییتان دینی جوولەكە دینێكی داخراوە، وەك دینی یەزیدییەكان، كەس دەعوەت ناكەن، جوولەكە بانگەواز ناكەن خەڵك بكەنە جوولەكە، هەروەها یەزیدییەكانیش كەس ناكەنە یەزیدیی، لەبەرئەوەیە ئەوانە هەر لێیان كەم دەبێو لێیان زیاد نابێ، ئەگەرنا جوولەكە مێژووەكەیان نزیكەی سێ هەزارو پێنج سەد ساڵە، ئایا دەبووایە ئێستا هەر ئەوەندەبن؟!! ڕەنگە لە هەموو دنیا ژمارەیان بگاتە بیست ملیۆنێك كەمتریان زیاتر، ئەو دەوروبەرە، بەلاّم دەبووایە زۆر زیاتربن، بەس لەبەرئەوەی دینێكی داخراوە، لێیان دەبێتە مسوڵمان، دەبێتە نەصرانیی، یان دەچنە سەر دینی دیكە، بەلاّم لێیان زیاد ناكات، چونكە ئەوانە بڕوایان بە پاكیی ڕەچەڵەكو خوێنی خۆیان هەیەو دەڵێن: نابێ كەس تێكەڵ بە ئێمە ببێ، ﴿ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ ﴾، هەندێك گوتوویانە: ڕەببانیی زانای نەصرانیین، ئەحباریش زانای جوولەكەكانن، بەلاّم لەڕاستییدا وانییە، وەك من لە بەرگی دووەمی ئەم تەفسیرەدا لە سووڕەتی (آل عمران)دا بە تەفصیلْ باسم كردوە، لەو

شـــوێنەدا کـــە دەفـــەرموێ: ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَـٰكِن كُونُوا۟ رَبَّـٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَـٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾، ڕەببـــــــانیی واتــــــە: مشوورخۆر، بەرپرس، ولآت هەڵسووڕێنـەر، ئنجـا (أحبـار)یش کە کۆی (حِبـَرْ)ە[1]، واتـە: زانـاو شـارەزا، ڕێنمـایی خـەڵك دەکـات، بـەلآم مشـوورخۆر نیـە، جـا مـەلای گـەورەی کۆیـی هـەزار ڕەحمـەتی لـێ بـێ، قسـەی جوانی هـەن، لـە یـەکێك لـە قسـەکانی دا دەڵـێ: (مـەلای وایـە لەسـەر دەفتـەرێ دەوڵەتـت بـۆ تەشـکیل دەکـات، بـەلآم چـوار نەفـەرانی تەسـلیم بکـە، ناتوانـێ نانیـان بـداتێو سـەروبەریان بکـاو ئیشـیان ڕاپەڕێنـێ) مشوورخـواردن جیایـە لـە قسـەکردن، کـوردەواریی خۆشـمان دەڵێن: (ئیشـکەرت بمـرێ، بـەس مشـوورخۆرت نـەمرێ) زۆر کـەس دەزانـێ ئیشـێ بکات، بەلآم کـەم کـەس دەزانێ مشـووری بخوات، زۆر کـەس دەتوانـێ زانابـێو قسە بکاتو ئایەتو حەدیسـان بێنێ، بەلآم کەم کەس دەتوانـێ ئەو ئایەتو حەدیسـانە لە شوێنی خۆیدا دابنێ، وە خەڵکیان لەسەر پەروەردە بکـات، کۆمەڵـگا دروسـت بکاتو خەڵك بگۆڕێ، ئەوە بە هەموو کـەس ناکرێ، (الرَّبَّانِيُّون) ئەوانـەن کە مشـوورخۆرن، بە زانیارییەکـەیان خـەڵك دەگۆڕن، تەگبیـرو سەرپەرشتی کاروبـاری خـەڵك دەکەن، بەلآم (الأحبار) زانایانو شارەزایانن، بەلآم مەرج نیە، ڕابەرو مشـوورخـۆربن.

**مەســـەلەی ســـێیەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَـٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ ﴾، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە پارێزگـاریی لێکردنـی کتـێبی خـوایان پێسـپێردرابوو، وە بەسـەریشییەوە چاودێر بوون، لێـرەدا شـتێکمان بـۆ دەردەکـەوێ، خـوا پاراسـتنی تـەوڕاتی بـە کـێ سـپاردوە؟ دیـارە بـە ڕەببانییـەکانو بـە ئەحبـار، زانایـانو مشـوورخۆرانی جوولەکـە، بـەلآم پاراسـتنی قوڕئـانی بـە کـێ سپاردوە؟ بە خۆی، وەك دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾الحجر، واتـە:

١) المعجم الوسيط، ص١٥١، وشەی (حَبْر)، یان (حِبر) بە (أحبار) و (حبور)یش کۆدەکرێتەوە.

ئێمە خۆمان قورئانمان دابەزاندوە، وە خۆشمان پارێزەرینی، ئنجا تەماشا بکەن! شتێك ئینسان بیپارێزێ لە قەدەر خۆی دەیپارێزێ، شتێکیش خوا بیپارێزێ لە قەدەر خۆی دەیپارێزێ، تەوراتێك کە پاراستنی بە ڕەببانییەکانو ئەحبار سپێردرابوو، ئەوە بۆخۆتان دەیبینن، چۆن دەستکاریی کراوەو گۆڕدراوە، قورئانیش کە خوا بۆخۆی بە ئەستۆیەوە گرتوە بیپارێزێ، ئەوەتا تەماشا دەکەین نەك وشەیەك پیتێکیشی لێ نەگۆڕاوەو دەستکاریی نەکراوە، ئەوەش جیاوازیی نێوان قورئانو کتێبەکانی دیکەی خوایە، ئەگەرنا هەموویان هەر فەرمایشتی خوا بوون، چونکە جاری وایە هەندێ مسوڵمان لەبەر دەمارگیریی بۆ مسوڵمانەتیی، ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبێ، کە باسی تەوراتو ئینجیلو زەبوورو صوحوف دەکات، وا دەزانێ ئەوانە لە خوار قورئانەوەن! نەخێر هەموویان لە یەك ئاست دان، لەو ڕووەوە کە فەرمایشتی خوان، بەڵام ئەو کتێبانە، خوای کاربەجێ بۆ قۆناغێکی دیکەو هەلومەرجێکی دیکەو میللەتانێکی دیکە ناردوونی، پاشان دەستکارییش کراونو گۆڕدراویشن، ئەگەر وەك خۆشیان مابانەوە هەر باش بوو، بەڵکو وەك خۆشیان نەماونەوە، بۆیە ئەگەر وەك خۆشیان مابانەوەو نەشگۆڕدرابان، بۆ ئێستا بەکەڵك نەهاتبان، عەجایب نەبوو، چونکە خوای زاناو شارەزا بۆ ئێستای نەفەرموون، بەڵکو بۆ هەزاران ساڵ لەمەو پێشی فەرموون، ئەگەرنا لەو ڕووەوە کە فەرمایشتی خوان، وەك یەکن، بۆیە لە سووڕەتی (البقرة)دا خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿١٣٦﴾ ﴾، واتە: بڵێن: بڕوامان بە خوا هێناوەو، بەوە کە بۆ لامان نێرراوەتە خوار، وە بەوە کە بۆ لای ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو نەوەکانی نێرراوەتە خوار، وە بەوە کە بە مووساو عیسا دراوەو، بەوە کە بە سەرجەم پێغەمبەران دراوە، لە پەروەردگاریانەوە، جیاوازیی ناخەینە نێوان هیچ کامیانەوە، وە ئێمە بۆی ملکەچین.

کەواتە: مسولْمان کراوەیە بە ڕووی هەموو خاوەن ئایینو خاوەن کتێبە ئاسمانییەکاندا، ئەگەر کتێبەکەشیان گۆڕدرابێ، دەڵێین: مادام ئیددیعای ئەوە دەکەن کە کتێبێکتان لە خواوە لە ئاسمانەوە بۆ دابەزیوە، بەو جۆرە مامەڵەتان لەگەڵ دەکەین کە خاوەن کتێبی ئاسمانیین، بەڵکو بە ڕووی هەموو خاوەن فیکرەیەکی دیکەوە، وەك بەشەر کە خوا ڕێزی لێناوە، بەڵام دیارە ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانییان لەبەردەست دایە، لە شەریعەتی ئیسلامدا ئیمتیازیان پێدراوە، ژنو ژن خوازیان لەگەڵدا دروستەو، سەربڕاویان دەخورێو خواردنیان دەخورێو، تێکەڵیی زیاتریان لەگەڵ دەکرێ.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا﴾، دیارە کاتی خۆی خوای پەروەردگار ئاوای بە جوولەکەکان فەرمووە، بە ڕەببانییەکانو ئەحباری فەرمووە: لە خەڵك مەترسێنو لە من بترسێن، وە بە ئایەتەکانی من نرخێکی کەم مەکڕن، ئنجا ئایا بۆچی دەفەرموێ نرخی کەم؟ چونکە ئینسان هەرچی لە بەرانبەر دینی خوادا وەربگرێ، هەر کەمە، ئەگەر هەموو دنیاش بێ، خوای دادگەر بۆ خۆی زاناو شارەزایە بە هەموو شتێك، دەزانێ کە لادان لە جادەی شەریعەت لەلایەن زانایانەوەو، لەلایەن مشوورخۆرانی مسولْمانانو ئەهلی دینەوە، هەمیشە یان لە ترسانە، یان لە برسانە، بۆیە دەفەرموێ: لە خەڵك مەترسێن، لە من بترسێن، وە لەبەر تەماعو چاوچنۆکییو دنیا ویستیی، لە ڕووی ئابوورییەوە، ئایەتەکانی من بە نرخێکی کەم مەگۆڕنەوە.

**مەسەلەی پێنجەم:**

# ڕای زانایان لەبارەی حوكمڕانێكەوە كە حوكم بە شەریعەت ناكات

كە دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾، دیارە زانایان دەربارەی ئەو ڕستەیەو ئەو دوو ڕستەیەی دیكەش، كە دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾، ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ زۆر قسەیان كردوە، ئێمە سەرەتا قسەكانی ئەوان دێنین، دوایش چیمان پێ ڕاست بوو دەیخەینە ڕوو:

هەڵبەتە زۆربەی تەفسیرەكان ئاماژەیان بە ڕاجیایی زانایان كردوە، لە تەفسیركردنی ئەو سێ ئایەتەدا، بە تایبەتی یەكەم كە دەفەرموێ: هەر كەسێك حوكم نەكات بەوەی كە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن بێبڕوایان، وە ئەو تەفسیرانەی من سەرنجم داون، زۆرن، بەڵام ئەوانەیان كە تا ڕادەیەك ڕاجیایی زانایانیان باش خستۆتە ڕوو، ئەم پێنجەن:

١/ (التفسیر الكبیر)ی (فخرالدین الرازي)، بەرگی (٦) لاپەڕە (٥٦٦).

٢/ (الجامع لأحكام القرآن)ی (القرطبي) بەرگی (٦) لاپەڕە (١٦٧ - ١٦٨).

٣/ (روح المعاني)ی (الآلوسي) بەرگی (٣) لاپەڕە (٤٤٣ - ٤٤٤).

٤/ (محاسن التأويل)ی (جمال الدين القاسمي) بەرگی (٤) لاپەڕە (٢١٥ - ٢١٦).

٥/ (التحرير والتنوير)ی (مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) بەرگی (٣) لاپەڕە (٢١١ - ٢١٢).

من هەوڵدەدەم سەرەتا پوختەی قسەی زانایان دەربارەی ئەو سێ ئایەتە بێنم، وە دوایيش بیروڕاو بۆچوونی خۆم لە حەوت کورتە خاڵدا دەخەمەڕوو:

ئێستا بە پێویستی دەزانم ئەم ڕوونکردنەوەیەی (فخرالدین الرازي) بێنم کە لە تەفسیرەکەی خۆیدا بە ناوی (التفسیر الکبیر)[1] کە بە (مفاتح الغیب) بە ناوبانگە، هێناویەتی، ڕای زانایان بەگشتی دەربارەی ئەم ڕستە قورئانییە، دەکاتە پێنج (٥) ڕا، وە لەو پێنجەش چوار ڕایان بە بێهێز دەزانێ، و، یەکێکیان هەڵدەبژێرێ، دەڵێ: {﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٤٤﴾.

**الأَوَّل**: أَنَّ هَذِهِ الآية نَزَلَتْ فِي اليَهُود فَتَكُون مُخْتَصَةً بِهِمْ، وَهَذَا ضَعِيفٌ لأَنَّ الإِعتِبَار بِعمُومِ اللَّفْظِ لابِخصُوصِ السَّبَبِ، وَمِنْهُمْ مَنْ حَاوَلَ دَفْعَ هَذَا السُّؤَال، فَقَالَ المُرَادُ (وَمَنْ لَمْ يَحْكُم مِنْ هَؤلاءِ الَّذِينَ سَبَقَ ذِكرُهُم بِمَا أَنْزَلَ اللّهُ فَأُولئَكَ هُمُ الكَافِرون)، وَهَذَا أَيضَاً ضَعِيفٌ، لأَنَّ قَوْلَهُ وَمَن ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ كَلاَمٌ أَدْخَلَ فِيهِ كَلِمَةَ (مَنْ) فِي معرض الشَّرْطِ فَيَكُون لِلْعمُومِ، ثُمَّ زِيَادَةٌ فِي النَّصِ وَذَلِكَ غَيْر جَائِز.

**الثَّانِي**: قَالَ عَطاء هُوَ كُفْرٌ دُونَ كُفْرٍ، وَقَالَ طَاوُس: لَيْسَ بِكُفْرٍ يَنْقُلُ عَنِ المِلَّةِ كَمَنْ يَكْفُرُ بِاللّهِ وَاليَوْمِ الآخر، فَكَأَنَّهُمْ حملوا الآية عَلَى كُفْرِ النِّعْمَةِ لا عَلَى كُفْرِ الدِين، وَهُوَ أَيضَاً ضَعِيفٌ، لأَنَّ لَفظ الكُفْرِ إِذَا أُطْلِقَ انْصَرَفَ إِلى الكُفْرِ فِي الدِين.

**الثَّالِث**: قَالَ ابْنُ الأَنْبَارِيُّ: يَجُوزُ أَنْ يَكُون المَعْنَى ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾، فَقدْ فَعَلَ فِعْلاً يضَاهِي أَفْعَال الكُفَّارِ، وَيُشْبِهُ مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ الكَافِرِينَ، وَهَذَا ضَعِيفٌ أَيضَاً لأَنَّهُ عدول عَنِ الظَّاهِرِ.

**الرابع**: قَالَ عَبْدُ العَزِيز بْن يَحيى الكِنَانِيُّ: قَوْلُه: ﴿بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾، صِيغَةُ عمُومٍ فَقَوْلِهِ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾، مَعْنَاهُ مَنْ أَتَى بِضدِّ حُكم

---

١) ج٦، ص٥٦٦.

اللّه تَعَالَى فِي كُلّ مَا أَنْـزَلَ اللّه فَأُولِـئَكَ هُمُ الكَـافِرون، وَهَذَا حَقّ لأَنَّ الكَـافِر هُوَ الّـذِي أَتَى بِضدّ حُكْم اللّه تَعَالى، في كُلّ مَا أَنْزَلَ اللّه، أَمَّا الفَاسِـقُ فَإِنَّهُ لَمْ يَأْتِ بِضدّ حُكْم اللّه إلاّ في القَلِيل وَهُوَ العَمَل، أَمَّا فِي الإِعتِقَـاد وَالإِقْرار فَهُوَ مُوَافِق، وَهَذَا أَيْضَـاً ضَـعِيفٌ لأَنَّهُ لَوْ كَانَت هَذِهِ الآيَـةُ وَعِيدَاً مَخْصُوصَـاً بِمَنْ خَالَفَ حُكم اللّه تَعَالـى فِي كُـلّ مَـا أَنْزَلَ اللّه تَعَالـى، لَمْ يَتَنَـاوَلُ هَـذَا الوَعِيـد اليَهُـود بِسَبَبِ مُخَالَفَتِهِم حُكْم اللّه فـي الرَّجْـم، وَأَجْمَعَ المُفَسّرونَ عَلَى أَنَّ هَذَا الوَعِيـد يَتَنَاوَل اليَهُود بِسَـبَب مُخَـالَفَتِهِم حُكم اللّه تَعَالـى فِي وَاقِعَة الرّجم، فَيَدل عَلَى سقُوطِ هَذَا الجوَاب.

**الخامس**: قَالَ عِكْرَمَة: قَوْله: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾، إنَّمَا يَتَنَـاوَلُ مَنْ أَنْكَرَ بِقَلْبِهِ وَجَحدَ بِلِسَانِهِ، أَمَّا مَنْ عَرَفَ بِقَلْبِهِ كونهُ حُكْم اللّه وَأَقرَّ بِلِسَـانِهِ كونهُ حُكْم اللّه إلاّ أَنَهُ أَتَى بِمَا يُضادُّهُ فَهُوَ حَاكِمٌ بِمَا أَنْزَلَ اللّه تَعَالى وَلَكِنهُ تَارِك لَهُ، فَلاَ يَلْزَمُ دَخُولُهُ تَحْتَ هَذِهِ الآية، وَهَذَا هُوَ الجوَابُ الصَحِيحٌ وَاللّهُ أَعْلَم)}.

واتە: (هەر کەسێك بەوە حوکم نەکات کە خوا ناردوویەتە خوار، ئەوانەن کافران)، لەوبارەوە ئەم پێنج رایە هەن:

<u>رای یەکەم</u>: دەربارەی ئەم رستە قورئانییە ئەوەیە، کە ئەم رستەیە دەربارەی جوولەکەکان هاتۆتە خوار، کەواتە: تایبەتە بەوانەوە، بەلاّم ئەوە رایەکی بێهێزە، چونکە عیبرەت بە واتای گشتی وشەکانو بێژەکانە، نەك بە تایبەتمەندیی هۆی هاتنە خوار، {واتە: با دەربارەی جوولەکەکان بەتایبەت هاتبێتە خوار، بەلاّم واتای ئایەتەکە گشتییە، ئەوەش دیارە بنچینەیەکی شەرعییە، زانایان دەڵێن: (إنَّ خصُوصَ السَّبَبِ لايَمْنَعُ شمُولَ المَعْنَى) واتە: تایبەتمەندبوونی هۆکاری هاتنە خوار، ڕێگا ناگرێ لە گشتگیریی واتایەکەی}.

وە گوتوویانە: مەبەست لەو ڕستە قورئانییە ئەوەیە: (وَمَنْ لَمْ يَحْكُم مِنْ هَؤلاءِ الّذِينَ سَبَقَ ذِكرُهُم بِمَا أَنْزَلَ اللّه فَأُولِئَكَ هُمُ الكَافِرون)، ئەو زیادەیەی تێدەخرێ، واتە: هەر کەسێك حوکم نەکات "لەوانەی کە پێشتر باس کران" بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، ئەوە ئەوانەن بێبڕوایان، بەلاّم ئەوەشیان ڕایەکی بێهێزە، چونکە کە خوا دەفەرموێ: (وَمَنْ لَمْ يَحْكُم بِمَا أَنْزَلَ اللّه) ئەوە

قسەیەکە لە باسی مەرج دا، (مَن)ی خراوەتە سەرێ، کەواتە: واتاکەی گشتییە، پاشان ئەو زیادە تێدا تەقدیر کرانەی ئەو ئایەتەش، هیچ پاساوێکی بۆ نیەو دروست نیە.

ڕای دووەم: (عَطَاء) گوتوویەتی: مەبەست لە کوفر لێرەدا (هُوَ كُفْرٌ دُونَ كُفْر)ە، واتە: مەبەستی پێ کوفری گچکەیە، نەك کوفری گەورە، (کوفری گچکە واتە: گوناهباریی)، وە طاووس گوتوویەتی: ئەوە کوفرێك نیە ئینسانی پێ لە دین بچێتە دەرێ، وەك کەسێك کە کوفر بە خواو بە ڕۆژی دوایی دەکات، جا (فخر الدین الرازي) دەڵێ: وا دێتە پێش چاو ئەوان ئەو وشەیان بە کوفرانی نیعمەت، لێکداوەتەوە.

منیش دەڵێم: {بەلام ناشگونجێ مەبەستیان پێی کوفرانی نیعمەت بێ، وەك ئیمام فەخرەددینی ڕازی دەڵێو ئەو ئەگەرەی داناوە، بەڵکو مەبەستیان هەر ئەو کوفرەیە، کە بە مانای گوناه (معصیة)ە، چونکە لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ هەندێ لە گوناهە گەورەکان بە کوفر ناوبراون، بۆ وێنە ئەم فەرمووده: ﴿اثْنَتَانِ فِي النَّاسِ هُمَا بِهِمْ كُفْرٌ: الطَّعْنُ فِي النَّسَبِ، وَالنِّيَاحَةُ عَلَى الْمَيِّتِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٠٤٣٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٧) وَأَبُو عَوَانَة برقم: (٦٤) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ}، واتە: تانەو تەشەر دان لە ڕەچەڵەك و شینگێڕان لەسەر مردوو، کوفرن، واتە: سیفەتی کافرانن}[1]، دەڵێ: بەلام ئەو ڕایەش بێهێزە، چونکە وشەی کوفر کاتێك بە ڕەهایی دێ، یەکسەر مەبەست پێی کوفرە لە دیندا، نەك مەبەست پێی گوناهی گەورە، یان کوفرانی نیعمەت بێ.

ڕای سێیەم: (ابْنُ الأَنْبَارِيُّ) کە یەکێکە لە زانایان، گوتوویەتی: دەگونجێ مەبەستەکە ئاوابێ، واتە: هەر کەسێك حوکم نەکات بەوەی خوا ناردوویەتە خوار، ئەوە کردەوەیەکی کردوە وەك کردەوەی کافران، لەبەرئەوە وەك کافران دەچێ. دەڵێ: دیسان ئەو ڕایەش بێهێزە، چونکە لادانە لە ڕواڵەتیی وشەکە بەبێ پاساو.

---

١) ئەوەی نێوان دوو کەوانەکان زیادی خۆمە.

ڕای چوارەم: عەبدولعەزیزی کوڕی یەحیای کینانیی گوتوویەتی: کە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، دەڵێ: ئەوە وشەیەکی گشتییە، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، واتە: هەر کەسێك بەرنامەیەك بێنێ پێچەوانەی بەرنامەی خوای بەرز بێ، لە هەموو ئەو شتانەدا کە خوا ناردوونیە خوارێ، ئەوە ئەو کەسە بێبڕوایە، بەڵام مسوڵمانی گوناهبار، (فاسق) لە هەموو ئەوانەدا کە خوا ناردوونیە خوارێ، پێچەوانەکەیان ناهێنێ، بەڵکو لە بەشێکی دا دەیهێنێ، کە بریتیە لە کردەوە، بەڵام بڕوا پێبوونیو، دان پێداهێنانی بە زمان ئەوە لە جێی خۆیەتی، بۆیە ئەمە ئەوە ناگرێتەوە، دەڵێ: دیسان ئەو ڕایەش بێهێزە، چونکە ئەگەر مەبەست لەو ئایەتە هەڕەشەیەکی تایبەت بووایە لە کەسێك کە لە هەموو شتێکدا پێچەوانەی حوکمی خوا بجووڵێتەوە، ئنجا بیگرێتەوە، ئەوە ئەو کاتە ئەم ئایەتە کە ئەو هەڕەشەیەی تێدا هاتوە، جوولەکەکانی نەدەگرتەوە، چونکە جوولەکەکان لە یەك حوکمدا پێچەوانەی شەریعەتی خوا جووڵانەوە، کە ئەویش حوکمی سزادانی زیناکەر بوو، یاخود مەسەلەی خوێنی کوژراو، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکاندا هەیە.

ڕای پێنجەم: (کە ئیمام فەخرەددینی ڕازی ئەم ڕایە هەڵدەبژێرێ) (قَالَ عِكْرِمَة: قَوْله: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، إِنَّمَا يَتَنَاوَلُ مَنْ أَنْكَرَ بِقَلْبِهِ وَجَحَدَ بِلِسَانِهِ، أَمَّا مَنْ عَرَفَ بِقَلْبِهِ كونهُ حُكْمَ اللهِ وَأَقَرَّ بِلِسَانِهِ كونهُ حُكْمَ اللهِ إلاَّ أَنَهُ أَتَى بِمَا يُضَادُّهُ فَهُوَ حَاكِمٌ بِمَا أَنْزَلَ اللهُ تَعَالى وَلَكِنهُ تَارِك لَهُ فَلاَ يَلْزَمُ دَخُولُهُ تَحْتَ هَذِهِ الآيَة، وَهَذَا هُوَ الجَوَابُ الصَحِيحُ وَاللهُ أَعْلَم) واتە: عیکریمە گوتوویەتی: خوا کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، مەبەست پێی کەسێکە وێڕای ئیش پێنەکردنی ئایەتەکان، بە دڵیش بڕوای پێیان نیەو بە زمانیش نکووڵییان لێدەکات، دەڵێ: بەڵام کەسێك کە بە دڵ حوکمی خوا بناسێو بزانێ ئەوە حوکمی خوایەو پێی ڕاست بێ، وە بە زمانیش دانی پێدابێنێو بڵێ: ئەوە بەرنامەی خوایەو ڕاستو تەواوە، بەڵام بە کردەوە پێچەوانەی ئەوە ڕەفتار بکات، ئەوە لە ڕاستیدا بە دڵو بە زمان حوکمی بەوە

کردوە کە خوا ناردوویەتە خوارو، تەنیا بە کردەوە وازی لێهێناوە، بۆیە ناچێتە ژێر هەڕەشەی ئەم ئایەتەوە، وە بە کافر لە قەڵەم نادرێ، (ئیمام فەخرەددینی ڕازی دەڵێ:) وە ئەوەش وەڵامی ڕاستەو خواش زاناترە.

دیارە منیش تا ڕاددەیەك پشتگیریی ڕایەکەی دەکەم، بەڵام بەتەواوییش نا!!

بەڵام پێش ئەوەی ڕای خۆم بنووسم، ئەم دەقە دێنم، کە دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سێ ئایەتەن: ﴿عَنْ حُذَيْفَةَ أَنّ الآياتِ الثَلاث ذكرت عِنْدَهُ، فَقَالَ رجلٌ: إِنَّ هَذَا فِي بَنِي إِسْرَائيلَ، فَقَالَ حُذَيْفَةَ: (نِعْمَ الإِخْوَة لَكُمْ بَنُو إِسْرَائِيل، إِنْ كَانَ لَكُمْ كُلَّ حلوَة، وَلَهُمْ كُلَّ مُرَّة!! كَلاَّ وَاللهِ لِتَسْلُكُنَّ طَرِيقَهُمْ قِدَى الشِّراك)﴾ {أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: (٣٢١٨)، وقال صحيح الإسناد ولم يخرجاه، ووافقه الذهبي}[(١)]، واتە: ئەو سێ ئایەتە لە لای حوزەیفە خوێندرانەوە (کە باسی ئەوە دەکەن، کە کەسێك حوکم نەکات بەوەی خوا ناردوویەتە خوار، کافرن، ستەمکارن، لاڕێن) پیاوێك گوتی: ئەوە دەربارەی جوولەکەکان هاتۆتە خوارێ، حوزەیفەش گوتی: بەنی ئیسرائیل باشترین بران بۆ ئێوە، ئەگەر هەموو شتێکی شیرین بۆ ئێوەبێ و، هەموو شتێکی تاڵیش بۆ ئەوان بێ!! (یانی: ئەگەر هەردووکتان پێکەوە گوناهێك بکەن، ئێوە لەسەری سزا نەدرێن و، ئەوان لەسەری سزا بدرێن، یان ئەوان پێی کافربن و، ئێوەش تەنیا پێی گوناهباربن) دوایی گوتی: نەخێر سوێند بە خوا ئێوەش بە ڕێی ئەواندا دەڕۆن، چۆن لاسکی نەعل ڕێك بە نێو پەنجەکان دادێ، ئێوەش ڕێك بەوێدا دەڕۆن، چ سزایەك بۆ وان هەیە، هەمان سزاش بۆ ئێوە هەیە، (کە بێگومان ڕایەکەی زۆر جوانە).

جا من بەڕاستیی دوای ئەوەی دەربارەی ئەو سێ ئایەتە، زۆر تەماشای تەفسیرەکانم کرد، گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە لەو چەند خاڵەدا دەینووسم، وە شایانی باسیشە کاتی خۆی لە بەرگی چوارەمی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)یشدا ئەو ڕایەم خستۆتە ڕوو، ئەگەر کتومت واش نەبێ، هەروەها لە بەرگی (٣)ی کتێبی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)، کە لە زیندانی ئەمریکییەکاندا نووسیوومە، لەوێشدا باسم کردوە:

---

١) روح المعاني: ج٣، ص٤٤٤.

# بیروڕاو هەڵوێستم لەبارەی حوكمی كەسێكەوە، كە حوكم بە بەرنامەی خوا ناكات:

١/ ئاشكرایە كە ئەو چوار ئایەتە لە سیاقێكدا هاتوون كە باسی جوولەكەكان دەكات، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەكەشدا دیارە، كەواتە: ڕاستە ئەو ئایەتانە لەبارەی جوولەكەكانەوە هاتوون.

٢/ بەڵام بێگومان بەپێی بنچینەی (إِنَّ خصُوصَ السَّبَبِ لايَمْنَعُ شُمُولَ الـمَعْنَى) واتە: تایبەتمەندبوونی هۆكاری هاتنە خوار، ڕێگا ناگرێ لە گشتگیریی واتایەكەی، یانی: ئایەتێك دەربارەی كافرێك، جوولەكەیەك، نەصرانییەك هاتۆتە خوار، بەڵام ماناكەی گشتییە، تایبەتمەندبوونی هۆكار ڕێ ناگرێ لە گشتگیربوونی واتا، كەواتە: مسوڵمانانیش دەگرێتەوە، ئنجا بە لای زۆربەی زانایانیشەوە (شَرْعٌ مِن قَبلنا شَرْعٌ لَنَا إِذَا حُكِيَ مُقَرَّرًا وَلَمْ يُنْسَخْ) وەك (جمال الدين القاسمي) لە (محاسن التأويل)[١] هێناویەتی، واتە: بەرنامەو شەریعەتی پێغەمبەرانی پێشوو كە بۆمان دەگێڕدرێتەوە، بەرنامەی ئێمەشە بە مەرجێك كە بۆمان دەگێڕدرێتەوە، وەك دان پێداهێنان بۆمان بگێڕدرێتەوەو نەسخ نەكرابێتەوە، لێرەشدا خوای پەروەردگار وا دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾، ئەگەر گریمان مەبەست پێی ئەوانیش بێ، بەڵام بەرنامەی ئێمەشە، ئەوە ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایانە، بەڵكو من پێموایە دەبوو ڕای هەموو زانایان وابووایە، بۆچی؟ چونكە وانەبێ خوای كاربەجێ بۆچی بەسەرهاتی پێغەمبەران بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە؟ بۆچی لە سووڕەتی (الأنعام)دا دوای ئەوەی ناوی هەژدە لە پێغەمبەران دێنێ، دەفەرموێ: ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ...﴿٩٠﴾﴾، واتە:

١) ج ٦، ص٢١٩.

ئەوانە کەسانێکن خوا ڕێنمایی کردوون، تۆش بە دوای ڕێنمایی وان بکەوە.

کەواتە: پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ خوا مولزەمی کردوە، کە بە دوای ڕێبازی پێغەمبەران بکەوێ، وە ئەو بەرنامانەی کە لە خواوەش هێناویانن بە مەرجێك بزانین نەگۆڕدراونو نەسخ نەکراونەوە، لەڕاستییدا بە هی ئێمەش دادەنرێن، جگە لەو حوکمە شەرعییانەی کە دەزانین، تایبەتن بە خەڵکی ئەو ڕۆژگارانەوە بۆ وێنە: خوای کاربەجێ هەندێ شتی لەسەر جوولەکەکان قەدەغە کردوە، بە هۆی لادانو سەرپێچییانەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ فَبِظُلۡمٖ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتۡ لَهُمۡ وَبِصَدِّهِمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرٗا ﴿١٦٠﴾ ﴾ النساء، واتە: بە هۆی ستەمکردنی جوولەکەکانەوە شتی هەندێ خۆش و بە تامیان لێ قەدەغەکردن، وە بە هۆی ئەوە کە زۆر خەڵکیان لە ڕێی خوا لادەدا، ئەو کاردانەوە بووەو جیایە، بەڵام ئەویدیکە لە جێی خۆیەتی.

٣/ لە نێوان ڕای خەواریج کە دەیانگوت: (كُلُّ مَعْصِيَةٍ كُفْرٌ) واتە: هەر کەسێك گوناهێکی گەورە بکات پێی کافر دەبێ، بەڵکو هەندێکیان فەرقی گوناهی گەورەو گچکەشیان نەکردوەو گوتوویانە: هەموو گوناهێك گەورەیە، وە هەموو گوناهێکیش کوفرە، لەگەڵ ئەو ڕایەی مورجیئەدا کە گوتوویانە: (لا كُفْرَ إِلاَّ الكُفر الإعتقادِي وَاللِّسَانِي)، واتە: ئینسان تەنیا کاتێك کافر دەبێ، کە بە دڵ کافربێو بە زمان دانی پێدابێنێ، بەڵام کردەوەی خراپیان بە کوفر دانەناوە، گوتوویانە: کردەوە بەشێك نیە لە ئیمان، وە ئینسان هەرچەندە گوناهان بکات، ئیمانەکەی زەرەری پێناگات: (لا تَضرُّ مَعَ الإيمانِ مَعْصِيَة) بەڵێ دەڵێین: لە نێوانی ئەو دوو ڕایەدا، هی خەواریج کە تێیان پەڕاندوون، مورجیئەش کورتیان هێناوە، ڕای ڕاست ئەوەیە: کە هەموو گوناهێك کوفر نیە، وەك خەواریج دەڵێن، بەڵکو هەندێك لە گوناهەکان کوفرن، وە کافربوونیش تەنیا بە دڵو بە زمان نیە، وەك مورجیئە دەڵێن، بەڵکو هەندێك لە کردەوەکانیش کوفرن، (ئەو مەسەلەیە ئێستا کێشەی زۆر لەسەرە لە نێوان خەڵکی ئیسلامیی دا، کە هەندێکیان تێدەپەڕێنو هەندێکیان کورت دێنن) ئنجا با تەماشای ئەو ئایەتانە بکەین:

١- لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (١٠٢)دا دەفەرموێ: ﴿ ...وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ ...﴿١٠٢﴾ ﴾، واتە: شەیتانەكان بێبڕوا بوون، كە خەڵكیان فێری جادوو دەكرد، كەواتە: خەڵك فێری جادوو كردن، كە كردەوەیەكە، بووەتە هۆی كافربوون.

٢- لە سوورەتی (التوبة) ئایەتی (٦٦)دا خوای زاناو شارەزا لە سیاقێكدا كە باسی مونافیقەكان دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَـٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ ...﴿٦٦﴾ ﴾، واتە: ئەگەر لێیان بپرسی: ئەو قسانە چین دەیانكەن؟! دەڵێن: هەروا قسەی ڕێگەمان دەكردو بە گاڵتەو گەمە قسەمان دەكرد، پێیان بفەرموو: ئایا گاڵتە بە خواو بە ئایەتەكانی خواو بە پێغەمبەری خوا دەكەن؟! پاساو مەهێننەوە، دوای ئیمانەكەتان كوفرتان كردوە. كەواتە: هەندێك لە كردەوەكانیش ئینسان كافر دەكەن، یەكێك لەوانە گاڵتەكردن بە دینی خوا، یاخود بە خواو، بە ئایەتەكانی خواو، بە پێغەمبەری خوا صەلاتو سەلامی خوای لەسەر.

٣- لە سوورەتی (النور) ئایەتی (٤٧)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُوْلَـٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: وە ئەوانە دەڵێن: ئیمانمان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرو، وە ملكەچو فەرمانبەریشین، كەچی دوایی كۆمەڵێك لەوان دوای ئەوە پشت هەڵدەكەن، وە ئەوانە ئیماندارنین. هەرچەندە بە زمانیش گوتوویانە: ﴿ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ ﴾، بەڵام مادام بە كردەوە پابەند نەبوونەو، پشتیان لە شەریعەت كردوە خوای پەنهانزان دەفەرموێ: ئەوانە ئیماندارنین.

٤/ بۆیە پێم وایە پێویست ناكات ئایەتەكان لە مانای ڕواڵەتیی خۆی لابدەین، چونكە ڕستەی: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾،

زۆر گشتییە: هەر کەسێك حوکم نەکات بەوەی خوا ناردوویەتە خوار ئا ئەوانەن بێبڕوایانن، ئەم ڕستە قوڕئانییە سەرجەم ئەوانە دەگرێتەوە کە بەرنامەی جیا لە ئیسلام دێنن، وە بێگومان هەر کەس لە حوکمڕانان سیستەمێکی حوکمڕانیی غەیری ئیسلام تەبەننیی بکات، دیارە پێی لە ئیسلام چاکترە، یان بە لایەنی کەمەوە پێی وەك ئیسلامە، ئەوەش کوفرێکە یەکدەنگیی زانایانی لەسەرە، بۆیە پێویست ناکات بڵێین: ئەگەر بە دڵو زمانیش ئیسلامی قبوولْ نەبیّ ئەوجار کافر دەبیّ، وەك ڕای پێنجەم گوتی، کە لە عیکرەمەوە هاتوە، ئێمە دەڵێین: نەخێر، چونکە ئایەتەکە باسی ئەوەی نەکردوەو ئەو تەفصیلاتەی تێدانییە، پاشان مەحاڵیشە حوکمڕانێك ئیسلامی پیّ لە هەموو بەرنامەیەك باشتربیّ، لە هەمان کاتیشدا کاری پێنەکات! بەڵکو دەڵێین: هەر کەسێك حوکمی نەکرد بە ئیسلام، ئەوە لەڕاستییدا وەك خوا دەفەرمویّ: ئەوە لە ڕیزی کافران دایە. بەڵام ئایا لە هەموو حاڵاندا حوکم نەکردن بە قوڕئان ئینسانی پیّ کافر دەبیّ؟ بێگومان نەخێر، ئەوە لە خاڵی پێنجەمدا ڕوونی دەکەینەوە.

٥/ ئەوەی کە بەشێك لە زانایانی ناچاری ئەو تەئویلانە کردوە، کاریگەریی هەندێك لە حوکمڕانانی مسوڵمانان بووە لەسەریان، کە بینیویانە کەمو زۆر بەشێك یان زۆر لە حوکمڕانان کەوتوونە ژێر فشاری ئارەزووەکانو گومانان (الشهوات والشبهات)و لە ئەنجامدا لە شەریعەتیان لاداوە، یان لە ژێر کاریگەریی تەماعو بەرتیل، یان لە ژێر کاریگەریی هەر هۆکارێکی دیکەدا، لە شەریعەتیان لاداوە، لەولاشەوە پابەندبوونە بە شەریعەتەوە بەگشتیو، واشیانزانیوە حوکمی ئەو ئایەتە دەیانگرێتەوە، بۆیە خۆیان ناچار بینیوە کە تەئویلی بکەن، بەڵام بێگومان لادان لە شەریعەتو کارپێنەکردنی لە مەسەلەیەكو دووان، یاخود لە چەند مەسەلەیەکی دیاریکراودا، مادام حوکمڕانەکە بەگشتی پابەندبیّ بە شەریعەتەوە، ئەوە هەر بە گوناح دادەنریّو، بە کوفری گەورەو چوونە دەر لە بازنەی ئیسلام (كُفرٌ مخرجٌ عَنِ المِلَّة) دانانریّ. بەڵکو تەنیا گوناهێکی گەورەیە، بۆچی؟ چونکە وەك چۆن کەسێك دزیی، قەتڵ، زینا دەکات، مەی دەخواتەوە، کە هەر کام لەوانە گوناهێکی گەورەن، بە هەمان شێوەش کەسێك کە حوکم بە شەریعەتی خوا نەکات لە مەسەلەیەکدا، یان لە چەند

مەسەلەیەکدا، پێی کافر نابێ، مادام بەگشتی شەریعەتی تەبەننیی کردووەو پێوەی پابەندە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندییەكو لە ژێر زەختو فشارێك دا، یان لەبەر ئارەزوویەك لە چەند مەسەلەیەکدا لە شەریعەت لادەدات، دەڵێین: چەند گوناهێکی گەورەی کردوون، بەڵام کەسێك کە هەر لە ئەسڵدا شەریعەت تەبەنني نەکاتو پێوەی پابەند نەبێ، بە نامسوڵمانو بە کافر لە قەڵەم دەدرێو حیسابەکەیان جیایە.

٦/ ئەگەر یەکێك بڵێ: جا خۆ هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان، لادانی جوولەکەکان بووە لە یەك حوکمی شەریعەت، نەك لە هەمووی، واتە: هۆی هاتنە خوارەوەکەی ئەوەبووە، کە جوولەکەکان لە یەك حوکمی شەریعەت لایانداوە، نەك شەریعەتیان هەموو ڕەفز کردبێتو غەیری شەریعەتیان تەبەنني کردبێ، ئەدی ئێمە لێرەدا چۆن وا دەڵێین؟!

دەڵێین: ڕاستە، بەڵام بە تێوەڕامانی سەرجەم دەقەکانی شەریعەت، دەزانین کە لادان لە شەریعەت لە حاڵەتی خۆ پێ گوناهبار بوونو ئینکاریی نەکردندا، کوفر نیە، وەك لە خاڵی پێنجەم دا (فخرالدین الرازي) لە عیکرمەوە هێنای، واتە: کاتێك کەسێك لادەدات لە شەریعەت بە شێوەیەکی بەشیی (جزئي) بەڵام خۆی پێ گوناهبارەو ئینکاریيو نکووڵیی ناکات لە ڕاستیی یاساکانی شەریعەت ئەوە بەو هەڵوێستەی کافر نابێ، بە بەڵگەی ئەوە کە مسوڵمانان جاری وایە جەنگ پێکەوە دەکەنو یەکدیش دەکوژن، کەچی خوای میهرەبان هەر بە ئیماندار لە قەڵەمیان دەدات، وەك لە سووڕەتی (الحجرات)دا دەفەرموێ:

﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَـٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٠﴾ ﴾، واتە: ئەو ئیماندارانەی کە پێکەوە شەڕ دەکەنو یەکدی دەکوژن...، کەواتە: ئەوانە لەو بوارەدا لە شەریعەت لایانداوەو کەچی خواش بە ئیماندار ناوی بردوون، یان دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ

لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا... ﴿٩٢﴾ النسـاء، واتـە: هـیچ ئیمانداریێـك بـۆی نیـە ئیمانداریێك بكـوژێ، مەگەر بە هەڵە لە دەستی بكـوژرێ، بـەڵام ئـەوان لێرەدا بـە ئانقەسـت یەكـدی دەكوژن، كەواتـە: لێـرەدا لـە شـەریعەت لایـانداوە، بـەڵام خـوا بـە ئیمانـدار لـە قەڵـەمی داون، بۆچـی؟ چونكـە خوێنـی یەكدی بـە حـەڵاڵ نازانـن، شـەڕەو تووڕەبوونەو خۆشیان پـێ هەڵـەو گوناهبـارە، جاری وایـە كەسـێك زۆر تـووڕە دەبـێ دەڵـێ: پێشـی كافر بم ئـەو ئیشـە هـەر دەكـەم، یـان هەیە دەڵـێ: وەڵڵاهـی ئەگەر خوا جەهەننەمم بۆ دابخات ئـەو شتە هـەر دەكەم، واتـە: دەزانـێ گوناهـەو حەرامـە، بـەڵام شـەیتانو نـەفس بەسـەریدا زاڵ بوونـە، بەڵام ئەگەر ئـەو گونـاهو حەرامـەی پـێ حـەڵاڵ بـێو بـە حەڵاڵـیی بیكـات، ئـەوە دیـارە پێـی كـافر دەبـێ.

ئنجـا خـوای پـەنهانزانیش زانیویـەتی كـە جوولەكـە نكووڵـیی لـە ڕاسـتیی شـەریعەت دەكەن، وە بە هۆی نكووڵیی لێكردنەكەیانـەوە، وێـڕای ئیشـپێنەكردنی شـەریعەت، بـەوە كـافر بـوون، كەواتـە: ڕەفـزی كـۆی شـەریعەت بـە تەبـەننیی نەكـردنی لە ژیاندا، یاخود نكووڵیی لێكردنی حوكمێكی شـەریعەت، لەگەڵ ئیـش پێنـەكردنی دا، ئـەو دووانـە سـەر دەكێشـن بـۆ كوفـری گـەورەو دەرچـوون لـە بازنـەی ئیسـلام.

٧/ یەكێـك بـۆی هەیـە بڵـێ: باشـە بۆچـی خـوا لـە ئایـەتی یەكەمـدا دەفـەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾، وە لـە هـی دووەمدا دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾، وە لـە هـی سـێیەمدا دەفـەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾؟

دەگونجـێ بە چـەند شێوەیەك وەڵامی ئەو پرسـیارە بدەینـەوە:

**یـەك**: دەڵێیـن: حـوكم نـەكردن بـە شـەریعەت لـە ڕووی پەیوەنـدیی هـەبوونی حوكم نەكـردن بـە شـەریعەتەوە، بـە خـواوە، ئـەو كـردارە بـە كوفر دادەنـرێ،

چونکە کەسێك حوکمی خوا ڕەت بکاتەوە، مانای وایە ئیماندارنیەو واش لە ئیماندار ناوەشێتەوە، وە لەڕاستییدا ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕستەیەی کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾، سیاقی تێدا هاتنی ئەو ڕستەیە، ئاوایە: ﴿ ... فَلَا تَخْشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُواْ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾، کەواتە: لێرەدا جۆرێك لە نکوولّیی لێکردنو ڕەتکردنەوەی شەریعەتی خوا لە ئارادایە، لەو حاڵەتەدا دیارە ئینسان بە کافر لە قەڵەم دەدرێ.

<u>**دوو**</u>: دەڵێین: بە نسبەت ڕستەکەی دوای وی کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾، ئەویش لەم سیاقەدا هاتوە، ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ... ﴾ واتە: باسی هەقی خەڵك دەکات، کە ئەگەر کەسێك دەستدرێژیی کردە سەر کەسێكو کوشتی، یان چاوی کوێر کرد، لووتی بڕی، یان گوێی بڕی، یان ددانی شکاند، یاخود برینداری کرد، دەبێ سزا بدرێتەوە، ئنجا ئیش نەکردن بە شەریعەت لەو بوارەدا، زوڵمو ستەمە، چونکە مافی خەڵك پێشێل دەکرێ.

<u>**سێ**</u>: وە لە ڕووی ڕەوشتییەوە ئەو ڕەفتارە بە لاڕێ بوون (فسق) دادەنرێ، ئەگەر تەماشای ئەو ڕستەیەش بکەین، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، ئەویش سیاقی تێداهاتنی ئاوایە: ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ... ﴾.

کەواتە: ئەوەی خوا لە ئینجیل ناردوویەتی زیاتر ئاڕاستەکردنی ڕەوشتیی‌و مەعنەویی یە، چونکە یاساکان لە تەوڕات دا هەبوون، دیارە هەر کەسێکیش لە ڕووی ئاکارو ڕەوشتەوە لابداتو حوکم بە شەریعەت نەکاتو بەپێی شەریعەت بەڕێوە نەچێ، ئەوە لاڕێ دەردەچێ.

بەڵام (الآلوسي) لە تەفسیرەکەیدا[1] بەم شێوەیە حیکمەتو هۆکاری ئەو تەعبیرە جیاوازانە دەخاتە ڕوو، دەڵێ:

١) (فَلإِنْكَارِهِم ذَلِكَ وَصَفُوا بِالكَافِرِين)، واتە: لەبەرئەوەی نکوولێیان کردوە لە حوکمی خوا بە کافر وەسفی کردوون.

٢) (وَلِوَضْعِهِم الحُكْمَ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهِ، وَصَفُوا بِالظَّالِمِين)، واتە: وە لەبەرئەوەی حوکمی خوایان لە غەیری شوێنی خۆیدا داناوە، بە ستەمکار ناسێنراون.

٣) (وَلِخُرُوجِهِم عَنِ الحَقِّ وَصَفُوا بِالفَاسِقِين)، واتە: وە لەبەرئەوەی لە هەق دەرچوون، بە لاڕێ (فاسق) ناوزەد کراون.

هەروەها (الآلوسي) لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێ: (وُصِفُوا بِهَا بِاعْتِبَارِ أَطْوَارِهِم وَأَحْوَالِهِم المنضمّة إِلى الإِمْتِنَاعِ عَنِ الحُكْمِ: فَتَارةً كَانُوا عَلَى حَالٍ تَقْتَضِي الكُفْر، وَتَارَةً عَلَى أُخْرَى تَقْتَضِي الظُّلْمَ، أَو الفِسْقَ)، ئەویش نزیکە لە قسەی پێشێ، واتە: بەپێی حاڵەتە جۆراوجۆرەکانیان لەگەڵ ئەوەی کە ئیشیان بە شەریعەت نەکردوە، حاڵەتی جۆراوجۆریشیان هەبوون، جاری وایە حاڵەتیان وابووە کە خوازیاری ئەوە بووە کە ئەوانە بە کافر لە قەڵەم بدرێن، جاری وایە حاڵەتەکەیان وابووە بە زاڵم، یان فاسق، لە قەڵەم بدرێن.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ

---

١) روح المعاني: ج٣، ص٤٤٣-٤٤٤.

قِصَاصٌ ﴾، دیارە لەو تەوراتەدا کە ئێستا لەبەردەستمان دایە، واتە: لە پەیمانی کۆن ئەو حوکمە هەیە[1]، کە دەفەرموێ: هەر کەسێك کەسێکی کوشت دەبێ بکوژرێتەوە، تۆڵە بە تۆڵە بە گشتی، هەر کەسێك چاوی یەکێکی کوێر کرد، یان گوێی بڕی، یان لووتی بڕی، یان ددانی شکاند، دەبێ وەك وی لێ بکرێتەوە، دیارە سزای تۆڵەش بەو شێوەیە کە ئەم ئایەتەیە دەفەرموێ و هەموو زانایانیش لەسەر ئەوە یەکدەنگن، هەرچەندە ئایەتەکە لە سیاقێکدا هاتوە کە دەربارەی جوولەکەکان قسە دەکات، بەڵام هەموو زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوە کۆکن کە لە ئیسلامیشدا ئەم ئایەتە ئەسڵە بۆ تۆڵەسەندنەوە، بەڵێ لە ئیسلامدا ئەگەر کەسێك کەسێکی کوشت دەکوژرێتەوە، دیارە کوشتنەوەی خەڵك لە شوێنی دیکەشدا هاتوە، بەڵام بە شێوەی دیکە هاتوە، بۆ وێنە: خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَى ...﴿١٧٨﴾ ﴾البقرة، کە ئەوەش کاتی خۆی باسمان کردوە بۆچی وادەفەرموێ؟ هۆکاری خۆی هەیە، بەڵام لێرەدا بەگشتی دەفەرموێ: ﴿ وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ ﴾المائدة.

هەروەها هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ئەگەر یەکێك چاوی یەکێك کوێر بکات، یان لووتی ببڕێت، یان گوێی ببڕێ، یان هەستی بیستنی لە کار بخات، یان دەستی ببڕێ، یان ئێسقانی بشکێنێ... هتد، ئەوە وای لێدەکرێتەوە، کەواتە: ئەو ئایەتە ئەسڵە لە بواری تۆڵەو سزادا.

---

١) بڕوانە: التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ٢١، (أحكام مُختصَّة بالقاتل والمتعتدي)(... نفساً بنفس، وَعَيْناً بِعَيْن، و سِنّاً بِسن، ويداً بِيَدٍ، و رجلاً بِرْجلٍ، و كيا بكيٍّ، و جُرحا بِجُرْحٍ، و رِضّاً بِرَضٍّ..)، ص ١٧٥، ١٧٦.

# ئێستاش با لەوبارەوە ئاماژە بە قسەی هەندێک لە زانایان و چەند فەرموودەیەکیش بکەین

١/ (الحسن البصري) لـێی گێڕدراوەتـەوە گوتوویەتی: (هِـيَ عَلَيْهِم وَعَلَى النَّـاس عَامَّـة) (رَوَاهُ إِبْـنُ أبي حاتم)، واتە: ئەو ئایـەتـە بـۆ جوولەکەکـانو بـۆ تێکـڕای خەڵکـە.

٢/ (حكى الإمام أبو منصُور بن الصباغ في كتابه (الشـامل) اجتماع العُلَمَاء على الإحتجاج بِهَذِهِ الآيـة عَلَى مَا دَلَّت عَلَيْهِ)، واتە: ئەبومەنصوری کوڕی صەبباغ لە کتێبـی خۆیدا بە ناوی (شامل) گوتوویەتی: هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کـە بەڵـگە بـەم ئایەتـە بێننـەوە، لەسـەر ئـەوەی کـە دەلالـەتی لەسـەر دەکات، کـە بریتیە لە تۆڵەسـەندنەوە.

٣/ (إبـن كثيـر)یش دەڵـێ: (احْتَجَّ الأَئِمَـةُ كُلُّهُـم عَلَـى أَنَّ الرَّجُـلَ يُقْتَـلُ بِالْمَـرأَةِ بِعمُـومِ هَذِهِ الآيَـةِ الكَرِيمَـة)[1]، واتـە: هـەموو پێشـەوایان ئەوەیـان بـە بەڵـگە هێنـاوەتەوە لەسـەر ئـەوە کـە ئەگـەر پیـاوێك ئـافرەتێکی کوشـت پێـی دەکوژرێتـەوە، بە چەمکی گشـتی ئەم ئایەتـە بەپێـزە.

هەڵبەتە وێڕای ئەم ئایەتە لە دەقی فەرمایشـتی پێغەمبەریشـدا ﷺ سزای تۆڵە هاتوە، بۆ وێنە: ﴿كَتَبَ رسُول الله مَعَ عَمْرِو بْنُ حَزْمٍ إلـى أَهْل الـيَمَنِ كِتَابَاً .. هَذِهِ نسختَها: من محمد النَّبـيّ إلـى شُـرَحْبِيلُ بْنُ عَبْدِ كُلال، ونُعيم بْنُ عَبْدِ كُلال، والحـارث بـن عبـد كـلال و قَيْـلِ ذِي رُعَيْن، وَمُعَـافِرَ وَهَمْـدَانَ أَمَّـا بَعْـدُ: وَكَـانَ فِـي كِتَابِـه: وَإِنَّ مَـنْ اعْتَـبَطَ مُؤْمِنًـا قَتْـلا عَـنْ بَيّنَـةٍ فَإِنّـهُ قَـوَدٌ بـهِ إلاَّ أَنْ يَرْضَـى أَوْلِيـاء الْمَقْتُول، وَإِنَّ فِي النَّفْسِ: الدِّيـة مِائَة مِنَ الإبْلِ وَفِي الأنف إذَا أوعب جَدْعه" الدِّيـة، وَفِـي اللِّسَـانِ: الديـة، وَفِـي الشَفَتَين: الديـة، وَفِـي البَيضـتَين: الديـة، وَفِـي الـذكر:

١) محاسن التأويل: ج٤، ص٢١٩.

الدية، وَفِي القلْب الدية، وفي العَينين: الدية، وفي الرجل الواحدة: نصف الدية، وَفِي المأمومة: ثلث الدية، وفي الجائفة: ثُلُث الدية، وفي المنقلة: خمس عشرة من الإبل، وفي كل أصبع من أصابع اليد والرجل: عشر من الإبل، وفي السن: خمس من الإبل، وفي الموضحة: خمس من الإبل، و إن الرجل يقتل بالمرأة وَعَلَى أَهل الذهب أَلف دينار}[1].

واته: پێغەمبەری خوا ﷺ نامەیەکی نووسی لەگەڵ عەمری کوڕی حەزم بۆ خەڵکی یەمەن، (دەربارەی سزادانی کەسانێك کە دەستدرێژیی دەکەنە سەر خوێنی خەڵك، کە دیارە لەوێ کێشە هەبووە) دەڵێ: لە موحەممەد پێغەمبەرەوە بۆ شورەحبیلی کوڕی عەبدوکولالو نوعەیمی کوڕی عەبدوکولالو حاریسی کوڕی عەبدوکولالو قەیلی زی ڕوعەین، وە مەعافیرو هەمدان (ئەوانە دیارە عەشیرەتن) دوای ستایش بۆ خوا:

هەر کەسێك بە ناهەق ئیماندارێك بکوژێ بەڵگەی لەسەربێ، ئەوە پێی دەکوژرێتەوە، مەگەر کەسوکاری کوژراوەکە ڕازی بن، (واتە: ڕازی بن نەیکوژنەوە، یان ڕازی بن بە خوێن) وە هەر کەسێك کەسێك بکوژێ، سەد حوشتر خوێنیەتی، وە کەسێك لووتی کەسێك ببڕێ، ئەگەر بە تەواویی بڕیبی، ئەوە خوێنی تەواوە (کە سەد حوشترە)، وە هەر کەسێك زمانی کەسێك ببڕێ، خوێنی تەواوی هەیە، وە هەر کەسێك دوو لێوی کەسێك ببڕێ، خوێنی تەواوی هەیە، وە کەسێك دوو هێلکە گونی کەسێك ببڕێ، یان بیخەسێنێ، خوێنی تەواوی هەیە، وە کەسێك ئەندامی نێرینەی کەسێك ببڕێ، خوێنی تەواوی هەیە، وە کەسێك پشتی کەسێك بشکێنێ، خوێنی تەواوی هەیە، وە کەسێك هەردوو چاوی کەسێك دەربێنێ، خوێنی تەواوی هەیە (دیارە ئەگەر چاوێك بێ نیوە خوێنە)، وە کەسێك لاقی کەسێك ببڕێ، نیوە خوێن هەیە، (باسی دەستی نەکردوە، چونکە دەستیش هەر وایە) وە برینێك گەیشتبێتە سەر مووخ، یەك لەسەر سێی خوێن هەیە، وە کەسێك برینێك لە کەسێك بکات ئەودیو بووبێ (واتە: گەیبێتە بە تاڵاییو بۆشایی) یەك لەسەر سێی خوێنی هەیە، وە کەسێك برینی لە کەسێك کردبێ (دەستی یان لاقیو)

---

١) سيرة إبن هشام: ج٤، ص٢٤١، محاسن التأويل: ج٤، ص٢٢١-٢٢٢.

ئێسقانەکەی لابردبێ لە جێی خۆی (واتە: شکاندبێتی) ئەوە پازدە حوشتر خوێنیەتی، وە بۆ هەر پەنجەیەك لە پەنجەکانی دەستو پێ، دە حوشتر هەیە، وە هەر کەسێك ددانی کەسێك بشکێنێ، خوێنی پێنج حوشترە، وە برینێك کە (هێندە قوولْ بێ) ئێسقانەکەی دەربخات، پێنج حوشتر خوێنیەتی، وە پیاویش بە ئافرەت دەکوژرێ، (پیاوێك ئافرەتێك بکوژێ پێی دەکوژرێتەوە، چونکە لە سەردەمی نەفامیی دا وانەبووە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کردوە، وە خوای دادگەریش فەرموویەتی: ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ ﴾المائدة، چونکە کاتی خۆی وانەبووە، پێیان سەیر بووە! جا چۆن دەبێ پیاو لە بەرانبەر ئافرەتدا بکوژرێ؟ ئەوە ئیسلام دایهێناوە) وە ئەوانەی کە زێڕدارن، لە جیاتی سەد حوشتر، خوێنەکەیان هەزار دینارە.

هەروەها لەوبارەوە ئەو فەرموودەیەش هەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿الْمُؤْمِنُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ، وَهُمْ يَدٌ عَلَى مَنْ سِوَاهُمْ، وَيَسْعَى بِذِمَّتِهِمْ أَدْنَاهُمْ، أَلاَ لاَ يُقْتَلُ مُؤْمِنٌ بِكَافِرٍ، وَلاَ ذُو عَهْدٍ فِي عَهْدِهِ، مَنْ أَحْدَثَ حَدَثًا فَعَلَى نَفْسِهِ، وَمَنْ أَحْدَثَ حَدَثًا أَوْ آوَى مُحْدِثًا فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد برقم: (٤٥٣٠)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٧٣٤)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٦٢٣)، وَأَحْمَد برقم: (٩٩١)، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح سُنن أبي داود)}، واتە: ئیماندااران خوێنیان یەکسانە (خوێنی کەس لە هی کەس گرانتر نیەو وەك یەکن) وە هەموویان یەك دەستن لە بەرانبەر غەیری خۆیاندا، وە بچووکترینیان دەتوانێ ئۆباڵی هەموویان بکێشێ (خەڵك پەنا بدات)، وە دروست نیە ئیماندار بە کافر بکوژرێ، هەروەها نامسوڵمانێك کە پەیمانی لەگەڵ مسوڵماناندا هەیە نابێ بە کافر بکوژرێ، {دیارە ئەو کافرە مەبەست پێی کافری سەنگەرە، واتە: کافرێك کە دوژمنەو سەنگەری لە مسوڵمانان گرتوە، ئەگەر مسوڵمانێك کوشتی، پێی ناکوژرێتەوە، وە نامسوڵمانێکیش کە پەیمانی لەگەڵ مسوڵماناندا هەیەو لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی دایە، ئەگەر کافرێکی جەنگی بکوژێ، پێی ناکوژرێتەوە، هەڵبەتە هەندێکیان گوتوویانە: (لاَ يُقْتَلُ مُؤْمِنٌ بِكَافِرٍ) واتە: بەگشتی، بەڵام ئەوە کە دەفەرموێ: (وَلاَ ذُو عَهْدٍ فِي عَهْدِهِ)

ڕێمان لێدەگرێ لەو بۆچوونەو، بۆمان دەردەخات کە لێرەدا مەبەست لە هەموو جۆرە کافرێك نیەو مەبەست پێی کافری جەنگییە} وە هەر کەسێك کەتنێك بکات زیانەکەی بۆخۆیەتی، {واتە: نابێ یەخەی بابو دایكو براو ئامۆزاو خزمو کەسی بگیرێ، جا دەبێ وشەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوا ورد بکەینەوە، چونکە عورفو باوی نەفامیی ئاوا بووە، ئێستاش هەر وایە ئەگەر کابرا کەسێك بکوژێ، دەچن برای، یان بابی، یان ئامۆزای دەکوژنەوە، کە ئەوە هیچی لە شەرعدا نیە} وە هەر کەس کەسێك بکوژێ، یان بکوژێك پەنا بدات، ئەوە نەفرینی خواو فریشتەکانو تێکڕای خەڵکی لەسەرە.

ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێ ڕای وایە مەبەست لە کافر لێرەدا، کافری جەنگییە، دیارە منیش هەر ڕام وایە، بە بەڵگەی ڕستەی دوایی کە دەفەرموێ: (وَلاَ ذُو عَهْدٍ فِي عَهْدِهِ) واتە: ئینسانی کافر کە پەیمانی لەگەڵ مسوڵمانانندا هەیە نابێ لە بەرانبەر کافرێکدا بکوژرێ، ئەگەرنا کافر بە کافر دەکوژرێ، بەڵام کافرێکی لاشەڕی هاووڵاتیی بە کافرێکی جەنگیی سەنگەر لە ئیسلام گرتوو ناکوژرێ، ئەگەرنا کافرو کافر هاوکوفن، دیارە ئێمە لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا، تەفسیری سووڕەتی (البقرة)، وە لە بەرگی سێیەمدا تەفسیری سووڕەتی (النساء)، بە درێژیی باسی قەتڵو تۆڵەو ئەو مەسەلانەمان کردوە، کە پێیانەوە پەیوەستن، بۆیە لێرەدا بەوەندە لێی دەگەڕێین.

**مەسەلەی حەوتەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٌ﴾، واتە: برینەکان تۆڵەیان هەیە، (أي مُقَاصَّةٌ، أَو ذَوَاتُ قِصَاصٍ) یانی: هەر جۆرە برینێکی دیکە، ئەو کەسەی برینی تێکراوە، بۆی هەیە ئەو برینەی تێ بکاتەوە، هەڵبەتە شەرعزانان لێرەدا وردەکارییان کردوە لە کتێبەکاندا، دەڵێن: ئەگەر مسۆگەرو دڵنیا نەبێ ئەو ئەندازەیەی پێ بریندار دەکرێتەوەو ڕەنگە زیاتربێ، ئەوە دەبێ ببژێردرێو پارە وەربگرێ لە بەرانبەریدا، بەڵام ئەوەی کە دیاربێ بۆ وێنە: چاوی کوێر کردوە، گوێی بڕیوە، لووتی بڕیوە، یان دەستی شکاندوە، یان ئێسقانی دەرخستوە، ئەوانە دیارنو دەتوانێ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، دیارە برینێك کە کەسەکە پێی نەمردوە، بەڵام ئەگەر دڵنیا نەبێ کە ئەگەر ئەویش برین لەو بکات،

پێی نامرێ، ئەو کاتە دروست نیە برینداری بکاتەوە، بەڵکو دەبێ هەندێ پارە لە بەرانبەری وەربگرێ، چونکە ئەگەر کوشتی، دوایی تۆڵەی دەکەوێتە سەرێ، ئەگەر لە بەرانبەر برینێکدا بیکوژێ، تۆڵەی دەکەوێتە سەرێ، نابێ بڵێ: من برینی خۆمی تێدەکەم کەیفی خۆیەتی با بمرێ! چونکە ڕەنگە ئەو جەستەی بەهێزتر بێ، یان ئەو زێدەڕۆیی لە بریندارکردنەکەدا بکات... هتد.

**مەسەلەی هەشتەم**: کە دەفەرموێ: ﴿فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ﴾، هەر کەسێك نەفەری لێ دەکوژرێ، یان کەمئەندام دەکرێ، یان برینی تێدەکرێ، یاخود ئەزیەتی پێدەگەیەنرێ، بڵێ: ئەوە لێی خۆشبووم و کردم بە خێرو چاکە، لە کوردەواریی خۆماندا ئەوە زۆرە، جاری وایە نەفەر نەفەری کوشتوە، دەچن بۆ لای بابی، یان مامی، یان ڕیش سپییەکیان دەڵێ: ئەوە بەخشیم بە مەجلیس، زۆر پیاوی وا جوامێرو بەخشندە هەبوون، کەواتە: ﴿فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ﴾، واتە: هەر کەسێك لە هەقی خۆی خۆشبێ، ئەوە دەبێتە مایەی سڕانەوەو پاکبوونەوەی، لەوبارەوەش ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مَنْ تَصَدَّقَ عَنْ جَسَدِهِ بِشَيْءٍ كَفَّرَ اللهُ تَعَالَى عَنْهُ بِقَدْرِ ذُنُوبِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٧٩٤) وَصَحَّحَهُ الأَلْبَانِي فِي (السلسلة الصحيحة) برقم: (٢٢٧٣) وَقَالَ شعيب الأرنؤوط: صحيح بشَوَاهِدِهِ}، واتە: عوبادەی کوڕی صامیت خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك بە جەستەی خۆی چاکەیەك بکات، خێرو صەدەقەیەك بکات، خوای بەرز بە ئەندازەی ئەوە گوناهەکانی لێ دەسڕێتەوە، بۆ وێنە: یەکێك زوڵمێکی لێدراوە، دەڵێ: من ئەو زوڵمەی لێنادەمەوە لەبەر خوا، چونکە مەرج نیە هەر برینی تێبکات، بەڵێ هەمیشە شەریعەت پێی خۆشە لای لێبوردن و سەماحەت و بەخشندەیی بگیرێ.

هەڵبەتە ئەوەش بە مەرجێك کە تەرەفی بەرانبەر پێی لەخۆبایی نەبێ و زیاتر پێی یاخی نەبێ، ئەوجارە نەفەرێکی کوشتوە، جارێکی دیکە بیکاتە دوو نەفەر، نەخێر، ئەگەر زانرا پێی لەخۆبایی دەبێ و زیاتر پێی لە ڕێ دەردەچێ، ئەوە لەڕاستییدا تۆڵەسەندنەوە باشترە لەو حاڵەتەدا، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿فَمَن

﴿ تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ﴾، زانایان دوو تەفسیریان بۆ کردوون:

١) هەندێك دەڵێن: (أي كَفَارة للمَجْنِيِّ) واتە: دەبێتە پاكبوونەوەو سڕانەوەی گوناهی ئەوەی كە تاوانەكەی بەرانبەر كراوە.

٢) هەندێكیش دەڵێن: (أي كَفَارة للجاني) واتە: دەبێتە پاكبوونەوەو سڕانەوەی گوناهی ئەوەی كە تاوانەكەی ئەنجام داوە، مادام خاوەن هەق لە هەقی خۆی خۆشبێ، تاوانبارە گوناهی لادەچێ، چونكە مافی خەڵك (حق الناس)ە، ئەو خەڵكە كە لە هەقی خۆی خۆشبوو، خوای بە بەزەییش ئەوەی لەسەر لادەباو پاكی دەكاتەوە، بەلاَم زیاتر وا پێدەچێ مەبەست پێی ئەوە كەسە بێ كە چاوپۆشیی دەكات، واتە: ئەو كەسەی كە تاوانەكەی بەرانبەر كراوە.

**مەسەلەی نۆیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ﴾، جێی سەرنج ئەوەیە كە خوا ﷻ بۆ هەر كام لە عیساو لە ئینجیل ئەو ڕستەیەی بەكارهێناوە: ﴿ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ﴾، ئەوە بۆچییە؟ بۆ ئەوەیە كە هەموو لایەك بزانن كە هەم پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) پێغەمبەرانی پێش خۆیان بە ڕاست دەزانن، وە هەم كتێبەكانی خوا یەكدی بە ڕاست دەزانن، وە عیسا كە پێغەمبەری كۆتاییە، پێش پێغەمبەری خۆمان، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿أَنَا أَوْلَى النَّاسِ بِابْنِ مَرْيَمَ، وَالأَنْبِيَاءُ أَوْلَادُ عَلَّاتٍ، لَيْسَ بَيْنِي وَبَيْنَهُ نَبِيٌّ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (١٦١٧) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ}، واتە: من نزیكترین كەسم لە كوڕی مەریەمەوە، وە پێغەمبەران هەموویان لە بابێكن‌و دایكیان جیایە، وە لە نێوان من‌و عیسای كوڕی مەریەم دا هیچ پێغەمبەرێكی دیكە نەبووە.

جا عیسا ؑ هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆی بە ڕاست داناوە، بە كتێبەكانیشیانەوە، بەلاَم لێرەدا باس باسی تەوراتە، بۆیە بەس باسی وی كراوە،

هەروەها ئینجیلیش تەوراتی بە ڕاست داناوەو، دیارە هەموو پێغەمبەرانیشی بەڕاست داناوە.

**مەسەلەی دەیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فِيهِ ﴾، یەکێك بۆی هەیە بپرسێ: باشە خوا لێرەدا فەرمان دەکات بە ئەهلی ئینجیل، بە شوێنکەوتووانی ئینجیل کە کار بەوە بکەن خوا تێیدا ناردوویەتە خوار، جا ڕەنگە نەصرانییەکانیش بڵێن: زۆر باشە! ئێمە ئیش بە ئینجیل دەکەین، بۆیە بڕوا بە مەحەممەد ناهێنین! بۆیە زانایان دەڵێن: نەخێر ئاوا نیە، دەبێ وردی بکەیەوە، ئنجا تێی دەگەی، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فِيهِ ﴾، واتە: با خاوەنانی ئینجیل ئیش بەوە بکەن خوا تێیدا ناردۆتە خوار، دیارە خوای کاربەجێ زۆر شتی لە ئینجیلدا ناردۆتە خوار، بەڵام بە تەئکید لێرەدا مەبەست شتێکی تایبەتە، ئەویش ئەوەیە کە دەربارەی موژدەدانی عیساو ئینجیل بە هاتنی پێغەمبەری کۆتایی مەحەممەدە ﷺ، لێرەدا مەبەست ئەوەیە، ئەگەرنا خوا دەیفەرموو: (وَلـيَحْكُم أَهْلُ الإِنْجِيلِ بِالإِنْجِيل)، بەڵام کە فەرموویەتی: ﴿ وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فِيهِ ﴾، بەوەی کە خوا لەوێدا ناردوویەتە خوار، دیارە مەبەست پێی شتێکی تایبەتە، ئەگەرنا ئینجیل هەر هەمووی خوا ناردوویەتە خوار.

وە دەشگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ، واتە: با خاوەنانی ئینجیل ئیش بەو ئینجیلە بکەن، بەو شێوەیە کە خوا ناردوویەتە خوارو بەو حەقیقەتانەی کە تێیدان، پێش ئەوەی دەستکاریی بکرێن و بگۆڕدرێن، ئەوەش هاندانی نەصرانییەکانە بۆ ئەوەی لە ئینجیل بکۆڵنەوە.

جا بۆ زانیارییتان من زۆر لە پەیمانی کۆن و نوێم کۆڵیوەتەوە، ئەو ئینجیلانەی کە لەبەردەستی نەصرانییەکان دان، بە تەئکید وشەی خوای پەروەردگاریان تێدا ماون، بەڵام پێموایە قسەکانی خوا زیاتر لە تەوراتدا ماون، وە من سێ نوسخەم لە تەورات (واتە: پەیمانی کۆن) لەلا بوو لە کاتی نووسینی کتێبی: (الإسلام

كما يتجلّى في كتاب الله)دا لە زیندانی ئەمریكییەكاندا، هەر سێكیان لێك جیاواز بوون، هەروەها ئەو ئینجیلانەی سەد ساڵ، یان پەنجا ساڵ پێش ئێستا چاپ كراون، بەراوردیان بكەی زۆر جیاوازییان تێدایە، وە هەر خودی ئەو چوار ئینجیلانەش بۆخۆیان جیاوازییان هەیە لە هەندێ شتدا.

وە ئینجیلی بەڕنابا كە من لە لامە بەو شێوە باسی هەوڵی گرتنو لەخاچدانی عیسا دەكات، كە قورئان باسی دەكاتو دەڵێ: یەكێك لە قوتابییەكانی بووە كە لە خاچ دراوەو شێوەی عیسای چۆتە سەرو عیساش سەلامی خوای لێبێ بە كلاوڕۆژنەدا بەرزكراوەتەوە بۆ ئاسمان بە جەستەو ڕووحەوە، جا كاتێك ئینسان بەراوردی ئەو كتێبانە دەكاتو لێیان دەكۆڵێتەوە، زیاتر حەقیقەتی ئەو ئایەتەی بۆ دەردەكەوێ.

كەواتە: ئەو ئایەتە هاندەرێكە بۆ نەصرانییەكان، بۆئەوەی لێی بكۆڵنەوە، ئەوەی لە ئینجیلدا خوا ناردوویەتە خوار كامەیەو چییەو چۆنە؟ بە قووڵایی مێژوودا بچنەوەو سەرنجی نووسخەكانی ئینجیل بدەن، تاكو بۆیان دەربكەوێ ئەوانەی ئێستا هەن زۆر دەستكاریی كراونو گۆڕدراون.

وە بۆ زانیارییتان ئەو چوار ئینجیلەی ئێستا لە نێو حەفتا (٧٠) ئینجیل دا هەڵبژێردراونو تەبەننیی كراون بە ڕەسمیی، وە ئینجیلی (بەڕنابا) بۆیە تەبەننیی نەكرا، چونكە باسی ئەوە ناكات كە عیسا عليه السلام كوڕی خوایە، بەڵكو دەڵێ: عیسا عليه السلام بەندەی خوایەو نێردراوی خوایە، وە لە سەردەمی (قسطنطين)ی قەیسەری ڕۆمدا ئەو بیرۆكەی سێ توخمەكان (الأقانيم الثلاثة) تەبەننیی كراو گوتیان: بە خواو عیساو ڕووح لقودوس، خوا پێكدێنن!! بەڵام ئینجیلی بەڕنابا ئەو شتانەی تێدانین، بەڵكو دەڵێ: خوا خوایەو، عیسا عليه السلام بەندەو پێغەمبەری خوایەو، بە فووی خوا كە بە جبریلدا ناردوویەتی دروست بووە، ئنجا لەبەرئەوەی لەگەڵ سێكوچكە (ثالوث)ی ئەواندا تێكناكاتەوە، بۆیە ئەو ئینجیلەیان تەبەننیی نەكردووەو نادیدەیان گرتوە. 

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی دوازدەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە سێ ئایەت پێکدێ، لە ئایەتی (٤٨ - ٥٠) لەم سێ ئایەتە موبارەکەدا خوای کاربەجێ سەرەتا بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەفەرموێ: وەك چۆن تەوراتو ئینجیلی بە مووساو عیسا صەلاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ، داون، کتێبیشی بۆ تۆ ناردۆتە خوار، ئەویش قورئانە، وە ئەو قورئانە بە هەق نێردراوەتە خوار، وە بە ڕاستدانەری کتێبە پێشووەکانی پێش خۆیەتی، وە بەسەریشیانەوە چاودێرە، ئنجا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات، کە لە کاتی هەڵبژاردنی دادوەریی کردن لە نێوان خاوەن کتێبەکاندا، ئەگەر بۆ چارەسەری مشتومڕەکانیان هاتنە لای، دەبێ بە گوێرەی وەحی دابەزێنراوی خوا دادوەرییان لە نێواندا بکات، وە بە دوای ئارەزووەکانیان نەکەوێ، هەروەها خوا ﷻ ڕایدەگەیەنێ کە بۆ هەر کام لە ئۆممەتانی: جوو، دیان، مسوڵمان، بەرنامەو ڕێبازێکی سەربەخۆی ناردوە، لە وردەکارییەکاندا، وە ئەگەر ویستباشی دەیکردنە یەك کۆمەڵ، وە شوێنکەوتەی یەك بەرنامەو کتێب، بەڵام بە مەبەستی تاقیکردنەوە کردوونی بە ئۆممەتانی خاوەن کتێبو بەرنامەی جیا جیا، ئنجا دوایی خوا ﷻ فەرمان بە هەموویان، واتە: بە جووو دیانو مسوڵمانان دەکات، کە لە چاکەکارییدا پێشبڕکە بکەن، چونکە گەڕانەوەیان بۆ لای خوایە، وە هەواڵیشیان پێدەدا بەو شتانەی کە تێیاندا کەوتوونەتە ڕاجیاییەوە.

پاشان لە ئایەتی دووەمدا جارێکی دیکە داکۆکیی دەکات لەسەر دادوەرییکردنی پێغەمبەر ﷺ لە نێوان خاوەن کتێبەکاندا، ئەگەر بۆ دادوەریی هاتنە لای، بۆ وریا بوون لە شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیانو لادان لە شەریعەت، ئەگەر تەنیا لە یەك یاساشدا بێ، وە پێشیان ڕادەگەیەنێ کە پشت هەڵکردنیان لە حوکمی دادگەرانەی

خوا، مایەی سزاو تۆڵەی دنیایی خوایە بۆیان، لەسەر بەشێك لە گوناهەكانیان، دیارە مەبەست لەوە نیە كە مسوڵمانان سزایان بدەن، واتە: خوا بەلایان بەسەر دێنێ، وە ڕاشیدەگەیەنێ كە زۆربەی خەڵكی لاڕێو لادەرن.

وە لە ئایەتی سێیەمو كۆتایی ئەم دەرسەدا خوا، ﷻ بە نكووڵیی لێكردنەوە دەفەرمویێ: ئایا خاوەن كتێبە مل نەدەرەكان بۆ حوكمی پێغەمبەر ﷺ، حوكمی نەفامیی دەخوازن؟! وە دەفەرمویێ: بێگومان حوكمی هیچ كەس لە هی خوا، بۆ ئیماندارانی لێكۆڵەرەوەو وردبووەوە باشترنیە.

﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا
عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ
لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن
لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم
بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٤٨﴾ وَأَنِ ٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ
وَٱحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَنۢ بَعْضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ
أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ﴿٤٩﴾ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ
يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾

# مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((وە کتێبمـان بە هـەق بـۆ لای تـۆ نـاردە خـوار، کـتێبەکـانی پێـش خـۆی بەڕاسـت دادەنێ‌و بەسەریشیانەوە چاودێرە، دەجا بەوەی کە خـوا دایبەزانـدوە، دادوەریـی یـان لـە نێـوان (لـە نێـوان خـاوەن کتێبـە پێکـەوە ناکۆکەکـان)دا بکـەو شـوێن ئارەزووەکانیـان مەکـەوە، بـۆ هـەر کامێکـتـان (لـە جـوو و دیـانو مسـوڵمانـان) بەرنامـەو ڕێبـازێکی تایبەتمان دانـاوە، وە ئەگـەر خـوا ویسـتبای دەیکـردنە یـەك کۆمـەڵ (وە یـەك کتێـبو بەرنامەی بۆ دەناردن) بەڵام ویستوویەتی بەهۆی ئەوەوە کـە (لـە کتێـبو بەرنامەکـان) پێیـداون تاقیتـان بکـاتەوە، لـە ئەنجـامدانی چاکەکـاندا پێشـبڕکە بکـەن، چـونکە گەڕانەوەی هەمووانتـان بۆ لای خـوایـەو هەواڵتـان پێدەدات، بـەو شـتانەی کـە تێیـاندا ناکـۆكو ڕاجیـا بـوون ﴿٤٨﴾ وە بـەوەی کـە خـوا ناردوویەتـە خـوار دادوەریـی یـان لـە نێواندا بکـەو شـوێن ئارەزووەکانیـان مەکـەوە، وە لێیـان وریابـە کـە لـە بەشـێك لـەوەی خـوا بـۆ لای ناردوویـە خـوار لات نـەدەن، وە ئەگـەر پشـتیان هەڵـکرد، ئـەوە بزانـەو دڵنیـابە کە خـوا دەیـەوێ سزایان بدات بە هەندێك لـە گوناهـەکانیان، وە بـە دڵنیـاییەوە زۆربەی خەڵکیش لاڕێـن ﴿٤٩﴾ ئایا ئەوانە دادوەریـی نەفامێتـیی یـان گەرەکـە! جا ئایـا حوکمی کـێ لە هی خـوا چاکتـرە، بۆ کۆمەڵێـك بڕوایەکـی پتـەوو بەرچاوڕوونانەیـان هەبـێ؟! ﴿٥٠﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(وَمُهَيۡمِنًا ) زانایان دەربارەی وشەی: (مُهَيمن) دوو ڕایان هەن: هەندێكیان دەڵێن: وشەیەكی سەربەخۆیە، دەگوترێ: (هَيْمَنَ الرّجُلُ يُهَيمنُ إذَا كَانَ رَقيباً عَلَى الشيء وَشَاهِداً عَلَيْهِ وحَافِظاً) واتە: وشەیەكە سەربەخۆیە (هَيْمَن، مُهَيْمَن) لە كوردەواریی دا دەڵێ: بەسەری ڕاگەیشت، چاودێری بوو، یان خستیە ژێر چاودێریی‌و ڕكێفی خۆیەوە، وە هەندێكیشیان دەڵێن: لە (أأمَن)ەوە هاتوە (أَأمَن يُؤامِنُ فَهُوَ مُؤامِنُ، ثُمَّ قُبِلَت الأُولى هاءً) كە ئەویش دیارە هەر هەمان مانای پێشێی هەیە، واتە: بەسەریەوە چاودێرە، پارێزەرە.

(شِرۡعَةً ): (الشَّرْعُ: نَهْجُ الطَّرِيقِ الوَاضِحُ، شِرْعٌ، وَشَرْعٌ، وَشِرْعَةٌ) هەموویان یەكن واتە: ڕێیەكی ڕوون، ئاشكرا، (وَاسْتُعِيرَ ذَلِكَ لِلْطَرِيقَةِ الإِلَهِيَّة مِنَ الدين، وَسُمِّيَتِ الشَّرِيعَةُ شَرِيعَةً تَشْبِيهاً بِشَرِيعَةِ المَاءِ، وَالمَاءِ يُروي وَيُطَهِّرُ) ئەو وشەیە خوازراوەتەوە بۆ ڕێبازی خوا لە دین دا، وە شەریعەت بۆیە پێی دەگوترێ: شەریعەت، چونكە ئەو ڕێیەی كە عەرەب بۆی دەچن بۆ كانی، یان سەرچاوەیەك ئاوی لێوە بێنن، دەڵێن: (شِرعة)، یان (شريعة) ئیدی خوا ناوی لە بەرنامەی خۆی ناوە شەریعەت، وەك چۆن خەڵك لە ڕێی شەریعەتی ڕواڵەتییەوە دەچێ ئاوی سازگارو شیرین لە كانی دێنێ، كە دوایی پێی تێر ئاو دەبێ‌و پاك‌و خاوێنی خۆی پێ ئەنجام دەدا، بە هەمان شێوەش ئەو بەرنامەیەی كە خوا دایناوە، خەڵك لێیەوە بەرنامەی خوای پەروەردگار وەردەگرێ، كە دەبێتە هۆی تێر ئاو بوونیان لە ڕووی مەعنەوییەوەو پاكبوون‌و چاكبوونیان.

(وَمِنۡهَاجًا ): (النَّهْجُ: الطَّرِيقُ الوَاضحُ، وَنَهَجَ الأَمْرُ وَأَنْهَجَ: وَضَحَ، وَمَنْهَجُ الطَّرِيقِ وَمِنْهَاجُهُ...) (مِنْهاجُ) لە زمانی عەرەبیدا واتە: ڕێیەكی ڕۆشن، (وَنَهَجَ الأَمْرُ وَأَنْهَجَ: وَضَحَ) واتە: ڕێیەك كە ڕۆشن بوو، (وَمَنْهَجُ الطَّرِيقِ وَمِنْهَاجُهُ) واتە: ڕێیەكی ڕۆشن‌و دیار.

(فَٱسۡتَبِقُواْ ): واتە: پێشبڕکە بکەن، (الإستِبَاقُ: التَسَابق) وەك خوا لە قورئاندا لەسەر زاری نەوەکانی یەعقووب، براکانی یوسف دەفەرموێ: ﴿إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ ١٧﴾ یوسف، ئێمە ڕۆیشتین پێشبڕکەمان دەکرد، غارغارێنمان دەکرد بە سواری وڵاخ، یاخود بە پێ.

کەواتە: ﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾، واتە: پێشبڕکە بکەن، بۆ ئەنجامدانی کارە چاکەکان، کامەتان زیاتری دەکات، ئنجا (الإستِبَاقُ: التَسَابق) بە موتڵەقی پێشکەوتنیش دەگوترێ، واتە: پێشکەوت.

(يَفۡتِنُوكَ ) واتە: لات بدەن، یان گومڕات بکەن، (عُدِّي بـ (عَنْ) تعدية يَخْدَعُوك) بۆیە بە پیتی (عَنْ) تەعەددیی پێکراوە، تاکو مانای هەڵخەڵەتاندن بگەیەنێ، واتە: وریابە هەڵت نەخەڵەتێنن، فریوت نەدەن، لە هەندێك فەرمان کە جێبەجێی دەکەی.

(ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ): واتە: نەفامێتیی (جَهْل)یش، واتە: نەفامیی، جا (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (الجَهْلُ عَلَى ثَلاَثَةَ أضْربِ) نەفامیی یان نەزانیی سێ جۆرە:

١- (الأوَّلُ: وَهُوَ خُلُوُّ النَّفْسِ مِنَ العِلْمِ): ئەوەیە کە ئینسان شتێك نەزانێ، زانیاری دەربارەی شتێك نەبێ، لێی نەزانێ، مانای وایە بەو شتە جاهیلە.

٢- (الثَّانِي: اعْتِقَادُ الشَّيءِ بِخِلاَفِ مَا هُوَ عَلَيْهِ): بیروبڕواو بۆچوونی بەرانبەر بە شتێك پێچەوانەی واقیعی ئەو شتەبێ، قەناعەتێکی هەیە بە شتێك، بەڵام قەناعەتەکەی هەڵەیە.

٣- (الثَّالِثُ: فِعْلُ الشَّيءِ بِخِلاَفِ مَا حَقُّهُ أَنْ يُفْعَل) ئەنجامدانی کارێك بە پێچەوانەی ئەوەوە کە دەبێ ئەنجام بدرێ، بۆ وێنە: کەسێك ماڵی خەڵك دەدزێ، کە نابێ بکرێ، درۆ دەکات، غەیبەت دەکات، جنێو بە خەڵك دەڵێ، کە نابێ بکرێن، ئەوەش پێی دەگوترێ: (جَهْل) واتە: (جَهْل) لێرەدا بریتیە لەو کردەوانەی کە پێچەوانەی هەقن، پێچەوانەی بەرژەوەندیین.

(يُوقِنُونَ): واتە: بڕوایەکی پتەویان هەیە، (اليَقِينُ: هُوَ سُكُونُ الفَهْمِ مَعَ ثَبَاتِ الحُكْمِ، واليَقِينُ: مِنْ صِفَةِ العِلْمِ فَوْقَ الـمَعْرِفَةِ وَالدِّرَايَةِ) وشەی (يَقِين) بریتیە لەوە کە ئینسان تێگەیبێ‌و تەواو تێیدا گەیبێتە ئەنجام، وە بڕیارو حوکمی لەبارەی ئەو شتەوە جێگیر بووبێ، ئەوە تێیدا گەیشتۆتە یەقین، واتە: پێویست بەوە ناکات چی دی زانیاری دەربارەی ئەو شتە زیاتربێ، جێی تێبینییە کە خوا ﷻ وشەی (عِلْم)ی بۆخۆی بەکارهێناوە، بەڵام وشەی (مَعْرِفَة)ی بەکارنەهێناوە، چونکە دەگونجێ (مَعْرِفَة) کامڵ بێ، دەشگونجێ ناتەواو بێ، بەڵام (عِلْم)، واتە: زانیاریی تەواو بەو شتە هەیە، دیارە (يَقين) (عِلْم)ێکە کە ئینسان لەرەلەرو دڵ لە دڵدانی تێدا نەمابێ‌و گەیبێتە دڵنیایی، بۆیە دەگونجێ بڵێین: یەقین واتە: ئیمانێکی پتەو، ئەگەر بە مانای ئیمان بێ، یاخود زانیارییەك کە هیچ خلْتەو خاڵی تێدا نەمابێ.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

هۆی هاتنە خـوارەوەی ئەو ئایەتـە کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَـٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾، ﴿عَـن ابْـن عَبَّـاسٍ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا، أَنَّ أَحْبَارَ اليَهُودِ قَالُوا: اذْهَبُوا بِنَا إِلى مُحَمَّدٍ لَعَلَّنَا نَفْتِنه عَن دينـهِ، فَقَـالوا: يَـا مُحَمَّـد! قَـدْ عَرَفْـتَ أَنَّـا أَحْبَـار اليَهُـود، وَأَنَّـا إن اتَّبَعْنـاك اتَبْعَتْنـا اليَهُـود كُلُّهُـم، وَأَنَّ بَيْنَنَـا وَبَيْنَ قَوْمِنَـا خُصُومَةٌ فَنَتَحَـاكَمُ إِلَيْـكَ فَتَقْضِـي لَنَـا عَلَيْهِم، وَنَحْـنُ نُـؤْمِنُ بِـكَ وَنُصَدِّقُـكَ فَـأَبَى ذَلِـكَ رَسُـولُ الله، فَنَزَلَـت﴾[1]، واتـە: عەبـدوڵڵای کـوڕی عەببـاس خـوا لێیان ڕازی بـێ، دەڵـێ: زاناکـانی جوولەکە گوتیـان: وەرن بـا بچین بـۆ لای موحەممـەد بەڵکو لە دینەکەی لای بدەین، چوونە خزمەتی گوتیان: ئەی موحەممەد! تۆ دەزانی ئێمـە زانایـانی جوولەکەین، وە ئەگەر ئێمە شـوێنت بکەوین، جوولەکە هـەموو بـە دوای ئێمـەدا شـوێنت دەکـەون، وە ئێمـە ئـەو کۆمەڵە زانایـە لەگـەڵ خەڵـکەکەی خۆمـان ناکۆکییـەکمان هەیـە، دادوەرییمـان دێنینـە لای تـۆ، تـۆش بڕیارمـان بـۆ بـدە بـە بەرژەوەندیی‌و قازانجی ئێمە، ئێمـەش ئیمانـت پـێ دێـنین‌و بـە ڕاسـتت دادەنـێین، (یـانی سـەودا دەکـەین، تـۆ ناهـەقێکمان بـۆ بکـە بـە هـەق، ئێمـەش دان بـەو هەقـەی تـۆدا دادەنێیـن) پێغـەمبەری خـواش ﷺ ڕازی نەبوو، لەو بـارەوە ئەم ئایەتـە هاتەخـوار کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ ...﴿٤٨﴾ ﴾.

---

١) أخْرَجَهُ الطَّبَري في تفسيره برقم: (١٢١٥٠)، وإبن أبي حاتم والبيهقي.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکـان

خـوا ﷻ دوای ئـەوەی باسـی ئـەزموونی پێشـووی جوولەکـەکانی کـرد، پاشـان باسـی ئـەزموونی دیانـەکانی کـرد، وە باسـی ئـەوەی کـرد، کـە کـتێبی بـۆ هەریـەك لەوانـە ناردوە، تـەوڕات بـۆ جوولەکـەکان، ئینجیـل بـۆ نەصـرانییەکان، کـە دیـارە نەصـرانییەکان وێـڕای ئینجیـل بـە دوای تەوڕاتیـش هـەر کەوتـوون، چونکـە ئینجیـل هـاتوە تـەوڕاتی بەڕاسـت دانـاوە، بـەڵام هەنـدێك شـتی دیکـەی زیـاد کـە سـەردەمو ڕۆژگـاری عیسـا ؑ پێویستی کردوە، لـە ئینجیلـدا هـاتوە، ئەگـەرنا عیسـا ؑ ئیشـی بـە تـەوڕاتیش هـەر کردوە، ئنجـا دوای ئەوە ڕوو لە پێغـەمبەر ﷺ دەکـات: کە وەك چۆن (أَهْل الكِـتَابَيْن) خاوەنی ئەو دوو کتێبـە ئاسـمانییە، تـەوڕاتو ئینجیـل، کتێبـی خـوایان لـەبن دەسـتدا بـووەو ئـەزموونێکی دیاریـان هـەبووە، بـۆ تـۆش ئـەزموونێکی دیـارو لەسـەر بناغـەی کتێبـێکی تایبـەت کـە بـۆت دەنێـرین، لـە ئارادایـە، ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ ﴾، ئـەو (و)وە، (واو العطـف) ئـەوەی ئێـرە دەخاتـە سـەر ئـەوەی پێشـێ، واتـە: وەکـو چـۆن تـەوڕاتمان بـە جوولەکەکانـدا بـوو، وە ئینجیلمـان بـە نەصـرانییەکاندا بـوو، بـە هـەمان شـێوە بۆ لای تۆش کتێبێکـمان بـە هـەق ناردۆتـە خـوارێ، ئنجـا جێـی سـەرنج ئەوەیـە، لێـرەدا خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ ﴾، نافـەرموێ: (قُرآن) بۆچـی؟ ئـەوە دیـارە کـە خـوا چـوار نـاوی بـۆ قورئـان بەکارهێنـاون، (كِتَـاب، قُـرآن، فُرْقَـان، ذِكْـر) لەگەڵ چەندان وەسـفدا، لێـرەدا بۆیـە خـوا نـاوی قورئـان بەکارنـاهێنێ، نـاوی کیتـاب بەکاردێنـێ، واتـە: قورئـان کتێبـی تـەواو عـەیاری خـوای پـەروەردگارە، ئەگـەر کتێبێـك هـەبێ، تەواوبـێو دووربـێ لـە دەسـتکاریی کـرانو گۆڕدران قورئانـە، ئنجـا دەفـەرموێ: ﴿ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ ﴾، ئـەو کتێبـانەی کـە لەپێش دەسـتیەوەن، واتە: پێش ئەو هاتوون بە ڕاسـتیان دەزانـێ، لێـرەدا ﴿ لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ ﴾، واتـە: ئـەو کتێبانـەی کـە لـە پـێش دەسـتیەوەن، بەڕاسـتیان دەزانـێ، جـا زانایـانی زمـانی عەرەبـی دەڵـێن: ﴿ ٱلْكِتَـٰبِ ﴾، لێـرەدا (ال) بـۆ

(جینس)ە، واتە: جینسی کیتاب، نەیفەرمووە (کُتُب)، کتێبەکان، بەڵکو فەرموویەتی: ﴿ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾، هەر کتێبێك لە پێش ئەودا هاتوە، قورئان بەڕاستی دەزانێ، سەرجەم کتێبەکانی خوا، وەك ئەسڵەکەیان بەڕاست دەزانێ، ﴿ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِ ﴾، وە بەسەریشیانەوە چاودێرە، ﴿ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، کەواتە: تۆش بەوەی خوا ناردوویەتە خوار حوکمیان لە نێواندا بکە ﴿ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم ﴾، وەك دوایی باسی دەکەین، واتە: دادوەریی یان لە نێواندا بکە، بەڵام وشەی (حکم) لەم ئایەتەداو، لە شوێنی دیکەشدا کە سەرنج دەدەین، هەر بەمانای دادوەریی نیە، بەڵکو بە مانای سزا شەرعییەکانیش‌و بەرنامەی ژیانیش‌و سیستەمی حوکمڕانییشە، ئنجا دەفەرموێ: بەوەی کە خوا بۆی ناردوویەتە خوار، دادوەریی یان لە نێواندا بکە، ﴿ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّ ﴾، بەدوای ئارەزووی ئەوان مەکەوە، لابدەی لەو هەقەی بۆ تۆ هاتوە، ئەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە دیارە جوولەکەکان، زۆر هەوڵیانداوە کە لەزمەیەك لە پێغەمبەر ﷺ بگرن‌و لایبدەن لە شەریعەت‌و، دوایی بیکەن بە پڕوپاگەندە کە ئەها! ئەو موحەممەدە کە دەڵێ پێغەمبەری خوام، کەچی لایداوە، پێغەمبەران دەبێ لە وەحی خوا لانەدەن، کەچی ئەوەتا ئێمە بڕیارمان پێ گۆڕیو لاماندا!! بە تەئکید ئەو کاتە ماددەیەکی پڕوپاگەندەی باشیان دەکەوتە دەست دژی پێغەمبەر ﷺ، بەڵام دیارە پێغەمبەران پارێزراون لە هەڵەو لادان.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا ﴾، ئەوە وەڵامی جوولەکەکان‌و نەصرانییەکانە کە گوتوویانە: مادام خوا تەورات‌و ئینجیلی ناردوون، قورئانیش تەورات‌و ئینجیل‌و کتێبەکانی دیکەش بەڕاست دەزانێ، ئەدی ئەو کتێبە بۆچی هاتوە؟! پاساوی نێردرانی ئەو کتێبە چییە؟ مادام قورئان بەڕاستیان دەزانێ کە کتێبی خوان؟! خوا دەفەرموێ: بۆ هەر کامێك لەو ئۆممەتانە، ئۆممەتی جوو، ئۆممەتی دیان، ئۆممەتی مسوڵمان، بەرنامەو ڕێبازێکمان ناردوە، پڕ بەپێستی ئەو واقیعەیە کە ئەوان تێیدا دەژین، دیارە هەر لە وردەکارییەکاندا بەرنامەکان لێك جیان، ئەگەرنا لە هێڵە گشتییەکاندا یەکن، ﴿ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ

وَٰحِدَةً ﴾، ئـەوەش وەڵامـی پرسـیارێكی دیكـە، كـە ڕەنگـە لـە مێشـكی هەنـدێ كەسـی دیكـەدا سـەرهەڵـدات: بۆچی خـوا یـەك كتێبـی نەدەنـاردو بەشـەریەتیشـی نـەدەكردە یـەك كۆمـەڵ؟ دەفـەرموێ: ئەگـەر خـوا ویـستبای دەیكردنـە یـەك كۆمـەڵ، بەهـۆی ئەووەوە كە یـەك كتێبـی بـۆ دەنـاردن، ﴿ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمْ ﴾، بـەڵام بۆیـە كردوونـی بـە چـەند ئۆممـەتێك، چـەند كتێـبو بەرنامەیەكیشـی جـۆراو جـۆری بـۆ ناردوون، بە پێی گۆڕانكارییەكو پێشـكەوتنێك كـە لـە سـەردەمو زەمانەكانـدا دێتـە دی، بۆیـە وای كـردوە، تـاكو تاقیتـان بكاتـەوە لـەوەدا كـە پێتـان دەدات، ئایـا هـەر كامێـك پابـەندە بـە كتێبـەوە كـە بـە پێغـەمبەری خۆیانـدا بۆیـان هـاتوە؟ پاشـان ئایـا ئەگـەر كتێبەكـانی خـوای كاربەجـێ، هەنـدێ حوكمیـان لـەو كتێبـەی پێشـوودا لابـردو نەسـخ كردەوە، ئامادەی بە دوای ئـەو كتێبـەی دیكـەیان بكـەوی، یـاخود دەمارگیـرانە دەڵـێی: نـەخێر هـەر بـە دوای كتێبـی خـۆم دەكـەوم، بـا حوكمەكـەش سـڕرابێتەوەو هەڵوەشـابێتەوە؟! ئەوە تاقی كردنەوەكـە لێرە دایـە.

ئنجا دەفـەرموێ: ﴿ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ﴾، ئێـوە لـە چـاكەكاندا پێشـبـڕكە بكـەن، نەك دەمارگیریی، جوولەكە هەر بە شـتی خۆیـان پابەندنو، دیان هەر بـە شـتی خۆیـان، مسوڵمان هەر بە شـتی خۆیان، هەر كامێـك لـە ئێـوە بـە پێـی كتێبەكـەی خۆتـان، ئـەوەی چاكە پێشـبـڕكە بكەن لە ئەنجـامدانیدا، جا ئەوانـەی كـە ئێسـتا پێیـان دەگـوترێ: (أَهْل الشَّرَائِع السَّمَائِية) جوولەكەو دیـانو مسـوڵمان، شـوێنكەوتووانی ئەو سـێ كتێبــە كە لـە قورئانـدا باسـیان هـاتوە، ئەگـەر بـێو هـەر كامێكیـان ئـەو شـتە چـاكانەی لـە بەرنامەكەیـداو لـە دینـەكەیدا هـەن، ئەنجامیـان بـدات، دنیـا زۆر بـە باشـی دەگـۆڕێ، ئەگـەر نەصـرانیی بـە ئینجـیل كـار بكـەنو، جوولەكـە بـە تـەورات كـار بكـەن، نـەك ئەوەی ئارەزوویـانە جێبەجێی بكـەنو، ئەوەی دیكە جێبەجـێ نەكەن، چونكە ئێسـتاش هەردووك پەیمـانی كـۆنو نوێ، شـتی زۆر باشـیان تێـدا هەیـە، هەڵبەتـە ناڵـێین واقیعـی ئێسـتایان پـێ چارەسـەر دەكـرێو، كێشـەكانی بەشـەریان پـێ چارەسـەر دەكـرێن، بـەڵام ئێستاش شـتی زۆر باشـیان تێدایـە، بـەڵام ئـەوان پێچـەوانەی وان ڕەفتـار دەكەن، ئنجا خـوا لێـرەدا دەفەرموێ: ﴿ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ﴾، بۆ چاكـە كردنـێ پێشـبـڕكە بكـەن، ﴿ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا ﴾، هەمووتان بۆ لای خـوا دەگێڕدرێنەوە، گێڕانەوەتـان

بـۆ لای خــوایه، ﴿ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴾، هەواڵــتان پــێدەدا بــەوەی کــە تێیـدا کەوتبوونـە ڕاجیـایی یـەوە، تەماشـــا بکـەن! ئیسـلام چـەند بـە فراوانـی تەماشـــا دەکات، وەرە جوولەکــە لەگەڵ تەوراتی خۆتان دا ڕاســت بکـەن، وەرن نەصــرانی لەگـەڵ ئینجیلی خۆتـان دا ڕاســت بکـــەن، مسـوڵمانیش دەبــێ لەگەڵ قورئـــاندا ڕاســت بکات، ئەو کاتە هاوکــاریی‌و تەبــایی پەیدادەبــێ لەسـەر زۆر بـەهای بـەرز بـەرز، هەڵبەتـە جار جــار ئەوانــەی دەیانــەوێ کۆمەڵــگاو خێــزان هەڵوەشـێننەوەو، باسـی گــۆڕینی ڕەگـەزو جێنـدەرو دژایەتیکردنـی خێـزان‌و ڕووخـاندنی بەهــای ڕوحییـی‌و ڕەوشـتیی دەکەن، لـە بەرانبەریانــدا جــار جــار زاناکــانی مســـوڵمان‌و جوولەکــەو نەصـــرانییەکان پێکــەوە دادەنیشـن، هەندێك تەگبیـر دەکەن، ئەوە لە ڕاسـتییدا ئیسـلام ئـەو فەرمانـەی کـردوە، دیارە ئەوەی پێی دەگوتـرێ: (التقريب بين الأديان) ئـەوەم مەبەســت نیـە، هەرچــەندە هــەر چـــۆن بــێ گفتوگــۆو پێکــەوە دانیشـــتن هــەر باشـــە، نەصــرانییەت چۆنـــەو، یەهودییـــەت چـۆنەو، ئیسـلام چـۆنە؟ نـاگۆڕێن‌و هـەروەك خۆیـانن، بـەڵام دەگونجـێ شـوێنکەوتووانیان پێکـەوە تەبــاو ڕێــك بن.

ئنجا کە دەفـەرموێ: گێڕانەوەتـان بۆ لای خـوایـە، وە هەواڵیشتـان پێ دەدات، بــەوەی کــە تێیــدا ڕاجیـــا بـــوون، واتـــە: ئێـــرە مەکــەن بــە شـوێنی: لێکـدەرکـــردن (تصـفية الحســاب)و بە دەمارگیـرانە پێکەوە مامەڵە مەکـەن، جارێکـی دیکە ڕوو لـە پێغـەمبەر دەکـات: ﴿ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ﴾، وە دادوەریـــی یـان لـە نێوانـدا بکە بـەوەی خـــوا ناردوویەتــە خـــوار ﴿ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ ﴾، وە دوای ئارەزووەکانیــان مەکــەوە، ﴿ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَ ﴾، وە لێیــان وریــابە کــە لات نەدەن لە هەندێك لەوەی خـوا بۆی ناردووی، نەك لە هەمووی تەنانەت لـە هەندێکیشـــی لانـەدەی، بـۆ ڕازیـکردنی ئـەوان، ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ ﴾، ئنجا ئەگـەر پشـتیان تێکـردی‌و ڕوویـان تێنـەکردی، دیـارە پێغەمبـەر ﷺ زۆری مەبەســت بـووە ئەوانـە ئیمــان بێـنن، وە زۆر سوور بووە لەسەر ئەوەی سـەرنجیان ڕابکێشـێ‌و، دڵیــان ڕابکێشـێ‌و ئیمان بێـنن، بـەڵام خـــوا دەفــــەرموێ: ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡ ﴾، بــــەڵام ئەگەر هەر پشـتیان تێکردی، ئـەوە بزانـە کـە خـوا دەیـەوێ بەڵایــان بەسـەر بێنـێ، بە

هۆی هەندێك لە گوناهەکانیـانەوە، واتە: لـە دنیـادا، بـەڵام ئـەو بەڵایـەی کـە بەسـەریان دێ، لەسەر هەموو گوناهەکانیـان، لە کوێیـە؟ قیـامەت شوێنی سـزای خـوایـە، بـەڵام لـە دنیاشـدا بە هۆی هەندێ لە گوناهـانەوە ئینسـان تووشی هەندێ بـەڵاو موصـیبەت دێ، جوو بـێ، دیـان بـێ، مسـوڵمان بێ، خوانـاس بـێو، خـوا نـەناس بـێ، گوناهـەکان بـاجی خۆیان هەیـە، ﴿ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَـٰسِقُونَ ﴾، وە بێـگومـان زۆر لە خەڵکی لارێن، لادەدەن، واتە: زۆربەی خەڵکت بۆ نایەتە سەر ڕێو، لـە فیطـرەتـی خۆیـانو لـە ڕێبـازی خـواو لـە عەقـڵ دەردەچـن، ئـەوەش حەقیقەتێکـە دەبـێ بیـزانین، چـونکە ئـەوە زۆر کاریگـەریی هەیـە بـۆ ئینسـان، وەختێـك دەبینـی زۆربـەی خەڵـکی دنیـا لارێ دەڕواو زۆربەی خەڵك ڕێـی ڕاسـت نـاگرێ، خـوای زانـاو شـارەزا پێشـێ هەواڵـی پێداوین: کـە بـزانن ئاوایـە، خـوا بـۆ خـۆی عەبدەکـانی خـۆی چاکتـر دەناسـێ، کەواتـە: تـۆ ئەگـەر شـتێك بزانی، دوایـی لە واقیعدا ببینـی، زۆر پێـی نارەحـەت نابـی، بـەڵام ئەگـەر وات تەصـەووڕ کردبـێو پێـت وابـێ، دەگونجـێ هـەموو خـەڵك ئیمـان بێنـێ، کـە دوایـی ئیمانیان نەهێنا زۆر پێی نارەحـەت دەبـی!

لـە کۆتـایی دا دەفـەرموێ: ﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَـٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، ئایا ئەوانە ئەگەر بە حـوکمی تـۆ ڕازی نەبـن، تـۆ دادوەریـی یـان لـە نێـواندا بکـەی، وە بـە حـوکمی خـوا ڕازی نەبـن، گرفتو کێشـەکانیان چارەسـەر بکـەن، ئـەدی حـوکمی نەفامییـان دەوێ؟ بەدیلـی حـوکمی خـوا، حوکمـی نەفامییـە، دوایـی باسـی دەکەم بۆچی خوای دادگەر بـە حـوکمی غـەیری خـۆی دەفـەرموێ: حوکمـی نەفامیـی؟ ئایـا ئەوانـە حـوکمی نەفامیـی دەخـوازن؟ واتـە: شـتێکی زۆر بێجـێ دەکـەن، ئـەوە لـە زمـانی عەرەبیـدا پێـی دەگـوترێ: (الإسـتفهام الإنكاري) پرسـیارکردنێکی نکووڵـیی لێکـەرانـە، بۆ وێنە: کەسێك ئاو بۆ یەکێـك دێنـێ، پێـی دەڵـێ: ئـەوە ئـاو نیـە؟! یـانی ئەوە پرسـیارێك نیـە چاوەڕێی بکـەی بڵـێ: بـا، بەڵـکـو تـۆ بـەو شێوازە ئینکاریی لـە ئینکارییەکەی ئەو دەکـەی، لێرەدا خـوا دەفـەرموێ: ئایا حوکمـی نەفـامیی دەخـوازن؟ جا حوکمـی کـێ لە هی خـوا چاکـترە، بـۆ کەسـانێك کـە بڕوایـەکی پتـەویان هـەبـێو زانیارییـەکی باشـیان هـەبـێ.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ﴾، خوای کاربەجێ قورئان بە پێنج وەسف پێناسە دەکات:

١/ ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ﴾، کەواتە: قورئان لە خواوە دابەزیوە، ئەوە سیفەتی یەکەمی قورئانە، وەك چۆن سیفەتی هەموو کتێبەکانی دیکەی خوای پەروەردگاریشە، فەرمایشتی خوایە، خوا ئەو فەرمایشتەی بە جبریل گوتووەو جبریل هاتوە خستوویەتە عەقڵ و دڵی پێغەمبەرەوە ﷺ، وە لەکاتێکدا کە فێری کردوە، دەنگی موبارەکی دەرچووەو بە قسەش فێری کردوە، وەك لە سوورەتی (القیامة)دا دەفەرموێ: ﴿ لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ ﴿١٦﴾ ﴾القیامة، واتە: زمانتی پێ مەجوولێنە بۆئەوەی بە پەلەپەل بیخوێنی، واتە: جبریل بەسەریدا خوێندۆتەوەو، لە عەقڵ و دڵیدا جێگیر بووە، گۆ (تَلَفُّظ)یشی پێ کردوە، بۆئەوەی بزانێ خوا ﷻ چۆن بە جبریلی فەرمووە، قورئان ئاوا بە وردیی هاتووە[1]، خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ ﴿١٧﴾ فَإِذَا قَرَأْنَـٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ﴿١٨﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ ﴿١٩﴾ ﴾القیامة، واتە: پەلە مەکە، لەسەرمانە کۆی بکەینەوە لە دڵ و سینەی تۆداو بیخوێنینەوە، ئنجا ئەگەر خوێندمانەوە، بە دوای خوێندنەوەکەی بکەوە، پاشان ڕوونکردنەوەیشی لەسەر خۆمانە. لێرەدا (قرآن) بە مانای خوێندنەوە دێ و چاوگ (مصدر)ە.

٢/ ﴿ ٱلْكِتَـٰبَ ﴾، کتێبە، شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: (كِتَاب) لە (كَتْب)ەوە، هاتوە، (كَتْب)یش واتە: (جمع) لەبەرئەوەی پیتەکان وشەیان

---

١) لە کتێبی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله) لە بەرگی سێیەمی داو لە کتێبی: (ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر بە قورئان)دا بە درێژایی باسی ئەو بابەتەمان کردوە.

لـێپێکـدێن‌و، وشـەکان ڕسـتەیان لـێ پێکـدێ، ڕسـتەکانیش ئایەتـەکانیان لـێپێکـدێ، کە دەفەرموێ: (کِتَاب) واتـە: نووسـراوو کۆکراوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ ﴾، ئەوە (ال)ی سەر (کِتَاب)، (ال)ی (عهد)ە، یان (ال (تعریف)ە، واتە: ئەگەر کتێبێك هەبێ تەواو عەیـار بێ، ئەو کتێبەیـە.

٣/ ﴿ بِٱلْحَقِّ ﴾، ئـەوە (بـالحَقّ)ە، دوو واتـا هەڵدەگـرێ: دەگونجـێ مەبەسـت پێـی ئـەوەبێ قورئـان هـەقی تێدایـە، وە دەگونجـێ مەبەسـت ئـەوەبێ کە بـە شـێوازێکی هـەق لە لایـەنی خـوای پەروەردگـارەوە دابەزێنـراوە.

٤/ ﴿ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ ﴾، بەڕاسـت دانەری ئـەو کتێبـانەیە کە لە پێشـیەوە بوون، واتە: وەك ئەسڵەکەیان بەڕاستیان دەزانێ، ڕێزیـان دەگـرێ‌و دەزانـێ فەرمایشـتی خـوان.

٥/ ﴿ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ﴾، بەسـەریشـیانەوە چـاودێرە، بەڕاسـتیان دادەنـێ، وەك ئەسـڵەکەیان، بـەڵام بەسـەریشـیانەوە چاودێرە، ئەگـەر دەسـتکـاریی کـرابن، یـان فەرامۆشـییان تێـدا کرابـێ، وەك خـوا دەفـەرموێ: ﴿ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ ﴿١٣﴾ ﴾ المائـدة، یـان دەفـەرموێ: ﴿ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ﴿٤١﴾ ﴾ المائـدة، چ ئـەوەی کە لەبیـرکرابـێ، چ ئـەوەی کـە لادرابـێ، چ ئـەوەی کە گۆڕدرابـێ، قورئـان بەسـەریانەوە چاودێـرەو ئاگـادارە، لـە دەرسـەکانی پێشـوودا چەند شـتێکمان باسـکرد، کە لـە تـەوراتو ئینجیـل دەسـتکاریی کرابـوون، قورئـان ڕاستی کردبوونەوە، ئەوەی کە بە پێویسـت زانرابـێ.

**مەسـەلەی دووەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ﴾، بەوەی کە خـوا ناردوویەتە خـوار، دادوەریی یان لە نێوانـدا بکـە، وە بە دوای ئارەزووەکانیـان مەکـەوە، کە لابـدەی لـەو هەقـەی کە بـۆت هـاتوە.

پرسیارێك لێرەدا دروست دەبێ، ئایا لە نێوان ئەم ڕستەیەدا کە دەفەرمویٚ: ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ﴾، کە پێغەمبەر مولزەم دەکات بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار دادوەریی بکات، لەگەڵ ئەو ڕستەیەی پێشێدا، کە دەفەرمویٚ: ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ ﴿٤٢﴾﴾المائدة، ئەگەر نامسوڵمان هاتن بۆ لاتو کێشەو مشتومڕێکیان بوو، دادوەرییان لە نێواندا بکە، یاخود پشتگوێیان بخە، تێکگیران نیە، کە لێرەدا مولزەمی دەکاتو، لەوێ سەرپشکی دەکات؟!

هەندێك لە زانایان بەداخەوە! ئەوانەی کە سەرکێڵانە تەماشای ئەو ئایەتانەیان کردوە، هەر کە بینیویانە بە ڕواڵەت دوو ئایەت تێکدەگیرێن، ئەوەیان بە دەم گرتوە دەڵێن: ئەوەی دوایی هاتوە، ئەوەی پێشێی نەسخ کردۆتەوە! لێرەشدا گوتوویانە: ئەمەی ئێرە کە دەفەرمویٚ: ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ﴾، ئەوەی پێشێی کە دەفەرمویٚ: ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ﴾، نەسخ کردۆتەوە، چونکە لەوێ سەرپشکی کردوە، لێرەش مولزەمی کردوە؟

ئێمە دەڵێین: نەخێر، چونکە ئەوپەڕی مانای ئەو ڕستەیەی ئێرە ئەوەیە: ئەگەر دادوەرییت کرد لە نێوانیاندا بە گوێرەی وەحی خوا دادوەرییان لە نێواندا بکە، کەواتە: ئیلزامو فەرمانەکە بۆ: دادگەرانە دادوەریی کردنە، نەك خودی دادوەریی کردنەکە! واتە: هیچ لەگەڵ ئەوەی پێشێ تێکناگیرێ، هەرچەندە زۆر لە زانایان دەڵێن: ئەم ئایەتە نەسخ بۆتەوە!! بۆیەش من هەر زوو لە سووڕەتی (البقرة)دا بە تەفصیل باسی (نسخ)م کردووەو گوتوومە: لە قورئاندا هیچ ئایەتێکی تێدانیە نەسخ کرابێتەوە، بەو واتایەی کە خەڵك ئێستا لێی تێدەگات، واتە: حوکمەکەی ئیشی پێ نەکرێ، بەڵێ ئایەت هەیە مانای ئایەتێکی تایبەت کردوە، یاخود ڕەهابووە، بەندداری (مُقَيَّد) ی کردوە یان (مُجْمَل) بووە، تەفصیلی داوەتێ، وە پلە پلەیی (التَدَرُّج) هەیە، بەڵام ئەوە کە ئایەتێك لە قورئاندا هەبێو حوکمی ئایەتێکی دیکەی نەهێشتبێ، شتی وانیە لە قورئاندا، وەك ئێمە لە درێژەی ئەو دەرسانەدا تاکو ئێستا هاتووین، هەموو ئەو شوێنانەی کە

گوتوویانە: ئەو ئایەتە نەسخ بۆتەوە، تەماشامان کردوە وانیە بەو مانایەی کە ئیشی پێ نەکرێ، وە پێموایە کاتی خۆیشی هیچ ئایەتێك نەسخ نەبۆتەوە.

لێرەدا (القُرطُبي) قسەیەکی جوان دەکات، دەڵێ: (﴿ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ٤٩ ﴾ المائدة، أي احكُم بذَلِكَ إنْ حَكَمْتَ وَاخْتَرْتَ الحكْم؛ فَهُوَ كُلُّه مُحْكَم غَير منسُوخ، لأَنَّ النَاسِخ لا يَكُون مُرتَبِطاً بِالْمَنسُوخ مَعْطُوفاً عَلَيْهِ، فالتَخَيير لِلْنَبِيّ ﷺ فِي ذَلِكَ مُحْكَم غير مَنْسُوخ) واتە: یانی: دادوەریی و حوکم بەوە بکە کە خوا ناردوویەتە خوار، ئەگەر ئەوەت هەڵبژارد کە حوکمیان لە نێواندا بکەی و دادوەریی یان لە نێواندا بکەی، بەو شێوەیەی کە خوا ناردوویەتی، ئاوا دادوەریی یان لە نێواندا بکە، کەواتە: هیچی مەنسووخ نیە، ناشگونجێ ناسیخ و مەنسوخ پێکەوە پەیوەست بن و، وە عەطف بکرێنەوە سەریەك {﴿ وَأَنِ ٱحۡكُم ﴾، ئەو (و) واوی عەطفە، ناگونجێ ئەوە بەوشێوەیە بێ}، دەڵێ: کەواتە: سەرپشککردنی پێغەمبەر ﷺ لە ئایەتی پێشێدا هەر لە شوێنی خۆیەتی، وە نەسخ نەبۆتەوەو ئەمەی ئێرە لەگەڵ ئەوەی وێ تێکناگیرێ، کە دەفەرموێ: ئەگەر ئەوەت هەڵبژارد کە حوکمیان لە نێواندا بکەی، ئەوە بە وەحی خوا دادوەریی بکە، هەر یەك مانایان هەیە.

**مەسەلەی سێیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ ﴾، لێرەدا خوا ﷻ دەفەرموێ: بۆ هەر کامێك لە ئێوە، مەبەست پێی کێیە؟ ئەوەی کە باسکراون، جوون، دیانن، مسوڵمانانن، کەواتە: خوا دەفەرموێ: بۆ هەر کام لە جووو، دیانو، مسوڵمانان (شِرعَة)شمان ناردوە، (مِنْهَاج)یشمان ناردوە، ئنجا ئایا (شِرْعَة)و (مِنْهَاج) چین، وە جیاوازییان چییە؟ سێ ڕا هەن، وەك وەڵام بۆ ئەم پرسیارە:

أ- هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەم دوو وشەیە هاوواتا (مُتَرَادِف)ن، واتە: بێژە (لَفْظَ)کەیان جیاوازەو، ماناکەیان یەکە، بەڵام من قەناعەتم وایە هیچ دوو وشەیەك لە قورئاندا نین بێژەکەیان جیابێ‌و، ماناکەیان یەك بێ، واتە: قەناعەتم وایە (مُتَرَادِف) لە قورئاندا نیە، چونکە ئەوە جۆرێکە لە زیادیی، وە ئەوەش لەگەڵ لووتکەی ڕەوانبێژیی، کە لە کتێبی خوادا هەیە ناگونجێ.

ب- هەندێکیش دەڵێن: (شِرْعَة) واتە: بنچینەکانی ئایین، وە (مِنْهَاج) واتە: لق‌و پۆپەکانی‌و وردەکارییەکانی.

ج- ڕای سێیەم کە لەڕاستیدا ئەوە زیاتر ڕای خۆمە، ئەوەیە کە (شِرْعَة)، واتە: ئەو حەڵاڵ‌و حەرام‌و یاساو فەرمان‌و قەدەغانەی کە لە قورئاندا هەن، (مِنْهَاج)یش شێوەی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەواندا، واتە: (شِرْعَة) ئەسڵی بەرنامەکەیە، وە (مِنْهَاج)یش ڕێبازو میتۆدو شێوەو چۆنیەتی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، کە بە تەئکید قورئان وەك چۆن بەرنامەیە، شێوەو شێوازی جێبەجێکردنیشی هەر لە نێوخۆیدا هەیە کە: دەبێ پلە پلەیی هەبێ، دەبێ لە پێشترەکان ڕەچاوبکرێن چی لە پێش چییەوەیە؟ وە دەبێ هەلومەرجی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە بڕەخسێ، تا ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ ... هتد.

لێرەدا پرسیارێك دەکرێ: لە لایەکەوە خوا دەفەرموێ: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ... ﴿١٣﴾ ﴾ الشورى، واتە: ئەو بەرنامەیەی لە دین بۆی داناون، هەمان شتە کە نووحی پێ ڕاسپاردوە، وە ئەوەی کە بۆتۆمان ناردوە، وە ئەوەی کە بۆ ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و بۆ مووساو عیسامان ناردوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خوا یەك بەرنامەو ئایینی ناردوە، لە نووحەوە تا پێغەمبەری خاتەم (علیهم الصلاة والسلام)، کەچی لێرەشدا دەفەرموێ: ﴿ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا ﴾، واتە: بۆ هەرکامێکتان بەرنامەو ڕێبازێکمان داناوە، ئنجا ئایا ئەو دوو ئایەتە

پێكەوە ناكۆك نین؟! لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، چونكە بنچینە گشتی یەكانی ئایین و حەڵاڵ و حەرامە سەرەكییەكان، هاوبەشن، لە هەموو بەرنامە ئاسمانییەكاندا یەكن، نەك تەنیا لە بواری عەقیدەدا، بەڵكو لە بواری حەڵاڵ و حەرام و ئەمرو نەهی و شتە سەرەكییەكاندا، هەموو كتێبە ئاسمانییەكان یەكن، بەڵام هەر بەرنامەیەش بەپێی هەلومەرجە جۆراو جۆرەكان، تایبەتمەندیی خۆی بووە لە وردەكارییەكاندا، مەبەست ئەوەیە كە دەفەرمویٚ بۆ هەركامێكتان (شِرْعَة)و (مِنْهَاج)ێكمان ناردوە، واتە: هەر كام لەو بەرنامانە وردەكاریی و مۆركی تایبەتی ئەو هەلومەرجەو ئەو كاتەی كە ئەو ئۆممەتە تێیدا ژیاوە، پێوەیە.

**مەسەلەی چوارەم:** كە دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴾، ئەم رستە قورئانییە چەند شتێكی لیٚوەردەگیریٚ:

١) كە دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً ﴾، یانی: ئەگەر خوا ویستبای یەك كتێب و بەرنامەی بۆ هەمووتان دەنارد، ئەوكاتە دەبوون بە یەك كۆمەڵ، یەك ئۆممەت، بەڵام خوا نەیویست وا بكات، ئەمە یانی چی؟ یانی حیكمەتی خوا وای خواستوە كە شەریعەت دابەش ببیٚ بۆ قۆناغی جۆراوجۆر بۆ چەند ئۆممەتێك، وە بۆ هەركام لەو قۆناغانەو ئەو ئۆممەتانە كە لەو قۆناغانەدا ژیاون، بەرنامەیەكی تایبەتی بنێریٚ، كە لە وردەكارییەكاندا جیابیٚ، لەوی دیكە، بەڵام لە چەمكە گشتییەكاندا هەموو یەكن، ئنجا خوا دەیتوانی وابكات خەڵك بكات بەیەك بۆچی واینەكردوە؟ حیكمەتی وای خواستوەو لەڕاستیدا خوا ﷻ ویستوویەتی مرۆڤایەتی ئازادبیٚ، چونكە لە دواییدا دەفەرمویٚ:

﴿ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ﴾، بەڵكو خوا ویستوویەتی تاقییتان بكاتەوە، تاقیكردنەوەش بەبیٚ ئازادیی نابیٚ، لەگەڵ تاقیكردنەوە هاتە پێش، دەبیٚ ئازادیی هەبیٚ، لەگەڵ ئازادیی هەبوو جۆراوجۆریی دەبیٚ، تۆ تەماشا بكە! ئەو

شوێنەی کە ڕژێمێکی دیکتاتۆریی لێیە، کەسێك خۆی دەسەپێنیٚو خەڵك هەمووی یەك شێوە قسە دەکات، کاتی خۆی (صَدام) نەیدەگوت: (إِذَا قَالَ صَدامُ قَالَ العِرَاق) تەواو هەمووی یەك قسەیە، کۆڕسە! کە دیارە لەو حاڵەتەدا خەڵك ئارەزووی خۆیو بۆچوونی خۆی کپ دەکاتو، خۆی لەگەڵ ئەودا دەگونجێنیٚ، بیستوومە هەندێك لەو سەرکردە دیکتاتۆرانە وایانکردوە، کە ئەگەر ئەو پژمی، ئەوانیش هەمووی بپژمن، وە ئەگەر ئەو کۆخی، ئەوانیش هەموو بکۆخن!! وەك چۆن قازێك دەقیڕێنی هەموو دەقیڕێنن، یان کە مەڕێك دەڕوا ئەوانی دیکە هەمووی سەری لە دوو دەنێن، ئەو دیکتاتۆرانە خەڵکیان ئاوا دەویٚ، دەیانەویٚ خەڵك هەمووی وەك ڕەوە قاز بکەن، یان وەك ڕانە مەڕێك سەریان لە دوو بنێن، بیٚئەوەی بزانن بەرەو کویٚ دەچن! ئەگەر مەڕێك هەڵبدێریٚ لە شاخێك (١٠٠- ٢٠٠) مەڕیش لە دوای وی هەڵدەدێریٚ! چونکە مەڕ کە دەڕۆن، تەماشای پێش خۆیان ناکەن، بزانن ئەوەی پێشیٚ چی لیٚ هاتوە؟ ئنجا خوای کاربەجیٚ نەیویستوە بەشەر وابیٚ، بەڵیٚ دیکتاتۆرەکان وایان لێدەکەن، بەلاٚم ئەوە پێچەوانەی ویستی شەریعەتی خوایە، پێچەوانەی حیکمەتی خوایە، ویستی خوا، واتە: ئەو ویستەی خوا کە لە شەریعەتدا بەرجەستەیە، نەك ویستی دروستکردنی (الإرادة التكوينية)، چونکە هیچ کەس ناتوانیٚ پێچەوانەی ئیرادەی تەکوینی خوا بجووڵێتەوە، بەلاٚم دەکریٚ مرۆڤ پێچەوانەی ویستی تەشریعیی (الإرادة التشريعية)ی خوا بجووڵێتەوە، بەڵیٚ خوای بەرز لە شەریعەتی خۆیدا وای پیٚ باش بووە، کە خەڵك جۆراو جۆر بیٚ، دوایی کە دیکتاتۆرێك دیٚ لە ماوەیەکی دیارییکراوداو بۆ ماوەیەکی کەم، ناچاریان دەکات، هەموویان وەك یەك بیربکەنەوە، یان هەموو وەك یەك قسە بکەن، لەڕاستیدا ئەوە حاڵەتێکی نامۆو ناسروشتییە، وەك لەم ئایەتانەدا خوای پەروەرگار پێشانمان دەدات، دەفەرمویٚ: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾﴾ یونس، واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای، خەڵکی سەر زەوی تێکڕا ئیمانیان دەهێنا، ئایا تۆ زۆر لە خەڵکی دەکەی تاکو ئیماندار بن، واتە: من بە خوایەتیی خۆم زۆرم

لێ نەکردوونو ویستوومە ئازادبن، ئایا ئەی موحەممەدا تۆ دەتەوێ زۆریان لێ بکەی! بۆت نیە، وە خوا ﷻ لە سوورەتی (هود)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ ﴾، واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای خەڵکی دەکردە یەك کۆمەڵ، بەڵام بەردەوام ڕاجیان.

٢) کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ﴾، واتە: هەر کەس بەپێی بەرنامەی خۆی تاقی دەکرێتەوە، ئایا پێوەی پابەند دەبێ، یان پێوەی پابەند نابێ، مانایەکی دیکەی ئەوەیە کە: ئایا هەر کامێك لە ئێوە ئامادە دەبێ دەست هەڵبگرێ لە بەرنامەیەکی تایبەت بە سەردەمو ڕۆژگارێك، دوای ئەوە خوا بەرنامەیەکی دیکە دەنێرێ، ئایا جوولەکە ئامادە بوون دەست لەوە هەڵبگرن، کە لە تەوڕات لادراوە، وە ئەوەی لە ئینجیل هاتۆتە جێی، پێوەی پابەندبن؟ ئایا نەصرانیی ئامادە بوون دەست لەوە هەڵبگرن کە لە کتێبەکانیاندا حوکمەکەی لابردراوەو قورئان هاتۆتە شوێنی؟

خوا ﷻ بەوە تاقییان دەکاتەوە، وە دیاریشە لەڕاستیدا زۆر لە خاوەن کتێبەکان لەو تاقیکردنەوانەدا دەرنەچوون، چونکە دەمارگیر بوون، من جارێك لە زیندانی ئەمریکییەکاندا لەگەڵ یەکێك قسەم کرد، کە ئیددیعای ئەوەی دەکرد کە زانیاریی قووڵی دەربارەی کتێبی موقەددەس هەیە، گوتی: ئایا ئەگەر ئێوەی مسوڵمان ببنە جوولەکە، یان ببنە نەصرانیی چییە؟ خۆ تەوڕاتو ئینجیلییش هەر کتێبی خوان، ئێوە ناڵێن: ﴿ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ﴾، گوتم: با، جیاوازییان ناخەینە نێوان، گوتی: دەجا قەیدی چییە، ببنە جوولەکەو نەصرانیی، ئێوە هەر بە دوای پێغەمبەری خوا دەکەونو زەرەرتان نەکردوە؟ گوتم: ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئێمە ببینە جوولەکە، یان نەصرانیی، مانای وایە بەرەو دوا گەڕاوینەوە، بەس ئێوە کە دەبنە مسوڵمان بەرەو پێشەوە دێن، گوتی: چۆن؟ گوتم: خوا ﷻ تەوڕاتی سێ هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا ناردۆتە خوار، وە ئینجیلی دوو هەزار ساڵ زیاتر پێش ئێستا ناردۆتە خوار، ئنجا منێکی مسوڵمان ئەگەر بە دوای ئینجیلێك بکەوم کە

دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا هاتوە، مانای وایە بەرەو دوا گەڕاومەوە، بەڵام تۆ دوای ئەوەی ئیمان بە قورئان دێنیێ، کە سێ هەزار یان دوو هەزار ساڵ دوای کتێبەکەی تۆ هاتۆتە خوار، مانای وایە تۆ بەرەو پێش هاتووی، ئەوە لەلایەك، ئنجا کەسێك کە ئیمان بە قورئان دێنێ، مانای وایە کە ئیمانی بە تەوراتو ئیجیلیش هەر هێناوە، ئەوانی لەدەست نەچوون، وە کەسێك کە ئیمان بە موحەممەد ﷺ دێنی ئیمانی بە مووساو عیساش هەر پاراستوە لە خۆیدا، بەڵام مسوڵمانێك بگەڕێتەوەو ببێتە جوو، موحەممەدو عیسای لە دەست دەچن، وە ئەگەر بشببێتە دیان، موحەممەدی لە دەست دەچێ، مانای وایە ئێوە کە مسوڵمان بن، قازانج دەکەن زیان ناکەن، بەڵام ئێمە ببینە جوو یان دیان، زۆرمان زەرەرە! کابرا خۆشی بە شارەزا دەزانی، ئیدی تەماشای یەکدییان کردو گوتیان: بەڕاستی وەڵامەکەت زۆر مەنتیقییە، ئەوانە عادەتیان وایە شتێك کە بە هەقیان زانی لێی بێ دەنگ دەبن، ئەگەر بواریان هەبێ وەریشی دەگرن!.

٣) کە دەفەرموێ: ﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾، واتە: هەرکامێکتان بە پێی بەرنامەی خۆی خێرایی بکات لە چاکەکاریدا، وە هەوڵ بدەن لە چاکەدا پێشەنگ بن، لە جیاتی ئەوەی بە دەمارگیرانە هەرکەس دەست بە کتێبی خۆیەوە بگرێ، بزانن لە کتێبەکانتان چ شتێکی باش هەیە، دەستی پێوە بگرن، کە وەك گوتم ئەگەر خاوەن کتێبەکان وا بکەن لەگەڵ مسوڵمانەکان، دنیا زۆر دەگۆڕێ.

٤) کە دەفەرموێ: ﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ﴾، واتە: ڕاجیاییەکانی یەکدی تەحەممول بکەن، وە خوا دادگەرە، وە دنیا مەکەنە شوێنی تەصفیە حیساب، جوولەکەو نەصرانیی بە تەما نەبن کە مسوڵمان دەستبەرداریی مسوڵمانەتییەکەی بێ، دەبێ جیاوازیی یەکدی تەحەممول بکەن، مسوڵمانیش بە هەمان شێوە کابرای جوولەکەو نەصرانیی کە مسوڵمان نابن، بۆی نیە بە زۆر مسوڵمانیان بکات، بەڵکو دەبێ یەکدی تەحەممول بکەن، لە چاکەدا پێشبڕکە بکەنو، بەڵام ڕاجیاییەکانتان هەڵگرن، قۆناغێکی دیکە دێ، کاتێکی دیکە دێ، خوا هەقو ناهەقان لێك جیا دەکاتەوە.

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دەفەرمووێ: ﴿ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَ ﴾، واتە: وە حوكم بکە بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوارێ، وە دادوەریی یان لە نێواندا بکەو، بە دوای ئارەزووویان مەکەوە، وە وریابە لات نەدەن لە هەندێك لەوەی خوا ناردوویەتە خوار، لێرەدا جەختت کراوەتەوە لەسەر دادوەریی کردن بەپێی وەحی خوا، وە وریا بوون لە شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیان، ئەوە چی لێ وەردەگیرێ؟ هەمیشە بەدیلی وەحی شوێنکەوتنی ئارەزووە، بەدیلی (هُدی)، (هَوی)یە، ئەوەی بە دوای (هُدی) نەکەوێ، لە چاڵی (هَوی) دەکەوێ، ئنجا یان بە دوای هەوای خۆی دەکەوێ، یان بە دوای هەوای یەکێکی دیکە دەکەوێ، خواش ﷻ بەرنامەی خۆی‌و رێنمایی خۆی ناردوە بۆ ئێمە، تاکو لە چنگ ئارەزووی خۆمان‌و ئارەزووی خەڵك رزگار بین‌و نەکەوینە شوێن ئارەزووەکان.

ئنجا کە دەفەرمووێ: ﴿ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَ ﴾، بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: بەڵام کوردەواریی خۆمان دەڵێن: دیوار لەگەڵ تۆمە گوێسوانە گوێت لێبێ، ئەگەر پێغەمبەر ﷺ پێویستی بەوە هەبێ وریابێ لاینەدەن، دەبێ ئێمە چەندمان پێویست بێ؟! دیارە (يَفتِنُوكَ) یانی: (يَصْرِفُوك، يَخْدعُوكَ)، کەواتە: دەبێ مسوڵمانان لە نامسوڵمانان وریابن، جا چ ئەهلی کیتاب بن، چ ئەوانە بن کە بڕوایان بە هیچ کتێبێك نیە، وریا بن لایان نەدەن لە هەندێك ئەوەی خوا ناردوویەتە خوار، دیارە ئەهلی کوفر بە کەمە لادانێکی ئێمەش لە هەق، قەناعەت دەکەن، ئەگەر تۆزێکیش لابدەین، هەر پێیان چاکە.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرمووێ: ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ ﴾:

١/ بۆیە دەفەرمووێ: ﴿ بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡ ﴾، چونکە کەمێك لادان بایی سزای دنیاییەو سزای دنیایی لەسەرە، بەڵام لادانی تەواو، یاخود گوناهەکانیان بە تەواویی، لە

کوێ سزای پڕ بە پێست وەردەگرنەوە؟ لە قیامەت، بەڵام سوننەتی خوایە بەشێك لە گوناهەکان لە دنیادا سزایان دەداتەوە، وەك لە سوورەتی (الروم)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِي عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾ ﴾، واتە: خراپەو ئاشووب لە تەڕو وشك (لە دەریاو وشکانیی)دا دەرکەوت، بە هۆی کردەوەی خەڵکەوە، (واتە: بە هۆی کردەوە خراپەکانیانەوە) تاکو سزای بەشێك لە کردەوە خراپەکانیان پێ بچێژێ، بۆئەوەی بگەڕێنەوە.

ئێستا ئەو هەموو جۆرە نەخۆشییە وەك: ئایدزو زوهرییو سەیلانو ئەو نەخۆشییانەی دیکە کە بە هۆی زیناو تاوانو ئینحرافی جنسییەوە پەیدا دەبن، بۆئەوەی خەڵك بێتەوە سەرخۆی، ئەو هەموو نەخۆشییانەی کە لە جگەرەکێشانو شەڕابو قومارو لە حەڕام خواردنەوە پەیدا دەبن، حیکمەتیان چییە؟ ئەوەیە کە خەڵك بگەڕێتەوە، وە ئەوە باجێکی کەمی گوناهو تاوانەکانە کە ئینسان لە دنیادا دەیدات، بەڵام سزای پڕ بە پێستی تاوانەکان، لە ڕۆژی قیامەت دایە.

٢/ کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَـٰسِقُونَ ﴾، وە زۆربەی خەڵکی، (واتە: لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی) لاڕێن، تەماشا بکەن! هەمیشە قورئان خۆی لە گشتاندن (تعميم) دەپارێزێ، تاکو ئێمەش فێری ئینصاف بین، بڵێین: زۆر لە خەڵکی لاڕێن، نەڵێین: هەموو خەڵکی لاڕێن، یان خوا باسی ئەهلی کتێب دەکات دەفەرموێ: زۆریان وان، نافەرموێ: هەموویان وان.

**مەسەلەی حەوتەمو کۆتایی:** کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَـٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾، ئایا دادوەرییو بەرنامەی نەفامیی دەخوازن؟! ئایا حوکمی کێ لە هی خوا چاکترە بۆ کەسانێك کە بڕوایەکی پتەویان هەبێ، خوای پەروەردگار چەند شتێکی بە ناوی نەفامیی هێناون لە قورئاندا:

١- ﴿ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ ﴾، حوكمی نەفامیی.

٢- ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ ﴿٣٣﴾ ﴾الأحزاب.
خۆڕازاندنەوەی نەفامیی.

٣- ﴿ ... يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ ...﴿١٥٤﴾ ﴾آل عمران، گومانی نەفامانە.

٤- ﴿ إِذْ جَعَلَ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ ...﴿٢٦﴾ ﴾الفتح.
دەمارگیریی نەفامیی.

کەواتە: جاری وایە ڕەوشتو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو خۆڕازاندنەوەو جوانیی خۆدەرخستن نەفامانەیە، وە جاری وایە گومان نەفامانەیە، گومانی ئەوە بە خوا بەری کە شایستەی نەبێ، وە جاری وایە تووڕە بوونو دەمارگیریی نەفامانەیە، چونکە گومانی هەقیش هەیەو تووڕەیی هەقیش هەیە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ، کە نەفامیی قۆناغێکی مێژوویی نیە تێپەڕبێ، بەڵکو جۆرێك لە بیرکردنەوەو جۆرێك لە هەستو نەستو جۆرێك لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکە، لە نەزانینو ئارەزوو و دەمارگیریی ئینسانەوە سەرچاوە دەگرێ.

واتە: نەفامێتیی شتێك نیەو قۆناغێك نیە تێپەڕی بێ، وەك (مُحَمَّد قُطْب) خوا پاداشتی بداتەوە لە کتێبی (جاهلية القرن العشرين)دا جوانی ڕوون کردۆتەوە، دەڵێ: نەفامێتیی قۆناغێك نیە تێپەڕی بێت، بەڵکو حاڵەتێکە ئینسان تێیدا دەژی، هەر کەسێك لە خوا دوورکەوتەوە، تووشی حوکمی نەفامیی دەبێ، ئەگەر بە دوای حوکمی خوا نەکەوت لە بیرکردنەوەی هەستو نەستدا، بیرکردنەوەی بەرانبەر بە خوا نەفامانە دەبێ، لە بەرگو پۆشاکدا خۆڕازاندنەوەی نەفامانە دەکات، وە لە دەمارگیریدا هەڵوێستی نەفامانەی بۆ دروست دەبێ، هەروەها لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاردا، ئنجا ئایا ئەو حاڵەتە لە چییەوە دروست دەبێ؟ لە دوورکەوتنەوەی ئینسان لە بەرنامەی خوا، بۆیەش خوا بە حوکمێکی غەیرە ئیسلامییو، هەڵسوکەوتو ڕەفتارو، گومانێکی خراپ

دەفەرموێ: نەفامانەیە، چونکە لەڕاستیدا ئەوەی خوا دەیفەرموێ، چ دەربارەی یاساکانی ژیان بێ، چ دەربارەی عەقیدە بێ، چ دەربارەی ڕەوشت بێ، چ دەربارەی باری کەسێتی بێ، دەربارەی هەرشتێك بێ، خوا لەسەر بناغەی عیلمو حیکمەت دەیفەرموێ، عیلمێکی بێ سنوور، حیکمەتێکی بێ کۆتایی.

بەڵام ئەوەی ئینسان دەیڵێ، زۆرجار لەسەر بناغەی هەواو ئارەزووی خۆی، یان هەواو ئارەزووی کەسێکی دیکە، یان لەسەر بناغەی گومان، یان لەسەر بناغەی زانیارییەکی کەم، دەیڵێ بۆیە ئەوەی ئینسان بە زۆری نەزانینی لەگەڵ تێکەڵ دەبێ، وە ئەوەی خوای پەروەردگار لە زانیارییەکی بێ خلێتەوەو، حیکمەتێکی بێ خلێتەوەو، ڕەحمەتو بەزەییەکی بێسنوور تێرو تەواوەوە، سەرچاوە دەگرێ.

لە کۆتاییدا خوای بەرز کە دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾، حوکمی کێ چاکترە لە هی خوا، بۆ کۆمەڵێك کە یەقینیان هەبێ؟! واتە: زانیارییەکی تەواویان هەبێ، یان ئیمانێکی تەواویان هەبێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێ: (قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە) کەسانی زاناو شارەزا قەدری ئیسلامو یاساو ڕێساکانی شەریعەتی پڕ حیکمەتی خوا دەزانن، بەڵام ئەوەی نەزان بێو، سەر کێڵ بێ، ئارەزووباز بێو، خاوەن بەرژەوەندی ناشەرعیی بێ، ئەوە شتێکی چاوەڕوان کراوە، بە ئیسلام ڕازی نەبێ بۆچی؟ چونکە بناغەی یەقینی نییە، ئنجا یەقین چ بە مانای بڕوای پتەو بێ، چ بە مانای زانیاری ڕاستو بەرچاوڕوونیی تەواو.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی سێزدەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە سێ ئایەت پێکدێ، لە ئایەتەکانی (٥١ - ٥٣) کە تێیاندا خوای کاربەجێ فەرمان بە بڕواداران دەکات کە جوولەکەو نەصرانییەکان بە دۆست نەگرن‌و پشتیان پێنەبەستن، وە ڕایدەگەیەنێ کە جوولەکەو نەصرانییەکان دۆست‌و پشتیوانی یەکدین، پاشان هەڕەشەیەکی گەورەیان لێدەکات‌و دەفەرموێ: وە هەر کەسێك لە ئێوە ئەوان بە دۆست بگرێ، لە ڕیزی ئەواندا حیساب دەکرێ‌و، بە ستەمکاریش دادەنرێ‌و، ڕێنمایی خوا نایگرێتەوە.

پاشان لە ئایەتی دووەمدا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوە دڵنەخۆش‌و دەغەڵەکانن خێرایی دەکەن، لە دۆستایەتیی کردنی جوولەکەو نەصرانییەکاندا، بە بیانووی ئەوە کە لە بەڵاو کارەسات دەترسێن‌و دووربینیی بۆخۆیان دەکەن! خوای بالادەستیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بڕوبیانووانە دەفەرموێ: نزیکە خوا ﷻ سەرکەوتنێك یان گۆڕانکارییەکی تایبەت لە هاوکێشەی هێزەکاندا بێنێتەدی، کە ئەو جۆرە کەسانە لەسەر ئەو گومان‌و خولیاو بەدبینی یانەی خۆیان پەشیمان ببنەوە.

ئنجا لە ئایەتی سێیەمیشدا هەڵوێستی ئیمانداران - کە ئەگەری هەیە بێتەدی پاش گۆڕانکاریی لە بارودۆخ دا - دەخاتەڕوو، کە زۆر نزیکە ئیماندارانیش بە سەرسوڕمانەوە بەرانبەر بەو جۆرە کەسانە بڵێن: ئایا ئەوانە بوون کە سوێندی پتەویان دەخوارد کە لەگەڵ ئێوەن؟! کەچی ئێستا بە هۆی ئەو هەڵوێستانەیانەوە، کردەوە باشەکانیان هەڵوەشاونەوەو لە زیانباران بوون، ئایا ئەوانە بوون پێیان وابوو ئیماندارن، لە ڕیزی مسوڵمانان دان! کەواتە: خەیاڵ پڵاویان کردوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ
وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي
قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ يَقُولُونَ نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ
بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ ﴿٥٢﴾ وَيَقُولُ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ
فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەكـان

((ئەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! جوولەكـەو نەصـرانییەكان بـە دۆسـت مەگـرن، ئـەوان هەنـدێكیان دۆسـتو پشـتیوانی هەندێكیـانن، وە هـەر كـەس لـە ئێـوە دۆسـتایەتییان بكـات ئـەوە لەوانـە، بێگـومان خـوا ﷻ ڕێنمـایی كۆمـەڵی سـتەمكاران ناكـات ﴿٥١﴾ ئنجـا تۆ هەمیشـە ئەوانـەی دڵیـان نەخۆشیی (نیفـاقی) تێدایـە، دەیـانبینی كە خێرایی دەكەن لە دۆستایەتیی كـردن (ی جوولەكـەو نەصـرانیی)یاندا، (بـە پاسـاوی ئەوە كە) دەڵێن: دەترسین بـەڵامان تووشـبێ، زۆریـش نـزیكە خـوا سـەركەوتنێك (بـۆ مسوڵمانان) بێنێتە پێش، یان گۆڕانكـارییەك لەلایـەن خۆیەوە بكـات، وە سـەرەنجام ئـەو جۆرە كەسانە لەسەر ئەوەی كە لـە دڵیانـدا پـەنهانی دەكـەن (لـە گومـانی خـراپو تـرسو خولیـای ترسـنۆكانە) پەشـیمان ببنـەوە ﴿٥٢﴾ وە لـە ئاكـامدا بڕوادارانیـش بڵـێن: ئایـا ئـەوانە بوون كە سوێندی گەورەیان بە خـوا دەخـوارد، كـە لـە ئێـوەن (كەچی ئـەوەش هەڵوێسـتیانە)؟! بــە دڵنیـایی یــەوە ئــەو جــۆرە كەسـانە (لــە ســۆنگەی ئــەو هەڵوێسـتانەیانەوە) كردەوە باشـەكانیان هەڵوەشـانەوەو لە زیانبـاران بووون﴿٥٣﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(أَوۡلِيَآءَ ): كۆی (وَلِي)یە، وەلی بە كوردی ئێمە دەڵێین: دۆست، نزیك، خۆشەویست، بە مانای پشتیوان دێ‌و، بە مانای یارمەتیدەریش دێ، لەڕیشەدا لە چییەوە هاتوە؟ (الوَلاَءُ وَالتَّوَالِي: أَنْ يَحْصُلَ شَيئَانِ فَصَاعِداً حُصُولاً لَيسَ بَيْنَهُمَا مَا لَيْسَ مِنْهُمَا، وَيُسْتَعَارُ ذَلِكَ لِلْقُرْبِ مِنْ حَيْثُ الْمَكَانُ، وَمِنْ حَيْثُ النِّسْبَةُ، وَمِنْ حَيْثُ الدِّينُ، وَمِنْ حَيْثُ الصَّدَاقَةُ والنُّصْرَةُ وَالإِعتِقَادُ) وشەی (وَلِي) لە ڕیشەدا (وَلِيَ يَلِي)یە، واتە: (قَرُبَ يَقْرُبُ)، (يَليهِ)، واتە: بە دوای دادێ، دەڵێ: (وَلاءُ، تَوَالِي) ئەوەیە كە دوو شت یان زیاتر بە دوای یەكدا بێن، كە شتێكی نامۆیان لە نێواندا نەبێ، یەكسەر بە دوای یەكدا بێن، وە ئەوە خوازراوەتەوە بۆ نزیكیی، واتە: وشەی (وَلِي، تَوَالِي) بۆ نزیكی خوازراوەتەوە لە ڕووی شوێنەوەو لە ڕووی نسبەتەوە (بۆ وێنە: بابو كوڕ، یان براو ، برا یان ژن‌و مێرد)و لە ڕووی دینەوە (هاودین بن) لە ڕووی پشتگیریی كردنەوە (پشتگیریی یەكدی بكەن)و لە ڕووی برادەرایەتیی‌و هاوەڵایەتیی یەوە، یان لە ڕووی عەقیدەو بڕوا پێ بوونەوە.

(يَتَوَلَّهُم ): پشتیان پێ ببەستێ، بە دۆستیان بگرێ، لێیان نزیك بێ، (تَوَلَّى إِذَا عُدِّيَ بِنَفسِهِ اقْتَضَى مَعْنَى الوَلاَيَةِ، وَإِذَا عُدِّيَ بِـ (عَنْ) لَفْظَاً أَوْ تَقْدِيراً، اقْتَضَى مَعْنَى الإِعْرَاض: فَإِنْ تَوَلُّوا)، وشەی (تَوَلَّى) ئەگەر بۆخۆی تەعەددا بكات بۆ (مفعول) ئەوە مانای وەلایەت‌و نزیكیی‌و دۆستایەتیی دەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر بە وشەی (عَنْ) تەعەددا بكات، جا چ بە بێژە (لَفْظ) یان (تقدیر) ئەوە مانای پشت تێكردن دەگەیەنێ، (تَوَلاَّهُ)، واتە: دۆستایەتی كرد، (تَوَلَّى عَنْهُ)، واتە: پشتی تێكرد، واتە: پێچەوانەی دۆستایەتیی كردن، كە لێرەدا دەفەرموێ: (فَإِن تَوَلَّوا)، ئەگەر پشتیان هەڵكرد، واتە: پشتیان تێكرد.

(فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ): واتە: لە دڵیاندا نەخۆشیی هەیە، ئەو وشەیە خوای پەنهانزان بۆ دوو جۆرە كەسان بەكاری دێنێ، جاری وایە بۆ مونافیقان بەكاری دێنێ، جاری

واشە بۆ مسولْمانانێکی ئیمان لاواز بەکاری دێنێ، ئەوەی من بۆم دەرکەوتوە مەرج نیە هەمیشە کە دەفەرموێ: (فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ) مەبەست پێی مونافیقەکان بێ، جاری وایە مەبەست پێی مسولْمانانێکی ئیمان لاوازە، بە بەڵگەی ئەوە کە لە سوورەتی (الأنفال)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ... ﴿٤٩﴾ ﴾، واتە: کاتێك کە مونافیقەکانو ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشیی تێدایە دەڵێن، جا مونافیقەکان ئەوە دیارن، وە مادام بە (و) عەطف کراوەتەوە سەر، ﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ ﴾، کە دیارە مونافیقەکانیش دڵیان هەر نەخۆشیی تێدایە، بەلاّم مونافیقەکان نەخۆشییەکە سەرتاپای دڵی داگرتوون، بەلاّم دەگونجێ ئینسانی مسولْمان سیفەتێکی، یان چەند سیفەتێکی مونافیقانی تێدابن، بەلاّم نەبووبێتە مونافیقی تەواو، دڵی نەخۆشە، بەلاّم نەخۆشییەکە بە تەواویی بەسەریدا زاڵ نەبووەو نەبۆتە مونافیقی تەواو، کە بەشی بە ئیسلامەوە نەمێنێ، دەڵێ: (الْمَرَضُ: الخُرُوجُ عَنِ الإعْتِدَالِ الخَاصِّ بالإنْسَانِ، جِسْمَاً وَرُوحَاً) واتە: (مَرَض)، بریتیە لە دەرچوون لە حاڵەتی هاوسەنگیی‌و تەندروستیی کە تایبەتە بە ئینسانەوە لە ڕووی جەستەیەوە، یاخود لە ڕووی ڕووحییی، کەواتە: ئینسان دەگونجێ لە ڕووی جەستەییەوە نەخۆشبێ، دەگونجێ لە ڕووی ڕووحییەوە، کە دیارە نیفاق‌و شیرك‌و کوفرو ئیلحادو ئەوانە نەخۆشیین، تووشی ڕووح دەبن، وەك چۆن جەستەش تووشی سیل‌و سەرەتان‌و نەخۆشیی دیکە دەبێ.

(دَآئِرَةٌ): (الدَائِرَةُ: عِبَارَةٌ عَنِ الخَطِّ الْمُحِيطِ... ثُمَّ عُبِّرِ بِهَا عَنِ الحَادِثَةِ وَالدَّورةِ وَالدَّائِرَةِ في المَكروهِ كَمَا يُقَالُ الدَّوْلَة في المَحْبُوب)، وشەی (دَائِرَة) لە ئەسڵدا بریتیە لەو هێڵەی کە دەوری شتێك دەدات، بازنە، دوایی بەکارهێنراوە لەجیاتی ڕووداوو کارەسات، بۆچی؟ وەك چۆن بازنە دەوری شت دەدات، ڕووداویش کە ڕوودەدات دەوری ئەو خەڵکە دەدات کە بەسەریان هاتوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ... عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ... ﴿٩٨﴾ ﴾التوبة، واتە: بازنەی

خراپو بەڵای خراپیان بەسەر بێ، کە کەسیان چەپاڵە نەدا، جا دەڵێ: (الدَّورةُ وَالدَّائِرَةُ في المَكروهِ كَمَا يُقَالُ الدَّوْلَة في المَحْبُوب) هەر دوو وشەی (دورة، دائرة) بۆ شتی خراپ بەکاردێن، بەڵام وشەی (دولة) بۆ شتی باش بەکاردێ، وەك خوای زاناو شارەزا لە سووڕەتی (الحشر)دا دەفەرمویێ: ﴿... كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ ... ⁽٧⁾﴾، واتە: بۆئەوەی ماڵو سامان تەنیا لە دەستی دەوڵەمەندەکاندا خڕ نەبێتەوە.

(بِالْفَتْحِ): (الفَتْحُ: إِزَالَةُ الإِغْلاَقِ وَالإِشْكالِ، وَالفَتْحُ: النُّصْرَةُ والظَّفَرُ والحُكْمُ)، (فَتْح) لە ئەسڵدا بە مانای لابردنی داخران و گرێ کوێرەیەکە، بەڵام دوایی وشەی (فتح) بەکارهێنراوەو خوازراوەتەوە بۆ سەرکەوتنو بردنەوەو باڵادەستی.

(جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ): واتە: سوێندێك کە ئەوپەڕی توانای خۆیان تێدا بەکارهێناوە، (الجَهْدُ وَالجُهْدُ: الطَّاقَةُ وَالمَشَقَّةُ)، (جَهْدُ و جُهْد) بە مانای وزەو، بە مانای شتێك دێ، کە ئینسان بەزەحمەت بۆی بکرێ، (وَجَهْدَ أَيمَانِهِم: أَبْلَغَ الأيمان وَأَقْوَاهَا وَأَوكَدُوهَا)، یانی: سوێندێك کە بگاتە ئەوپەڕی، وە زۆر بەهێز بێ، زۆر داکۆکیی لەسەرکراوبێ.

(حَبِطَتْ)، واتە: هەڵوەشاوەتەوە، لەبەین چووە، (أَصْلُ الحَبْطِ مِنَ الحَبَطِ، وَهُوَ أَن تُكثِرَ الدَّابَةُ أَكْلاً حَتَّى يَنْتَفِخَ بَطنُهَا...) وشەی (حَبْط) لە ئەسڵدا لە (حَبَط)ەوە هاتوە، کە حاڵەتێکە تووشی ئاژەڵێك دێ، زۆر لەوەڕێ دەخوات، تاکو زگی دەئاوسێو دەمرێ.

## هـۆی هاتنـه خـوارەوەی ئایـەتـەکان

هـۆی هاتنـه خــوارەوەی هـەر سـێ ئایەتـه کـه دەفـەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥١ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ يَقُولُونَ نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ ٥٢ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ ٥٣﴾ ﴿رَوَى إبْنُ جَرِيـر عَن عَطِيَّـةَ بْن سَـعْدٍ قَالَ: جَـاءَ عُبَادَةُ بْنُ الصَّـامِتِ رضي الله عنه مِـنْ بَنِـي الحَـارِث بـن الخَـزْرَجِ إلَـى رَسُـولِ اللّه ﷺ، فَقَـالَ: يَـا رَسُـولَ اللّهِ إنَّ لِـي مَوَالِـي مِـن يَهُـودِ كَـثِيـرٌ عَـدَدُهُـمْ، وَإنِّـي أبْـرَأُ إلى اللّهِ وَرَسُـولِهِ مِـنْ وَلايَـةِ يَهُـودٍ، وَأتَـوَلَّـى اللّهَ وَرَسُـولَهُ، فَقَـالَ عَبْـدُ اللّهِ بْـنُ أُبَـيِّ بْـن سَلُول: إنِّي رَجُلٌ أخَافُ الدَّوَائِرَ، لا أبْـرَأُ مِـنْ وَلايَـةِ مَوَالِـيَّ، فَقَـالَ رَسُـول اللّه ﷺ، يَـا أبَـا الحُبَـابِ! مَـا تَجَلَّـبَ بِـهِ مِـنْ وَلايَـةِ اليَهُـودِ عَلَـى عُبَـادَة بـن الصَّـامِت، فَهُـوَ لَـكَ دُونَـهُ، فَقَـالَ: قَـدْ قَبِـلْـتُ، فَـأَنْزَلَ اللّهُ عَـزَّ وَجَـلَّ فِيهِمَـا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖ ...﴾﴾[1]، واتـه: ئیبنو جـەریر لـه عـەطییـەی کوڕی سەعد دەگێڕێتەوە کە گوتوویەتی: عوبادەی کوڕی صـامیت خـوا لـێی ڕازی بـێ، (کـه یـەکێك بـووە لـه نوقـەبا، لـەو دوازدە نەقیبـەی کـه پێغەمبـەر ﷺ لـه بەیعـەی عەقەبەی دووەمـدا کردنـی بـه سـەرپەرشتیاری مسـوڵمانانی ئـەوس و خـەزرەج)، کـه لـه بـەنی حـاریثـی کـوڕی خەزرەجـه، هـات بـۆ لای پێغـەمبەری خـوا ﷺ، گـوتی: ئـەی پێغـەمبەری خـوا ﷺ! مـن هەنـدێك هاوپەیمانـم هـەن لـه جوولەکەکـان ژمارەشـیان

---

١) جامع البيان: برقم: (١٢١٥٦).

زۆرە، بەڵام من ئەوە حاشا دەکەم لە دۆستایەتیی کردنو نزیکیی‌و هاوپەیمانەتیی لەگەڵ جوولەکە، وە دۆستایەتیی خواو پێغەمبەری خوا دەکەم (واتە: ئەو پەیمانەی لەگەڵ واندا هەمە بەسەریاندا دەدەمەوە پەیوەندیی‌و کەیینو بەینم لەگەڵیاندا نامێنێ، لەگەڵ پێغەمبەرو ئەهلی ئیماندا دۆستایەتی دەگرم)، دوایی عبدوڵلای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول (کە بە سەرۆکی موونافیقەکانی مەدینە ناسراوە)، گوتی: من پیاوێکم لە بەڵاو موصیبەتان دەترسێم! وە من دەستبەرداری دۆستو پشتیوانەکانم، نابم پێغەمبەری خواش ﷺ بە عەبدوڵلای کوڕی ئوبەییەی فەرموو: ئەی ئەبو حوباب (بزانن! پێغەمبەری خوا چەند بەڕێز بووە، عەرەب عادەتیان وایە، ئەگەر ڕێز لە یەکێك بگرن، بە کونیەی بانگی دەکەن، ناوی ناهێنن، لەگەڵ ئەو خراپییەیدا ئەو هەمووە ڕێزەی لێناوە)، ئەو دۆستایەتیی‌و پشتیوانیی‌و هاوکاریی‌و هاوپەیمانییەی کە تۆ ڕژدییت پێکرد لە بەرانبەر عوبادەدا (واتە: ئەو بەخشی، بەڵام تۆ نەتبەخشی) با ئەویش هەر بۆ تۆ بێ، (واتە: ئەوەی عوبادەش هەر بۆ تۆ بێ)، ئەویش گوتی: ئەوە قبووڵم کرد، ئیدی خوای زاڵی پایەدار ئەو ئایەتانەی ناردنە خوار دەربارەیان.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکـان

خـوا ﷻ هەر لە سـیاقی ئـەو ئایەتانـەدا کە باسـی چۆنیـەتی مامـەڵەکـردن لەگـەڵ خـاوەن کتێبەکانـدا دەکـەن، دوای ئـەوەی باسـی هەڵوێسـتی ناحەزانـەی جوولەکـەو نەصـرانیی یـەکان‌و هەوڵدان‌و پیلانـگێڕانیان دەکات، بۆئـەوەی کـە پێغەمبـەر ﷺ لـە دینـی خـوا لابدەن، وە تووشی هەڵەی بکەن، "بـەڵام خـوا پێغەمبـەری خـۆی پاراسـتوە"، دوای ئـەوە ئنجـا ڕوو لـە ئیمـانداران دەکـات بـۆ جاری حـەوتەم بـە نازنـاوی ئیمـان دەیاندوێنــێ، لـەم سـوورەتەدا خـوای پـەروەردگـار (١٦) جـار ڕسـتەی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ی بەکارهێنـاوە، ئـەوە جاری حەوتەمینـە، دەفـەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴾، ئــەی ئەوانــەی بڕواتــان هێنـاوە! ئیمانیـان بە چی هێناوە؟ بە هەموو ئـەو شتانەی کە پێویسـتە ئیمانیـان پـێ بهێنرێ، واتە: بە خـوا، بە فریشـتەکانی، بە کتێبەکـانی، بـە پێغەمبـەرانی، وە بـە ڕۆژی دوایــی، بــە هــەموو ئـەو شــتانەی کـە پێغەمبـەر ﷺ لـە خــواوە هێنــاونی، ئـەی ئیمانـدارینـە! جوولەکـەو نەصـرانی یـەکان بـە دۆسـت مـەگرن، (أَوْلِيَـاءَ) کـۆی (وَلِـي)، ئەمیش یـانی: دۆسـت، نـزیك، پشتیوان، کەسـێك کە پشـتی پـێ دەبەسـتیو کەیـن‌و بەینـت لەگـەڵی هەیـە، بۆچـی؟ دەفـەموێ: ﴿بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴾، ئـەو جوولەکـەو نەصـرانییانە هەنـدێکیان دۆسـت‌و پشـتیوانی هەنـدێکیانن، واتـە: هـەرگیز لەگـەڵ مسـوڵمانان دا نابنـە پشـتیوان، تـۆش وا گومـان ببـەی، وا خەیـاڵ پـلاو بکـەی کـە دۆستایەتییت لەگـەڵی هەیـەو هاوپـەیمانی، ئـەو لەگـەڵت ڕاست ناکات، چونکە ئـەوان لەنێو خۆیانـدا دۆسـت‌و پشـتیوانی یەکدین، جا لێـرە دا کـە دەفـەموێ: ﴿بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴾، ئەمە دوو واتـای هـەن:

١) واتە: جوولەکـە لـە نێوان خۆیـاندا دۆسـت‌و پشـتیوانی یەکـدین، نەصـرانییش لـە نێوان خۆیاندا دۆسـت‌و پشتیوانی یەکـدین.

٢) واتایەكی دیكەی ئەوەیە كە جوولەكەو نەصرانیی دۆستایەتیی یەكدی دەكەن لە نێو خۆیاندا، بەڵام دۆستایەتیی ئێوە ناكەن، ئەی مسوڵمانینە!

ئنجا ئەوەش كە خوا دەیفەرمویٚ، ئێستا لە واقیعدا زۆر بە بەرجەستەكراویی دەیبینین، نابینن ئێستا چۆن ئەمریكا هەموو جارێ لە ئەنجوومەنی ئاسایش مافی ڤیتۆ بەكاردێنێ، لە بەرانبەر هەموو ئەو بڕیارانەدا كە دژی جوولەكە دەردەچن، كە بڕیاری ڕاستیشن؟! مانای وایە ئەوەی خوا دەیفەرمویٚ سەدا سەد ڕاستە، ئەوەتا جوولەكەو نەصرانیی یەكان پێكەوە دۆستو پشتیوانی یەكدینو، پێكەوە بەرگریی لە یەكدی دەكەنو پشتیوانیی لە یەكدی دەكەن، بۆیە خوا دەفەرمویٚ: ئێوە پشتیان پێ مەبەستن، وە باوەڕو متمانەیان پێ مەكەن، چونكە هەرگیز بۆ ئێوە ساغ نابن. ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ﴾، ئەوە هەڕەشەیەكی زۆر گەورەیە هەر كەسێك لە ئێوە بە ڕەهایی دۆستایەتییان بكاو، نزیكییان بكاتو، پشتگیرییان بكاتو، لەگەڵیان بێ، ئەوە لەوانە، واتە: حوكمی ئەوانی هەیەو لە بازنەی ئیسلام دەچێتە دەر، {كە دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا باسی دەكەین مەبەست (دۆستایەتیی ڕەها) چییە؟} واتە: كەسێك دۆستایەتیی (بە مانای تەواوی ئەو وشەیە) جوولەكەو نەصرانییان بكات، لە بازنەی ئیسلامو ئیمان دەچێتە دەر، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، بێگومان خوا ڕێنمایی كۆمەڵی ستەمكاران ناكات، واتە: هەر كەسێك وابكات ستەمكارە، وە خواش ڕێنمایی كۆمەڵی ستەمكار ناكات، بەپێی یاساو سوننەتی خۆی، خوا یاسایەكی داناوە لە ژیانی مرۆڤایەتیی دا، هەر كەسێك خراپە بكات خوا وێڵی دەكات، وە هەر كەسێك چاكە بكات، خوا زیاتر هیدایەتی دەدات، وەك دەفەرمویٚ: ﴿وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٧﴾﴾ إبراهيم، واتە: خوا ستەمكاران گومڕا دەكات، بەڵام كێ هیدایەت دەدات؟ دەفەرمویٚ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴿١٧﴾﴾ محمد، واتە: ئەوانەی هیدایەتیان وەرگرتووە هەنگاوی یەكەمیان بەرەو خوا ناوە، خوای پەروەردگار بەرەو ڕوویان دێ، ئەوانەش كە لە خوا دوور دەكەونەوە، خۆ خوا ﷻ بە تۆبزی نایانهێنێتەوە،

بۆچی؟ چونکە خوای پەروەردگار ژیانی ئەم دنیایەی داناوە بۆ تاقیکردنەوە، بەڵام خوا خاوەنی لوتفو کەرەمە، لەگەڵ کەسێکدا کە بەرەو خوا دەچێ، هەر کەسێك بەرەو خوا بچێ، خوا بەرەو ڕووی دەچێ، وە هەر کەسێك پشت لە خوا بکات، خوا وێڵی دەکاو پشتگوێی دەخات، ئنجا خوا ﷻ ئەوە دەخاتە بەرچاوی پێغەمبەری خۆی ﷺ وە دەیخاتە بەرچاوی ئێمەش، وە هەرکەسێك کە قورئان دەخوێنێ، کە ئەوانەی دۆستایەتیی جوولەکەو نەصرانی یەکان دەکەن، کێن؟

دەفەرموێ: ﴿ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ ﴾، زانایانی ڕەوانبێژیی دەڵێن: خوای پەروەردگار دەیەوێ ئەوانەی دۆستایەتی جوولەکەو نەصرانی دەکەن، بۆمانیان وێنا بکات لە دیمەنێکدا بە تابلۆیەك بۆئەوەی تەماشای بکەین، ﴿ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ ﴾، ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە وەك گوتم: دەگونجێ مەبەست پێییان موونافیقی تەواوبن و، دەشگونجێ مەبەست ئەوانە بن کە بەرەو نیفاق چوونو مسوڵمانی دڵنەخۆش و ئیمان بێهێزو کرچو کاڵن: ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشیی تێدایە، تۆ دەیانبینی خێرایی دەکەن لەواندا (واتە: لە دۆستایەتییکردنی جوولەکەو نەصرانییەکاندا، دیارە ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە، کەواتە: ئەو کاتو ئێستاو لە مەودواش هەر کەسێکتان بینی سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکاندا دۆستایەتیی بکات، چ دۆستایەتیی شەخصی، چ دۆستایەتیی کۆمەڵایەتیی، دۆستایەتیی سیاسی، لەسەر ئاستی دەوڵەت، لەسەر ئاستی حیزبیی، بەڵام بەو واتایەی کە گوتمان، واتە: خۆشی بوێن، بە تەنگیانەوە بێ و، پشتیان بگرێ و لەگەڵیان بێ و خۆیان بۆ بە کوشت بدات، هەر کەسێکتان وا بینی، نیشانەی پرسیاری لەسەر دابنێن؟! دیارە دینەکەی تەواو نیە، جا یان مونافیقە، یاخود بەرەو نیفاق چووەو دڵی نەخۆشیی تێدایە، ﴿ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ﴾، پاساو دێننەوە بۆ ئەو کارەیان و دەڵێن: دەترسین بەڵامان تووش بێ، لەبەر بەڵای ناگەهان و گۆڕانکاریی زەمان، ئێمە دۆستایەتیی لەگەڵ جوولەکەو نەصرانیی یەکاندا دەکەین، تاکو ئەگەر دنیا شتێکی بەسەرهات، کەسێك هەبێ پەنای بۆ

بەرین! ﴿فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ مِّنۡ عِندِهِۦ﴾، نزیکە خوا سەرکەوتنێك بێنێتە پێش، یاخود گۆڕانکارییەك، کارەساتێك لە لایەنی خۆیەوە بێنێتە پێش، بێئەوەی دەستی بەشەرەکانی تێدابێ، ﴿فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ﴾، سەرەنجام ئەوانەی کە دۆستایەتیی جوولەکەو نەصرانیی یەکان دەکەن، لەسەر ئەوەی کە لە دڵیاندا پەنهانیان کردوە، پەشیمان ببنەوە، واتە: نزیکە دنیا گۆڕانکاریی بەسەردابێ‌و مسوڵمانان بەهێزو پێزبن، وە ئەهلی کوفر بێهێز بن، وە ئەوانەی دۆستایەتی ئەهلی کوفریان کردوە، پەشیمان ببنەوە، چونکە بۆیە دۆستایەتییان کردوون تاکو سەلامەت بن، کەچی ڕەنگە دنیا وابگۆڕێ، هەرچی لە پەنای واندابێ، زەرەرمەند بێ، ئنجا ئەوە کاتی خۆی وابووەو ئێستاش وایە، ئەوانەی کە دەڵێن دەبێ ئێمە لەگەڵ ئەمریکا بین، لەگەڵ ڕۆژئاواو جوولەکەو فلان ولاتدا پەیمانمان هەبێ‌و، نزیك بین‌و دۆستایەتییمان هەبێ، بە حیساب دەیانەوێ بەرژەوەندیی دنیایی خۆیان دابین بکەن، دەڵێن: گۆڕانکاریی بەسەر دنیاو زەمان دادێ، با پەنایەك هەبێ خۆمانی پێ بگرینەوە، بەڵام خوا ﷻ دەفەرموێ: نزیکە گۆڕانکاریی وا ڕووبدات، مسوڵمانان سەرکەوتن‌و بردنەوەیەکیان بۆ بێتە پێش، ئەو جۆرە کەسانەی ئەوە هەڵوێستیانە، پەشیمان ببنەوە.

لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، وە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە دەڵێن، دەشگونجێ بەو (یقول)ە بخوێندرێتەوەو عەطف بێ بۆ سەر ڕستەی پێشی: ﴿يَقُولُونَ نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ﴾، ئنجا ئەگەر ئاوا بخوێندرێتەوە: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ئەوە ڕستەیەکی سەرەتاییەو، ئەگەر (یقولَ)ەش بێ، واتە: لەسەر ئەوە پەشیمان ببنەوە کە لە دەروونی خۆیاندا پەنهانیان کردوە، وە ئەوانەش کە ئیمانیان هێناوە بڵێن: ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ

﴿ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡ ﴾، ئا ئەوانە بوون، زۆر بە قورسی سوێندیان بە خوا دەخوارد ﴿ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡ ﴾، دەیانگوت ئێمە لەگەڵ ئێوەین ﴿ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ ﴾، کردەوەکانیان هەڵوەشانەوە، ﴿ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴾، سەرەنجام لە زەرەرمەندان بوون، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴾، واتە: ئەو کردەوە چاکانەی کردوویانن، لە ئەنجامی دۆستایەتیی گرتنیان لەگەڵ ئەهلی کوفردا، هەڵوەشاونەوە، کردەوەی چاکیش بەچی هەڵدەوەشێتەوە؟ بە کوفر، کەواتە: دۆستایەتییکردنی ڕەهای ئەهلی کوفر بە کوفر لە قەڵەم دەدرێ، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ ﴿٢٨﴾ ﴾، واتە: ئیمانداران با کافران لە جیاتی ئیمانداران بە دۆست نەگرن، هەر کەسێك وا بکات، هیچ پەیوەندیی بە خواوە نامێنێ، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾ ﴾النساء، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! کافران لە جیاتی ئیمانداران بە دۆست مەگرنو پشتیان پێ مەبەستن، ئایا دەتانەوێ بەڵگەیەکی ئاشکرای خوا پەروەردگار لەسەر خۆتان دابنێن؟ واتە: خوا بەڵگەی لەسەرتان هەبێ، کە ئێوە لە دینەکەی هەڵگەڕاونەوە؟!

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، لێرەدا دەمەوێ سەرنجی هەموو لایەك ڕابکێشم، کە ئێمە کاتی خۆی لە بەرگی دووەمی ئەم تەفسیرەدا، لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتی (٢٨)ی سووڕەتی (آل عمران)دا کە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنۡهُمۡ تُقَىٰةٗۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلۡمَصِيرُ ۝٢٨﴾، لەوێ تاڕادەیەك باسی ئەوەمان کردوە کە حوکمی دۆستایەتیی لەگەڵ کردنو نزیکی لەگەڵ ئەهلی کوفردا چۆنەو، سەرەنجامی چییە؟ هەروەها لە بەرگی سێیەمیش، لە کاتی تەفسیرکردنی ئەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينًا ۝١٤٤﴾النساء، دیسان لەوبارەوە قسەمان کردوە، لەبەرئەوە ئەوەی کە لەوێ گوتومانە، ئیکتیفای پێ دەکەم، بەڵام لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە چەند شتێك بکەم بە خێرایی:

# چەند خاڵێکی گرنگ لەبارەی حوکمی دۆستایەتیی گرتنی موسڵمانان لەگەڵ کافران دا

١/ کە خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَ﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو جۆرو حاڵەتەکانی دۆستایەتیی گرتن لەگەڵ کافراندا، چ جوولەکەو دیان، چ غەیری ئەوان، سەر ناکێشێ بۆ کافربوون، ئەگەرنا خوا نەیدەفەرموو: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! دیارە ئیمانیشیان هەیەو دەشفەرموێ: ئەوە مەکەن! هەروەها لە سەرەتای سوورەتی (الممتحنة)شدا کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ ...(١)﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! دوژمنی منو دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، وە لە سوورەتی (النساء)یش دا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينًا (١٤٤)﴾، کەواتە: مەرج نیە هەموو جۆرە دۆستایەتییەکی ئیمانداران لەگەڵ ئەهلی کوفردا یەکسەر ئینسانی مسوڵمان لە بازنەی ئیسلام بەرێتە دەر بە یەکجاریی، بەڵکو حاڵەتی دۆستایەتیی گرتن لەگەڵ نامسوڵماناندا جۆراو جۆرەو هەر جۆرەو حوکمێکی تایبەتیی هەیە.

٢/ ئەو ڕستەیەی کە دەفەرموێ: ﴿بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖ﴾، ئەوە دەگەیەنێ کە جوولەکە لەگەڵ نەصرانی یەکاندا دۆستایەتیی یەکدی دەکەن، ئەوەش دیارە وەك لە مانای گشتی ئایەتەکاندا ئاماژەم پێدا، لە واقیعی ئێستاشدا دەبینرێ، وە ئەگەر تەماشای مێژووش بکەین، جوولەکەو نەصرانیی لە بەرانبەر ئەهلی ئیسلامدا، هەمیشە بوونە یەك بەرەو چوونە یەك سەنگەرەوە.

٣/ ئەو ڕستەیەی کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾، هەر کەسێك لە ئێوە دۆستایەتییان بکات ئەوە لەوانە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کەسێك بە ڕەهایی دۆستایەتی لەگەڵ کافراندا هەبێ (بَيْنَهُ وَبَيْنَهُم الـمُوَالاةُ الـمُطْلَقَة) ئەوە لە بازنەی ئیسلامو ئیمان دەچێتە دەر، وەك لێرەدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾، وە لە سووڕەتی (آل عمران)یشدا، باسمکرد کە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ﴾، هەر کەسێك وابکات هیچ پەیوەندیی بە خواوە نامێنێ، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا بیزانین، ئەوەیە کە ئایا دۆستایەتی ڕەها (الـمُوَالاةُ الـمُطْلَقَة) چییەو چۆنە؟

ئەوەی من دوای لێکۆڵینەوەی زۆر بۆم دەرکەوتووە، دۆستایەتیی ڕەهای مسوڵمانان بۆ کافران، کە پێی لە بازنەی ئیمانو ئیسلام دەچنە دەر، چوار حاڵەتی هەنو لە چوار شتاندا، هەرکامیان بە جیا بە جیا، یان هەر چواریان پێکەوە، بەرجەستە دەبێ:

أ- بە دڵ خۆشی بوێنو، بە خۆشییان دڵخۆشو بە ناخۆشییان دڵ ناخۆش بێ.

ب- ئایینو بەرنامەکەیانی پێ ڕاست بێ، لەو شتانەدا کە پێچەوانەی ئیسلامن، ئەگەرنا لە تەوراتو ئینجیلدا هەندێ شت هاتوە، لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتوە، یان پێچەوانەی قورئانو سوننەت نیە، بەڕاستیش بزانێ زەرەری نیە، دەبێ شتی ڕاستت پێ ڕاست بێو، شتی چاکت پێ چاك بێ، لە هەر کەسێکەوە بێ.

ج- وە لە حاڵەتی جەنگدا، جەنگیان لەسەر بکات، خۆیان لەسەر بەکوشت بداتو خەڵکیان لەسەر بکوژێ.

د- پەیوەندیی نزیکیو کەینو بەینی لە جیاتی مسوڵمانان لەگەڵ ئەوان دا بێو، پشتیان بگرێو سەریان بخات بە قسەو کردەوە، تەنانەت ئەگەر بەسەر مسوڵمانانیش دابێ، چ وەك قسەو مەجلیس بێ، چ حاڵەتی کۆمەڵایەتیی بێ،

چ حاڵـەتی سیاسـی بێ، پشـتیان بگرێو بـە ڕەهایی بەسـەر مسـوڵمانـان دا سـەریان بخـات.

هەر کەسێك یـەکێك لـەو چوار حاڵەتـەی تێـدابێ، مانـای وایـە دۆستایەتیی ڕەهـای ئەهلـی کـوفری کـردوە، جـا چ جوولەکـەو نەصـرانیی بـن، چ غـەیری ئـەوان، تەفسیـرەکانیش باسـی زۆر شـتیان کـردوە، دەربـارەی دۆستایەتیی ڕەهـای مسوڵمانان لەگـەڵ کافراندا، بەڵام من پێمـوایە لەو چوار حاڵەتە ناچێتـە دەرێ.

بـەڵام ئـەوەی کـە تـەنیا بـە گونـاهی گـەورە دادەنـرێو بـە کـوفر دانـانرێ، لـە دۆستایەتیی کردنی کافراندا، ئەوەیـە کـە بابایـەکی مسـوڵمان لـە حاڵەتێکی تایبەتـدا هاوکارییـەکی دیـاریی کـراوی کـافران بکـات، بـە پاڵنـەری موجامەلـەو پاراسـتنی بەرژەوەندیـی یەك، یان دوورخسـتنەوەی زیانێـك، وەك هەڵوێسـتەکەی (حَاطِبِ بْن بَلتَعَـة)[1] کە نامەیەك دەنووسـێ بۆ ئەبوسـوفیانو قـوڕەیش کـە ئـەوە پێغـەمبەر ﷺ دەیـەوێ بـێ بـۆ گرتنـی مەککە، دوایـی خـوای پەنهـانزان جبـریل دەنێـرێو پێغەمبەر ﷺ ئاگادار دەکـاتەوە، کە ئـەوە نامەیـەکی ئـاوا نێـردراوە بـە پیـرەژنێکدا ئـەو پیـرەژنە لـە فـلان شـوێنەیە، پێغـەمبەر ﷺ عەلـی کـوڕی ئـەبو طـالیـبو زوبەیرو میقـداد دەنێـرێ، دەبیـنن پیـرەژنێکە سـواری وڵاخێـك بـووە لـە کـەژاوە

---

١) ﴿عَن عَلِيٍّ رضي الله عنه، قَالَ: بَعَثَنِي رَسُولُ اللهِ ﷺ، أَنَا وَالزُّبَيْرَ وَالْمِقْدَادَ بْنَ الأَسْوَدِ، قَالَ: انْطَلِقُوا حَتَّى تَأْتُوا رَوْضَةَ خَاخٍ، فَإِنَّ بِهَا ظَعِينَةً، وَمَعَهَا كِتَابٌ، فَخُذُوهُ مِنْهَا فَانْطَلَقْنَا، تَعَادَى بِنَا خَيْلُنَا حَتَّى انْتَهَيْنَا إِلَى الرَّوْضَةِ فَإِذَا نَحْنُ بِالظَّعِينَةِ، فَقُلْنَا: أَخْرِجِي الْكِتَابَ فَقَالَتْ: مَا مَعِي مِنْ كِتَابٍ فَقُلْنَا: لَتُخْرِجَنَّ الْكِتَابَ أَوْ لَنُلْقِيَنَّ الثِّيَابَ فَأَخْرَجَتْهُ مِنْ عِقَاصِهَا فَأَتَيْنَا بِهِ رَسُولَ اللهِ ﷺ فَإِذَا فِيهِ: مِنْ حَاطِبِ بْنِ أَبِي بَلْتَعَةَ، إِلَى أُنَاسٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ، يُخْبِرُهُمْ بِبَعْضِ أَمْرِ رَسولِ اللهِ ﷺ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: يَا حَاطِبُ مَا هذَا، قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ لاَ تَعْجَلْ عَلَيَّ إِنِّي كُنْتُ امْرَءًا مُلْصَقًا فِي قُرَيْشٍ، وَلَمْ أَكُنْ مِنْ أَنْفُسِهَا وَكَانَ مَنْ مَعَكَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ، لَهُمْ قَرَابَاتٌ بِمَكَّةَ يَحْمُونَ بِهَا أَهْلِيهِمْ وَأَمْوَالَهُمْ؛ فَأَحْبَبْتُ، إِذ فَاتَنِي ذَلِكَ مِنَ النَّسَبِ فِيهِمْ، أَنْ أَتَّخِذَ عِنْدَهُمْ يَدًا يَحْمُونَ بِهَا قَرَابَتِي وَمَا فَعَلْتُ كُفْرًا وَلاَ ارْتِدَادًا، وَلاَ رِضًا بِالْكُفْرِ بَعْدَ الإِسْلاَمِ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: لَقَدْ صَدَقَكُمْ فَقَالَ عُمَرُ: يَا رَسُولَ اللهِ دَعْنِي أَضْرِبْ عُنُقَ هذَا الْمُنَافِقِ، قَالَ: إِنَّهُ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللهَ أَنْ يَكُونَ قَدِ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ، فَقَالَ: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ﴾ {أخرجه البخاري في: ٥٦ كتاب الجهاد والسير: ١٤١ باب الجاسوس وقول الله تعالى (لا تتخذوا عدوّي وعدوّكم أولياء)} .

دایە، لە شوێنێکە بە ناوی (روضة خاخ) دەیگرن دەڵێن: ئەو نامەیەمان بدەیە، حاشا دەکات، دەڵێن: یان نامەکەی دێنی، یاخود دەتپشکنین، پۆشاکەکەت لەبەر دادەکەنین، کە دیارە مەبەستیان پۆشاکی سەرەوە بووە، ئیدی کە دڵنیا دەبێ هەر دەیپشکنن، نامەکەی کە لەبن کەزیی ناوە، وێیان دەدات، پێغەمبەری خوا ﷺ (حَاطَبِ بْن بَلتَعَة) بانگ دەکات دەڵێ: (حَاطَبِ) بۆ وات کردوە؟ دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پەلە مەکە! هاوەڵانی بەرێزی تۆ خزمو کەسیان لەوێ هەبوو، منیش لەوێ کەسێکی وام نەبوو، گوتم: با چاکەیەکم لە چاوی واندا هەبێ، خزمەکانم سەلامەت بن "دیارە بێ دەستەڵات بوونە" دەنا هەر مسوڵمانمو دڵیشم هەر وەك خۆیەتیو بە کوفر ڕازی نیم، عومەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لێم گەڕێ با لە گەردنی بدەم، بۆتە موونافیق، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿دعهُ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ اطَّلَعَ عَلَى هَذِهِ الْعِصَابَةِ مِنْ أَهْلِ بَدْرٍ، فَقَالَ: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبَيْهَقِيُّ فِي (شُعَبِ الإِيمَان) برقم: (٩٣٧١)}، واتە: عومەر لێی گەڕێ، دەبینی خوا سەرنجێکی ئەهلی بە دری داوە، فەرموویەتی: بڕۆن چی دەکەن لە مەودوا بیکەن، لێتان خۆش دەبم، واتە: مادام ئەو هەڵوێستە گەورەو چاکەی بووە لە جەنگی بەدردا، با ئەو هەڵەو خاڵە لاواز (نُقْطَة الضُعْف)ەشی هەبێ، ئەوە بەس گوناهبارەو ئێستاش پەشیمانە، ئەمە جۆرێکە لەو دۆستایەتییەی کە ئینسانی پێ لە بازنەی ئیسلامو ئیمان ناچێتە دەرێو تەنیا گوناهی گەورەیەو کوفر نیە، ئنجا هەموو حاڵەتێکی دیارییکراو وایە، بەڵام وەك عەرەب دەڵێ: (عَلَى طُولِ الخَط) لە سەرەتا تا ئەنجام، لەگەڵیان بێو پشتیان بگرێو هاوکاریان بێ، ناتوانێ بڵێ مسوڵمانم.

ئنجا لێرەدا شتێکی دیکە دێتە پێش: ئایا مەسەلەی خۆش ڕەفتارییو ڕەوشت جوانییو ڕێزگرتنو پێشوازیی لێکردنو پەیوەندیی سیاسیو دبلۆماسیی، ئەوانە دەچنە بازنەیەکەوە؟

دەڵێین: لەڕاستیدا ئەوانە ناچنە نێو بازنەی دۆستایەتیکردنی ئەهلی کوفرەوە، چونکە مسوڵمان دەبێ ڕەوشتی جوان بێ، ڕووی خۆشبێ، زمانی شیرین

بـێ، بەڕێـز بـێ، چاکەکـار بـێ، بـە ئینصـاف بێ، دادگـەر بـێ، میهرەبـانو بـە بەزەیی بێ، ئەوانە کۆمەڵێك سیفەتن مسوڵمان دەبـێ لـە هـەموو حاڵاندا خۆییان پـێ بڕازێنێتـەوە، وە ئـەوە هـیچ پەیوەنـدیی بـە مەسـەلەی دۆسـتایەتییکردنی کافرانـەوە نیە، بەڵـگەمان چییە؟ بەڵـگەمان ئەوەیە کـە خـوای پەروەردگـار لـە چەندان ئایەتـدا فەرمـان بـە مسـوڵمانان دەکـات، کـە دەبـێ قسـەیان بـاش بـێ، ڕەوشـتیان باش بێ، چاکەکـار بن لەگەڵ مسـوڵمانانو نامسـوڵماناندا، بۆ وێنـە، خـوا فەرمـوویـەتی:

١) ﴿ ... وَأَحۡسِنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٩٥ ﴾البقـرة، واتـە: ... چـاکە بکـەن، بێگومـان خـوا چاکەکارانی خۆشـدەوێ، چاکە لەگەڵ کێ بکـەن؟ بـە موتڵـەقیی فەرموویەتی، چاکـە لەگەڵ هـەموو کـەس بکـەن، ئەوە بە نیسـبەت چاکەکـردن.

٢) ﴿ ...وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنًا ... ٨٣ ﴾البقـرة، واتە: وە قسـەی باش لەگەڵ خەڵك بکـەن، یانی: کردەوەی باشـیان لەگەڵ بکەنو، قسـەی باشیشیان لەگەڵ بکەن.

٣) ﴿ لَّا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَلَمۡ يُخۡرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ أَن تَبَرُّوهُمۡ وَتُقۡسِطُوٓاْ إِلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٨ ﴾الممتحنـة، واتـە: خـوا ڕێتـان لێنـاگرێ لە بەرانبەر ئەوانەدا کە لەسەر دینتـان جەنگـتان لەگـەڵ ناکـەن، وە لـە نیشـتمانی خۆتـان وەدەرتـان نـانێن، کـە چاکـەیان لەگەڵدا بکـەن، وە (لـە ماڵی خۆتان)پێیان ببەخشـن.

٤) ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٖ فَحَيُّواْ بِأَحۡسَنَ مِنۡهَآ أَوۡ رُدُّوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ حَسِيبًا ٨٦ ﴾النسـاء، واتە: ئەگەر سڵاوتان لێکرا بە سڵاوێك بە چاکتر لـە خـۆی، یان بەلایـەنی کـەم وەك خـۆی وەڵامی بدەنـەوە.

کەواتە: خۆش ڕەفتـاریی و بـەڕێزیی و قسـە خۆشـیی و هاوکـاریی و چاکەکاریی لەگـەڵ ئـەهلی کـوفر، لـە بـواری مامەڵـەو هەڵسـوکەوتدا، ناچـێتە نێـو بازنـەی دۆستایەتیی کردنیانـەوە، بـەڵکو ئـەوە کۆمەڵـێك ڕەوشـتو ڕەفتـارن، کـە پێویسـتە مسـوڵمان هەر بەو شـێوەیە بـێ.

٤/ دەفەرمــــوێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئـــەوە دەگەیـــەنێ کــە دۆســـتایەتی گـرتن لەگـەڵ کـافرانی جـوو و دیـانو غـەیری وانیشـدا، مایـەی بـە سـتەمكار ئـەژماركردنی ئینسانە، دیارە ستەمیش دەگونجـێ کوفر بێ، وەك خـوا دەفـەرموێ: ﴿وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾﴾البقـــرة، واتـە: كـافران سـتەمكاری تـەواون، زوڵمـی هـــەرە تـەواو بـە مانـای وشـەی زوڵـم لـە كافرانـدا دێتـە دی، وە دەشـــگونجێ ئـەو زوڵمـــە گونـاهی گـەورەبێ، كەواتـە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئەگـەر دۆسـتایەتیی ڕەهایـان هـەبێ واتـە: كـافرن، بـەڵام ئەگـەر دۆستایەتیی موتڵەقیان نەبێ، واتە: ئەوانەی گوناهێكی گەورەیان كـردوە.

**مەســـــەلەی دووەم:** کــە دەفـــەرموێ: ﴿ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ ﴾، ئەوانـەی دڵیـان نەخۆشـیی تێدایـە دەیـانبینی خێرایـی دەكـەن، پێشـبڕكێ دەكـەن لـە دۆسـتایەتی گـرتن لەگـەڵ خـەڵكی جوولەكـەو نەصـڕانییدا، كەواتـە: ئـەوە عادەتی مونافیقـەكانە لە هەموو ڕۆژگـارێكـدا، چونكە تـەعبیری ﴿ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ ﴾، وەك پێشـتریش باســـمان كـرد، زیـاتر بـۆ مونافیقـەكان بـەكارهاتوە، جا چ مونـافیقی تـەواو عـەیار بـن و، نیفـاقی گـەورەیان هەبـێو فڕیـان بـە ئیســـلامو مســـوڵمانانەوە نـەمابێ، وە چ ســـیفەتو ئاكارێكی نیفـــاق یـان زیـــاتریان تێـدابێ، چـونكە كەسـانێك هـەن دڵیـــان نـەخۆشو دەردەدارە، بـەڵام نەبـــوون بـە مونـافیقی تـەواو، ئەو تەعبیـرە زیاتر مەبەسـت پێی ئەوانـە.

كەواتـە: ئـەوەی كـە دۆســـتایەتی ئـەهلی كـوفر دەكـــات، ئـەو كەســـیە كـە دڵـی نەخۆشــــە، جـــا چ مونافیقـــی تەواوبـــێ، چ دڵەكـــەی نەخۆشـبـــێو ئیمانەكـەی كرچوكـاڵ بـێو لاوازبـێ.

ئنجا وشــەی ﴿يُسَٰرِعُونَ ﴾، كـە پێشـتریش ئامــاژەم پێــدا، حاڵەتی كردەیــی ئەوان دەخاتـــە پێــش چاو، زانایانی ڕەوانبێژیـــی دەڵێن: ئـەوە لـە ڕابـردوودا بـووە،

بەلاَم خوای کاربەجێ دەیکات بە (فعل المضارع) ئێستا بۆئەوەی بیهێنێتە بەرچاو: ﴿ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ ﴾، ئەوانەی دڵیان نەخۆشە دەیانبینی، واتە: لەبەرچاوت دێنو دەچن کەینو بەینیان لەگەڵدا دەکەن "لەگەڵ ئەهلی کوفردا" ماستاویان بۆ دەکەنو، سینگیان لێ دەهێننە پێشێو تەمەللوقیان بۆ دەکەن.

**مەسەلەی سێیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ﴾، دەڵێن: دەترسین کە بەلاَمان تووش ببێ، کارەساتێکمان بەسەربێ، ئەوە پاساوی هەموو ئەوانەیە کە کەینو بەین لەگەڵ ئەهلی کوفردا دەکەن، دەڵێن: ئەوە دنیایەو ڕۆژگارە، دنیا دەگۆڕێو هاوکێشەکان دەگۆڕێن، با دووربینی خۆمان هەبێو بەلەمێکی لەبن پچکێکی بشارینەوە، بۆ کاتی هەلاَتنێ! من زۆرجار ئەو تەعبیرەم بەکارهێناوە، هی وا هەیە شتێك دەشارێتەوەو، ئامادەی دەکات دوایی پێی هەڵێو پێی ڕابکات! ئەوە لەڕاستیدا بەلەم شاردنەوەیە، شوێن دانانە بۆ کاتی هەلاَتنو پاشەکشەکردن، بۆیە خوا ﷻ ئەو تەعبیرە بەکاردێنێ وشەی: ﴿ دَآئِرَةٌ ﴾ش، لە ئەسڵدا یانی: بازنە، بەلاَم لێرەدا مەبەست پێی بەلاَیەکە، وەك چۆن بازنە دەوری ئەو شتە دەدات کە بەدەوری داهاتوە، ئەو بەلاَیەش ئاوا دەوری ئەو خەڵکە بداتو هیچیان جەب نەداو هیچیان قوتار نەبن.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ ﴾، لێرەدا خوا ﷻ دوو شتی باسکردوون:

١/ ﴿ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ ﴾، یان سەرکەوتن بێنی، یان کارێك لەلایەن خۆیەوە، (فتح) واتە: سەرکەوتنی مسوڵمانانو دەروو لێکرانەوەیان، یانی: هاتیان بێو، بارودۆخەکە بە قازانجی ئەوان تەواو بێ، وە دەستی خۆیانی تێدابێ، ﴿ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ ﴾، مەبەست پێی چییە؟ واتە: کارەساتێکی پێشبینی نەکراو

بێتە پێش، کە دەستی ئینسانی تێدا نەبێ، وەك کاتی خوای یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاند، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ مسوڵمانان، چونکە مسوڵمانان دەبوو لە بەرانبەر دوو بەرەدا شەڕ بکەن، بەرەی ڕۆژئاوا، بەرەی ڕۆژهەڵات، دوایی بەرەی ڕۆژهەڵات هەرەسی هێنا، کاتێك مارکسیزم هەرەسی هێنا، مایەوە بەرەی ڕۆژئاوا، ئەوە ﴿أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ﴾ە، ئەوە خوا لە لایەی خۆیەوە دەیهێنێ، بە پێی یاسای خوا ﷻ دێتە پێش، بەڵام دەستی ئینسانەکانی تێدانیە.

٢/ کە دەفەرموێ: ﴿فَيُصْبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ﴾، دوایی لەسەر ئەوەی کە لە دڵی خۆیاندا پەنهانیان کردوەو شاردوویانەتەوە، پەشێمان ببنەوە، ئەوەی کە لە دڵی خۆیاندا پەنهانیان کردوە چییە؟

١- دەگونجێ مەبەست پێی نەخۆشی نیفاق بێ.

٢- دەگونجێ مەبەست پێی گومانو دوو دڵیی بێ.

٣- دەگونجێ مەبەست پێی ترسو بیم بێ لە دوژمنان.

٤- دەگونجێ مەبەست ئەو خۆزگە خواستنەی شکستی مسوڵمانان بێ.

٥- دەشگونجێ هەموو ئەوانەو غەیری ئەو شتانەش بێ، ئنجا دیارە کە لە دڵی خۆیاندا پەنهانیان کردوە، بەڵام دەریاننەخستوە، مەبەست پێی شتی خراپە، بە پێی پەندی (گۆزە چی تێدابێ هەر ئەوەی لێ دەڕژێ) بابای خراپ هەر گومانی خراپو خەیاڵی خراپی بە دڵدا دێ، جا چ بەرانبەر بە خوا، چ بەرانبەر بە خەڵك.

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فَأَصْبَحُواْ خَٰسِرِينَ﴾:

١/ پێشتریش باسمکرد، (يَقُول) دوو قیرائەتی هەیە. (وَيَقُولُ، وَيَقُولَ)، ئەگەر (وَيَقُولُ)بێ وەك (حَفْص)و هاوڕایەکانی دەڵێن: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ئەوە

پێی دەگوترێ ڕستەیەکی دەست پێکردن (الجُمْلَةُ الإبتدائية)، واتە: هەر لە سەرەتاوە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، دەڵێن: ئا ئەوانە بوون کە زۆر بە خەستییو بە سەختیی سوێندیان بە خوا دەخوارد، کە لەگەڵ ئێوەن، ئەوە لەگەڵ دابوونەکەیان بوو! ئێستا کردەوەکانیان هەڵوەشاونەوە، وە لە زیانباران بوون، واتە: بە سەرسووڕمانەوە وا دەڵێن.

وە ئەگەر (يَقُولُ)بێ، واتە: لەسەر ئەوەی لە دڵیاندا پەنهانیان کردوە پەشێمان ببنەوەو، لەو کاتەشدا ئیماندارانیش بڵێن: ئا ئەوانە بوون کە سوێندی سەختیان دەخوارد بە خوا، کە لەگەڵ ئێوەن، کەچی ئەوەش چارەنووسیانە؟!

٢/ کە دەفەرموێ: ﴿ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ ﴾، ئەم هەمزەیە پێی دەگوترێ (همزة الإستفهام الإنكاري)، واتە: ئەوە هەڵوێستێکی نامەنتیقیی یە، (مانای هەمزەی ئیستفهامی ئینکاریی)یش ئەوەیە کە تۆ چاوەڕێی وەڵامەکە نابی، بۆ وێنە: تۆ بە کەسێك دەڵێی: ئەوە کامێرە نیە؟! یان دەڵێی ئەوە قورئان نیە؟! چاوەڕێ ناکەی بڵێ: با، واتە: ئەوە دیارە، چونکە ئیستفهامی ئینکاریی: (يَتَضَمَّنُ جَوَابهُ في طَياتهِ)، وەڵامەکەی هەر لەنێو خۆیدایە.

٣/ کە دەفەرموێ: ﴿ أَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ ۙ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ ﴾، ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە ئینسانی درۆزن بۆ قەرەبووکردنەوەی هەست کردن بە ناتەواوییەك کە لە خۆیدا هەستی پێ دەکات، پێویستی بەوە هەیە زۆر سوێند بخوات، جاری واش هەیە کەسێك ڕەنگە هەر زمانی ڕاهاتبێ لەسەر سوێند خواردن، بەڵام ئەگەر تێبینیتان کردبێ، بە زۆریی وایە کەسێك کە درۆزن بێ زۆر سوێندان دەخوات، ئەوەی ڕاستگۆبێ، زۆر پێویستی بە سوێند نیە، باوەڕو متمانەی بە خۆی هەیەو درۆ ناکات لەگەڵ خەڵك، تا ناچار بێ قسەکەی خۆی بەهێز بکات بە سوێند، باوەڕی بە قسەکەی خۆی هەیە، قسەکەی ڕاستەو پێی پشت ئەستوورە، وەك گوتم دەگونجێ جاری وایە ئینسانی ڕاست بێژیش سوێند بخوات، بۆئەوەی بەرانبەرەکەی دڵنیا بکاتەوە، وەك خوای پەروەردگار سوێندی خواردوەو پێغەمبەریش ﷺ سوێندی خواردوە، فەرمویەتی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ) جاری وایە سوێندی خواردوە، مەبەست ئەوە نەبووە بڕوای بە قسەی خۆی نیە، بەڵام ئینسانی ئیماندار زۆر سوێند ناخوات

له حاڵەتی ئاسایی‌و شێنەییدا، بەڵكو لە پیاوچاكان هەبووە گوتوویەتی: نە بە ڕاستو نە بە درۆ سوێندم نەخواردوە، جا لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ﴾، دەڵێ (مَنْصُوبٌ عَلَى أَنَّهُ مَصْدَر لأقسموا مِن مَعناه، وَالمَعنَى: أَقسموا إِقْسَاماً مجتَهَداً فِيهِ)، واتە: كە دەفەرموێ: ﴿جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ﴾، مەنصووبە لەسەر ئەوە كە چاوگە بۆ وشەی (أَقْسَمُوا) لە مانایەكەیدا نەك لە بێژە (لَفْظ)ەكەی واتە: سوێندیان خواردوە بە سوێند خواردنێك كە زۆر كۆششی تێدا كراوە، زۆر هەوڵی بۆ دراوەو زۆر خۆی تێدا ماندوو كراوە.

٤/ كە دەفەرموێ: ﴿حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ﴾، ئەوەی لێ وەردەگیرێ كە دۆستایەتیكردنی ڕەهای ئەهلی كوفر، كردەوەكانی ئینسان هەڵدەوەشێنێتەوە، كردەوەكانی ئینسانیش هەڵناوەشێنەوە بەبێ كوفر، وەك خوا لە سووڕەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿... وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ ...﴿٢١٧﴾﴾، واتە: هەر كەسێك لە ئێوە لە دینەكەی هەڵگەڕێتەوەو، بە كافریی بمرێ، كردەوەكانی هەڵوەشاونەوە لە دنیاو دواڕۆژدا، كەواتە: كردەوەكان بە كوفر هەڵدەوەشێنەوە، لێرەشدا كە دەفەرموێ: ﴿حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ﴾، باسی كوفری نەكردوە، هەر باسی ئەوەی كردوە كە ئەوانە خێرایی دەكەن لە دۆستایەتییكردنی جوولەكەو نەصرانییەكاندا، ئیماندرانیش دەڵێن: ئا ئەوانە بوون كە سوێندیان دەخوارد، كەچی كردەوەكانیشیان هەڵوەشاونەوە؟! وە لە زیانباران بوون، كەواتە: كە دەفەرموێ كردەوەكانیان هەڵوەشاونەوە، واتە: بەو دۆستایەتیی كردنەی جوولەكەو نەصرانییەكان كافربوونو، لە بازنەی ئیسلام دەرچوون.

كەواتە: لێرەدا مەبەست لەو دۆستایەتیی كردنە، دۆستایەتیی كردنی ڕەها (الموالاة المطلقة)یە، دیارە ئەگەر ئاوا لە ئایەتەكانی قورئان ورد نەبینەوە كەسێك پێی وادەبێ، ئەگەر یەكێك هەر سەلامو چاكو چۆنیەكی لەگەڵ جوولەكەو نەصرانییەك كرد، پێی كافر دەبێ!! كەواتە: دەبێ وردی بكەینەوە،

خـۆش خوڵقـیی، لـە دۆسـتایەتیی جیـایە، دۆسـتایەتییکردنی کـافرانیش یـەك جۆر نیە، دۆسـتایەتییکردن هەیـە دەبێتـە گونـاهی گـەورە، وەك هەڵوێسـتەکەی (حاطـب)، دۆسـتایەتیی ڕەهـاش هەیـە، کە دەبێتـە کوفرو کوفرێکی لـە ئیسـلام بەرە دەریش (كفرٌ مُخْرِجٌ من الملَّة).

٥/ کـە دەفـەرموێ: ﴿ فَأَصْبَحُواْ خَٰسِرِينَ ﴾، واتـە: لـە زیانبـاران بـوون، گـەورەترین زیانبـاریی ئەوەیـە کە ئینسـان لەسـەر ژیانەکـەی خـۆی، لەسـەر تەمەنەکـەی خـۆی قەرزدار بێتەوە، چۆن قـەرزدار دەبێتـەوە؟! خـوا ﷻ لە کۆتایی سـووڕەتی (النبأ)دا دەفـەرموێ: ﴿ ...وَيَقُولُ ٱلْكَافِرُ يَٰلَيْتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا ﴿٤٠﴾ ﴾، واتـە: ئینسـانی کافر دەڵـێ: خۆزگە گـڵ بامـایە، یـانی چـی؟ زانـایان دوو مانـایـان بۆ کـردوون:

یەکـەم: دەڵـێ: خۆزگـە هـەر گـڵ بـامو دروسـت نـەکرابامو، لـە سـەرەتاوە خـوا دروستی نەکردبـام، چونکـە ئینسـان جەسـتەکەی لە خـاك دروسـت بووە.

دووەم: مانایـەکی دیکـەی ئەوەیـە: کاتێـك ئـاژەڵو دڕنـدەو ئەوانـە دەهێنـرێن بـۆ حیسـاب وەك پێغـەمبەر ﷺ دەفەرمـوێ: خـوا ﷻ هـەقی مـەڕی کوڵـە بەسـەر بزنـی شـاخ دارە وە ناهێڵـێ: ﴿إِنَّ الْجَمَّاءَ لَتُقَصُّ مِنَ الْقَرْنَاءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ {رَوَاهُ أَحْمَدُ برقم: (٧٩٩٦) عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ رضي الله عنه، تعليق شعيب الأرنؤوط: حَسَنٌ لِغَيْرِهِ}، واتـە: ئـەوەی بـێ قـۆچ تۆڵـەی بـۆ دەکرێتـەوە لـەوەی قـۆچدار.

کاتێـك خـوای دادگەر لێپرسـینەوە لەگەڵ واندا دەکات، دوایـی ئـەوان دەبنـەوە بە گڵ چونکـە بەهەشتو دۆزەخیـان نیـە، بـەس بـۆ هاتنـە دی دادگـەریی خـوا، خـوای بـەرز حیسابوکیتـاب لەگـەڵ وانـدا دەکـات، لەسـەر ڕای هەنـدێك لـە زانایـان، وەك لـە هەنـدێ فـەرموودەو شـوێنەواران داهـاتوە، مرۆڤـی کـافر کاتێـك ئەوانـە دەبینـێ، دەبنـەوە بـە خـاك، خۆزگـە بـەوان دەخـوازێو دەڵـێ: خۆزگـە منیـش ئـاژەڵو چـوارپـێ بوومایـە، ئێسـتا دەبوومـەوە بـە خـاكو تووشـی دۆزەخـێ نەدەبووم، چـەند ناخۆشـە ئینسـان بگـاتە حاڵـەتێکی وا کە خۆزگـە بە ئـاژەڵو دڕندەکـان بخوازێ؟!!

بەڕێـزان!

خـوا ﷻ بەو شـێوازە بـەهێزەی جـەختکردن، جـەختی تەئکیـدی کردۆتـەوە لەسـەر ئـەوە کـە مسـوڵمانان نابـێ دۆسـتایەتی جوولەکـەو نەصـڕانییەکان بـە تایبـەتو هـی کافـران بەگشـتی، بکـەن، بەڵام لێرەدا بـاس باسی جوولەکـەو نەصـڕانییانە، ئەگـەرنا بەگشـتی نابـێ دۆسـتایەتی ئـەهلی کوفر بکرێ، وەك ئایەتەکـەی سوورەتی (النسـاء) دەفـــەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُواْ لِلَّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾ ﴾، كـــافران لـــە جیـــاتی ئیمـانداران بە دۆسـت مەگرن، واتـە: کـافر بەگشـتی، چ خـاوەن کتێـب بـن، چ بـێ کتێب بن، چ بت پەرسـت بن، چ شـوێنکەوتووی بەرنامەیەکی ئاسـمانیی نەبـن.

ئەگـەر تەماشـای ئەو ئایەتـانە بکـەین، نۆ (٩) جۆرە تەئکـیدیان تێـدان:

١- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ﴾، بە ئاشـکراو بە ڕوونیـیو بـێ پـــەردە خـــوا دەفەرمـــوێ: ئـەی ئەوانـــەی ئیمانتـــان هێنـــاوە! جوولەکـەو نەصـڕانیی یان مەگرن بە دۆسـت.

٢- ﴿ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ﴾، شـتێکی زۆر بـێ مانایـە، ئـەوان دۆسـتایەتیی یەکـدی دەکـەنو، هـەرگیز بـۆ تـۆ نابنـە دۆسـت، کەواتـە: چـۆن دەچـی دۆسـتایەتییان دەکـەیو، پشـتیان پـێ دەبەسـتی؟!

٣- ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ﴾، هەر کەسـێك دۆسـتایەتییان بکـات بـە ڕەهـایی، ئەوە لـەوانە، واتە: لە بازنەی مسـوڵمانان دەچێتـە دەرو دەچێتـە بازنـەی ئـەوان، وە حـوکمی ئـەوانی دەبـێ، هەنـدێکیش گوتوویانـە: واتـە: کـردەوەی وەك ئـەوانی ئەنجـام داوە، بـەڵام ئـەوە لـە حاڵێکدایـە کـە دۆسـتایەتیی کردنەکە ڕەهـا نـەبێو جوزئیـــی بـــێ، بـــەڵام لێـــرەدا سـیاقەکە ئـەوە دەگەیـەنێ، کـە مەبەسـتی پێـی دۆسـتایەتیی ڕەهـایە.

٤- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، کەواتـــە: هـــەر کەســـێك دۆســـتایەتیی جوولەکـەو نەصـڕانییان بکـات، لە سـتەمکـارانە.

٥- ﴿ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ ﴾، کەواتە: ئەوەی دۆستایەتیی وان دەکات، دڵی نەخۆشیی تێدایە.

٦- ﴿ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ ﴾، کەواتە: هەر کەسێك دۆستایەتی جوولەکەو نەصرانییان بکات، دوایی پەشێمان دەبێتەوە.

٧- ﴿ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ ۙ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ ﴾، واتە: ئیمانداران سەریان سوورِ دەمێنێ دەڵێن: ئا ئەوانە بوون سوێندیان دەخوارد، کە برِوادارن؟ چۆن کەسێك دۆستایەتیی جوولەکەو نەصرانییان بکات، لە مسوڵمانانە؟!

٨- ﴿ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ ﴾، واتە: کردەوەکانیان هەڵوەشاونەوە.

٩- ﴿ فَأَصْبَحُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴾، زیانبار بوون، خۆیانو تەمەنەکەیان زایە بوون.

خوا بە لوتفی خۆی ئێمە لەو کەسانە بگێرِێ، کە دڵو دەروونیان پرِە لە ئیمانو لە خوا بەیەکگرتن (توحید)و لە خۆشویستنی خواو پێغەمبەری خواو مسوڵمانان، وە تۆزقاڵێك مەیلیان لە دڵ دانیە سەبارەت بە خۆشویستنی ئەهلی کوفر، وە لەو کەسانەمان بگێرِێ کە بە جوانترین شێوە لە سنووری شەرعدا مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا دەکەن، بە شێوەیەك کە لە ئیسلامو، وە لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەر ﷺ، دەوەشێتەوە، وە بایی ئەوەندە لە دین تێبگەین، کە رِەفتارو مامەڵەو قسەی خۆشو هاوکارییو بەزەییو چاکەکاریی، کە لەسەر هەموو مسوڵمانێك پێویستەو لە هەموو کاتێکدا، لەگەڵ دۆستایەتییکردنو پشت پێ بەستنو هاوکارییکردندا، تێکەڵ نەکەین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی چواردەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە ئایەتی: (٥٤ تاکو ٥٦) دەگرێتە خۆی، لەم سێ ئایەتەدا، خوا ﷻ بۆ جاری هەشتەم بە نازناوی ئیمان بانگی ئیمانداران دەکاتو پێیان ڕادەگەیەنێ، کە هەرکامێکیان لە ئایینەکەی پاشگەزبێتەوە – لێی هەڵگەڕێتەوە – خوا بێ باکە، وە کۆمەڵێك دێنێ لە جیاتی ئەو هەڵگەڕاوانە، کە خاوەنی شەش سیفەتی سەرەکیین:

خوا خۆشیدەوێنو خوایان خۆشدەوێو، لەگەڵ ئیمانداران میهرەبانو لە بەرانبەر کافراندا زبرنو پتەون، لە ڕێی خوادا تێدەکۆشنو لە لۆمەی لۆمەکاران بێباکن، وە ئەوەش بە بەخششێکی خوایی دادەنێ کە لە ڕووی زانیاریی‌و کەرەمییەوە بە کەسانی شایستەی دەبەخشێ.

پاشان خوای زاناو توانا دەیخاتە ڕوو کە دۆستو پشتیوانی بڕواداران تەنیا خواو پێغەمبەرەکەی‌و کەسانی بە ئیمانن، ئەوانەی نوێژ بەرپا دەکەنو، زەکات دەدەنو، زۆر ڕکووع دەبەن، دیارە ئەوانە سێ سیفەتی سەرەکیی مسوڵمانانن.

وە سەرەنجام خوا ڕایدەگەیەنێ کە هەر کەسێك خواو پێغەمبەرەکەی‌و بڕواداران بە دۆستو پشتیوان بگرێ، ئەوە ئەو کەسە دەچێتە ڕیزی کۆمەڵی خواوەو، کۆمەڵی خواش هەمیشە زاڵو سەرکەوتوون.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾.

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((ئەی ئەوانــەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەرکامێکتان لـە ئایینەکـەی پاشگەزبێتەوە، ئـەوە خــوا (پـەکی ناکــەوێو) لەمـەودوا کۆمـەڵێك دێنـێ کـە خۆشـیدەوێنو خۆشـیان دەوێ، لەسـەر بـڕواداران نـەرمو نیـانو لەسـەر بێبـڕوایان زبـرو زاڵـن، لـە ڕێـی خـــوادا تێدەکۆشـنو لە لۆمەی لۆمەکاران بێبـاکن، ئەوەش بەخششـی خوایـە، بە هـەر کەسێکی بـوێ دەیبەخشـێ، وە خـوا سـیفەت فراوانـی زانایـە ﴿٥٤﴾ بێگومـان دۆسـتو پشـتیوانتان تـەنیا خـــواو پێغەمبەرەکـــەیو، ئەوانـەن کـە بڕوایـان هێنـاوە، ئەوانـەی نوێـژ بـەرپا دەکـەنو، زەکـــات دەدەنو، زۆر ڕکـــووع بـەرن ﴿٥٥﴾ وە هـەر کەســێکیش دۆســتایەتیی خـــواو پێغەمبـــەرەکەیو بـڕواداران بکـات، ئـەوە (کۆمـەڵی خوایـەو) بێگومـان کۆمـەڵی خـواش هەمیشـە ســەرکەوتوون ﴿٥٦﴾)).

# شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(يَرْتَدَّ ): (الإرتِدَادُ وَالردَّةُ: الرُّجوعُ في الطَّريق الَّذِي جَاءَ مِنْهُ، وَلَكِن الردَّة تَخْتَص بِالكُفْرِ، والإرتدادُ يُسْتَعْمَلُ فيهِ وَفِي غَيْرِهِ)، وشەی (يَرْتَدَّ) واتە: هەڵگەڕێتەوە، پاشگەزبێتەوە، بچێتەوە دوا، (الإرتِدَادُ وَالردَّةُ)، واتە: گەڕانەوە بەو ڕێیەدا کە لێیەوە هاتوە، لە ڕێیەکەوە هاتووی بە ویدا بگەڕێیەوە، پێی دەگوترێ: (إرتِدَادُ وَرِدَّةُ)، بەڵام وشەی (رِدَّة) تایبەتە بە کوفرەوە، واتە: کەسێك لە ئیمانەوە هەڵگەڕێتەوە بەرەو کوفر، لە کوردەواریی دا پاشگەزبوونەوەو هەڵگەڕانەوەو وەرگەڕانی پێ دەڵێن، دەڵێن: لە دین وەرگەڕاوە، وە وشەی (إرتِدَاد) بۆ لە دین هەڵگەڕانەوەو، لە ئیمان هەڵگەڕانەوەو، چوونەوە نێو کوفریش بەکاردێ، وە بۆ غەیری ئەوەش بەکاردێ، هەر کەسێك واز لە شتێك بێنێ، یاخود بە ڕێیەکدا بگەڕێتەوە، هەر وشەی (إرتِدَاد)ی بۆ بەکاردێ.

(يُحِبُّهُمْ): واتە: خۆشی دەوێن، لە عەرەبیدا دەگوترێ (حَبَبْتُ، وَأَحْبَبْتُ: جَعَلْتُ قَلْبِي مُعَرَّضَاً لِحُبِّهِ)، (حَبَبْتُ، وَأَحْبَبْتُ) واتە: دڵی خۆم وا لێکرد کە خۆشەویستیی ئەوی بچێتێ، (لَكِنَ فِي التَّعَارُفِ وضِعَ مَحْبُوبٌ مَوْضِعَ مُحَبٍّ، وَالمحَبَّةُ: إرَادَةُ مَا تَرَاهُ أَوْ تَظُنُّهُ خَيراً للذَّةِ أوَ مَنْفَعَةِ أوَ فَضْلٍ، وَالمحَبَّةُ أَبْلَغُ مِنَ الإرَادَةِ فَكُلّ مَحَبَّةٍ إرَادَةٍ وَلَيْسَ كُلّ إرَادَةٍ مُحَبَّةً)، لە عورفو باوی زمانەوانییدا وشەی (مَحبُوب) لە جێی (مُحَبّ) دانراوە، (مُحَب) واتە: خۆشویستراو، (مَحَبة) واتە: خۆشویستن، (مَحَبَّة)یش بریتییە لەوەی کە تۆ شتێکت بوێ کە بە چاکی دەزانی، جا یان لەبەرئەوەی کە چێژی لێ دەکەی، یان لەبەرئەوەی سوودی لێ دەبینی، یان لەبەرئەوەی چاکەیەکی لێ دەبینی، بەڕاستی پێناسەکەی جوانە، وەك من دوایی لە بڕگەکانی دیکەی ئەم تەفسیرەدا دەیخەمە ڕوو، (مَحَبَّة)یش مانای زیاتری تێدایە لە (إرَادَة)، (مَحَبَّة)، واتە: خۆشویستن، (إرَادَة)، واتە: ویستن، چونکە هەموو خۆشویستنێك ویستنیشە، بەڵام هەموو ویستنێك خۆشویستن نیە، هیچ شتێك ڕوونادات، هەتا خوا نەیەوێ، وەك دەفەرموێ:

﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾التكوير، بەلام ئەو شتانەی خواش ئیرادەیان دەکاتو دەیەوێن هەموویانی خۆشناوێن، بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿ إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ ۖ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ۖ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ ...﴿٧﴾ ﴾الزمر، واتە: خوا کوفری بۆ بەندەکانی بەلاوە پەسەند نیە، کوفری خۆش ناوێ، بەلام ئەگەر سوپاسگوزاریی خوا بکەن، لێتان ڕازی دەبێو خوا حەزی لە طاعەتەو خۆشی دەوێ، بەلام ڕقی لە کوفرو سەرپێچییەو ڕقی لە ناسوپاسیو سپڵەییە، کەواتە: هەموو خۆشویستنێك ویستنیشی لەگەڵدایە، بەلام هەموو ویستنێك خۆشویستنی تێدانیە.

(أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ )، (أَذِلَّةٍ)، کۆی (ذَلِيل)ە، واتە: ملکەچو نەرمو نیانو بە ڕەحم، واتە: لەسەر بڕواداران نەرمو نیانن، دەڵێ: (الذُّلُّ: مَا كَانَ عَن قَهْرٍ: ذَلَّ يَذِلُّ ذُلاً، وَالذِّلُّ: مَا كَانَ بَعْدَ تَصَعُّبٍ، وَشِمَاسٍ، مِنْ غَيْرِ قَهْرٍ: ذَلَّ يَذِلُّ ذِلاً، وَالذُّلُّ: مَتَى كَانَ مِن جِهَةِ الإنْسَانِ مِنْ نَفْسِهِ لِنَفْسِهِ فَمَحْمُودٌ)، (ذُلّ) لە کوردیدا دەڵێین: ملکەچیی، زەبوونیی، بێ دەسەلاتیی، ژێردەستەیی، (ذَلَّ يَذِلُّ ذُلاً) واتە: ملکەچ بوو، ژێردەستە بوو، ژێردەستە دەبێ، ژێردەستە بوون، (وَالذِّلُّ: مَا كَانَ بَعْدَ تَصَعُّبٍ)، دیارە (ذُلّ)، ئەوەیە لە ئەنجامی بێدەستەلاتیی دا دەبێ، لە بەرانبەر کەسێکدا کە دەستەلاتی هەیە، بەلام (ذِلّ) دوای چەمووشییو یاخی بوون بەکاردێ، بەتایبەت وڵاغ دوای ئەوەی کە چەمووش دەبێو یاخییو عاسێ بێ، ئنجا دوایی بکەوێتە ژێربار، وە بەوە دەگوترێ: (ذَلَّ يَذِلُّ ذُلاً فَهُوَ ذَلُول)، ئەوی دیك،،ە دەگوترێ: (فَهُوَ ذَلِيل)، جا دەڵێ میهرەبانییو ملکەچیی ئەگەر لەلایەنی ئینسانەوە بێ، وە بۆخۆی بەسەرخۆی دابێنێ، شتێکی ستایشکراوە، بەلام ئەگەر بە زۆر بەسەریدا فەرز بکرێ، شتێکی خراپە، بۆیە لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، واتە: بۆخۆیان خۆیان میهرەبان کردوە بەسەر ئیمانداراندا، باڵیان بەسەردا دێنن‌و، دەیانخەنە ژێر سێبەری خۆیان، نەك ناچارکرابن ئەو کارە بکەن.

(أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ )، (أَعِـزَّة جَمْـع عَزِيـز)، (عَزِيـز)، واتـە: زاڵ، پتـەو، سـەخت، لـە بەرانبەر کافراندا زاڵـن، سـەختو پتـەون، دەڵـێ: (العِـزَّةُ: حَـالَةٌ مَانِعَةٌ للإِنْسَـان مِـنْ أَنْ يُغْلَـبَ، مِـنْ قَـولِهِم: أَرْضٌ عَزَازٌ، أي: صُلْبَةٌ، وتَعَـزَّزَ اللَّـحْمُ: اشْتَدَّ وَعَزَّ، كَأَنَّهُ حَصَلَ فـي عَزَازٍ مِـنَ الأَرض يَصْعُب الوصُول إِلَيْهِ)، (عِـزَّة)، حاڵەتێکە بـۆ ئینسان دێتە پێشـێ کە ڕێـی لـێدەگرێ خـەڵك بەسـەریدا زاڵ بـێو ژێردەست بکرێ، کە گوتیـان: فـلان کـەس عـەزیزە، واتـە: تێکناشـکێو بەرانبەرەکـەی دەسـتەڵاتیی بەسـەریدا ناشـکێ، ئایا لـە چییەوە هاتوە؟ لـە عەرەبیدا دەگوترێ: (أَرْضٌ عَزَازٌ)، واتـە: زەوییـەکی پتـەوو سـەخت، (وتَعَـزَّز اللَّـحْمُ: اشْتَدَّ وَعَزَّ)، ئەگـەر گۆشـتەکەی پتـەوو چـڕ بـێ دەگـوترێ: (تَعَـزَّز اللَّحْمُ)، وەك بلـێی لـە شـوێنێکی وابـێ، کـە بـە زەحمـەت دەسـت بیگـاتـێ.

(لَوْمَةَ لَآئِمٍ )، واتـە: لۆمـەی لۆمـە کـەران، سـەرکۆنەی سـەرکۆنەکەران، ڕەخنـەی ڕەخنـەگران، (اللَّـوْمُ: عَـذْلُ الإِنْسَـان بِنسـبَتِهِ إِلـى مَـا فِيـهِ لَـوْمٌ، يُقَـالُ: لُمْتُـه فَهُـوَ مَلُومٌ، وَاللَّومَةُ: الـملامَةُ، واللَّائِمَةُ: الأَمْرُ الَّذِي يُلامُ عَلَيْهِ الإِنْسَان، وَاللُّومَةُ الـمرَّة مِـن اللَّـومِ)، وشـەی (لـوم)، لـە زمـانی عەرەبیـدا بریتیـە لـەوەی کـە ئینسـان سـەرزەنشـتو سـەرکۆنە بکـرێ، بـە هـۆی شـتێکەوە کـە کردوویـەتی، دەگوتـرێ: (لُمْتُـه فَهُوَ مَلُومٌ)، واتە: لۆمـەم کـرد، ئـەو لۆمـە کـراوە، سـەرزەنشـتم کـرد، ئـەو سـەرزەنشـت کـراوە، جـا وشـەی (لومـة)، دەگونجـێ ناوبـێ، واتـە: لۆمەکـردن، (لائِمَـة)، ئیشـێکە ئینسان لەسـەری لۆمـە بکرێو ڕەخنـەی لـێ بگیـرێ، وە وشـەی (اللومـة)، جـارێکە لـە لـۆمەکـردن.

(حِزْبَ )، (الحِـزْبُ: جَمَاعَـةٌ فِيهَـا غِلَـظٌ، فَـإِنَّ حِـزبَ اللهِ هُـمُ الغَـالِبُون: أَنْصَـار الله)، (حِزْب) واتـە: کۆمەڵـێکـە کـە پتـەویو قـایمییـان تێـدابـێ، کـە دەفـەرموێ: ﴿ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴾، واتە: پشـتیوانانی خـوا.

(ٱلْغَٰلِبُونَ): (الغَلَـبَةُ: القَهْرُ، وَغَلَبَ عَلَيْـهِ كَذَا: اسْتَولى)، (غَلَبَة): بریتیـە لـە دەسەڵات بەسـەردا ڕانـان، پێوێـران، (وَغَلَـبَ عَلَيْـهِ كَـذَا: اسْتَولَى)، واتـە: فـلان شـتە بەسـەریدا زاڵ بـوو.

# مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

خــوا ﷻ دوای ئـەوەی لـە ئایەتـەکانی پێشـوودا ڕووی لـە ئیمـانداران کـردو، لێـی قەدەغـە کـردن کـە جوولەکـەو نەصـرانی یـەکان بـە دۆسـت بگـرنو، کـەینو بـەینیان لەگەڵیـاندا هـەبێو، پشـتیان پـێ ببەسـتن، وە هەڕەشـەی لێکـردن کـە هـەر کەسێك بەڕەهـایی دۆسـتایەتییان لەگـەڵدا بگـرێ، ئـەوە دەچێتـە ڕیـزی ئەوانـەوە، وە باسـی کـرد کـە مونـافیقو دڵ نەخۆشـەکان ئـەوە پیشـەیانە، کـە لەگـەڵ ئـەهلی کـوفردا دۆسـتایەتییو کـەینو بـەین دەکـەن، وە دوایـیش سـەرەنجامیان پەشـیمانیو مـاڵ وێرانییەو، چاکەکانیشـیان بەزایە دەچن، ئنجـا بـۆ جاری هەشـتەم خـوای پـەروەردگار لـەم سـوورەتە موبـارەکەدا بـانگی مسـوڵمانان دەکـات بـە نازنـاوی ئیمـان، دەفـەرموێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴾،

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! هەر کامێك لـە ئێـوە لـە ئایینەکـەی پاشگەزبێتەوەو لێـی هەڵگەڕێتـەوە دەستبەرداریی ببـێ، ئەوە بـە تەئیکـد خـوا کۆمەڵێکـی دیکـە دێنـێ، کـە بـە چـەند وەسـفێك پێناسـەی ئـەو کۆمەڵـە دەکـات، ئەمـە چـی لـێ وەردەگیرێ؟ ئایەتـەکانی قورئـان هـەموو وەك ئاڵقـەی زنجیر یەکـدی دەبەسـتنەوەو تێکهەڵکێشـن هەرچـەندە، ئێمە زۆرجـار باسـی ئـەوە ناکـەین پەیوەسـتبوونی ئـەو کۆمەڵـە ئایـەتە بـەو کۆمەڵـە ئایەتـەوە چۆنە؟ چونکە لـە میانـەی تەفسیرکردنەکەماندا چۆنیەتی ئـەو پەیوەسـتبوونەی ئایەتـەکان بـە یەکدییـەوە، ڕوون دەکەینـەوە، هەڵبەتـە هـەر کۆمەڵـە ئایەتێـك کـە بـە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، دەسـت پێـدەکات، دیـارە مەبەسـت پێـی بابـەتێکی سـەربەخۆیە، بـەڵام ئایەتـەکانی قورئـان هـەموویان وەك ئاڵقـەکانی زنجیر یەکـدی دەبەسـتنەوە، خـوا ﷻ لـە ئایەتـەکانی پێشـوودا دوای ئـەوەی باسـی ڕەفتـارو هەڵسوکەوتی پیلانگێڕانەی جوولەکەو نەصرانییەکانی کـرد، بەتایبـەتی جوولەکەکان، هۆشـداریی دایە ئیمانداراناو فـەرمووی: جوولەکـەو نەصرانییەکان بـە دۆسـت مـەگرنو پشـتیان پـێ مەبەسـتن، وە ئـەوە عـادەتی مونـافیقو دڵنەخۆشـەکانە کـە پێشـبڕکێ دەکـەن لە دۆسـتایەتییکردنی ئەوانـدا !

ئنجا لێرەدا خـوا ﷻ دەفەرموێ: ئەی ئیماندارینە! هەر کەسێك لە ئێوە لە ئایینەکەی پاشگەزبێتەوە، خوا (پەکی ناکەوێ) کۆمەڵێکی دیکە دێنێ، ئەمە چی لێوەردەگیرێ؟ ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە لە ئەنجامی دۆستایەتیی گرتنی مسوڵمانان لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکانداو پشت پێ بەستنیان، وە کەینو بەین لەگەڵ کردنیان دا بەرەو ئەوە دەچن کە لە دین هەڵگەڕێنەوە، واتە: دەروازەیەکی دەرچوون لە بازنەی ئیسلامو ئیمان، بریتیە لە پەیوەندییو دۆستایەتیی تایبەت هەبوونو خۆشویستنو پشتگیریی کردنو هاوکاریی کردنی نامسوڵمانان بەگشتی، بەتایبەت لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکاندا، کە دوژمنی مێژوویی مسوڵمانان بوونە، واتە: ئیماندارینە! وریابن لە دۆستایەتیی گرتن لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکاندا، بۆئەوەی ئەوە سەر نەکێشێ بۆ دەرچوونتان لە ئیسلام، ئەگەرنا هەر کەسێك لە ئێوە لە بازنەی ئیمانو ئیسلام دەربچێو هەڵبگەڕێتەوە، ئەوە خوا پەکی ناکەوێ! ﴿فَسَوْفَ يَأْتِي ٱللَّهُ بِقَوْمٍ﴾، (قوم) واتە: کۆمەڵە خەڵکێك، خوا کۆمەڵێك دێنی، ئنجا خوا پێناسەی ئەو کۆمەڵەمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ: ﴿يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾، بە شەش وەسف پێناسەیان دەکات:

١/ ﴿يُحِبُّهُمْ﴾، خوا خۆشی دەوێن، کە دوایی من باسی دەکەم لە مەسەلە گرنگەکاندا خوا لە گۆترە کەسی خۆشناوێ، هەروەك لە گۆترە ڕقیشی لە کەس هەڵناستێ، خوا باسی کردوە کێی خۆشدەوێ ئەهلی ئیمانی خۆشدەوێ، ئەهلی تەقوای خۆشدەوێ، خۆڕاگرانی خۆشدەوێ، شوکرانە بژێرانی خۆشدەوێ، تێکۆشەرانی ڕێی خۆی خۆشدەوێ، بەلام ئایا خوا بۆچی ئەو سیفەتانە باس دەکات؟ تاکو سەرنجمان بۆ ئەوە ڕابکێشێ، کە کەسانێك دوای ئەوەی خەڵکێك لە دینەکەیان پاشگەزدەبنەوەو لێی هەڵدەگەڕێنەوە، ئەوان دێن خزمەتی دینی خوا دەکەنو دەبنە بەیداغو ئاڵا هەڵگری ئیسلام، ئەوانە لەلای خوا خۆشویستراونو، ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیەو دەبێ دڵیان پێی خۆشبێ.

٢/ ﴿وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾، خوایان خۆشدەوێ، خۆشویستنی ئێمە بۆ خوا چییەو چۆنە؟ دوایی باسی دەکەین، چونکە هەندێك لە زانایان پێیان وایە کە خوا دەفەرموێ: بەندەکان خوایان خۆشدەوێو خوا ﷻ بەندەکانی خۆشدەوێ، دەبێ واتایەکی دیکەی تایبەت دابنێین بۆ ئەو وشەیە، جیا لەوەی ئێمە دەیزانین بۆ وشەی: (خۆشویستن)، کە بۆخۆمان لەنێو خۆماندا بەکاری دێنین، کە من ئەو ڕایەم پێ هەڵەیە، بەلاَم دوایی باسی دەکەم، گرنگ ئەوەیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەوانیش خوایان خۆشدەوێ، دیارە هەر کەسێك خوای خۆشبوێ، بە دوای خۆشەویستی خوا دەکەوێ، کە پێغەمبەرە ﷺ، وەك دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٣١﴾﴾آل عمران، واتە: بلَێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆشدەوێ، شوێنم بکەون، خواش خۆشی دەوێن، نیشانەو بەلَگەی خۆشویستنی خوا لەلایەن بەندەوە، ئەوەیە بە دوای پێغەمبەرەکەی بکەوێو، بە دوای کتێبو ڕێبازەکەی بکەوێ، ئەوە مامەلَەیان لەگەلّ خوادا: لەلایەن خواوە خۆشویستراون، وە ئەوانیش خوایان خۆشدەوێ، ئنجا با بزانین مامەلَەیان لەگەلّ ئیمانداران چۆنە؟

٣/ ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾، لەسەر ئیمانداراندا میهرەبانن، بە ڕەحمو بە بەزەیین، نەرمو نیانن، بەلاَم نەك لەبەر بێدەستەلاَتیی، چونکە وشەی (ذَلَّ عَلَيْهِ)، جیایە لە: (ذَلَّ لَهُ)، واتە: بۆی ژێردەست بوو لەبەر بێدەستەلاَتیی، بەلاَم (ذَلَّ عَلَيْهِ)، واتە: لەگەلّی نەرم بوو لەبەر بەزەیی و شەفەقەتو سۆزو پەرۆشیی، نەك لەبەر بێدەستەلاَتیی، ئنجا با بزانین لەگەلّ کافراندا چۆن مامەلَە دەکەن؟

٤/ ﴿أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، لەسەر کافران بە دەمارن، زبرن، زالّن، سەریان بۆ دانانەوێنن، ئەوە دیارە لە بواری جەنگدا، ئەگەرنا لە حالّەتی ئاساییدا دەبێ خۆش ڕەفتاربنو ڕووخۆش بن، بەڕێز بن، چاکەکار بن، هاوکار بن، بەلاَم لە بواری جەنگو ڕووبەڕووبوونەوەدا، مسولّمان دەبێ زبریی و سەختیی و توندیی و پتەویی و دلّ ڕەقیی هەبێ، بەرانبەر ئەهلی کوفر، لە کاتێکدا شەڕی

پێدەفرۆشن‌و ڕێ لەخۆی‌و دینەکەی دەگرن، وەك لە شوێنی دیکەش دەفەرموێ: ﴿وَلْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً ﴿١٢٣﴾﴾التوبة، واتە: با زبرییتان پێوە ببینن، نەك فەقیرۆکەیی‌و بەستە زمانیی‌و تووك نەرمیی، چونکە هەموو دڕندەیەك حەزی لە نێچیری تووك نەرمە!

٥/ ﴿يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾، وە لە پێناوی خوا دەجەنگن، ئەوانەی خوا دەیانهێنێ دینی خۆییان پێ ببووژێنێتەوەو زیندوو بکاتەوە، لە کاتێکدا خەڵکێك دەستی لێ هەڵدەگرێ‌و لێی هەڵدەگەڕێتەوە، کەسانێکن لە ڕێی خوا تێدەکۆشن، خۆیان لە پێناوی خوادا بەخت دەکەن.

٦/ ﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ﴾، وە لە لۆمەی لۆمەکاران‌و سەرکۆنەی هیچ سەرکۆنەکەرێك ناترسێن‌و بێباکن، ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾، ئەوە بەخششی خوایە دەیدات بە هەر کەسێك کە بیەوێ، وە خوا سیفەت فراوانی زانایە، سیفەتەکانی خوا: بەخشندەیی، بەزەیی، لێبووردەیی، کاربەجێیی، دەستەلاتی، هەموو سیفەتەکانی فراوانن، یانی: بێسنوورن، وە خوا زانایە، واتە: خوا بیەوێ هەر شتێك بە هەر کەسێك ببەخشێ دەتوانێ، گرنگ ئەوەیە سیفەتەکانی خوا بێ کۆتایین، بەڵام دەشزانی بە کێ دەبەخشێ‌و چەندیشی پێ دەبەخشێ.

ئنجا خوا ﷻ لە ئایەتی دووەمدا دوای ئەوەی لە ئایەتەکانی پێشێدا فەرمووی: دۆستایەتیی جوولەکەو نەصرانییەکان مەکەن‌و، کەین‌و بەینتان لەگەڵیان نەبێ، پشتیان پێ مەبەستن‌و، ڕازونیازتان لەگەڵیاندا نەبێ، ئەدی ئایا ئیمانداران پشت بە کێ ببەستن‌و، کێیان لە ناخی دڵەوە خۆشبوێ‌و، کێ بە دۆستی خۆیان بزانن؟!

دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا﴾، بێگومان دۆست‌و پشتیوانی ئێوە، نزیکی ئێوەو، هاوکارو یاوەری ئێوە، تەنیا خوایە، دیارە دۆستبوونی خوا بۆ ئیمانداران، لە چەندان شوێن لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، چ بە وشەی (ولي)، وەك:

﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴿٢٥٧﴾﴾البقرة، چ بە وشەی (مولی) وەك: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾محمد، ئنجا وشەی (ولي) بە مانای دۆستو سەرپەرشتیارو خۆشەویستو پشتیوانو هاوکارو سەرخەرو نزیك دێ، هەروەها (مولی)ش بەهەمان شێوە، بەڵام وشەی (مولی) زیاتر مانای مشوورخۆریی‌و سەرپەرشتیارێتی دەگەیەنێ.

هەڵبەتە دۆستبوونی خوای پەروەردگار بۆ ئیمانداران لەقەدەر خۆیەتی، هەروەها هی ئیماندارانیش بۆ خوا لەقەدەر خۆیانە.

ئنجا ﴿وَرَسُولُهُۥ﴾، وە ڕەوانەکراوی خوا، پێغەمبەری خواش ﷺ دۆستو پشتیوانی ئێوەیە، ئەی ئیماندارینە! ئەویش دیارە بە چەمكو واتای خۆی، یانی: دۆستبوونی خوا ﷻ بۆ ئیمانداران واتایەکی هەیە، هی پێغەمبەری خوا ﷺ واتایەکی دیکەی هەیە، ئێستا خوای بێوێنە یارمەتیدەرو خۆشەویستی ئێمەیە، بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین: پێغەمبەری خوا ﷺ یارمەتیدەرو سەرخەری ئێمەیە؟ نەخێر، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ مردووە چۆتە عالەمی هەق، بەڵێ بەو واتایەکە ئەگەر ئێمە بە دوای ڕێبازەکەی بکەوین سەردەکەوین، ڕاستە، بەڵام بەو واتایە نا، کە ئێستا پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە سەربخاتو لەگەڵمان بێ‌و هاوکارمان بێ، بەو واتایە ئەمە تایبەتە بە خوای پەروەردگارەوە[1].

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾، وە دۆستو پشتیوانی ئێوە دوای خواو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانەن کە ئیمانیان هێناوە، غەیری ئیمانداران دۆستو پشتیوانی ئێوەنین، چونکە بە ئامرازی (إِنَّمَا) دەستی پێکردووە، ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾، کە زۆر لە زانایان دەڵێن: (إِنَّمَا: أَدَاةُ الحَصْرِ والإِثْبَاتِ)، واتە: (إِنَّمَا) ئامرازی

---

١) هەڵبەتە لە خەون دا بینرانی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە بەهرە وەرگرتنی لە ڕێنمایی یەکانی، کە شتێکی چەسپاوەو هەیە، مەسەلەیەکی دیکەی جیایە لەوەی ئێمە لێرەدا قسەی لەبارەوە دەکەین.

چەسپاندنو کورت هەڵهێنانە، واتە: کە دەچێتە سەر شتێك حوكمەكەی تێدا دەچەسپێنێو كورتی هەڵدێنێ، ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، واتە: دۆستو پشتیوانی ئێوە تەنیا خواو پێغەمبەریو ئیماندارانن[١].

ئنجا خوا بە سێ سیفەتی سەرەكی پێناسەی ئیمانداران دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴾، ئەوانەی نوێژ بەرپادەكەنو، زەكات دەدەنو، زۆر ڕكووع دەبەن، دیارە ڕكووع عیبادەتێكە بەس لەنێو نوێژ دایە، سەجدە لە غەیری نوێژیشدا هەیە، سەجدەی شوكر هەیە، سەجدەی قورئان خوێندن هەیە، بەڵام ڕكووع تەنیا لەنێو نوێژدا هەیە، ئەدی بۆچی خوا جیای كردۆتەوە؟ لەبەر زێدە گرنگیی دان بە ڕكووع، ئەوە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (ذِكْرُ الخَاصِ بَعْدَ العَام)، دوای ئەوەی خوا بەگشتی شتێك باس دەكات، یەكێك لە تاكەكانی (مفرد)ی ئەو شتە بە جیا باس دەكات، بە مەبەستی زیاتر سەرنج ڕاكێشانمان بۆ زیاتر گرنگیی پێدانی.

خوای كاربەجێ لە زۆر شوێنان لە قورئانێدا نوێژو زەكاتی پێكەوە هێناون، نوێژو زەكات، یاخود نوێژو بەخشین، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی كە نوێژ بریتیە لە جۆری پەیوەندیی ئینسان لەگەڵ خوا، وە نوێژ بریتیە لە ئەوپەڕی ملكەچیی، لەوە ملكەچیی زیاتر، كە ئینسان سەر بخاتە سەر زەویو بچەمێتەوە لە بەرانبەر خوادا! لەوە ملكەچی زیاتر، كە بەندە لە خزمەتی خوادا ڕابوەستێو دەستی لەسەر سنگ دابنێ! یان لە تەحییاتدا لە خزمەتی خوا دابنیشێو سڵاوی[٢] لێ بكات، وە سڵاو لە پێغەمبەر بكات، لەوە ئەدەب نواندن زیاترو، ملكەچ كردن زیاترو فەرمانبەریی زیاتر نواندن نیە، كەواتە: مسوڵمانان كەسانێكن كە ئەوپەڕی ملكەچییو ڕێزو

---

١) شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: وشەی (إنَّما) مانایەكەی دەبێتە (ما، الاّ) یانی: (ما وليّكم الاّ الله و رسوله...).

٢) چونكە وشەی (تحیة) لە زمانی عەرەبیی دا كە بە (تحیات) كۆدەكرێتەوە، بە كوردیی دەبێتە (سڵاو)، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ ...فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ...﴿٦١﴾ ﴾ النور.

حورمەت لە بەرانبەر خوادا بنوێنن و، لە خۆیاندا بەرجەستەی بکەن، کە وەك گوتمان نوێژ بەرجەستەکەری هەموو ئەوانەیە.

(زەکات)یش جۆرێکە لە بەخشین، بۆیە لە هەندێك شوێنان دەفەرموێ: ﴿ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ ﴾الأنفال، واتە: لە جیاتی زەکات دەفەرموێ: لەوەی پێمان داون دەبەخشن، چونکە ماڵ و سامان بەخششی خوایە بە مسوڵمانانی داوە، زەکاتیش هەقی خەڵکە لەو بەخشش و نیعمەتە، کەواتە: نوێژ هەقی خوایەو، زەکات و هاوکاریکردنی خەڵکیش مافی خەڵکە، بۆیە دەتوانین بڵێین زەکات و ماڵبەخشینیش بەرجەسەتەکەری جۆری پەیوەندیی مسوڵمانە لەگەڵ خەڵك دا.

کەواتە: مسوڵمان ئەو کەسەیە کە خوا پەرست بێ و خەڵك دۆست بێ، مسوڵمان کەسێکە کە ئەوپەڕی ملکەچیی هەبێ بۆ خوا، وە ئەوپەڕی ڕەحم و بەزەییشی هەبێ بۆ خەڵکی خوا، بۆیە ئەو دووانە لە قورئاندا زۆر پێکەوە هاتوون، مسوڵمانان ئەوانەن کە ئەوپەڕی ملکەچییان هەبێ بۆ خوا، وە ئەوپەڕی چاکەکاریی و هاوکاریی و ڕەحم و بەزەییان هەبێ بۆ خەڵکی خوا، کە بە پلەی یەکەم لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ئەو ماڵ و سامانەی بە ئارەقەی نێوچەوان و بەرەنجی شانیان پەیدای دەکەن، بە خەڵکی ببەخشن، چ وەك فەرز کە زەکاتە، چ وەك سوننەت کە غەیری زەکاتە، بەڵکو هەندێك لە زانایان ئەو فەرمایشتە بە بەڵگە دێننەوە، لەسەر ئەوە کە غەیری زەکاتیش جاری وایە فەرز دەبێ ﴿إِنَّ فِي المَالِ حَقّاً سِوَى الزَّكَاةِ﴾ {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٦٦٠) وقال: إسناده ليس بذاك وأبو حمزة ميمون الأعور يضعف، وَأَخْرَجَهُ أَيْضَاً: ابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٧٨٩) وَالدَّارَمِيُّ برقم: (١٦٣٧) وضعَّفُ كل من الألباني وحسين سليم أسد}، واتە: لە ماڵ و ساماندا، جگە لە زەکاتدا هەقی دیکەش هەیە.

دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴾، بە تەئکید هەر کەسێك دۆستایەتیی خواو پێغەمبەری خواو ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بکات، ئەوانە کۆمەڵی خوان، کۆمەڵی خواش زاڵ و سەرکەوتوون.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! هەر کامێك لە ئێوە لە ئاینەکەی پاشگەز بێتەوە! ئەمە ئیعجازێکی هەواڵیی (إعجاز خبري) تێدایە، قورئان لە هەمو ڕوویێکەوە موعجیزەیە، یەکێك لە ڕووەکانی ئیعجازو دەستەوستانکردنی قورئان بۆ بەرانبەرەکانی، بریتییە لەوە کە قورئان هەندێك هەواڵیداون کە بە مسۆگەریی هاتوونە دی، بۆ وێنە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ ﴾، هەر کەسێك لە ئێوە لە دینەکەی پاشگەزبێتەوە، کەواتە: خوا زانیویەتی هەندێك کەس دەبن، دوایی لە ئاینەکەیان پاشگەزدەبنەوەو هەڵدەگەڕێنەوە، کە دیارە ئەوەش هاتۆتە دی، یان وەك لە کۆتایی سوورەتی (ص)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾ ﴾، واتە: وە بێگومان دوای ماوەیەك هەواڵەکەی (هی قورئان) دەزانن، لە کاتێکدا سوورەتی (ص) لە مەککە هاتۆتە خوارێ، ئەو کاتە مسوڵمانان لە چوارچێوەی مەککەدا قەتیس مابوون، چ جای ئەوەی ئیسلام لە جیهاندا بلاوبێتەوە! چونکە لە ئایەتی پێشتردا دەفەرموێ: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَـٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ص، واتە: بەدڵنیایی ئەم قورئانە بیرخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان. بەڵام خوا لەو کاتەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعْدَ حِينٍۭ ﴿٨٨﴾ ﴾، دوای ماوەیەکی دیکە هەواڵی ئەم قورئانەتان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەم قورئانە چییە، ئەی کافرە ملهوڕەکانی مەککە! دیارە ئیعجازی هەواڵیی (الإعجاز الخبري) لە قورئاندا باسێکی دوورو درێژە.

هەڵگەڕانەوەش لە ئیسلام لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری صیددیق دابوو، (أبوبکر صدیق) خوای لێ ڕازی بێ یەکەمین جێنشینی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ حاڵەتی هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام زۆر پیاوانەو مەردانە ڕووبەڕوو

بۆوە، كە لە هەندێك ڕیوایەتاندا هاتوە، دەڵێ: جگە لە خەڵكی مەككەو مەدینەو طائیف، خەڵكی زۆربەی شوێنەكانی دیكە مەرج نیە هەموو خەڵكەكە بە تێكڕا، بەڵام لە هەموو شوێنەكانی دیكەدا خەڵك هەڵگەڕابۆوە لە ئیسلام، (أبوبكر الصدیق) خوا لێی ڕازی بێ وەك كێو لە بەرانبەر ئەو حاڵەتەدا وەستا، هەرچەندە هەندێ لە هاوەڵان ڕایان نەبوو چەك‌و هێز بەكاربهێنرێ لە بەرانبەر هەڵگەڕاوانداو دەیانگوت: پێیان ناوێرین، بەڵام ئەبوبەكر، گوتی: ئەگەر بە تاقیتەنیاش بم لە بەرانبەر ئەو حاڵەتەدا دەوەستم، وە قسە ناودارەكەی خۆی كرد كە گوتی: (أَيَنْقصُ هَذَا الدِّين وَأَنا حَي)، ئایا ئەم دینە دەبێ كەم بكات لە كاتێكدا من زیندووم؟! نابێ كەم بكات، ئەمڕۆ زەكاتیان لابرد، سبەینێ شتێكی دیكەشی لێ لادەبەن‌و، دوو سبەی شتێكی دیكەی لێ لادەبەن، چونكە ئەوانەی كە هەڵگەڕابوونەوە زەكاتدانیان كردبوو بە بیانوو و دەیانگوت: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ زەكاتمان داوە، بەڵام ئێستا نایدەین بە غەیری پێغەمبەر، ئەوە باجێكە خراوەتە سەرمان.

**مەسەلەی دووەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ ﴾، وەك پێشتر باسمان كرد (ردّة) بریتیە لەوە كە ئینسان لە ئیسلام بەرەو كوفر هەڵگەڕێتەوە، هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەش لە ئیسلام بە سێ شتان دەبێ:

١- بە دڵ‌و نیەت دەبێ، كە دڵی لەسەر شتێك بچەسپێنێ كوفرو شیرك بێ، ئینسان لە دڵی خۆیدا دەگونجێ كافر بێ، بێئەوەی دەریببڕێ.

٢- بە زمانی دەبێ، كە شتێك بە زمان بڵێ كوفرو شیرك بێ.

٣- بە كردەوە دەبێ، كە ڕەفتارێك بكات بە كوفرو شیرك دابنرێ، بەڵام ئەوەی كە مامەڵەی دنیایی لەسەر بنیات دەنرێ، دەربڕینی زمان‌و كردەوەی ئەندامەكانە، ئەوەی كە دەگوترێ‌و دەبینرێ، بەڵام چی لە دڵدا هەیە؟ بڵێی: من دەزانم تۆ هەڵگەڕاویەوە، چونكە لە دڵتدا فلان شت هەیە؟! كەس ئەو هەقەی نیە، وە زانایان وەك بنچینەیەك دایانناوە (نَحْنُ نَحْكُمُ بالظَّاهِرِ وَاللهُ يَتَولّى السَرائِر) ئێمە حوكم بە ڕواڵەت‌و ئاشكرا دەكەین، نهێنییەكانیش حەواڵەی خوا دەكەین،

دیارە من لە نامیلکەی (هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام)دا باسی سزای هەڵگەڕانەوەم کردوە، چۆنە؟ کە ئەو بابەتە بەشێکە لە کتێبی: (ئیسلام و دەوڵەت داریی و حوکمڕانیی)، هەروەها لە بەرگی (٨)ی (الإسلام کما یتجلی في کتاب الله)شدا قسەم لێکردوەو پێشتریش لە تەفسیری سووڕەتی (البقرة) لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا لەوبارەوە دواوم، بۆیە لێرەدا بە خێرایی بەسەریدا ڕەتبووم.

**مەسەلەی سێیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖ﴾، ئەم ڕستە قورئانییە دوو هەڵوەستەی پێویستی لەبەردەمدا دەکەین:

### هەڵوەستەی یەکەم:

### مەدحێکی گەورەی ناڕاستەوخۆی (أبو بکر الصدیق)

ئەم ڕستە مەدحێکی زۆر گەورەی ئەبوبەکری صیددیقی تێدایە خوا لێی ڕازی بێ، هەروەها هی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر کە لە خزمەت ئەبوبەکر دابوون، وە لەگەڵ هەڵگەڕاوەکانداو لەگەڵ زەکات نەدەرەکاندا ڕووبەڕووبوونەتەوە، مەدحێکی گەورەی ئەوانی تێدایە، ئەویش لە سێ ڕووەوە:-

١) ئەم ئایەتە ڕایدەگەیەنێ کە هەر کاتێك کەسانێك لە ئاینەکەیان هەڵگەڕانەوە، خوا کۆمەڵە کەسانێك دێنێ بۆ شوێن پێگرتنەوەی ئەو کۆمەڵە هەڵگەڕاوەیە، دەفەرموێ: ﴿مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ﴾، هەر یەکێك لە ئێوە لە دینەکەی هەڵگەڕێتەوە، خوا کۆمەڵێك دێنێ، کەواتە: ئەوەی کە شیعە دەیڵێن ڕاست نیە: شیعە دەڵێن چی؟ دەڵێن: ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر ﷺ کە دانیان بە خەلیفایەتیی ئەبوبکردا هێنا، هەموویان هەڵگەڕاونەوەو کافر بوون، چونکە نکوولێیان لە دەقێکی ئاشکرا (نص جَلِيّ)ی پێغەمبەر ﷺ کردوە، لەسەر پێشەوایەتیی عەلی خوا لێی ڕازی بێ، چونکە ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست

بووایەو ئەو هاوەڵانە هەڵگەڕابانایەوە، دەبوو یەکسەر خوا کۆمەڵێکی دیکەی هێنابا بۆ شوێنی ئەوان، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ ﴾، لێرەدا بە تەئکید دوێندراوانی یەکەم بەم ئایەتە هاوەڵان بوونو پێش هەموو جیلەکانی مسوڵمانان ڕووی لەوانە، کە هەر کاتێك کۆمەڵێك لە ئێوە هەڵگەڕێتەوە، خوا کۆمەڵێك دێنێ، ئنجا مادام خوا کەسی نەهێناوە بۆ جێپێگرتنەوەی هاوەڵان، کەواتە: هەڵنەگەڕاونەتەوە، نە ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ خەلیفایەتیی لە عەلی داگیر کردووە، نە هاوەڵانیش هەڵگەڕاونەوە، چونکە ئەگەر ئەبوبەکر زەوتکەر (غاصب)و ستەمکار بووایەو هاوەڵان هەڵگەڕابانایەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە پشتگیریی ئەبوبەکریان کردووە لە هەقی عەلی بێدەنگ بوون، "وەك شیعە گومان دەبەن" دەبوو خوای بەرز کۆمەڵێکی دیکە بێنێ، ئنجا کە کەسی نەهێناوە، مانای وایە ئەو قسەیەی ئەوان ڕاست نیە، ئەم ئایەتە لەو ڕووەوە مەدحێکی گەورەیە بۆ ئەبوبەکرو هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، وە بە درۆخستنەوەی شیعەکانیشە لەو بۆچوونەیاندا.

٢) هەروەها ئەو ئایەتە مەدحو ستایشێکی گەورەیە بۆ ئەبوبەکری صیددیقو هاوەڵانیش بەگشتی، چونکە خوا ڕایگەیاندوە کە هەر کات بەشێك لە بڕواداران هەڵبگەڕێنەوە، ئەوە خوا کۆمەڵێکی دیکە دێنێ بۆ بەرپەرچدانەوەیان، یان بۆ شوێنگرتنەوەیان، ئاشکراشە کە مەسەلەی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلامدا لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئەبوبەکردا ڕوویداو، ئەبوبەکرو هاوەڵانیش ڕووبەڕوویان بوونەوە، کەواتە: سەرجەم ئەو (٦) سیفەتەی کە خوا ئەوانەی پێ مەدح دەکات، کە دەیانهێنێ بۆ شوێن پێگرتنەوەی هەڵگەڕاوەکان لە ئاینەکەی، ئەو شەش سیفەتە بە پلەی یەکەم لە ئەبوبەکردا خوا لێی ڕازی بێ، وە پاشان لە هاوەڵانی بەرێزدا کە لە خزمەتی دابوون، هاتوونەتە دی، کە خوا دەفەرموێ: خوا خۆشیدەوێنو خوایان خۆشدەوێ، لەگەڵ ئیمانداراندا نەرمو نیانو میهرەبانن‌و، لە بەرانبەر کافراندا بە دەمارو سەختن، وە لە ڕێی خوادا تێدەکۆشن، وە لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسێن، جا جێی سەرسووڕمان ئەوەیە کە هەندێك لە شیعەکان ویستوویانە ئەو وەسفانە بەسەر (عەلی)دا خوا لێی

ڕازی بێ بچەسپێنن، بە بەڵگەی ئەوە کە ئیمامی هەق بووەو، هەر کەس لەگەڵی نەبووبێ هەڵگەڕاوە (مُرْتَد) بووە! بەڵام قسەکەیان ڕاست نیە، هەر بە خودی قسەو هەڵوێستی عەلی خوا لێی ڕازی بێ، چونکە بە یەك دەنگیی (إتفاق)ی شیعەو سوننە عەلی خوا لێی ڕازی بێ، نەیارەکانی خۆی، چ ئەوانەی لە جەنگی (صفّین)دا لەگەڵی ڕووبەڕووبوونەوە، واتە: موعاویەو عەمری کوڕی عاص‌و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون، چ ئەوانەی لە جەنگی (جَمَل)دا واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ طەڵحەو زوبێرو ئەوان خوا لێیان ڕازی بێ، وە چ ئەوانەی لە جەنگی نەهرەواندا کە خەواریج بوون، هیچ کام لەوانەی بە کافر دانەناوە، بە بەڵگەی ئەوە کە هەموو جارێ عەلی لە کۆتایی جەنگەکاندا دەیگوت: جەنازەکان بێنن‌و نوێژی لەسەر هەموو کوژراوەکان دەکرد، وە دەشیفەرموو: ئەوانە برای دینیمانن، بەڵام ئەوە پێکەوە شەڕ دەکەین، ئەوە شتێکی موتەواتیرە کە عەلی خوا لێی ڕازی بێ نەیارەکانی خۆی ئەوانەی لە جەنگەکانی (صفّین)و (جَمَل)و (نَهْرَوان)دا لەگەڵی ڕووبەڕووبوونەوە، بە مسوڵمانی داناون، کەواتە: ئەو قسەیە ڕاست نیە.

٣) ئەم ئایەتە بەڵگەی ڕاستیی خەلیفایەتیی ئەبوبەکرە خوا لێی ڕازی بێ، چونکە خوا ئەوانەی پاش هەڵگەڕانەوەی هەڵگەڕاوان (إرتداد المرتدين) دەیانهێنێ، بەو شەش سیفەتە وەسفی کردوون کە باسمان کردن: خۆشی دەوێن‌و خۆشیان دەوێ، لەسەر ئیمانداران میهرەبان‌و بە بەزەیین لە بەرانبەر کافراندا توندو بە زەبرن، لە ڕێی خوادا تێدەکۆشن‌و لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسێن، کە دیارە ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ، هەر کام لەو شەش سیفەتەی زۆر بە تۆخیی تێدا هەبوون، با تەماشا بکەین:

١و ٢/ ﴿يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾: خوا خۆشی دەوێن‌و خوایان خۆشدەوێ، ئەگەر خوا ئەبوبەکری خۆشنەویستبایە ئەو کارە گرنگەی بە قسمەت نەدەکرد، کە بریتیە لە ڕاوەستان لە بەرانبەر ئەوانەدا کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەوەو دژایەتی ئیسلام دەکەن‌و، دەیانەوێ ئیسلام لە مێخەوە دەربێنن، کە بێگومان لە دوای کارە گەورەکەی پێغەمبەر ﷺ ئەو کارەی ئەبوبەکر گەورەترین کار

بووە کە کراوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ جاری پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامییدا، ئەبوبەکریش خوا کردیە هۆکاری ئەوە کە ئەو دەوڵەتە نەڕووخێو، ئەو ئیسلامە هەر ڕۆژە شتێکی لێ کەم نەکرێتەوە!

دیاریشە ئەگەر ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ، ئەوپەڕی خۆشویستنی بۆ خوا نەبووایە، ئەوەی نەدەکرد، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە هاوەڵانیش زۆربەیان هەڵوێستەکەی وییان پێ ڕاست نەبوو، یەکێك لەوانە عومەر خوا لێی ڕازی بێ، بۆچی پێی ڕاست نەبوو؟ دەیگوت: ناتوانین زاڵ بین بەسەر ئەو خەڵکەدا، چونکە زۆرزۆر بوون، وە جۆرێك لە ئیشکالی فیکریشی هەبوو، لەبارەی ئەو جەنگەوە، بە هۆی تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ فەرمووودەی: ﴿أُقَاتِلُ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، فَإِذَا شَهِدُوا أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَآمَنُوا بِي وَبِمَا جِئْتُ بِهِ فَقَدْ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٤٠٥)}.

٣/ ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾: بەنسبەت سیفەتی بەزەیی و نەرم و نیانیی و میهرەبانیی ئەبوبەکریش دەڵێین:

ئەگەر تەماشای سیرەو ژیانی ئەبوبەکر بکەین، دەبینین یەکجار بە ڕەحم و بە بەزەیی و بە سۆز بووە، پێغەمبەریش ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: ﴿أَرْحَمُ أُمَّتِي بِأُمَّتِي أَبُو بَكْرٍ وَأَشَدُّهُمْ فِي دِينِ اللهِ عُمَرُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤٠٢٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٧٩١) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَالنَّسَائِي فِي (الكبرى) برقم: (٨٢٤٢)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٥٤)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧١٣٧)، وَالحَاكِمُ برقم: (٥٧٨٤)، وَقَالَ: صحيح على شرط الشيخين عَنْ أَنَس بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه وَصَحَّحَهُ الألباني}، واتە: بە بەزەییترینی ئۆممەتم بەرانبەر بە ئۆممەتم ئەبوبکرە، خوا لێی ڕازی بێ، وە توندترینیشیان لە ئایینی خوادا عومەرە.

٤/ ﴿أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، هەروەها ئەبوبەکر لە بەرانبەر کافراندا زۆر سەخت و توند بووە، لەوبارەوەش ئەبوبەکر ئەو هەڵوێستەی بەسە کە

بەرجەستە بوو لە قسە ناودارەکەیدا کە گوتی: (وَاللهِ لأقتلنَّهُم وَإنْ كُنتُ وَحدي) سوێند بە خوا لە دژی هەڵگەڕاوەکان دەجەنگم (کە دەیانویست هێرش بکەن بۆ سەر مەدینە) ئەگەر بە تەنیاش بم، هەتا لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ گوتی: ئەگەر سەگو گورگ لە خرخاڵی پێی خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ڕۆبێن (پڕیان دەنێ)و کەس نەبێ بەرگرییان لێ بکات، من ئەو جەنگە هەر دەکەم! عیززەت لەوە زیاتر دەبێ چی بێ؟! زەبریی‌و عیززەت لە بەرانبەر بێبڕوایانێکدا کە سەنگەریان لە ئیسلام گرتوە.

٥/ ﴿يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾: سیفەتی لە ڕێی خوادا تێکۆشانیش، ئەبوبەکر هەر لە سەرەتاوە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووەو لە هەموو جەنگەکاندا نزیکترین کەس بووە لێیەوە، وە لە دوای ئەویش سەرکردەی موجاهیدان بووە.

٦/ ﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖ﴾: هەروەها ئەبوبەکر گوێی بە لۆمەی کەس نەداوە، بەڵکو گوێی بە لۆمەو قسەو ڕەخنەی عومەرو هاوەڵانی دیکەشی نەدا، چونکە ڕایان لەگەڵ جەنگ نەبوو، هەتا عومەر دەڵێ: دوایی کە تەماشام کرد ئەبوبەکر زۆر پێداگیریی دەکات، خوای پەروەردگار دڵی منیشی گوشاد کردو منیش چوومە سەر ڕایەکەی وی، دیارە مسوڵمانان زیاتر تەماشای دەمی ئەبوبەکرو دەمی عومەریان کردوە خوا لێیان ڕازی بێ، وە ئەوانی دیکەش کە تەماشایان کرد ئەوان یەك دەنگن، شوێنیان کەوتن، ئەم قسانە (فخرالدين الرازي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] هێناونی، بەڵام هەندێکیان بۆ خۆم زیاتر ڕوونم کردوونەوە.

---

١) مفاتيح الغيب، ج٣، ص١٧ – ٢٠.

## هەڵوەستەی دووەم:

## ئەوانەی کە شایستەیی بوژاندنەوەی ئیسلامیان هەیە دەبێ خاوەنی ئەو شەش سیفەتە بن:

واتە: کەسانێك کە شایستەیی ئەوەیان هەیە خوا بیانهێنێ دینەکەی خۆییان پێی ببووژێنێتەوە، لە کاتێکدا خەڵکێك دەستبەرداری دەبن، دەبێ ئەو شەش سیفەتە مەزنو گرنگانەیان تێدابن:

یەکەم: ﴿يُحِبُّهُمْ﴾: دەبێ ئەو کەسانە بن کە خوا خۆشیدەوێن، ئنجا ئایا خوا کێی خۆشدەوێ:

١- ئەوانەی شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەون، ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾﴾ آل عمران، واتە: بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆشدەوێ، شوێنم بکەون، خواش خۆشیدەوێن، کەواتە: بە ئەندازەی شوێنکەوتنمان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشویستنی خوا بۆ خۆمان مسۆگەر دەکەینو دەشیسەلمێنین کە خوامان خۆشدەوێ، یانی: شوێنکەوتنی پێغەمبەر ئەملاولای خۆشویستنە: بەڵگەی خۆشویستنی ئێمەیە بۆ خوا، وە هۆکاری خۆشویستنی خواشە بۆ ئێمە.

٢- ئەوانەی زۆر تۆبە دەکەنو زۆر خۆ پاك دەکەنەوە: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة، واتە: بێگومان خوا زۆر تۆبەکارانو خۆ پاککەرەوانی خۆشدەوێن.

٣- ئەوانەی زۆر خۆیان دەپارێزنو پارێزکارن: ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ﴿٤﴾﴾ التوبة، واتە: بێگومان خوا پارێزگارانی خۆشدەوێ.

٤- ئەوانەی زۆر خۆڕاگرو ئارامگرن: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ ﴿١٤٦﴾﴾ آل عمران، واتە: وە خوا زۆر ئارامگرانی خۆشدەوین.

٥- ئەوانەی پشت بە خوا دەبەستن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾﴾آل عمران، واتە: بێگومان خوا پشت پێبەستووانی خۆشدەوێن.

٦- ئەوانەی چاکەکارن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾﴾البقرة، واتە: بێگومان خوا چاکەکارانی خۆشدەوێن.

٧)- ئەوانەی لە ڕێی خوادا دەجەنگن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾﴾الصف.، واتە: بێگومان خوا ئەوانەی خۆشدەوێن کە بە ڕیز لە پێناویدا دەجەنگن، دەڵێی دیواری قورقوشمیین.

دووەم: ﴿وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾: دەبێ ئەوانیش خوایان خۆشبوێ، کێ خوای خۆشدەوێ؟ پێشتر باسمکرد، کێ زیاتر بە دوای پێغەمبەر ﷺ بکەوێ، زیاتر شوێن پێی هەڵبگرێ، مانای وایە زیاتر دەیسەلمێنێ کە زیاتر خوای خۆشدەوێ، خوا دەفەرموێ: بڵێ: ئەگەر خواتان خۆشدەوێ، شوێنم بکەون تاکو خواش خۆشی بوێن.

سێیەم: ﴿أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾: باسمکرد (ذَلَّ عَلَيْهِ) واتە: باڵی بەسەردا شۆڕکرد، بە زەیی پێداهاتەوەو سۆزی بۆی هەبوو، ئیماندار دەبێ لەگەڵ ئیمانداران دا بە ڕەحم بێ، کاتێك دەسەڵاتت هەیە دەبێ لەگەڵ خەڵك بە بەزەیی بێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾﴾ الشعراء، کەواتە: وەك چۆن باڵندە بێچووەکانی خۆی لە بن باڵ دەگرێ، دەبێ بەرپرسانی مسوڵمانان، هەر کەس، دەستەڵاتی هەیە، بە ئەندازەی ئەوە کە قسەی دەڕوا، ئاوابێ لەگەڵ ئیمانداران.

چوارەم: ﴿أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾: دەبێ لە بەرانبەر کافرانێکدا کە سەنگەری لێدەگرن، بە عیززەتو زبرو سەخت بێ، نەك نەرمو نۆڵو فەقیرۆکە.

پێنجەم: ﴿ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾: دەبێ ئامادەبێ ئەوپەڕی توانای خۆی لەپێناوی خواداو لە پێناوی دینی خوادا بەخت بکات، بە دڵو بە دەستو بە زمانو بە ماڵ.

شەشەم: ﴿ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖ ﴾: وە دەبێ لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسن، لەڕاستیدا هەر کەسێك گوێ بداتە قسەو قاڵی خەڵكو پڕوپاگەندەو درۆو دەلەسەیان، دەبێ هیچ نەکات، لەوبارەوە ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ عُبَادَةَ بْنَ الصَّامِتِ رضي الله عنه، قَالَ: بَايَعْنَا رَسُول الله ﷺ عَلَى السَّمْعِ والطَّاعَةِ فِي العُسْرِ واليُسْرِ، والمَنْشَطِ وَالمكْرَهِ، وَعَلَى أثَرَةٍ عَلَيْنَا، وَعَلَى أنْ لا نُنازِعَ الأمْرَ أهْلَهُ، إلاَّ أنْ تَرَوْا كُفْراً بَوَاحاً عِنْدَكُمْ مِنَ اللهِ تَعَالَى فِيهِ بُرْهَانٌ، وَعَلَى أنْ نَقُولَ بالحَقِّ أيْنَمَا كُنَّا لاَ نَخَافُ في اللهِ لَوْمَةَ لائِمٍ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٧١٩٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٧٤٥) وهذا لفظه}، واتە: عوبادەی کوڕی صامیت خوا لێی ڕازی بێ (کە یەکێك بوو لەو دوازدە کەسەی کە پێغەمبەر ﷺ لە پەیمانی دووەمی عەقەبەدا فەرمانی کرد دوازدە نەقیب هەڵبژێرن، یەکێکیان عوبادەی کوڕی صامیت بوو)، دەڵێ: پەیمانمان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بەست (واتە: لەلای عەقەبە لە شەوەکەی دا لە ساڵی دوازدەی پێغەمبەرایەتییدا بۆ جاری دووەم)، لەسەر گوێ بۆ گرتنو فەرمانبەریی بۆ کردن (بۆ کێ؟ بۆ پێغەمبەر، بۆ بەرپرسان) لە تەنگانەو لە ئاسانییدا، لە کاتی پێخۆشبوونو پێناخۆشبووندا، وە ئەگەر خەڵکیشمان بەسەردا هەڵبژێردرێ‌و بەشیشمان بخورێ، وە پەیمانمان پێدا کە کەسانێك حوکمڕانو بەرپرسن ناکۆکییان لەگەڵدا نەکەینو دژایەتییان نەکەین، بەڵام هەق بڵێین لە هەرشوێنێك بووین، لە پێناوی خوادا لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسێین.

هەروەها هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە، کە فەرموودەیەکی زۆر کۆکەرەوەیە: ﴿عَنْ أَبِي ذَرٍّ رضي الله عنه، قَالَ: أَمَرَنِي خَلِيلِي ﷺ بِسَبْعٍ أَمَرَنِي بِحُبِّ الْمَسَاكِينِ، وَالدُّنُوِّ مِنْهُمْ، وَأَمَرَنِي أَنْ أَنْظُرَ إِلَى مَنْ هُوَ دُونِي، وَلا أَنْظُرَ إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقِي، وَأَمَرَنِي أَنْ أَصِلَ الرَّحِمَ، وَإِنْ أَدْبَرَتْ، وَأَمَرَنِي أَنْ لا أَسْأَلَ أَحَدًا شَيْئًا،

وَأَمَرَنِي أَنْ أَقُولَ بِالْحَقِّ وَإِنْ كَانَ مُرّاً، وَأَمَرَنِي أَنْ لا أَخَافَ فِي اللهِ لَوْمَةَ لائِمٍ، وَأَمَرَنِي أَنْ أُكْثِرَ مِنْ قَوْلِ لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ، فَإِنَّهُنَّ مِنْ كَنْزٍ تَحْتَ الْعَرْشِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤٠٢٢) تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح}، واتە: ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: خۆشەویستەکەم (واتە: پێغەمبەرﷺ) فەرمانی پێکردم بە حەوت شتان: فەرمانی پێکردم نەدارەکانم خۆشبوێن و لێیان نزیك بم و، لەگەڵیان تێکەڵ بم، وە فەرمانی پێکردم تەماشای کەسێك بکەم کە لە خوار خۆمەوەیە (لە ژیانی و گوزەرانی ماددییدا) و تەماشای کەسێك نەکەم لە سەرووی خۆمەوەیە، وە فەرمانی پێکردم کە پەیوەندیی خزمایەتی بگەیەنم ئەگەر خزمەکانیشم پشتم تێبکەن، وە فەرمانی پێکردم کە داوای هیچ شتێك لە هیچ کەس نەکەم و، هیچ چاوەڕوانییەکم لە کەس نەبێ، وە فەرمانی پێکردم کە هەق بڵێم ئەگەر تاڵیش بێ، (واتە: با خەڵکێك پێشی ناخۆشبێ هەر بیڵێم)، وە فەرمانی پێکردم کە لە پێناوی ڕازیکردنی خوادا لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسێم، وە فەرمانی پێکردم کە زۆر بڵێم: (لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ) لادان نیە لە گوناح و هێز نیە بۆ چاکە، مەگەر بە خوا، (فەرمووی) چونکە ئەو چەند وشەیە خەزێنەیەکن لە ژێر عەرش، واتە: وشەی زۆر بەرزو پیرۆزن.

هەروەها هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە: ﴿عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُول الله ﷺ: أَلا لايَمْنَعَنَّ أَحَدَكُمْ رَهْبَةُ النَّاسِ، أَنْ يَقُولَ بِحَقٍّ إِذَا رَآهُ أَوْ شَهِدَهُ، فَإِنَّهُ لا يُقَرِّبُ مِنْ أَجَلٍ وَلا يُبَاعِدُ مِنْ رِزْقٍ، أَنْ يَقُولَ بِحَقٍّ أَوْ يُذَكِّرَ بِعَظِيمٍ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١١٤٩٢)، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح دون قوله: فَإِنَّهُ لا يُقَرِّبُ مِنْ أَجَلٍ وَلا يُبَاعِدُ مِنْ رِزْقٍ، أَنْ يَقُولَ بِحَقٍّ أَوْ يُذَكِّرَ بِعَظِيمٍ)، واتە: ئاگاداربن! با ترس لە خەڵك وا لە یەکێ لە ئێوە نەکات، هەق نەڵێ، لە هەق گوتن نەیسڵەمێنێتەوە هەرکاتێك بینی یان ئامادەبوو، چونکە بە تەئکید هەق گوتن و بیرخستنەوەو ئامۆژگارییکردنی کەسێکی ورەوبالا ئینسان لە ئەجەل لە مەرگ نزیك ناخاتەوە.

# ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای خۆشەویستی بەندە بۆ خوا

خاوەنی کتێبی (الكشاف) کە یەکێکە لە زانایانی زەبر دەستی تەفسیرکردنی قورئان، بەڵام (مُعتزلة) بووە، واتە: هەندێ بیروبۆچوونی هەبوون، کە جیابوون لە هی زۆربەی زانایان: (الزمخشري) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ...﴾: دەڵێ: (مَحبَّةُ العِبَادِ لِرَبِّهِم طَاعَتُهُ وَابْتِغَاءُ مَرْضَاتِهِ، وَأَنْ لا يَفعَلُوا مـا يُوجِبُ سَخَطَهُ وَعِقَابَهُ، وَمَحبَّةُ اللهِ لِعِبَادِهِ أَن يُثيبهُم أَحْسَنَ الثَّوَابِ عَلَى طَاعَتِهِم وَيُعْظِّمَهُم وَيُثْني عَلَيهِم وَيَرْضى عَنْهُمْ..)، واتە: خۆشەویستی بەندەکان بۆ پەروەردگاریان ئەوەیە کە فەرمانبەریی بۆ بکەن، وە ڕەزامەندیی خوا داوابکەن و بخوازن، وە شتێك نەکەن کە خوا تووڕەبێ، یاخود سزایان بدات، وە خۆشەویستیی خوا بۆ بەندەکانی، ئەوەیە کە پاداشتیان بداتەوە بە باشترین پاداشت دانەوە، لەسەر فەرمانبەرییان، وە ڕێزیان بگرێ، وە ستایشیان بکات وە لێیان ڕازی بێ...

(الآلوسي)یش لە (إبن المنير)ەوە لە کتێبی (الإنتصاف)دا بەرپەرچی ئەو قسەیەی زەمەخشەریی دەداتەوە، کە بێگومان قسەکەشی ناڕاستە، دەڵێ: (أَنَّهُ لا شَكَّ أَن تفسيرَ مَحبَّةِ العَبْدِ لله تَعَالى بِطَاعَتِهِ لَهُ سُبْحَانَهُ، عَلَى خلافِ الظَّاهِرِ وَهُوَ مِنَ المَجَازِ الَّذِي يُسَمَّى فِيهِ المُسَبَّبِ بِاسْمِ السَّبَبِ، وَالمَجَازُ لا يُعْدَلُ إِليهِ عَنِ الحَقِيقَةِ إلاَّ بَعْدَ تَعَذُّرِها فليُمتحن حقيقةُ المَحَبّةِ لُغَةً بالقَوَاعِدِ لننظُرَ أَهِيَ ثَابتةٌ للعبد مُتعلقة بالله تَعَالى أم لا ؟ فَالمَحَبَّة مَيْلُ المُتَّصِفِ بِهَا إِلى أَمْرٍ مُلَذٍّ واللَّذاتُ البَاعِثة عَلَى المُحَبَّة مُنقسمة إلى مُدْرَك (بالحسِّ) كلذَّةِ الذَّوقِ في المطعوم، ولذةِ النظر في الصور المستحسنة إلى غير ذَلِكَ، وَإِلى لَذَّةٍ مُدْرَكَةٍ بِالعَقْل كَلَذَّةِ الجَاه والرِّياسَة والعلُوم وما يَجري مَجرَاهَا ....، ثُمَّ تَتَفَاوتِ المَحبَّةِ ضَرورَةً بِحَسَبِ تَفَاوتِ البَوَاعِثِ عَلَيْهَا ....، وَلَيْسَ مَعْلُومٌ أَكمَلَ ولا أَجَلَّ مِنَ المَعبُودِ الحَقّ، فاللّذةُ الحَاصِلَةَ مِن مَعْرِفتهِ وَمَعْرِفَةِ جَلاله وَكَمَالِهِ، تَكُونُ أَعْظَم، وَالمَحَبَّة المُنْبَعِثة عَنْهَا تَكُونُ أَمْكَن، وَإِذا حَصَلَتْ هَذهِ المحبَّةُ بَعَثَت

عَلَى الطَّاعَاتِ وَالمُوَافَقَات، فَقَدْ تَحْصَّلَ مِنْ ذَلِكَ أَن مُحَبَّةُ العَبْدِ لِرِبِّهِ سُبْحَانه مُمْكنَةُ بَلْ وَاقِعَة مِنْ كُلّ مُؤْمِن، فَهِيَ مِن لوازِمِ الإِيمَانِ وَشروطِهِ)، واته: بێگومان تەفسیركردنی خۆشویستنی بەندە بۆ پەروەردگار، بەوە كە پابەندبێ بە بەرنامەی خواوەو فەرمانبەری بێ، پێچەوانەی ڕواڵەتی ئایەتەكەیە، وە لەڕاستیدا ئەو جۆرە تەفسیركردنە بەو (مجاز)ە دادەنرێ كە تێیدا ناوی هۆكار دەبرێتە سەر پەیداكراو، (مَجَاز)یش نابێ پەنای پێ ببردرێ لەحیاتی حەقیقەت، مەگەر نەگونجێ ئەو مانا (حقیقي)یە لەو شوێنە دابنرێ، ئنجا ئێستا با تەماشای نێوەڕۆكی خۆشەویستی بكەین، داخۆ دەگونجێ لە ڕووی زمانییەوەو لە ڕووی بنچینەكانەوەو عەبد خوای خۆشبوێو وەك خۆشویستن پەیوەست بێ بە خوای پەروەردگارەوە یان نا؟ خۆشویستن بریتیە لە مەیلو كێشكرانی كەسێك كە ئەو خۆشەویستییەی لە دڵدایە، بەرەو شتێك كە خۆشیدەوێو ئارەزووی لێیەتی، ئەو شتانەش كە لەززەتیان هەیەو پاڵ بە ئینسانەوە دەنێن كە ئینسان خۆشیبوێن، هەندێكیان بە هەستەوەرەكان دەزانرێن، وەك ئەوە كە ئینسان چێژ دەكات لە خواردنی خۆش، یان چێژ دەكات لە شتێكی جوان... هەروەها چێژو لەززەتێك كە بە عەقڵ دەزانرێ، وەك لەززەتی سەرۆكایەتیی، یاخود زانستو شارەزایی، وە شێوەی ئەوانە، دیارە ئەندازەی خۆشەویستییەكەش بە ئەندازەی ئەو هۆكارانەی كە پەیدای دەكەن، دەگۆڕێ، بێگومانیش هیچ زانراوێك تەواوترو پتەوتر نیە لە پەرستراوی بە هەق (كە خوایە)، بۆیە ئەو لەززەتو چێژو ئارەزووەی كە بە هۆی ناسینی خواوەو بەهۆی ناسینی بەرزییو تەواویی خوای پەروەردگارەوە پەیدا دەبێ، لە هەموو چێژو لەززەتێكی دیكە گەورەترو مەزنتر دەبێ، وە ئەو خۆشەویستییەی لەو لەززەتەوە دێ، دیارە لە هەموو خۆشەویستییەك زیاتر لە دڵدا دەچەسپێ، وە كاتێك ئەو خۆشەویستییەش پەیدادەبێ، وا لە ئینسان دەكات كە فەرمانبەریی خوا بكات، وە بە دوای ڕەزامەندیی خوا بكەوێ، كەواتە: دەركەوت كە دەگونجێ بەندە پەروەردگاریی خۆی خۆشبوێ، بەڵكو ناگونجێ هیچ ئیماندارێك هەبێ ئیمانی هەبێو خوای پەروەردگاری خۆشنەوێ!

منیش دەڵێم: خۆشـویستنی مرۆڤ بۆ شتێك كێشكرانیەتی لە دەروونەوە بۆ ئەو شتە، بۆ وێنە: ئینسانی تێنو ئاوی خۆشدەوێو حەزی لە ئاوە، یان پیاو حەزی لە ئافرەتە، ئافرەتە حەزی لە پیاوە، ئەوە لەڕووی جەستەییەوە.

وە لە ڕووی مەعنەوییەوە، ئینسانی حەزی لە جوانییە، حەزی لە دەنگی خۆشە، حەزی لە بۆنی خۆشە، وە پاشان حەزی لە چاكییە، حەزی لە دادگەرییە، حەزی لە تەواوییە، حەزی لە ئازایەتییە، حەزی لەو سیفەتانەیە كە بەرزن، بە تەئكید خوای بەرزیش خاوەنی هەموو سیفەتێكی چاكو پەسەندو بەرزە، وە خاوەنی ئەوپەڕی جوانییو دادگەرییو تەواوییە، پاشان خوای پەروەردگار هەرچی لەززەتی ماددیی یە ئەو بەدیهێنەریەتی، كەواتە: خوای پەروەردگار دەبێ لە هەموو شتێك زیاتر خۆش بویسترێ، ئەوە شتێكی زانراوو سەلمێنراوە.

**مەسەلەی چوارەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾، وشەی (ذَلِكَ) ناوی ئامـاژە (إِسْم إِشَارَة)یەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لە سەرەتای ئایەتەكەوە باسكرا، كە دەفەرموێ: ﴿مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ...﴾، دواییـ دەفەرموێ: (ذَلِكَ)، واتە: ئەوە كە خوا كەسانێك بكاتە شایستەی ئەوە كە دوای ئەوەی كەسانێك لە دینەكەی هەڵدەگەڕێنەوە، ئەوان بێن بۆ ئەوەی بەیداغی دینی خوا هەڵبگرن، ئا ئەوە بەخششێكی خوایە، دەیدات بە هەر كەسێك كە بیەوێ، دیارە ویستو خواستی خوا ڕەها (مطلق)یەو سنووردار نیە، بەڵام مانای واشنیە كە لەگۆترە دەبەخشێ، ﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾، وە خوا فراوانی زانایە، واتە: سیفەتەكانی خوا فراوانن، بێ سنوورن، بەزەیی خوا، زانیاری خوا، دەسەڵاتی خوا، لێبوردەیی خوا، بەخششی خوا، هەموو سیفەتەكانی خوا بێ سنوورن، وە خوا زاناشەو بە پێی ئەو سیفەتە بێ سنوورانەی خۆی، مامەڵەی زانایانە لەگەڵ دروستكراوەكانیدا دەكاتو، هەر كەسە بە ئەندازەی ئەوە كە شایستەبێ، پێی دەبەخشێ، جا لێرەوە كە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾، وشەی (فَضْل)، واتە:

بەخشش، شتێك كە بەبێ ئەوەی ئینسان لەسەری پێویست بێ، بیبەخشێ، دیارە خوای بەرز هیچ شتێكی لەسەر پێویست نیە، لەلایەن بەندەكانەوە، بۆیە خوا هەرچی بە بەندەكانی دەدات، هەمووی هەر فەزڵە، بەڵام ئایا بەخششی خوا مانای وایە كە بەبێ زەحمەتی ئینسانو ماندووبوونی ئینسان پێی دەدرێت؟ نەخێر، بەڵگەشمان ئەوەیە:

كە خوا لێرەدا دەفەرموێ: ﴿مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ...﴾، كەواتە: لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو فەزڵو بەخششەیان پێدەدرێ، كە خاوەنی ئەو سیفەتە بەرزانەن، كە وایانكردوە خوا خۆشیبوێنو خوایان خۆشدەوێ، وە لەگەڵ ئیمانداراندا میهرەبانو بەرەحمن، لەگەڵ دوژمناندا زبرو بە دەمارن، وە لە رێی خوادا تێدەكۆشنو لە لۆمەی لۆمەكاران ناترسن، ئەو حەقیقەتەش لە زۆر شوێنی قورئاندا دووبارە بۆتەوە، كە ئینسان بەبێ خۆماندووكردنو خۆ زەحمەتدان، هیچی دەستگیر نابێ، وەك خوا لە سوورەتی (النجم) دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴿٣٩﴾ ﴾، واتە: ئینسان هیچ شتێكی دەستگیر نابێ، مەگەر كۆشش بكاتو خۆی ماندوو بكات.

ئنجا راستە بە پێی خۆماندووكردن خوا بە بەندەی خۆی دەبەخشێ، بەڵام ئایا ئەو بەخشینەش بەگۆترەیە؟ نەخێر، بەڵكو خوای كاربەجێ لە سوورەتی (النبأ)دا دەفەرموێ: ﴿ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا ﴿٣٦﴾ ﴾، بەخششی پەروەردگارت بە ژمارەیە، بەڵێ پاداشتدانەوەی خوای كاربەجێ بە حیسابو كیتابەو بەگۆترە نیە، وەك دەفەرموێ: ﴿لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾البقرة، واتە: پەیمانی من ستەمكاران ناگرێتەوە، ئەوەی ستەمكار بێ بەكەڵكی ئەوە نایەت ببێتە سەرپەرشتیاری خەڵك، كەواتە: خوای دادگەر لە گۆترە هیچ بە كەس نابەخشێ، هەمووی بە حیسابو كیتابو بە گوێرەی شایستەییە، وە لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ﴿١٢٤﴾﴾، واتە: خوا زاناترە پەیامی خۆی لەلای كێ دادەنێ، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)

بۆیە خـوا ﷻ کردوونـی بە پێغـەمبـەرو بـە نوێنـــەرو بـە پەیـام هەڵگــری خۆی، چـونکە لـە نێـو هـــەموو بەشـــەریەتدا، ئەوانـە گوڵبـژێر بـوونو لـە هـەموو کـەس شـایستەتر بوون، مەعـدەنەکەیان لە هی هـــەموو خەڵـکی سەردەمی خۆیـان، بـەڵکو لە تێکـڕای بەشـەر باشـتـربوون.

ئنجـــا دەربـــارەی وشـــەی: ﴿ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾، وە خـــوا فراوانـــی زانایـــە، ســـیفەتەکانی خـــوا ﷻ هـــەموویان فـــراوانو بـــێ ســـنوورن: زانیـــاریی، توانـــای، حیکمـەتی، بـەزەیی، ویســتیی، لێبـوردنی .. هتـد، ئنجا خـوا بـەو سـیفەتە فـراوانو بێســنوورانەی خـۆی مامەڵـە لەگـەڵ بەندەکانیـدا دەکـات لەسـەر بناغـەی زانیـاریی و حیکمـەتیی و دەزانـێ هەر کـەس چـەندی دەداتـێ و چـیو چی دەداتـێ؟

<u>**مەســـەلەی پێنجـــەم:**</u> کـە دەفـــەرموێ: ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴾، ئەگەر تەماشـای سیاقی ئایەتەکـان بکـــەین، مانـــای ئـــەو ئایەتـــە زۆر ڕۆشـــنە، واتـــە: بێگومـــان دۆســـتو پشـــتیوانو یارمەتیـدەری ئێـوە تەنیـا خوایـە، وە پێغەمبەرەکەیـەتی، وە ئەوانـەن کـە ئیمانیـان هێنـاوە، جا ئەوانـەی کـە ئیمانیـان هێنـاوە خـوا بـەوە وەسـفیان دەکـات دەفـەرموێ: ئەوانـەی نوێژ بەرپـا دەکـەن، زەکـات دەدەن، وە زۆر ڕکـووع دەبـەن.

## بەرپەرچدانەوەیەکی شیعە لە تێگەیشتنێکی هەڵەیاندا:

ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە مسوڵمانان بۆیان نیە لە دوای خواو پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ غەیری ئیمانداراندا دۆستایەتیی بگرن، وە پشت بە غەیری ئیمانداران ببەستن‌و، لەگەڵیان بە ڕێدا بڕۆن، مودار‌او گوزەران لەگەڵ هەموو کەس دەبێ، بەلام ئەوەی خۆشت بوێ‌و، پشتی پێ ببەستی‌و، جێی ڕازو نیازت بێ‌و، جێی کەین‌و بەینت بێ‌و، لەگەڵی دابی‌و لەگەڵت دابێ، دەبێ تەنیا ئیمانداران بن، شیعە ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوە کە عەلی کوڕی ئەبو طالیب خوا لێی ڕازی بێ، پێشەوای دانراوی مسوڵمانانەو تاکە حوکمڕانیی‌و شایستە بووە، بەلام ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان غەدریان لێکردووە، ئەو پێشەوایەتیی‌و خەلیفایەتییەی کە پێغەمبەر ﷺ بۆی داناوە، لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کراوە، لێیان داگیر کردووە!

بەلام لەڕاستیدا وانیە، بەس با بزانین ئەوان چۆن ئەم ئایەتە بە بەڵگە دێننەوە؟ هەڵبەتە هەر لە سووڕەتی (المائدة)دا ئایەتێکی دیکەش بە بەڵگە دێننەوە کە دوایی دەیگەینێ، لێرەدا ئەوان دەڵێن: بێگومان (إِنَّمَا: أَدَاةُ الحَصْرِ وَالإِثْبَاتِ)، (إِنَّمَا) واتە: ئامرازی چەسپاندن‌و کورت هەڵهێنانەو خواش فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بێگومان دۆست‌و پشتیوانی ئێوە، تەنیا خوایەو، پێغەمبەرەکەیەتی‌و، ئەوانەن کە ئیمانیان هێناوە، ئەوانیش کێن؟ ﴿ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمۡ رَٰكِعُونَ ﴾، ئەوانەن کە نوێژ بەرپا دەکەن، وە زەکات دەدەن، وە زۆر ڕکووع دەبەن، ئنجا ئەوان ئاوا تەفسیری دەکەن، دەڵێن: ڕۆژێك سواڵکەرێك هاتوە بۆ مزگەوت داوای شتێکی کردوە، کەس هیچی نەداوەتێ، عەلی کوڕی ئەبو طالیب نوێژی کردووەو لە ڕکووع دابووە، ئەنگوستیلەیەکی لە دەستدا بووە، (ڕەنگە ئەنگوستیلەی زیو بوو بێ) ئاماژە بۆ کابرا دەکات: ئەم ئەنگوستیلەیە دەربێنە، ئەو صەدەقەیەی پێدەدات، وە کەس لە ڕکووعدا صەدەقەو خێری نەکردوە، جگە لە عەلی! کەواتە: خوا کە

دەفەرموێ: دۆستو پشتیوانی ئێوە خوایەو پێغەمبەری خوایە ﷺو ئیماندارانن، ئەوانەی نوێژبەرپا دەکەنو زەکات دەدەنو زۆر ڕکووع دەبەن، دەڵێن: هەرچەندە لێرەدا بە کۆ فەرموویەتی، بەڵام مەبەستی پێ تاکە، ئەویش عەلی کوڕی ئەبو طاڵیبە، وە (ولي)یش لێرەدا بە مانای (والي) یان (متولّي الأمور) یان (متصرِّف) دێ، واتە: سەرپەرشتیاریو پێشەوا، وە لەوبارەوە ئەم دەقە دێنن: ﴿رُوِيَ أَنَّ سَائلاً سَأل في مَسْجِد رَسُول الله ﷺ فَلَم يُعطه أَحَد شَيئاً، وَكَانَ عَلي في الصَّلاَة في الركُوع، وَفِي يَمينهِ خَاتَم، فَأَشَار إلى السَّائِل بيدهِ حَتَّى أَخذه﴾[1]، واتە: گێڕدراوەتەوە کە سواڵکەرێك ڕۆژێك لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ داوای شتێك دەکات، هیچ کەس هیچی ناداتێ، (عەلی)یش خوا لێی ڕازی بێ نوێژ دەکات لە ڕکووع دا دەبێو، لە پەنجەی دەستی ڕاستیدا ئەنگوستیلەیەك دەبێ، ئاماژەیەك دەکات بۆ کابرای سواڵکەر دێو ئەنگوستیلەکەی دەداتێ.

جا دەڵێن: خوا دەفەرموێ: دۆستو پشتیوانی ئێوە لە دوای خواو پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا ئەو ئیماندارانەن کە نوێژ بەرپا دەکەنو، زەکات دەدەن بە ڕکووعەوە، ئەوان وای تەفسیر دەکەن (يُؤدون الزَكَاة وَهُمْ رَاكِعون) بەڵام مانای وانیەو، ماناکەی ئاوایە: (يُصَلُّونَ ويُؤدُّون الزَّكَاة وَيَركعون كثيراً) نوێژ دەکەنو زەکات دەدەنو زۆر ڕکووع دەبەن، دیارە ئەوەی کە ڕێ دەگرێ لەو قسانەی کە شیعەکان دەیڵێن، زۆر بەڵگەن بۆ نموونە:

١- ئەگەر زەکات دان بە ڕکووعەوە خێرتر بووایە، دەبوو زانایان بیانگوتبایە: لەمەودوا هەر کەسێك ویستی زەکات بدات، با بچێتە ڕکووع ئنجا زەکاتەکەی بدات، چونکە خوا دەفەرموێ: (ويُؤتون الزَكَاة وَهُمْ رَاكِعون)، کە ئەوە هیچ زانایەك واینەگوتوە نە لە زانایانی سوننەتو جەماعەت نە شیعە، نە خەواریج.

٢- ئایەتەکە باسی زەکات دەکات، ئەوەی عەلی کوڕی ئەبو طاڵیب خێرێك بووە، زەکاتیش جیایەو ئەنگوستیلەیەك بکرێتە خێر جیایە، لە زەکات دان، بۆیە

---

١) أَخْرَجَهُ إبْنُ جَرير (٦/ ١٨٦)، عن السدي مُرْسَلاً، وإسنادهُ ضعيف، الجامع لأحكام القرآن: ج٦، ص١٩٣.

ئەگەر گریمان گێڕراوەکە ڕاستیش بێ‌و، ئایەتەکەش مانایەکەی وابێ کە ئەوان گوتوویانە: هیچ پەیوەندییان پێکەوە نیە!

٣- ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، بەڵام دەربارەی عەلی کوڕی ئەبو طالیب بووایە، دەبوو فەرمووبای: (وَالَّذِي آمَنَ الَّذِي يُقيمُ الصلاة و يؤتى الزَّكَاةَ وَهُوَ رَاكِعٍ) واتە: ئەو کەسەی ئیمانی هەیەو، نوێژ دەکات‌و زەکات دەدات‌و ڕکووعبەرە! ئاوای فەرمووبا، بەڵام هەموو بە کۆیە: ﴿ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴾.

٤- (إبْنُ كَثير) زانایەکە، هەم توێژەرەوەی قورئانە، هەم مێژووزانە، هەم فەرموودە ناسە، زانایەکی زۆر موعتەبەرەو قوتابی (إبْنُ تَيْمِيَة) بووە ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، دوای ئەوەی ئەو دەقەی پێشوو دێنێ، دەڵێ: دەقێکی ڕاست نیە، کە شیعە لە زۆربەی کتێبەکانیان دا باسی دەکەن‌و دووبارەی دەکەنەوە، دوای ئەوەی (إبْنُ كَثير) ئەم دەقە دێنێ لە (إبْنُ أبي حَاتم وإبْن جَرير وعَبدالرزاق وإبْن مردويه)ەوە دوایی گوتوویەتی: (وَلَيْسَ يَصِحُّ شَيء مِنْهَا بِالكُلِّيَّةِ، لِضُعْفِ أَسَانيدها وَجَهَالَةِ رِجالها) هیچ کام لەوانە کە (إبْنُ أَبي حَاتم، إبْن جَرير، عَبدالرزاق، إبْن مردوية) هێناونن، هیچ کامیان لە بنەڕەتەوە ڕاست نین، چونکە سەنەدەکەیان بێهێزەو پیاوەکان، (واتە: ڕاوییەکان)یشیان نەناسراون[1].

٥- (البَغَوِي)، کە زانایەکی گەورەی ئیسلامە کتێبێکی هەیە بە ناوی (شَرح السُّنَّة)، دەڵێ: (رويَ عَن عَبْدُ المَلِك بْنِ سُلَيمَان قَالَ: سَأَلْتُ أَبا جَعْفَر مُحَمَّد بْن عَلِي البَاقر عَن هَذِهِ الآية: ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، مَنْ هُمْ؟ فَقَالَ: المُؤمِنُون، فَقُلْتُ: إِنَّ نَاساً يَقُولُونَ هُوَ عَلِي، فَقَالَ: عَلي مِنَ الذِينَ

١) محاسن التأويل ج٤ ص١٥٩.

آمَنُـوا)[١]، بەغــەویی دەڵـێ: لـە عەبدولـمەلیكی كوڕی ســولەیمان گێڕدراوەتــەوە (كە هـەردووكیان حـوكمڕانی دەوڵەتی ئومـەویی بـوون)، دەڵـێ: لـە ئـەبو جەعفـەر موحەممەد كوڕی عەلـی باقــرم پرسـی دەربــارەی ئـەم ئایەتـە: ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەوانـە كێن؟ گـوتی: ئیمانـدارانن، گـوتم: هەنـدێك كـەس دەڵێن: مەبەسـت پێـی (عەلـی)یە، گوتــی: عەلـی یەكێك لە ئیمـانداراانە.

٦- بەڵـگەیەكی دیكــە، ئـەم ئایەتـە لـە سـیاقێكدا هـاتوە كــە هـەمووی قسـە لـەبارەی ئیماندارانەوە دەكات، كە دەبـێ تەنیـا پشـت بە ئیمانـداران ببەسـتن‌و، دۆسـتایەتیی كـافران نەكــەن‌و، ئــەهلی ئیمــانیان خۆشـبوێ، وە هـیچ پەیوەنـدیی بـەو قســەو باسـانەی شـیعەكانەوە نیـە.

ئـنجـا (فخرالدین الرازي)یش لە تەفسـیـرەكەی خـۆی دا[٢] بەرپەرچێكی باشـی ئەو قسـانەی شـیعەكان دەداتــەوەو، بە تەفصـیلێ بەڵگەكـانی دێنــێ.

هەروەهـــا (الآلوســي)یــش لــە تەفسیــــرەكەیدا[٣] قســـەی زۆر دەكـــات بـــۆ ڕەتدانـەوەی شـیعەكان، دوایـی دەڵـێ: (هَـذَا الـدَّلِيل كَـمَـا يَـدلّ بِـزَعْمِهِم عَلَـى نَفِـي إِمَامَـةِ الأَئِمَـةِ الــمُتَقَدِّمين، كَـذَلِكَ يَـدلّ عَلَــى سَـلْب الإِمَامَـةِ عَـنِ الأَئِمَـةِ الـمُتَأَخِرينَ كَالسبطين رَضِيَ اللهُ تَعَـالى عَنْهُمَـا وَبَـاقِي الإثـني عشـر رَضِـيَ اللهُ تَعَالـى عَـنْهُمْ أَجْمَعِـين بعـينِ ذَلِـكَ التَقريـر، فَالـدّليل يَضـرُّ الشِيعَةَ أَكْثَـر مِمَّـا يضُـرُّ أَهْـلَ السُّـنَّة..)، دیــارە شــیعەكان دەڵێن: دۆســتو پشـتیوانی ئێوە تـەنیا خــواو پێغەمبەرو عەلــی كوڕی ئـەبو طاڵیبـە، واتـە: لـە دوای پێغەمبـەری خـواوە، دەبـــێ تــەنیا عــەلی ئیمــامو ســەرپەرشتیارتان بــێ، دەڵـێن: كەواتـە: ئەبوبـەكرو عومـەرو عوسـمان سەرپەرشتیاری مسـوڵمانان نـەبوون‌و بـە نـاڕەوا خەلیفـە بـوون، ئـنجـا (ئالوسي)، دەڵێ: ئەگەر ئەو ئایەتە بكەنە بەڵگەی ئەوە كە پێشــەوایەتیی ســەركردە پێشــووەكان نەفـی دەكـات، بـە هـەمان شـێوە ئیمامـەتیش لـە ســەركردە

---

١) جامع البيـان: (١٢٢١١).

٢) مفاتيح الغيـب: ج٣، ص٢٣ ـ ٢٧.

٣) روح المعانـي: ج٣، ص٤٧٢.

داهاتووەکانیش سەلب دەکات، وەك حەسەن‌و حوسەین‌و باقی دوازدە ئیمامەکان خوا لێیان ڕازی بێ، چونکە ئەگەر ئیمام لە دوای پێغەمبەر تەنیا عەلی کوڕی ئەبو طالیب بێ، کەواتە: لە دوای (عەلی)یش نابێ کەسی دیکە ببێ، وەك چۆن لە پێشی نەبێ، لە دواییشی نابێ کەسی دیکە هەبێ ببێتە ئیمام.

بە هەر حاڵ هەر ویستم تۆزێك بەرپەرچی ئەو قسەو قالانەی شیعەکان بدەینەوە، کە زۆر جار لاپەڕانیان پێ ڕەش دەکەنەوە، بەلام لەڕاستیدا کە لە قسەکانیان دەفکری، هیچ بەڵگەیەکیان لەسەرنیە، ئنجا زانایانی ئەهلی سوننەت بەتایبەتی (طبري) وە زۆر لە زانایانی دیکەش هەر شوێنەوارێك‌و هەرشتێك کە بیستبیان یەکسەر نووسیویانەتەوە، بێئەوەی لێی بکۆڵنەوە بزانن داخۆ ڕاستە، یان ڕاست نیە، چونکە ئەوانەیان حەواڵەی زانایانی دوای خۆیانیان کردوە، (طبري) بۆخۆی دەڵێ: من لە تەفسیرەکەم دا، وە لە (تأريخ)ەکەمدا زۆر شتم کۆکردۆتەوە نووسیوە، بەلام لێکۆڵینەوەم دەربارەی ڕاستیی‌و ناڕاستییان نەکردوە، بەڵکو ئەوەم بەجێهێشتوە بۆ زانایانی دوای خۆم، کە ئەوان لێی بکۆڵنەوە کامی وایەو کامی وانیە، واتە: بە ئینصافەوە هەرچی پێیانگەیشتووە گوتراوە هێناویانە، نەهاتوون لە بێژینگی بدەن‌و لە مەحەکی بدەن، کەواتە: ئەوە کە (طبري) شتێك دێنێ، یان فلان زانا شتێك دێنێ، ڕیوایەتێك دێنێ، مانای وانیە ئەو ڕیوایەتە ڕاستەو ڕای لەگەڵ ئەوە دابوو، بەڵکو ویستوویەتی وەك ئەمانەتی زانستیی ئەو ڕایانە بێنێ، بۆیە بەلگە هێنانەوەی شیعە بەو جۆرە قسەو ڕیوایەتانەی هیچ بایەخێکیان نیەو چەسپاو نین، وەك دەست بە چڵەپووش گرتنی بابای بەرووباردا چوویە.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴾، وە هەر کەسێك دۆستایەتیی لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی‌و ئەوانەدا کە ئیمانیان هێناوە، بکات، ئەوە بێگومان کۆمەڵی خوا زاڵن، واتە: ئەوانە دەبن بە کۆمەڵی خوا، کە تەنیا خوا بە دۆست‌و پشتیوان دەگرن، ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ، پاشان ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، هەر کەسێك وابێ، ئەوە کۆمەڵی خوایە، وە کۆمەڵی خواش سەرکەوتوویە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کۆمەڵی خوا (حزب الله) کێ لەنێو بازنەو چوارچێوەیدا کۆدەبێتەوە؟ مەرج نیە ڕێکخراوێکی ئیسلامیی بێ، بەڵام کێ لە چوارچێوەو بازنەی کۆمەڵی خوادا کۆدەبێتەوە؟ بە دەقی ئایەت کەسێك کە تەنیا پشت بە خوا ببەستێ، وە پاشان دۆستایەتیی لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دابێ، وە دوای خواو پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا دۆستایەتیی و نزیکیی و خۆشەویستیی لەگەڵ ئیمانداراندا هەبێ، کەواتە: کەسێك کە کەین و بەینی لەگەڵ حیزبێکی عەلمانییدا دەبێ و، پشت بە حیزبێکی عەلمانیی دەبەستێ، وە ڕازو نیازی لەگەڵ حیزبێکی عەلمانیی، یان ڕژێمێکی عەلمانیی، یان لەگەڵ حیزب و ڕژێمێکی طاغووتیی و دیکتاتۆریی دادەبێ، دوایش دێنێ ئەوە بە مسوڵمانان دەفرۆشێ، کە من شوێنێکەوتەی قورئان و سوننەتم و شوێنکەوتەی پێشینەی چاکم! لە حاڵێکدا کە پێشینی چاك لەگەڵ حوکمڕانانی ستەمکاردا دانوویان نەکوڵیون، چ جای حوکمڕانانێك کە نیشانەی پرسیار لەسەر ئەسڵی ئیمان و مسوڵمانەتییەکەیان هەیە!!

کەواتە: تۆ کە بانگەشەی شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت و شوێن پێ هەڵگرتنی سەلەفی صالح دەکەی، دەبێ هەڵوێستە سیاسییەکەت ڕاست بکەیەوە، دەبێ سەروکارو پەیوەندیی سیاسییت، وە خۆشەویستی و لەگەڵ دا ڕۆیشتنت، وە هاوکاریی کردن و پشتگیریی کردنت، تەنیا بۆ ئەهلی ئیمان بێ، تەنیا بۆ مسوڵمانان بێ، بەڵام لەگەڵ حیزب و ڕژێمێکی طاغووتیی و عەلمانییدا هەڵسی و دانیشی و ڕازونیازت لەگەڵی بێ و، ئەو داتبنێ و ئەو تەوجیهت بکاو، بە قسەی ئەو بەڕێوەبچی، ئەوە لەڕاستییدا ئەو قسەو بانگەشەیەی کە دەیکەی کە گوایە شوێن قورئان و سوننەت کەوتووی!! ئەوە پارەی قەڵبەو سەر بە خاوەنیەتی.

لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەوەش دەکەم کە هەندێك لەو جۆرە کەسانەی کە یان ئەوەتا لە ئیسلام تێنەگەیشتوون، یان فریودراون و کڵاوی عەلمانییەکانیان چۆتە سەر، دژایەتیی لایەنە ئیسلامییەکان دەکەن و بۆ دژایەتییکردنی تەوژمی ئیسلامیی، دێنن کۆمەڵ بوونی مسوڵمانان و کۆبونەوەیان لە ڕێکخراو، یان حیزبێکدا، دەخەنە ژێر نیشانەی پرسیارەوە! بۆچی؟ دەڵێن: ئەوە بیدعەتەو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ نەبووە!! کە لەڕاستیدا ئەوە قسەیەکی زۆر

بێجێیە، چونکە ئەگەر تەماشای ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ بکەین، لە یەکەم ڕۆژەوە کۆبوونەوەی کردوە بە هاوەڵانی بەڕێزی، وە هۆنیونیەوەو پەروەردەی کردوونو لێکی بەستوون، وە کەسانێکی پەرشو بڵاوبوون، بەڵکو لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمدا کۆبوونەوەی پێکردوون، بە شێوەی نهێنیی، سێ ساڵ بە شێوەی نهێنیی کاری کردوە، دوایی بانگەوازی ئاشکرا کردوە، بەڵام کۆبوونەوەی نهێنیی هەر هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بانگەواز بە ئاشکرا بووە، بەڵام کۆبوونەوەی تایبەتو نهێنیی هەر هەبووە، پاشان پێغەمبەر ﷺ دووجار پەیمانی لە هاوەڵانی وەرگرتوە، لە لای (عەقەبە) وە لەسەر ئەساسی ئەو پەیمانە دەوڵەتی ئیسلامیی دامەزراندوە! ئنجا سەیر ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن، بۆ نیشانەی پرسیار خستنە سەر لایەنە ئیسلامییەکان، لە هەمان کاتیشدا دەبینی هیچ کێشەیان نیە لەگەڵ حیزبێکی عەلمانیی، یان حیزبێکی قەومیی، یان حیزبێك دا کە غەیری ئیسلام تەبەنی دەکات، تەنیا شەڕ بە لایەنە ئیسلامییەکان دەفرۆشن!! کەواتە: بە ئاشکرا دیارە کە ئەوانە یان هەر سادەو ناحاڵییو لە دینو ژین بێئاگان، یان دەستیان لە پشت دەدرێو، کڵاویان لەسەر نراوەو، بە سەهوو بردراونو مەرامێکی سیاسییان پێ جێبەجێ کراوە.

دیارە من لە چەند کتێبو نامیلکەیەکمدا باسی ئەوەم کردوە، کە پێویستە "نەك هەر دروستە" کە مسوڵمانان کۆمەڵ بنو کاری خۆیان بە ڕێکییو بە شێوەی ڕێکخراوەیی بکەن، بۆ نموونە: کتێبی (ئیسلامو مسوڵمانەتییو کاری ئیسلامیی لە ژێر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتدا) هەروەها نامیلکەی: (کارو پرۆژەی ئیسلامییو ڕەواندنەوەی چەند تەمومژێك)، هەروەها کتێبی: (ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعییەکانو هێڵە گشتی یەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی) بە تەفصیل لەو کتێبو نامیلکانەدا، باسی ئەو بابەتەم کردوەو، بەرپەرچی قسەو قاڵی ئەو جۆرە کەسانەم داوەتەوە، کە بزانن یان نەزانن ئاو لە ئاشی ناحەزانی تەوژمی ئیسلامیی دەکەنو، لە پشتەوە خەنجەری غەدر لە مشوورخۆرانی ئیسلام دەدەن!

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی پازدەیەم

## پێناســـەی ئەم دەرسـە

ئەم دەرسـەمان لە دە (١٠) ئایەتـان پێكـدێ (٥٧ - ٦٦) كە ســەرەتا خـوای پـەروەردگار بـۆ جـاری نۆیەمیـن لــەم ســوورەتەدا بانگـی ئیمانــداران دەكـات بـە نازنـاوی ئیمـان ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، وە ڕێگرییــان لێــدەكات لــە دۆســتایەتیی كــردن لەگــەڵ كافرانێكـدا كـە گاڵـتە بـە ئایینـەكەیـان دەكــەن، لـە خــاوەن كتێبـان‌و بتپەرسـتان‌و هاوبەش بۆ خوا دانەران، ئەوانەی كاتێك مسوڵمانان بانگ دەدەن بۆ نوێژ، یـاریی‌و گاڵتـە بە نوێژەكەیان، یاخود بـە بانگەكـەیان، یـان بـە هـەردووكیان دەكـەن، پاشـان خـوا ﷻ بـە پێغـەمبـەر ﷺ دەفەرموێ: كە بە خاوەن كتێبەكان بڵـێ: ئایا چیمان لـێ بە ڕەخنـە دەگـرن، ئەوە نەبـێ كە ئیمانمـان بە خــواو كتێبەكـانی خـوا هێنـاوە!

پاشان خوا هەندێك لـە هەڵوێسـتە خراپـەكانیان‌و، ئـەو بەڵایانـەی كـە بـە هۆیانـەوە بەسـەریان هـاتوون، بـە چاویـانـدا دەداتـەوە، كـە بـە هۆیـانەوە نەفرینـی لێكـردوون‌و لێیـان توورەبـووەو، هەندێكـیانی گێـڕاوە بە مەیمـوون‌و بەراز، بەتایبـەتی جوولەكـە.

ئنجـا باسـی ئـەو هەڵوێســتەی مونافیقــەكان دەكــات، كـە هــەر كـات دێنـە لای پێغەمبەر ﷺ‌و مسوڵمانان، خۆیـان بـە بـڕوادار پێشــان دەدەن، هەرچـەندە لـە هـەردوو حاڵـەتی هـاتن‌و چوونـەدەریاندا، هـەر بێبـڕوان، وەك دەفەرموێ: ﴿وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلۡكُفۡرِ وَهُمۡ قَدۡ خَرَجُواْ بِهِۦ﴾، پاشـان باسـی خێرایـی كردنیـان لــە گونـاهو دەسـتدرێژیی‌و حەرامخۆرییـاندا دەكـات‌و، ســەرزەنشتی بـەرپرس‌و زاناكانیشـیان دەكـات، كـە بۆچـی لـە گونـاح كردن‌و حـەرام خــواردن، نایـانپـرێگێننـەوەو ئامۆژگارییـان ناكـەن؟!.

پاشـان باسـی قسـەیەکی جوولەکـەکان دەکـات کـە بێـرێزییەکی گەورەیـە بەرانبـەر بـە خـوا، ئـەویش ئەوەیـە کـە گوتوویانـە: خـوا دەسـتی نووقانـدوەو نابەخشـێ، وە خـوا بەرپەرچیان دەداتـەوەو چـەند سـیفەتو ڕەفتـارێکی دیکـەی دزێویـان دەخاتـەڕوو.

وە لە کۆتاییـدا خوای بە بەزەیـی خاوەن کتێبەکان بۆ ئیمانو تـەقوا هـان دەدات، کـە ئەگـەر ئەهلـی ئیمـانو تەقـوابن، کـە لـە ئاکـامدا خراپەکـانیـان لـێ دەسـڕێتەوەو دەیانخـاتە بەهەشـتەوە، هەروەهـا موژدەیـان پێـدەدات، کە ئەگـەر تـەوراتو ئینجیـلو دابـەزێنراوی پەروەردگاریان جێبەجێ بکەن، خـوا بەرەکـەتو پێـزی ئاسمـانو زەوییـان بەسـەردا دەڕێـژێ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمْ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ
مِن قَبْلِكُمْ وَٱلْكُفَّارَ أَوْلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ٥٧ وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا
هُزُوٗا وَلَعِبٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٞ لَّا يَعْقِلُونَ ٥٨ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ
ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ ٥٩ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم
بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ
وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَۚ أُوْلَٰٓئِكَ شَرّٞ مَّكَانٗا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ٦٠ وَإِذَا جَآءُوكُمْ
قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُواْ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكْتُمُونَ ٦١
وَتَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنْهُمْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ
يَعْمَلُونَ ٦٢ لَوْلَا يَنْهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ ٱلْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَۚ
لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ ٦٣ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌۚ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُواْ بِمَا
قَالُواْۘ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن
رَّبِّكَ طُغْيَٰنٗا وَكُفْرٗاۚ وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِۚ كُلَّمَآ أَوْقَدُواْ نَارٗا
لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُۚ وَيَسْعَوْنَ فِي ٱلْأَرْضِ فَسَادٗاۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ٦٤ وَلَوْ أَنَّ
أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَٰهُمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ
٦٥ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُواْ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ لَأَكَلُواْ مِن
فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمۚ مِّنْهُمْ أُمَّةٞ مُّقْتَصِدَةٞۖ وَكَثِيرٞ مِّنْهُمْ سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ ٦٦ ﴾.

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((ئـەی ئەوانـــەی بڕواتـان هێنـاوە! ئەوانـەی گاڵتـەو یـاریی بـە ئایینەكـەتان دەكـەن، لەوانەی پێش ئێوە كتێبیـان پێدراوەو لـە كافرەكـان، بـە دۆســت مـەگرن، وە پـارێز لـە خـوا بكـەن، ئەگەر بڕوادارن ﴿٥٧﴾ وە (ئەوانـەی) هـەر كات (خەڵـكتان) بـۆ نوێـژ بـانگ كـرد گـاڵتـەو یاریی پێدەكـەن، ئەویش لە سـۆنگەی ئـەوەوە كـە كۆمـەڵێكن نافامن ﴿٥٨﴾ بڵـێ: ئەی خـاوەن كتێبینە! چیمان لـێ بە ڕەخنـە دەگـرن، ئـەوە نـەبێ كـە بڕوامـان بـە خـواو بەو (وحـي)ە هەیـە كـە بۆمـان دابـەزێنراوەو، بـەوەی لەپێشـدا دابـەزێنراوە، وە بـەو هۆیەشـــەوە نەبـێ كـە زۆربەتـــان لاڕێـــن! ﴿٥٩﴾ بڵـــێ: ئایا هـەواڵتان پێبـدەم بـە كەســێك كـە ســزای لـەوە خـراپتری لـە لای خـوا هەیـە؟ كەسێك كـە خـوا نـەفرینی لێكـردوە، لێـی تـووڕە بـووەو، هەندێكـیانی گێـڕاوە بـە مـەیموونو بـەرازو، طـاغووتیـان پەرســتوە، ئـا ئەوانـە حاڵیـــان خـراپترەو لـە ڕێـی ڕاســت لادەرتـرو گـومڕاترن ﴿٦٠﴾ وە كاتێك دێنە لاتـان دەڵـێن: بڕوامان هێنـــاوە، هەرچـەندە بـە كـوفرەوە وەژوورکەوتوونو بـە كوفریشـــەوە چوونـــەدەر، وە خـوا زانـاترە بـەوەی دەیشـارنەوە ﴿٦١﴾ وە زۆرێكیـان دەبینـی لـە گونـاهو دەسـتدرێژیی‌و حـەڕام خۆرییـدا خێرایـی دەكـەن، بێگومـان ئـەوە خراپترین ڕەفتارە كە دەیكەن ﴿٦٢﴾ دەبووایە مشـوورخۆرانو زانایان، لـە قسـەی گونـاهو حەڕام خـواردن قەدەغەیـان كردبـانە (ئـەو بـێ هەڵوێسـتییەیان) بێگومـان خـراپترین ڕەفتـارە كـە بـە وەسـتایی دەیكـەن ﴿٦٣﴾ وە جوولەكـەكان گوتیـان: خـوا دەست بەسـتراوو چەنگ قووچـاوە، دەستیان ببەسترێو نەفرینیان لـێ بـێ، بـە هـۆی ئـەوەوە كـە گوتیـان، بەڵكو هەردووك دەستی كراوەن، چۆنی بوێ دەبەخشـێ، وە زۆریـان ئـەوەی كـە لەلایـەن پەروەردگـارتەوە بـۆت نێرراوەتـە خـوار، یاخیبـوونو كوفریـان تێدا زیـاد دەكـات، وە هەتـا ڕۆژی قیامەتـێ دوژمنایـەتیی‌و ڕقو قینمـان خسـتۆتە نێوانیـان، هـەر كـات ئاگرێكیان بۆ جەنگو ئاشووب هەڵكـرد، خـوا دەیكوژێنێتـەوە، وە هـەوڵی خراپەكـاریی دەدەن لـە زەویـداو، خـواش خراپـەكارانی خۆشـناوێن ﴿٦٤﴾ وە ئەگـەر هاتبـاو خـاوەن

کتێبەکان ئیمانیان هێنابایەو پارێزیان کردبایە، بە مسۆگەریی خراپەکانیانمان لێیان دەسڕییەوەو، دەمانخستنە باغە پڕ نازو نیعمەتەکانەوە ﴿٦٥﴾ وە ئەگەر ئەوان تەوڕاتو ئینجیلو ئەوەی کە لەلایەن پەروەردگاریانەوە دابەزێنراوە، جێبەجێیان کردبایەو، پێیانەوە پابەندبوونایە، بە دڵنیاییەوە لە ڕۆزیی و بەرەکەتی سەروویان و ژێر پێیان دەیانخوارد، کۆمەڵێکیان ڕێك و ڕاستن و، زۆربەشیان خراپترین ڕەفتار دەکەن ﴿٦٦﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(هُزُوًا ): (الهُـزْءُ: مَـزْحٌ فـي خِفْيَـةٍ، هَزِئْـتُ بِـهِ واسـتَهزأتُ، والإسـتهزَاءُ إرتِيَـادُ الـهُـزُؤِ)، (هُـزْء) هـەروەها بـە (هُـزو)یـش دێ بـەبێ هـەمزە، بریتیـە لـە گاڵتـە پێكردنێكـی پـەنهان، وە دەگـوترێ: (هَزِئْـتُ بِـهِ واسـتهزأتُ) هـەردووكی واتـە: گاڵـتەم پێكـرد، (الإسـتهزَاءُ)یش ئەوەیـە كە بگـەڕێـی بۆ شـتێك گـاڵـتەی پێ بكـەی.

(وَلَعِبًا ): (لَـعِب)، واتـە: یـاریی، وازیـی، گەمــە، (أَصْلُ الكَلِمَـةِ اللُّعَـابِ، وَهُـوَ البُـزَاقُ السَّـائِلُ)، وشـەی (لَعِـب) لـە ڕیشـەدا لـە (لُعَاب)ەوە هـاتوە، واتـە: لیكـی شـلی نێـوزاری ئینسـان (وَلَعِبَ إذَا كَانَ فِعلُهُ غَير قَاصِدٍ بِهِ) دەگوترێ: (لَعِبَ) ئەگەر ڕەفتارێكی بە گـاڵتە بكـاتو بە جیـددیی نەیكـات.

(نَادَيْتُمْ ): واتــە: بانگـتان كـرد، (النِّـدَاءُ: رَفْعُ الصَّـوْتِ وَظُهُورُهُ)، (نِدَاء): بریتیـە لـە دەنگ بەرزكـردنەوە، وە دەنگـێكی ئاشـكرا (نَـادَى إلـى الصَّلاَةَ دعا إِلَيْهَا) كـاتێـك بۆ نوێـژ بانـگ دەكـرێ، واتـە: (دَعَـا إِلَيْهَـا) كە (أَذان)یـشی پێ دەڵـێن.

(تَنقِمُونَ مِنَّآ ): واتە: لێمان بە ڕەخنـە دەگـرن، لێمـان بـە عـەیب دەگرن، لەسـەر ئـەوە سـەركۆنەمان دەكـەن، دەگـوترێ: (نَقِمْـتُ الشَّـئَ وَنَقَمْتُـهُ)، (نَقِمْـتُ، وَنَقَمْـتُ)، هەردووكی بە مانـای ئـەوە دێ، ڕەخنـەم لـەو شـتەی گرت، بـە عەیبـم زانـی، بـە كـەموكـوڕییم زانـی (إِذَا أَنكَـرتهُ إِمَّـا بِاللِّسَـانِ وَإِمَّـا بالعقُوبَـة) كـە دەگـوترێ: (نَقِمْتُ الشَّـيءَ)، ئەگەر نكـووڵیی لێبكـەی بـە زمـان، یـان بـە ئـازاردان، (نِقْمَـة) بە مانای سـزادان دێ، (نعمـة) واتە: چاكـە.

(مَثُوبَةً): بەمانـای سـزا دێو بـە مانـای پاداشـتیش دێ، (أَصْـلُ الثَّوبِ: رُجُوعُ الشـيءِ إِلـى حَالَتِـهِ الأُولَـى الَّتِـي كَـانَ عَلَيْهَـا، وَالثَّـوَابُ يُقَـالُ فـي الخَيْـرِ والشّـرِ، لَكِنَ الأَكْثَر المُتَعارف فِي الخير)، (ثَوَاب) بۆ چاكـەو خراپـە بەكـاردێ، بـەڵام زیاتر

بۆ چاکە بەکاردێ، (ثَوَاب)، واتە: پاداشت، ئێمە لە کوردەواریی دا ئەگەر چاکە بێ، دەڵێین: پاداشتی دا، ئەگەر خراپە بێ دەڵێین: سزای دا، جا وشەی (ثَوَاب) لە عەرەبییدا بۆ پاداشتو سزا بەکاردێ، بەڵام زیاتر بۆ پاداشت بەکاردێ، کەسێك چاکەیەکی کردوە تۆ خەڵاتی دەکەی ئەوە پاداشتت داوەتەوە.

(ٱلطَّٰغُوتَ ): (عِبَارَةٌ عَنْ كُلِّ مُتَعَدّ، وَكُلِّ مَعْبُودٍ مِنْ دُونِ اللهِ، وَيُسْتَعْمَلُ فِي الوَاحِدِ والجَمْعِ، والطَّاغُوتُ: السَّاحِرُ، والكَاهِنُ، والمَارِدُ مِنَ الجِنِّ، والصارِفُ عَنْ طَرِيقِ الخَيْرِ)، (طَاغُوت): لە ئەسڵدا واتە: زۆر یاخیی، یان زۆر لە سنوور دەرچوو، ئەوەش هەر کەسێکە کە بەندایەتیی بۆ بکرێو بپەرسترێ جگە لە خوا، چونکە خوا تاکە پەرستراوی شایستەو بە هەقە، غەیری خوا هەر کەسێك بپەرسترێ، لەڕاستیدا طوغیانی کردووەو لە سنوور دەرچووە، وە وشەی (طاغوت) بۆ تاك، وە بۆ (كۆ)ش بەکاردێ، وە هەروەها (طاغوت) بریتیە لە جادووگەرو فاڵچیی‌و شەیتانی یاخیی‌و، هەر کەسێك خەڵك لە ڕێی خێرو چاکە لابدات.

(مَغۡلُولَةٌ ): (مُقَيَّدةً بِالغُلّ والغِلّ: الحِقْد)، (غُلْ)، ئەوەیە کە لە دەست دەکرێ‌و دەستی پێ دەبەسترێ، (غِلّ)، ئەو کینەیە کە لە دڵدا دەپەچنرێ، لێرەدا کە دەفەرموێ: جوولەکە گوتیان: ﴿يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌ ﴾، مەبەستیان ئەوە بوو کە ڕژدو چرووکەو نابەخشێ، حاشا بۆ خوای بەخشەر.

(طُغۡيَٰنًا ): (الطُّغيَانُ: تَجَاوُزُ الحَدّ فِي العِصْيَان)، (طُغْيَان)، بریتیە لە سنوور بەزاندن لە سەرپێچیی دا.

(مُّقۡتَصِدَةٌ ): واتە: نێوەڕاست، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ...١٩ ﴾ لقمان، واتە: لە ڕۆیشتنەکەتدا خەتی نێوە ڕاست بگرە، واتە: نە زۆر بەپەلەبە، نە زۆر هێواش، نێوەنجیی بە، (مُقْتَصِدَةٌ) لێرەدا مانا زمانەوانییەکەی واتە: میانجیی، نە بەمەلادا، نە بەوولادا، دەڵێ (القَصْدُ: إِستِقَامَةُ الطرِيقِ،

والإِقْتِصَادُ: التَوَسُّطُ بَيْنَ الإِفْرَاطِ وَالتَفْرِيط)، (قَصْد)، بریتیە لەوە كە ڕێی ڕاست بگری، یاخود ڕێیەكی ڕاست، (إِقتِصَاد)یش لە خەتی نێوە ڕاست دایە، لە نێوان بەزایەدانو تێپەڕاندن دایە، جا دەڵێ لەبەرئەوەی كە زۆربەی شتەكان ئەمسەرو ئەو سەریان خراپن، بۆ وێنە: ئازایەتیی سەرێكی ترسنۆكیی (جُبْن)ە، سەرێكی تەهەوورە، ئازایەتیی نێوە ڕاستە، ئینسان نە تێپەڕێنێ لە ئازایەتییدا، نە كورتیش بێنێ كە ترسنۆكییە، ئازایەتیی ئەوەیە لە كاتێكدا پێویست بكات ئیقدام بكەی، تەهەوور ئەوەیە بەبێ ئەوەی پێویست بكات ئیقدام بكەی، (جُبن)یش ئەوەیە ئەگەر پێویستیش بكات بچیە پێش، بێیەدواو نەوێری، یان سەخاوەت ئەوەیە، لە كاتی پێویستدا ببەخشی، چرووكیی ئەوەیە لە كاتی پێویستدا نەبەخشی، ئیسراف ئەوەیە زیاد لە ئەندازەی پێویست ببەخشی.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

١) ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾، ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ تَعَالى عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ رِفَاعَةُ بْنُ زَيْدِ بْن التَّابُوت، وَسُوَيْد بْن الحَارِث قَدْ أَظْهَرا الإِسْلاَمَ، ثُمَّ نَافَقَا، وَكَانَ رِجَالٌ مِنَ الـمُسْلِمِين يُوادُّونَهُمَا، فَأَنْزَلَ الله: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ...﴾﴾[1]، واتـە: عبدولـڵای کـوڕی عـەبباس خـوا لـێیان ڕازی بێ، دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: ڕیفاعـەی کـوڕی زەیـدی کـوڕی تـابووت، وە سـوەیدی کـوڕی حـاریـث (کـە هەردووکیـان واپێدەچـێ جوولەکـە بـووبن، یـان بتپەرسـت بووبن)، مسـوڵمانەتییان پێشـاندا، بـەڵام بـە نیفـاق وایـانـگوت، چەنـد پیـاوێك لـە مسـوڵمانانیش دۆسـتایەتییان دەکـردن، خۆشـیاندەویسـتن و پەیوەندییـان لەگەڵ هـەبوون (دیارە دەبـێ نەیانزانیبـێ ئـاوان، یـاخود زانیویانە، بەڵام دڵیـان نەخۆشـی تێدابووە)، لەوبـارەوە خـوا ئـەو ئایـەتەی ناردە خـوار، (کـە دیارە ئـەو دوو کەسـەش لەوانـە بـوون کـە گاڵـتەیان بـە بـانگ و بـە نوێـژ و بـە مسـوڵمانەتیی کـردوە).

٢) ﴿وَإِذَا نَادَيۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوٗا وَلَعِبٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ﴾، ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ تَعَالى عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ مُنَادِي رَسُول الله ﷺ إِذَا نَادَى بِالصَّلاَةِ فَقَامَ الـمُسْلِمُونَ إِلَيْهَا قَالَتِ اليَهُود: قَدْ قَامُوا لاقَامُوا، فَإِذَا رَأَوهُم رُكَّعاً وسُجَّداً استَهزأوا بِهِم وَضَحِكُوا مِنْهُم﴾[2]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیـان ڕازی بێ، دەڵـێ: کاتێـك بـانگ بێـژی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـانگ دەدا بـۆ نوێـژ، مسـوڵمانان بـۆ نوێـژ هەڵدەسـتان، جوولەکـەکان دەیـانگوت: ئـەوە هەڵسـان؟!

١) رَوَاهُ أبُو الشَيخ، محاسن التأويل: ج٤، ص ٢٦٣.
٢) روح الـمعاني: ج٣، ص ٤٧٨.

یاخــوا هەڵنەســتن، وە کاتێك لـە حاڵەتی ڕکووعو ســەجدەدا دەیـانبینین، گاڵتـەیان پێدەکـردنو پێیـان پێدەکـەنین.

٣) ﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ ۚ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ ﴾،

﴿عَن ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ تَعَالى عَنْهُمَا، قَالَ: وَأَتَى رَسُولَ اللهِ ﷺ نَفَرٌ مِنْهُمْ أَبُو يَاسِرٍ بْنُ أَخْطَبَ، وَنَافِعُ بْنُ أَبِي نَافِعٍ ، وَغَازِي بْنُ عَمرٍو وَخَالِدٌ وَزَيْدٌ وَإِزَارُ بْنُ أَبِي إِزَارٍ فَسَأَلُوهُ عَمَّنْ يُؤْمِنُ بِهِ مِنَ الرّسُلِ؟ فَقَالَ أؤمن بِاللهِ تَعَالى وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النّبِيّونَ مِنْ رَبّهِمْ لا نُفَرّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ، وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ، فَلَمّا ذَكَرَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ عَلَيْهِ السَّلاَم، جَحَدُوا نُبُوّتَهُ، وَقَالُوا: لا نُؤْمِنُ بِعِيسَى وَلا بِمَنْ آمَنَ بِهِ! ثُمَّ قَالوا: (كَمَا في رواية الطبراني) لا نَعْلَمُ ديناً شَراً مِن دينكم، فَأَنْزَلَ اللهُ تَعَالَى هَذِهِ الآيَة ﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ ... ﴾﴾[1]،

واتـە: عەبـدوڵڵای کـوڕی عەببـاس خــوا لێیـان ڕازی بــێ، دەڵـێ: کۆمەڵێـك لـە جوولەکەکان کە ئەبویاسـری کوڕی نـافیعو نـافیعی کوڕی ئـەبی نـافیعو غـازی کوڕی عـەمرو خالیـدی کـوڕی زەیـدو ئیـزاری کـوڕی ئـەبی ئیزاریـان لـەنێودابوون، هـاتن پرسـیاریان لـە پێغـەمبـەری خــوا ﷺ کــرد، کـە ئایــا تـۆ ئیمانـت بـە کـێ لـە پێغـەمبەران هەیـە؟ ئەویش فەرمووی: ئیمـانم بە خـوای بەرز هەیــە، وە بـە وەی کـە ناردوویەتـە خــوار بـۆ ئیبـراهیم، وە بـۆ ئیسـماعیل، وە بـۆ ئیسـحاق، وە بـۆ یەعقـووبو بۆ ئەسـباط، وە بەوەی کە دراوە بە مووسـاو عیسـا، وە بەوەی کـە دراوە بــە پێغــەمبەران (علیهم الصـلاة والسـلام) لــە پەروەردگــاریانەوە، جیــاوازیی ناخەینە نێوان هیچیانەوە، ئێمە بۆ خوا ملکـەچین.

ئنجــا کــاتێ عیســای کــوڕی مەریــەمی ﷺ باســکرد ئــەوان نکووڵییــان لــە پێغەمبەرایـەتیی وی کـرد، گوتیـان: ئیمـان بـە عیسـا نـاهێنــین، وە ئیمـانیش بـە

١) أَخْرَجَهُ الطَّبَرِيُّ في التفسير ج٦، ص ٢٩٢، وَابْنُ إِسْحَاق.

كەســێك نـاهێنین كـە ئیمــان بـە عیســا بێنــێ (واتـە: ئیمــان بـە تـۆش نـاهێنــین) دوایی وەك لە ڕیـوایەتی طەبەڕانییـدا هـاتوە گوتیان: هیچ بەرنــامەو دینێكمــان پـێ شــك نایــەت لە دینــی ئێوە خراپــتر، بەوبۆنـــەوە خـوا ئـەو ئایەتــەی نـاردە خـوار: ﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ... ﴾، واتــە: پێتــان بلـێم بەرنــامەی كــێو ســزای كــێ خراپــترە لەلایــەن خــواوە...؟!

# مـانـای گـشــتـی ئایەتەكــــان

خــوا ﷻ بـۆ جـاری نۆیــەم لـەم ســوورەتە موبارەكـەدا مســولْمانان دەدوێنــێ بـە نازنـاوی شـیـرینی ئیمان: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، لە ئایەتەكانی پێشوودا جارێك بـانگی كردنو ئاگـاداریی كردنەوە فـەرمووی: جوولەكـەو نەصــرانییەكان مەكـەن بـە دۆســت، وە جـارێكی دیكـە بـانگی كـردن فـەرمووی: ئەگـەر لـە ئاینــی خـوا هەڵـگەڕێنەوەو پاشگەزببنــەوە، ئـەوە خـوا بێباكـەو بێمنەتـە، وە كۆمـەڵێكی دیكـە دێنــێ كـە ئـەوە سیفەتەكانیانە، ئەمجارەش بانگیـان دەكاتو دەفەرمویٚ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكُمْ وَٱلْكُفَّارَ أَوْلِيَآءَ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتـان هێنـاوە! ئەوانـەی ئایینەكـەتان بـە گاڵتە دەگرنو گەمەو یـاریی پێدەكـەن، لەوانەی پێش ئێوە كتێبیـان پێـدراوەو لەوانـەی غەیری وانیـش، بە دۆســت مەگرن، واتە: مـادام گاڵــتەو گەمـەو یــاریی بـە ئایینەكـەتان دەكەن، بە دۆسـتیان مەگرنو خۆشــتان نەوێنو لێیان نـزیك مـەبن، بـەڵام نەیفـەرمووە مودارایـان لەگـەڵ مەكـەن، وە نەیفـەرمووە: هـیچ هەڵســوكەوتێكیان لەگـەڵ مەكـەن، دەفەرمویٚ: بە دۆسـتیان مەگرن، كە وەك پێشـتـر باســمان كـرد، واتـە: خۆشـتان نـەوێن لـە دڵــەوە، وە هاوكــاریان مـەبنو دەسـتبارگریان مـەبنو بـە ڕێـی وانــدا مـەڕۆن... تـا كۆتــایی ماناكـانی وشـەی (وَلاَيَـة) و (وَلـي)، ئنجـا هەڕەشـەیان لێـدەكاتو دەفـەرمویٚ:

﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، پارێــز لـە خــوا بكــەنو ئەگــەر ئێـوە ئیمانــدارن دۆسـتایەتیی ئەوانـە مەكـەن كـە گاڵــتە بـە دینەكـەتان دەكـەن، ئنجـا هـۆی هاتنـە خـوارەوەكەیمان باسكرد، بەڵام زانایـان بنچـینەیان دانـاوە (إِنَّ خصُوصَ السَّبَبِ لايَمْنَعُ شمـُولَ الـمَعْنَى) واتـە: تایبەتمەنــدبوونی هۆكــاری هاتنــە خـوار، ڕێگـا نـاگریٚ لـە گشـتگیـریی واتایەكـەی، نابـێ پێمـان وابـێ ئـەوە بـۆ ئـەو كـاتی بـووە، بەڵـكو ئێسـتاش مســولْمانان ئەگـەر دۆســتایەتیی لەگـەڵ كەســانێكدا بكــەن، كـە گاڵــتە بـە دینیــان

دەکەن، جا چ لە جوولەکەو نەصرانییەکان، چ هەر جۆرە کافرێکی دیکە بن، ئەوە لەڕاستییدا پێچەوانەی تەقوایان پێشانداوە، پێچەوانەی تەقواش، جاری وایە گوناهی گەورەیە، جاری وایە شیرکە.

ئنجا باسی هەڵوێستێکی دیکەیان دەکاتو دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا﴾، وە کاتێك کە بانگ دەکەن بۆ نوێژ، ئەوان بە گاڵتەو بە یاریی دەگرن، لێرەدا ڕاناوی (ها)یان بۆ نوێژ دەچێتەوە، یان بۆ بانگ دەچێتەوە، ئەگەر بۆ بانگ بچێتەوە، ئەوکاتە دەڵێین: دیارە وشەکە واتە: (اتَّخَذوا الـمُنَادَاةَ لِلصَّلاة هـزواً) دەشگونجێ بۆ هەردووکیان بچێتەوە، واتە: کۆی نوێژو بانگو دروشمەکانی ئێوە، ئەگەر بۆیان بگونجێ گەمەو یاری پێدەکەن، ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ﴾، ئەوەش لەبەرئەوەی ئەوان کۆمەڵێکن نافامنو نازانن، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ هەر کەسێك گەمە بە موعتەقەداتو پیرۆزییەکانی خەڵکی دیکە بکات نیشانەی کەودەنییەتی، بۆیە دەبێ مسوڵمانیش ئەو ڕەفتارە لە خۆی نەوەشێنێتەوە، هەر بۆیەش خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَسُبُّوا ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴿١٠٨﴾﴾، واتە: ئەوانەی لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، جنێویان پێ مەڵێن، دیارە گەمەو یاری پێکردنیش هەر لە حوکمی جنێو پێدان دایە.

ئنجا خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئاوا ئەهلی کتێب بدوێنە: ﴿قُلْ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَـٰسِقُونَ﴾، بڵێ: ئەی خاوەن کتێبەکان! چیمان لێ بە ڕەخنە دەگرن، چیمان لێ بە عەیب دەگرن؟ ئەوە نەبێ کە ئیمانمان بە خوا هێناوە، وە ئیمانمان بەوە هێناوە، کە بۆ لامان دابەزێنراوە، وە ئیمانیشمان بە هەر کتێبو وەحییەکی خوا هێناوە، کە لە پێش ئێمەدا دابەزیوە؟ ﴿وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَـٰسِقُونَ﴾، واتە: هیچ پاساوێك نیە بۆ گاڵتە بە ئێمە کردن و ڕەخنە لە ئێمە گرتن، جگە لەوەی کە

بڕوامان بە خواو بە وەحی هەیە، وە جگە لەوەی کە ئێوە لاڕێن، واتە: خەڵکی لاڕێ کە لە بەرنامەکەی خۆشیان‌و لە عەقڵ‌و لە فیطرەتیش لایان داوە، ئەوانەن کە بەبێ ئەوەی کە پاساوی ڕەخنە گرتن هەبێ، ڕەخنە دەگرن، کەسانی لاڕێ لە بیانوو دەگەڕێن‌و هەر شەڕ دەفرۆشن، ئەگەرنا لەڕاستییدا هیچ بەڵگەو پاساوێکیان نیە کە ڕەخنەتان لێدەگرن‌و گاڵتەتان پێ دەکەن، لەسەر ئەو شتانە، ئنجا دەفەرمویٚ:

﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ ﴾، دیارە ئەوان گوتوویانە: ئەو دینەی ئێوە خراپترین دینە، هیچ دینێکمان لەوە خراپتر نەبینیوە، کەواتە: هیچ کەس لە مسولْمانان خراپتر نیە، یان ئەگەر هۆی هاتنە خوارەوەکەش ڕەچاو نەکەین، دیارە جوولەکەو نەصرانییەکان، ئیسلام‌و ئەهلی ئیسلامیان پێ خراپە، ئنجا خوا دەفەرمویٚ: بفەرموو: ئایا هەواڵتان پێ بدەم کێ سزای خراپترە، ئەوە ئێمەی مسولْمان نین، بەڵکو ئەوە ئێوەن: ﴿ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ ۚ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ ﴾، ئەوانە سزایان لە لای خوا خراپترە، کە خوا نەفرینی لێکردوون‌و، لە ڕەحمەتی خۆی دووری خستوونەوەو، لێیان تووڕە بووە، وە هەندێکی لێگێڕاون بە مەیموون، وە هەندێکی دیکەی لێگێڕاون بە بەراز، وە ئەوانەی کە طاغووتیان پەرستوە، ئەوانە جێگاو ڕێگایان خراپترە، وە لە ڕاستەڕێش زیاتر گومڕاو سەرلێشێواون‌و دوورکەوتوونەتەوە، واتە: ئێوەن ئەو حاڵەتانەتان بەسەر هاتوە، کە دیارە ئێمە لەکاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (البقرة)دا باسی ئەوەمان کرد کە چۆن هەندێکیان بوون بە مەیموون‌و بەراز، وە چۆن خوا لێیان تووڕە بووە، وە لە سوورەتی (النساء)دا باسی زۆر لە هەڵوێستی جوولەکەو نەصرانییەکانمان کرد، بەتایبەتی جوولەکەکان.

ئنجا خوا ﷻ باسی هەڵوێستێکی دیکەیان دەکات، دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِذَا جَاءُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا وَقَد دَّخَلُوا بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِ ۚ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا يَكْتُمُونَ ﴾، ڕاناوی (جاؤا) لە ﴿ وَإِذَا جَاءُوكُمْ ﴾، ئایا تەنیا بۆ خاوەن کتێبەکان (جوولەکەو

نەصرانییەکان) دەچێتەوە؟ یاخود بۆ سەرجەم کافران؟ دەگونجێ بۆ سەرجەم کافرەکان بچێتەوە، ئەوانەی بە نیفاقو دووڕوویی لەگەڵ مسوڵماناندا مامەڵەیان کردوە، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا جَآءُوكُمْ ﴾، وە کاتێك هاتنە لاتان ﴿ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا ﴾، دەڵێن: ئیمانمان هێنا، خۆیان بە ئیماندارو مسوڵمان پێشاندەدەن ﴿ وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُواْ بِهِۦ ﴾، دیارە پێغەمبەر ﷺو مسوڵمانان نەیانزانیوە، کێ مسوڵمانەو کێ ڕاست دەکات؟! بەڵام خوا پەنهانزانە، بەڵام دیارە پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی ئایەتەکانی بۆ دابەزیون بە تەئکید ناسیونی، دەفەرموێ: ئا ئەوانە بە کوفرەوە لێتان وەژوورکەوتن، وە هەر بە کوفریشەوە چوونەدەر، واتە: هیچ گۆڕانیان بەسەردا نەهاتوە، کە هاتنە ژوور کافربوون، وە کە چوونەدەریش هەر کافر بوون ﴿ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكْتُمُونَ ﴾، وە خوا زاناترە بەوەی کە دەیشارنەوە، واتە: لە خوای پەنهانزان، پەنهان نابنو ناشێرڕێنەوە.

ئنجا باسی هەڵوێستێکی دیکەیان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە سیاقەکە هەمووی دەربارەی جوولەکەو نەصرانییەکانەو ئەو ڕایە واپێدەچێ بەهێزتر بێ، چونکە دەفەرموێ: زۆرێکیان دەبینی خێرایی دەکەن لە گوناح کردنو لە دەستدرێژیی کردنو لە حەرام خۆریدا، ئەوە خراپترین کارە کە دەیانکرد، خوای پەروەردگار ئەو دەستدرێژییو خراپەکارییانە، بە خراپترین کردەوەی جوولەکەو نەصرانییەکان ناوزەد دەکات.

ئنجا سەرزەنشتی زاناکانو بەرپرسو مشوورخۆرەکانیان دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ لَوْلَا يَنْهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ ٱلْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ ﴾، ( لَوْلَا ) ئەگەر چووە سەر (الفعل المضارع) مانای هاندان (تحضيض) دەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر بچێتە سەر (الفعل الماضي)، مانای سەرزەنشت (التوبيخ) دەگەیەنێ، لێرەدا هانیان دەداتو دەفەرموێ: دەبووایە مشوورخۆرو زاناکانیان

قەدەغەیان كردبان لە قسەی خراپو لە خواردنی حەڕام، ئەوە خراپترین شتێكە كە دەیكەن بە كارامەییو بە لێزانیی.

ئنجا دێتە سەر باسێكی دیكەی تایبەت بە جوولەكەكانو دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌ﴾، جوولەكەكان گوتیان: خوا دەستی بەستراوە، مەبەستیان ئەوە بووەو، كە خوا دەستی قووچاوەو هیچ نابەخشێ، ﴿غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا۟ بِمَا قَالُوا۟﴾، خواش دەفەرموێ: دەستیان ببەسترێو نەفرینیان لێ بێ، بەهۆی ئەو قسەوە كە كردیان، چونكە وانیە، ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾، بەڵكو هەردوو دەستی پەروەردگار كراوەن، كەسێك ئەگەر زۆر بەخشندەبێ دەڵێن: بە هەردوو دەستان دەبەخشێ، مەبەست پێی ئەوەیە، نەك مەبەست ئەوە بێ كە خوا دوو دەستی هەن، كە ئێمە دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا زیاتر تیشكی دەخەینە سەرو باسی دەكەین، بەڵكو مەبەست ئەوەیە خوا زۆر بەخشندەیە، ﴿يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ﴾، چۆنی بوێ ئاوا دەبەخشێ، ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا﴾، وە زۆرێكیان ئەوەی بۆ تۆ نێردراوەتە خوار لە پەروەردگارتەوە، هەر سەركێشیی پێ زیاد دەكەنو، هەر كوفریان تێدا زیاد دەكات، ﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾، وە دژایەتییو ڕقو كینەمان خستۆتە نێوانیانەوە، تاكو ڕۆژی قیامەت، ﴿كُلَّمَآ أَوْقَدُوا۟ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ﴾، هەر كە ئاگرێك هەڵدەگیرسێنن، واتە: دەیانەوێ شەڕێك هەڵگیرسێنن (لە كوردەواریی خۆشمان دەڵێن: فلان كەس ئاگری بن كایە، یان دەڵێن: ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنێ)، خوا ئاگرەكەیان دەكوژێنێتەوە، ﴿وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا﴾، وە دەیانەوێ خراپە لەسەر زەوی بڵاوبكەنەوە، ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾، خواش خراپەكارانی خۆشناوێن، جا لە

کۆتاییـــدا دەفـــەرموێ: ﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَكَفَّرۡنَا عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ﴾، وە ئەگـــەر خـــاوەن کتێبـــەکان ئیمانیـــان هێناباو پارێزیان کردبایە، خراپەکانمان لـێ دەسڕینەوەو دەشمانخســتنە چەند بـاغێکی پڕنـازو نیعــمەتەوە، ئــەوە بــە نیســبەت دوارۆژەوە، ئــەدی بــە نیســبەت دنیـــاوە؟ دەفــەرموێ: ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۚ﴾، وە ئەگـــەر تـــەوڕاتو ئینجـــیلو ئـــەوەی لـــە پەروەردگاریانەوە بۆیـان دابەزێنراوە، ئیشـیان پێکـردباو بەپێـی ئـەوە بەڕێوەچووبان، لــە ســەرووشیانەوە دەیانخــواردو لــە بــن پێشــیان، واتــە: ڕزقو بەرەکــەتی عــەرزو ئاســـمانمان بـــۆ دادەبارانـــدن، ﴿مِّنۡهُمۡ أُمَّةٞ مُّقۡتَصِدَةٞۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ سَآءَ مَا يَعۡمَلُونَ﴾، کۆمەڵێکی ڕێکوپێکیان لەنێودا هـەن، کـە تێیـان نەپەڕانـدوەو بەزایەشـیان نـەداوەو خــەتی نێوەڕاستیان گرتوە، بەڵام زۆربەیـان خراپـترین کـردەوە ئەنجـام دەدەن.

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾، ئەم ئایەتە موبارەکە چەند شتێکی لێ وەردەگیرێن:

١/ دروست نیە گاڵتەو یارییکەران بە دین، بە دۆست بگیرێن، نابێ مسوڵمانان دۆستایەتیی و خۆشەویستیی و نزیکیی یان لەگەڵ هەبێ.

٢/ لە قورئاندا تەنانەت یەك وشەش زیاد نیە، چونکە خوای کاربەجێ قورئانی بە پێوەرو تەرازوو ناردوە، ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ ﴿١٧﴾ ﴾الشورى، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا ﴾، (هُزواً)، واتە: (مهزوءً بهِ)، واتە گاڵتەپێکراو، وە (لَعِب)، واتە: یاریی و گەمە، ئایا جیاوازیی ئەو دووانە چییە؟ ئینسان جاری وایە گاڵتە بە شتێك دەکات بە شێوەیەکی پەنهان، چونکە هەندێك لە زانایان بەتایبەتی (راغب) دەڵێ: (الهُزْءُ: مَزْحٌ في خِفْيَةٍ)، واتە: گاڵتەکردنێکی پەنهانیی، بەڵام یاریی و گەمەپێکردن دیارە دەبێ بە ئاشکرابێ، کەواتە: چ ئەوانەی کە بە پەنهانیی و بە پەنامەکیی بە سووك تەماشای ئیسلام دەکەن، وە چ ئەوانەی بە ئاشکرا بێڕێزیی بەرانبەر دەنوێنن، دەشگونجێ بڵێین: گاڵتە پێکردن ئەوەیە کە هەر بە قسە بێ، بەڵام یاریی پێکردن و گەمە پێکردن ئەوەیە کە وەك لاسایی‌کردنەوە، یان حاڵەتێکی کردەیی بەخۆیەوە بگرێ.

٣/ پرسیارێکی دیکە لێرەدا دروست دەبێ، خوا دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئەوانەی گاڵتە بە دینەکەتان دەکەن و گەمەو یاریی پێدەکەن، لەوانەی پێش ئێوە کتێبیان پێدراوەو لە کافرەکان بە دۆست مەگرن، ئایا کافرانێك کە گاڵتەو یاریی بە دینمان نەکەن دروستە بە دۆست بگیرێن؟ لە وەڵامدا دەڵێین:

نەخێر، لە ئایەتەکەی پێشوودا خوا بەگشتی فەرمووی و ئەگەر گاڵتەش بە دینمان نەکەن و یاریشی پێنەکەن، هەر دروست نیە، دۆستایەتییان لەگەڵ بکرێ، بەڵام وەك گوتراوە: (بعض الشرِّ أهْوَن)، کەسێك کە هەر کافربێ لە ماڵی خۆی، دیارە دۆستایەتیکردنی هەر قەدەغەیە، بەڵام کەسێك وێڕای کافربوون گاڵتەش بە ئیسلام بکاو بە کەم تەماشا بکات، ئەوە بە تەئکید دۆستایەتیی لەگەڵ کردنی گوناهتـرەو پەیوەندیی لەگەڵ گرتنی بە شێوەیەك کە شەرع ڕێگای نەدابێ، قەدەغەترە.

٤/ دەربارەی ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئیمان سەرچاوەی تەقوایە، واتە پارێز لە خوا بکەن، ئەگەر ئیماندارن، کەواتە: کێ پارێز لە خوا دەکات؟ ئینسانی ئیماندار، بە ئەندازەی ئەوە کە ئیمانمان هەیە، تەقوامان دەبێ، پاشان ئەوەشی لێوەردەگیرێ کە تەقوا بەشێکی بریتییە لەوە کە ئینسان دۆستایەتیی نەبێ لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا، چونکە زۆر کەس بەتایبەتی ئەهلی تەصەووف وا لە وشەی تەقوا حاڵی بوون، یان ئەوانەی جەخت لەسەر عیبادەتی تایبەتی دەکەن، وا لە تەقوا حاڵی بوون، کە هەر لە نێوان خۆت و خوادایەو، تەقوا پەیوەندیی بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکانەوە نیە، بە دوای چ بەرنامەیەك دەکەوی ئازادی، گرنگ ئەوەیە عیبادەتی شەخصییت هەبێ، مانای وایە بە تەقوای! بەڵام ئەو ئایەتە لێرەدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات و، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەڕاستییدا مرۆڤی پارێزکار کەسێکە کەین و بەین و دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام دا نەبێ، ئەوە پارێزکارە، هەروەها ئەو ئایەتە ئەوەشی لێوەردەگیرێ، کە ئینسان ئەگەر بە تەقوا بوو، لە ناشەرعییان دوور دەبێ، ئنجا ئەو ناشەرعییە چ ئەوە بێ، کە ئەو کەسانەی گاڵتە بە ئیسلام دەکەن و بە سووکیی تەماشای دەکەن، بە دۆستیان بگرێ، چ هەر شتێکی دیکە بێ.

**مەسەلەی دووەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴾، ئەم ئایەتە موبارەکەش چەند شتێکی لێوەردەگیرێن:

١) وشـــەی ﴿ نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ﴾، یـانی: (أَذَّنْتُـمْ للصَّـلاَة) بانگتانـدا بـۆ نوێـژێ، (نَـادَيْتُم) یـانی: (دعـوتم)، خەڵـکتان بـانگ کـرد، خـەڵکتان ئاگـادار کـردووە (وَأَذِّن بِالنَّـاسِ)، واتـە: (أَعْلِـمِ النَّـاس) خـەڵك ئاگــادار بکــەوە بـەس لـەم ئایــەتەدا باسـی بانــگ هــاتوە، لەگــەڵ ســوورەتی (الجمعة) کـە لـەوێ تایبەتـە بـە جومعـەوە، دەفەرمـــوێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِىَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ فَٱسْعَوْاْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلْبَيْعَ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ۝٩ ﴾، کــە ئــەوەش نیشــانەی گــەورەیی ڕۆژی جومعـــەو گرنگیـی کۆبوونـەوەی مسـوڵمانانە لـە ڕۆژی جومعـەدا، بـەڵام لێـرەدا بەگشـتی باسـی بانـگ دەکـات، بانـگ کردنـی خەڵـك بـۆ نوێـژ.

٢) ﴿ وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ﴾، ئـەو ڕانـاوی (هـا)یـە کـە بـۆ (مؤنث) دەچێتــەوە، هــەندێك دەڵـێن: مەبەسـت پێـی نوێـژە، چـونکە دەفـەرموێ: ﴿ وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا ﴾، واتــە: نـزیکتــرین شــتێك کــە باســکراوە، نوێـژەو ڕانـاوەکە بۆ وێ دەچێتـەوە، دەشـگونجێ مەبەست بانگ بێ، بەڵام ئەوکاتـە: ﴿ ٱتَّخَذُوهَا ﴾: (أَي اتَّخَـذُوا الـمُنَادَاة)، ئـەو کــاتە بێژەکــە دەبـــێ بــە (مُؤَنَّـث) بگـوترێ، بۆئەوەی لەگەڵی بگونجـێ.

٣) کە دەفەرمـوێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴾، بۆیـە گاڵـتەو گاریـی بـە دین دەکـەن، لەبەرئــەوەی ئــەوان کۆمەڵێکــی نەفــامن، ئەمــە ئــەوەی لێــوەردەگیرێ کــە ئینسـانی نـەفامو کـەودەنو بێعــەقڵ، گاڵــتە بــە پیرۆزیــیەکانی خەڵــکی دەکــات، بەتایبــەت پیرۆزییــەکی وەك نوێــژ کــە تــەواوترین بەرجەســتەکەری بەندایــەتیی ئینسـانە بـۆ خــوا، یـاخود بـانگ کـە شـیعارو دروشــمێکی یـەکجار بـەرزەو لــەوە بـــەرزتر ڕەنگـــە لـــە وجـــوددا نـــەبێ، کـــە نـــاوی خـــوا، وەحدانیـــەتی خـــوا، ئنجـــا ڕەوانەکراوێتیی پێغەمبەر، بانـگ کردنـی خەڵك بۆ ســەرفرازیی، وشــە لـە وشـەکانی بانگ گەورەتر لە بوون (وجـود)دا نیــە، کەسێك گاڵــتە بـەوە بکــات، مانـای وایــە

زۆر بێعەقڵو نەفامە، وە هەر بەگشتیش دیارە ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ كە ئینسان نابێ گاڵتەو سووكایەتیی بە پیرۆزییەكانی هیچ كەسێك بكات، لەو ڕووەوە كە هەموو ئینسانێك ڕێز لێگیراوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴿٧٠﴾﴾ الإسراء، وە هەموو مرۆڤێكیش بیروڕایەكانی خۆیو پیرۆزییەكانی خۆی پێ لە خۆی گرنگترن‌و، ئامادەیە لە پێناویاندا سەری خۆی دابنێ، كەواتە: ئەگەر ئینسانەكە ڕێز لێگیراوبێ، دەبێ پیرۆزییەكانی زیاتر ڕێز لێگیراوبن، با تۆ پێشت هەڵە بن، بەڵام بێڕێزییان بەرانبەر ناكەی، بەو مانایە نا كە تۆ پێت ڕاستن، بەڵكو بەو واتایە كە تۆ دەتەوێ هەستی بەرانبەرەكەت بریندار نەكەی، دیارە ڕێزگرتنیش لە بیروڕایەكانی خەڵك، مانای ڕەخنە لێنەگرتن نیە، بە هەردوو دیوەكەیدا، چ مسوڵمانان ڕەخنە لە نامسوڵمانان بگرن، چ نامسوڵمانان ڕەخنە لە مسوڵمانان بگرن، ئەوە جیایە، وە سووكایەتیی‌و بێڕێزیی‌و گاڵتە پێكردنیش جیایە.

## باسێك لە بارەی بانگ (آذان) و قامەت كردنەوە

زۆربەی ئەو باسەم لە تەفسیری (القُرطُبي) وەرگرتووە[1]، لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی دیكە كە ئاماژەیان پێدەدەم:

### ١) مانای وشەی (النِّدَاء):

دەڵێ: (النِّدَاء: الدُّعَاءُ بِرَفْعِ الصَّوْتِ، وَنَادَاهُ مُنَادَاة وَنِدَاء: أَي صَاحَ بِهِ)، (نِدَاء)، واتە: بانگ كردن بە دەنگی بەرز، وە لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (وَنَادَاهُ مُنَادَاة وَنِدَاء) یانی هاواری كردێو بە دەنگی بەرز بانگی كرد.

١) الجامع لأحكام القُرآن: ج٦، ص١٩٦، ٢٠٥.

## ٢) قســەی زانـایـان دەربــارەی بــانگ:

(قُرطُبي) دەڵـێ: (قَالَ العُلَمَاءُ: وَلَمْ يَكُن الأَذَانُ بِمَكَّةَ قَبْلَ الهِجْرَة، وَإِنَّمَا كَانُوا يُنَادُونَ "الصَّلاَةُ جَامِعَة" فَلَمَّا هَاجَرَ النَّبِيُّ ﷺ وَصُرِفَتِ القِبْلَة إِلَى الكَعْبَةِ أَمَرَ بِالأَذَانِ، وَبَقِي "الصَّلاَةُ جَامِعَة" للأَمْرِ يَعْرِضُ)، واتـە: زانایـان گوتوویانـە: لـە مەککە بـانگ نـەبووە پێـش کۆچکردن، بـەڵکو ئیشـێك کـە دەهاتـە پـێش (پێویســت دەبـوو مســوڵمانانی بـۆ کۆبکرێتــەوە) ئــەوە دروشــمیان بــووە: (الصَّلاَةُ جَامِعَة) نوێـژ کۆکــەرەوەیە، (ئــەوە دروشــمێکـیان بـوو، مـەرج نیـە کـاتی نوێـژیش بووبـێ، کـاتی نوێژیش نەبووبێ هــەر وایــان کـردوە، نوێـژ کۆتـان دەکاتـەوە، واتـە: کارێـك هاتۆتـە پێش پێویسـتە کۆببنــەوە)، کاتێك پێغــەمبەر ﷺ کۆچـی کرد بۆ مەدینــەو ڕووگـە (قبلـة) لـە (بيت المقدس)ەوە گـۆڕا بۆ کەعبــە (لـە ســاڵی دووەمـی کۆچییدا) لـەو کاتـەدا فـەرمان بـە بـانگ کـرا، وە وشــەی (الصَّلاَةُ جَامِعَة) بـانگ هـەر مایـەوە، بـۆ ئیشـێك دەهـاتە پێـش.

وە بانــگ لـە چــەند ڕێیەکــەوە تەشــریع کـراوە، جــارێ ئـەوە ئایەتەکـە باسـی دەکات، کەواتــە: بانگ لە قوڕئــاندا باســی کراوە.

وە پێغەمبــەری خـــوا ﷺ دەقـی بـانگی فێـری (أَبُو مَحْذُورَة) کـردوە، وەك لـە (صَحيح مُسْلِم)دا هـاتوە، وە لـە (صَحيح ابْنُ مَاجَه)دا هـاتوە شـێخ ئـەلبانیی بـە صـەحیحی دانــاوە.

وە هەر کامێــك لـە عەبدوڵــلای کوڕی زەیـد،و عومــەری کوڕی خــەتتابیش خـوا لــێیان ڕازی بــێ، وەك دوایـی ئامـاژە بـە فەرموودەکـە دەکـەین، لـە خـەودا خـەونیان بینیـوە بـە بانگەوە، وە چوون بـۆ پێغـەمبەری خوایـان ﷺ گێڕاوەتـەوە، بـەو شـێوە بانگـەی کە ئێسـتا هەیـە، بــەڵام زانایــان دەڵــێن: ئـەوە مانـای ئـەوە نیــە تـەنیا لـە ڕێـی خەونــەوە، کـە هــاوەڵان بینیویــانە، وەك عەبدوڵــلای کـوڕی زەیـدو عومـەری کـوڕی خــەتتاب خـــوا لــێیان ڕازی بـــێ، تـەنیا لـەو ڕێیـەوە بـانگ دانرابـێ، بـەڵکو پێغـەمبـەری خـوا ﷺ دەگونجـێ وێڕای خەونـی ئـەو هـاوەڵە بەڕێزانـە، بۆخۆشـی بە وەحیش خـوای پەروەردگـار پێی ڕاگـەیانـدبێ.

## ٣) حوكمـــی بـــانگو قامـــەت:

زانـایـان ڕاجیـایی یان هەیـە لە بـارەی حوكمی بانـگو قامەتـەوە:

أ/ هـەندێكــیان دەڵــێن: هەردووكیــان پێویسـتی تایبـەت (فَـرْض الْعَيْنِ)ن ، واتـە: هەر مسـوڵمانێك نوێــژی فــەڕزی كـرد، دەبــێ بانگــی بـۆ بـداو قامەتیشــی بـۆ بكـات.

ب/ وە هەندێكیشـیان دەڵـێن: هەردووكیان پێویستی گشـتی (فَرْض الكِفَايَة)ن.

ج/ وە هەندێكیشیان دەڵـێن: هەردووكیــان ســونـنەتــن.

د/ وە هەیـە دەڵــێ: بانـــگ فـەڕزە، بەڵام قامــەت سـونـنەتە.

هـ/ وە هەیشـــە دەڵــێ: هــەردووكیان فــەڕزی كیفایــەن، یــان یــەكێكیان فــەڕزی كیفـایەیەو ئەوی دیكـە فـەڕزی عەینـە، یـان بـە پێچــەوانەوە ....، چـەند ڕایـەك هــەن لەوبــارەوە.

بەڵام بەپێی ئەو دەقانەی كە دوایی ئاماژەیـان پێدەكـەین، ڕای ڕاسـت ئـەوەیـە كـە بـەلای كەمــەوە بـانگو قامـەت فـەڕزی كیفـایەن، ئەگـەر هـی عـەینیش نـەبن، بـا تەماشـای ئەو چــەند دەقـە بكـەین:

<u>یەكـەم</u>: ﴿عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ، قَالَ كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُغِيرُ إِذَا طَلَعَ الْفَجْرُ وَكَانَ يَسْتَمِعُ الأَذَانَ فَإِنْ سَمِعَ أَذَانًا أَمْسَكَ وَإِلاَّ أَغَارَ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ بـرقم: (٨٤٥)، وَأَبُو دَاوُد بـرقم: (٢٦٣٤)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (١٦١٨)} ، واتـە: ئەنەسـی كـوڕی مالیــك خــوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ عـادەتی وابـوو هێرشـی دەكــردە ســـەر دوژمنێــك (كــە لەگــەڵی لــە حــاڵەتی جــەنگ دابــوو) لــە كــاتی بەرەبەیــاندا، ئەگــەر گوێــی لــە بانـــگ بووایـــە هێرشـــی نــەدەكردو، دەسـتی دەگرتەوە، بەڵام ئەگەر گوێـی لە بانـگ نەبووایـە، هێرشــی دەكـرد. واتـە: ئەگــەر گوێی لە بــانگ بووایـە، ئـەوەی دەگـەیاند كـە دیــارە ئەوانـە مســوڵمانن، كەواتـە: بانـــگ شـــیعاری مسـوڵمانـەتییــە، وە ئەگــەر گوێشـــی لـــێ نەبووایــــە، دیــــارە نامســـوڵمان بوون.

دووەم: ﴿قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لِمالِكِ بْنِ الْحُوَيْرِثِ وَابْنِ عمّ لَهُ: (إِذَا كُنْتما في سَفْرٍ فَأَذِّنَا ثُمَّ أَقِيمَا وَلْيَؤُمَّكُمَا أَكْبَرُكُمَا)﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٣٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٥٣٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٠٥) وَقَالَ: حَسَنٌ صحيح، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٦٣٤)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢١٢٨)}، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بە مالیکی کوڕی حویریثو ئامۆزایەکی ئەوی فەرموو: ئەگەر پێکەوە لە سەفەرێ بوون بانگ بدەن، وە قامەتیش بکەن، وە با کامەتان بە تەمەنترە پێشنوێژییتان بۆ بکات، واتە: با یەکێکتان ببێتە ئیمامو یەکێکتان ببێتە مەئمووم.

(إِبْنُ المُنذِر)، دەڵێ: (فَالأَذَانُ وَالإِقَامَة وَاجِبَانِ عَلَى كُلّ جَمَاعَةٍ فِي الحَضَرِ والسّفَرِ، لأَنَّ النَّبِي ﷺ أَمَرَ بِالأَذَان وأَمرهُ عَلَى الوُجُوب)، ئەوە (قُرطُبي) لە (إبْنُ المُنذِر)ەوەی دێنێ، کە زانایەکی گەورەی خاوەن ڕای تایبەت بەخۆی بووە، هەندێکیش دەڵێن: لە چوارچێوەی مەزهەبی شافیعیی دا بووە، بەڵام واپێدەچێ زۆر ڕای تایبەتی هەبووبن، واتە: (إجتهاد)ی کردوە، دەڵێ: بانگدانو قامەتکردن فەرزن لەسەر هەر کۆمەڵێك لە مسوڵمانان نیشتەجێ بن، یان ڕێبوار بن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردوە بە بانگ (هەروەها بە قامەتیش) وە فەرمان کردنی ئەویش پێویست بوون دەگەیەنێ.

(أبو عمر) واتە: (إبن الصلاح الشَهرَزوري) دەڵێ: (وَاتَّفَقَ الشافِعِي وَأَبُو حَنِيفَة وأَصحَابهما والثوري وَأَحْمَد وَإِسْحَاق وَأَبُو ثَور والطَبَري عَلَى أَنَّ المُسَافِرِ إِذَا تَرَكَ الأَذَان عَامِداً أَو ناسِياً أجزأتهُ صلاتهُ؛ وَكَذَلِكَ لَو تَرَكَ الإِقَامَة عِنْدَهُم، وَهُمْ أَشَدّ كَرَاهَة لِتَرْكه الإِقَامَة)[1]، واتە: شافیعیو ئەبو حەنیفەو هاوەڵەکانیان، وە ثەورییو ئیسحاقو ئەبو ثەورو طەبەریی ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بابای ڕێبوار ئەگەر بانگی نەدا بەئەنقەست، یان لەبیری چوو، نوێژەکەی هەر بەردەکەوێ، (بەڵام دیارە لەسەر ڕای ئەوانەی کە دەڵێن فەرزن، گوناهبار بووە، وە لەسەر ڕای ئەوانەی کە دەڵێن: سوننەتە، خێرێکی لەدەست چووە)، وە هەروەها ئەگەر قامەتیش

١) الجَامع لأحكام القُرآن، ج٦، ص١٩٨.

نــەكات بــۆ نوێژەكــەی، لــەلای ئــەوان، نوێژەكــەی هــەر دروســتە، بــەڵام قامــەت نەكردنەكەیان پێنـاخۆشـتـرە لە بانــگ نەدانەكـە.

## ٤) چۆنیـەتـی بانـگدانو چۆنیـەتی قامـەت كــردن:

دیــارە بــانگی زۆرینــەی زۆری مســوڵمانان ئەوانــەی لەســەر ڕاســتە شــەقامی پێغــەمبەری خــوا ﷺو هــاوەڵانی ســەرڕاســتن خــوا لێیــان ڕازی بێ، بـەو شێوە بووە كە ئێسـتا هەیە، ئیــدی بـانگی دیكـەی خەڵــكی لادەرو لاڕێ، زۆر ئیعـتیباری پێ ناكـرێ، ئنجــا زۆربـەی خــەڵك وادەزانـن هـەر یــەك شێوە بـانگ هەیـە، بـەڵام دیـارە وانیــە. وە ئەو شـێوە بانگەی ئێستا باوە لە جیهانی ئیسـلامییدا ئاوایـە:

اللّٰهُ أَكْبَـرُ اللّٰهُ أَكْبَـرُ — اللّٰهُ أَكْبَـرُ اللّٰهُ أَكْبَـرُ

أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ — أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ — أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ

حَـيَّ عَلَـى الصَّـلاَةِ — حَـيَّ عَلَـى الصَّـلاَةِ

حَـيَّ عَلَـى الْفَـلاَحِ — حَـيَّ عَلَـى الْفَـلاَحِ

اللّٰهُ أَكْبَرُ اللّٰهُ أَكْبَرُ

لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ

ئەمە لـە فەرموودەكـەی (أَبِـي مَحْـذُورَةَ)دا هـاتوە كـە (مسـلم وأبـو داود والنسـائي وإبـن ماجـە) هێناویانـەوە ئـەلبانیش لـە (صحیح سنن النسـائي)دا بـە صـەحیحی دانــاوە، كـە بـەو شـێوەیە پێغەمبــەری خــوا ﷺ بانگــی فێـری (أَبِـي مَحْـذُورَةَ) كردوە.

جـا ئــەو چۆنیــەتی بانــگ فێركردنــە، بەســەرهاتێكی لەگــەڵ دایــە، كــە لــە تەفسیـرەكاندا هـاتوە، گـێڕانەوەی خـراپ نیـە:

(أَبِـي مَحْـذُورَةَ) یـەكێك بـووە لـە مونــافیقەكان، (دەڵـێ: ئێمـە كۆمـەڵێك بـووین كاتێــك لــە جــەنگی تەبــووك دەگەڕاینـــەوە، دانیشـــتبووین گاڵتــەمان بــە بانـــگ

دەکــرد، کاتێــك بــانگ بێــژی پێغەمبــەر ﷺ بــانگی دەدا، ئێمــەش لاســاییمان دەکردەوەو گـاڵتـەمان پێدەکـرد، دەڵـێ: من یـەکێك بـووم لـە گاڵتـە پێکـەرەکان، وە مــن بەتایبــەتی زیـاد دەنگـم پـێ بـەرز کـردەوە، پێغەمبـەر ﷺ بـانگی کـردین، فـەرمووی: کامەتـان بوو کە دەنگی لە هەمووتان بـەرزتر بـوو؟ دەڵێ: هـاوەڵەکـانم ئاماژەیان بۆ مـن کـرد، گوتیـان: فـلان کـەس بـوو، بۆخۆشــم گوتــم: بەڵــێ مـن بووم، دەنگـم لە هەموویـان بەرزتر بوو، (دیـارە مەترسیی هەبووە پێغەمبـەر ﷺ لێــی تــوورە بــێ)، پێغەمبــەر ﷺ فەرمــووی: وەرە پـێش، منیــش لێـی چـوومە پێـش، دەسـتێکی بـە نێــو چەوانــم داهێنـا تـا گەیشــتە سـەر نێوکمو دوعـای بـۆ کــردم، ئنجـا فەرمووی: ئەو وشانەی پێت دەڵێم وەك مـن بیانڵێوە، گـوتم: بەڵــێ، ئیــدی ئــەو وشــانەی بــانگی پێگـوتم، دوای ئــەوەی لێــبوومەوە، (أَبِـي مَحْـذُورَةَ بـەناوبانگ بـووەو بـانگ بێـژێکی دیـار بـووە)، سـوێند بـە خـوا کـە چـوومە لای پێغـەمبـــەر ﷺ هــیچ کــەس نــەبوو هێنــدەی وی بیبـوغزێنم، وە ئــەمری هــیچ کەسیشـم لە ئەمری وی پـێ ناخۆشـتـر نەبوو، کە پێی فـەرمووم بیانڵێـوە، بـەلام کــە بانگەکــەم تــەواوکردو دەســتی بەســەرداهێنام، هیــچ کــەس نــەبوو هێنــدەی پێغــەمبەر ﷺ خۆشــم بووێ، وە بانگیشــم زۆر زۆر خۆشـویســت)، {دیـارە دوایـی (أَبِي مَحْذُورَةَ) بۆتە بانگدەری ڕەســمیی، کە بێگومان ئـەوەش بەرەکـەتی خوابـووە، بـەلام بێگومـان ڕەوشــتو خــووی بــەرزو ســینگ فراوانیــی پێغەمبــەریش هۆکــاری ســەرەکی بووە.

دەربــارەی (إقــامة)ش کــە لــە کــوردەواریی خۆمانــدا دەڵــێین: قامــەت، وە مانـای وشــەکە (هەڵســاندنەپێ)یە، ئەسـڵی خــۆی واتــە: ئــەو نوێــژە ئەهلــی جەماعــەت هەڵســێنــێ بۆ نوێــژو نوێژەکــە بەرپـا بکــەن، (إقـامة)ش ئەوەی کە بــاوە ئـاوایــە:

اللّٰهُ أَكْـبَـــرُ اللّٰهُ أَكْـبَـــرُ

أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ — أَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً رَسُولُ اللّٰهِ

حَــيَّ عَـلَــى الصَّــلاَةِ — حَــيَّ عَـلَــى الصَّــلاَةِ

قَـدْ قَــامَــتِ الصَّــلاَةُ — قَـدْ قَــامَــتِ الصَّــلاَةُ

اللهُ أَكْـبَــرُ اللهُ أَكْـبَــرُ

لاَ إِلَـــهَ إِلاَّ اللهُ

دیـارە وشـەكانی بانـگ، مانـای زۆر زۆر گـەورەیان هەیـە، وە دروشـمی هـەرە گـەورەی ئیسـلامن، خـوای بـەرز، وە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە بـەلاش‌و بـێ حیكمـەت نیـە، ئەو وشـە گـەورانەیان كردوە بە دروشـم‌و بانـگ بـۆ مسـوڵمانان، كە ئەوە تایبەتـە بە مسـوڵمانانەوەو هیـچ خـاوەن دیـن‌و بەرنامەیـەكی دیكە شتی وایـان نیـە، ڕۆژێ پـێج جـاران ئـەو وشـە گەورانـە بگـوترێن، وە شـیعاری كۆكـردنـەوەی مسـوڵمانان بن، بۆ شـتێك كـە گـەورەترین شـتە لـە دینەكـەیاندا كـە نوێـژە، مانای وشـەكان بەم شـێوەیە:

(اللهُ أَكْـبَرُ)، واتـە: خـوا گەورەترە، بەو واتـایە نا لە فـلان شـتو لـە فلان شـت! خـوا گـەورەترە بـە موتلـەقی، هەرچـی تـۆ بـە دڵ‌و مێشـكـت دادێ، خـوا گەورەتـرە، بە هـەموو شـێوەكانی گـەورەیی خـوا گەورەترە، بـەو شـێوەیە كە بـۆ خـوا شـایسـتەیە، نـەك گـەورەییەكـت بـە مێشـكی دابـێ كـە لەگـەڵ بێوێنـەیی خوای پەروەردگـاردا نەگونجێ، چوار جار ئەوە دووبـارە دەبێتـەوە.

(أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ)، واتـە: شـایەدیی دەدەم كـە جگـە لـە خـوا هـیچ پەرسـتـراونین، نـەك بێجگـە لە خـوا هیچ خـوانین، كە بەداخـەوە مـن گوێـم لـە وتـاربێژەكانیش دەبـێ، گـوێم لـە بانگـخوازەكانیش دەبـێ، جیاوازیی نێوان (إِلَـه) و (اللّه) دا ناكـەن، دەڵـێـن: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ)، واتە: بێجگـە لە خـوا هیچ خـوا نین! نەخێـر، وانیـە، چونكە پەرسـتـراو (إِلَه) جیایەو خـوا (اللّه) جیـایە، ئـەم ڕسـتـەیە واتـە: بێجـگە لـە خـوا هـیچ پەرسـتـراو نـین، چونكـە بتـپەرسـتـەكانیش نكوولییـان لـەوەدا نـەكردوە، كـە یـەك خـوا هـەیە بەمانـای بەدیهێنـەرو پەروەردگـارو خـاوەن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ العنكبـوت، واتـە: ئینكارییـان نـەكردوە، لـەوەدا كـە تـەنیا خـوا بەدیهێنـەرو پەروەردگـارە، بـەڵام ئایا لـە چیـدا بـە هەڵـە داچوون؟ لـەوەدا كـە غەیـری

خوایـان پەرسـتوە، بۆیـە (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللّهُ)، واتـە: هـیچ پەرسـتراوی بـە هـەق نـین، جگـە لە خـوای بـەرزو مـەزنو بێوێنـە.

(أَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـدَاً رَسُولُ اللّهِ)، شـایەدیی دەدەم کـە موحەممـەد ڕەوانەکـراوی خوایـە.

(حَـيَّ عَلَـى الصَّلاَةِ)، (حَيَّ) بۆ تـاكو دووانو کـۆو هـەمووان دەبـێ، واتـە: وەرن بۆ نوێـژ.

(حَـيَّ عَلَـى الْفَـلاَحِ)، وەرن بۆ سـەرفرازیـی.

(اللّهُ أَكْبَـرُ)، خـوا گـەورەتـرە.

(لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللّهُ)، هیچ پەرسـتـراوێك نیـە (بە هـەق) جگـە لە خـوا ﷻ.

قامەتیـش ئـەوە دیـارە، تـەنها: (قَدْ قَـامَتِ الصَّـلاَةُ، قَدْ قَـامَتِ الصَّـلاَةُ) یـانی: نوێـژ بەرپـابوو، نوێـژ بەرپـابوو.

ئنجـا فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی زەیـد کـە دێتـە خزمـەت پێغەمبـەرو ﷺ بـۆی دەگێڕێتـەوە، کـە بـەو شـێوەیە خـەونی بینیـوە، لـە خەونەکەیـدا یەکـێك دەڵـێ: بـا وەك هـی جوولەکـەکان بـانگ بکـەین، یـەکێکی دیکـە دەڵـێ: بـا وەك نەصـرانییەکان (نـاقووس) بەکـاربێنـین، دوایـی دەڵـێ: پێیـان گـوتم: ئـەو وشـانە بڵـێ، وە کـە دەچـێ بـۆ خزمـەت پێغـەمبەر ﷺ ئـەویش پێـی دەفـەرموێ: (أَلْقِهِ عَلَـى بِـلاَلٍ، فَإِنَّـهُ أَنْـدَى مِنْـكَ صَوْتًا) ئـەو وشـانە فێـری بـیلال بکـە، بـا بـیلال بیـانڵـێ، ئەو دەنگـی لە تـۆ خۆشـترە.

زانایان دەڵـێن: ئەوە بەڵگەیـە لەسەر ئـەوەی کـە کـێ دەنگی خۆشـە ئـەو بـانگ بــدات، ئـەو شـیعارو دروشـمە بـەرزە، دەبـێ بـە دەنگێکـی زۆر زوڵاڵو خـۆشو کاریگـەر ڕابگـەیەنرێ.

## ٥) چـەنـد ئاگـاداریـی یـەك دەربـارەی بـانگو قامـەت:

یــەك: هەندێــك لــە زانایــان دەڵــێن: بـانگو قامـەت هـەردووکیان چـوار (اللّهُ أَكْبَـر)یـان لـە پێشـەوەیە، واتـە: نـەك قـامەت دوو (اللّهُ أَكْبَـر)بـێ، کـە ئێسـتا

ئێمە وادەکەین، ئەوە حەنەفییەکان ڕایان وایە، وە ڕایان وایە شایەتمانەکانیش دوو دووبن، واتە: وەك چۆن لە بانگدا دوو دوون، لە قامەتیشدا دوو دووبن، وە ئەبو حەنیفەو هاوەڵەکانیو ثەوریو حەسەنی کوڕی حەیی ڕایان وایە، کە (ترجیع) لە بانگدا سوننەت نیە.

(تَرجیع)، چییە؟ ئەوەیە کە شایەتمانەکان بەر لەوەی بانگبێژ بە دەنگی بەرز بیانڵێ، بە دەنگی نزم بیانڵێ، دوایی بە دەنگی بەرز بیانڵێ، یاخود دووجار بیانڵێتەوە، (تَرجیع)، واتە: گێڕانەوە.

دوو: مالیك دەڵێ: تەنیا یەك جار (قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ) دەگوترێ لە قامەتێدا، بەڵام زانایانی دیکە هەموو ڕایان وایە کە نەخێر دەبێ دووجار بگوترێ.

سێ: مالیكو ثەوریو لەیثو شافیعیی لە قسەی قەدیمی دا دەڵێن: (الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) لە نوێژی بەیانی دا کە (تَثویب)ی پێ دەڵێن، سوننەتە بگوترێ، بەڵام ئەبو حەنیفە، وە شافیعیی لە قسەی تازەی دا کە لە میسر گوتوویەتی دەڵێن (تَثویب)، واتە: (الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) سوننەت نیە، دیارە ڕای زۆرینە ئەوەیە کە سوننەتە، بەڵام لە هەردوو فەرموودەکەی (عَبدُاللّٰه بْن زَيد)، و(أَبِي مَحْذُورَةَ)دا (الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) لە بانگی بەیانیدا هەیە.

چوار: زانایان یەکدەنگن کە هەتا کاتی بانگ نەبێ، دروست نیە بانگ بدرێ، جگە لە نوێژی بەیانی، وە نوێژی بەیانی پێش کاتی هاتنی نوێژیش دروستە بانگ بدرێ، بۆ ئاگادارکردنەوەی مسوڵمانان، وەك لەم فەرموودەیەدا دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ بِلاَلاً يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٤٥٥١)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٦٣٣، ٦٢٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٠٣)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٦٣٧)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٣٤٧١) عَن ابْن عُمَرَ رضي الله عنه}، واتە: بێگومان بیلال بە شەو بانگ دەدا (واتە: شەو دەمینێ کە بانگ دەدات) بۆیە ئەگەر گوێتان لە بانگی بیلال بوو، جارێ لەسەر خواردنو خواردنەوە بەردەوام بن، هەتا ئیبنو ئوممی مەکتوم (واتە: عەبدوڵڵای کوڕی ئوممی مەکتوم خوا لێیان

ڕازی بێ) بانگ دەڵێ، (کە دوای ئەوەی کە شەبەقی بەیان دەدات، ئەو بانگ دەڵێ).

پێنج: ئەبو عومەر، واتە: (إبْنُ الصلاح الشَهرَزوري) وەك (قُرطُبي) لێیەوە هێناوە، دەڵێ: (ذَهَبَ أَحْمَد بْنُ حَنْبَل وَإِسْحَاق بْن رَاهويَة وَدَاوُدَ بْن عَلَى وَمُحَمَّد بْنِ جَرِير الطَّبَرِي إِلى إجَازَةِ القول بكُلّ مَا رُوي عَن رَسُول لله ﷺ وَحَملوه عَلَى الإبَاحَة وَالتَخيير، قَالوا: كُلّ ذَلِك جَائِز لأنهُ قَدْ ثَبَتَ عَنْ رَسُول الله ﷺ جَميعُ ذَلِك، وَعمِل بهِ أَصْحابه فَمَنْ شَاءَ، قَالَ الله أَكْبَر مَرَّتَين فِي أَوَّل الأَذَان، وَمَنْ شَاءَ قَالَ ذَلِك أَرْبَعاً، وَمَنْ شَاءَ رَجَّع فِي أَذَانِهِ، وَمَنْ شَاء لَمْ يُرجِّعْ، وَمَنْ شَاء ثنّى الإقَامَة، وَمَنْ شَاء أَفْرَدَهَا، إلاَّ قَوْله: "قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ" فَإِنَّ ذَلِك مَرَّتَان مَرَّتَان عَلَى كُلّ حَالٍ!!)[1]، واتە: ئیبنو صەلاحی شارەزووریی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: (أَحْمَد بْنُ حَنْبَل وَإِسْحَاق بْن رَاهوِيَه وَدَاوُدَ بْن عَلى وَمُحَمَّد بْنِ جَرِير الطَّبَرِي) دەڵێن: هەموو ئەو شێوازانەی بانگو قامەت کە لە پێغەمبەر ﷺ گێڕدراونەوە دروستە، بە هەرکامێکیان بانگ بدرێ، یان قامەت بکرێ، چونکە مادام هەموویان ڕەوان، سەرپشکبوونیان تێدایە، {کەواتە: مەسەلەکە ئەوە نیە ئەو هاوەڵە بەڕێزانە کە بەلای کەمەوە بۆ زیاتر لە نۆ (٩) ساڵ گوێیان لێبووە کە بانگ دراوەو قامەت کراوە، نەیانزانیبێ چۆن بوون؟! نا، بەڵام وادیارە بە مۆڵەتی پێغەمبەر ﷺ بە چەند شێوەیەك بانگ دراوەو، بە چەند شێوەیەکیش قامەت کراوە.

بۆیەش شێوەکان هەن، تاکو ڕێ بۆ مسوڵمانان فراوان بێ، وەك لە زۆر شتی دیکەش دا پێغەمبەر ﷺ وایکردوە بۆ وێنە: چەند جۆرە تەحیاتێکی خوێندوە، چەند جۆرە (إستفتَاح)ێکی خوێندوە، وە چەند جۆرە زیکرێکی ڕکووعو سەجدە هەن} ئنجا دەڵێ: ئەوانە هەموویان لە هاوەڵان گێڕدراونەوەو هاوەڵانیش کاریان پێکردوون، بۆیە کەسێك بیەوێ با لە سەرەتای بانگدا دوو (اللهُ أَكْبَر)ان بکات، وە ئەوەی دەیەوێ با چوار (اللهُ أَكْبَر)ان بکات (وەك

---

١) الجامع لأحكام القُرآن ج٦، ص٢٠٠.

ئێستا باوە)، وە کەسێك بیەوێ با بە (ترجیع) بانگ بدات، ئەوەی ناشیەوێ با بە (ترجیع) بانگ نەدا، وە کەسێك بیەوێ با (اللّهُ أَكْبَر)ی قامەتیش دوو دوو بن و دەتوانێ شایەتمانەکان یەك بن، جگە لە (قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ) ئەوە دەبێ هەر دوو جار بێ، بە پێی ڕای زۆربەی زانایان، جگە لە ڕای ئیمام مالیك.

### ٦) وەڵامدانەوەی بانگ:

ئەوە سوننەتێکە کە زۆر لە مسوڵمانان فەرامۆشیان کردوە، بەڵام سوننەتێکی زۆر گەورەیەو، پێغەمبەر ﷺ زۆر گرنگیی پێداوە، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿إِذَا قَالَ الْمُؤَذِّنُ: اللّهُ أَكْبَرُ، اللّهُ أَكْبَرُ، قَالَ أَحَدُكُمْ: اللّهُ أَكْبَرُ، اللّهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللّهُ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللّهُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللّهِ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّهِ، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ، قَالَ: لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللّهِ، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الْفَلاحِ، قَالَ: لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللّهِ، ثُمَّ قَالَ: اللّهُ أَكْبَرُ، اللّهُ أَكْبَرُ، قَالَ: اللّهُ أَكْبَرُ، اللّهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: لا إِلَهَ إِلا اللّهُ، قَالَ: لا إِلَهَ إِلا اللّهُ، مِنْ قَلْبِهِ دَخَلَ الْجَنَّةَ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِم برقم: (٨٤٨)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٥٢٧)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٦٨٥) عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رضي الله عنه}، واتە: ئەگەر بانگدەر گوتی: (اللّهُ أَكْبَرُ، اللّهُ أَكْبَرُ)، یەکێك لە ئێوەش وەك وی گوتی: (اللّهُ أَكْبَرُ، اللّهُ أَكْبَرُ) دوایی بانگدەر گوتی: (أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللّهُ) ئەویش وەك ئەو شایەتمانی هێنا، دوایی گوتی: (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّهِ)، ئەویش وەك ئەوی گوتەوە، دوایی کە بانگدەر گوتی: (حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ) ئەویش گوتی: (لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللّهِ)، دوایی گوتی: (حَيَّ عَلَى الْفَلاحِ)، ئەویش گوتی: (لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللّهِ)، دوایی بانگدەر گوتی: (اللّهُ أَكْبَرُ، اللّهُ أَكْبَرُ) ئەویش وایگوت، دوایی بانگدەر گوتی: (لا إِلَهَ إِلا اللّهُ) ئەویش وایگوت، ئەو وشانەی بە دڵ گوتن، دەچێتە بەهەشت.

لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ الْمُؤَذِّنَ: أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَه إِلاَّ اللّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللّهِ رَبّاً، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً، وَبِالإِسْلامِ دِيناً، غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ﴾

{أَخْرَجَهُ مُسْلِم بِرقم: (٨٤٩)، وَأَبُو دَاوُد بِرقم: (٥٢٥)، والتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٢١٠)، والنَّسَائِيُّ بِرقم: (٦٧٨)، عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ ﷺ}، (دوای ئەوەی کە بانگ دەدرێ‌و، وەڵام دەدرێتەوە، با وانەزانرێ تێکدەگیرێن، وەڵامی بانگ لەگەڵ بانگ دەدرێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی وەڵامی بانگ تەواو بوو، ئنجا ئەو دوعایە دەکرێ)، واتە: هەر کەسێك گوێی لە بانگبێژ بوو کە بانگیدا، وە گوتی: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَه إِلاَّ اللّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ)، واتە: شایەدیی دەدەم کە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوی بە هەق نین (وَأنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)، واتە: وە شایەدیی دەدەم کە موحەممەد بەندەی خواو ڕەوانەکراوی خوایە، وە پاشان گوتی: (رَضِيتُ بِاللّهِ رَبّاً، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً، وَبِالإِسْلاَمِ دِيناً، غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ)، واتە: ڕازییم بە پەروەردگاریتیی خوا، وە ڕازییم بە پێغەمبەرایەتیی موحەممەد لەلایەن خواوە، وە ڕازییم کە ئیسلام بەرنامەم بێ، هەر کەسێك (بە دڵ) ئەوە بڵێ: ئەوە هەرچی گوناهی پێشوویەتی دەبووردرێ‌و دەسڕێتەوە، سوننەتە کاتێك ئینسان گوێی لە بانگ دەبێ ئەو دوعایە بخوێنێ.

### ٧) پاداشتی بانگ‌و پایەی بانگ بێژان:

بانگدان عیبادەتێکی زۆر گەورەیە، بە پێی ئەم دەقانە:

أ- ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، أَنَّ رَسُولَ اللّهِ ﷺ، قَالَ: (إِذَا نُودِيَ لِلصَّلاَةِ أَدْبَرَ الشَّيْطَانُ وَلَهُ ضُرَاطٌ حَتَّى لاَ يَسْمَعَ التَّأْذِينَ)﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بِرقم: (٦٠٨)، وَمُسْلِم بِرقم: (٨٥٤)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٥١٦)، وَالنَّسَائِيُّ بِرقم: (١٢٥٣)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (١٦٦٣)}، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: کاتێك بانگ دەدرێ بۆ نوێژ، شەیتان ڕادەکاو پشت دەکاتەوە، (با)ی لێ‌دەبێتەوە، تاکو گوێی لە بانگەکە نەبێ، (بە دەنگی بەرز بای لێ بەردەبێ).

ب- ﴿عَنْ مُعَاوِيَة ﷺ سَمِعْتُ رَسُولَ اللّهِ ﷺ يَقُولُ: (الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقاً يَوْمَ الْقِيَامَةِ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (١٦٩٠٧)، وَمُسْلِم بِرقم: (٨٥٠)، وَابْنُ مَاجَهْ بِرقم: (٧٢٥)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (١٦٦٩)، وَالبَيْهَقِيُّ فِي (شعب

الإيمان) برقم: (٣٠٥١)) واتە: موعاویە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: بانگبێژان لە هەموو كەس لە ڕۆژی قیامەت گەردنیان بەرزترە، (جا گەردنی ڕواڵەتییان بەرز دەبێ، یان مەبەست پێی ئەوەیە پایەیان بەرزە)، بەڕاستیی ئەوانەی ئەو دروشمو شیعارە بە گوێی مسوڵمانانداا دەدەن لە قیامەت سەربەرزنو، ئەگەر مەبەست پێ گەردن بەرزییش بێ، مەبەست جوانیی قەدو قیافەكەیان.

ج- ﴿عَنْ أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ رَسُولَ اللهِ ﷺ: (لا يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ، وَلا إِنْسٌ، وَلا شَيْءٌ، إِلا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١١٤١١)، وَعَبْد بْنُ حُمَيد برقم: (٩٩٣)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٦٠٩)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٦٤٤)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٧٢٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٦٦١)}، واتە: ئەبو سەعیدی خودریی خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: دەنگی بانگبێژ نابیستێ، جنو ئادەمیزادو، هیچ شتێك، (واتە: وەكو ئاژەڵو ژیاندارانی دیكەش) مەگەر ڕۆژی قیامەتێ شایەدیی بۆ دەدەن.

د- ﴿عَنْ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولَ اللهِ ﷺ: (مَنْ أَذَّنَ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ سَنَةً، وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ، وَكُتِبَ لَهُ بِتَأْذِينِهِ فِي كُلِّ يَوْمٍ سِتُّونَ حَسَنَةً، وَلِكُلِّ إِقَامَةٍ ثَلاثُونَ حَسَنَةً)﴾ {أَخْرَجَهُ وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٧٢٨)، والبَزَّار برقم: (٥٩٣٣)، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح سُنن ابنُ مَاجَه)}، واتە: ئیبنو عومەر خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر كەسێك دوازدە ساڵان بانگ بڵێ، (وە قامەتیش بكات) بەهەشتی بۆ پێویست دەبێ، وە بە هەر بانگێك كە هەموو ڕۆژێك دەیدات، شەست (٦٠) چاكەی بۆ دەنووسرێ، وە بە هەر ئیقامەیەكیش كە دەیخوێنێ، سی (٣٠) چاكەی بۆ دەنووسرێ.

## ٨) ئایا كرێ وەرگرتن لە بەرانبەر بانگ بێژیی دا دروستە؟

زانایان لەوبارەوە ڕاجیاییان هەیە، دوو فەرموودە دێنینەوە لەوبارەوە:

یەكەم: ﴿عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاصِ رضي الله عنه قَالَ: إِنَّ مِنْ آخِرِ مَا عَهِدَ إِلَيَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ أَنْ اتَّخِذْ مُؤَذِّناً لا يَأْخُذُ عَلَى أَذَانِهِ أَجْراً)﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم:

(٥٣١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٠٩)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٦٧١) قال الشيخ الألباني: صحيح}، واته: عوسمانی كوڕی ئەبی عاص خوا لێی ڕازی بێ گوتوویەتی: دوایین شتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ بە منی ڕاگەیاند، فەرمانی پێكردم، كە هیچ بانگبێژێك نەگرم، كە لە بەرانبەر بانگدانەكەیدا كرێ وەربگرێ، كەواتە: بە پێی ئەم فەرمایشتە بێ، دروست نیە كرێ لە بەرانبەر بانگدان دا وەربگیرێ.

دووەم: بەلاّم لە فەرموودەكەی (أَبِي مَحْذُورَةَ)دا كە پێشتر هێنامان، لە كۆتایی فەرموودەكەدا دەڵێ: ﴿ثُمَّ دَعَانِي حِينَ قَضَيْتُ التَّأْذِينَ، فَأَعْطَانِي صُرَّةً فِيهَا شَيْءٌ مِنْ فِضَّةٍ﴾، واته: دوای ئەوەی كە بانگەكەم گوت (دیارە كاتی نوێژ بووە، بانگی داوە) بانگی كردم، پرێسكەیەكی دامێ، توورەكەیەكی دامێ، ئەندازەیەك زیوی تێدابوو.

شەرعزانانیش زۆر قسەیان لەو بارەوە كردوە، وە من پێمـوایە وەرنەگرتنی كرێو پارە لە بەرانبەری بانگدا باشترە، بەلاّم ڕەواشە وەربگیرێ، بەتایبەتی بۆ ئەو كەسەی خۆی بۆ ئەو كارە تەرخان كردبێ، وە كارێكی وای نەبێ كە پێی بژیەت.

**مەسەلەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ هَلۡ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلُ وَأَنَّ أَكۡثَرَكُمۡ فَٰسِقُونَ ﴾، بڵێ: ئەی خاوەن كتێبینە! چیمان لێ بە عەیب دەگرن، ڕەخنەمان لەسەر چی لێ دەگرن، ئەوە نەبێ كە بڕوامان بە خوا هێناوە، وە بەوەی كە بۆ ئێمە نێردراوەتە خوار كە قورئانە، وە بەوەی كە پێش ئێمەش نێردراوەتە خوار (كە هەموو كتێبەكانی خوان)؟! واتە: ئایا ئەوەمان لێ بە عەیب دەگرن، كە بڕوامان بە خواو بە كتێبەكانی خوا هەیە؟! ﴿وَأَنَّ أَكۡثَرَكُمۡ فَٰسِقُونَ﴾، وە چ هۆكارێكی دیكە هەیە بۆئەوەی ڕەخنەمان لێ بگرن، ئەوە نەبێ كە ئێوە زۆربەتان لارێن، لاڕێییتان وا دەكات ڕەخنە لە ئێمە بگرن، وەك گوتراوە (بابای نەخۆش ئاوی شیرینی بەدەم

تاڵە)، ئێوە لەبەرئەوەی بۆخۆتان لارێن، ئێمە کە بەرێدا دەڕۆین بەڕاستیی، ڕاست ڕۆیشتنەکەی ئێمەتان پێ عەیبەو، لێمان بە ڕەخنە دەگرن، ئەمە وەك ئەو ئایەتە وایە: ﴿ وَمَا نَقَمُواْ مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ﴿٨﴾ ﴾ البروج، واتە: ئەوانەی ئیماندارانیان کوشت (وەك لە سووڕەتی "البروج"دا باسیان دەکات، کە پێش هاتنی ئیسلام کەسانێکی کافر کۆمەڵێك ئیمانداریان کوشتوون)، هیچیان لێ بە عەیب نەگرتن، ئەوە نەبێ کە ئیمانیان هەبوو بە خوای زاڵی شایستەی ستایش‌و سوپاس، هەر ئیمان هێنان بە خوایان لێ بە عەیب دەگرتن، ئەمە وەك ئەو شیعرەی شاعیرێك وایە کە مەدحی قەومەکەی خۆی دەکات، دەڵێ:

لا عَيْبَ فِيهِم غَيْرَ أَنَّ سيُوفَهُم　　　بِهِنَّ فُلولٌ مِن قِرَاعِ الكتَائِبِ

واتە: قەومەکەی من هیچ عەیبیان نیە، تەنیا ئەوە نەبێ کە شمشێرەکانیان پاچاوەنەوە، هێندەی شەڕە شمشێری پێبکەن! کە دیارە ئەوەش عەیب نیە، شمشێر وەشێنێك هێندە شمشێرەکەی وەشاندبێ دەمەکەی پاچابێتەوە، مانای زۆر ئازاو بەجەرگە! کەواتە: وایە قەومەکەی من هیچ عەیبیان نیە، مەگەر چاکەکانیان بە عەیب بزانن!

وشەی (نَقَمُواْ ) بە (نَقِمَ)ش دەخوێنرێتەوە، ئەگەر لە قورئاندا نەبێ (نَقِمَ، يَنْقَمُ، نَقَمَ، يَنْقِمُ)، واتە: ڕەخنەی گرت، ڕەخنەی لێدەگرێ، نکوولیی لێکرد، نکوولیی لێدەکات، عەیبی لێگرت، عەیبی لێدەگرێ، (فهو ناقم)، (ناقم)، واتە: ڕەخنەگر، یاخود عەیب گر، زۆر جاری دیکەش ئاماژەم پێداوە، خوا ﷻ لە قورئاندا هەرگیز گشتاندن بەکارناهێنێ، زۆر بەدەگمەن، وەك ئەوەی بفەرموێ: هەمووتان وان، یان ئەهلی کیتاب هەموویان وان، یان موشریکەکان هەموویان وان، بەڵکو دەفەرموێ (أَكثَرهُم) کە باسی خەڵك دەکات دەفەرموێ:

﴿ وَأَكۡثَرُهُمۡ لِلۡحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾ المؤمنون، لێرەدا کە باسی کافران دەکات، دەفەرموێ: ﴿ أَكۡثَرَكُمۡ فَٰسِقُونَ ﴾، یان باسی ئەهلی کتێب دەکات دەفەرموێ:

﴿وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ﴾، بۆئەوەی ئێمەش فێری ئینصاف بین، هەرگیز نەڵێین: هەمووی وایە، نا، هیچ قەومێکی خراپ لە چاکە خاڵیی نابن، هەروەك هیچ قەومێکی چاکیش لە خراپە خاڵیی نابن، خودا فێری ئینصافو دادگەرییمان دەكات، تاكو حوكمی گشتاندن بەسەر خەڵكدا نەدەین.

**مەسەلەی چوارەم:** كە دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾، پێشتر لە هۆی هاتنە خوارەوەكەی دا باسمان كرد، كە هەندێك لە خاوەن كتێبەكان هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، وە دوای ئەوەی لە پێغەمبەری خوایان ﷺ پرسی: ئیمانت بە كێ هەیە؟ ئەویش فەرمووی: بڕوام بە خوا هەیە، وە بەو كتێبانەی كە ناردوونیو بە هەموو پێغەمبەران، گوتیان: هیچ دینێكمان نەبینیوە لە دینی ئێوە خراپتر، جا هەندێك لە توێژەرەوان دەڵێن: ئەوە وەڵامی ئەو قسەیەیانە: ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ﴾، ئایا هەواڵتان پێبدەم دینداریی كێ زۆر خراپە؟! چونكە دین خراپ نیە كە خوا ناردوویەتی، یاخود پێتان بڵێم شوێنكەوتووانی چ دینێك خراپنو، كێ سزای لەلای خوا خراپترە؟ هی كەسێك كە ﴿لَّعَنَهُ ٱللَّهُ﴾، خوا نەفرینی لێكردوون، ﴿وَغَضِبَ عَلَيْهِ﴾، وە لێیان تووڕە بووە، ﴿وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ﴾، وە هەندێكی لێ گێڕاون بە مەیموونو بەراز، ﴿وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ﴾، وە طاغووتیشیان پەرستوە، كە ئەو چوار سیفەتە هەر چواریان لەسەر جوولەكەكان دەچەسپێن.

كەواتە: ئێوە سزاتان لە هەموو خاوەن دینەكانی دیكە قورسترەو، ئێوە لە هەموو كەس خراپترن، چونكە ئەو چوار سیفەتەتان تێدان، خوا لەعنەتی

لێکـــردوون، لێتـــان تووڕەبـــووە، هەنـــدێکتانی کـــردوە بـــە مـــەیموونو بـــەراز، وە طاغووتیشتان پەرستوە، دیارە ئێمە لە بەرگی یەکـەمی ئـەم تەفسـیـرە لـە سـووڕەتی (البقـرة)دا، باسـی چۆنیـەتی بوونـە مەیمـوونو بـەرازی هەندێـك لـە بـەنی ئیسـرائیلمان کـرد، وە کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾، بـە چـەند قیـرائەتێك، بەچـەند شـێوەیەك خوێندراوەتـەوە، مەبەسـت ئەوەیـە کـە ئەوانـە طـاغووتیـان پەرسـتوە، طـاغـووت کێیـە؟ دەڵـێ: (وكـلُّ مَـنْ أطـاعَ أَحَـدَاً فِـي مَعْصِـيَةِ اللهِ فَقَـدْ عَبَـدَه)[1]، واتە: هـەر کەسێك فەرمانبـەریی کەسێك بکات کـە سـەرپێچیی خـوا بـێ، ئـەوە ئـەو کەسـەی پەرسـتوە، دیـارە ئەمـە زانینـی زۆر شـتێکی گرنگـە، بـۆ وێنـە: کەسـێك فەرمانبـەریی حیزبێکـی بـێدیـن دەکـات، لـە شـتێکدا کـە سـەرپێچـیی خـوای پەروەردگـارە، مانای وایە ئەو حیـزبەی پەرستوە، وە هەر کەسێك بـە قسـەی مەلایـەك، یـان شـێخێك، یـان سیاسـییەك، یـان هـەر کەسـێك بکـات، لـە شـتێکدا کـە سـەرپێچـیی خوایـە، مانـای وایـە بـە ئەنـدازەی ئـەوەی بـە قسـەی دەکـات، لـە سـەرپێچییکـردنی خـوادا، پەرسـتوویەتی، چونکـە پەرسـتن یـانی چـی؟ یـانی بـۆ ملکـەچ بـوونو گوێڕایـەڵ بـوونو بەقسـەکردن، طـاغووتیـش زۆربـەی توێـژەرەوان دەڵێـن: (كُـلُّ مَعْبُـودٍ سِـوَى الله)، هەر پەرسـتـراوێکە جگـە لـە خـوا، بـەڵام ئـەوەی مـن بـۆم دەرکـەوتـوە، (طــاغوت: كُــلُّ مُطَـاعٍ سِـوَى الله)، واتـە: هـەر کەسـێك بەقسـەی بکـرێ، جگـە لـە خـوا، چـونکە مـن پێمـوایە بـتو صـەنەمو خـۆرو ئەسـتێرەکان، ئەوانـە بـە طـاغـووت لـە قەڵـەم نـادرێن، هەرچـەندە دەشپەرسترێن، بەڵـکو هـەر کەسـێك خـەڵك ملکـەچ بکـاو، ناچـاریان بکـاتو، ڕێیـەکیان پێشـانبدا ناچاریان بکـات لەسـەری، ئەوە طـاغووتە، وە هـەر کەسێك فەرمانبـەریی بـۆ بکـرێ بـە شـێوەیەك ئـەو فەرمانبـەریی کردنـە لەگـەڵ شـەریعەتی خـوادا تێکبگـیـرێ، ئەوە طـاغووتە، طـاغووت زیاتر ئەوانەن کـە خـاوەن ئـیرادەن، جا چ ئینسـان بـێ، چ شـەیتان بـێ، بـەڵام ئـەوەی ئیـرادەی نـەبێ، یـاخود ئیـرادەی هەبـێ، بـەڵام پێـی خۆشـنەبـێ مامەڵـەی بـەو شـێوەیەی لەگـەڵدا بکرێ، بـۆ وێنـە: نەصـرانییەکان کـە عیسـا عليه السلام دەپەرسـتن، وە بـە کـوڕی خـوای دەزانـن، یـاخود هەنـدێك لەوانـەی کـە

---

١) التفسير الكبير ج١٢، ص٣٢.

فریشتەکان دەپەرستن، یاخود پێغەمبەرانی دیکە دەپەرستن، ئایا ئەو پەرستراوانە پێیان دەگوترێ طاغووت؟ نەخێر، چونکە خەڵکیان ناچار نەکردوە، پێیان خۆشنەبووە بەو شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن.

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا جَآءُوكُمْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُواْ بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكْتُمُونَ ﴾، خوا ﷻ لێرەدا باسی حاڵەتی نیفاقو دووڕوویی و دەغەڵیی دەکاتو، بەپێی سیاقەکە دەردەکەوێ، کە زیاتر مەبەست پێی جوولەکەکانە، دەفەرموێ: کاتێك دێن بۆ لاتان دەڵێن: ئیمانمان هێناوە، هەرچەندە بە کوفرەوە هاتبوونە لاتان، وە بە کوفریشەوە چوونەدەر لەلاتان، وە خواش زاناترە بەوەی دەیشارنەوە، کەواتە: جوولەکەکان هەر هەموویان نەیانگوتوە جوولەکەین، بەڵکو هەندێکیان حاڵەتی نیفاقیان بەکارهێناوەو گوتوویانە: ئیمانمان هێناوە، کەچی ڕاستیشیان نەکردوە، وە کاتێك کە هاتوونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ هەر کافر بوون، وە کاتێك کە چوونە دەرێش هەر کوفریان پێ بووە، واتە: هیچ لێی بەهرەمەند نەبوون، ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە بێ تەوفیقیی زۆر شتێکی نەگبەتییەو زۆر موصیبەتە، تەماشا بکەن! ئەوانە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دابوونە، کە سەراپا نوورو بەرەکەت بووە، ئنجا وەرە لە خزمەتی دابنیشیو، قورئانت بۆ بخوێنێتەوەو، ئەو ڕەوشتە بەرزو پەسندەو ببینیو ئەو نوورو بەرەکەتەی هەبێ، کەچی سوودی لێ نەبینی!! ئەوە بەڕاستی گەورەترین موصیبەتو بەڵایە، کە ئینسان لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دابێ، یان لە خزمەت کەسانێك دابێ کە بە ڕێی پێغەمبەر ﷺ دادەچن، بەڵام لێیان بەهرەمەند نەبنو، لێیان سوودمەند نەبن، پاشان دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكْتُمُونَ ﴾، وە خوا زاناترە بەوەی کە دەیانشاردەوە، واتە: ئەوەی کە دەیانشاردەوە، چ ئەو کوفرە بووە، چ پیلان بووە، چ هەر شتێکی دیکە بووە، خوای پەنهانزان پێی زانایە، وە لە کاتی پێویستدا پێغەمبەر ﷺو مسوڵمانانی لێ ئاگادار کردۆتەوە، بۆئەوەی لە پیلانو فێڵەکانیان تووشی زیان نەبن.

**مەسـەلەی شـەشـەم:** كە دەفـەرموێ: ﴿ وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾، زۆریـان دەبـینی خێراییـی دەكـەن لـە گونـاحو لە دەستدرێژییو لە حەرام خۆرییدا، ئەوە خراپترین كردەوەیە كە دەیكەن،

لێرەدا دیسان دەفـەرموێ: ﴿ وَتَرَىٰ كَثِيرًا ﴾، نافەرموێ: هـەموویان، بۆچـی؟ چونكە دیـارە هەنـدێك لـە جوولەكـەكان بـە پێـی دینـی خۆیـان بەڕێوەچـوونو گوناهیـان نـەكردوە، دەسـتدرێژییان نـەكردوەو، حەرامیشـیان نـەخواردوە، خـوای دادگـەر ئێمـە فێـری ئینصـاف دەكـات، دەربـارەی جوولەكـەكان نافـەرموێ: هـەموویان (كُلُّهـم) دەفەرمـوێ: ( كَثِيرًا )، زۆریـان، دیـارە هەیـانبووە بـەپێی دینەكـەی بەڕێوەچـووەو گوناهیشـی نەكـردوە، وە بـەپێی دینـەكەی خـۆی دەستدرێژیشـی نـەكردوەو، حەرامیشـی نـەخواردوە، بـەڵام دیـارە ئـەوانی دیكـە بـەپێی دینەكـەی خۆیشـیان دەسـتدرێژییان كـردوەو حەرامیشـیان خـواردوە.

خـوای كـاربەجـێ، لێـرەدا سـێ شتـی باسـكردوون: (الإِثـم، والعُـدوَان، وأكـل السُّحت).

(الإِثـم)، بریتیـە لەو گوناهـانەی ئینسـان لە نێوان خـۆیو خـوادا دەیانكـات.

(العُدوَان)، بریتیـە لەو گوناهـانەی كە ئینسـان لە نێوان خـۆیو خەڵكدا دەیانكات.

(أكـل السُّحت)، بریتیـە لـەو گوناهـانەی كـە ئینسـان هـەم لـە نێـوان خـۆیو خوادا دەیانكـات، وە هـەم لـە نێـوان خـۆیو خەڵـكـدا، بـەو ئیعتیبـارەی حەرامێـك دەخوات كـە خـوا قەدەغـەی كـردوە، ئـەوە لـە نێـوان خـۆیو خـوادا دایـە، وە بـەو ئیعتیبارەی كە مەگەر چۆن دەنـا حـەرام هەقـی خەڵكـە، لـە نێـوان خـۆیو خـەڵك دایـە كەواتـە: ئـەوەی سـێیەم (إثـم)و (عـدوان)یـش كـۆ دەكاتـەوە، بۆیـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾، ئـەوە خراپتـرین كردەوەیـان بـوو كـە دەیانكرد، واتە: حەرام خواردنەكـە، یاخـود هـەر سـێ جۆرە گوناهەكە.

**مەسەلەی حەوتەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ لَوْلَا يَنْهَاهُمُ ٱلرَّبَّانِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ ٱلْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ﴾، مەبەست لە ئایەتی پێشوو عەوامەكانی ئەهلی كیتاب بوو، بەڵام ئەم ئایەتە كە لێرەدا قسەی لێدەكەین، مەبەست پێی زانایانیانن، قورئان هەر وشەیەكی دەبێ لێی وردبیەوە، ئەو وشەیە بۆچی لەم وشەیە جیایە؟ بۆچی لەوێ پیتێك زیادە؟ هەڵبەتە هەمووی نهێنی لەبن دایە، هەرچەندە ئێمە كەمتر لایەنە ڕەوانبێژییەكانی زمانی عەرەبی باس دەكەین، چونكە ئەم تەفسیرە، بۆ كوردزمانان دەكەین‌و ئەوانیش كەمیان لە زمانی عەرەبیی دا پسپۆڕو شارەزان، وە من خۆشم ئیددیعای ئەوە ناكەم كە زۆر پسپۆڕو شارەزام لە زمانی عەرەبی‌و لایەنی ڕەوانبێژییەكەی دا، بەتایبەتی قورئان كە زۆر وردەكاریی تێدایە، هەر كام لە: (زمخشري) و (بیضاوي) و (نسفي) و (فخرالدين الرازي) زۆر وردەكارییان لەو بوارەدا باسكردوە، ئێمەش هەر نەبێ دەتوانین لەوانەوە نەقڵ بكەین، بەڵام دەزانم خوێنەری كورد كەمتر لێی بەهرەمەند دەبێ، بەڵام ئەوەی كە پێویستەو چاك تێگەیشتنی ئایەتەكان دەیخوازێ هەر دەبێ ئاماژەی پێ بدەین، خوای بەرز باسی عەوامی جوولەكەكانی كرد، ئنجا باسی زاناكانیان دەكات‌و دەفەرموێ: ﴿ لَوْلَا يَنْهَاهُمُ ٱلرَّبَّانِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ ٱلْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ ٱلسُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ﴾، واتە: دەبوایە ڕەببانییەكانیان‌و ئەحبارییان (ڕەببانییەكانیان، واتە: مشوورخۆرو كاربەدەستەكانیان، ئەحبارەكانیش واتە: زاناكانیان) ڕێیان لێ گرتبان لە قسەی خراپ‌و خواردنی حەرام، وە ئەوە (بێ هەڵوێستییان لە بەرانبەر عەوامەكانیاندا، كە لە قسەی گوناح خواردنی حەرام نایان سڵەمێننەوەو ئامۆژگارییان ناكەن)، خراپترین شتە كە زۆر بە كارامەیی دەیكەن، كەچی بەنسبەت عەوامەكان فەرمووی: ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ ﴾، چونكە زانایان‌و مشوورخۆران وەختێك شتێك دەكەن، زۆر بە وەستایی‌و كارامەیی‌و لێزانیی دەیكەن، خەڵكی

عـەوام هـــەروا لامســـەرلایی دەیکـــات، بـــەڵام ئـــەوان زۆر بـــە وەســـتاییو لێزانیـــیو کارامەیی دەیکەن، چونکە ئێمـە لە زمـانی عەرەبیـدا سـێ وشـەمان هـەن (فعـل، عمـل، صُـنع):

١- (فعـل)، بریتیـە لـە هـەر کردوەیـەك بکـرێ، بـا نیەتیشـی لەگـەڵ دانـەبێ، کـە پاڵدەدرێتـە لای بـێ ژیـانو ئـاژەڵو زینـدەوەرانیش.

٢- (عمـل)، بریتیـە لـەوەی نیـەتی لەگـەڵ دابـێ.

٣- (صُـنع)، بریتیـە لـەوەی نیـەتی لەگـەڵ دابێو کارامـەییو دەسـت ڕەنگینیشـی لەگـەڵ دابـێ.

ئنجا وشـەی (لَوْلا)، لە زمـانی عەرەبیـدا ئەگەر بچێتـە سـەر کـرداری ڕابـردوو (الفعل الماضي) ئەوە مانای سـەرزەنشـتکردن (تـوبیخ) دەگەیـەنێ، وەك دەفەرموێ: ﴿لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ ﴿١٣﴾﴾النور، خوا سـەرزەنشـتیان دەکات کە بۆچی چوار شـاهێدیـان نەهێنـان! بەڵام ئەگـەر بچێتـە سەر (الفعل المضارع) ئـەوە مانـای هانـدان (تحضـیض) دەگەیەنـێ، ﴿لَوْلَا يَنْهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّـٰنِيُّونَ﴾، یـانی: دەبووایـە مشـوورخۆرو زانایـانیـان لە قسـەی گونـاحو خواردنی حەڕامیان گێـڕابانەوە..

کـە دەفـەرموێ: ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَصْنَعُونَ﴾، واتـە: خـراپترین کـار هەڵوێسـتی مشـوورخۆرو زانـایانێکـە، کە لە خراپـەیەکەوە ڕادەمێنـن، لەنێـو خەڵـکدا دەکـرێ، وە خـەڵك لە خراپـە ناگێڕنەوەو ئامۆژگارییـان ناکـەن.

**مەسـەلەی هەشـتـەم**: کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌ ۚ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا۟ بِمَا قَالُوا۟ ۘ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ ۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَـٰنًا وَكُفْرًا ۚ وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ كُلَّمَآ أَوْقَدُوا۟ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ۚ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ

ﭐلْمُفْسِدِينَ ﴾، جوولەکەکان بێڕێزیی‌و بێئەدەبیی گەورە گەورەیان کردوون لە بەرانبەر خوادا، وەك لە سووڕەتی (آل عمران)یشدا پێشتر باسمان کرد، خوا دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ... ﴿١٨١﴾ ﴾، واتە: خوا قسەی ئەوانەی بیست کە گوتیان: خوا هەژارەو ئێمە دەوڵەمەندین، جا ئەوە دەگونجێ بە تەوس‌و توانجەوە گوتبێتیان، وە دەشگونجێ هەر قەناعەتیان وا بووبێ، گرنگ ئەوەیە لێرەدا ئەو قسەیان لێ نەقڵ دەکات‌و دەفەرموێ: جوولەکەکان گوتیان: خوا دەستی بەستراوە (غُلّ) واتە: کۆت‌و پێوەند، ئەوەی کە دەستی ئینسانی پێ دەبەسترێ، یانی: وەك چۆن کەسێك دەستی دەبەسترێ، وە ناتوانێ دەستی بخاتە گیرفانی، خوای پەروەردگاریش نابەخشێ، مەبەستیان ئەوەیە!

جا ڕەنگە ویستبێتیان ڕەخنە بگرن لە ئیسلام‌و مسوڵمانان‌و بە توانجەوە ئەو قسەیان کردبێ، واتە: ئێوە کە دەڵێن: خوا دەفەرموێ: ﴿... وَأَقْرَضُواْ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: قەرزی باش لەگەڵ خوادا بکەن، دەیانگوت: خوا بۆ داوای قەرز لە ئێمە دەکات، بۆخۆی نابەخشێ؟ یاخود هەر قەناعەتیان وابووە، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْ ﴾، جوولەکەکان گوتیان: خوا دەستی بەستراوە! دەستیان ببەسترێ، وە نەفرینیان لێ بێ، بەهۆی ئەو قسەوە کە کردیان.

خوای پەروەردگار دەربارەی بەخشین لە سووڕەتی (الإسراء) دا دەفەرموێ:

﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾ ﴾الإسراء، واتە: دەستت مەنووقێنە بە ملتیەوەی بنووسێنی، (کەسێك بیانەوێ شتێکی لێ بستێنن، دەستی دەباتە بن گەردنی تا هیچی

لێنەستێنن)، وە واشی لێ مەکە هیچی پێوە بەندنەبێ، واباشە شتێکی پێوە بەندببێو شتێکیش ببەخشی، حاڵەتی سەخاوەت ئەوەیە، لە نێوان زێدەڕۆییو ڕەزیلییدا بی، وە لە سووڕەتی (الفرقان)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ﴿٦٧﴾ ﴾، ئنجا خوا ﷻ لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُ ﴾، بەڵکو خوا هەر دوو دەستی کراوەن، چۆنی بوێ وا دەبەخشێ، لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (فلان بَسَطَ یده)، یانی: فڵان کەس سەخاوەتی نواند، بەخشی، بەڵام ئەگەر بگوترێ: (قَبضَ یَدَهُ)، واتە: نەیبەخشیو دەستی نووقاند، لە زمانی عەرەبی دا ئەو جۆرە تەعبیرانە بەکاردێن (مبسوطة الید)، ئەگەر دەستێکی کراوەبێو ببەخشێ، ئەدی ئەگەر بە دوو دەستان؟ خوا دەفەرموێ: ﴿ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ ﴾، مانای ئەوەیە بەدوو دەستان ببەخشێ، هەر زۆر زۆر سەخییە، خوای پەروەردگار ئەوپەڕی کەرەمو بەزەیی هەیە، نەك مەبەستی ئەوەبێ دوو دەستی خوای پەروەردگار بێنیە بەرچاوت! لێرەدا نەویستراوە باسی سیفەتێکی خوا بکرێ، کە دوو دەستی خوان، بۆچی؟ چونکە: ئەوان ئینکاریی دەستی خوایان نەکردوە، بەڵکو ئەوان ئینکاریی سەخاوەتو بەخششو کەرەمی خوایان کردوە، خوای بەرزیش دەیەوێ ئیسپاتی بەخشندەیی خۆی بکات، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا ئەو تەعبیرە بەکاردێ، ئەگەر بە کەسێك بڵێین زۆر بەخشندەیە دەڵێن بە هەردوو دەستان دەبەخشێ.

# ئاماژەیەك بۆ راست تێگەیشتنی ئەو وشانەی وەسفی خوایان پێ دەكرێ

دیارە من لە كتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی) لە بەرگی (٣)دا، بە درێژیی باسی ناوو سیفەتەكانی خوای بێوێنەم كردوە، بەڵام لەو سیاقانەدا كە خوای زاناو شارەزا وشەیەك بەكاردێنێ، ئێمە دەبێ تەماشا بكەین، بزانین خوا باسی سیفەتێكی خۆی دەكات، یاخود دەیەوێ تەعبیری پێ بكات لە مانایەكی دیكە، بۆ وێنە: كە لە سوورەتی (القلم)دا دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ ﴿٤٢﴾﴾، واتە: ئەو رۆژەی كە لاق هەڵدەكرێ، لێرەدا هەندێ لە زانایان گوتوویانە: خوا (ساق)ی هەیە، بەڵام لێرەدا خوا (ساق)ی پاڵنەداوەتە لای خۆی، بەڵكو ئەوە تەعبیرێكی رەمزییە عەرەب بەكاری دێنن، لە كوردەواریی خۆشماندا دەڵێن: رۆژی باران هەر قورە، یان ئەگەر چوویە بوارێ دەبێ لاق هەڵبكەی، یان لەكاتی تینییدا دەڵێ: خۆت گورج بكەو لاق هەڵكە، ﴿يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ﴾، واتە: ئەو رۆژەی كە خەڵك لاق هەڵدەكات، بۆ ئەوەی داوێنی شۆڕنەبێتەوە كە لە پچكان بئاڵقێو رێی لێ بگرێ بۆ راكردن، دیارە ئێمە لەسەر بۆچوونی پێشینی چاك (السلف الصالح)ین، كە دەڵێن سیفەتەكانی خوا وەك خوا فەرموونی، ئاوا دەیانڵێین..

دیارە لە قورئاندا خوای پەروەردگار چەند وشەیەكی بەكارهێناون بۆ وەسفی خۆی، وەك: (يَد، عَيْن، قَبْضَة، يَمين، ساق، وجه) هەروەها خوا وەسفی خۆیشی بە چەند كردەوەیەك كردوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلۡمَلَكُ صَفّٗا صَفّٗا ﴿٢٢﴾﴾الفجر، واتە: وە پەروەردگارت هات، وە فریشتەكانیش ریز ریز، ... هتد.

ئنجا زانایان بوونەتە دوو بەش، لە بواری تێگەیشتنیاندا بۆ ئەو وشانە:

یەکەم: دەڵێن: لەبەرئەوەی ئەو وشانە مانا ڕواڵەتییەکەیان لەگەڵ خوادا ناگونجێ، دەبێ بە شێوەیەك مانا بکرێن کە خوا بە ئینسان نەچوێنرێ، بۆچی؟ گوتوویانە: چونکە (یَد) واتە: دەست، (عَیْن) واتە: چاو، (قَبْضَة) واتە: چنگ، (یَمین) واتە: دەستی ڕاست، وە (ساق)، واتە: لاق، وە هەموو ئەوانەش ئەندامێکن لە پێکهاتەی جەستەی ئینسان، بۆیە کە دەگوترێ: دەستی خوا، لەبەرئەوەی عەقڵی ئینسان تەنیا دەرکی شتە ماددییەکان دەکات، ڕەنگە بیری بۆ ئەوە بچێ کە دەستی خوا وەك دەستی ئەو بێ! کە ئەوەش وانییە، چونکە وەك یەکێك لە زانایان دەڵێ: (وَكُلُّ مَا جَرَى بِبَالِكَ، فَاللّهُ بِخِلافِ ذَلِكَ)، واتە: هەرچی بە مێشکت دادێ، خوا پێچەوانەی ئەوەیە، وە هەروەها خوای بێوێنە بۆخۆی ئەوەی بڕیوەتەوە، وەك لە سووڕەتی (الشورى)دا فەرموویەتی: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ ۞١١﴾، واتە: هیچ شتێك وەك وێنەی خوا ﷻ نیە.

جا ئەوانە دەڵێن: دەبێ ئەو وشانە بە شێوەیەك مانا بکرێن، کە لەگەڵ پاکێتیی‌و بەرزێتی خوای بێوێنەو بێ هاوتادا بگونجێن، بۆیە دێن وشەکان تەئویل دەکەن، بۆ وێنە: دەڵێن: (یَد)، واتە: دەستەڵات، یان نیعمەت، یانی چاکەی خوا بەسەر چاکەی ئەوانەوە، وە دەربارەی وشەی: (عَیْن) دەڵێن: دەبێ تەماشا بکەین، بزانین ئایا بە مانای چاودێریی دێ، یان بە مانای ئاگالێبوون‌و پاراستن دێ، بۆ وێنە: کە دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَا ۞٤٨﴾ الطور، واتە: تۆ بە چاوەکانی ئێمەی، واتە: تۆ لە ژێر چاودێریی ئێمە دای‌و ئێمە ئاگامان لە تۆیە، یان کە دەفەرموێ: ﴿وَلِتُصۡنَعَ عَلَىٰ عَيۡنِيٓ ۞٣٩﴾ طه، واتە: بۆئەوەی لەسەر چاوی من دروست بکرێی، واتە: لە ژێر چاودێریی مندا بیت، هەروەها دەربارەی وشەی: (وَجه) دەڵێن: مەبەست پێی زاتی خوای بێوێنەیە، یان مەبەست ڕەزامەندیی خوایە.

دووەم: كـە زۆربـەی زانایـانی پێشــینن، دەڵێن: ئێمـە ئـەو وشـانە بەكـاردێنیـن، وە ماناكەشـیان دەزانـین، بـەڵام چـۆنیەتی ئـەو مانایانــە بـۆ خـوای زانـاو شـارەزا دەگێڕینــەوە، وە خــوای پــەروەردگار ئــەو وشـانەی بـۆ هەنـدێ سـیفەتی خـۆی بـەكارهێناون، وەك پرسـیار كـراوە لـەو بـارەوە لـە (مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ) دەربـارەی وشــەی: (الإسـتواء)، (قيـلَ لَـهُ: يَـا أَبَـا عَبْـدِ اللهِ ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ۝٥﴾ طــه، كَيْفَ اسْـتَوَى؟ فَقَـالَ مَـالِـكٌ: الإِسْتِوَاءُ مَعْلُومٌ وَالْكَيْـفُ مَجْهُـولٌ، وَالإِيمَانُ بِهِ وَاجِبٌ، وَالسُّؤَالُ عَنْهُ بِدْعَةٌ)، واتـه: گوتــرا: ئـەی بـابی عەبـدوڵڵا كـە خــوا دەفــەرموێ: ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ۝٥﴾ طــه، چـۆن (اسْـتَوَى)ی كردووە؟ مالیكیش گـوتی: (إِسْتَوَاء) ماناكەی دیـارە، زانـراوە، (علا، إرتفـع، استقر) چۆنیـەتییـەكەی بـۆ خـوا نـەزانراوە، (نـازانین خـوا چــۆن چۆتە سـەر عـەرش! چونكـە كاتێـك خـوا هـەبووە، هیچ شـتێك نـەبووە، نـە كورسـیو نـە عـەرش، وە خـوا ﷻ پێویسـتی بە غەیـری خـۆی نیــە، هەڵیبگرێ)، وە ئیمان بـوون بـەوەی كـە خــوا ﷻ چــۆتە ســەر عــەرش، پێویســتەو، پرسـیاركردنیش لەوبــارەوە شتێكی داهێنراوە.

مەبەســتی ئـەوە بـووە كـە پێشـتــر پرسـیاریان لـەوە نـەكردوە، وە ڕەنگـە مالیـك یەكـەم كـەس بووبــێ ئەو پرسـیارەی لـێكـراوە.

ئنجـا ئەوەی من پێی گەیشـتووم، وەك لە كتێبــی: (ئیمـانو عەقیـدەی ئیسـلامیی) لـە بەرگــی سـێیەمدا، كـە باسـی ناووسـیفەتەكانی خــوا دەكــات، زۆر بــە تەفصـیل باسم كــردوە، پوختــەكەی ئەوەیــە:

لەڕاســتیدا كاتێـك خـوای بێهاوتـا باسـی سـیفەتێكی خۆیمـان بـۆ دەكـات، یـان باسـی نـاوێكی خۆیمــان بـۆ دەكــات كـە دەفــەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝١٨٠﴾ الأعــــراف، واتە: خوا نــاوە هـەرە چـاكەكـانی هـەن، بە ناوە هەرە چاكەكانی لێی بپاڕێنەوە، یـان دەفەرمـوێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ۝٦٠﴾ النحــل، واتــە: خـوا سـیفەتی هـەرە بـەرزی

هەیە، هەرچی سیفەتی هەرە باش و ناوی بەرزە هەیەتی، جا ئێمە کاتێك ناووسیفەتەکانی خوا دەبینین لە قورئاندا، بۆ وێنە کە دەفەرموێ: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ١٦٤﴾النساء، ﴿هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١﴾الإسراء، ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١٣٧﴾البقرة، ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٥٤﴾البقرة، ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ٩٨﴾يوسف، ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٦٢﴾ آل عمران، ...هتد، دیارە سیفەتەکانی خوای بێوێنە لە قەدەر خوان، بەڵام ئایا فەرمایشتکردنی خوا چۆنە؟ ئێمە نازانین، ئایا بینینی خوا چۆنە؟ نازانین، ئایا بیستنی خوا چۆنە؟ نازانین، بەڵام تەواوی سیفەتەکانی خوا بۆ خوا وەك خۆی دادەنێین بەنسبەت ئەو وشانەوە، کە دیارە خوای بەرزو مەزن باسی سیفەتەکانی خۆییان پێدەکات، وە بەنسبەت ئەو وشانەی دیکەشەوە کە ڕواڵەتەکەیان ناوە بۆ ئەندام (عضو)ێك، دەبێ تەماشای سیاقی ئایەتەکان بکەین، بۆئەوەی بزانین خوای کاربەجێ بۆچی بەکاری هێناون؟ ئایا مەبەستی پێیان باسکردنی سیفەتەکانی خۆی بووە، یان مەبەستێکی دیکە دەگەیەنن بۆ وێنە: وشەی: ڕوو (وَجه)، هەم خوا لە قورئاندا بەکاری هێناوە، هەم لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، فەرموویەتی: ﴿حِجَابُهُ النُّورُ، لَوْ كَشَفَهُ لأَحْرَقَتْ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ مَا انْتَهَى إِلَيْهِ بَصَرُهُ مِنْ خَلْقِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٩٦٤٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٤٤)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٩٥)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٦٦)، وَالطَّبَرَانِيُّ في الأوسط برقم: (٦٠٢٥) عَنْ أبي موسى الأشعري}، واتە: (خوا) پەردەکەی ڕووناکییە، ئەگەر پەردەکەی لابدات، پڕشنگی ڕووی هەتا ئەوپەڕی سنووری بینینی لە دروستکراوەکانی (کە بێگومان هیچ شتێك لە دروستکراوەکان نیە خوا نەیبینێ و لە حوکمی بینینی دا نەبێ، کەواتە: هەموو شتێك) دەسووتێنێ. واتە: نوور حیجابێکە ڕووی پەروەردگاری شاردۆتەوە، کەواتە: (وَجْه) سیفەتێکی خوایە، بەڵام ڕوو (وجُه)ێك کە بۆ خوا شایستەیە، وە کە باسی هەر سیفەتێك دەکەین، دەبێ بڵێین: وەك بۆ خوا شایستەیە، چونکە ئەو وشانە لە بەکارهێنانی ئێمەدا مانای ئەندام دەگەیەنن، واتە: تەماشا دەکەین بزانین ئایا مەبەست ئەوەیە خوا باسی سیفەتێکی خۆی بکات؟ ئەو کات دەڵێین: خوای پەروەردگار

ڕووی هەیە، دەستی هەیە، بەڵام بە شێوەیەك كە شایستەیەتی، بەڵام ئەگەر لەو سیاقەدا وا نەهاتە بەرچاو، كە خوا مەبەستی بێ باسی سیفەتێكی خۆی بكات، بەڵكو مەبەستی ئەوە بێ مانایەكی دیكە بگەیەنێ، ئەو كاتە پێویستیمان بەوەنیە بڵێین: خوا لێرە باسی (دەست)ی خۆی دەكات، یان باسی (چاو)ی خۆی دەكات، یان باسی (ڕوو)ی خۆی دەكات، ... هتد، بۆ وێنە: لێرەدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌ﴾، واتە: جوولەكەكان گوتیان: دەستی خوا نووقاوە، قووچاوە، كەسێك نەیەوێ شتێك ببەخشێ، دەستی دێنێتەوە یەك، ئنجا (مَغْلُولَة) یانی: دەستی كۆت كراوە، زنجیری تێكراوە، چونكە دەست كە كۆتی تێكرا دەنووقێ، لێرەدا زۆر ڕوونە كە جوولەكەكان مەبەستیان ئەوەبووە كە خوا نابەخشێ، یان وەك پێشتریش باسمان كرد، مەبەستیان توانج بووە لە مسوڵمانان، یان مەبەستێكی دیكەیان هەبووە، خواش لە وەڵامی ئەو بێئەدەبییەیان دا دەفەرموێ: ﴿غُلَّتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْۘ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ﴾ دەستیان ببەسترێو نەفرینیان لێ بكرێ بەوەی گوتیان، بەڵكو هەردوو دەستی كراوەن، واتە: خوا زۆر زۆر بەخشندەیە، چونكە ئەوان مەبەستیان ئەوە نەبووە بڵێن: خوا دەستی هەیە، دەستەكەی قووچاوە، بەڵكو مەبەستیان ئەوەبووە بڵێن: خوا نابەخشێت، خوای پەروەردگاریش وەڵامی ئەو قسەو تۆمەتەی ئەوان دەداتەوەو دەفەرموێ: نەخێر! دەستی ئەوان ببەسترێو لەعنەتیان لێبكرێ، بەڵكو هەردوو دەستی خوا كراوەن، ﴿يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُۚ﴾، چۆنی بوێ دەیبەخشێ، كەواتە: مەبەست لە دەستكرانەوەكەی ئەوەنیە كە خوا لێرەدا باسی هەردوو دەستی خۆی بكات، بەڵكو مەبەست ئەوەیە باسی بەخشندەیی بێسنووری خۆی بكات، بۆیە لێرەدا پێویست ناكات لێی بكۆڵینەوە بزانین: دەستی خوا چییەو چۆنە؟ هەروەها لە هەموو ئەو سیاقانەی دیكەشدا ئەگەر بۆمان دەركەوت خوا نایەوێ باسی سیفەتێكی خۆی بكات، بەڵكو دەیەوێ باسی مەبەستێكی دیكە بكات، بەڵام بەو وشەیە بیگەیەنێ، چونكە ئێمە وا حاڵی دەبین، پێویست ناكاتو ڕاستو ڕەواش نیە، ئەو وشەیە بە سیفەتێكی خوا بزانین، بۆ وێنە كە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ

فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ۚ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَـٰهَدَ عَلَيْهُ ٱللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٠﴾ ﴾الفتـــح، واتـە: بێگومـان ئەوانـەی پـەیمان لەگـەڵ تـۆ دەبەسـتن (ئـەی پێغەمبـەر ﷺ) ئـەوە پـەیمان لەگـەڵ خـوا دەبەسـتن، دەسـتی خـوا بەسەر دەستی وانەوەیە، لێرەدا لە سیاقەکە وادەردەکەوێ کە خوا مەبەستی نیە باسی دەسـتی خـۆی بکـات، بەڵـکو مەبەسـتی ئەوەیـە کـە ئەوانـەی دێـن پەیمـان لەگـەڵ پێغەمبـەری خوادا دەبەسـتن‌و دەستیان دەخەنـە نێو دەسـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، بابزانن ئەوە دەستی خوا لەسەردەستی ئەوانە، واتە: وەك ئەوە وایە پەیمانیان لەگەڵ خـوا بەسـتبـێ، یـان بـۆ وێنـە، کـە دەفـەرموێ: ﴿وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾الزمـــر، واتـە: لـە ڕۆژی دوایـــی دا خـــوا هـــەموو زەوی لـە چنـــگ دەگـرێ، وە ئاسمانەکان لە بن باڵی ڕاسـتی دا دەپێچـێتەوەو، لـە بـن هەنگـڵی ڕاسـتیان دەنـێ، لێرەدا ئێمـە دەبێ تەماشـا بکـەین، بـزانین ئایا سـیاقەکەی وا لـێ دەفامرێتـەوە کە خـوا مەبەستی بـێ باسی چنـــگ (قبضـة)ی خـۆی بکـات، یـان باسی دەستی ڕاســت (یمیـن)ی خۆی بکـات؟ ئەگەر مەبەسـتی ئەوەبێ دەڵێیـن: ئەو دووانە دوو سـیفەتی شایســتەی خـوان، بـەڵام کـە لێـرەدا تەماشـــا دەکـەین، دەبیـنین خـــوای کـاربەجـێ مەبەستی ئەوەیە شـتێك لـە مێشـکی ئێمـە نـزیك بکاتـەوە، یـانی: وەك چـــۆن ئێـوە شـتێك لە چنگـتان دەگـرن، یان وەك چـۆن تۆمارێـك دەپێچنەوەو لە بن هـەنگڵـتان هەڵیـدەگرن، چـەندە بۆتـان ئاســـانە؟! خـوای پـەروەردگاریش مـەرزەم کردنـی زەوی‌و پێچـانەوەی ئاسـمانەکانی ئـاوا بـۆ ئاسـانن، ئنجا مـادام ئایەتەکـە بـە ڕوونیـی ئـەوە بگەیـەنێ، پێویســـت ناکـات بڵـێین: چـــنگ (قبضـة)و دەسـتی ڕاسـت (یمـین) دوو سـیفەتی خـوان، بەڵـکو دەڵـێین: ئـەوە تەعبیـرێکـە خـــوای زانـاو شـارەزا لەقـەدەر عەقڵی ئێمـە بەکاری هێناوە، یاخود بۆ وێنـە کە دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ﴿٤٨﴾ ﴾ الطـور، واتە: تۆ بە چاوەکانی ئێمەی، واتە: تۆ لەژێر چاودێریی ئێمە دای، یـان کـە بـە مووسا دەفەرموێ: ﴿وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِىٓ ﴿٣٩﴾ ﴾طـە، واتە: بۆ ئەوەی لەسـەر چـاوی مـن دروسـت بکرێـی، لەسـەر چـاوی مـن پێبگـەیەنرێی، ئاشـکرایە کـە لەسـەر چـاوی خـوا

پێناگەیەنرێ، بەڵکو واتە: لەژێر چاودێریی مندا بی، جا وەك گوتم دەبێ سەرنجی ئەو سیاقە بدرێ کە ئەو ئایەتەی تێدا هاتوە، ئەگەرنا منیش ئەو ڕایەم پێ ڕاستە کە زانایانی سەلەف گوتوویانە: (أَمَرّوها كَمَا جَاءَتْ) ئەو وشانە تێپەڕێنن، وەك چۆن خۆیان هاتوون، یانی: ماناکەیان دەزانین، بەڵام چۆنیەتییەکەیان نازانین و حەواڵەی خوای بێهاوتای دەکەین.

ئنجا بۆ زانیارییتان هەندێ وشە هەن، هەموو زانایان یەکدەنگن کە دەبێ تەئویل بکرێن، بۆ وێنە ئەم ڕستەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ﴿٤﴾﴾الحديد، واتە: وە ئەو (خوا) لەگەڵتانە لە هەر شوێنێك بن، زانایان دەڵێن: دەبێ بگوترێ: (بِعِلْمِهِ وَقُدرتِهِ)، نابێ بلێی: ئێستا خوا لێرەیە، بۆچی؟ چونکە ئەوە دژ دەوەستێت لەگەڵ فەرمایشتی خوادا کە دەفەرموێ: ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴿٥﴾﴾طـه، واتە: خوا لەسەر عەرشە، ئنجا زانایانی ئیسلام دەڵێن: (إنَّ الله بَائِنٌ عَنْ خَلْقِهِ) خوا لە دەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، (وَهُوَ مُسْتَوٍ عَلَى عَرْشِهِ) وە ئەگەر لەسەر عەرشی خۆیەتی، واتە: خوا لە دەرەوەی ئاسمانەکان و زەوییە، ئنجا مادام ئێمە ئەوە دەزانین کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾، ناگونجێ خوا لێرەش بێ لەگەڵمان و، لە هەمان کاتیشدا لەسەر عەرشی خۆی بێ، بەڵکو دەبێ بڵێین: خوا لەگەڵمانە بە زانیاریی، بە دەستەڵاتی، بە ڕەحمەتی، بە حیکمەتی، بە ئیرادەی، بە هەموو سیفەتەکانی لە هەر شوێنێك بین لەگەڵمانە، نەك بە زاتی خۆی لەگەڵمان بێ[1]!! بۆیە ئیمام ئەحمەدو سەرجەم زانایان دەڵێن: دەبێ ئەو ئایەتە

---

١) با بۆ وێنە سەرنجی قسەی هەندێك لە زانایان بدەین لەبارەی تەفسیرکردنی ئەم ئایەتەوە:

١- قال ابن أبي حاتم في تفسيره.... عن ابن عباس في قوله ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾ قال: هويم (العرش و علمه، سنده حسن) مجموع الفتاوى لابن تيمية، ج٥، ص٤٨٥ - ٤٨٦.

٢- قال ابن أبي حاتم في تفسيره.... عن مقاتل بن حيان: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾ يعني: بقدرته وسلطانه و علمه؛ ﴿مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾ مجموع الفتاوى، ج٥، ص٤٩٧ - ٤٩٨.

٣- ابن كثير: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ...﴾ أي رقيب عليكم شهيد على أعمالكم.. المصباح المنير، ص:١٣٦٣

تـەئویل بکــرێ، دیـارە هەنــدێك لەوانـــەی کـە خۆیـان بـە مەشــرەب ســـەلەفیی ناودەبەن، پێیان وایە کە تەئویل کردن لە هیچ کاتێکدا دروست نیە، کە ئـەوە وانیــە، چونکــە زانایــانی پێشـــین هەنـــدێ شـــتیان تـەئویل کـردووەو هەنـدێك شـتیشـیان تـەئویل نـەکردوە، پاشـان دەشـگونجێ بڵێین: ئـەوە هـەر تەئویلـیش نیــە، چونکــە وشەیەك کە لە زمـانی عەرەبیـدا مانـای مـەجازیی هەیـەو مانـای حـەقیقی هەیـە، بـۆ وێنـە: ئێسـتا ئێمـە لێـرە دانیشـتووین، ئەگـەر بڵـێم: ئـەوە شـێرەکە هـات (جَاءَ الأَسَدُ)، کـەس گومـانی وایـە درندەیـەك بـێ؟ بێگومـان نەخێـر، چـونکە دەزانـن مەبەسـتم پیـاوێکی ئازایـە، کـە وەك شـێر وایـە، یـان ئەگـەر بڵـێم: ڕێوییەکـە هـات، دەزانـن مەبەسـت پیـاوێکی فێڵـبازە، ... هتـد، ئنجـا ئێمـە بـەپێی سـیاقەکان بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئـەو وشـەیە ماناکـەی حەقیقـییە یـان مەجــازیی، ئەوکـاتە هـیچ پێویسـت ناکـات بڵـێین: تەئویلـیش.

وەك گـوتم مـن لـە بـەرگی سـێیەمی کتێبـی: (ئیمـانو عەقیـدەی ئیسلامیی)دا بـە درێـژیی باسـی ناوو سـیفەتەکانی خـوام کـردوە، کە لێـرەدا جێـی نابێتـەوە.

**مەســـەلەی نۆیـــەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ﴾، وە زۆریـان ئـــەوەی لـە پەروەردگـــارەوە بـۆت دابەزێـنراوە، یاخـــی بوونو کوفریـان تێـدا زیاد دەکات، یەکێـك بۆی هەیـە بپرسـێ: وەحی خـواو کتێبـی خـوا چۆن دەبێتە مایەی زیـادبوونی یـاخیبوونو کوفر لـە ئینسـاندا؟ ئـەم پرسـیارە دوو وەڵامـی هـەن:

١/ هــەر کاتێـــك ئایەتێـــك دێ، ئەوانـــەی بـــڕوای پێنـاهێنن، مانـای وایــە زیـاتر ســەرپێچیی دەکـەن، وە کـوفرێکی دیکەشـیان تێـدا زیـاد دەبـێ، بـۆ وێنـە: خـوای پەروەردگـار (٦٢٣٦) ئایـەتی دابەزانـدوە، کەسـێك ئیمـان بـە یـەك ئایـەت نەهێنـێ کوفری کـردوە، بـەڵام ئیمـان بـە شـەش هـەزار ئایـەت نەهێنـێ، یـانی شـەش هـەزار کـوفری کـردوە، وە هـەروەها، هـەتا ئایـەتی خـوا زیـاتر دابـەزنو ئـەوانیش ئیمـان نەهێنــن، مانــای وایــە کوفریــان زیــاد دەبــێ، وە هـەتا ئایـــەتی خـوا دابـەزنو ئەوانیش پێوە پابەند نەبن، سەرپێچیی تێیـاندا زیـاتر دەبـێ.

٢/ هەتا ئایەت دابەزێو قورئان زیاتر بێتە خوار، ئەوانیش كینەو حەسوودیی‌و بوغزیان بەرانبەر ئیسلام زیاد دەبێ، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە سەربكێشێ بۆ زیاتر یاخیی بوون‌و كافربوونیان.

**مەسەلەی دەیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، وە دوژمنایەتیی‌و ڕق‌و كینەمان خستە نێوانیانەوە تا ڕۆژی قیامەت، هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێی جوولەكەو نەصرانییەكانە، لە نێوان جوولەكەو نەصرانییەكاندا دوژمنایەتیی‌و كێشەو ناكۆكیی هەیە، كە ئەوە وایەو ئێستاش هەر هەیە.

هەندێكی دیكە گوتوویانە: مەبەست پێی تاقمەكانی جوولەكەكانە، جوولەكەكان لە نێوان خۆیاندا چەند تاقمێكن.

هەندێكیش گوتوویانە: مەبەست پێی تاقمەكانی نەصرانییەكانن، ئێستا نەصرانییەكان سێ تاقمن، هەر كامێكیان وەك دینێكی سەربەخۆ وایە: (كَاثُولِيك، بروتستانت، أرثدوكس)، ڕێشی دەچێتێ كە دەفەرموێ: ﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ ﴾، هەرچەند سیاقەكە زیاتر باس لە جوولەكەكان دەكات، بەڵام مەبەست پێی خاوەن كتێبەكان بێ، بەگشتیی‌و هەموویان بگرێتەوە، چ لە نێو خودی یەك میللەتدا، وەك نەصرانیی، یان جوولەكە چ لە نێوان هەردووكیاندا، كە دەبینین بەردەوام دوژمنایەتیی‌و ناكۆكییان هەبووەو هەیە، وە هەمیشە ئەهلی باطڵ پێكەوە ناكۆكن‌و، خەڵك تەنیا لەسەر هەق دڵی كۆدەبێت‌و گرێ دەدرێ، وە هەرگیز ناگونجێ خەڵك لەسەر ناهەق دڵی پێكەوە گرێ بدرێ‌و جۆش بخوات.

**مەسەلەی یازدەیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿كُلَّمَآ أَوْقَدُواْ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ۚ وَيَسْعَوْنَ فِى ٱلْأَرْضِ فَسَادًا ۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴾، هەر كاتێك ئاگرێكیان هەڵگیرساند بۆ جەنگ، خوا دەیكوژێنێتەوە، وە خراپە لە زەویدا دەكەن‌و خواش

خراپـــەكارانی خۆشـــناوێن، ئایـــا مەبەســـت ئەوەیـــە، هەركـــات جوولەكـــە ئاگـــر دابگیـــرسێنن، خـوا بچـێ بیكوژێنێتـــەوە؟ ئـەوە یەكـێك لـەو شـــوێنانەیە كـە مانـای مەجـازیی دەگەیەنێ، كەواتـە: ئەوانـەی دەڵـێن: مەجـاز لە قورئاندا نیە دەبێ بڵێن: هـەركات جوولەكـە ئـاگر بكـەنەوە، تـاكو چایی لـێنێن، شـێو (چێشـت) لـێنێن، خـوا دەچـێ ئاگرەكـەیان لـێ دەكوژێنێتـــەوە، كەچـــی ئێمـــە دەبیـــنین جوولەكـــە ئـــاگر دەكـەنەوە، نەصرانیی ئاگر دەكەنەوەو خـواش لێیـان ناكوژێنێتـەوە! كەواتـە: لێـرەدا مەبەسـت لە ئاگرەكە مانـای ڕواڵـەتیی ئاگـر نیـە، بەڵـكو مەبەسـت: (كُلَّمَا أثارُوا فتنةً أطفأها الله) واتـە: هەركـات فیتنەیـەكیان هەڵگیـرسـاند، خـوا كپـی دەكاتـەوە، نەك ئاگرێك بێ‌و خوا بیكوژێنێتـەوە، واتە: لـێرەدا مەبەسـت لـە ئاگـر (نارُ) ئـاژاوە (فِتـنَة)یـەو ئاماژەیە بۆ دروسـتكردنی ئـاشووبو هەرا.

ئنجا خـوا كـە دەفـەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ لَا یُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِینَ ﴾، وە خـوا خراپـەكارانی خۆشـناوێن، دیـارە نـەك هـەر خۆشـی نـاوێن بەڵـكـو ڕقیشـی لێیـان هەڵدەسـتێ، بـەڵام ئەوە ئامـاژەیە بـۆ ئـەوە كە خـوا پێی خۆشـە بەنـدەكانی وابكـەن خۆشـی بوێن، كەواتە: خـوا لـە بیـانوو نیـە بۆئـەوەی ڕقـی لە بەنـدەكـانی هەڵسـێ، بەڵـكو پێـی خۆشــە وابكـەن خۆشـی بـوێن، بـەڵام كـە خراپـەكاربن، خۆشـی نـاوێن، واتـە: خراپەكاریی لەخۆتـاندا لابەرن‌و ببنـە چاكەكار، بۆئەوەی ببنـە خۆشـەویستی خـوا!

خوێنـەرانی بەڕێـز!

ئەگـەر ئێمـە تەماشـای قورئـان بكـەین، دەبیـنین خـوای كاربـەجێ هەمیشـە هەڵوێسـتەكانی خـۆی دەبەسـتێتەوە بـەو سـیفەتانەوە كـە لـە كۆتـایی ئایەتـەكان دەیانهێنێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا یُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِینَ ﴿٧٧﴾﴾القصص، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ یُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِینَ وَیُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِینَ ﴿٢٢٢﴾﴾البقـرة، هـەرگیز نایانبەسـتێتەوە بـە گـەل‌و نەتـەوەو پـارەو سـامان‌و قـەدو قیـافەو ڕەنـگ‌و شـێوەو دیمەنـەوە، بۆچـی؟ چـونكە ئەگـەر باسـی عـەرەب بوون بكـات، یـان باسـی كورد بـوون‌و تـورك بـوون‌و فـارس بـوون، یـان باسـی ڕەش بوون‌و یان سـپی بوون، یان نێـر بوون‌و مـێ بوون، یان جوانیـی‌و ناشـیرینیـی ... هتـد، ئەوانـە هیچـیان ئیـرادەی ئینسـانیان تێدانیـە، بۆیـە خـوای دادگـەر

هەڵوێستەکانی نابەستێتەوە بەو شتانەوەو لەسەر ئەو شتانەیان بینا ناکات، کە لە دەرەوەی ئیرادەی ئینسان دان، بەڵکو بەو شتانەیانەوە دەبەستێتەوە کە لەژێر ڕکێفی ئیرادەی ئینسان دان، کە بریتین لە عەقیدەو فیکرو چاکەو خراپەو هەڵسوکەوتو ڕەفتارەکان.

**مەسەلەی دوازدەیەمو کۆتایی:** کە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَاهُمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ (٦٥) وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ لَأَكَلُوا مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم ۚ مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ سَاءَ مَا يَعْمَلُونَ﴾، جاری دیکەش باسمان کردوە، هەمیشە خوا ﷻ کە باسی مونافیقەکان، یان جوولەکەکان، یان نەصرانییەکان، یان موشریکەکان، یان کافرەکان دەکات، دەفەرموێ: ئەو سیفەتە خراپانەیان هەنو لەبەر ئەو سیفەتە خراپانە خوا ڕقی لێیان هەڵدەستێو خوا خۆشی ناوێن، ئەی مسوڵمانینە! ئەوە کردەوەکانیانن، لێیان وریابن!

بەڵام مەگەر چۆن، ئەگەرنا دوایی دەروازەیەکیان بۆ هاتنەوەو گەڕانەوە لێدەکاتەوە، لێرەش دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَاهُمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ (٦٥)﴾المائدة، ئەو خاوەن کتێبانەی کە ئەو سیفەتە خراپانەیان هەن: "جوولەکەکانو غەیری وانیش، هەموو ئەوانەی خۆیان بە خاوەن کتێبی ئاسمانیی دەزانن"، ﴿آمَنُوا﴾، ئەگەر ئیمان بێننو هەق قبووڵ بکەن، وە هەقیش پیادە بکەن، یانی: بە عەقڵ وەریبگرنو قەناعەتی پێ بێنن، وە بە دڵیش قبووڵی بکەن، وە بە زمانیش دانی پێدابێنن، وە بە کردەوەش پێیەوە پابەندبن، ﴿وَاتَّقَوْا﴾، پارێزیش بکەن، لەلادان ئەوە ﴿لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ﴾، ئەوە بە تەئکید ئێمە خراپەکانیان لێ دەسڕینەوە، جا ئەو (ل)ە، زانایان دەڵێن: لامی قەسەمە، واتە: زۆر بە تەئکید ئێمە خراپەکانیان لێ دەسڕینەوە، ﴿وَلَأَدْخَلْنَاهُمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ﴾، ئنجا دوای ئەوەی پاكو

چاکبوون، دەشیانخەینە شوێنی چاك و پاکانەوە، چونکە بەهەشت شوێنێکی پاك و خاوێن و بۆنخۆش و ڕازاوەیەو، بە کەڵکی خەڵکی پیس و پۆخڵ نایەت، بۆیە سەرەتا دەفەرموێ: ﴿ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ ﴾، پێشی خراپەکانیان لێ دەسرینەوە، خاوێن و پوختەو بۆنخۆش دەبن، ئنجا دەیانخەینە بەهەشتەوە، وەك لە سوورەتی (الزمر)یشدا دەفەرموێ: ﴿ ... طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ ﴿٧٣﴾ ﴾، واتە: ئێستا پاك و چاکن، ئنجا بچنە نێو بەهەشت، ئەوە بەنسبەت دوارۆژەوە، تەماشا بکەن لێرەدا خوا ﷻ بۆ خاوەن کتێبەکان کە باسی دوارۆژو بەهەشت دەکات، پێشی باسی خاوێنبوونەوەیان لە گوناهەکانیان دەکات، ئەگەر ئیمان و تەقوایان هەبێ.

ئنجا دوایی دێتە سەر باسی شوێنەوارو بەرهەمی دنیایی ئیمان و تەقوا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ ﴾، وە ئەگەر هاتبایە ئەوانە تەورات و ئینجیل و ئەوەی لە پەروەردگاریانەوە بۆیان دابەزێنراوە، بەرپایان کردبا، یانی: هەقی خۆیان دابایەو بە تەواویی جێبەجێیان کردبایە ﴿ لَأَكَلُوا مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم ﴾، ئەوە بێگومان لە سەروویانەوەو لە ژێر پێیەکانیشیانەوە دەیانخوارد، وەکو لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێ: (لە سەرێ و لە خوارێ، هەر بۆی دەبارێ)، سەر (فوق) و ژێر (تحت)، یانی: ئاسمان و زەوی، هەندێك لە زانایانیش ئاوایان تەفسیر کردوە: خوا لە ئاسمان باران و بەرەکەتیان بەسەردا دەبارێنێ، لە ئەرزیشەوە دانەوێڵەو میوەو سەوزەو شتی باشیان بۆ دەڕوێنێ، بەڵام واپێدەچێ زیاتر مەبەست ئەوەبێ کە ئاسمان و زەوی و هەموو هۆکارەکان دەستەبەر دەبن بۆیان، دەبنە مایەی خێرو بەرەکەت و پیت و پێز لە ژیانیاندا، ئنجا ئەوەی جێی سەرنجە، لە ئایەتی پێشێدا خوا فەرمووی: ﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَىٰ آمَنُوا وَاتَّقَوْا ﴾، لەوەیاندا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ ﴾، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە ئیمان و تەقوا کاتێك لە مرۆڤدا دێنە دی کە پابەندبێ بە کتێبەکانی خواوە، پێشی دەفەرموێ: ئەگەر ئیمان و تەقوایان هەبێ، دوایی

دەفەرمویٚ: ئەگەر كتێبەكانی خوا بەرپا بكەنو پێیانەوە پابەندبن، وایان بۆ دەكەین، واتە: ڕێی وەدەستهێنانی ئیمانو تەقوا پابەندییە بە كتێبەكانی خواوە، یەكێك بۆی هەیە بپرسێ: ئایا چۆن خوا دەفەرمویٚ: بە تەوراتو ئینجیلەوە پابەندبن! لە كاتێكدا كە تەوراتو ئینجیل گۆڕدراونو دەستكاریی كراون؟ زانایان ئاوا وەڵامیان داوەتەوە:

أ- دەڵێن: واتە: بەو شتانەوە پابەندبن كە نەگۆڕدراونو دەستكاریی نەكراون.

ب- هەندێكیش دەڵێن: واتە: ئەو تەوراتو ئینجیلەی كە موژدەیان تێدایە بە هاتنی پێغەمبەری كۆتایی موحەممەد ﷺ وە كە قورئان دوا كتێبی خوایە، وە سەرەنجام ببنە مسوڵمان، هەردوو ماناكەش ڕاستن، چونكە ئێستاش تەوراتو ئینجیل بایی ئەوەندە هەقیان هەر تێدا ماوە، كە ئەگەر جوولەكەو نەصرانیی پێوەیان پابەندبن، ژیانیان زۆر دەگۆڕێ، پێشتریش ئاماژەمان پێدا، وە ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (الأعراف) وایە، خوا دەفەرمویٚ: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ...﴿٩٦﴾﴾، واتە: ئەگەر خەڵكی ئاوەدانییەكان ئیمان بێننو پارێز بكەن، بەرەكەتو پێزی ئاسمانو زەوییان بەسەردا دەبارێنین.

ئنجا خوای دادگەر لە كۆتایی دا پۆلێنیان دەكات، بۆ دوو جۆر، تاكو ئێمە فێری ئینصافو دادگەریی بكات، چونكە گشتاندن (تعميم) كارێكی زۆر خراپە، بۆ وێنە بگوترێ: ئەو خەڵكە هەموویان خراپن، هیچیان بە كەڵك نایەن! یان ئەو خەڵكە هەموویان چاكن! خوا دەفەرمویٚ: ﴿مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ﴾، هەندێك لە زانایان دەڵێن: مەبەست لە: ﴿مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ﴾، واتە: ئەو جوولەكەو نەصرانییانەی كە ئیمان دێننو مسوڵمان دەبن، بۆیە خوا مەدحی كردوون، كە میانجیینو خەتی نێوەڕاستیان گرتوە.

بەڵام من وای تێدەگەم مەبەست پێی مسوڵمانەكانیان نیە، چونكە لەوان (مِنْهُم) یانی: هەر لەو جوولەكەو نەصرانییانەی كە خوا زەمیان دەكاتو بە

خـــراپ باســیان دەکات، کەمێکــیان هـەن وانـین، چونکــە ئـەو: لـە (مِـن)یـە، بـۆ بەشـکردن (تَبعِیض)ە، یـانی: کەمێکـیان هـەن "لـە چـاو زۆربەیـان" ڕێـك و پێـك و ڕاســت و ڕەوانــن و لەگـەڵ دینەکـەی خۆیانـدا ڕاســت دەکـەن، ئنجـا ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ ﴾، بـەڵام زۆریـان خـراپترین کـردەوە ئـەنجام دەدەن، بـە کـورتیی: هەنـدێکیان هـەن لەگـەڵ دینەکــەی خۆیــان ڕاسـت دەکـەن، بـەڵام زۆریـان لەگـەڵ دینــەکەی خۆشیاندا ڕاست ناکــەن.

بەڕێــزان!

ئەمە ئەوەی لێوەردەگیـرێ "وەك پێشــتریش گوتمان" کە ئێمەی مسـولمان دەبـێ لەگەڵ خەڵکـدا دادگـەرو بە ئینصـاف بـین، پاشـانیش زۆر گرنگە خەڵـك هانبـدەین بـە پرەنســیپەکان (مبـادیء)ی خۆیــانەوە پابەنــدبن، ئەگــەر جوولەکەبــێ بـە تەوراتــەوە پابەنــدبێ، ئەگـەر نەصـرانیــی بــێ بــە ئینجــیلەوە پابەنـدبێ، ئەگـەر عەلمانییــە بــە عەلمانییەتیەکــەی خۆیــەوە پابەنــد بــێ، وە ئەگــەر ئیددیعــای دیموکراسـیەت دەکـات، بـا بـە دیموکراسـیەتەکەی خۆیـەوە پابەنـدبێ، ... هتـد، بـەڵام ئێمــە کێشــەمان لەگـەڵ ئـەو کەسـانە دایـە کـە شـیعاری بـێ کرداریـان هەیـە، قسـەی خۆش و بۆشـیان هەیــە، دوورکـۆژی نزیـك خەسارن، ڕواڵەت جوانیی نزیـك وێرانن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی شازدەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە پێنج (٥) ئایەت پێكدێ، (٦٧ - ٧١) لەم پێنج ئایەتە موبارەكەدا خوا ﷻ سەرەتا لە ئایەتی یەكەمدا ڕوو دەكاتە پێغەمبەری كۆتایی موحەممەد ﷺ، وە بۆ جاری دووەم لەم سوورەتەدا بە نازناوی ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ﴾، ئەی پێغەمبەر! دەیدوێنێو پێی ڕادەگەیەنێ، كە ئەوەی خوا بۆی ناردۆتە خوار ڕایبگەیەنێ، ئەگەرنا بە نەگەیەنەری پەیامی خوا دادەنرێ، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾، وە بەڵێنیشی پێدەدات كە لە خەڵكی كافر بیپارێزێ.

پاشان لە ئایەتی دووەمدا ڕوونی دەكاتەوە كە دەبێ چی ڕابگەیەنێ، كە بریتیە لەوەی بە خاوەن كتێبەكان بفەرموێ: ئەگەر تەوراتو ئینجیلو ئەوەی خوا ناردوویەتەخوار، جێبەجێی نەكەن، ئەوە مانای وایە لەسەر هیچ نین، هیچ دینێكتان نیە، دوایی خوا ﷻ ڕایدەگەیەنێ كە زۆرێك لە خاوەن كتێبەكان بە هۆی وەحی دابەزێنراوی خواوە، هەر زیاتر یاخی بوونو كوفریان تێدا زیاد دەبێ، وەك لە ئایەتی پێشێشدا باسی كرد.

ئنجا لە ئایەتی سێیەمدا خوای زانا ڕای دەگەیەنێ كە هەر كام لە مسوڵمانانو جوولەكەو صابیئەو نەصرانییەكان، مادام كاتی خۆی بەڕاستیی بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هێنابێو، كردەوە باشەكانیشیان ئەنجام دابێ، ئەوە پێشینانەیان كە كاتی خۆی ڕاستو ساغ بوون، نە ترسیان لەسەرەو نە پەژارەش دایاندەگرێ، پاشان لە ئایەتی چوارەمدا ڕایدەگەیەنێ كە كاتی خۆی خوا پەیمانێكی پتەوی لە

جوولەكـەكان بەتایبـەت وەرگـرت، وە پێغـەمبـەرانێكی بـۆ نـاردوون، بـەڵام هـەر كـات پێغـەمبـەرێـك هاتبـێ بـۆ لایـانو، شـتێكی گوتبـێ كـە لەگـەڵ ئارەزووەكـانی ئەوانـدا نەگونجـێ ئـەوە بەشـێكیان لـەو پێغـەمبـەرانە بـە درۆزن دانـاونو، بەشـێكی دیكەشـیان بەوەنده وازیـان نەهێنـاوە بە درۆزنیـان دابنێـن، بەڵكو كوشـتووشـیانن.

ئنـجا لە ئایـەتی پێنجـەمدا ڕوونـی دەكـاتەوە كـە ئـەو جوولەكـانە، پێیانـوابـووە ئـەو جـۆرە مامەڵانەیـان مایـەی بـەڵاو گرفتـاریی نـین، وە پێیـانـوابووە بەهـۆی ئـەو كردەوانـەوە تووشـی بـەڵاو گرفـتـارییو نارەحەتیـی نابـن، بۆیـە لـە ئاكـامی ئـەوەدا كـوێرو كـەڕ بوون، دوایی خـوای بـە بەزەیـی گەڕاوەتـەوە سـەریانو لێیـان خۆشـبووە، دوای ئـەوەی كە تۆبەیـان كـردوە، كەچی زۆرێكـیان دیسـان دوای ئـەوەش هـەر كـوێرو كەڕ بوونـەوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ
وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٧ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ
ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن
رَّبِّكُمۡۗ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۖ فَلَا تَأۡسَ
عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٦٨ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ
مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ
يَحۡزَنُونَ ٦٩ لَقَدۡ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمۡ رُسُلٗاۖ كُلَّمَا
جَآءَهُمۡ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهۡوَىٰٓ أَنفُسُهُمۡ فَرِيقٗا كَذَّبُواْ وَفَرِيقٗا يَقۡتُلُونَ ٧٠
وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتۡنَةٞ فَعَمُواْ وَصَمُّواْ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ ثُمَّ عَمُواْ
وَصَمُّواْ كَثِيرٞ مِّنۡهُمۡۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ ٧١﴾.

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((ئەی پێغەمبەر! ئەوەی لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە، ڕایبگەیەنە، وە ئەگەر وانەکەی، پەیامەکەییت نەگەیاندوە، وە خوا لە (زیانو خراپەی) خەڵکی (کافر) دەتپارێزێ، بێگومان خوا ڕێنمایی کۆمەڵی کافران ناکات ﴿٦٧﴾ بڵێ: خاوەن کتێبینە! هەتا تەوراتو ئینجیلو ئەوەی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێنراوە، بەرپای نەکەن (و پێوەی پابەند نەبن) مانای وایە لەسەر هیچ شتێك (لە هەق) نین، وە بە دڵنیاییی ئەوەی کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە، یاخی بوونو کوفری زۆرێکیان زیاد دەکات، دەجا خەفەت لە کۆمەڵی کافران مەخۆ ﴿٦٨﴾ بێگومان ئیمانداران (مسوڵمانان)و جوولەکەکانو صابیئەکانو نەصرانییەکان، هەر کامێکیان بڕوا بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێنێو کردەوەی باش ئەنجام بدات، نە ترسیان لەسەر دەبێو نە دڵتەنگو پەژارەدار دەبن ﴿٦٩﴾ بێگومان پەیمانی پتەومان لە وەچەی ئیسرائیل (جوولەکەکان) وەرگرت، وە پێغەمبەرانێکمان بۆ لا ڕەوانەکردن، (بەڵام) هەر کە پێغەمبەرێکیان دەهاتە لا بە پەیامێکەوە کە حەزیان لێ نەدەکرد، دەستەیەکیان (لە پێغەمبەران) بە درۆ دانا، وە دەستەیەکیشیان لێ کوشتن ﴿٧٠﴾ وە پێیانوابوو کە ئەوە نابێ بە مایەی بەڵاو سزا بۆیان، بۆیە کوێرو کەڕ بوون (لە بەرانبەر پەیامی خوادا)، پاشان خوا گەڕایەوە سەریان (وە چاوپۆشیی لێکردن)، کەچی دواییش زۆریان کوێرو کەڕ بوون (لە بەرانبەر هەق دا)، وە خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن ﴿٧١﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(بَلِّغْ ): (الْبَلاَغُ: التَّبْلِيغُ: أَي إيصَالُ الكَلاَمِ، أَوِ الخِطَاب)، (بَلِّغ) واتە: بیگەیەنە، ئەو پەیامە، یان ئەو فەرمایشتە کە بۆتهاتوە، بیگەیەنە بەوەی کە پێویستە پێی بگەیەنی، بە کوردی دەڵێین: پێگەیاندن، یان پێڕاگەیاندن.

(رِسَالَتَهُۥ): واتە: پەیام، نامە، دواندن، (الرّسَالَةُ: مَا يُرسَلُ، الخِطَاب، كِتَابٌ يَشتَمِل عَلَى قَليلٍ مِنَ الـمَسَائِل) هەندێکیش گوتوویانە: (الرِّسَالَةُ) مانای فراوان‌و گشتگیرە، یانی: هەموو وەحی خوای پەروەردگار دەگرێتەوە.

(يَعْصِمُكَ ): (العَصْمُ: الإمْسَاك، والإعْتِصَام، وَعِصْمَةُ الأَنْبِيَاءِ: حِفظُهُ إيَّاهُمْ)، (عَصْمُ) واتە: دەستپێگرتن، توند دەست بە شتێکەوە بگری، کە دەستت بە شتێك گرت مانای وایە دەیپارێزی، بۆیە: (يَعْصِمُكَ) واتە: خوا دەتپارێزێ، وەك چۆن کەسێك توند دەست بە شتێك بگرێ نەیەڵێ بکەوێ، خوای پەروەردگاریش ئاوا تۆ دەپارێزێ، وە کە دەڵێین: پێغەمبەران مەعصوومن، واتە: خوا دەیانپارێزێ، دواییش زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

(تُقِيمُواْ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ): واتە: تەورات‌و ئینجیل بەرپا بکەن، واتە: پێیانەوە پابەندبن‌و حوکمەکانیان جێبەجێ بکەن، (وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ: أَي يُدِيمُونَ فعلها وَيُحَافِظُونَ عَلَيْهَا) واتە: لەسەری بەردەوام دەبن، پارێزگارییشی لێدەکەن، پارێزگاریی لە ڕواڵەتیشی دەکەن‌و لە نێوەڕۆکیشی.

(فَلَا تَأْسَ): واتە: (فلا تَحزَن)، (الأسى: الحَزن، أَسيْتُ لَهُ، وَأَسيْتُ عَلَيْهِ) لە زمانی عەرەبیدا (الأسى) بە مانای دڵتەنگیی‌و نارەحەتیی دێ.

(وَٱلصَّٰبِـُٔونَ ): (قَومٌ كَانُوا عَلَى دِين نُوح، وَصَبَأ: خَرَجَ مِن دينهِ إلى دين آخَر)، (صَبَأ) لە دین هەڵگەڕانەوەیە، واتە: لە دینی خۆی بۆ دینێکی دیکە چوو، وە

هەندێك دەڵێن: (صابئة) كۆمەڵێك بوون لەسەر دینی پێغەمبەر نووح بوون، هەندێك دەڵێن: ئەستێرە پەرست بوون، وە هەندێك دەڵێن: خۆیان بە شوێنكەوتەی پێغەمبەر ئیبراهیم دەزانن، ڕەنگە جۆراو جۆریش بن.

(مِيثَٰقَ): واتە: پەیمانی پتەو، (عَقْدٌ يُؤَكَّدُ بِيَمِينٍ وَعَهْدٍ)، واتە: پەیمانێكە بە سوێند لەسەر خواردنو بەیعەت لەسەر دان پتەوكرابێ، وە ئەسڵی وشەی: (مِيثَاق) دەڵێ (وَثِقْتُ بِهِ أَثِقُ ثِقَةً، وَاعْتَمَدْتُ عَلَيْهِ، وأوثقته شددته) واتە: متمانەم پێكردو قایمم كرد.

(لَاتَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمُ): واتە: نەفسیان ئارەزووی لێ ناكات، حەزی لێ نیە، دەڵێ: (الهَوَى: مَيْلُ النَّفس إِلى الشَّهْوَة) واتە: هەوا بریتیە لە جووڵانی نەفسی ئینسان بەرەو ئارەزوو.

(وَحَسِبُوٓاْ): واتە: وایانزانی، پێیانوابوو، (الحِسْبَان، أَن يُحْكَم لأَحَد النَقِيضَين مِن غَيرِ أَن يَخْطِرَ الآخر ببالِهِ، الظَنّ أَن يَخْطِر النَّقِيضين ببالِهِ فَيُغَلِّبَ أَحَدَهُمَا على الآخر)، (حِسْبَان) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای ئەوەیە كە دوو شت پێچەوانەی یەكدین، یەكیان بە دڵ دابێ، بەبێ ئەوەی ئەویدیكە بە دڵ دابێ، بەڵام گومان ئەوەیە هەردووكیانی لە مێشك دایە، بەڵام یەكێكیان بەسەر ئەویدیكەدا زاڵ دەكات.

(فِتْنَةٌ): (البلية، العَذَابُ، وإنحراف عَنِ الحَق) فیتنە یان بە مانای بەلا دێ، یان بە مانای سزا دێ، یان بە مانای لادانە لە هەق، خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَٱحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَنۢ بَعْضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ﴾، وریابە لاتنەدەن، دیارە (يَفْتِنُوكَ) یانی (يَصْرِفُوك)، لاتبدەن.

## مـانـای گـشـتـی ئایەتەکـان

لێرەدا خوا ﷻ پێغەمبەری کۆتایی خۆی موحەممەد ﷺ دەدوێنێ، دیارە قورئان هەمووی هەر دواندنو فەرمانی خوای پەروەدگارە ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ کراوە، بەڵام لە هەندێك شوێندا خوای کاربەجێ بە تایبەت بە نازناوی ڕەوانەکراوێتیی و پەیامبەرێتیی ناوی دەهێنێ، ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ﴾، ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ﴾، وە جاری واش هەیە کە بەبێ بانگکردن بە ناوونیشانی ڕیسالەتو نوبووەت دەزانین کە یەکسەر دواندنەکە لەگەڵ پێغەمبەری خوایە ﷺ، لێرەدا هەر کەسێك تەماشای سیاقی ئەو ئایەتانە بکات، دەزانێ مەبەستی کێیە؟ کە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾، ئەی پێغەمبەر! ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە بیگەیەنە، دیارە مەبەست پێی کێیە؟ چونکە باسی جوولەکەو نەصرانییەکانمان کرد، ئنجا هەر لە دوای ئەم ئایەتە یەکسەر دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾، واتە: دیارە سیاقەکە باسی جوولەکەو نەصرانییەکان دەکات، وە لێرەدا خوای پەروەردگار هۆشداریی دەداتە پێغەمبەرو ﷺ وریای دەکاتەوەو جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە ئەوەی لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە، بیگەیەنە، هەڵبەتە پێغەمبەر ﷺ موکەللەف بووە کە هەرچی خوای پەروەردگار پێی فەرمووە، هەمووی بگەیەنێ، بەڵام لێرەدا کە خوا بەتایبەت دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ﴾، وە دوایی دەفەرموێ: ﴿وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ﴾، وە ئەگەر وا نەکەی، پەیامەکەی خوات نەگەیاندوە، دوایش بەڵێنی پێداوە: ﴿وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾، وە خوا لە خەڵکی دەتپارێزێ، وشەی: (الناس) واتە: لە ئەسڵدا بە مانای (خەڵك)ە، بەڵام لە سیاقەکەوە دیارە کە مەبەست (خەڵکی کافر)ە، چونکە دوایی فەرموویەتی: ﴿إِنَّ

﴿ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، بێگومان خوا ڕێنمایی کۆمەڵی بێبڕوایان ناکات، کە زیان لە تۆ بدەن، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوە پەیامێکی تایبەتە کە دەبێ پێغەمبەر ﷺ بیگەیەنێ، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، چونکە زۆر لە تەفسیرەکان، ئەوانەی من تەماشام کردوون، لێرەدا ئیشکالیان بۆ دروست بووە، نەیانزانیوە چۆن خۆیانی لێ دەرباز بکەن، ئیشکالەکە ئەوەیە: کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ ﴾، ئەی پێغەمبەر! ئەوەی لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە، بیگەیەنە، وە ئەگەر نەیگەیەنی مانای وایە پەیامی خوات نەگەیاندوە، دەڵێن: ئاشکرایە ئەگەر پێغەمبەر پەیامی خوا نەگەیەنێ، مانای وایە پەیامی خوای نەگەیاندوە، وەك بڵێی ئەوە دووبارەیەو (تحصيل الحاصل)ە!! بەلام وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، وانیە، بەڵکو لێرەدا ئەوە شتێکی تایبەت بووە بە خاوەن کتێبەکانەوە، بە جوولەکەو نەصرانییەکان، نەك گشتی بێ، واتە: ئەگەر ئەو شتە تایبەتە نەگەیەنێ بە جوولەکەو نەصرانییەکان، ئەوە وەك ئەوە وایە کە هیچ کام لە پەیامو بەرنامەی خوای پەروەردگاری نەگەیاندبێ، وە دوایی خوا موژدەو بەڵێنی پێدەداتو دڵنیای دەکاتەوە، ﴿ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ ﴾، واتە: بەتەئکید خوا دەتپارێزێ لە خەڵکی، وشەی: ﴿ ٱلنَّاسِ ﴾، لە بەکارهێنانی قورئاندا بەگشتی واتە: خەڵك، لە هەندێك شوێنیش دەردەکەوێ کە مەبەست پێی خەڵکی کافرە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (آل عمران) کە دەفەرمووێ: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ١٧٣ ﴾، لێرەدا مەبەست لە (الناس)ی یەکەم کابرایەك بوو لە موشریکەکان، هەواڵیدا بە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی، وە مەبەست لە (الناس)ی دووەم ئەبو سوفیانو سوپاکەی بوو، کە ئێمە پێشتر لە تەفسیری سوورەتی (آل عمران)دا باسمان کردوە، جا لێرەدا خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ ﴾، واتە: بەتەئکید خوا

دەتپارێزێ لە كافران، وە من بۆیە ئەوەتان زۆر بۆ ڕوون دەكەمەوە، چونكە شیعە ئەوە دەكەنە بەڵگە لەسەر ئەوە كە مەبەست لەوە ئیمامەتو ویلایەتی (عەلی)یە، خوا لێی ڕازی بێ، ئەوان ئاوای تەفسیر دەكەن: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ﴾، (أي ولايَةَ عَلَي وَإمَامَتهُ) ﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ﴾، (أي وَإن لَمْ تُبَلِّغ أصْحَابَك بأن عَلَيّ إمَامٌ بَعْدَك) ﴿فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾، (أي إذَا لَمْ تكمل النّبوّة بالإمامَة، مَا بَلَّغتَ رسَالَتَهُ)، ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾، (أي مِنْ أَصْحَابكَ)، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، (أي الرافضين لإمَامة عَليٍّ)، شیعە ئاوای تەفسیر دەكەن، بۆیە من زۆر تەئیكد لەوە دەكەمەوە كە ئەو ئایەتە ئەگەر تەماشای پێشو دوای بكەین، دەبینین هیچ پەیوەندیی بە ئیمامەتی (عەلی)یەوە خوا لێی ڕازی بێ، نیە، بەڵكو هەمووی پەیوەندیی بە جوولەكەكانەوە هەیە، دوایی دەفەرموێ: ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ﴾، ئەوە ئەو شتەیە كە خوا دەفەرموێ: ئەوەی كە بۆت نێردراوە، بیگەیەنە، چییە؟ ئەو شتە تایبەتەی كە دەبێ پێغەمبەر ﷺ بە جوولەكەو نەصرانییەكانی بگەیەنێ، تاكو بۆیان دەربكەوێ كە لەسەر بۆشن، لە حاڵێكدا كتێبەكەی خۆشیان گۆڕاوەو دەستكاریی كراوە، ئیمانیش بە قورئان نەهێنن، كەواتە: لەسەر هیچ نینو دینەكەیان بۆشە، لێیان قبوول ناكرێ، ﴿حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ﴾، هەتا تەوراتو ئینجیلو ئەوەی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزیوە بەرپا نەكەنو پێوەی پابەند نەبن، واتە: ئەو هەقەی لە تەوراتو ئینجیلدا ماوەتەوەو دەستكاریی نەكراوە، ئەوە واتایەكی، واتایەكی دیكەی: ئەو بەشە لە تەوراتو ئینجیل كە موژدە دەدەن بە هاتنی پێغەمبەری كۆتایی موحەممەد ﷺ، ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗا﴾، وە بە تەئكید زۆرێكیان ئەوەی لە پەروەردگارت بۆت دابەزێنراوە، یاخی بوونو كوفریان تێدا زیاد دەكات، پێشتریش باسمان كردوە،

بۆچی؟ ﴿ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾، خەفەت لە کۆمەڵی بێبڕوایان مەخۆ، ئەوانە سروشتیان وایە، ئەو وەحییەی بۆ تۆ دێ، ئەو قورئانەی کە بۆ تۆ دێ، لە جیاتی ئەوەی دڵیان پێی نەرم بێو بگەڕێنەوە، هەر زیاتر پێی یاخی دەبنو پێی کافر دەبن.

ئنجا خوای پەروەردگار وەك شتێکی گشتی باسی هەموو میللەتان دەکات، (الشهرستانی) کتێبێکی هەیە (الملل)، هەروەها (إبْنُ حَزم)یش کتێبێکی هەیە بە ناوی: (الملل والنحل)، (الملل) کۆی (ملة)یە، واتە: ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی بە دوای پێغەمبەران کەوتوونو بە دوای کتێبە ئاسمانییەکان کەوتوون، (النحل)یش کۆی (نحلة)یە، یانی: ئەو دەستەو تاقمانەی لە نێو میللەتێکدان، بۆ وێنە: شیعەو خەواریجو مورجیئەو موعتەزیلە کە لەگەڵ جەماوەری مسوڵمانان (أَهْلِ السُّنَّةِ وَالجَمَاعَة)، ئەوانە پێیان دەگوترێ: (نِحل)، بەلاّم (الملل) جیایە، بۆ وێنە: میللەتی یەهودیی، میللەتی نەصرانیی، میللەتی مسوڵمان، میللەتی بووذیی، میللەتی گاپەرست ... هتد، ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، بێگومان ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، (واتە: مسوڵمانان)، وە ئەوانەی کە گەڕاونەوە، (واتە: جوولەکەکان)، وە صابیئە کە ئەوانیش کۆمەڵێك بوون، وە نەصرانییەکان، هەر کامێك لەو چوارانە بڕوا بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێنن، وە کردەوە باشەکانیش ئەنجام بدەن، نە ترسیان لەسەرە، نە پەژارەداریش دەبن، واتە: بۆ داهاتوو ترسیان لەسەر نیە، بۆ ڕابردووش پەژارەدار نابن، لێرەدا هەندێ کەس گوتوویانە: مادام خوا دەفەرموێ: مسوڵمانو جوولەکەو صابیئەو نەصرانیی، هەر کامێك لەوانە بڕوا بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێنێو، کردەوەی باش بکات، نەترسی لەسەرەو نە پەژارە دایدەگرێ، کەواتە: لێرەدا مسوڵمانو جوولەکەو صابیئەو نەصرانیی هەموویان یەکسانن! ئەوە هەندێ مەلای دین فرۆش ئەم ئایەتە ئاوا تەفسیر دەکەن، کە ئەوە مەبەست نیە، جا ئەم ئایەتە موبارەکە لە سوورەتی (البقرة)ەشدا هاتوە، لەگەڵ کەمێك جیاوازیی، هەروەها لە سوورەتی

(الحج)یشدا هاتوە، لەوێشدا بە جیاوازییەكی كەم، كە بە تەئكید مەبەست ئەوەیە ئەوانەی مسوڵمانن‌و ئێستا ئۆممەتی موحەممەدن ﷺ، وە ئەوانەش كە جوولەكەن كاتی خۆی ئەگەر لەگەڵ تەورات‌و مووسادا ﷺ ڕاستیان كردبێ، ئیمانیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی بووبێ‌و كردەوەی باشیشیان ئەنجام دابێ، وە ئەوانەی صابیئەن بە هەمان شێوە لە كاتی خۆیدا لەگەڵ پێغەمبەرو دینی خۆیاندا ڕاستیان كردبێ، وە ئەوانەی نەصرانیین لەگەڵ عیسا ﷺو دینی نەصرانییەت ڕاستیان كردبێ‌و، بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی بوبێ‌و كردەوە باشەكانیان ئەنجام دابێ، هەموو ئەوانە ﴿ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، واتە: ئەوە بۆ ڕابردووە، ئەوە واتایەكی، واتایەكی دیكەشی ئەوەیە كە مسوڵمانان‌و جوولەكەو صابیئەو نەصرانیی هەموویان، ئەگەر بە ڕاستی ئیمان بە خوا بێنن‌و، ئیمان بە ڕۆژی دوایی بێنن‌و، كردەوە باشەكان ئەنجام بدەن، بەڵام ئیمان بە خوا هێنان‌و، ئیمان بە ڕۆژی دوایی هێنان‌و، كردەوەی باش ئەنجامدان، بە شێوەیەك كە قورئان دەفەرموێ، چونكە ئیمانێك بە ئیمان دادەنرێ، وە ئیعتیباری پێ دەكرێ، كە بەپێی قورئان بێ، وە هەروەها ئیمان بە ڕۆژی دواییش دەبێ بە پێی قورئان بێ، وە كردەوەش كاتێك باش دەبێ‌و بە باش دادەنرێ كە بە پێی شەریعەت بێ، كەواتە: ئەم ئایەتە دوو واتای ڕاستی هەن:

١) ئەو میللەتانە هەر كامێكیان ئەگەر كاتی خۆی لەگەڵ بەرنامەی خوادا ڕاستی كردبێ، ئەوە سەرفرازن، یانی: باب‌و باپیرانیان‌و پێشووەكانیان.

٢) وە ئێستا ئەگەر هەر كامێكیان ئیمان بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێنێ، وە كردەوەی باش بكات، ئەوە سەرفرازە، نەك بڵێی جوولەكە لەگەڵ جوولەكایەتیی دا ڕاست بكاو، نەصرانیی لەگەڵ نەصرانییەتی خۆی ڕاست بكات، صابیئە لەگەڵ ئەوەی خۆیدا ڕاست بكات، ئەوە هەموویان وەك یەكن! ئەم ئایەتە ئەوە ناگەیەنێ، وەك دوایی جارێكی دی دەگەڕێینەوە سەری.

ئنجا خوای پەروەردگار باسی پەیمان وەرگرتنی خۆی دەكات لە جوولەكەكان، دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِيٓ إِسْرَآءِيلَ وَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ رُسُلًا ﴾، بێگومان ئێمە پەیمانی پتەومان لە وەچەی ئیسرائیل وەرگرت، وە پێغەمبەرانێكیشمان

بۆ لا ڕەوانەکردن، کەچی ئەوان چیان کرد؟ ﴿كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُواْ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ ﴾، هەر کاتێك پێغەمبەرێك هاتبا بۆ لایان بە شێوەیەك شتێکی پێگوتبان کە نەفسیان ئارەزووی لێ نەدەبوو، دڵپەسندی ئەوان نەدەبوو، بە پێی ئارەزووو هەوای ئەوان نەدەبوو، ئەوە کۆمەڵێکیان لە پێغەمبەران بە درۆ دەزانین، کۆمەڵێکیشیان لێ دەکوشتن، هەر بەوەندە وازیان نەدەهێنا پێیان بڵێن درۆ دەکەن، بەڵکو دەشیان کوشتن، یانی ئەو خراپییەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە، وە بەو بارە سەختەوە لەمێژە باریان گرتوە، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (خوێکی گرتت بە شیری تەرکی ناکەی بە پیری)، عەرەبیش دەڵێن: (مَنْ شَبَّ عَلَى شَيءٍ شَابَ عَلَيْهِ) ئەوە جۆرێکە لە دڵنەوایی بۆ پێغەمبەر ﷺ، وە بۆ مسوڵمانان کە وەختێ ئەو کەللە ڕەقیی‌و سەرسەختییو پیلان‌و فێڵ‌و خراپەکارییەی جوولەکە دەبینن، زۆر دڵ نارەحەت نەبن، بزانن کە ئەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە، وە زانایانی کۆمەڵناسیش دەڵێن: ئەوەی باب‌و باپیران لەسەر دەبن، کاریگەریی هەیە بۆ سەر ڕۆڵەکانیان، خواش لە سووڕەتی (الكهف)دا کە باسی ئەو خەزنەی لە بن دیوارەکەدا بووە، دەکات، دەفەرموێ: ﴿... وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحًا ... ﴿٨٢﴾﴾، بابی ئەو دوو کوڕە پیاوێکی باش بوو، هەرچەندە بابیان نەماوە، بەڵام لەبەرئەوەی پیاوێکی باش بووە، خوای بە بەزەیی مووساو ئەو بەندە صالحە بەکاردێنێ بۆئەوەی ئەو ماڵەیان زایە نەبێ، کە لە بن ئەو دیوارەدایەو خەریکە بڕووخێ.

لە کۆتایی دا خوای زاناو شارەزا دەفەرموێ: ﴿وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُواْ وَصَمُّواْ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٌ مِّنْهُمْۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴾، وە پێیان وابوو کە ئەو هەڵوێستەیان لە بەرانبەر پەیمانی خوادا کە هەڵیانوەشاندۆتەوەو، لە بەرانبەر پێغەمبەراندا کە بە درۆیان زانیون‌و کوشتوویانن، نابێتە مایەی عەزاب، یاخود مایەی گوناهباریی‌و بەڵا، بۆیە کوێر

بوونو كـەڕ بوون، دوایـی كـە گەڕانـەوە بـۆ لای خـوا، خـواش گەڕایـەوە سـەریان، ﴿ثُمَّ عَمُوا۟ وَصَمُّوا۟ كَثِيرٌ مِّنْهُمْ﴾، بەڵام دووبـارە جارێكی دیكـە، چـونكە خوویـان پێـوە گرتبـوو، زۆریـان لـە بەرانبـەر هەقیّـدا كـوێر بـوونو كـەڕ بـوون، نافـەرمویٚ هـەموویان، ﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾، وە خـوا بینـەری ئەوەیـە كـە دەیكـەن، واتـە: چـاك دەیـانبینیٚ كە چی دەكـەن، كەچی شـەرم لە خـوای پـەروەردگار ناكـەن، ئـەوە هـەمووی كـە خـوا باسـی سـیفەتەكانی ئـەوانمان بـۆ دەكـات وەك كـوردەواریی خۆمـان دەڵێن: (دیوار لەگەڵ تۆمە گوێسـوانە گوێـت لـێبـیٚ)، بۆیـە باسـی ئـەو سـیفەتانەیان دەكات، تـاكو ئێمـە عیبـرەتیان لێوەربگریـن، مسـوڵمانان بزانـن كـە جوولـەكـە خـوا ئـەو هـەموو چـاكەیەی لەگـەڵ كـردوونو، بـە بـەزەیی بـووە لەگـەڵیانو، نیعمـەتی پێـداون، كەچی هـەروا بـە سـەرەخـەریی و سەرسـەختیی و بـە كەللـە ڕەقیـی هێناویانـە، بۆیـە سـەرەنجامەكەشیان ئـاوا خراپـە، دەبـیٚ پەندیـان لێوەربگریـن، خـوا سـەرەنجـامەمان خێـر بكـات.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، واتە: ئەی پێغەمبەر! (کە مەبەست پێی موحەممەدە ﷺ) ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت نێردراوەتە خوار، ڕایبگەیەنە، وە ئەگەر وانەکەی ئەوە پەیامو بەرنامەی خوات ڕانەگەیاندوە، توێژەروانی قورئان، وەك ئاماژەم پێدا لە بەرانبەر ئەم ڕستەیەدا کە دەفەرمووێ: ﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾، ئەگەر وانەکەی پەیامەکەی خوات نەگەیاندوە، مشتومڕێکی زۆریان کردووەو چوونە نێو تەفاصیلی ڕەوانبێژیی (بلاغة)یەوە، لەبەرئەوەی بە ڕواڵەت ئایەتەکە دەفەرمووێ: ئەگەر پەیامی خوا نەگەیەنی، پەیامی خوات نەگەیاندوە، ﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾، یانی: (وإذا لَمْ تُبَلِّغ رسالتهُ، فَما بَلَّغت رسَالَتَهُ) دەڵێن: ئەوەش جۆرێکە لە دووبارەبوونەوە، دووبارەبوونەوەش لە کەلامی خوای پەروەردگاردا نیە، جا هەندێکیان گوتوویانە: لێرەدا خوای پەروەردگار ویستوویەتی بە پێغەمبەر ﷺ بفەرمووێ: ﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾ واتە: ئەگەر پەیامی خوا نەگەیەنی، بزانە کە پەیامی خوات نەگەیاندوە! واتە: وەك چۆن یەکێ لە شاعیرەکان دەڵێ: (والشِّعْرُ شِعرِي) شیعری من شیعرە، واتە: پەیام نەگەیاندن پەیام نەگەیاندنە، یانی: گوناهێکی زۆر زۆر گەورەیە، ناگونجێ بە غەیری خۆی بە هیچ شتێك وەسف بکرێ، هەڵبەتە دەشگونجێ وابێ‌و مانایەکی جوانیشە.

بەڵام ئەوەی من بۆم دەرکەوتوە، دوای سەرنجدانی زۆری تەفسیرەکان‌و لێ وردبوونەوەی خۆم لە ئایەتەکان، ئەوەیە کە خوا دەفەرمووێ: ﴿بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ

﴿إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾، ئەو ﴿مَآ أُنزِلَ﴾ یانی: (الشيءُ الخاصُّ الَّذي أُنزِلَ إِلَيكَ مِن ربِّكَ) ئەو شتە تایبەتییەی کە لە پەروەردگارتەوە بۆت نێردراوەتە خوار، بەڵام کە دوایی دەفەرموێ: ﴿فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ﴾، ڕیسالەتەکە کۆی ئەو وەحییەیە کە بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتوە، بەڵام ﴿مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾، شتێکی تایبەتە، ئەوکاتەش دووبارەبوونەوە دروست نابێ، ئەوەم پێ ڕاستترو ڕێکترە، واتە: خوا دەفەرموێ: ئەگەر ئەو شتە تایبەتەی کە من پێمگوتووی و بۆت نێردراوەتە خوار، نەیگەیەنی، مانای وایە کە هیچ بەشێك لە پەیامو بەرنامەی خوات نەگەیاندوەو وەك ئەوە وایە هیچت نەگەیاندبێ، واتە: ئەگەر ئەو بەش (جزء)ە نەگەیەنی، مانای وایە گشت (کل)یشت نەگەیاندوە، بۆیەش وادەڵێم، چونکە خوای کاربەجێ لە ئایەتی دوایی دا، یەکسەر بۆمان ڕووندەکاتەوە کە ئەو شتە تایبەتە چییە؟ ئەویش ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾، بڵێ: ئەی خاوەن کتێبینە! لەسەر هیچ نین تاکو تەوراتو ئینجیلو ئەوەی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێنراوە، بەرپای نەکەنو کاری پێنەکەن، کەواتە: ئا ئەوە ئەو پەیامە تایبەتەیە کە خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، ئەگەر ئەوە نەگەیەنی، وەك هیچ بەشێك لە بەشەکانی پەیامی خوات نەگەیاندبێ، دیارە ئەویش شتێکی قورس بووە بۆ پێغەمبەر ﷺ، کە بیگەیێنێ بە جوولەکەو نەصرانییەکان کە لافو گەزافی زۆریان لێداوە: ئێمە خاوەن کتێبینو ئێمە واینو، ئێمە وا چووین! بە تایبەتی جوولەکەکان، پێغەمبەر ﷺ پێیان بفەرموێ: ئێوە لەسەر هیچ نین، ئەگەر وێڕای تەوراتو ئینجیلەکەی خۆتان (واتە: ئەوەی کە نەگۆڕدراوە، یان ئەو بەشەی کە پەیوەندیی بە موژدەدان بە پێغەمبەری کۆتاییەوە ﷺ هەیە) ئەگەر وێڕای ئەوە، شوێن قورئانیش نەکەون، ئێوە لەسەر هیچ نین، کە ئەوە هێنانە سەر (سفر)یانەو، دیارە زۆر لەسەر دڵیان قورسە، پێغەمبەری خواش ﷺ لەبەرئەوە کە ڕەوشت بەرزترینو

ڕەوشت جوانترین کەس بووە، زۆر پێیناخۆش بووە مەگەر زۆر ناچاربێ، کە شتێ بە کەسێ بڵێ، کە بزانێ پێی ناخۆشە، بە تەئکید جوولەکەو نەصرانیەکانیش ئەوەیان لە هەموو شتێك پێ ناخۆشتر بووە، تۆ زەربی سفریان بکەی‌و، بڵێی لەسەر هیچ نین، زۆر زۆر پێیان ناخۆشە، بۆیە خوای بالادەست وا بە جەخت لەسەر کردنەوە دەفەرموێ: دەبێ ئەوەیان پێ ڕابگەیەنی، ئەگەرنا وەك پەیامی خوات هیچ نەگەیاندبێ وایە، وە لە پێش ئەوەشدا دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾، وە خوا لە خەڵك دەتپارێزێ، واتە: لە خەڵکی کافر، بۆیە لە زیانی ئەوان مەترسێ‌و لە کاردانەوەی ئەوان مەترسێ، ئەو پەیامە بگەیەنە، تاکو ئەوان بزانن کە لە دوای هاتنی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ، وە لە دوای دابەزینی قورئان، بەرنامە پێشووەکان‌و ڕێبازەکانی پێغەمبەرانی پێشوو لەبەر تیشکی قورئان‌و لەبەر تیشکی ڕێبازی پێغەمبەری کۆتایی دان، هەرچی ئەو پەسەندی بکات، پەسندەو هەرچی ئەویش پەسەندی نەکات، بەکەڵك نایەت‌و نەسخ بۆتەوەو کاری پێ ناکرێ، وە کەسانێك کە لەسەریان دەڕۆن، لە قیامەتێ دەبنە سەپانی پووشێ.

## هەڵوەشاندنەوەی بۆچوونێکی هەڵەی شیعە لە بارەی ئەم ئایەتەوە

لێرەدا شیعە دەربارەی ئەم ڕستە قورئانییە کە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ﴾، ئیددیعای ئەوە دەکەن‌و لافی ئەوە لێدەدەن کە لێرەدا ئەو شتە تایبەتە کە خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بیگەیەنە، ئیمامەتی (عەلی)یە خوا لێی ڕازی بێ! دەڵێن: ماناکەی ئاوایە: ئەی پێغەمبەر! بە خەڵك ڕابگەیەنە کە لە دوای تۆ ڕاستەوخۆ عەلی کوڕی ئەبو طالیب دەبێ بە ئیمام‌و

خەلیفەی مسوڵمانان! ئنجا کە ئاواش دەڵێن، لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نیە، وەك پێشتریش باسمان کرد، وە ئەگەر تەماشای سیاقی ئایەتەکان بکەین، دەبینین کە ئەو فیکرەیە شتێکی نامۆو نەگونجاوە لەگەڵ سیاقی ئایەتەکاندا، ئایەتەکان هەموویان باسی ئەوە دەکەن کە ئاوا بە جوولەکەو نەصرانییەکان بڵێ‌و، ئاوا بۆیان ڕوونبکەوە ... هتد، هەموو ئایەتەکان لەو بارەوەن، وە ئیمامەتی عەلی خوا لێی ڕازی بێ شتێکی بێگانەیەو نامۆیە بە سیاق‌و جەوی ئایەتەکان‌و خزێنرانیە نێویان، شتێکی سەیرو نەگونجاوە، خوای پەروەردگاریش فەرمایشتەکەی هەمووی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك یەکدی دەبەستنەوەو، هەمووی تەواوکەری یەکدییە، وە ناگونجێ فیکرەیەکی نامۆ بێتە ناو شوێنێکەوە کە لەگەڵی نەگونجێ! بەڵام با تەماشا بکەین بزانین ئەوان بەڵگەیان چییە؟

شیعەی دوازدە ئیمامیی (الشیعة الإثنا عشریة الإمامیة) دەڵێن: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لە حەجیماڵئاوایی (حَجّةُ الْوَدَاعِ) گەڕایەوە لە ساڵی دەیەمی کۆچی دا، لە شوێنێك کە (غَدِیرِ خُمّ)ی پێدەگوترێ، {کاتی خۆی (غَدِیرِ) بیرێك بووە، (خُمّ)یش چاڵاییەك بووە}، سوپایەکەی لەوێ ڕاگرت، وە مسوڵمانانی بەگشتی لەوێ وەستاند، وە پێی ڕاگەیاندن، کە عەلی لە دوای خۆی پێشەواو گەورەی مسوڵمانانە، ئەویش دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئەوەی پێ ڕاگەیاندن، مەترسی هەبووە لە قبووڵنەکردنی هەندێك لە هاوەڵانی بۆ ئەو مەسەلەیە کە چاویان لەوە بوو دوای پێغەمبەر ﷺ ببنە حوکمڕان!! دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ خەریك بوو لە ترسی قبوڵنەکردنی ئەوان ڕاینەگەیەنێ، هەتا خوا پێی فەرمووو: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، لە تەفسیرەکانی شیعاندا دەڵێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ﴾: (أي: إمامةِ عَلِي) پێشەوایەتی عەلی ڕابگەیەنە، ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾، خوا لە خەڵك دەتپارێزێ (أي: مِنْ أَصْحَابِكَ) لە هاوەڵەکانت دەتپارێزێ، ناهێڵێ زەرەرت لێ بدەن، (وەك هاوەڵەکان

دوژمنی پێغەمبەر ﷺ بوونو لێی لە کەمیندا بوون!! ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾، وە خوا ڕێنمایی کافران ناکات (أَي: الرافضين لإِمَامَة عَلِي) ئەوانەی ڕەفزی ئیمامەتی عەلی دەکەن!! دیارە ئەوەش هەمووی لەسەر ئەم ئایەتە هەڵدەچنن، وە لەسەر فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: ﴿مَنْ كُنْتُ مَوْلاهُ فَعَلِيٌّ مَوْلاهُ اللَّهُمَّ وَالِ مَنْ وَالاهُ وَعَادِ مَنْ عَادَاهُ﴾ {رَوَاهُ أَحْمَد بِرقم: (١٨٥٠٢)، عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ تَعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره} واتە: هەر کەسێ من دۆستی بم، نزیکی بم، (جا ئەوان دەڵێن سەرپەرشتیاری بم) ئەوە عەلی دۆستو نزیکیەتی (ئەوان دەڵێن: سەرپەرشتیاریەتی)، ئەی خوایە! هەر کەسێك دۆستایەتیی بکات، دۆستایەتیی بکەو، هەر کەسێك دژایەتیی بکات دژایەتیی بکە، دەڵێن: ئەوە بەو شێوەیە بووە کە پێغەمبەر ﷺ ئەو مەسەلە گرنگەی لەوکاتەدا ڕاگەیاندووە، ئەو ئایەتە بەو بۆنەوە هاتۆتە خوارێ[1]!

بەڵام ئەوەی ئەوان دەیڵێن: هیچ بنەمایەکی نیەو وەك زۆر بیروبۆچوونی دیکەیان قسەیەکی بۆشە، وە ڕاستیی مەسەلەکە بەم شێوەیە: پێغەمبەری خوا ﷺ پاش گەڕانەوەی لە حەجیماڵئاوایی لە شوێنێك لە نزیك (الجحفة) بەناوی (غَدِيرِ خُمّ) لە نێوان مەککەو مەدینە لە ڕۆژی (١٨)ی (ذي الحجة)ی ساڵی دەیەمی کۆچیی دا، دوای ئەوەی بیستی کە کەسانێك بە خراپەو زەم باسی عەلی کوڕی ئەبو طالیب دەکەن، خوا لێی ڕازی بێ، ئەوانیش ئەو کۆمەڵە خەڵکە بوون کە لە یەمەن لەگەڵی گەڕاونەتەوە عەلی خوا لێی ڕازی بێ، لە یەمەن بوو لە یەمەنەوە گەڕایەوە، بۆئەوەی فریای حەج بکەوێ، لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ کۆمەڵێك لەگەڵی دابوون، ئنجا لەبەرئەوەی کە عەلی خوا لێی ڕازی بێ ڕازی نەبوو بوو لە قوماشێکی (بيت المال) کە پێیانە، یەکی سەرو قات بکەن، بەبێ ئاگاداریی وی سەرو قاتیان لێکردبوو، ئەویش دوایی لێی ستاندنەوەو گوتی: دروست نیە، لەسەر ئەوە بە خراپە باسیان کردوە، پێغەمبەریش ﷺ خەڵکەکەی کۆکردۆتەوەو فەرموویەتی: باسی عەلی مەکەن، ئەوەی کردوویەتی هەقە، بۆیە

---

١) بڕوانە: التفسير الكاشفي، ج٣، ص ٩٧، محمد جواد مُغنية.

ڕەوانییە زەمو غەیبەتی بکەن، باسی مەکەن، خۆشتان بوێ، من خۆشم دەوێ، مەسەلەکە ئاوا بووە.

ئنجا با تەماشای چەند دەقێك بکەین، کە لەڕاستیدا هەر ئەو دەقانە لەوبارەوە هاتوون، وە شیعەش هەر پشت بەو دەقانە دەبەستن، بەڵام ئەوان بە جۆرێك واتایان دەکەن، کە لەگەڵ ئەو بیرۆکە چەوتەی ئەواندا بگونجێ، کە بێگومان ئەوە جۆرێکە لە گۆڕینو لادانی وشەکان لە شوێنی خۆیان، وەك عادەتی سەرگەردانانەی خاوەن کتێبەکان لە پێش ئیسلامدا، ئەوەش ئەو دەقانەن کە لەوبارەوە هاتوون:

١- ﴿قَالَ ابْنُ إِسْحَاقَ: وَحَدَّثَنِي يَحْيَى بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي عَمْرَةَ عَنْ يَزِيدَ بْنِ طَلْحَةَ بْنِ يَزِيدَ بْنِ رُكَانَةَ قَالَ: لَمَّا أَقْبَلَ عَلِيّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ مِن الْيَمَنِ لِيَلْقَى رَسُولَ اللهِ ﷺ بِمَكَّةَ تَعَجَّلَ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ وَاسْتَخْلَفَ عَلَى جُنْدِهِ الَّذِينَ مَعَهُ رَجُلاً مِنْ أَصْحَابِهِ فَعَمِدَ ذَلِكَ الرَّجُلُ فَكَسَا كُلّ رَجُلٍ مِنَ الْقَوْمِ حُلَّةً مِنَ الْبَزِّ الَّذِي كَانَ مَعَ عَلِيّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، فَلَمَّا دَنَا جَيْشُهُ خَرَجَ لِيَلْقَاهُمْ فَإِذَا عَلَيْهِمْ الْحُلَلُ، قَالَ: وَيْلَكَ مَا هَذَا؟ قَالَ: كَسَوْتُ الْقَوْمَ لِيَتَجَمَّلُوا بِهِ إِذَا قَدِمُوا فِي النَّاسِ، قَالَ: وَيْلَكَ انْزِعْ قَبْلَ أَنْ تَنْتَهِيَ بِهِ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالَ: فَانْتَزَعَ الْحُلَلَ مِنَ النَّاسِ فَرَدَّهَا فِي الْبَزِّ، قَالَ: وَأَظْهَرَ الْجَيْشُ شَكْوَاهُ لِمَا صُنِعَ بِهِمْ﴾(موحەممەدی کوڕی ئیسحاق هێناویەتی لە سیرەی خۆیدا، ئیبنو هیشام لەوەوە هێناویەتی)[1].

واتە: کاتێ عەلی خوا لێی ڕازی بێ لە یەمەنەوە گەڕایەوە، بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە، پەلەی کرد، وە پیاوێکی لە سەربازەکانی لە شوێنی خۆی دانا، ئەو پیاوەش دوای ئەوەی کە عەلی خوا لێی ڕازی بێ چوو بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ مەککە هەڵسا لەو قوماشەی کە پێیان بوو {کە جارێ دابەش نەکراوەو هی (بیت المال)ە} هەر پیاوەی سەرو قاتی دانێ، (دیارە قوماشێکی تازەو چاك بووە)، کاتێك سوپایەکە نزیك کەوتەوە، عەلی خوا لێی ڕازی بێ چوو بیانبینێ، تەماشای کرد هەموو بەرگی تازەیان لەبەردایە، بە کابرای کە لە شوێنی خۆی دانابوو، گوتی: ئەی بێقەزابێ! ئەوە

---

١) السيرة النبوية، لابن هشام، ج ٤، ص ٣٥٢، ٣٥٣.

چیت کردوە؟ ئەوە چییە؟ گوتی: هەر کامێکیان قاتێکم داوەتێ، تاکو بە بەرگی نوێوە بێنە نێو خەڵکی، گوتی: بێقەزابی بەرگەکەیان لێ بستێنەوە، پێش ئەوەی بچینە لای پێغەمبەر ﷺ، ئیدی بەرگەکانی لێ ستاندنەوە، وە گێڕایەوە بۆ نێو قوماشەکە، سوپایەکەش سکاڵایان کرد، {واتە: ئەو خەڵکە قاتو جلەکانیان لێ ستێندرابوۆوە} سکاڵایان کردو نارەزاییان دەربڕی (لەبەر ئەوەی عەلی خوا لێی ڕازی بێ ئەو فەرمانەی کردوە).

٢- ﴿عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيّ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ، قَالَ: اشْتَكَى النّاسُ عَلِيّا رِضْوَانُ اللّٰهِ عَلَيْهِ فَقَامَ رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ فِينَا خَطِيبًا، فَسَمِعْته يَقُولُ: أَيّهَا النّاسُ! لا تَشْكُوا عَلِيّا، فَوَاللّٰهِ إنّهُ لأَخْشَنُ فِي ذَاتِ اللّٰهِ، أَوْ فِي سَبِيلِ اللّٰهِ مِن أنْ يُشْكى﴾ {رَوَاهُ البُخاري في التأريخ الكبير، وإبن إسحاق}[1]، واتە: ئەبو سەعیدی خودریی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: خەڵکێك گلەییان لە عەلی کوڕی ئەبو طالیب کرد باسیان دەکردو سکاڵایان لە دەست دەکرد، پێغەمبەر ﷺ هەڵسا وتاری بۆ داین (ناوی شوێنەکە ناهێنێ کە "غدیر خم"ە) دەڵێ گوێم لێبوو دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە! گلەیی لە عەلی مەکەنو سکاڵای لە دەست مەکەن، سوێند بە خوا لەبەر خوا زۆر زبرە، یاخود لەڕێی خوای بەرزدا لەوە بەرزترە کە سکاڵای لەسەر بێ، (واتە: ناهەقیی قبووڵ ناکات، زەمی مەکەن لەو شتەی کە کردوویەتی لەبەرئەوەی هەقە).

٣- ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، عَنْ بُرَيْدَةَ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُما، قَالَ غَزَوْتُ مَعَ عَلِيٍّ الْيَمَنَ فَرَأَيْتُ مِنْهُ جَفْوَةً فَلَمَّا قَدِمْتُ عَلَى رَسُولِ اللّٰهِ ﷺ ذَكَرْتُ عَلِيًّا فَتَنَقَّصْتُهُ فَرَأَيْتُ وَجْهَ رَسُولِ اللّٰهِ ﷺ يَتَغَيَّرُ فَقَالَ: يَا بُرَيْدَةُ! أَلَسْتُ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ؟ قُلْتُ: بَلَى، يَا رَسُولَ اللّٰهِ! قَالَ: مَنْ كُنْتُ مَوْلاهُ فَعَلِيٌّ مَوْلاهُ﴾ {رَوَاهُ الحَاكِم برقم: (٤٥٧٨)، وَأَحْمَد برقم: (٢٢٩٩٥)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين وَإبْنُ أبي شيبه برقم: (٣٢٧٩٥)}.

واتە: بورەیدەی ئەسلەمیی (یەکێکە لە هاوەڵان) خوا لێیان ڕازی بێ، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لێی دەگێڕێتەوە، دەڵێ: من لەگەڵ عەلی بۆ جەنگێك

---

١) السيرة النبوية، لابن هشام، ج ٤، ص ٣٥٣.

چووینــە یەمــەن (بورەیــدە لــە خزمــەت عەلــی بــووە، دیــارە دەبــێ ئــەو بــەرپرس بووبــێ، چووە بۆ یەمەن) منیــش حاڵەتێکــی (جــەفا)م لــێ بینــی، بــێ مەیلــییــم لــێ بینــی، (وەك بڵــێی وەك پێویســت ئاگــای لــێ نــەبووەو هەســتی کــردوە کــە لەگەڵی ســاردە)، کاتێــك گەڕامــەوە بۆ لای پێغــەمبــەری خــوا ﷺ باســی (عەلــی)م کرد (واتــە: گلــەیی کــردوە لــە لای پێغــەمبــەر ﷺ لــە عەلــی) تەماشام کــرد ڕووی پێغــەمبــەری خــوا گــۆڕا، (واتە: پێی ناخــۆش بوو)، ئنجا پێغــەمبــەر ﷺ فــەرمووی: ئــەی بورەیــدە! ئایــا مــن بــۆ ئیمانــداران لــە خۆیــان لــە پێشــتــر نــیم؟ ﴿ئایەتەکــە دەفــــــەرموێ: ﴿ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡ...﴿٦﴾﴾ الأحزاب، واتە: پێغــەمبــەر ﷺ بــۆ ئیمانــداران لــە خۆیــان لــە پێشــتــرەو دەبــێ لــە خۆیــان خۆشــتــریــان بــوێ، وە هاوســەرەکانیشــی دایکیــانن، دیــارە پێغــەمبــەر مەبەستی ئــەوە بووە﴾، منیش گوتــم: با، ئەی پێغــەمبــەری خــوا (تــۆ بــۆ ئێمــە لــە خۆمــان لــە پێشــتــری)، فــەرمووی: هــەر کەســێك مــن خۆشــەویستی بم، عەلــیش خۆشــەویســتییەتی.

دیارە لــێرەدا (مــولاە) بــەو مانایــە نایــەت کــە شیعە دەیڵێن، بۆچــی؟! چونکــە ناگونجــێ پێغــەمبــەر ﷺ بفــەرموێ: هــەر کەســێ مــن ســەرپەرشــتیاری بم، عەلــی ســەرپەرشــتیارییەتی، چونکە کێشــە لەســەر ئــەوە نــەبووە عەلــی ســەرپەرشــتیار بــێ، کێشــە ئــەوە بــووە کــە زەمــی عەلــی یــان کــردووەو خۆشــیان نەویســتوە، واتــە: پێغــەمبــەر ﷺ جەختــی لەســەر ئــەوە کردۆتــەوە، کــە عەکســەکەی لــە نێــو خەڵکیــدا باو بــووە، کــە بریتــی بــووە لــە ڕق، ڕقیــان لــە عەلــی بــووەو لەسەر ئــەو هەڵوێســتەی بوغزاندوویــانە، ئــەو هاوەڵــەش دیــارە لەســەر شــتێك ســاردیی لەگەڵــیدا هــەبووە، ئــەویش فەرموویــەتی: هــەر کەســێك منــی خۆشــدەوێ، دەبــێ عەلیشی خــۆش بوێ، ئیدی هیچ باسی ســەرپەرشــتیارێتیو خەلیفایەتیی نیــە.

٤- ﴿عَنْ زَيد بْنِ أَرْقَم رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: لَما رَجَعَ رَسُول اللهِ ﷺ مِن حَجَّة الوَدَاعِ وَنَزَلَ غَديـر خُمّ أمرَ بدوحاتٍ فَقُنَّ[1]، ثُمَّ قَام فَقَالَ: كَأَني قَد دُعيتُ فَأَجبتُ إِنّي

[1] قنى الشيءَ يَقْنيه قَنْياً: كَسَبَهُ وَجَمَعَهُ/ المعجم الوسيط، ص ٧٦٣، کەواتە: فَقُنَّ: یانــی: ســەری درەختەکانو لقو پۆپــەکانیــان کۆکرانەوە ســێبەریان پێ دروســت کرا.

تَارك فِيكُم الـثَّقلين أَحدهما أَكْبَرُ مِنَ الآخَر: كِتَابَ اللهِ وَعَتـرَتي أَهـل بَيتِـي فَانْظُروا كَيْفَ تَخْلفوني فيهما؟ فَإِنَّهُمَا لَن يتفرَّقا حَتَّى يـرِدَا عليَّ الحوضَ ثُمَّ قَالَ: إِنَّ الله تعالى مولاي وأنا ولي كُلّ مُؤْمِنٍ ثُمَّ أخـذَ بيـدِ عَلي فَقَالَ: مَنْ كُنْتُ مَوْلاهُ فَهَذَا مَوْلاهُ، اللَّهُمَّ وَالِ مَنْ وَالاهُ وَعَادِ مَنْ عَادَاهُ، مَا كَانَ في الدوحاتِ أَحـدٌ إلا قد راه بعينيه وسمعه بأذنيهِ﴾{رَوَاهُ النسائي في (الكبرى) برقم: (٨١٤٨)، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (٤٩٦٩)، وَالحَاكِمُ برقم: (٤٥٧٦)، وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شرط الشيخين}، واته: زەیدی کوڕی ئەرقەم خوا لە خۆیی‌و بابی ڕازی بێ دەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ لە حەجی ماڵئاوایی (واتە: کۆتا حەجی کە هەر ئەو حەجەشی کرد) گەڕایەوە، لە غەدیری خوم دابەزی (لەوێ بارگەو بنەیان خست)، دوایی فەرمانی کرد هەندێ درەخت سەرەکەیان هێندرایەوە یەك، (سێبەریان پێ کرا) ئنجا دیارە لەژێر ئەو سێبەرەدا وەستاو وتاری دا فەرمووی: نزیکە من بانگ بکرێم‌و وەڵام بدەمەوە، (واتە: بانگ بکرێم، بۆ مەرگ، ڕووحەکەم بەرز بکرێتەوە بۆ مەلەکووتی ئەعلاو، منیش وەڵام بدەمەوەو وەفات بکەم) من لە نێو ئێوەدا دوو شتە قورسەکان بەجێ دێڵم، کە هی یەکەمیان لە هی دووەمیان گەورەترە، کتێبی خواو بنەماڵەکەم (یانی: نزیکەکانم) سەرنج بدەن‌و وریابن بزانن چۆن دەبنە جێنشینی من لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئان، وە لەگەڵ بنەماڵەو نزیکانمدا، چونکە قورئان‌و خزم‌و نزیکەکانم لە یەك جیانابنەوە، تاکو پێکەوە دێنە سەر حەوزی کەوسەر، (واتە: ئەو خزمانەی کە ڕەسەنن، هی پێغەمبەر ﷺ لە ڕێبازی پێغەمبەر لانادەن لە ڕێبازی قورئان لانادەن، ئەگەرنا پێغەمبەر ﷺ خزمی ناڕەسەنیشی هەبوون، بۆ وێنە: (أبو لهب)ی مامی، هەروەها زۆر کەس هەیە بە شەجەرە خزمیەتی، بەڵام تەماشا دەکەی پشتی لە پێغەمبەرە ﷺ کە دیارە ئەوە هیچ نیە)، دوایی فەرمووی خوا دۆست‌و نزیکی منە، وە من دۆست‌و نزیکی هەر ئیمانداریکم، دوایی دەستی عەلی گرت‌و فەرمووی: هەر کەسێك من دۆستی بم، ئەوەش دۆستیەتی ئەی خوایە! هەر کەسێك دۆستایەتی بکات، تۆش دۆستایەتیی بکە، وە هەر کەسێك دژایەتیی بکات، دژایەتیی بکە، وە هیچ کەس نەبوو لە ژێر ئەو درەختانەدا، مەگەر بە چاوی خۆی ئەوەی بینی، وە بە هەردوو گوێیەکانی خۆشی ئەوەی بیست.

## جا با بزانین گرفتی خراپ تێگەیشتنی شیعە لە چی دایە؟

<u>یەکەم</u>: ئایەتەکەیان بە غەڵەت هێناوە!

واتە: فیکرەیەکی نامۆو نەگونجاو "لەگەڵ مانای ئایەتەکەو سیاقی گشتی ئایەتەکاندا" یان خستۆتە نێو ئایەتەکەوە، ئەگەرنا ئایەتەکە هیچ دەلالەتی لەسەر ناکاتو، کەمو زۆر پەیوەندیی پێیەوە نیە.

<u>دووەم</u>: هەروەها فەرموودەکەشیان لە جەوو سیاقی خۆی دەرهێناوەو، مانایەکی نامۆیان تێخزاندوە، چونکە هۆی گوترانی ئەو فەرموودەیە، "وەك چۆن ئایەت (سبب النزول)ی هەیە فەرموودەش (سبب الورد)ی هەیە " ئەوە بوو کە باسمان کرد: خەڵکێك زەمی عەلییان کردوە، خوا لێی ڕازی بێ لەسەر هەق بێژیی‌و هەق گوتن، پێغەمبەریش ﷺ بەرگریی لێکردوە، کە زەمی نەکەن، وە بە تەئکید پێغەمبەری خوا ﷺ خوای زانا عزَّ وجلَّ ئاگاداری کردۆتەوەو پێی ڕاگەیاندوە کە لە دوای وەفاتی خۆی، کەسانێك دەبن کە لە عەلی کوڕی ئەبو طالیب یاخی دەبن‌و لێی جیادەبنەوە، وەك (معاوية)و کۆمەڵەکەی‌و، کۆمەڵی خەواریج، بۆیە تەئکیدی کردۆتەوە کە من عەلییم خۆشدەوێ‌و ئێوەش (عەلی)تان خۆشبوێ، مەسەلە خۆشویستنی (عەلی)یە خوا لێی ڕازی بێ، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارەی باسمان کرد، نەك ئیمامەت‌و خیلافەت، ئەگەرنا پێغەمبەر ﷺ لە جیاتی فەرمووبای (مَنْ كُنْتُ مَوْلاهُ فَهَذَا مَوْلاهُ) دەیفەرموو: هەر کەسێك کە من بەرپرسیمی ئەوە عەلی لە دوای من خەلیفەو حوکمڕان‌و سەرپەرشتیاریەتی‌و، بەتەواویی مەسەلەکەی ڕوون‌و یەکلایی دەکردەوە.

<u>سێیەم</u>: گۆڕین (تحريف)ی ماناو چەمکی وشەی (مولى):

شیعە دەڵێن: (المولى) یانی: (الأَولى بالتَصَرّف، وَهُوَ عَين الإمامة) یانی: (مەولا) واتە: لە پێشتر بۆ بڕیاردان، کە ئەوەش خودی پێشەوایەتییە، دەڵێین: (مَولى) کەی بە مانای (أولى)یە؟ بەڵکو لە زمانی عەرەبیدا بەو مانایە هەر نەهاتوە، (مولى) و (أولى) زۆر لە یەك جیان، بەڵام ئەگەر گریمان (مولى) بە مانای (أولى)ش بێ، دەبێ بڵێین: (الأولى بالمَحَبَّة) بۆچی؟ چونکە ڕووداوەکە

باسی ئەوە دەکات کە (علي)یان خۆشنەویستووەو ڕقیان لێ بۆتەوەو ڕەخنەیان لێ گرتووەو، گلەییان لێ کردوە، کەواتە: ئەوەی کە پێویستی بە جەخت لەسەرکردنەوە بووە، خۆشویسترانی عەلی بووە خوا لێی ڕازی بێ، نەك بە خەلیفە دانرانی، کە ئەو مەسەلەیە هەر لە ئارادا نەبووە، بەڵگەشمان لەسەر ئەوە کە مەبەست لە (مولی) یا (ولي) یانی: (الأَوْلى بالمَحَبَّة) ئەگەر (مولی) بە مانای (أولی)ش بێ، کە واش نیە، ئەوەیە کە خوا لە سوورەتی (آل عمران) لە ئایەتی (٦٨)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِيُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۗ وَٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، ﴿ إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ ﴾ یانی: (إِنَّ أَقْرَبَ النَّاس بِإِبرَاهِيم) نزیکترین کەس و لە پێشترین کەس بۆ ئیبراهیم، ئەوانەن کە کاتی خۆی شوێنی کەوتوون، وە ئەم پێغەمبەرەیە (کە موحەممەدە ﷺ)، وە ئیماندارانێکن کە لە خزمەت ئەو پێغەمبەرە دان کەواتە: ئەگەر گریمان وشەی (مولی) بە مانای (أولی)ش بێ، یانی: (الأولى والأقرب بالمحبة والإتباع) وە مەسەلەی سەرپەرشتیاریێتیی و ئیمامەت لەئارادا نیە.

چوارەم: ئنجا شیعەکان دەڵێن: چۆن پێغەمبەر ﷺ ئەو هەموو خەڵکە کۆدەکاتەوەو وتاریان بۆ دەدا، کە پێیان بڵێ عەلی یان خۆشبوێ؟ خۆ مسوڵمانان هەر دەبێ یەکدییان خۆشبوێ، ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە؟!

دەڵێین ئەوە ڕاست نیە، چونکە:

یەك/ خۆشویستن بەگشتی بۆ مسوڵمانانو ئیمانداران جیایەو، خۆشویستنی تایبەتییش جیایە.

دوو/ هۆکارێك هەبووەو قیلو قالێك بڵاوبۆتەوەو، کەسانێك زەمی عەلی یان کردوە خوا لێی ڕازی بێ، لەسەر ئەو هەڵوێستەی کە باسمان کرد، پێغەمبەریش ﷺ بە پێویستی زانیوە کە باسی بکات، وەك چۆن جاری دیکە بۆ ئەبو بەکر خوا لێی ڕازی بێ بە پێویستی زانیوە باس بکات، کە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا خَلِيلاً مِنْ أُمَّتِي لاَتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ ولكن أخوَّة

الإسلام وَمَوَدَّتُهُ﴾ {رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (١١١٥٠)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٤٦٦)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦١٢٠)}، واتە: ئەگەر لە نێو ئۆممەتەکەم دا کەسم کردبایە بە نزیکترین خۆشەویستی خۆم، ئەوە ئەبوبەکرم دەکردێ، برایەتیی و خۆشەویستی ئیسلامیی (لە نێوان دا هەیە).

**مەسەلەی دووەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾، وە خوا لە خەڵکی دەتپارێزێ، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾، بێگومان خوا ڕێنمایی کۆمەڵی کافران ناکات، لەوبارەوە ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُحْرَسُ حَتَّى نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾، فَأَخْرَجَ النَّبِيُّ ﷺ رَأْسَهُ مِنَ الْقُبَّةِ، فَقَالَ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ انْصَرِفُوا فَقَدْ عَصَمَنِي اللهُ)﴾ {رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٣٠٤٦)، والحَاكِمُ برقم: (٣٢٢١)، وَحَسَّنَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) رقم: (٢٤٨٩)}، واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: کە پێغەمبەر ﷺ ئێشکەی لێ دەگیراو پاسەوانیی لێ دەکرا، هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾، وە خوا لە خەڵکی دەتپارێزێ، پێغەمبەر ﷺ سەری دەرهێنا لە قوببە (چادرێك بووە، شتێك بووە هەڵیانداوە، وا پێدەچێ لە غەزایەك بووبن و لە چۆڵەوانییەك چادریان هەڵدابێ) فەرمووی: ئەی خەڵکینە! بڕۆن هەر کەسەو بچێتەوە شوێنی خۆی، خوای بەرز منی پاراستوە، (بەڵێنی داوە من بپارێزێ و پێویست ناکات، خۆتان ماندوو بکەن).

لێرەدا پرسیارێك دەکرێ: ئەگەر خوا ڕایگەیاندوە کە پێغەمبەری خۆی ﷺ دەپارێزێ، ئەدی بۆچی لە جەنگی ئوحوددا ددانی شکا؟ ڕوومەتی بریندار بووو زۆر نارەحەت بوو؟ پاشان بۆچی لە کاتی گرتنی خەیبەردا ژەهر خواردیان کرد[1]، وە لە صەحیحی بوخاریی دا هاتوە کە لەبیدی کوڕی ئەعصەم

[1] صحيح البخاري: ٥٧٧٧.

جادووی لێکردوە[١]؟!

زانایان بە چەند شێوەیەك وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە:

١/ (راغب الأصفهاني) دەڵێ: {عِصْمَةُ الأَنبيَاءِ:

أ) حِفظُهم بما خُصّوا به من صفاء الجَوهر.

ب) ثُمَّ بما أولاهم مِن الفضائل الجسمية والنفسية.

ج) ثُمَّ بالنُّصْرَةِ وبتثبيتِ أقدامهم.

د) ثُمَّ بإنزال السَّكِينَةِ عَلَيْهِم.

هـ) وَبِحِفظ قُلُوبهم وَبالتَّوفِيق}.

واتە: پارێزرانی پێغەمبەران ﷺ لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، واتە:

أ) پاراستنیان بەوەی کە جەوهەرو فیترەتێکی زۆر صافو ساغی پێداون.

ب) پاشان بەو ڕەوشتو ئاکارە جەستەیىو دەروونییە بەرزانەی کە خوای پەروەردگار لەسەری سروشتاندوون.

ج) دوایی بەوە کە خوا پشتی گرتوونو پێی چەسپاندوون.

د) دوایی بەوە کە خوا ئارامیی ڕشتۆتە سەر دڵیان.

هـ) دوایی بەوە کە خوا دڵی پاراستوونو کاری بۆ ئاسان کردوون، واتە: پاراستنی خوا بۆ پێغەمبەران ﷺ ئەو پێنج واتایانەی هەیە.

کەواتە: کە لە جەنگی ئوحوددا ددانی شکاوەو، ڕوومەتی بریندار بووەو، تووشی ناڕەحەتیی بووە[٢]، لەگەڵ ئەم ئایەتە تێکناگیرێ، چونکە ئەم ئایەتە

---

١) صحيح البخاري: ٥٧٦٥ و ٥٧٦٦.

٢) بڕوانە: السيرة النبوية لابن هشام، ج ٣، ص ٢٦، کە لەوبارەوە ئەمە هاتووە: (... أن عتبة بن أبي وقاص رمى رسول الله ﷺ يومئذ فكسر رُباعيَّتَهُ اليُمنى السُّفْلى، و جُرحَ شَفَتُهُ السُّفْلى، وأن عبدالله بن شهاب الزهري شجَّهُ في جَبْهَتِهِ، وأن ابن قَمْئَةِ جَرَح وَجْنَتَهُ فَدَخلتِ حَلْقَتان من حِلَق المغفر في وجَنَته، و وقع رسول الله ﷺ في حُفرة من الحُفَر التي عَمِل أبو عامر لِيَقع فيها المسلمون...).

باسی پاراستنی مەعنەویی پێغەمبەر ﷺ دەکات، بەپێی قسەی ڕاغیب، دیارە (ڕاغیب)یش بۆیە وا دەڵێ: چونکە هەندێ لە پێغەمبەران کوژراون، وەك زەکەریایاو یەحیا، ئەدی خوا چۆن پاراستوونی؟ واتە: لەو ڕووانەوە پاراستوونی، نەك لە ڕووی جەستەییەوە.

٢/ هەندێکیشیان وا چارەسەری ئەو ئیشکالە دەکەن، دەڵێن: ئەم ئایەتانە پاش جەنگی ئوحود دابەزیون، واتە: لە دوای جەنگی ئوحودەوە پێغەمبەر ﷺ نە بریندار بووە، نە نارەحەت بووە. منیش دەڵێم: دوای جەنگی ئوحودیش بووە، چونکە لە جەنگی خەیبەردا ژەهر خوارد کراوە!

٣/ منیش وای تێدەگەم، کە مەبەست لە پارێزرانی پێغەمبەر ﷺ جگە لەو واتایانەی کە ڕاغیب گوتنی، کە بۆ هەموو پێغەمبەران ئەو پاراستنە مەعنەوییە هەر هەبووە، بەلام پاراستنی پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ، پاراستنی گیانیی بووە، واتە: کە کافرەکان بۆیان ناکوژرێ، بەلام خوا نەیفەرمووە: بریندار ناکرێو، ژەهر خوارد ناکرێو، جادووی لێ ناکرێو، نارەحەت ناکرێو، خەفەتی نادرێتێ، ئەوەی نەفەرمووە، واتە: لێرەدا مەبەست لە: ﴿ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ﴾ یانی: (يحفظكَ مِنَ القَتل)، واتە: دەتپارێزێ لەوەی کە بتکوژن.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، بێگومان خوا ڕێنمایی کۆمەڵی کافران ناکات، یانی چی خوا ڕێنماییان ناکات، ئەدی خوای پەروەردگار بۆچی پێغەمبەرانی ﷺ ناردوون؟! هەندێ لە زانایان هەندێ ئیشکالو مشتومڕیان لێرەدا هەیە، بەلام ئەم ئایەتە دوو مانای بێ گرێو گۆڵی هەن:

<u>یەکەم</u>: هیدایەتیان نادات، واتە: ئەو هیدایەتە تایبەتەی خوا بۆ ئیماندارانی دەنێرێ لە ئەنجامی ئیمانەکەیاندا، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدًى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ﴿١٧﴾ ﴾محمد، ئەو جۆرە هیدایەتە کافرەکان لێی

بێبەشن، چونكە هەنگاوی یەكەمیان بەرەو خوا نەناوە، تاكو خوای پەروەردگاریش هاوكارو دەستبارگریان بێ.

دووەم: بەڵام من پێموایە "وەك هەندێ لە توێژەرەوانی قورئانیش ئاماژەیان پێداوە" ئەگەر تەماشای سیاقی ئایەتەكە بكەین لێرەدا، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ مەبەست پێی ئەوەیە كە ڕێنمایی یان ناكات بۆئەوەی زیان لە تۆ بدەن ئەی پێغەمبەر ﷺ! یاخود ڕێنماییان ناكەن كە زیان لە ئەهلی ئیمان بدەن، واتە: خوای دادگەر كار ئاسانییان بۆ ناكات‌و ڕێنمایی یان ناكات‌و لەگەڵیان نابێ، لەوبارەوە، چونكە سیاقەكە باسی زیان پێ گەیاندن‌و دژایەتیی دەكات.

**مەسەلەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ﴾، ئێمە پێشتریش باسی ئەوەمان كرد، كە خوا دەفەرموێ: بڵێ ئەی خاوەن كتێبینە! لەسەر هیچ نین، ئەگەر تەورات‌و ئینجیل‌و ئەوەی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێنراوە، كاری پێنەكەن‌و جێبەجێی نەكەن، لێرەدا كە خوا دەفەرموێ: ﴿لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ﴾، ﴿شَيۡءٍ﴾ یانی: شت، ﴿لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ﴾، یانی: لەسەر هیچ شتێك نین، عەرەب عادەتیان وایە ئەگەر شتێك زۆر نادیدەی بگرن، دەڵێن: (لَيْسَ بشيء)، شتێك نیە، یان دەڵێن: (أَقلّ مِن لا شيء) لە هیچ كەمترە، پێغەمبەریش ﷺ وەك لە صەحیحی بوخارییدا هاتوە پرسیاریان لێكردوە دەربارەی (كُهَّان) كاهینەكان، ئەوانەی بە حیساب هەواڵی داهاتوو دەدەن، فەرموویەتی: ﴿لَيْسُوا بِشَيءٍ﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٧١٢٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٩٥٣)، وَإِبْنُ حِبَّان برقم: (٦١٣٦) قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح} هیچ شتیك نین، واتە: هیچ نین، شتێك نین، یانی: كە بتوانن هەقێ بڵێن‌و نهێنیی ئایندە ئاشكرا بكەن، لێرەشدا، ﴿لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ﴾ (أَي: دينٍ يعتدُ بهِ وَيَلِيقُ بأَن يُسَمّى شَيئاً لِظُهور

بطلانـهِ وَوضُـوح فسـادِه)[١]، واتـه: لەسـەر دینـێك نیـن کـە بایـەخی هـەبێ، وە شایسـتەی ئەوەبـێ کـە پێـی بگوترێ: شـت، لەبـەرئەوەی کـە زۆر پووچـەو زۆر ناڕێکـە، واتـە: کـە ئێـوە پابەنـد نـابن بـە تـەوراتو ئینجـیلو بـە وەحـی کۆتـایی خـواوە، کـە دابەزێنـراوە بـۆ پێغەمبـەری کۆتـایی موحەممـەد ﷺ، مانـای وایـە لەسـەر بۆشـن.

ئنجـا کـە دەفـەرموێ: ﴿حَتَّىٰ تُقِيمُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾، ئـەوەی لێوەردەگیـرێ کـە دینـدارییو خواپەرسـتیی، بـەبێ کتێبـی خـواو بـەبێ وەحـی خـوا، نایـەتە دی، کەواتـە: هەنـدێك لـە ئەهلـی تەصـەووف، ئەوانـەی کـە لـە قورئـانو سوننەت شـارەزانینو پێیان وایـە دەگونجـێ شـێخێکی نەخوێنـدەوار ببێتـە ڕێنماییکـەریان، پێیـانوایـە دەگونجـێ ئینسـان بـەبێ شارەزایی لە شـەریعەت دینداریی بکات، وە هەیـانە گوتوویـەتی: (حَدَّثَنِي قَلْبِي عَنْ رَبِّي) واتـە: دڵـم لـە پەروەردگارمـەوە هەواڵـی پێـدام! ئەوانـە لەڕاسـتییدا تێـی نەگەیشـتوون، ئنجا هەرچـەندە خوا لێرەدا ئەوە بـە خـاوەن کتێبـەکـان دەفـەرموێ، بـەڵام لـە پشـت ئەوانـەوە بـە مسـوڵمانانیـش دەفـەرموێ، کـە بنـاغەی دینـداریی، شـوێنکەوتنی قورئـانەو شـوێنکەوتنی وەحـی خوایـە، بـەبێ وەحـی خـوا چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ خـوادا دەکـرێ؟! ئەگـەر پێویسـتی نەکردبایـە، خـوا ئـەو هـەموو پێغەمبـەرانەی نەدەنـاردنو، ئەو کـتێبانەی دانـەدەبەزانـدن، دیارە پێغەمبـەران لـە لووتکـەی عەقـڵو حیکمـەت دابـوون، ئـەدی بۆچی وەحـی بـۆ پێغەمبـەران هاتوە؟ ئەگـەر وابووایـە، خوا حـەواڵەی عەقـڵی خۆیـانی دەکـردن، هـەروەها پێغەمبـەران لـە لووتکـەی صـەفای دڵو دەروون دا بـوون، ئنجـا ئەگـەر دڵ سـافییو سـاف کردنەوەی دڵ بـەس بووایە بۆ هیـدایەت وەرگرتـن، پێغەمبـەران لـە هەموو کـەس فیطـرەت دڵو دەروونیـان سـاغو سـافتـر بـووە، بـەڵام نـەخێر، ڕێ دەرکـردن لـەم ژیانی دنیـاییەداو، بەرپێـی خۆ بینیـن، پێویسـتی بـە وەحـی خـوا هەیـە، پێویسـتی بەو شـەریعەتە هەیـە کە لـەرێـی وەحـی خـوای پەروەردگـارەوە دێ.

---

١) روح المعاني، ج٣، ص٣١٤.

ئنجا لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ﴾، هەندێك لە زانایان ئەو ئیشکالەیان بۆ دروست بووەو گوتوویانە: ئایا تەورات و ئینجیل کە پڕن لە شتی ئەفسانەیی غەڵەت و پەڵەت و گۆڕاون و دەستکاریی کراون، وەك دەقی قورئان دەفەرموێ، ئەدی چۆن خوا داوایان لێ دەکات کە هەتا تەورات و ئینجیل بەرپا نەکەن و پێیانەوە پابەند نەبن، هەروەها ئەوەی کە بۆیان دابەزێنراوە لە پەروەردگاریان، لەسەر هیچ نین، چۆن وا دەفەرموێ؟! لێکۆڵەرەوان ئاوایان وەڵام داوەتەوە:

دەڵێن: مەبەست ئەو بەشەیە لە تەورات و ئینجیل کە بە سەلامەتیی ماوەتەوە، یاخود ئەو بەشەیان کە لەگەڵ وەحی کۆتایی خوا تێکناگیرێ، کە قورئانە، وە موژدە دەدا بە هاتنی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ وە بە دابەزینی کتێبی کۆتایی خوا، کە قورئانە.

بەڵام من شتێکی دیکەشی لێ وەردەگرم ئەویش ئەوەیە، کە خوا دەفەرموێ: ئەی جوولەکەو نەصرانییەکان! ئێوە ئەگەر لەگەڵ ئەو تەورات و ئینجیلانەی خۆشتاندا، هەرچەندە دەستکاریی کراون و گۆڕدراون، ڕاست بکەن و پێیانەوە پابەندبن، دەتانگەیەنن بەوەی کە بڕوا بە پێغەمبەری کۆتاییش بێنن، کە بێگومان ئەوەش وایە، چونکە ئێستاش لە پەیمانی کۆندا، وە لە پەیمانی نوێدا (واتە: تەورات و کتێبەکانی دیکەی کە لەگەڵنی و، ئینجیلەکان و کتێبەکانی دیکە کە لەگەڵیان دان) ئێستاش زۆر دەق هەن کە موژدەی ئەو پێغەمبەرانە دەگەیەنن، بەوەی کە پێغەمبەری کۆتایی دێ، وە قورئان دادەبەزێ، چەند وەسفێکیان باسکردوون، لەوبارەوە کە پێغەمبەرێك دوایی دێ و دینەکەی و بەرنامەکەی دنیا دادەگرێ، کە ئەو وەسفانە تەنیا لەگەڵ پێغەمبەری کۆتایی موحەممەددا ﷺ دەگونجێن، کەواتە: دەتوانین بڵێین جوولەکەو نەصرانییەکان ئەگەر لەگەڵ تەورات و ئینجیلەکەی ئێستاشیاندا "بەو گۆڕان و دەستکاریی کرانەشیانەوە" ڕاست بکەن، ئەوەش دەیانگەیەنێ بەوەی کە بڕوا بێنن بە کۆتا نوسخەی هیدایەتی خواو پێغەمبەری کۆتایی خوا موحەممەد ﷺ.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَـٰنًا وَكُفْرًا ۖ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾، دەفەرموێ: زۆرێکیان لەوانە، (واتە: لە جوولەکەو نەصرانییەکان) ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە (طغیان)یان تێدا زیاد دەکات، واتە: یاخیبوونو گوناهو سەرپێچیی ﴿وَكُفْرًا﴾، وە کوفریشیان تێدا زیاد دەکات، ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾، خەفەت لە کۆمەڵی کافران مەخۆ، پێشتریش ئەو پرسیارەمان کرد، ئایا دەگونجێ قورئان ببێتە هۆکاری زیادبوونی یاخیی بوونو کوفر لە ئینساندا؟! سەرەتا دەڵێین: ئەم ئایەتەی وەك ئەو ئایەتانەی سوورەتی (التوبة)یە کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَـٰذِهِۦٓ إِيمَـٰنًا ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَـٰنًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿١٢٤﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كَـٰفِرُونَ ﴿١٢٥﴾﴾:

**ئنجا دەڵێین:**

١/ هەڵبەتە لەرووی پزیشکییەوە خواردنی باش خواردنێك کە پڕ بێت لە پرۆتیناتو ڤیتاميناتو ... هتد، ئەگەر ئینسانێکی ساغ بیخوا، لێی بەهرەمەند دەبێ، ئەدی نەخۆشێك؟ نەخۆش بیخوا، ڕەنگە هەر نەخۆشییەکەی پێ زیاد بکات، نەخۆش بە خواردنی چاك زەرەر دەکات، چونکە میزاجەکەی تێکچووە، بۆ وێنە: ئاوێکی شیرینو زوڵاڵ بدەیە کەسێك کە تووشی گرانەتا بووبێ، لە زاری تاڵە، وا دەزانێ زەقنەبووتە، کاتێك هەڵامەت دەگری، تام لە هیچ ناکەی، هیچ شتێك بۆن ناکەی، بۆچی؟! چونکە میزاجەکەت تێکچووەو هەڵسوکەوتێکی نارێك لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دەکەن، ئنجا بە هەمان شێوە، ئەوانەش کە میزاجی دەروونیان تێکچووە، بەو هیدایەتەی خوا، لە جیاتی ئەوەی بەهرەمەندبن، زەرەرمەند دەبن، ئەوە لە لایەك.

٢/ پاشان هەتا ئایەت زیاتر دادەبەزن، ئەوانە زیاتر حەسەدو بوغزیان دەجووڵێ بەرانبەر بە ئیسلامو، بەرانبەر بە ئەهلی ئیسلام، مانای وایە ئەوەش دەبێتە هۆی زیاتر یاخی بوونو کافربوونیان.

٣/ پاشان هەتا ئایەت زیاتر دادەبەزن، ئەوانیش بڕوایان پێناکەن، ئنجا کەسێك کە بڕوا بە ئایەتێك نەکات، جیایە لەوەی کە بڕوا بە دوو ئایەتان ناکات، هەروەها ئەویش جیایە لەوەی کە بڕوا بە شەش هەزار ئایەت ناکات، وە کەسێك بڕوا بە یاسایەکی ئیسلام ناکات، جیایە لە کەسێك کە بڕوا بە هیچ یاسایەکی ئیسلام ناکات، بەڵێ کوفر هەر کوفرە، بەڵام کوفریش (درجات)ی هەیە، وەك چۆن ئیمان (درجات)ی هەیە، وەکو چۆن ئیمان پلە پلەیە، کوفریش پلە پلە بەرەو خوارە، کوفر هەیە، کوفرتر هەیە، کوفری سەختو پتەو هەیەو کوفری سووکتر هەیە، ئنجا جێی سەرنجە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا ﴾، نافەرموێ: هەموویان، دەفەرموێ: زۆریان بەو وەحییە کە بۆ تۆ دادەبەزێو لێی یاخی بوونو کافر بوون، وەحییەکە کە بۆ تۆ دادەبەزێ، ئەوان بە هۆیەوە لە یاخی بوونو کافر بوون زیاد دەکەنو تێیاندا زیاد دەکات چونکە هەیانە وانیەو هیدایەت وەردەگرێ.

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، دیارە ئێمە پێشتر ئەم ئایەتەمان لە سوورەتی (البقرة) لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا تەفسیر کردووەو ڕوونمان کردۆتەوە، بەڵام لێرەش هەر شتێکی کورتی لەسەر دەڵێین، خوا دەفەرموێ: بێگومان ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، وە ئەوانەی گەڕاونەوە، (واتە: گەڕاونەوە بۆ لای تەورات، یان بۆ لای ئەو بەرنامەیەی کە مووسا لەسەری بووە، یانی: جوولەکەکان)، وە صابیئەکانو نەصرانییەکان، هەر کامێك لەو چوار میللەتانە، ﴿ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ﴾، ئیمان بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێنێو، کردەوە باشەکان

ئـەنجام بـدات، ﴿فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾، نەترسـیان لەسـەرەو نـە خەمباریش دەبـن.

ئێمـە پێویسـت دەكـات جـارێ لـە ڕووی ماناكەیـەوە قسـەیەك لەسـەر ئـەم ئایەتـە بكەین، دوایـی لە ڕووی چۆنیـەتی ڕێزمـانییەوە قسـەیەكی لەسـەر بكـەین:

لـە ڕووی مانـاكـەیــەوە:

ئەم ڕستە قورئانییە وەك كاتی خۆی لـە تەفسـیری سوورەتی (البقرة)دا باسـمان كـردوە، دوو مانـای ڕاسـتی هەن، مانـایەكی هەڵەشـی هەیە، دوو مانا ڕاسـتەكان:

یـەك: مەبەسـت لـە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، لەبەرئـەوەی ﴿ءَامَنُواْ﴾ بۆتـە دروشـم بـۆ مسـوڵمانان واتـە: شـوێنكەوتووانی موحەممـەد ﷺ، ئەگـەرنا جوولەكـەش ئەگـەر ئیمانیـان هێنـابێ، پێیـان دەگوتـرێ: ﴿ءَامَنُواْ﴾، نەصـرانییش ئەگـەر ئیمـانیان هێنـابێ، وە صـابیئەش ئەگـەر كـاتی خـۆی ئیمـانیان هێنـابێ، پێیـان دەگـوترێ: ﴿ءَامَنُواْ﴾، بـەڵام لێـرەدا، ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ بەپێی بە عورفو بـاو بۆتـە دروشـمێك بـۆ مسـوڵمانان، واتـە: لێـرەدا خـوا دەفەرموێ: مسـوڵمانانو جـوولەكـەكانو صـابیئەكانو نەصـرانییەكان، هـەر كـامێكیـان ئەو سـێ سـیفەتەی تێـدابن:

١- ئیمـان بە خـوا.

٢- ئیمـان بە دواڕۆژ.

٣- كـردەوەی بـاش، ئـەوە ترسـی لەسـەر نیـەو پـەژارەش داینـاگرێ، واتـە: مسـوڵمانان لە ڕۆژگاری خۆیاندا، وە بابو باپیرانی ئەم جوولـەكـانەی ئێسـتا، ئەگـەر كـاتی خـۆی بەڕاسـتیی بڕوایـان بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی هێنـابێو كـردەوەی باشـیان ئەنجامـدابێ، لـە خزمـەت مووسـاو پێغەمبـەرانی دیكـەدا، وە نەصرانییەكان بـە هـەمان شـێوەو، صـابیئەكان بـە هـەمان شـێوە، ئەگـەر لەگەڵ

پێغەمبەرانی خۆیانداو، لەگەڵ دینی خۆیاندا ڕاستیان کردبێ کاتی خۆی، ئەوانە سەرفرازن.

دوو: مانایەکی دیکە هەر کامێك لە مسوڵمانانو لە جوولەکەو لە صابیئەو لە نەصرانییەکان، ئەگەر ئێستا ئەم سێ سیفەتە لە خۆیاندا بێننە دی:

١- ئیمان بە خوا.

٢- ئیمان بە ڕۆژی دوایی.

٣- کردەوەی باش، ئەوە نەترسیان لەسەر دەبێو نەپەژارەش دایاندەگرێ، دیارە ئیمان بە خواو، ئیمان بە ڕۆژی دواییو، کردەوەی باش، واتە: بە پێی ئیسلام، یانی هەرکامێك لەوانە ئەگەر پابەند بێ بە ئیسلامەوە، با ئەو کەسە جوولەکە بووبێ، یان نەصرانیی بووبێ، یان صابیئە بووبێ، دوایی کە دێتە ڕیزی ئیمانداران‌ەوە، وەك ئەوانی لێ دێ.

مانای سێیەمی کە هەڵەیە، کە جاری وابووە گوێم لە هەندێك لە بەناو زانایانی ئیسلام بووە، کە ماستاو دەکەن بۆ هەندێ حیزبی عەلمانیی، یان هەندێك ڕژێمی طاغووتیو عەلمانییو موجامەلەی درۆ دەکەن بۆ جوولەکەو نەصرانییەکانو ... هتد، ئەوان دەڵێن: مەبەست ئەوەیە کە مسوڵمانو جوولەکەو نەصرانییو صابیئی، هەرکامێکیان لەگەڵ دینی خۆیدا ڕاست بکاتو پێوەی پابەندبێ، سەرفرازە!!

بەڵام لەڕاستیدا ئەوە وانیە، ئەوە مانا لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، چونکە ئەگەر وا بووایە پێویستی نەدەکرد خوا بە پێغەمبەری خاتەم بفەرموێ: بە خاوەن کتێبەکانو بەوانی دیکەش بڵێ: با مسوڵمان ببن، وەك فەرموویەتی: ﴿ فَإِنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِۗ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسْلَمْتُمْۚ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ ٱهْتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠﴾ ﴾ آل عمران، ئەو دوو ماناو لێکدانەوەی کردمانن ئەو دووانە ڕاستن، ئەوە لەڕووی ماناکەیەوە.

لـە ڕووی ڕێـزمـانییـەوە:

زانایـان لێـرەدا ئیشکالێکـیان بـۆ دروسـت بـووە، ئایەتەکـە ئاوایـە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّـٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَعَمِلَ صَـٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، کـە لـەوێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّـٰبِـُٔونَ ﴾، ﴿ وَٱلصَّـٰبِـُٔونَ ﴾ واتـە: دەبێتـە (إسـم)ی ﴿ إِنَّ ﴾ەوە، دەبـێ (منصـوب)بـێ، واتـە: (الصـائبین) بـێ، کەچـی (مرفـوع)ە؟ بۆیـە زانایـان ئیشـکالێکیان بۆ دروست بووە لێـرەداو دەڵـێن: ئایـا هـۆی (مرفوع) بوونـی ئـەوە چییـە؟! هەرچەنـدە (الصـابئین)یـش خوێنراوەتـەوە، زانایـان چـەند وەڵامێکـیان داوەتـەوە، ئـەوەی کە لەگـەڵ سـروشـتی دەرسـەکەی ئێمـەدا بگونجـێ، بە کورتی دووانـن:

١) دەڵـێن کـە خـوا باسـی مسـوڵمانانو جوولەکـەکانو نەصـرانییەکان دەکـات (صـابئون)ی خسـتۆتە نێـوان، ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ – وَٱلنَّصَـٰرَىٰ ﴾ەوە، بەم شـێوەیە:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّـٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَعَمِلَ صَـٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، کـە ئـەو کاتـە ماناکـەی ئـاوای لـێدێ: (بێگـومان ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوەو جوولەکەو صـابیئونیشو وەك وانـن وە نەصـرانییەکان، ...) ئـەو کاتـەش (صابئون) نابێتـە (إسـم)ی (إن)و دەبێتـە (مبتـدأ)و ئـەوەی دوایـی دەبێتـە (خـبر)و هەردووکـیان (مرفـوع) دەبـن، ئـەوە (خلیـل بـن أحمـد الفراهیـدي، وسـیبویە) ئـەو ڕایـەیان هەڵبـژاردوە.

٢) دەڵێن: لەبەرئەوەی ﴿ ٱلَّذِينَ ﴾ەش (مبنيّ)یە کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ﴾، وا ئیعتیبار کراوە، کە (إِنَّ) ئیشی نەکردوە، چونکە ﴿ ٱلَّذِينَ ﴾، هەر (مبنيّ)یەو حاڵەتی (رفع)و، (نصب)و، (جر)ی هەروەك یەکە، ئنجا کە (إِنَّ)یە ئیشی نەکرد، مانای وایە ئەوکاتە ئەگەر بڵێی: ﴿ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ ﴾، ئەوە بەو ئیعتیبارەیە کە (إِنَّ) ئیشی نەکردوە، بۆیە (الصابئون) بە (مرفوع)ی ماوەتەوە.

بە هەرحاڵ ئەوەی گرنگە ئێمە بیزانین ئەوەیە کە قورئان بناغەی زمانی عەرەبییەو، ئێمە ناچار نین لەبەرئەوەی فلان زمانزانی عەرەبی وایگوتوە، لە بەرانبەر قورئاندا بکەوینە گومانەوە، قورئان زمانی عەرەبی کردۆتە زمانی عەرەبی، قورئان ئەسڵو بناغەی زمانی عەرەبی داناوە، بۆیە لەڕاستیدا دەبێ بنچینەکانی زمانی عەرەبی لەگەڵ قورئاندا بگونجێن، ئنجا زانایان حیکمەتی ئەوەشیان بەتایبەتی (مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) خاوەنی (التحرير والتنوير)، دەڵێ: حیکمەتی ئەوە کە حاڵەتی ئیعرابییەکەی (صابئون) جیایە، ئەوەیە کە مسوڵمانانو جوولەکەو نەصرانیی، کتێبیان هەیەو دیارن، بەڵام (صابئون) کتێبێکی دیاریان نیە، بۆیە خوای پەروەردگار حاڵەتی ئیعرابیەکەی ئەوانی جیاکردۆتەوە، بۆ ئەوەی کە دەردەکەوێ تەنانەت ئەوانیش ئەگەر بێتو ئیمان بێنن بە خواو بە ڕۆژی دواییو کردەوەی باش بکەن، ئەوانیش هەر سەرفرازن، هەرچەندە دووریشن لەو میللەتانەی کە خاوەن کتێبن.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ رُسُلًا ۖ كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُوا۟ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ ﴾، واتە: بێگومان ئێمە پەیمانێکی پتەومان لە بەنی ئیسرائیل وەرگرت، وە پێغەمبەرانیشمان بۆ لا ڕەوانەکردن، هەرکاتێك پێغەمبەرێك هاتبا بۆ لایان، بە شێوەیەك قسەی کردبایە کە نەفسیان حەزی لێ نەدەبوو، دڵ

پەسندی ئەوان نەدەبوو، دژایەتییان دەکردن، کۆمەڵێکیان لێ بە درۆ زانین و کۆمەڵێکیشیان لێ کوشتن.

ئەم ڕستە قورئانییە لە سوورەتی (البقرة)شدا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿...أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴿٨٧﴾﴾ لێرەدا زانایانی زمانی عەرەبی، دەڵێن کە لە ئایەتەکەی (المائدة) دەفەرموێ: ﴿كُلَّمَا جَآءَهُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُهُمْ﴾ وشەیەك قرتێنراو (محذُوف)ە، وەك: (ناصبوهم بالعداوة) یان (استكبروا) وەك لە ئایەتەکەی سوورەتی (البقرة)شدا هاتوە، بەڵام ڕستەی: ﴿فَرِيقًا كَذَّبُوا۟ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ﴾، دەلالەتی لەسەر دەکات، ئەوەی کە گرنگە ئێمە بیزانین ئەوەیە کە خوای کاربەجێ لە چەند شوێنان لە قورئاندا باسی ئەوە دەکات، کە پەیمانی پتەوی لە جوولەکەکان وەرگرتوە، وە لە سوورەتی (البقرة)دا کە من باسم کردوە بە تەفصیلێ، باسی بڕگەکانی ئەو پەیمانەش دەکات، کە پەیمانێکی دە بڕگەیی بووە، بەڵام لێرەدا بە کورتیی باسی دەکات و لەوێ بە درێژیی باسی دەکات، ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە خوا دەیەوێ بە ئۆممەتی ئیسلام بفەرموێ: جوولەکەکان لە پێش ئێوەدا پەیمانی زۆر پتەویان لێ وەرگیراو، پێغەمبەرانیشیان بۆ ڕەوانەکران و کتێبیشیان بۆ دابەزێنران، بەڵام لەگەڵیاندا ڕاستیان نەکردو، ئەوەش سەرەنجامیانە کەواتە: ئێوەش دەرس و عیبرەت لەوان وەربگرن، تاکو وەك ئەوانتان بەسەر نەیەت.

**مەسەلەی حەوتەم و کۆتایی:** کە دەفەرموێ: ﴿وَحَسِبُوٓا۟ أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُوا۟ وَصَمُّوا۟ ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُوا۟ وَصَمُّوا۟ كَثِيرٌ مِّنْهُمْ ۚ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾، پێشتر خوا کە فەرمووی: جوولەکەکان هەندێك لە پێغەمبەرانیان بە درۆ زانی و هەندێکیانیشیان لێ کوشتن، ئەوانەی کە

کوشـــتیانن بـە مسـۆگەریی زەکەرییـاو یەحیایـان لـێ کوشـتوون، وە هـەوڵیان داوە عیساش بکـوژن، وە لە تـەوراتو پەیمـانی کۆنـدا باسـی پێغـەمبـەرانێك دەكات كە کوشتوویانن‌و ناویشیان دێنـێ، ئنجا کـە ئـەوەیان کـرد، ﴿وَحَسِبُوٓاْ أَلَّا تَكُونَ فِتۡنَةٞ﴾، واتە: هەرچـەندە جوولەکـەکان بەشێکیان لـە پێغـەمبـەران بـە درۆ زانـی‌و بەشـێکیشـیان لـێ کوشـتن، کەچی پێشـیان وابوو هیچ بەڵایـەکیان بەسـەردا نایـەت‌و ئـەوە نابێتـە هـۆی بـەڵاو ئـازارو، نابێتـە هـۆی گوناهبـاریی‌و عەیبـدارییان! واتـە: ئـاوا خەیـاڵ پلاویـان کرد، ﴿فَعَمُواْ وَصَمُّواْ﴾، وە سەرەنجـام کـوێر بـوون‌و کـەڕ بـوون، هەڵبـەتە لێـرەدا مەبەسـت کـوێر بـوون‌و کـەڕبوونی ڕواڵـەتیی نیـە، واتـە: لـە بەرانبەر حەقێـکدا کە پێغـەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) هێنایـان نـەیانبینی‌و کوێر بوون، وە کـەڕ بـوون‌و نەیانبیسـت، کەسـێك هـەق نەبینـێ، وەك کـوێر بـێ وایـە، وە کەسـێك هـەق نەبیسـتێ، وەك کـەڕ بـێ وایـە، ﴿ثُمَّ تَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ﴾، دوایـی خـوا گەڕایـەوە سـەریان، دیـارە ئـەوان تۆبـەیان کـردوە، خـواش گەڕاوەتـەوە سـەریان، بـەڵام خـوا ئامـاژە بـە تۆبەکـەی وان ناکـات، چـونکە مەقـام مەقامی زەمـکردنی ئەوانـە، بەڵام ئەگەر فەرمووبـای: (تابوا وتاب الله علیهم) ئـەوە مەدح بوو، بۆیـە ئـەوەی کە دەبێتـە هـۆی مـەدح بۆیـان، چونکـە لێـرەدا مەقـام مەقـامی زەمـکردن‌و سـەرزەنشـتە، ئـەوە لادەبـاو، دەفـەرموێ دوایـی خـوا گەڕایـەوە سەریان، ﴿ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ﴾، دوایـی دووبـارە زۆرێکـیان کـوێر بوون لە بەرانبـەر هـەقـدا، وە کـەڕ بوون لە ئاسـتیدا.

لێـرەدا توێژەرەوانی قورئان سـەبارەت بـەو دوو جـارە کـوێر بوونـەو، دوو جـار کـەڕ بوونـەی جوولەکـەکان لە بەرانبـەر هـەقدا، زۆریـان شـت گوتـوە بۆ وێنـە:

(الزمخشري) دەڵـێ: جـاری یەکـەم ئـەوەبوو کـە گۆلکـیان پەرسـت، دووەم ئـەوە بـوو کە داوای بینـینی خوایـان کـرد.

(القفال) کە (آلوسي)یش لەوی وەرگرتوە، دەڵێ: جاری یەکەم ئەوە بوو کە (بخت النَّصر)ی بابلیی، چووە ئۆرشەلیمو ئەو شوێنانەی کە جوولەکەکانی لێبوونو کاولی کردن، جاری دووەمیش ئەوە بوو کە زەکەرییاو یەحیایان کوشت.

هەندێکیش دەڵێن: مەبەست لەو دووجارە، ئەوەیە کە لەو ئایەتانەی سوورەتی (الإسراء)دا هاتوە، ئایەتی چوار تا حەوت، لەوێ باسی دوو جاران دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِى ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا ﴿٤﴾ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَآ أُو۟لِى بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُوا۟ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِ ۚ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا ﴿٥﴾ ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ ٱلْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَٰكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَٰكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا ﴿٦﴾ إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ ۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا ۚ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْءَاخِرَةِ لِيَسُۥٓـُٔوا۟ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا۟ ٱلْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا۟ مَا عَلَوْا۟ تَتْبِيرًا ﴿٧﴾ ﴾، ئەم چوار ئایەتە: (٤ - ٧) باسی ئەو دوو جارە دەکەن، (مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) لە (التحرير والتنوير)ەکەی خۆیدا[1] باسی ئەو دوو جارە ئاوا دەکات، ئەو دووجارە کە جوولەکەکان ماڵ وێرانییان بەسەردا هاتوە:

جاری یەکەمیان: (بخت النَّصر)ی مەلیکی ئاشوور چووە نێو (بيت المقدس) کە بەگشتی سێ جاران چۆتە نێو (بيت المقدس)ەوە:

أ/ لە ساڵی (٦٠٦) پێش زایینـدا.

ب/ لە ساڵی (٥٩٨)داو.

ج/ لە ساڵی (٥٨٨) پێش زاییـدا.

لە جاری سێیەمیاندا شاری ئۆرشەلیمی سووتاند، وە بەنی ئیسرائیلی هەموو لەگەڵ خۆی هەڵگرتنو بردنی بۆ بابل بە دیلیی، ئنجا مەبەست لەوە کە

١) ج٣، ص٢٧٧ -٢٧٨.

خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ الْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ ﴾، واتە: دوایی نۆرەمان بۆ ئێوە گێڕایەوە، ئەویش ئەوە بوو کە پادشای فارس بەسەر ئاشوورییەکاندا زاڵ بوو، لە ساڵی (٥٣٠) پێش زایندا، وە دەستی بەسەر بابلدا گرت، وە جوولەکەکانی ئیزنداو گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیانو، مزگەوتەکەیان دروست کردەوە، ئەوە جاری یەکەم.

جاری دووەم: ئەوە بوو کە (طیطس) فەرماندەی ڕۆمانی کوڕی ئیمپڕاتۆر (وەسبیانووس) ئۆڕشەلیم ئابلووقە دەدات، تا وای لێدێ جوولەکەکان هەندێکیان یەکدی دەخۆن، واتە: خەڵکیان کە لێدەمرێ گۆشتیان دەخۆن، وە پێستو شتی دیکەیان خوارد، وە بە پێی ڕیوایەتی ئەوکات: هەزار هەزار، واتە: یەك ملیۆن (١٠٠٠,٠٠٠) کەسی لێ کوشتن، وە نەوەدو حەوت هەزار (٩٧,٠٠٠)یش ژنو منداڵی لێ بە دیل گرتن، ئەوە لە ساڵی (٦٩) زایینی، واتە (٦٩)ی دوای لە دایکبوونی عیسا علیه السلام، دوایی بە دوای ئەودا ئیمپڕاتۆر (ئەدریان)یش لە ساڵی (١١٧)ی زایینیدا، وە لە ساڵی (١٣٨)ی زایینیدا، جارێکی دیکە شارەکەی کاول کرد، بۆئەوەی هیچی لێ سەوز نەبێ، وە لەوکاتەدا دەوڵەتی جوولەکە نەما، وە بە زەویدا بڵاوبوونەوە.

منیش دەڵێم: دەگونجێ مەبەست لەم دووانە بێ، یان دەگونجێ مەبەست ئەو دووانە بێ کە (الزمخشري) گوتوونی، یان ئەو دوو جارەی کە (القفال و الآلوسي) دەڵێن، بەڵام من پێموایە مەرج نیە تەنیا ئاماژە بۆ ئەو دوو جارە بێ کە ڕابردوون، بەڵکو پێموایە خوا لێرەدا باسی عادەتی گشتی جوولەکەکان دەکات، واتە: جار لە دوای جار، ئێوە سەرپێچیی دەکەن، وەك خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (الملك)دا دەفەرموێ: ﴿مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ مِن تَفَاوُتٍ ۖ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾ ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ ﴾، هەموو توێژەروان دەڵێن: (كَرَّتين) واتە: جار لە دوای جار، ئیدی مەرج نیە، تەنیا دوو جار بێ، خوای پەروەردگاریش کە ئاماژە بەو دوو

جـاره دەکـات، واتـە: ئـەی جوولەکـەکان! ئێـوە هـەر عادەتتـان وایـە جار لـە دوای جـار، هەر پەیمـانـشـکێنیـی دەکـەنو سـەرپێچیی دەکەن، بەردەوام بـێ فەرمـانیی خـوا دەکـەن، هەر عـادەتتـان وایەو پێوەی ڕاهـاتوون! ئەگەرنا مـەرج نیـە ئامـاژە بـێ بۆ دوو جـار.

پاشـان تێبینییـەکی دیکەشـم هەیـە: ئەگـەر ئامـاژەش بێ بـۆ دوو جار، ئـەوە جارێکیان تێپـەڕیوەو جارێکیشـان دێ، وەك لـە فەرمایشـتەکانی پێغـەمبـەردا ﷺ هـاتوە کـە مسـوڵمانو جوولەکـە پێکـەوە بەشـەڕ دێـن[1]، وە جـارێکی دیکـە جوولەکـە لێیـان تێکـدەچـێ، ئـەوەی کـە خـوای پـەروەردگار ئامـاژەی پێـدەکات:

﴿ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، دەگونجـێ (وعـدُ الآخـرة) (وعـد الـمرة الآخـرة)بـێ، دەشـگونجێ وەعـدی پێـش دواڕۆژ بـێ، کـە جوولەکـە جـارێکی دیکـە لێیـان بقـەومێو لەسـەر ئـەو سـتەمەی کـە ئێسـتا لـە مسـوڵمانانی فەڵەسـتینی دەکـەن، بەڵاو موصـیبەتیان بەسەر بێ! خـوای پەروەردگـار هەموو لایەکمـان بپـارێزێ لـە بـێ فەرمانیـیو سـەرپێچـییو سـنوور شـکێنیی، بۆئـەوەی کـە لـە سـزاو جەزرەبـەی خـوا دووربیـن لە دنیـاو لە قیـامەت دا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) کـە ئەمـە یەکێك لەو فـەرموودانەیـە:

﴿تقـاتلكم اليهـودُ فَتُسـَلَّطون عليـهم، حتـى يقـول الحجـرُ يـا مسـلمُ! هـذا يهـودي ورائـي فاقتلـهُ﴾ {رواه البخاري: ٣٥٩٣، و مسلم: ٢٩٢١} .

# دەرسی حەڤدەیەم

## پێناسـەی ئەم دەرسـە

ئـەم دەرسـەمان لـە پێـنج (٥) ئایـەت پێكـدێت، (٧٢ - ٧٦) لـەم پێـنج ئایەتـە موبارەكـەدا خـوای تـاكو پـاك، بەتایبـەت باسـی نەصـڕانییەكان دەكـات، واتـە: ئەوانەی لافی ئەوە لێـدەدەن كـە بە دوای عیسـای كوڕی مەریەم كەوتوون، سـەلامی خوا لە عیسـاو، خـوا لـە دایكی ڕازی بێ، وە بەهۆی بە خـوا زانینـی مەسیحی كوڕی مەریـەمەوە، مـۆری كوفریـان بـە نێوچـەوانەوە دەنـێ، هـەروەها لەسـەر زمـانی عیسـا سـەلامی خـوای لـێ بێ، بـە هـاوبەش بـۆ خـوادانـەرو بێبـەش لـە بەهەشـتیان نـاوزەد دەكـات، وە بە سـتەمكار نـاویان دەبـات.

پاشـان جارێكـی دیكـە بەهـۆی ئەفسـانەی سـێكوچكە (ثالـوث)ەوە كـە دەڵـێ: خـوا یەكێكـە لـە سـێیان، لـە لایـەن نەصـڕانییەكانەوە، بـە كـافر ناوزەدیـان دەكـاتو ڕاشیدەگەیەنێ كە جگـە لە یەك پەرسـتـراوی هەق كـە خـوایە، هـیچ پەرسـتـراوی دیكە بوونیان نیەو، لە حاڵەتی وازنەهێنـانیشـیان دا، هەڕەشـەیان لـێ دەكـات بـە سـزایەكی بە ئێـش.

پاشـان بـە پرسـیار كـردنو سـەرسـووڕمانەوە دەفـەرموێ: ئایـا ناگەڕێنـەوە بـۆ لای خـواو داوای لێبـوردنی لـێ ناكـەن، لـەو هـاوبەشو كـوڕ بـۆ دانـانەدا؟! پاشان خـوای زانـاو توانـا ڕایدەگەیەنێ، كە مەسیحی كوڕی مەریـەم جگـە لـە پێغەمبـەرێكی خـوا كە بـە دوای پێغەمبـەرانی دیكـەدا هـاتوە، هیچی دیكە نیـە، وە دایكیشـی تـەنیا ئافرەتێكـی صـیددیقەو زۆر ئیمـانـدارو ڕاسـتبێژ بـووە، كـە ئـەوانیش وەك هـەر كەسـێكی دیكـە خواردنیان خواردوە.

پاشـان لـە كۆتاییـدا بـە پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ دەفـەرموێ، كـە بـە نەصـڕانییەكان بفـەرموێ: ئایا چۆن جگـە لـە خـوا شـتێك دەپەرسـتن، كـە هـیچ جۆرە زیـانو سـوودێكیان بەدەست نیـە، لە حـاڵێكـدا خوا بیسـەری زانـایە؟!

﴿ لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ۖ وَقَالَ ٱلْمَسِيحُ
يَـٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ۖ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ
عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾ لَّقَدْ كَفَرَ
ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍ ۘ وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّآ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ ۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟
عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ أَفَلَا يَتُوبُونَ
إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٤﴾ مَّا ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ
مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌ ۖ كَانَا
يَأْكُلَانِ ٱلطَّعَامَ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ ثُمَّ ٱنظُرْ أَنَّىٰ
يُؤْفَكُونَ ﴿٧٥﴾ قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ
ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٧٦﴾ ﴾

# مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((بێگـومان ئەوانـەی گوتیـان: خـوا بریتـیە لـە مەسـیحی کوڕی مەریـەم، کـافر بـوون، وە مەسیح گوتی: ئـەی وەچـەی ئیسـڕائیل! خـوا بپەرستن پـەروەردگاری مـن‌و خۆشـتانە، بـە مسـۆگەریی هـەر کـەس هاوبـەش بـۆ خـوا دابنـێ، ئـەوە بێگومـان خـوا بەهەشـتی لـێ قەدەغـە دەکـات، وە جێگـای حـەوانەوەی ئـاگر (ی دۆزەخ)ە، وە سـتەمکاران هیـچ پشـتیوانیان نیـن ﴿٧٢﴾ بـە دڵنیاییـەوە ئەوانـەی گوتیـان: خـوا بریتیـە لە سـێیەمی سـێ (پەرسـتـراو)ان، کـافر بوونـە، وە هیـچ پەرسـتـراو (ی بە هـەق) نیـن جگـە لـە یـەك پەرسـتـراو (کە خـوایە) وە ئەگـەر واز لـەوە نـەهێنن، کە دەیڵێن، مسـۆگەر ئەوانەیـان کـە کـافرن، سزایەکی بەئێشـیان دەدرێ ﴿٧٣﴾ ئایا بـەرەو لای خـوا ناگـەڕێنەوەو داوای لێبوردنی لـێ ناکەن، لـە حاڵـێکدا کـە خـوا لـێبـوردەی بـە بـەزەیی یـە؟ ﴿٧٤﴾ وە مەسـیحی کوڕی مەریـەم جگـە لـە پێغـەمبەرێك، کـە لـە پـێش ویـدا پێغـەمبەرانی دیکـە ڕابـردوون، هیچـی دیکـە نـەبووە، وە (مەریـەمی) دایکیشـی صیددیقـەیـەك بوو، ئەوانیش (وەك خەڵـکی دیکە) خـواردنیان دەخـوارد، سـەرنج بـدە! چـۆن ئایەتـەکانیان بـۆ ڕوون دەکەینـەوە (لەسـەر پووچـیی بـیـرۆکەی بـە بەشـێك لـە خـوا دانـانی عیسـاو دایکـی) دوایـی سـەرنج بـدە! چـۆن (لـە هـەق) لادەدرێـن! ﴿٧٥﴾ بڵـێ: ئایـا (چـۆن) جگـە لە خـوا شـتێك دەپەرسـتن، کـە هـیچ زیـان‌و سوودێکی بۆتـان بە دەسـت نیـە، لە حـاڵێکـدا کە تەنیـا خـوا بیسـەر (ی هـەموو قسـەیەك)و زانـایە (بە هـەموو شـتێك) ﴿٧٦﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍ ): (أي: وَاحِدٌ مِنْ ثَلاثَةٍ، ثَلَّثْتُ الشَّيءَ تَثْلِيثاً: جَعَلْتُهُ عَلَى ثَلاثَةِ أَجْزَاءِ)، ئەوانەی کافرن گوتیان: خوا یەکێکە لە سێیەکان، نەك لە ڕیزبەندیی دا، کە یەك و دووی لە پێش دا هەبن، ئەویش سێیەم بێ، چونکە دەگوترێ: (ثَلَّثْتُ الشَّيءَ تَثْلِيثاً) واتە: ئەو شتەم کردە سێ بەش.

(إِلَـٰهٍ ): واتە: (مَعبُود) پەرستراو، وە (إِلَه) جیایە لە (الله)، چونکە (الله) ناوی عەلەمە بۆ خوا، لە زمانی کوردیدا دەڵێین: خوا، بە فارسی دەڵێن: (خُدَا)، بە ئینگلیزی دەڵێن: گۆد (Gad)، وە هەروەها لە زمانی هەموو میللەتاندا ناوێکی تایبەت هەیە بۆ خوا، بەڵام (إِلَه) واتە: پەرستراو، جا خوا یەکێکە، بەڵام پەرستراوەکان زۆرن و جۆراوجۆرن، هەڵبەتە پەرستراوی بە هەق تەنیا یەکە، ﴿وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّآ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ﴾، واتە: پەرستراوی بە هەق، ئەگەرنا پەرستراوی بە ناهەق زۆرن، ئنجا ئایا وشەی: (إِلَه) لە چییەوە هاتوە؟ سێ ئەگەر (إحتمال) هەن، وەك (راغب الأصفهاني) دەڵێ:

١) (أَلَهُ فُلانٌ يَأْلَهُ إِلاهةً: أَي عَبَدَ يَعْبدُ عِبَادَةً) (أَلَه) واتە: (عَبَدَ)، (يَأْلَهُ إِلاهة) یانی: (عَبَدَ يَعْبدُ عِبَادَةً)، واتە: پەرستی، دەپەرستێ، پەرستن، کەواتە: (إِلَه) کەسێکە کە غەیری خۆی دەیپەرستێ.

٢) یاخود لە (أَلِهَ يَأْلَهُ إِلاهة)ەوە هاتوە (أَي: تَحَيَّر)، واتە: سەرسام بوو، چونکە پەرستراوی بە هەق کەسێکە کە عەقڵ تێیدا سەرسامەو بۆی ئیستیعاب ناکرێ، لە هەموو سیفەتەکانی دا.

٣) یاخود لە (لاهَ يَلوهُ لِيَاهاً)ەوە هاتوە (أَي: احْتَجَبَ)، (لاهَ)، واتە: (احْتَجَبَ)ە، (يَلوهُ) واتە: (يحتَجِب)، (لِيَاهاً) واتە: (احْتجَاباً)، لەبەرئەوەی پەرستراوی بە هەق کە خوایە نابینرێ، ئنجا (إِلَه) بە (آلِهَة) کۆدەکرێتەوە، (آلِهَة)

واتـە: پەرستــراوەكان، نەدەبووایـە كۆبكرێتـەوە، بـەڵام خـەڵك بـە هەڵەداچووەو، لەگـەڵ پەرستـراوی بە هەقـدا پەرستـراوی ناهەقیـش دەپەرستـن.

(صِدِّيقَـةٌ ): لـە (صَـدَقَ)ەوە هـاتوە، (صَـدَقَ) واتـە: ڕاسـتی كـرد، (الصِّـدِّيق) كەسێكە كە زۆر ڕاسـت دەكات، یـاخود كەسـێكە كە بەرانبەرەكەی خـۆی زۆر بـە ڕاسـت دەزانـێ، ئێسـتا ئەبوبـەكری صـیددیق كـە پێـی دەگـوترێ: (الصِّـدِّيق) یـان لەبەرئـەوەیە زۆر ڕاسـتبێـژ بووە، یان لەبەرئەوەیـە كە هـەرچی پێغـەمبەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی، ئەو بە ڕاسـتی دانـاوە، (كَثِيـرُ الصِّدقِ، أَوْ كَـثِير التَّصدِيق)، كـە هـەردووك لاشـی وایـە، دەڵـێ: (الصِّـدِّيقُ: مَنْ كَثُرَ مِنْهُ الصِّـدْقُ، أَو مَنْ لاَ يَكْـذِبُ قَـطُّ، أَو لِمَـنْ لاَ يَتَـأَتَّى مِنْـهُ الكَـذِبُ لتَعـوُّدِهِ الصِّـدقَ، وَالصِّـدْقُ: مُطَابَقَـةُ القَـوْلِ الضَّـمِيرَ وَالـمُخْبَـرَ عَنْـهُ مَعَـاً)، واتـە: (صِدِّيق) بـە كەسـێك دەگـوترێ كـە قسـەی ڕاسـتی زۆربـێ، یـان هـەرگیز درۆ نەكـات، یاخـود كەسێكە لەبەرئـەوەی لەسەر ڕاستیی خـۆی ڕاهێنـاوە، درۆی لـێ نایـەتو ناتوانـێ درۆ بكات، (صِدْق)یـش بریتـیـە لـە ڕاسـتبێژیـی، دەڵـێ: (مُطَـابَقَةُ القَوْلِ الضَّـمِيرَ وَالـمُخْبَـرَ عَنْـهُ مَعَـاً) واتە: كە قسـە دەكـەی، هەم لەگـەڵ ئـەوەی كە لەنێـو دڵـت دایـە ڕاسـت بـێ، هـەم ئەو شـتەی هـەواڵی پێـدەدەی ڕاسـت بـێ، هـەم لەگـەڵ خـۆت ڕاسـت بكـەی، هـەم لەگـەڵ دەرەوەی خۆتـدا ڕاسـت بكـەی.

(يُؤْفَكُونَ ): (الإِفْكُ: فِي الأَصل كُلُّ مَصْـروفٍ عَنْ وَجْهِـهِ الَّـذِي يَحِقُّ أَنْ يَكُونَ عَلَيْـهِ، (يُؤْفَكُـونَ) أَي: يُصْـرَفُونَ عَـنِ الحَـقّ فِـي الإِعْتِقَـادِ إِلـى البَـاطِلِ وَمِـنَ الصِّـدقِ فِـي الـمَقَالِ إِلـى الكَـذِبِ، وَمِـنَ الجَمِيـل فِـي الفِعْـلِ إِلـى القَبِـيحِ)، واتـە: (الإِفْكُ) لە ئەسڵدا بریتیـە لە هەر شـتێك كە لەسەر ئـەو بـارە چاكەی كـە دەبـێ لەسـەری بـێ، لابـدرێ، (يُؤْفَكُـونَ) واتـە: (يُصْـرَفُونَ) لادەدرێـن، لـە عەقیـدەو بـیـروبڕوای هـەق، لادەدرێـن بـۆ ناهـەق، وە لـە ڕاسـتبێژیی لـە قسـەكردنـدا لادەدرێـن بـۆ درۆ، وە لـە كـردەوەی بـاشو جـوان، لادەدرێـن بـۆ كـردەوەی خـراپو ناشـیـرین.

## مانـای گـشـتـی ئایەتەكـــان

خـوا ﷻ دوای ئـەوەی لـە ئایەتـەكانی پێشـیدا بەگشـتی باسی خـاوەن كتێبـەكانی كـرد، وە بەتایبـەتی باسـی جوولەكـەكانی كـرد، لێرەدا لـەم پێـنج ئایەتـەدا بەتایبـەت باسـی نەصـرانییەكان دەكـات، وە بیـرۆكەی پووچـی نەصـرانییەكان، كـە بریتیـە لـە بـە یەكـێك لـە سـێ بەشـەكان دانـانی خـوا، هەڵدەوەشـێنێتەوە، هەڵبەتـە ئێمـە لـە ڕابردووشـدا هەر لـەم سـوورەتەدا باسـی ئەوەمـان كـرد، بـەڵام لێرەشـدا خـوای زانـاو شـارەزا بـە تەفصـیلێ تـرو ڕوونتـر باسـی عەقیـدەی پووچـی نەصـرانیی یـەكان دەكات، دەفـەرموێ: ﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ﴾، واتـە: بە مسـۆگەریی‌و بـە دڵنیـایی ئەوانـەی گوتیـان: خـوا مەسیحی كوڕی مەریەمـە، كـافرن، هیـچ دوو دڵ مەبـن لـەوەدا، هـەر كەسـێك خـوا بـە مەسیحی كوڕی مەریـەم دابنـێ، یاخود مەسـیحی كوڕی مەریـەم بە بەشـێك لە خـوا دابنـێ، "وەك دوایی باسی دەكـەین" ئـەوە كـافرە، چـونكە خـوای بێوێنـە، پاكـە، تاكـە، وەك لـە سـوورەتی (الإخـلاص)دا پێناسـەی خـۆی دەكـات، دەفـەرموێ: بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾ ﴾، واتـە: بە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، بڵـێ: خـوا تاكە، جێـی نیـازو بێنیـازە، هـەموو شـتێك پێویسـتی پێیـەتی‌و ئـەو پێویسـتی بـە هیـچ شـتێك نیـە، كەسـی لـێ نەبـووە، لـە كەسـیش نـەبووە، (واتـە: نـە فـەرعی هەیـەو نـە ئەسڵی هەیـە) وە هیـچ كـەس وێنـەو هاوتـای وی نیـە.

جـا لێـرەدا دەفـەرموێ: ئەوانـەی گوتیـان خـوا مەسـیحی كـوڕی مەریەمـە، (كـە دەشگونجا گوترابـا: مەسیحی كوڕی مەریـەم خـوایە)، ئەوانـە بێبـڕوان، هـەر هەمـان ئەو ڕستەیە لە ئایـەتی ژمارە (١٧)ی ئەم سوورەتەش دا هاتوە، ﴿ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ﴾، واتـــە: وە مەسـیح گـوتی: ئـەی وەچـەی ئیسـرائیل! (واتـە: جوولەكەكان، چونكـە عیسـا ؑ بۆخۆشـی لە نەتـەوەی جوولەكـە

بووه، وه بۆ وانیش نێردراوه، واته: له وەچەی یەعقووبە، وشەی (ئیسرائیل)یش بەهۆی ئەو دەوڵەتە داگیرکەر (غاصب)ەی ئیسرائیلەوە، ئێستا کە لەبەر دڵی زۆر کەس بێزراوه، ئەگەرنا ئیسرائیل نازناوی پێغەمبەر یەعقووبە ﷺ، واته: بابی یوسفو بنیامینو دە برایەکەی دیکە، کە دیارە یەعقووبیش کوڕی ئیسحاقە، ئیسحاقیش کوڕی ئیبراهیمە (علیهم الصلاة والسلام)، ئیسرائیل بە زمانی عیبری واته: عەبدوڵلا (إسرا) واته: عەبد، (ئیل) واته: (الله)، خوا بپەرستن، پەروەردگاری منەو پەروەردگاری ئێوەشە، یانی: خاوەنی منو خاوەنی ئێوەشە، پەرستراوی منو پەرستراوی ئێوەشە، چونکە وشەی (رب) بە مانای پەروەردگار، خاوەن، سەید، سەروەر، پەرستراو، دێ، ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ﴾، بێگومان هەر کەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ، خوا بەهەشتی لێ قەدەغە کردوە، ﴿وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ﴾، وه جێگای حەوانەوەو ئیسراحەتیشی ئاگرە، واته: ئاگری دۆزەخ، ﴿وَمَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾، وه ستەمکاران هیچ پشتیوانێکیان نیه، تەماشا بکەن! بە چەند شێوە، لێرەدا عیسای مەسیح، (مەسیح نازناوی عیسایە ﷺ) بانگیان دەکات دەفەرموێ: پەروەردگاری خۆمو خۆتان بپەرستن، هەر کەسێك هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، خوا بەهەشتی لێ قەدەغە دەکاتو، جێگای ئاگرەو ستەمکاریشە.

ئنجا خوای پاكو تاك دووبارە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍ﴾، بە مسۆگەریی ئەوانە بێبڕوان کە گوتیان: خوا سێیەمی سێیانە، واته: سێیەمی سێیەکانە، ئەوە لە نەصرانییەتدا پێی دەگوترێ: (ثالوث) واته: سێکوچکە، بۆیە ئەگەر تەماشا بکەن لە ڕۆژئاوا ئەو مەسەلەی سێکوچکەیە زۆرە، کاتی خۆی حیزبی بەعس (وحدة، حرية، إشتراكية)یان هەبوو، ماسۆنیەکان (الإخاء والحرية والمساواة)، ئەو سێکوچکەیە زۆرە، مەبەستم ئەوەنیە هەر شتێك سێ بێ خراپە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەوان هەوڵدەدەن بیرۆکەو شیعارە گرنگەکانیان لە سێ خاڵدا جێی بکەنەوە، کە لەڕاستییدا ئەوە کاریگەریی ئەو

سێکوچکەیە کە لە نەصرانییەتدا هەیە، ئنجا خوا دەفەرموێ: بێگومان ئەوانەی گوتیان: خوا سێیەمی سێیەکانە، بێبڕوان، ﴿وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ﴾، وە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە یەك پەرستراو، ﴿وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، وە ئەگەر وازیش نەهێنن لەوەی کە دەیلێن ئەو (ل)ە، لامی قەسەمە، (ن)ەکەش، نوونی تەوکیدە، واتە: سوێند بە خوا بە تەئکید ئەوانەی بێبڕوان لە وان، سزاو ئازارێکی بە ئێشیان تووش دەبێ، ئنجا ئایا ئەو سێیانە کێن کاتێك گوتوویانە: خوا سێیەمی سێیەکانە؟

هەندێکیان گوتوویانە: خوا، مەریەم، عیسا، هەندێکیشیان گوتوویانە: خوا، عیسا، گیانی پیرۆز (الروح القدس).

دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسۡتَغۡفِرُونَهُۥۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، خوا بە نکوولیی لێکردنەوە دەفەرموێ: ئایا ناگەڕێنەوە بۆ لای خواو داوای لێبوردنیشی لێناکەن؟! لە حاڵێکدا کە خوا زۆر لێبووردەیەو زۆر بە بەزەییە؟! لەگەڵ ئەو بێئەدەبییەو ئەو بێڕێزییەش کە بەرانبەر بە خوا دەیکەن، کە دەیکەن بە بەشێك لە سێ بەشان، کوڕی بۆ بڕیار دەدەن، هاوتای بۆ بڕیار دەدەن، بەڵام خوا ﷻ دەرگای گەڕانەوەو پەشێمانبوونەوەیان بۆ دەکاتەوە!!

ئنجا خوای پەروەردگار ڕایدەگەیەنێ، دەفەرموێ: ﴿مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ﴾، مەسیحی مەریەم جگە لە پێغەمبەرێك کە لە پێش ئەودا پێغەمبەرانی دیکە تێپەڕبوونو ڕۆیشتوونو لە نێو بەشەردا هاتوون، هیچی دیکە نەبووە، پێغەمبەرێك بووە وەك هەموو پێغەمبەرانو هیچی لەوان زیاتر نەبووە، ﴿وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞ﴾، دایکیشی زۆر ڕاستبێژ بووە، یاخود زۆر بە ڕاست دانەر بووە، یاخود زۆر بە ئیمان بووە، ئافرەتێکی یەکجار چاك بووە، بەڵام ﴿كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَ﴾،

هەردووکیان خواردنیان دەخوارد، ئنجا کە خواردنیان خواردبێ، مانای وایە وەك ئەو خەڵکە بەشەر بوون، وە کە خواردنیان خواردبێ، مانای وایە پێویستییان بە غەیری خۆیان بووە، ئنجا کەسێك پێویستی بە مستە ئاوێكو چنگە گەنمێك بێ، چۆن خوایەتی بۆ دەکرێ؟! ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ ثُمَّ ٱنظُرْ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾، سەرنج بدە! چۆن ئایەتەکانیان بۆ ڕوون دەکەینەوە، دوایی سەرنج بدە چۆن لادەدرێن، (يُؤْفَكُونَ ) واتە: (يُصْرَفُون) یانی: لادەدرێن، وەك بڵێی ئیرادەیان بەدەست خۆیان نەمابێ، ئاوا بە لاڕێ دا دەبرێن، ئەمە ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەوانە کوفرو نیفاق وا لە دڵیاندا جێگیر بووە، وەك بڵێی ئیرادەی لێ زەوت کردوون، ویستی بە دەست نەهێشتوونو جڵەویان کەوتۆتە دەست شەیتانو ئارەزوو و لە دەست خۆیاندا نەماوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿يُؤْفَكُونَ ﴾، لادەدرێن، وە ئەو تەعبیرە لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، بە پرسیارکردنێکی نکوولیکەرانە پرسیاریان لێ بکە، نەك پرسیارێك کە چاوەڕێی وەڵامەکەی بی، بەڵکو پرسیارێك کە وەڵامەکەی لەنێوخۆی دایە، وەك جاری دیکەش باسم کردوە، بۆ وێنە بڵێی: ئەمە کامیرە نیە؟! ئەمە مێز نیە؟! یانی چاوەڕێ ناکەی کابرا بڵێ: با، چونکە وەڵامەکەی ئاشکرایە، دەڵێ: (الإستفهام الإنكاري: يَتَضَمَّن جوابهُ في طيَّاتِهِ) واتە: پرسیارکردن بە نکووڵیی لێکردنەوە، وەڵامەکەی لەنێوخۆی دایە، ﴿ قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ﴾، بڵێ: ئایا جگە لە خوا شتێك دەپەرستن، کە نە زیانی بۆ ئێوە بەدەستە، نە قازانج، واتە: نە دەتوانێ زیانتان لێ دووربخاتەوە، نەدەتوانێ سوودتان پێ بگەیەنێ، پەرستراو دەبێ بتوانێ سەرت بخات، شیفات بدات، بە دەمتەوە بێ، بە دەنگتەوە بێ، لێت ببووری، بتژیەنێ، بتمرێنێ، پەرستراوی هەق دەبێ ئەو شتانەی بە دەست

بن، بەڵام ئەو شتانەی ئێوە دەیانپەرستن، نە دەتوانن زیانتان لێ دووربخەنەوە، نە دەتوانن سوودتان پێ بگەیەنن، ئنجا ئەگەر عیسایە ، ئەگەر دایکیەتی، ئەگەر گیانی پیرۆز (روح القدس)ە، ئەگەر داروبەردە، ئەگەر ئاسمانە، ئەگەر هەر شتێك هەیە، زەرەرو قازانجی خۆی بە دەست نیە، تا هی تۆی بە دەست بێ، ﴿ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، لە حاڵەتێکدا کە هەر خوا بیسەری زانایە، ئەو قسەو داوای بەندەکانی دەبیستێ، وە پێداویستیەکانیشیان دەزانێو وەڵامیان دەداتەوە.

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ﴾، بێگومان ئەوانەی گوتیان: خوا بریتییە لە مەسیحی کوڕی مەریەم، کافر بوون، ئەوە کاکڵەی عەقیدەی نەصرانییەتە کە عیسای مەسیح سەلامی خوای لێ بێ بە بەشێك لە خوا دەزانن، هەڵبەتە ئێمە لە تەفسیری ئایەتی ژمارە (١٧)ی ئەم سوورەتەدا بە تەفصیل باسمان کردوە، وە لەوێ ئاماژەشمان بە ئینجیلەکاندا، بۆیە لێرەدا ئەوەی وێ دووبارە ناکەینەوە، وە خودی ئەو ڕستەیە لە ئایەتی ژمارە (١٧)دا هاتوە، بێ کەمو زیاد، ﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ﴾، بەلام لەوێ خوا ﷻ ئاوا بەرپەرچی داوەتەوەو دەفەرموێ: ﴿ قُلْ فَمَنْ يَمْلِكُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ أَنْ يُهْلِكَ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٧﴾ ﴾ المائدة، لە وەڵامی ئەو قسەیاندا دەفەرموێ: پێیان بفەرموو: ئەدی کێ لەلایەن خواوە هیچی بە دەستە، ئەگەر ویستی مەسیحی کوڕی مەریەم بفەوتێنێ، وە دایکی بفەوتێنێ، وە تێکڕای خەڵکی سەر زەوی بفەوتێنێ؟! کەس هیچی پێ دەکرێ؟ نەخێر، کەواتە: پەرستراوی بە هەق تەنیا خوایە.

**مەسەلەی دووەم:** لێرەدا وەڵامی ئەو قسەیەی ئەوان بەچی دەداتەوە؟ لێرە لەسەر زمانی مەسیح وەڵامی داوەتەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ الْمَسِيحُ ﴾، واتە: مەسیح گوتی، ئنجا ئایا مەسیح لە کوێ وایگوتوە؟ دیارە کاتێك مەسیح هاتوە بۆ لای بەنی ئیسرائیل، لەمیانەی گەیاندنی پەیامی خوادا ئەوەی پێگوتوون، ﴿ وَقَالَ

﴿ٱلْمَسِيحُ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ۖ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾، یانی مەسیح بۆخۆی بەرائەتو حاشای لەو بیرۆكەی ئەوان كردوە، كەواتە: بۆچی عیسا پاڵ دەدەنە لای مەسیحییەت؟! بۆیە زانایان دەڵێن: نابێ بگوترێ: مەسیحییەت، دەبێ بگوترێ: نەصرانییەت، چونكە لەڕاستییدا ئەوەی نەصرانییەكان دەیڵێن، شوێنكەوتنی مەسیح نیەو مەسیح وایەنەگوتوە، بەڵام ئەگەر بڵێی نەصرانییەت لەبەرئەوەی شوێنكەوتووانی مەسیح ئەوەیان داهێناوە، ئەوانیش هەموویان نا، بەڵكو هەندێكیان، نازناوی (نەصرانیی)یش، یان لەبەرئەوەیە كە گوتوویانە: (نَحْنُ أَنْصَارُ الله)، یان لەبەر ئەوەیە كە مەسیح خەڵكی دێیەكە لە شام بە ناوی (نصرانة)، بۆیە بەوە ناونراون، جا لێرەدا عیسا عليه السلام، پێنج شتان دەڵێ:

١- ﴿ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ﴾، خوا بپەرستن.

٢- ﴿رَبِّى وَرَبَّكُمْ﴾، پەروەردگاری منو پەروەردگاری ئێوەشە، واتە: دەبێ بەس پەروەردگار بپەرسترێ، وە پەروەردگاری منو ئێوەش، تەنیا خوای بێوێنەیە.

٣- ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ﴾، هەر كەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ، جا ئەو هاوبەش دانانە بتو صەنەمێكە، مانگو خۆرێكە، ئەستێرەیەكە، كەسێكە، پێغەمبەرێكە، فریشتەیەكە... هتد، هەر كەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ، بە تەئكید خوا بەهەشتی لەسەر قەدەغە كردوە.

كەواتە: ئەگەر بەتەمای بەهەشتێن، هاوبەش بۆ خوا دامەنێن.

٤- ﴿وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ﴾، جێگای حەوانەوەی ئاگرە (مأوى) دەڵێ: (أوى: يأوي، فَهُوَ يؤويهِ)، واتە: پەنای پێ برد، (مأوى) ئەو شوێنەیە كە ئینسان پەنای بۆ دەباتو تێیدا ئیسراحەت دەكاتو لێی پشوو دەدات، دەفەرموێ: ﴿وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ﴾، یانی: ئەوانە ئەگەر شوێنێك هەبێ تێیدا پشوو بدەنو

ئیسـرِاحەت بکەن، ئاگری دۆزەخـە، دیارە لە ئاگریشـدا ئیسـرِاحەت ناکرێ، جا هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەوە خوا بە تەوسەوە، بە توانجەوە وا دەفەرموێ، یانی شوێنی پشوودانیان نیە بێجگە لە ئاگر.

٥- ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ﴾، وە ستەمکارانیش هیچ یارمەتیدەرێکیان نیە، کەواتە: ئەوانە ستەمکاریشن.

**مەسـەلەی سـێیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖ﴾، بێگومان ئەوانەی گوتیان: خوا سێیەمی سێیانە، بێبڕوان، پێشتریش باسمانکرد، نەصرانییەکان بە خوا ﷻ و عیساو جبریل دەڵێن: (الأقانيم الثلاثة)، (أقنوم) بە کوردیی، واتە: پێکهاتە، پێکهێنەر، چونکە دەڵێن: خوا لە سێ بەش پێکهاتوە: خوا بۆخۆی، عیساش کە کوڕیەتی، وە (روح القدس)یش کە لە نێوان خواو عیسادا دێو دەچێو پەیام دێنێ، هەندێکیشیان لە جیاتی (روح القدس) دەڵێن: مەریەم، واتە: خواو عیساو مەریەم، هەردوو عەقیدەکان بوو ون، وە ئێستاش هەر هەن، ئەمە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (النساء)ە، کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ١٧١﴾، کە کاتی خۆی لە بەرگی سێی ئەم تەفسیرەدا بە تەفصیل قسەمان لەسەر کردوە، لەوێشدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئەی خاوەن کتێبینە! لە ئایینەکەتان دا تێمەپەڕێنن، وە جگە لە قسەی هەق لەسەر خواو بە ناوی خواوە مەکەن، مەسیح عیسای کوڕی مەریەم ڕەوانەکراوی خوایەو وشەی خوایە، هاوێشتوویەتی بۆ مەریەم، {(ألقاها يعني

رماها) چۆن؟ ئەو ڕووحــەی عیسا سەلامی خـوای لێبــێ، جبـریل بردوویـەتی فـووی بە یەخەی كراسی مەریـەم دا كـرد، خــوا لێـی ڕازی بـێو سـەلامی خــوای لــێ بـێ، وە ڕووحێكــی تایبــەتی بــوو، واتــە: بـەبێ ئـەوەی لـە ڕێـی نوتفـەی دایـكو بابـەوە بـێ، یەكسـەر بەشـێوەی ڕووح وەك فووێـك بـە بـەرۆكی مەریـەم داكـرا، وە چـووە نێـو منداڵدانیو بـوو بە عیسا} دەجا ئیمان بە خـواو بـە پێغەمبەرانــی خـوا بێنــن، وە مەڵێن سـێ، وازبێنن بۆ ئێـوە باشـترە، چونكە خـوا تـەنیا یـەك پەرستـراوە، پاكیی بۆی كە ڕۆڵەی هـەبێ، هەرچـی لە ئاسـمانەكانو زەویدا هەیـە هی ویـە، وە ئەو بەسـە بۆئـەوەی كە سـەرپەرشـتیاربێ.

ئنجـا لەبەرئـەوەی لـەوێ بـە تەفصـیلْ باسـمان كـردوە، بۆیـە لێـرە باسـی ناكەینـەوە.

**مەسـەلەی چـوارەم:** كـە دەفـەرموێ: ﴿ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، واتــە: هــیچ پەرسـتـراونین جگە لە یـەك پەرسـتـراو، وە ئەگـەر واز نەیـەنن، لـەوەی كـە دەیڵێن، ئەوانـەی بێبـروان لــەوان ئــازارێكی بەئێشــیان تـووش دەبــێ، ئەمـە ڕاسـتە مانـاكەیـەتی، بەڵام پێویستە دەربـارەی ئەم ئایـەتە چـەند شتێك ڕوون بكـەینەوە:

١/ ﴿ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ ﴾، ئەگـەر فەرمووبـای: ﴿ وَمَا إِلَهٌ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ ﴾، هەر تـەواو بوو، بـەڵام ئەو (مِن)ە، بۆ زیـادە تەئكـید كردنەوەیـە، وە بـۆ جەختــكردنەوەیە لەسـەر ئـەوەی كـە بـە هـیچ شـێوەیەك جگـە لـە تاكـە پەرسـتـراوی بـە هـەق، هیــچ پەرسـتـراوی دیكـە نـین، كە شایانی پەرستن بـن، نـەك لـە دنیـای واقیـع دانـین، چونكە لـە دنیـای واقیعـدا هـەن، خـوا دەفەرموێ: ﴿ وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴿٧٤﴾ ﴾یـس، واتـە: مانــای وایە ئیسـلام دان بەوەدا دەنـێ كە پەرسـتـراوی دیكـە هــەن، بـەڵام پەرسـتـراوی بەناهـەقن، واتە: بە ناهەق دەپەرسترێن، ئەگەرنا پەرستراو نین، بەڵام پەرستراوی بە هەقو شـایسـتەی پەرستن، یەكە، ئەویش خـوای بێ هـاوتـاو بێوێنـەیە.

٢/ ﴿وَإِن لَّمۡ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ﴾، قسەکەیان دووبارە ناکاتەوە، بەس دەفەرموێ: ئەوەی دەیڵێن، خوای بەرزو مەزن هێندە قسەکەیانی پێناخۆشە، بە پێویستی نازانێ دووبارەی بکاتەوە.

٣/ ﴿لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ﴾، لە جیاتی بفەرموێ: (لَيَمَسَّنَّهُم عَذَابٌ أَلِيم) دەفەرموێ: ﴿لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ﴾، بۆ ئەوەی دەریبخات کە ئەوانەی وا دەڵێن کافرن، ئەوە زانایانی ڕەوانبێژیی پێی دەڵێن: (وَضع المُظْهَرِ مَكَان المُضْمَر) شتێك دەرخراوە، دەبووایە بشاردرێتەوە، بۆئەوەی کە دەریبخات، ئەوانە بە هۆی ئەو قسەیانەوە، کافرن.

٤/ ﴿عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، وشەی (عَذَابٌ) لە فەرهەنگەکانی زماندا دەڵێن: (الإيجاع الشَّديد) واتە: ئێش پێگەیاندنی توند، (أَلِيم)یش دەڵێ: (الوَجعُ الشَّديد) ئەویش یانی: ئازارێکی توند، کە لە قورئاندا ﴿عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، زۆر دووبارە بۆتەوە، (عَذَاب) هەر بۆخۆی واتە: ئازارێکی بەئێش، (أَلِيم) هەر واتە: بەئێش، کەواتە: دەبێتە زۆر زۆر بەئێش.

**مەسەلەی پێنجەم:** کە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسۡتَغۡفِرُونَهُۥۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، ئایا ناگەڕێنەوە بۆ لای خواو داوای لێبووردنی لێناکەن؟! لە حاڵێکدا کە خوا لێبووردەی بە بەزەیی یە! بەڕاستی ئینسان سەری سووڕدەمێنێ لەو هەموو هێمنیی (حِلم) و بەخشش (كَرَم) و بەزەیی (رَحْمَة) و لێبووردن (مغفرة)ی خوای بە بەزەیی، سبحان الله! خوا چەند هێدیی‌و مەندە، چەند بەخشندەیە، چەند بە بەزەیی یە، چەند لێبووردەیە، دوای ئەو هەموو گوناح‌و سەرپێچیی‌و بێئەدەبیی‌و هاوبەش دانانەش! چونکە خوای بێهاوتا زۆر زۆر ڕقی لە شیرکە، لەگەڵ ئەوەشدا خوای خاوەن کەرەمی بێسنوور، وەك ئەوەی یەکێك بە یەکێك بڵێ: نافەرمووی بێیەماڵێ! نافەرمووی لادەی‌و لە لامان میوان بی؟!! خواش دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ﴾، ئایا

ناگەڕێنەوە بۆ لای خواو داوای لـێبوردنی لێنـاکەن؟! خـۆ خـوا زۆر لێبوردەیـەو زۆر بە بەزەیی یە، بۆچـی نایەن واز لەو شـتانە بێنـن، خۆ خـوا زۆر لـێبوردەیەو لێتـان خۆشـدەبێ، زۆر بـە بەزەییـە!! خـوا بـە ئینکارکردنێکـی میهرەبانانـەوە، داوای گەڕانەوەی لای خۆییـان لـێ دەکـات، هەڵبەتـە ئێمـەش دەبـێ شـتی لـێ فێـر بـین، ئێمـەش کـە دەبینـین کەسـێك هەرچـەندە بیـروبۆچوونێکی زۆر پووچـی هەبـێ، بیـروبڕوایەکی زۆر هەڵـەو هەڵسـوکەوتێکی زۆر خراپـی هەبـێ، دەبـێ چـاو لـە سیفەتەکانی خـوای پەروەردگـار بکـەین، ئـەو سـیفەتانەی خـوای بێوێنـە کـە لەگـەڵ ئێمـەدا دەگونجێـن، زانایانی ئیسـلام دەڵـێن: دەبـێ خۆمـان بـەو سیفەتانە بڕازێنینـەوە، ئێمـەش دەبـێ هەوڵبـدەین ئەهلـی (حِلْم) بین، هێدیـی‌و مەنـد بیـن، ئەهلـی (کَـرَم) بـین، بەخشـندە بـین، بـە بـەزەیی بـین، وە دەبـێ هەوڵبـدەین لای لێبوردن بگـرین، لای بـەزەیی بگـرین، خـوای پـەروەردگارمان وایـە، هەڵبەتـە هەنـدێ سـیفەت هـەن تایبـەتن بـە خـواوە، وەك بەدیهێنـەرایەتیـی، پەروەردگارێتیـی، پەرستـراوێتـیی، ئـەوە کـە خـاوەنی نـاوە هـەرە چاکـەکانو، سـیفەتە هـەرە بەرزەکـانە، ئـەوە کـە خـوا ملـپێکەچکـەر (قَهَّار) و ناچارکـەر (جَبَّار)ە، ئەوانـە تایبەتن بە خـوای پەروەردگارەوە، بەڵام کۆمـەڵێك سیفەت هـەن، بەشـەریش دەتوانـێ پشـك‌و بەشـی لەو سـیفەتانەدا هـەبـێ، بەقـەدەر خـۆی.

**مەسـەلەی شـەشـەم:** دەفـەرموێ: ﴿مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ﴾، لێـرەدا زانایان مشـتومڕێکی زۆریان هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئایا مەریـەم یـەکێك بـووە لـە پێغـەمبـەرانی خـوا، یـان نـا؟ لەبەرئـەوەی خـوا ﷻ بـاس دەکـات کـە فریشـتەکان قسـەیان لەگـەڵ مەریەمـدا کـردوە، جا بـە بۆنـەی ئـەوەوە لـە تەفسیـرکردنی ئـەو ئایەتـانەدا، زانـایـان دوو ئافرەتـی دیکـەش دێنـن، دەڵـێن: ئـەو سێیانە پێغەمبـەر بـوون، (سـارة) دایکـی ئیسـحاق، وە دایکـی مووسـا، لەگـەڵ مەریـەم، دەڵێن: لەبـەر ئـەوەی خـوای پەروەردگـار بۆمـان دەگێڕێتـەوە، کـە هـەر کـام لـەو سـێ ئافرەتانـە فریشـتە قسـەی لەگـەڵ کـردوون:

# سێ ئافرەت کە خوا وەحی بۆ ناردوون، ئایا پێغەمبەرن یان نا؟!

١) بە نسبەت (سارة)ەوە خوا لە سوورەتی (هود) لە درێژەی ئەو ئایەتانەدا کە باسی ژمارەیەك لە پێغەمبەران دەکات، دوایی دەفەرموێ: فریشتەکانمان هاتن بۆ لای ئیبراهیم، پاشان دەفەرموێ: ﴿ وَٱمۡرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٞ فَضَحِكَتۡ فَبَشَّرۡنَٰهَا بِإِسۡحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ يَعۡقُوبَ ٧١ قَالَتۡ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٞ وَهَٰذَا بَعۡلِي شَيۡخًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عَجِيبٞ ٧٢ قَالُوٓاْ أَتَعۡجَبِينَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِۖ رَحۡمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٞ مَّجِيدٞ ٧٣ ﴾، واتە: وە ئافرەتەکەی (ئیبراهیم) وەستابوو، ئێمەش موژدەی پەیدابوونی ئیسحاقمان پێداو دوای ئیسحاقیش یەعقووب. گوتی: هەی هاوار بۆ من! چۆن منداڵم دەبێ لە حاڵێکدا کە نەزۆکەمو مێردەکەشم پیرە! بەڕاستیی ئەمە شتێکی سەرسووڕهێنەرە! گوتیان: ئایا سەرت لە کاری خوا سووڕدەمێنێ! ڕەحمەتو پێزی خواتان لەسەر بێ ئەی ماڵی (ئیبراهیم) بێگومان ئەو (خوا) شاییستەی ستایشی پایە بەرزە.

دیارە فریشتەکان ئەو قسانەیان لەگەڵ (سارة)دا کردووەو ئەویش لەگەڵ فریشتەکاندا قسەی کردوە.

٢) بەنسبەت دایکی مووساوە، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧ ﴾ القصص، واتە: سرووشمان کرد بۆ لای

دایکی مووسا کە شیری پێبدات، "پێمان گوت" وە ئەگەر لێی ترسای بیخە نێو دەریا، وە مەترسێ و دڵتەنگیش مەبە، ئێمە بۆ لای تۆی دەگێڕینەوە، دەشیکەین بە پێغەمبەرو لە ڕیزی پێغەمبەرانی دادەنێین.

لێرەدا خوا بۆخۆی دەفەرمووێ: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ ﴾، ئەگەر (سارة) فریشتە قسەیان لەگەڵ (سارة)دا کردوە، ئەوە لێرەدا خوا ڕاستەوخۆ وەحی بۆ دایکی مووسا ناردوون.

٣) بەنسبەت مەریەمیشەوە خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (آل عمران)دا دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِذۡ قَالَتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصۡطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ يَٰمَرۡيَمُ ٱقۡنُتِي لِرَبِّكِ وَٱسۡجُدِي وَٱرۡكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾، واتە: کاتێك فریشتەکان گوتیان: ئەی مەریەم! خوا تۆی هەڵبژاردوە، وە پاکی کردوویەوەو بەسەر ئافرەتانی جیهاندا هەڵیبژاردووی، ئەی مەریەم! گەردن کەچ بە بۆ پەروەردگارت، سەجدەی بۆ بەرەو لەگەڵ ڕکووعبەراندا ڕکووعی بۆ بەرە.

(إبنُ حزم الأندلسي) دەڵێ: هەر کام لەو سێ ئافرەتەش پێغەمبەر بوون.

(إبنُ كثير)یش دەڵێ: ئەو ئایەتانە هیچیان ئەوە ناگەیەنن، کە ئەو سێ ئافرەتە پێغەمبەر بوو بن.

هەڵبەتە ڕای زۆربەی زانایان ئاوایە، دەڵێن: (إنَّ اللهَ لَمْ يَبعَث نبيّاً إلاّ مِنَ الرِّجَال)، واتە: بێگومان خوا هیچ پێغەمبەرێکی نەناردوە، مەگەر لە پیاوان بووە، چونکە خوا بۆخۆی دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓۗ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۗ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿١٠٩﴾ ﴾ يوسف، واتە: لە پێش تۆدا تەنیا وەحییمان بۆ پیاوانێك ناردون لە خەڵکی شارە

قەرەباڵغەکان، {(قُرى) کۆی (قرية)یە، (قرية) واتە: شار}، کەواتە: بە پێی ئەم ئایەتە بێ، خوا تەنیا لەنێو پیاواندا پێغەمبەرانی ناردوون، واش پێدەچێ هەر ئەم رایە راستبێ.

وە دەربارەی ئەوەش کە خوا دەفەرمویێ: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ ﴾، یانی فریشتە قسەیان لەگەڵ (مەریەم)دا کردوە، یاخود قسەیان لەگەڵ (سارة)دا کردوە، کە ئەوانیش هەر پەیامی خوایان پێ راگەیاندوون، زانایان دەڵێن: قسەکردنی فریشتان لەگەڵ غەیری پێغەمبەراندا، چ گرفتێکی تێدانیە، مانای وانیە کە ئەوان پێغەمبەرن، لەبەرئەوەی فریشتە قسەی لەگەڵدا کردوون، بەڵام لێرەدا خوای پەروەردگار مەبەستی پێی ئیلهامە، چونکە خوا وشەی وەحی بۆ هەنگیش بەکارهێناوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾النحل، واتە: خوا وەحی کرد بۆ هەنگ...

هەروەها خوا وشەی وەحی بەکارهێناوە بۆ ئاماژە کردن، وەك دەفەرموێ: ﴿ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنَ ٱلۡمِحۡرَابِ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَيۡهِمۡ أَن سَبِّحُواْ بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ﴿١١﴾ ﴾ مريم، کە مەبەست زەکەرییایە دوای ئەوەی خوا موژدەی یەحیای پێدەدات، دەفەرموێ: لە میحرابەکەی چووە دەرێ بۆ لای گەلەکەی و بە ئاماژە پێیگوتن: بەیانیان و ئێواران خوا بە پاك بگرن! تەنانەت خوا وشەی وەحی بۆ وەسوەسەی شەیتانەکانیش بەکارهێناوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ غُرُورٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾الأنعام.

ئەسڵی مانای وشەی (وحي)یش لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (الكلام الخَفِيُّ) واتە: قسەیەکی پەنهان، جا ئەو قسە پەنهانە، دەگونجێ هی فریشتە بێ، دەگونجێ خوا بیخاتە دڵەوە، دەگونجێ لە رێی ئیلهامەوە بێ، دەگونجێ لە رێی وەسوەسەوە بێ، کەواتە: ئەو وشەیە بە تەنیا بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە ئەو

سێ ئافرەتە بەڕێزە پێغەمبەرن، بەڵام بە تەئکید هەرسێکیان ئافرەتی زۆر گەورەو هەڵکەوتوو و لە خوا نزیك بوون.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌ﴾، ئەگەر تەماشا بکەین خوای کاربەجێ پلەی صیددیقییەتی لە دوای پێغەمبەرایەتیی هێناوە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾﴾النساء، کەواتە: لە دوای پێغەمبەرایەتیی پلەی صیددیقییەت لە هەموو پلەیەك بەرزترە، تەنانەت لە شەهیدییش، خوای پەروەردگاریش مەریەمی بە صیددیقە وەسف کردوە.

وە کە دەفەرموێ: ﴿كَانَا يَأْكُلَانِ ٱلطَّعَامَ﴾، واتە: عیساو مەریەمی دایکی خواردنیان دەخوارد، واتە: هەر کەسێك پێویستی بە خواردنو خواردنەوە بێ ناگونجێ پەرستراوبێ، ئەگەر نانی لێبڕا برسی بێ، ئەگەر ئاوی لێبڕا تینووی بێ، ئەوە چۆن شایستەی خوایەتییە؟! یەکێك پێویستی خۆی پێ جێبەجێ نەکرێ، هی خەڵکی چۆن پێ جێبەجێ دەکرێ؟! دیارە هەندێ لە توێژەرەوان گوتوویانە خواردنو خواردنەوە پاشەڕۆکیشی هەیە، ئەوەش نەگونجاوە، وە لە ئەسڵدا ئەو سیفەتانە نیشانەی نوقصانیی و ناتەواویین، وە خوای بێوێنە لە هەموو نوقصانیی و ناتەواوییەك بەدوورە.

**مەسەلەی حەوتەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلْـَٔايَٰتِ ثُمَّ ٱنظُرْ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ﴾، سەرنج بدە! چۆن ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە، پاشان سەرنج بدە! چۆن لادەدرێن؟!

ئەگەر ئێمە سەرنج بدەین، دەبینین خوا لەو کاتەدا کە خەڵك قسەی زۆر خراپ دەکات، بۆ وێنە: نەصرانییەکان گوتوویانە: عیسا کوڕی خوایە، جوولەکەکان گوتوویانە: عوزێر کوڕی خوایە، موشریکەکان شیرکیان بۆ خوا داناوە، دەهرییەکان هەر دانیان بە خوادا نەهێناوە، کەچی خواش - وەك کوردەواریی خۆمان ئەو تەعبیرە بەکاردێنن - ، خۆی شلوێ ناکات، بۆیە کە قورئان

دەخوێنــیەوە، هەســت دەكەی جیایە لـە قســەی خـەڵكی دیكە، كەسێك كتێبێك دەنووسـێ، تەنانەت فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ حاڵەتی بەشەریان پێوە دیارە، چونكە لە فەرمایشـتێكدا تووڕەیە، لە فەرمایشـتێكی دیكەدا عاطیفەو سۆز بەكاردێنێ، بەڵام لە هەق نەچۆتە دەرێ، بەڵام لە قورئاندا قسەی عاطیفیی نابینن، لە كاتێكدا كە جێی ئەوەیە قسەی زۆر توند بكرێ، خوای پەروەردگار خۆی شلوێ ناكاتو خۆی تێكنادات، مەقامی بەرزی خوایەتیی چۆن دەخوازێ، هەر بەو شێوەیە مامەڵە دەكات، ئەگەر ئێمە بین تووڕە دەبین، قسە دەكەین، هەڕەشە دەكەین، ... هتد، بەڵام خوای تاكو پاك نەخێر، لە كاتێكدا قسەی زۆر خراپیش دەبیستێو، موناقەشەی فیكرەی ئەوانیش دەكات، هەر دەرگای تۆبەو گەڕانەوەو پەشێمانبوونەوەیان بۆ دەخاتە سەر پشت.

ئنجا كە دەفەرمویێ: ﴿ ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴾، دوایی تەماشا بكەو سەرنج بدە ! چۆن لادەدرێن؟! واتە: وەك بڵێی ئازادییو ویستی خۆیان لەدەستداوەو، جڵەویان كەوتۆتە دەست غەیری خۆیان، جا ئایا كێ لایان دەدات؟ ئەوە وەك شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: (مبنيٌّ للمجهول)ە، لادەدرێن، شەیتان لایاندەدات، نەفسیان لایاندەدات، خەڵكێك چۆتە بن كلێشەیان لایاندەدات، گرنگ ئەوەیە ویستی خۆیان لەدەستداوە، بە ویستی خۆیان بەرێوە ناچن.

**مەسەلەی هەشتەمو كۆتایی:** كە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾، بڵێ: ئایا لە جیاتی خوا، یان جگە لە خوا شتێك دەپەرستن، {(ما)ی بەكارهێناوە واتە: شتێك}، نە زیان نە سوودی ئێوەی بەدەستە، واتە: پەرستراو كەسێكە بتوانێ سوود بگەیەنێ بە بەندەكانیو ئەوانەی كە دەیپەرستن، وە بتوانێ زیانیشیان لێ دووربخاتەوە، یاخود دەبێ بتوانێ زیانیان لێبدات، ئەگەر سەرپێچییان لێكرد، وە سوودیان پێبگەیەنێ ئەگەر بەقسەیان كرد، بەڵام ئێوە شتێك دەپەرستن، نە سوودی بەدەستە، نە زیانی بەدەستە، كەواتە: شایانی پەرستن نیە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی هەژدەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان دە ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی (٧٧ تاکو ٨٦)، بابەتی ئەم دە ئایەتە بریتیە لە تیشك خستنە سەر هەڵوێستی خاوەن کتێبەکان، (جووو دیانەکان) لە خودی خۆیانداو لە بەرانبەر ئیسلامو مسوڵماناندا، لە خودی خۆیاندا چۆنن، وە لە بەرانبەر ئیسلامو مسوڵمانانیشدا چۆنن؟

جا سەرەتا خوای بەرزو مەزن بە پێغەمبەری کۆتایی خۆی موحەممەد ﷺ دەفەرموێ: کە بە خاوەن کتێبەکان بڵێ: لە دینداریتاندا بە ناهەق تێمەپەڕێننو ڕۆمەچن، وە بە دوای ئارەزووی کۆمەڵێکی گومڕای گومراکەر مەکەون.

پاشان خوا ڕایدەگەیەنێ کە ئەوانەی بێبڕوا بوون لە جوولەکەکان، لەسەر زمانی هەر کام لە داوودو عیسای کوڕی مەریەم (علیهما السلام) بە هۆی سەرپێچیی و سنوورشکێنی یەوە، نەفرینیان لێکراوە.

پاشان خوا ﷻ بەوە وەسفیان دەکات کە ڕێگرییان لە خراپە نەکردوە، ئنجا باسی هەڵوێستو ڕەفتارێکی دیکەی زۆر خراپیان دەکات، کە بریتیە لە دۆستایەتیی گرتنیان لەگەڵ بێبڕواکاندا...، وە ڕایدەگەیەنێ ئەگەر ڕاستبایە بڕوایان بە خواو پێغەمبەرەکەیانو، کتێبی دابەزێنراوی خوا بووایە، بێبڕواکانیان بە دۆست نەدەگرت، کەواتە: نە لەگەڵ خواو، نە لەگەڵ پێغەمبەری خواو، نە لەگەڵ کتێبی دابەزێنراوی خوادا، ڕاستیان نەکردوە.

ئنجا بە جەختکردنەوە ڕایدەگەیەنێ کە: سەرسەختترین کەس لە دوژمنایەتییکردنی بڕواداراندا، بریتین لە جوولەکەو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، وە نزیکترین کەسانێك کە خۆشەویستیو سۆزیان بۆ ئیمانداران هەبێ، بریتین لە نەصرانییەکان، کە بەلای نەرمو نیانییدا شکاونەوەو، جۆرێك لە سۆزو بەزەیی و

نـزیکییـان لەگـەڵ مسـولمانان دا هـەیـە، وە چـونکە قەشـەو ڕاهیبیـان لـە نێـودانو، خۆبەزلگریش نین، وە کاتێك کە ئەو قورئانە دەبیسـتن کە بـۆ پێغـەمبەر دابـەزیوە، چـاویان پڕدەبـێ لـە فرمێسـك بـە هـۆی ناسینی هەقـەوەو، داواش لـە پـەروەردگاریان دەکـەن کـە لەگـەڵ شـایەداندا بیاننووسـێ، وە شـایەدیی دەدەن کـە موحەممـەد ﷺ پێغەمبـەری کۆتـایی خـوایە، وە قورئـانیش کۆتـا پـەیامی خـوایە، وە بـە پرسـیارکردنی نکوولـیی لێکـەرەوانەوە دەڵـێن: بۆچـی ئیمـان بـە خـوا نـەهێنینو بـەو هەقـەی کـە بۆمـان هـاتوە، لـە حاڵێکـدا کـە بـە تەمـاین خـوا ڕەگـەڵ صـاڵحانمان بخـات؟! وە کەسانێك خـوا دەیانخاتە ڕیـزی صـاڵحانەوە کە ئیمـان بێنـن.

دیـارە خـواش ﷻ لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتەیان پاداشـتیان بـە بەهەشـت دەداتـەوە، پاشان خـوای دادگەر باسی سـەرەنجامی بێبـڕوایانو سـزای دادگەرانـەی پـڕ بـە پێسـتیان دەکـات.

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ
قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟ كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٧٧﴾ لُعِنَ
ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا
عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ
لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ
خَٰلِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوْ كَانُوا۟ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِىِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمْ
أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨١﴾ ۞ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ ۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَٰرَىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ
لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٨٢﴾ وَإِذَا سَمِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ
مِنَ ٱلدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا۟ مِنَ ٱلْحَقِّ ۖ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨٣﴾
وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ
ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٤﴾ فَأَثَٰبَهُمُ ٱللَّهُ بِمَا قَالُوا۟ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ
وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٥﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ
ٱلْجَحِيمِ ﴿٨٦﴾﴾.

# مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەكـان

((بلّێ: ئەی خاوەن كتێبینە! لە دینداریيتاندا بە ناهەق تێمەپەڕێنن، وە مەكەونە شوێن ئارەزووەكانی كۆمەڵێك كە لەمەو پێش گومڕابوون، وە زۆر كەسیان گومڕاكرد، وە لە ڕاستەڕێ گومڕابوون ﴿٧٧﴾ ئەوانەی بێبڕوا بوون لە وەچەی ئیسرائیل، لەسەر زمانی داوودو عیسای كوڕی مەریەم لەعنەتیان لێكرا، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە كە سەرپێچییان كردو بەردەوام دەستدرێژییان دەكرد ﴿٧٨﴾ عادەتیان وابوو كە یەكدییان نەدەگێڕایەوە لە خراپەیەك كە دەیانكرد، ئەوە خراپترین شت بوو كە دەیانكرد ﴿٧٩﴾ زۆریان لێ دەبینی كە ئەوانەی بێبڕوان بە دۆست دەگرن، بە دڵنیاییەوە خراپترین شت كە بۆ خۆیانیان پێشخستوە، ئەوەیە كە خوا لێیان تووڕەبێ‌و لە سزاو ئازاردا بە هەمیشەیی بمێننەوە ﴿٨٠﴾ وە ئەگەر ئەوانە بڕوایان بە خواو پێغەمبەرو ئەوەی بۆی دابەزێنراوە ببوایە، ئەوان (بێبڕوایان) یان بە دۆست نەدەگرت، بەڵام زۆریان لە ڕێ دەرچوون ﴿٨١﴾ بە مسۆگەریی جوولەكەو هاوبەشدانەرەكان لەنێو خەڵكیدا دەبینی، سەختترین دوژمنایەتییان لەگەڵ بڕواداراندا هەیە، وە دەبینی ئەوانەی كە گوتیان: ئێمە نەصرانیین لە هەموو خەڵكی لە ڕووی خۆشەویستییەوە لە بڕواداران نزیكترن، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە كە قەشەو ڕاهیبەكانیان لە نێودان‌و خۆشیان بە زل ناگرن ﴿٨٢﴾ وە كاتێك ئەوەیان بیست كە بۆ پێغەمبەر (موحەممەد) دابەزێنراوە، چاویان دەبینی لە فرمێسكان كە لە ڕێژیی دەكەن[1]، بەهۆی ئەو هەقەوە كە ناسیویانە، دەڵێن: پەروەردگارمان! بڕوامان هێنا، دەجا لەگەڵ شایەداندا بماننووسە ﴿٨٣﴾ (وە دەڵێن:) ئایا بۆچی بڕوا بە خواو بەو هەقە ناهێنین كە بۆمان هاتوە، لە حاڵێكدا كە دەمانەوێ پەروەردگارمان ڕەگەڵ كۆمەڵی صاڵحانمان بخات! ﴿٨٤﴾ خواش بەهۆی ئەوەوە كە گوتیان: چەند باغێك كە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە، كردیە پاداشتیان، وە ئەوەش پاداشتی چاكەكارانە ﴿٨٥﴾ ئەوانەش كە بێبڕوا بوون‌و ئایەتەكانمانیان بە درۆ دانا، ئا ئەوانە هاوەڵانی كڵپەی دۆزەخ - ن ﴿٨٦﴾)).

---

١) كە لە ڕێژیی دەكەن: پڕ دەبن لە فرمێسك‌و لێشیان دەڕژێ.

# شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(لَا تَغْلُواْ ): (الغُلُوُّ: تَجَاوزُ الحَدِّ، إذَا كَانَ فِي السِّعرِ غَلاَءٌ، وَإذَا كَانَ فِي القَدْرِ وَالمَنْزِلَةِ غُلُوّ، وَفِي السَّهْمِ: غَلْو، وَأَفعَالُهَا جَمِيعاً غَلاَ يَغْلُو، وَالغَلِيُ وَالغَلَيَانُ يُقَالُ فِي القِدرِ إذَا طَفَحَت، وَالغَلَواء: تَجَاوز الحَدِّ فِي الجماع، وَبِهِ شُبِّه غَلْواءُ الشَّبَاب)، (غُلُو) بریتیە لە سنوور دەرچوون، ئەگەر لە نرخدابێ دەگوترێ: (غَلاَء)، وە ئەگەر لە ئەندازەو پێگەدابێ دەگوترێ: (غُلُوّ)، وە ئەگەر بۆ تیر بێ دەگوترێ: (غَلْو)، وە فیعلی هەموویان (غَلاَ يَغْلُو)ە، ئنجا (غَلِيُ، غَلَيَانُ) بۆ مەنجەڵ كە دەكوڵێو سەرقاپەكەی هەڵدەدات بەكاردێ، وە (غَلَواء) بریتیە لە سنوور بەزاندن لە سەرجێیدا، وە (غَلْواءُ الشَّبَاب) واتە: گەنجێتییەك كە ئینسان لە ڕووی ئارەزووی جینسییەوە سنوور شكێنیی بكات.

(أَهْوَآءَ ): (الهَوَى: مَيْلُ النَّفْسِ إلى الشَهْوَةِ، وَالهُوِيُّ سُقُوطٌ مِنْ عُلْوٍ إلى سُفْلٍ)، (هَوَى) بریتیە لە ئارەزووكردنی نەفس بۆ شتێك، (هُوِيّ) واتە: كەوتنە خوار لە سەرێوە بۆ خوارێ.

( لُعِنَ ): (اللَّعْنُ الطَّرْدُ وَالإبْعَادُ عَلَى سَبيلِ السَّخَطِ وَذَلِكَ مِنَ اللهِ تَعَالَى فِي الآخِرَةِ عُقُوبَةُ وَفِي الدُّنيَا انْقِطَاع مِن قبول رَحْمَتِهِ وَتَوفيقِه)، (لَعْن) بریتیە لە دەركردنو دوورخستنەوە بە شێوەی لێ توورەبوون، لە دوارۆژدا سزایە، وە لە دنیاشدا بریتیە لەوەی كە ئەو ئینسانە لە بەزەیی خوا دادەبڕێ، وە لە تەوفیقی خوا دادەبڕێ.

(لَا يَتَنَاهَوْنَ ): (النَّهيّ: الزَّجْرُ عَنِ الشيءِ، بالقَوْلِ أَوْ بِغَيْرِهِ، وَتَنَاهَى الشَّيءُ: بَلَغَ نِهَايَتَهُ وَتَنَاهَى القَوْمُ عَنِ المُنْكَرِ: نَهَى بَعْضُهُم بَعْضَاً عَنِ المُنْكَرِ)، (نَهي) بریتیە لە گێڕانەوەی كەسێك بە قسە یان بە كردەوە، لە هەر شتێك بیگێڕیەوە، (تَنَاهَى الشَّيءُ) واتە: ئەو شتە گەیشتە كۆتایی، (تَنَاهَى القَوْمُ) واتە: قەومەكەی لە نێوان خۆیاندا یەكدییان لە خراپە گێڕایەوە.

(عَدَٰوَةً ): (العَـداوة: التجَاوُز وَمُنَـافَاةُ الإلتئَام... بالقَلْبِ، العَداوَةُ وَالـمُعَادَاةُ بالـمشِي العَـدو، فـي الإخـلال بالـمعَامَلَة: العُـدوَان)، (عَـدو) بریتیــە لــە تێپەڕانــدن، وە پێچــەوانەی پێکــەوە گونجــانە، ئەگـەر بـە دڵ بــێ دەگــوترێ: (عَـدَاوَةُ، مُعَـادَاةُ)، ئەگەر مەبەسـتیش بە پـێ ڕۆیشـتن بێ، (عـدو)ە، وە ئەگەر لە ڕووی هەڵسـوکەوت لەگەڵ خەڵکی کردن دابـێ بە تێپــەڕاندن، ئەوە پێـی دەگـوترێ: (العُـدوَان).

(مَّوَدَّةً ): (الـوُدُّ: مَحَبَّـة الشَّـيءِ وَتَمَنِّي كُونِهِ، أَسْبَابُ الـمَوَدَّةِ كَالنَّصِيحَةِ وَغَيْرِها)، (وُد) بریتــیە لــە خۆشــویســتنی شــتێك لەگـەڵ خۆزگــە پێـی خـواسـتنی واتــە: خۆزگـە بخـوازیو هۆکـارەکانی بۆ سـاز بکـەی.

(نَصَـٰرَىٰ ): (النَّصَــارَى: واحـده نَصْـرَانِي، إمَّـا مِـنْ: وَنَحْـنُ أَنْصَــارُ الله، وَإمَّـا مِـنَ الإنتسَـابِ إلـى قَريَـة نَصْـرَانة)، (نَصَـارَى) تاکەکـەی (نَصْرَانِي)یـە، حەوارییـەکانی عیسـا عليه السلام کە گوتوویــانە: (نَحـنُ أَنْصَـارُ الله) لـەوەوە هاتوە، یـاخود لە پاڵدرانە لای گونـدی (نَصْـرَانة) کە عیسـا عليه السلام لەگــەڵ دایکـی خەڵکی ئــەوێ بوون.

(قِسِّيسِينَ ): (القَـسُّ والقِسّـيسُ: العَـالِـمُ العَـابِـدُ مِـنْ رُؤس النَّصـارى)، (قَـسّ، قِسّـيسُ) کـە ئێمـە بـە کـوردی دەڵـێین: کەشـیش یـان قەشـە، بریتیـە لـە زانایـەکی خواپەرســت لە گــەورە گــەورەکانی نەصـڕانییان.

(وَرُهْبَانًا ): یـان کـۆی (رَاهب)ە، یاخـود (رهبـان) بۆخــۆی تاکــەو کۆیەکـەی (رهابیـة) یـان (رهـابين)ە، ئـەویش بــە کەسـێك دەگـوترێ کـە دووریــی بکـات لـە لـەزەتو نیعمەتەکان، (الرَّهْبَانِيـة غُلوّ فِي تَحَمُّلِ التَّعَـبُّدِ)، (رهبانيـة) ئەوەیـە کە ئینسـان تێپەڕێنــێ لە خـواپەرسـتییدا.

(تَفِيضُ ): واتــە: دەڕژێ، (فَاضَ الـمَاءُ إذَا سَـالَ مُنْصبّاً، وَأفَـاضَ الـمَـاءُ).

(وَنَطْمَعُ ): (الطَّمَـعُ: نُـزوُعُ النَّـفْسِ إلـى الشـيء شَـهْوَةَ لَـهُ)، (طَمْـع) بریتــیە لـەوەی نەفـس بەرەو شـتێك بچـێ بە ئـارەزووەوە بۆئــەوەی کە دەسـتـی بکـەوێ.

( فَأَثَٰبَهُمُ): واته: پاداشـتی دانــەوە، (الإثَابَـةُ: تُسْتَعْمَلُ فِي الـمحبُوب)، وشـەی (إثَابَـة) تەنیـا بۆ شـتی بـاش بەکـاردێ.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

١/ هۆی هاتنە خـوارەوەی ئەو ئایەتانە کە خـوا دەفەرموێ: ﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٨٢﴾ وَإِذَا سَمِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ ٱلْحَقِّۖ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨٣﴾﴾:

أ- ﴿أَخْرَجَ ابْنُ أَبِي حَاتِم عَن سَعِيدِ بْنِ الـمُسَيِّب وَأَبِي بَكر بْنِ عَبْد الرَّحْمَن وَعُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْر، قَالُوا: بَعَثَ رَسُولُ اللهِ ﷺ عَمرو بْن أُمَيَّة الضَّمريِّ وَكَتَبَ مَعَهُ كِتَابًا إِلَى النَجَاشِي فَقَدم عَلَى النَجَاشِي فقَرأَ كِتَابَ رَسُولِ الله ﷺ ثُمَّ دَعَا جَعْفَر بْنِ أَبِي طَالِب وَالـمُهَاجِرينَ مَعَهُ وَأَرْسَلَ إِلَى الرُّهبَان والقِسِيسِين، ثُمَّ أَمَرَ جَعْفَر بْنِ أَبِي طَالِب فقَرأَ عَلَيهِم سُورَة مَريَم فآمنوا بالقُرآنِ وَفَاضَتْ أَعينهُم مِنَ الدَّمْعِ فَهُم الَّذِينَ أَنْزَلَ الله فِيهِم: ﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨٣﴾﴾﴾، واتە: ئیبنو ئەبی حاتەم لە سەعیدی کوڕی موسەییب (کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین) وە لە ئەبوبەکری کوڕی عەبدوڕڕەحمان، وە لە عوروەی کوڕی زوبەیر (هەموویان لە تابیعینن، خوا لێیان ڕازی بێ) دەگێڕنەوە پێغەمبەری خوا ﷺ (عَمرو بْن أُمَيَّة الضَّمريِّ) بە نامەیەکەوە نارد بۆ لای نەجاشیی، چوو بۆ لای نەجاشیی‌و نامەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ بەسەردا خوێندەوە، نەجاشیی جەعفەری کوڕی ئەبو طالیبی بانگ کرد (واتە: برای عەلی، کە ئەوکاتە پەنایان بردبوو بۆ حەبەشەو لەوێ بوون) لەگەڵ ئەو کۆچکەرانەی لەگەڵی بوون، ئنجا بە دوای ڕاهیبەکان‌و شارەزایانیشی دا نارد

(کە نەصڕانیی بوون)، پاشان فەرمانی بە جەعفەری کوڕی ئەبو طالیب کرد، ئەویش سووڕەتی مەریەمی خوێندەوە، ئەوانیش ئیمانیان هێناو چاویان پڕ بوو لە فرمێسكو فرمێسكی لێ ڕژا، ئەوانەن کە خوای پەروەردگار ئەو ئایەتانەی لە بارەوە ناردنە خوار.

ب/ ﴿وَرَوى ابْنُ أَبِي حَاتِم عَنْ سَعِيد بْن جُبَيْر قَالَ بَعَثَ النَجَّاشِي ثَلاثِينَ رَجُلاً مِنْ خِيَارِ أَصْحَابِهِ إِلى رَسُول الله ﷺ فَقَرَأَ عَلَيهِم سُورَة (يَس) فَبَكَوا فَنَزَلَت فِيهِم الآيَة﴾، واتە: ئیبنو ئەبی حاتەم لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: نەجاشی سی کەس لە هاوەڵانی خۆی کە ئیمانیان هێنابوو، ناردنی بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ سووڕەتی (یس)نی بەسەردا خوێندنەوە، هەموویان گریان، وە ئەم ئایەتە لەبارەی ئەوانەوە هاتە خوار.

هەروەها (طبراني) لە عەبدوڵلای کوڕی عەبباسەوە ئەم بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە، وە (السيوطي)یش لە (أسباب النزول)ەکەی خۆیدا هێناویەتی[1].

(إبنُ كثير) گوتوویەتی: ئەم قسەیە تێبینی لەسەرە! چونکە ئەم ئایەتە لە مەدینە هاتۆتە خوار، وە بەسەرهاتی جەعفەرو نەجاشی لە پێش کۆچکردندا بووە بۆ مەدینە.

بەڵام خاوەنی تەفسیری (محاسن التأويل) (جمال الدين القاسمي) وەڵامێکی باشی (إبنُ كثير)ی داوەتەوە، دەڵێ: (أَقُولُ: إِنَّ نظره مدفوعٌ، فإنهُ حُكيَ في هذِهِ الآية بَعْدَ الهِجْرَة مَا وَقَع قبلها، ونظائرهُ في التنزيل كثيرة ولا إشكال فيه)[2]، واتە: تێبینییەکەی ڕەتکراوەیە، چونکە لەم ئایەتەدا دوای کۆچکردن ئەوە گێڕدراوەتەوە کە لە پێش کۆچکردندا ڕوویانداوە، (واتە: ئەم ئایەتە باسی بەسەرهاتێك دەکات، کە لە پێش کۆچکردندا ڕوویداوە، با دوایش گێڕدرابێتەوە) بەڵام باسی ڕووداوێکی پێشتر دەکات، وە ئەوەش لە قورئاندا زۆرەو هیچ کێشەیەکی تێدانیە. منیش دەڵێم قسەکەی ڕاستە.

١) بڕوانە: لُباب النقول: ٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣١.

٢) محاسن التأويل: ج٤، ص٣٣٧.

# مانای گشتی ئایەتەکان

دوای ئەوەی لە ئایەتەکانی پێشوودا زۆرێك لە هەڵەو پەڵەکانی نەصرانییەکان خرانەڕوو، ئەمجارە خوای کاربەجێ فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەکات کە ڕوویکاتە خاوەن کتێبەکانو پێیان بفەرموێ کە بە ناهەق لە دینداریی یاندا تێنەپەڕێنن‌و، نەکەونە شوێن ئارەزووی کۆمەڵێکی گومڕای پێشتر گومڕابووی گومڕاکەر: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟ كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾، دیارە ئێمە لە مەسەلە گرنگەکاندا هەڵوەستەی باش لە بەرانبەر ئەم ئایەتەو چوار ئایەتەکەی دواییشیدا دەکەین، کە هەر پێنجیان پێکەوە پەیوەستن‌و لەبارەی لانەدان لە دین‌و، پاشان ئەنجامدانی ئەرکی گەورەو گرنگی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریی کردن لە خراپە، بۆیە لێرە بە کورتیی بەسەریاندا ڕەتدەبین.

ئنجا خوای پەنهانزان باسی ڕاستییەکی مێژوویی گەورەو هەستیار دەکات کە جێی خۆیەتی ئەهلی ئیسلام پەندێکی گەورەی لێوەربگرن، ئەویش بریتیە لەوەی کە کۆمەڵێکی بێبڕوای جوولەکە بە هۆی تاوان‌و سەرپێچییان‌و، پاشان بەهۆی ڕێگریی نەکردنیان لەنێو خۆیاندا لە خراپەو لادان، شایستەی ئەوە بوون کە لەسەر زمانی داوودو عیسای کوڕی مەریەم نەفرینیان لێ بکرێ: ﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ﴾، وە سەرەنجام خوای بەرزو مەزن باسی هەڵوێستێکی دیکەی لادەرانی گەلی جوولەکە دەکات، کە بریتیە لە دۆستایەتیی گرتنیان لەگەڵ کافرانداو هاوکاریی کردنیان‌و بە هۆی ئەو ڕەفتارو هەڵوێستە

مەترسیدارەیانەوە، ئیمانیان بە خواو پێغەمبەرو کتێبی خوا، دەخاتە ژێر نیشانەیەکی پرسیاری گەورەوە، بگرە ئیمانەکەیان زەربی سفر دەکاتو دەفەرموێ:

ئەگەر ڕاستبا ئیمانیان هەبووایە، ئەهلی کوفریان بە دۆست نەدەگرت: ﴿ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ ﴿٨٠﴾ وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٨١﴾ ﴾، کەواتە: مسوڵمانانیش دەبێ وریابنو بە هۆی دۆستایەتی گرتنو کەینو بەین هەبوون لەگەڵ ئەهلی کوفردا، لە جیاتی ڕاوەستانیان لە بەرانبەر نەخشەو پیلانەکانیاندا، نیشانەی پرسیار نەخەنە سەر ئیمانو ئیسلامەکەیان!

ئنجا خوا ﷻ لە درێژەی باسی هەڵوێستی خاوەن کتێبەکاندا، واتە: جوولەکەو نەصرانییەکان، بەڵکو لە کۆتایی باسکردنیاندا، مسوڵمانان ئاگادار دەکاتەوە کە کێ زیاتر دوژمنی سەرسەختی مسوڵمانانەو، کێش دەگونجێ تۆزێك نزیکیو خۆشەویستیو هاوسۆزیان لەگەڵ مسوڵماناندا هەبێ، خوا ﷻ مسوڵمانانی ئەوکاتو ئێستاو داهاتووش ئاگادار دەکاتەوە، وە ئەوەی خوا فەرموویەتی میصداقەکەی بە بەرجەستەکراویی دەبینین لە دنیای واقیعدا، دەفەرموێ: ﴿ لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا ﴾، بێگومان تۆ دەبینی سەرسەختترین کەس، ئەوانەی دوژمنایەتی سەختیان هەیە لەگەڵ ئەوانەدا کە ئیمانیان هێناوە، جوولەکەکانن، وە ئەوانەن کە هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە، واتە: ئەوانە لە هەموو خەڵکی دیکە، لە هەموو نامسوڵمانان زیاتر دوژمنی سەرسەختی ئەهلی ئیمانن، خوای کاربەجێش هەر بەوەندە ئەو حەقیقەتە ڕادەگەیەنێو وازی لێ دێنێ، کە دیارە ئێمە دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا باسی دەکەین، چۆنە؟ ئنجا دێتە سەر باسی هەڵوێستێکی پێچەوانەی ئەوە، واتە: پێچەوانەی دوژمنایەتییو کین لە دڵ بوون بەرانبەر ئەهلی ئیمان، کە بریتیە لە هاوسۆزییو خۆشەویستییو نزیکیی،

دەفـــــــــەرموێ: ﴿ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَٰرَىٰ ﴾، وە بـە تەئکـید نـزیکتـرین کـەس لـە خۆشـەویسـتییەوە بـۆ ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوە لـە نامسـوڵمانان، ئەوانـەن کـە گوتیـان: ئێمـە نەصـڕانیین، واتـە: نەصـڕانییەکان لـە ڕووی هاوسـۆزیی‌و نـزیکـییەوە، لـە ئـەهلی ئیمـان نـزیکتـرن، ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەوە کە قەشەو ڕاهیبیان تێدان، وە خۆیـان بـە زل ناگـرن، (قسیسین) کۆی (قِسِّیس)، یـان (قِـس)ە، هـەردووکی بـە مانـای زانـای نەصـڕانیی دێ، بـە کوردی دەڵـێ: کەشـیش یـان قەشـە، ﴿ وَرُهْبَانًا ﴾، وە کەسانێکی گۆشـەگیـریان تێـدا هـەن، (رُهبَان) کۆی (راهـب)ە، (راهـب) واتـە: کەسێك کـە گۆشـەگیـر بـووە لـە پەنـایـەك، لـە شـوێنێکی چـۆڵ بۆخـۆی خـواپەرستی دەکـات، ﴿ وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾، وە لەبەر ئەوەش کە خـۆبەزلگـر نین، واتە: سـروشـتیان سـروشـتێکی نـەرم‌و نیانـە، نـەك خۆبەزلـگر بن، بەڵکو نەرم‌و نیـانانەو بە هێـدیی‌و مەندییـەوە قسـە دەکەن.

ئنجـا دێتـە سـەر درێـژەی هەڵوێسـتەکەیان‌و دەیخاتـەڕوو، دەفـەرموێ: ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا۟ مِنَ ٱلْحَقِّ ﴾، وە کاتێـك ئـەوەی بـۆ پێغـەمبەر ﷺ دابـەزێنراوە گـوێ بیسـتی دەبـن، تـۆ چاویـان دەبینی پڕ دەبێ لە فرمێسـك بەهـۆی ئـەو هەقـەوە کە بیسـتوویانە، کاتێك گـوێ لە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەگـرن، ئایەتیـان بەسـەردا دەخوێنێتـەوە، ئـەو هەقـە کـە ئایەتـەکان دا گرتوویانەتـە نێـو خۆیـان دەیناسـن‌و پـەی پێدەبـەن، بەهـۆی ئـەوەوە دەکەونـە ژێـر کاریگـەریی‌و فرمێسـکیان بـە چـاودا دێتـە خـوار، بـە تەئکید لێـرەدا مەبەست پێی کۆمەڵێك لە نەصرانییەکانە، چونکـە هەموویـان وا نـەبوون، کە لە کاتی بەسـەردا خوێنـرانەوەی ئایەتەکان بگریەن، دیارە لێرەدا مەبەست لەوانەیە کە ئیمانیان هێنـاوە، بـەڵام ئـەوەی دیکـە مەبەسـت پێـی حاڵـەتی گشـتییانە، بەگشـتی بـە هـۆی ئـەوەوە کـە زانـاو خـواپەرستیان لـە نێـودا هـەن‌و، خـۆ بـە زلگـر نـین، نـەرمن لەگـەڵ

ئیمانداراندا، هەڵوێستیان نەرمترە، بەڵام بەتایبەتییش هەندێکیان لەنێودا هەن، کە کاتێك ئەو ئایەتانە دەبیستن کە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دابەزێنراون، دەکەونە ژێر کاریگەریی، وە چاویان پڕ دەبێ لە ئاو، فرمێسکیان لە چاو دێ، چونکە دەڵێ: (فَاضَ يَعني: امْتَلأَ، فَاضَ الإِنَاءُ، يعني: امتلأَ) قاپێك کە پڕبێ‌و لەسەری بڕژێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (فَاضَ)، جا بۆیەش دەگوترێ: (فَيضَان) چونکە بارانەو لافاوە، دێ بەسەر دەوروبەری خۆی دەگەڕێ، ﴿يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾، دەڵێن: پەروەردگارمان! ئیمانمان هێنا لەگەڵ شایەداندا بماننووسە، واتە: لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە شایەدیی دەدەن کە ئەم قورئانەو ئیسلام‌و پێغەمبەری خاتەمە (موحەممەد) ﷺ هەقن، دوایی بۆخۆیان لە نێو دڵی خۆیانداو، لەبەر خۆیانەوە دەڵێن: ﴿وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَا جَآءَنَا مِنَ ٱلْحَقِّ﴾، واتە: بە نکووڵیی لێکردن‌و بە سەرسووڕمانەوە دەڵێن: جا بۆچی ئیمان بە خوا نەهێنین‌و، بەو هەقەی کە لە خواوە بۆمان هاتوە؟! ﴿وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾، لە حاڵێکدا کە ئێمە ئومێدمان وایە پەروەردگارمان بمانخاتە گەڵ کۆمەڵی صالحان، کە هەم لە دنیادا لە ڕیزی ئەواندا بین‌و، هەم لە دوارۆژدا پێکەوەبین لە بەهەشتەکانی خوا، کە ئەوان ئەوە هەڵوێستیانە، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿فَأَثَٰبَهُمُ ٱللَّهُ بِمَا قَالُوا۟ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، لە پاداشتی ئەوەدا کە گوتیان خوا بەهەشت گەلێکی پێدان چەند باغ‌و باخچەیەکی پێدان، کە مەبەست پێی ئەو شوێنەیە کە بۆ ئیمانداران ئامادەکراوە، کە پێی دەگوترێ بەهەشت، ئێمە لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێین: بەهەشت مەبەستمان پێی ئەو شوێنەیە کە لە دوارۆژ بۆ ئیمانداران دانراوە، بەڵام لە قورئاندا وشەی: (جَنَّة) واتە: باغ، جا ئەو باغە دەگونجێ باغێکی سەر زەوی بێ، وە دەشگونجێ باغێك بێ کە ئیمانداران لە قیامەت پێیان دەدرێ‌و چاوەڕێی دەکەن، بەڵام ئەوەی ئێرە مەبەست پێی ئەوەیە کە لە قیامەتدا بۆیان دانراوە، خوا لە

پاداشـــتی ئـەوەدا چـەند بەهەشـــتێکی پێــدان، کـە چـەندان ڕووبـاری ئاویـان بـە ژێـر دەڕۆن، وە بــە هەمیشـــەیی تێیــدا دەمێننــەوە، ﴿وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، ئـا ئـەوەش پاداشـتی چاکەکـارانە.

ئنجا خـوای بالادەست لە کۆتـایی دا بـە کورتی باســی سـزای بێبـڕوایان و ئەوانــەش کـە پێغـەمبەرانی خـوا بـە درۆ دەزانـــن، ئایەتـەکانی خــوا بـە درۆ دەزانـــن، دەکـاتو دەفـــــەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴾، وە ئەوانەش کە بێبـڕوابوون، وە ئایەتـەکانی ئێمەیـان بە درۆزانـی، ئەوانـە خـاوەنی کڵێـەی ئـاگری دۆزەخــن، یـاخود هـاوەڵــنی، چونکە (أَصْحَـاب) کــۆی (صَـاحِب)ە، (صَـاحِب) هــەم بە مانـای دۆســتو هـاوەڵ دێ، وە هەم بە مانــای خاوەنیش دێ، کـە دوایـی ڕوونـی دەکەینــەوە بۆچی خـوای پەروەردگار بە بێبـڕوایانێـك کـە دەچـنە دۆزەخـەوە هەمیشــە تەعبیـــری ﴿أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴾، یــان ﴿أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴾ وە بــە پێچــەوانەوە بــۆ ئیمـانداران کە دەچـنـە بەهەشــت تەعبیـری: ﴿أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ ﴾، بەکـاردێنــێ؟

# چەند مەسەلەیەكی گرنگ

**مەسەلەی یەكەم:** كە دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ﴾، خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، بفەرموو: ئەی خاوەن كتێبینە! بە ناهەق لە دینداریتاندا تێمەپەڕێنن، ڕۆمەچن، یاخود بە شێوەی ناهەق تێمەپەڕێنن، یاخود بە تێپەڕاندنێكی ناهەقانە لە دیندارییدا تێمەپەڕێنن، جا لێرەدا خوای زاناو شارەزا چوار وشەی بەكارهێناون، كە ئەمانەن:

١- ﴿يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ﴾، خاوەنانی كتێب، ئەوانەی كە ئیددیعا دەكەن كتێبی خوایان لەبەردەستە، زۆربەی زانایان دەڵێن: هەر مەبەست جوولەكەو نەصرانییەكانن، بەڵام من پێموایە هەموو ئەوانەی كە لافی ئەوە لێدەدەن كە كتێبی ئاسمانییان لەبەردەست دایە، دەگونجێ مامەڵەی ئەهلی كتێبیان لەگەڵدا بكرێ، بەڵام دیارە بە پلەی یەكەم جوولەكەو نەصرانییەكان، چونكە لە قورئاندا خوای پەروەردگار ناوی ئەو دووانەی هێناوە، هەرچەندە ناوی مەجووسیو صابیئەشی هێناوە، كە دیارە هەر كام لە مەجووسو صابیئەش ئیددیعای ئەوە دەكەن كە شوێنكەوتووی پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام) هەر بۆیەش لەگەڵ مەجووسییەكانیشدا مامەڵەی خاوەن كتێبەكان كراوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿سُنُّوا بِهِم سنة أهل الكتاب﴾[1]، وەك خاوەن كتێبان مامەڵەیان لەگەڵدا بكەن، چونكە ئەوانیش كتێبەكەیان (ئاڤێستا)یە، یان كتێبێكی دیكەیە، وە بەنسبەت صابیئەوە، كتێبێكیان هەیە بە ناوی

---

١) قال الألباني، في (إرواء الغليل): ١٢٤٨، حديث عبدالرحمن بن عوف: (سُنُّوا بِهِم سنة أهل الكتاب):

أخرجه مالك في (الموطأ)(٤٢/ ٢٧٨/ ١)، و أخرجه ابن أبي شيبة في (المصنَّف) (٢/ ٢٢٧ / ٢)، و قال الهيثمي في (المجمع) (١٣/ ٦) رواه الطبراني، دفية مَنْ لم أعرفه.

وقال الشيخ الألباني في (إرواء الغليل): ١٢٤٨ : حديث عبدالرحمن.

(كَنـزا رَبّـا)[1] بـا زۆر سەلـمێنراویش نەبـێ، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە لـەوەدا کـە ئیمانیـان بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـیو بـە پێغـەمبەران هـەیە، لـە ئەسـڵدا بـە خـاوەن کتـێب لە قـەڵـەم دەدرێـن.

٢- ﴿لَا تَغۡلُواْ﴾، دەڵـێ: (غَـلاَ، يَغْلُـو، غُلُـوّاً) واتــە: تێپەڕانــد، تێدەپەڕێنــێ، زۆر ڕۆچـــوون، (مُحَمَّـد الطـاهر بـن عاشـور) لــە تەفسیــرەکەی خۆیــدا (التحریـر والتنویـر)[2] دەڵـێ: (غَـلاَ فـي الأَمْـرِ إِذَا جَـاوَزَ حَدّهُ الـمعروف، فَالغُلُوُّ الزيـادَةُ فـي العَمَـلِ الـمتعارف منـهُ، بِحَسَـبِ العَقْـلِ، أَو الْعَـادَةِ، أَو الشَّـرْعِ) واتــە: (غَـلاَ) لــە کارێکـدا، بریتیــە لــەوەی ئینسـان لـە سنووری کارەکە تێبپەڕێنـێ، لـەوەی کە بـە چــاك زانــراوە، بـە پێـی عـورف پەسـندە، جـا چ بـەپێی عـەقڵ ئـەو شـتە بـە چـاك زانرابـێ، چ بـە پێـی عــادەتو عــورف، چ بـە پێـی شـــەرع، تێبپـەڕێنرێ، پێـی دەگوترێ: (غُـلُوّ)، تێپـەڕانــدن.

٣- ﴿فِي دِينِكُمۡ﴾، لێـرەدا مەبەسـت لـە دیـن (تَـدَيُّن)ە، واتــە: (تَدَيُّنُـكُم) لــە دینـدارییتـــاندا تێمەپەڕێنـــن، وە لــە فەرمایشـــتێکدا پێغەمبــەری خـــوا ﷺ دەفەرمـوێ: ﴿إِيَّـاكُمْ وَالْغُلُوَّ فِـي الـدِّينِ فَإِنَّمَـا أَهْلَـكَ مَـنْ كَـانَ قَبْلَكُمْ الْغُلُـوُّ فِـي الـدِّينِ﴾ {أَخْرَجَـهُ مُسْلِمٌ بـرقم: (٣٨٧١)، وَالنَّسـائيُّ بـرقم: (٣٠٥٧) عَنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ} ، واتە: خۆتــان لە تێپـەڕاندن لە دینـداریی دا بپارێزن، ئەوانـەی پێـش ئێـوە بە هـۆی تێپـەڕاندنـەوە لە دینـداریـی دا فەوتــان.

نەصرانییەکان دەربارەی عیسا ســەلامی خــوای لــێ بـێ تێیانپەڕانـد، بەنـدەی خــوا بـوو، پێغـــەمبەری خــوا بـوو، کردیــان بــە کـوڕی خــوا، ســەرەنجـام تووشـی شـیــرك بـوونو فـەوتان، جوولەکـەکانیش تێیانپەڕانـد لـە دژایـەتیکردنی عیسـادا، بوختــانیان بــۆ کــردو گوتیــان: کــوڕی بـــابی خــۆی نیـــەو زۆڵـە، هـەروەهـــا تێشـــیانپەڕاند بـــە بــاری دنیــاداریی دا، تووشــی گۆڵـك پەرسـتییو پــارەو سـامان پەرسـتیی بـوون، هـەموو خـاوەن بەرنامـە خــواییەکان هەنـدێك تێیانپەڕانـدوە بـە

[1] واتــە: خەزێنـەی خـوای پـەروەردگـار.
[2] ج٣، ص٢٩٠.

بارێكـدا، هەنـدێكی دیكـەیان بـە بـارێكی دیـدا، كـە بووەتـە هـۆی فـەوتان‌و كورتبـوونەوەی تەمەنیـان، وە پێغـەمبەری خـوا ﷺ لـە فەرمایشـتێكی دیكـەی زۆر بەلیغـدا فەرموویـەتی: ﴿أَلاَ هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ، أَلاَ هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ، أَلاَ هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٦٥٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٧٢٥)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٦٠٨) وَالبَزَّارَ برقم: (١٨٧٨) عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه}، واتـە: سـێ جاران فەرمووی: ئاگاداربن! ئەوانەی سەختگیـریی دەكەن فەوتان، واتـە: لـە شـتێكدا سـەختگیـریی دەكـەن كـە پێویسـت ناكـات سـەختگیـریی تێـدا بكـەن، تێدەپەڕێنـن، سـنوور بەزێنـیی دەكـەن، چونكـە لـە دینداریيـدا دەبـێ نـە تێبپەڕێنـی نـە كـورتبێنـی‌و بەجێبمێنـی، بەڵـكو خـەتی نێوەڕاسـت بگـری، چونكـە هـەم كورتهێنـان‌و بەزایـەدان (تفـريط) خراپـە، وە هـەم تێپەڕانـدن زێـدەڕۆیـی (إفـراط)یش، دەبـێ ئینسـان كەمتـر لـە ئیسـلام مسـوڵمان نـەبێ، وە زیـاتر لە ئیسـلامیش مسـوڵمان نەبـێ، لـە ئیسـلام ئیسـلامتـر نەبـێ، وە لێشـی كەمتـر نـەبێ، وەك گوتمـان خـەتی نێوەڕاسـت بگـرێ، بۆیـە ئێمـە پێـنج فـەڕزە لـە نوێـژدا دەڵـێین: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾، ڕێـی ڕاسـتمان پێشـانبـدە، بمـانخـە سـەر ڕێـی ڕاسـت، یـان لەسـەر ڕێـی ڕاسـت بمـانهێڵـەوە، واتـە: ئـەو هێڵـە ڕاسـتەی كـە نـە تێبپـەڕێنـی، نـە كورتـی بێـنی، نـە بـەلای ڕاسـتدا، نـە بـە لای چـەپـدا.

٤ - ﴿ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ﴾، دوو واتـای هـەن:

أ/ لە دینداریيتـاندا تێمەپەڕێنن، ئەو تێپەڕاندنەی كە هـەمووی بە تـاڵ‌و ناهەقـە.

ب/ تێپـەڕاندنێكی ناهـەق تێمەپـەڕێنن، یانـی: تێپـەڕاندنـی بـە هـەقیش هەیـەو، تێپەڕاندنی بە ناهەقیش هەیـە، بەڵام من مانای یەكـەمم پـێ ڕاسـتتـرە، چونكە پێموایـە هەموو تێپـەڕاندنێك ناهـەقـە، وە هەندێـك لـە زانایـانیش گوتوویانـە: مەبەسـت لـە تێپەڕانـدنی بـە هـەق، ئەوەیـە كـە ئینسـان لـە بـواری (فقـه)دا زۆر بچـێتـە نێـو وردەكاریيەكانـەوە، یـان لـە بـواری ڕەوانبێژییـدا، زۆر بچـێتە نێـو وردەكاریيەكانـەوە، بـەڵام پێـمـوایە، ئـەوە تێپـەڕاندن نیـە، بەڵـكو تێپەڕانـدن ئەوەیـە لـە سـنووری مەعـقووڵ‌و مەشـروع بچێـتە دەرێ، بـەڵام هەرچـەندە بە

دینـدا قوولْ بیەوە، هەرچـەندە بە زانسـتدا قـوولْ بیـەوە، مادام تووشـی ناهـەق نەبـی (غُلُوّ) نیـە.

**مەسـەلەی دووەم:** کـە دەفـەرموێ: ﴿وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾، بـــە دوای ئارەزووەكـــانی كۆمەڵێك مەكـەون، كە پێشتـر گومڕابوون، وە خەڵكێكی زۆریان گومڕا كـردووە، لـە ڕاستە شـەقام ونبـوونو گومـڕابـوون، وشـەی: (أَهْـوَاء) كـۆی (هَـوَى)یـە، (الـهَـوَى: مَـا ذَكَـرَ اللّٰهُ الـهَوَى فـي القُـرآنِ إلاَّ مَذمُـوماً)، خـوا لـە قورئـانـدا باسـی هـەوای نـەكردوە مەگـەر بـە زەمكراویـی، هەمیشــە بـە ڕەخنـە لـێگرتنو زەمكراویـی باسـی كردوە، بۆ وێنـە:

١- ﴿... وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ...﴿٢٦﴾﴾ص، واتـە: بـە دوای هـەوا مەكـەوە لـە ڕێی خـوا لات دەدات...

٢- ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ﴿٣﴾﴾النجـم، واتە: (پێغەمبەر ﷺ) لـە ئـارەزووەوە قسـە ناكات.

٣- ﴿أَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيۡهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾﴾الفرقـــان، واتە: ئـایا ئەو كەسـەت دیوە كە ئـارەزووی خـۆی كـردۆتـە پەرسـتـراوی خـۆی؟! ئایا تۆ دەكرێ بەسـەرییـەوە چاودێـر بـی!

٤- ﴿فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنۡهَا مَن لَّا يُؤۡمِنُ بِهَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ فَتَرۡدَىٰ ﴿١٦﴾﴾طـــه، واتـــە: (ئەی مووسـا) با تۆ لە قیـامەت لانـەدات كەسێك كـە ئیمانی پێـی نیـە، (واتـە: بـە دوارۆژ) وە كەوتـۆتـە دوای ئـارەزووی خـۆی ئەگـەرنا دەفـەوتێـی!

بـە كـوردی بـە (هــوی) دەڵـێین: ئـارەزوو، ئـەوەی كـە نـەفس پێـی خۆشـە، بـەڵام ئەگـەر ناهـەق بـێ، چونكـە نەفس خـواردنی خۆشـی پـێ خۆشــە، ئـاوی سـازگاری پـێ خۆشـە، میـوەی پـێ خۆشــە، ئـەوە پێـی نـاگوترێ (هـوی)، یـان ئەگـەر ناویشـی

لێبنێی (هوی) ئارەزوویەکی ناهەق نیە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە پێی دەگوترێ: (شهیة)، کە ئارەزوویەکی فیطرییانەیە، وە مادام (هوی) لە قورئاندا هەمیشە زەمکرابێ، دیارە مەبەست پێی جووڵاندنی ئارەزوویە بە باری ناهەقدا، جا چ لە ڕووی فیکرییەوە بێ، چ لە ڕووی ئەخلاقییەوە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە ڕووی سیاسییەوە ... هتد، مادام بە باری ناهەقدا بێ، پێی دەگوترێ (هوی)، بەڵام ئەگەر بە باری هەق دابێ، پێی ناگوترێ (هوی).

دەگێڕنەوە ڕۆژێك کابرایەك بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی گوت: (إنَّ هَوايَ مَعَ هَوَاكَ) عەبدوڵڵاش پێی گوت: هەوا شتێکی خراپە، بڵێ: ڕام لەگەڵ ڕای تۆیە.

ئنجا خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، کە بە خاوەن کتێبەکان بفەرموێ: بەدوای ئارەزووی کەسانێك مەکەون کە پێشێ گومڕابوون، (واتە: پێش هاتنی ئیسلام) ئنجا بەوەندەش ئیکتیفایان نەکردوە، کە هەر خۆیان گومڕابن، ﴿وَأَضَلُّواْ كَثِيرًا﴾، بەڵکو خەڵکێکی زۆریشیان گومڕا کردووەو لە ڕێ لاداوە، ﴿وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾، وە دوای ئەوە کە ئیسلامیش هاتوە، شوێن ئیسلامیش نەکەوتوون، کەواتە: سێ جار وشەی (ضلال)یان بۆ بەکاردێنێ:

أ/ پێش ئیسلام گومڕابوون.

ب/ خەڵکیشیان گومڕا کردوە.

ج/ وە کاتێك کە ئیسلام هاتوە هەر لەسەر گومڕاییەتییەکەی پێشێیان ماونەوە.

دیارە لێرەدا قسە لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکانە، واتە: ئەی جوولەکەو نەصرانییەکان! بەدوای ئەو بەرپرس و زاناو مشوورخۆرانەتان مەکەون، کە ئاوابوون، ڕیشی خۆتان لە دەستی وان مەنێن، کوێرانە بەدوایان مەکەونو بۆخۆتان بیر بکەنەوە.

**مەسەلەی سێیەم:** کە دەفەرموێ: ﴿لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ

﴿٧٨﴾ كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾، خـوا ﷻ لێـرەدا باسـێكی بێبـڕوایانی جوولەكـەكان دەكـات، دەفـەرموێ: ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون لـە جوولەكـەكان، لـە وەچـەی ئیسـڕائیل لەسـەر زمانی داوودو عیسـای كوڕی مەریەم لەعنـەتیان لێكـرا، بۆچـی؟ دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴾، بە هۆی ئـەوەوە كە سـەرپێچـییان كـرد، وە هەمیشـە دەسـتدرێژییان دەكـردو، سـنوورشـكێنـییان دەكـرد، لێـرەدا كـە دەفـەرموێ: لەسەر زمـانی داوودو عیسـای كوڕی مەریەم لەعنـەتیان لێكـراوە، واتـە: لـە (زەبـوورو ئینجـیل)دا لـەو دوو كتێبـــەدا لەعنـــەت كرابـوو لەوانـەی كـافر بـوون لـە بـەنی ئیسـڕائیل، كەواتــە: بـەنی ئیسـڕائیل هەموویـان كـافر نـەبوون، تـەنیا ئەوانـەیان كـافر بـوون، كـە بـە قسـەی پێغـەمبەرانیـان نەكـردووەو بـە ناڕاسـتیان زانیـون، بەهـەر حـاڵ ئەوانەی بەر ئەو لەعنەتە كەوتوون، لە بـازنەی ئەو ئیمانو ئیسـلامە دەرچـوون، كە ئایینی گشـتی تێكـڕای پێغەمبەرانـە ئـەدی بۆچـی دەفەرموێ: لەسـەر زمـانی داوودو عیسـای كـوڕی مەریـەم لەعنەتیـان لێـكرا؟ وەڵامەكـەی ئەوەیـە كـە مـەرج نیـە تەنیـا ئـەو دوو پێغـەمبەرە لەعنەتیـان لێكـردبن، بـەڵام لەبەرئـەوەی پاش مووسـا تەنیـا (داودو عیسـا) خاوەنی كـتێبـی ناسـراو بوون، بۆیـە تـەنیا نـاوی ئەو دووانە هێنـراوە.

ئەوجـار باسـی سـیفەتێكی دیكـەیان دەكـات، دەفەرمـوێ: ﴿ كَانُوا۟ لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴾، عـادەتیان وابـوو یەكدییان نەدەگێڕایەوە لە خراپەیەك كە دەیانكرد، یـان: ڕێگرییـان نەدەكـرد لە خراپە، وە ئەوەش خراپتـرین كردەوەیان بوو، كە دەستی یەكدییان نەدەگێڕایـەوە لە خراپـەو گونـاحو تـاوان.

دیـارە لێـرەدا كـە دەفەرموێ: ﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، ئەوانـەی كـە بێبـڕوا بـوون لـە بـەنی ئیسـڕائیل، وەك گوتـم، كەواتـە: هـەموویان بێبـڕوا نـەبوون.

پاشان كە دەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ﴾، هەمیشە خوا ﷻ كە باسی سزایەكی خۆی دەكات، سزایەكی دنیایی بێ، یان قیامەتیی، مەگەر چۆن ئەگەرنا باسی حیكمەتەكەی‌و هۆكارەكەشی دەكات، لێرەدا دەفەرموێ: لەعنەتیان لێكرا لەسەر زمانی داوودو عیسای كوڕی مەریەم، لەبەرچی؟ دەفەرموێ: ﴿ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ﴾، واتە: بەهۆی ئەوە كە سەرپێچییان كردو دەستدرێژییان كرد، یانی: ئەو نەفرینەی لێیان كرا، بەهۆی ئەو دوو جۆرە تاوانەوە بوو.

هەڵبەتە دەشگونجێ وشەی: ﴿كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوْنَ﴾، واتە: وازیان لە خراپە نەدەهێنا، واتە: هەرچەندە پێغەمبەرانیان بۆ هاتوون، وشەی: (تَنَاهَى، تَنَاهَوا)، دەگونجێ مەبەست پێی: یەكدییان نەگێڕایەوە بێ، یان دەستیان لەو كارە هەڵنەگرت، هەردوو ماناكەی هەیە، جا ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ كە ئەگەر ئینسان هەوڵنەدات خراپە لابەرێ‌و ڕیشەكێشی بكات، مانای وایە گوناهێكی گەورەی كردوە، واتە: ئەنجامنەدانی ئەركی فەرمان بە چاكەو ڕێگریی لە خراپە یەكێكە لە گوناهە گەورەكان، بە بەڵگەی ئەوە كە خوا دەفەرموێ: ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ﴾، (ل) لامی قەسەمە، وە (بئس) واتە: خراپترین كردەوەیان بوو كە دەیانكرد، شتێك كە خراپترین كردەوەبێ، یانی گوناهی گەورەیە، بەڵێ یەكدی نەگێڕانەوەو یەكدی قەدەغە نەكردن لە خراپەو ناشەرعیی، یەكێكە لە گوناهە گەورەكان، ئنجا با تەماشای ئەم دوو فەرموودەیە بكەین لەوبارەوە:

یەكەم: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالَ: لَمَّا وَقَعَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ فِي الْمَعَاصِي، نَهَتْهُمْ عُلَمَاؤُهُمْ، فَلَمْ يَنْتَهُوا، فَجَالَسُوهُمْ فِي مَجَالِسِهِمْ وَوَاكَلُوهُمْ وَشَارَبُوهُمْ، فَضَرَبَ اللهُ قُلُوبَ بَعْضِهِمْ بِبَعْضٍ، وَلَعَنَهُمْ عَلَى لِسَانِ دَاوُدَ، وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ، ذلِكَ بِمَا عَصَوا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ، وَكَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مُتَّكِئًا، فَجَلَس فَقَالَ: لا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ! حَتَّى تَأْطُرُوهُمْ على الحَقّ أطْرا، أَيْ: تَعْطِفُوهُمْ عَلَيْهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٧١٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٠٤٧)،

وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسنادُهُ ضَعِيف لانقِطَاعِهِ، وَضَعَّفَهُ الألباني في (المشكاة) برقم: (٥١٤٨)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کاتێك بەنی ئیسرائیل کەوتنە نێو گوناهو سەرپێچیی، زانایەکانیان ڕێگرییان لێکردن، بەڵام ئەوان دەستیان هەڵنەگرت، دوایی زاناکانیشیان دادەنیشتن لەگەڵیان لە کۆڕو مەجلیسیان، وە لەگەڵ وان دەیانخواردو دەیانخواردەوە (ژیانیان دەگوزەراند)، خواش دڵی هەندێکیانی بە هەندێکیان دادا، (واتە: ناکۆکیی و کێشەیان لە نێوان پەیدابوو) وە خوا لەسەر زمانی داوودو عیسای کوڕی مەریەم لەعنەتی لێکردن، ئەویش بەهۆی سەرپێچییان و بەهۆی دەستدرێژیی کردنیانەوە، لەوکاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەوەی فەرموو پاڵی دابۆوە، ئنجا هەڵسا دانیشت و فەرمووی: نا، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، دەبێ ئەوانە بگێڕنەوە سەر هەق واتە: ئەگەر نەیانگێڕنەوە سەر هەق ئێوەش ئەی مسوڵمانینە وەك بەنی ئیسرائیل نەفرینتان لێ دەکرێ، یانی هەمان سزای ئەوانتان دەبێ.

ئنجا لەوبارەوە ئەم شوێنەوارە هەیە کە پێشتریش هێنامان: ﴿عَنْ حُذَيْفَةَ أَنّ الآياتِ الثَلَاث ذكرت عِنْدَهُ، فَقَالَ رجُلٌ: إنَّ هَذَا فِي بَنِي إِسْرَائيلَ، فَقَالَ حُذَيْفَةَ: (نِعْمَ الإِخْوَة لَكُمْ بَنُو إِسْرَائِيل، إنْ كَانَ لَكُمْ كُلُّ حلوَة، وَلَهُمْ كُلُّ مُرَّة، كَلاَّ وَاللّهِ لِتَسْلُكُنَّ طَرِيقَهُمْ قِدَّ الشراك)﴾ {أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: (٣٢١٩)، وَقَالَ صَحِيح الإِسناد ولم يخرجاه، ووافقه الذهبي}[1]، واتە: ئەو سێ ئایەتە لە لای حوزەیفە خوێندرانەوە کە باسی ئەوە دەکەن، (کە کەسانێك حوکم نەکەن بەوەی خوا ناردوویەتە خوار: کافرن، ستەمکارن، فاسقن) پیاوێك گوتی: ئەوە دەربارەی جوولەکەکان هاتۆتە خوارێ، حوزەیفەش گوتی: بەنی ئیسرائیل باشترین بران بۆ ئێوە، ئەگەر هەموو شتێکی شیرین بۆ ئێوەبێ و، هەموو شتێکی تاڵیش بۆ ئەوان بێ، (یانی: ئەگەر هەردووکتان پێکەوە گوناهێك بکەن، ئێوە لەسەری سزا نەدرێن و، ئەوان لەسەری سزا

١) روح المعاني: ج٣، ص٤٤٤.

بدرێن، یان ئەوان پێی کافربن‌و، ئێوەش تەنیا پێی گوناهباربن) دوایی گوتی: نەخێر سوێند بە خوا ئێوەش بە ڕێی ئەواندا دەڕۆن، چۆن لاسکی نەعل ڕێك بە نێو پەنجەکاندا دێ، ئێوەش ڕێك بەوێدا دەڕۆن، چ سزایەك بۆ وان هەیە، هەمان سزاش بۆ ئێوە هەیە!

دووەم: ﴿إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لا يُعَذِّبُ الْعَامَّةَ بِعَمَلِ الْخَاصَّةِ، حَتَّى يَرَوْا الْمُنْكَرَ بَيْنَ ظَهْرَانَيْهِمْ، وَهُمْ قَادِرُونَ عَلَى أَنْ يُنْكِرُوهُ، فَلا يُنْكِرُوهُ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ، عَذَّبَ اللهُ الْخَاصَّةَ وَالْعَامَّةَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٧٥٦)، عَنْ عَدِيٍّ بْنَ عَدِيٍّ الْكِنْدِيِّ، وَقَالَ شعيب الأرنؤوط: حَسَنٌ لِغَيرِهِ} ، واتە: خوای زاڵی پایەدار هەموو خەڵکی بەگشتی سزا نادات بە هۆی خەڵکی تایبەت (واتە: کۆمەڵێك کە گوناهو تاوان دەکەن، خوا هەموو خەڵکیان پێوە سزا نادات) تاکو خراپە بە ئاشکرا لە نێوخۆیاندا نەبینن، وە بشتوانن لایبەرن، بەڵام لاینەبەن، ئەگەر وایانکرد، ئەوە خوا ئەوانەی تایبەت کە گوناهیان هەبووەو ئەوانەی گشتیین، هەموویان پێکەوە سزا دەدات، چونکە خەڵکێك لە بەرانبەر خراپەو تاواندا هەڵوێستی نەبێ، دەبێتە هاوبەشی‌و لەوبارەوەش خوا دەفەرمویٰ: ﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾ ﴾النساء، واتە: بێگومان ئێوە لە کتێبدا بۆتان نێردراوەتە خوار، کە هەر کاتێك بیستتان ئایەتەکانی خوا کوفریان پێ دەکرا، یان گاڵتەیان پێ دەکرا، لەگەڵیاندا دامەنیشن (واتە: لەو کۆڕو مەجلیسەدا کە تێیدا گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا دەکرێ، وە کوفریان پێ دەکرێ، دامەنیشن) تاکو ئەو کۆڕو مەجلیسە دێنە نێو باس‌و خواسێکی دیکەوە، {ئەگەرنا هەر لەوێ دابنیشن گوێ تەپ بکەن یاخود بە دەمیانەوە پێ بکەنن} ﴿إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ﴾، ئەوە ئێوەش وەك وانن، واتە: لە گوناح‌و حوکمدا حوکمی ئەوانتان هەیە، ئەگەر بۆت پەرچ نادرێتەوە، دەتوانی

هەڵسیو ئەو مەجلیسە بەجێ بهێڵی، بەڵام لەوێ دابنیشیو بە دەمیانەوە پێبکەنی، یان بێدەنگ بی، ئەوە حوكمی ئەوانت هەیە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡكَٰفِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴾، بێگومان خوا كۆكەرەوەی مونافیقەكانو كافرەكانە بە تێكڕایی لە دۆزەخدا، هەموویان پێكەوە خڕدەكاتەوە.

كەواتە: ئێوە لە خۆتان وریابن، حوكمی ئەوانتان نەبێ، ئەگەرنا ئێوەش لەگەڵ واندا لە دۆزەخدا كۆدەبنەوە، وەك چۆن لەو كۆڕو مەجلیسەدا كوفر بە ئایەتی خوا كراو، گاڵتە بە ئایەتەكانی خوا كراو، ئێوەش بەشدار بوون، لە كۆڕو مەجلیسی دۆزەخیش لەگەڵیاندا بەشدار دەبن، ئنجا كاتێك تۆ لەو مەجلیسە دادەنیشی كە كۆڕی شەڕابو قومارە، یان گاڵتە بە دینی خوا دەكرێو تۆش بێدەنگی، ئەوان دەڵێن: دیارە ئەویش ڕای وەك ڕای ئێمەیە! بۆیە هەمان حوكمتان دەبێ.

**مەسەلەی چوارەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنۡهُمۡ يَتَوَلَّوۡنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ لَبِئۡسَ مَا قَدَّمَتۡ لَهُمۡ أَنفُسُهُمۡ أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَفِي ٱلۡعَذَابِ هُمۡ خَٰلِدُونَ ﴾، زۆرێكیان لێ دەبینی (واتە: لە جوولەكەكان، یان لە خاوەن كتێبەكان بەگشتی) دۆستایەتیی ئەوانە دەكەن كە بێبڕوان، یانی: لێیان نزیكنو پشتیان دەگرنو، خۆشیان دەوێنو لەگەڵیاندان، ﴿لَبِئۡسَ مَا قَدَّمَتۡ لَهُمۡ أَنفُسُهُمۡ ﴾، ئەو هەڵوێستەیان كە نەفسیان بۆیان پێش دەخات، خراپترین شتە، كە چییە؟ ﴿أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَفِي ٱلۡعَذَابِ هُمۡ خَٰلِدُونَ ﴾، خراپترین شتە كە ئینسان كارێك بكات، ببێتە هۆی ئەوەی خوا لێی تووڕەبی، وە لە سزاو ئازاری خوادا بە هەمیشەیی بمێنێتەوە، ئەمە وەك ئەو دوو ئایەتەی سووڕەتی (النساء)ە، كە خوا دەربارەی هەندێك لە جوولەكەكان، بۆ وێنە: كەعبی كوڕی ئەشرەفو ئەوانەی لەگەڵی دابوون، دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ

نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلًا ﴿٥١﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَمَن يَلْعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾ ﴾، واتە: ئایا سەرنجی ئەوانە نادەی بەشێك لە كتێبیان پێدراوە، ئیمان بە جیبتو طاغوت دێنن، {(جبت)، واتە: بتو صەنەم، وە (طاغوت) كەسێكە كە فەرمانبەریی بۆ دەكرێ لە ناشەرعییدا، یاخود كەسێك كە ناشەرعیی بەسەر خەڵكیدا دەسەپێنێ، یان غەیری ئیسلام دەكاتە بەرنامەیان} دەڵێن: (واتە: ئەوانەی بەشێك لە كتێبیان پێدراوە، بە بێبڕوایەكان دەڵێن) ئەوانە ڕێیان ڕاستترە لەوانەی ئیمانیان هێناوە.

ئنجا وەك لە بەرگی سێیەمدا كە تەفسیری سوورەتی (النساء)ە، باسمان كرد، دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەو بەسەرهاتە گێڕدراوەتەوە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: رَكِبَ كَعْبُ بنُ الأَشْرَفِ فِي تسعينَ رَاكِبًا مِنَ اليَهود فيهم: حُيَيُّ بن أَخْطَبَ وجدِيُّ بن أَخْطَبَ وَمَالِكُ بْنِ الصَّيْفِ وغيرهم إلى أهلِ مَكَّةَ لِيُحَالِفُوهُمْ عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ، وَينقضوا العَهد الذي كان بينهم وبينه قبل أجَلِهِ، فَقَال أبو سُفيان: يا أهلَ الكتاب! أَنشِدكم باللهِ أيّهُم أقربُ للهدى نَحْنُ أم مُحَمَّد وأصحابِهِ، فإنا نُعَمِّر مَسجِد اللهِ، وَنَسْقِي الْحَجِيجَ، وَنَحجبُ الكَعْبَة، ونَصِلُ الرَّحِمَ، وَمُحَمَّدٌ قَطَعَ أَرْحامَنا، وَاتَّبَعَهُ سُرَّاقُ حَجيجِ بنو غِفَارٍ، فَنَحْنُ أَهْدَى أَم هُمْ؟ فَقَالَت: اليَهُود: أَنْتُمْ أَهْدَى مِنْهُم سَبِيلا، فَأَنْزَلَ اللهُ هَذِهِ الآيَةَ﴾ {أَخْرَجَهُ الطَّبَرِيُّ برقم: (٧٧٣٣) والتفسير الكبير للطبراني: ج٢، ص٢٤٨، ولُباب النقول في أسباب النزول للسيوطي: (٢٩٣، ٢٩٤)}، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: كەعبی كوڕی ئەشرەف سەرۆكی جوولەكەكانی خەیبەر لەگەڵ نەوەد سوار لە جوولەكەكان كە حوییەی كوڕی ئەختەبو جەدیی كوڕی ئەختەبو مالیكی كوڕی صەیف، وە غەیری وانیشیان تێدابوون، چوون بۆ لای خەڵكی مەككە، بۆئەوەی پەیمانیان لەگەڵ ببەستن، كە پەیمانی نێوانیان لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ پێش ئەوەی كاتەكەی بەسەر بچێ، هەڵیوەشێننەوە، ئەبوسوفیان لێی پرسین: ئەی كۆمەڵی خاوەن كتێبان! خواتان بە

گـژدا دەکـەم، (واتـە: بـە نـاوی خـواوە داواتـان لـێ دەکـەم) ئێمـە لـە هیدایەتـەوە نـزیکتـرین، یـان موحەممـەدو هـاوەڵانی؟ ئێمـە مـاڵی خـوا (واتـە: مزگـەوتی خـوا، کەعبە) ئاوەدان دەکەینەوەو، ئاو بە حاجیـان دەدەیـنو، پـەردە بـۆ کەعبـە دەکـەین، وە پەیوەنـدیی خزمایـەتی دەگەیـەنین، کەچـی موحەممـەد پەیوەنـدیی خزمایـەتیی پچڕاندوە (مەبەسـتی ئەوە بووە کە مسـوڵمانان وازیـان لە دایـكو بابیـان هێنـاوە، ئەوانـەی کـە دایـكو باوکـیان کـافر بـوون، ئـەوەی بـە پچـڕاندنی پەیوەنـدیی خزمایەتیی دانـاوە!) وە حاجییـە خراپەکانی بەنیی غیفـار شـوێنی کەوتوون، (واتە: خەڵکی خراپ شـوێنی کەوتوون) ئایا ئێمـە ڕێی ڕاسـتـترمان گرتـوە، یـاخود ئـەوان؟ جوولەکـەکان گوتیـان: بەڵـکو ئێوە لەسـەر ڕێی ڕاسـتن، وە ڕێـی ئێوە ڕاسـتـترە.

دیـارە دەشـیانزانی درۆ دەکـەن، بۆیـە خـوای پەنهـانزان دەفـەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُۖ وَمَن يَلۡعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾ ﴾، واتـــە: ئـــا ئەوانـــە کەسانێکن خـوا نەفرینـی لێکـردوون، وە هەر کەسـێك خـوا نەفرینـی لێبکـات، هـیچ پشـتیوانێکـت بـۆی چـنـگ نـاکـەوێ، کەواتـە: لێـرەدا خـوای پـەروەردگار باسـی هەڵوێسـتی خـاوەن کتێبەکـان دەکـات، بەتایبـەت جوولەکەکـان، کـە دۆسـتایەتی لەگەڵ کافرەکاندا دەکـەن، لـە بەرانبـەر ئەهلـی ئیمانـدا، کە ئێسـتاش هـەر وایـە: ئەمریکـا پشـتی ڕووس دەگـرێ، پشـتی چـین دەگـرێ، پشـتی گاپەرسـتەکان دەگـرێو کـەینو بەینیان لەگـەڵ دروسـت دەکـات لە دژی ئیسـلام.

**مەسـەلەی پێنـجـەم:** کە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَوۡ كَانُواْ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلنَّبِيِّ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مَا ٱتَّخَذُوهُمۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ ﴾، واتـە: وە ئەوانە ئەگـەر ئیمـانیـان بە خـوا ﷻ وە بـە پێغـەمبـەر ﷺ، وە بـەوەی کـە بـۆ پێغەمبـەر ﷺ نێـرراوە، هەبووایـە، کافرەکانیـان بـە دۆسـت نـەدەگرت لـە جیـاتی ئیمانـداران، بـەڵام بە زۆری لاڕێـنو لـە ڕێ دەرچوون.

توێـژەرەوانـی قورئـان دوو مانایـان بـۆ ئـەم ڕسـتە قورئانییـە لێکداوەتـەوە، کـە مەبەسـت لـە ئیمـان هێنـان بـە خـوا ﷻ دیـارە، ئەگـەر ئیمانێکـی ڕاسـتو

دروستیان بە خوا هەبووایە، ئەوەیان نەدەکرد، بەڵام ئایا مەبەست لە ئیمان هێنان بە پێغەمبەر ﷺ چییە؟ دوو ئەگەری هەن:

١) دەگونجێ مەبەست پێی پێغەمبەری خۆیان بێ، واتە: ئەگەر جوولەکەکان بڕوایان بە مووساو پێغەمبەرەکانی خۆیان هەبووایە، وە ئەگەر نەصرانیی بڕوایان بە عیسا هەبووایە، وە ئیمانیان بەو کتێبانەی کە بۆ پێغەمبەران نێردراون هەبووایە، ئەوە کافرەکانیان بە دۆست نەدەگرت.

٢) دەشگونجێ مەبەست پێی پێغەمبەری خاتەم، موحەممەد ﷺ بێ، وە مەبەست لە: ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ﴾، قورئان بێ، واتە: ئەگەر ئیمانیان بە پێغەمبەری خاتەمو قورئان هەبووایە، ئەو ئیمانە ڕاستو دروستە بە خواو بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺو قورئان، ڕێی لێ دەگرتن کە کافران بکەنە دۆستی خۆیانو پشتیان پێ ببەستن، لە بەرانبەر مسوڵماناندا.

کەواتە: ئیمانو دۆستایەتییکردنی کافران، دوو شتی پێکەوە نەگونجاون، ناگونجێ ئینسان ئیمانی هەبێو دۆستایەتیی دوژمنانی خواش بکات، دیارە ئێمە لە ئایەتەکانی پێشتردا بە تەفصیل باسی مەسەلەی دۆستایەتیی کافرانمان کرد، کە چۆنەو چەند پلەیەو... هتد، بەتایبەت لەکاتی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ٥١﴾ المائدة.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرموێ: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ﴾، زانایانی ڕەوانبێژیی دەڵێن: (ل)ی سەر وشەی ﴿لَتَجِدَنَّ﴾، لامی قەسەمە، واتە: سوێند بە خوا بە مسۆگەریی تۆ سەرسەختترین کەسانێك لە دوژمنایەتییدا بۆ ئیمانداران دەبینی جوولەکەکانو، ئەوانەن کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، واتە: جوولەکەو هاوبەش بۆ خوادانەران، لە هەموو کەس زیاتر دوژمنی سەرسەختی ئیماندارانن، ئەوەی خوای زاناو شارەزاش فەرموویەتی،

هاتنەدیی (مِصْدَاق)یەکەی لە مێژووی کۆنداو لە واقیعی ئێستاشدا زۆر جوان دیارە، کێ لە قەوارەی زایۆنی جوولەکەکان دڵ پڕ کینەترە بەرانبەر مسولْمانان؟ وە پاشان بتپەرستەکان، ئێستا دەبینین بتپەرستەکانی (میانمار) چی بە مسولْمانان دەکەن، وە هێندە گاپەرستەکان، چی بە مسولْمانانی کشمیر دەکەن، وە هەروەها ... بێگومان ئەوەی خوا دەیفەرموێ وایەو جوولەکەو بتپەرستەکان، لە هەموو کەس دوژمنایەتیی سەختترو قورسترِیان لەگەڵ مسولْماناندا هەیە.

ئنجا خوای پەروەردگار لێرەدا، وە لە ئایەتی (٩٦)ی سوورەتی (البقرة)شدا پێکەوە باسی جوولەکەو هاوبەش بۆ خوادانەرەکان دەکات، لەوێ دەفەرموێ:

﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ ۚ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾، واتە: وە بێگومان تۆ دەیانبینی (واتە: جوولەکەکان دەبینی) کە سوورترین کەسن لەسەر هەر جۆرە ژیانێك، تەنانەت لە هاوبەشدانەرەکانیش سوورترن، یەکێکیان حەز دەکات هەزار ساڵ تەمەن بکات، هەرچەندە ئەگەر ئەو تەمەنەشی ببێ، لە ئازاری دۆزەخ لای نادات، وە خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن.

وشەی (حیاة)ی بە (نکرة) هێناوە، واتە: هەر جۆرە ژیانێك، ژیانێکی سەربەرزانەش نەبێ، هەر دەیانەوێ بژیەن، نەك بڵێن: ئەگەر بەسەر بەرزانە نەژین، با نەژین، گرنگ ئەوەیە لە ژیاندا بمێننەوە.

ئنجا ئایا هۆکاری ئەوە چییە کە جوولەکە هێندە دژایەتیی‌و دوژمنایەتیی بێڕەزایان لەگەڵ مسولْماناندا هەیە؟!

بەنسبەت جوولەکەوە هۆکارەکەی ئەوەیە کە گرێ‌و گۆڵی دەروونیی زۆریان هەیە لەگەڵ هەموو گەلاندا، چونکە جوولەکە پێیانوایە گەلی هەڵبژاردەی خوان، دەڵێن: ئێمە گەلی بژاردەی خواین، (نَحْنُ شَعْبُ اللهِ المُخْتَار)، وە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (المائدة)دا کە پێشتر هێنامان، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَتِ

﴿ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَـٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّـٰٓؤُهُۥ ﴿١٨﴾﴾، وە جوولەکەو نەصرانییەکان گوتیان: ئێمە کوڕانو خۆشەویستانی خواین، خۆیان زۆر پێ گرنگو پاكو چاك بووە، جا هەر کەسێك خۆی زۆر پێ چاك بوو، خەڵکی پێ خراپ دەبێ، لەخۆبایی دەبێو دوایی کە خەڵك بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرد کە بۆخۆی تەصەووڕ دەکات، پێی وایە زوڵمیان لێکردوە، بۆیە ئێستا جوولەکە هەر چۆنی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەی، هەر ڕازی نابن، ئەگەر چاکەیان لەگەڵدا بکەی، پێیانوایە، واجبێکت جێبەجێکردوە، ئەگەر خراپەشیان لەگەڵدا بکەی، ئەوە پێیانوایە تۆ شتێکی زۆر خراپت کردوە، یانی: خراپتر لەوەی کە هەیە دەیبینن، جا بەنسبەت گەلانی دنیاوە بەگشتی، جوولەکە ڕقو کینەیان هەیە، بۆیە جوولەکە مەگەر چۆن دەنا لە هەر شوێنێکی دنیابووبن، تووشی چەوسێنرانەوەو شەڕو هەرا بوون، بۆچی؟ چونکە بە ڕووحێکی خۆ بەزلگرانەوە لەگەڵ خەڵکدا مامەڵەیان کردوەو، خەڵکیش بەو چاوە تەماشای نەکردوونو سەرەنجام تێکگیراون، وە لەگەڵ مسوڵمانانیشدا بەتایبەتی ڕقو کینەو بوغزێکی زۆریان لە دڵو دەروونیدا هەیە، ئەوە بەنسبەت جوولەکەکانەوە.

وە بەنسبەت هاوبەش بۆ خوا پەیداکەرەکانەوە، لەبەرئەوەی کە کاکڵی ئیسلام بریتیە لە خوا بەیەکگرتن، وە جەوهەری شیرکیش بریتیە لە هاوبەش بۆ خوا پەیداکردن، وە خوا بە یەکگرتنیش لەگەڵ هاوبەش بۆ خوا دانان تێکدەگیرێو دژی یەکدین، وە لەڕاستییدا ئیسلام لەسەر زانست بنیاتنراوە، شیرك لەسەر ئەفسانەو فیکری پڕوپووچو بێ بنەما، دیارە ئەو دووانەش تێکدەگیرێن.

**مەسەلەی حەوتەم:** کە دەفەرموێ: ﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّا نَصَـٰرَىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾، وە تۆ دەبینی نزیکترین کەس لە ڕووی خۆشەویستییەوە بۆ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەصرانیین، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە (قسیسین)یان لە نێودان، وە (رهبان)یان لە نێودان، وە لەبەرئەوەش کە خۆیان بەزل ناگرن.

ئـەمیش دیسـان هـاتنەدیی (مصـداق)یەكـەی ئاشـكرایە، بەگشـتی دەبینـین نەصـرانییەكان هەڵوێسـتیان نەرمتـرە لەگـەڵ مسـوڵماناندا، ناڵـێین: هـەموو نەصـرانییەكان وان، بـەڵام بەگشـتی هەڵوێسـتیان نەرمتـرە، وەك دەبینـین جاری وایـە شـتێك دەكـرێ بەرانبـەر بـە جیهـانیی ئیسـلامیی، لـە وڵاتـانی ئـەورووپاو ئەمریكـادا خۆپێشـاندان دەكـرێ، پشـتگیـریی مسـوڵمانان دەكـەن دژی ڕژێمـەكانی خۆیـان، هەڵبەتـە كەمۆكەیـەكیش لـە جوولەكانـدا هـەن، كـە جاری وایـە پێچـەوانەی سیاسەتی قەوارەی زایۆنیو پێچـەوانەی زلـهێزەكانن، كە بەرانبەر مسـوڵمانان ڕەفتار دەكـەن، بـەڵام زۆر كەمـن، وە نەصـرانییەكان ئەهلـی ئینصـافو خەڵـكی نـەرمو نیـانو میهرەبانیـان بەرانبـەر مسـوڵمانان، تێـدا زیـاترە، وە خـوای زانـاو شـارەزا هۆكارەكەشـی دەخاتـەڕوو و دەفـەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾، (قسيس) واتـە: قەشـە، یـان كەشـیش، واتـە: زانـای نەصـرانیی، واتـە: لەبەرئـەوەی زانایـان لـەنێودا هـەن، وە (رهبـان) كـۆی (راهب)ە، بـە كـوردی گۆشـگیـرو ڕەبـەن واتـە: لەبەرئـەوەی كەسـانێكی گۆشـەگیـرو خـواپەرستیان لـەنێودا هـەن، ﴿ وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾، وە لـە سـۆنگەی ئەوەشـەوە كە خۆیـان بـە زل نـاگـرن.

هەڵبەتە زانسـتو عیبـادەتیش وا لـە ئینسـان دەكـات كـە دڵـی نەرمبـێ، بـا لەسـەر ناهـەقیش بـێ، زانیـارییو شـارەزاییو عیبـادەت، هـەر چـۆن بـێ كاریگـەریی لەسـەر ئینسـان دەبـێ، ئەگـەر ئـەو ئینسـانە بێبـڕواش بـێ، ئەگـەر تەماشـای سـووڕەتی (الحدید) بكـەین، خـوای پەروەردگـار باسـی ئـەو ڕاسـتییە دەكـات، دەفـەرمـوێ:

﴿ ... وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: بە دوای پێغەمبـەراندا عیسـامان نارد، وە بـەزەییو پـەرۆشو لە خـوا ترسانمان خسـتە دڵـی ئەوانەوە كە شوێنی كـەوتبوون، وە گۆشـەگیـرییەك (دنیا بە

كەم گرتنێـك) كە بۆخۆیان دایانـهێنابوو، ئێمە لەسەریانمان پێویست نەكردبوو، (بەحیساب بۆئەوەی زیاتر لە خوا نزیك ببنەوە) بۆئەوەی ڕەزامەندیی خوا بەدەست بێنن، بەڵام وەك پێویست ڕەچاویان نەكردو پێوەی پابەند نەبوون.

جا (القاسمي) لە (محاسن التأويل)ەكەی خۆیدا[1] دەڵێ: (وَفي الآية دَليلٌ عَلَى أنَّ: الإقبالَ عَلَى العِلْمِ والإعراض عَنِ الشَّهَوَاتِ والبَراءَة مِنَ الكِبر مَحْمُودٍ وَإِنْ كَانَ ذَلِكَ من كافر)، واتە: لەو ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی ڕووكردنە زانستو پشتكردنە ئارەزووەكان (واتە: ئەو ئارەزووانەی كە ناشەرعیین) وە خۆ دووركرتن لە خۆبەزلگریی شتێكی باشە، ئەگەر لە بابایەكی كافریش دا بێ، یانی: سیفەتی باش لە كافریشدا هەر باشە، وەك چۆن سیفەتی خراپ لە مسوڵمانیشدا هەر خراپە.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ﴾، نەیفەرمووە (إنَّ النَّصَارَى) كە دەشگونجا وای بفەرمووبا، چونكە لە شوێنی دیكە وای فەرمووە، بۆ وێنە: ﴿وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ... ٣٠﴾التوبة، واتە: نەصرانییەكانیش گوتیان: عیسا كوڕی خوایە، (پاكیی بۆ خوا)، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ﴾، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوە كە كاتی خۆی گوتوویانە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ١٤﴾الصف، لێرەش دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ﴾، كەواتە: ئەوە بیرخستنەوەی ئەو حەقیقەتەیە كە كاتی خۆی پشتی عیسا (علیه السلام)یان گرت، حەوارییەكانی كە كۆمەڵە ڕەفیقێكی تایبەتی بوون، پشتیان گرت لەپێناوی خواداو بۆ سەرخستنی ئەو پەیامەی كە هێنابووی، كەواتە: ئەوە مەدحێكە بۆ

[1] ج٤، ص٣٣٣.

ئــەوان، كــە دیــارە لێرەشــدا خـــوای پــەروەردگار بەگشــتی باســی هەڵوێســتی نەصــڕانییەكان دەكـات، بـەڵام بەتایبــەتییش باسـی كۆمەڵـێك دەكــات، كـە دیــارە هەڵوێستێكی ئەرێنییان لە بەرانبـەر ئیسـلامدا هەبووەو، ئیمانیـان بـە پێغەمبـەری كۆتـایی‌و ئـەو قورئانــەش هێنــاوە، كــە بــۆی نێــردراوە، كــە ئــەوە لــە مەســەلەی هەشــتەمدا بـاس دەكـەین.

**مەســــەلەی هەشـــــتەم:** كـــە دەفەرمـــوێ: ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ ۖ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴿٨٣﴾ وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ ﴿٨٤﴾ فَأَثَابَهُمُ اللَّهُ بِمَا قَالُوا جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ ﴾، پێشتــریش باســـمان كــرد كـە زانایـان دەڵــێن: ئـەم چــوار ئایەتـە دەربـارەی نەججاشــیی‌و هــاوەڵەكانی هاتوونـە خـوار خـوا لـێیان ڕازی بێ، كە هەڵوێستی باشیان هەبوو لە بەرانبەر پێغەمبەر ﷺ و مسـوڵمانانداو، لـەوبارەوە ئـەم دەقـە هەیـە: ﴿قَـالَ ابْـنُ إِسْـحَاقَ: فَلَمَّـا رَأَى رَسُـولُ اللّٰهِ ﷺ مَـا يُصِيبُ أَصْحَابَهُ مِنَ البَلاءِ، وَمَا هُوَ فِيـهِ مِنَ العَـافِيَةِ، بِمَكَانِهِ مِنَ اللّٰهِ وَمِنْ عَمِّهِ أَبِي طَالِبٍ، وَأَنَّهُ لا يَقْدِرُ عَلَى أَنْ يَمْنَعَهُمْ مِمَّـا هُـمْ فِيهِ مِنَ البَـلاءِ، قَـالَ لَهُـمْ لَوْ خَرَجْتُمْ إِلَـى أَرْضِ الحَبَشَـةِ، فَإِنَّ بِهَـا مَلِكًا لا يُظْلَـمُ عِنْـدَهُ أَحَـدٌ، وَهِـيَ أَرْضُ صِدْقٍ حَتَّى يَجْعَلَ اللّٰهُ لَكُمْ فَرَجًا مِمَّا أَنْتُمْ فِيهِ، فَخَرَجَ عِنْدَ ذَلِكَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللّٰهِ ﷺ إِلَى أَرْضِ الْحَبَشَـةِ، مَخَافَةَ الْفِتْنَةِ وَفِرَارًا إِلَى اللّٰهِ بِدِينِهِمْ، فَكَانَتْ أَوَّلَ هِجْرَةٍ كَانَتْ فِي الإِسْلامِ فَكَانَ جَمِيعُ مَنْ لَحِقَ بِأَرْضِ الْحَبَشَةِ، وَهَاجَرَ إِلَيْهَا مِنَ الْمُسْـلِمِينَ سِوَى أَبْنَـائِهِمْ الَّـذِينَ خَرَجُـوا بِهِـمْ مَعَهُـمْ صِغَارًا وَوُلِـدُوا بِهَـا، ثَلاثَـةً وَثَمَانِينَ رَجُلاً﴾[1]، واتـە: ئیبنـو ئیسحاق دەڵـێ: كاتێك پێغەمبـەری خــوا ﷺ بینـی هــاوەڵانی تووشـــی ئـــازارو ئەشــكەنجــەدان دێــن‌و، وە خۆشــی لەچـــاو ئــەوان ســەلامەتە، بەهــۆی پێگــەی لەلای خـواو بەرگرییكـردنی مامییــەوە (ئـەبو طاڵیب)،

---

[1] السيرة النبوية: ج١، ص٣٥٢.

وە تەماشای کرد ناتوانێ بەرگریشیان لێبکات (کە نەهێڵێ کافرەکان ئەزیەتو ئەشکەنجەیان بدەن)، پێی فەرموون: ئەگەر بچن بۆ سەرزەمینی حەبەشە، پادشایەکی لێیە کە کەس لەلای ئەو ستەمی لێناکرێ، وە ئەوێ شوێنێکی باشە، هەتا خوا دەروویەکتان لێدەکاتەوە (ئەو وەزعە بە جۆرێکی دیکە دەگۆڕێ)، لەو کاتەدا مسوڵمانان لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو سەرزەمینی حەبەشە چوون، تاکو چیدی ئەشکەنجەو ئازار نەدرێن، وە بەرەو خوا ڕایان کرد، وە دینەکەیان ڕفاند تاکو هەڵیان نەگێڕنەوە لە ئایینەکەیان، وە ئەوە یەکەمین کۆچێك بوو لە ئیسلامدا، وە تێکڕای ئەوانەی کە چوون بۆ سەرزەمینی حەبەشەو کۆچیان بۆ کرد لە مسوڵمانان، جگە لە منداڵەکانیان کە گچکە بوونو لەگەڵ خۆیانیان برد بوون، وە ئەوانەی لەوێ لە دایك بوو بوون، (چونکە دیارە ئافرەتیشیان لەگەڵدا بوون) هەموویان هەشتاو سێ پیاو بوون.

لێرە دیارە باسی ئافرەتەکانی نەکردوە، ئەگەرنا کۆمەڵێك ئافرەتیشیان لەگەڵدا بوون، بۆ وێنە: عوسمانی کوڕی عەففان خۆیو خێزانی بووە، وە کۆمەڵێك لە هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ هاوسەریان لەگەڵدا بووە.

دیارە پێشتر باسمان کرد کە جەعفەری کوڕی ئەبو طالیب سووڕەتی مەریەم دەخوێنێتەوە، نەجاشیو ئەوانەی کە لەگەڵی دابوون دەگریەنو، ئەو هەقەی کە خوا ناردوویەتی دەیناسن، وە ئیمانیشی پێ دێنن، ئەو ئایەتانە مەدحی ئەوانن.

هەروەها ئەم ئایەتانە هۆی هاتنە خوارەوەیەکی دیکەشیان هەبووە، کە نەجاشیی سی (٣٠) نەفەر لە هاوەڵەکانی خۆی دەنێرێ بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەریش ﷺ سووڕەتی (یس)یان بۆ دەخوێنێتەوە، ئەوانیش دوای ئەوەی ئایەتەکان دەبیستن، دەگریەنو، ئیمان دێنن، بەڵام بێگومان نەصرانییەکان کەمێکیان وابوون، کە کۆمەڵێکی تایبەت بوون، نەك هەموویان، کە لێرەدا خوای پەروەردگار بەو مەدحانە باسیان دەکات، بەڵام لە سیفەتەکانی پێشێدا بەگشتی باسیان دەکات! بۆیە دەبێ لێمان تێکنەچێ: ئەوانەی لێرەدا مەدحیان دەکاو پاداشتیان دەداتەوە بە بەهەشت، هەموو نەصرانییەکان نین، بەڵکو بەس ئەوانەن کە ئیمانیان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هێناوە، وە

ئیمانیان بە قورئان هێناوە، بەڵام ئایەتەکەی پێشێ باسی حاڵەتی گشتییان دەکات، وە دەفەرمویێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾، ئەوە مەبەست پێی نەصرانییەکانن، بەگشتی، کە ئەوان چاکترن و سۆزو خۆشەویستییان زیاترە بۆ مسوڵمانان، لە جوولەکەکان و لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، بەڵام لەنێویاندا کۆمەڵێك هەن، ئیمان بە قورئان و بە ئیسلام دێنن، جا چ ئەوانەی کاتی خۆی ئیمانیان هێناوە، چ ئەوانەی ئێستا ئیمان دێنن، کە زیاتر هەر نەصرانییەکانن.

**مەسەلەی نۆیەم:** کە دەفەرمویێ: ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ ﴾، کاتێك کە گوێبیستی ئەوە دەبن بۆ پێغەمبەر دابەزێنراوە، دەبینی چاوەکانیان پڕ دەبن لە فرمێسك بەهۆی ئەو هەقەوە کە ناسیویانە، ئیماندار جارجار کە گوێی لە فەرمایشتی خوا (کلام الله) دەبێ، یان گوێی لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەبێ، بگریەت، گریان شتێکی پەسندە لەو حاڵەتەدا، هەڵبەتە نەك گریانی شین و شەپۆرو هاوارکردن و دەنگ بەرزکردنەوە، گریانی عالیمانە ئەوەیە کە فرمێسکیش بێ و کەسیش پێی نەزانێ، ئەگەر لە تەنیشتیشت بن، کە ئەوە دەگونجێ و ئەوەش گریانێکی عابیدانەو ئیماندارانەی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەوەی دەیکات بە گریان و دەنگ بەرزکردنەوەو خەڵك پێی دەزانێ، ئەوە لەڕاستییدا مەگەر کەسێك خۆی بۆ کۆنتڕۆڵ نەکرێ، یان بەڵایەکی گەورەی بەسەرهاتبێ و حاڵەتی نەفسیی زۆر تێکچووبێ، ئەگەرنا ئەوە شتێکی پەسندو باش نیەو جاری واش هەیە ناپەسند بگرە حەرامیشە!

پێغەمبەری خواش ﷺ دەربارەی گریان و خاشیع بوون و ملکەچبوون لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا، یان لە کاتی بەسەردا خوێنرانەوەی قورئاندا، فەرموویەتی: ﴿أُبْكُوا فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا بُكَاءَ فَتَبَاكَوْا﴾ {رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ بِرَقم: (٤١٩٦)، والمنذري، وَضَعَّفَهُ الألباني في (ضعيف الترغيب والترهيب)، ولكنَّهُ صحيح موقوفاً عَن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما في الحجر فقال: ابكوا فإن

لـم تجـدوا بكـاء فتبـاكوا، (رواه الحـاكم بـرقم: (٨٧٢٣) وَقَالَ هَذَا إِسناد صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشـيخَين، وَصَحَّحَهُ الألبـاني} ، واتـە: بگريـەن (لـە كـاتی خوێندنـەوەی قورئـان، يـان قورئـان بەسـەردا خوێنرانـەوەدا، وە ئەگـەر گريانتـان نـەهات، خۆتـان بگريەنـن، واتـە: خۆتـان وا لێبكـەن هەست بـە تـرس و شـەرم و شكۆ لـە بەرانبـەر خـوادا بكـەن، كەواتـە: دەگونجـێ ئينسـان ئيش لەسـەر خـۆی بكـات، بـۆ پەيـدابوونی حاڵـەتی خشـووع و ترس، بەرانبـەر بە خـوا.

هەنـدێك لـە زانايـان لـە كۆمـەڵی كەڕامييـەكان (الكرّامية) گوتوويانـە: كـە خـوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَثَبَهُمُ ٱللَّهُ بِمَا قَالُوا۟ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، واتـە: خـوا پاداشـتی دانـەوە بـەهۆی ئـەوەوە كـە گوتيـان، بـە چـەند بەهەشـتێك كـە ڕووبـاريان بـەژێردا دەڕۆن، ئەمـە بەڵگەيـە لەسەر ئەوە كە ئيمـان تەنيـا قسـەو دەربڕينـە، گوتوويـانە: مادام خـوا دەفـەرموێ: خـوا پاداشـتی دانەوە لەسەر ئەوە كە گوتيـان: ئيمانمان هێنـا، كەواتـە: ئيمان تـەنيا بريتيـە لـەوەی كە بڵێی: ئيمـانم هێنـاوە بە زار، بـا لـەنێـو دڵيشـتدا هيچ نەبـێ، وە كـردەوەش نەبـێ، هـەر ئـەوە پێـی دەگوتـرێ: ئيمـان!

بـەڵام بێگـومان بۆچوونەكەيـان هەڵەيـە، چـونكە خـوای پـەنهانزان لـە چـەند شـوێنان زەمـی ئەوانـە دەكـات كـە بـە قسـە دەڵـێن، ئيمانمـان هێنـاوەو ئيمـان لـە دڵيـاندا نيـەو، بە كـردەوەش ڕاسـت ناكـەن، بۆ وێنـە:

١/ دەفـەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِأَفْوَٰهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ ...﴿٤١﴾ ﴾المائـدة، وەك دەبيـنين ئەوانـەی بـە زار گوتوويـانە: ئيمانمـان هێنـاوە، بـەڵام دڵيـان ئيمـانی نەهێنـابوو، ئەوانـە بە بێبـڕوا لە قەڵـەم دەدرێـن.

٢/ دەفەرمـوێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾ ﴾البقـرة، واتـە: لـە نێـو خەڵكيـدا كەسانێك هـەن دەڵێن: ئيمانمـان هێنـاوە بـە خـواو بـە ڕۆژی دوايـی، بڕواداريش نيـن.

ئنجا كـه دەفـەرموێ: ﴿ ... وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾ المائـدة، ئايا مەبەسـت پێی كی یـە؟ ئايا مەبەستيان ئەوەيـە خـوا بيانخـاتە گەڵ هـاوەڵانی بەرێـزی پێغـەمبـەر ﷺ، يـان مەبەسـتيان پێـی پێشـووە چاكەكانی خۆيانـە؟ مـن پێمـوايە هـەردووكيان دەگرێتـەوە، واتـە: خـوايە هـەم بمانخـە ڕيـزی هاوەڵانی بەرێزی پێغەمبەر ﷺ، هەم بمانخـە ڕيـزی ئـەو پێشـينە چاكانەی كـە لـە ميللەتـانی پێشـوو بـوون، ئنجـا ئەوەشـی لێوەردەگيـرێ، ئەگـەر ئينسـان بيـەوێ بچێتـە ڕيـزی صـاڵحان، دەبـێ بـە ڕێـی صـاڵحـاندا بـڕوات، بـەلاَم ئينسـان بـە ڕێـی فاسـقاندا بـڕواو بـە تـەمای گەيشـتن بـە صـاڵحان بـێ، يـان بـە تـەمای پاداشـتو مەنزڵگـايەك بـێ كە دەدرێ بـە صـاڵحـان! ئـەوە لەڕاستييدا بـە غەڵەتـدا چووەو، ئـەوە وەك ئەوەيـە كەسـێك بڵـێ: دەمـەوێ بچمـە بەغـداو، ڕێـرەوی هـەنگاوەكانی پێچـەوانەی ڕۆيشـتن بـەرەو بەغدابن! ديارە ئـەو كەسـە هەرچـەند دەڕوات دوورتـر دەكەوێتـەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی نۆزدەیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان سێ ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی (٨٧و ٨٨و ٨٩)، لەو سێ ئایەتە موبارەکەدا خوای کاربەجێ لەم سوورەتەدا بۆ جاری دەیەم بە نازناوی ئیمان بانگی مسولمانان دەکات: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، وە ڕێگرییان لێدەکات کە ڕۆزییە خۆشو بەتامەکان کە خوا بۆی حەلاڵ کردوون، لە خۆیان قەدەغە بکەن، وە ئەو ڕەفتارەیان بە دەستدرێژیی و سنوورشکێنیی لە قەڵەم دەدات، پاشان خوای بالادەست فەرمان بە مسولمانان دەکات، کە لەو ڕۆزییە حەلاڵو خۆشو سوودبەخشانەی پێیداون بخۆن، و پارێز لە خوا بکەن، دوایی خوای بەرزو مەزن باسی سوێند خواردن دەکات، وە ڕایدەگەیەنێ کە سوێندی سەر زارەکیی لێپرسینەوەی لەسەر نیە، وەك: بڵێی: نەخێر وەڵاهی، بەڵێ وەڵاهی، کە ئینسان بەسەر زاری دادێ، وە باسی کەفارەتی سوێندێك دەکات کە دڵی لەسەر دەچەسپێنرێ و بە جیددیی خاوەنەکەی سوێند دەخوات، کە ئەویش کەفارەتەکەی بریتییە لە خواردن پێدانی دە کەسی نەدار، خواردنی ڕۆژێك، یاخود پۆشتەکردنیان، یان ئازادکردنی کۆیلەیەك، هەر کەسێکیش هیچ کام لەوانەی نەبوون، ئەوە دەبێ سێ ڕۆژان بەڕۆژوو بێ، وە لە کۆتاییدا خوا فەرمانیان پێدەکات بە پاراستنی سوێندەکانیان.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحَرِّمُوا۟ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ
إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَـٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ
ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَـٰنِكُمْ وَلَـٰكِن
يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَـٰنَ ۖ فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَـٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ
مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَـٰثَةِ
أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّـٰرَةُ أَيْمَـٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَـٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ
لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾.

## مانای وشـــه به وشـەی ئایەتەكـان

((ئەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! (ڕۆزییـه) خـۆش‌و سوودبەخشـەكان كـه خـوا بـۆی حـــەڵاڵ كـــردوون، قەدەغـــه مەكـــەن‌و ســنوورشـكێنــیی مەكــەن، بێگومــان خـــوا سنوورشـكێنـانی خۆشـناوێن، ﴿٨٧﴾ وه لـەو ڕۆزییـه حـەڵاڵ‌و خـۆش‌و چـاكانەی خـوا پێیـداون بخـۆن، وه پارێـز لـەو خـوایه بكـەن، كـه ئیمانتـان پێـی هەیـه، (پێـی بڕواداران) ﴿٨٨﴾ خـوا سـوێندی سـەر زارەكییتان لێنـاگرێ، بەڵكو لەسـەر ئـەو سـوێندانه كه دڵتانیـان لەسـەر گـرێ دەدەن، لێپرسـینەوەتان لەگـەڵدا دەكـات، ئنجا ئـەو جـۆره سـوێنده دڵ لەسـەر چەسـپێنراوانه، كـەفارەتی هـەركامێكـیان خـواردن پێـدانی ده نەداره له خـواردنێكی میانجـیی كـه دەرخـواردی خێزانتـانی دەدەن، یـان پۆشـاكیان، یـان ئـازادكردنی گـەردن (ی كۆیلـه)یێك، هەر كەسـێك هـیچ كـام لەوانـەی چـنگ نەكـەوت، سـێ ڕۆژ ڕۆژووگرتنـی لەسـەره، ئـەوه كەفـارەتی سـوێندەكانتانه، وه هـەر كـات سـوێندتان خـوارد، سـوێندەكانتـان بپـارێزن، ئـاوا خـوا ئایەتـەكانیتان بـۆ ڕوون دەكـاتەوه، بەڵكو سـوپاسـگوزاریی بكـەن (بۆ خـوا) ﴿٨٩﴾)).

## شـیکردنـەوەی هـەندێـك لە وشــەكان

(لَا تُحَرِّمُواْ ): واتە: قەدەغە مەكەن، بەڵام لـێرەدا مەبەسـت ئەوەنیـە، كە كەسـێك بڵـێ: ئـەوە فـلان شـتم قەدەغـە كـرد، بۆچـی؟ چونكە هـەر كەسێك حـەڵاڵێك حـەرام بكات، یان حەرامێك حـەڵاڵ بكـات، پێـی كـافر دەبێ، بـەڵام لێرەدا خـوا هـەر بـە نـازنـاوی ئیمـان مسـوڵمانان دەدوێنـێ، كەواتـە: هـەر لەسـەر حاڵـەتی ئیمـانیی خۆیـانن، كەواتـە: ﴿لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾، یـانی: ئـەوەی خـوا حـەڵاڵی كردوە لـە خۆتـانی قەدەغـە مەكەنو مەڵـێن: نایخـۆین، نـەك مەبەسـت ئەوەبـێ ئـەوەی خـوا حەڵاڵـی كـردوە، تـۆ بڵێـی حەرامـە، بۆیـە دەڵـێ: (الحَرامُ: الـمَمْنُوعُ مِنْـهُ، إمَّـا بتَسْـخِير إلَـهِـي، أَوْ بِمَنْـعِ بَشَـرِيٍّ، وَإمَّـا بِمَنْـعٍ قَهْـرِي، وَإِمَّـا بِمَنْـعٍ مِـنْ جِـهَـةِ العَقْـلِ أَو الشَّـرْعِ أَو مِـنْ جِهَـةِ مَـن يُرْتَسَـمُ أَمـرُهُ)، وشـەی: (حَـرَامُ) بریتیـە لە شـتێك كە ڕێ لێگیـراوبـێ، جا یـان بەهـۆی ئـەوەوە كە خـوا وایـدانـاوە كە ئەو شـتە نەكـرێ، یان بەهـۆی ئەوەوە كە بەشـەرێك ڕێی لێدەگـرێ، یاخـود لەبەرئەوەی كە ڕێگرییـەك دێتـە بـەردەم، یـان لەبەرئـەوەی عـەقڵ ڕێ لـەو شتە دەگـرێ، یـاخود شـەرع ڕێـی لێگـرتوە، یـاخود لەبەرئـەوەی كـە حوكمڕانێـك بڕیـارێك دەر دەكـات، كە ئەو شـتە نەكـرێ.

(طَيِّبَٰتِ ): كـۆی (طَيِّبَـةَ)یـە، (طَيِّبَـةَ) واتـە: زۆر چـاكو سـوودبەخشو بەتـامو خـۆش، دەگوترێ: (طَابَ الشَيءُ يَطِيبُ طَيْبَـاً فَهُوَ طَيِّبٌ) واتـە: شـتەكە خۆشـە، یـان بەسـوودە، یـان چاكـە (فَهُوَ طَيِّبٌ) (طَيِّبٌ) واتـە: شـتی بـاشو بـە لـەززەتو خۆشو بـە كەڵـك (وَأَصْلُ الطَّيِّبِ: مَا تَسْـتَلِذُّهُ الحَوَاسُّ ومَا تَسْـتَلِذُّهُ النَّفْسُ) لـە بنچـینەدا (طَيِّب) هـەر شـتێكە كـە هەستەكان تـامی لـێوەربگرن، بـۆنێكی خـۆش، تامێكـی خـۆش، ڕەنگێكـی جوان، دەنگێكـی خـۆش، شـوێنێكی خـۆش، زەوییـەكی بەپیـت، هەموویـان پێیـان دەگوتـرێ: (طَيِّب)، هەموویـان ئـەو شـتانەی كـە خۆشـن، وە هەرشـتێك كـە نـەفس لەززەتـی لێبكـات، (طَيِّب)یـان بـۆ بەكـاردێ،

بەڵام بە پێی سیاقی ئایەتەكان ماناكەی دەگۆڕێ، (والطَّعَامُ الطَيِّب فِي الشَّرْعِ، مَا كَانَ مُتَنَاوِلاً مِنْ حَيْث مَا يَجُوز)، وە خواردنی خۆش لە شەرعدا ئەوەیە كە دروست بێ، بەكاربهێنرێ.

(لَا يُؤَاخِذُكُمُ): واتە: لێتان ناگرێ، یاخود سزاتان نادات، (المؤاخَذَةُ: المُجَازَاة..) واتە: سزادانو لێپرسینەوە.

(بِاللَّغْوِ): واتە: بە سوێندی لەغو، (اللّغو مِنَ الكَلَام: مَا لا يُعتَدُّ بِهِ وَهُوَ الَّذِي يُورَدُ لاعَنْ روية وَفِكر فَيَجْرَي مَجْرى اللَّغا وهُوَ صَوت العَصَافير ونحوِهَا مِنَ الطّيُور)، واتە: (اللَّغو) (كە جاری وایە بۆ كردەوەش بەكاردێت) بەڵام ئەگەر بۆ قسە بەكاربێت قسەیەكە كە گرنگی پێنەدرێ، وە ئەویش ئەو قسەیە كە دوای بیركردنەوە و تێوەڕامان نەگوترێ، واتە: بە سەرزارەكیی قسەكە بكات، قسەیەك كە بە سەرزارەكیی دەكرێ، بەبێ بیرلێكردنەوە، وەك (لَغَا) وایە، (لَغا)ش: بریتیە لە دەنگی چۆلەكە پاساریی‌و وێنەی چۆلەكە پاساریی كە دەجریوێنێ‌و، بۆ ئێمە هیچ واتایەكی نیە، دیارە بە تەئكید بۆخۆیان واتاو مەبەستێكی هەیە، بەڵام بۆ ئێمە هەر جریوە جریوەو هیچ واتایەكی نیە، قسەیەكیش كە بەبێ بیرلێكردنەوە بكرێ‌و هەروا بە سەرزارەكیی بگوترێ، وەك دەنگی چۆلەكەو باڵندە وایە.

(أَيْمَٰنِكُمْ): (وَاليَمِينُ أَصْلُهُ الجَارِحَة، وَاليَمِينُ فِي الحَلِف مُسْتَعَارٌ مِنَ اليَدِ اعتِبَاراً بِمَا يَفْعَلُهُ المُعَاهِدُ وَالمُحَالِفُ وَغَيْرُه)، وشەی: (أَيْمَان) كۆی (يَمِين)ە، لە ئەسڵدا بە مانای دەستی ڕاستە، بەڵام دوایی خوازراوەتەوە بۆ سوێند، بەو ئیعتیبارەی كە كەسێك پەیمان لەگەڵ كەسێك دەبەستێ، یاخود بەڵێنێكی پێدەدات، دەستی ڕاستی لەنێو دەستی دەنێ، سوێند لەو (يَمِين)ەوە هاتوە.

(عَقَّدتُّمُ): یان (عاقَدتُم) یاخود (عَقَدتُم) هەر سێ قیرائەتەكان هاتوون، واتە: گرێتان داوە، (العَقْدُ: الجَمْعُ بَيْنَ أَطْرَافِ الشَّيءِ واسْتَعِير لِعَقْدِ البَيْعِ وَالعَهْد)،

(عَقْد) بە كوردیی، واتە: گرێدان، دوو شت هەردوو سەرەكەی پێكەوە بێنیەوە، بۆ وێنە: بەنەخوێن، یان هەر شتێك كە گرێ دەدرێ، پێی دەگوترێ، (عَقْد) لێرەدا ئەو وشەیە خوازراوەتەوە بۆ گرێبەستی كڕین‌و فرۆشتن، یاخود پەیماندان، هەروەها لێرەدا ﴿عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَ﴾، واتە: ئەو سوێندانەی كە دڵیان لەسەر گرێ دەدەن‌و دەچەسپێنن.

(فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ ): لە (كَفْر)ەوە هاتوە، واتە: (سَتْر)، كافر بۆیە وای پێ دەگوترێ، چونكە ئەو خواناسین (مَعْرِفَةُ الله)یەی كە لە دڵی دایە دەیشارێتەوە، ئنجا (كَفَّارَة) ئەوەیە كە ئینسان گوناهێكی كرد، شتێك بكات كە ئەو گوناهەی بسڕێتەوە، دەڵێ: (مَا يُغَطِّي الإِثْم..) هەر شتێكە كە گوناهەكەت داپۆشێ، كەسێك سوێندێك دەخوات، دوایی وا پێویست دەكات، سوێندەكەی نەباتە سەر، بۆ وێنە: سوێند دەخوات سەردانی خزمێكی نەكات، یان پەیوەندیی لەگەڵ بپچڕێنێ، وا باشە سوێندەكەی بشكێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی گوناهبار نەبێ، دەبێ كەفارەت بدات، بۆئەوەی گوناهەكەی لەسەر لابچێ.

(مَسَٰكِينَ ): كۆی (مسكين)ە، (مسكين) واتە: نەدار، (فقير) واتە: هەژار، جا نەدار ئەو كەسەیە شتێكی هەبێ‌و پێی نەژیەت‌و، بەشی نەكات، وە هەژار ئەو كەسەیە هیچی نەبێ.

(أَوۡسَطِ ): دوو واتای بۆ لێكدراونەوە: (الوَسَطُ بَيْنَ الإِفْرَاطِ وَالتَفْرِيط، أَو الأحسَن والأجْوَد)، (أَوَسَط) لە ئەسڵی زمانی عەرەبییدا، واتە: میانجیی لە نێوان تێپەڕاندن‌و بەزایەداندا، نە زۆر باش‌و نە زۆر خراپ، هەروەها بە مانای باشترین‌و چاكترین دێ.

(أَهۡلِيكُمۡ ): كۆی (أَهْل)ە، (أَهْل) واتە: خێزان، نەك هەر ئافرەت‌و هاوسەر، بەڵكو هاوسەرو كوڕو كچ‌و ئەوانەی لە ماڵیدان، هەموویان دەگرێتەوە، (أَهْلُ الرَّجُل: مَنْ يَجْمَعُهُ وَإِيَّاهُم نَسَبٌ، أَو دِينٌ، أَو مَا يَجْرَى مَجْرَاهُمَا: مِن صِنَاعَةٍ

وَبَيْتٍ، وَبَلَدٍ)، واتـە: ئەهلــی پیــاو ئەوانــەن کـە لەگـەڵ ئـەوان پێکدەگاتـەوە لـە نەســەبدا، یـان لـە دینــدا، وە لـە هـەر شــتێکدا کە وەك نەسـەبو دیـن وایـە، وەك پیشــە، وڵات، وە ئەوانــەی لە چـوارچێـوەی ماڵێکـدان.

(أَوْ كِسْوَتُهُمْ): (الكِسْوَةُ: اللِّبَاسُ)، واتە: پۆشـاكو جلو بـەرگ، کـە سوێند دەخـوات، بۆ دە کـەس لە نــەدارانی دەکـڕێ.

(رَقَبَةٍ): (الرَّقَـبَةُ: إِسْـمٌ لِلعُضْـوِ الـمَعْرُوفِ، ثُـمَّ يُعَــبَّرُ بِهَـا عَـنِ الجُمْلَـةِ، وَجُعِـلَ فِـي التَّعَـارُفِ اسْمَاً لِلمَمَالِيـكِ، كَمَـا عُبِّـر بـالرَّأْسِ وَبِـالظَّهْرِ عَـنِ الـمَرْكُوبِ)، واتـە: (رَقَبَـة) لە ئەسـڵدا واتە: گـەردن، ئەسـتۆ، مل، دوایـی بەکـارهێنراوە بـۆ ئینسـانو کـە گوتــراوە: (تحريـر رقبـة)، وە مەبەســت ئەوەنیـە کـە تەنیــا ملــەکەی ئـازاد بکـەی، واتە: هــەموو بەدەنەکـەی ئـازاد بکـەی، پاشان وەك عورفێك کـراوە بـە نـاو بـۆ کۆیلــە، هــەروەك چۆن کـە دەگوتــرێ: پشـت، یـاخود ســەر، دەگوتــرێ: فـڵان کـەس ئەوەنـدە ســەر مـەڕی هــەن، خـۆ مەبەســت تـەنیا ســەرەکانیان نـین، یـان چــەند پشـتی هەیــە، واتــە: ئەو وڵاخــانەی کە بۆ بارو شـت بەکاردێن، ئنجـا وەك چـۆن وشــەی ســەرو پشــت، بـۆ وڵاخ بەکــاردێن، وشــەی (رَقَبَــة)ش بـۆ ئینسـان بەکـاردێ.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

١/ هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەو ئایەتـەی کـە دەفـەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾، لەوبارەوە سـێ گێـڕانەوە هـەن:

أ- ﴿عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَجُلاً أَتَى النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! إِنِّي إِذَا أَصَبْتُ اللَّحْمَ انْتَشَرْتُ لِلنِّسَاءِ وَأَخَذَتْنِي شَهْوَتِي، فَحَرَّمْتُ عَلَيَّ اللَّحْمَ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾﴾ {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ بِرقم: (٣٠٥٤) وَصَحَّحَهُ الأَلبَانِي}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: ئەم ئایەتە بە هۆی ئەوەوە هاتە خوار: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! من عادەتم وایە کە گۆشتم خوارد ئارەزووم دەجووڵێ، (واتە: مەیلی ئافرەت دەکەم) بۆیە من گۆشتم لە خۆم قەدەغە کردوە، خواش ئەو ئایەتەی نارده خوار.

ب- {عَنْ أبي مَالِكٍ قَالَ: نَزَلَت فِي عُثْمَانَ بْنَ مَظْعُونٍ وَأَصْحَابهُ حَرَّموا عَلَيهم كَثيراً مِنَ الطَيِّبَاتِ، فَهَّمَ بَعْضُهُمْ أَنْ يقطع ذَكَرهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ {الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٢، ص٩٣، سليم بن عبدالهلالي، ومحمد بن موسى آل نصر}، واتە: ئەبو مالیك (یەكێكە لە زانایانی تابیعین) دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی عوسمانی كوڕی مظعون (كە یەكێكە لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ، پیاوێكی زۆر عابیدو زاهید بووە) لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵەكانی كە وەك خۆی بیریان دەكردەوە، هاتە خوار، كە زۆر

خـواردنی خۆشیان لـە خۆیـان حـەڕام كردبـوون، (چوونە لای هاوسـەرەكانیشـیان) هەتـا هەندێكـیان ویسـتیان ئەنـدامی نێرینـەی خۆیـان ببـڕن، لـە ڕیوایـەتی دیكـەدا دەڵـێ: ویسـتیان خۆیان بخەسـێنن، خـوای بەرزیش ئـەو ئایەتـەی لـەبارەوە نارده خوار.

ج- ﴿عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: جَاءَ ثَلاَثَةُ رَهْطٍ إِلَى بُيُوتِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ يَسْأَلُونَ عَنْ عِبَادَةِ النَّبِيِّ ﷺ، فَلَمَّا أُخْبِرُوا كَأَنَّهُمْ تَقَالُّوهَا، فَقَالُوا: وَأَيْنَ نَحْنُ مِنَ النَّبِيِّ ﷺ، قَدْ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ؛ قَالَ أَحَدُهُمْ: أَمَّا أَنَا فَإِنِّي أُصَلِّي اللَّيْلَ أَبَدًا؛ وَقَالَ آخَرُ: أَنَا أَصُومُ الدَّهْرَ وَلاَ أُفْطِرُ؛ وَقَالَ آخَرُ: أَنَا أَعْتَزِلُ النِّسَاءَ فَلاَ أَتَزَوَّجُ أَبَدًا، فَجَاءَ رَسُولُ اللهِ ﷺ، فَقَالَ: أَنْتُمُ الَّذِينَ قُلْتُمْ كَذَا وَكَذَا؟ أَمَا وَاللهِ إِنِّي لأَخْشَاكُمْ للهِ وَأَتْقَاكُمْ لَهُ، لكِنِّي أَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأُصَلِّي وَأَرْقُدُ، وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ؛ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي} (أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٥٠٦٣)}، واتـە: ئەنەسی كوڕی مالیك خـوا لـە خـۆیو بـابی ڕازی بـێ، دەڵـێ: سـێ كـەس هـاتن بـۆ لای ماڵـەكانی پێغەمبـەر ﷺ (هاوسـەرەكانی هەركامێكـیان لـە ژوورێكدا بوون لـە تەنیشـت یەكدی) پرسـیاریان كـرد دەربـارەی خـواپەرسـتیی پێغەمبـەر ﷺ، كاتێـك هەواڵیـان پێـدرا، بـە كـەمیان زانـی، دوایـی گوتیـان: جـا ئێمـە لـە كوێو پێغەمبـەر ﷺ لـە كوێ؟! خـوا لـە هـەموو شـتێكی خۆشـبووە، لـە گونـاهی پێشـێو دوایـی (واتـە: لـە گونـاهی ڕابـردووو داهـاتووی، خۆشـبووەو ئێمـە ناگەینـە وی، ئەگـەر لـەوی زیـاتر خـواپەرستیی نەكـەین) یەكێكـیان گـوتی: مـن هەمیشـە شـەونوێژ دەكـەم، (واتـە: شـەوێ ناخـەوم)، ئـەوی دیكەشـیان گـوتی: منـیش هـەموو ڕۆژێـك بـە ڕۆژوو دەبـم، (واتـە: هـەرگیز ڕۆژێـك نـابوێرم بـە ڕۆژوو نـەبم) ئـەو دیكەشـیان گـوتی: منـیش كەنارگیـریی لـە ئافرەتـان دەكـەمو هـەرگیز ژنـێ نـاهێنم، (دیـارە دەبـێ گـەنج بـووبن) پێغەمبـەر ﷺ كـە گەڕایـەوە بـۆ مـاڵ، هـەواڵیان پێـدا (هاوسـەرە بـەڕێزەكانی خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، پێغـەمبەریش ﷺ فـەرمووی: ئێـوە بـوون كـە ئـاواو ئاواتـان گوتـوە؟ (دیـارە ئەوانیـش گوتوویانـە: بەڵـێ، بـەس لێـرەدا بـاس نەكـراوە) دوایـی فـەرمووی: ئاگـاداربـن! بە خـوا مـن لـە هەمووتـان زیـاتر لـە خـوا دەترسـێمو لـە هەمووشـتان زیاتر پـارێزی لێدەكـەم، بـەڵام بـەڕۆژوو دەبم (واتـە: ڕۆژووی سوننەت) جاری واش

هەیە بەرۆژووش نابم، وە شەوێ نوێژیش دەکەم، وە دەشخەوم، (واتە: ئیسراحەتیش دەکەم) وە هاوسەرگیرییش دەکەم لەگەڵ ئافرەتان، هەر کەسێ لە ڕێبازی من لابدات، لە من نیە.

٢/ هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾، ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: فِي قَوْلِهِ: كَلاَّ وَاللهِ وَبَلَى وَاللهِ﴾ {رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٤٦١٣)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٣٥٤)}، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: سوێندی (لَغْو) ئەوەیە کە کەسێك دەڵێ: بە خوا نەخێر، وە با بە خوا وابوو، {ئاوا سوێندی بەسەر زاری دادێ، بێئەوەی کە دڵی لەسەری بچەسپێ، ئەوە باوترین مانای (لَغْو الیَمِين)ە واتە: سوێندی سەرزارەکیی}.

## مانـای گـشـتـی ئایەتەكـــان

خـوا ﷻ وەك گوتمـان بـۆ جـاری دەیـەم لـەم سـوورەتەدا بـە نازنـاوی ئیمـان، مسـولْمانان بـانگ دەكات، كـە بـە تەئكیـد هـەر كاتێك خـوا فـەرمووی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، یـان فەرزێـك دەفەرمـوێ، یـان قەدەغـەكراوێـك، یـان فەرمانێكـە، یـان رێگرییـەك حەتمـەن حوكـمێكی شـەرعیی بـاس دەكـرێ، جـا چ لـە بـواری عەقیـدەدابێ، چ لـە بـواری عیبادەتـدا، چ لـە بـواری هەڵسـوكەوتەكاندا، چ لـە بـواری سیاسـەتدا، چ لە بـواری بازرگانییـدا، بۆچـی؟ چونكـە كاتێك كۆمەڵـگای ئیسـلامیی یەكـەم دروسـت بوو، مسولْمانان قەوارەی سیاسییان بـۆ دروست بـوو، شایسـتەی ئەوە بوون كە خـوا ئەركـە شەرعییەكانیان پێ بسـپێرێ، بۆیـەش: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، تەنیـا لـە سـوورەتە مەدەنییەكـاندا هـاتوە، چـونكە لـە مەدینـەدا مسـولْمانان قەوارەیـەكی سـیاسییان بـۆ دروسـت بـوو، دەسـتەڵاتی شـەرعییان بەدەست خۆیـان بـوو، جوگرافییەیەكـیان هـەبوو، وە كۆمەڵـگایەكیان هـەبوو، توانـای ئـەوەیان هـەبوو كـە شـەریعەت پیـادە بكەن، بەڵام لە مەككـە لەبەرئەوەی نـە سـەرزەمینـی خۆیـان بـوو، نـە دەسـتەڵاتیان هـەبوو، نـە كۆمەڵـگایەكی سـەربەخۆیان هـەبوو، نەدەگونجـا ئەركـە شـەرعییەكـان جێبەجـێ بكـەن، بۆیـە لـەوێ یـەكجاریش خـوای كاربـەجێ بـە نـاوی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، بانگی نەكردوونو هەر فەرموویەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَـٰنُ ﴿٦﴾﴾ الانفطار، ﴿ يَـٰبَنِىٓ ءَادَمَ ﴿٢٧﴾﴾الأعراف، ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴿١﴾﴾النساء، جا لێرەدا بـۆ جاری دەیەم خـوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَـٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴾، ئـەی ئەوانـەی ئیمانتـان هێنـاوە! ئەو رۆزییـە خۆشو سـوودبەخشو بە تامانەی كە خـوا بـۆی حـەڵاڵ كـردوون، قەدەغەیـان مەكـەن، نەك بەو مانایەی كـە بڵێین: حـەرامن، بەڵـكو یـانی: لـە خۆتانیـان مەگرنـەوە، وە دەسـتدرێژیی مەكـەنو سـنوورشكێنیی مەكـەن، بێگومـان خـوا سـنوور

شکێنانی خۆشناوێن. چۆنیەتی پەیوەستبوونی ئەم ئایەتانە بە ئایەتەکانی پێشەوە ئەوەیە کە لە دەرسی پێشوودا خوا باسی هەڵوێستی خراپی جوولەکەکانو هاوبەش بۆ خوادانەرەکانی کرد، وە باسی هەڵوێستی نەرمو نیانی نەصرانییەکانی کرد بەگشتی، وە هی هەندێکیان بەتایبەت، کە ئیمان دێنن بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ وە لە میانەی باسکردنو مەدحکردنی نەصرانییەکاندا فەرمووی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾المائدة، ئەوەش لەبەرئەوەی کە زانایانیان لەنێودا هەنو خواپەرستانیان لەنێودا هەن، وە خۆ بە زلگرنین، دیارە ئەو کاتە نەصرانییەکان بەگشتی نەرمو نیانو خۆ بە کەمگرو، دنیا بە کەمگر بوونو زۆر روویان لە لەززەتو ماددیگەریی نەبووە، ئنجا لێرەدا خوا ﷻ بۆئەوەی مسولمانان بە هەڵە لەوە حاڵی نەبن، بڵێن: مادام خوا مەدحی نەصرانییەکان دەکات، کە لەگەڵ ئەهلی ئیسلامدا میانەیان باشەو، نەرمو نیانن، لە بەرانبەر پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ هەڵوێستیان باشەو، هەندێکیان ئیمانیان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ، وە بەو قورئانەی کە بۆی دابەزێنراوە هێناوە، بۆئەوەی وا نەزانن کە لە ئیسلامدا ئەوە شتێکی باشە، ئەو رەهبانیەتو گۆشەگیرییەی نەصرانییەکان دەیکەن، بۆیە خوا ﷻ ئەو ئایەتانەی ناردە خوار لەوکاتەدا، هەڵبەتە لە هۆی هاتنە خوارەوەکەشدا باسمان کرد، کە هەندێك لە مسولمانان ویستوویانە، وەك نەصرانییەکان بکەن، ژیانی رەبەنیی بگرنە بەر، وە شتی خۆشو بە تام لە خۆیان قەدەغە بکەن، بە حیساب ئاوا لە خوا نزیك دەبنەوە، وە ئاوا زیاتر دەتوانن کە روو لە خوا بکەن، بەڵام خوای پەروەردگار ئاگاداری کردنەوە، کە نەخێر، ئەوە وانیە، ئەی ئیماندارینە! ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئەو خواردنە خۆشو بە تامانەی خوا بۆی حەڵاڵ کردوون، قەدەغەیان مەکەنو دەستدرێژیی مەکەن، واتە: لە قەدەغەکردنی ئەو خواردنە خۆشو بەتامانەدا، ئەوە دەستدرێژییو سنوورشکێنییە، وە خوا سنوورشکێنانی خۆشناوێن، ﴿ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا ﴾، دوای ئەوەی پێیان دەفەرموێ: لە خۆتانیان قەدەغە مەکەن، ئنجا فەرمانیشیان پێدەکاتو دەفەرموێ: وە لەو رۆزییەی خۆشو چاکەی کە خوا پێیداونو بۆی حەڵاڵ کردوون، بخۆن،

﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ ﴾، وە پارێز لەو خوایە بكەن كە ئێوە پێی ئیماندارنو ئیمانتان پێی هەیە، پارێزی لێبكەن، واتە: پارێزی لێبكەنو شتێك كە خوا بۆی حەڵاڵ كردوون، لە خۆتانی مەگێڕنەوە، وە پارێزیشی لێبكەن، لە حەڵاڵیشدا تێمەپەڕێننو زێدەڕۆیی مەكەن، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ٣١ ﴾ الأعراف، واتە: بخۆنو بخۆنەوە، بەلام زێدەڕۆیی مەكەن، چونكە (خوا) زێدەڕۆییكەرانی خۆشناوێن، جا كە دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، پارێز لە خوا بكەن، چیو چی دەگرێتەوە؟ دوایی زیاتر تیشكی دەخەینە سەر، ئنجا دوای ئەوە خوا ﷻ باسی سوێند دەكات، بۆچی؟ چونكە دیارە هەندێك لەو مسوڵمانانە گوتوویانە: خواردنی خۆش ناخۆین، یاخود ناچینە لای هاوسەرەكانمان، یان گۆشت ناخۆینو، پێدەچێ سوێندیان خواردبێ لەسەر ئەو شتانە، دوایش گوتوویانە: سوێندەكان چی لێبكەین؟! بۆیە خوای زاناو شارەزا باسی كەفارەتی سوێند خواردن دەكات، دەفەرموێ: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغۡوِ فِيٓ أَيۡمَٰنِكُمۡ ﴾، خوا لێتان ناگرێ بەهۆی لەغو لە سوێندەكانتاندا، (لغو) واتە: قسەی پووچ، یاخود قسەی سەر زارەكیی، یاخود سوێندێكی دڵ لەسەر نەچەسپێنراو، (لغو الیَمِین)، یان ئەوەیە كە وا بزانی شتێك وابووەو سوێندی لەسەر بخۆی، یاخود وا بزانی شتێك وانەبووەو سوێندی لەسەر بخۆی، دوایی دەربكەوێ كە وابووە، یان وانەبووە، ئەوەش مانایەكی دیكەیەتی، بە هەر حاڵ خوا دەفەرموێ: خوا لەسەر سوێندی لەغو كە دەیخۆن لێتانناگرێ ﴿ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَ ﴾، بەلام لێتان دەپێچێتەوەو لێتاندەگرێ بەهۆی سوێندێكەوە، كە گرێتان داوە، واتە: سوێندێك كە دڵتان لەسەر گرێ داوە، لێپرسینەوەی لەسەرە، سوێندێك كە بە جیددیی خواردووتانە، ئەوجار باسی چۆنیەتی لابردنی گوناهی ئەو سوێندە دەكات، كە دڵی لەسەر چەسپێنراوەو جێبەجێ ناكرێ، دەفەرموێ: ﴿ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ ﴾، كەفارەتو سڕانەوەی ئەو

سوێندانەتان بەوە دەبێ کە خواردن بە دە کەسی نەدار بدەن، لە خواردنێکی مام نێوەندیی کە دەیدەن بە ماڵو خێزانی خۆتان، واتە: نە باشترین جۆر، نە خراپترین جۆر، بەڵکو لای نێوەڕاستی بگرن، خواردنێکی میانجیی، نەك لەوەی بە دەگمەن بۆخۆتان دەیخۆن، لە خواردنی باش، یاخود لە خواردنی خراپ، ﴿أَوْ كِسْوَتُهُمْ﴾، یاخود پۆشاکیان، یانی پۆشاکیان بۆ بکڕی هی دە نەدار، جا پۆشاکەکەش، دوایی باسی دەکەین، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: هەر شتێك بێ پێی بگوترێ: پۆشاك دەبێ، ئەگەر کڵاوێك بێ، ئەگەر مێزەرێك بێ، ئەگەر سەرپۆشێك بێ، کراسێك بێ، وە هەندێك گوتوویانە: دەبێ سەرتاپا بێ، ﴿أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾، یان ئازادکردنی گەردنێك، واتە: ئازادکردنی کۆیلەیەك، دیارە ئێستا کۆیلە نەماون، کەفارەتی سوێند خواردن بۆتەوە بە ناندانو پۆشاك بۆ کردن، ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ﴾، ئنجا کەسێك وەدەستی نەکەوت، واتە: نە خواردنی هەبوو بیدات بە نەدار، نە توانای هەبوو پۆشاکیان بۆ بکڕێ، وە نە کۆیلەشی بۆ کڕدرا، بۆئەوەی ئازادی بکات، کە وەك گوتم ئێستا هەر نیەK ئەوە سێ ڕۆژ ڕۆژووگرتنی لەسەرە، ﴿ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ﴾، ئا ئەوە کەفارەتی سوێندەکانتانە، هەر کات سوێندتان خوارد، ئنجا ئایا ئەو سێ ڕۆژە لەسەر یەك بەڕۆژووبێ؟ یان پچڕپچڕیش بێ دەبێ؟ زانایان هەردوو ڕایەکیان هەن، لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ﴾، وە سوێندەکانتان بپارێزن، واتە: زۆر سوێند مەخۆن، بەپێی پێویست نەبێ سوێند مەخۆن، ئەوە مانایەکی، یاخود کە سوێندتان خوارد، هەر لە خۆوە بەبێ هۆ سوێندەکانتان مەخەن، واتە: دەبێ سوێندەکە بەرنە سەر، ئەگەر ئەو شتە کە سوێندتان لێ خواردوە باشتر بوو، دەبێ کەفارەت بدەن، ئەگەرنا دەبێ سوێندەکەتان بەرنە سەر، ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾، ئاوا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو سوپاسگوزاریی بۆ خوا ﷻ بکەن.

# چەند مەسەلەیەكی گرنگ

**مەسەلەی یەكەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴾، بە درێژایی مێژوو بەشەر بە دوو شێوە تووشی هەڵە بووە، لە بواری مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانەدا كە پێی خۆشن، جا خواردنو خواردنەوەیە، بەرگو پۆشاكە، خانووبەرەیە، ... هتد، هەموو ئەو شتانەی كە ژیانی دنیایی پێویستی پێیانە:

هەڵەی یەكەمیان: بریتی بووە لە تێپەڕاندن، واتە: نوقم بوون لەو مەتاعو ڕابواردنو خۆشییو لەززەتە ماددیانەدا، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴿٣١﴾ ﴾الأعراف، واتە: وە بخۆنو بخۆنەوە، بەڵام زێدەڕۆیی مەكەن.

هەڵەی دوومیان: بریتی بووە لە لەخۆ قەدەغەكردنی ئەو شتە خۆشانە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأعراف، واتە: بڵێ: كێ ئەو جوانیەی كە خوا بۆ بەندەكانی وەدەری ناوەو، ئەو ڕۆزییو خواردنو خواردنەوە بە تامو خۆشانەی كە خوا بۆ بەندەكانی دروستی كردوون، قەدەغەی كردوون؟! واتە: مادام خوا بۆ بەندەكانی دروستی كردوون، كەس مافی ئەوەی نیە لێیانیان قەدەغە بكات.

ئیسلام هاتوە خەتی نێوەڕاستی گرتوە، دەڵێ: نە تێپەڕێننو لە ڕابواردنی ماددییدا نوقم بن، وە نە كورتیشی بێنن، كە ئەوانە لە خۆتان بگرنەوە، وەك ڕاهیبە نەصرانییەكان، بەڵكو خەتی نێوەڕاست بگرن.

وە لەوبارەوە پێشەوای توێژەرەوانی قورئان (أَبُو جَعْفر الطَّبَري) هەندێ قسەی زۆر جوانی کردوون، کە (القرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] لێی نەقڵ دەکات، دەڵێ: (قَالَ الطَّبَري: لا يَجُوزُ لأَحَدٍ مِنَ الـمُسْلِمِينَ تَحْرِيمُ شَيء مِمَّا أَحَلَّ الله لِعِبَادِهِ الـمُؤْمِنينَ عَلَى نَفْسِهِ مِن طَيِّبَات المطاعمِ وَالـمَلاَبِسِ وَالـمَنَاكِحِ، إذَا خَافَ عَلَى نَفْسِهِ بِإِحْلاَلِ ذَلِكَ بِهَا بَعْض العنت وَالمَشَقَّةِ؛ وَلِذَلِكَ رَدَّ النَّبيّ ﷺ التبتل عَلى ابن مَظعُون فَثَبَتَ أَنَّهُ لاَ فَضْلَ فِي تَرْكِ شَيء مِمَّا أَحَلَّهُ الله لِعِبَادِهِ، وَأَن الفَضْلَ وَالبِرّ إِنَّمَا هُوَ فِي فِعْلِ مَا ندب عِبادِهِ إِلَيْهِ، وَعَمل بِهِ رَسُولُ الله ﷺ، وَسَنَّهُ لِأُمَّتِهِ، وَاتَّبعهُ عَلَى مِنْهَاجِهِ الأَئِمَة الرَّاشِدُونَ، إذَ كَانَ خَيرُ الهَدِي هَدي نَبِيّنَا مُحَمَّد ﷺ، فَإِذَا كَانَ كَذَلِكَ تَبَيَّنَ خَطَأُ مِنْ آثر لِبَاس الشَّعرِ وَالصوفِ عَلَى لِبَاس القُطْنِ وَالكَتَّان إذَا قدرَ عَلَى لِبَاسِ ذَلِكَ مِنْ حِلِّهِ، وَآثر أَكل الخَشن مِنَ الطَّعَامِ وَتَرْك اللَّحْمِ وَغَيْرِهِ حذراً من عارضِ الحَاجَّة إِلى النِّسَاءِ، ... وَذَلِكَ أَنَّ الأَوْلَى بِالإِنْسَان صَلاَحُ نَفْسِهِ وَعونه لَهَا عَلَى طَاعَةِ رَبِّهَا، وَلا شَيءَ أَضَرَّ لِلْجِسْمِ مِنَ المطاعم الرَدِيئَةِ لأَنَّهَا مُفْسِدَةٌ لِعَقْلِهِ وَمضعفةُ لأَدَوَاتهِ الَّتِي جَعَلَهَا اللهُ سَبَباً إِلى طَاعَتِهِ، وَقَدْ جَاءَ رَجُلٌ إِلى الحَسَنِ البَصَرِيّ؛ فَقَالَ: إِنَّ لِي جَاراً لا يَأْكُلُ الفَالُوذَج، فَقَالَ: وَلِمَ؟ قَالَ: يَقُولُ لا يُؤَدّي شكره؛ فَقَالَ الحَسَن: أَفَيَشْرَبُ الـمَاءَ البَارِدَ؟ فَقَالَ: نَعَمْ، فَقَالَ: إِنَّ جَارَكَ جَاهِلٌ، فَإِنَّ نِعْمَةَ اللهِ عَلَيْهِ فِي الـمَاءِ البَارِدِ أَكْثَرُ مِنْ نِعْمَتِهِ عَلَيْهِ فِي الفَالُوذَج)، واتە: (طَبَري) دەڵێ: دروست نیە بۆ هیچ کام لە مسوڵمانان هیچ کام لەو شتانەی کە خوا بۆ بەندە ئیماندارەکانی حەڵاڵی کردوون لە شتە خۆشو بە تامەکان، لە جۆرەکانی خواردن، جلو بەرگو پۆشاك، یاخود هاوسەرگیریی، لە خۆی قەدەغە بکات، کاتێك مەترسیی ئەوەی هەبێ، لەوەی کە ئەگەر لێیان بەهرەمەند بێ، دوایی بەهۆی ئەوەوە ئارەزووی جینسیی دەجووڵێ، یان بەهۆی ئەوەوە کە بەدەنی بەهێز دەبێ، تووشی گوناح ببێ، دەڵێ: هەر بۆیەش پێغەمبەر ﷺ بەرپەرچی (ابْنُ مَظعُون)ی دایەوە، کاتێك ویستی گۆشەگیریی بکات، کەواتە: ئەوە دەرکەوت کە هیچ چاکەیەك لەوەدا نیە کە ئەوەی خوا بۆ بەندەکانی خۆی حەڵاڵ کردوە، وازی لێبێنی،

---

١) الجامع لأحكام القرآن: ج٦، ص٢٢٨.

(پێت وابێ بەوە لە خوا نزیك دەكەویەوە) بەڵكو چاكەو چاكەكاریی لەوەدایە كە خوا بەندەكانی بۆ هانداوە، وە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی داوەو ڕەنگی بۆ ڕشتوە، وە پێشەوایانی سەرڕاستیش بە دوای پێغەمبەر ﷺدا ڕۆیشتوون، چونكە باشترین ڕێباز ڕێبازی پێغەمبەر موحەممەدە ﷺ، جا مادام وابێ، كەواتە: دەركەوت ئەوانەی كە بەرگی مووو خوریی لەبەردەكەن، (شعر: بە مووی بزن دەگوترێ، صوف: بە خوری مەڕ)، هەڵیدەبژێرن بەسەر پۆشاكێكدا كە لە لۆكەو كەتتان دروست دەكرێ، ئەوانە بەهەڵەداچوون، (مادام بتوانی بە حەڵاڵی پۆشاكێكی باشتر لەبەربكەی بۆچی هی خراپتر لەبەر دەكەی؟!!) هەروەها ئەوانەی كە خواردنی زبر دەخۆنو هەڵیدەبژێرن بەسەر خواردنی چاك دا (زبر: واتە: خواردنێك كە باش نیەو هێزو پێزی وا نداتە بەدەن)، وە دەچێ واز لە خواردنی گۆشتو غەیری گۆشت دێنێ لەو خواردنانەی كە پێویستن بۆ بەدەن، لە ترسی ئەوەی كە پێویستی بە ئافرەت بێ، (لە ترسی ئەوەی كە ئارەزووی جینسیی بجووڵێ) ئەوانە بەهەڵەداچوون، چونكە باشتر وایە بۆ ئینسان كە خۆی چاك بكات، وە نەفسی خۆی لە شتی حەڵاڵ تێر بكات، تاكو بتوانێ فەرمانبەریی پەروەردگاری بكات، وە هیچ شتێكیش بۆ بەدەن خراپتر نیە لە خواردنی خراپ، ئەو خواردنانەی كە هێزو پێزیان نەبێ، چونكە خواردنی خراپ دوایی عەقڵیشی تێكدەدات، وە ئەندامەكانی بەدەنیشی بێهێز دەكات، كە بە دەنێكی بە هێزی نەبێو عەقڵێكی سەلیمی نەبێ طاعەتو خواپەرستییشی پێ ناكرێ، (كاتی خۆی كەسانی وا هەبوونو ئێستاش هەر هەن، كە تێپەڕێنن بە باری دنیا بە كەمگرتنداو، پێیانوایە بەوە لە خوا نزیك دەبنەوە) ئنجا دەڵێ: پیاوێك دەچێ بۆ لای حەسەنی بەصرایی پێی دەڵێ: دراوسێیەكم هەیە (فَالُوذَج) ناخوات، (واپێدەچێ شیرینییەكی وەك پاقلاوە بووبێ) ئەویش دەڵێ: بۆچی نایخوات؟ دەڵێ: سوپاسی خوام بۆ لەسەری ناكرێ، (یانی: شتێكی زۆر خۆشە، دەترسم بیخۆم، نەتوانم خواپەرستیی هێندە بكەم كە وەك سوپاسگوزاریی وابێ لە بەرانبەر ئەو نیعمەتەدا) حەسەنی بەصراییش دەڵێ: دراوسێیەكەت ئاوی سارد دەخواتەوە؟ دەڵێ: بەڵێ، دەڵێ: دراوسێیەكەت نەزانە، چونكە نیعمەتی خوا لە ئاوی سارددا، زۆر زیاترە لە نیعمەتی خوا لە (فَالُوذَج)دا، {چونكە هەموو كەس بەبێ (فَالُوذَج) دەژی، بەڵام كەس بەبێ ئاوی سارد ناژی}.

کەواتە: با لە ترسی ئەوەی کە شوکری خوای بۆ ناکرێ واز لەو نیعمەتە نەهێنێ، با نیعمەتەکانی خوا بەکاربێنێ، بەلاَم زێدەڕۆییان تێدا نەکات، وە سوپاسی خواشیان لەسەر بکات، بۆئەوەی جەستەیەکی بەتوانای هەبێ، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەهۆی خواردنی خراپو بەهۆی پشتگوێخستنی جەستەیەوەو جەستەی نەخۆش بوو، مانای وایە ئەوکاتە نە خواپەرستییو دینداریی باشی بۆ دەکرێ، وە نە دنیاداریشی بۆ دەکرێ، کەواتە: بە کورتیی ئەم ئایەتە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە ئیسلام ئاییني فیطرەتو عەقڵی ساغە، وە لەگەڵ ئینساندا مامەڵەیەکی واقیعییانە دەکات، وە هەموو غەریزەکانی ئینسان لەبەرچاو دەگرێ، کە تێریان بکات، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (آل عمران) دەفەرموێ: ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ... ﴿١٤﴾ ﴾ واتە: خۆشەویستی ئارەزووەکان بۆ خەڵك جوان کراون لە ئافرەتو کوڕان زێڕو زیوو... هتد، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَعۡتَدُوٓاْ ﴾: چوار واتای هەن:

١) سنوورشکێنیی مەکەن، بەوە کە ئەوەی خوا حەلاَڵی کردوە، حەرامی بکەن، کە ئەوە کوفرە.

٢) سنوورشکێنیی مەکەن، بەوە کە زێدەڕۆیی بکەن لەوەدا کە خوا حەلاَڵی کردوە.

٣) سنوورشکێنیی مەکەن، بەوە کە ئەوەی خوا حەرامی کردوە، بە حەلاَڵی دابنێن.

٤) سنوورشکێنیی مەکەن، بەوەی ئەو خواردنە خۆشو بەتامانە زۆر بخۆنو زێدەڕۆییان تێدا بکەن، دوایی زیان بە نەفسو بەدەنی خۆتان یان ماڵو خێزانتان بگەیەنن.

**مەسـەلـەی دووەم:** کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ ﴾، لێـرەدا ئـەوەی پێویسـتە بزانـرێ، ئەوەیـە کـە زۆرجـار گـوتراوە: وشـەی (طَيِّبَات) واتـە: حـەڵاڵ، بـەڵام ئـەوە هەڵـەیەو حـەڵاڵ شـتێکەو (طَيِّبَات) شـتێکی دیکەیە لەڕاسـتیدا (طَيِّب) واتە: هەر شـتێك کـە خـۆش و بـە تـام و بـە لـەززەتەو بـە سـوودە، (الطيّب: ما تستلذه النفس والحواس)[١] حـەڵاڵیش ئەوەیە کە لـە ڕووی شـەرعییەوە خـوای پـەروەردگار بـە ڕەوای دانـاوە، وە خـوای پەروەردگـار دەفـەرموێ: ﴿ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ ﴾الأعراف، هەرچـی خۆش و بـە تامـە خـوا حـەڵاڵی کـردوە، تـەنیا خـوا ئـەو شـتانەی قەدەغـە کـردوە کـە پـیس و زیانبەخشـن ﴿ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ﴾الأعـراف، وە هـیچ شـتێکی سـوودبەخش نیـە خـوا حەڵاڵـی نەکـردبێ، هـیچ شـتێکی زیانبەخشـیش نیـە، قەدەغـەی نەکردبـێ.

(فَخـرَ الـدِّین الـرازي) دەڵـێ: لـە ڕێگـرتن لـە قەدەغـەکردنی شـتە خـۆش و بەتامەکـان، چـوار حیکمـەتی تێـدان:

{الأوّل: أن الرهبانية المفرطة والإحتراز التام عن الطيبات واللذات مما يوقع الضُّعف في الأعضاء الرئيسية التي هي القلب والدماغ، وإذا وقع الضعف فيهما اختلت الفكرة وتشوش العقل. ولا شك أن أكمل السعادت وأعظم القربات إنما هو معرفة الله تعالى، فلمَّا كانت الرهبانية الشديدة مما يوقع الخلل في ذلك بالطريق الّذي بيناه، لا جرم وقع النهي عنها.

والثاني: وهو أن حاصل ما ذكرتم أن اشتغال النفس بطلب اللذات الحسية يمنعها عن الإستكمال بالسعادات العقلية، وهذا مُسَلَّمٌ لكن في حق النفوس الضعيفة، أما النفوس المستعلية الكاملة، فإنها لا يكون استعمالها في الأعمال الحسية مانعاً لها من الإستكمال بالسعادات العقلية، فإنا نشاهد النفوس قد

---

١) مفردات ألفاظ القرآن، لراغب الأصفهاني، لفظ: طاب.

تكون ضعيفة بحيث متى اشتغلت بمهم امتنع عليها الإشتغال بمهم آخر، وكلما كانت النفس أقوى كانت هذه الحالة أكمل، وإذا كان كذلك كانت الرهبانية الخالصة دليلاً على نوع من الضعف والقصور، وإنّما الكمال في الوفاء بالجهتين والإستكمال في الناس.

الثالث: وهو أن من استوفى اللذات الحسية، كان غرضه منها الإستعانة بها على استيفاء اللذات العقلية، فإن رياضتَهُ ومجاهدته أتم من رياضة من أعرض عن اللذات الحسية، لأن صرف حصة النفس إلى جانب الطاعة أشق وأشد من الإعراض عن حصة النفس بالكلية، فكان الكمال في هذا أتم.

الرابع: وهو أن الرهبانية التامة توجب خراب الدنيا وانقطاع الحرث والنسل}.

١- پوختەی مانای قسەکانی (الرازي) ئاوایە: ڕەهبانیەتی تێپەڕێنەرانە لە گۆشەگیریی‌و لە دنیا بە کەمگرتنداو یەکجاریی دەست هەڵگرتن لە شتی خۆش‌و بە تام، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەدەن بێهێز بێ، بەتایبەت ئەندامە سەرەکییەکان، وەك عەقڵ‌و دڵ، وە کاتێك کە بەدەنیش بێهێز دەبێ، دڵ‌و عەقڵیش باش ئیش ناکەن، ئنجا کە دڵ‌و عەقڵیش باش ئیشیان نەکرد، پێش هەموو شتێك مرۆڤ ناتوانێ خواناس بێ‌و مانای وایە پەکی دەکەوێ.

٢- دیارە سەرگەرمبوونی نەفس بە لەززەتە ماددییەکانەوە، ڕێی لێدەگرێ لە گەشەکردنی عەقڵیی‌و ئیمانیی، بەڵام ئەوە بۆ کەسانێکی بێهێز وایە، ئەمما ئەوانەی نەفسێکی بەهێزیان هەبێ‌و کامڵ بن، هەم هەقی لایەنی ماددیی دەدەن، لە جەستەیان، هەم هەقی لایەنی مەعنەوییش دەدەن بە ڕووحیان.

٣- لەڕاستییدا ئەو کەسەی لە ڕووە ماددییەکەوە بەهرە وەردەگرێ لە لەززەتە جەستەییەکان، بۆئەوەی کە بیکاتە هۆکار بۆ لە خوا نزیکبوونەوە، باشترە لەوەی کە نەفسی خۆی لە هەموو شتێك دەگێڕێتەوەو، دوایی هەمیشە چاوی تێوەیەتی.

٤- بە دڵنیاییەوە ڕەهبانییەت‌و گۆشەگیریی تەواو، دەبێتە هۆی تێکچوونی دنیاو کۆتایی پێهێنانی وەچەی بەشەر.

**مەسەلەی سێیەم:** کە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ ۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾، واتە: خوا لێتان ناپرسێتەوەو سزاتان نادات بە هۆی ئەو سوێندانەتانەوە کە (لغو)ن، بەڵکو لێتان دەپرسێتەوەو سزاتان دەدا بەهۆی ئەو سوێندانەتانەوە کە دڵیان لەسەر دەچەسپێنن...

ئێمە بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕستە قورئانییە، باسێك لەبارەی سوێند خواردنەوە دەخەینە ڕوو، واتە: باسێکی تەفسیریی فیقهیی لە حەوت خاڵدا، بۆئەوەی لە هەر شوێنێکی دیکە لەم تەفسیرەدا مەسەلەی سوێندمان هاتەوە پێش، حەواڵەی ئێرەی بکەین:

## باسێك لەبارەی سوێند خواردن و کەفارەتەکەیەوە

**یەکەم: پێناسەی سوێندی (لغو):**

ئەوە شتێکی ئاشکراو ڕوونەو دیاردەیەکی باوە لەنێو هەموو میللەتاندا، کە سوێند خواردنی جیددیی هەیەو، سوێند خواردنی سەرزارەکیی (لغو) هەیە، بەکوردی دەڵێین سەرزارەکی، یان سوێندێك کە دڵی لەسەر نەچەسپێنرابێ، کە دوایی زیاتر شیدەکەینەوە، سوێندی (لغو) چییە؟

(راغب) لە (مفردات)ەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: (اللَّغو مِنَ الكَلاَمِ مَا لا يُعْتَدّ بِهِ وَهُوَ الَّذِي يُورَدُ لا عَنْ رويَةٍ وَفِكرٍ فَيَجْري مَجْرَى اللغَا، وَهُوَ صَوْتُ العَصَافِيرِ وَنَحْوِهَا

---

١) ص٧٤٢.

مِنَ الطَّيُورِ، اللَّغُو فِي الإِيمَان أَي مَا لا عَقْدَ عَلَيْهِ وَذَلِكَ مَا يَجري وَصلاً للكَلامِ بضَربٍ مِنَ العَادَة)، واتە: وشەی (لَغو) لە ئەسڵی زماندا قسەیەکە کە گرنگیی پێنەدرێ، ئەویش قسەیەکە کە ئینسان بەبێ بیر لێکردنەوەو تێوەڕامان بیکات، ئەو جۆرە قسەیە وەك (لغا) وایە، (لغا)ش بریتیە لە دەنگی پاساریی (چۆلەکە)، وە وێنەی چۆلەکە پاساریی لە باڵندەکانی دی، وە وشەی (لغو) لە سوێندەکاندا واتە: ئەو سوێندەی کە دڵی لەسەر ناچەسپێنرێ، بەڵکو وەك تەواوکردنی قسە وەك عادەت پێوەگرتن دەڵێن: (بە خوا وابوو، بە خوا وانەبوو)، (لا والله بَلَى واللهِ).

## جۆرەکانی سوێند خواردن:

### ئنجا ئایا سوێندی (لغو) چەند جۆری هەیە؟

سوێندی لەغوو دوو جۆری سەرەکییە، کە یەکیان پەیوەندیی بە زمانەوە هەیەو، یەکیشیان بە دڵەوە پەیوەستە، زانایانیش هەندێکیان دەڵێن: ئەوە ماناکەیەتی، هێندێکیشیان دەڵێن: ئەوی دیکە، وە من پێموایە سوێندی (لغو) هەردووکیانە:

١- (مَا يَسبِقُ إِلَيْهِ اللِّسَانُ مِنْ غَيْرِ قَصْدِ الحَلِفِ كَقَولِ الإِنسَان لا وَاللهِ، وَبَلَى وَاللهِ) واتە: ئەو سوێندەیە کە زمان بۆی پێش دەکەوێ، بێئەوەی ئینسان مەبەستی بێ، بەسەر زاری دادێ، کوردەواریی خۆمان دەڵێن: سوێندی سەرزارەکی، کە هەر لە خۆوە ئینسان دەڵێ: بە خوا ئەو شتە وابوو، نە بەخوا وانەبوو، بەڵام مەبەستی نیە سوێند بخوات، ئەوە پێناسەیەکی (لغو).

٢- (أَنْ يَعْقِدَ الإِنْسَانُ عَلَى اليَمِينِ يَظنُ صِدْقَ نَفْسِهِ، فَبَانَ بِخِلَافِ ذَلِكَ) ئەوەیە کە ئینسان دڵی خۆی بچەسپێنێ لەسەر شتێك، مەبەستی بێ سوێندی لەسەر بخوات، وە پێشیوابێ ڕاست دەکات، بەڵام دوایی بۆی دەرکەوێ کە بەهەڵەداچووە، بۆ وێنە: سوێندێ بخوا کە فلان کەس هاتۆتەوە لە سەفەرێ، پێیوابێ کە ڕاست دەکات، لە حاڵێکدا کە نەشهاتۆتەوە، بە هەردوو باردا، چ ئیسپاتی بکەی، چ نەفی بکەی، بەڵام دوایی دەرکەوێ، پێچەوانەیە، هەندێك

گوتوویانە: ئەوەیان پێی دەگوترێ: سوێندی (لغو)، ئەو کەسە مەبەستی ئەوە نەبووە ئینکاریی هەقێك بکات، بەڵام لەو کاتەدا قەناعەتی وابووە، کە من پێموایە سوێندی (لغو)، هەردووکیان دەگرێتەوە، هەرچەندە زیاتر جۆری یەکەمیان دەگرێتەوە، لەبەر ئەم دەقە کە لە دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ گێڕدراوەتەوە، گوتوویەتی: ﴿إنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: اللَّغو في اليَمِينِ هُوَ كَلاَمُ الرَّجُلِ فِي بَيْتِهِ: كَلاَّ وَاللهِ وَبَلَى وَاللهِ﴾ {رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (٤٦١٣)}، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: سوێندی (لَغُو) ئەوەیە کە کابرا لە ماڵی خۆیدا دەڵێ: نەخێر بەخوا وانیە، وە با بەخوا وابوو، ئاوا سوێندی بەسەر زار دادێ، بێئەوەی کە دڵی لەسەری بچەسپێ، ئەوە باوترین مانای (لَغُو اليَمِينِ) سوێندی سەرزارەکییە.

**دووەم: جۆرەکانی سوێند:**

وشەی (يَمِين) واتە: سوێند، وە لە ئەسڵدا (يَمِين) بە دەستی ڕاست دەگوترێ، بەڵام بۆچی خوازراوەتەوە بۆ سوێند؟! چونکە عادەتیان وابووە کە بەدەستی ڕاست پەیمانیان لەگەڵ کەسێك بەستوە، وەك بڵێی سوێندیان خواردوە، ئنجا لەوەوە وشەی (يَمِين)یان لە دەستی ڕاستەوە خواستوّتەوە بۆ سوێندیش، وشەی (يَمِين) بە (أءمُن) کۆدەکرێتەوە، وە بە (أَيْمَان)یش، وە وشەی (اليَمِين: تُذكّر وتؤنث)، واتە: بە (مُؤنّث)یش دێ، لە زمانی عەرەبیدا (المُؤنّث المَجَازِي)، بە (مُذَكَّر)یش دێت، دەگونجێ بگوترێ: (هَذَا يَمِينٌ)، وە (هَذِهِ يَمِين).

(القُرطُبي) لە (الجامع لأحكام القُرآن)[1]دا، دەڵێ: جۆرەکانی سوێند چوارن، (جا من قسەکەی ئەو دێنم، بەڵام من پێموایە جۆرەکانی سوێند پێنجن)، دەڵێ: (الأَيْمَانُ فِي الشَّرِيعَةِ عَلَى أَرْبَعَةِ أَقْسَامٍ: قِسْمَانِ فِيهِمَا الكَفَّارَةُ، الرَّجُلُ الَّذِي يَحْلِفُ وَاللهِ لا أَفْعَلُ كَذَا وَكَذَا، فَيَفْعَلُ، وَالرَّجُلُ يَقُولُ: وَاللهِ لأَفْعَلَنَّ كَذَا وَكَذَا، فَلاَ يَفْعَلْ، وَقِسْمَانِ لَيْسَ فِيهِمَا كَفَّارَة، الرَّجُلُ يَحْلِفُ وَاللهِ مَا فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ فَعَلَ، وَالرَّجُلُ يَحْلِفُ لَقَدْ فَعَلْتُ كَذَا وَكَذَا وَلَمْ يَفْعَلْهُ) واتە: لە شەریعەتدا

١) ج٦، ص١٣١ - ١٣٢.

سوێند چوار جۆرە: دوو جۆریان کەفارەتیان لەسەرە (بە یەکدەنگیی هەموو زانایان، ئەو دوو جۆرە کە کەفارەتیان لەسەرە) ئەوەیە کە پیاوێك سوێند بخوا بڵێ: بە خوا ئاواو ئاوا ناکەم، ئەو شتە ناکەم، دوایی بیکات (بۆ وێنە: بڵێ سەردانی فلان کەس ناکەم، دوایی سەردانی بکات، ئەوە دیارە کەفارەتی دەکەوێتە سەر بەپێچەوانەوە) وە پیاوێك سوێند بخوا بڵێ: بەخوا وادەکەم‌و وادەکەم، دوایی وانەکات (بۆ وێنە: بڵێ: دەچمە فلان شوێن، دوایی نەچێ، ئەوە سوێندەکەی نەهێناوەتە جێ، واتە دەبێ کەفارەت بدات) وە ئەو دوو جۆرەی کە کەفارەتیان تێدانییە ئەوەیە کە سوێند بخوا، بڵێ ئەو شتەم نەکردوە، کردبێتیشی، یاخود بڵێ ئەوشتەم کردوەو نەیکردبێ، بەڵام پێیوابێ کە ڕاستی کردوە، ئەگەرنا ئەگەر کەسێك نکوولیی لە شتێك بکاو کردبێتی، یاخود بە نکوولیی بڵێ: شتێکی کردوەو نەیکردبێ، بۆ هەق کردنە ناهەق‌و ناهەق کردنە هەق، ئەوە جۆری پێنجەمی سوێندەکەیە پێی دەگوترێ (الیَمین الغموس) واتا سوێندی نقوومکەر، لەبەرئەوەی خاوەنەکەی لە گوناحدا نقووم دەکات.

جا (القُرطُبي) دەڵێ: (وَاليَمِينَان الأَولَيَان فَلاَ اخْتِلاَف فِيهِمَا بَيْنَ العُلَمَاء أنَّ فِيهِمَا كَفَّارة) ئەو دوو سوێندەی یەکەم، ئەوە دیارە کەسێك سوێند بخواو بڵێ: وادەکەم، دوایی وای بۆ نەکرێ، یان بڵێ: واناکەم دوایی وابکات، دیارە کەفارەتی دەکەوێتە سەرێ بەیەکدەنگیی هەموو زانایان، بەڵام دوو سوێندەکەی دوایی، زانایان تێیاندا کەوتوونە ڕاجیایی، زۆربەیان کە (مَالِك وسُفيان الثَوري وأَصْحَاب الرَأي، وَأَحْمَد وأَبو عبيد)ن، دەڵێن (فَإِنْ كَانَ الحَالِفُ حَلَفَ عَلَى أَنَّهُ لَمْ يَفْعَل كَذَا وَكَذَا، أَوْ أَنَّهُ قَدْ فَعَلَ كَذَا وَكَذَا عِنْدَ نَفْسِهِ صَادِقاً يَرى أَنَّهُ عَلَى مَا حَلَفَ عَلَيْهِ، فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ وَلا كَفَّارَةَ عَلَيْهِ) ئەگەر ئەو کەسەی سوێندی خواردوە لە دڵی خۆیدا خۆی بەڕاست بزانێ‌و سوێندی لەسەر بخوا، جا چ بە باری کردندا بڵێ وامکردوە، دوایی واش نەبووبێ، چ بڵێ وام نەکردوەو لە بیری چووبێ، واشیکردبێ، ئەوە لەسەر ڕای زۆربەی زانایان دەچێتە بازنەی جۆری سوێندی (لغو)ەوەو نە کەفارەتی لەسەرە، نە گوناهی لەسەرە، بەڵام شافیعیی ڕەحمەتی خوای لێبێ، دەڵێ با پێشی وابێ ڕاست دەکات لە نەفی کردن، یاخود

لـە ئیسـپات کردنـدا، مـادام سـوێندی لەسـەر خـوارد، گونـاهی ناگاتـێ، چونکـە پێـیوابووە ڕاسـت دەکـات، بـەڵام کەفـارەتی لەسـەرە.

(المرْوَزِي) یەکێکـە لە زانـایان دەڵـێ: (وَلَيْسَ قَول الشـافِعِي فـي هَذَا بِالقَـوِيِّ) واتە: قسـەی شافیعیی لێرەدا بـەهێز نیـە، ئـەوە هـەمووی (قُرطُبي) لـە سـەرچـاوەی ئاماژەپێکـراودا هێنـاونیو منـیش ڕای زۆربـەم پـێ ڕاسـتە، کـە نابـێ کـەفارەتی لەسـەربـێ.

## سـێیـەم: سـوێندی نقـومکـەر(الیـمین الغمـوس):

دەڵـێ: (سُمِّيَت غَمُوسَاً لأَنَّهَا تَغْمِسُ صَاحِبَهَا فِي النَّار) بۆیـە پێـی دەگـوترێ (اليَمين الغموس) واتـە: سـوێندی نقوومکـەر[1]، یان نغرۆکەر، چـونکە خاوەنەکەی لـە ئـاگردا نقـووم دەکـات، ئەوەنـدە گوناهەکـەی گەورەیـە، ئـەوەش بریتیـە لەچـی؟ (القـرطبي) ئەویشـی پێناسـە کـردوە، هەرچـەندە نەیخستۆتە نێـو چـوار بەشـەکان، دەڵـێ: (وَإِنْ كَانَ الحَالِفُ عَلَى أَنَّهُ لَمْ يَفْعَلْ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ فَعَلَ مُتَعَمِّدَاً للكَذِب، فَهُوَ آثِمٌ وَلا كَفَّارَة عَلَيْهِ فِي قَوْلِ عَامَّةِ العُلَمَاء: مَالِك وَسُفيان الثَوري وَأَصْحَاب الرَأي وَأَحْمَد بْن حَنْبَل وَأَبي ثَور وَأَبي عَبيد، وَكَانَ الشافِعي يَقُول يُكَفِّر) (الجامع لأحكام القُران)[2] واتە: ئەگـەر ئـەو کەسـەی سـوێند دەخـوا کـە وای نـەکردوەو کردبێشـیتی، جـا ئـەو جۆرەکـەی دیکـەی نـەهێناوە کـە بریتیـە لـەوەی شـتێکی نەکردبـێ، بـەڵام بـە ئانقەسـت سـوێند بخـوا کـە کردوویـەتیو درۆ بکا، (واتـە: بزانـێ کردوویـەتیو ئینکـاریی لـێ بکات، یـان بزانـێ نـەیکردوەو ئیسـپاتی بکات) ئەوە گوناهبـارە، وە کەفارەتیشـی لەسـەر نیە لـە لای زۆربـەی زانایـان...

جێـی پرسـیارە: مـادام گوناهبـارە بۆچـی کـەفارەتی لەسـەر نیـە؟ بـەڵام شـافیعیی دەڵـێ: گوناهباریشـەو دەبـێ کەفـارەتیش بـدات، ئەوانـەی کـە دەڵـێن: کـەفارەتی لەسـەر نیـە کـە دوایـی چـەند فەرموودەیـەکی پێغەمبـەر ﷺ دێـنین، دەڵـێن: لەبەرئەوەیە گوناهـەکەی هێنـدە گەورەیـە بـە کەفـارەتو شـتی وا لاناچـێ! منـیش

١) نوقـم، یان نقـووم، هەردووکیان بەکـاردێن.
٢) ج٦، ص٢٣١.

ئەو ڕایەم بە دڵەو پێم ڕاستە، چونکە هەر کەسێك ڕاست بۆوە سوێندێکی بە درۆ بخوات، بۆ ئەوەی هەقێك بکات بە ناهەق، ناهەقێك بکاتە هەق‌و شایەدییەکی درۆ بۆ کەسێك بدات، دوایی بڵێ کەفارەت دەدەم‌و گوناهەکەی لەسەر لابچێ، ئەوە دەکاتە خەڵك هاندان لەسەر سوێندی درۆو شایەدیدانی بە درۆ.

(إِبْنُ العَرَبِي) لە (أحكام القرآن)دا قسەیەکی جوان دەکات، کە (القُرطُبِي) لێی دەخوازێتەوە لە تەفسیرەکەی خۆیدا، دەڵێ: (أَنَّ الآيَةَ وَرَدَتْ بِقِسْمَيْنِ: لَغْوٌ، وَمُنْعَقِدَةٌ، خَرَجَتْ عَلَى الْغَالِبِ فِي أَيْمَانِ النَّاسِ، فَأَمَّا الْيَمِينُ الْغَمُوسُ فَلا يَرْضَى بِهَا ذُو دِينٍ أَوْ مُرُوءَةٍ، وَيُحِلُّ الإِشْكَالَ أَيْضًا أَنَّ اللهَ سُبْحَانَهُ عَلَّقَ الْكَفَّارَةَ عَلَى قِسْمَيْ الْيَمِينِ الْمُنْعَقِدَةِ، فَدَعْ مَا بَعْدَهَا يَكُونُ مِائَةَ قِسْمٍ فَإِنَّهُ لَمْ تُعَلَّقْ عَلَيْهِ كَفَّارَةٌ)، واتە: ئەو ئایەتە دوو جۆرە سوێندی تێدا هاتوە: سوێندی (لَغْو)، وە سوێندی دامەزراندن، وە سوێندی خەڵك لەو دوو جۆرەیە: یان سوێندی (لغو)یە یاخود سوێندێکی دامەزراوە، دەڵێ: چونکە خوای پەروەردگار کەفارەتی تەنیا لەسەر سوێندی دامەزراو داناوەو، فەرموویەتی سوێندی (لَغْو) کەفارەتی ناوێ، با ئەوی دیکە سەد جۆریش بێ، تەنیا دابەش دەبێتەوە بۆ ئەو دوو جۆرە، یان سوێندی دڵ لەسەر چەسپێنراوە، یاخود سوێندێکی سەرزارەکییە، بەڵام سوێندی (غموس) هیچ جوامێرێك پێی ڕازی نییە.

لەبارەی سوێندی (غموس)ەوە ئەم فەرموودەیە دێنین: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! مَا الْكَبَائِرُ؟ قَالَ: الإِشْرَاكُ بِاللهِ، قَالَ: ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ: ثُمَّ عُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ، قَالَ: ثُم مَاذَا؟ قَالَ: الْيَمِينُ الْغَمُوسُ، قُلْتُ: وَمَا الْيَمِينُ الْغَمُوسُ؟ قَالَ: الَّذِي يَقْتَطِعُ مَالَ امْرِئٍ مُسْلِمٍ هُوَ فِيهَا كَاذِبٌ﴾ {رَوَاهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٩٢٠)، وَالتِّرمِذِي برقم: (٣٠٢١)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص خوا لە خۆیی‌و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: کابرایەکی عەرەبی خێڵەکیی دەشتەکیی هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! گوناهە زۆر گەورەکان کامانەن؟ فەرمووی: هاوبەش بۆ خوا دانان، گوتی: دوای ئەوە چیدیکە؟ فەرمووی: ئێشاندنی دڵی دایك‌و باب، گوتی: دوای ئەوە چیدیکە؟ فەرمووی: سوێندی غەمووس، سوێندی

نقوومکەر، گوتم: (دیارە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص لە کۆڕەکەدا بووە)، سوێندی غەمووس چییە؟ فەرمووی: ئەو سوێندەیە کە کەسێك ماڵی مسوڵمانێکی بۆخۆی پێدادەبڕیٚو درۆش دەکات لە سوێندەکەیدا.

لە فەرموودەیەکی دیکەیدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: ﴿مَن اِقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ، فَقَدْ أَوْجَبَ اللهُ لَهُ النَّارَ، وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ، فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: وَإِنْ قَضِيبٌ مِنْ أَرَاكٍ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٢٩٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٥١)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٤١٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٣٢٤)، وَالدَّارَمِيُّ برقم: (٢٦٠٣)، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (٧٩٧)، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْحَارِثِيُّ رضي الله عنه}، واتە: هەر کەسێك ماڵی ئینسانێکی مسوڵمان بە سوێندی خۆی بۆخۆی دابڕیٚ، (واتە: سوێندی بە درۆ) ئەوە خوا ئاگری بۆ پێویست کردوە، وە بەهەشتیشی لیٚ قەدەغە کردوە، (چەند هەڕەشەیەکی گەورەیە!)، پیاوێك گوتی: ئەگەر شتێکی کەمیش بیٚ، ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ فەرمووی، سیواکێکیش بیٚ (سیواکێك لە داری ئەراك)، یاخود با چڵەدارێکیش بیٚ.

## چوارەم: سوێندی دڵ لەسەر دامەزراو (الیمین المنعقدة) بریتیە لەچی؟

(قُرطُبِي) ئاوا پێناسەکەی هێناوە، دەڵیٚ: (الـيَمِينُ الـمُنْعَقِدَةُ مُنْفَعِلَةٌ مِنَ العَقْدِ، وَهِيَ عَقْدُ القَلْبِ فِي المُسْتَقبَلِ أَلاَّ يَفعَلَ فَفَعَلَ؛ أَوْ لَيفعَلَنَّ فَلاَ يَفْعَل، فَهَذِهِ الَّتِي يُحِلّهَا الإستِثناءُ وَالكَفَّارَة)، واتە: سوێندی دامەزراو، وشەی (مُنْعَقِدة) (إِنْفَعَال)ە، لە (عَقْد) واتە: گرێدان گرێبەست، ئەویش ئەوەیە کە دڵی خۆی لە داهاتوودا بچەسپێنیٚ لەسەر شتێك کە ئەو شتە نەکات، دوایی بیکات، یاخود دڵی بچەسپێنیٚ ئەو شتە بکات، دوایی نەیکات، ئەو جۆرە سوێندە ئەوە حەڵاڵی دەکاتەوە (مەبەستی لە حەڵاڵ کردن، یانی ئەوەی ئەو گوناهە لە کۆڵ ئینسان دەکاتەوە، کە یان دەبیٚ هەڵاواردن (إستثناء)ی تێدا بکات، بە گوتنی (إن شاء الله) یان دوایی دەبیٚ کەفارەتی لەسەر بدات.

(إستثناء) واتە: هەڵاواردن کە دوایی باسی دەکەم، ئەوە چۆن دەکریٚ؟ گرنگ ئەوەیە بەو دووە، گوناهی سوێندەکەی لەسەر نامێنیٚ: یان لە میانەی

سـوێندەکەیدا هـەڵاواردنی تێدا بکات، کە بریتیـە لـە گـوتنی (إن شاء الله)، یـان ئەوەتا دەبێ دوای سوێندەکە کەفارەت بدات، ئەگەرنا گوناهبـارە.

کـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَ ﴾، وشـەی: (عَقَّدْتُم) بە سێ (قِراءة) خوێندراوەتـەوە، (عَقَّدْتُم) و (عَاقَدْتُم) و (عَقَدْتُم) بەبـێ شـەددە، هەر سـێکی یەك مانـایە، واتـە: گرێتـان دابـێ، دڵتـان لەسـەر چەسپاندبێ، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَ ﴾، واتە: خـوا سزاتان دەدات بە هـۆی ئەو سوێندانەوە کە دڵتان لەسەر چەسپاندوون، یـانی: ئەگـەر جێبەجێتـان نەکـردن، هەرچـەندە خـوای پـەروەردگار نەیفـەرمووە: ئەگـەر سوێندەکانتـان جێبـەجێ نـەکردن (إذا حَنِثـتُم فِيهـا) ئەگـەرنا ئەگـەر سـوێندەکە جێبـەجێ بکـات گوناهبـار نابـێ، کەسێك سوێند دەخـوا دەڵێ: بـەیانی بەسـەفەر دەچم، دوایی بـە سـەفەر دەچێ، ئەوە دیارە دڵیشـی لەسەر چەسپاندوە، بـەڵام ئایا خـوا موحاسـەبەی دەکـات؟ نەخێـر، بۆچی؟ چونکە ئـەوەی کە سـوێندی لەسـەر خـواردوە، سـوێند لەسـەر خوراوەکـەی جێبـەجێ کـردوە، بـەڵام ئەگـەر سـوێند لەسـەر خوراوەکـە جێبـەجێ نـەکرا، ئـەو کاتـە پێـی دەگـوترێ (حَنِثَ فِي يَمِينِهِ) واتـە: سـوێندەکەی جێبـەجێ نـەکردو دەبـێ کـەفارەت بـدات، یـان دەبـێ لەمیانـەی سـوێندەکەیدا (إستثناء)ی کردبێ، واتە: گوتبێـتی: (إن شاء الله)، بۆ وێنە کەسـێك دەڵـێ: سوێند بە خـوا (إن شاء الله) بەیانی بـە سـەفەر دەچم، ئەگەر وای گوتبێ، یـان سوێند بـە خـوا (إن شـاء الله) ئـاوا دەکـەم، ئەگـەر دوایـی بـۆی نەکـرا، مـادام (إستثناء)ی تێخسـتوە، کەواتە: گوناهبـار نیـە.

پێغـەمبەر ﷺ لـە فەرمایشـتێکدا دەربـارەی ئـەوە کە ئەگـەر ئینسـان سـوێندی لەسەر شتێك خـواردو دوایی تەماشای کـرد نـەکردنی شـتەکە باشـترە لـە کردنـی، پێویسـتـە کەفارەت بدات، لەوبارەوە فەرموویـەتی: ﴿إِنِّي وَاللهِ إِنْ شَـاءَ اللهُ لاَ أَحْلِفُ عَلَـى يَمِـينٍ فَـأَرَى غَيْرَهَـا خَيْـرًا مِنْـهَا، إِلاَّ أَتَيْـتُ الَّـذِي هُـوَ خَيْـرٌ وَكَفَّـرْتُ يَمِينِـي﴾ {أَخْرَجَـهُ البُخَـارِيُّ بـرقم: (٦٦٢٣)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٤٢٣٩)، وَأَبُـو دَاوُدَ بـرقم: (٣٢٧٦)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢١٠٧) عَنْ أَبِي مُوسَى رضي الله عنه}، واتە: مـن سـوێند بـە خـوا

(پێغەمبەر ﷺ سوێندیش دەخوا)، ئەگەر خوا بیەوێ، هیچ سوێندێك ناخۆم لەسەر شتێك، بەلاّم تەماشا بکەمو ئەوەی سوێندم لێ خواردوە (بیکەم یان نەیکەم) باشترە (بۆ وێنە: سوێندی خواردوە قسە لەگەڵ فلاّن کەس نەکات، بەلاّم قسە کردنەکە باشتر بێ) ئەوە ئەوەی کە سوێندم لەسەر خواردوە نەیکەم، دەیکەم، وە دوایی بۆ سوێندەکەشم کەفارەت دەدەم، ئەوە بەنسبەت خۆی.

بەنسبەت گشتیش دەفەرموێ: ﴿مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا فَلْيَأْتِ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨٧١٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٢٤١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٥٣٠) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٣٤٩)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه} ، واتە: هەر کەسێك سوێندی خوارد لەسەر شتێك، دوایی تەماشای کرد غەیری ئەوە باشترە، با ئەوەی کە بە چاکی دەزانی بیکاتو، کەفارەتی سوێندەکەی بدات.

دیارە سەرەتای سورەتی (التحريم)یش ئەگەر تەمەن باقی بێ إن شاء الله دەیگەینێ، لەوبارەوەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴿١﴾ قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴿٢﴾ ﴾، (ئەوەش دیارە بەسەرهاتێکی هەبووە: پێغەمبەر ﷺ سوێند دەخوا نەچێتە لای ماریەی قیبطیی کە کەنیزەیەکی بووە، لەبەرئەوەی هەندێك لە خێزانەکانی لەوبارەوە گلەیی لێ دەکەن، یاخود خواردنێکی لە لای یەکێ لە خێزانەکانی خواردوە، ئەوانی دیکە پێی هەستیار بوون، ئەویش سوێندی خواردوە جارێکی دیکە ئەو خواردنە نەخواتەوە، هەردوو ڕیوایەتەکان هەن)[1]،

---

١) یەکەمیان: ﴿عن أنس بن مالك أن رسول الله ﷺ كانت له أَمَةٌ يَطَؤُها، فلم تَزَلْ به عائشة و حفْصة حتى حَرَّمَها على نفسه، فأنزل الله عزّ وجلّ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ... ﴿١﴾ ﴾ التحريم . أخرجه النسائي في التفسير: ٦٢٧، وصححه الحاكم و وافقه الذهبي.

دووەمیان: ﴿عن عائشة قالت: كان رسول الله ﷺ يَشْرَبُ عَسَلاً عند زينب ابنة جحش

واتە: (خوا دەفەرمویٚ:) ئەی پێغەمبەر! بۆچی شتێك كە خوا بۆی حەڵاڵ كردووی، قەدەغەی دەكەی؟ بۆئەوەی كە هاوسەرەكانت لە خۆت ڕازی بكەی، (دیارە هاوسەرو ژن زەختو فشاری هەیە لەسەر پیاو، ئەگەر پێغەمبەری خواش ﷺ بێت)، وە خوا لێبوردەی بە بەزەیی یە ﴿ قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَٰنِكُمْ وَٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ ۝٢ ﴾، لە ڕابردوودا كەفارەت،،ی سوێندی بۆ دیاری كردوون، وە خوا سەرپەرشتیارتانەو خوا زانای كاربەجێیە.

(عبدالرحمن بن ناصر السعدي) دەڵێ: (هَذَا عِتَابٌ مِنَ اللهِ لِنَبِيِّهِ مُحَمَّدٍ ﷺ، حِينَ حَرَّمَ عَلَى نَفْسِهِ سَرِيّتَهُ "مَارِيَة" أَوْ شُرْبَ العَسَل، مُرَاعَاةً لِخَاطِرِ بَعْضِ زَوْجَاتِهِ، ﴿ قَدْ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَٰنِكُمْ ﴾، أَي: قَدْ شَرَعَ لَكُمْ، وَقَدَّرَ مَا بِهِ تَنحَلّ أَيْمَانِكُمْ قَبْلَ الحِنْث، وَمَا بِهِ الكَفَّارَةُ، بَعْدَ الحِنْثِ)[١]، واتە: ئەمە گلەیی كردنێكە لە خواوە بۆ پێغەمبەرەكەی، موحەممەد ﷺ كاتێك ماریەی كەنیزەكەكەی خۆی لەخۆی قەدەغە كرد، یاخود خواردنەوەی هەنگوینی لەخۆی قەدەغە كرد، بۆئەوەی هەندێك لە هاوسەرەكانی ڕازی بكاتو دڵیان چاك بكاتەوە، مەبەست ئەوەیە لە ڕابردوودا لە شەریعەتی خۆیدا بۆی داناون، ئەوەی كە سوێندەكانتانی پێ هەڵدەوەشێتەوە، پێش ئەوەی سوێندتان لێ بكەوێ، یاخود ئەوەی كە دەبێتە كەفارەت دوای ئەوەی كە سوێندتان لێ كەوتوە، (چونكە ئینسان دەگونجێ كەفارەتەكە بدا پێش ئەوەی شتەكە بكات، دەگونجێ شتەكە بكاو دوایی كەفارەتەكە بدات).

## پێنجەم: سوێند پێخوراو (الْمَحْلُوفُ بِهِ) چییە؟

هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەكدەنگن كە سوێندی پێخوراو تەنیا خواو ناوو سیفەتە هەرە پەسەندەكانی، تەنیا ئیمام ئەحمەد لەبارەی ڕەوایی سوێند

---

ویمكث عندها، فوأطأت أنا و حفصة عن أيّتنا دخل عليها فَلْتُقل له: أكلت مَغافير...﴾ رواه البخاري: ٤٩١٢، و مسلم: ١٤٧٤.

١) تيسير الكريم الرحمن، ص ٨٧٢.

خـواردن بـە پێغەمبەرەوە قسەیەکی هەیە، هەڵبەتە خەڵکی دیکەی ئەهلی بیدعەتو لادەر هەن، کە سوێندیان بە غەیری خوا پێ ڕەوایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە بەڵگە شەرعییەکان دەیگەیەنن، ئەوەیە کە سوێند بە غەیری خواو سیفەتەکانی دروست نیە، لەوبارەوەش بەڵگە زۆرن:

١) ﴿إِنَّ جِبْرِيلَ لما نَظَرَ إِلى الجَنَّةِ، وَرَجَعَ إِلى الله، فَقَالَ: وَعِزَّتِكَ لا يَسْمَعُ بِهَا أَحَدٌ إلا دَخَلَهَا، وَكَذَلِكَ قَالَ في النَّار: لا يَسْمَعُ بِهَا أَحَدٌ فَيَدخلُها﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨٦٣٣) تَعليق شُعيب الأرنؤوط: إِسنَادُهُ حَسَنٌ، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٧٤٤)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٥٦٠) وَقَالَ: حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٣٧٦٣)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٢)، وَالبَيْهَقِي في (شعب الإيمان) برقم: (٣٨٤) قَالَ الشيخ الأَلباني: حَسَنٌ صَحِيحٌ}، واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: کاتێك جبریل تەماشای بەهەشتی کرد، دوایی گەڕایەوە لای خوای بەرز، گوتی: سوێند بە عیززەتی تۆ هەر کەسێك ناوو وەسفی بەهەشت ببیستێ دەچێتە نێوی (یانی: مادام ئیمانی پێ بێ، کارێکی وادەکات بچێتە نێوی، بۆئەوەی چاك تێبگەین لە فەرمایشتەکان، مەبەستی پێ ئەوەیە، نەك هەر کەسێك وەسفی بەهەشتی بیست، حەتمەن بچێتە بەهەشتێ)، دوایی جبریل کە تەماشای ئاگری دۆزەخی کرد، گوتی: بە عیززەتی تۆ هیچ کەس دەنگو باسی جەهەننەم نابیستێ، بچێتە نێوی، (واتە: کارێکی وادەکات کە نەچێتە نێو دۆزەخەوەو ئەو کردەوانەی کە بە دۆزەخی دەگەیەنن، خۆی لێیان بە دوور دەگرێ)، کەواتە: لێرەدا جبریل سوێندی بە عیززەتی خوا خواردوە کە سیفەتی خوایە.

٢) ﴿عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: أَكْثَرُ مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَحْلِفُ بِهَذِهِ الْيَمِينِ: (لاَ وَمُقَلِّبِ الْقُلُوبِ)﴾ {رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٤٧٨٨)، وَالْبُخَارِيُّ برقم: (٦٦١٧)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٢٦٢) وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٣٣٢)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: زۆربەی جار پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوا بەو شێوەیە سوێندی دەخوارد، نەخێر (ئەو شتە وانیە)، سوێند بە هەڵگێڕەرەوەی دڵان، یاخود {لا ومُصَرِّفِ الْقُلُوبِ}، واتە: لادەری دڵان، ئەوە (النسائي) هێناویەتیو ئەلبانیی بە (صحیح)ی داناوە لە (صحیح سنن

النسـائي)دا واتـە: ئـەو شـتە وانیـە سـوێند بـەو کەسـەی کـە دڵان لادەدا، یـاخود هەڵگـێڕو وەرگـێڕیـان دەکـات.

ئنجـا (القُرطُبي) لە (الجامع لأحكام القُرآن)[1] دەڵـێ: (لا تَنْعَقِدُ اليَمِينُ بغير اللهِ تَعَالـى وَأَسْـمَائِهِ وَصِفَاتِهِ، وَقَـالَ أَحْمَـد بْـن حنبـل: إِذَا حَلَـفَ بالنَّبِـي ﷺ انعقدتْ يَمِينـه؛ لأَنَّهُ حلف بِمَا لا يَتم الإِيْمَان إِلاَّ بهِ، فَتلزمـه الكَفَّارَة كَمَا لَو حلـف بالله، وَهَذَا يرده ما ثَبَتَ في الصَّحِيحَين وَغَيرهمَا عَنْ رَسُول الله ﷺ أَنَّهُ أَدْرَك عُمَر بن الخَطَّاب فـي ركب وعمر يحلـف بأبيـه، فَنَادَاهُم رَسُول الله ﷺ: أَلا إِنَّ اَللّهَ يَنْهَـاكُمْ أَنْ تَحْلِفُـوا بِآبَـائِكُمْ، فَمَـنْ كَـانَ حَالِفـاً فَلْيَحْلِـفْ بِـاَللّهِ، أَوْ لِيَصْمُتْ) واتـە: سـوێند دانامـەزرێو سوێند نـاخورێ بـە خـوای بـەرزو ناوەکانیو سـیفەتەکانی نەبێ، ئیمام ئەحمەد گوتوویـەتی: ئەگەر سوێند بـە پێغەمبـەر ﷺ بخوات سـوێندەکەی دادەمەزرێ، چونکـە سـوێندی بـە شـتێك خـواردوە تـا ئیمانی بـەو نـەبێ، بـە ئیمانـدار لـە قەڵـەم نـادرێ، کـە ئیمـان بـە پێغەمبـەرە ﷺ، بۆیـە کـەفارەتی دەکەوێتـە سـەر، وەك چـۆن کەسـێك سـوێند بـە خـوا بخـوا کـەفارەتی دەکەوێتـە سـەر، سـوێند بـە پێغەمبـەریش ﷺ بخـوا، کـەفارەتی دەکەوێتـە سـەر، {ئێـوە ئـەو شـتانە بـزانن باشـە، بۆئـەوەی ئەگـەر دەروێشـێك، سـۆفییەك، عەوامێکـتان بیـنی، گـوتی: بـە پێغـەمبەر، یەکسـەر نەڵـێن کـافر بـووی! ئـەوەتا ئیمـام ئەحمەد دەڵـێ: ئەگەر سـوێند بە پێغـەمبەر بخـوا ﷺ بـەڵام بـەو نیـەتە کە ئیمان بە پێغـەمبەر بەشـێکە لـە ئیمـان، سوێندەکەی دادەمـەزرێ، بـەڵام دیارە من پێموایـە ئیمام ئەحمـەد لـەوەدا نـەیپێکاوە، وە قسـەکەی (قرطبي) زۆر جوانـە کـە بەرپەرچـی قسـەکەی ئیمـام ئەحمـەد دەداتـەوەو دەڵـێ:} کـە لـە صـەحیحی بوخـارییو موسلیمو غەیری ئەوانیشـدا هاتوە، کە پێغـەمبەر ﷺ گوێـی لـێبوو لـە عومـەری کـوڕی خـەتاب خـوا لێـی ڕازی بـێ لەگـەڵ کاروانێـك بـوون، (ئایا لـە جەنگێك بوون، لە سەفەرێك بـوون، گـوێی لـێ بـوو) سـوێندی بـە بـابی دەخـوارد (وەك کـوردەواریی خۆمـان دەڵـێن: بـە سـەری بـابم، بـە قـەبری فـلان کـەس)، پێغـەمبـەر ﷺ بانگـی کـردن، فـەرمـووی: ﴿أَلا إِنَّ اَللّهَ يَنْهَـاكُمْ أَنْ تَحْلِفُـوا

---

١) ج٦، ص١٣٦.

بِآبَائِكُمْ، فَمَنْ كَانَ حَالِفاً فَلْيَحْلِفْ بِاللهِ، أَوْ لِيَصْمُتْ﴾ {مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخَارِيُّ بِرقم: (٦٦٤٦)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (١٦٤٦) عَنْ اِبْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا}، واتە: ئاگاداربن خوا لێتان قەدەغە دەكات سوێند بە بابتان بخۆن، هەر كەسێك سوێند دەخوا، با سوێند بە خوا بخوا، ئەگەرنا بێدەنگ بێ.

كەواتە: ئەو قسەیەی ئیمام ئەحمەد بەسەریدا دەدرێتەوە، چونكە لەگەڵ فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ تێكدەگیرێ، وە ئەوە كە ئیمان بە پێغەمبەر ﷺ بەشێكە لە ئیمان، مانای وانیە دروستە سوێندی پێ بخورێ، ئەگەرنا ئیمان بەوەش كە كەعبە قیبلەی مسوڵمانانە، هەر فەرزە، وە ئیمان بە فریشتەكانیش فەرزە، ئنجا ئایا سوێند بە كەعبەو فریشتەكان دەخورێ؟ یان ئایا سوێند بە بەهەشتو بە دۆزەخ دەخورێ، لەبەرئەوەی واجبە ئیمانمان پێیان هەبێ؟ نەخێر، بۆیە (قُرطُبي) دەڵێ: (وَهَذَا حَصْرٌ فِي عَدَمِ الحَلِفِ بِكُلّ شَيءٍ سِوَى اللهِ تَعَالى وَأَسْمَائِهِ وَصِفَاتِهِ كَمَا ذَكَرْنَا) قسەیەكی جوانە دەڵێ: ئەوە كورتهەڵهێنان (حصر)ە لەوەدا كە دەبێ سوێند بە هیچ شتێك نەخورێ، جگە لە خوای بەرزو ناوەكانیو سیفەتەكانی وەك باسمان كرد.

٣) لە فەرمایشتێكی دیكەدا لەوبارەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿لا تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ، وَلا بِأُمَّهَاتِكُمْ، وَلا بِالأَنْدَادِ، وَلا تَحْلِفُوا إِلاَّ بِاللهِ، وَلا تَحْلِفُوا بِاللهِ إِلاَّ وَأَنْتُمْ صَادِقُونَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٣٢٤٨)، وَالنَّسَائِيُّ بِرقم: (٣٧٦٩)، وَالطَّبَرَانِيُّ فِي (الأوسط) بِرقم: (٤٥٧٥)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (٤٣٥٧) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (٧٢٤٩)} واتە: سوێند بە بابو باپیرانتان، مەخۆن، وە سوێند بە دایكو نەنكتان مەخۆن، وە سوێند بە بتو صەنەمەكان مەخۆن، وە بە هاوبەشەكان كە بۆ خوا دادەنرێن، وە بێجگە لە خوا بە هیچ شتی دیكە سوێند مەخۆن، وە سوێند بە خوا مەخۆن مەگەر ڕاستگۆبن، (واتە: بە درۆ سوێند بە خوا مەخۆن، هەتا هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەگەر ئینسان بە درۆ سوێند بە خوا بخوا، گوناهی كەمترە لەوەی كە بەڕاستی سوێند بە غەیری خوا بخوا.

٤) وە لـە فەرمایشـتی دیكـەدا پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: ﴿مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللّٰهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ﴾ {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ بـرقم: (١٥٣٥)، عَنْ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) بـرقم: (٢٠٤٢)}، واتـە: هـەر كەسـێك سـوێند بـە غـەیری خـوا بخـوات، ئـەوە بـە تەئكیـد كـوفری كـردوە، یـان هاوبەشی بۆ خوا داناوە، كـە لێرەدا مەبەسـت پێـی ئەوەیـە سـیفەتێكی كـافران یـان هاوبەشـدانەرانی تێدایە، مـادام سوێندی بـە غـەیری خـوا خـواردوە، ئـەوە كـوفری كـردوە، یـان شـیـركی كـردوە، دیـارە ئەگـەر سـوێند خـواردنەكەی وابـێ ئـەو شـتە بێنێتـە ڕیـزی خـواو، بێنـێتـە ئاستی خـوا، ئـەو كاتـە دیـارە ئـەوە هـەر یەكجـاری كـافر بووە، یاخـود موشـریك بــووە.

٥) ﴿مَنْ حَلَفَ فَقَالَ فِي حَلِفِهِ: والّلاتِ والعُزَّى، فَلْيَقُلْ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهَ. وَمَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ، تَعَالَ أُقَامِرْك، فَلْيَتَصَدَّقْ﴾ {مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، البُخَارِيُّ بـرقم: (٤٨٦٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٢٣٦)، وَأَبُو دَاوُد بـرقم: (٣٢٤٧)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (١٥٤٥) عَنْ أَبي هُرَيـرَةَ رضي الله عنه}، واتـە: هـەر كەسـێك سـوێندی خـواردو لـە سـوێندەكەیدا گـوتی: سـوێند بـە لاتو سـوێند بـە عـوززا، {(الـلاّتِ)كـە (مؤنَّث)ی (إلـهَ) و (العُـزَّى) (مؤنَّث)ی (عزیـز)ە، دوو بـت بـوون، هـەر وەك (الـمَنـاة)یـش (مؤنَّث)ی (مَنـان)ە، ئەوانە بـت بـوون كافرەكـانی مەككـە دەیانپەرسـتن، هـەر كەسێك سـوێندی بـە لاتو عـوززا خـوارد، یـان بـە هـەر شـتێكی دیكـەش، چـونكە مـەرج نیـە سـوێند هـەر بە بتو صـەنەم بخـوری، بـە هـەر شـتێكی دیكـەش سـوێند بخوری، هـەر ناشـەرعیی یـە} كەفارەتەكـەی ئەوەیـە بڵـێ: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهَ) بێجگـە لـە خـوا هـیچ پەرسـتـراوێك نیـە {بۆچـی؟! چونكـە سوێند خـواردن بـە هـەر شتێك، واتـە: تـۆ ئەو شـتەت بردۆتە ڕیزی خـوا، سـوێند یـانی چـی؟ كە تـۆ دەڵێـی: بـە خـوا، واتـە: خـوا ئاگـادارە كـە مـن ئـەو شـتەم كـردوە، یـان نـەمكردوە، وە مـن خـوا دەكەمـە پاڵپشـتی قسـەی خۆم، كەواتـە: كـە سـوێند بـە هەرشـتێكی دیكە دەخـۆی، مانـای وایە هێنـاوتەتە ڕیزی خـوای پەروەردگـار، بۆیـە كەفارەتەكەی ئەوەیـە بڵـێی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهَ)}، وە هـەر كەسـێك بـە هاوەڵەكـەی گـوت: وەرە بـا پێكـەوە قوومـار بكـەین، بـا لـە جیـاتی ئـەو قسـەیە خێرێـك بكـات، ئـەوە دەبێتـە كـەفارەتی ئـەو قسـەیەی، (چونكـە قومـاركـردن حەرامـە).

**شەشەم: ئایا سوێند بە چی هەڵدەوەشێتەوە:**

وەختێك ئینسان سوێندێك دەخوا، بەڵام دوایی بە پێویستی دەزانێ ئەوەی سوێندی لەسەر خواردوە، بیكات، ئەوە باشترە كارەكەی بكاتو سوێندەكەی نەكاتە بیانوو و پەرچ (مانع) وەك لە حەدیسەكاندا هاتوەو، پێشتر هێنامانن، كە ئەویش بە دوو شێوە دەبێ: یان دەبێ لەمیانەی سوێندەكەدا هەڵاواردن (إستثناء) بكات، یان دەبێ كەفارەتی سوێندەكە بدات.

(القُرطُبي) دەڵێ: (إِذَا انْعَقَدَتِ اليَمِين حَلَّتها الكَفَّارَةُ أَوِ الإستثناء، وَقَالَ ابْنُ العَرَبِي: وَهُوَ مَذْهَبُ فُقَهَاءِ الْأَمْصَارِ، وَهُوَ الصَّحِيحُ؛ وَشَرْطه أَنْ يَكُون مُتَّصِلاً مَنْطُوقًا)[1]، واتە: سوێند كە دامەزرا، یان كەفارەت حەڵاڵی دەكاتەوەو هەڵیدەوەشێنێتەوە، یاخود (إستثناء)، (واتە: هەڵاواردنی تێدا بكەی) (إبن العربي) گوتوویەتی: ئەوە مەزهەبو ڕای شارەزایانی هەموو شارە گەورەكانە، وە هەر ئەوەش ڕاستە، بەڵام مەرجی ئەو هەڵاواردن (إستثناء)ە، ئەوەیە كە پەیوەست بێ بە سوێندەكەوە، وە بێژراویش بێ، (واتە دەنگی پێ بەرز كرابێتەوە، وە بە قسە گوترابێ)، بۆ وێنە: پێغەمبەر ﷺ لێرەدا سوێندی خواردوە، دەفەرموێ: ﴿إِنِّي وَاللهِ إِنْ شَاءَ اللهُ لاَ أَحْلِفُ عَلَى يَمِينٍ فَأَرَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا إِلاَّ كَفَّرْتُ عَنْ يَمِينِي، إِلاَّ أَتَيْتُ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ وَكَفَّرْتُ يَمِينِي﴾ {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٦٢٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٢٣٩)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٢٦٦)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢١٠٧) عَنْ أَبِي مُوسَى رضي الله عنه}، ئەوە سوێندی خواردوە، بەڵام (إستثناء)ی تێدا كردوە، من بڵێم سوێند بە خوا (إن شاء الله) بەیانی دەگەڕێمەوە بۆ هەرێم، ئەگەر نەگەڕامەوە (إستثناء)م تێدا كردبوو، گوناهبار نیم، كەفارەتیشم ناكەوێتە سەرێ، ئەو (إستثناء)ە دیارە دەبێ لەگەڵ سوێند خوردنەكە بێ، هەڵبەتە ڕایەكی دیكەی زانایان هەیە دەڵێ: دوای ساڵێكیش بۆی هەیە هەڵاواردن (إستثناء) بكات، دیارە ئەو قسەیە پاڵ دەدرێتە لای (ابْنُ عَبَّاس)، بەڵام بێگومان ئەوە ڕاست نیە، كابرا ئێستا سوێندی خواردو دوای

---

١) الجامع لأحكام القرآن ج٦ ص٢٣٨.

سالێك گوتی: (إن شاء الله) ئایا ئەوە رێی تێدەچێ؟ بە تەئكید رێی تێناچێ، وەك دوایی باسی دەكەم، پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە[1] دەفەرمویٚ: ﴿مَنْ حَلَفَ فَاسْتَثْنَى فَإِنْ شَاءَ مَضَى وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ غَيْرَ حَنِثٍ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٤١٤)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٣٧٩٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢١٠٥)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٣٤٢) عَنْ ابْنِ عُمَرَ}، واتە: هەر كەسێك سوێندی خواردو هەڵاواردن (إستثناء)ی تێدا كرد، ئەگەر ویستی با ئیشەكەی خۆی بكاو، ئەگەر ویستیشی با ئیشەكە نەكات، بێئەوەی كە سوێند شكاندنیشی بكەوێتە سەرێ. واتە: با (إستثناء)شی تێدا كردبێ، دەتوانێ هەر بیكا، وە دەشتوانێ نەیكاتو سەر پشكە (إستثناء)یش، واتە: (إن شاء الله)ی تێدا بڵێ، یان بە كوردی بڵێ: ئەگەر خوا بیەوێ، ئەگەر خوا حەز بكات.

جا لەوبارەوە ئەو (لطیفة)یە دەگێڕینەوە، شتێكی خۆشە كە (القُرطُبي) هێناویەتی، دەڵێ: (كَانَ أَبُو الْفَضْلِ الْمَرَاغِيُّ يَقْرَأُ بِمَدِينَةِ السَّلامِ، فَكَانَتْ الْكُتُبُ تَأْتِي إِلَيْهِ مِنْ بَلَدِهِ، فَيَضَعُهَا فِي صُنْدُوقٍ، وَلا يَقْرَأُ مِنْهَا وَاحِدًا مَخَافَةَ أَنْ يَطَّلِعَ فِيهَا عَلَى مَا يُزْعِجُهُ أَوْ يَقْطَعُ بِهِ عَنْ طَلَبِهِ، فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ خَمْسَةِ أَعْوَامٍ، وَقَضَى غَرَضًا مِنَ الطَّلَبِ، وَعَزَمَ عَلَى الرَّحِيلِ شَدَّ رَحْلَهُ، وَأَبْرَزَ كُتُبَهُ، وَأَخْرَجَ تِلْكَ الرَّسَائِلِ وَقَرَأَ مِنْهَا مَا لَوْ أَنَّ وَاحِدَةً مِنْهَا قَرَأَهَا فِي وَقْتِ وُصُولِهَا مَا تَمَكَّنَ بَعْدَهَا مِنْ تَحْصِيلِ حَرْفٍ مِنَ الْعِلْمِ، فَحَمِدَ اللهَ تَعَالَى، وَرَحَّلَ عَلَى دَابَّتِهِ قِمَاشَهُ، وَخَرَجَ إِلَى بَابِ الْحَلْبَةِ طَرِيقَ خُرَاسَانَ، وَتَقَدَّمَهُ الْكَرِيُّ بِالدَّابَّةِ، وَأَقَامَ هُوَ عَلَى فَامِيٍّ يَبْتَاعُ مِنْهُ سُفْرَتَهُ؛ فَبَيْنَمَا هُوَ يُحَاوِلُ ذَلِكَ مَعَهُ إِذْ سَمِعَهُ يَقُولُ لِفَامِيٍّ آخَرَ: أَمَا سَمِعْتَ الْعَالِمَ يَقُولُ يَعْنِي الْوَاعِظَ: إِنَّ ابْنَ عَبَّاسٍ يُجَوِّزُ الإِسْتِثْنَاءَ وَلَوْ بَعْدَ سَنَةٍ، لَقَدْ اشْتَغَلَ بَالِي بِذَلِكَ مِنْهُ مُنْذُ سَمِعْتَه يَقُولُهُ: وَظَلَلْتُ فِيهِ مُتَفَكِّرًا؛ وَلَوْ كَانَ ذَلِكَ صَحِيحًا، لَمَا قَالَ اللهُ تَعَالَى لِأَيُّوبَ: ﴿ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ ۗ إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٤٤﴾ ﴾ص، فلما

---

١) واتە: لەوبارەوە كە (إستثناء) كردن لە سوێندد ا، ئەگەر پێكەوە پەیوەست بن، دروستە.

سمعه أبو الفضل قَالَ: هَل مَدينة فاميُّه بهذه الْمَرْتَبَةِ مِنَ العِلْم، أَخْرُجُ عَنْهُ إِلَى الْمَرَاغَةِ؟ لا أَفْعَلُهُ أَبَداً؛ وَاقْتَفَى أَثَرَ الْكَرِيِّ، وَحَلَّلَهُ مِنَ الكِرَاءِ، وَصَرَفَ رَحْلَهُ، وَأَقَامَ بِهَا حَتَّى مَاتَ رَحِمَهُ اللهُ)[١].

واتە: (أَبُو الْفَضْلِ الْمَرَاغِيُّ) یەكێك بووە لە زانایان (كە ئەوە بەڕاستی زۆر دەرسو عیبرەتی لێ وەردەگیرێ بۆیە نووسیم)، لە مەدینەی سەلام، واتە: (بغداد) دەیخوێند، قوتابی زانستی شەرعیی بووە، (لێرە لەم بەغدایە)[٢]، نامەی بۆ دەهاتن لە وڵاتی خۆیەوە لە مەراغەوە، (مەراغە شارێكە لە ئێران لەوێوە نامەی بۆ دەهات)، هەر نامەیەكی بۆ دەهاتن لە صندوقێكدا هەڵی دەگرتو هیچیان نەدەخوێندەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك شتی وای تێدابێ ئەگەر بیخوێنێتەوە، پێی ناڕەحەت ببێتو وە ناچار بێ دەست لە خوێندن هەڵبگرێو لە بەغداوە بگەڕێتەوە بۆ شارەكەی، دوای پێنج ساڵان دوای ئەوەی كە ئەندازەیەكی لە زانست وەدەست هێنا، وە عەزمی جەزم كرد كە بگەڕێتەوە، بارو بنەگەی خۆی پێچایەوە، ئنجا كتێبەكانی هێنایەدەرێ، ئەو نامانەشی هێنایە دەرێو خوێندنیەوە نامەكان شتی وایان تێدابوو، كە ئەگەر یەكێك لە نامەكانی خوێندبایەوە (نەك هەموویان) دوای ئەوەی كە دەگەیشتە بەغدا، نەیدەتوانی هیچ ئەندازەیەك (ئەو دەڵێ پیتێك) لە زانست بخوێنیو دەبووایە یەكسەر بگەڕێتەوە (دیارە هەواڵی وای تێدا بووە، فلان كەسمان مردوە، فلان شتە قەوماوە) ئیدی ستایشی خوای كرد كە نامەكانی نەخوێندۆتەوە، بۆئەوەی خوێندنەكەی لێ تێكنەچێ، وە بارو كەلوپەلەكەی خستە سەر ولاغێك (قِمَاشَه: واتە: كەلوپەلو شتەكانی) بەرەو دەرگای (الْحَلْبَةِ) (واتە: ڕێی خوڕاسان، ڕێی ئێران) ڕۆیشت، ئەو كەسەی كە ولاغەكەی، بارەكەی بۆ لێناوە پێشی كەوت ئەویش لەلای كابرایەكی ڕزق فرۆش (فَامِيٍّ: دەڵێ: ئەوەیە كە خواردن دەفرۆشێ) ڕاوەستا خواردنی ڕێی لێ دەكڕێ، لە كاتێكدا خەریك بوو سەودای لەگەڵدا دەكرد، گوێی لێ بوو ئەو كەسەی كە خواردنەكەی لێ دەكڕی، (وەك چۆن بڵێی ئەوانەی عارەبانەو شتیان پێیە، پاقڵە دەفرۆشن، شت دەفرۆشن، خواردنی سەفەریی) بە

١) الجامع لأحكام القرآن ج٦ ص٢٤٠.
٢) ئەم دەرسانە لە بەغداد گوتراونەوە.

یەکێکــی دیکــەی دەگــوت: گوێــت لێبــوو ئــەو زانایــە چــی دەگــوت؟! ئــەو ئامۆژگارییــەکەرە دەیگــوت: کــە عەبــدوڵای کــوڕی عــەبباس بــە دروســتی دانــاوە هــەڵاواردن لــە ســوێندا بکــرێ، ئەگــەر دوای ســاڵێکیش بــێ، (واتــە: ئێســتا کەســێك ســوێندێك دەخــوا دوای ســاڵێکی دیکــە بــۆی هەیــە بڵــێ: (إن شـاء الله) ئــەو کاتــە کەفــارەتی ناکەوێتــە ســەری)، گــوتی: لەوکاتــەوە گوێم لــەو قسەیە بــووە ئــەو زانایــە ئەو قســەیەی کردوە، فکــرم پێوە مەشغوول بــوو، هــەر فکــرم لــێ دەکــردەوە، ئەگــەر ڕاســت بووایــە، خــوا بــە ئــەیيوب پێغەمبــەری نەدەفــەرموو: ﴿ وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَٱضْرِب بِّهِۦ وَلَا تَحْنَثْ ۗ إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٤٤﴾ ﴾ص، واتــە: وە بەدەستی خۆت چەپکە گیایەك بە دەستەوە بگرەو، پێی لە خێزانەکەت بدە، وە ســوێندەکەت مەخــە، (لــە هەنــدێ شــوێنەواراندا هــاتوە کــە ئــەیيووب عليه السلام ســوێندی خــواردبوو لەســەر ئــەوەی ڕۆژێــك هاوســەرەکەی جــۆرێ لــە پرتــەو بۆڵــەی کــردوەو نــاڕەزایی دەربڕیــوە، کــە ئــەیيوب هێنــدە نەســاغ بــووەو هــەر خزمــەتی کــردوە، چــاك نەبۆتــەوەو بێــزار بــووە، ئــەیيووبیش پێــی ناخــۆش بــووەو ســوێندی لــێ خــواردوە ئەگــەر چــاك ببمــەوە، دەبــێ ســەد قامچــیت لێبــدەم، خــوای پــەروەردگاریش بــۆ کەفــارەتی ســوێندەکەی فــەرمووی: سەد چڵــە گیــا بەدەستەوە بگرەو بەو ســەد چڵە گیــایە لێــی بدە، ئەویــش زۆر ئەزیــەتی ناگــاو تــۆش سوێندەکەت لەســەر لادەچــێ) ئــەو خــواردن فرۆشــە بــەوی دیکــەی گــوت: چ شــتێك ڕێــی گرتبــوو لــە خــوای پەروەردگــار کە پێــی بفــەرموێ بڵــێ: (إن شاء الله)، هەرچــەندە زۆریشــی پــێ چووە کــە ســوێندەکەت خــواردوە لــە خێزانــت، بــەڵام ئێســتا بڵــێ: (إن شـاء الله) ئــەو کاتــە کــەفارەتی ناکەوێتــە ســەر، واتــە: پێویســت ناکــات لێــی بــدەی، کاتێــك (أَبُـو الْفَضْـلِ الْمَرَاغِـيُّ) قســەی ئــەو کابرایــەی بیســت، کــە لەگــەڵ ئــەو ڕەفیقــەی خۆیــدا قســەی دەکرد، (هەردووکیــان خــواردن فرۆش بوون) گــوتی: لــە شــارێك پاقڵــە فرۆشــەکان، یــان خــواردن فرۆشــەکان ئــەو هــەموو زانســتەیان هەبێ، وە بــەو شــێوەیە بــن مــن بەجێــی دێڵــەو دەچمــەوە بۆ مەراغــە!! (دیارە مەراغــە ئــەو کــاتە وانەبــووە) قــەد شــتی واناکــەم، وە بــە دوای کــابرای صــاحیب ولاّغ کــەوت، وە ســەودایەکەی لەگــەڵ هەڵوەشــاندەوە، وە لە بەغدا مایــەوە تاکو وەفــاتی کرد.

وەك گوتم ئەو بەسەرهاتە دەرسو پەندی زۆری لێ وەردەگیرێ، ئەوەش دەگەیەنێ كە ئەو كاتە ئەم بەغدایە عارەبانە چییەكانیشی ئەهلی عیلم بوون!!

**حەوتەم: كەفارەتی سوێند:**

دیارە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَـٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَـٰثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّـٰرَةُ أَيْمَـٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ﴾، ئێمە لە چەند خاڵێكدا باسی كەفارەتی سوێند دەكەین، ئایەتەكە پێشتر مانامان كردوە، بەڵام لێرەش دووبارەی دەكەینەوە كەفارەتو سڕینەوەی ئەو سوێندە كە خواردووتە، (بەڵام بە پێویستی دەزانی كە پێچەوانەكەی بكەیو هەڵیبوەشێنیەوە)، ئەوەیە كە خواردنی دە نەدار بدەن لە خواردنێكی مامنێوەنجیی، كە دەیدەن بە ماڵو منداڵی خۆتان، یاخود پۆشاكی دە كەسی نەدار بكەن، یاخود كۆیلەیەك ئازاد بكەن، هەر كەسێك ئەوەی چنگ نەكەوت، با سێ ڕۆژان بەڕۆژوو بێ، ئەوە كەفارەتی سوێندەكانتانە ئەگەر سوێندتان خوارد.

**ئێستاش با لە دوو خاڵی سەرەكیی دا باسی كەفارەتی سوێند بكەین:**

١- دیارە پێشتر باسمان كرد كە كەفارەت دان باشترە لەوەی ئینسان سوێندەكەی جێبەجێ بكات، مادام ئەو شتەی كە سوێندی لێ خواردوە، شتێكی باش بێ، وەك پێشتر چەند فەرموودەیەكمان هێنان، ئەوەش فەرموودەیەكی دیكەیە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَاللهِ لأَنْ يَلِجَّ أَحَدُكُمْ بِيَمِينِهِ فِي أَهْلِهِ آثَمُ لَهُ عِنْدَ اللهِ مِنْ أَنْ يُعْطِيَ كَفَّارَتَهُ الَّتِي افْتَرَضَ اللهُ عَلَيْهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨١٩٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٢٦٧)، وَالبَيْهَقِيُّ برقم: (١٩٦٣٧)}، واتە: سوێند بە خوا! ئەگەر یەكێك لە ئێوە كە سوێندی خواردوە، لە ماڵی خۆیدا، لەسەر سوێندەكەی بەردەوام بێ، (واتە شتەكەشی خراپ بێ، بۆ وێنە: سوێندی خواردوە دەبێ لە منداڵەكەی بدات، یاخود نەچێتە مزگەوت، یان سوێندی

خواردوە سڵاو لە دراوسێکەی نەکات)، ئەوە بۆی گوناهبارکەرترە لە لای خوا، لەوە کە کەفارەتەکەی بدات، کە خوا لەسەری فەرز کردوە، ئێمە زۆرجار ئەوەمان دێتە ڕێو چەندان جار شتی وابووە: فلانکەس بۆچی ئەو کارە خێرە ناکەی؟ مامۆستا تازە سوێندم خواردوە، سوێندی خواردوە قسە لەگەڵ بابو دایکی نەکات! سوێندی خواردوە قسە لەگەڵ خزمێکی نەکات، سوێندی خواردوە زیانێك لە کەسێك بدات! سوێندی خواردوە، سەردانی فلان خزمی نەکات! تۆ کە سوێندت خواردوە صیلەی ڕەحم بپچڕێنی، صیلەی ڕەحمەکە بەجێ بگەیەنەو کەفارەتەکەی بدە، ئەوە دەقی فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ، یان سوێندی خواردوە گوناهێك بکات! گوناهەکە مەکە کەفارەتەکە بدە، ئنجا ئەم فەرمایشتە هەر دەقە لەسەر ئەوە، دەفەرموێ: ﴿مَنْ حَلَفَ فِي قَطِيعَةِ رَحِمٍ أَوْ فِيمَا لا يَصْلُحُ فَبِرُّهُ أَنْ لا يُتِمَّ عَلَى ذَلِكَ﴾ {أَخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢١١٠) عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح سُنن ابْنُ مَاجَه)، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك سوێندی خوارد پەیوەندیی خزمایەتی بپچڕێنێ، یاخود شتێك کە باش نەبێ بکرێ، سوێندی لێ خواردبێ، بۆ ئەو، دینداریی‌و خواپەرستی ئەوەیە کە ئەو شتە تەواو نەکات، واتە: کەفارەت بداو ئەو شتەی کە سوێندی لەسەر خواردوە بیکات، مادام گوناهە با سوێندیشی خواردبێ، با نەیکات، یان سوێندی لەسەر خواردوە نەیکات، کە پێویستیشە بکرێ، با بیکات.

٢- چۆنیەتی کەفارەت دانەکە؟ خوا ﷻ ئاوا دەفەرموێ: ﴿ فَكَفَّارَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖۚ ﴾، چوار شتی باسکردوون، خواردن دانی دە نەدار لە خواردنی مامنێوەنجیی کە دیدەن بە ماڵ‌و منداڵتان، یان پۆشاك، یان ئازادکردنی کۆیلەیەك، وە کەسێك نەیبوو، سێ ڕۆژان بەڕۆژوو بێ.

(القُرطُبي) خوا پاداشتی بداتەوە، زۆر گرنگیی داوە بە حوکمە شەرعییەکان، وە بەڕاستیی پیاوێکی زۆر موعتەبەریشەو لێکۆڵینەوەی جوان دەکات،

ئەگەرنا بۆ هەرکام لەم ئایەتانە تەماشای (٢٠ - ٣٠) تەفسیر دەکەم، بەڵام ئەوەی کە ئەو دەیهێنێ، پێم لەوانی دیکە بەهێزترو کۆکەرەوەترە، (القُرطُبي) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: (ولا خِلافَ فِي أَنَّ كَفَّارَةَ الـيَمين عَلَى التَخْيير؛ قَالَ إبْنُ العَرَبِي: وَعِنْدِي أَنَّهَا تَكونُ بِحَسَبِ الْحَالِ؛ فَإِنْ عَلِمْت مُحْتَاجًا فَالإِطْعَامُ أَفْضَلُ؛ لأَنَّك إذَا أَعْتَقْت لَمْ تَرْفَعْ حَاجَتَهُمْ وَزِدْت مُحْتَاجًا حَادِيَ عَشَرَ إلَيْهِمْ، وَكَذَلِكَ الْكِسْوَةُ تَلِيه...)[1]، واتە: ڕاجیایی لەوەدا نیە لە نێو زانایاندا کە کەفارەتی سوێند لەسەر بناغەی سەرپشك بوونە، {واتە سەرپشك بوون لە نێو ئەو سێ شتەدا، چونکە بە (أو) هێناویەتی: ﴿فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ﴾، کەواتە: یان (أو) بۆ سەرپشکییە، ڕایەکی بێهێز هەیە کە دەڵێ: خواردن پاشان، پۆشاك، پاشان ئازادکردنی کۆیلە، بەڵام لەڕاستییدا ئەوەی دیکە ڕاستترەو کە (قرطبي)یش دەڵێ خیلافی تێدانیە، دیارە خیلافەکەی بەهێند هەڵنەگرتوە، کورتە خیلافێکی تێدایە} ، (إبْنُ العَرَبِي) کتێبێکی هەیە بە ناوی (أحكام القُرآن) جار جار قسەی خۆش و سەرنج ڕاکێش دەکات، دەڵێ: بە لای منەوە ئەوە بەپێی حاڵە: بەڵێ بابای سوێند خۆر کە دەیەوێ کەفارەت بدات، سەرپشکە لە نێوان ئەو سێیانەدا، بەڵام ئەوە بەپێی حاڵە، ئەگەر زانی نەدارەکان پێویستیان بە خواردن هەیە، خواردن باشترە، بەڵام ئەگەر زانی پۆشاکیان بۆ پێویستە، ئەوە پۆشاك باشترە، وە ئەگەر زانی کۆیلەیەك ئازاد بکرێ باشترە، با کۆیلەکە بێ، بەڵام وەنەبێ لە هەموو حاڵاندا هەر وابێ، بۆ وێنە ئەگەر تۆ کۆیلەیەك ئازاد بکەی، لە حاڵێکدا کە دە (١٠) کەسی برسیش هەبن، یان دە (١٠) کەس پێویستییان بە پۆشاك هەبێ، تۆش بچی کۆیلەیەك ئازاد بکەی، مانای وایە دە (١٠) کەسی برسی هەن، تۆش برسییەکی یازدەیەم، یان بێ بەرگێکی دیکەی یازدەهەمت خستۆتە گەڵ ئەوان!! قسەکەی زۆر جوانە لەجیاتی ئەوە، ئەو دە برسیانە تێربکە، یاخود ئەو دە بێ بەرگانە پۆشتە بکەی باشترە، وەك لەوەی یەکێکی

١) الجامع لأحكام القرآن ج٦ ص٢٤١.

دیکەشیان بخەیە گەڵێ، شەریعەت دەڵێ چۆن بەرژەوەندیی خەڵك تەحقیق بێ، دەبێ وای جێبەجێ بکەی.

**ئێستاش با سەرنجی بڕگەکەی کەفارەتی سوێند بدەین:**

(أ) سەرەتا دەفەرموێ: ﴿فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَـٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ﴾، (طَبَرِي) بە سەنەدێکی باش وەك (التفسير الصحيح)[1] هێناویەتی دەڵێ: (عَنْ عَلِيّ بْن أَبِي طَلْحَة، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَوْله: ﴿فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَـٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ﴾، قَالَ: إِنْ كُنْتَ تُشْبِعُ أَهْلَكَ فَأَشْبِعِ الْمَسَاكِينَ، وَإِلاَّ فَعَلَى مَا تُطعِم أَهْلَك بِقَدَرِه)، واتە: عەلی کوڕی ئەبو طەڵحە لە ئیبنو عەبباسەوە هێناویەتی: کە دەفەرموێ: ﴿فَكَفَّـٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَـٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ﴾، واتە: ئیبنو عەبباس گوتوویەتی:ماڵو منداڵی خۆت لە چ خواردنێك تێر دەکەی، نەدارەکانیش لەو جۆرە خواردنە تێر بکە، ئەگەرنا ئەگەر لە خواردنێکی باشیان تێر بکەی باشترە، ئەگەرنا چ جۆرە خواردنێك دەدەیە ماڵو منداڵی خۆت، خواردنێکی مامنێوەندییە، خواردنێکی سادەیە، بەو شێوەیە.

وە (الشوكاني) لە (فتح القدير)[2] دەڵێ: (الْمُرَادُ بِالوَسَطِ هُنَا الْمُتَوَسطُ بَيْنَ طَرَفَي الإِسْرَافِ وَالتَقتِير وَلَيْسَ الْمُرَادُ بِهِ الأَعْلَى) وشەی (أَوْسَط) لە زمانی عەرەبیدا، واتە: (أَعْلَى) باشترین، بەلام لێرەدا دەڵێ: مەبەست لە (وَسَط) واتە: ئەوەی کە لە نێوان زێدەڕۆیی و چرووکیی دایە، حاڵەتێکی مامنێوەنجیی.

ئنجا (إبن ماجه) ئەو قسەیە لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ﴿عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: كَانَ الرَّجُلُ يَقُوتُ أَهْلَهُ قُوتاً فِيهِ سَعَةٌ، وَكَانَ الرَّجُلُ يَقُوتُ

١) ج٢، ص٣٣٧، د. حكمت بن بشير بن ياسين.
٢) ج٢، ص٩١.

أَهْلَـهُ قُوتـاً فِيـهِ شِـدَّةٌ، فَنَـزَلَتْ، مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ﴾ {أَخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَهْ فِي سننهِ برقم: (٢١١٣)، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح ابن ماجه) برقم: (١٧١٧)}، واتە: ئیبنو عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: بۆیە خوای بەرز وایفەرمووە، چونکە پیاو هەبوو خواردنی دەدا بە ماڵو منداڵەکەی، خواردنێکی باشی دەداتێ، وە پیاوی واش هەبووە کە خواردنێکی سادەو نەدارانەی دەدانێ، ئیدی ئایەتەکە هاتە خوار: خواردنێکیان بدەنێ لە نێوان زۆر باشو خراپدا، هەر کەسە بەپێی خۆی، هەر کەسەو لەو خواردنەی دەیدا بە ماڵو منداڵی خۆی، لەو جۆرە خواردنەش کەفارەت بدەن.

وەك گوتراوە: (خَيْرُ الأُمُورِ أَوْسَطُهَا)، واتە: باشترینی کارەکان نێوەڕاستیانە، ئنجا لەوبارەوە زانایان مشتومڕیانە، کە ئایا ئەو خواردن پێدانە دەبێ ژەمێك بێ، دەبێ دوو ژەم بێ، دەبێ سێ ژەم بێ؟ چۆن بێت؟ یاخود مستێك بێت؟ یاخود دوو مست بێت؟ یان چوار مست بێت، چەندبێ؟! لەوبارەوە ڕاجیاییان زۆرەو زۆر ڕا هەن، بەڵام (جمال الدین القاسمي) خاوەنی (محاسن التأويل) قسەیەکی جوان دەکات، دەڵێ: (فأمّا الطّعَام فَلَيْسَ فِيهِ تَحديد بقَدَر، لا في وجبةٍ ولا وَجْبَتَين، ولا في قَدر مِنَ الكَيل، وَلَذَا روي عَنِ الصَّحَابَةِ وَالتابعين فيهِ وجُوه جميعها مِمَّا يَصْدُقُ عَلَيْهِ مُسَمَّاهُ فَبِأَيِّهَا أَخَذَ أَجزأه: يُغَدِّيهِم ويُعَشِّيهِم، أَكْلَةٌ وَاحِدَةٌ، نصف صاعٍ من بُرٍّ أو تمر أو نحوها، لكلّ مسكين مدٌّ من بر ومعه إدامهُ، والأصل هُوَ التَّمْلِيكُ عِنْدَ الأَكْثَر)[1]، واتە: خواردن پێدان بەو دە نەدارە، دیاریکردنی تێدانیە نە بە ئەندازە، (بڵێ ئەوەندەیان بدەنێ) مستێك، دوو مست، ڕەبەیەك، کیلۆیەك، دوو کیلۆ وە نە بەژەمو دوو ژەمیش، وە نە بە ئەندازەی پێوانیش، بۆیە لە هاوەڵانو شوێنکەوتووانەوە خوا لێیان ڕازی بێ چەند شتێك لەوبارەوە هاتوە، {خوا بەگشتی فەرموویەتی ﴿إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ﴾، خواردن پێدانی دە نەدار}، هەندێکیان گوتوویانە: (يُغدّيهم ويُعَشّيهِم)، عەرەب عادەتیان وابووە

١) ج٤، ص٣٥١ – ٣٥٢.

دووجـار نانیان خـواردوە، (غَدَاء وعَشَاء) واتـە: بـەیانیان‌و ئێـواران، وە هەنـدێكیان گوتوویانە: (أَكْلَةٌ وَاحِدَةٌ)، یەكجـار، یەك ژەم، هەندێكیان بە پێوان (نصف صَاع) واتە: نیو ڕبـە، (صـاع)ێك چوار مسـتە، واتە: دوو مسـت، جا لـە گـەنم، یـاخود لـە خورمـا، یـاخود وێنــەی خورمـاو گـەنم، هەنـدێكیان گوتوویانـە: بـۆ هـەر نـەدارێك مستێك گەنــم، وە پێخـۆریشــی لەگەڵدابێ، هەڵبەتە ئەسڵیش ئەوەیە كە دەبێ ئەو خــواردنە كـە دەدرێ بـە كـەفارەتی ئـەو برسـییانە، تەسـلیمیان بكـرێ، وە بدرێتـە دەسـتیان، ئەوە بەنسـبەت خـواردن پێـدانـەوە.

(ب) كـە دەفـەرموێ: ﴿كِسْوَتُهُمْ﴾، ئەگـەر خــواردن پێـدان نـەبوو، ئـەوی دیكـەی هەڵبـژارد، پۆشـاكیان بـۆ بكـات، لێرەشـدا زانایـان دەڵـێن: خــوا دیـاریی نــەكردوە ئەنــدازەی ئەو پۆشـاكە چـەندبێ؟ زۆرجـار پرسـیار كراوە ئایا چی بێـت؟

هەندێــك گوتوویــانە: هـەر شــتێك پێـی بگوتــرێ پۆشــاك، جا كڵاوێـك بـێ مێـزەرێ بـێ، سـەرپۆشـێك بـێ، كراسێك بـێ، شـەرواڵێك بێ، هەمووی هەر دەبێ.

هەندێكـیش گوتوویــانە: دەبــێ بەرگـێك بــێ كـە نوێـژی تێــدا بكـرێ، واتـە: ڕەوابـێ كە نوێـژی پێـوە بكـرێ، ئەو دوو ڕایـە هــەن، بەگشـتی.

بەڵام لەڕاسـتیدا ئایەتەكە دیـاری نەكـردوە، بۆیــە هەردووكیـان دەگونجـێن.

(ج) كە دەفەرموێ: ﴿أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾، كۆیلەیـەك ئـازاد بكـرێ، ئێسـتا كۆیلە نـین (الحمـد لله)،

١/ ئایـا ئەو كۆیلــەیە دەبـێ چـۆن بـێ، زانایـان ڕاجیـاییان هــەیە:

ئەبو حەنیفە گوتوویـەتی: ئەو كۆیلـەیە مسـوڵمان بێ، یاخود كـافر، دروسـتە.

شــافیعیی‌و زانایـانی دیكـە گوتوویانــە: ئـەو كۆیلەیــە هــەر دەبـێ ئیمانــداربێ، هەڵبـەتە لێرەدا خـوا دیاریی نەكردوە كە ئیمانـداربێ، لە شـوێنی دیكـەدا هاتوە كە دەبـێ ئیماندار بـێ ﴿... وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ...﴿٩٢﴾﴾النسـاء، بـەڵام لێـرەدا دیـاریی نەكــردوە، هەندێكیان دەڵـێن: ئەمە قیـاس دەكرێتــە سـەر ئەوی.

بەلاَم لەڕاستییدا من ڕای (أبو حنیفة)م پێ ڕاستترە، مادام لێرەدا دیاریی نەكراوە، ئەوەش بواری عیباداتە، لەوێ كە دیاریی كراوە، دیارە كە حیكمەتێكی تێدایە، كە دەبێ ئیماندار بێ، وە لێرەدا كە دیاری نەكراوە، دیارە نامسوڵمانیش بێ هەر دەگونجێ ئازاد بكرێ.

٢/ ئنجا ئایا دروستە كەفارەت هەمووی بدرێتە یەك نەدار؟

ئەبو حەنیفە دەڵێ: بەڵێ، دروستە هەمووی بدرێتە یەك نەدار، با بە دە ڕۆژان بیخوات، بە دە (١٠) ژەمان بیخوات.

مالیكو شافیعییو زۆربەی زانایان دەڵێن: نەخێر، دەبێ بدرێتە دە نەداران، چونكە خوای پەروەردگار باسی دە (١٠) دەكات.

لەوەدا من ڕای زۆربەم پێ ڕاستترە، كە دەبێ بدرێتە دە كەسان.

٣/ ئنجا ئایا نرخی ئەو خواردنە، یاخود نرخی ئەو پۆشاكە، دروستە بدرێ لە كەفارەتی سوێند یان دەبێ حەتمەن پۆشاك بێ، یان خواردن بێ؟

ئەبو حەنیفە دەڵێ: نرخەكەشی دەبێ.

مالیكو شافیعییو زۆربەی زانایان دەڵێن: نابێ.

من لەوەدا ڕای ئەبو حەنیفەم پێ ڕاستترە، چونكە جاری وا هەیە سوودی ئەو كەفارەتە ئەگەر بە پارە بێ، زیاترە بۆ نەدارەكانو دەگونجێ كەلێنی باشتری پێ بگرن، وە لەوانەیە ئەو پۆشاكەیان بۆ نەبێ، یاخود پۆشاكێكی بە دڵی خۆیان بكڕن، یان خواردنێكی بە دڵی خۆیان بخۆن، بۆیە من پێموایە قیمەتەكەش دەبێ، وە ڕای ئەبو حەنیفە لێرەدا باشترە.

٤/ ئایا ئەو كەفارەتە دروستە بدرێ بە ئینسانی نامسوڵمان؟

ئەبو حەنیفە دەڵێ: دروستە.

مالیكو شافیعیی دەڵێن: دروست نیە بدرێتە نامسوڵمان.

من پێموایە دروستە، چونكە خوا دیاریی نەكردوە كە حەتمەن بدرێتە مسوڵمان.

(د) کـــە دەفـــەرموێ: ﴿فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ﴾، زانایـــان لـــەوەدا کەوتوونەتە ڕاجیـایی یەوە، ئایـا ئەو سـێ ڕۆژە دەبـێ بـە دوای یەکـدا بـن، یـاخود جیـاجیـابن؟

هەندێکـیان گوتوویـانە: دەبـێ بـەدوای یەکـدا بـن، بـەڵام لەڕاسـتیدا هـیچ بەڵگەیەك لەسـەر بەدوای یەکدا بوونەکە نیـە، کەواتـە: نێـو بـە نێـویش بـێ هـەر دروسـتە، پاشـان زانایـان لـەوبارەوە کـە ئایـا سـنووری ئـەو تـەنگ دەسـتیی‌و نەدارییـەی کـە مرۆڤـ بـۆی هەیـە کەفـارەتەکە نـەدات، واتـە: خـواردن پێـدان‌و پۆشـاك بـۆ کڕیـن‌و کۆیلـە ئازادکـردن، وە سـێ ڕۆژەکـان بگـرێ سـنوورەکەی چییـە؟

هەندێکیان گوتوویانـە: هـەر کەسـێك نـان‌و نەفەقـەی خـۆی‌و مـاڵ‌و منـداڵی ئـەو شـەوو ڕۆژەی هـەبێ، زیـادەی هـەبێ، زیـادەکە دەبێـت بکـاتە کەفـارەت.

هەندێکیان گوتوویـانە: دەبێ هێنـدەی هەبێ کـە دەسـتمایەیەکی وای هەبـێ کـە ماوەیـەك پێـی بـژی.

ئـەبو حەنیفـە ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ دەڵـێ: دەبـێ هـەر کەسـێك ئەنـدازەی (نصـاب)ی نەبـێ، واتـە: هێنـدەی نەبـێ زەکـاتی لـێ بکـەوێ، بـۆی هەیـە کـە بـەڕۆژوو بـێ.

من ڕای ئـەبو حەنیفـەم پـێ جوانـە، چونکـە هـەر کەسـێك ئەنـدازەی زەکـات لێکـەوتنی نەبـێ، مانـای وایـە هـەژارو نـەدارەو زەکـاتی پێدەشـێ‌و هـەر کەسێکـیش زەکـاتی پـێ بشـێ‌و بـە هـەژارو نـەدار دابنـرێ، مولـزەم نـاکرێ بـە کەفـارەت دان.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی بیستەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا چوار ئایەت دەتوێژینەوە، کە ئایەتەکانی (٩٠ - ٩٣)ن، لەو چوار ئایەتە موبارەکەدا خوای کاربەجێ پاش ئەوەی بۆ جاری یازدەیەمین لەم سوورەتەدا بە نازناوی ئیمان بانگی مسوڵمانان دەکات ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، حوکمی کۆتاییو یەکجارەکیی شەڕابو قومارو دانانی بتو صەنەمو بەکارهێنانی زەلەمان ڕادەگەیەنێ، کە هەموو ئەوانە حەڕامو پیسنو لە کردەوەی شەیتاننو، دەبێ مسوڵمانان نەك هەر نەیانکەن، بەڵکو دەبێ توخنیشیان نەکەون، پاشان خوای پەروەردگار پێیان ڕادەگەیەنێ، کە شەیتان دەیەوێ بە هۆی شەڕابو قومارەوە، دوژمنایەتییو ناکۆکیی لە نێو مسوڵمانان پەیدا بکاتو، لە نوێژو یادی خوا بێئاگایان بکات، وە فەرمانیان پێ دەکات فەرمانبەریی خواو پێغەمبەر ﷺ بکەن، وە بزاننو دڵنیابن، کە ئەگەر پشت هەڵبکەن، تەنیا خۆیان بەرپرسیارن، وە لە کۆتاییدا خوا ﷻ حوکمی مەیخۆرییو ئەو کەسانەی پێش قەدەغەکرانی خواردوویانەتەوە، ڕادەگەیەنێ، کە هیچیان لەسەر نیە، بە مەرجێك لەمەودوا خاوەنی کردەوەی باشو ئیمانو تەقوابن.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ
ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ
ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ
أَنتُم مُّنتَهُونَ ٩١ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ
أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ٩٢ لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ
جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ
ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٩٣ ﴾

## مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بـە دڵنیـایی یـەوە (بـزانن کـە) شـەڕابو قومـارو بتـەکانو زەلەمـەکان پیسـن لـە کـردەوەی شـەیتانن، دەجـا لێیـان دووربکەونـەوە، بـەڵکو سـەرفرازبن ﴿٩٠﴾ بێگومـان شـەیتان دەیـەوێ لـە میانـەی مەیخـۆریی‌و قومارکردنـەوە، دوژمنـایەتیـیو بوغــزو غەرەزتــان بخــاتە نێـوان، وە لــە یــادی خــواو نوێــژ بتانگێڕێتــەوە، جــا ئایــا دەســت هەڵدەگــرن! ﴿٩١﴾ وە فەرمانبــەریی خــواو پێغەمبەرەکـەی بکـەن، وە وریـا بـن، ئنجـا ئەگـەر پشـتتان هـەڵکرد، ئـەوە بـزانن پێغـەمبەرەکەمان تـەنیا گەیانـدنی ڕوونـی (پـەیامی خـوای) لەسـەرە ﴿٩٢﴾ ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکانیان ئـەنجام داون، لەسـەر ئـەوەی کـە لـە ڕابـردوودا خـواردوویانەتـەوە (پێـش قەدەغـە کـران) گوناهیـان لەسـەر نیـە، ئەگەر لەمـەودوا پارێز (لە مەیخـواردنەوە) بکەن، وە ئیمـان بێـنن‌و کـردەوە باشـەکان ئەنجـام بـدەن، ئنجـا پـارێز بکـەن‌و ئیمـان بێنـن، ئنجـا پـارێز بکـەن‌و چاکە بکـەن، وە خـوا چاکەکـارانی خۆشـدەوێ ﴿٩٣﴾)).

# شـیكردنەوەی هـەندێك لە وشـەكان

(ٱلْخَمْرُ): بـە كـوردی دەڵـێین: شــەڕاب، مــەی، ئـارەق، (أَصْلُ الخَمْـرِ: سَتْرُ الشَّـيءِ، وَالخِمَار مَا تُغَطِّي بِهِ الـمَرْأَة رَأْسَها، وَجَمْعُهُ خُمُرٌ، وَسُمِّيَتْ لِكَـونِهَا خَـامِرَةً لِمقرِّ العَقْـلِ وَهُـوَ اسْـم لِكُـلّ مُسْـكِرٍ)، واتــە: وشـەی (الخَمْـرِ) لـە ڕیشــەدا بـە مانـای داپۆشـینی شـتێك دێـتو، ئـەو شـتەی كـە شـتێكی پـێ دادەپۆشـرێت پێـی دەگـوترێ (خِمَـار) وە سەرپۆشـی ئـافرەت یـان دەسـماڵ، یـان لەچـك پێـی دەگـوترێ: (خِمَـار)، كۆیەكـەی (خُمُـر)ە، بۆیەش بـە شـەڕاب گـوتراوە (خَمْـر) چونكە عەقـڵ دادەپۆشـێ، وشـەی (خَمْـر) نـاوە بۆ هـەموو سـەرخۆشـكەرێك.

(وَٱلْمَيْسِرُ)، واتـە: قومـار، لەبەرئـەوەی ماڵــێكە مرۆڤـ بـە ئاســانیی دەسـتی دەكـەوێ، (اليُسْــرُ ضـــدّ العُسْــر، وَتَيَسَّــرَ كَـذَا وَاسْتَيْسَــرَ: تَسَـهَّلَ وَمِـنَ اليُسـر: الـمَيْسِرُ، والـميسرُ: القِمَـارُ، الـميسَرَة: الغِنـى واليَسَـارِ)، وشـەی (مَيْسِـر) لـە (يُسْـر) هـاتوە، واتــە: ئاســـانیی، پێچـــەوانەی زەحمەتـــەو قورســـییە، دەگــوترێ: (تَيَسَّـرَ كَـذَا وَاسْتَيْسَـرَ)، واتە: ئاسـان بوو، وە (الْمَيْسِرُ) واتە: (قِمـار) وە دەوڵەمەنـدییو دەست ڕۆیشـــتوویی پـێ دەگـوترێ (مَيْسـرة) لەبەرئـەوەی ئینســـان بـە ئاسـانی دەتوانـێ تەصـەڕڕوف بكـات ئەگـەر دەوڵەمەنـدبێ.

(وَٱلْأَنصَابُ ): واتـە: (نَصْـبُ الشَـيء، وَضْعُهُ وَضْعَاً نَاتِئَـاً، كَنَصْـب الـرّمْحِ، وَالنَّصِـيبُ: الحِجَـارَةُ تُنْصَـب عَلَـى الشَـيء، وَجَمْعُـهُ نَصَائِب وَنُصُـب وأَنْصَـاب، وَكَـانَ للعَـرَب حِجَـارَة تَعْبُـدُهَا وَتـذبَحُ عليها)، (نَصْـبُ الشَـيءِ) واتـە: ئـەو شــتەی چـەقاندو بـە قیتـــیی دایـنـــا، وەك چــۆن ڕمێـــك دەچەقێنـــێ، (نَصـيب) بەردێكـە دەچـەقێنرێ لەسەر شـتێك، كۆیەكـەی (نَصَـائِب وَنُصُـب وأَنْصَـاب)ە، عـەرەب عادەتیـان وابـووە، بەردێكـیان دانــاوە بـەبێ ئـەوەی شــێوەی مرۆڤـ و ئەوانـەی بـۆ بكــەن، ئەگـەر شــێوەیان بـۆ كردبــێ ناویـان نـاوە (وثـن)و (صَـنَم)، ئەگـەر شـێوەیان بـۆ نـەكردبێ ناویـــان نـــاوە (نَصَــب) جـا عادەتیـــان وابــوو پەرســـتوویانەو قوربانیشـــیان بـــۆ

سەربڕیوە.

(وَٱلۡأَزۡلَٰمُ ): (أَزْلام) کۆی (زَلَـم)، (الأَزْلام: السَّهْمُ الَّـذِي لا رِيشَ عَلَيْـهِ، وَكَانوا يَسْتَقسمونَ بِهَـا)، (زَلْـم) ئەو تیرەیە کە پەڕی پێوە نیە تا بڕوات، واتە: شتێکە وەك تیر نووکەکەی پێوەیە، بەڵام پەڕەکەی دواوەی پێوە نیە کە بەهۆی پەڕەکەی دواوە دەڕوات، عادەتیان وابوو شتیان پێ دابەش دەکرد، دوایی زیاتر باسی دەکەین.

(رِجۡسٞ): (الرِّجْس: القَـذِر، الشَّـيءُ القَـذِر)، واتە: (رجْس) بە مانای پیسیی دێ، یاخود بە مانای شتێکی پیس دێ، هەروەها (الفِعْل القَبِيح، والكُفر، العَذَاب) بە کردەوەی خراپو بە کوفرو بە سزاش دێ.

(جُنَاحٌ ): (سُمِّي الإِثْمُ المَائِلُ بالإنسان عَنِ الحَقّ جُنَاحَاً، جَنَحوا: مَالوا)، (جُنَاح) بە مانای باڵە، جا (جُنَاح) ئەو گوناهەیە کە ئینسان لادەدا لە هەق، یان لاری دەکاتەوە بەراستو چەپدا لای دەدات، (جَنَحوا)، واتە (مَالوا) لایاندا.

(طَعِمُوٓاْ ): (الطَّعْـمُ: تَنَاوُلُ الغِـذَاءِ، وَقَدْ يُسْتَعْمَلُ طَعِمْتُ فِي الشَّرَابِ كَقَوْلِهِ: ﴿فَمَن شَرِبَ مِنۡهُ فَلَيۡسَ مِنِّي وَمَن لَّمۡ يَطۡعَمۡهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّيٓ ٢٤٩﴾ البقـرة)، (طَعِمَ)، واتە: خواردی، زیاتر بۆ خواردنو خۆراك بەکاردێ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا وشەی (طَعِم) بۆ خواردنەوەش بەکاردێ، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (البقرة) وایفەرمووە.

## هـۆی هـاتنـە خـوارەوەی ئایەتەكـان

هۆی هاتنە خـوارەوەی ئـەو ئایەتـەی كـە دەفـەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾ دوو بەسەرهات لەمـبارەوە گێڕدراونەوە، هەڵبەتە زیاتریش هەن، بەڵام من ئەو دووانـەم هـەڵبـژاردوون:

أ) ﴿عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ رضي الله عنه، أَتَيْتُ عَلَى نَفَرٍ مِنَ الأَنْصَارِ وَالْمُهَاجِرِينَ، فَقَالُوا: تَعَالَ نُطْعِمْكَ وَنَسْقِيكَ خَمْراً، وَذَلِكَ قَبْلَ أَنْ تُحَرَّمَ الْخَمْرُ، قَالَ: فَأَتَيْتُهُمْ فِي حَشٍّ "وَالْحَشُّ الْبُسْتَانُ" فَإِذَا رَأْسُ جَزُورٍ مَشْوِيٌّ عِنْدَهُمْ وَزِقٌّ مِنْ خَمْرٍ، قَالَ: فَأَكَلْتُ وَشَرِبْتُ مَعَهُمْ، قَالَ: فَذُكِرَتِ الأَنْصَارُ وَالْمُهَاجِرُونَ عِنْدَهُمْ، فَقُلْتُ: الْمُهَاجِرُونَ خَيْرٌ مِنَ الأَنْصَارِ، قَالَ: فَأَخَذَ رَجُلٌ أَحَدَ لَحْيَيِ الرَّأْسِ فَضَرَبَنِي بِهِ فَجَرَحَ بِأَنْفِي فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم فَأَخْبَرْتُهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ فِيَّ (يَعْنِي نَفْسَهُ) شَأْنَ الْخَمْرِ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٩٠﴾﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ بِرقم: (٦١٨٨)}، واتـە: سـەعدی كـوڕی ئەبـی وەقـاص خـوای لـێ ڕازی بێ (لە درێژەی بەسـەرهاتێكدا) دەڵـێ: ڕۆژێـك چوومە لای كۆمـەڵێك لـە پشـتیوانانو كۆچـكەران (لـە هـاوەڵانی بەڕێـزی پێغەمبـەر صلى الله عليه وسلم) ئەوانیش بانگیان كردم، گوتیـان: وەرە خـواردنیشـمان لـەلا بخـۆ، شـەڕابیشـمان لەلا بخـۆوە، (ئـەوە بەرلـەوەی شـەڕاب قەدەغـە بكرێ)، دەڵـێ: منـیش چووم بـۆ لایـان لەنێو باغێكـدا دانیشـتبوون، سـەری حوشـترێكیان برژانـدبوو، وە مەشـكەیەك، یـان كوندەیـەك شەڕابیان لەلابوو، دەڵێ: منیش لەگەڵ ئەواندا نانـم خـواردو شـەڕابیشـم خـواردەوە، لـەوێ باسـی پشـتیوانانو كۆچـكەران كـرا، منـیش گـوتم: كۆچـكەران لـە پشـتیوانان چاكتـرن، (دیـارە دەبێ سـەرخۆش بووبـێ)، یەكێـك لـە پیاوەكان یەكێـك لـە شـەویلاگەكانی سـەرەكەی گرتـوو لـە دەموچـاوی دامو، لـووتی بریـندار كـردم، (هەندێك دەڵێن: لووتی شكاوە، هەندێكیش دەڵـێن: لـووتی تـۆزێ قڵیشـاوە)، دەڵـێ:

چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵم پێدا، خوای بەرزو پایەدار لە بارەی منەوە، ئەو ئایەتەی ناردە خوار کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ ﴿٩٠﴾﴾.

ب) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٩٣﴾﴾، ﴿عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه، قَالَ: كُنْتُ سَاقِيَ الْقَوْمِ، فِي مَنْزِلِ أَبِي طَلْحَةَ، وَكَانَ خَمْرُهُمْ يَوْمَئِذٍ الْفَضِيخَ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مُنَادِيًا يُنَادِي: أَلاَ إِنَّ الْخَمْرَ قَدْ حُرِّمَتْ، قَالَ: فَقَالَ لِي أَبُو طَلْحَةَ: أُخْرُجْ فَأَهْرِقْهَا، فَخَرَجْتُ فَهَرَقْتُهَا، فَجَرَتْ فِي سِكَكِ الْمَدِينَةِ، فَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: قَدْ قُتِلَ قَوْمٌ وَهِيَ فِي بُطُونِهِمْ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ ...﴿٩٣﴾﴾﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بِرَقْم: (٤٦٢٠)، وَمُسْلِمٌ بِرَقْم: (٥٢٤٦)، وَأَبُو دَاوُد بِرَقْم: (٣٦٧٥)}، وەك جارێکی دیکەش باسمان کردوە، جاری وا هەیە، دوو ڕووداو یان سێ ڕووداو، خوای پەروەردگار ئایەتێك دەنێرێتە خوارێ بۆ هەموویان.

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێ ڕازی بێ، دەڵێ: من لە ماڵی ئەبو طەڵحە شەڕابم بۆ خەڵکێك دەگێڕا، (دیارە ئەنەس گەنج بووە، چونکە دەڵێ: ئەو کاتەی تەمەنم دە ساڵان بوو لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بووم)، پێش ئەو کاتەی شەڕاب قەدەغە بکرێ، شەڕابیش لە (فَضِیخ) دروست دەکرا {(الْفَضِيخُ: شَرَابٌ يُتَّخَذُ مِنَ الْبُسْرِ الْمَفْضُوخِ: أَيِ الْمَشْدُوخِ)، واتە: فەزییخ شەڕابێکە لە خورمای تێکگوشراو دروستکراوە} ئنجا ئەو کاتەی شەڕابەکەم بەسەردا دەگێڕان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد بە جارچی جاڕ بدا، فەرمووی: (أَلاَ إِنَّ الْخَمْرَ قَدْ حُرِّمَتْ) ئاگادار بن! شەڕاب قەدەغە کرا، ئەبو طەڵحە پێی گوتم: ئەنەس

بچـێ دەرێ ئـەو شـەڕابە برێـژە، (جـا دەبـێ خـواردبیانەوە، یـان فریـا نەکـەوتبن بخۆنەوە، یان هەندێکیان خـواردبێتەوەو هەندێکی دیکەی فریـا نەکـەوتبن بیخۆنـەوە) منـیش چـووم شـەڕابەکەم ڕشـت، شـەڕاب بـە کۆڵانـەکانی مەدینـەدا دەڕۆیشـت، (هـەر ماڵێك شەڕابی هەبووە ڕشـتوویەتی)، هەنـدێك لـە خەڵکەکـە گوتیـان: (قَدْ قُتِلَ قَوْمٌ وَهِيَ فِي بُطُونِهِمْ)، کەسـانێکمان لێکـوژران، ئەم شـەڕابەیان لـە گـەدە دابـووە، ئـەدی ئەوانـە حوکمیـان چییـە؟ ئیـدی خـوا ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوارێ: ﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓاْ ...﴿٩٣﴾ ﴾، واتـە: ئەوانـەی خاوەن ئیمانو کـردەوە باشـەکانیان ئەنجامـداوە، گوناهیـان ناگاتـێ کـە لـە ڕابـردوودا خـواردوویانەتەوە، مادام خـوای پەروەردگار ئەو کاتە قەدەغـەی نەکـردبێ.

## مانای گشتی ئایەتەکان

دیارە وەك پێشتر باسمان کردوە، لەم سوورەتە موبارەکەدا زۆرترین جار وشەی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، دووبارە بۆتەوە، کە (١٦) جارە، ئەم جارەیان یازدەیەمین جارە لەم سوورەتەدا، ئاشکرایە هەرجارێك خوای بەرز بە نازناوی ئیمان بانگی مسوڵمانان بکات، حەتمەن یان واجبێکە پێیان ڕادەگەیەنێ، یان قەدەغە کراوێکە ئاگاداریان دەکاتەوە، یان فەرمانێکیان پێدەکات، یان نەهییەکیان پێ دەفەرموێ، ئنجا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! واتە: ئیمانتان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەر ﷺ وە هەرچی کە خوا لە ڕێی پێغەمبەرەوە هەواڵی پێداون، هەرچی کە خوا ناردوویەتی بە پێغەمبەری خۆیدا، وە وشەی: ﴿ءَامَنُوٓاْ﴾، وەك نازناوێك وایە بۆ مسوڵمانان، ئەگەرنا وشەی (آمَنُوا)، یانی: (آمَنُوا باللهِ وملائكته ورُسُله وَكُتُبه وَاليَومِ الآخِرِ وبِكُلّ مَا يجب أن يُؤْمَن به).

دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾، بێگومان ﴿ٱلۡخَمۡرُ﴾، واتە: شەڕاب، مەی، ﴿وَٱلۡمَيۡسِرُ﴾، واتە: قومار، ﴿وَٱلۡأَنصَابُ﴾، واتە: کۆی (نَصْب)ە، واتە: ئەو بتانەی کە دایاندەنێن بۆئەوەی کە وێنەیان بکێشن ﴿وَٱلۡأَزۡلَٰمُ﴾، کۆی (زَلَم)ە، واتە: ئەو داروچکانەی وەك یانسیب شتیان پێ دابەش دەکەن، ئەمانە هەر چواریان پیسن، لە کردەوەی شەیتانن، لێیان دووربکەونەوە، بەڵکو سەرفرازبن، لێرەدا خوا ﷻ وەك قۆناغی چوارەمو کۆتایی قەدەغەکردنی شەڕاب، وە قۆناغی دووەمو کۆتایی قەدەغەکردنی قومار، ئەم بانگەوازە ئاڕاستەی ئیمانداران دەکات، چونکە وەك دوایی باسی دەکەین، شەڕاب بە چوار قۆناغ قەدەغە بووە، قوماریش بە دوو قۆناغ، خوا ﷻ کە ئامرازی (إِنَّمَا)ی بەکارهێناوە، واتە: (خَمْر ومَيسر وأَنْصَاب وَأَزلام) بەس پیسن و کردەوەی شەیتانن، واتە: هیچی دیکە نین جگە لە پیسیی و، جگە لەوە کە کردەوەی شەیتانن،

کەواتە: لێیان دووربکەونەوە، بۆئەوەی سەرفرازبن، هەڵبەتە لە مەسەلە گرنگەکان زیاتر باسی دەکەین، ئنجا حیکمەتی قەدەغەکرانی ئەو چوارە، بەتایبەت شەڕاب‌و قومار، ڕادەگەیەنێ‌و دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾، بێگومان شەیتان بە هۆی ئەوەوە کە شەڕاب‌و قومارتان لەلا شیرین دەکات، بەس دەیەوێ دوژمنایەتیی‌و ڕقتان بخاتە بەین، بە هۆی شەڕاب خواردنەوەو قومارکردنەوە، وە لە یادی خواو لە نوێژ بتانگێڕێتەوە، ﴿ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾، ئنجا ئایا دەست هەڵدەگرن! یان: ئایا هەر وازیان لێ ناهێنن!

ئنجا خوای پەروەردگار بە ئیمانداران دەفەرموێ: ﴿ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ﴾، وە فەرمانبەریی خوا بکەن، واتە: پابەندبن بە قورئانەوە، وە فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن، واتە: پابەندبن بە سوننەتەوە، ﴿ وَٱحْذَرُوا۟ ﴾، وە وریابن‌و هۆشیاربن، لە بێ فەرمانیی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ، ﴿ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴾، ئنجا ئەگەر پشتتان هەڵکرد، واتە: لەجیاتی ئەوەی ڕووبکەنە خواو پێغەمبەری خوا، پشتتان تێیان کردو لە جیاتی ئەوەی فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن، لاملیی‌و سەرپێچییتان کرد، ئەوە بزانن کە پێغەمبەری ئێمە (موحەممەد ﷺ) تەنیا گەیاندنێکی ڕوونی لەسەرە، دوای ئەوەی بە ڕوونی پێی ڕاگەیاندن کە شەڕاب‌و قومارو بتەکان‌و زەڵەمەکان قەدەغەن، هەر کەسێك لە ئێوە توخنی یەکێك لەوانە بکەوێ، بۆخۆی بەرپرسیارە، وە پێغەمبەر ﷺ لەسەری پێویست نیە بتانگێڕێتەوە، بەس لەسەری پێویستە ئاگادارتان بکاتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ﴿٤٨﴾ ﴾ الشورى، واتە: تۆ بەس گەیاندنت لەسەرە.

ئنجا لە ئایەتی چوارەم‌و کۆتاییدا خوا ﷻ وەڵامی ئەو ئیشکالە دەداتەوە، کە بۆ هەندێك لە هاوەڵان دروست بووە خوا لێیان ڕازی بێ، ئەویش ئەوەبووە کە هەندێکیان لە جەنگی بەدردا شەهید بوون، یان لە جەنگی ئوحوددا شەهید بوون، کە شەڕابیش

دوای ئەو جەنگانە قەدەغەکراوە، گوتوویانە: ئەو برایانەمان، ئەو هاوەڵانەمان کوژراون‌و لەو کاتەشدا شەڕابیان لەنێو گەدەدا هەبووە، واتە: شەڕابیان خواردۆتەوە، ئایا حوکمیان چییە؟ خوای پەروەردگار وەڵامی ئەو پرسیارو ئیشکالە دەداتەوەو، دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، بێگومان ئەوانەی ئیمانیان هێناوە، (بە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ)، وە کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داون، گوناهیان لەسەر نیە لەسەر ئەوەی کە لە ڕابردوودا خواردوویانە، واتە: خواردوویانەتەوە لە شەڕاب، وە من وای تێدەگەم بۆیە خوای زاناو شارەزا وشەی: ﴿ طَعِمُوٓا۟ ﴾ی بەکارهێناوە، چونکە ﴿ طَعِمُوٓا۟ ﴾، هەم بۆ خواردن‌و، هەم بۆ خواردنەوەش بەکاردێ، ئنجا مادده سەرخۆشکەرەکانیش تەنیا بە شێوەی خواردنەوە بەکارنایەن، وەك شلەمەنیی، بەڵکو بە شێوەی دیکەش بەکاردێن، وە بە شێوەی حەب دەرزیش بەکاردێن، دەفەرموێ: ئەوانەی کە لە ڕابردوودا ئەو مادده سەرخۆشکەرانەیان بەکارهێناوە، گوناهیان لەسەر نیە، چونکە کاتی خۆی قەدەغە نەکرابوون، ﴿ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾، ئەگەر لە ڕابردوودا پارێزیان کردبێ لەو شتانەی کە قەدەغە کراون، شەڕاب کە قەدەغە نەکراوە، پارێزیشیان لێ نەکردبێ، گوناهیان ناگاتێ، بەمەرجێك لەو شتانەی دیکە کە قەدەغەکراون، پارێزیان کردبێ، ﴿ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ ﴾، پاشان کە شەڕاب قەدەغە کراوە، ئنجا خۆیان لە شەڕابیش دەپارێزن‌و ئیمانیشیان هەیە، دیارە ئیمانەکە وایان لێدەکات خۆیان بپارێزن، ﴿ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ ﴾، وە بەردەوام بە پەیژەی لە خواترسان‌و تەقوادا سەردەکەون، بەرەو پلەی سەرەوەی لە پارێزو خواترسان، نەك بە پلەی خوارەوەو نێوەڕاست قەناعەت بکەن، وە چاکەکارییش ئەنجام دەدەن، ﴿ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، وە خوا چاکەکارانی خۆشدەوێن.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، لێرەدا پێویستە دەکات ئەم پێنج وشەیە شی بکەینەوە، چونکە دوایی پێویستمان پێیان دەبێ:

(الخَمْرُ، المَيْسِرُ، الأَنْصَابُ، الأَزْلامُ، الرِّجْسُ).

١/(الْخَمْـر): کە پێشتریش چەمك و واتاکەیمان شیکردەوە: (الخَمْرُ: اسْمٌ لِكُلّ مُسْكِرٍ يُذَكَّرُ وَيُؤَنَّثُ وَيُقَالُ: خَمْرَة، وَالجَمْعُ: خُمُور، وَالخَمَّار: بائِعُهَا، وَسُمِّيَت الخَمْرُ خَمْرَاً لأَنَّهَا تَسْتُر العَقْلَ..)[1]، واتە: ناوە بۆ هەر سەرخۆشکەرێك، بە (مُذَكّر) دێ، بە (مُؤَنَّث)یش دێ، کە دیارە (مُذَكّرو مُؤَنَّث)ی (مجازي)ین، وە دەشگوترێ: (خَمْرَة) کۆی (خَمْر) بریتییە لە (خُمُور)، (وَخَمَّار) ئەو کەسەیە کە شەراب دەفرۆشێ، وە (خَمْر) بۆیە وای پێگوتراوە، چونکە عەقڵ دادەپۆشێ، ئینسان سەرخۆش دەکات و عەقڵی لەلا نامێنێ.

ئنجا مادام هەر ماددەیەك ئینسان سەرخۆش بکات، پێی دەڵێن: (الخَمْر)، کەواتە کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، مانای وایە هەرچی سەرخۆشکەرە دەیگرێتەوە، بۆیەش زۆر جەختی لەسەر دەکەمەوە، چونکە ئەبو حەنیفە دەڵێ: بەس ئەوەی لە ترێ دروست دەکرێ، پێی دەگوترێ: (خَمْر)، خواش لێرەدا بەس باسی (خَمْر)ی کردوە، هەڵبەتە ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێ، وایگوتوە، بەڵام دیارە گوتووشیەتی: حوکمی ماددە سەرخۆشکەرەکانی دیکە لە بەڵگەی دیکەوە دەزانرێ، ئەگەرنا ئایەتەکە تەنیا ئەوە دەگەیەنێ،

١) المعجم الوسيط: ج٢، ص٥٥.

بەڵام وەك لێرەدا دەردەكەوێ، وانیەو وشەی (خَمْر) هەموو سەرخۆشكەرێك دەگەیەنێ، هەرچی ماددەی سەرخۆشكەرە: شلەمەنییو حەبو هی تونددو دەرزییو دووكەڵو هەرچی بێت ... هتد، چونكە ئێستا بە زۆر جۆرو شێوە ماددە سەرخۆشكەرەكان بەكاردەهێنرێنو، بەشەر هونەر بازیی (تفنُّن)ی زۆر بەكاردێنێ بۆ سەرخۆشكردن.

٢/(الْمَيْسِر): (اللَّعب بالقِدَاحِ..) بریتیە لە یاریی كردن بە قیداح، (قِدَاح)یش كە كۆیەكەی (أقداح)ە، بریتیە لە داروو چكەیەك كە بۆ تیر چاكیان كردوە، ئەگەر ویستیان بیكەن بە تیر، نووكێكی تیژو پەڕیشی بە دواوە بووە، ئەگەرنا هەر دارەكە بووەو، شتیان پێ دابەش كردوە، سێ (قِدَاح)یان هێناوە، لەسەر یەكێكیان نووسیوە: (أَمَرَنِي رَبِّي)، پەروەردگارم فەرمانی پێكردووم، وە لەسەر ئەوەی دیكەیان نووسیوە: (نَهَانِي رَبِّي)، پەروەردگارم لێی قەدەغەكردووم، وە لەسەر ئەویدیكە هیچیان نەنووسیوەو، لەنێو توورەكەیەك دایاننـاونو هەڵیان شەقاندوە، پاشان یەكیان لێ ڕاكێشاوە، ئەگەر ویستبیان سەفەرێك یان هەر كارێك بكەن، ئەگەر ئەوەیان دەرچووبێ كە تێیدا نووسراوە، (أَمَرَنِي رَبِّي) ئەوە گوتوویەتی: خوا فەرمانی پێكردوومو، دەبێ سەفەرەكە بكەم، وە ئەگەر ئەوەیان كە لەسەری نووسراوە: (نَهَانِي رَبِّي) دەرچووبێ، سەفەرەكەیان نەكردوە، وە ئەگەر ئەوی كە هیچی لەسەر نەنوسراوە، دەرچووبایە دووبارەیان دەكردەوە، یاخود بۆ شت دابەشكردن بەكاریان هێناوە، ئنجا دەڵێ: (كُلُّ شيءٍ فيهِ قِمَار فَهُوَ مِنَ المَيْسِر)، واتە: وە هەر شتێك كە قوماری تێدابێ، ئەوە (میسر)ە.

قومار چییە؟ (الجرجاني) لە كتێبی (التعريفات)دا دەڵێ: (القِمَارُ: هُوَ كُلُّ لَعب يَشْتَرِطُ فيهِ الغَالِبُ مِنَ المُتَغَالِبِين شَيْئَاً مِنَ المَغْلُوبِ)، واتە: هەر یارییەك كە كۆمەڵە كەسێك دەیكەن، ئەوەیان كە زاڵ بێت ئەندازەیەك ماڵ لەسەر ئەوە فەرز دەكات كە دۆڕاندوویەتی.

هەروەها پێناسەیەكی دی بۆ كردوە (الجرجاني) دەڵێ: (القِمَارُ: هُوَ أَنْ يَأخُذ مِن صَاحِبه شَيئاً فَشَيئَاً فِي اللَّعب) واتە: قومار ئەوەیە یەكێك جار لە دوای جار لە هاوەڵەكەی بباتەوە، ئنجا دەگوترێ: (قَامَرَ الرَّجُل مُقامَرَة وَقِمَاراً: إِذَا

لاعبە لعباً فالقِمَارُ هُوَ الرِّهان)، وە یان بە کوردی دەڵێن: گرەو لەسەر شتێك بێ، هەڵبەتە شەرعزانان زۆر وردەکارییان لەسەر باس کردوە، دوایش زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

٣/(الأَنْصَاب):- کۆی (نَصْب)ە، واتە: (حَجَر كَانُوا يَنْصِبُونَهُ فِي الجَاهِلِيةِ، وَيَتَّخِذُونَهُ صَنَمَاً فَيَعْبُدونهُ)، واتە: بەردێکە دایاننـاوەو چەقاندوویانە لە سەردەمی نەفامییدا، وەك بت پەرستوویانە، وە جاری واشبووە ئاژەڵیان لەلا سەربڕیوە، خوێنەکەشیان پێدا هەڵسوە.

٤/(الأَزْلامُ)، کۆی (زَلَم)ە، واتە: (السَّهْمُ الَّذِي لا رِيشَ عَلَيْهِ، وَكَانَ أَهْلُ الجَاهِلِيةِ يَسْتَقسِمُونَ بِالأَزْلامِ وَكَانُوا يَكْتُبُونَ عَلَيْهَا الأَمْرُ أو النَّهِي، وَيَضَعُونَهَا فِي وِعَاءٍ، فَإِذَا أَرَادَ أَحَدُهُم أَمْرَاً أَدْخَلَ يَدَهُ فِيهِ وَأَخْرَجَ سَهْمَاً، فَإِذَا خَرَجَ مَا فِيهِ الأَمْرُ مَضَى لِقَصْدِه، وَإِنْ خَرَجَ مَا فِيهِ النَّهِي، كَفَّ)[1]، پێشتر لە باسی (میسر)دا پێناسەمان کرد.

٤/(رِجْس): (الرِّجْسُ: الشَّيء القَذِر)، یانی: هەر شتێکی پیس، دەگوترێ: (رَجُلٌ رِجْسٌ وَرِجَالٌ أَرْجَاسٌ، وَالرِّجْس يَكُونُ عَلَى أَرْبَعَةِ أَوْجُهٍ: إمَّا مِنْ حَيْثُ الطَّبْعُ، وَالعَقْل، وَالشَّرْع، وَمِنْ كُلِّهَا كَالْمَيْتَةِ، فَإِنَّهَا تُعَافُ طَبْعَاً وَعَقْلاً وَشَرْعَاً، ﴿إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ ﴿٢٨﴾﴾التوبة، وَجَعَلَ الكَافِرِينَ رِجْسَاً مِنْ حَيْثُ أنَّ الشِّرك بِالعَقْلِ أَقْبَحُ الأَشْيَاءِ، قَالَ تَعالى: ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ ...﴿١٢٥﴾﴾التوبة، وقوله تعالى: ﴿وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾﴾يونس، قِيلَ الرِّجْسُ: النتن، وَقِيل العَذَاب)، واتە: دەگوترێ پیاوێکی پیس، پیاوانێکی پیس، وە پیسیش چوار جۆرە:

١/ پیسیی لە ڕووی سروشتییەوە.

٢/ پیسیی لە ڕووی عەقڵەوە.

---

١) المعجم الوسيط: ص٣٩٨ ـ ٣٩٩.

٣/ پیسیی لە ڕووی شەرعەوە.

٤/ پیسیی لە هەر سێ ڕووەکانەوە، وەك: مردارەوەبوو، کە هەم سروشتی پیسەو، وە هەم ئینسان لە ڕووی عەقڵەوە دەزانێ خراپەو، هەم لە ڕووی شەرعەوەش پیسە.

ئنجا خوا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ ﴿٢٨﴾﴾، واتە: بێگومان هاوبەشدانەرەکان بۆ خوا پیسن، (دیارە پیسیی ماددیی نا، ئەگەر دەستت بە کافرێك کەوت، دوایی چۆن دەستت بە میزو پیسایی کەوتوە، ئاوا دەستت بشۆی! چونکە زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: مرۆڤ پیس نیە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ ... ﴿٧٠﴾﴾الإسراء، واتە: ڕێزمان لە ئادەمیزاد گرتوە، ئادەمیزادێکی ڕێز لێگیراو، پیس نیە، بەڵکو لێرەدا مەبەست پیسیی مەعنەوییە)، بۆیە (راغب) دەڵێ: کافرەکان بە پیس دانراون لەبەرئەوەی کوفرو شرك بە عەقڵ، خراپترین‌و ناشیرینترین‌و قێزەوەنترین شتن، وەك خوا دەفەرموێ: (ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشیی تێدایە، لەگەڵ ئەو پیسییە، خوا پیسی دیکەشی بۆ زیاد کردن) یان لە سوورەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿... وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾﴾یونس، واتە: ئەوانەی کە نەفامن خوا پیسیی بۆ بڕیارداون، واتە: پیسیی خستە نێو دڵیان مەبەست لە پیسیی کوفرو شیرکە، وە هەندێکیش دەڵێن: مەبەست لە: (رِجْس) واتە شتی بۆگەن، هەندێکیش دەڵێن (رِجْس) واتە: سزاو ئازار.

**مەسەلەی دووەم:**

# باسێك لە بارەی شەراب و قومارەوە

لە حەوت خاڵدا باسی شەراب دەكەین، دوایی لە چوار خاڵیشدا باسی قومار دەكەین.

**یەكەم : شەراب ( خَمر ):**

**یەك : پێناسەی شەراب (خمْر)و جۆرەكانی :**

ئێمە پێشتر پێناسەی (خَمْر)مان كرد، بەڵام مەی (خَمْر) چەند جۆرێكی هەن، كە لە چەند شتێك دروست دەكرێن.

(رَاغِب الأَصْفَهانِي) دەڵێ: {.. وَالخَمْر سُمّيت لِكَونِهَا خَامِرةِ لِمَقَرِّ العَقْلِ، وَهُوَ عِنْدَ بَعْضَ النَّاسِ اسْمٌ لِكُلّ مُسْكِرٍ، وَعِنْدَ بَعْضهم اسْمٌ لِلمُتَّخَذِ مِنَ العِنَبِ وَالتَّمْرِ لما رُوِي عَنْهُ ﷺ: (الْخَمْرُ مِنْ هَاتَيْنِ الشَّجَرَتَيْنِ النَّخْلَةِ وَالْعِنَبَةِ)}، واتە: مەی بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە چونكە داپۆشەری شوێنی عەقڵ و هۆشە، وە هەندێك لە زانایان گوتویانە (خَمْر) ناوە بۆ هەر شتێك سەرخۆشكەر بێ، هەندێكیش گوتوویانە: تەنیا ئەوەی لە تریٚ و خورما دروست دەكرێ، پێی دەگوترێ: (خَمْر)، چونكە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿الْخَمْرُ مِنْ هَاتَيْنِ الشَّجَرَتَيْنِ! النَّخْلَةِ وَالْعِنَبَةِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٧٣٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٩٨٥)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٦٧٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٨٧٥)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٥٧٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣٧٨) وغيرهم عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ)، واتە: شەراب لەو دوو درەختەیە دارخورماو تریٚ.

دیارە ئەو شەرابەی كە لەو كاتەدا باو بووە، لەو دوو درەختە دروست كراوە، ئەگەرنا لە شتی دیكەش شەراب دروست دەكرێ، كە سەرخۆشكەر بێ، وە لە مەسەلەی خواردن و خواردنەوەو مامەڵەو نەریتەكان دا! تەماشای حیكمەت دەكرێ، حیكمەتی قەدەغەبوونی شەراب (خَمْر)یش سەرخۆشكردنە، بۆیە هەر شتێك ببێتە هۆی سەرخۆشكردن، بە مەی (خَمْر) دادەنرێ و قەدەغەیە.

وەك بەڵگەش لەوبارەوە کە هەر شێك ماددەیەکی سەرخۆشکەری لێ دروست بکرێ، هەمان حوکمی خورماو ترێی هەیەو مەرج نیە (خَمْر) تەنیا لە خورماو ترێ دروست بکرێ، ئەم دەقەیە: ﴿عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ عَلَى مِنْبَرِ رَسُولِ اللهِ ﷺ يَقُولُ: أَيُّهَا النَّاسُ! أَلا إِنَّهُ قَدْ نَزَلَ تَحْرِيمُ الْخَمْرِ وَهْيَ مِنْ خَمْسَةٍ: مِنَ الْعِنَبِ وَالتَّمْرِ وَالْعَسَلِ وَالْحِنْطَةِ وَالشَّعِيرِ، وَالْخَمْرُ مَا خَامَرَ الْعَقْلَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٣٧٨)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٧٤٧٥)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٣٦٦٩)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (٥٣٥٩)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەڵێ: گوێم لە عومەری کوڕی خەتتاب بوو خوا لێیان ڕازی بێ لەسەر مینبەری پێغەمبەری خوا ﷺ وتاریدا {دیارە بە ئامادەبوونی هاوەڵانی بەڕێز، بۆیەش شەرعزانان ئەم دەقەی عومەر بە بەڵگە دێننەوەو دەڵێن: مادام هاوەڵان هەموو لەوێ بوون، ئەوە حوکمی کۆدەنگیی (إجماع)ی هەیە} گوتی: ئەی خەڵکینە! ئاگاداربن قەدەغەبوونی شەڕاب خوا ناردیە خوار، شەڕابیش لە پێنج شتان دروست دەکرێ: لە ترێو خورماو هەنگوینو گەنمو جۆ، وە (خَمْر) هەر شتێکە کە عەقڵ داپۆشێ، (واتە: مرۆڤ سەرخۆش بکات).

کەواتە: قسەکەی ئەبو حەنیفە وە هاوەڵەکانی ڕەحمەتی خوایان لێ بێ هەر چەندە ئیمامێکی گەورەیە، کە گوتوویانە: (خَمْر) بەس لە ترێ دروست دەکرێ، نەیانپێکاوە، با ترێ باوترین سەرچاوەی دروستکردنی شەڕابیش بێ، هەروەها خورماش، بەڵام هەر شتێکی دیکە کە ئەو ماددە سەرخۆشکەرەی لێ دروست دەکرێ، هەر پێی دەگوترێ: (خَمْر) وە هەمان حوکمیشی هەیە، چونکە وەك باسمان کرد: (وَسُمِّيَت الخَمْرُ خَمْرًا لأَنَّهَا تَسْتُر العَقْلَ) بۆیە (خَمْر) دەگوترێ: (خَمْر)، چونکە لە (سَتْر)ەوە هاتوەو عەقڵ دادەپۆشێ.

## دوو: قۆناغەکانی قەدەغەبوونی شەڕاب:

پێم شك نایەت هیچ شتێکی دیکە ئەوەندەی شەڕابی خایاندبێ بۆ قەدەغەکرانی، شەڕاب بە چوار قۆناغ قەدەغە بووە، حیکمەتەکەشی ئەوەیە کە ئەو شتانەی خەڵك بە خواردنو خواردنەوەیانەوە ڕادێت، دەبنە بەشێك لە کەسایەتیی ئینسانو حاڵەتی جەستەییو عەقڵییو نەفسیی، دەست لێ

هەڵگرتنیان ئاسان نیەو، بە نووکە قەڵەمێك ناکرێ بگوترێ: دەست هەڵگرن! بەڵکو پێویستی بە پەروەردەکردن و پلەپلەیی هەیە، بەتایبەت شەراب، کە شتێك بووە عەرەبەکان زۆر عادەتیان پێوە گرتووە، زۆر لەسەری ڕاهاتوون، بۆیە خوای پەروەردگار بە چوار قۆناغ شەرابی قەدەغە کردوە:

**قۆناغی یەکەم**: خوای پەروەردگار لە سوورەتی (النحل) ئایەتی ژمارە (٦٧)دا ئاماژەیەکی سووك دەکات بەوە کە شەراب شتێکی خراپە و مەی خواردنەوە شتێکی خراپە، دەفەرموێ: ﴿وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلۡأَعۡنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا وَرِزۡقًا حَسَنًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٦٧﴾ النحل، واتە: لە بەروبوومی دارخورماو تری (مێو) شەرابی لێ دروست دەکەن و ڕزقێکی باشیشی لێ دروست دەکەن {واتە: مێوژو دۆشاوو سرکەو...هتد} بێگومان لەوەدا نیشانە هەیە بۆ کەسانێك کە بفامن، کە ئەمە ئاماژەیە، چونکە خوا دەفەرموێ: لە بەری دارخورماو بەری مێو، دوو شتان دروست دەکەن:

یەکەم: ماددەیەکی سەرخۆشکەر (تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا).

دووەم: ڕزق و ڕۆزییەکی باش (وَرِزۡقًا حَسَنًا)، کەواتە: ئەو ماددە سەرخۆشکەرە ڕزقێکی چاك نیەو خراپە، دیارە ئەوەش لە قۆناغی مەککەدا بووە، کە جارێ خوای پەروەردگار حوکمە شەرعییەکانی نەناردوونە خوارێ، تاکو بفەرموێ: شەراب مەخۆنەوە، نەشدەگونجا لەو قۆناغەدا قەدەغە بکرێ، بەپێی حیکمەتی خوای زانا، چونکە پێش ئەوەی خەڵك حەڵاڵ و حەرامی بۆ دیاری بکرێ، دەبێ ئیمان و عەقیدەی هەبێ و، عیبادەتی هەبێ و، خوای پەروەردگاری ناسیبێ و، بڕوای بە دوارۆژبێ و بەرچاوی ڕۆشن بووبێتەوە، ئنجا پێی بگوترێ وابکەو وامەکە، قۆناغی یەکەم ئەم ئایەتە بوو.

**قۆناغی دووەم**: ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ... ٢١٩﴾ البقرة، واتە: دەربارەی شەراب و قومار پرسیارت لێدەکەن: بڵێ گوناهێکی گەورەیان تێدا هەیەو، هەندێ سوودو

کەڵکیشیان تێدا هەن بۆ خەڵکی، کە ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەی بەهێزترە، کەواتە: شەڕاب‌و قومار گوناهێکی گەورەیان تێدا هەیەو هەندێ وردە قازانجیشیان تێدا هەن، بەڵام دیسان خوا نەیفەرمووە: مەیخۆنەوە، بەس ئەوەی زۆر عاقڵ‌و لێزان بووبێ، هەر بە ئایەتەکەی سوورەتی (النحل) کە دەفەرموێ: لە ترێ‌و خورما ماددەی سەرخۆشکەرو ڕزقێکی باشی لێ دروست دەکەن، کەواتە: دیارە شەڕاب ڕزقێکی باش نیە، هەر ئەوەندە بۆخۆی کەسانێك عەقڵیان بەقوەت بووبێ، بەڵگە بووە بۆئەوەی خۆیانی لێ دووربگرن، ئنجا ئەوەی پێشتریش حاڵی نەبووبێ، بە ئایەتی سوورەتی (البقرة) لێی حاڵی بووە، کە دیارە شەڕاب‌و قومار گوناهێکی گەورەیان تێدا هەیە.

**قۆناغی سێیەم:** خوای بێوێنە لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ...﴿٤٣﴾ ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! توخنی نوێژ مەکەون بە سەرخۆشیی، هەتا دەزانن چی دەڵێن، (چونکە ئینسانی سەرخۆش نازانێ چی دەڵێ)، ئەمجارەش خوای کاربەجێ نەیفەرمووە: مەیخۆنەوە، بەڵکو فەرموویەتی: بە سەرخۆشیی نوێژ مەکەن، ئنجا مادام سەرخۆشیش تا چەند سەعات (وەك سەرخۆشەکان دەڵێن) بەری نادات، مانای وایە بۆیان نەبووە کە لە نێوان نوێژی نیوەڕۆو عەسر، یان شێوان‌و خەوتنانادا بخۆنەوە، کەواتە: دوو دەرفەتیان هەبووە: لە دوای نوێژی بەیانی تاکو نیوەڕۆ دەرفەتێك بووە، وە لە دوای نوێژی خەوتنانیش تاکو بەیانی دەرفەتێك بووە واتە: خوا ماوەی شەڕاب خواردنەوەی زۆر لێ تەسك کردوونەتەوە، پێش ئەوەی یەکجاریی لێیان قەدەغە بکات.

**قۆناغی چوارەم:** ئەو ئایەتەی سوورەتی (المائدة) بوو کە خوای پەروەردگار شەڕاب‌و قوماری لەگەڵ بتپەرستیی دا باسکردن‌و، یەکجاریی لێی قەدەغەکردن، کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾، واتە: ئەی

ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بێگومان شەراب و قومارو بت و صەنەمەکان و زەلەمەکان {(أزلام): کە بۆ یانسیب بەکاریان هێناوە} پیسن لە کردەوەی شەیتانن، خۆتانیان لێ بە دووربگرن، بۆئەوەی سەرفرازبن. ئنجا نەفامی وا هەیە دەڵێ: خۆ خوا لەوێشدا نەیفەرمووە: شەراب مەخۆنەوە، بەس فەرموویەتی: خۆتانیان لێ دووربگرن! بەڵام بێگومان خۆ دوورگرتن زۆر بەقووەتترە لەوەی بڵێ: مەیخۆوە، چونکە لێرە کە فەرموویەتی: خۆتانی لێ دووربگرن واتە: مەیکرن، مەیفرۆشن، لەو مەجلیسە دامەنیشن کە تێیدا دەخورێتەوە، ڕەفاقەتی ئەوانە مەکەن کە دەیخۆنەوە، خۆ لێ دوورگرتن هەر تەنیا خواردنەوەکەی ناگەیەنێ، بەڵکو زۆر شتی دیکەش دەگەیەنێ، کە هەموویان حەرامن، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە.

وە لەمبارەوە ئەم دەقە هەیە: ﴿عَنْ أَبِي مَيْسَرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: لَمَّا نَزَلَ تَحْرِيمُ الْخَمْرِ، قَالَ عُمَرَ: اللَّهُمَّ بَيِّنْ لَنَا فِي الْخَمْرِ بَيَاناً شَافِياً، فَنَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةَ الَّتِي فِي سُورَةِ الْبَقَرَةِ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ... ﴾، فَدُعِيَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ فَقُرِئَتْ عَلَيْهِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ بَيِّنْ لَنَا فِي الْخَمْرِ بَيَاناً شَافِياً، فَنَزَلَتْ الآيَةُ الَّتِي فِي سُورَةِ النِّسَاءِ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقْرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ ...﴿٤٣﴾ ﴾، فَكَانَ مُنَادِي رَسُولِ اللهِ ﷺ إِذَا أَقَامَ الصَّلاةَ نَادَى أَنْ لا يَقْرَبَنَّ الصَّلاةَ سَكْرَانُ، فَدُعِيَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، فَقُرِئَتْ عَلَيْهِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ بَيِّنْ لَنَا فِي الْخَمْرِ بَيَاناً شَافِياً، فَنَزَلَتْ الآيَةُ الَّتِي فِي الْمَائِدَةِ، فَدُعِيَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ فَقُرِئَتْ عَلَيْهِ فَلَمَّا بَلَغَ: ﴿ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ ﴾، قَالَ: فَقَالَ عُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: انْتَهَيْنَا انْتَهَيْنَا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحمَدْ برقم: (٣٧٨) تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح رجاله ثقات، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٦٧٠)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٠٤٩)، وَصَحَّحَهُ الألباني}، واتە: ئەبی مەیسەرە دەڵێ: کاتێك خوا قەدەغەکردنی شەرابی نارده خوار، عومەر خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: ئەی خوایە! دەربارەی شەراب خواردنەوە ڕوونکردنەوەکی باشمان بۆ بنێرە خوار (ئایا بیخۆینەوە یان نەیخۆینەوە؟

چونکە هەستێکی زۆر بە قووەتی هەبووە) ئیدی ئەو ئایەتەی سوورەتی (البقرة) هاتە خوار کە دەفەرمویٚ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ .... ﴾، عومەر بانگکراو ئایەتەکەی بۆ خوێندرایەوە (بەلاّم تەواو دلّی پێیدانەکەوت) گوتی: ئەی خوایە! دەربارەی شەڕاب خواردنەوە ڕوونکردنەوەیەکی باشمان بدەیە (ئایا بیخۆینەوە یان نەیخۆینەوە؟)، ئنجا ئەو ئایەتەی دیکەی سوورەتی (النساء) هاتە خوارێ کە دەفەرمویٚ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ ...﴿٤٣﴾ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! تۆخنی نوێژێ مەکەون بە سەرخۆشیی (واتە: هەتا سەرخۆشن نوێژێ مەکەن، جا دوای هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەی سوورەتی (النساء) بانگدەری پێغەمبەر ﷺ کە بانگی دەداو قامەتی دەکرد، دەیفەرموو: ئەوەی سەرخۆشە با جارێ نەیەتە نوێژ، (واتە: سەرخۆشەکانیش بۆیان هەبوو نوێژێ بکەن، بەلاّم دەیفەرموو: با نەیەن بۆ نوێژێ، یانی لە مالّی خۆیان نوێژێ بکەنو نەیەن بۆ مزگەوت، یان با بە سەرخۆشیی نوێژێ نەکەن، تاکو سەرخۆشیی بەریاندەدات) ئنجا عومەر دووبارە بانگکرا خوا لێی ڕازی بێ، وە ئەو ئایەتەی (النساء)یشی بەسەر خوێندرایەوە، دووبارە عومەر گوتی: ئەی خوایە! دەربارەی شەڕاب خواردنەوە ڕوونکردنەوەکی باشمان بدەیە، {واتە: پێویستیمان بەوە ناکات بلّێین: دەبێ شەڕاب حەرام بێ یان حەلاّل؟} ئنجا ئەو ئایەتە کە لە سوورەتی (المائدة)دا هەیە هاتە خوار، کە دەفەرمویٚ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَـٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَـٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ ﴾، (سەرەتا دەفەرمویٚ: ئەوانە لە کردەوەی شەیتانن، وازیان لێبێنن، دوایی دەفەرمویٚ: ئایا واز ناهێننو دەستبەرداری شەڕاب نابن؟!) جا کە بەسەریدا خوێندرایەوە، عومەر گوتی: (انْتَهَيْنَا

انْتَهَيْنَا) وازمان هێنا، وازمان هێنا، مادام خوا فەرمووی: پیسەو لە كردەوەی شەیتانە، ئایا هەر واز ناهێنن؟! ئەوە وازمان هێنا، وازمان هێنا.

## سێ: حوكمی خواردنەوەی شەڕاب:

دیارە شەڕاب حەڕامەو خواردنەوەی شەڕاب یەكێكە لە گوناهە گەورەكان، وە لە قسەی خەلیفەی سێیەم (عُثْمَان بْنَ عَفَّان)دا هاتوە خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: {اجْتَنِبُوا الخَمْرَ فَإِنَّهَا أُمُّ الخَبَائِثِ}(أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ برقم: (٥٦٦٦) قال الشيخ الألباني: صحيح موقوف)، واتە: خۆتان دووربگرن لە شەڕاب، بێگومان دایكی هەموو گوناهەكانە.

یانی: لە ئەنجامی شەڕاب خۆرییدا تووشی زۆر گوناهی دیكە دەبن.

شایانی باسیشە ئێمە لە مەسەلەی سێیەمدا چۆنیەتی دەلالەتی ئەو سێ ئایەتە كە بە دوازدە شێوە دەلالەت دەكەن، لەسەر ئەوەی شەڕاب خواردنەوە قەدەغەیە، باس دەكەین، چونكە هەندێك لە خەڵكی نەفامو سەركێڵ، دەڵێن: كوا خوا نەیفەرمووە شەڕاب مەخۆنەوە، هەر دەفەرموێ: پیسەو لە كردەوەی شەیتانە، هەر دەستی لێ هەڵناگرن؟! وە دەفەرموێ: نزیكی مەكەون، بەڵام دوایی باسی دەكەین كە لەڕاستییدا ئەوەی خوا فەرموویەتی بەهێزترە لەوەی كە بفەرموێ: مەیخۆنەوە، كە دەفەرموێ: نزیكی مەكەون، یانی: نەك هەر مەیخۆنەوە، هیچ جۆرە مامەڵەیەكی لەگەڵ مەكەن، بۆ وێنە: ئەوانەی دەشیخۆنەوە لەلایان دامەنیشن، بەڵام ئەگەر فەرموبای: مەیخۆنەوە، بەس خواردنەوەكەی حەڕام بوو، بەڵام ئێستا هەموو شتەكانی دیكەشی حەڕامن، وەك دوایی باسی دەكەین.

ئنجا زانایان لەسەر ئەوەی كە شەڕاب خواردنەوە قەدەغەیە، یەك دەنگن، وە هیچ زانایەكی موعتەبەر نەیگوتووە شەڕاب خواردنەوە حەڵاڵە، چەند فەرمایشتێكیش لەوبارەوە هەن:

١) ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنُ عِبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: أَهْدَى رَجُلٌ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ رَاوِيَةَ خَمْرٍ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ: (أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ اللهَ حَرَّمَ شُرْبَهَا)؟ فَسَارَّ الرَّجُلَ إِنْسَانٌ إِلَى جَنْبِهِ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ: (بِمَ سَارَرْتَهُ)؟ فَقَالَ: أَمَرْتُهُ أَنْ يَبِيعَهَا، فَقَالَ لَهُ

رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ: (إنَّ الَّذِي حَرَّمَ شُرْبَهَا حَرَّم بَيْعَـهَا)، فَفَتَحَ الـمُزَادَتَيْنِ حَتَّى ذَهَبَ مَا فِيهِمَا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢١٩٠)، وَمُسْلِمٌ رقم: (١٥٧٩)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٦٦٤)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٩٤٢)، وَالدَّارَمِيُّ برقم: (٢١٠٣)}، واتە: عبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پیاوێك مەشکەیەك کە شەڕابیان تێکردوە، هێنای بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ کردیە دیاری، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: نەتزانیوە کە خوا قەدەغەی کردوە؟ گوتی: نەخێر، پیاوێك بە چرپە بە گوێی دا چپاند، پێغەمبەر ﷺ لە کابرای پرسی چیت پێ گوت؟ کابراش گوتی: پێمگوت: بیفرۆشە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو کەسەی کە خواردنەوەی قەدەغەکردوە، فرۆشتنیشی قەدەغە کردوە، ئنجا کابرا دەمی مەشکەکەی گرتو ڕۆی کرد، تاکو شەڕابەکەی هەمووی ڕشت.

دیارە ئەو دەفرانەی کە شەڕابیان تێکردوونو شوشتوویانو بەکاریان هێناونەوەو پێغەمبەر ﷺ پێی نەفەرموون بەکاری مەهێنن.

٢) ﴿عَنْ عَبْدِ الله بْنِ عَمْرٍو رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله ﷺ: (شَارِبُ الْخَمْرِ كَعَابِدِ الْوَثَنِ)﴾ {أَخْرَجَهُ البَزَّار برقم: (٢٢٢٥)، وَعَبدالرَّزَاق برقم: (١٧٠٦٤)، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (٣٧٠١)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمرٍ خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: شەڕاب خۆر وەك بت پەرست وایە.

کەواتە: پێغەمبەر ﷺ شەڕاب خۆری وەك بت پەرست لە قەڵەم داوە، وە بەڕاستی وێکچوونێکی زۆر بەجێیە، وەك چۆن بت پەرست هەمیشە لەگەڵ بتەکەی خۆی دا خەریکە، شەڕاب خۆریش هەر لەگەڵ پێکەکەو شەڕاب خواردنەوەکەی خۆی خەریکە، زۆر بە زەحمەت دەستی لێ بەردەبێ، مەگەر ئیمانێکی باشی هەبێ.

٣) ﴿عَنْ ابْنَ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ: (لُعِنَتْ الْخَمْرُ عَلَى عَشْرَةِ وُجُوهٍ: لُعِنَتِ الْخَمْرُ بِعَيْنِهَا، وَشَارِبُهَا، وَسَاقِيهَا، وَبَائِعُهَا، وَمُبْتَاعُهَا، وَعَاصِرُهَا، وَمُعْتَصِرُهَا، وَحَامِلُهَا، وَالْمَحْمُولَةُ إِلَيْهِ، وَآكِلُ ثَمَنِهَا)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٥٣٩١)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣٨٠) وَصَحَّحَهُ الألباني في (المشكاة)

برقم: (٢٧٧٧)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: لە دە ڕووەوە شەڕاب لەعنەتی لێکراوە:

١- لەعنەت لە خودی شەڕاب.

٢- لەو کەسەش کە دەیخواتەوە.

٣- لەو کەسەش کە دەیگێڕێ.

٤- لەو کەسەش کە دەیفرۆشێ.

٥- لەو کەسەش کە دەیکڕێ.

٦- لەو کەسەش کە دەیگوشێ.

٧- لەو کەسەش کە بۆی دەگوشرێ.

٨- لەو کەسەش کە هەڵیدەگرێ.

٩- لەو کەسەش کە بۆی دەبردرێ.

١٠- لەو کەسەش کە نرخەکەی دەخوات.

کەواتە: کە خوای زاناو شارەزا فەرموویەتی: ﴿فَٱجۡتَنِبُوهُ﴾، لێی دووربکەونەوە، بۆ ئەوەیە هەر دەیان بگرێتەوە، وە ئەگەر فەمووبای: مەیخۆنەوە، ئەو کاتە تەنیا ئەو کەسەی دەگرتەوە کە دەیخواتەوە، بەڵام کە دەفەرموێ: توخنی مەکەون، واتە: نە بیکڕنو نە بیفرۆشنو نە بیگوشنو نە هەڵیبگرنو نە بەشداریی ئەو کەسانەش بکەن لەسەر مێز دەیخۆنەوەو دایاننناوەو ... هتد.

٤) ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ، قَالَ: (مَنْ شَرِبَ الْخَمْرَ فِي الدُّنْيَا، ثُمَّ لَمْ يَتُبْ مِنْهَا، حُرِمَهَا فِي الآخِرَةِ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٤٦٩٠)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٢٥٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥١٩١)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٦٧٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣٧٣)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٢٣٠)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك شەڕاب لە دنیادا بخواتەوەو پاشان تۆبەی لێ نەکات، ئەوە لە دوارۆژدا لێی بێبەش دەبێ.

واتە: ناچێتە بەهەشت، چونكە هەندێك گوتوویانە: دەچێتە بەهەشت بەڵام شەرابی نادەنێ!

بەڵام ئەوە ڕاست نیەو هەر كەس چووە بەهەشت، هیچ شتێكی لێ قەدەغە نیە، (دواتر ڕای خۆم لەبارەی مانای ئەو فەرموودەیەوە دەخەمەڕوو).

٥) ﴿عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: (كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ، وَمَنْ مَاتَ وَهُوَ يَشْرَبُ الْخَمْرَ يُدْمِنُهَا، لَمْ يَشْرَبْهَا فِي الآخِرَةِ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٤٨٣١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥١٨٥)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٨٦١)، وَقَالَ: حسن صحيح، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٦٧٩) وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٣٦٦)} واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عومەر خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەموو سەرخۆشكەرێك (خَمْر)ە، وە هەموو سەرخۆشكەرێك قەدەغەیە، هەر كەسێك شەراب بخواتەوە بمرێو لەسەری بەردەوام بێو، لێی پەشێمان نەبێتەوە، لە دوا ڕۆژدا نایخواتەوە.

تێبینی:

دیارە بە پێی ئەو دوو فەرمایشتە بابای مسوڵمانی مەیخۆر ناچێتە بەهەشت! كە دیارە ئەوەش وێڕای چەندان ئایەتو فەرموودە، لەگەڵ كۆدەنگیی زانایانیشدا تێكدەگیرێ، كە دەڵێن: خاوەنی گوناهە گەورەكان (أصحاب الكبائر) بە پێچەوانەی ڕای (خوارج)ەوە مادام ئەسڵی ئیمانیان هەبێ سەرەنجام دەچنە بەهەشت!

پێشمەوایە مەبەست لەو دوو فەرموودەیە ئەگەر سەلمێنرا كە ڕاست (صحیح)نو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموونی ئەوەیە كە:

١- بە سەلامەتیی و بەبێ لێپرسینەوەو سزا "مادام تۆبەیان نەكردبێ" ناچنە بەهەشت.

٢- لەگەڵ ئیماندارانێك كە خاوەنی گوناهە گەورەكان نین، ناچنە بەهەشت بەڵكو دوا دەكەون!

## چــوار: پیســیو پاکـیی شـــەڕاب:

زانیمان شەڕاب لە ڕووی مەعنەوییەوە پیســە، بـەڵام لـە ڕووی ڕوواڵەتییـەوە ئایا شــەڕاب پیســە؟ واتە: بێنوێـژەو ئەگـەر پرێشـکێکی بـەر جلوبەرگـت بکـەوێ، دەبـێ بیشـۆی؟ لەوبـارەوە زانایـان چـەند ڕایەکیـان هـەن:

زۆربەیـان دەڵـێن: پیسـە، واتە: بە شـوێنێکت بکـەوێ دەبـێ بیشـۆیەوە.

هەندێکـیش دەڵێن: لـە ڕووی مەعنەوییـەوە پیســـەو حەڕامـە، بـەڵام لـە ڕووی ڕواڵـەتەوە پیس نیـەو پاکـە، وەك شــلەمەنییەکانی دیکــە وایـە، وە ئـەو زانایانـەی کە دەڵێن: پـیس نیـە، ئەمانـەن: (ربیعة ولیث بـن سعد والـمُزَني صاحب الشافعي، وبعـض الـمتأخرین مـن البغـدادیین والقـرویین) (قُـرطُبي) لــە (الجـامع لأحكـام القـرآن)[1] دەڵـێ: ئەوانــە دەڵـێن: پاکـە.

وە (مُحَمَّـد الطـاهر بـن عاشـور) لــە تەفسـیــرەکەی خۆیـــدا، دەڵـــێ: (الَّـذِي يَقْتَضِـيهِ النَّظَـرُ أَنَّ الخَمْـرَ لَيْسَـتْ نَجِس العَـينِ، وَأَنَّ مَسَاقَ الآيـةِ بَعيـدٌ عَنْ قَصْـدِ نَجَاسَـةِ عَيْنِهَـا، إِنَّمَـا القَصْـدُ أَنَّهَـا رِجْـسٌ مَعْنَـوِي، وَلِـذَلِكَ وَصَـفَهُ بِأَنَّـهُ مِـنْ عَمَـلِ الشَّيْطَانِ .. ولأَنَّ النَّجَاسَـةِ تَعْتَمَد الخَبَاثَة والقَذَارة وَلَيْسَتِ الخَمْرُ كَذَلِكَ، وَإِنَّمَا تَنَـزَّه السَّـلَفُ عَـن مُقَارَبَتِهَـا لِتَقْرِيـر كَرَاهِيَتهَـا فِـي النُّفُـوس)[2]، واتـە: ئـەوەی کـە عەقـڵ پەسـندی دەکـاو دەیخـوازێ، ئەوەیـە کـە شـەڕاب لـە خــۆی پـیس نیـە، (وەك پیســـییەکی وا پێویســـتی بـە شـۆردن بـێ) سـیاقی ئایەتەکـە تەماشـا دەکـەین، دوورە لەوەی مەبەســتی ئـەوە بــێ کە شـەڕاب وەك پیســـیی عـەینی بێ، بەڵـکو مەبەسـت ئەوەیـە کــە لـە ڕووی مەعنــەوییەوە پیســـە، (واتـە: خراپـــەو قەدەغەیـە) بۆیــەش بــەوە وەسف کراوە کە لە کردەوەی شەیتانە، چونکە پیسیی، (واتە: پیسـیی مـاددیی‌و بەرهەســت) دەبــێ قێـزەون‌و بێـزلێکراو بێ، کـە شـــەڕاب (خَمْـر)یش بـەو شــێوەیە نیــە (وەك میـزو خوێن‌و پیسـایی) کە قێـزەونن.

---

١) ج٦، ص٢٥٢.

٢) التحریر والتنویر: ج٧، ص٢٧.

بەڵام زانایانی پێشێ بۆیە خۆیان لێ دوورگرتوە، بۆئەوەی کە بزانرێ شتێکی قێزەونو خراپە لە ڕووی ڕواڵەتیو مەعنەوییەوە، تاکو خەڵك خۆی لێ دووربخاتەوە، وە من ڕای دووەمم پێ چاکە، کە تەنیا لە ڕووی مەعنەوییەوە پیسەو لە ڕووی ڕواڵەتەوە پیس نیە.

هەندێکیش ئەوە بە بەڵگە دەهێننەوە کە پێغەمبەر ﷺ کاتێك ئایەتەکەی بۆ هاتە خوارێ، هاوەڵان هەرچی شەڕاب هەیە لە کوندەو مەشکەدا هەموویان ڕشتوەو، بەوێشدا ڕۆیشتوونو پرپشکیشیان پێکەوتوە، ئنجا ئەگەر پیس بووایە، ئەوە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: وریابن پرپشکتان پێ نەکەوێ، منیش دەڵێم: بەڵام ئەوە بەڵگەیەکی بەهێز نیە، هەرچەندە زانایان باسیان کردوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕواڵەتی ئایەتەکە هیچ پیسیی ناگەیەنێ، وە لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا ﷺ هیچ ئاماژەیەك بەو پیسییە نەکراوە، کە وەك پیساییو میز پیس بێ.

## پێنج : حیکمەتی قەدەغەکرانی شەڕاب :

ئایا بۆچی شەڕاب قەدەغەیە؟ خوا ﷻ چوار هۆکاری بەیان کردوون، دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾﴾، واتە: شەیتان دەیەوێ بە هۆی شەڕابو قومارەوە، دوژمنایەتیو ڕقو کینەتان لەنێواندا پەیدا بکاتو، لە یادی خواو نوێژ بتانگێڕێتەوە، دیارە ئەو چوار هۆکارەش زۆر شت کۆ دەکەنەوە، بەڵام وەك من سەرنجم داوە، لە حەوت ڕووەوە حیکمەتی شەڕاب قەدەغەکردنم دیاریی کردووەو ڕەنگە زیاتریش بن:

١- زیانی کۆمەڵایەتیی.

٢- زیانی مەعنەویی.

٣- زیانی تەندروستیی.

٤- زیـانی ئابووریـی.

٥- زیـانی ئەمنـیی.

٦- زیـانی تاوانیـی (الجنـائي).

٧- زیـانی ئەخـلاقیی.

١- **زیـانی کۆمەڵایەتـیی**: دیـارە ئایەتەکـە ئامـاژەی پێـدەکات دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾، واتە: بێگومان شـەیتان دەیەوێ لە ڕێـی شـەڕاب و قومـارەوە دوژمنایـەتیی و ڕق و بوغـز بخاتـە نێوانتـان، بۆیـە دەبیـنین شـەڕاب خۆرەکان زۆر پێکـەوە بەشـەڕ دێن و بـە مسـت و بۆکـس لـێکـدەدەن و، بـە شـەڕە چـەقۆ یەکـدی زامـدار دەکـەن، وە ئەوانـەی شـەڕاب خـۆرن و معتـاد دەبـن لەجیـاتی ئـەوەی مـاڵ و خێـزانی بژیـەنن دادەڕزێـن، وە ئەگـەر لەسـەر شـەڕاب خـۆریی بـەردەوام بـن، دوایـی معتـاد دەبـن و پێـی سـەرخۆش نـابن، بۆیـە دەبـێ بیگوازنەوە بۆ جۆرێکـی دیکـەی بەهێزتـر.

٢- **زیـانی مەعـنەویـی**: واتە لە ڕووی ئیمان و دینداریـیەوە ئینسـان کاتێك دەتوانـێ عیبـادەت بکـات، ئەگـەر عەقـڵی تەواوبـێ، بـەڵام کاتێـك عەقڵـی لەدەسـتدا بەهـۆی شـەڕاب خواردنـەوەوە، عیبـادەتی لەدەسـت دەچـێ.

٣- **زیـانی تەندروسـتیی**: ئێسـتا هـەموو پزیشـکەکان لەسەر ئەوە یەك دەنگن، کە مـەی خۆریـی و شـەڕاب خـۆریی، "ج جـای سەرخۆشـکەرەکانی دیکـە" لەشـی ئینسـان دادەڕزێنـێ و کاریگـەریی خراپـی هەیـە بـۆ سـەر گـەدەو سییەکان و دڵ و جگـەرو گورچیلـەو زۆربـەی کۆئەنـدامەکـان.

٤- **زیـانی ئـابووریـی**: مەیخـۆریی و موعتـاد بـوون بـە بـەکارهێنانی مـاددە سـڕکەرەکانەوە، بەرهـەم کـەم دەکاتـەوەو، بابـای سـەرخۆش و موعتـاد کـارو کەسـابەتی بـۆ ناکـرێ و نـەخۆش دەبـێ و، نـەك مـاڵ و خێـزان بگـرە مەسـرەفی خۆیشـی پـێ ناکـرێ.

٥- زیـانی ئـەمنیـی: زۆرجـار بەهـۆی سـەرخۆشـییەوە، بابـای سـەرخۆش‌و موعتـاد وەك جاسـووسـیی شـتی لـێ وەردەگـرن‌و نهێنییەكـانی لـێدەردەهێنـن.

٦- زیـانی تـاوانیی: زۆربەی ڕووداوی كوشـتن‌و ڕاوو ڕووت‌و وەرگەڕانی سـەیارەو دزیـی‌و ڕێگـریی، بەهـۆی سـەرخۆشـییەوە ڕوودەدەن.

٧- زیـانی ئـەخلاقیـی: مەیخـۆریی‌و موعتـادبوون دەبێتـە مایەی داڕووخـانی ڕەوشـت‌و، بڵاوبوونەوەی خـوو خـدە دزێوەكان، چونكە مرۆڤ بـە عـەقڵ‌و هـۆش چاكـەو خراپـە لە یـەك جیـادەكاتەوە.

بۆ زانیاریتـان: لە وڵاتـانی دەرەوە، بەرپرسـان بۆیـان دیـاری دەكەن نابـێ شـەڕاب لە هەموو شـوێنێك بخـۆنەوە، بـۆ وێنـە: لـە شـوێنی كۆبوونەوەكـان‌و، لـە شـوێنی كـار، یان لە كـاتی وتـاردان‌و بڕیـاردان‌و حوكـم كـردن ... هتددا.

## شـەش: سـزای مەیخـۆریـی:

زۆر تەماشـای تەفسـیـرەكان‌و كتێبـە فیقهـییەكانم كـردوە، بـۆم دەركـەوت كـە سـزادانی مەیخـۆریی مەسـەلەیەكی (إجتهادي)یـە، واتـە: دەقێكـی ڕوون‌و ئاشـكراو بـێ چـەندو چـوونی شـەریعەت نیـە، لەسـەر سـزای مەیخـۆریی، واتـە: سـزای دنیـایی، ئەگـەرنا سـزای قیـامەت ئـەوە دیـارە، بـەڵام لـە ڕووی سـزای دنیـایی یـەوە، چـەند دەقێكمان هـەن، چـوارچێوەیـەك دیـاری دەكـەن:

١/ لەوبـارەوە ئـەم دەقـە گێڕدراوەتـەوە: ﴿عَـنْ عِكْرِمَـةَ عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ قَـالَ: أَنَّ الشُّرَّابَ كَانُوا يُضْرَبُونَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ: بِالأَيْدِي وَالنِّعَالِ وَبِالعِصِيِّ حَتَّى تُوُفِّيَ رَسُـولُ اللهِ ﷺ فَكَانُوا فِي خِلافَةِ أَبِي بَكْـرٍ أَكْثَرَ مِنْهُـمْ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ فَكَانَ أَبُو بَكْرٍ يَجْلِدُهُمْ أَرْبَعِينَ حَتَّى تُوُفِّيَ، فَكَانَ عُمَرُ مِنْ بَعْدِهِ يَجْلِدُهُمْ كَذَلِكَ أَرْبَعِينَ، ثُمَّ أُتِيَ بِرَجُلٍ مِنَ الـمُهَاجِرِينَ الأَوَّلِينَ وَقَدْ شَـرِبَ، فَأَمَرَ بِهِ أَنْ يُجْلَدَ، فَقَالَ: أَتَجْلِدُنِي؟ بَيْنِي وَبَيْنَكَ كِتَابُ اللهِ، فَقَالَ عُمَرُ: (أَفِي كِتَابِ اللهِ تَجِدُ أَلاَّ أَجْلِدَكَ؟) فَقَالَ: إِنَّ اللهَ تَعَالَى يَقُولُ: ﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ

ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ ... ﴿٩٣﴾﴾ المائدة، الآيَةَ؛ فَأَنَا مِنَ الّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ، ثُمَّ اتَّقَوْا وَآمَنُوا، ثُمَّ اتَّقَوْا وَأَحْسَنُوا، شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللّهِ ﷺ بَدْرًا وَأُحُدًا وَالْخَنْدَقَ وَالْمَشَاهِدَ كُلُّهَا، فَقَالَ عُمَرُ: (أَلا تَرُدُّونَ عَلَيْهِ مَا يَقُولُ؟) فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: إِنَّ هَذِهِ الآيَاتِ أُنْزِلَتْ عُذْرًا لِمَنْ صَبَرَ وَحُجَّةً عَلَى النَّاسِ؛ لأَنَّ اللهَ تَعَالَى يَقُولُ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾﴾ المائدة، الآيَةَ، ثُمَّ قَرَأَ حَتَّى أَنْفَذَ الآيَةَ الأُخْرَى؛ فَإِنْ كَانَ مِنَ الذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَإِنَّ اللّهَ تَعَالَى قَدْ نَهَاهُ أَنْ يَشْرَبَ الْخَمْرَ، فَقَالَ عُمَرُ : (صَدَقْتَ، مَاذَا تَرَوْنَ؟: فَقَالَ عَلِيٌّ: ) إِنَّهُ إِذَا شَرِبَ سَكِرَ، وَإِذَا سَكِرَ هَذَى، وَإِذَا هَذَى افْتَرَى، وَعَلَى الْمُفْتَرِي جَلْدُ ثَمَانِينَ﴾ {أَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ فِي (الكُبرى) برقم: (٥٢٨٨)، وَالحَاكِمُ برقم: (٨١٣٢) ووافقه الذهبي، وَالدَّارَقُطْنِيُّ (٣/١٦٦)، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (١١٥٥٠)}

واتە: عیكرەمە لە عەبدوڵڵای كوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە، مەیخۆرەكان لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا ﷺ بە دەستو بە نەعلو بە گۆچان، (وە لە ڕیوایەتێكدا هاتوە: وە بە پۆشاك، دیارە قوماشێكیان پێ بووە، دەبێ بایی ئەوەندە هێشاندبێتی) بەوە لێیان دەدرا، تاكو پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی كرد، (واتە: سزایەكی دیاریكراوی نەبوو، بۆیەش پێشتر باسمكرد كە سزای مەی خۆریی سزایەكی ئیجتهادییەو، دەقێكی شەرعیی ڕوونو بێ چەندوچوونی لەسەر نیە، ئنجا ئەم دەقەش پشتگیریی قسەكەی ئێمە دەكات)، وە لە سەردەمی جێنشینایەتی ئەبوبەكردا خوا لێی ڕازی بێ، شەراب خۆرەكان ژمارەیان زۆرتر بوو، لە ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ، بۆیە ئەبوبەكر خوا لێی ڕازی بێ سزای مەیخۆریی دیاری كرد بە چل قامچی، (یان چل دار)، هەتا وەفاتی كرد، دوایی لە سەردەمی عومەردا خوا لێی ڕازی بێ، (واتە: لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا) ئەویش بە هەمان شێوە چل قامچی، (یان چل داری) لێ دەدان، هەتا ڕۆژێكیان پیاوێك لە كۆچكەرانی یەكەمیان هێنا كە شەرابی خواردبووەوە، (واتە: یەكێك بوو لەوانەی كە لە جەنگەكاندا بەشداریی كردوە،

وە هاوەڵێکی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ بووە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو گوناهەی کردوە)، عومەر فەرمانی کرد: سزای بدەن، (واتە: چڵ دار، یان چڵ قامچی لێبدەن)، ئەو هاوەڵەش گوتی بۆچی قامچیم لێ دەدەی؟ لە نێوانی منو تۆدا کتێبی خوا هەیە؟ عومەر گوتی: لە کوێی کتێبی خودا دەبینیی کە من سزات نەدەمو قامچیت لێ نەدەم؟ ئەو هاوەڵەش گوتی: خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ ... ﴿٩٣﴾ ﴾المائدة، جا گوتی: وە منیش لەو کەسانەم ئیمانیان هێناوەو، کردەوە باشەکانیان ئەنجام داوە، وە لەو کەسانەم پارێزکارییان کردووەو ئیمانیان هێناوەو، وە لەو کەسانەم پارێزکارییان کردووەو چاکەکارییان کردوە، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەشداریی جەنگەکانی بەدرو ئوحودو خەندەقو هەموو ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە پێغەمبەر ﷺ تێیاندا تەشریفی بووە، منیش لە خزمەتی دابووم، (لەبەرئەوە من لەوانەم کە خوا دەفەرموێ: ئەوانەی کە ئیمانو تەقواو، پاشان ئیمانو تەقواو ئیحسانیان هەیە سزایان لەسەر نیە، کەواتە: نابێ من سزا بمگرێتەوە) عومەر گوتی: ئایا بەرپەرچی نادەنەوە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێ؟ دیارە کۆڕو مەجلیسێك بووە، عەبدوڵلای کوڕی عەبباس لە کۆڕو مەجلیسەکەدا بوو خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، گوتی: ئەم ئایەتانە نێردراونە خوار، وەك عوزر بۆ ئەوانەی ڕابردوون، وە بەڵگەشن لەسەر خەڵك، (واتە: بۆ ئێستاو بۆ دوای هاتنە خوارەوەیان، بەڵگە بوون لەسەر خەڵك)، چونکە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾المائدة، ئنجا دوایی ئایەتەکەی دیکەشی بەدوادا خوێندەوەو هەمووی تەواوکردن، دوایی عەبدوڵلای کوڕی عەبباس گوتی: ئەگەر ئەو کەسە کە شەڕابی خواردۆتەوە لەوانە بێ کە ئیمانیان هێناوەو، کردەوە باشەکان ئەنجام دەدەن، وە لەوانەبێ کە ئەهلی ئیمانو ئەهلی تەقواو ئەهلی ئیحسانن، ئەوە بێگومان خوا لێی قەدەغە کردوە کە شەڕاب بخواتەوە، کە لێی قەدەغە کردوە شەڕاب بخواتەوە، خواردیشیەوە، مانای وایە گوناهبارە، (کەواتە: ئەوە کە دەفەرموێ:

گوناهیان لەسەر نیە، واتە: بەنسبەت ئەوانەی پێشی، پێش ئەوەی حوکمی قەدەغەبوونی شەراب دابەزێ) عومەر گوتی: ڕاست دەکەی، ئێستا ڕاتان چییە؟ چۆنی سزا بدەین؟ عەلی خوا لە هەموویان ڕازی بێ، (قیاسی کرد، بەڵگەیەکی مەنتیقیی هێنایەوە، کە دیارە ئیجتیهادو هەڵهێنجانی حوکمە شەرعییەکان هەمووی بە عەقڵە) گوتی: هەر کەس شەرابی خواردەوە سەرخۆش دەبێ، کە سەرخۆش بوو قسان دەبزرکێنێ، قسەی بێ‌ڕێو جێ دەکات کە قسەی بێ‌ڕێو جێی کرد، بوختان دەکات بۆ خەڵك، کە بوختانی کرد (واتە: بوختانی داوێنپیسیی بە ئافرەتێك یان بە پیاوێکی پاك) ئەوە دەبێ هەشتا قامچی لێبدرێ، {خوای پەروەردگار لە سوورەتی (النور)دا وادەفەرموێ، ﴿ وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٤ ﴾} کەواتە دەبێ سزاکەی هەشتا قامچی بێ، (یانی: ئەویش ڕای خۆی گوتو دەقێکی نەهێنایەوە، مانای وایە ئیجتیهادی کرد) ئیدی عومەر فەرمانی کرد هەشتا قامچیان لەو هاوەڵەدا.

٢/ دەقێکی دیکە هەر لەوبارەوە کە سزای مەی خۆریی‌و شەراب خۆریی، یاخود بەکارهێنانی ماددە سەرخۆشکەرەکان، شتێکی دیارییکراو نیە لە شەریعەتدا، ئەم دەقەیە: ﴿عَنْ السَّائِبِ ابْنِ يَزِيدَ قَالَ: كُنَّا نُؤْتَى بِالشَّارِبِ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ وَإِمْرَةِ أَبِي بَكْرٍ وَصَدْرًا مِنْ خِلافَةِ عُمَرَ، فَنَقُومُ إِلَيْهِ بِأَيْدِينَا وَنِعَالِنَا وَأَرْدِيَتِنَا حَتَّى كَانَ آخِرُ إِمْرَةِ عُمَرَ فَجَلَدَ أَرْبَعِينَ حَتَّى إِذَا عَتَوْا وَفَسَقُوا جَلَدَ ثَمَانِينَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (١٥٧٥٧)، وَالبُخَارِيُّ بِرقم: (٦٧٧٩)، وَالحَاكِم برقم: (٨١٢٧)}، واتە: سائیبی کوڕی یەزید یەکێکە لە هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: ئێمە لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا ﷺ مەیخۆریان دەهێنا بۆ لامان، وە لە ڕۆژگاری جێنشینایەتیی ئەبوبەکریشدا خوا لێی ڕازی بێ، وە ماوەیەکیش لە جێنشینایەتیی‌و حوکمڕانیی عومەر خوا لێی ڕازی بێ، (لە هەر سێ کاتەکاندا شەراب خۆریان کە دەهێنا) هەڵدەستاین لێمان دەدا، بە دەستمان، بە نەعلەمان، وە بە پۆشاکامان (دیارە وەك چۆن ئەفغانییەکان

شتێك لەسەر ملی خۆیان دادەنێن، یان یەمەنییەکان قوماشێکیان پێیە، ئەو پۆشاکەش قووەتێکی بووە، وەك پشتێنی کوردی گرێیەکی لێبدەی بۆئەوەی ئێشی هەبێ) هەتا لە دوا دوای ڕۆژگاری عومەردا خوا لێی ڕازی بێ، کردی بە چل دار، چل قامچی، تا کاتێك زێدەڕۆییان کردو لاڕێیان کرد، (واتە: شەڕاب خۆرەکان تێیانپەڕاند، دیارە ژمارەیان زیاتر بووە) سزایەکەی کردە هەشتا قامچی.

کەواتە: ئەوە مەسەلەیەکی ئیجتیهادییە، چونکە ئیجتیهادی هاوەڵانیش خوا لێیان ڕازی بێ هەر ئیجتهادە، مادام یەك دەنگ نەبووبن لەسەری، وە یەکدەنگیی (إجماع)ی زانایانیش دروست نابێ، مەگەر دەقێکی شەرعیی هەبێ، کەمتر وایە یەکدەنگیی (إجماع) دروست بووبێ، مەگەر پشت بە دەقێکی شەرعیی ببەستێ، کەواتە: ئەو سزادانە مەجالی قسەی تێدا هەیە، ئایا ئەوەندە بێ کە دانراوە، کەمتر بێ، گرتن بێ، غەرامەی ماڵیی لێ بکرێ ... هتد، دەگونجێ ئەو سزایە قسەی تێدابکرێ لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامیی و شەرعزانان و یاسادانەرەکانەوە، کە یاسا دادەنێن بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەم ڕۆژگارەدا، چونکە دەقێکی شەرعیی پابەندکەرمان بەدەستەوە نیە، بەڵێ: دەبێ هەر ئاوابێ.

## حەوتوکۆتایی: کەم و زۆریی شەڕاب کاریگەریی نیە لەسەر حوکمی شەڕاب خواردنەوە:

ئەوەش فەرمایشتی پێغەمبەری ﷺ لەسەرە: ﴿مَا أَسْكَرَ كَثِيرُهُ فَقَلِيلُهُ حَرَامٌ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٦٧٤)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٣٦٨١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٨٦٥) وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٦٠٧) وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٣٨٢)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣٩٣) عَن جابر بن عبدالله، قَالَ الشيخ الألباني: حَسَنٌ صَحِيحٌ}، واتە: هەر شتێك بە زۆری سەرخۆش بی، کەمیشی حەرامە.

یەك دڵۆپەشی حەرامە، مادام ئەگەر زۆری بخۆیەوە پێی سەرخۆش بی، ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە چونکە هەندێ کەس دەڵێن: ئێمە بیرە دەخۆینەوە، پێی سەرخۆش نابین، من خەڵکی مسوڵمانم بینیوە لەم ڕۆژگارەی خۆماندا، نوێژکەریشە، ڕۆژووگریشە گوتوویەتی: مامۆستا! من جار جار بیرە دەخۆمەوە لەبەرئەوەی سەرخۆش نابم و ئەگەر سەرخۆش نەبی، قەیدێ ناکات،

گوتم: نەخێر وانییە، ئنجا قسەکەشی پاڵ دەدایە لای فەتوای کەسایەتییەکی ئیسلامیی، کە دوایی ساغم کردەوە وانەبوو، گوتم: ئەوە وانییە، چونکە دەقی فەرمایشتی پێغەمبەرمان ﷺ هەیە کە هەر شتێك بە زۆری سەرخۆش بی، کەمیشی قەدەغەیە، ئەوە لەلایەك، وە لەلایەکی دیکەشەوە: بەڵێ حیکمەتی قەدەغەبوونی مەیخۆریی سەرخۆش بوونە، بەڵام جگە لەوە زیانی دیکەشی هەیە، ئنجا ئەگەر زۆر بخۆیەوە، زۆر زیانت لێ دەدات، کەمیش بێ، کەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە زیانی هەر هەیە، وە مەرجیش نیە حەتمەن سەرخۆش بی، ئەوجار زیانت لێ بدات، پاشان لەوانەم بیستوە کە زۆر ڕادێن و (معتاد) دەبن بە شەڕاب خۆریەوە، دەڵێن: دوایی وای لێدێ هەر پێی سەرخۆش نابێ، بەدەنی لەسەری ڕادێ، ئنجا مانای وایە دەبێ لەو حاڵەدا لەسەریان هەڵگیرێ، ئەوەی زۆری بخواتەوە لەبەرئەوەی زۆری خواردۆتەوە سەرخۆش نابێ، دەبێ بۆ وان حەڵاڵ بێ؟! بەڵام ئەوەی کەم دەخواتەوە، چونکە سەرخۆش دەبێ، قەدەغەیە!! ئنجا بەردەوام بوون لەسەر مەی خۆریی دوایی کە مرۆڤ سەرخۆش نابێ، پەنا دەباتە بەر شتی دیکە، ماددەی بەهێزتر، یان دەرزی لەخۆدان، مانای وایە هەر لەسەری بەردەوام دەبێ، تاکو دادەڕزێ، لەبەر ئەوە شەریعەت ئاگربڕی کردووەو دەڵێ: ئەگەر یەك دڵۆپەش بێ قەدەغەیە، چونکە لە دڵۆپەیەکەوە دەبێتە چەند دڵۆپەیەك و، لەوەش وەك فارس دەڵێن: (قطرة قطرة دَريا ميشوَد) دەریاش هەر لە دڵۆپان پێکدێ.

**دووەم: قومارکردن (المیسر):**

**١) پێناسەی قومارکردن:**

ئێمە پێشتر پێناسەی (مَیسر)مان کرد، کە بریتیە لە هەر یارییەك گرەوی (رِهان) تێدابێ، وە بابای دۆڕاو شتێکی دیاریکراو بدا بە براوە، دوو نەفەر، یان چەند نەفەرێك گرەو دەکەن، ئەوەی کە دەدۆڕێنێ ئەندازەیەك ماڵ دەدات بەوەی کە بردوویەتەوە، چونکە لە شەریعەتدا باسی سوار چاکیی (السّباق)و نیشانەدارکردن، (الرمي)یش کراوە، کە بێگومان ڕەوا (مباح)ن، چونکە لەواندا ئەندازەیەك ماڵ دادەنرێ لەلایەن هەموویانەوە، نەك بڵێی تەنیا لایەك دایبنێ، کە ئەوە دەبێ لە کتێبە فیقهییەکاندا بۆ تەفاصیل و وردەکارییەکانی بگەڕێین،

بەڵام گرنگ ئەوەیە قومار ئەوەیە کە تەرەفی دۆڕاو ئەندازەیەك ماڵ دەدات یان شتێك دەدات بە براوە، زانایان دەربارەی یارییەکانی دی کە لەسەر شت ناکرێن، قسەو باسی جۆراو جۆریان کردوە، ئنجا ئەو یارییانە بە پێی عورفو عادەتی میللەتان دەگۆڕێن، بۆ وێنە: شەترەنج یارییەکی جیهانییەو لەنێو هەموو میللەتاندا هەیە، بەڵام هەندێ یاریی رەنگە هەر لەنێو ئێمەدا هەبن، وەك: (کلاوکلاوێنە)، (دامە)و (دۆمینە)و (تاوڵە) و (سێ ڕیزکێنە)و (نۆڕیزکێنە)و... هتد، کە من هیچیان نازانم، بەڵام گوێبیستیان بوومو خەڵك دەیکەن، جاری وایە هەندێکیان بەشێك لە مەلاو مامۆستایانیش کردوویانەو دەیکەن.

ئنجا ئایا ئەوانە حوکمیان چییە؟!

هەڵبەتە زانایان لەوبارەوە ڕاجیاییان هەیە، هەندێکیان ئەو یارییانە هەموو بە قەدەغە دادەنێن، وە هەندێکیشیان دەڵێن: مادام مایەی ڕقو دوژمنایەتیی نەبنو، نەبنە هۆی نوێژ چواندنو خوا لەیادکردن، وە لەسەر پارەش نەبن، ئەوە ڕەوان (مباح)ن، یارییەکی فیکرییە ئینسان دەیکات، بەتایبەتی شەترەنج بیستوومە کە نەخشەدانانی جەنگو بیرۆکەی سیاسیو ئەو شتانەی تێدا هەیە، کە من بە داخەوە نایزانم، لەبەرئەوەش نیە نەیزانم چونکە بە حەرامی دەزانم، چونکە من پێمواية شەترەنجو، ئەو شتانەی دیکەی وەك شەترەنجن، مادام لەسەر پارە نەبن، وە نەبنە هۆی ئەوەی کە ڕقو دوژمنایەتیی پەیدابێ، کە ئەوە حیکمەتی حەرامکردنی قومارو شەرابە، وە نەبنە هۆی ئەوەی کە نوێژیان لەسەر بچوێنرێ، لەسەر ئەسڵی خۆیان کە ڕێپێدران (إباحة)ە، ماونەوە.

(مُحَمَّد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (أَمَّا مَا كَانَ مِنَ اللَّهْوِ بدون قِمَار كَالشَطْرَنْجِ دُونَ قِمَارٍ، فَذَلِكَ دُونَ المَيْسرِ، لأَنَّهُ يَندرُ أن يصُدَّ عَنْ ذِكْرِ اللهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ، وَلأَنَّهُ لا يُوقِعَ فِي العَدَاوَةِ وَالبَغْضَاءِ غَالِبَاً، فَتَدْخُلُ أَحْكَامُهُ تَحْتَ أَدِلَّةٍ أُخْرَى)[1]، واتە: بەڵام ئەو کات بەسەربردنانەو ئەو یارییو گەمانەی کە قومار نین، وەك شەترەنج کە قوماری تێدا نەبێ، (واتە: لەسەر پارەو شت ناکرێن، بۆیەش دەڵێ: وەك شەترەنج بەبێ قومار، چونکە دەکرێ

---

١) التحرير والتنوير: ج٧، ص٢٧.

شەترەنج لەسەر پارە بکرێ، ئەگەر لەسەر پارەو شت کرا، ئەویش هەمان حوکمی پێشووی هەیە) ئەوە ئەوانە جیان لەو (مَیْسَر)ەی کە خوا قەدەغەی کردوە، چونکە بەدەگمەن وایە کە ببێتە هۆی ئەوەی بکەرەکانی لە یادی خواو لە نوێژ بگێڕنەوە، وە نابنە هۆی ئەوە کە ئەنجامدەرانی ئەو یارییانە بخەنە نێو دوژمنایەتیی و ڕقو کینەوە، بەزۆریی وایە وانابێ، بۆیە حوکمیان دەچێتە ژێر هەندێ بەڵگەی دیکەوە (کە مەبەستی پێ ئەوەیە ئەوانە لەسەر حاڵەتی ڕەوایی خۆیان دەمێننەوە).

## ٢) قۆناغەکانی قەدەغەکردنی قومار (الـمَیْسر):

هەڵبەتە من نەمبینیوە زانایان باسی قۆناغەکانی قەدەغەبوونی قوماریان کردبێ، ئەوەندەی من بەرچاوم کەوتوە لە تەفسیرەکاندا کە تەماشام کردن" نزیکەی (١٥ - ٢٠) تەفسیرێکم تەماشا کردوە" بەلاَم ئاشکرایە کە قوماریش بە پلەپلەیی قەدەغە کراوە، وە بە لای کەمەوە بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم: ئایەتەکەی سووڕەتی (البقرة)یە کە دەفەرموێ: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾ ﴾، کە لە بەرگی یەکەمی ئەم تەفسیرەدا، ئەو ئایەتەمان تەفسیر کردوەو ئەو بابەتەمان باس کردوە.

واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی مەیو قومار، بڵێ: گوناهێکی گەورەیان تێدایە، وە چەند سوودێکیش بۆ خەڵك، وە گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان، ئەوە قۆناغی یەکەم بووە، کە خوا نەیفەرمووە: مەیکەن، وەك دەبینین، هەروەك بۆ شەرابەکەش نەیفەرمووە: مەیخۆن، بەلاَم ئاماژەیەکی زۆر بەقوەتە کە ئەوە گوناهێکی گەورەی تێدایە، گوناهە گەورەکەشی زیاترە لە وردە سوودەکانی، کە وەك گوتم سوودەکانی زیاتر یان کات بەسەربەردنە، بەنسبەت قومارەوە، یان ڕەنگە ئەوە بێ کابرا کە دەیباتەوە، پارەیەکی دەست بکەوێ.

قۆناغی دووەم: ئەم ئایەتەیە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠﴾ المائدة، وە پێمواییە حوكمی كۆتایی لێرەدایە، وە نەمبینیوە وەك شەراب كە قەدەغەكردنەكەی بە چوار قۆناغدا تێپەڕیوە جگە لەو دوو قۆناغە قۆناغی دیكەی هەبن، حیكمەتی پلە پلەیی هەبوون لە قەدەغەكردنی قوماردا پلە پلەیی بەكارهێنان لە قەدەغە كردنی قوماریش هەر ئەوەیە، كە ئەوانە "مەیخۆریی و قوماركردن" دوو عادەتی زۆر ڕیشەدار بوون لەنێو عەرەبدا، وە لەنێو هەر كۆمەڵگایەكدا ئەو عادەتانە كە خەڵك خویان پێوە دەگرێ، بە نووكە قەڵەمێك چارەسەر ناكرێن، ئەوەتا وەك لە دەقەكانی پێشێدا هێنامان، شەرابیش قەدەغە كراوە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕای گەیاندووە، فەرموویەتی بیڕێژن، كەچی خەڵك هەموویان هاوەڵ (صحابي) بوون لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ كەچی مەیخۆر هەر هەبوون و سزاش دراون! قەزیەكەش ئەوە نەبووە كە ئەو ئینسانە لە خوا ناترسێ، قەزیەكە ئەوە بووە كە نەفسی بەشەر وەختێك بە خراپەوە ڕادێ، بە گوناهێكەوە ڕادێ، دوایی بە ئاسانی ناتوانێ دەستی لێ هەڵبگرێ، وە حیكمەتی پەروەردەكردن لە ئیسلامدا لێرەدایە وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {مُرُوا أَوْلادَكُمْ بِالصَّلاةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ، وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا، وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرٍ، وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ﴾{أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٦٨٩)، وَابْنُ أَبِي شَيبَة برقم: (٣٤٨٢)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٩٥)، وَقَال الشيخ الألباني: حسن صحيح)، واتە: منداڵەكانتان بە حەوت ساڵیی فەرمانیان پێ بكەن بە نوێژ، وە كە بوونە تەمەنی دە ساڵیی لێیان بدەن لەسەر نوێژ نەكردن، وە شوێنی نوستنیان لێك جیابكەنەوە.

لێیان بدەن، واتە: گوێیان ڕابكێشن، زللەیان لێبدەن، تێیان بگەیەنن كە پێتان ناخۆشە نوێژ ناكەن، چونكە ئەو منداڵە لە تەمەنی دە ساڵیی دا هیچی لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر پێوەی ڕاهات، دوایی نوێژكردن زۆر لەسەر قالبی خۆش دەبێ و دەبێتە بەشێك لە كەسایەتیی، شتی باش ئەگەر ئینسان پێوەی ڕابێ، چونكە لەگەڵ فیطرەت و عەقڵیشی دا دەگونجێ، دەبێتە شتێكی ڕیشەدار لە

بوونیدا، بەڵکو شتی خراپیش ئینسان ئەگەر پێوەی ڕاهات، هەر دەبێتە بەشێك لێی، بۆ وێنە: کەسێك جگەرە دەکێشێ، کەسی وام بینیوە گوتوویەتی: وەڵلا مامۆستا لە دە ساڵییەوە جگەرەم کێشاوە، گوتوومە چۆن؟ گوتوویەتی: بابم هەموو جارێ کە جگەرەی دەکێشا، جگەرەیەکی بە منیش دەدا، یان نەنکم، یان دایکم، یان کێ؟ بێگومان خوا خێریان بۆ نانووسێ، شتێکی خراپیان کردوە!

جا ئینسان شتی چاكو خراپ کە پێوەی ڕاهاتو عادەتی پێگرت، دەبێتە بەشێك لە بوونو کیانی، بۆیە بە ئاسانیی دەستی لێ هەڵناگیرێ، هەر بۆیەش شەریعەت ئەو شتانەی قۆناغ قۆناغو پلە پلە قەدەغە کردوون، چونکە مەسەلە هەر ئەوە نیە حوکم دەربکەی، گرنگ ئەوەیە پابەندیی پێوە بکرێ، کاتی خۆی لە ئەمریکا مەشهوورە کە ویستیان شەڕاب قەدەغە بکەن، چەند ملیار پارەیان سەرف کرد، چەند خەڵکیان سزادا، چەند چیان کرد، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکیان پەروەردە نەکردبوو، لەبەر ئەوەی کە بناغەیەکی عەقیدەیی‌و فیکریی پتەویان نەبوو، تەماشایان کرد، ئەو شەڕابەی کە بە دزیی دەخورێتەوە، زۆر زیاترە لەوەی کە کاتی خۆی بە ئاشکرا دەخورایەوە، وە ئەوەی بە دزیی دروست دەکرێو بە قاچاغ دەفرۆشرێ، زۆر زیاترە، بۆیە بە ناچاریی هەر بۆخۆیان پاشگەزبوونەوەو، گوتیان: ئەوە قانوونەکەمان هەڵوەشاندەوە، چونکە زەرەرمان کرد، خەڵکیش سزا دراو خەڵکیش نارەحەت کرا، وە شەڕاب خۆرەکانیش هەر زیاد بوون، بۆیە ئیسلام قۆناغ قۆناغ ئەو شتانەی قەدەغە کردوون، دوای ئەوەی کە زەمینەی بۆ خۆش کردن، زەمینەی عەقیدەیی، فیکریی، ئابوریی، سیاسی، ئنجا حوکمەکانی بۆ داناون، هەڵبەتە کاتی خۆی وابووە ئێستاش هەر دەبێ وابێ.

هەندێك مسوڵمانی عاتیفیی‌و سادەو سەرکێڵمان هەن، کە باسی جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەت دەکرێ، دەڵێ: وەختی خۆی پێغەمبەر ﷺ بەڵێ وایکردوە، پلە پلەیی ڕەچاوکردوە، بەڵێ قورئان بە (٢٣) ساڵ هاتۆتە خوارێ، بەڵام ئێستا ئێمە دەبێ بە (٢٣) خولەك هەمووی جێبەجێ بکەین! کە لەڕاستیدا ئەوە تێنەگەیشتنە لە دینی خواو ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ کە ئەو زاتە مەزنە بەو هەموو گەورەییەی خۆی، وەحی خوای بۆ هاتوە، هاوەڵان

هێندەیان خۆشویستوە، ئنجا نەیتوانیوە ئەم قورئانە لە کەمتر لە (٢٣) ساڵدا بۆی دابەزێندرێو جێبەجێی بکات، ئێستا تۆ چۆن بە شەوو ڕۆژێك دێی هەمووی جێبەجێ دەکەی؟! بێگومان ناکرێو ئەوە خەیاڵ پڵاوە، بینای ئیسلام وەختی خۆی خشت خشتو بەرد بەرد بینا کراوە، ئێستاش دەبێ دووبارە ئەگەر بویسترێ لە هەر کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا ئیسلام پیادە بکرێتەوە، پلە پلەیی ڕەچاو بکرێ، قۆناغ بەندیی ڕەچاو بکرێو، زەمینەی جێبەجێکردنی بڕەخسێندرێ، ئنجا حوکمە شەرعییەکان جێبەجێ بکرێن، بەڵێ خوای پەروەردگار شەریعەتی خۆی هەموو تەواوکردوەو، لە ئاسمان ناردوویەتە خوار بۆ زەوی، بەڵام جارێکی دیکە کە تۆ دایبەزێنیەوە سەر واقیعێکی دیارییکراو، دیسان پێویستی بە قۆناغ بەندییو، بە پلە پلەیی دەکات، ئەگەر بەڕاستیی بویسترێ جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەگەر هەر بۆ موزایەدەبێ، ئەوە بڕیارماندا شەریعەت جێبەجێ بکرێ، بەڵام بە کردەوە جێبەجێ (تَطْبِیق) نەکرێ، یاخود خەڵك لاملیی لێ بکات، مانای وایە هیچمان نەکرد!

## ٣) حوکمی قوماركردن:

دیارە حوکمی قوماریش وەك هی مەیخۆرییە، کە قەدەغەبوونە، چونکە خوای پەروەردگار هەردووکی بەیەکەوە هێناون، هەڵبەتە ئێمە دوایی ئایەتەکان وردتر قسەیان لێدەکەین، ئنجا وێڕای ئایەتەکە کە زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی فەرموویەتی، کە دوایی باسی چۆنیەتی دەلالەتی ئایەتەکە دەکەین، سەبارەت بە قەدەغەبوونی قومارو شەڕاب، هەروەها (أنصاب وأزلام)، وێڕای ئەوەش، چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەریش ﷺ هەن سەبارەت بە قەدەغەبوونی قومار:

<u>یەکەم</u>: ﴿مَنْ لَعِبَ بِالنَّرْدَشِيرِ، فَكَأَنَّمَا صَبَغَ يَدَهُ فِي لَحْمِ خِنْزِيرٍ وَدَمِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٣٠٧٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٨٥٦)، وَالبُخَارِي في (الأدب المفرد) برقم: (١٢٧١)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٩٣٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٧٦٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٨٧٣)، قال الشيخ الألباني: حَدِيثٌ صَحِيحٌ}، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك یاریی بکات بە نەردەشیر، ئەوە وەك ئەوە وایە دەستی خستبێتە نێو گۆشتو خوێنی بەرازەوە.

کە دیارە پیسن، یانی شتێکی حەڕامو پیسی کردوە. نەردەشیر، نەردیشی پێ دەڵێن، کە بە کوردیی (زار)ی پێ دەڵێن، شتێکە چوار گۆشەیەو شەش ڕووی هەن، هەر ڕووی چەند خاڵێکی لەسەرن، شەشو پێنجو چوارو سێو دووو یەك، کە یاریی پێدەکرێ هەڵدەدرێ.

(المعجم الوسيط)یش لە لاپەڕە (٩١٢)دا ئاوا پێناسەی (نرد) دەکات کە وەك گوتم (نردشیر)یشی پێ دەگوترێ، دەڵێ: (النَّرْدُ: فَهُوَ لُعْبَةٌ ذَاتُ صندُوقٍ وَحِجَارَةٍ وَفَصَّين، تَعْتَمَد عَلَى الحَظِّ وَتُنْقَلُ فِيهَا الحِجَارَة عَلَى حَسَبِ مَا يَأْتِي بهِ الفَصّ: الزَهر، وَتُعْرَف عِنْدَ العَامَّةِ بالطَّاوْلَة، يُقَالُ: لَعِبَ بالنَّرْد) واتە: (نرد) بریتیە لە یارییەك کە لە صندوقێكو بەردێك پێکدێ (ئەو بەردە) دوو دیوی هەن، (هەڵبەتە ڕەنگە ئەوەش جۆرێکی بێو ڕەنگە زۆر جۆری هەبێ) وە ئەو یارییە بەستراوەتەوە بە بەختو شانس (واتە: هەڵی دەدا بە کام دیوەی دا دەکەوێو کام دیوەی بۆ دەردەکەوێ)، وە بەردەکە دەگوازرێتەوە بەپێی ئەوەی کە ئەو مۆرە، (زارە) خاڵەکانی لێ دەردەکەون، لەلای خەڵکی بەگشتی بە (طاولة) ناسراوە، وە دەگوترێ (لَعِبَ بالنَّرْد).

<u>دووەم</u>: ﴿مَنْ لَعِبَ بِالنَّرْدَشِيرِ فَقَدْ عَصَى اللهَ وَرَسُولَهُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٩٥٣٩)، وَالبُخَارِيُّ في (الأدب المفرد) برقم: (١٢٦٩)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٩٣٨)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٦٠) وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَيْخَين، وَالبَزَّار برقم: (٣٠٧٥)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٨٧٢) عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ}، واتە: هەر کەسێك یاریی بە نەردەشیر بکات، ئەوە سەرپێچیی لە خواو لە پێغەمبەری خوا کردوە.

<u>سێیەم</u>: ﴿قَالَ طَاوُوسٍ، كُلُّ القِمَار مِنَ الْمَيْسِرِ، حَتَّى لَعِبِ الصِّبْيَانِ بِالْجَوْزِ وَالْكِعَابِ﴾ {أَخْرَجَهُ إِبنُ أَبي شَيبه برقم: (٢٦٦٩٣)، وغيره) واتە: طاووس دەڵێ: هەموو جۆرەکانی قومار، (واتە: گرەوکردن لەسەر شتو یارییکردن لە (مَيْسر)ن، تەنانەت یاریی منداڵان کە لەسەر گوێزو کیعاب دەیکەن.

ڕەنگە شتێك بێ منداڵ لەسەر گوێز بیکەن، ئەو چەند گوێزان بەرێتەوە، وەك کەلایەنێی خۆمان لە کوردەوارییدا، یان بن دەستە لگاوو ئەو شتانە هەبوون، طاووس دەڵێ: هەموو ئەوانە لە (مَيْسر)ن، واتە: قەدەغەن.

مـن وا لـەو فەرمایشـتانەی پێغەمبـەر ﷺ تێدەگەم کـە ئـەو کاتـە دیارە ئـەو یارییانـە هـەموویان لەسـەر پارەو شـت بوون، تەنیا بۆ سەرگەرمیی نەبوون، بۆیە پێموایە ئەگەر لەسـەر پارەبن قەدەغـەو حـەرامن، هەرچـەندە لـە دەقەکەدا دیار نیـە بلّـێ لەسـەر پارەیـە، یـان لەسـەر پـارە نیـە، بۆیـە هەندێـك لـە زانایـان گوتوویـانە: ئـەو یارییانـە بـە رەهایی (مُطْلَق)ی حـەرامن، هـەر یارییـەك لەسـەر شـانسـەو لەسەر هەڵدانی مۆرە، یـاخود بـن دەسـتەو ئـەو شتانەی کـە هەڵدەدرێن، کـامەت دەوێ شـێر یـان خـەت؟ ئەوانـە هەنـدێ لـە زانایـان هـەموویان بـە قەدەغـە داناون، چونکـە ڕواڵـەتی فەرمایشـتەکانیان وەرگرتـوە.

هەندێکیش دەڵـێن: لەبەرئـەوەی عـادەت وابـووە کـە لەسـەر پـارەو شـت کـراون، بۆیە پێغـەمبەر ﷺ قەدەغـەی کردوون، لەبەرئەوەی هەموویان هـەر لەسـەر شـت بـوون، یانی: گـرەوکردن بوون، لەسەر پارەو شـت بردنەوەو بـراوەو دۆڕاویـان تێدا هـەبووە، بەڵام ئەگەر هەر بۆ سـەرگەرمیی بن، ئەوە قەدەغە نین، ئـەوەش ڕایـەکی زانایـانە.

دیـارە من ڕای دووەمـم پـێ ڕاسـتە، بـەڵام بەو مەرجـە کە:

یەکەم: نەبێتـە هـۆی چـواندنی نوێـژو لە خـوا بێئـاگـابوون.

دووەم: نەبێتـە هـۆی دوژمنـایەتییو ڕقو بوغـز لـە نێـوان ئـەو گەمەکـەرانەدا کە یـاریی بەو شـتانە دەکـەن، وَاللّٰهُ أَعْلَم.

هەڵبەتـە من بە قەتعـیی نـاڵـێم ڕەوان، دەڵـێم: بۆچوونم وایـەو پێمـوایە ئـەوە کە ئـەو بـەردە نەقـڵ بکرێ لـەوێ بـۆوی، تەصـەووڕ ناکـەم تـەنیا لەبـەر ئەوەنـدە قەدەغـەبێو پێمـوایە لەبەرئـەوە بـووە کـە لەسـەر پـارەو شـت کـراون، دەشگونجـێ ڕایەکـەی دیکـەش ڕاسـت بـێ، بـە هـەر حـاڵ لـەو شـتانەدا کـە ڕاجیایی هەیـە، ئینسـان نابـێ بلّـێ بە تەئکـید هەر ئەو ڕایـە ڕاسـتە.

## ٤) حیکمـەتـی قەدەغـە بوونـی قومـار:

ئەوە خـوای پەروەردگـار ڕوونـی کردۆتـەوە، دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَوٰةِ

﴿ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ٩١ ﴾، ئایەتەکە ئاماژە دەکات بە کۆمەڵێك حیکمەتی مەعنەویی‌و کۆمەڵایەتیی، کە دەفەرموێ شەیتان دەیەوێ بە هۆی شەڕاب‌و قومارەوە لاتان بدات لە نوێژو لە یادی خوا، وە دوژمنایەتیی‌و ڕق‌و بوغز لە نێوانتاندا پەیدا بکات، دیارە لەم ڕۆژگارەماندا زەرەرو زیانەکانی قومار باشتر ئاشکرابوون، هەموومان ڕەنگە بیستمان کە چەندان خێزان بە هۆی قومارەوە لێك هەڵوەشاون، هەبووە خێزانەکەی خۆی دۆڕاندوە لە قوماردا، هەبووە خانووەکەی خۆی دۆڕاندوە، هەبووە بە ملیۆنانی دۆڕاندوە، جاری وا بووە کە خەڵکی تێیدا کوژراوە، ئەوەی ئایەتەکە دەیفەرموێ: دوژمنایەتیی‌و ڕق‌و بوغز لە نێوانتان پەیدا دەکات، زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە چونکە کابرا یەك ملیۆن دۆلار یان زیاتر بەوی دیکە بدۆڕێنێ، چۆن ڕقی لێ هەڵناسێ؟! بە سەعاتێك یان بە چەند سەعاتێك، یان بە چەند دەقەیەك خانووەکەی بدۆڕێنێ، موڵك‌و ماڵەکەی هەمووی بدۆڕێنێ، حەتمەن ڕق‌و بوغزی دەچێتە دڵ، وە هەندێك لەوانە دوایی خۆشیان دەکوژن، کەسی وا هەبووە خۆی کوشتوە، کەواتە: ڕاستە قومار زیانی کۆمەڵایەتیی هەیە، زیانی خێزانیی هەیە، زیانی ئەخلاقیی هەیە، ئنجا هەیە لە ئەنجامی ئەوەدا کە پارەی لێ دەبڕێ، جا چ بۆ شەڕاب چ بۆ قومارو، چ بۆ تلیاك، تەنانەت بۆ جگەرەش، ڕەنگە شتی سووك بکات، من لە زیندانی ئەمریکاییەکان لەگەڵمدا هەبوون، قونچکە جگەرەی سەربازە ئەمریکییەکانی هەڵدەگرتەوە، کابرای سەربازی ئەمریکی نیوە جگەرەکەی فڕێ دەدا، لەو بەرپرسانەی سەردەمی ڕژێمی بەعس هەبوو، ئەو قونچکە جگەرانەی هەڵدەگرتنەوە! پێمدەگوتن: هەر ئەوەندە بەسە بزانن کە حەرامە، خۆتان زەلیل‌و زەبوون بکەن بۆ قونچکە جگەرەیەکی دوژمنەکەت! بەڵێ ئەو شتانەی کە خوا قەدەغەی کردوون، دوای ئەوەی کە خەڵك عادەتیان پێوە دەگرێ، دوایی خۆیانیان بۆ زەلیل‌و زەبوون‌و شەرمەزار دەکەن.

وە لە ڕووی ئابوورییەوە وەك گوتم زیانی زۆر بە ئابووریی وڵات دەگات بەتایبەتی ئەوانەی کە بەرپرسن ئەگەر ئەوانە قومار بکەن، ئەوە دیارە بەرپرسەکان حوکمڕانەکان هەوڵدەدەن پارەو ئیمکانیاتی خەڵك خەزێنەی دەوڵەت بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان بێ بۆخۆیان بدزن، بۆئەوەی قوماری پێبکەن، دوایی بدۆڕێنن، یان بیبەنەوە.

لە کۆتایی باسی شەڕابو قوماردا دوو تێبینی دەخەمە ڕوو:

یەکەم: هیچ زانایەکم نەدیوە باسی سزای قومارکردنی کردبێ، لەو تەفسیرانەدا کە سەرنجم داون، یانی: سزای دنیایی، ئەگەرنا سزای قیامەتیی ئەوە هەر هەیە، بەڵام من پێمولیە دەگونجێ دەوڵەت سزای جۆراو جۆر بۆ جۆرەکانی قومار دابنێ، واتە: مەجالی تێدا هەیە، وەك چۆن بۆ شەڕاب هیچ سزایەك دانەنراوەو، دەقێکی شەرعیی لەسەر نیە، بەڵام پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵانو خەلیفە ڕەشیدەکان سزای شەڕاب خۆرانیان داوە، پێمولیە ئەگەر ئەو کاتە قومارکردنیش زۆر باو بووایە لە کۆمەڵگای پێغەمبەردا ﷺ ڕەنگە سزایەکیان دانابووایە بۆ ئەوانەی قومار دەکەن، چونکە زۆرجار قومارکردنیش زیانەکانی کە لێی دەکەونەوە کەمترنین لە هی شەڕاب، لەبەرئەوە دەگونجێ دەوڵەت لەو بوارەدا ئیجرائات بکاتو سزا دابنێو یاسا دابنێ بۆ ڕێگرتن لە قومارکردن.

دووەم: ئەو یارییانەی لەسەر پارەو سامان ناکرێن، وە نابنە مایەی دوژمنایەتییو ڕق، وە خەڵك گێڕانەوە لە یادی خواو لە نوێژ، بە بۆچوونی من لەسەر ئەسڵی خۆیان کە ڕەواییە دەمێننەوە، بەڵام بە مەرجێك ئەو دەرهاوێشتە خراپانەیان نەبن، دیارە وەك پێشتریش باسمکرد، هەندێك لە زانایان دەڵێن: بە هەر جۆرێك بێ، هەر قەدەغەن، کە من پێمولیە ئەوانەی کە دەڵێن: بە هەر جۆرێك بێ هەر قەدەغەن، بەڵگەیەکی وایان بە دەستەوە نیە، چونکە ئەگەر بڵێن ئەوە نیە پێغەمبەر ﷺ وا دەفەرموێ، دەڵێین: ڕاستە، بەڵام تۆ دەبێ بزانی ئەو یارییەی کە بە (نرد) کراوە چۆن بووە؟ لەسەر پارە بووە یان نا؟ لەبەرچی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەیان وایفەرمووە؟ ئەگەرنا ئەوکاتە شەترەنجیش هەبووە، بۆچی باسی شەترەنجی نەکردوە؟ ئایا چونکە لەسەر پارەو شت نەیانکردوە، بەڵام (نەرد) دیارە لەسەر پارەو شت بووە، یان هۆکارەکە ئەوەیە کە نەرد (زار) پەیوەندیی بە شانسو بەختەوە هەیە، بەڵام شەترەنج پەیوەندیی بە عەقڵو فیکرەوە هەیە؟! بەڵام وەك گوتم ڕایەکەی دیکەش بە هەر حاڵ مادام ڕواڵەتی فەرمایشتەکان دەیگەیەنن، ئەوانیش هەر بواری قسەیان هەیە.

**مەسەلەی سێیەم:** خوای پەروەردگار بە دوازدە شێوە تەئكیدی قەدەغەبوونی شەڕابو قوماری كردۆتەوە، لەم سێ ئایەتەدا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحْذَرُواْ ۚ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٩٢﴾ ﴾، هەڵبەتە دەگونجێ دوازدە شێواز زیاتریش هەبن، بەڵام ئەوەندەی تەماشای تەفسیرەكانم كردووەو تەماشای قسەی شارەزایانی زمانم كردوە، دەڵێن: بە دوازدە شێواز خوای پەروەردگار لەم سێ ئایەتەدا خستوویەتە ڕوو، كە شەڕابو قومار حەڕامن، بۆیەش وا دەڵێم، چونكە جار جار كە موناقەشەم بووە لەگەڵ ئەوانەدا كە شەڕاب دەخۆنەوەو خۆشیان بە مسوڵمان دەزانن، گوتوویانە: هیچ بەڵگەیەكی ڕوون نیە لەسەر ئەوە كە شەڕاب حەڕامە، یان قومار حەڕامە، بە بەڵگەی ئەوە كە خوا نەیفەرمووە شەڕاب مەخۆنەوەو نەشیفەرمووە: قومار مەكەن، بەس فەرموویەتی: خۆتانیان لێ بە دوور بگرن! بەڵام لەڕاستیدا ئەوە هەڵەیە، بگرە خۆ هەڵخەڵەتاندنە، ئەگەرنا تۆ بە كەسێك بڵێی: لە فلان شتە دووربە، ئەوە لە پێشترە لەوەی بڵێی: مەیخۆ، یان مەیكە، چونكە لێی دووربە! یانی: هەر توخنی مەكەوە، ئنجا وەك پێشتریش گوتمان: خوای بەرز دەیتوانی بفەرمێ: مەیخۆنەوە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، بەڵام بۆچی نەیفەرمووە: مەیخۆنەوە؟ چونكە ئەگەر فەرمووبای مەیخۆنەوە، بەس خواردنەوەكەی قەدەغە دەبوو، بەڵام ئێستا كە دەفەرموێ: لێی دووربن، هەموو شێوە مامەڵەیەك لەگەڵ شەڕابدا، وە هەموو شێوە مامەڵەیەك لەگەڵ قوماركردندا دەگرێتەوە، واتە: دانیشتن لەگەڵیان، هاوكاریی كردنیان، ئەو شتەی قوماری پێ دەكرێ، بۆیان بێنی، ئەوانەی شەڕاب دەخۆن، مەزەیان بۆ دروست بكەی، لەگەڵیان دابنیشی، پێیان بفرۆشی، ... هتد، هەموو جۆرە مامەڵەیەك لەگەڵ قومارچییانو شەڕاب خۆراندا قەدەغەیە، ئنجا با تەماشا بكەین:

**شێوازەکانی دەلالەتی ئەوە کە شەڕاب و قومار قەدەغەن، ئەوانەن:**

**شێوازی یەکەم:** کە خوا دەفەرمویَ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَـٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَـٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ﴾، (إِنَّمَا) ئامرازی چەسپاندنو کورت هەڵهێنانە (أداة الحَصْر والإثبات) وەك فەرموویێتی (مَا الخَمر والميسر والأَنْصَاب والأَزلام إلا رجساً من عمل الشيطان) یانی: مەشرووب خۆریی و قوماركردنو بتەكانو زەلەمەكان، جگە لە كردەوەی شەیتانو پیسیی هیچی دیكە نین.

**شێوازی دووەم:** كە خوای پەروەردگار شەڕاب و قوماری بەراورد كردوونو جووتی كردوون، لەگەڵ (أنصاب) كە جۆرێك بوون، لە بتو صەنەمەكان، وە (أَزلام) كە جۆرێك بووە لەوەی یانسیبی پێكراوە، مانای وایە شەڕاب و قومارێك لەگەڵ بتو صەنەم، لەگەڵ یانسیبدا بەراورد بكرێن، كەواتە: دیارە حوكمی وانیان هەیەو لەوان نزیكنو لە یەك جینسن.

**شێوازی سێیەم:** كە دەفەرموێ: (رِجْس) واتە: پیس، جا خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الحج)دا دەفەرموێ: ﴿فَٱجْتَنِبُواْ ٱلرِّجْسَ مِنَ ٱلْأَوْثَـٰنِ وَٱجْتَنِبُواْ قَوْلَ ٱلزُّورِ ﴿٣٠﴾﴾، واتە: دەجا دووریی بكەن لە بتە پیسەكانو خۆتان لە قسەی درۆ دووربگرن، هەروەها لە سوورەتی (الأنعام)دا گۆشتی بەراز بە (رِجْس) ناوبردوە، ﴿... أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ ... ﴿١٤٥﴾﴾ الأنعام، ئنجا كە لێرەشدا شەڕاب و قومارو ئەنصاب و ئەزلامی بە (رِجْس) ناوبردوون، (رِجْس) مانای وایە وەك وان پیس و خراپ و گڵاوو قەدەغەن.

**شێوازی چوارەم:** كە دەفەرموێ: ﴿مِنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَـٰنِ ﴿١٥﴾﴾ القصص، واتە: لە كردەوەی شەیتانن، ئەگەر شتێك كردەوەی شەیتان بێ قەدەغە نەبێ، دەبێ چ شتێك قەدەغە بێ ! دیارە شەیتانیش خراپەو شەڕ نەبێ لێوەی پەیدا نابێ.

**شێوازی پێنجەم**: كە دەفەرموێ: ﴿ فَٱجْتَنِبُوهُ ﴾، واتە: لێیان دووربن، توخنیان مەكەون، واتە: نەك هەر مەیانكەن، هەر توخنیان مەكەون، هەر خۆیان لە قەرە مەدەن، كە وەكو گوتم، بۆیە وایفەرمووە، تاكو شتەكانی دیكەش بگرێتەوە: دروستكردنی شەراب، كڕینی، فرۆشتنی، هەڵگرتنی، بردنی، دانیشتن لە كۆڕی شەراب خۆراندا، هەروەها بەنسبەت قوماریشەوە بە هەمان شێوە هەمووی دەگرێتەوە.

**شێوازی شەشەم**: كە دەفەرموێ: ﴿ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾، بەڵكو سەرفراز بن، كەواتە (الإجتناب عَنِ الخَمر والـمَیسر= الفلاح)، ئەگەر دەتەوێ سەرفرازبی، شەراب مەخۆو قومار مەكە، بت مەپەرستەو یانسیب مەكە، وە ئەگەر بە پێچەوانەوە بیكەینە هاوكێشەیەكی بیركاری (إتیان الخَمر وَالـمَیسر = الخَیبة والخُسْران) چونكە پێچەوانەی سەرفرازیی پەشێمانیی‌و زەرەرمەندییە، كەواتە: هەر كەسێك شەراب بخواو قومار بكات، مانای وایە زەرەرمەندەو پەشێمانە، بەدبەختەو ماڵ وێرانە.

**شێوازی حەوتەم**: خوای زاناو شارەزا زۆر بە ڕوونیی‌و ڕاشكاویی ئامانجی شەیتان لە ڕەواج پێدان‌و پەرەپێدانی قومارو شەراب‌و ئەنصاب‌و ئەزلامدا، وە هاندانی خەڵك بۆیان، ڕوون دەكاتەوە: ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ﴾، بێگومان شەیتان دەیەوێ بە هۆی شەراب‌و قومارەوە، دوژمنایەتیی‌و ڕق‌و كینەتان بخاتە نێوان، كەواتە: ئامانجی شەیتان ئەوەیە، ئنجا شەراب‌و قومار ئامرازی شەیتانن بۆ پەیداكردنی دوژمنایەتی‌و بوغز لە نێوانانداو ئاشكراشە: (مَا يُؤَدِّي إلَى الحَرَامِ فَهُوَ حَرَامٌ) شەیتان بەهۆی چییەوە دوژمنایەتی‌و ڕق‌و كینە لەنێو خەڵكدا پەیدا دەكات؟ دیارە بەهۆی شەراب‌و قومارەوە، ئنجا مادام دوژمنایەتیی‌و ڕق‌و قین حەرامن، دیارە هۆكارەكەشیان حەرامە، بە پێی ئەو بنچینەیەی كە زانایانی (أصول الفقە) دایانناوە: (مَا يُؤَدِّي إلَى الحَرَامِ فَهُوَ حَرَامٌ) هەر شتێك سەربكێشێ بۆ حەرام، ئەویش حەرامە.

**شێوازی هەشتەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ﴾، شەیتان دەیەوێ بەهۆی شەڕاب و قومارەوە، ئێوە لە یادی خواو لە نوێژ، لابدات، هەڵبەتە دووركەوتنەوە لە یادی خواو لە نوێژ قەدەغەیە، وە هەر شتێكیش سەر بكێشێ بۆ ئەو قەدەغەیە، ئەویش قەدەغەیە.

**شێوازی نۆیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾، هەندێكیان گوتوویانە: خوا نەیفەرمووە وازبێنن، هەر پرسیار دەكات! دەفەرموێ: ﴿ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾، ئایا دەست هەڵدەگرن؟ ئێمەش یان دەڵێین: بەڵێ (نَعَم)، یان دەڵێین: نەخێر (لا)، جارێ دەست هەڵناگرین! بەڵام بێگومان ئەو قسەیە وانیە، چونكە ئێمە بەهۆی ڕەوانبێژیی و زانینی شێوازەكانی دەربڕینەوە، لە قورئان تێدەگەین، لێرەدا كە دەفەرموێ: ﴿ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾، ئایا دەست هەڵدەگرن؟ ئەوە كاتێك كە تۆ گلەیی زۆر لە كەسێك بكەی و شتی بۆ باس بكەی، ئنجا بڵێی هەر وازناهێنی؟! هەر ئەوە ناكەی؟! یان هەروا دەكەی؟! ئەوە پێی دەگوترێ: (الإِستفهام الإنكاري) پرسیاركردنێكی نكوولیی كەرانە، كە ئەوە زۆر لەوە بە قوەتترە بڵێی: مەخۆ، مەیكە، چونكە كە دەفەرموێ: هەر دەیكەی؟ هەر وازناهێنی؟ یانی: هەڵوێستەكەی جێی سەرسورمانە!

**شێوازی دەیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْ ﴾، فەرمانبەریی خوا بكەن و فەرمانبەریی پێغەمبەر ﷺ بكەن و وریابن، واتە: فەرمانبەریی خوا بكەن، وە فەرمانبەریی پێغەمبەر ﷺ بكەن لە نەكردنی خراپەدا، وە لە سەرپێچیی نەكردنیاندا، كە ئەو خراپەیە بریتیە لەچی؟ بریتیە لە مەیخۆریی و قوماركردن.

**شێوازی یازدەیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ ﴾، ئەگەر پشتتان هەڵكرد، كەواتە: ئەم كارانە واتە: شەڕاب خۆریی و قوماركردن و بت پەرستی و بەكارهێنانی زەلەمەكان بۆ دابەشكردنی شت، ئەوانە هەموویان پشت لە خوا

کردنـــن، چونکــە دەفــەرموێ: ﴿ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ ﴾، واتــە: ئەگــەر پابەنـد نـەبوونو پشـتتان هەڵـکردو هەر لەسـەر ئـەو شـتانە بـەردەوام بـوون، مانــای وایـە کردنـی ئەو شتانە، پشـت لە خـوا کردنـە، پشـت لە خـوا کردنـیش دیارە گونـاهـەو تاوانـە.

**شـــێوازی دوازدەیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴾، بـزانن کـە لەسـەر پێغەمبـەرمان ﷺ تـەنیا گەیانـدنی ڕوون هەیـە، واتـە: ئەگـەر ملکـەچ نـەبوون، ئـەوە هـیچ بیانووتـان نیـە، وە بـە ڕوونیـی پێتـان گـوتراوە، بۆیـە گونـاهی خۆتـان لـە ئەسـتۆی خۆتـان، کەواتـە: ڕاگەیانـدنی حـوکمی قەدەغـەکرانی مەیخـۆریی‌و قومـارکردن‌و بتپەرسـتیی‌و یانسـیب لەو ئایەتـانەدا زۆر ڕوونـە.

ئەمـە دوازدە شـێوازی تـەعبیریی بـوون وەك بەڵگـە لەسـەر قەدەغـەبوونی شـەڕابـخۆریی، کـە ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە دەیگەیـەنن، دیـارە مـن تەماشـای زۆر لـە تەفسـیـرەکانم کـردوە بەتایبـەت: (محاسـن التأويـل)و (مفـاتيح الغيـب)، و (روح المعـاني)و (التحرير والتنوير)و لە هەموویان ئەو خاڵانـەم وەرگرتـوون.

**<u>مەسـەلەی چـوارەم‌و کۆتـایی</u>**: کە لەم ئایـەتی کۆتـایی وەردەگیرێ: ﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئـەم ئایەتـە زانایان‌و توێژەروان مشتومڕی زۆریان لەبارەیەوە بووە، وە قسەو باسی زۆریان لەسەر کـردوە، دەفـەرموێ: ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوەو کـردەوە باشـەکانیان ئەنجامـداوە، گوناهیـان لەسەر نیە، لەسـەر ئەوەی کە خـواردوویانەتەوە لە ڕابردوودا، ئەگەر پارێز بکەن‌و ئیمـان بێنن، وە کردەوە باشـەکان ئەنجام بدەن، پاشـان پـارێز بکەن‌و ئیمـان بێنن، پاشان پارێز بکەن‌و چاکە بکەن، وە خـوا چاکەکـارانی خۆشـدەوێ.

ئەوە مانـای ڕواڵـەتیـی ئایەتەکـەیە، بۆیە زانایـان کەوتوونەتـە مشـتومڕەوە، وە زۆر قسـەو باسـیان کـردوە، دیـارە لـە هـۆی هاتنـە خـوارەوەکەیدا پێشـتـر باسمان کـردوە، کـە ئـەو هاوەڵـەی بـە هەڵـە لێـی تێگەیشـتبوو، وای زانیبـوو مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە ئەوانـەی ئیمـانیان هێنـاوەو کـردەوەی باشـیان ئـەنجام داوە، ئەگـەر

بشـــخۆنەوە لەمـــەودوا زەرەری نیـــە، بـەڵام ئایەتـــەكە مەبەسـتی پـێ ئـەوەبوو كـە ئــەوەی لــە ڕابـــردوودا خـــواردوویانەتەوە زەرەری نیـــە، كەواتـــە: مەبەســـت پێـــی ڕابردوویــە، بەڵام شـوێنی ئیشـكالو مشـتومڕ بۆ زانایـان ئەوەیـە كـە دەڵێن: خـوای كاربەجێ پێشـێ دەفـەرموێ: ﴿إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، دوایـی دەفـەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ﴾، دوایـــی دەفـــەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْ﴾، واتـە: وشـــەی (تقـوى) جارێـك لەگـــەڵ ئیمـــانو كـردەوەی باشـــدا هـاتوە، جارێك لەگـەڵ ئیماندا هـاتوە، جارێـك لەگەڵ ئیحساندا هاتوە، ئایا دەبێ حیكمەتی ئەوە چی بێ؟!

لەوبـارەوە زۆر سەرنجی تەفسیـرەكانم داوەو خۆشم زۆری لــێ ورد بوومـەوە، ئنجا پێشــێ ڕای ئەوان دێنـمو دواییش بۆخـۆم چیـم بە دڵـە، ئەویش دەڵـێم:

١) (الطَّبَـرِي) لە تەفسیـرەكەی خۆی (جامع البیـان)دا دەڵـێ: (فَالإتِّقَـاءُ الأَوَّل: هُوَ الإِتْقَـاءُ بِتَلَقِّـي أَمْـرِ اللهِ بِالقَبُـولِ وَالتَّصْـدِيقِ، وَالدَينونَـةِ بـهِ وَالعمَـل، وَالإِتِّقَـاءُ الثَّــانِي: الإتِّقَـاء بِالثَّبَــاتِ عَلَـى التَّصْـدِيقِ، وَتَـرْكِ التَّبْـدِيلِ وَالتَغْـيير، والإِتِّقَـاءُ الثَّالِـث: هُـوَ الإِتِّقَـاء بِالإِحْسَــانِ، وَالتَقَـرُّبِ بِنَوَافـلِ الأَعْمَـال)[1] دیــارە (سـید قطـب)یـش لـە (فـي ظـلال القـرآن)ەكـەی خۆیـدا ئـەوە پەسـەند دەكـات، دەڵـێ: هەرچـەندە تـەواو دڵێشــم لێـی دانەمركــاوە، بـەڵام ئـەو ڕایــەم پـێ لـە هـەمووان باشــترە[2]، دیارە (طَبَـري) دەڵێ: تەقوای یەكـەم (كە لـە ڕستەی یەكەمـدا هاتوە) بریتیە لە پارێزكـردن بـەوەی كە فەرمـانی خـوا وەربگیـرێو قبـووڵ بكـرێو بـە ڕاسـت دابنرێو ملكـەچیی بۆ بكـرێ، تەقوای دووەم بریتیـە لە پارێزكـردن بـەوە كـە لەســەر بـە ڕاســت دانـانی شـەریعەتی خـواو حـوكمی خـوا، وە وازهێنـان لـە گـۆڕینو لـە جێگۆڕكـێ پێكردنـی بـەردەوام بـین، تـەقوای سێیەم: بریتیـە لـە پارێزكـردن بە چاكەو لە خوا نزیكبوونەوە بە هۆی ئەو كردەوانەوە كە سوننەتن.

٢) وە هەنـدێكیان دەڵێن: ئـەوە تـەنیا بـۆ داكـۆكیی لەسـەر كردنـە، وەك خـوا كـە دەفــەرموێ: ﴿كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ٣ ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ٤﴾التكـاثـــر،

---

١) ج٥، ص٣٩.

٢) في ظلال القـرآن، ج ٢، ص ٩٧٨.

واتە: نەخێر وانیە لەمەودوا دەزانن، جارێکی دیکەش نەخێر وانیە لەمەودوا دەزانن، وەك چۆن خوا لەوێ بۆ جەختکردنەوەو داکۆکیی ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، لێرەش هەر وایە کە سێ جار باسی تەقوا کراوە.

٣) وە هەندێکی دیکەش دەڵێن: لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە کە تەقوا سێ پلەی هەیە، پلەیەکی نزم، پلەیەکی نێوەڕاست، پلەیەکی سەروو:

أ/ تەقوای یەکەم/ نزمترین پلەی تەقوا ئەوەیە کە ئینسان بەبێ وی نابێتە مسوڵمان، ئەویش ئەوەیە کە خۆی لە شیرکی گەورەو لە کوفری گەورەو لە نیفاقی گەورەو لە بێبڕوایی (إلحاد) بپارێزێ، ئنجا دەبێتە پارێزکارو بڕوادار (متقي و مؤمن).

ب/ تەقوای دووەم/ پلەی دووەمی تەقوا، ئەوەیە کە ئینسان ئەگەر ئەو حاڵەتە تەقوایەی بوو، لە گوناهە گەورەکان دەپارێزرێ، واتە: نە واجبێك دەچووێنێ‌و نە قەدەغەیەك دەشکێنێ.

ج/ تەقوای سێیەم/ پلەی هەرە بەرزی تەقوا، ئەوەیە کە ئینسان ئەگەر ئەو حاڵەتە تەقوایەی هەبوو، نە گوناهی گچکە دەکات، نە شتی ناپەسەندیش دەکات، وە سوننەتەکانیش بە پێی توانا جێبەجێ دەکات.

٤) ڕای بەندە:

منیش دەڵێم دەگونجێ ئەو ڕایانەش وەربگیرێن، بۆیەش هێناومن، بەڵام پێموایە لێرەدا خوای پەروەردگار دەیەوێ بە ئیمانداران بفەرموێ: ئەگەر لە ڕابردوودا لە سەردەمی نەفامییدا، شەڕابتان خواردۆتەوەو قومارتان کردووەو بتتان پەرستووەو یانسیبتان کردوە، چیتان کردوە، ئێستا کە خوا هیدایەتی داون‌و بەهرەمەندی کردوون لە ئیمان، دەبێ بەردەوام بە پەیژەی ئیماندا لە هەڵکشان دابن، وە لە پارێزکارییدا بەردەوام لە بەرەو پێشچوون دابن‌و بەردەوام لە بەرزبوونەوە دابن، هەڵبەتە ئەوەش وە نەبێ تەنیا ڕای خۆم بێ، بەڵکو بەگشتی لە هەموویان وەرمگرتووە بە شێوازی خۆم دامڕشتوە، ئەمەش ڕوونکردنەوەی ئەو ڕایە، جاری یەکەم کە دەفەرموێ ﴿إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، واتە: پارێزیان کردووە ئیمانیان هێناوە کردەوە

باشەکانیان ئەنجامداوە، (إذا ما اتقوا)، واتە: کە تا ئێستا شەڕابیان خواردووەو قوماریان کردوە، لەمەودوا خۆ دەپارێزن لە شەڕاب‌و قومارو لە هەر گوناهێکی دیکەش، (وآمنوا) یانی: ئیمانیش دێنن، واتە: ئیمانێکی تەواوتر لەوەی پێشی، بۆچی؟ چونکە بەئەندازەی ئەوە کە ئینسان کە پابەند دەبێ بە شەریعەتەوە، ئیمانەکەشی زیاد دەکات، کاتی خۆی خوا شەڕابی قەدەغە نەکردوە، مسوڵمانان پێوەی پابەند نەبوون، بەڵام ئێستاکە ئەو حوکمە هاتۆتە خوارێ‌و مسوڵمانان پێوەی پابەند دەبن، مانای وایە ئیمانیان زیادی کردوە طاعەت‌و بەندایەتییان بۆ خوا زیادی کردوە، ﴿وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، لەسەر کردەوە چاکەکانیش بەردەوام دەبن.

دوایی کە بۆ جاری دووەم دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟﴾، واتە: دوایی پارێزیان کردووەو ئیمانیان هێناوە، هی جاری یەکەم یانی: خۆیان دەپارێزن لە هەموو گوناهەکان، لە نێویاندا شەڕاب‌و قومارو چی‌و چی، ئنجا پارێز دەکەن لە خوای پەروەردگار بەوە کە لەمەودوا هیچ موخالەفەیەك نەکەن، وە هیچ واجبێك نەچووێنن، ئنجا کە بۆ جاری دووەم دەفەرموێ: ﴿وَّءَامَنُوا۟﴾، دیارە پێشی ئیمانیان هێناوە، ئەدی بۆچی دووبارە دەفەرموێ: ﴿وَّءَامَنُوا۟﴾؟ ئەوە وەك ئایەتەکەی سوورەتی (النساء)ە، کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ...﴿١٣٦﴾﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! ئیمان بێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی، واتە: ئیمانی واجبتان هێناوە، ئەمجار ئیمانی موستەحەب بێنن، ئیمانێکی نزمتان هێناوە، ئیمانێکی سەرووتر بێنن‌و، ئیمانەکەتان کامڵتر بکەن، چونکە ئیمانیش زیاد دەکات‌و کەم دەکات، وە ئیمانیش لەڕاستیدا یەك حاڵەتی نیە مەعقووڵ نیەو بڵێی ئیمانی پێغەمبەر ﷺ وەك ئیمانی مسوڵمانێکی سادەیە، کە ئیمانەکەی لە گوناهان نایگێڕێتەوە!

دوایی کە بۆ جاری سێیەم دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟﴾، واتە: پاشان پارێزیان کردووەو چاکەیان کردوە، وەك دەبینین ئەمجارە باسی ئیمانی نەکردوە،

بۆچی؟ چونکە وەك بڵێی ئیمانەکە بۆتە شتێکی دامەزراوو پێویستی بەوە نەکردوە دووبارەی بکاتەوە، بەڵام تەقوا هەمیشە لە بەرزبوونەوە دایە، دوایی کە ئیمان دەچەسپێ، ئنجا ئینسان دەبێ لە تەقوا زیاد بکات، دیارە بە ئەندازەی زیادبوونی تەقوا، ئیمانەکەش کامڵتر دەبێ، وە ئەمجارە وشەی

﴿ وَّأَحۡسَنُواْ ﴾ی هێناوە، واتە: لە تەقوایەکەیاندا چاکەکار (مُحْسِن)ن، چونکە وشەی (إحسان) بۆ زانیاریتان هەندێك وادەزانن کە (إحسان) لە هەر سیاقێك دا بێ، هەر بە مانای چاکەکردنە لەگەڵ خەڵك، بەڵام وا نیە، بە بەڵگەی ئەو فەرمایشتەی کە بە (حديث جبريل) مەشهوورە، کە لە (جبريل) پێغەمبەر ﷺ دەپرسێ: ﴿ما الإِحْسَانُ؟ قَالَ: أَنْ تَعْبُدَ اللّٰهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ﴾ {رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (٣٦٧)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٩٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٦٤) وَابْنُ خُزَيْمَةَ برقم: (٢٢٤٤)، وَغَيْرِهُم عَنْ عُمَرَ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ}، واتە: ئیحسان چیە؟! فەرمووی: ئیحسان ئەوەیە کە بە جۆرێك خوا بپەرستی وەك ببینی، وە بێگومان ئەگەر تۆش نەیبینی ئەو دەتبینێ.

لێرەدا پێغەمبەر ﷺ (إحسان)ی تەفسیر کردوە بە چاك بەندایەتیی بۆ خوا کردن، نەك چاکە لەگەڵ خەڵك کردن، لێرەشدا دیارە وشەی ﴿ وَّأَحۡسَنُواْ ﴾، دەگونجێ وێڕای چاکەکاریی لەگەڵ خەڵکدا، چاك بەندایەتیی بۆ خوا کردنیش بگەیەنێ، وە دواییش دەفەرموێ: بێگومان خوا چاکەکارانی خۆشدەوێ، بەکورتیی: من پێموایە، ئەو ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە مسوڵمانەتیی‌و دینداریی پلە پلەییە، وا مەزانن کە ئیمان‌و تەقوا وەك سکەی شەمەندەفەر وایە، کە کەوتنە سەری، تازە دەڕۆن تاقیامەتێ! نا، بەڵکو وەك پەیژە وایەو دەبێ بەردەوام پێیدا سەربکەوی، وە لە جۆرێك لە ئیمانەوە بگوازیەوە بۆ ئیمانێکی دی، وە لە جۆرێك لە تەقوا بۆ تەقوای زیاتر، وە لە جۆرێك لە ئیحسان بۆ ئیحسانێکی باشتر.

ماوەتەوە بڵێم: کە ئەو ئایەتە بەڵگەی ئەو یاسایەیە کە دەڵێ: (لَيْسَ للقَانُون أَثَرٌ رجْعِيّ) واتە: یاسا کاریگەریی بۆ ڕابردوو نیە، یان (یاسا شوێنەواری گێڕراوەی نیە)، کە ئەوە کۆدەنگیی هەموو زانایانی یاساناس‌و شەرعزانانی لەسەرە، خوای پەروەردگار ئەو حەقیقەتەی لەو ئایەتەدا بەیان کردوە، چۆن؟ چونکە دەفەرموێ:

﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، مانای وایە ئێستا مەی (خمر)و قومار قەدەغە دەکرێن‌و، ئەوانەی کە وەختی خۆی مەییان خواردۆتەوەو قوماریان کردوە، گوناهیان لەسەر نیە، کاتی خۆی کە شتێك قەدەغە نەکراوە، ئێستا بۆت نیە بڵێی: تۆ گوناهبار بووی، چونکە وەختی خۆی شەڕابت خواردۆتەوە، یان گوناهبار بووی، مامەڵەت بە ڕیبا کردوە، یان گوناهبار بووی، قومارت کردوە! یان کەسێك کە نەیزانیبێ فلان شت قەدەغەیە، وە کەمتەرخەمیش نەبووبێ لە نەزانینەکەیدا، واتە: (معذور) بێ بە (جهل)ەکەی، ئەوە ئەویش بە هەمان شێوە گوناهی لەسەر نیە، لەسەر شتێك کە بە نەزانیی‌و بە بێئاگایی دەیکات، چونکە لە سەردەمی پێغەمبەریشدا ﷺ شتی وابووە، جاری وابووە شتێك کراوە، نەزانراوە کە قەدەغە کراوە، مانای وایە لەسەری گوناهبار نەبوون، یا شتێك کە پێشێ واجب نەبووبێ‌و دوایی خوا واجبی کردبێ، گلەییان لێ نەکراوە، کە بۆچی فلان شتتان نەکردوە؟ هەڵبەتە زانایانی یاساناس لێرەدا شتێکی دیکەش دەڵێن: (یاسای شوێنەواری گێڕراوەی نیە) لە حاڵێکدا بۆ تاوانباران‌و خەتاباران بەکاربهێنرێ، بەوبارەیاندا تەفسیر دەکرێ، کە لە مەصڵەحەتیان بێ، منیش پێموایە زیاترو لەو دەقەیان وەرگرتوە: (إدْرَءُوا الْحُدُودَ بِالشُّبُهَاتِ)[1]، واتە: سزایەکان بە شوبهەکان دووربخەنەوە، واتە: کەسێك کە خەتایەکی کردوە، یاسایەك کە دەردەچێ با شوێنەواری ڕەجعیی هەبێ، ئەگەر ئەو شوێنەوارە ڕەجعییە بۆ وی قازانج بێ، بەڵام ئەگەر لە زەرەری بێ‌و تووشی سزابێ، ئەوە دەبێ شوێنەواری ڕەجعیی نیە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) کە ئەمە دەقەکەیەتی بە تەواویی: (إدرؤوا الحدود بالشُّبهات، وإنَّ الإمامَ أن يُخْطِيءَ في العَفو خيرٌ من أن يخطيء في العقوبة) رواه الترمذي والحاكم والبيهقي عن عائشة رض الله عنها مرفوعاً.

# دەرسی بیست و یەکەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە حەوت ئایەت پێكدێ (٩٤ - ١٠٠)، لەو حەوت ئایەتە موبارەكەدا خوای كاربەجێ دووجاران بە نازناوی ئیمان مسوڵمانان دەدوێنێ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، وە لەبارەی ڕاووشكاركردن لە كاتی ئیحرام بەستنیاندا بە حەج و عومرە، یان بە عومرە، كە قەدەغەیەو مایەی پێ تاقیكرانەوەیانە، ئاگاداریان دەكاتەوەو، لەبارەی چۆنیەتی كەفارەتی نێچیر كوشتنەوە لە كاتی ئیحرامدا ڕێنمایی دەكات، كە یان ئاژەڵێكی وەك خۆیەتی، یان خواردن دان بە نەدارانە، یان ڕۆژووگرتنە.

پاشان بۆیان باسی ڕەوایی نێچیرو خواردنی دەریایی دەكات، لە كاتی ئیحرامداو قەدەغەبوونی ڕاو لە وشكانییدا، ئنجا خوا باسی هەر كام لە كەعبەو مانگە حەرامەكان واتە: (ذُو الْقِعْدَةِ، ذُو الْحِجَّةِ، مُحَرَّمُ، رَجَبٌ)، وە ئاژەڵی نیشانەداركراو بۆ قوربانیی، دەكات، وەك چەند دروشم و نیشانەیەكی دینداریی، وە پاشان خوای دادگەر مسوڵمانان ئاگادار دەكاتەوە لە چەند شتێك، یەكەم: خوا نهێنییەكانی ئاسمانەكان و زەوی دەزانێ، واتە: نهێنی نێو دڵی ئێوەش لە خوا شێراوەنیەو پەنهان نیە، دووەم: وە ئاگاداریان دەكاتەوە كە سزاو تۆڵەی خوا توندو لێبوردن و بەزەییشی زۆرە. سێیەم: وە ئاگاداریان دەكاتەوە كە پێغەمبەر ﷺ تەنیا گەیاندنی لەسەرە، وە خوای پەروەردگاریش ئاگاداریی ئاشكراو پەنهانە هەمووی دەزانێ.

وە لە كۆتایی دا ئاگاداریان دەكاتەوە كە پاك و پیس یەكسان نین، هەرچەندە پیسەكە، واتە: بێكەڵكەكە، یان خراپەكە، لە ئینسانان و لە فیكرو كردەوە جل و بەرگ و ... هتد، هەرچەندە زۆریش بێ و زۆرییەكەی سەرسامیشت بكات، بەڵكو كەمی پوختە لە زۆری بۆر چاكترە، وە سەرەنجام خوا بە نازناوی خاوەن عەقڵان مسوڵمانان بانگ دەكات، وە فەرمانیان پێدەكات كە پارێز لە خوا بكەن، كە دەبێتە هۆی سەرفرازییان.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ لِيَعۡلَمَ
ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٩٤) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ
بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ هَدۡيَۢا بَٰلِغَ ٱلۡكَعۡبَةِ أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا
لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَۚ وَمَنۡ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنۡهُۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو
ٱنتِقَامٍ (٩٥) أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِۖ وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ
صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗاۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ (٩٦) جَعَلَ ٱللَّهُ
ٱلۡكَعۡبَةَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ قِيَٰمٗا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَٱلۡهَدۡيَ وَٱلۡقَلَٰٓئِدَۚ ذَٰلِكَ لِتَعۡلَمُوٓاْ
أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ (٩٧)
ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٩٨) مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا
ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ (٩٩) قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوۡ
أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِۚ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (١٠٠) ﴾.

# مانای وشــــە بە وشــەی ئایەتەكــان

((ئەی ئەوانەی بڕواتـان هێنـاوە! بێگـومان خـوا بـە شـتێك لـە نێچیـر كـە لـە ژێـر ڕكێفـی دەسـتو نێزەكەكانتانـدان، تاقیتـان دەكاتـەوە، تـاكو خـوا (لـە واقیعـداو بـە بەرجەسـتەكراویی) بزانێ كـێ بـە پەنهـانیی لـێی دەترسـێ، ئنجا هەر كەسێك دوای ئـەوە دەسـتدرێژیی بكـات، ئـەوە ئـازارێكی بـە ئێشـی هەیە ﴿٩٤﴾ ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بـە ئیحـرامەوە نێچیـر مەكـوژن، وە هەر كامێكـتان بـە ئانقەست بیكوژێ، ئەوە لەسـەریەتی قەرەبوویـەكی هاوتـای ئـەوە كە كوشـتوویەتی لـە ئـاژەڵان بـدات، كە دوو كەسـی خـاوەن دادگـەریی لـە ئێـوە بڕیـاری لەسـەر بـدەن، بكرێتـە قوربـانییو بگەیەنرێتـە (سـنووری) كەعبـە، یـان خـواردن پێـدانی نـەداران بكرێتـە كـەفارەت، یـان بارتەقـای ئـەوە ڕۆژووگرتـن، ئـەو (قەرەبـوو و كـەفارەت)ەش بۆئەوەیـە تاكـو سـزای كـاری خـۆی بچـێژێ، خـوا لـە (هەڵـەی) ڕابـردوو بـوردوە، وە هـەر كـەس بگـەڕێتەوە (سەر گونـاهی نێچیـر كوشتن) ئـەوە خـوا تۆڵـەی لـێ دەستێنـێ، وە خـوا زاڵـی خـاوەن تۆڵەیـە ﴿٩٥﴾ (ڕاوكردنـی) نێچیـری دەریـاو خـواردنەكەیتان بـۆ حـەڵاڵ كـراوە، وەك سـوودو مەدارسـازبوونێـك بـۆ ئێـوەو بـۆ ڕێبـواران، بـەڵام هـەتا لـە ئیحـرام دابـن (ڕاوكـردنی) نێچیـری وشـكانییتـان لـێ قەدەغـە كـراوە، وە پارێـز لـەو خـوایە بكـەن كـە بـۆ لای وی كۆدەكرێنـەوە ﴿٩٦﴾ خـوا كەعبـەی مـاڵی حـەرامی گێـڕاوە بـە مایـەی ڕاوەسـتانی خـەڵكو بەڕێوەچـوونی كاروباریـان، هـەروەها مـانگی حـەرامو ئاژەڵـە (بـێ نیشـانە) دانراوەكـان بـۆ قوربـانییو ئاژەڵە گەردنبەنـددارەكان، ئـەوەش (ڕوونكرایـەوە) تاكـو بـزانن كـە خـوا هـەرچی لـە ئاسـمانەكانو لـە زەوی دایـە دەیـزانێ، وە خـوا بـە هـەموو شـتێك زانـایە ﴿٩٧﴾ بزانـن كـە خـوا تۆڵـەی توندە، وە (بـزانن) كـە خـوا لێبـوردەی بـە بەزەیی یـە ﴿٩٨﴾ پێغـەمبەر جگە لە گەیانـدن (ی پـەیامی خـوا) هیچـی دیكـەی لەسـەر نیـە، وە خـوا دەزانـێ چی ئاشـكرا دەكەنو چـی پـەنهان دەكەن ﴿٩٩﴾ بڵێ: پیسو پاك یەكسـان نین، هەرچـەندە زۆریـی پیس سـەرسـامیشـت بكـات، دەجا ئـەی خـاوەن عەقـڵان! پارێـز لە خـوا بكـەن، بەڵكو سـەرفرازبـن ﴿١٠٠﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ ): ئەو (ل) لامە، بۆ سوێند پێخواردنو (ن) نوونەكەش بۆ تەئكیدە، واتە: سوێند بە خوا، بە تەئكید خوا تاقیتان دەكاتەوە، لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێ: (بَلَوْتُ فُلاَناً، خَبَرْتُهُ، وَبَلَوتُهُ: إخْتَبرتُهُ) بە دوو واتا دێ: (بَلَوْتُ فُلاَناً) واتە: شارەزای فلان كەس بووم، چۆن؟ كە تاقیم كردەوە، شارەزای بووم، هەردوو واتاكەی هەن، كەواتە: واتایەكی (لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ ) یانی: خوا تاقیتان دەكاتەوە، واتایەكی دی یانی: خوا لە ڕێی كردەوەكانتانەوە ئێوەی بۆ دەردەكەوێ، خۆی دەتانناسێ، بەلام دەیەوێ بە كردەوەی خۆتان شارەزاتان بێ.

(ٱلصَّيْدِ ): وشەی: (صَید) بە دوو واتا دێ:

بە مانای ڕاوكردن دێ، دەڵێ: (الصَّيْدُ: مَصْدَرُ صَاد، صَاد يصيدُ صيداً، وَهُوَ تَنَاوُلُ مَا يُظْفَرُ بِهِ مِمَّا كَانَ مُمْتَنِعاً، والصَّيد المَصِيدُ)، چاوگە، ڕاوی كرد، ڕاو دەكات، ڕاوكردن، وە ڕاوكردنیش بریتییە لەوە كە بۆت ناگیرێ بیگری، واتە: ئەو ژیاندارو ئاژەڵانەی كە لە حاڵەتی ئاساییدا زەفەریان پێنابردرێ، وەك كەو، كۆتر، قاز، مراویی لە پەرەوەران، وە بزنە كێویو مامزو كەروێشكو سیخورو ئەوانەی گۆشتیان دەخورێ لە ئاژەڵان.

وە بە مانای (المصید)یش دێ، واتە: نێچیر، ئەو نێچیرەی كە ڕاودەكرێ.

(وَرِمَاحُكُمْ ): كۆی (رُمْح)ە، ئێمە بە كوردی (نێزە)ی پێ دەڵێین، وە (ڕم)یشی پێ دەڵێین، بەلام ڕم درێژتر بووە، نێزە كورتتر بووە، هاوێشتوویانە.

(حُرُمٌ ): (جَمْع مُحْرِم، عَكْس مُحِلّ، وَحرام عكس حلال)، (حُرُم) كۆی (مُحْرِم)ە، وە (مُحْرِم) كەسێكە چۆتە ئیحرامەوەو ئیحرامی بەستوە، وە پێچەوانەی (مُحِلّ)ە، (مُحِلّ) كەسێكە نەچۆتە ئیحرامەوەو ئیحرامی نەبەستوە، واتە: هەموو كردەوەكانی بۆ حەڵاڵن، بەلام كەسی (مُحْرِم) خۆی بێ بەش دەكات لە

کۆمەڵێك شت، وەك: خۆ بۆنخۆشکردن، نینۆك کردن، وە هەندێ شتی دی کە لە کاتی ئیحرام دا لێی قەدەغە دەبن، وە حەرامیش عەکسی حەلاڵە، دەگوترێ: (فُلاَن حَرَامٌ) واتە: لە ئیحرام دایە، وە کە گوترا: (حلال) واتە: لە ئیحرام دانییە.

(فَجَزَآءٌ): (الجزَاء: وَهُوَ الغَنَاءُ والكِفَايَةُ، وَالجزَاءُ مَا فِيهِ الكِفَايَةُ مِنَ المُقَابَلَةِ خَيْرَاً أَو شَرَّاً)، (جَزَاء) واتە: بڕیتیی، یان بەرانبەر، یان شتێك بارتەقای شتێك بێ، دەڵێ: (جَزَاء) هەر شتێکە کە بۆ شتێك بەس بێ، یاخود لە بەرانبەریدا بێتەوە، واتە: بارتەقاو هاوتا، جا بۆ چاکە بێ، یان بۆ خراپە.

(ٱلنَّعَمِ): (جَمْعُهُ: أَنْعامٌ، وأَناعيمُ: المَالُ السائم ويُطلَق على الإبل أكثر...) وشەی (نَعَم) بە (أَنْعامٌ وأَناعِيمُ) کۆدەبێتەوە، (المَالُ السائم) هەر ئاژەڵێکە بلەوەڕێ، هەمووی پێی دەگوترێ (أَنْعَام)، بەلاّم بە زۆری بۆ حوشترو ئاژەڵی ورد (مەڕو بزن)و ڕەشەوڵاخ واتە: مانگاو گا، بەکاردێ، بەلاّم من پێمەوایە بۆ جیا لەوانەش بەکاردێ، هەرچەندە وشەی (خیل) واتە: وڵاخە بەرزە، کە ئەسپو ماینو ئەوانە دەگرێتەوە، بەلاّم واپێدەچێ وشەی (أَنْعَام) ئەوانیش بگرێتەوە، هەرچەند جاری وایە بە پێی عورف وشەیەك تایبەت دەکرێ بە بەشێك لە چەمكو واتایەکەیەوە، بۆ وێنە: وشەی (ثواب) لە عورفی زمانی عەرەبیدا زیاتر بۆ چاکە بەکاردەهێنرێ، بەلاّم لە ئەسڵی زمانی عەرەبی بۆ خێرو شەڕ بەکاردێ، ئێستاش ئێمە بە کوردی هەر دەڵێین: خوا جەزات بداتەوە، (جَزَاكَ اللّهُ خَيْراً) بەلاّم وشەی (جَزَاء) ئەویش لە ئەسڵی زمان بۆ پاداشتو سزاو تۆڵەش بەکاردێ، کەچی بە پێی عورف جاری وایە ماناکەی تایبەت دەکرێ.

(هَدۡيَۢا): (الهدْيُ مُخْتَصٌّ بِمَا يُهْدَى إِلى البَيْت، الواحدة: هدية، والأنثى: هَدي)، (هَدي) تایبەتە بەوەی کە دەکرێتە دیاریی بۆ ماڵی خوا (بیت)، واتە: لە کاتی حەجو عومرەدا، سەرببڕدرێ، تاکەکەی (هَدیة)یە، واتە: ئاژەڵێك کە دەکرێتە خەڵاتو دیاریی لە سنووری حەرەمدا سەرببڕدرێ، وەك ئەوەی یەکێك لە مەناسیكو خواپەرستییەکانی حەج، وە مێینە پێی دەگوترێ (هَدي)، نێرینەش پێی دەگوترێ: (هدية).

(عَدۡلٍ ): (العَدْل: رجُلٌ عَدْلٌ، وَعَادِلٌ وَرِجَالٌ عدلٌ، ذَوَي عَدْلٍ: أَي عَدَالَةٍ، عَدْلُ ذَلِكَ: مُعَادِلُ ذَلِكَ) وشەی: (عَدْل) ئێمە بە كوردی پێی دەڵێین: دادگەریی، بەلاّم (رجُلٌ عَدْلٌ) واتە: پیاوێكی ڕێكو ڕاست، كە شایەدیی لێ وەربگیرێ، دیارە ئینسانیش كە دادگەر بوو شایەدیی لێوەردەگیرێ، جا لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (رَجُلٌ عَدْلٌ، وَعَادِلٌ وَرِجَالٌ عَدلٌ) وشەی (عَدْل) بۆ هەموویان بەكاردێ، (ذَوَي عَدْلٍ) واتە: خاوەن دادگەریی، (عَدْلُ ذَلِكَ: مُعَادِلُ ذَلِكَ) بار كە لێدەنرێ دوو لای هەیە، هەركامێكیان پێی دەگوترێ: (عِدْل)، وە هەندێكیان دەڵێن: (عَدْل) و (عِدْل) بە هەردووكیان هاتوە، چونكە هەردووكیان وەك یەكن یەكسانن، دیارە هەردوو تای بارێك دەبێ هێندەی یەك بن، ئەوجار بارەكە ڕادەوەستێ، ئەگەرنا لاتەڵو لاسەنگ دەبێ.

(وَبَالَ ): (الوَبْلُ: والوَابِلُ: المَطَرُ الثَّقيلُ القِطَار)، (وَبل، وابِل) بە بارانێك دەگوترێ كە دڵۆپەی گەورەو گرانی لێ دروست بێ، دەڵێ: (الوبال: الفساد، الشدة الثقلُ، سوء العقابة..)، (وبال) واتە: خراپە، یاخود سەرەنجامی خراپ، قورسییو زەحمەتو نارەحەت، ﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦ﴾، بۆئەوەی كە سەرەنجامی خراپی، وە ئاكامی شوومی خۆی كە سزایە، بچێژێ.

(سَلَفَ ): (السَّلَفُ: المتقدِّم، ﴿فَلَهُۥ مَا سَلَفَ﴾: أَي يُتجافَى عمّا تَقَدَّم مِن ذَنبِهِ)، (سَلَف) ئەوەیە تێپەڕیوەو ڕۆیشتوەو ڕابردوە، كە دەفەرموێ: ﴿فَلَهُۥ مَا سَلَفَ﴾، واتە: ئەوەی ڕابردوە بۆخۆیەتی، بەو واتایە كە ئەگەر بڵێ (علیه) واتە: لێی دەپرسرێتەوە، وە ئەگەر بڵێ: (لَهُ) واتە: لێی ناپرسرێتەوە، (يُتجافَى عمّا تَقَدَّم مِن ذَنبِهِ) چاوپۆشیی دەكرێ لەوەی كە تێپەڕیوە.

(مَتَٰعٗا ): لە قورئاندا وشەی (مَتَاع) زۆر هاتوە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا مَتَٰعٞ ٢٦﴾ الرعد، یان دەفەرموێ: ﴿... إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا

مَتَٰعٌ ...﴿٣٩﴾ غافر، (المَتَاعُ: كُلُّ مَا يُنتَفِعُ بِهِ عَلَى وَجْهٍ مَا فَهُوَ مَتَاعٌ وَمُتْعَةٌ)، (مَتَاع) هەر شتێكە سوودی لێ وەربگیرێو بەهرەی لێ وەربگیرێ، بە شێوەیەك لە شێوەكان، بەلاّم بە زۆری بۆ شتی كەم بەكاردێ، واتە: شتێك كە كەم دەوام بێ، یاخود كەم بایەخ بێ، یاخود تەمەنی كەم بێ.

(وَلِلسَّيَّارَةِ): (سیارة) لێرە بە مانای كاروان، كۆمەڵێك ڕێبوار دێ، (السير: المضيُّ في الأَرْض وَرَجُلٌ سَائِرٍ وَسَيّار والسيارة: الجَمَاعَة)، (السَّير) واتە: بە زەویدا ڕۆیشتن، (سَارَ يَسيرُ سَيراً)، دەگوترێ: (وَرَجُلٌ سَائِرٍ وَسَيّار) پیاوێك كە دەڕوات بە ڕێدا، كە دیارە (سَائر) واتە: ڕۆیشتوو، بەلاّم (سَيَّار) واتە: زۆر ڕۆیشتوو، صیغەی موبالەغەیە، (والسيارة الجَمَاعَة) واتە: كۆمەڵە خەڵكێك كە پێكەوە دەڕۆن، جا چ بە بارو سوار، چ پیادە بن.

(قِيَٰمًا ): چاوگە، واتە: ڕاوەستان، لێرەدا دەڵێ: (قَامَ يَقُومُ قِيَاماً فَهُوَ قَائِمٌ وَجَمْعُهُ قيام، وَالقِيام والقِوَام: اسم لما يقوم ويثبتُ به الشيء كالعِمادِ وَالسِّنادِ) لە زمانی عەرەبیدا (قَامَ يَقُومُ قِيَاماً) هەڵسا، هەڵدەستێ، هەڵسان، یاخود ڕاوەستان (فَهُوَ قَائِمٌ وَجَمْعُهُ قيام) ئەو ڕاوەستاوە، وە بە (قيام) كۆدەكرێتەوە، وە هەروەها (قِيام و قِوَام)یش ناون بۆ هەر شتێك كە ئەو شتەی پێوەڕادەوەستێ، وەك (عِمادِ و سِنَادِ) ڕەشماڵ كە هەڵدەدرێ ئەو ئەستوندەگەی دەدرێتە بەری، پێی دەگوترێ: (عِماد) یان (سِنَادِ)، لەبەرئەوە كە ڕەشماڵەكە بەهۆی ئەوەوە ڕاوەستاوە، خوای پەروەردگاریش دەفەرموێ: (كَعبَة) و (هَدي)و (قَلائِد)و مانگی حەڕامم كردوون، بە مایەی ڕاوەستان، ڕاوەستانی خەڵك، واتە: كاروباری دینداریی‌و دنیادارییان وەك دوایی باسی دەكەین.

(ٱلْبَلَٰغُ ): (البَلاَغُ) واتە: گەیاندن، (البلوغُ وَالبَلاَغُ: الإِنْتِهَاءُ إِلى أَقْصَى المقصِد وَالمُنْتَهى والبلاغ التبليغ)، (بلوغُ، بَلاَغُ) ئەوەیە كە بگەیە كۆتایی، سنوورێك ئامانجێك دیاری كرابێ، پێی بگەی، وە (بَلاَغ) بە مانای گەیاندنیش دێ، وە بە مانای خودی گەیشتن دێ، وە بە مانای گەیاندنی پەیامێك، یان گەیاندنی

شـــتێك دێ، کـه دەفـەرموێ: ﴿ مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ﴾، واتـە: پێغـــەمبەر ﷺ تەنیا گەیاندنی لەسـەرە، ئەوەی دیکـە دەکەوێتە سەر خۆتان، دوای ئەوەی کە پێتـان ڕاگەیەنـدرا.

(ٱلْخَبِيثُ): (الخُبْـثُ والخَبيـثُ مَـا يُكْـرَهُ رِدَاءَةً وَخسَاسَـةً، وَأَصْـلُهُ الـرَّدِيُّ الدُّخْلَـةُ الجَارِي مَجْرَى خَبَثِ الحَدِيدِ) وشـەی: (خُبْثُ، خَبيثُ) هەر شـتێکە کە ئینسـان کـەیفی پـێ نەیـێ لەبـەر خراپیـی‌و کـەم بایەخیـی، یـان لەبـەر پیسـییان، وە لـە ئەسڵدا لە (الـرَدِيءُ الدُّخْـلَةُ) شـتێکی خـراپ، کە ڕەگەڵ شتی بـاش کـەوتوە، وەك زیـوان‌و بنـژیل کـە ڕەگـەڵ گـەنم‌و جۆ دەکـەوێ، یـان هـەر شـتێك کـە ڕەگـەڵ برنـج‌و کونجـی دەکـەوێ، وەك بەردو شـتی دیکـە، ئـەوە پێی دەگوتـرێ (الدُّخْلَةُ)، (الجَارِي مَجْـرَى خَبَثِ الحَدِيـد) وەك ئـەو ژەنگـەی کـە لەسـەر ئاسـن دەکەوێ، دیـارە ژەنگـەکە ئاسـنەکە دەڕزێنـێ، بۆیـە دەبـێ لێـی بکەیـەوە، ئەسـڵی مـاددەی ئاسـنەکە جیـایە‌و ئـەو ژەنگـەی کـە لەسـەری دەکـەوێ، ئـەوە شـتێکی خراپـە‌و کەوتۆتـە سـەری.

(وَٱلطَّيِّبُ): (أصْلُ الطَيِّبِ: مَا تَسْتَلِذُّهُ الحَوَاسُّ، وَمَا تَسْتَلِذُّهُ النَّفسُ، وفـي الشَّـرْعِ: مَـا كَـانَ مُتَنَـاوَلاً مِـنْ حَيْـثُ مَـا يَجُـوزُ) واتـە: ئەسـڵی (طَيِّـب) هـەر شـتێکە کـە هەسـتەکان چـێژی لێـوەرگرن وە نەفسـی ئینسـان چـێژی لێـوەربگرێ، (الطَيِّـب) لـەڕووی شـەرعەوە هـەر شـتێکە کـە شـەرع ڕێپێـدابێ، ئـەو شـتە وەربگیـرێ‌و بەکـاربهـێنرێ.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

هــۆی هاتنــە خـــوارەوەی ئــەو ئایەتـــەی کــە دەفــەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ٩٤ ﴾، {قَـالَ مُقَاتِـل بـن حَيَّـان: أنزِلَـت هَـذِهِ الآيَـةُ فِي عُمْـرة الحُدَيْبِـيَّة، فَكَـانَتِ الوُحش وَالطَّير والصَّـيْد تغشاهم فـي رِحَـالِهم، لَـمْ يَروا مِثلَـهُ قَطُّ فِيمَـا خَـلا، فَنَهَـاهُم الله عَـن قتلـه وَهُمْ مُحرِمـونَ} (محاسن التأويل: ج٤، ص٩٤)، واتـە: موقاتلـیی کـوڕی حـەییان دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە لـە کـاتی عـومرەی حودەیبییـەدا دابـەزی، ئـاژەڵی کێـوی و پـەڕەوەرو نێچیـر دەهـاتن بەسـەر هاوەڵانـدا دەگـەڕان، لەو شـوێنانەی بارگـەوبنەیان لـێ خسـتبوو (دەهاتنـە دەوروبـەریان)، کـە لـە ڕابردوودا هەرگـیز شـتی وا نەبـووە، خـواش لێـی قەدەغـە کـردن، کـە هەتـا لـە ئیحـرام دابن ئەو نێچیـرانە بکوژن.

دیـارە ئـەوکات وەك ئێسـتا نـەبووە، هـەموو دەمـێ گۆشـت هـەبێ‌و خـواردنی خـۆش هـەبێ، زۆریـش حەزیـان لـە گۆشـت بـووە، ئنجا ئـەو مەسـەلەیە بەسـەرهات‌و ڕووداوی زۆری تێـدان، بـۆ نموونـە: یەکێـك لـە هـاوەڵان ئیحـرامی نەبەسـتبوو بـە عـومرە، ئاژەڵـێکی زۆر قەڵەو بەوێـدا هـات، هـاوەڵانیش ئاماژەیـان بـۆ کـرد، ئـەویش بـە تیـرو کەوانەکەی، یان بـە هـەر شـتێکی دی کە پێـی بـوو، ئـەو کـەرە کێویـەی ڕاو کـرد، ئنجا سـەری بـڕی‌و دوایـی گـوتی: هـاوکارییم بکـەن، ئـەوانیش گوتیـان: ئـاخر ئەگـەر هاوکارییـت بکـەین ئێمـە گوناهبـار دەبـین، (بـە حیسـاب ئـەوان ڕاویـان نـەکردووە هاوکارییشـیان نەکردوە) هاوکارییشـیان نەکرد، دواییش ئەوانەی ئیحرامیشـیان هـەبوو زۆر حەزیـان لـە گۆشـت بـوو، لێیـان خـوارد، (جـا زانایـان دەڵـێن: ئەگـەر بـە ئاماژەکردنیـش، بێ هەر جۆرێکـە لە هاوکاریی‌و گوناهباریی، بـە هـەر حـاڵ دیارە ئـەوە تاقیکردنەوەیـەك بـووە)، ئنجـا ئێمـە ئێسـتا تێدەگـەین لـەو ئایەتـە کـە دەفـەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ لِيَعۡلَمَ

ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٤﴾﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێـناوە! بێگـومان خـوا بـە شـتێك لـە نێچیـر كـە لـە ژێـر ڕكێفـی دەسـتو نێزەكەكانتانـدان، تاقیتـان دەكاتـەوە، تـاكو خـوا (لـە واقیعـداو بـە بەرجەسـتەكراویی) بزانـێ كـێ بـە پەنهـانیی لـێی دەترسـێ، ئنجا هـەر كەسێك دوای ئـەوە دەسـتدرێژیی بكـات، ئەوە ئـازارێكی بە ئێشـی هەیـە.

خـوای باڵادەسـت ئـاوا بەندەكـانی خـۆی تاقـی دەكـاتەوە، ئـەوان لـە تامەزرۆیـی گۆشـت لە چ میحـنەتێكـدا بـوون، خـوای بـەرزیش ئـەو نێچیـرانەی ناردوونـە دەور، لـە كاتێكـدا كـە زۆریـش حەزیـان لـە گۆشـت بـووە، تـا خـوا لـە واقـیعی خۆیانـدا بـۆی دەربكـەوێو، بزانـێ تـا چـەند پابەنـد دەبـن بـە شـەریعەتەوە، پارێزكـار دەبـن، یـان ئارەزوویان بۆ گۆشت وایان لێدەكـات كە فەرمـانی خـوای پەروەردگـار بشـكێنن!!.

# مانـای گـشــتـی ئایەتەكـــان

خوا ﷻ لەم سوورەتە موبارەكەدا بۆ جاری دوازدەیەم بانگی مسولْمانان دەكات، كە ئاشكرایە یەكەمین مسولْمانانێك كە دوێندراو بوون بەم ئایەتەو بانگكراو بوون، هاوەڵانی بەرێز بوون، بەڵام لە دوای وانیش هەموو جیلەكانی مسولْمانان پشتاو پشت تا ئێستاو دوای ئێستاش ئەو دواندنانەی خوای پەروەردگار دەیانگرێتەوە، وەك پێشتر باسمان كردوە، ئەم سوورەتە لە قەدەر قەبارەی خۆی بە بەراورد لەگەڵ سوورەتەكانی دیكە، سوورەتێكە زۆرترین یاسای شەرعیی تێدان، وە شازدە جاریش بە نازناوی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئیمانداران دەدوێنێ، لێرەشدا خوای پەروەردگار بۆ جاری سێزدەیەم دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بە تەئكید خوا بە شتێك لە نێچیر واتە: مەرج نیە زۆریش بن، بەڵام بە شتێك لە نێچیر تاقیتان دەكاتەوە، دەستتان دەیانگاتێ، ئەوەی بە دەستیش نەگیرێ بە ڕمو نێزەكانتان ڕاویان دەكەن، ﴿ لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِ ﴾، تاكو خوا بزانێ كێ بە پەنهانیی لێی دەترسێ؟ وە كێ لێی ناترسێ؟ (واتە: بە بەرجەستەكراویی لە دنیای واقیعدا خوای پەروەردگار بۆی دەربكەوێ، ئەگەرنا وەك زانیاریی بێ سنووری خوا، هەموو شتێك دەزانێ)، ﴿ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾، هەر كەسێك دوای ئەوەی كە خوا ئاگادارتان دەكاتەوە بۆتان ڕوون دەكاتەوە، دەستدرێژیی بكاتو بە ئیحرامەوە ڕاو بكات، ئەوە ئەو كەسە ئازارێكی بەئێشی هەیە.

ئنجا بۆ جاری سێزدەیەمین بانگی مسولْمانان دەكاتو دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! هەر دەربارەی هەمان بابەت هی پێشی فەرمووی: بۆیە ئەو نێچیرانە دێنە دەوروبەرتان تاكو تاقیتان بكاتەوە، بەڵام

ئەمجارە حوکمەکەی ڕادەگەیەنێ: ﴿لَا تَقْتُلُوا۟ ٱلصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾، نێچیر ڕاومەکەن‌و مەکوژن لە کاتێکدا ئێوە لە ئیحرام دان، چونکە بابای ئیحرامدار چ پیاوبێ، چ ئافرەت، کۆمەڵێك شتی لە خۆی قەدەغە کردوون، بۆئەوەی خۆی یەکلا بکاتەوە، بۆ بەندایەتی بۆ خواو، زیکرو یادی خوا، ڕازونیازو موناجات لەگەڵ خوا، دووعاو پاڕانەوە لە خوا، کە ئەوانە لەگەڵ ڕاوکردن‌و دوای نێچیر کەوتن‌و کوشت‌و کوشتار، وە خۆ بۆنخۆشکردن‌و خۆ ڕازاندنەوەو سەرجێیی کردنی ئافرەت‌و... هتددا، ناگونجێن ئەوانە هەموویان قەدەغەن بۆ کەسێك کە دەچێتە ئیحرامەوە، ئنجا حوکمەکەی بەیان دەکات، کاتێك کەسێك نێچیرێکی کوشت، ئەوە بەشەرە، هەڵە دەکات، دەفەرموێ: ﴿وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا﴾، هەر کامێك لە ئێوە بە ئانقەست بیکوژێ، بە ئانقەست دوو شتی لە بەرانبەردا هەن، هەڵەو لەبیرچوون (خطأً ونسياناً)، ئایا ئەگەر بەهەڵە بیکوژێ، یان بە لەبیرچوون بیکوژێ سزایەکەی ناکەوێتە سەر؟ ئەوە دوایی باسی دەکەین‌و ڕاجیایی زانایانی لەسەرە، بەلام گرنگ ئەوەیە لێرەدا دەفەرموێ: هەر کامێك لە ئێوە کە لە ئیحرام دان، بە ئانقەست نێچیرێك ڕاو بکاو بیکوژێ ﴿فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ﴾، پاداشتێکی لەسەرە وەك ئەوەی کە کوشتوویەتی لە ئاژەڵ، چ ئاژەڵێکی کوشتوە، هاووێنەکەی دەبێ بکڕێ‌و بیکاتە قوربانیی، ﴿يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾، دوو کەسی خاوەن دادگەریی لە ئێوە بڕیاری لەسەر دەدەن، دوو نەفەری بە ئینصافی دینداری ڕێك‌و ڕاست، بۆ وێنە: ئەگەر گاکێوی کوژراوە، دەبێ حوشتر بکاتە خێر، ئەگەر بزنە کێوی بێ، دەبێ بەرانێك بکاتە خێر، ئەگەر باڵندەیە دەبێ حوشترمەل (نعامة)، یان مەڕێك بکاتە خێر، ﴿هَدْيًۢا بَـٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ﴾، ئەو ئاژەڵە کە سەردەبڕدرێ، وەکو قەرەبووو پاداشت لەجیاتی ئەو نێچیرەی کە کوشتوویەتی، دەبێ بکرێتە دیاریی، وە بگەیەندرێتە لای کەعبە، کە دەفەرموێ: ﴿هَدْيًۢا بَـٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ﴾، هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، مەبەست پێی ئەوەنیە کە بچێتە لای کەعبە، چونکە ئەو ئاژەڵە ناگونجێ لە نێو کەعبەدا سەرببڕدرێ، وە جێشیان نابێتەوە، ئەدی مەبەست پێی

چییـــە؟ مەبەســـت پێـی دەوروبـــەری كەعبـــەیە، واتـە: بچـێتە ســـنووری حەرەمـەوە، ئـەوە كە پێغــەمبەر ﷺ دیاری كـردوە كـە فلان شوێن تـا فلان شوێن، بـە هـەر چوار دەوری مەككـــەدا، بـــە ئەنـــدازەی ئەوەنـــدە دووریـــی، ئەوەنـــدە كیلۆمـــەترە، ئـــەوە پێـــی دەگوتـــرێ حـــەرەم، بگـــاتە نێـو ئـەو ســـنوورە، وە هەنـدێك دەڵـێن: هـەر تەنیـــا بگاتـە نـــزیك ســـنووری حـــەرەم، تـــەواوە ﴿أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ مَسَٰكِينَ﴾، یاخـــود ئەگـــەر ئاژەڵەكـەی چنـگ نەكـەوت، ئـاژەڵێكی بارتـەقای ئـەوە بـە پارەكـەی خـواردن دەكـڕێ و دەیـدات بـە نـەداران ﴿أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا﴾، یـان "ئەگـەر پـــارەی نـــەبوو" بـــە ئەنـــدازەی ئـــەوە ڕۆژووگـــرتن، واتـــە: خـــواردنەكە چـەند بـووە، بـۆ وێنـە: دەگـوترێ ئەوەنـدە كیلـــۆیە ئەوەنـــدە ڕبـە (صـاع)ەیـە، لـە جیـاتی خـواردنی هـەر ژەمێـك لـە ڕۆژێكدا، بۆ هەر نەدارێك ڕۆژووێك دەگـرێ، ﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦ﴾، بـۆ ئـەوەی سـزای هەڵەو خراپەكەی خۆی بچێژێ، ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ﴾، خـوا چاوپۆشـیی لـە ڕابـردوو كردوە، كـە لـە ڕابـردوودا نەتـانزانیوە حەرامـە، بـە ئیحـرامەوە نێچیـرتان كوشـتوە، خـوا چاوپۆشیی لـە هەمووی كـردوە، ﴿وَمَنۡ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنۡهُۚ﴾، وە هـەر كەسێك بگەڕێتەوە، دوای ئـەوەی كە دەزانـێ خـوا قەدەغـەی كردوە، پێشـتـر ئەگەر نەیزانیبـێ، یـان بـە دڵنیاییـــەوە نەیزانیبـــێ، چونكـــە ڕەنگـە بـایی هەنـدێ بەهـۆی ئـەوەوە كـە شارەزای دینی ئیبـراهیم بوون، ئـەوەی كـە بۆیـان بەجێمـاوە، هەنـدێك هـەر زانیـویانە، بەهـەر حـاڵ دوای ئـەوەی خـوای كاربـەجێ لـە دوا نوسـخەی وەحـی خۆیـدا بـۆی دیـاریی كـردن، هەر كەسـێك بگەڕێتـەوە سەر ئەوە، ئـەوە خـوا تۆڵەی لـێ دەسـتێنێ، ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ﴾، وە خـوا زاڵـی خـاوەن تۆڵـەیە.

ئـەوە بەنسـبەت ڕاوكـردن لە وشـكانیـی دا.

ئنجـا خـوای پەروەردگـار باسی ڕاووشـكار دەكـات لـە دەریـادا، دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِۖ﴾، ڕاوكردنی دەریـاتان بـۆ حـەڵاڵ

كراوە، سوودو مەدار سازكردنە بۆخۆتانو بۆ ڕێبوار، یاخود نێچیری دەریا، چونكە وشەی: (صید) چاوگە، دەگونجێ بە مانای ڕاوكردن بێ لە دەریادا، دەشگونجێ بە مانای خودی نێچیرەكە بێ، واتە: نێچیری دەریاتان بۆ حەڵاڵ كراوە، ﴿وَطَعَامُهُۥ﴾، وە خواردنی دەریاشتان بۆ حەڵاڵ كراوە، نێچیری دەریا چییە؟ وە خواردنی دەریا چییە؟ ئەوە دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا باسی دەكەین، واپێدەچێ مەبەست لە (صید) ئەوە بێ ئینسان زەحمەتێكی پێوە بكێشێ، تا ڕاوی دەكات، (طعام)یش ئەوەیە كە زەحمەتێكی وای پێوە نەكێشێو بە ئاسانیی بێتە دەستی.

﴿مَتَٰعًا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِ﴾، ئەوە ڕابواردنێكی كەمەو خۆشگوزەرانییەكی كەمە، مەدار سازبوونێكە بۆخۆتان، وە بۆ ڕێبوارانیش، واتە: خواردنی دەریاو نێچیری دەریا، هەم ئێوە كە لە ئیحرامدان بۆتان حەڵاڵەو، هەم خەڵكی دیكەش كە لە ئیحرام دانیە، ئەو ڕێبوارانەی كە بە دەریادا دەڕۆن، بۆیان هەیە ڕاو بكەن لە نێچیری دەریاو لە خۆراكی دەریا بەهرەمەند بن، ﴿وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗا﴾، وە ڕاوی وشكانیی، یاخود نێچیری وشكانییتان لێ قەدەغە كراوە تاكو لە ئیحرام دابن، بەڵام ئەگەر ئیحرامتان شكاند، بۆتان هەیە، وەك لە سەرەتای سووڕەتی (المائدة)دا باسمان كرد، خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْ﴾، دەفەرموێ: وە هەركاتێ ئیحرامتان شكاند، ڕاوێ بكەن، یەكێك هەبوو هەر ئاوا تەماشای ڕواڵەتی قورئانی دەكرد، هەمیشە دەیگوت: ئەمر بۆ پێویست بوون (وجوب)ە، منیش گوتم: ئاخر مەرج نیە هەمیشە وابێ، جاری وایە بۆ ڕێ پێدانە، گوتی: نەخێر حەتمەن لە هەر شوێنێكی قورئاندا ئەمر هەبێ، بۆ فەرز بوونە، منیش گوتم: ئایا حەجت كردووە؟ گوتی: نەخێر، گوتم: إن شاء الله بە خێر ئەگەر حەجت كرد، یان عومرەت كرد، پاشان كە ئیحرامت شكاند، ئەوە واجبە ڕاوێ بكەی بە پێی قسەی تۆبێ؟ گوتی: بۆچی؟ گوتم: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْ﴾، واتە: وە هەركاتێ ئیحرامتان شكاند، ڕاوێ بكەن، كەواتە: دەبێ

بکەویە دوای مامزو کەروێشـكو ئاژەڵی کـێوی، لەو دەشتەی عەرەبستاندا تا شتێك دەگری خۆتو ئەو چەند حاجییە کە لە وێن! گوتی: ئاوایە؟ گوتم: بە پێی قسەی تۆبێ بەڵێ، بەڵام لەڕاستییدا نەخێر وانیە، بەڵکو خوا کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُواْ﴾، دەڵێن: ئەم ئەمرە لێرەدا بۆ ڕێ پێدانە، چونکە ئەمر لە دوای تەحریم مانای ڕێ پێدان دەگەیەنێ (الأَمْرُ بَعْدَ التَّحْرِيمِ يُفيدُ الإِبَاحَة)، پێشی خوا فەرمووی: ڕاوێ مەکەن بە ئیحرامەوە، دوایی دەفەرموێ: کە ئیحرامتان شکاند ڕاوبکەن، مانای وایە ئەوەی پێشی لێتان قەدەغە بوو، ئێستا بۆتان حەڵاڵە، نەك ئێستا لەسەرتان واجب بێ، جا ئەو بابەتانە بەهۆی زانستی (أصول الفقه)ەوە دەزانرێن، ئەگەرنا ئینسان هەر لەخۆوە تەماشای ڕواڵەتی قورئانو سوننەت بکات، تووشی حوکمی زۆر غەڵەت دەبێ، کە خواو پێغەمبەری خوا مەبەستیان نەبوون، ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾، وە پارێز لەو خوایە بکەن کە بۆ لای ئەو کۆدەکرێنەوە، واتە: پارێز لە خوا بکەن لەو شتانەدا لە ئیحرامدا ڕاووشکار مەکەن، لە وشکانییدا شتێك مەکەن پێچەوانەی فەرمانی خوابێ، هەرچەندە وشەی: تەقوا مەفهوومو ماناکەی گشتییە، بەڵام لێرەدا تایبەتە بەوە کە ڕاووشکار نەکرێ لە کاتی ئیحرام هەبووندا، چونکە جاری وایە بە پێی سیاقەکەی تایبەت دەبێتەوە بەو شتەی کە لە سیاقەکەدا هاتوە، ئنجا خوا چوار شتان باس دەکات، دەفەرموێ: ﴿جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ قِيَـٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَـٰٓئِدَ﴾، خوا ئەو چوار شتانەی کردوون بە مایەی ڕاوەستانی خەڵك، دینداریی‌و دنیاداریی بەو شتانەوە بەندە، دەفەرموێ: خوا کەعبەی بەیتی حەرامی گێڕاوە بە مایەی ڕاوەستانی خەڵك، هەروەها مانگی حەرام، هەروەها (هدي) و (قلائد)یش، پێشتریش گوتمان: کەعبە ئەو چوار دیوارەیە کە بەیتیشی پێ دەگوترێ، جاری وایە بەو مزگەوتەش دەگوترێ کە لە دەوری کەعبەیە، بەڵام کەعبە بە خودی ئەو چوار دیوارە دەگوترێ کە پەردە ڕەشەکەی بۆ دەکرێ‌و دەرگای هەیەو، گۆشەی بەردە ڕەشەکە (الحجر الأسود)و گۆشەی یەمانیی (الركن اليماني) تێدایە... هتد، وەك دەیبینین، خوا ئەوەی کردوە بە مایەی ڕاوەستانی خەڵك، واتە: بەهۆی کەعبەوە خەڵك دینداریيان

ڕادەوەستێ، وە هەروەها دنیاداریيشیان، چونكە كاتی خۆی هەر كەسێك چووبێتە لای كەعبەو، چووبێتە دەوروبەری مزگەوتی حەڕام، كەس بۆی نەبووەو دەستی لێ بدات، بۆ وێنە، ئەگەر كەسێكی كوشتبا كە دەچووە لای كەعبە، خاوەن كوژراو بۆی نەبوو بیكوژێ، ئەگەر لە هەموو دنیا شەڕو ئاژاوە بووبێ، لەوێ خەڵك هێمن بووە لە ئاشتیيو ئارامیی دا ژیاوە، (والشهر الحرام) ئەو مانگانەی كە حەڕامن، واتە: حەڕامن جەنگیان تێدا بكرێ، ئەوانیش چوار مانگن، (رجب) بە تەنیا ئنجا (ذُو الْقَعْدَةِ، ذُو الْحِجَّةِ، مُحَرَّمُ) بە دوای یەكدا، ئەو چوار مانگەدا كاتی خۆشی وا بووە، جەنگیان تێدا قەدەغە كراو بووە، بە لای كەمەوە یەك لەسەر سێی ساڵ خەڵك لە هێمنیی دا ژیاوە، ئەگەر دوژمنی یەكدی بووبان، لەو چوار مانگە جەنگیان نەدەكرد، ئنجا (والهدي) واتە: ئەو ئاژەڵانەی كە دەكرێنە دیارییو خەڵات، وە بەرەو لای كەعبە، بەڕێ دەكرێن، لە كاتی خواپەرستییەكانی حەجو عومرەدا سەردەبڕدرێن، (قلائد) كۆی (قِلادة)یە، واتە: گەردنبەند، وە (قلائد) واتە: ئەو ئاژەڵانەی كە گەردنبەندیان لە مل كراوە، جا عەرەب عادەتیان وابووە، ئێستاش هەروایە ئەو ئاژەڵەی كە بردوویانە سەری ببڕن، جاری وا بووە نیشانەداریان نەكردوە، جاری واش بووە نیشانەداریان كردوەو گەردنبەندێكیان لە مل كردوە، یان درەختو گەڵایەك كە بۆیان چنیوە، یان دونگەكەیان بریندار كردوە، ئیدی خەڵك زانیویانە ئەوە دیاریی كراوە بۆئەوەی لەوێ سەرببڕدرێو، كەس دەستی لێنەداوە، ﴿ذَٰلِكَ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾، بۆیەش خوا ئەوەتان بۆ ڕوون دەكاتەوە، تاكو بزانن كە خوا دەزانێ چی لە ئاسمانەكانو زەویدا هەیە، وە خوا بە هەموو شتێك زانایە، واتە: خوا دەزانێ كە چی لە ئاسمانەكانو زەوی دا هەیە، ئێوە ژیانتان ئاوا نەبێ بەڕێوە ناچێ، دەبێ دین هەم لە ڕووی شوێنەوە، هەم لە ڕووی كاتەوە، هەم لە ڕووی هەڵسوكەوتەوە، سنوورتان بۆ دابنێ، كە بە هۆی ئەو سنوورانەوە هەست بە ئارامییو هێمنییو ئاساییش بكەن، ژیانی دنیاو دینداریيشتان بگوزەرێنن.

ئنجـا دەفـەرموێ: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، بزانـن كە خوا تۆڵـەی تونـدە، وە بشـزانن كـە خـوا لـێبوردەی بـە بـەزەیی یـە، تۆڵـەی تونـدە بـۆ كەسـانێك كـە سـنوورەكانی خـوا دەبـەزێنن، لێبـوردەو بـە بـەزەیی یـە بـۆ كەسـانێك كـە بـە هەڵـە، یـان بـە لەبیـرچوونـەوە شـتێك دەكـەن، یـاخود بـە ئانقەست خراپـەو تـاوان دەكـەن، بـەڵام دوایـی پەشـێمان دەبنـەوە، دوایـی دەفـەرموێ: ﴿ مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ ﴾، پێغەمبـەری خـوا ﷺ تەنیا گەیاندنی لەسەرە، دوای ئەوەی پێغەمبەر دەیگەیەنیو ئاگادارتان دەكاتـەوە، هیچی لەسەر نەماوە، پێغەمبەری خـوا ﷺ لەسـەری پێویسـت نیـە بـە دەست بتانگـرێ ڕێگا نـەدات گوناهـێ بكـەن، دوای ئـەوەی كـە ڕایگـەیاند، گونـاح دەكەوێتـە سـەرخۆتـان، ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ ﴾، خـوا دەزانـێ ئـەوەی كـە ئاشـكرای دەكـەنو ئـەوەی كە دەیشـارنەوە.

لـە كـۆتایی دا حەقیقەتێكـی زۆر گـرنگ بـە پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ، كـە ڕایبگەیـەنێ: ﴿ قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِ ﴾، دەگونجـێ دوانـدن لەگـەڵ پێغەمبـەر ﷺ بـێ، بـەڵام، هیـچ نیشـانەیەك نیـە تایبەتـی بكـات بـەوەوە، بۆیـە ئێمـەش دەگرێتـەوە، تـۆ بڵـێ: ئـەی ئـەو كەسـەی قورئـان دەخوێنـی! ﴿لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ ﴾، پـیسو پـاك وەك یـەك نـین، یـاخود خـراپو چاك وەك یـەك نیـن، چونكـە (طيب) دەگونجـێ بـە مانـای پـاك بـێ، وە دەشگونجێ بە مانای چـاك، یان سـوودبەخش بـێ، وشـەی (خبيث)یش دەگونجـێ بـە مانـای پیـس بـێو، دەگونجـێ بـە مانـای خـراپ یـان زیـانبەخش بـێ، جـا زانـایان زۆر شتیان گوتوە، دەڵێن: دەگونجـێ ﴿ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ ﴾، مەبەست پێی كەسـەكان بـێ، وە دەگونجـێ مەبەسـت پێی كردەوەو هەڵسـوكەوتەكان بـێ، یـان مەبەسـت پێـی شـتەكان بـێ، كەواتە: كەسـەكانو لە كردەوانو لە هەڵسـوكەوتانو لە شـتان: پیـسو پاك، خراپ چـاك، زیانبـەخشو سـوودبەخش، وەك یـەك نـین، ﴿وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِ ﴾،

هەرچەندە زۆریی پیس یاخود زیانبەخش، یاخود خراپ، تۆ سەرسام بكات، هەرچەندە زۆر زۆریش بێ، وەك كوردەواریی خۆمان دەڵێ: (پاكو پوخت نەك زۆرو بۆر) ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ يَـٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾، ئەی خاوەن عەقڵان پارێز لە خوا بكەن بەڵكو سەرفرازبن، كەواتە: كێن شایستەی ئەوەن كە پارێزكاربن؟ خاوەن عەقڵان، چونكە جاری وایە وەك لەنێو كوردەواریی خۆشماندا باوە، ئەگەر كەسێك گێلو حوّل بێ، شێتۆلكە بێ، دەڵێن: ڕەنگە ئەوە وەلی خوابێ!! نەخێر دۆستانی خوا هەموویان دەبێ زۆر عاقڵ بن، شێتۆڵكەو خەڵكی فەقیر حاڵو بەستەزمان، نابنە دۆستی خوا، دەگونجێ خوا لێی خۆشبێ، گوناهی كەم بێ لەبەرئەوەی خوای دادگەر عەقڵو هۆشی كەم داوەتێ، بەلاّم ناگونجێ دۆستانی خوا شێتو حوّل بن، پاكو پیسیی خۆیان نەزانن، كە بەداخەوە زۆرجار لە مامۆستایانیش ڕەنگە كە شێتێك دەبینن بڵێن: ڕەنگە ئەوە دۆستی خوابێ، نەخێر دۆستانی خوا هەموویان دەبێ زۆر عاقڵ بن، ئەوەتا خوای زاناو كاربەجێ لێرەدا فەرمان بە خاوەن عەقڵان دەكات كە ئەهلی تەقوابن.

# چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم**: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾، ئێمە دەبێ شەش هەڵوەستە لە بەرانبەر ئەو ئایەتەدا بکەین:

**هەڵوەستەی یەکەم**: کە دەفەرموێ: ﴿لَيَبۡلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ ﴾، ئەو (ل)ە، لامی قەسەمە، واتە: سوێند بە خوا، (ن) نوونەکەش نوونی تەئکیدە، یانی: بە مسۆگەری، خوا تاقیتان دەکاتەوە، جا تاقیکردنەوەی خوا بۆ ئینسانەکان لە قورئاندا لە زۆر شوێندا باسکراوەو دووبارە کراوەتەوە، هەر بۆخۆی ئەو دنیایە وەك گوتراوە: (الدنيا دار الإبتلاء والإختبار، والآخرة دار البقاء والقرار) ئەم دنیایە جێی تاقیکرانەوەیە، دوارۆژ جێی تێدا مانەوەیە، جا یەکێك لەو شتانەی کە ئێمە پێی تاقی دەکرێینەوە، ئەوەیە کە لەکاتێکدا کە سەرگەرمی خواپەرستیی، شتێکت بێتە پێش، پێچەوانەی خواپەرستیی بێ، بۆ وێنە: لە ئیحرامدای، نێچیرت دێتە بەردەست، بە ڕۆژووی، خواردنێکی خۆشت دێتە بەردەست، خەریکی تاعەتێکی، لەولا گوناهێك دێتە بەرچاوت و دەبێ خۆتی لێ بپارێزی، ئەوە یەکێکە لە تاقیکردنەوەکانی خوا.

**هەڵوەستەی دووەم**: کە دەفەرموێ: ﴿بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلصَّيۡدِ ﴾، بە شتێك لە نێچیر، یاخود بە شتێك لە ڕاوکردن، ئەوە بۆ کەمییە، یانی: با شتێکی کەمیش بێ، دەبێ خۆتانی لێ بپارێزن، ئەوەی خۆی لە کەم نەپارێزێ، خۆی بۆ لە زۆریش ناپارێزرێ، بەڵکو کەم واتلێدەکات دوایی تووشی زۆریش ببێ.

**هەڵوەستەی سێیەم**: کە دەفەرمویٚ: ﴿ٱلصَّيۡدِ﴾، وشەی (صید) بە ئاژەڵ واتە: چوارپێ، وە بە پەڕەوور، واتە: باڵندەو ئەوانەی دەفڕن، دەگوترێ، وە دەبێ کێوی بێو گۆشتی حەلاڵ بێ، وەك مامز، بەلاّم ئەگەر کێوی بێ، بەلاّم گۆشتی حەلاّڵ نەبێ بە (صید) دانانرێ، وەك: گورگ پڵنگو چەقەڵ، وە دەبێ کێوی بێو کەویی نەکرابێ، وە هەم گۆشتەکەشیان دەبێ حەلاّڵ بێ لە خودی خۆیاندا، زۆربەی زانایان وادەڵێن، هەندێکیشیان دەڵێن: ئەگەر گۆشتەکەشی حەلاّڵ نەبێ، مادام کێوی بێ، هەر دەگوترێ (صید).

بەلاّم واپێدەچێ ئەو ڕایەی دیکە ڕاستتر بێ، چونکە خەڵك گورگو چەقەڵی بۆچییە؟ بۆچی ڕاویان دەکات؟ خەڵك شتێك ڕاو دەکات کە سوود لە گۆشتەکەیان ببینێ.

**هەڵوەستەی چوارەم**: کە دەفەرموێ: ﴿تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ﴾، هەندێك لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: ﴿تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ﴾، واتە: نێچیری بچووك کە بە دەست دەگیرێ،﴿وَرِمَاحُكُمۡ﴾، ئەوەی کە بە چەك دەگیرێ، بەلاّم من وای تێدەگەم ﴿تَنَالُهُۥٓ أَيۡدِيكُمۡ وَرِمَاحُكُمۡ﴾، واتە: بەرپەلتان دەکەون، جا چ بەدەستی ڕووت بێ، چ بە هۆکارێك بێت، تەڵەو داوی بۆ دابنێی، تەپکەی بۆ دابنێی، یان بە چەك ڕاوی بکەن، ئەوەی کە وەبەر پەلتان دەکەون، جا چ بە ئاسانیی، چ بە زەحمەت.

**هەڵوەستەی پێنجەم**: کە دەفەرموێ: ﴿لِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلۡغَيۡبِ﴾، یەکێك بۆی هەیە پرسیار بکات، بڵێ: باشە ئەدی خوا بۆخۆی نازانێ کێ لە خوا دەترسێ، مادام وایە بۆ تاقیمان دەکاتەوە؟ بۆیە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە، دەڵێن: (لِيَعْلَمَ اللهُ مشاهدةً مَا عَلِمَهُ غَيْبَاً مِن امْتثالِ مَنْ امتثل وَاعتِداءِ مَنِ اعْتَدَى)، واتە: تاکو خوا بە بینین ببینێ، ئەوەی کە بە پەنهانیی زانیویەتی بە زانیاری خۆی زانیویەتی لە دنیایی واقیعدا ببینێ، کە داخۆ کێ فەرمانی جێبەجێ دەکاو کێ دەستدرێژیی دەکات، وەك من لە (مانای وشە بە وشەی

ئایەتــەكان)دا گوتـــوومە، واتــە: خــوا لـە دنیــای واقیعـداو بـە بەرجەســتەكراویی بزانــێ، ئەگـەرنا لـە زانیاریی بێســنووری خۆیــدا هــەموو شــتێك دەزانــێ، جــا ئەوە لە زۆر شـوێندا لە قورئـان دووبـارە بۆتـەوە، با لێمـان تێكنـەچـێ!

كـە دەفـەرموێ: ﴿ لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ ﴾، ئەوەنیـــە كـە خـــوا هەتــا ئینســـان شــتێك نــەكات نــەیزانێ! خــوا پێشــئەوەی ئــەو شــتە ئـەنجامیش بــدرێ دەیزانـێ، بەڵام دەیـەوێ بە بەرجەستەكراویی‌و، بە كردەوەی ئینسانەكە بیزانـێ.

**هەڵوەســـــتەی شــەشـــــەم:** كــە دەفەرمــوێ: ﴿ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، واتە: دوای ئەوەی بۆتـان ڕوون كراوەتەوە، هەر كەس دەســتدرێژیی بكـات، ئازارێكــی بــە ئێشــی هەیـــە، لەمــەوە بۆمـان دەردەكـــەوێ كــە بــەر لـــەوەی ئێمـە حــوكمی شـــەرعیی شـــتێك بــزانین كـــە قەدەغەیـــە ئەگـەر بیكـــەین، مــادام بــە نەزانییـــە، گونـــاهی لەســـەر نیـــەو، ســـزاو ئــازار ڕوومــان تێنـــاكات، مـــادام نەمانزانیبـێ، بەڵام ئەوە دەبـێ یەك قەیـدی بخەینــە ســەر، واتــە: نەمانزانیبـێ، وە لــە نەزانینەكەشـــدا كەمتەرخـــەم نەبووبیـــن، چـونكە زانایـان دەڵـێن: هــەموو كـەس پاســاو بـۆهێنراو (مَعْـذُور) نیـە بـە نەزانیــن (جهـل)، واتـە: شــتێك بكـاو دوایـی بڵـێ: نەمزانی، ئایا هــەموو كــەس لێی وەردەگیــرێ، هەموو كـەس پاساوی لــێ قبــوول دەكــرێ؟ نەخێــر، دەبـێ لـەو جـۆرە بـێ كـە پاسـاودار (مَعْذُور) بـە نەزانیــن (جهـل)ەكـەی، یـانی: هـیچ ڕێگەیـەكی نـەبووبێ تـاكو بیزانـێ، وە كەسـی دەسـتنەكەوتبـێ‌و، هیچ دەرفەتی نەبووبـێ كە حـوكمی ئـەو شـتە بزانـێ، ئەوجــار ئەگـەر بیكـات، گوناهبــار نیــە.

**مەســـەلەی دووەم:** كــە خـــوا دەفــەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْتُلُوا۟ ٱلصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ﴾، دەربـارەی وشـەی: (صید) هەرچەند پێشــتریش باسـمان كرد، زانایان سـێ ڕایـان هــەن:

١) هەندێــك دەڵــێن: (صــيد) هــەر شــتێکە ڕاوبکــرێ، جا گۆشـتی بخـورێ یـان نەخــورێ، وە چ ماڵــیی بــێ، واتــە: دەســتەمۆ کرابــێو، ڕام کرابــێ، وەك ئــەو ئاژەڵانــەی لەگــەڵ خەڵکــدا دەژیــن، هــەر چـوار جـۆرە ئاژەڵــەکان: حوشتــرو ڕەشــەوڵاخو مەڕو بـزن، چ کـێوی بـێ، کە ئەو ڕایـە زۆر بێهـێزە.

٢) هەندێکـیش دەڵـێن: (الصَّـيدُ: كُلّ مـأكول اللّحـم سِوَى الفَوَاسِـق الخمـس) نێچیـر هـەموو شـتێکە کـە گۆشـتی بخـورێ، جگـە لـە پێـنج فاسـقەکان، هـەر لـە کوردەواریـی خۆشــماندا دەڵـێن: فاسـقی خەمسـە، جـا دوایـی باسـی (الفَوَاسِـق الخمس) دەکەین، دەڵێن: هـەر ژیــانداریکە کـە گۆشـتی بخورێ: ئـاژەڵو چـوارپێ بێ، یان پەلەوەر بـێ، بچـووك بـێ، یـان گـەورەبێ، مـادام گۆشـتی بخـورێ، جگـە لـە پێنج ژیانداره فاسـقەکان.

٣) هەندێکـی دیکـە دەڵێن: نێچیـر هەر شــتێکە کـە گۆشــتی بخــورێ، واتـە: مـەرج نیــە تـەنیا ئـەو پێـنج فاســقە، لـە چـەمکی نێچیــر هـەڵاوێررابن، هـەر شــتێکی دیکــەش کە گۆشــتی نەخــورێ، بە نێچیـر دانانرێ.

هەڵبـەتە هەندێکیش گوتوویـانە هەر شــتێکی دیکــەش وەکو ئـەو پێـنج فاسقانە بـێ حوکمـی وانی هەیــە، هەندێکـیش دەڵـێن: نەخـێر هەر ئەو پێنجـەن.

ئنجـا کـە خــوا دەفــەرموێ: ﴿وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾، واتــە: ئێـوە لـە ئیحــڕامدا بــوونو ئیحــڕامتان بەســتبوو، کـەی ئینســان ئیحــڕام دەبەســتێ؟ یـان بـۆ حـەج، یـان بـۆ عـومرە، هەڵبەتـە جـاری واش هەیـە حـەج عومرەشـی لەگەڵـدا دەکـرێ، ئـەوە پێـی دەگوتــرێ حەجــی (قـران)، یـان حەجــی (تَمَتّـع)، وە جـاری وایــە بـە تەنیــاش دەکـرێو پێـی دەگوتــرێ (إفـراد)، وە جـاری واشــە عـومرە بـە تەنیــا دەکـرێ، بـەڵام گــرنگ ئەوەیــە ئیحــڕام تــەنیا لــە حاڵەتێکــدا دەبەسـتــرێ، کــە ئینســان خـواپەرســتییەکانی حـــەج جێبــەجــێ دەکــات، یـان عومــرە، یـان هــەردووکیان پێکـەوە، لـە زمـانی عەرەبیـدا دەڵـێ: (رَجُلٌ حَرَامٌ وَامْـرَأَةٌ حَرَام) (رجَـالٌ حُـرُم وَنسَـاء حُـرُم) پیـاوێکی حـەڕام، واتـە: پیاوێـك لـە ئیحــڕامدایە (إمْـرَأَةٌ حَـرَام) ئافرەتێـك لـە حەڕامدایــە، پیاوانێــك کــە ئیحرامیــان بەســتووە، ئافرەتانێـك کــە ئیحڕامیــان بەسـتووە، هەروەهــا دەگـوترێ (رَجُـلٌ حَـلاَل وَامْـرَأَة حَـلاَل) (وَرجَـالٌ حَـلاَل وَنسَـاء حَـلاَل) هــەموو ئەوانە بەکـاردەهێنرێن.

ئەمما ئەو پێنج زیندەوەرە ژیاندارەش کە هەڵاوێـردران بابـای ئیحـرام بە حـەجو عـومرە، یـان بـە عـومرە، یـان بـە حـەج بەسـتوو، بـۆی هەیـە بیانکـوژێ، بـا لـە ئیحـرامیش دابـێ، ئەو پێنجـەن: ﴿عَن عَائِشَـةَ رَضِـيَ اللهُ عَنْهَـا، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ، قَـالَ: خَمْـسٌ مِـنَ الـدَّوَابِّ، كُلُّهُـنَّ فَاسِـقٌ، يُقْـتَلْنَ فِـي الْحَـرَمِ: الْغُـرَابُ وَالْحِـدَأَةُ وَالْعَقْرَبُ وَالْفَـأْرَةُ وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٢٤٦١٣) وَالبُخَارِيُّ بـرقم: (٣٣١٤)، وَمُسْـلِمٌ بـرقم: (٢٨٥٣)، وَالتِّرمِـذِيُّ بـرقم: (٨٣٧) قَـالَ: حَسَـنٌ صَـحِيحٌ، وَالنَّسَـائِيُّ بـرقم: (٢٨٨٧)، وَالطَّبَرَانِـيُّ فـي الأوسط بـرقم: (٥٤٨٠)}، واتـە: عائیشـە خـوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: پێـنج ژیـاندار، {پێنج شـت کـە دەڕۆن، (دواب) کـۆی (دابـة)یـە واتـە: هـەر شـتێك کـە لەسـەر زەوی بـڕوا} هـەر پێنجـیان فاسـیقن، واتـە: خـراپن، وە خوێنیـان حـەڵاڵە لـە حەڕەمـدا دەکوژرێن، یاخود لە کاتێك ئینسـان لە ئیحرامدایە بۆی هەیـە بیانکوژێ، ئەوانیـش: ١/ (الْغُـرَابُ) قەلەڕەشـە، ٢/ (وَالْحِـدَأَةُ) قەلـە بەڵەکـە، دیـارە ئـەویش دەنـدووکی بـە قولابـە، ٣/ (وَالْعَقْـرَبُ) دووپشـك، ٤/ (وَالْفَـأْرَةُ) مشـك، ٥/ (وَالْكَلْـبُ الْعَقُـورُ) سـەگی هـار، یان سـەگێك کە خەڵك بگـرێ، لە صەحیحی موسـلیم دا لـە جیـاتی (الْعَقْـرَبُ) گوتـراوە (الحیة) مار، با لە ئیحرامیش دابـی، مار بـۆت دێ، دووپشـك ئەوانی دیکـە بۆت هەیـە بیانکـوژی، وە زەرەریشـی نیە بۆ حـەجو عـومرەو ئیحرامەکـەت، دیـارە لە کاتێکدا کە پێویسـتە بیانکوژی. ئەگەرنا لە ئیحـرام دابـی، بکەویـە دەشـتو دەرێ، بە دوای دووپشـكو مارو ئەوانە بکـەوی! ئەوە شـتێکی تەواو نیـە.

{وَقَـالَ سُـفيان بـن عُيَينَـة وَزَيـد بـن أَسْـلَم: الْكَـلْبُ الْعَقُـورُ يَشـمُل هَـذِهِ السِّـبَاعَ العَـادِيَة كُلّها. بدليل قَولِـهِ: ﷺ لَمّا دَعَا عَلَى عُتْبَةَ بْنِ أَبِى لَهَبٍ قَالَ: اللَّهُمَّ سَلِّطْ عَلَيْـهِ كَلْبَـك فَأَكَلَـهُ السَّبْع بِالزَرْقَـاء} (محاسـن التأويـل: ج٤، ص٣٧١) سـوفیانی کـوڕی عویەینـەو زەیـدی کـوڕی ئەسـلەم خـوا لێیـان ڕازی بـێ، گوتوویانـە: کـە دەفەرمـوێ (الْكَـلْبُ الْعَقُـورُ) سـەگی هـار، یـاخود سـەگێك کـە خەڵـك دەگـرێ، هـەموو جـۆرە دڕنـدەکان دەگرێتـەوە (واتـە: پڵـنگو شـێرو چـەقەڵو کـەمتیارو ئـەو شـتانەی کـە پـەلاماری خەڵـك دەدەن) بـە بەڵـگەی فەرمایشـتی پێغەمبـەر ﷺ کـە دوعای لە عوتبـەی کوڕی ئەبو لـەهەب کرد، کـە پێغەمبـەری خـوای ئەزیـەت دابـوو،

ئـەویش فـەرمووی: خـوایە لـە سـەگەکەی خـۆتی بەسـەردا زاڵبکـە، (لـە ڕیوایەتێکـدا فەرموویـــەتی: ﴿اللّهُـمَّ سَـلِّطْ عَلَيْـهِ كَلْبًـا مِـنْ كِلاَبِـكَ﴾ {أَخْرَجَـهُ البيهقـي فـي (سنن الكبرى) برقم: (٩٨٣٢)}، واتـە: ئـەی خـوایە! سـەگێك لـە سـەگەكانی خـۆتی بەسـەردا زاڵ بكە)، ئەوە بوو شێر خواردی لە زەرقا (السـبع: لێـرەدا یانی: شـێر) لە زەرقا لەگـەڵ كـاروان بوو، زۆر لەخۆی دەترسا، لەنێو خۆیـانەوە گرتبوو، شـێر هـات بـۆنی پێـوەكردن تـا هاتـە سـەر ئـەوو خـواردی دووعـای پێغـەمبـەر ﷺ لێـی قبـووڵ بوو، كەواتە وشەی (كلب) هەموو دڕندەیەك دەگرێتـەوە، شـێر بـێ، پڵـنگ بـێ، هەرچـی بـێ، منیـش ئەو ڕایـەم پـێ ڕاسـتترە.

**مەسـەلەی سـێیەم:** کە خـوا دەفـەرموێ: ﴿ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيَۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا ﴾، ئەمــەش دەبــێ چـەند هەڵوەسـتەیەکی لـە بەرانبــەردا بکـەین:

**هەڵوەســـتەی یەكــــەم:** كـە دەفــەرموێ: (مُّتَعَمِّدًا ) هـەر كەسـێك بـە ئەنقەسـت نێچیـرێك بكـوژێ، ئایا كەسـێك كە لەبیـری بچـێ، یـاخود بـە هەڵـە، شـتێك بـە نێچیـرێكـەوە بنـێ، زامـن دەبـێ، قەرەبووەكـە بداتـەوە؟

زانایـان ڕاجیاییان هەیـە، بەڵام زۆربـەی زانایان دەڵێن: بەڵـێ سزایەكە لەسـەر هەمووانـە، منـیش ئـەو ڕایـەم پـێ ڕاسـتە، یـەكێك بـۆی هەیـە بڵـێ: بۆچـی خـوا دەفـەرموێ ﴿ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا ﴾، كەسـێك بـە ئانقەسـت؟ وەڵامەكـەی ئەوەیـە وەك (عبدالرحمن بـن ناصـر السـعدي) لـە كتێبەكـەی خـۆی (تیسـیر الكـریم الرحمن في تفسیر الكـلام الـمنان)دا جـوانی دێنێـت، دەڵـێ: هـۆی كە خـوا وایـفەرمووە ئەوەیـە (وَإِنَّمَا نَص الله عَلَى الـمُتَعَمّد لِقَتْل الصَّـيد، مَـعَ أَن الجَـزَاءَ يلـزم الـمُتَعَمّد وَالمُخطـيء، "كَمَـا هُـوَ القَاعِدَة الشـرعية" أن الـمتلفَ للنفوس والأموال الـمحترمةِ، فَإِنَّـهُ یضـمنها على أي حَال كَان، إِذَا كَـانَ إِتْلافُـهُ

بغَير حَقّ، لأَنَّ الله رَتَّبَ عَلَيْهِ الجَزَاء والعقُوبة والإنتقام، وَهَذَا للمُتَعَمّد، وَأَمَّا المُخْطِيء فَلَيْسَ عَلَيْهِ عقوبَةُ، إِنَّمَا عَلَيْهِ الجَزَاء)[1]، واتە: بۆیە خوا دەفەرموێ: هەر کەسێك بە ئانقەست نێچیرێك بکوژێ، ئەوە سزاو تۆڵەکەیەتی، بۆیە خوا باسی بە ئانقەستی کردوە، بۆ کەسێك کە نێچیرێك بکوژێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە سزاو قەرەبووەکە دەکەوێتە سەر، هەر کەسێك بە ئانقەست یان بە هەڵە بێ، یان بە لەبیرچوونەوە بێ، وەك چۆن بنچینەی شەرعیی وایە هەر کەسێك نەفسێك بفەوتێنێ، یاخود ماڵو سامانێکی موحتەرەم بفەوتێنێ، ئەوە زامینی دەبێو دەکەوێتە سەری، دەبێ بیبژێرێ، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان فەوتاندبێتی، مادام بە ناهەق بێ، بەڵام ئایا بۆچی خوا، وشەی: (مُتَعَمّد)ی بەکارهێناوە؟ چونکە خوای کاربەجێ لەسەر ئەو نێچیر کوشتنە، باسی قەرەبووی کردووە، باسی سزاو تۆڵەی کردوە، وە دیارە بابای کە بە هەڵە بیکات، سزای ناکەوێتە سەر، خوا تۆڵەی لێ ناستێنێتەوە، بەڵکو تەنیا قەرەبووی دەکەوێتە سەر بۆیە وشەی: (مُتَعَمّد)ی لێرەدا هێناوە.

**هەڵوەستەی دووەم**: کە دەفەرموێ: (فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ) بەو چوار جۆرە خوێندراوەتەوە:

١- (فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ).

٢- (فَجَزَآءُ مِّثْلِ مَا قَتَلَ).

٣- (فَجَزَآءٌ مِّثْلَ مَا قَتَلَ).

٤- (فَجَزَآءهُ مِّثْلُ مَا قَتَلَ).

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئایا: ئەو نێچیرە دەبێ قەرەبووەکەشی وەك خۆی بێ، لە نرخ دا، یان لە قەبارەو (حجم)دا؟ لێرەش دوو ڕا هەن لە نێوان زانایان هەر کامێکیان بێ، دەیگرێتەوە، بە پێی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ﴿عَنْ جَابِرٍ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: (فِي الضَّبُعِ إِذَا أَصَابَهُ المُحْرِمُ كَبْشٌ،

---

١) ص٢٤٤.

وَفِي الظَّبْيِ شَاةٌ، وَفِي الأَرْنَبِ عَنَاقٌ، وَفِي الْيَرْبُوعِ جَفْرَةٌ) {أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ في (سنن الكبرى) برقم: (٩٦٦٠)، وَالدَّارَقُطْنِي برقم: (٤٩) وَصَحَّحَهُ الألباني في (إرواء) برقم: (١٠٥٣)}، واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵلا خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرموویەتی: بابای ئیحرام بەستوو ئەگەر کەمتیاری کوشت، دەبێ بەرانێك بدات لە بەرانبەریدا، وە لە بەرانبەر بزنەكێوییەكدا مەڕێك بدات، وە لە بەرانبەر كەروێشكێك كاریلەیەك بدات، وە لە بەرانبەر بزن مژەیەك (كە خشۆكێكە لە شێوەی جرجە، بەڵام گۆشتی دەخورێ) جەفرەیەك بدات، (واتە: بێچووی بزن، كاریلەیەكی زۆر بچووك، (جفرة) ئەوەیە كە لە شەش مانگ كەمتر بێ، یانی: سێ چوار مانگە بێ).

جا كە دەفەرموێ: ﴿ فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ ﴾، ئایا لە نرخەكەیدا یاخود لە خیلقەتو قەبارەكەیدا؟ ئەبو حەنیفە دەڵێ: لە نرخەكەیدا، بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن: لە قەبارەو چۆنیەتییەكەیدا، منیش پێمـوایە هەردووكی دەگرێتەوە، بە یەكسانیی.

**هەڵوەستەی سێیەم:** كە دەفەرموێ: (يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ) دوو نەفەری دادگەر لە ئێوە بڕیاری لەسەر دەدەن، واتە: دەبێ دوو مسوڵمان لە خۆتان كە دادگەربن، بە ئینصاف بن، بڵێن: (أَشْهَدُ بالله) ئەو نێچیرە كە كوژراوە، ئەوە بارتەقایەتی لە ئاژەڵان، ئەو ئاژەڵە بكرێتە قەرەبوو و سەرببڕدرێو بكرێتە فیدیەی.

**هەڵوەستەی چوارەم:** كە دەفەرموێ: (هَدْيَۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ ) هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن وەك كە مەبەست لە (الكعبة) واتە: حەرەمی مەككە (الحرم المكي)یەو، دەبێ ئەو فیدیەیە ببردرێتە سنووری حەرەمەوەو لەوێ سەرببڕدرێ.

**هەڵوەستەی پێنجەم:** كە دەفەرموێ: (أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ ) كەسێك لە ئیحرام دایە، نێچیرێك ڕاو دەكاو دەیكوژێ، بە ئانقەست بێ یان بە هەڵەو لەبیرچوون بێ، لەسەر ڕای زۆربەی زانایان ئەو كەسە پێویستە قەرەبوو بدات، لە چ جۆرە ئاژەڵێك، یان لە چ جۆرە پەلەوەرێك ڕاوی كردوە، پێویستە وێنەی

ئەوە بدات، جا ئەبو حەنیفە دەڵێ: نرخەکەی لەبەرچاو دەگیرێ. بەلام زۆربەی زانایان دەڵێن: قەبارەو شێوەی ئەو نێچیرە لەبەرچاو دەگیرێ، ئەوە ئەگەر ئەو کەسە لە توانای دا هەبوو، ئەگەرنا ﴿أَوْ كَفَّـٰرَةٌ طَعَامُ مَسَـٰكِينَ﴾، هەڵبەتە لێرەدا دیسان دەربارەی وشەی: یان (أو) وەك لە کەفارەتی سوێندا باسمان کرد، زانایان دوو ڕایان هەن:

١/ هەندێکیان دەڵێن: بۆ ڕیزبەندییە، واتە: تا هی یەکەمی لەتوانادا هەبێ، نابێ هی دووەم بکات، وە تا هی دووەمی لەتوانادا هەبێ، نابێ هی سێیەم بکات.

٢/ زۆربەشیان دەڵێن: نەخێر، ئەوە بۆ سەرپشککردنە (التخيير)، واتە: هەرکام لەوانەی باسکران، دەتوانێ بیدات، دەگونجێ ئاژەڵێك، یان پەلەوەرێك بکاتە قەرەبوو، یاخود خواردن بە نەدارێك بدات، ئنجا ئایا ئەو خواردنە چۆنە مەزەندە دەکرێ؟ ئەو ئاژەڵە کە وێنەکەی دەست ناکەوێ قەرەبووەکەی دەست ناکەوێ، تەماشا دەکەی قەرەبووەکەی بایی چەندە؟ بایی ئەوەندە نرخەکەی دەدەی، بۆ وێنە بایی سێ سەد هەزار دیناری عیراقییە، بەو بڕە پارە دەکاتە چەند ژەمە خواردن دەیدا بە نەدار، جا هەندێك لە زانایان دەڵێن: ژەمێك، هەندێك دەڵێن: دوو ژەم، (يُغَدِّيهِم ويُعشِّيهِم) ئیدی دەکاتە چەند ڕۆژ خواردن بۆ نەداران، ئەوەندە خواردنەی پێ دەکڕدرێو تەسلیمیان دەکرێ، لەجیاتی قەرەبووی ئاژەڵەکە.

**هەڵوەستەی شەشەم:** کە دەفەرموێ: (عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا) ئنجا ئەگەر ئەو خواردنەشی نەبوو بیدات بە نەداران، ئەوە بە ئەندازەو بارتەقای ئەوە ڕۆژووگرتنی دەکەوێتە سەر، وشەی (عَدل) کە بە (عِدل)یش خوێندراوەتەوە (عَدل، عِدل) واتە: (مِثل) وێنە، جا زانایان دەڵێن: ئەگەر (عِدل)بێ، واتە: لە جینسی خۆی، دەگوترێ: (هَذَا القلم عِدلُ ذلك القلم) مادام ئەو شتە لە جینسی ئەو شتە بێ، بەلام کە گوتت (عَدْلُه) مەرج نیە لە جینسی بێ، بەلام گرنگ ئەوەیە لە نرخیدا، یاخود لە شێوەیدا هاوتایەتیو بارتەقایەتی، با لە جینسی خۆشی نەبێ.

ئیمام مالیك ڕەحمەتی خوای لێ بێ قسەیەكی جوانی هەیە، بۆ چۆنیەتی مەزەندە كردنی ڕۆژووەكان، وەك (قرطبي) لە (الجامع لأحكام القُرآن)دا هێناویەتی: (قَالَ يَحْيَى قَالَ مَالِك أَحْسَنُ مَا سَمِعْتُ فِي الَّذِي يَقْتُلُ الصَّيْدَ فَيُحْكَمُ عَلَيْهِ فِيهِ أَنْ يُقَوَّمَ الصَّيْدُ الَّذِي أَصَابَ فَيُنْظَرَ كَمْ ثَمَنُهُ مِنَ الطَّعَامِ فَيُطْعِمَ كُلَّ مِسْكِينٍ مُدًّا أَوْ يَصُومَ مَكَانَ كُلِّ مُدٍّ يَوْمًا)[1]، واتە: یەحیا دەڵێ، مالیك گوتوویەتی: باشترین شتێك لەبارەی ئەو كەسەوە كە نێچیرێك دەكوژێ، وە وێنەی ئەوی دەستناكەوێ تاكو قەرەبووی بدات، ئەوەیە كە بەو شێوەیە بڕیاری بەسەردا بدرێ: نێچیرەكە دەنرخێندرێ، وە تەماشا دەكرێ نرخەكەی چەندە، وە پاشان تەماشا دەكرێ، بە نرخەكەی چەند خواردن دەكڕدرێ، هەر نەدارەی ڕۆژە خواردنێكی یان مستە خواردنێكی دەدرێتێ، یان لەجیاتی هەر مستە خواردنێك ڕۆژێك دەگرێ، (واتە: ئەگەر خواردنەكەی نەدا، تەماشا دەكەین، چەند مستە، ئنجا لەجیاتی هەر مستە خواردنە ڕۆژێك بە ڕۆژوو دەبێ).

بەلاّم بە بۆچوونی من چەند ڕۆژە خواردنە، جا دوو ژەمە، ژەمێكە، لە جیاتی هەر ڕۆژێك، خواردنی ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبێ، چونكە ئایەتەكە باسی مست (مُدّ) ناكاتو باسی خواردنی نەدارێك، (طعام مسكين) دەكات، كە دیارە خواردنی ڕۆژێكە: ژەمێك یان دووان.

**هەڵوەستەی حەوتەم**: كە دەفەرمووێ: (لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦ)، پێشتر باسمان كرد، (الوبالُ: سُوءُ العَاقِبَة والمرعى الوبيل: الَّذِي يَتَأَذّى بِهِ بَعْدَ أَكْلِهِ وَطَعَامٌ وبيل: إِذَا كَانَ ثَقِيلاً) لە ئەسڵدا (وبال) بە بارانی دلۆپە زلو دلۆپە قورس دەگوترێ، ئنجا (وَبَالَ) واتە: سەرەنجامی خراپ، (والمرعى الوبيل) واتە: لەوەڕگایەكی بە دەرد، كە ولاّخێك لەو لەوەڕگایە بخوات، ئازاری پێ بگات، دوای ئەوەی كە دەخوات تووشی نارەحەتیی ببێ، (وَطَعَام وبيل: أَي ثَقِيل)، خواردنێكی قورس كە ببێتە هۆی ئازاردانی ئینسان، لێرەدا كە دەفەرمووێ:

---

[1] ج٤، ص٢٧٤.

﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦ﴾، واتە: ئەو قەرەبووە، جا لە ئاژەڵ یاخود لە خواردن، یان لە ڕۆژووگرتن، دانراوە، بۆ كەسێك كە لە ئیحرامدایەو نێچیر ڕاو دەكات، با ئەو سزایە بچێژێ، تاكو تەمبێ بێ، وە خەڵكی دیكەشی پێوە تەمبێ بێ، وە ببێتە كەفارەتیو پاكبوونەوەی لەو گوناهەی كە كردوویەتی.

**هەڵوەستەی هەشتەم:** كە دەفەرموێ: (عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ)، خوا بوردوە لەوەی تێپەڕیوە، چاوپۆشیی كردوە، واتە: ئەگەر لە سەردەمی نەفامییدا واتانكردبێ، ئەوە واتایەكی، واتایەكی دیكەی هەیە كە پێم باشترە، واتە: پێش ئەوەی كە قەدەغە بكرێ، ئەگەر كەسێك حەجی كردوە، عومرەی كردوە، بەلاَم نێچیری كوشتوە با لە ئیحرامیشدا بووبێ، خوای پەروەردگار لێی بوردوە، چونكە هەتا یاسای خوای پەروەردگار نەیەتە خوار ئەو شتەی كە قەدەغەیە، خەڵك مولزەم پێی نیە.

**هەڵوەستەی نۆیەم:** كە دەفەرموێ: (وَمَنۡ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنۡهُۚ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ)، وە هەر كەسێك گەڕایەوە بۆئەوەی كە قەدەغە كراوە، واتە: گەڕایەوە بۆ قەدەغە شكاندنو بۆ ئەو گوناحكردنە، خوا تۆڵەی لێ دەستێنێ، بێگومان خوا زاڵی تۆڵەستێنە.

**مەسەلەی چوارەم:** كە خوا دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِۖ وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗاۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ﴾، مانا ڕواڵەتییەكەی ئەوەیە كە ڕاوكردنی دەریا یاخود نێچیری دەریاو خواردنی دەریاتان بۆ حەلاَڵ كراوە، وەك ڕابواردنو مەدار سازكردنێك بۆ خۆتانو بۆ ڕێبواران، واتە: بۆخۆتان وەك مسوڵمانانێك كە ئیحرام دەبەستنو دەچن بۆ حەجو عومرە بە دەریادا تێدەپەڕن، بۆتان هەیە سوود ببینن لە نێچیری دەریا، وە لە خواردنی دەریا، وە بەگشتیش بۆ خەڵكی ڕێبوار كە بە دەریادا سەفەرو هاموشۆ دەكەن، ﴿وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗا﴾،

بەڵام تا لە ئیحرام دابن، نێچیری وشكانییتان لێ قەدەغە كراوە، یاخود ڕاوكردنتان لە وشكانییدا لێ قەدەغە كراوە، ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ﴾، وە پارێز لەو خوایە بكەن، كە بۆ لای ئەو كۆدەكرێنەوە.

وشەی (صید) بە مانای ڕاوكردن دێ، واتە: (مصدر الإصطیاد)، وە بە مانای (مصید)یش دێ، واتە: ڕاوكراو، نێچیر، دیارە زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: مەبەست لە نێچیری دەریا (ماسی)یە، دیارە ئەو كاتە بە زۆری ماسی خوراوە، زانایان ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، هەر كامێكیان بە پێی پاشخانی كلتووریی خۆیو فەرهەنگو شارەزایی خۆی، تەماشای ئایەتەكانی كردوە، ئەگەرنا لێرەدا خوا دەفەرمویٚ: ﴿أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ وَطَعَامُهُۥ﴾، واتە: نێچیریی دەریاو خواردنەكەیتان بۆ حەڵاڵ كراوە، كە دیارە (نێچیر) و (خواردن) گشتیین، بۆیە قورئان دەبێ بە پێی ڕۆژگارو سەردەمەكان تەفسیر بكرێ، وە ئەوەش گەورەترین ڕووی ئیعجازی قورئانە، كە خوا چەند وشەیەك بەكاردێنێ، دەستی خەڵك نابەستێ كورتهەڵاتوو (حصر)یان بكات لەسەر واتایەكی دیاریكراو، ئێستا بەنسبەت ئەو ئایەتەوە، ئەگەر فەرمووبای: (أُحِلَّ لَكُم سَمْكُ البَحْر، أَو حُوتُ البَحْرِ)، وە لە جیاتی (وَطَعَامُهُ)ش، (وَنَبَاتُهُ) یان (وَبَقِيةُ حَيوَانَاتِهِ) بووایە، تازە مانایەكەی دیار دەبوو، بەڵام خوای زاناو شارەزا دوو وشەی بەكارهێناون، ﴿صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ﴾ و ﴿وَطَعَامُهُۥ﴾، كە وەك ئێستا ئێمە تێی دەگەین، واتاكەیان زۆر گشتییە، بەڵام ئەوكاتە لە سەردەمی ئەواندا هەر ماسی سوودی لێ بینراوە، ڕەنگە ژیاندارەكانی دیكەی دەریایان نەخواردبێ، بەتایبەتی لەنێو عەرەبو ئەو ناوچانەدا كە عەرەبنشینن، بۆیە خوا بەشێوەیەك فەرمایشت دەفەرمویٚ كە بەكەڵكی خەڵك بێ بەگشتی لە هەموو وڵاتانی دنیادا، چونكە لە وڵاتانی دیكەدا ڕەنگە غەیری ماسیش خورابێ، بۆیە ئێستا زانایان دەربارەی نێچیری دەریاو خواردنی دەریا چەند ڕایەكیان هەن، كە هەموویان لەگەڵ ئایەتەكە دەگونجێن، لەبەرئەوەی خوای پەروەردگار وشەی وای بەكارهێناوە، هەموو

مانایەكان دەگەیەنێ، چونكە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، ئەوەندەی ژیانداری دیكەی دەریایی دەخورێن، وەك: ڕۆبیانو قرژاڵو بۆقو ژیانداری وا دەخۆن، كە ڕەنگە ئێمە هەر ناویان نەزانینو، ڕەنگە لەلای ئێمە هەر نەخورێن، یان هەر نەبن، وە هەندێك لەو ژیاندارانە زۆر زۆر بە نرخترن لە گۆشتی ماسی، جا ئایەتەكە هەموویان دەگەیەنێ، لەوبارەوە ئەم دەقە هەیە: ﴿عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: صَيْدُهُ مَا اصْطِيدَ وَطَعَامُهُ مَا لَفَظَ بِهِ الْبَحْرُ﴾ {أَخْرَجَهُ البيهقي في سننه الكبرى برقم: (١٨٧٦٤)، والدَّارَقُطني برقم: (٢٠)}، واتە: سەعیدی كوڕی جوبەیر دەڵێ: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەربارەی تەفسیری ئەو ئایەتە ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ﴾، گوتوویەتی: (صَيْدُهُ مَا اصْطِيدَ) ئەوەی كە تێیدا ڕاوكراوە، وە خواردنی دەریا ئەوەیە كە بەحر فڕێی دەداتە دەرێ.

هەر لە (ابْنِ عَبَّاسٍ) خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، گێڕدراوەتەوە گوتوویەتی: {صيده ما اصطيد، وطعامُهُ مَا مُلِحَ مِنْهُ وَبَقِيَ}، واتە: (صَيْدُهُ) مەبەست پێی ئەوەیە كە تێیدا ڕاو دەكرێو دەگیرێ، ماسیو غەیری ماسی ئەوەی بە تەڕو تازەیی دەخورێ، ئەوە نێچیرەكەیە، خواردن (طَعَام)ەكەشی ئەوەیە كە سوێر دەكرێ، هەڵدەگیرێ، وەك ئێستا كە لە نێو قوتوودا هەڵدەگیرێ، گۆشتی ماسیو گۆشتی غەیری ماسیش، دیارە ئەوكاتیش بە شێوەیەك لە شێوەكان توانیویانە گۆشتی ماسی هەڵبگرنو دوایی بیخۆن، (وَقَالَ قَوْمٌ: طَعَامُهُ المِلحُ الَّذِي يَنْعَقِدُ مِنْ مائِهِ وَسَائِرُ مَا فيهِ مِنْ نَبَاتٍ وَنَحوه)[1] هەندێكیش گوتوویانە مەبەست لە خواردنی دەریا، خوێكەیەتی كە تێیدا دروست دەبێ، چونكە ئاوی دەریاو زەریاكان خۆی سوێرە، وە هەر شتێكی دیكە كە لە دەریاكاندا هەیە لە ڕووەكو لە غەیری ڕووەكیش، كە ئێمە ئێستا بۆخۆمان لەم سەردەمەدا لە سەدەی بیستو یەكەمدا دەزانین كە چەمكو واتای ﴿صَيْدُ ٱلْبَحْرِ﴾ و ﴿وَطَعَامُهُۥ﴾، زۆر زۆر فراوانە.

---

١) الجامع لأحكام القرآن: ج٦، ص٢٧٧.

ئنجا با بزانین زانایان سەبارەت بە نێچیری دەریاو خواردنی دەریا چییان گوتوە، وە پێیان وایە چیو چی دەگرێتەوە؟ سەرەتا ئەم فەرمایشتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوبارەوە دێنینەوە:

یەكەم: ﴿عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِاللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ سُئِلَ عَنِ الْبَحْرِ؟ فَقَالَ: (هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ الْحِلُّ مَيْتَتُهُ)﴾ {أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ في (سنن الكبرى) برقم: (١٩٤٣٨)، وَابنُ خُزيمة في (صحيحه) برقم: (١١٢) قال الأعظمي: إسنادُهُ صَحيح إذ له شاهد من رواية أبي هريرة عند ابن ماجه في الطهارة، وَصَحَّحَهُ الألباني من رواية (أبي هريرة) في صحيح الجامع برقم: (٢٨٧٧)}، واتە: جابیری كوڕی عەبدوڵلا خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پرسیار كرا دەربارەی دەریا لە پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: دەریا ئاوەكەی پاككەرەوەیە، وە مردارەوەبووەكەی حەڵاڵە، واتە: هەرچی تێیدایە حەڵاڵە، چ بە زیندوویەتی بیگری، وە چ لەوێدا بیكوژیو بمرێ، بە مردار لە قەڵەم نادرێ.

دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێ: ﴿أُحِلَّت لَنَا مَيْتَتَانِ: الْحُوتُ وَالْجَرَّاد، ودَمَانِ: الكَبِدُ وَالطِّحَالِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٥٧٢٣)، الدارقُطني برقم: (٤٦٨٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣١٤)، عَنْ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه، وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) برقم: (١١١٨)} واتە: دوو مردارمان بۆ حەڵاڵن: ماسیو كوللە (كە سەرنابڕدرێن با بشمرن حەڵاڵن، مەگەر بۆگەن بووبن، یان لەڕووی تەندروستییو پزیشكییەوە زیانیان هەبێ)، وە دوو خوێنیش: جگەرو سپڵ (ئەوانیش لەڕاستییدا جۆرێكن لە خوێن، بەڵام دیارە پێكهاتەكەیان جیایە، لە خوێنی دی).

ئنجا (القرطبي)[1] دەڵێ: (وَقَالَ مَالِك والشَّافِعي وابْنُ أَبِي لَيلَى والأَوزَاعِي والثَّوري في رواية الأَشجعي: يُؤكَل كُلّ مَا في البَحْرِ مِنَ السَّمك والدّواب، وَسَائِر مَا فِي البَحْر مِنَ الحيوَان، وَسَوَاء اصطيد أَو وجد مَيتاً) واتە: (مَالِك والشَّافِعي وابْنُ أَبِي لَيلَى والأَوزَاعِي والثَّوري) كە هەموویان سەر مەزهەبن، بەڵكو زۆر لە زانایانی دیكەش، گوتوویانە: هەرچی لە دەریا دایە لە ماسیو لە

---

١) الجامع لأحكام القرآن: ج٦، ص٢٧٨.

ژیانـدارانی دیكـە، وە لـە هەرچـی ژیانـدارەو لـە دەریـادا هەیـە، چ ڕاوبكـرێ، چ بـە مردوویـی وەدەسـت بـێ، (دیارە بە مەرجێـك كە نـەگۆڕابێتو بۆگـەن نـەبووبێ، وە لـە ڕووی تەندروسـتیەوە زیـانی نەبـێ)، ئـەوە لـە ڕووی شـەرعییەوە هـەمووی حـەڵاڵـە، بەڵـگەش بـەوە دێننـەوە، دەڵێن: ﴿والدليلُ مَا قَالَهُ الرسول الله ﷺ في الحوت الَّـذِي يُقالُ لَـهُ العَنْـبَرَ: (هُـوَ رِزْقٌ أَخْرَجَـهُ اللهُ لَكُمْ فَهَـلْ مَعَكُـمْ مِـنْ لَحْمِهِ شَـيْءٌ فَتُطْعِمُونَـا مِنْـهُ) فَأَرْسَـلْنَا مِنْـهُ إِلَـى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَأَكَلَ﴾{أخْرَجَـهُ أَحْمَد بـرقم: (١٤٣٧٧)، وَمُسْـلِمٌ بـرقم: (٤٩٧٤)، وَأَبُـوداوُد بـرقم: (٣٨٤٢)}، ئـەوە بەسـەرهاتێكە كە كۆمـەڵێك لـە هاوەڵان خـوا لێیـان ڕازی بـێ، دەچن بـەرەو دەریـای سـوور، لـە ڕیوایەتێكـدا دەڵـێ: ژمارەیـان سـێ سـەد كـەس بـووە، دیـارە زۆریـان برسی دەبـێ (أَبَا عُبَيْـدَةَ بْنَ الْجَرَّاحِ) ئەمیـریان بـووە، تـا وای لێهات یـەكی ڕۆژێ دوو خورمـا دوو خورمـای دەدانـێ، دەیانمـژیو ئاویـان لەسـەر دەخـواردەوە، ئنجا دوایـی یەكی ڕۆژێ یـەك خورمـای دەدانـێ، جـا یـەكێك دەپرسـێ، ئایـا یـەك دەنكە خورمـا چ سوودی هـەبوو؟ دەڵـێ: سـوودی باشـی پێدەگەیانـدین، وە كاتێـك قـەدری ئـەو دەنكـە خورمایـەمان زانـی كـە ئـەویش نـەما، پاشـان تینیـان زۆر بـۆ دێو دەستیشیان ناگاتـە ئاوەدانیـی، ژمارەشـیان زۆر بـووە، دوایـی لـە كـەناری دەریـای سـوور دەبـن، تەماشـا دەكـەن ژیـاندارێكی گـەورە كـە دیـارە (عنبـر)ی پـێ دەڵێن، ڕەنگـە جۆرێـك بـێ لـە ماسـی، جـۆرە حـووتێكی گـەورە بـووە، دەڵـێ: مانگێـك ئـەو سـێ سـەد كەسـە لێیـان خـواردوە، ئنجـا گۆشـتی زیادەشـیان لەگـەڵ خـۆ بردۆتـەوە بـۆ مەدینـە كـە بردوویـانەتەوە، وە بۆ پێغـەمبەری خـوایان ﷺ گێڕاوەتـەوە، پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: ﴿هُـوَ رِزْقٌ أَخْرَجَـهُ اللهُ لَكُمْ فَهَـلْ مَعَكُـمْ مِـنْ لَحْمِـهِ شَـيْءٌ فَتُطْعِمُونَـا مِنْـهُ} واتـە: ئـەوە ڕۆزییەكـە خـوا بـۆی نـاردوون، لـە گۆشـتەكەی هیچـتان پێنـەماوە ئێمـەش تـۆزێكی لـێ بخـۆین؟ دیـارە بـە تەئكیـد مەبەسـتی ئـەوە بـووە كـە دڵنیایـان بكاتـەوە، شـتێكی حـەڕامیان نەخـواردوە، دەڵـێ: {فَأَرْسَـلْنَا مِنْـهُ إِلَـى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَأَكَلَ} هەندێكمان لەو گۆشـتەی بۆ پێغەمبەری خـوا ﷺ نـارد، لێـی خـوارد، ئنجا دەڵـێ: دوو ئێسـكە گـەورەكەیمان پێكـەوەنان، دەڵـێ: ئەمیـرەكەمان (أَبَا عُبَيْـدَةَ بْنَ الْجَرَّاحِ) فەرمـانی كرد كێمان لـە هـەموومان بـە كەڵەگەتتـرە، بـە سـواری وڵاخەكـەی بەبـن ئەو دوو ئێسـكەدا ڕۆیـی، كە پێكمـان وەنابوون، سـەری نەگەیشـتێ، دەبـێ بـە

قەد گردێك بووبێ، دیارە حەیوانێكی زۆر زۆر گەورە بووە، كەواتە: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە هەرچی لە دەریادا هەیە دەخورێ.

مەگەر شتێك لە ڕووی پزیشكی (طب)یەوە، دەربكەوێ كە زیانی هەیە، یان نەخۆشی بلاودەكاتەوە، میكرۆبێكی تێدایە، ئەوە جیایە، بەلام لە ڕووی شەرعییەوە، هەرچی بەشەر پێی چاك بێ و بۆ بەشەر باش بێ و بەرژەوەندیی تێدابێ، حەلالە، وە لەڕاستیدا هەر ئەوەش لەگەڵ ڕووحی شەریعەتدا دەگونجێ، چونكە ئێستا هەموومان دەبینین زۆر لە چێشتخانەكانی دنیا خواردنی ڕووەكیی و بەتایبەتی دەریاییان هەیە، ئەوەی بچێ بۆ هیندستانو چینو یابانو كەمبۆدیاو مالیزیاو ... هتد، دەبینێ شتی سەیر سەیر دەخۆن، بۆ وێنە: مار، بۆق، قرژاڵ، وەك گوتم ژیانداری وا هەیە ئێمە هەر ناوەكانیشیان نازانین، هەمووشیان دەخۆن، هەڵبەتە ئەوان وەنەبێ پرس بكەن بە شەریعەتی ئیسلامیی، ئایا ڕێی داون، یان نا؟ بەلام ئەگەر مسوڵمانێك ڕێی كەوتە وێ، مادام خواردنێكە ژیانداری دەریایی بێ، بۆی هەیە بیخوات، مەگەر لە ڕووی تەندروستییەوە خراپ بێ، یان بێزی لێ بكاتو پێی نەخورێ.

ئێمە ساڵی (٢٠١١) چووین بۆ كەمبۆدیاو مالیزیا، بۆ بەشداریی كردن لە كۆنگرەیەك دا كە بۆ پەرلەمانتارانی ئاسیا لە پایتەختی كەمبۆدیا بەسترابوو، ژمارەیەكی كەم مسوڵمانی لێبوون، ئنجا لەبەرئەوەی خەڵكەكە بەگشتی بتپەرست (وثني) بوون، كە سەربڕاویان ناخورێ، ئێمە هەرچی گۆشتی ئاژەڵ بووایە، نەماندەخوارد، تەماشامان دەكرد چی دەریاییان هەیە، ئەوەی تەبیعەتمان بردبایە، دەمانخوارد.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ مَتَـٰعًا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِ ﴾، وەك پێشتریش باسمان كرد، واتە: ئەوە مەدار سازكردنێكەو ڕابواردنێكە، بۆ ماوەیەك سوودی لێ دەبینن، بۆ خۆشتان، وە بۆ ڕێبوارانیش بەگشتی، ﴿ وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمًا ﴾، وە ڕاوی یاخود نێچیری وشكانییتان لێ قەدەغەكراوە، تاكو لە ئیحرام دابن، واتە: كە لە ئیحرامدا نەبوون، ڕەوایە ڕاویان بكەن.

**مەسـەلەی پێنجـەم:** کـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ قِيَٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ وَٱلْقَلَٰٓئِدَ ۚ ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾، ئەسـڵی وشـەی (الكَعْبَة) لـە چییـەوە هـاتوە؟ (القرطـبي)[1] دەڵـێ: (سُمِّيتِ الكَعْبَة كَعْبَةً لأَنَّهَا مربعَةٌ وَأَكْثَر بيوت العَرَبِ مـدوَّرَةٌ وَقِيلَ: لِنتوئِهَا وَبروزِهَا، فَكُلُّ نَاتِئَ بَارِزٍ كَعْبٌ، وَمِنْهُ كَعْب القَدَمِ وَكعُوب القَنَاة، وَكَعْب ثَدي المَرأَةِ إِذَا ظهر في صدرها)، واتـە: کەعبـە، بۆیـە ئـەو نـاوەی لێنـراوە، چونکە چوار گۆشـەیە، (بـا تـەواو چوار گۆشـەش نـەبێ) وە زۆربـەی ماڵەکـانی عـەرەبان کـاتی خـۆی بازنــەیی بـوون، وە دەشـگوترێ: لەبەرئــەوە نـاوی لێنـراوە کەعبـە، چونکە بەرزبۆتـەوەو لەسـەر زەوی دیـارە، وە هـەر شـتێك کـە بەرزبێتـەوە، پێـی دەگوترێ: (كَعْب) وەك گوێزینگە پێـی ئینسـان، دوو گوێزینگی هەن، ئەمــلاو ئـەو لای لـە پــێ دەردەچـن، وە دەگوتــرێ: (كَعْب ثَديها) واتـە: مەمکی دەرکـەوت، واتــە: لە ئاسـتی سـینگی بەرز بــووەوە.

مەبەستیش لەوە کە دەفـەرموێ: ﴿ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ ﴾، ئایا بۆچی زەوی مەککەو دەوروبەری حەرامەو پێـی دەگـوترێ: (الأَرْض الحَرَام)؟ چونکە قەدەغەیە لە مەککـەو لـە دەوروبـەری مەککـە، هـیچ گوناهێـك بکـرێ، ئنجـا وەنەبــێ گوناهەکان لە شـوێنی دیکـە حـەڵاڵ بن، بەڵام لـەوێ حەرامتـرن، پاشـان لـە کاتێکـدا کە لە ئیحـرام دای، ئەو شتانەی کە لە کاتی ئاسایی دا حـەڵاڵـن، لێـت حـەرام دەبـن، پێغـەمبــەری خــواش ﷺ فەرموویـــەتی: ﴿إِنَّ مَكَّـةَ حَرَّمَهَـا اللهُ وَلَـمْ يُحَرِّمْهَـا النَّـاسُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (١٦٤٢٠)، وَالبُخَارِيُّ بـرقم: (١٣٤٩)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (١٨٣٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٨٠٩)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ بـرقم: (٢٨٧٦)، عَنْ أَبِـي شُـرَيْحٍ الْعَـدَوِيِّ}، واتــە: مەککـە خــوا حــەرامی کــردوە، وە خــەڵك حــەرامیان نـەکردوە، واتـە: خــوا گونـاهی تێـدا حـەرام کـردوە، یـان ئـەو شـتانەی تێـدا قەدەغـە کردوون، لەسـەر ئەوانەی کە لە ئیحـرام دان کـە لـە حاڵـەتی ئاسـایی دا بۆیـان ڕەوان،

[1]) الجامع لأحكام القرآن: ج٦، ص٢٧٩.

جا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلۡكَعۡبَةَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، ﴿ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، وەك بلێی تەفسیری ﴿ٱلۡكَعۡبَةَ ﴾، دەكات، ئەو ماڵە حەرامە لەگەڵ (كَعْبَة) هەر یەكن، دەفەرموێ: خوا كەعبەی گێڕاوە بە: ﴿قِيَـٰمًا لِّلنَّاسِ ﴾، كردوویەتی بە مایەی ڕاوەستانی خەڵك، (أي صَلاحاً وَمَعَاشَا لأمن النَّاسِ بِهَا) لەبەرئەوەی خەڵك لەوێدا ئارام دەگرێ‌و هێمن دەبێ، كەس دەستدرێژیی ناكاتە سەر كەس، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە هەم دینداریيان لە جەوێكی ئارامدا بەڕێوەبەرن، بەتایبەتی (مناسك)ی حەجو عومرە، وە هەم ژیان‌و گوزەرانیشیان لەو ناوچەیەدا بە هێمنیی‌و ئارامیی بەسەردەبەن، دیارە خوێندراویشەتەوە: (قیاماً لِلنَّاس، قَيِّماً لِلنَّاس، قِوَاماً لِلنَّاس)، هەر سێ قیرائەتەكەی هاتوون، خوای پەروەردگار لە چەند شوێنێك لە قورئاندا ئاماژە بەوە دەكات، وەك منەتێك لەسەر عەرەبەكان، كە كەعبەی بۆ گێڕاون بە مایەی هێمنیی‌و ئاساییش، بۆ وێنە لە سووڕەتی (العنكبوت)دا دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا جَعَلۡنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنۡ حَوۡلِهِمۡۚ أَفَبِٱلۡبَٰطِلِ يُؤۡمِنُونَ وَبِنِعۡمَةِ ٱللَّهِ يَكۡفُرُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾، واتە: ئایا نابینن؟! ئێمە حەرەمێكی دڵنیاكەرو جێی دڵنیاییمان بۆ ڕەخساندوون، وە خەڵكی لە دەوری واندا دەڕفێندرێ، وەك گوتم كەعبەو ئەو زەوییەی دەوروبەری پێی گوتراوە: سەرزەمینی حەرام، كە خەڵك لەوێدا لەخۆی ئەمین بووە، بەڵام لە دەرەوەی ئەو بازنەیە، خەڵك ڕفێندراوە، ڕێگریی لێكراوە لەلایەن چەتەوە، وە كوژراوە، كەواتە: كەعبە چاكەو منەتێكی گەورەی خوایە لەسەر عەرەب، ئنجا خوای بالادەست دەفەرموێ: ﴿ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلۡكَعۡبَةَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ قِيَـٰمًا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَٱلۡهَدۡيَ وَٱلۡقَلَـٰٓئِدَ ﴾، دیارە ﴿ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ ﴾، هەیە، بەڵام لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ ﴾، مانگی قەدەغەكراو، وەك بلێی ئەوە پێی دەگوترێ جینسی مانگەكانە، كە ئەو چوار مانگەن: (ذُو الْقعْدَةِ، ذُو الْحِجَّةِ، مُحَرَّمُ، رَجَبٌ)، سێ مانگ لە دوای یەكن، (رَجَب)یش بە تەنیایە، لەو چوار مانگەدا

عەرەب عادەتیان وابووە ئەگەر شەڕیشیان بووبێ، ڕایانگرتوەو وەستاندوویانە، تا مانگەكان تەواو بوون، وەك لە سوورەتی (التوبة)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ مِنْهَآ أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ...﴿٣٦﴾ ﴾، جاری واش هەبووە پاش و پێشیان بە مانگەكان كردوە، ئەگەر زۆر پەكیان لەسەر شەڕێ كەوتبێ، گوتوویانە: لەو مانگەدا شەڕێ دەكەین، قەیناكە مانگێكی دیكە لە جێی ئەو دادەنێین، كە پێی گوتراوە: (نَسِيء)، بۆیە خوای بالادەست دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّسِىٓءُ زِيَادَةٌ فِى ٱلْكُفْرِ﴿٣٧﴾ ﴾التوبة، (نَسِيء) واتە: دواخستن، دواخستنی یەكێك لە مانگەكان كە پێویستیان بووە، لەو مانگەدا شەڕی تێدا بكەن، خوا دەفەرموێ: بەو ڕەفتارە زیاتر كوفریان كردوەو خۆیان كافر كردوە، ئنجا ﴿ وَٱلْهَدْىَ ﴾، پێشتریش باسمان كرد (هَدي) ئەو ئاژەڵانەن كە بردوویانن بۆ حەج، تاكو سەریان ببڕن لە لای مزگەوتی حەرام، یان لەو دەووبەرە، ئنجا حوشتر بووبێ، ڕەشەوڵاخ بووبێ، یاخود مەڕو بزن بووبێ، ﴿ وَٱلْقَلَٰٓئِدَ ﴾، ئەمیش ئەو ئاژەڵانە بوون كە گەردن بەندیان لە مل كردوون، خوا دەفەرموێ: ئەوانە هەموویان دروشمی دینداریی و مایەی ڕاوەستانی خەڵكن، وە ئەوانەی خوای كاربەجێ دایناون، بۆیە دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ و حورمەتیان لێ بگیرێ.

**مەسەلەی شەشەم**: كە خوا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ لِتَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾، واتە: خوا ﷻ كە ئائەوەتان بۆ ڕوون دەكاتەوەو، ئەو یاسایانەتان بۆ ڕوون دەكاتەوە، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە كە خوای پەروەردگار نهێنییەكانی ئاسمانەكان و زەوی دەزانێ، وە دەزانێ ئێوە پێویستیتان بەوە هەیە كە چەند وێستگە (محطة)یێكی كاتیی و شوێنییتان هەبن، كە بتوانن تێیاندا ئارام بگرن، وە دینداریی و دنیاداریی خۆتانیان بە هێمنیی تێدا بكەن.

**مەسەلەی حەوتەم:** كە خوا دەفەرموێ: ﴿ اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ وَأَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾، بزانن كە خوا تۆڵەو سزای توندە، وە بزانن كە خوا لێبوردەی بە بەزەییە، واتە: لەبەرئەوە كە تۆڵەو سزای توندە، سەرپێچیی مەكەن، وە ئەگەر غەڵەتو گوناهێكیشتان كرد، نائومێد مەبن، بزانن كە خوا لێبوردەیەو بە بەزەییشە.

**مەسەلەی هەشتەم:** كە خوا دەفەرموێ: ﴿ مَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴾، واتە: پێغەمبەر ﷺ تەنیا گەیاندنی لەسەرە، وە خوا دەزانێ چی ئاشكرا دەكەنو چی پەنهان دەكەن، كەواتە: كاتێك پێغەمبەر ﷺ پەیامی خواو حەڵاڵو حەرامێك كە خوا دایناون، پێتان دەگەیەنێ، ئەركی سەرشانی خۆی ئەنجامداوەو ئەمجار خۆتان بەرپرسیارن، لەبەرئەوە لە خۆتان وریابن، پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی پێتان ڕادەگەیەنێ: ئەوە حەڵاڵەو ئەوە حەرامە، ئەوە چاكەو ئەوە خراپە، وا بكەن، وا مەكەن، ئەوە ئەركی خۆی بەرانبەر بە ئێوە ئەنجام داوە.

**مەسەلەی نۆیەمو كۆتایی:** كە خوا دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾، ئێمە دوو هەڵوەستەی لە بەرانبەردا دەكەین:

# دوو هەڵوەستەی پێویست لە بەرانبەر ئایەتی

## ﴿ قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ.... ﴾

**هەڵوەستەی یەکەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ ﴾، واتە: ئەی موحەممەد! ﷺ، یان هەر کەسێك کە قورئان دەخوێنێ! بڵێ: پیس و پاك یەکسان نین، یاخود خراپ و باش یەکسان نین، یان زیانبەخش و سوودبەخش یەکسان نین، هەرچەندە زۆریی پیس یاخود خراپ، یاخود زیانبەخش، تۆش سەرسام بکات، خوای کاربەجێ ئەم دوو وشەی: (خبیث) و (طیب)ی بەکارهێناون، کە چەندان مانا هەڵدەگرن، دەگونجێ:

١) حەڵاڵ و حەرام بن.

٢) یان مەبەست پێی کافرو مسوڵمان بێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ ﴿٢٨﴾ ﴾التوبة، وە لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە، فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الْمُؤْمِنَ لاَ يَنْجُسُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٢١٠)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٨٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٧١)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٣١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٢١) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٦٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٥٣٤)}، واتە: بێگومان ئیماندار پیس نابێ.

٣) وە دەشگونجێ مەبەست پێی شتی خراپ و شتی باش بێ.

٤) وە دەگونجێ مەبەست پێی شتی زیانبەخش و شتی سوودبەخش بێ. کەواتە:

٥) یاخود مەبەست پێی کردەوەکان بن.

٦) یان مەبەست پێی گوفتارەکان بن.

٧) یان مەبەست شتەکان بن لە شتەکانیش مەبەست پێی خواردنەکان بن،

پۆشاکەکان بن... هتد، تەماشا دەکەین چەمكو واتاکەی زۆر فراوانە.

خوا لە پشت ئەو ئایەتەوەو لە سێبەریدا پێمان دەفەرموێ: ئەی خەڵکینە! ئەو شتانەی کە پاكو چاكو حەڵاڵو سوودبەخشن، با کەمیشتان لەوانە چنگ بکەوێ، لە شتە پیسو حەرامو زیانبەخشەکان، چاکترنو لەگەڵیان یەکسان نین، بۆیە هەمیشە چاو بۆ کەمە پاكو سوودبەخشەکان بگێڕن، چونکە هەمیشە حەڵاڵ بە زەحمەت دەست دەکەوێ، وە زۆریش نیە، سوننەتی خوا وایە حەرام زۆر ئاسانتر دەستدەکەوێ[1]، وە زۆر جار ئەوەی کە دەربەستی حەڵاڵو حەرام نەبێ، دەتوانێ لە حەرام زۆر بەسەر یەکەوە بنێ، بۆیە هەر کەسێکتان بینی بە پەلە دەوڵەمەند بوو، مەگەر تاك تاك، ئەگەرنا بزانن لە ڕێیەکی حەرامەوەیە، دەڵێن: عەبدولقادری گەیلانی ڕەحمەتی خوای لێ بێ لەم شارەی بەغدایە[2]، لە کتێبی: (الفتح الرباني والفيض الرحماني)دا لە یەکێك لە مەجلیسەکانیدا دەڵێ: ئەی خەڵکی بەغداد! وا مەزانن نازانمماڵو سامانەکەتان چۆن پەیدادەکەن! کە تەماشا دەکەم چۆنی سەرف دەکەن، دەزانم ئاواشتان پەیداکردوە، دوایی دەڵێ: وا مەزانن عەبدولقادر ئیددیعای عیلمی غەیب دەکات، غەیب هەر خوا دەیزانێ، بەڵام کە تەماشا دەکەم چۆنی سەرف دەکەن، دەزانم چۆنیشتان پەیداکردوە، ئەوەی ماڵەکەی خۆی لە حەڵاڵدا، وە لە واجباتی شەرعیی داو لە ڕێی شەرعییەوە سەرف بکات، ئەوە دیارە بە شێوەیەکی حەڵاڵیش پەیدای کردوە، وە ئەوەی ماڵو سامانەکەی لە ڕێی ناشەرعیی دا سەرف بکات، ئەوە دیارە بە شێوەیەکی حەرامو ناشەرعیی پەیدای کردوە، ئەوە تا ڕاددەیەکی زۆر بنچینەیەکی ڕاستە، بە زۆری وایە کە ئینسان بە ئارەقی نێوچەوانی ڕزقی پەیداکردوەو زەحمەتی پێوەکێشاوە، دینو ویژدانی ڕێی نادات لە حەرامو ناشەرعیی دا بەکاری بێنێو سەرفی بکات، بەڵام ئەگەر پشتی پێوە نەئێشا بوو، ئەوە دەربەست نیە چۆنی سەرف دەکات.

---

١) لە ئەنجامی ئەوەدا کە هەلومەرجو واقیعی ئێستای دنیاو هی ڕابردووش بە زۆریی وایە کە لە ئەنجامی بەرنامە مرۆڤکردو نەفامییەکانەوە پەیدابووەو شكڵی گرتوە.

٢) ئەم دەرسانەم لە بەغداد گوتوونەوە، لە کاتی دەوامم لە (ئەنجوومەنی نوێنەران)دا.

لێرەدا خوای كاربەجێ دەیەوێ سەرنجمان ڕابكێشێ كە ئێمە لە شتەكاندا، لە قسەكاندا، لە شەخصەكاندا، لە كردەوەكاندا، سەرنجی چۆنیەتی بدەین، نەك چەندێتی، چونكە چەندێتی سەنگی مەحەك نیە، بەڵكو چۆنیەتی سەنگی مەحەكە، چەند نوێژان دەكەی، چەند ڕكاتان دەكەی، گرنگ نیە، ئەوە گرنگە چۆنیان دەكەی؟ یان چەند ڕۆژووان دەگری، چەند قسەی خێر دەكەی، چەند خێرو صەدەقە دەكەی... هتد، باشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆنیشیان ئەنجام دەدەی؟ جاری وایە یەكێك دینارێك دەكاتە خێر بە دڵێكی ئەوەندە سافو ساغەوە، خوا پاداشتی زۆر گەورەی دەداتەوە، وە جاری وایە بە پێچەوانەوە كەسێك ماڵێكی زۆر دەكاتە خێر، بە منەتو ئازاردانی بابای خێر پێكراوەوە، لەجیاتی ئەوەی خێری بگاتێ، لەسەریشی سزا دەدرێ، یان جاری وایە كەسێك یەك قسەی خێر دەكات، بەڵام زۆر بە ئیخلاصو زۆر بە دڵەوە، پاداشتێكی زۆر گەورەی هەیە، كەسی واش هەیە زۆر قسەی خێرو چاك دەكات بەڵام چونكە مەبەستی پێی ڕیابازیە نەك هەر پاداشتی نیە، بگرە ڕەنگە لەسەریشی سزا بدرێ، كەواتە: نەك تەنیا لە عیبادەتدا، لە هەڵسوكەوتەكاندا، لە ڕەوشتەكاندا، لە قسەكاندا، وە پاشان لە ماڵو سامانیشدا، بەس سەرنجی زۆریی مەدەنو هەر خەریكی ئەوە مەبن، بۆ وێنە: سامانی زۆر پەزمەندە بكەن! بەڵكو بزانن ئەو ماڵو سامانە جۆرەكەی چۆنە؟ حەڵاڵە؟ لە ڕێی شەرعییەوە بەسەر یەكەوە نراوە یان نا؟

**هەڵوەستەی دووەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ يَـٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَـٰبِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، پارێز لە خوا بكەن ئەی خاوەن عەقڵان! بۆئەوەی سەرفرازبن، لێرەدا دەمەوێ سەرنجتان بۆ شتێك ڕابكێشم، ئەویش ئەوەیە زۆر كەس هەن شارەزان لە زانستی شەرعییو قورئانو سوننەت، بەڵام زۆر بە داخەوە عەقڵو حیكمەتو دانایيو لێزانیی لەگەڵ بەكارناهێنن، من بینیومە مامۆستای ئایینی ئایەتێك، یان فەرمایشتێك لە شوێنێك دەخوێنێتەوە، یان حوكمێكی شەرعیی بەیان دەكات، كە جێی خۆی نیەو لە جیاتی قازانج، تەنیا زەرەری دەبێ، بۆیە خوا سەرنجمان ڕادەكێشێ، بۆ بەكارهێنانی عەقڵو دەفەرموێ: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ يَـٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَـٰبِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، پارێز لە خوا بكەن ئەی

خاوەن عەقڵینە! بەڵێ بەڕاستیی پارێز لە خوا كردن بە عەقڵ دەكرێ، بە تێگەیشتن دەكرێ، با عیلمیشت زۆربێ، با شارەزاییت لە حوكمی شەریعەتیشدا هەبێ، بەڵام ئەگەر نەزانی لە شوێنی خۆیدا بەكاری بێنی، زۆرجار زەرەر دەدەی، با وێنەیەك بێنینەوە:

لە ساڵی (١٩٨٣)دا لە ئۆردوگای بەستەستێن بووم، مەلایەك وتاری بۆ خەڵك دەدا، بابەتی وتارەكەشی ئەم فەرمایشتە بوو كە لە (صحيح البخاري ءصحيح موسلم)دا هاتوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكمْ رَجُلٌ قَتَلَ تِسْعَةً وتِسْعِينَ نَفْساً، فَسَأَلَ عَنْ أعْلَمِ أهْلِ الأرضِ، فَدُلَّ عَلَى رَاهِبٍ، فَأَتَاهُ، فَقَالَ: إنَّهُ قَتَلَ تِسعَةً وتِسْعِينَ نَفْساً فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوبَةٍ؟ فَقَالَ: لا، فَقَتَلهُ فكَمَّلَ بهِ مِئَةً، ثُمَّ سَأَلَ عَنْ أعْلَمِ أهْلِ الأَرضِ، فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ عَالِمٍ، فَقَالَ: إنَّهُ قَتَلَ مِئَةَ نَفْسٍ، فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ؟ فَقَالَ: نَعَمْ، ومَنْ يَحُولُ بَيْنَهُ وبَيْنَ التَّوْبَةِ؟ انْطَلِقْ إلى أرضِ كَذَا وكَذَا، فإنَّ بِهَا أُناساً يَعْبُدُونَ الله تَعَالَى فاعْبُدِ الله مَعَهُمْ، ولاَ تَرْجِعْ إلى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أرضُ سُوءٍ، فانْطَلَقَ حَتَّى إذَا نَصَفَ الطَّرِيقَ أَتَاهُ الْمَوْتُ، فاخْتَصَمَتْ فِيهِ مَلائِكَةُ الرَّحْمَةِ ومَلائِكَةُ العَذَابِ، فَقَالتْ مَلائِكَةُ الرَّحْمَةِ: جَاءَ تَائِباً، مُقْبِلاً بِقَلبِهِ إلى اللهِ تَعَالَى، وقالتْ مَلائِكَةُ العَذَابِ: إنَّهُ لمْ يَعْمَلْ خَيراً قَطّ، فَأَتَاهُمْ مَلَكٌ في صورَةِ آدَمِيٍّ فَجَعَلُوهُ بَيْنَهُمْ (أيْ حَكَماً) فَقَالَ: قِيسُوا مَا بَيْنَ الأَرضَينِ فَإلَى أيّتهما كَانَ أدنَى فَهُوَ لَهُ، فَقَاسُوا فَوَجَدُوهُ أدْنى إلى الأرْضِ التي أرَادَ، فَقَبَضَتْهُ مَلائِكَةُ الرَّحمةِ﴾ {مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ البُخَارِيُّ برقم: (٣٤٧٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٩٣٩)}، واتە: كابرایەك هەبوو لەوانەی پێش ئێوە نەوەدو نۆ كەسی كوشتبوو، (ویستوویەتی تۆبە بكاو بگەڕێتەوە بۆ لای خوا)، پرسیاری كرد دەبێ كێ زاناترین كەسی دنیابێ (ڕێنمایی بكات لەوبارەوە)؟ پێی دەڵێن: خواپەرستێك (عابد)ێك لە شوێنێك هەیە دەچێتە لایو بەسەرهاتەكەی بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: من حاڵو حیسابم وایە، هیچ چاكەم نەكردوەو نەوەدو نۆ كەسیشم كوشتوە، دەمەوێ بگەڕێمەوە، دەرفەت هەیە بگەڕێمەوەو تۆبە بكەم؟ پێی دەڵێ: نەخێر، ئەویش ئەویش دەكوژێو سەد تەواو دەكات (بەڵام دیارە هاتۆتە دڵی هەر تۆبە بكات)، دوایی پرسیار دەكات دەربارەی زاناترین كەسی دنیا ڕێنمایی دەكەن بۆ لای زانایەك

بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: دەرفەت هەیە بگەڕێمەوەو تۆبە بکەم؟ دەڵێ: بەڵێ، (ڕەحمەتو بەزەیی خوا زۆر زۆر فراوانە) دوایی پێی دەڵێ: کێ ڕێی گەڕانەوەی لێدەگرێ؟ (وَمَنْ يَحُولُ بَيْنَهُ وبَيْنَ التَّوْبَةِ) وە پێی دەڵێ: لێرە مەمێنە، بڕۆ بۆ فلان شوێن، چونکە لەوێ خەڵکەکەی خواپەرستنو ئینسانی باشن، تۆش لەگەڵ ئەوان خوا بپەرستە، وە هەرگیز نەگەڕێیەوە بۆ شارو شوێنی خۆت، چونکە شوێنێکی خراپە، (ئامۆژگارییەکی باشی دەکاتو مەبەستی خراپیی خەڵکەکەیە، نەك خودی سەرزەمینەکە) ئەو کابرایە بەرەو ئەو شوێنە دەچێ، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا دەمرێ، (لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: لە کاتی سەرەمەرگیشدا سینگی خۆی بۆ ئەو شوێنە دەکوتا کە دەیویست بۆی بچێ، تاکو طاعەتی خوای لێبکات) فریشتەی ڕەحمەتو سزا، (فریشتەی بەهەشتو دۆزەخ دێن) دەبێتە موناقەشەیان، ئەوانەی بەهەشت دەڵێن: تۆبەی کردووەو بە دڵێکی ساغەوە گەڕاوەتە لای خوای بەرز، ئەوانەی دۆزەخیش دەڵێ: ئەو هەرگیز کاری چاکی نەکردوە، دوایی فریشتەیەك لەسەر شێوەی ئینسان دێ بۆ لایان، دەبێتە حەکەم لە نێوانیاندا، دەڵێ: نێوان ئەو دوو زەوییە بپێون لە کام لایە نزیکتر بوو، با بۆ ئەوێ بێ، کە دەیپێون، لەو شوێنە نزیکترە کە مەبەستی بووە بۆی بچێ، بۆیە فریشتەی بەهەشت ڕووحەکەی دەکێشنو دەیبەن.

ئنجا ئەو مامۆستایە کە ئەو فەرمایشتەی خوێندەوە، چ کاتێك بوو؟ کاتێك کە چەکداری ڕژێم قاچاغچییان دەکوشتن، ئەوانەی کە چەکداری ڕژێم بوون کەمینیان دادەناو قاچاغچییان دەکوشتن، جاری وابوو دەیانگرتنو تەسلیمی ڕژێمیان دەکردن، من مەلایەکم بینی ناوی (حەمەدەمین) بوو خەڵکی گوندی (میر شێخ حەیدەر)ی نزیك سەردەشت بوو، گوتی: نۆ ساڵان لە موسڵ گیرام، ئەو کاتی کاروانچیی بووم، نوێژنەکەر بووم، خوام نەدەناسی، وە نەخوێندەواریش بووم، جاش گرتییانم بۆ پارەو خەڵات، وەك پاسدار تەسلیمی ڕژێمییان کردم، گوتی: لەوێدا (واتە: لە سجن) خوای پەروەردگار خەڵکێکی باشی لێ ڕاست هێنام، گەڕامەوەو فێری زمانی عەرەبی بوومو قورئانم لەبەرکرد، (أصول الفقه)م خوێند ...هتد، بە نەخوێندەواریی چوومە سجنو بە مەلایەتیی هاتمە دەرێ، نۆ ساڵ لەوێدا مامەوە.

ئنجا من کە گوێم لە قسەی ئەو مەلایە بوو کە وتاری دەداو، ئەو چەکدارانەی بەو کەسە دەشوبهاند، کە نەوەدو نۆ کەسی کوشتوەو دوایی کردوویەتی بە سەد، ئنجا شایانی چوونە بەهەشتیش بووە! گوتم: بزانن چەند بە هەڵە دەیخوێنێتەوە، چونکە ئێرە شوێنی ئەو فەرموودەیە نیە! چونکە چەکدارو سەرۆك جاشی وا هەیە دەڵێ: جا ئەوە سەد کەسی کوشتوەو خوا لێی خۆش بووە، من جارێ هەر دە پازدە کەسم کوشتوون، هێشتا زۆرم ماوە، یان تەنیا سی چل کەسێکم ڕووت کردۆتەوە...! بە هەر حاڵ دەبێ بزانرێ، کە ئەو فەرمایشتەو وێنەکانی وەك دەرمانەو خۆراك نیە بۆ هەموو کەس ببێ، ئەوە دەرمانە بۆ کەسێك کە دەیەوێ بگەڕێتەوە، بەڵام تووشی نائومێدیی بووەو پێی وایە خوا لێی خۆشنابێ، ئەو فەرمایشتەی بۆ بخوێنەوە بڵێ: ئەگەر بەڕاستیی بگەڕێیەوە، خوا لێت خۆش دەبێ، بەڵام ئەوە بۆ کەسێك نیە کە ئێستا لەسەر گوناهان بەردەوامە، تۆش ئەو فەرموودەیەی بۆ بخوێنیەوە، تاکو دڵنیای بکەیەوە، ئەویش بڵێ: کەواتە: ئەگەر زیاتریش خەڵکی بکوژم تا دەگاتە نەوەدو نۆ کەس جارێ زۆری ماوە! بۆیە دەبێ بە حیکمەتو عەقڵ مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی قورئانو سوننەتدا بکەین، ئەگەرنا وەك گوتم با فەرمایشتەکان ڕاست بن، بەڵام ئەگەر لە شوێنی خۆیاندا بەکاریان نەهێنی زەرەر دەدەن، چونکە بە نەزانیی و بە ناشێیی ئەوەت کردوە، نەك لەبەرئەوەی کە ئایەتەکان یان فەرمایشتەکانو یاسا شەرعییەکان لە شوێنی خۆیاندا نەبن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی بیست و دووەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان چوار ئایەت دەگرێتە خۆی (١٠١ تاكو ١٠٤)، وە لەم چوار ئایەتەدا خوای كاربەجێ بۆ جاری چواردەیەم بە نازناوی ئیمان مسوڵمانان دەدوێنێ، وە ڕێگرییان لێدەكات لە پرسیاركردنی ناپێویست، وە ڕێنماییان دەكات كە لەمیانەی دابەزینی قورئاندا، هەوڵی زانینی وەڵامی پرسیارەكانیان بدەن، تاكو لە ژێر ڕۆشنایی قورئاندا وەڵامی پرسیارو ئیشكالەكانیان بزانن، ئەگەرنا بە موناسەبەو بەبێ موناسەبە سەرو دڵی پێغەمبەر ﷺ نەگرن، وە دوایی سەرەنجامی شوومی ئەو عادەتە خراپەی میللەتانی پێشوویان پێ ڕادەگەیەنێ، كە پرسیاری بێجێیان كردوە، دواییش بەهۆی وەڵامی پرسیارەكانیانەوە تووشی كوفر بوو ون، هەندێك شتیان داوا كردوە، دواییش بۆیان جێبەجێ نەكراوەو ئیمانیان پێ نەهێناوە، سەرەنجام بۆتە هۆی ئەوە كە خوا لێیان تووڕەبێ و سزایان بدات.

پاشان خوا ڕایدەگەیەنێ كە ئەو چوار جۆرە ئاژەڵەی كە كافرەكان ئیددیعای قەدەغەبوونیان دەكەن، خوا قەدەغەی نەكردوون، كە بریتین لە: ﴿بَحِيرَةٍ، سَآئِبَةٍ، وَصِيلَةٍ، حَامٍ﴾، كە دوایی پێناسەیان دەكەین و چەمك و ماناكەیان ڕوون دەكەینەوە، وە پاشان خوا دەیخاتە ڕوو كە ئەوە كافرەكانن بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن، ئەگەرنا خوا ئەو شتانەی قەدەغە نەكردوون.

ئنجا لە كۆتایی ئەم دەرسەدا خوا باسی هەڵوێستێكی زۆر خراپی كافرە بتپەرستەكان دەكات، كە ئەو هەڵوێستەیان لە چەند شوێنێكی دیكەی قورئاندا دووبارە بۆتەوە، ئەویش بریتیە لەوە كە بە دەم بانگی داواكردنی فەرمانبەرییكردنی خواو پێغەمبەری خواوە نەچوون، بە بیانووی شوێنكەوتنی باب و باپیرانیانەوە،

كە لەڕاستیدا ئەوە ئێستا بۆتە عادەتێكی زۆر خراپ لەنێو مسوڵمانانداو، ئەگەر ئێستا ئێمە تەماشای خۆمان بكەین، دەبینین زۆر شت كە خوای پەروەردگار ڕەخنەی پێ لە كافرانو بتپەرستەكان دەگرێ، لەنێو مسوڵماناندا هەیە، زۆرجار پێیان دەڵێی: خوشكێ یان برای مسوڵمان! ئەو شتە حەرامە، ناپەسندە بە پێی فلان ئایەتەو فلان حەدیس، لە وەلامدا دەڵێ: باب و باپیرانمان تا ئێستا هەر وایان كردووەو عادەت هەر وا بووە، ئنجا وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ كافرەكانیش دەیانگوت: ﴿... قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ ٢٢﴾الزخرف، بە هەمان شێوە ئێستاش هەندێك لە مسوڵمانان هەر وا دەڵێن.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْـَٔلُوا۟
عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ قَدْ
سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا۟ بِهَا كَـٰفِرِينَ ﴿١٠٢﴾ مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ
وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ ۙ وَلَـٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ
وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ
قَالُوا۟ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا
يَهْتَدُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾.

# مانای وشــە بە وشــەی ئایەتەکــان

((ئەی ئەوانــەی بڕواتــان هێناوە! لەبارەی شــتانێکەوە پرســیار مەکەن کە ئەگەر بۆتــان دەربکــەون، نارەحــەتتان بکــەن، وە ئەگــەر لــە کــاتی دابــەزێنرانی قورئانــدا پرســیاریان لەبارەوە بکــەن، بۆتــان دەردەکەون، خـوا چاوپۆشـیی لێیـان کـردوە، وە خـوا لێبـوردەی هێــدی مەنـدە ﴿١٠١﴾ پـێش ئێـوە کۆمـەڵێك ئـەو جـۆرە پرسـیارانەیان کـردن (بـەڵام) دوایــی پێیـان بێبـڕوا بـوون ﴿١٠٢﴾ خــوا هـیچ (ئـاژەڵێکی) بـە حیـرەو سـائیبەو وەصــیلەو حــامی دانەنــاوە، بەڵــکو ئەوانــەی بێبــڕوان بــە نــاوی خــواوە درۆ هەڵدەبەســتن، وە زۆربــەیان نافــامن ﴿١٠٣﴾ وە ئەگــەر پێیــان بگــوترێ: وەرن بــۆ (شــوێنکەوتنی) ئــەوەی خــوا ناردوویــەتە خــوارو بــۆ لای پێغەمبــەر، دەڵــێن: ئــەوەمان بەســە کە بابو باپیـرانمانمان لەسـەر بینیـوە، ئـەدی ئایا ئەگەر بـابو باپیــرانیان هـیچ شـتێك نـەزانن و بەڕێگــاش نـەزانن (هـەر پەیــڕەوییان لــێ دەکــەن و کوێرانـە دەکەونـە دوایــان؟!) ﴿١٠٤﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(تُبْدَ لَكُمْ ): واتە: بۆتان دەربکەون، (بَدَا الشَّيءُ بَدوا وَبَدَاءً، أَي ظهر ظهُوراً بَيّناً) لە عەرەبیدا دەڵێ: ئەو شتە دەرکەوت زۆر بە ئاشکرا دەرکەوت، دەگوترێ: (بَدَا الشَّيءُ بَدوا وَبَدَاءً).

(تَسُؤْكُمْ ): (السُّوءُ: كُلُّ مَا يغُمُّ الإِنْسَانَ مِنَ الأمُورِ الدُّنيويّة وَالأُخْرَوِيَة) هەر شتێك کە ببێتە هۆی خەفەت خواردنی ئینسانو نارەحەتکردنی ئینسان لە کاروباری دنیاییو قیامەتیی ئەوە پێی دەگوترێ: (سُوء)، (تَسُؤكُم) واتە: بۆتان خراپەو نارەحەتتان دەکاتو پێتان ناخۆش دەبێ.

(عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَا): واتە: خوا چاوپۆشی لێکردوون، لێیان بوردوە، لەچی؟ لەو شتانە: (العَفْوُ: هُوَ التَّجَافِي عَنِ الذَّنْبِ، عَفَا الشَّيء: كَثره وأَطَالَهُ...)، (عَفو) بریتییە لە خۆدوورگرتن لە گوناح، واتە: خۆ لێی نادیدە بگریو چاوپۆشیی لێبکەی، وە دەگوترێ: (عَفَا الشَّيءَ) ئەگەر زۆری کرد، درێژی کرد، لە فەرموودەشدا هاتوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿وَأَعْفُوا اللِّحَى﴾(أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٥٥٥٤)، عن ابْنِ عُمَرَ)، واتە: ڕیشتان درێژ بکەن.

(بَحِيرَةٍ): (النَّاقَةُ إِذَا وَلَدَت خَمْسَةَ أَبطن شقُّوا أُذُنها وَأَعفوها عن الإنتفَاع بِهَا)، (بَحيرة) بەو حوشترەیان گوتوە کە پێنج زگی بووبێ، واتە: پێنج بەچکەی بووبێ، دوایی گوێیان شەق دەکرد، وەك بڵێی خانەنشینیان دەکرد، سوودیان لێ نەدەبینی، نە سەریان دەبڕی گۆشتی بخۆن، نە باریان پێ دەبرد، نە دەیاندۆشی.

(سَآئِبَةٍ ): (المُهْمَلَة الّتي كَانَت تُسَيَّبُ في الجَاهِلِيّة لِنَذْرٍ وَنَحْوه، والبَعير الَّذِي يُدرِك نِتَاجَ نتاجِهِ)، (سَائِبَة) بەو حوشترەیان گوتوە لە سەردەمی نەفامییدا

کە بەهۆی لە خۆگرتن (نَـذْر)ەوە، وێڵیان کردوە، وە هەروەها بەو حوشترەش دەگوترێ کە بەچکەی بەچکەکەی ببینێتەوە، واتە: هێندە تەمەنی هەبێ بەچکەی هەبێ، وە بەچکەکەشی بەچکەی ببێ، ئەوە وێڵیان کردوە، وەك بڵێی خانەنشینیان کردوەو سوودیان لێ نەبینیوە.

(وَصِيلَةٍ ): (الوَصِيلة: الناقَةُ الَّتي وَصَلَتْ بين عَشْرَة أَبْطُن، وَمِنَ الشَّاة: الَّتي وَلَدَت سَبْعَة أَبْطُن)، (وَصِيلة)ش ئەو حوشترە بووە کە دە زگی کردبن، وە ئەگەر مەڕیش بووبێ حەوت زگی کردبن، واتە: هەر حوشترێك دە جارو هەر مەڕێك حەوت جار زابێ، ئەوە وێڵیان کردوەو سوودیان لێ نەبینیوە.

(حَامٍ): (الفَحْل إذَا ضَرَبَ عَشْرَة أبطن قالوا: قَد حَمَى ظَهرَه فَلاَ يُرْكَبُ)، (حام) ئەو حوشترە نێرە بووە کە دەجاران لەگەڵ حوشتری مێیە جووت بووبێ، نەك لەگەڵ دە حوشتران لێکراو، دیارە حوشتر بە دەمانگان دەزێ، جا حوشترێك کە دە ساڵان بووبێتە هۆی ئەوەی بەچکەی ببێ لەدوای یەك، ئەوە گوتوویانە: (حَمَى ظَهرَه) پشتی خۆی پاراستوە، کاریان پێنەکردوە، وەك بڵێی وێڵیان کردوەو خاتریان گرتوە.

(حَسْبُنَا ): (الحَسْبُ: الكِفَايَةُ، حَسْبُنَا كَافِينَا)، واتە: بەسمانە، ئەومان بەسە.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەكان

١) دەربـارەی هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئەو ئایـەتە كـە دەفـەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ وَإِن تَسۡـَٔلُواْ عَنۡهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلۡقُرۡءَانُ تُبۡدَ لَكُمۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَاۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٞ ١٠١ ﴾: سێ گێڕانـەوە هـەن:

أ- ﴿عَـنْ ابْـنِ عَبَّـاسٍ رَضِـيَ اللّٰهُ عَنْهُمَـا، قَـالَ كَـانَ قَـوْمٌ يَسْـأَلُونَ رَسُـولَ اللّٰهِ ﷺ، اسْـتِهْزَاءً فَيَقُـولُ الرَّجُـلُ: مَـنْ أَبِـي؟ وَيَقُـولُ الرَّجُـلُ: تَضِـلُّ نَاقَـتُهُ، أَيْـنَ نَـاقَتِي؟ فَـأَنْزَلَ اللّٰهُ فِـيهِمْ هَـذِهِ الآيَـةَ:﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾﴾{أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بـرقم: (٤٦٣٣)}، واتـە: عەبدوڵـڵای كـوڕی عەببـاس خـوا لێیـان ڕازی بـێ، دەڵـێ: كۆمەڵێـك هـەبوون پرسـیاریان لـە پێغەمبـەر ﷺ دەكـرد وەك گاڵـتەپێكردن (دیـارە دەبـێ مونـافیق بـووبن، یـان مسـوڵمانی دڵنـەخۆش‌و سـادەو نەزان‌و كەم ئـەدەب بـوون) پیـاوێك دەیگـوت: كـێ بابـی منـە؟ وە پیـاوێكی دیكـە حوشـتـرەكەی ون دەبـوو، دەیگـوت: حوشـتـرەكەم لەكـوێیـە؟ خـواش ﷻ ئەم ئایـەتەی دەربـارەیان نـاردە خـوارێ.

ب- ﴿عَـنْ أَنَـسٍ رضي الله عنه، قَـالَ: خَطَـبَ رَسُـولُ اللّٰهِ ﷺ، خُطْبَـةً، مَـا سَـمِعْتُ مِثْـلَهَا قَـطُّ قَـالَ: لَـوْ تَعْـلَمُونَ مَـا أَعْلَـمُ لَضَـحِكْتُمْ قَلِيـلاً وَلَبَكَـيْتُمْ كَـثِيرًا، قَـالَ: فَغَطَّـى أَصْحَابُ رَسُولِ اللّٰهِ ﷺ، وُجُوهَهُمْ، لَـهُمْ خَنِينٌ، فَقَالَ رَجُلٌ: مَنْ أَبِـي قَـالَ: فُـلاَنٌ، فَنَزَلَـتْ هـذِهِ الآيَـةُ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾﴾{أَخْرَجَـهُ البُخَارِيُّ برقم: (٤٦٢١)}، واتـە: ئەنەسـی كوڕی مالیك خـوا لێی ڕازی بـێ، دەڵـێ: پێغـەمبەری خـوا ﷺ ڕۆژێـك وتـارێكی دا، هەرگیـز گوێم لـە وتـاری وا نـەبووە، {واتـە: هـەرگیز وتـاری وای لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەبیسـتوە، دیـارە ئەنـەس زۆر كـارتێكراو بـووە بـەو وتـارەو كەوتۆتـە ژێـر

کاریگـەریی) پێغـەمبەری خـوا ﷺ (لـە نێـو وتارەکـەیدا) فـەرمووی: ئەگـەر ئـەوەی مـن دەیـزانم ئێـوە بیـزانن، کـەم پێدەکـەنن‌و زۆر دەگـریێن، هـاوەڵانی پێغـەمبـەری خـوا ﷺ دەموچـاوی خۆیـان داپۆشـیو شـتێکیان بەسـەر سـەری خۆیان داداو سەریان خوار کردەوە، گریـان، (خَنِینٌ) بـە دەنگی گریانی بـە نرکە نـرك دەگوتـرێ}، پیاوێـك لەوکاتـەدا گـوتی: بـابی مـن کـێیە؟ پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: فـلان کەسـە، ئیـدی ئەو ئایـەتە هاتـە خـوار.

دوایـی باسـی دەکەین‌و ناوی ئەو هـاوەڵەش دێنـین خـوا لـێی ڕازی بـێ، دیارە لـە نێـو خەڵـکدا تۆمەتبـار کـراوە بـەوە کـە کـوڕی بـابی خـۆی نیـە، ئـەویش لەوکـاتەدا دەرفـەتی دەسـت کـەوتوە، گوتوویـەتی: بـابم کێیـە؟ ئـەویش فەرموویەتـی: فلان کەسە، کـە هـەر بـابی خۆشـی بـووە، جا دوایـی دەڵێن: دایکی گوتـی: بـێ‌قـەزابی! یان مـاڵ خراپ! ئەوەت بۆ کـرد؟ تـۆ دڵـنیا بـووی لـەوەی کە دایکـت لـە سـەردەمی نەفـامیی دا گونـاهێکی کردبـێ، دوایـی منیشـت عەیبـدار دەکـرد! ئەو هاوەڵەش دەڵـێ: وەڵاهـی ئەگـەر پێغەمبـەر ﷺ نەسـەبو ڕەچـەڵەکی منـی پاڵدابایـە لای کۆیلەیـەکی ڕەش، خـۆم دەکـردە کـوڕی وی، کـاتی خـۆی لـە سـەردەمی نەفـامیی دا ئـەو شـتانە بـوون، بـۆ وێنـە: (زیـاد بـن أبیـه) کـە دوایـی ئـەبو سـوفیان کردیـە کـوڕی خـۆی (اسْتَلْحَقَهُ أبـو سُفیان) دیـارە ئـەو جـۆرە پیـاوانەش بە دەوری موعـاویەوە هەبوون خـوا لێیـان ببـوورێ، کە پێشـتـر پێیـان گوتـوە (زیـاد بـن أبیـه) واتـە: زیـادی کوڕی بابـی خـۆی، بابـی کێیـە؟ دیارنیـە، دوایـی لـە سـەردەمی ئیسـلام دا، ئـەبو سـوفیان گـوتی: کـاتی خـۆی مـن لەگـەڵ سـومەییەی دایکـی ڕامبـواردوە، سـومەییە کۆیلـەی بـووەو لەگـەڵی ڕابـواردوە، دوای ئـەوە ئـەو زیـادەی بـووە، ئیـدی ئـەوجار بـە زیـاد دەگـوترا (زیاد بـن أبـي سفیان) لـە سـەردەمی نەفـامیی دا ئـاوا بـووەو پێشـیان عـەیب نـەبووە، بەڵکـو لەلایـان ئاسـایی بـووە، وەك چۆن ئێسـتا لـە ڕۆژئـاوا وایـە، زۆر لـەلایان ئاسـاییە، کـوڕە، کچە بـابی خـۆی ناناسـێ، یـان دایکی ناناسـێ، چـونکە ژن لـەوێ مێردیشـی هەیـەو دۆستیشـی هەیـە، لەلاشـیان ئاسـاییە، چـونکە ئەگـەر دیـن نـەبوو غیـرەت

نامێنــێ، غیــرەتو جـوامێرییو شـەڕەفو... هتـد هـەمووی لـە ئیمـانی ڕاسـتو دروسـتەوە پەیـدا دەبـن.

ج- ﴿عَـنْ عَلِـيٍّ رضي الله عنه، قَـالَ لَمَّـا نَزَلَـتْ هَـذِهِ الآيَـةُ: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ﴿٩٧﴾﴾ آل عمـران، قَـالُوا يَـا رَسُـولَ اللهِ! أَفِي كُـلِّ عَـامٍ؟ فَسَكَتَ، فَقَالُوا: أَفِي كُلِّ عَامٍ؟ فَسَكَتَ، قَالَ: ثُمَّ قَالُوا: أَفِي كُلِّ عَامٍ؟ فَقَالَ: لا، وَلَـوْ قُلْـتُ نَعَـمْ لَوَجَبَـتْ، فَـأَنْزَلَ اللهُ تَعَـالَى ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسْـَٔلُواْ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ﴾﴾ {أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٩٠٥)، وَالتِّرمِـذِيُّ بـرقم: (٨١٤)، وَابْـنُ مَاجَـهْ بـرقم: (٢٨٨٤)، وَالحَـاكِمُ بـرقم: (٣١٥٧)، قَـالَ الحَـافظ ابْـنُ حَجَـر: لَـمْ يَتَكَـلّم الحـاكم عليـه وفـي إسـنادِهِ ضـعف وانقطـاع، وضـعَّفه الألبـاني فـي (ضـعيف سـنن إبـن ماجـه) بـرقم: (٦٢٨)، تعليـق شـعيب الأرنـؤوط: إسناده ضـعيف}، واتە: عەلـی خوا لـێی ڕازی بـێ، دەڵـێ: لە کاتێکدا ئـەم ئایەتـە هاتــــە خــــــوار: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ﴾، گوتیـان: ئەی پێغـەمبەری خوا ﷺ هـەموو سـاڵـێ حـەجمان لەسـەر پێویسـتـە؟ بێدەنگ بـوو، دوایـی گوتیـان: هــەموو سـاڵـێ؟ هــەر بێــدەنگ بـوو، دوایـی بـۆ جـاری سـێیەم گوتیــان: هــەموو ســاڵــێ؟ فـەرمووی نـەخێر، وە ئەگـەر گوتبـام بەڵــێ پێویســت دەبــوو، نەشــتانــدەتوانی، ئیــدی خــوای بــەرز ئــەو ئایــەتەی نــاردە خوار.

## مانـای گـشــتـی ئایەتەکـــان

خوا ﷻ ڕوو لە ئیمانداران دەکات بۆ جاری چواردەیەم، لەم سوورەتە موبارەکەدا بە نازناوی ئیمان دەیاندوێنێ، ئەم سوورەتە هەمووی بریتییە لە دواندنی ئیمانداران، وە خستنەڕووی حوکمە شەرعییەکان لە زۆر ڕووەوە، لێرەشدا خوای پەروەردگار جارێکی دیکە دەیاندوێنێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! لە چەند شتێك پرسیار مەکەن، کە ئەگەر بۆتان دەربکەون، بۆتان خراپ بن، ئەوە واتایەکی، دەشگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ: شتانێك داوا مەکەن کە ئەگەر ئەو شتەی داوای دەکەن داواکارییەکەتان بێتە دی، بۆتان خراپ بێ، بەڵام مادام (تَسْـَٔلُوا۟) بە (عن) تەعەددای کردوە، زیاتر ئەوەیان دەگەیەنێ، بەڵام ئەوەی دیکە کە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا۟ بِهَا كَـٰفِرِينَ ﴾، ئەو مانایەی دیکە بەقووەت دەکات، کە دەفەرموێ: لە پێش ئێوەدا کەسانێك شتێکیان داواکرد، کە بۆشیان هاتە دی، پێی بێبڕوابوون، وەك دوایی باسی دەکەین، کە مەبەست لە پێغەمبەرانی پێشوویە (عليهم الصلاة والسلام) گەلەکانیان داوای هەندێك شتیان لێکردوون، ئەوانیش کە داوایان لە خوا کردووە و شتەکان هاتوونە دی، خەڵکەکە پێی بێبڕوابوون، خوای دادگەریش لە بەینی بردوون، وەك حوشترەکەی صالح و (خوان)ی مەسیح و موعجیزەکانی مووسا سەلامی خوایان لەسەر، دەربارەی موعجیزەکانی موسا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَـٰتٍۭ بَيِّنَـٰتٍ ۖ فَسْـَٔلْ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِذْ جَآءَهُمْ فَقَالَ لَهُۥ فِرْعَوْنُ إِنِّى لَأَظُنُّكَ يَـٰمُوسَىٰ مَسْحُورًا ﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء، خوا نۆ موعجیزەی بە مووسا دان، دووویان دەستو گۆچانەکەی بوون، حەوتەکانی دیکە ئەو شتانە بوون کە خوای بەرز لە سوورەتی (الأعراف)دا باسیان دەکات.

پاشان خوا ئامۆژگارییان دەکـات چ کاتێك ئەو پرسیارانە بکەن، ﴿ وَإِن تَسْـَٔلُواْ عَنْهَا حِينَ يُـنَزَّلُ ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ ﴾، وە ئەگـەر کاتێك ئـەو پرسـیارانە بکـەن، کـە قورئـان دێتە خـوار لە میـانەی هاتنە خـواری قورئـاندا، ئەوە بۆتـان ئاشـکرا دەبـن، ﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهَاۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴾، لەوەی ڕابردووە خـوا چاوپۆشـی کـردوەو بـوردوە، وە خـوا لێبـوردەی هێـدیو مەنـدە، کـە سـزای نـەداونو چاوپۆشـیی لێکـردوون، بـەڵام لەمـەودوا شتێك کە پەکتان لەسـەری نەکـەوتوە مەپرسـنو داوای مەکـەن،﴿ قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُواْ بِهَا كَٰفِرِينَ ﴾، بێگـومان لە پێـش ئێـوەدا کۆمـەڵێك داوای ئــەو جــۆرە شــتانەیان دەکــرد، دوایــیش پێــی بێبــڕوابوون، ﴿ ثُمَّ أَصْبَحُواْ بِهَا كَٰفِرِينَ ﴾، واتە: بەرانبـەری بێبـڕوا بوون، یان بەهـۆی شـتەکـانەوە بێبـڕوا بـوون، هەردوو واتـاکـەی هـەن.

ئنجـا خـوای بێهـاوتا باسـی ئـەوە دەکـات کـە هـاوبەش بـۆ خـوادانەرەکـان چـەند جۆرە ئاژەڵێکـیان لـە خۆیـان قەدەغـە کردبـوون، هـەروا لەسـەر بناغـەی درۆ بـە نـاوی خـوا هەڵبەسـتن، کــە: (بَحِيرَةٍ، سَآئِبَةٍ، وَصِيلَةٍ، حَامٍ) بـوون، کـە ئێمـە لـە مەسـەلە گرنگەکاندا چەمـكو واتاکـەیان زیاتر ڕوون دەکەینـەوە، خـوا دەفەرموێ: ﴿ مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴾، واتە: خـوا هیچ بەحیـرەو سائیبەو وەصیلەو حامی دانەنـاون، بەڵام ئەوانەی بێبـڕوان، درۆ بە ناوی خـواوە دەکەن، وە زۆربەشـیان نافامنو نــازانن، ئنجـا لــە کۆتاییــدا دەفــەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ

وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴾، ئەگەر پێیان بگوترێ وەرن بۆ لای شتێك كە خوا ناردوویەتە خوار كە قورئانە، وە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێن: ئەوەمان بەسە كە بابو باپیرانمان لەسەری بوون، ئەدی ئەگەر ئەو بابو باپیرانەیان هیچیان نەزانیبێو بە ڕێشیان نەزانیبێ، دەبێ هەر شوێنیان بكەون؟! نەخێر دەبێ بە دوای پێشینانێك بكەون كە بە ڕێی ڕاستدا بیانبەن، بەڵام كەسانێك كە بۆخۆیان بەڕێ نەزانن، چۆن ڕێ پێشانی ئێوە دەدەن؟!!

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** کە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! لە چەند شتێك پرسیار مەکەن، (واتە: لەبارەی چەند شتێکەوە پرسیار مەکەن) کە ئەگەر بۆتان دەربکەون، ببێتە مایەی نارەحەتییتان، واتە: پێتان ناخۆش بن، لێرەدا زانایان، وە توێژەرەوانی قورئان زۆر باسوخواسیان کردوە، دەربارەی ئەوە کە ئایا خوا ﷻ بۆچی لەو ئایەتە موبارەکەدا فەرمان بە ئیمانداران دەکات، کە دەربارەی شتانێك پرسیار نەکەن، لەبەرئەوەی کە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، یاخود دەرکەوتنی ئەو شتانە، دەبێتە هۆی نارەحەتییان؟ وە ئایا ئەو شتانە چین؟ وە ئەو جۆرە پرسیارکردنە چییە؟

## باسێك لە بارەی ڕەوایی و ناڕەوایی پرسیارکردنەوە لە شەریعەتدا

سەرەتا دەڵێین: لە ئیسلامدا ڕێ لە مسوڵمانان نەگیراوە پرسیار بکەن، بە پێچەوانەوە بەڵکو فەرمانیان پێکراوە، پرسیار بکەن، بەڵام پرسیاری بە ڕێوجێ، وە لە کەسانی شارەزا، وەك خوا ﷻ لە دوو ئایەتی موبارەکدا، لە سوورەتی (الأنبياء)، وە لە سوورەتی(النحل)دا، دەفەرموێ: ﴿ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣ ﴾، واتە: لە شارەزایان بپرسن، ئەگەر نازانن، لە زانایان بپرسن، شتێك کە نازانن بە نەزانی مەیڵێن، یان دوای مەکەون، تاکو لە زانایان نەپرسن، پاشان ئێمە دەبینین بەس لە سوورەتی (البقرة)دا حەوت جار مسوڵمانان

پرسیاریان کردوە لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی چەند شتێك بۆ وێنە:

١/ دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ﴿١٨٩﴾﴾ البقرة، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (أَهِلَّة) {کۆی (هلال)ە، واتە: مانگی یەك شەوو دوو سێ شەوە}، کە مانگ تازە دەردەکەوێ بڵێ: ئەوە خوا دایناوە بۆ دیاریکردنی کاتی عیبادەتو خواپەرستییەکانو کاتی حەج.

٢/ دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ﴿٢١٥﴾﴾ البقرة، واتە: پرسیارت لێدەکەن، چی ببەخشن؟.

٣/ دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ﴿٢١٧﴾﴾البقرة، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی مانگی حەڕام، جەنگ تێدا کردنی چۆنە؟

٤/ دەفەرموێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ﴿٢١٩﴾﴾البقرة، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی شەڕابو قومار.

٥/ دەفەرموێ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ ﴿٢١٩﴾﴾البقرة، واتە: (جارێکی دیکە) پرسیارت لێدەکەن چی ببەخشن؟ بڵێ: ئەوەی کە زیادە لەخۆتان.

٦/ دەفەرموێ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَـٰمَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ﴿٢٢٠﴾﴾البقرة، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی هەتیوان، بڵێ: چۆن بۆ ئەوان چاکەو دەبێتە مایەی چاکسازیی ماڵو سامانەکەیان، ئاوا مامەڵە بکەن.

٧/ دەفەرموێ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ﴿٢٢٢﴾﴾البقرة، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی حەیز، (ئافرەت کە دەکەوێتە بێنوێژییەوە) چۆن مامەڵەو ڕەفتار لەگەڵ ژندا بکەن؟

ئەوە حەوت جار، ئەو وشە موبارەکە بەس لە سوورەتی (البقرة)دا دووبارە

بۆتـەوە، کەواتە: ڕێ لە مسـوڵمانان نەگیـراوە پرسـیار بکـەن، چ لـە پێغـەمبەر ﷺ کە کاتی خۆی تەشریفی بووە، چ لە زانایانێك کە جێگرو میـراتگری پێغەمبەرن ﷺ پرسـیاریان لـێبکـەن، وە چ لـە زانایـانی دیکـە کـە لـە بوارەکـانی دیکـەی زانسـتە جـۆراوجـۆرەکاندا، زانسـتە دنیـایەکاندا شـارەزان، بەڵـکو فـەرمان کـراوە، (وەك گوتمـان) هـەم لـە سـوورەتی (النحـل)دا هـەم لـە سـوورەتی (الأنبیـاء)دا خـوا دەفەرموێ: ﴿فَسْـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾﴾، شتێك کە نـایزانن لە زانایان بپرسن، وە لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡ ﴿٨٣﴾﴾، واتـــە: (ئـــەو هەواڵـە کـە پێیـان دەگـات) ئەگـەر گێڕابایانـەوە بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ و بـۆ لای کاربەدەستان، ئەوانـەی کـە شـارەزاو توانـای هەڵهێنجـانیان هەیـە، دەیـانزانی ئـایا چـۆن مامەڵە لەگـەڵ ئەو هـەواڵەدا بکـرێ، کەواتـە: ئـەوە چ جۆرە پرسـیارکردنێکـە کە قەدەغە کـراوە؟

خـاوەنی (محاسـن التأویـل)، واتـە: (جمالـدین القـاسمي) لـە تەفسیـرەکەی خۆیـدا[1] دە جـۆر پرسـیارکردنی هێنـاوە، کـە ئـەو دە جـۆر پرسـیارکردنەن کـە خـراپو نـاڕەوانو نەهییـان لێکـراوە، ئەگـەرنا بەگشـتی پرسیارکردن بـۆ ئـەوە کە ئینسـان بگـاتە حەقیقـەتو بگـاتە ڕاستی، وە زانیـاری زیـاتری دەست بکـەوێ، نـەك هـەر ڕێ لێگیـراو نیـە، بەڵـکو فـەرمان پێکراویشـە، بـزانین ئـەو دە حاڵەتـە چین؟ وەك سـەرچاوەی ناوبـراو هێنـاویەتی، کـە مـن بـە ڕوونکردنـەوەو وێنـە هێنانـەوەوە قسـەکانی دێنـم:

## یەکـەم: پرسـیارکردنێك کە لە بـواری دینـداریـی دا سـوودی نەبـێ:

ئینسـان شـتێك بپرسـێ کـە لـە بـواری دینـداریی دا سـوودی نەبـێ، (ئـەو وێنـەی نەهێنـاونـەوە مـن دەیـانهێنمـەوە)، بـۆ وێنـە: گۆچـانەکەی مووسا ؈ چ جـۆرە دارێـك بووە؟ کەشـتیەکەی نووح چەند قـات بـوو؟ چـەند مـەتر بـەرز بـوو؟ چەند

---

١) ج٤، ص٣٩٢، ٣٩٦.

درێـژ بووە؟ چەنـد پان بوو؟ چـەند کـەس لەگـەڵ نـووح سـواری کەشـتیەکە بـوو ون؟ حوشـتـرەکەی صـالّح ﷺ ڕەنگـی چی بوو؟ قەدو قیافەی چەند بوو؟ تـا کۆتـایی، ئەو شـتانە کە قورئان باسـی نەکـردوون، دیارە ئینسـان پێویسـتی پێیان نیە، جا ئێمە لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسـمان کرد، کە پێغەمبەری خـوا ﷺ وتـار دەدا وتـارێکی زۆر کاریگـەر، وە پاشـان دەفـەرموێ: پرسـیارم لـێ بکـەن، هـەر پرسـیارێکـم لـێ بکـەن، وەڵامتـان دەدەمـەوە، (عَبْدِ اللهِ بْنِ حُذَافَةَ) یـەکێك لـە هـاوەڵان دەبـێ، بـەوە تۆمـەتبارکراوە کـە کـوڕی بـابی خـۆی نیـە، لـە سـەردەمی نەفـامییدا خـەڵك داوێـن پیسـییو غەڵـەتو پەڵەتیـان بـووە، هەرچـەندە ئـەو کاتەش خەڵـکی ڕەسەنو خێـزانو عائیلـەی ڕەسـەنو داوێـن پـاك هـەر هەبوون، بـەڵام خەڵـکی دیکـەی بـێ بەنـدوباریش هـەبووە، جـا (عَبْدِ اللهِ بْنِ حُذَافَةَ) لـە پێغـەمبـەر ﷺ دەپرسـێ: ﴿مَنْ أَبِي؟ قَالَ: أَبُوكَ حُذَافَةُ﴾، بابـم کێیـە؟ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بابت حوزافەیە، واتـە: کـوڕی بـابی خـۆتی، دوایـی دایکـی عەبـدوڵـلا کە دەبیسـتێتەوە دەڵـێ: ڕۆڵـە تـۆ زۆر وەك بلـێی منداڵـێکی ناصالّح بـووی بەرانبـەر بـە مـن، ئـەدی باشـە دڵنیـا بـووی دایکـت لـە سـەردەمی نەفامییـدا غەڵەتێکـی کردبـێ، بابـت نەفەرێکـی دیکـە بـێ؟ ئـەویش گوتوویـەتی: وەڵڵاهـی ئەگـەر پێغـەمبەری خـوا ﷺ پـاڵی دابامـە لای هـەر کەسـێك، ئەگـەر کۆیلەیـەکی ڕەش پێسـتیش بووایـە، ئـەوم بـە بـابی خـۆم دادەنـا، بـە هـەر حـاڵ ئـەو جـۆرە پرسـیارەی کە لە ڕووی دینـدارییـەوە پێویسـت نیە، نـابێ بکـرێ.

## دووەم: پرسـیاری زیـادو ناپێـویسـت:

واتە: باسی مەسـەلەیەکی دینـیی دەکرێ، ئەوەندە بەسـە کە شـەرع باسـیکردوە، ئەو دەچـێ زیاتر هەڵی دەکۆڵـێ، بـو وێنـە: پرسیارکردنەکەی بـەنی ئیسـڕائیل کـە مووسـا ﷺ پێیـان دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةٗ ۝٦٧﴾البقـرة، واتـە: بێگومـان خـوا فەرمانتـان پـێ دەکـات مانگایـەك سـەربڕن، دیـارە هـۆی ئـەو فەرمانە ئەوە بووە کە نەفـەرێك کـوژراوە، نەیانزانیوە بکوژەکەی کـێیـە؟ چوونە لای مووسـا ﷺ ئـەویش لـە خـوای پـەروەردگار پاڕاوەتـەوە چـی بکـەن؟ خـواش

فەرموویەتی: با مانگایەك سەرببڕن، ئەندامێکی ئەو مانگا سەربڕاوە لە لاشەی ئەو جەنازەیە بدەن، زیندوو دەبێتەوەو لێی بپرسن: کێ کوشتوویەتی؟ دەڵێ فلان کەس، وەك موعجیزەیەك بۆ مووسا ﷵ، دەڵێ: مانگا سەربڕن، دەڵێن: چۆن بێ؟ دوایی دەڵێن: ئەدی ڕەنگی چۆن بێ؟ ئنجا دوایی ئیشی کردبێ، یان ئیشی نەکردبێ؟ ئاوی کێشابێ؟ یان نەکێشا بێ؟ هەموو جارێك کە پرسیار دەکەن، زیاتر لەسەریان قورس دەبێ، ئەگەر پێشێ هەر مانگایەکیان سەر بڕیبا تەواو بوو، مووسا ﷵ پێیان دەڵێ: با ڕەنگەکەی زەردێکی وەها بێ کە هیچ پەڵەی دیکەی تێدا نەبێ، وە نابێ ئیشی کردبێ، وە لە ڕووی تەمەنەوە دەبێ مام نێوەندیی بێ، نێنگوون (نێوان) بێ، نە زۆر بە ساڵ دا چوو بێ، نە کەم تەمەنیش، هەموو جارێ لەسەریان قورستر دەبێ، سەرەنجام لە هەموو ناوچەی ئەوان دا یەك مانگای لەو جۆرە هەبووە، بەڵام مانگای دیکەو جۆری دیکە زۆر بوون، بەڵام بەو مواصەفاتە هەر ئەو مانگایە هەبوو، کە هی پیرەژنێك بووە، ئەو پیرە ژنەش گوتی: من ئەو مانگایەتان نادەمێ بە نرخێکی زۆر نەبێ، تا لە هەندێك ڕیوایەتدا دەڵێ: دەبێ پێستەکەیم بۆ پڕ بکەن لە زێڕ، ئەگەرنا ناتاندەمێ، ئەوانیش ناچار بوون هەر بیکڕن، پێشتریش لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمان کرد، کە ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللهَ كَتَبَ عَلَيْكُمُ الْحَجَّ)، فَقَامَ الأَقْرَعُ بْنُ حَابِسٍ فَقَالَ: أَفِي كُلِّ عَامٍ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قالها ثلاثا قَالَ: (لا، ولَوْ قُلْتُهَا لَوَجَبَتْ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٣٠٤)، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح، وَالحَاكِمُ برقم: (٣١٥٥) وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَين، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ}، ئەی خەڵکینە! بێگومان خوا حەج کردنی لەسەر پێویست کردوون، ئەقرەعی کوڕی حابیس گوتی: هەموو ساڵێك بیکەین؟ سێ جاران دووبارەی کردەوە، جاری سێیەم پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: نەخێر، هەموو ساڵ نا، بەڵام ئەگەر گوتبام بەڵێ، واجب دەبوو لەسەرتان و نەشتان دەتوانی، خوا دەفەرموێ حەجێ بکەن، ئیدی بۆچی لە خۆڕا دەڵێن: هەموو ساڵێك؟ یانی: ئەو جۆرە پرسیارانە کە پێویست نەبن، نابێ بکرێن.

**سێیەم: پرسیار لە بارەی شتێکەوە کە پەك لەسەری نەکەوتبێ:**

شتێك كە ئینسان پەكی لەسەری نەكەوتبێ نەپرسێ باشە، هەڵبەتە لە ڕووی دیندارییەوە زیاتر مەبەستە، لەوبارەوە پێغەمبەر ﷺ چەند فەرمایشتێكی هەن، بۆ نموونە:

١) پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿ذَرُونِي مَا تَرَكْتُكُمْ؛ فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ، وَاخْتِلَافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ، فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَدَعُوهُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٤٩٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٠٦٨)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٦١٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ}، واتە: شتێك كە من وازم لێ‌هێناوەو باسم نەكردوە، ئێوەش لێمگەڕێن، (لێم مەپرسن)، چونكە ئەوانی پێش ئێوە بەهۆی زۆر پرسیاركردنیانو ڕا جیاییانەوە لەگەڵ پێغەمبەرانیان (علیهم الصلاة والسلام) لەبەین چوون (واتە: بوونە بەش بەش بەشو پارچە پارچە)، هەر كاتێك فەرمانم بە شتێك پێكردن، بەپێی توانا لێی ئەنجام بدەن، وە هەر كاتێك شتێكم لێ قەدەغەكردن، وازی لێ بێنن.

٢) پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللّٰهَ حَدَّ حُدُودًا فَلا تَعتَدُوهَا، وَفَرَضَ فَرَائِضَ فَلا تُضَيِّعُوهَا، وَحَرَّمَ مَحَارِمَ فَلا تَنتَهِكُوهَا، وَسَكَتَ عَن أَشيَاءَ رَحمَةً بِكُمْ مِن غَيرِ نِسيانٍ فَلاَ تَسأَلُوا عَنْهَا﴾ {أَخْرَجَهُ الطَّبراني في (الكبير) برقم: (٥٨٩)، الدارقطني برقم: (٤٢)، المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير، ص: (١٦٧)، وَصَحَّحَهُ إِبْنُ كثير}، واتە: بێگومان خوا چەند سنوورێكی دیاری كردوون مەیانبەزێنن، وە چەند شتێكی فەرزكردوون مەیان فەوتێنن، وە چەند شتێكی قەدەغە كردوون، توخنیان مەكەون، وە لە هەندێ شت بێدەنگ بووە لەڕووی بەزەیی پێداهاتنەوەتان، بێ‌ئەوەی كە لەبیری چووبێ، لێیان مەپرسن.

٣) هەروەها ئەو دەقەش هەیە: ﴿سُئِلَ رَسُولَ اللّٰهِ ﷺ عَنِ السِّمنِ وِالجُبنِ والفِرَاءِ؟ فَقَالَ: الحَلاَلُ مَا أَحَلَّ اللّٰهُ فِي كِتابِهِ، والحَرَامُ مَا حَرَّمَ اللّٰهُ في كِتابِهِ، ومَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ مِمَّا عَفَا عَنْهُ﴾ {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (١٧٢٦)،

وَابْنُ مَاجَهْ بـرقم: (٣٣٦٧)، وَالطَّبَرَانـي فـي (الكـبير) بـرقم: (٦١٢٤)، وَالحَـاكِمُ برقم: (٧١١٥)، عَنْ سَلْمَانَ الْفَارِسِيِّ ﷺ، وَحَسَّنَهُ الألباني في (المشكاة) بـرقم: (٤٢٢٨)}، واته: پرسـيار له پێغەمبەر ﷺ كراوه دەربارەی ڕۆنو پەنیـرو فـەڕوە (كـە لەبـەردەكرێ) فەرمـــووی: حـــەلآڵ ئەوەیـە كـە خــوا لـە كتێبـــی خۆیـــدا حـەلآڵـی كردبێو، قەدەغە ئەوەیـە كە خوا لە كتێبـی خۆیـدا قەدەغـەی كردبـێ، وە ئەوەی لـێی بێـدەنگ بووە، ئەوە لەوەیە كە بە ڕەوایی هێشـتوویەتـەوە.

ئەو شـتەی كە خـوای زانا حەڕامی نەكردبێ، مانـای وایـە حەلآڵـە، ئـەو شـتانەش كـە حەلآڵـی كـردوون، ئـەوە دیـارە حەلآڵـن، ئـەوی دیكــە كـە حـەڕامی كـردوە، حەڕامـە، غـەیری حەڕامەكـە مانـای وایـە ئەگـەر دەقیشی لەسـەر نـەبێ، ئەسڵ لـە شـــتەكاندا حەلآڵیـــیو ڕێ پێـــدرانە، مـادام دەقێـــك لەسـەر قەدەغـــەكرانی نەبـــێ، وەك مـــن زۆر لـــە كتێبـەكـــانی خۆمـــدا ئـــەو بنچـــینە شـــەرعییەم باسـكردوە، كـە لەڕاســتییدا ئـەو بنچینە شـەرعییە، زۆر گرنگـە بۆئـەوەی كـە دیـنو دینـداریی لـە خەڵـك تەسـك نەكەینــەوە، وە دنیــایان لــێ نەكەینــە چــەرمی چۆڵەكـە.

## چـوارەم: پرســـیاركردن لە بـــارەی مەســـەلە قورسو ئـــاڵۆزەوە:

هەندێــــك مەســــەلەی قــورسو ئاڵـــۆز هــەن، وەك مەتــــەڵ وان، كەسـێك ئـــەو پرســـیارە لــە مامۆســـتایەك، لـە زانایـــەك بكـات، هـەر بۆئـــەوەی بیبەســتێتــەوەو، عاســـێی بكـــات، ئــەوەش نــەهی لێكـــراوە، لەوبــارەوەش ئـەو فەرمـوودەیـــە هەیـــە: ﴿عَـنْ مُعَاوِيَـةَ ﷺ أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ نَهَـى عَـنِ الْغَلُوطَـاتِ﴾ {أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٢٣٧٣٨)، وَأَبُــو دَاوُدَ برقــم: (٣٦٥٦) وَضَــعَّفَهُ الألبــاني فــي (ضـعيف المشــكاة) بـرقم: (٢٤٣) وفـي (ضعيف سنن أبي داود)}، واتـە: موعـاویە خـوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: پێغـەمبەری خـوا ﷺ ڕێگری كردوە لـە پرسیاركردن دەربـارەی ئـەو شـتانەی كــە خەڵـــك تێیانـــدا بەهەڵـــەدا دەچـــێ، (غَلوطـات) دەڵـــێ: (جَمْـعُ غَلُوطَـة أَو أُغلُوطَـة)، واتـە: بـۆ وێنـە ئەگـــەر لـە مامۆســـتایەك بپرسـی: (أَنَّ مُحَمَّدٌ) چـۆن ئیعراب دەكـرێ؟ ئـەویش وا دەزانـێ (أَنَّ) ئـەداتی تەئكـیدەو (حـرف مشبه بالفعل، ينصب الإسم ويرفع الخـبر)ە، بەلآم نـا، (أَنَّ)، لێـرەدا، واتـە: نالآنـدی، (أَنَّ مُحَمَّد) یانی: موحەممـەد نالآندی، كەچی مامۆسـتایەكە فكـری بـۆ شـتێكی دیكـە دەچـێ،

ئەو جۆرە پرسیارانەی کە وەك مەتەڵ وان، واباشە ئەو جۆرە پرسیارانە نەکرێن لە زانایان، بۆئەوەی کە پرسیاکەر جەربەزەیی خۆیو پاشان نەزانیی ئەو مامۆستاو زانایە دەربخات!! کە دیارە هیچ کەسێکیش وەڵامی هەموو پرسیارێك هەر نازانێ، بەس خوای پەروەردگار هەموو شتێك دەزانێ.

## پێنجەم: پرسیارکردن لە بارەی عیللەتو حیکمەتی عیبادەتەوە:

هەر شتێك کە خوا داینـاوە وەك عیبـادەت، بێ حیکمەت نیە، خوا دەفەرموێ: ڕۆژوو بگرن، دیارە حیکمەتی تێدایە، دەفەرموێ: نوێژ بکەن دەفەرموێ: دووعـا بکەن، دەفەرموێ: زیکر بکەن، دەفەرموێ: قوربانیی سەربڕن، هەمووی حیکمەتی هەیە، بەڵام زۆرجار خوا ﷻ حیکمەتەکەی بۆ ئێمە دەرناخات، بۆچی؟ بۆئەوەی مانای بەندایەتیی لە ئێمەدا باشتر بێتە دی، کاتێك بەو ئەرکانە هەڵدەستین، بە پێچەوانەی بواری هەڵسوکەوتەکانەوەو ئەو یاسا شەرعییانە کە پەیوەندییان پێیانەوە هەیە، کە مەگەر چۆن دەنا خوای پەروەردگار ئاماژە دەکات بە حیکمەتەکەیان، لەوبارەشەوە ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ مُعَاذَةَ قَالَتْ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ فَقُلْتُ مَا بَالُ الْحَائِضِ تَقْضِي الصَّوْمَ وَلاَ تَقْضِي الصَّلاَةَ؟ فَقَالَتْ: أَحَرُورِيَّةٌ أَنْتِ؟ قُلْتُ لَسْتُ بِحَرُورِيَّةٍ، وَلَكِنِّى أَسْأَلُ، قَالَتْ: كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ، وَلاَ نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلاَةِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٥٩٩٣)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٢١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٥٩)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٦٢)، والتِّرمِذِيُّ برقم: (١٣٠)}، واتە: موعاذە (ئافرەتێکە دیارە دەبێ لە جیلی دوای هاوەڵان بێ خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: پرسیارم لە عائیشە کرد خوا لێی ڕازی بێ، گوتم: بۆچی ئافرەتی حەیزدار ڕۆژوو دەگێڕێتەوە لە کاتی کەوتنە حەیزەدا، بەڵام نوێژەکان ناگێڕێتەوە؟ عائیشە گوتی: تۆ حەڕووڕیی؟ (خەواریج ئەو کاتە حەڕووڕییان پێ گوتوون، کە هەندێك بیروبۆچوونی سەیرۆکەیان هەبوون) منیش گوتم: نەخێر، حەڕووڕیی نیم، بەڵام پرسیار دەکەم (پێشێ وایزانی لە خەواریجە) ئنجا عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ئێمە دەکەوتینە حەیزەوە، فەرمانمان پێ دەکرا ڕۆژوو بگێڕینەوە، بەڵام فەرمانمان پێ نەدەکرا نوێژ بگێڕینەوە.

تــەواو، ئەو عیبــادەتە، حیكمەتەكەی چیــەو بۆچی وایــە؟ خـوا بۆخــۆی دەیزانــێ، كە دیــارە خۆ دایكمــان عائیشــە خــوا لێـی ڕازی بـێ زۆر شـارەزا بـووە، وە دەیتـوانی بلّـێ لەبـەر ئـەوە كـە ڕۆژووەكــان كــەمن، وە ڕۆژوو گــرتن لـە ســالّێكدا مانگێكە، بـەلاّم نوێـژكردن هـەموو ڕۆژێیـە، پێـنج فـەرزەو مەشـەققەتو مانـدووبوونی زۆری تێـدایە، بـەلاّم لەڕاسـتیدا پێویســت بـەوەش ناكـات، عیبادەتـەو خــوای پـەروەردگار دەفـەرموێ وا بكــەو دەفەرموێ: وا مەكـە، ئەوەیان بگـێڕەوەو ئەوەیان مەگێڕەوە.

## شـەشەم: پرســیاركردنێـك كە سـەر بكێشــێ بـۆ تەكـەللوف:

واتە: زۆر قووڵبــوونەوەو زۆر شــت لەخــۆ بـە زەحمـەت خســتن، وەك خــوا ﷻ بـە پێغـەمبەر دەفــەرموێ: ﴿ قُلْ مَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾ص، واتە: بلّـێ: من هیچ كرێتــان لــێ داوا ناكەم، هیچ پاداشــتم لێتان نـاوێ، وە من لەوانە نیــم كە شــت وەزەحمەت بخـەم، (مُتَكَلِّف) واتە: شت بە زەحمەتخەر، چونكــە (كُلْفَة) یـانی: قورســایی‌و مەســرەفو شـتێك كە باری شــانی ئینســان قـورس بكـات، دەگـوترێ: (الجُنـدِيُّ الـمُكَلَّف) لەبەرئـەوە ئـەركێكی لەسـەر دانـراوە، (مُتَكَـلّف) واتــە: كەسێك كە شت لەســەر خۆی، یـان لەسـەر خـەڵكی قـورس دەكات، جـا لەوبارەشـــەوە ئـەم شــوێنەوارە هەیـــە: ﴿عَنْ يَحْيَى بْنِ عَبْدِ الـرَّحْمَنِ بْـنِ حَاطِبٍ: أَنَّ عُمَرَ بْـنَ الْخَطَّابِ خَرَجَ فِي رَكْبٍ، فِيهِمْ عَمْرُو بْنُ الْعَاصِ حَتَّـى وَرَدُوا حَوْضاً، فَقَالَ عَمْرُو بْنُ الْعَاصِ لِصَـاحِبِ الْحَوْضِ: يَا صَـاحِبَ الْحَوْضِ! هَـلْ تَـرِدُ حَوْضَـكَ السِّبَاعُ؟ فَقَـالَ عُمَـرُ بْـنُ الْخَطَّابِ: يَـا صَاحِبَ الْحَـوْضِ! لاَ تُخْبِرْنَـا فَإِنَّـا نَـرِدُ عَلَـى السِّـبَاعِ وَتَـرِدُ عَلَيْنَـا﴾ {أَخْرَجَــهُ مالــك بــرقم: (٤٣)، والبَيهَقـيّ فــي (الكبرى) بـرقم: (١١١٤)}، واتە: یەحیــایی كـوڕی عەبـدوڕڕەحمان كـوڕی حاطیب، دەڵـێ: عومەری كوڕی خەتتـاب خـوا لـێی ڕازی بـێ، ڕۆژێك لەگـەڵ كاروانێـك چووە دەر، عەمری كوڕی عاصیش لەگەڵ ئـەو كاروانـە بـوو، هەتا چوونە سـەر حـەوزێك (ســەر گـۆمێكی ئــاو)، عەمــری كـوڕی عـاص بـە خـاوەنی گۆمەكـەی گـوت، ئایـا دڕنــدەكان دێنــە ســەر ئــەم  ئاوانـە، دێـن ئـاوی لــێ دەخۆنــەوە؟ عومــەری كــوڕی خەتتــابیش خــوا لێـی ڕازی بـێ، گـوتی: ئـەی خـاوەنی حەوزەكـە! پێمـان مەڵــێ،

هەوالْمـــان پـێ مـەدە، (مەڵــێ دێـن یـــان نایـەن)، هەنـدێك دڕنـدە لـە ئاوێـــك دەخۆنـــەوە، ئێمــەش بەســـەریان دەچیـــن‌و ئــەوان ڕادەكـــەن، ئێمـــە ئاوەكـە بەكاردێنیـن، وە دوای ئێمەش دڕنـدەش دێنە سەر ئاوەكە (واتـە: ئـەوە تەكـەللوف‌و هەڵقوڵێنیێكی بێ پاســاوە).

## حەوتـەم: پرسـیاركردنێك كە ڕەخنــە گرتن لە قوڕئـان‌و سـوننەت بگەیـەنێ:

لەوبـــارەوەش ئـەم شـــوێنەوارە هەیـــە: {قِيـلَ لِمَـالِـكِ بْـنِ أَنَـسٍ الرَّجُـلُ يَكُـونُ عَـالِمَـاً بِالسُّـنَّةِ أَيُجَـادِلُ عَنْهَـا؟ قَـالَ: لا، وَلَكِـن يخـبر بالسُّـنَّةِ فَـإِن قبلـتْ مِنْـهُ وَإِلاَّ سَكَـتَ}[1]، واتـە: بـە مالیكــی كـوڕی ئەنـەس گوتـــرا: پیاوێـك شـارەزای سـوننەتە؟ (یـــانی: دەقەكــــانی ســـوننەتی پێغەمبــــەر ﷺ) ئایـــا موناقەشـــە بكــــات لەســـەر دەقەكـانی سـوننەت، گوتـــی: نا، با بڵـێ: ئاوای كردوە، یان ئـاوای فەرمـووە، ئەگەر لـــێی وەرگیـــرا باشـــە، ئەگـەرنا بـا بێـدەنگ بـێ، (پێویســـت ناكـات موناقەشـــەو مشـــتومڕ بكـات).

## هەشـتەم: پرسـیاركردن لە بـارەی ئایـەتـە موتەشـابیهەكـانەوە:

واتــە: ئـەو ئایەتـــانەی كـە چـەند مانایـــەكی وێكچـــوویان هەیـــەو مانایـەكی ڕۆشـــنیان نیـە، بەڵـكو چـەند مانایـەك دەگەیـەنن، یـاخود ماناكـەیان بـۆ ئێمـە زۆر ڕۆشــن نیــە، چونكە خــوا ﷻ لـەوبارەوە دەفـەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧ ﴾ آل عمران، واتە: ئنجـا ئەوانــەی دڵیان لادانی تێدایە، بـە دوای ئـەوە دەكـەون كـە مانـای وێكچـووی هەیـــە، (چـــەند مانـــایەك هەڵدەگـــرێ)، بـۆ ئـــاژاوە گـێڕیی‌و بۆئەوەی (كە بە حیســاب) ماناكــەی بزانــن، كەواتــە: ئەوە شــتێكی بـــاش

---

١) محاسن تـأويل: ج٤، ص٣٩٥.

نیـە، لـەوبارەوە ئـەم شـوێنەوارە هەیـە: کـە (الذهبـي) لـە کتێـبی (العلـو)دا هێناویەتی دەڵێ: {جَاءَ رَجُل إلى مَالِكِ بْنِ أنَس، فقَالَ: يَا أَبَا عَبْدِ اللهِ! ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ طـه، كَيْفَ اسْتَوَى؟ قَالَ: فَمَا رَأَيْتُ مَالِكًا وَجَدَ مِنْ شَيْء كَمَا وجدته مِن مَقَالَتِهِ، وعلاه الرَّحضـآء (يَعني العرق) وأطرق القوم وجعلوا ينتظرون ما يأتي منه فيه، قال فَسُرِّي عَن مَالِك، وَقَال: الكَيف غَيْر مَعْقُول والإسْتِوَاء مِنْهُ غَيْر مَجْهُولٌ، وَالإيمَانُ بِهِ وَاجِبٌ، وَالسُّؤَالُ عَنْهُ بِدْعَةٌ، وَإنِّي أَخَافُ أَن تَكُون ضَالاً وَأمَرَ بِهِ فَأُخرج}، واتە: پیـاوێك هات بـۆ لای مـالیکی کوڕی ئەنـەس (کە دیارە یـەکێك لـە زانـا سـەر مەزهەبەکانـە، وە ئیمامی ئەهلـی مەدینـە بووە)، پیـاوەکە گوتی: ئەی ئەبا عەبدوڵڵا (کونیەی مالیکە) ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾، خـوای خـاوەن بـەزەیی چـووە سـەر عـەرش، چـۆن چـووە سـەر عـەرش؟ دەڵـێ: قـەت مالیکـم نەبینـی تـووڕە ببـێ بـە ئەنـدازەی ئـەوە لـە قسـەی ئـەو پیـاوە تـووڕە بـوو، (زۆر پێـی تێکچـووو پێی ناڕەحـەت بـوو) وە ئارەقـەی دەردەکرد، خەڵـکەکەش هەموو سـەریان دانەوانـدو بێدەنگ بـوون، داخـۆ مالیـك چـی دەڵـێ! دوای ماوەیـەك مالیـك ڕامـا، (ڕەنگـە یەکـەم جـار بووبـێ پرسـیاری لێکـرابێ لەوبـارەوە) دوایـی مالـیك گـوتی: چـۆنیەتی (لەسـەر عـەرش بوونی خـواو بەرزبوونەوەی خـوا بۆ سەر عـەرش) ناچێتـە عەقڵەوە، (یـانی: ئێمـە نازانیـن چۆنـە؟ ناچێتـە عەقڵـەوە بەو مانایەی نازانین چۆنە، ئێمـە نـازانین زاتی خـوا چۆنـە؟ سیفەتەکانی خـواش بـە هـەمان شـێوە، چوونە سـەر عـەرشیش یەکێکـە لە سیفەتەکانی خـوا، کەواتـە: ئێمـە نـازانین چۆنە) ئنجا گوتی: لەسـەر عەرش سـەقامگیـر بوون، یان بەرزبوونەوە بۆ سەر عـەرش نـەزانراو نیـە، (واتـە: مانای ئەو وشـەیە بۆ ئێمە زانراوە کە بـۆ خۆمـانی بەکاربێنـین، بـەڵام کاتێـك بـۆ خـوا ﷻ بـەکاری دێـنین، چۆنیەتییەکەی نـازانین)، {(إسْتوی) یـانی: (إرتفـع، أو عـلا، أو صـعد، أو اسـتقر)، ئنجـا کاتێـك بـۆ خـوا بـەکاری دێنـین، هـەر بـەو واتایـانەیە، بـەڵام چۆنیـەتییـەکـەی نازانیـن؟} وە ئیمان پێهێنـانی واجبـە، وە پرسـیار لەبـارەوە کردنیشی بیدعەتە، (مەبەستی ئەوە بووە کە شـتێکە پێشـتـر

نەبـووەو تازە داهێنـراوە)، وە من مەترسـیی ئەوەم هەیـە کە تۆ بابـایەکی گومـڕا بی، وە فەرمـانی پێکرد، کابرایان لە مەجلیسـەکە کـردە دەرێ.

کە دیـارە مـن لـەوەدا هەڵوێسـتی ئیمـام مالیکـم پـێ ڕاسـت نـەبووە، چونکە بەڵـێ کاتی خـۆی پرسـیار لـەوبارەوە نـەکراوە، بـەڵام خـەڵکی دوایـی کـە تێکـەڵ بـە میللـەتانی دیکـە بـوون، وەك فـارس و یۆنـان و هینـدو .... هتـد، ئـەو پرسـیارانەیان کردوە: خـوا چۆن چۆتـە سـەر عـەرش؟ یـانی مـەرج نیـە ئـەوە لەبەرئـەوە بـێ کـە کابرا گومڕایە، بەڵـێ ئیمام مالیك یەکـەم جـار بـووە بیبیسـتـێ، وە ڕەنگە بۆیـەش وەڵامێکـی ئامـادەی پـێ نـەبووەو بیـری لێکردۆتـەوە، وە وەڵامێکـی حەکیمانەشـی داوەتـەوە، بـەڵام بـە بۆچـوونی مـن نـەدەبوو کـابرا تۆمـەتبار بکـرێ بـەوەی کـە گومڕایـەو، وە دەریـش بکـرێ لـە مەجلیسـەکە! بـە هـەر حـاڵ ئـەو وایـکردوە، پێشـەوایەکی گەورەیـە، بـەڵام مانـای وانیـە کـە مەعصـوومە، هـەر پێغەمبـەران مەعصـوومن لـە هەڵـەو کەموکـوڕیی، مەبەسـتم ئەوەیـە ئەگـەر یـەکێك لـە ئێمـەش، یان مامۆسـتایەك پرسـیارێکی لێکـرا، پرسـیارەکەی پـێ شـتێکی سـەیر بـوو، بـە کـابرا نەڵـێ گومڕایـەو دەریشـی نـەکات! بڵـێ: ئیمـام مـالیکیش خـەڵکی دەرکـردوەو منیش دەری دەکـەم، لـەوەدا ئیمـام مالیـك تەماشـای نـاکرێ، چـونکە یـان هـەلومەرجەکـەی وای خواسـتوە، یـان بـە هـەر حـاڵ وەك گوتـم: ئـەو ڕەفتـارەی هەڵـە بووە، لەگـەڵ ڕێـزی زۆریشـمان بۆ ئیمـام مالـیك.

## نۆیـەم : پرسـیارکردن لە بارەی مشـتومڕی نێوان زانایـانی پێشـین (سلف)ەوە :

لەوبارەشـەوە ئـەم شـوێنەوارە هەیـە: {سُـئِلَ عُمَـر بـن عَبـد العَزيـز عَـن قِتَـالِ أَهْـل صـفّين، فَقَـالَ: تِلْـكَ دِمَـاء كَـفَّ اللهُ عَنْهَـا يَـدِي، فَـلاَ أَحـب أَنَ أُلَطِّـخ بهَـا لِسَـانِي} [(١)]، واتە: پرسـیار لـە عومـەری کوڕی عەبدولعـەزیز خـوا لـێی ڕازی بـێ کـرا (کـە بـە پێنجـەم خەلیفـەی ڕاشید نـاوزەد کـراوە) دەربـارەی جـەنگی خـەڵکی صـیففین (کـە لـە نێـوان عەلـی خـوا لـێی ڕازی بـێ خەلیفـەی مسـوڵمانان و موعـاویـە خـوا لـێی خۆشبێ کە لە عـەلی هەڵگەڕابۆوە لەگـەڵ ئەهلـی شـام، وە هەڵەش بوو لە هەڵوێسـتەکەیـدا) عومـەری کوڕی عەبدولعەزیز، گوتی: ئەو خوێنە

١) محاسـن تأويل: ج٤، ص٣٩٦.

کە ڕژاوە لەو جەنگەدا، خوا دەستی منی لێ پاراستوە، ئێستا حەز ناکەم زمانی خۆمی پێ پیس بکەم، واتە: حەز ناکەم بچمە نێو ئەو باس و خواسانەوە.

کە لێرەدا دیارە ئەو هەڵوێستەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە حاڵێکدا ڕاستە، بەڵام بۆ حاڵێکی دیکە مەرج نیە ڕاست بێ، لە حاڵێکدا ڕاستە کە قسەکردن لەوبارەوە سەربکێشێ بۆ زەمکردنی هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ و شکاندنیان، وەك شیعە دەیکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕاست نیە، ئەگەر قسەکردن لەو جەنگانەو لەو ڕووداوانەدا، بۆ ئەوە بێ کە پەندیان لێ وەربگرین، وە کێ لەسەر هەق بووە؟ وە کێ لەسەر ناهەق بووە؟ چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الْأَلْبَابِ ...﴿١١١﴾ ﴾یوسف، واتە: لە بەسەرهاتی پێشووواندا پەند هەیە بۆ خاوەن عاقڵان، جا پێشووان هاوەڵان بن خوا لێیان ڕازی بێ، میللەتانی پێشوو بن، ئەوانی دیکە بن، ئێمە پێویستە لە بەسەرهاتەکانیان دەرس و پەند وەربگرین: ﴿ وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ ...﴿١٢٠﴾ ﴾هود، واتە: بەسەرهاتی پێغەمبەرانت بۆ دەخوێنینەوە، تاکو دڵتی پێ بچەسپێنی، واتە: بزانی ئەوان چییان کردوە، ئەو هەڵە کەموکوڕییانە کە قەومەکانیان کردوویانە، وە خاڵە ئیجابییەکانیان چی بوون و بیزانی.

## دەیەم: پرسیارکردنی عینادیی و بەزاندن:

واتە: پرسیار بکرێ بەس بۆ ئەوە کە کەسی بەرانبەر دەستەوستان بکەی و بیبەزێنی و بێ قسەی بکەی، خوای کاربەجێ لەوبارەوە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ ﴾البقرة، واتە: لە خەڵکی هەیە کە وەختێ باسی ژیانی دنیا دەکات، قسەکەی سەرسامت دەکات، وە خواش بە شایەد دەگرێ لەسەر ئەوەی کە لە دڵیدایە، هەرچەندە درۆش دەکات، وە ئینسانێکی زۆر موناقەشەکەرو زۆر

نەسەلمێن‌و سەرخەرە.

جا پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە دەفەرموێ: ﴿أَبْغَضُ الرِّجَالِ إِلَى اللهِ الأَلَدُّ الْخَصِمُ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٥٧٤٥)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٤٥٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٧٢٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٩٧٦) وَقَالَ: حَدِيثٌ حَسَنٌ، وَالنَّسَائِيّ برقم: (٥٤٢٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٦٩٧)}، واتە: بوغزێنراوترینی پیاوان لەلای خوا، ئەوانەن كە زۆر موناقەشە دەكەن‌و، زۆر بە دوای شت دەكەون، ناسەلمێنن‌و كەللە ڕەقن، هەندێ كەس هەیە كە شتێك باس بكرێ، هەمیشە لای عەكسەكەی دەگرێ، بڵێی ماست سپییە، دەڵێ: ڕەشە! بڵێی: ئەم زستانە باران زۆرە، دەڵێ: نەخێر، زۆر كەم باریوە، ئاوا هەمیشە پێی خۆشە لای عەكس بگرێ، ئەو جۆرە كەسانە نەگونجاون لەنێو كۆمەڵگاداو، خەڵك كەیفی پێیان نایەت، بۆیە پێغەمبەریش دەفەرموێ: ﷺ ئەوانەی خوای بەرز زۆر دەیانبوغزێنێ، ئەو جۆرە كەسانەن.

ئنجا لە كۆتایی ئەو مەسەلەیەدا دەڵێم: فەرموودەیەكمان هەیە كە بە ڕاستی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئینسان شارەزای شتێك نەبوو، دەبێ بپرسێ فەرموودەكەش ئەوەیە: ﴿عَنْ جَابِرٍ قَالَ خَرَجْنَا فِي سَفَرٍ فَأَصَابَ رَجُلاً مِنَّا حَجَرٌ فَشَجَّهُ فِي رَأْسِهِ، ثُمَّ احْتَلَمَ فَسَأَلَ أَصْحَابَهُ فَقَالَ: هَلْ تَجِدُونَ لِي رُخْصَةً فِي التَّيَمُّمِ؟ فَقَالُوا: مَا نَجِدُ لَكَ رُخْصَةً، وَأَنْتَ تَقْدِرُ عَلَى الْمَاءِ فَاغْتَسَلَ فَمَاتَ، فَلَمَّا قَدِمْنَا عَلَى النَّبِيِّ ﷺ أُخْبِرَ بِذَلِكَ، فَقَالَ: (قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللهُ أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ وَيَعْصِرَ، عَلَى جُرْحِهِ خِرْقَةً ثُمَّ يَمْسَحَ عَلَيْهَا وَيَغْسِلَ سَائِرَ جَسَدِهِ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد برقم: (٣٣٦)، وَقَالَ الشيخ الألباني: حسن}، واتە: جابیر خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: كۆمەڵێك بووین بە سەفەر چووین، پیاوێك لە ئێمە بەردێكی بەسەری كەوت (ئایا لە جەنگدا بووە، ئایا بەردێك بەربۆتەوە، یەكێك بەردی هاوێشتوە سەری شكا بێ، دیارە سەر شكانەكەی زۆر بووە) دوایش ئیحتیلامی بوو، (دیارە شەوی بەسەردا هاتوە، هەر بەسەر شكاویی ئیحتیلامی بووە) پرسیاری لە هاوەڵەكانی كرد: ئایا مۆڵەت هەیە تەیەمموم بكەم؟ ئەوانیش

گوتیـان: مادام توانای بەکـارهێنانی ئاوت هەیـەو ئاوی لێیە، پێمان وانیـە مۆڵـەتی تەیەممومــت هەبــێ، ئـەویش خـۆی شـۆرد بـۆ (ئـەوەی بـێ نوێژییەکــەی لـەخۆی دەربکـات)، لە ئەنجامدا مرد، کاتێك چووینەوە لای پێغـەمبەری خـوا ﷺ هـەواڵی پێـدرا لەوبـارەوە، فـەرمووی: کوشـتیان، خـوا بیانکـوژێ، ئەگــەر نەیانـدەزانی بـۆ نەیانـدەپرسـی، (کـە نەیانـدەزانی دەبـوو بـە نەزانـیی فتوایـان بـۆ نەدابـا، لـە ئەنجـامی فتواکـەی ئەوانـدا ئـەویش بمـرێ) چارەســەری نـەزانین بریتیـە لـە پرسـیارکردن، ئنجا دوایـی باسـی کـرد فـەرمووی: ئەوەنـدەی بـەس بـوو، تەیەممـوم بکـات، وە برینەکـەی ببێچـێ بـە پەڕۆیـەك، دوایـی دەسـتی تـەڕی پێـدا بێنـێ، وە بەدەنی دیکەی کە زەرەری نیە شۆردبای، بەوەنـدە شـتەکەی تـەواو دەبـوو، کەواتـە: پێویسـتی بەوە نەدەکرد کە خۆی بشـواتو برینـەکـەی تـەڕ بـێو لـێی ئـاوەدز بـێو سـەرەنجـام بمـرێ.

**مەســـەلەی دووەم**: کــە دەفــەرموێ: ﴿وَإِن تَسْـَٔلُواْ عَنْهَا حِينَ يُـنَزَّلُ ٱلْقُرْءَانُ تُبْدَ لَكُمْ﴾، ئەو شـتانەی کـە دەتانـەوێ لەبارەیانـەوە بپرسـن، یـان ئـەو پرسـیارانەی کـە هەتانن، ئەگــەر لـە کاتێکدا کـە قورئـان دێتـە خـوار، پرسـیارەکانتان بکــەن، بۆتــان ڕوون دەبێتــەوە، ئەمـە چـی لـێ وەردەگیـرێ؟ ئەمـە لێـی وەردەگیـرێ کـە هەرچی ئێمە پەکمـان لەسـەری کەوتوە، لـە بـواری دینـداریی‌و دنیـاداریی دا، قورئـان لـە دوو توێی خۆیـدا ڕوونی کردۆتــەوە، یـاخود قورئــان حەواڵەی پێغەمبـەری ﷺ کـردوە، بەڵام کێ دەتـوانێ ئـەوە لـە قورئـان تێبگـات؟ بێگومـان زانایـان دەتوانــن، بۆیـــەش خـوا دەفـەرموێ: ﴿فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْـلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٤٣﴾﴾النحل، واتـە: لە شارەزایان بپرسـن ئەگەر نـازانن، لە زانــایان بپرســن، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە ئـەو ڕسـتە قورئــانییە، ئـەوە دەگــەیەنێ کـە مسـوڵمانــان دەبـێ هەوڵــبدەن لەبـەر ڕۆشـنایــی قورئانــدا وەڵامــی پرســیارەکانیان دەســتکەوێ، وە ئــەوەی کــە قورئــان فەرموویەتی، ئیکتیفـای پـێ بکـەن، قورئـان چەنـدی فـەرمووە، ئـەوانیش بەوەنـدە واز بێنــن، بــۆ وێنــە: خــوای پەروەردگــار باســی دەســتنوێژ دەکــات، وەکـو لـە دەرسـەکانی ڕابـردوو باسـمان کـرد، هـەر لـەم ســووڕەتی (الـمائدة)دا دەفــەرموێ:

ئەگـــەر هەڵسـان بـۆ نوێــژێ دەموچـاوتان بشــۆن، لەگـەڵ ئانیشــکتان، مەسـحی سـەرتان بکەنو، پێیەکـانتـان بشـۆن تـەواو، ئیـدی ئەوانـەی زۆر وردی دەکەنـەوەو زۆر قـووڵی دەکەنـەوەو بـە زەحمـەتی دەخـەن، لەڕاستییدا پێچـەوانەی ئەوەیـە کـە خـواو پێغـەمبەری خـوا ویسـتوویانە، یـانی: خـوای پەروەردگـار باسـی دەسـتنوێژی کردوە، لە ئایەتێکـدا بەڵکـو لـە بەشێك لـە ئایەتێکدا، بـەڵام ئێسـتا زانـای وا هەیـە موجەللەدێکـی گـەورەی دەربـارەی دەسـتنوێژ دانـاوە، بەڵـێ ئـەو شـتەی زۆر پێویسـتی بە لێکـۆڵینەوە نەبووە، زۆریان لێکـۆڵـینەوە دەربارە کردوە، وە ئەوەی کە پێویسـتی بە لێکـۆڵینەوەو توێژینـەوە هەیە، کە ئـەو شـتانەن شـەریعەت بـە هێڵـی گـشتیو بە ئامـاژە باسـیکردوون، دەبوو ئەوانـە زۆریان لـێ بکـۆڵرێتـەوە، بـۆئەوەی ئێسـتا مسـوڵمانان پەکیان نەکـەوێ لە بواری دەوڵەتـدارییو حوکمڕانیـی دا.

**مەسـەلەی سـێیەم**: کـە دەفـەرموێ: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَا﴾، خـوا چاوپۆشیی لـەو شـتانە کـردوە، ئایا ئەو شـتانە مەبەسـت پێیـان چییـە؟ سـێ واتـای هـەن:

١/ (عَنِ الأَسْئِلَة) واتە: ئـەو پرسیارانەی پێشـێ کردووتـانن، خـوا چاوپۆشیی لێیـان کردووەو لەسـەر ئەوە سـزاتان نادات، چونکـە پێش ئەوەی ئەم ئایەتە بێتە خوارێ، ئەو پرسـیارانەتان کردوون، بـەڵام لـە دوای ئـەوەی کـە خـوا فەرموویـەتی: شـتێك مەپرسـن کە پێویسـتتان پێی نیـە، یـاخود پرسـیاری بێجـێ مەکـەن، لەمـەودوا هـەر کەسێك پرسـیاری بێـجێ بکـات، ئـەوە دیـارە لێبـوردنی خـوا نایگرێتـەوەو، هەڵـەیەکـەو گوناهێکەو لەسـەر تۆمـار دەکـرێ.

٢/ (عَنِ الأشياء) ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَا﴾، ڕاناوەکەی دەچێتەوە بـۆ (أشيـاء) واتـە: ئـەو شـتانەی کە پرسیارتان لەبـارەوە کردوون، خـوای بـەرز چـاوپۆشیی لەوانـە کـردوە، بـەڵام لەمـەودوا دەربـارەی شـتی دیکە مەپرسـن.

٣/ (أي تركهـا عفـواً) واتــە: خـــوا ئـــەو شـــتانەی چاوپۆشـــیی لێکـــردوەو ڕوونـــی نەکردوونەوەو لێیـان گـەڕاوە، ئێوەش لێیـان گەڕێنو، هەڵیـان مەکۆڵن، لـەوبارەوە ئەم فەرموودەیـە هەیە: ﴿إِنَّ أَعْظَمَ الْمُسْلِمِينَ جُرْمَاً مَنْ سَأَلَ عَنْ شَيْءٍ لَمْ يُحَرَّمْ فَحُـرِّمَ مِـنْ أَجْـلِ مَسْـئَلَتِهِ﴾ {أَخْرَجَـهُ البُخَـارِيُّ بـرقم: (٧٢٨٩)}، پێغەمبـەر ﷺ

دەفەرموێ: مسوڵمانێك كە گوناهی لە هەموو كەس گەورەترەو مەزنتـرە، كەسێكە كە پرسـيار دەربارەی شـتێك دەكات كە پێشـتر قەدەغە نەكـراوە، بـەڵام بەهـۆی پرسـياركردنەكەی ئەوەوە، قەدەغـە دەكرێ، یانی: شـتێك هەیە خـوای پـەروەردگار لێی گەڕاوە، مسـوڵمانێك دەپرسێ: ئەو شتە چۆنە؟ هێندەی هەڵدەكۆڵـێ، شـەریعەت دەڵـێ قەدەغەیـە، بـەهۆی پرسـیاركردنو لێكـۆڵینـــەوەی ئـەوەوە قەدەغــە دەكـرێ، ئـەوە گونـاهێكی زۆر گـەورەی كـردوە، بۆچـی؟ چـونكە شـەریعەت پێـی خـۆش نیـە ژمـارەی قەدەغـەكراوان زۆر بـێ، پێـی خۆشـــە ژمـارەی حـــەڵاڵەكانو ژمـــارەی ڕێ پێدراوەكان زۆر بێ، بۆئـەوەی دینداریی‌و دنیـاداریی بۆ خـەڵك ئاسـان بی.

**مەسـەلەی چـوارەم**: كـە دەفـەرموێ: ﴿ قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُواْ بِهَا كَفِرِينَ ﴾، كۆمەڵێك لە پێش ئێوەشدا ئەو پرسیارانەیان كـردن، یـاخود ئـەو شـــتانەیان پرســـین، یـان ئـەو شـــتانەیان داوا كـرد، چـونكە ﴿ قَدْ سَأَلَهَا ﴾، دەگونجـێ بە مانـای داوایانكرد (طَلَبَهَا)بـێ، وە دەشـگونجێ بـە مانـای: لەبارەیانـەوە پرسـیان: (سَأَلَهُ عَنْهَا)بـێ، واتـە: شـتەكانیان داوا كـرد، یـاخود ئـەو پرسـیارانەیان لەبارەیانــەوە كـرد، ﴿ ثُمَّ أَصْبَحُواْ بِهَا كَفِرِينَ ﴾، دواییـش بــە وەڵامــەكان كـافر بـوون، واتە: بڕوایان پـێ نەكردن، یـاخود بـە هـۆی ئـەو شـــتانەوە كـە بۆیـان ئاشكرا كـــرا، یـان ئـەو شـتانەی كـە داوایـان كردبـوو، داواكارییـەكانیان كـە جێبـەجێ كـران، ئەوانیـش بڕوایان پـێ نەهێنـــان، بەهــۆی ئـەوەوە كــافر بـوون، وەك قـەومی صـــاڵح داوا لــە پێغــەمبـــەر صــاڵح ﷺ دەكـەن كـە حوشـتـــرێكیان بـۆ لـە شـاخێكی ڕەق دەربهێنـێو بەچكەیەكیشـی لەگەڵـدابێ! ئـەویش لـە خـوا دەپاڕێتـەوە حوشـترێك لـە بـەردێك دێتـە دەرێ، وە بەچكەیەكیشـی لەگەڵـدا دەبـێ، دواییـش لەجیـاتی ئـەوەی ئیمـــانی پێبێنـــن، كـە ئـەوە موعجـــیزەی صـاڵح ﷺ پێغـــەمبەری خـــوایە (لــە بەردێكـی ڕەق حوشـتـــرێك بێتــە دەرێ بــە بەچـكەوە، كــە هــەموو خـەڵكی ئـەو عەشـیـــرەتە دەیاندۆشـــیو بـایی هـەموویان شـیری تێـدا بـوو، بـەڵام یـەك ڕۆژیـش

دەبووایە تەنیا ئەو لە ئاوی کانیەکە بخواتەوە، وەك لە ئایەتەکاندا باس دەکات)[1] کەچی هەڵسان ڕۆژێك پەل بەستیان کردو سەریان بڕی، خوای دادگەریش غەزەبی لێگرتن، کە ئەو موعجیزەیە کە خوای باڵادەست دابووی بە صالح، لەجیاتی ئەوەی ڕێزی لێبگرن، وە ئیمانی پێ بێنن، هەڵسان ئاوایان لێکرد، هەروەها ئەو سفرە (مائدة)یەی کە دوایی لە دەرسەکانی داهاتوودا باسی دەکەین، ئەو سفرەو خوانە پڕخواردنەی کە حەوارییەکان داوایان لە عیسا ﵇ کرد بۆیان لە خوا بپاڕێتەوە: سفرەیەکیان لە ئاسمانەوە پڕ لە خواردن بۆ بێتە خوارێ، ئەویش داوای کردو بۆیان هاتە خوار، هەندێك لە زانایان دەڵێن: دوایی بڕواشیان پێ نەکرد، ئەوە مانای وایە بووە هۆی کافربوونیان، یاخود ئەو موعجیزەو نیشانانەی کە بە مووسا ﵇ درابوون ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ۖ فَسْـَٔلْ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِذْ جَآءَهُمْ فَقَالَ لَهُۥ فِرْعَوْنُ إِنِّى لَأَظُنُّكَ يَٰمُوسَىٰ مَسْحُورًا ﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء، ئەو نۆ موعجیزەو نیشانانەی بە مووسا درابوون، کە حەوتیان لە سوورەتی (الأعراف)دا باسکراون، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ قَالُوا۟ لَنَا هَٰذِهِۦ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا۟ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ ۗ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمْ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣١﴾ وَقَالُوا۟ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟

---

١) وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ مَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِـَٔايَةٍ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٥٤﴾ قَالَ هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿١٥٥﴾ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥٦﴾ ﴾ الشعراء.

قَوۡمًا مُّجۡرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾الأعـراف، دووانیشـــیان گۆچـانەکەیو دەسـتی ڕاسـتی بـوون، کەچی دوایی ئەوە بووە هۆی ئەوە کە ئالـی فیـرعەون بڕوایـان پـێ نەکـردن، خـوای بالادەسـتیش بە هۆی ئەوەوە غەزەبـی لـێگرتن.

کەواتـە: ئێـوەش هەنـدێك داواکـاریی مەکـەن، کـە دوایـی شـتەکانتان بـۆ بێنـە دیو ئێـوەش پێوەیـان پابەنـد نـەبن، ئـەوەش ببێتـە هـۆی کافربوونتـان، یـاخود هەنـدێك پرسـیار مەکەن کـە ئەگـەر وەڵامەکـەتان دەسـتکەوێتەوە بۆتـان خـراپ بـێ، واتـە: بـە دوای شـتێك مەکـەون کە پەکـتان لەسـەری نەکـەوتوە.

**مەســـەلەی پێنجـــەم**: کــە دەفــەرموێ: ﴿ مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٖ وَلَا سَآئِبَةٖ وَلَا وَصِيلَةٖ وَلَا حَامٖ ﴾، دیـارە ئێمـە پێشـتر باسـمان کـرد، کـە ئـەو وشـانە لـە چییەوە هاتوون: ﴿ بَحِيرَةٖ، سَآئِبَةٖ، وَصِيلَةٖ، حَامٖ ﴾، کە ئەوانـە چوار جـۆرە ئـاژەڵ بـوون، بە زۆریی حوشـتـر بوون، وە دەگونجـێ ئاژەڵـی دیکـەش بووبن، مانگـاو مـەڕو بـزن، کافرەکـان بـە چــەند وەسـفێکەوە ئـەو چـوار جـۆرە ئاژەڵــەیان لەخۆیـان قەدەغـە کردبوون، بێئـەوەی هیـچ بەڵگـەیەکـیان لەوبـارەوە هـەبێ.

دیــارە ئــەو قەدەغــەکردنەش بــەبێ بەڵــگە خــوای پــەروەردگار زۆر زۆری پــێ ناخۆشـە، وەك لە چەند شـوێنان ئەوە لە قورئـانـدا هـاتوە بۆیە لێرەشـدا دەفـەرموێ:

﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَأَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ﴾، بـــــــەڵام ئەوانەی بێبـڕوان درۆ بە نـاوی خـواوە هەڵدەبەسـتن، وە زۆربـەیان نـازانن‌و نەفـامن، ئەگـەرنا دەبوو شـتێك کە خوا حـەڵاڵـی کردوە، لەخۆیـانی قەدەغە نەکـەن.

لەوبارەشـەوە ئـەم فەرموودەیـە هەیـە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفـەرموێ: ﴿رَأَيْتُ عَمْـرَو بْـنَ عَـامِرٍ الْخُزَاعِـيَّ يَجُـرُّ قُصَـبَهُ فِـي النَّـارِ وَكَـانَ أَوَّلَ مَـنْ سَـيَّبَ السَّـوَائِبَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٨٧٧٣)، وَالبُخَـارِيُّ بـرقم: (٤٦٢٣)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٧١٢٢)}، واتــە: عــەمری کــوڕی عامیــری خــوزاعییم بینــی لــە ئــاگری دۆزەخــدا، ڕیخــۆڵەکانی لـە دوای خــۆی ڕادەکێشــان، یەکـەمین کـەس بـوو کـە (سـائبة)ی دانـا،

(واتە: ئەو جۆرە حوشترانە کە دەبێ وێڵ بکرێن‌و بەکارنەهێنرێن‌و، سوودیان لێ نەبینرێ، بە بڕو بیانووی نامەنتیقیی).

**مەسەلەی شەشەم**: کە دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَأَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ﴾، بەڵام ئەوانەی بێبڕوان درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن، وە زۆربەشیان نافامن، ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە حەرامکردن بە ناوی ئایینی خواوە، بە ناوی خواوە، شتێك کە خوا حەلاڵی کردوە، قەدەغە بکەی ئەوە درۆ هەڵبەستنە بە ناوی خواوە، وە نیشانەی نەفامیی‌و نەزانییشە، کەواتە: مسوڵمانان دەبێ وریا بن، هەندێ کەس هەر لەخۆوە زۆر لەززەت لەوە دەکات هەمیشە بڵێ: ئەوە حەرامە، ئەوەش حەرامە، ئەوەش حەرامە، دەوری خەڵکی بە حەرام دەتەنێ، وادەزانێ ئەوە دینداریی‌و تەقوایە، دوایی خەڵك بڵێن: ماشاء الله زۆر بە تەقواو دیندارە! حەلاڵی نەهێشت، هەمووی حەرام کرد! بەڵام نا، ئەوە لەڕاستییدا نیشانەی نەفامیی‌و نەزانییە، چونکە خوا ﷻ عەبدەکانی خۆی عاسێ ناکات، وە خوا هیچ شتێکی لە خەڵك قەدەغە نەکردوە، مەگەر لەبەر ئەوە کە زیانی لێ دەکەن، ئەگەرنا هیچ شتێکی بەکەڵکی لە خەڵك قەدەغە نەکردوە، هەرچی خوا قەدەغەی کردوە، یان بۆ جەستەیان زەرەری هەیە، یان بۆ عەقڵیان، یان بۆ ڕووحیان، یان بۆ تاك، یان بۆ خێزان، یان بۆ دنیا، یان بۆ قیامەت، یان لە هەموو ڕووەکانەوە زیانبەخشە، وە هەرچی کە بۆی حەلاڵ کردوون هەموو ئەو شتانە سوود بەخشن، کەواتە: نە دینداریی‌و پارێزکاریی‌و نە عەقڵ‌و مەنتیقە، کە لەخۆڕا بازنەی قەدەغەکان لە خەڵك فراوان بکەین، بە بیانووی ئەوەی کە دەمانەوێ خەڵك خوا لێی ڕازی بێ‌و دینداریی باش بکەن، بۆیە خوای پەروەردگار لە زۆر شوێنان لە قورئاندا باسی ئەوە دەکات، بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٞ وَهَٰذَا حَرَامٞ لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ ﴿١١٦﴾﴾ النحل، واتە: وە بەوەی کە زمانتان وەسفی دەکات هەر لەخۆوە مەڵێن: ئەمە حەلاڵەو ئەمە حەرامە! بۆئەوەی کە بە ناوی خواوە درۆ هەڵبەستن، بێگومان

ئەوانەی کە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن، سەرفراز نابن.

یان لە سوورەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَـٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ ۖ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ۝٥٩﴾، واتە: بڵێ: ئایا ئەو ڕزقە دەبینن کە خوا بۆی ناردوونە خوار، ئێوەش لە خۆوە هێندێکی بە حەڵاڵو هێندێکی بە حەڕام دادەنێن، بڵێ: ئایا خوا فەرمانی پێکردوون؟ یان بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن؟ یانی: لە خۆڕا شت لە خەڵك قەدەغەکردن، درۆ بە ناوی خواوە هەڵبەستنە، وەك من لە کتێبی: (جەژنو یادو بۆنەکانو هەڵسەنگاندنێك)دا باسم کردوە، کە گوتت: ئەوە حەڕامە، دەبێ بەڵگەیەکت هەبێ، لە قورئانو لە سوننەتدا، دەبێ بەڵگەیەکی ڕوونو بێ چەندو چوونت هەبێ، ئەمما لەبەرئەوەی لەگەڵ میزاجی تۆ نایەتەوە، یان تۆ پێت چاك نیە، دەتوانی بڵێی پێم باش نیە، بەڵام ناتوانی لە خۆڕا بڵێی: ئەوە شتێکی حەڕامو خراپە، چونکە ئەوە عادەتی بێبڕوایەکانە، وە نیشانەی نەفامییو نەزانیيشە.

<u>**مەسەلەی حەوتەمو کۆتایی:**</u> کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُوا۟ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾، واتە: وە ئەگەر پێیان بگوترێ: وەرن بۆ لای شتێك کە خوا ناردوویەتە خوار، واتە: بۆ لای قورئان ﴿وَإِلَى ٱلرَّسُولِ﴾، وە وەرن بۆ لای پێغەمبەر، ﴿قَالُوا۟ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ﴾، دەڵێن: ئەوەمان بەسە کە بابو باپیرانمان لەسەر بینیوە، ئێمە لەسەر ڕێی پێشینانی خۆمان دەڕۆینو نایەین بۆ شوێنکەوتنی وەحی بەرجەستە لە قورئانی خواو لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺو هەر لەسەر ڕێچکەی پێشینان دەڕۆین، ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾، ئەدی ئەگەر

باب‌و باپیرانیان‌و پێشینانیان هیچیشیان نەزانیبێ‌و بە ڕێشیان نەزانیبێ، دەبێ هەر كوێرانە بە دوایان بكەون؟ ئایا ئەگەر بۆخۆشیان بە ڕێیان نەزانی بێ، دەبێ تۆ هەر بەدوایان بكەوی؟ بۆ زانیارییتان ئەو حەقیقەتە لە چوار شوێنان لە قورئاندا هاتوە:

١) لە سوورەتی (البقرة)دا هاتوە كە خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُواْ بَلۡ نَتَّبِعُ مَآ أَلۡفَيۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآۚ أَوَلَوۡ كَانَ ءَابَآؤُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَهۡتَدُونَ ١٧٠﴾.

٢) وە لە سوورەتی (المائدة)دا ئەوەی كە ئێستا خوێندمانەوە: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُواْ حَسۡبُنَا مَا وَجَدۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَآ﴾.

٣)- وە لە سوورەتی (الزخرف)دا دەفەرموێ: ﴿بَلۡ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ ٢٢﴾.

٤)- وە هەر لە ئایەتی لە دوای ئەودا دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ ٢٣﴾، لەو چوار شوێنەدا ئەم بابەتە هاتوە، كەواتە: شوێنكەوتنی كوێرانەی پێشینان ئاستەنگ‌و لەمپەرێكی گەورەی ڕێگای دینداریی‌و مسوڵمانەتییە، وە عادەتی كافرەكانیشە، جا ئەوە بۆیە وادەڵێم، چونكە زۆرجار گەنجێكی عاقڵی ڕووح سووكی پاك، پیاوێكی بەتەمەن، یان مەلایەك، یان شێخێك، یان حاجییەك دەبینێ شتێك دەكات، پێی وایە سوننەتە، ئەو گەنجەش دیارە شارەزایە‌و شتێكی خوێندۆتەوە دەڵێ: ئەوە سوننەت نیە، بۆ وێنە: بە دەستی چەپ تەسبیحات دەكات، لە حەدیسی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە

کە پێغەمبەری خوا دەستی ڕاستی بۆ شتە پاکەکان بەکارهێناوە، شتێکی بە کەسێك دابێ یان لێی وەرگرتبێ، یان بۆ تۆقەکردن، بۆ سەلام کردن، بۆ شتی موحتەرەم دەستی ڕاستی بەکارهێناوە، وە بەپێچەوانەوە دەستی چەپی بەکارهێناوە بۆ تارەتگرتن، بۆ لووت سڕین، بۆ ئەو شتانە بەکارهێناوە، بۆیە تەسبیحاتو زیکری خوا ژماردن بە دەستی چەپ گونجاو نیە، چونکە من زۆر ئەوەم بینیوەو جاری وابووە بیستوە، کە گەنجێگ ئاوا گوتوویەتی: خاڵە گیان! مام حاجی گیان! فلان شتە مەکە، چونکە ئەوە پێچەوانەی سوننەتە، کەچی ئەو تووڕە بووە، بۆچی؟ چونکە وای بینیوەو لە ڕابردوودا هەر وابووە، زۆر لە خەڵکی مسوڵمان ئێستا ئەو عادەتە غەڵەتەی کافرەکانیان کردۆتە عادەتی خۆیان، شتێکیان پێ بگوترێ، تەماشا ناکەن داخۆ چی گوتراوە، وەك عەرەب دەڵێن: (أُنظُروا إِلى مَا قِيل وَلاَ تَنْظُروا مَنْ قَالَ) واتە: تەماشا بکەن چی دەگوترێ، تەماشا مەکەن کێ دەیڵێ، گەنجێکە هەرچەندە لە تۆ کەم تەمەنترە، بەڵام ئەگەر قسەکەی هەقە، لێی وەربگرە! بەڵام ئەگەر ئەوە بکرێتە بەڵگەو بیانووی وەرنەگرتنی شتێکی هەقی بەڵگەدار کە: وەختی خۆی وابووەو پێشینان وابوون!! بێگومان عادەتی کافرەکان بووە، بەڵام مسوڵمانان هەمیشە عەقڵیان کراوەیە، وە عەقڵیان ئازادە، وە ئازان، چ شتێ تازەیە، مادام بەڵگەدار بێ، وە بە سوودو بە کەڵك بێ، بەرژەوەندیی تێدابێ، وەری دەگرن، با پێشتریش ئەو شتە نەبووبێو خەڵك پێوەی ڕانەهاتبێ، بەڵێ لەبەرئەوەی کە پێشینان وایانکردوە، با غەڵەتیش بێ، هەر شوێنیان بکەون، مسوڵمانان بەو شێوەیە نین، ئەوە عادەتی موشریکەکانو کافرەکانە کە خوا ڕەخنەیان لێدەگرێ، لە چوار ئایەتان لە قورئاندا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

# دەرسی بیست و سێیەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە ئایەتی ژمارە (١٠٥ تا ١٠٨) واتە: چوار ئایەتی موبارەك دەگرێتەوە، لەو چوار ئایەتەدا خوا ﷻ سەرەتا بۆ جاری پازدەیەم لەم سورەتەدا، دیارە پاشان بۆ جاری شازدەیەمیش بانگی مسوڵمانان دەكات، بە نازناوی ئیمان، وە پێیان دەفەرموێ: كە لەخۆیان وریا بن، چونكە ئەگەر خۆیان ڕێی ڕاستگرتوو بن، گومڕابووان زیانیان لێ نادەن، پاشان خوا ﷻ دوای ئەوەی كە بۆ جاری شازدەیەمو كۆتایی لەم سورەتەدا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، باسی وەصیەتكردنی كەسێك دەكات كە ڕێبوارەو سەرو حەدی مەرگیەتی، وە نیشانەكانی مەرگ لێی دەركەوتوون، كە دەبێ وەصیەت بكات بۆ دوو شایەدی مسوڵمانی دادگەر، دوو كەس بە شایەد بگرێ، مسوڵمانو دادگەر بن، دوایی باسی دادگەریی دەكەین، یانی چی؟ بەڵام ئەگەر مسوڵمانی چنگ نەكەوتن، شوێنەكەی وابوو مسوڵمانی لێ نەبوونو هەر كافری لێبوون، وەسیەتەكەی بۆ دوو كەسی دیكەی نامسوڵمان دەكات، وە پێیان ڕادەگەیەنێ (واتە: خوای پەروەردگار بە ئیمانداران ڕادەگەیەنێ) ئەگەر لەبارەی شایەدییدانی ئەو دوو نامسوڵمانەوە كەوتنە دوودڵییەوە، ئەوە با سوێندیان بدەن دوای نوێژ (هەندێك دەڵێن: نوێژی عەسرە، هەندێك دەڵێن: نوێژی بەیانیە)، بە هەر حاڵ لە دوای نوێژ ڕایاندەگرنو سوێندیان دەدەن، كە ناپاكییان نەكردوە لەو شتەدا كە ئەو كەسەی وەصیەتی بۆ كردوونو دوایی مردوە، ئەو شتانەی پێی داون، هەر ئەوەندە بوونو خیانەتو ناپاكییان نەكردوە، بەڵام كە دوایی دەركەوت خیانەتیان كردوە، ئەوە دەبێ دوو كەسی دیكە لە خزمانی مردووەكە شایەدیی بدەن، یاخود سوێند بخۆن كە شایەدییو سوێندی ئەوان لە هی پێشووەكان ڕاستترە، ئنجا دوای ئەوە ئەو هەقەی

کە خزمانی مردووەکــە داوای دەکــەن، دەبــێ لـەو دوو نەفـەرەی دیکـە وەربگـیرێتەوە، مادام بە بەڵگـە لەسـەریان ئیسـپات بـێ.

وە پاشـان خـوای پـەروەردگار باسـی حیکمـەتی ئـەو حوکمـە شـەرعییە دەکـات، کـە بریتیـە لـە شـایەدییـدانی ڕاسـتو ڕێـك، وە ترسـان لـە ڕەتکـرانەوەی شـایەدیی، وە سـوێند خـواردنی ئەوانـەی کـە بـە ناڕاسـتیی شـایەدیی دەدەنو، وەصـیەتەکە چـاك جێبـەجـێ ناکـەن، بەهـۆی ئـەوەوە، کـە بەڵگـەو نیشـانە لەسـەر ناڕاسـتییان دەرکەوتـوە، وە ئـەو چـوار ئایەتـە، بەتایبـەتی ئـەو سـێ ئایەتـەی کـە باسـی وەصـیەت دەکـەن، زۆر لـە زانـایانو توێـژەرەوانی قورئـان دەڵـێن: قورسـترین ئایـەتن لـە ڕووی مانـاوەو ئاڵـۆزییەکی زۆر هەیـە لـە شـێوەی ماناکردنیـاندا، کـە ئێمـە خـوا پشـتیوان بـێ، وای ڕوون دەکەینـەوە، ئەو ئاڵـۆزییـە بەو شـێوەیە نەمێنـێ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ إِلَى
ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿١٠٥﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ
بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ أَوۡ ءَاخَرَانِ
مِنۡ غَيۡرِكُمۡ إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِۚ تَحۡبِسُونَهُمَا
مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ لَا نَشۡتَرِي بِهِۦ ثَمَنٗا وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ
وَلَا نَكۡتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلۡأٓثِمِينَ ﴿١٠٦﴾ فَإِنۡ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسۡتَحَقَّآ
إِثۡمٗا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَحَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ فَيُقۡسِمَانِ
بِٱللَّهِ لَشَهَٰدَتُنَآ أَحَقُّ مِن شَهَٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعۡتَدَيۡنَآ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٧﴾ ذَٰلِكَ
أَدۡنَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجۡهِهَآ أَوۡ يَخَافُوٓاْ أَن تُرَدَّ أَيۡمَٰنُۢ بَعۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ
وَٱسۡمَعُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکــان

((ئـەی ئەوانـەی ئیمانتـــان هێنـــاوە! وریـای خۆتـان بـن، (خۆتـان ڕێکوپێـكو چـاك بکـەن) ئەگـەر ئێـوە ڕێـی ڕاسـتـگرتوو بـن، ئەوانـەی گـومڕا بـوون، زیانتـان لـێ نـادەن، گێڕانـەوەی هەمووانتـــان بـۆ لای خـوایە، ئنجـا بـەوەی کردووتـــانە هەواڵـتان پێدەدات ﴿١٠٥﴾ ئـەی ئەوانـــەی بڕواتـــان هێنـــاوە! چۆنیـــەتی شـــایەدیی دانـی نێـوان خۆتـان لەکاتێکدا یەکێکتان مردنی دەگـاتە سـەرێ، لـە کـاتی وەصـیەت کردنـدا، ئەوەیـە کـە دوو کەسـی خـاوەن دادگـەرییتـان، یـان دووانـی دیکـە لـەوانی دیکـە (نامسـولمانان) شـایەدیی بدەن، لە کاتێکـدا کـە بـە زەویـدا دەڕۆن و بـەڵای مردنتـان تـووش دەبـێ، ئنجا هەر کـات لێیـان دوودڵ بـوون (کـە لـە شـایەدیی دانەکەیانـدا ڕاسـتیان نـەکردبێ) پـاش نوێـژ ڕایانبگـرن (وسـوێندیان بـدەن) بـا سـوێند بـە خـوا بخـۆن کـە بـەو شـایەدییـدانەمان نرخێکـی کـەم نـاکڕین، هەرچـەندە بابـای شـایەدیی لـەبارەوەدراو خـزمیش بـێ، وە شـایەدییدانی خـوا (شـایەدییەك کـە خـوا فـەرمانی پێکـردوە بـدرێ) نایشـارینـەوە، ئەگـەرنا بێگومـان ئێمـە لـە گوناهبـارانین ﴿١٠٦﴾ ئنجا هـەر کـات پێـی زانراو دەرکەوت کـە ئـەو دوو (نامسـولمان)انە گونـاهو خیانـەتیان کـردوە (و وەصـیەتو شـایەدییدانەکەیان بەڕاسـتیی نـەبووە)، ئـەوە دووانـی دیکـە لەوانـەی دووەکـانی پێشـێ ناهەقییـان لەگـەڵ کـردوون، لـە جێـی ئـەوان شـایەدیی دەدەن، وە سـوێند بـە خـوا دەخـۆن، دەڵـێن: شـایەدیی دانـی ئێمـە بـە خـوا، (یـان سـوێند پێخـواردنیمان) لـە شـایەدییـدانی ئـەوانی دیکـە ڕاسـترو شـایسـتەترەو سنوورشـکێنییمـان نـەکردوە، چونکـە ئەگەر وابکـەین ئەوا ئێمـە لـە ستەمکاران دەبیـن ﴿١٠٧﴾ ئا ئـەوە نیزیکـترە بـۆ ئـەوەی شـایەدیی یەکـە وەك خـۆی بـدەن، یـان بترسـن کـە پـاش قبووڵنەکرانـی سـوێندەکەیان سـوێند بگێڕڕێتـەوە (بـۆ لای کەسـوکاری مـردووە وەصـیەتکەرەکە) وە پارێـز لە خوا بکـەن و ببیسـتن، وە خـوا ڕێنمـایی کۆمەڵـی لاڕێ بووان ناکـات ﴿١٠٨﴾)).

## شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡ ): (عَلَيْكُم) (إسْم فِعْل)ە، واتە: لە خۆتان وریا بن، (إلْزَموهَا أَوْ أَصْلِحوهَا) لە خۆتان وریا بن، یان خۆتان چاك بكەن.

(ٱلۡوَصِيَّةِ ): بە كوردیش دەڵێین: وەصیەت، واتە: ڕاسپاردن، (الوَصِيَّةُ: التَّقَدُّمُ إلي الغَيْرِ بِمَا يَعْمَل بِهِ مُقْتَرِنًا بِوَعْظٍ) ئەوەیە كە شتێك بە كەسێك بڵێی لەگەڵ ئامۆژگاریی كردندا بۆئەوەی بیكات.

(ذَوَا عَدۡلٖ ): واتە: دوو كەسی دادگەر، (أي: العَدَالَة) (العَدلُ: الإنْصَافُ وهو إعطَاء المرءِ مالَهُ وأَخْذ ما عَلَيْهِ)، (عَدل)یش بریتیە لە ئینصاف، واتە: ئەوە كە هەر كەسە هەقی خۆی بدرێتێ، وە ئەوەشی كە لەسەریەتی لێی وەربگیرێ.

(ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ ): واتە: پێتان بە زەوی دادا، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی بە سەفەر چوونە، لەبەرئەوە كە ئینسان وەختێ كە بە ڕێ دا دەڕوات، پێی بە زەوی دادەدا، وایانگوتوە.

(عُثِرَ): واتە: پێی زانراوو ئاشكرا بوو، دەڵێ: (عَثَرْتُ عَلى كَذَا) واتە: پێمزانی، وە ئەسڵی وشەی (عَثَر)، واته: (سَقَط)، لەبەرئەوەی كە كەسێك بە شتێك دەزانێ بەسەری دا دەكەوێ.

(ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ ): یانی: (الأَقْرَبَان) واتە: ئەو دوو كەسەی كە نزیكترن لە مردووە وەصیەتكەرەكان.

(ٱسۡتَحَقَّ ): یانی (إستَوجَبَ) (إسْتَحَقّ الإثْمَ، وَجَبَت عقوبته)، واتە: سزایەكەی لەسەر پێویست بووە.

## هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئایـەتـەکان

هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم ئـایەتە کـە دەفـەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٍ مِّنكُمۡ أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِۚ تَحۡبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ لَا نَشۡتَرِي بِهِۦ ثَمَنٗا وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ وَلَا نَكۡتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلۡأٓثِمِينَ ١٠٦ ﴾، ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كَانَ تَمِيمٌ الدَّارِيُّ وَعَدِيُّ بْنُ بَدَاءَ يَخْتَلِفَانِ إِلَى مَكَّةَ فَخَرَجَ مَعَهُمَا فَتىً مِنْ بَنِي سَهْمٍ، فَتُوفِّي بِأَرْضٍ لَيْسَ بِهَا مُسْلِم فَأَوْصَى إِلَيْهِمَا فدفعا بِتَرِكَتِهِ، إِلَى أَهْلِهِ وَحَبَسَا جَاماً كَانَ مَعَهُ مِنْ فِضَّةٍ مُخَوَّصاً بِالذَّهَبِ، فاسْتَحْلَفَهُمَا رَسُول الله بِاللهِ ما كتمتما ولا اطلعتما، ثُمَّ وُجِدَ الْجَامُ، بمكة فَقَالُوا: اشْتَرَيْنَاهُ مِنْ عَدِيٍّ بْنِ بَدَاءَ وَتَمِيمٍ فَجَاء رَجُلَانِ مِنْ وَرَثَةِ السَّهْمِيِّ فَحَلَفَا أَنَّ هَذَا الْجَامَ للسَّهْمِيِّ وَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِنْ شَهَادَتِهِمَا، وَمَا اعْتَدَيْنَا إِنَّا إِذًا لَمِنَ الظَّالِمِينَ، فأخذوا الجام، وفيهم نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَـــــــــةُ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ...١٠٦ ﴾﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٣٦٠٨)، والتِّرمِذِيّ برقم: (٣٠٦٠) وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح سُنَن أبي داود)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: ئەم ئایەتە لەوبارەوە هاتە خوار، کە دوو کەس هەبوون بە ناوی تەمیمی داریىو عەدی کوڕی بەداء (دیارە نەصرانیی بوون)، هاموشۆی مەککەیان دەکرد، جارێك گەنجێك لە بەنی سەهم لەگەڵیان دەچێو نەخۆش دەکەوێ، لە شوێنێك کە هیچ مسوڵمانی لێنابن، دەمرێ، گەنجەکە وەصیەت دەکات بۆ ئەو دوو کەسە نەصرانییە، دەڵێ: ئەو کەلوپەلەم هەیە تەسلیمی خزمو کەسمی بکەنەوە، دوایی کە دەمرێ جامێك، (قاپێك) کە لە زیو بووەو بە زێڕ چندراوە (نەخشو نیگاری لەسەر بووە) ئەوە دەشارنەوە، پێغەمبەری

خـوا ﷺ سـوێندیان دەدات: ئایا هیچـتان نەشـاردۆتەوە؟ ئەوانیـش سـوێند دەخـۆن {ئەو قاپـە، (جـامە) دیارە دەبێ قـاپێکی نایـاب بووبـێو مەشـهوور بووبـێ} دوایـی ئـەو جـامە لـە مەککـە دەدۆزرێتـەوە، کەسـوکاری گەنجـەکە جامەکـەی خۆیـان دەناسـنەوە، وە ئەوانـەی کـە قاپەکـەیان لـەلا دەبـێ دەڵـێن: ئێمـە ئـەو قـاپەمان لـە عـەدی کوڕی بـەداءو تەمیم کڕیوە، دوو پیاویش لە هـۆزی ئـەو گەنجـەی کـە مـردووە، دێن سوێند دەخۆن دەڵێن: ئەو قاپە هی ئـەو خزمـەی ئێمـەیە، وە شـایەدیی ئێمـە لـە شـایەدیی ئـەوان باشـتـرەو ڕاسـتترە، سـوێندەکەی ئێمـە لـە هـی ئـەوان هەقـترە، وە سـتەمیشـمان نەکردوە، (واتە: بەڵگەیان دەبێ لەسەر ئەوە کە ئەو قاپە هی مردووەکەی ئەوانـە، وە ئـەو دوو نەفـەرە شـاردوویانەتـەوە، ئیـدی قاپەکـە وەردەگرنـەوە)، وە لەوبارەوە ئـەم ئایـەتـە هاتۆتە خوار.

جـا لـە ڕیوایـەتی دیکـەدا هـاتوە: کاتێـك ئـەو گەنجـە دەکەوێتـە حاڵـەتی سـەرەمەرگ، لـە نامەیەکـدا هـەموو کەلوپەلەکـانی خـۆی تێـدا دەنووسـێ، نامەکـە دەخـاتە نێـو کەلـوپەلەکانیو تەسـلیمی ئـەو دوو نەصـڕانییەی دەکات، کـە وەصیەتی بـۆ کـردوون، ئـەوانیش نامەکـە نـابینن، کـەلـوپەلەکانیش تەسـلیمی ماڵـێیـان دەکەنـەوە، بـەڵام قاپەکـە دەشـارنەوە، دوایـی کـە خـزمو کەسـەکەی کەلوپەلەکـان دەکـەنەوەو نامەکـە دەخوێننـەوە، دەڵێن: ئـەو نامەیـە ئـەو قاپەشـی تێدایە، کوا ئـەو قاپـە، دوو نەصـڕاییەکەش ئینکـاریی دەکـەن، بەهـەر حـاڵ دوایـی قاپەکـەش دەدۆزرێتـەوە، کڕیـارەکانیش دەڵـێن: لـەو دوو نەصـڕانییەمان کڕیـوە. کەواتـە: دیـارە ئـەوان دزیویـانە، وە لـە ڕیوایەتێکـی دیکـەدا کـە (ترمذي: ٣٠٥٩) هێناویانـە هـاتوە کـە (الطبـري: ١٢٩٧) دوای ئـەوەی مسـوڵمان بـووە هـەواڵەکـەی بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ داوە. ئەگەرنا هەر لەبەرئـەوەی دوو نەفەر لە خزمانی مردوو سوێند دەخـۆن، بەوەنـدە ئەو هەقـە نـادرێ بـەوان، ئەگـەر بەڵگەیەکیان نەبـێ.

## مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

خـــوا ﷻ لـەم چـوار ئایەتـەدا، واتـە: لـە ئایەتـــەکانی (١٠٥ تاکـــو ١٠٨) بـۆ جـــاری پازدەیـەمو شـازدەیەم، واتـە: بـۆ دواجـار لـەم سـوورەتەدا، بـانگی مسـوڵمانان دەکـات، بـە نازنـــاوی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، کـە لـەم سـوورەتەدا بـەم دووجارەشـەوە شـازدە (١٦) جـار ڕسـتەی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾ی دووبـارە کردۆتـەوەو، ئـەم سـوورەتی (المـائدة)یە زۆرترین جار ڕسـتەی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾ی تێدا هــاتوە، وە کـە لەقـــەدەر قـەبارەی خۆشـــی زۆرتـــرین حـوکمو یاسـای شـــەرعیی تێـدان، چـونکە وەك پێشـتـــریش باسـمان کـرد، هـەر کاتێـك ڕسـتەی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، دێ، بـە مســۆگەریی حـوکمێکی شـەرعیی بـەدوادا دێ، یـان واجبێکـە، یـان قەدەغەیەکـە، یـان سوننەتێکـــە، یـان شـتێکی ناپەسـندە، جـا چ پەیوەنـدیی بـە ئیمـانو عەقیـدەوەبێ، چ پەیوەندیی بە عیبـادەتەوەبێ، چ پەیوەندیی بە ڕەوشـــتو ئاکـارەوەبێ، چ پەیوەنـــدیی بە حــەڵاڵو حەرامـەوەبێ، چ پەیوەنـــدی بـە بازرگـانیو ئابووریـیـەوەبێ، چ پەیوەنـدیی بە حوکمو سیاسـەت، یان جەنگو جیهـادەوەبێ، بە دڵنیـایی یـەوە حـوکمێکی شـەرعیی لە دوای ڕســـتەی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾ هەیـە، جـا لێـرەدا بـۆ جـاری پازدەیـەم خـــوا دەفـەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتــان هێناوە! وریای خۆتـان بن، وشــەی: (عَلَيْكُـم) (إسْم فِعْل)ە، واتـە: لـە خۆتــان وریـا بـن، (إلْزَموهَا أَوْ أَصْلِحوهَا) لـە خۆتـان وریـا بـن، یـان خۆتـان چـاك بکـەن، ﴿لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ ﴾، ئەگەر ئێـوە ڕێی ڕاســت بگـرن، ئـەوەی کـە گومڕابـووە زیانتـان لــێ نـادات، واتـە: مســـوڵمانان بەهــۆی کــەموکـوڕیی خۆیانــەوە، دوژمنانیـان زەفـەریان پێدەبەن، ئەگــەر خۆیــان مسـوڵمانی باشــبن، وە پابەندبن بە شەریعەتەوە، ئەوانەی کـە ناحەزیـــانن، لـە گـومڕاو سـەرلێشـــێواوان، زیانیـان پێناگەیـەنن، ﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ

جَمِيعًا ﴾، گەڕانــــەوەی هەمووتـــان بــۆ لای خــوایە، بـۆ لای خــوا دەچـنەوە، خــوای باڵادەســـت هـــەمووتان کۆدەکـــاتەوەو لێتـــان دەپرســـێتەوە، ﴿ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، وە هەواڵتـان پێدەدات بـەوەی کـە دەتانـکرد، واتـە: ئەگـەر دەتـەوێ خـوای پەنهـانزان هەواڵـی ناخۆشـت پێنـەدات، لێرە کـردەوەی خراپ مەکـە، ئەگەرنا ئـەوەی لە دنیـادا کـردەوەی خـراپ بکـات، لـە قیـامەتـێ هـەواڵی نـاخۆش دەبیسـتێ، بۆچـی؟ چونکـە هەر کردەوەکـانی خـۆتن تۆمـار دەکـرێن، وە خـوای دادگـەر لـە ڕۆژی دواییـدا پێـت دەفەرمـوێ: ئەوەت کـرد! ئەوەت کرد! بۆیە ئـەوەی دەیـەوێ لـە قیامەتـێ هـەواڵی ناخـۆش نەبیســتێ، لەلایـەن خــواو فریشـــتەکانەوە، کـە کردەوەکـانی دەخەنــەوە بەرچـاوی، با لـێرەدا ئاگـاداری کردەوەکـانی خـۆی بـێ.

ئنجـا خــوای پـەروەردگار بـۆ جـاری شـــازدەیەمو کۆتـــایی لـەم ســووڕەتەدا بـانگی مســولْمانان دەکات، دەفەرمویْ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتـان هێنـاوە! بڕوایـان بە چـی هێنـاوە؟ بە هـەموو ئەو شـتانەی کە پێویسـتە بڕوایان پـێ بهێنـرێ، بـــە خــــوای بێوێنــە، بــە نــاوو سـیفەتە بــەرزەکانی، بــە پەروەردگارێتیـــی، بــە بەدیهـێنەرایەتیی، بـە فریشـتەکانی، بـە کتێبـەکانی، بـە پێغەمبـەرانی (علیهم الصلاة والسلام) کـە ڕەوانــی کـردوون، وە ڕۆژی دوایــیو بەهەشـتو دۆزەخ، وە هـەموو ئـەو شـتانەی پێغەمبـەر هـەواڵی پێداون، ئەوجـار دوای ئـەوەی بـانگی کـردین، ئنجا پێمـان ڕادەگەیـــــەنێو دەفـــــەرموێ: ﴿ شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ ﴾، بــــۆ زانیارییتان زۆربەی توێـژەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەو سـێ ئایەتـە ئـاڵۆزترین ئایـەتن لە ڕووی مانـاو ئیعـڕابکردنـەوە، وە وردەکاریی زۆر زۆریان دەوێت، بەڵام من زۆرم بیـر لێکــردەوەو لەبـەر ڕۆشــنایی قسـەی زانایـان دا تاڕادەیـەکی بـاش ماناکـەیانم ڕۆشـن کردۆتـەوە، وەك هـەم ئێسـتا لـە مانـای گشـتی ئایەتەکانـدا باسـی دەکـەم، وە هـەم لـە مەسەلە گرنگەکانیشـدا.

خوا ﷻ لێـرەدا باسـی مەسـەلەیەکی گـرنگ دەکـات، کـە لـە ژیـانی ئینسـاندا دێتـە پێش، ئـەویش ئەوەیـە کـە کەسـێك بـە سـەفەر دەچـێ، وە تووشـی ڕووداوێك دەبـێ، یـان

تووشــی نەخۆشـییەك دەبێ‌و، دەسـت لـە خـۆی دەشـواو دەزانـێ خـەریكی مردنێیـە، لەوكـاتەدا پێویسـتە وەصـیەت بكـات بـۆ دوو كـەس، واتـە: دوو كەسـان بـە شـایەد بگـرێ‌و بیانكـاتە وەصـیەتكاری خـۆی لـە مسـوڵمانان، وە دەبـێ دادگـەرییش بـن، واتـە: دوو كەسـی وابـن، كـە خۆیـان لـە گونـاهی گـەورە بپـارێزن، ئەهلـی درۆ نـەبن، دەبـێ دەسـتپاك‌و زمان پـاك بن، ئەمیـن بـن، ئـەوە ئەگـەر شـوێنەكە وابـێ مسـوڵمانی لـێبن، بەڵام جاری وایە ئینسـان بۆ بازرگانیی‌و سـەفەر دەچێتە شـوێنێـك، مسـوڵمانی لـێ نیـە، لەوكـاتەدا دەبـێ دوو كەسی دیكـەی نامسـوڵمان بكـات بـە وەصـیەتكاری خـۆی‌و بـە شـایەد، وە ئـەو شـتەی كـە بـە پێویسـتی دەزانـێ، یـاخود كەلـوپەلێكی هەیـە مـاڵ‌و سـامانێكی هەیـە، بیـدا بـەوان‌و تەسلیمی وانـی بكـاو بـەوانی بسـپێرێ، ئـەم ئایەتانـە باسـی ئـەوە دەكـەن، خـوا دەفـەرموێ: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! ﴿ شَهَٰدَةُ بَيْنِكُمْ ﴾، شـایەدیی دانـی نێوانتـان، واتـە: لـە نێـو خۆتـاندا دەبـێ بـەو شـێوەیە شـایەدیی بـدەن، لـە چ كاتێكـدا؟ ﴿ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ ﴾، ئەگـەر یـەكێك لـە ئێـوە مردنـی لـەلا ئامـادەبوو، خـۆ مـردن خـۆی نایـەت‌و دیـارنیە، واتـە: هۆكارەكـانی مردن‌و دنیا بەجێهێشـتنی دەركەوتن، یـانی: زۆر نـەخۆش بـوو، هەرچـەندە جاری واش هەیە یەكێـك زۆر نەخۆش دەبـێ‌و دەست لە خۆی دەشـواو، دەسـت لـە كراسـی دەردێنـێ، دوایـیش نـامرێ، بـەڵام ئـەوە حاڵـەتە، دەبینـی مرۆڤـ تووشـی بەسـەرهاتێكی قـورس دەبـێ، یـان برینێكـی زۆر سـەختی دەبـێ، لـەو حاڵەتانـەدا وەصـیەت دەكـات، ﴿ حِينَ ٱلْوَصِيَّةِ ﴾، لە كـاتی وەصـیەت كردنـدا.

شـایەدیی دانەكـەتان ئەوەیـە كـە: ﴿ ٱثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾، دوو كەسـی خـاوەن دادگـەریی لـە خۆتـان، كـە دوایـی بـاس دەكـەین مەبەسـت لـە دادگـەریی چییە، كـە بـە كـورتیی واتە: بەردەوامیی لەسـەر پابەندیی بە شـەریعەتەوە، كەسـێك ڕێـك‌و ڕاست بێ‌و درۆ نەكات، وە دەستپاك بـێ، وە پارێزكـاربێ، خۆ لە گونـاهە گەورەكـان بپـارێزێ، ئـەوە پێـی دەگـوترێ: كەسـێكی دادگـەر، واتـە: بـەو شـێوەیە لـەنێو ئێـوەدا شـایەدیی بەڕێـوە دەچـێ، كـە دوو كەسـی خـاوەن دادگـەریی لـە خۆتـان وەصیەتتان بـۆ بكـات،

﴿أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ﴾، یاخود دوو کەس لە غەیری خۆتان، واتە: لە نامسوڵمانان، هەندێك گوتوویانە: ﴿غَيۡرِكُمۡ﴾، واتە: لە غەیری خزمەکانی خۆتان، بەڵام ڕاستییەکەی وانیە، ڕاستە ماناکەی واتە: لە غەیری مسوڵمانان، چونکە لێرەدا قسە لەگەڵ مسوڵمانانە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! وە غەیری ئیماندارانیش کافرانن، جا چ جوولەکەبن، نەصرانیی بن، ئێزیدیی بن، ... هتد، کە دوو مسوڵمان دەستنەکەوتن، دوای هەوڵدانی زۆر، دەبێ هەوڵبدرێ دوو کەسی نامسوڵمانی ساغو ساف و بێ فرتو فێڵ بێنێ، بەپێی توانا، ﴿إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِ﴾، وەختێك ئێوە بە زەویدا ڕۆیشتن، یانی: سەفەرتان کرد، دەڵێ: بۆیە بە سەفەر گوتراوە: (ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ) چونکە ئینسان کاتێك کە بەڕێ دا دەڕوات، پێی بە زەوی دا دەکوتێ، لەبەرئەوە خوای زاناو شارەزا ئەو وشەیەی بەکارهێناوە، واتە: کاتێك ئێوە بە سەفەر چوونو بەڵای مردنتان گەیشتێ، ئەوە پێویستە وەصیەت بکەن بۆ دوو نەفەر لە مسوڵمانان، ئەگەر مسوڵمان دەست نەکەوتن، دوو نامسوڵمان، ﴿تَحۡبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ﴾، ئەگەر لەو دوو نامسوڵمانە کەوتنە گومانەوە، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ﴾، ئەگەر لێیان کەوتنە گومانەوە، کە ڕاست بکەن، دوایی کە نوێژ کرا ڕایانگرن، ئەو نوێژە کام نوێژە؟ زۆربەی توێژەرەوان دەڵێن: نوێژی عەسرە، هەندێك دەڵێن: هەر نوێژێك بێ، نوێژی مسوڵمانان، وە هەندێك دەڵێن: نوێژی خۆیان، بەڵام زیاتر واپێدەچێ لە نوێژەکانی مسوڵمانان مەبەست بێ، لە دوای نوێژ ڕایاندەگرن، ﴿فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ﴾، سوێند بە خوا دەخۆن، واتە: سوێندیان دەدەن، ئەگەر لێیان کەوتنە گومانەوە، بەڵام ئەگەر ڕێكو ڕاست ئەمانەتەکەیان تەسلیم کردن، وەصیەتەکەیان بە ڕێكو ڕاستی کردو لێیان دڵنیا بوون، پێویست ناکات سوێندیان بدەن، یانی: ئەگەر لێیان کەوتنە گومانەوە، سوێندیان دەدەن، سوێندەکە

چـۆن دەخـۆن؟ ﴿ لَا نَشْتَرِي بِهِۦ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ﴾، سـوێند بـە خـوا دەخۆن، جـا با ئەو کەسـە خزمیش بـێ، واتە: ئەو کەسـە کە وەصیەتەکەی کردوە، یاخود ئـەو کەسـە کـە شـتەکەی تەسلیم دەکرێ، خـزم بـێ، یـان بێگانـە، واتـە: تەنانـەت ئەگـەر خزمیش بـێ، خیـانەتی پـێ ناکـەین، یان خیانـەتی بـۆ ناکەین، چ جای ئەگەر بێگانە بـێ، هەرچـەندە خـاوەنی خزمـایەتییش بـێ، ئێمـە بـەو سوێندو بـەو شـایەدییەی خۆمـان، نرخێکـی کـەم ناکـڕین، ﴿ وَلَا نَكْتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ ﴾، شایەدیی دانێك کە دەبـێ بۆ خـوا بدرێ، نایشـارینەوە، ﴿ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلْءَاثِمِينَ ﴾، ئەگـەر وابکـەین ئێمـە لـە گوناهبـارانین، واتـە: ئەگـەر شـایەدیی بشـارینەوە، لـە گوناهبـارانین، ئـاوا سوێند دەخۆن، ﴿ فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا ﴾، دوایـی ئەگەر پێـی زانـرا، کە ئەوانـە گوناهێکـیان کـردوە، واتـە: شـتێکیان شـاردۆتەوە، باسـیان نـەکردوە، ئـەوە گوناهێکیـان کردوە، ﴿ فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا ﴾، دووانی دیکە لە شوێنی ئـەوان دێتـە شوێنی ئـەوان، ﴿ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَٰنِ ﴾، لەوانـەی کە ماڵەکەیان لـێ زایە کراوە، واتـە: لـە خزمـانی مردووەکـە، کـە ماڵـەکەیان لـێ فـەوتاوە، دووان لـەوان دێـن سـوێند دەخـۆن، ﴿ ٱلْأَوْلَيَٰنِ ﴾، واتە: ئەوانـەی کـە نـزیکـترن لـە مردووەکە، واتـە: بـە خزمـایەتی لـێی نـزیکـترن، لێی لە پێشـترن، ئـەوان دێـن سـوێند دەخۆن، ﴿ فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَٰدَتُنَآ أَحَقُّ مِن شَهَٰدَتِهِمَا ﴾، سوێند بـە خـوا دەخـۆن کـە شـایەدیی دانـی ئێمـە ڕاسـتترەو شـایسـتەترە لـە شـایەدیی دانـی ئـەوان، یـاخود سـوێندی ئێمـە لـە سوێندی ئـەوان ڕاسـترە، ﴿ وَمَا ٱعْتَدَيْنَآ ﴾، وە ستەمیشمان نـەکردوە، دەسـتدرێژییمان نـەکردوە، ﴿ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئەگـەر زوڵـم بکـەین، بـە درۆ سـوێند بخـۆین، بـۆ ئەوەی شـتێکیان بخـەینە سـەر، کە هـەق نەبـێ، ئـەوە ئێمـە سـتەممان کـردوە، واتـە: ئەو دوو نەفـەرە نامسـوڵمانە کە دەکرێنـە وەصیەتکار دوایـی کـە سـوێند دەخۆن، دوای نوێـژ ئەگـەر خەڵـکەکە لێیـان کەوتنـە گومانـەوە، کەسـوکاری مردووەکـە لێیـان

کەوتنە گومانەوە، سوێندیان دەدەن، ئنجا ئەگەر دوای سوێند خواردنی وان، زانرا کە شتێکیان پەنهان کردووەو شتێکیان شاردۆتەوە، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمان کرد، لەو حاڵەتەدا چۆن بکرێ؟ وە کەسیشی لێ نەبوو، لەوکاتەدا دوو کەس لە خزمەکانی مردووەکە کە لێی نزیکن دێن، ئەوانیش سوێند دەخۆن، بەڵام کاتێك خزمەکانی مردووەکە سوێند دەخۆن، دەبێ بەڵگەو نیشانەیەکیان بەدەستەوە هەبێ، نەك هەر لەخۆوە سوێند بخۆن و بڵێن: وەڵڵا ملیۆنێك دۆلاریشی پێبوو!! نەخێر دەبێ ئەوانیش بەڵگەیان پێ بێ، بەڵام تەنیا بە بەڵگەو نیشانەکە ئەو هەقە وەرناگیرێتەوە، دەبێ دوو کەس لە خزمە نزیکەکانی مردووەکە سوێند بخۆن، وە بڵێن: ئەوەش بەڵگەمانە، ئنجا لەو حاڵەتەدا، ئەو هەقەی کە داوای دەکەن، بۆیان دەگێڕدرێتەوە.

وە لە کۆتاییدا خوای کاربەجێ حیکمەتی ئەوە ڕوون دەکاتەوە، دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَآ ﴾، ئەوە نزیکترە لەوەی کە شایەدیی یەکە وەك خۆی بدەن، واتە: درۆ نەکەن لە شایەدیی دانەکەدا، ئەو دوو کەسە نامسوڵمانە کە بزانن دوایی خزمەکانی مردووەکە بۆیان هەیە ئەوانیش سوێند بخۆن و شایەدیی بدەن، کە تەنیا بە سەرزارەکیی سوێندیان خوارد، دەرناچن، ئەوە دەبێتە پاڵنەریان بۆ ڕاستبێژیی و ئەمانەت پارێزیی، ﴿أَوْ يَخَافُوٓا۟ أَن تُرَدَّ أَيْمَٰنٌۢ بَعْدَ أَيْمَٰنِهِمْ ﴾، وە هەروەها ئەوە نزیکترە بۆئەوەی بترسێن لەوەی کە دوای ئەوەی سوێندی ئەوان ڕەت دەکرێتەوە، پاش ئەوەی تەرەفی بەرانبەر سوێند دەخۆن، ئەو کاتە هەقەکەیان لەسەر دەچەسپێ، ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْمَعُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾، وە پارێز لە خوا بکەن و ببیستن، وە خوا ڕێنمایی کۆمەڵی لاڕێبووان ناکات، ئەوە کورتەی مانای گشتی ئایەتەکان بوو، وەك گوتم زانایان گوتوویانە: ئەم ئایەتانە ماناکەیان تارادەیەك قووڵیی و وردەکاریی دەوێ، بۆئەوەی کە ئینسان ماناکەی بۆ بێتە دەست، وە لە مەسەلە گرنگەکانیشدا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

# چەند مەسەلەیەكی گرنگ

**مەسەلەی یەكەم:** كە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! وریای خۆتان بن، ئەگەر ئێوە ڕێی ڕاستگرتووبن، ئەوانەی كە گومڕان، زیانتان لێ نادەن، ئەم ڕستەیە سێ مانای هەن:

١) واتە: هەر كامێك لە ئێوە با هەوڵبدات ئیماندارێكی چاك بێ و پارێزكاری باش بێ، ئنجا ئەگەر وابووی لە زاتی خۆتدا، لە پەناتەوە نامسوڵمانێك هەبێ، جا خزم بێ، دۆست و برادەر بێ، بێگانە بێ، هەر كەسێك بێ، مادام تۆ بۆخۆت دینداریی باش بووی، بێدینیی و خراپەكاریی ئەو زیانت لێنادات، بە مەرجێك كەمتەرخەمییت نەبێ بەرانبەر ئەو، كوردەواریی خۆشمان دەڵێن: (مەڕ بە پێی خۆی، بزنیش بە پێی خۆی)! وە خوای بەخشندە لەوبارەوە زۆر بە ڕوونیی فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ﴿١٥﴾ ﴾الإسراء، واتە: هیچ گوناهبارێك گوناهی كەسێكی دیكە هەڵناگرێ، بە مەرجێك كەمتەرخەم نەبێ لە بەرانبەریدا، بۆ وێنە: ئەگەر باب بەرانبەر منداڵەكانی كەمتەرخەم بێ و، كچ و كوڕەكانی دوایی گوناح بكەن، ئەوە ئەو بابە دوایی تووشی لێپرسینەوەو سزا دەبێ، بۆچی؟ چونكە كەمتەرخەم بووە لە ئامۆژگاریی كردنیاندا، یاخود هەر كەسێك بەرانبەر خزم و كەسی، هاوەڵ و برادەری، دەوروو دراوسێی كەمتەرخەم بێ، لە ئەنجامی ئەو كەمتەرخەمییەدا هەر یەك لەوانە تووشی هەڵەو گوناح بێ، ئەویش بە ئەندازەی خۆی تووشی لێپرسینەوە دەبێ، بەڵام ئەگەر هەقی خۆی جێبەجێ كردبێ، وە لە زاتی خۆیشی باش بووبێ، ئەوە زیانی بۆ ئەو نابێ.

٢) واتە: ئێوە ئەی مسوڵمانینە! هەمووتان وەك كۆمەڵگای مسوڵمان، وەك خەڵكی مسوڵمان پابەندبن بە شەریعەتەوە، ئەو كاتە پیلان و فێڵ و دژایەتیی كافران، زیان لە ئێوە نادات، واتە: مسوڵمانان لە ئەنجامی كەمتەرخەمیی

خۆیاندا دوژمن زەفەریان پێ دەبات، ئەگەر خۆیان مسـولْمانی باش بـن، پابەنـدبن بە شـەریعەتەوە، دوژمنان زیانیان لێنادەن، وە لە شوێنی دیکەدا خـوا دەفەرموێ: ﴿... وَأَنتُمُ ٱلۡأَعۡلَوۡنَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣٩﴾﴾ آل عمـران، واتە: وە ئێوە لەسەرەوە دەبن ئەگـەر ئیمانـداربن، کەواتـە: هـەرکاتێك کـافر زەفـەر بـە مسـولْمانان دەبـەن، دەبـێ چاو بەخۆیـاندا بگـێڕنەوە، دیـارە کـەموکـوڕیی لە خۆیـاندا هەیــە.

٣) مانـای سـێیەمیش ئەوەیـە کـە لـە کـاتی تێکچوونی کۆمەڵـگاو زۆربـوونی گونـاحو تاواندا، ئینسـان دوای ئـەوەی نائومێـد دەبـێ لـەوەی کە بتوانـێ کۆمەڵـگا بگـۆڕێو خەڵـك چـاك بکـات، لـەو کـاتەدا لەسـەری پێویسـت نیـە، خـۆی لەگـەڵ خەڵـکی ماندوو بکـات، مـادام کە بزانـی هیچـت بـۆ لەگـەڵ وان نـاکرێ، بۆخـۆت دینـداریی خـۆت بکـەو واز لـە خـەڵکی بێنـە، وەك لەوبـارەوە ئـەم (أَثـَر)ەش هەیـە: {فَعَلَيْكَ بِخَاصَّةِ نَفْسِكَ وَدَعْ الْعَوَامَّ}، واتـە: خـەریکی دینـداریی خۆتبـەو واز لە خەڵکی بێنـە، دیـارە ئەوە لە حاڵـێکدا کە دنیـا زۆر تێکدەچێو زۆر ئـاڵۆزە.

## مانا لێکدانەوەیەکی هەڵە

لێـرەدا هەنـدێك لـە زانایـان ئـەو ئایەتـەیان بـە مانایـەکی نەرێنـیی (سلبي) وەرگرتـوەو گوتوویـانە: لێـرەدا خـوا دەفەرموێ: ئـەی مسـولْمانینە! بۆخۆتـان بـاش بـن، ئەگـەر لـە پەنـای ئێـوەدا خـەڵك خـراپ بـێ، زوڵـم بکـاو، بێـدینی بکـا، زەرەری بۆ ئێوە نیـە، بـەڵام بێـگومان ئـەوە وانیـە، بۆچـی؟ چونکە خـوا دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ﴾، ئەی ئەوانـەی بڕواتـان هێـناوە! وریـای خۆتـان بـن، ئەگـەر ئێـوە ڕێـی ڕاسـتـگرتوو بـن، ئەوەی گومڕایـە زەرەرتـان لـێ نادات، ئنجـا یەکـێك لـەو شتانەی کـە ئینسـان ڕێـی ڕاست بگـرێ، دەبـێ بیکات، ئەوەیە کە فەرمـان بە چـاکەو نەهـی لە خراپـە بکات، کەواتـە: کەسـێك کـە گـوێ ناداتـە دەوروبـەری خـۆی، مانـای وایـە ڕێ ڕاسـتگرتوو

(مُهْتَدِي) نیە، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئەوانەی گومڕان زیانتان لێنادەن، ئەگەر ئێوە ڕێی ڕاستتان گرتبێ، دیارە بەشێك لە گرتنی ڕێی ڕاست، ئەوەیە کە ئینسان لە بەرانبەر ناشەرعیی دا هەڵوێستی هەبێ، وە فەرمان بە چاکە بکاتو، ڕێگرییش لە خراپە بکات، وە لەوبارەوە ئەم دەقانە هەن:

١- ﴿عَنْ قَيْسِ بْنِ أَبِي حَازِمٍ خَطَبَنَا أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقِ فَقَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ! إِنَّكُمْ تَقْرَءُونَ هَذِهِ الآيَةَ وَتَتَأَوَّلُونَهَا عَلَى غَيْرِ تَأْوِيلِهَا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ ﴾، وَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: (إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا الظَّالِمَ فَلَمْ يَأْخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمْ اللهُ سُبْحَانَهُ بِعَذَابٍ مِنْ عِنْدِهِ)﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٤٣٣٨)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٢١٦٨) وَقَالَ: صَحِيح، وَابْنُ مَاجَهْ بِرقم: (٤٠٠٥)، وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) برقم: (١٥٦٤)}، واتە: قەیس (یەکێکە لە هاوەڵان خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: بیستم ئەبو بەکری صیددیق خوا لێی ڕازی بێ (ئەو کاتەی خەلیفەی مسوڵمانان بوو) وتاری بۆ داین، گوتی: ئەی خەڵکینە! ئەم ئایەتە دەخوێننەوەو ماناکەی بە هەڵە لێکدەدەنەوە، (وەك گوتم هەندێك زانا بە هەڵە مانای ئەو ئایەتەیان کردوە، واتە: ئێوە وای تێدەگەن کە ئەگەر بۆخۆت مسوڵمان بی، هەقی کەست نەبێ، دنیا ئاو بیبات گوناهبارنی، مادام نوێژو ڕۆژووی خۆت بکەی! بەڵام ئەو مانایە هەڵەیەو خوا مەبەستی ئەوە نەبووە)، بۆیە دەڵێ: {وَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: (إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوْا الظَّالِمَ فَلَمْ يَأْخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمْ اللهُ سُبْحَانَهُ بِعَذَابٍ مِنْ عِنْدِهِ)}، واتە: من گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە دەیفەرموو: هەرکاتێك خەڵك ستەمکاریان بینی، دەستیان نەگرت بیگێڕنەوە لەو ستەمە، ئەوە زۆر نزیکە خوا لەلایەن خۆیەوە سزایەك بنێری بۆ هەموویان.

کەواتە: ئەم ئایەتە مەبەست پێی ئەوە نیە کە ئەگەر بۆخۆت نوێژو ڕۆژووی خۆت، طاعەتی خۆت لە ماڵی خۆت کرد، مادام مسوڵمان بووی، هەقی خەڵك و دەوروبەرو کۆمەڵگات نەبێ، چونکە ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

ئەگەر خەڵك ستەمكار ببینن كە ستەم دەكات، ئەوانیش دەستی نەگرن و بەرپەرچی نەدەنەوە، نزیكە خوا بەهۆی ئەو ستەمەوە سزایەك بنێری، هەمووان بگرێتەوە، ستەمكاران و ئەوانەش كە لە بەرانبەر ستەمدا هەڵوێستیان نەبووە.

٢- ﴿أَخْرَجَ ابْنُ جَرِيرٍ أَنَّهُ قِيلَ لابنِ عُمَرَ: لَوْ جَلَسْتَ فِي هَذِهِ الأَيَّامِ فَلَمْ تأمر وَلم تنه، فَإِنَّ الله قَالَ: ﴿عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ﴾؟ فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: إِنَّهَا لَيْسَتْ لِي وَلا لأَصْحَابِي لأَنَّ رَسُولَ الله ﷺ قَالَ: (أَلا فَلْيُبَلِّغْ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ)، فَكُنَّا نَحْنُ الشّهود وَأَنْتُمْ الغُيّب، وَلَكِن هَذِهِ الآيَةَ لأَقْوَام يجيئون من بَعْدنا، إِن قَالوا لَمْ يُقْبَلْ مِنْهُمْ﴾ {تفسير الطبري: رقم: (٢٨٥١)}، واتە: ئیبنو جەریر دەڵێ: ڕۆژێك بە عەبدوڵڵای كوڕی عومەر (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوترا: ئەگەر لەم ڕۆژانەدا لە ماڵی خۆت دابنیشی، فەرمان بە چاكەو ڕێگریی لە خراپە نەكەی؟ چونكە خوا دەفەرموێ: وریای خۆتان بن، ئەگەر ئێوە ڕێی ڕاستگرتوو بن، ئەوەی گومڕایە زەرەرتان لێ نادات، عەبدوڵڵای كوڕی عومەریش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوتی: ئەم ئایەتە مەبەستی پێی من و هاوەڵانم نیە، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {أَلا فَلْيُبَلِّغْ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ}، واتە: ئاگاداربن! ئەوەی كە ئامادەیە با بەوانە ڕابگەیەنێ كە لێرە ئامادە نین، ئنجا ئێمە ئامادەبووەكانین، كە لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ئامادە بووین، وە ئێوەش كە لە دوای هاوەڵان هاتوون غائیبەكانن كە لەوێ نەبوون، دەبێ ئێمە هەرچییەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووبێتی پێتان ڕابگەیەنین، بەڵام ئەوە بۆ كەسانێكە كە لە دوای ئێمەوە دێن، وەختێك قسەی هەقیش بكەن، لێیان وەرناگیرێ (فەرمان بە چاكەو نەهی لە خراپەش بكەن، لێیان وەرناگیرێ و هیچ سوودی نیە)، واتە: بۆ كاتێكە كە دنیا بە تەواویی تێكچووبێ، خەڵكیش زۆر خراپ بووبێ و وەزع ئاڵۆزبێ، وە ئامۆژگاریی و بانگەواز بۆ شتی چاك و ڕێگریی لە شتی خراپ، هیچ سوودێكی نەبێ.

هەڵبەتە من پێموایە ئەوکاتیش دەبێ ئینسان تەواو بگاتە دڵنیایی کە قسەکەی هیچ سوودی نیە، ئەوجار واز لە قسەی هەقو فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە بێنێ، واتە: دڵنیابی کە هیچ سوودی نیە، ئەگەرنا مادام مەزەندەی ئەوە بکەیو ئەگەری ئەوە هەبێ کە سوودی هەیە، دەبێ هەر پێی هەڵسی وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ٩ ﴾الأعلى، واتە: بیریان بخەرەوە، ئەگەر سوودی هەبوو، واتە: ئەگەر چی بڕ گومانت هەبێ کە سوودی دەبێ، نابێ واز لە قسەی هەقو فەرمان بە چاکەو ڕێگریی لە خراپە بێنی، وە ئایەتەکەش وەك گوتمان کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ ﴾، بەشێك لە هیدایەتدرانی ئینسانو ڕێی ڕاست گرتنی ئینسان، ئەوەیە کە لە بەرانبەر خەڵکدا، لە بەرانبەر کۆمەڵگاکەیدا هەست بە بەرپرسیارێتیی بکات، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿كُلُّكُمْ رَاعٍ، وكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٤٤٩٥)، وَالبُخَارِيُّ بِرقم: (٨٩٣)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٤٧٠١)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٢٩٢٨)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (١٧٠٥)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، عَن ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا}، واتە: هەر کامێکتان چاودێرەو هەر کامێکتان بەرانبەر بە خەڵکەکەی بەرپرسیارە.

**مەسەلەی دووەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَـٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٍ مِّنكُمۡ أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَصَـٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِۚ تَحۡبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ لَا نَشۡتَرِي بِهِۦ ثَمَنٗا وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ وَلَا نَكۡتُمُ شَهَـٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلۡأٓثِمِينَ ﴾، دیارە پێشتر بەگشتی مانامان کرد، بەڵام لێرەدا بەتایبەت چەند وشەیەك مانا دەکەینەوە:

١) کە دەفەرموێ: ﴿شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ﴾، وشەی (شَهَادَة) چییە؟ (الشَّهَادَة: هِيَ فِي الشَّرِيعَة إِخْبَارٌ عَنِ عيان بِلَفْظ الشَّهَادَة فِي مَجْلِس القَاضِي، بحق للغير على آخر) (التعريفات للجرجاني، ص١٣١)، واتە: (شَهَادَة) لە شەریعەتدا بریتییە لە هەواڵ دانێك بەوەی تۆ ئاگات لەو شتە بووەو بینیوتە لە کۆڕو مەجلیسی قازیی دا، {وە ئێستا کە دەگوترێ: ئامادەی شایەدیی بدەی، لەوەوە هاتوە، (رَأى) یانی: (حَضَرَ)، واتە: ئامادەبوو، یاخود بینی، شایەد کەسێکە شتێکی دیبێ، یاخود تەواو ئاگاداری بێ، وە کە بە یەکێك دەگوترێ: شایەدیی بدە، واتە: دەبێ بچێتە مەجلیسی قازییەوەو، بڵێ: من شایەدیی دەدەم، سوێند دەخۆم، من پێتان ڕادەگەیەنم ئاگام لەو شتە بووە، یان ئەو شتەم بیست، یان ئەو شتەم بینی بەو شێوەیەو بەو شێوەیە، ئەوە مانای شایەدیی}، شایەدییەك بەوە کە فلان کەس فلان هەقەی هەیە، ئەوە پێی دەگوترێ شایەدیی، واتە: یەکێك کە شایەدیی دەدات دەبێ بڵێ من شایەدیی دەدەم کە هەقی فلان کەسە لەسەر فیسار کەس، ئنجا (الجرجاني) دەڵێ: (فَالإِخْبَارَات ثَلاثَة: إِمَّا بِحَق للغير عَلَى آخر، وهو الشهادة، أَو بحق للمخبرِ على آخر، وهو الدعوى، أَو بالعَكسِ وَهُوَ الإِقْرَار)، واتە: هەواڵ پێدانەکان سێ جۆرن: یان هەواڵ پێدانێکی بە هەقە، هەواڵ پێدانێکە بە ئەوەی کەسێك هەقی لەسەر کەسێکی دیکە هەیە، ئەوە شایەدیی پێ دەڵێن، {بۆ وێنە: ئەحمەد ئەوەندە هەقەی لەسەر عەبدوڵلا هەیە} یاخود هەواڵ پێدانێکە بەوەی ئەو کەسەی کە هەواڵ دەدات، دەڵێ: من هەقم لەسەر فلان کەس هەیە، ئەوە پێی دەگوترێ: دەعوا، (فلان کەس دەعوای هەیە لەسەر فلان کەس، واتە: داوای هەقێکی لێدەکات)، یان بە پێچەوانەوە ئەگەر کەسێك شایەدیی بدات، بەوەی کە هەقێکی کەسێکی لەسەرە، ئەوە پێی دەگوترێ: (الإِقْرَار)، دانپێداهێنان بە هەقی غەیر لەسەر خۆت.

٢) کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ﴾، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: هیچ کەس مردن نابینێ! ڕاستە، بەڵام لێرەدا مانای ئاوایە: (أَي ظَهَرَت أَمَارَاتُهُ) واتە: ئەگەر نیشانەکانو هۆکارەکانی مردنی دەرکەوتن.

٣) کە دەفەرموێ: ﴿ حِينَ ٱلْوَصِيَّةِ ﴾، واتە: لە کاتی وەصیەت کردندا.

٤) کـە دەفـەرموێ: ﴿ ٱثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾، واتـە: دوو کەسـی خـاوەن دادگـەریی لـە ئێـوە، دادگـەریی یـانی چـی؟ (الجرجـاني) دەڵـێ: (العَـدَالة: فـي اللغـة: الإسـتقامة وفـي الشـريعة عبـارة عـن الإِسـتقامة علـى طريـق الحـق بالإِجتنـاب عمـا هـو محـظور دينـاً، والعـدل: فـي اصـطلاح الفقهـاء مَـنِ اجتنـب الكبـائر ولم يصـر علـى الصـغائر، وغلـب صـوابه واجتنـب الأفعـال الخسيسـة كـالأكـل فـي الطريـق والبـول) (التعريفـات للجرجـاني، ص١٤٨)، واتـە: (العَدَالة) لە زماندا واتە: ڕێك‌و ڕاستیی، بەڵام لـە شـەریعەتدا دادگـەریی بریتیـە لە ڕاوەستاویی لەسەر شـەریعەت، لەسـەر ڕێـی هـەق، ئـەویش بـەوە کە خۆ دوور بگـرێ لـەو شـتانـەی کـە لـە دینـدا قەدەغـەن، دادگـەر (العدل أو العادل)یـش لـە زاراوی شەرعزاناندا کەسێکە خۆی لە گوناهە گەورەکان بپارێزێ، وە لەسـەر گوناهـە گچـکەکانیش بـەردەوام نـەبـێ، (گونـاهی گـەورە وەك: درۆ، غەیبـەت، بوختـان، قـەتڵ، زینـا، دزیـی... هتـد، ئەوانـە گونـاهی گـەورەن، چونکـە گونـاهی گـەورە گوناهێکـە کـە سـزای دنیـایی هـەبـێ، یـان هەڕەشـەی قیـامەتیی لەسـەر بـێ، ئێسـتا غەیبەت سزای دنیـایی نیـە، بەڵام هەڕەشـەی قیامەتیی لەسـەرە، هـەروەها درۆ سزای دنیـایی نیـە، بەڵام هەڕەشـەی قیـامەتیی لەسـەرە)، وە گونـاهی گچـکە جـار جـار لێـی ڕوودەدەن، بـەڵام بـەردەوام نـابێ، (گونـاهی گچـکە وەك: نـەزەر، تۆقـەکردنی پیـاو لەگـەڵ ئـافرەت، ئـەو گوناهانـەی کـە سـزای دنیـایی‌و هەڕەشـەی قیامـەتییان لەسـەر نەبـێ) وە ڕاسـتیی تێـدا زیـاتر بـێ، بـا هەڵـەش بکـات {مەبەسـت لـە (ڕاسـتیی) (صـواب) لێـرەدا پێچـەوانەی درۆ نیـە، واتـە: زۆر بـە کەمیی شتی لە بیر بچـێ‌و پێکـانی زیـاتر بـێ لـە نـە پێکانی‌و بەهەڵـەداچوونی} وە خۆشـی لـە کـردەوە نـزم‌و پەسـتەکان بپـارێزێ، (کـردەوەی نـزم‌و پەسـت وەك: بەپێوە شـت خـواردن لەبەرچـاوی خەڵـك، یـان بـە پێـوە تـارەت گـرتن، یـانی: بـا گونـاهیش نەبـێ، بەڵام دادگـەریی ئەو کەسـە پێی دەڕووشـێ).

هەڵبەتـە بـە بۆچوونـی مـن ئـەوە بـە پێـی عـورف‌و عـادەت‌و کـات‌و شـوێنی ژینگـەکان دەگـۆڕێ، بـۆ وێنـە لـە وڵاتـانی دنیـادا بـە شـێوەکی گشـتی وایـە کـە

خەڵك بە پێوە نان دەخوات، مەرجیش نیە عەدالەتیان بڕووشێ، یان یەکێك لە سەفەرە، یان شوێنەکەی وایە لە پەنایەك تارەت دەگرێ، با خەڵکیش چاوی لێبێ، مەرج نیە دادگەریی پێ بڕووشێ، کەواتە: ئەوە پەیوەندیی بە عورفو عادەتەوە هەیە، ئەگەر عورفو عادەتی ئەو کۆمەڵگایە ئەو شتەیان پێ پەستو نزم بوو، ئەوە دیارە کاریگەریی لەسەری دەبێ، ئەگەرنا هیچ شوێنەوارێکی نابێ.

٥) کە دەفەرموێ: ﴿أَوْ ءَاخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ﴾، واتە: غەیری مسوڵمانان، جا خاوەن کتێبەکان بن، یاخود غەیری ئەوان، هەندێکیش گوتوویانە: واتە: لە غەیری خزمەکانتان، بەڵام لەڕاستییدا ئەو مانایە بەهێز نیە، چونکە ئایەتەکە بە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾، دەست پێدەکات، غەیری ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ش، نامسوڵمانانن.

٦) کە دەفەرموێ: ﴿إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾، واتە: ئەگەر ئێوە سەفەرتان کرد، جا لە قورئاندا لە زۆر شوێنان وشەی (ضَرَبَ) بە مانای لێدان هاتوە، بەڵام (ضَرَبَ فـي الأَرْضِ) واتە: پێی بە زەوی دادا، کە هەر کاتێك ئینسان بە سەفەر چووە دەرێ، وەختێ بە زەوی دا دەڕوات، دەبێ پێی بە زەوییدا بکوتێ.

٧) کە دەفەرموێ: ﴿فَأَصَـٰبَتْكُم مُّصِيبَةُ ٱلْمَوْتِ﴾، واتە: بەڵای مردنتان تووش بوو، واتە: پێشەکی نیشانەکانی دەرکەوتوون، وەك پێشتریش گوتمان.

٨) کە دەفەرموێ: ﴿تَحْبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعْدِ ٱلصَّلَوٰةِ﴾، واتە: ڕایاندەگرن، دوای ئەوەی کە نوێژ کرا، زۆربەی زانایان دەڵێن: مەبەست پێی نوێژی عەسرە، هەندێکیش دەڵێن: نوێژی نیوەڕۆیە، هەندێك دەڵێن: نوێژی بەیانییە، ڕایاندەگرن، دوای ئەوەی کە نوێژ کرا، سوێندیان دەدەن، حیکمەتی ئەوەش کە دوای نوێژە، لەبەرئەوەی خەڵك کۆدەبێتەوە، وە کاتێکی موبارەکەو فەریزەیەکی گەورەی خوای پەروەردگار جێبەجێ کراوە، کاتەکەو شوێنەکە هەیبەتی ڕووحییان زیاترە، بۆیە لەو کاتەدا کە سوێند دەدرێن، نزیکترە لەوەی بە درۆ سوێند نەخۆن، هەندێکیش گوتوویانە:

﴿مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ﴾، دیاریی نەکردوە چ نوێژێك، بۆیە مەبەست پێی نوێژی خۆیانە، واتە: ئەگەر جوولەکەیە، نەصرانییە، کاتی نوێژیان کەنگێیە؟ دوای نوێژەکەی خۆیان کە ئەو عیبادەتە ئەنجام دەدەن، سوێند دەدرێن، بەلاّم زیاتر واپێدەچێ مەبەست پێی نوێژی مسولّمانان بێ.

٩) کە دەفەرموێ: ﴿فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ﴾، یانی: (يَحْلِفَان) واتە: سوێند بە خوا دەخۆن، کەواتە: بابای نەصرانییو جوولەکە نابێ بە غەیری خوا سوێند بدرێ، یانی: گریمان ئەگەر ئەو پێشی وابێ بۆی هەیە سوێند بە عوزێر بخوات، بە مووسا، بە عیسا، بە مەریەم بخوات، دروست نیە، تۆ بە غەیری خوا سوێندی بدەی، دەبێ بەس بە خوا سوێند بدرێ.

١٠) کە دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ﴾، واتە: ئەگەر کەوتنە گومانەوە، لەوەی کە ڕاست دەکەن، ئەدی ئەگەر نەکەوتنە گومانەوە؟ دیارە ئەو کاتە پێویست ناکات سوێندیان بدەن، چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ﴾، ئەگەر کەوتنە گومانەوە، یانی: ئەگەر نەکەوتنە گومانەوە، پێویست ناکات سوێند بدرێن.

١١) کە دەفەرموێ: ﴿لَا نَشۡتَرِي بِهِۦ ثَمَنٗا﴾، واتە: بەو سوێندەمان هیچی پێناکڕین، هیچ نرخێکی پێناکڕین، یانی: هیچ مەبەستێکی خۆمانی پێ جێبەجێ ناکەین، بەڵکو حەقیقەتەکە چۆنە ئاوای ڕادەگەیەنین.

١٢) کە دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ﴾، واتە: ئەو کەسەی کە سوێندی بۆ دەخۆین، یاخود سوێندی لەسەر دەخۆینو شایەدیی لەسەر دەدەین، با خزمیشمان بێ، ئێمە شایەدییەکە ناگۆڕین، چۆن هەقە وای دەڵێین، واتە: ڕەچاوی ئەوە ناکەین خزمە یان بێگانەیە، دەیناسین، یان نایناسین.

١٣) کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا نَكۡتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ﴾، واتە: ئەو شایەدییەی کە خوا فەرمانی پێکردوە جێبەجێ بکرێ نایشارینەوە، بۆیە دەفەرموێ: (شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ) چونکە ئەو سوێندەی کە دەخورێ خوا فەرمانی پێکردوە، وە سوێندەکەش بە

خوا دەخورێ، وە شایەدییەكەش بە ناوی خوا دەدرێ، دەگوترێ: (أَشْهَدُ بِاللّٰه) ئەو شتە وایە.

١٤) كە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلْأَـٰثِمِينَ ﴾، واتە: ئێمە ئەگەر شایەدیی بشارینەوەو سوێندی بە درۆ بخۆین، مانای وایە ئێمە لە گوناهبارانین‌و لەو گوناهەدا غەرق بووین.

**مەسەلەی سێیەم**: كە دەفەرمووێ: ﴿ فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَـٰنِ فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَـٰدَتُنَآ أَحَقُّ مِن شَهَـٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعْتَدَيْنَآ إِنَّآ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، پێشتریش باسمان كرد، ئەو دوو كەسەی كە دەكرێنە وەصیەتكار، وە دوایی كە دێنەوە كەلوپەلی مردووەكە تەسلیمی كەسوكاری مردووەكە دەكەن، ئەگەر لێیان كەوتنە گومان سوێندیان دەدەن، ئەگەر سوێند دران، دوایی دەركەوت كە شتێكیان پەنهان كردووەو شاردۆتەوەو دزیوە، ئەوە باسی ئەوە دەكات، ﴿ فَإِنْ عُثِرَ ﴾، تەماشا بكەن! خوای كاربەجێ چەند بە وردییو بە گرنگییو بایەخ پێدانەوە بە تەنگ ماڵ‌و سامانی خەڵكەوەیە، مرۆڤێك كە دەمرێ‌و خەریكی مردنییە، ئەگەر مسوڵمانی چنگ كەوتن وەصیەتیان بۆ دەكات، دوو مسوڵمانی دادگەر، ئەگەر ئەوە نەبوو، ئەوە دوو كافر دەكرێنە وەصیەتكار، وە ئەگەر خزمی مردووەكە متمانەیان پێكردن باشە، ئەگەر متمانەیان پێنەكردن، سوێندیان دەدەن، وە ئەگەر سوێندیشیان دان‌و دوای سوێنددانیش دەركەوت خیانەتیان كردوە، ئەوەش خوای كاربەجێ چارەسەری بۆ داناوەو دەفەرمووێ: ﴿ فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا ﴾، ئەگەر پێزانرا، دۆزرایەوەو ئاشكرا بوو كە ئەوانە گوناهێكیان لەسەر خۆیان پێویست كردوە، چونكە ﴿ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا ﴾، واتە: گوناهێكیان لەسەر خۆیان پێویست كردووەو خیانەتیان كردوە، لەو حاڵەتەدا ﴿فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا ﴾، دووی دیكە دێن لە شوێنی ئەوان سوێند دەخۆن، ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَـٰنِ ﴾،

لەوانەی کە گوناهەکەیان بەرانبەر کراوە، واتە: ئەو میراتە میراتی بابای مردووە بۆ خزمەکانی دەچێتەوە، کەواتە: ئەوانەی خیانەتیان لێکراوە، دوو نەفەر لەوان دێن شایەدیی دەدەن، ئنجا ئەوە خوێدراویشەوە: (مِنَ الَّذِينَ اسْتُحِقَّ عَلَيْهِمِ) ئەوانەی ستەمیان لێکراوە لەلایەن دوو وەصیەتکارەکەی پێشی، ﴿ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ﴾، واتە: دوو کەسی کە نزیکترن، کێ و کێ خزمی زۆر نزیکی مردووەکەن، ئەو دووانە دێن سوێند دەخۆن، دەڵێن: ئەوانە ئەوەیان شاردۆتەوە، ﴿فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَٰدَتُنَآ﴾، سوێند دەخۆن شایەدیی دانی ئێمە ﴿أَحَقُّ مِن شَهَٰدَتِهِمَا﴾، ڕاستڕەو شایستەترو هەقترە لە شایەدییدانی ئەو دووانە، کە سوێندتان داون، ﴿وَمَا ٱعۡتَدَيۡنَآ﴾، وە ئێمە دەستدرێژیی ناکەین، ﴿إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، ئەگەر دەستدرێژیی بکەین، ئێمە لە ستەمکارانین، دەڵێ: ﴿فَإِنۡ عُثِرَ﴾، واتە: دوای ئەوەی کە سوێنددراون و پێی زانرا، کە پێی دەزانرێ دەبێ شتەکە هەبێ، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمان کرد، جامێکی زیو بووە، بە زێڕ نەخشێنراوە، وە دیارە جامێکی مەشهووریش بووە، دوایی لەلای کەسانیی دیکە دۆزراوەتەوە، ئەوانیش گوتوویانە: لەو دوو کەسەمان کڕیوە، ئەوانیش دوایی دانیان پێداهێناوە، ئاوا دەبێ نیشانەو بەڵگەیەك هەبێ، ئەگەرنا هەر لەخۆوە بابای گومانلێکراو تۆمەتبار بکرێ، ئەوە گوناهە، چونکە دوایی ڕێ دەکرێتەوە بۆ خەڵك وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتوە دەفەرموێ: ﴿الْبَيِّنَةُ عَلَى مَنِ ادَّعَى، وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ﴾ {أَخْرَجَهُ البَيهَقيّ في (الكبرى) برقم: (٢٠٣٢٤)، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اَللّٰه عَنْهُمَا، وَصَحَّحَهُ الألباني في (إرواء الغليل) برقم: (٢٦٨٥)}، واتە: کەسێك ئیددیعایەك بکات دەبێ بەڵگەیەکی ڕوون بێنێ، (واتە: دوو شایەد)، وە ئەوەش کە نکووڵیی لێدەکات سوێند خواردنی لەسەرە، ئەگەرنا کەسێك هەر لە خۆڕا بڵێ سوێند دەخۆم کە ئەو ئەندازەیەم لەسەر فلان کەسە، یەکسەر هەقەکەی بچێتە سەری، ئەوە دەبێتە زوڵم! نەخێر، دەبێ بەڵگەی بەدەستەوە هەبێ، بەس سوێند خواردنەکەی پاڵپشتە بۆ بەڵگەکەی، ئەگەرنا بەبێ بەڵگەو بەس بە سوێند، کەس هیچ دەعوایەکی بۆ ناچەسپێ، کەواتە: سەرەڕای هەبوونی بەڵگە، ئنجا دەبێ

سوێندیش بخورێ، چونکه خوا دەفەرموێ: ئەو دوو شایەدەی کە وەصیەتیان بۆ کراوە، ﴿ٱسْتَحَقَّآ إِثْمًا﴾، واتە: گوناهێکیان لەسەر خۆیان پێویست کردوە، (فَعَلوا مَا يُوجَبُ إِثماً من خِيَانَةٍ أو غلُول شَيءٍ مِنَ المَالِ المُوصَى بِهِ إليهِ) واتە: کردەوەکیان کردوە وەك خیانەت یان شاردنەوە لەو ماڵەی کە وەصیەتیان بۆ کراوە، جا کە دەفەرموێ: ﴿فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا﴾، دوو پیاوی دیکە لە جێی ئەو دووانە دێن کە خیانەتەکەیان ئاشکرا بووە، سوێند دەخۆن بۆ دەرخستنی ئەو هەقەی کە بەڵگەیەکیان بە دەستەوەیە لەسەری، کە دەفەرموێ: ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْأَوْلَيَٰنِ﴾ (أي من ورثة استُحِقَ من بينهم الأَوْلَيان)، واتە: لە خزمانی مردووەکە کە گوناهێکیان بەرانبەر کراوە، خیانەتێکیان لێکراوە، دوو کەسی کە نزیکتربن لە مردووەکە، واتە: میراتگربن، یاخود شایستەتربن، بۆئەوەی کە سوێند بخۆن، وە شایەدیی بدەن، وە هەروەها خوێندراویشەتەوە (الأَوَّلَيْنِ) واتە: دوو کەس کە ئەوەڵ بن لە ڕیزبەندیی خزمەکاندا، ﴿فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَٰدَتُنَآ أَحَقُّ مِن شَهَٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعْتَدَيْنَآ﴾، واتە: سوێند بە خوا دەخۆن کە شایەدییدانی ئێمە ڕاسترە لە شایەدییدانی ئەو دووانەی کە درۆیان کردوەو خیانەتیان کردوە، وە ئێمە سنوورمان نەبەزاندوە.. ئنجا (إبن جرير) لە (إبن عباس و إبن جُبير)و غەیری ئەوانیش دێنێ و تەفسیری ئەو ئایەتە دەکات دەڵێ: {إن الرجل إذَا حَضرتهُ الوفاةُ في سفر، فَلْيشْهِدْ رجلين من المسلمين، فإن لم يجد فرجلين من أهل الكتاب يوصي إليهما، ويدفعُ إليهما ميراثهُ، فإذا قدما بتركته، فإن صدّقهما الورثة وعَرَفُوا ما لصاحبهم، قُبِل قولُهما وتركا، وإن اتهموهما رفعوهما إلى السلطان فحلفا بعد صلاة العصر: بالله ما كتمنا ولا كذبنا ولاخُنَّا ولا غيَّرنا، فإن اطَّلَع الأولياء على أن الكافرين كَذِباً في شهادتهما، قام رجلان من الأولياء فحلفا بالله: (إن شهادة الكافرين باطلة، وإنا لم نعتد) فتردُّ شهادة الكافرين، وتجوزُ شهادة الأولياء} (تفسير الطبري رقم: (١٢٩٧٩))، واتە: دەڵێن: ئەگەر پیاوێك لە سەفەرێ مردنی گەیشتە سەر، با دوو پیاوی مسوڵمان

بکاتە شایەد، وە ئەگەر دوو پیاوی مسوڵمانی دەست نەکەوتن، با دوو پیاو لە خاوەن کتێبەکان (ئەو دەڵێ خاوەن کتێب واتە: جوولەکەو نەصرانیی، چونکە ئەو کاتە هەر ئەوان لە کۆمەڵگای ئیسلامیی ئەوسادا زیاتر هەبوون، ئەگەرنا غەیری ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەگەر خاوەن کتێبیش نەبن، با بتپەرستیش بن) وەصیەتیان بۆ دەکات وە میراتەکەی خۆی تەسلیمی ئەو دووانە دەکات، ئنجا هەر کاتێك ئەو دوو نەفەرە هاتنەوە، (جا چ دوو مسوڵمانەکە بن، چ دوو نامسوڵمانەکە بن)، وە میراتەکەیان هێنایەوە، بۆ لای خزمەکانی، ئەگەر میراتگرەکان بە ڕاستیان دانان‌و زانییان مردووەکە ئەوەندە ماڵ‌و کەلوپەلەی هەبووە، ئەوە قسەکەیان وەردەگیرێ‌و وازیان لێ دەهێنرێ، (ماڵتان ئاواو خوا پاداشتتان بداتەوە، کە میراتەکەتان هێنایەوە)، بەڵام ئەگەر تۆمەتباریان کردن (واتە: لێیان کەوتنە گومان) ئەوە دەیانبەن بۆ لای حوکمڕان، بۆ لای قازی لەوێ دوای نوێژی عەسر سوێند بە خوا دەخۆن، دەڵێن: نە شاردوومانەتەوە، نە درۆمان کردووە، نە خیانەتمان کردووەو نە گۆڕیمانە، ئنجا دوای سوێندەکەش ئەگەر خزمە نزیکەکانی مردووەکە پێیانزانی، کە ئەو دوو کافرە درۆیان کردوە لە شایەدیی دانەکەیاندا، دوو پیاو لە خزمانی مردووەکە هەڵدەستن سوێند بە خوا دەخۆن کە شایەدیی دانی ئەو دووانە بە تاڵ (باطل)ە، بەو بەڵگانە، وە ئێمە سنوورشکێنییمان نەکردوە، لەو کاتەدا شایەدییدان‌و سوێندی دوو کافرەکە کە خیانەتیان کردوە، بە پووچ دادەنرێ، یاخود ڕەت دەکرێتەوە، وە شایەدییدانی دوو خزمی مردووەکە جێی خۆی دەگرێ.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجۡهِهَآ أَوۡ يَخَافُوٓاْ أَن تُرَدَّ أَيۡمَٰنُۢ بَعۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡمَعُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾، ئا ئەمە، ئەو حوکمە شەرعییە نزیکترە لەوەی کە شایەدییەکە وەك خۆی بدەن، مرۆڤ ئەگەر بزانێ لێی ناپرسرێتەوەو بە دوای داناچن، وە دین‌و تەقواشی نەبێ، بە کەیفی خۆی قسان دەکات‌و نیوەی ماڵەکەش ڕەنگە بەلاوە بنێ، بڵێ: ئەوەندە بوو، بگرە ڕەنگە بڵێ: مردووەکە قەرزداری منیشە! بەڵام ئەگەر بزانێ لێی دەپرسرێتەوە، وەك حوکمە شەرعییەکە دەفەرموێ: ئەوە نزیکترە لەوەی کە شایەدییەکە وەك خۆی بدات، یاخود بۆ ئەوە کە بترسێن کە

سـوێندەكانیان ڕەت بكرێنەوە، ﴿أَوْ يَخَافُوٓا۟ أَن تُرَدَّ أَيْمَـٰنٌۢ بَعْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ﴾، دوای سـوێنددانی ئـەوان كـە خزمـانی مـردوو سـوێند دەخـۆن بـە بەڵـگەوە، ئـەو كاتـە سـوێندەكەی وان بـە پـووچ دادەنـرێ، چـونكە دەركـەوتوە كـە سـوێندەكەیان بـە درۆ خـواردوە، لەو ئامانجە نـزیكتـرە، چونكـە دوایـی دەفـەرمویٚ: ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْمَعُوا۟ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ﴾، وە پـارێز لـە خـوا بكـەنو ببیسـتن، وە خـوا ڕێنمـایی لاڕێبـوان ناكـات.

# چەند حوكمێكی شەرعی كە لەم ئایەتانەوە وەردەگیرێن

١/ ڕەوایی وەصـیەتو پێویسـتبوونی لەسەر كەسێك كە لـە مـەرگ نـزیك دەبێتـەوە، كەسـێك كـە زانـی دەمـرێ بـۆی هەیـە، بەڵـكو زۆربـەی زانایان دەڵێن: لەسـەری فەرزە وەصـیەت بكـات، چونكە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ شَهَـٰدَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ حِينَ ٱلْوَصِيَّةِ ٱثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾، وەك هـەواڵ پێـدان دەفـەرموێ، بـەڵام وەك فـەرمان وایـە، واتـە: ئەگـەر زانیـت دەمری، وەصـیەت بكـە!

٢/ بابـای نزیكـە مـەرگ، مـادام عەقڵـی چەسپاوبێ، وەصیەتەكەی ئیعتیبـاری پـێ دەكـرێ، چـونكە دەفـەرموێ: ﴿إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ﴾، بـەڵام هـەندێ كـەس هەیـە دەكەوێتـە گیـانەڵاو كـەس لـێی تێنـاگات، هۆشـی لـەلای خـۆی نەمـاوە، ئەوە وەصـیەتەكـەی ئیعـتیبـاری پێنـاكرێ.

٣/ شـایەدییدانی وەصـیەت پێویستی بە دوو كـەس هەیە، وەك ئایەتەكە دەفـەرموێ: ﴿ٱثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾، یـان ﴿ءَاخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ﴾، واتـە: دوو كەسـی

دادگــەرو جێی متمـانه بـن، ئەگــەرنا نــابێ ئــەوەی وەصــیەتی بۆدەكــرێ، یـەك كەس بێ.

٤/ ڕەوایی شـایەدییدانی كـافران لەو جۆرە وەصیەتەدا، لەبـەر پێویسـتیی (ضـرورة)، وە ئەوانەش كە دەڵێن: نەسخ كراوەتەوە، لەڕاستییدا هیچ بەڵگەیەكیان بەدەستەوە نیە، بەڵكو دروســتە كافر لـەو حاڵەتانـەدا بكرێنـە شایەد، مـادام مســوڵمان چـنگ نەكـەون، وەك لە ئایەتەكـەدا دەفەرموێ: ﴿أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ﴾.

٥/ لەو ڕســتەیە وەردەگیـرێ كە بەگشـتی شـایەدییدانی كافران لە كاتی پێویســتییدا وەردەگیـرێ، چونكـە ئایەتەكە دەفەرموێ: ﴿أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ﴾، مانـای وایـە لەو جۆرە حاڵەتانەدا وەك چۆن شـایەدیی لە مســوڵمانان وەردەگیـرێ لـە كـافرانیش وەردەگیـرێ، كە ئــەوە ڕای (إبن تیمیة)و كۆمـەڵێك لـە زانایـانی دیكەشــە، وە هـەر ئەو ڕایەش ڕاستە، چونكە ئەگەر مســوڵمان لەوێ نەبــوون، خـۆ نــابـێ ئـەو ماڵــە زایــە ببــێ!

٦/ ڕەوایـی ســەفەركردنی مســوڵمان لەگـەڵ كافرانـدا، چـونكە ئایەتەكـە دەفـەرموێ: ﴿أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ﴾، واتە: ئەو دوو نەفەرە لە نامسوڵمانان كە لەگەڵ ئـەو مسوڵمانەن، كەواتە: دروستە مسوڵمان سەفەر لەگەڵ نامسـوڵماناندا بكات، سەفەری بازرگــانیی، ســیاسیی، گەشتو گەڕان ... هتد، مادام متمانەی پێیان هــەبێ.

٧/ ڕەوایی سـەفەر بۆ بازرگانیی، چونكە دەفـەرموێ: ﴿إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ ئەگەر ئێوە بەسـەفەر چوون، دیـارە بـۆ بازرگـانیی، كەواتـە: دروسـتە ئینسـان بـۆ بازرگــانی سەفەر بكات، هەتـا بۆ وڵاتـی كافـران، بۆ شـوێنی دوور.

٨/ كەوتنــە گومـان لـە شایەدییــدان دا، پاســاوی سـوێند دانــی شــایەدەكانە، كاتێـك كەسێك شــایەدیی دەداتو لــێی دەكەویــە گومــان، دروستە بڵـێی: سوێندیشــم بـۆ بخــۆ! چــونكە دەفــەرموێ: ﴿تَحۡبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ﴾، ئەگــەر لێیــان كەوتنــە گومــان لــە دوای نوێـژ ســـوێندیان بــدەن،

هەڵبەتە وەك گوتم لە دوای نوێژ مەبەست پێی ئەوەیە زیاتر حاڵەتێكی ڕووحیی دروست بێ، وە ئەو كەسە هەست بە ترس و سام و هەیبەتێك بكات، بۆئەوەی شایەدییەكەی چاكتر بدات، سوێندەكەی ڕاستتر بخوات.

٩/ بەڵام ئەگەر گومان لە گۆڕێ دا نەبوو، تۆمەت لە ئارادا نەبوو، پێویست بە سوێندان ناكات، چونكە ئایەتەكە دەفەرموێ: ﴿ فَيُقْسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرْتَبْتُمْ ﴾، ئەگەر كەوتنە گومان، ئەدی ئەگەر نەكەوتنە گومان؟ ئەوە پێویست ناكات.

١٠/ شایەدییدان شتێكی زۆر گەورەیە، چونكە ئایەتەكە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا نَكْتُمُ شَهَـٰدَةَ ٱللَّهِ ﴾، وە شایەدیی خوا ناشارینەوە، جا چ مەبەست پێی سوێند خواردن بە خوا بێ، چ مەبەست پێی شایەدییدان بێ، كە هەردووكیشیان تێكهەڵكێشن، جاری وایە كەسێك دەبێتە شایەد، سوێندیشی دەخرێتە سەر، شایەدیی و سوێند شتێكی گەورەیە، بۆیە خوای بەرز پاڵی داوەتە لای خۆی.

١١/ دروستە شایەدەكان تاقیبكرێنەوە لە كاتی گوماندا، وە لە یەك جیابكرێنەوە، بە جیا لێیان بپرسرێ، ئەوەش دروستە، بۆئەوەی زیاتر حەقیقەت دەربكەوێ.

١٢/ هەبوونی نیشانەو قەرینە جێداریی بەڵگەیە، واتە: نیشانە (قرينة) ئەوەیە شتەكە تەواو نەچەسپێ، بەڵگە ئەوەیە شتەكە تەواو بچەسپێ، ئەگەر قەرینەو نیشانەیەكیش هەبێ لە شوێنی بەڵگە دادەنرێ لە حاڵەتی درۆكردنی وەصیەت بۆ كراوەكاندا، وە پاش سوێند خواردنی دوو كەسی نزیكی مردووەكە، ئەو كاتە شایەدییەكەیان لێ هەڵدەوەشێتەوە[1].

---

١) تيسير كريم الرحمن في تفسير كلام المنان: ص٢٤٧.

# ئایا ڕاستە ئەم ئایەتە نەسخ كراوەتەوە؟!

زەیدی كوڕی ئەسلەمو نەخەعیی‌و مالیك‌و شافیعیی‌و ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ئەم ئایەتە بە مەنسووخ دادەنێن، وە بەڵگەش بەو ئایەتەی سوورەتی (البقرة) دێننەوە، كە دەفەرموێ: ﴿مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ ﴿٢٨٢﴾﴾، دەڵێن: كەواتە: كافر لەو شایەدانە نین كە مسوڵمانان لێیان ڕازی بن، ئایەتەكەش دەفەرموێ: لەو شایەدانەی كە لێیان ڕازین، هەروەها كە دەفەرموێ: ﴿ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾، دوو كەسی دادگەر لە خۆتان بە شایەد بگرن، كەواتە: دەبێ لە مسوڵمانان بن، وە لە سوورەتی (الطلاق)دا دەفەرموێ: ﴿وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾، واتە: وە دوو كەسی خاوەن دادگەریی لەخۆتان بە شایەد بگرن، بەڵام (أبي موسى الأشعري، وسعيد بن المسيب، ويحيى بن يعمر؛ وسعيد بن جبير وأبي مجلز وإبراهيم وشريح وعبيدة السلماني، وابن سيرين ومجاهد وقتادة والسدي وابن عباس وغيرهم. وقال به من الفقهاء: سفيان الثوري؛ ومال إليه أبو عبيد القاسم بن سلام) هەموویان گوتوویانە: ئەم ئایەتە موحكەمەو مەنسووخ نیە، وە شایەدییدانی ئەهلی زیممە، واتە: نامسوڵمانێك كە هاوپەیمانن لە وڵاتی مسوڵماناندا دەژین، دروستە لە سەفەردا، مادام مسوڵمانان لەوێ نەبن، وە كە دەشفەرموێ: ﴿مِّنكُمۡ﴾، واتە: لە ئیمانداران، بەڵام كە دەفەرموێ: ﴿مِنۡ غَيۡرِكُمۡ﴾، واتە: لە نامسوڵمانان.

وە (القُرطُبي) دەڵێ: (وما ادعوه من النسخ لا يصحُّ فإن النَّسخ لابُد فيه من إثبات الناسخ على وجه يتنافى الجمع بينهما مع تراخي الناسخ؛ فما ذكروه لا

یصح أن یکون ناسخاً؛ فإنّه في قصة غیر قصة الوصیة لمکان الحاجة والضرورة؛ ولا یمتنع اختلاف الحکم عند الضرورات؛ ولأنّه ربّما کان الکافر ثقة عند المسلم یرتضیه عند الضرورة؛ فلیس فیما قالوه ناسخ)[1]، واته: ئەوەی کە گوتوویانە: ئەو ئایەتە نەسخ بۆتەوە، ڕاست نیە، چونکە کە دەگوترێ نەسخ، دەبێ لابەر (ناسخ)ی زۆر ئاشکرابێ، بەڵام لێرەدا دیارنیە، وە پێکەوەش دژنین، ئایەتەکانی دیکە کە دەفەرموون: دوو نەفەر با لەخۆتان شایەدبن، ئەوەی سوورەتی (البقرة)و (الطلاق)، واتە: لە کاتێکدا کە مسوڵمان هەبن، ئەدی ئەگەر مسوڵمان نەبوون؟ لە سەفەر کابرا لێی قەوماوەو لە غەریبایەتییەو بەس کافری لێن، ئەو ئایەتە باسی ئەو حاڵەتە هەڵاوێردراو (إستثناء)یە دەکات، کە لە کاتی ناچاریی دایە، وە بەتایبەتی ئەگەر کافرەکان جێی متمانەی ئەو مسوڵمانە بن، وە لێیان ڕازی بێ، ئەوەش کە دەفەرموێ: ﴿ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ ﴿٢٨٢﴾ ﴾، کابرا لە شایەدییدانی ئەو کەسە ڕازییە، با کافریش بێ، مادام متمانەی پێی هەیە، ئەوە دروستە وەصیەتی بۆ بکاتو دروستە بیکاتە شایەد.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) الجامع لأحکام القرآن: ج٦، ص٣٠٦.

# دەرسی بیست و چوارەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسە حەوت ئایەت دەگرێتە خۆی لە سوورەتی (المائدة) ئایەتەکانی (١٠٩ تاكو ١١٥)، دیارە لە ئایەتی یەكەمیاندا خوا ﷻ باسی ئەو كاتە دەكات كە تێكڕای پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) كۆدەكاتەوە، واتە: لە ڕۆژی دوایی دا، وە لێیان دەپرسێ: ئایا چیتان وەڵامدراوەتەوە لەلایەن ئۆممەتەكانتانەوە؟ ئەوانیش دەفەرموون: ئێمە بە تەواوی نازانین هەر خۆت زانای نهێنییەكانی، واتە: هەر بۆخۆت بە تەواویی حاڵو باڵی میللەتانو ئۆممەتانی ئێمە دەزانی، كە چۆن بوونو چۆنیان وەڵام داوینەوە؟

پاشان خوای زاناو شارەزا ئەو كاتە دەخاتەوە یاد، كە چاكەو نیعمەتەكانی خۆی خستۆتە بیر عیسای كوڕی مەریەم سەلامی خوایان لێبێ، لە پشتگیرییكرانی بە (روح القدس)، بەوە كە لە بێشكەدا قسەی لەگەڵ خەڵكدا كردوە، هەروەها لە حاڵەتی كامڵییشدا، وە ئەوە كە خوا كتێبو حیكمەتو تەوراتو ئینجیلی فێر كردوە، وە ئەوە كە یارمەتی داوە لە قوڕ باڵندە دروست بكات، وە پاش ئەوەی كە فووی پێدا كردوە، ئەو باڵندەیە شێوە ژیانێكی بە بەردا كراوەو فڕیوە، وە پاشان ئەوە كە كوێری زگماكو بەڵەكی زگماكی چاك كردۆتەوە، وە مردووی زیندوو كردوونەوە، وە لە دەستی جوولەكەكان چەپاڵەی داوە.

وە پاشان خوای پەروەردگار باسی ئەوە دەكات كە وەحی ناردوە بۆ حەوارییەكان، كە دیارە لێرەدا وشەی وەحی بە مانای ئیلهامو خستنە نێو دڵ دێ، كە ئیمان بە خۆیو بە پێغەمبەرەكەی بێنن، كە عیسایە عليه السلام.

وە لە چوار ئایەتی كۆتایی ئەم دەرسەماندا خوای پەنهانزان باسی سێیەمین بەسەرهات دەكات، كە لەم سوورەتەدا هاتوە، وە سوورەتەكەش هەر بەناوی ئەو

بەسەرهاتەوە ناونراوە، ئەویش بەسەرهاتی سفرەو خوانە، سفرەیەك كە خواردنی لەسەر بێ، كە حەوارییەكان داوایان لە عیسا ﷺ كردوە، بۆیان لە خوا بپاڕێتەوە، سفرەو خوانێكیان لە ئاسمان بۆ بنێرێتە خوار، وە ئەویش دیارە داواكەی ئاڕاستەی خوای پەروەردگار كردوە، بە ئەدەبو ڕێزێكی زۆرەوە، وە خوای پەروەردگاریش وەڵامەكەی ئەرێنیی بووەو فەرموویەتی: بەڵێ، من ئەو سفرە پڕ خواردنە دەنێرمە خوار، بەڵام بە مەرجێك هەر كەسێك پاش دابەزینی ئەو سفرەیە بێبڕوابێ، ئەوە بە شێوەیەك سزای دەدەم، كە هیچ كەس لە جیهانییانم بەو شێوەیە سزا نەداوە.

﴿يَوْمَ يَجْمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا عِلْمَ لَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ
ٱلْغُيُوبِ ﴿١٠٩﴾ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱذْكُرْ نِعْمَتِى عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ
إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا ۖ وَإِذْ عَلَّمْتُكَ
ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ۖ وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ
بِإِذْنِى فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِى ۖ وَتُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ بِإِذْنِى ۖ
وَإِذْ تُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِى ۖ وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُم
بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿١١٠﴾ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى
ٱلْحَوَارِيِّۦنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِى وَبِرَسُولِى قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴿١١١﴾
إِذْ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا
مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۖ قَالَ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا۟ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ
مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿١١٣﴾
قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا
لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةً مِّنكَ ۖ وَٱرْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿١١٤﴾ قَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مُنَزِّلُهَا
عَلَيْكُمْ ۖ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّىٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ
﴿١١٥﴾﴾.

# مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((ڕۆژێــك كـە خـوا پێغەمبـەران كۆدەكاتـەوە، دەفـەرموێ: بـە چـی وەڵامدرانـەوە لەلایـەن ئۆممەتەكانتانـەوە؟ گوتیـان: زانیارییمـان نیـە، بێگومـان هـەر تـۆ زانـای نهێنییـەكانی، ﴿١٠٩﴾ یادبكـەوە كاتێـك خـوا فـەرمووی: ئـەی عیسـای كـوڕی مەریـەم! چاكـەی من بەسەر خۆت و دایكـتەوە یادبكـەوە، كە بە گیـانی پاك پشـتم گرتـی، لـە لانكـداو، بـە كامڵـیی قسـەت لەگـەڵ خـەڵكی دا دەكـرد، وە كاتێـك كتێـب و حیكمـەت و تـەورات و ئینجیلـم فێـركردی، وە كاتێـك بـە مۆڵـەتی مـن شـێوەی باڵنـدەت لـە قـوڕێ دروسـت دەكرد، ئنجا فووت پێـدا دەكردو بە مۆڵـەتی مـن دەبـوو بـە باڵنـدەی زینـدوو، وە كوێـری زگمـاك و بەڵەكـت بە مۆڵـەتی مـن چـاك دەكـردەوە، وە كاتێـك بـە مۆڵەتی مـن مردووانـت بـە زینـدووكراوەیی لـە گۆڕەكانیـان دەردەهێنـا، وە كاتێـك دەسـتی بـەنی ئیسـڕائیلم لـە تـۆ گێـڕایەوەو نەمهێشـت زیـانت لێبـدەن، كاتێـك بـە بەڵـگە ئاشـكرایەكانەوە هاتیـە لایـان، ئنجا ئەوانـەیان كـە بێبـڕوا بـوون، گوتیـان: ئەمـە بـەس جـادوویەكی ئاشـكرایە ﴿١١٠﴾ وە كاتێـك سرووشـم بـۆ حەوارییـەكان كـرد، (خسـتمە دڵیانـەوەو خورپـەم بـۆكردن) كـە بـڕوا بـە خـۆم و بـە پێغـەمبەرەكەم بهێـنن، گوتیـان: ئیمانمان هێنـا، شـایەدبە كـە ئێمـە گەردنكەچیـن ﴿١١١﴾ كاتێـك حەوارییـەكان گوتیـان: ئـەی عیسـای كـوڕی مەریـەم! ئایـا پـەروەردگارت دەتوانـێ خـوانێكی خـواردنمان لـە ئاسـمانەوە بۆ دابەزێنـێ، عیسا گوتی: ئەگەر ئیمانـدارن پـارێز لـە خـوا بكـەن، (وە داوای وامەكـەن) ﴿١١٢﴾ گوتیـان: دەمانـەوێ لـەو سـفرەوە خـوانە بخـۆین، وە دڵمـان بـەهۆی زیـادبوونی ئیمـانەوە ئـارام بگرێ، وە بزانین و دڵنیـابین كـە ڕاسـتت لەگـەڵ كـردووین، وە لەسـەری ببینـە شـایەد، ﴿١١٣﴾ عیسـای كـوڕی مەریـەم! گـوتی: ئـەی خـوایە، پـەروەردگارمان! خـوانێكمان لـە ئاسـمانێوە بـۆ دابەزێنـە، بۆمـان ببێتـە جـەژن بـۆ هـی سـەرەتاو كۆتـاییمان، وە ببێتـە بەڵگـەو نیشـانەیەك لـە تـۆوە، وە بـژیومان بدەیـە، بێگومـان تـۆ باشـترینی بـژیودەرانی ﴿١١٤﴾ خـوا فـەرمووی: بێگومـان مـن ئـەو خـوانە دادەبەزێنمـە سـەرتان، بـەڵام هـەر كەسـێك دوای ئـەوە لـە ئێـوە بێبـڕوابێ، ئـەوە بـە مسۆگەریی ئازارێكی دەدەم، هیـچ كەس لە جیهـانییان وا سـزاو ئـازار نـەدەم ﴿١١٥﴾)).

## شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(﴿إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِ﴾): (أَي: قَوَّيْتُكَ، أَسْنَدتُكَ) واتە: پشتم گرتی، پاڵپشتت بووم‌و بەهێزم كردی، (رُوحُ القُدس)، (رُوح) واتە: گیان، ئەو حەقیقەتەی كە ئێمە نایزانین چییە؟ یاخود دەڵێ: (الرُّوحُ إسْمٌ للنَّفْس) رووح ناوە بۆ نەفس، بەڵام لێرەدا بە مانای گیان دێ، چونكە (رُوحُ القُدس) واتە: گیانی پاك، یان پیرۆز، كە مەبەست پێی جبریلە عليه السلام، هەندێكیش گوتوویانە: مەبەست پێی رووحی عیسایە، كە رووحێكی پاكی هەبووە، هەندێكی دی گوتوویانە: ئەو ئیمانەیە كە لە دڵ‌و دەروونی عیسادا چەسپاوە، بەڵام رای بەهێزتر ئەوەیە كە مەبەست لە (رُوحُ القُدس) جبریلە عليه السلام، چونكە خوا دەفەرمویٚ: ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤ بِلِسَانٍ عَرَبِيّٖ مُّبِينٖ ١٩٥﴾ الشُعَراء، لە شوێنی دیكە فەرموویەتی: ﴿قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ ...١٠٢﴾ النحل. (رُوحُ القُدس) واتە: جبریل.

(﴿ٱلۡمَهۡدِ﴾): واتە: بێشكە، لانكە، (المَهْدُ: مَا تُهَيَّأُ لِلْصَّبِيِّ، وَالمَهْدُ وَالمِهَادُ: المَكَانُ المُمْهَّدُ المُوطَّأ) وشەی: (مَهْد، مِهَاد) بە شوێنێك دەگوترێ: كە خۆشكرابێ‌و ئامادەكرابێ، بەڵام ناویشە بۆ ئەو بێشكەو لانكەی كە منداڵی گچكەو شیرەخۆرەو مەلۆتكەی تێدەهاوێشترێ.

(﴿وَكَهۡلٗا﴾): (الكَهْل: أَي الكامل) كەهل، واتە: كامڵ ، (الكَهْل: مَن وَخَطَهُ الشَّيب، أَي: شَابَهُ، استوى بَيَاضهُ وَسَوَادُهُ) كەهل بە كەسێك دەگوترێ: بڵێ ریشی ماش‌و برنج بووە، مووی سپی لە سەرو ریشی پەیدابووبێ، یاخود مووە سپی‌و رەشەكەی تێكەڵ بووبێ وەك یەك بێ، ئەگەر پێهەڵاتر چوو، ئەوە پێی دەگوترێ: (شیخ) واتە: بە تەمەن، بەڵام لەوە خوارتر بوو، پێی دەگوترێ: (شاب) واتە: گەنج، هەڵبەتە ئەو قۆناغانەش بە پێی هەندێ لە كەسەكان دەگۆڕێن،

کەســی وا هەیە هەر لە سی ساڵییەوە دەیداتە دەم پیــرییەوە، بەڵام جۆرێــك لە گەنجیی هەر پێــوە دیارە، وەك پێغەمبەری خــوا ﷺ بەو شــێوەیە بووە، ئەوەی کە جەســتەی ساغو سەلامەتتــر بێ، یان جەستەی بە شــێوەیەك بــێ کە زوو تەمــەنی لــێ دیــار نــەدات ئاوایــە.

(تَخۡلُقُ): (خَلَـق) واتــە: هێنانــە دی لــە نەبوونــەوە، هــەروەك (خَلَـق) بــە مانـــای دروسیـتـکرد (صــنع)یش دێ، واتـە: مـەرج نیـە لـە نەبوونـەوە بیهێنێتـە دی، واتـە: (خَلَـق) مانـــای (صَنَع)ەش دەگەیـەنێ، شـتێك لـە شـتێك دروست بکـەی، (الخَلْقُ: أَصْلُـهُ التَّقْـدِيرِ الـمُسْتَقِيمُ، وَيُسْــتَعْمَلُ فِــي إِبْـدَاعِ الشَّــيءِ مِـنْ غَيْـرِ أَصْـلٍ وَلا احْتِـذَاءٍ)، (خَلْق) بە مانای ئەندازەگیـرییەکـی ڕێـكو ڕاستو پەیداکردنی شتێکە، کە ئەو شــتە بنچــینەیەکی نەبووبــێ، وە تێیــدا چــاو لە کەس نـەکرابێ، واتـە: شــتێك پەیدابکـەی وێنــەی نەبووبــێ.

(ٱلۡأَكۡمَهَ ): (الأَكْمَـهُ: الَّـذِي وِلِـدَ مَطْمُـوُس العَـيْن)، (أَكْمَـه) کەســێکە کـە بـە کوێریـی لەدایـك بووە، کوێــری زکمــاك.

(وَٱلۡأَبۡرَصَ ): واتـە: بەڵەك، بـەڵام لـە زمـانی عەرەبیـدا دەڵێ: (وَقِيلَ لِلْقَمَرِ أَبْرَص لِلْنُكْتَةِ الَّتِي عَلَيْهِ)، مانگ پێی دەگوتــرێ ئـەبرەص لەبەرئـەوەی خـاڵێکی پێوەیـە، هــەروەك چۆن کەســێك کە بەڵەکیی پێوەبێ، پێــی دەگوتــرێ ئەبــرەص.

(كَفَفۡتُ ): ئەوانـەم لـە تـۆ گێڕایـــەوە، (الكَـفُّ: كَـفُّ الإِنْسَـان) کـەف بریتیــە لـە لەپــەدەســت بـە پەنجــەکانەوە، (وَكَفَفْتُــهُ أَصَبْتُهُ بِالكَـف وَدَفَعْتـهُ بِهَـا)، واتـە: بـە لەپـــەدەست لـێمـدا، یـاخود بـە لەپەدەســت لامبــرد، پاڵـمپێوەنـا کـە نەبـێ، یـان نەیــەتە پێــش.

(ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ ): کــۆی حـــەوارییە، کــە بــە مانــای هــاوەڵــێکی تایبـــەت دێ، وە لــە فەرمایشـــتی پێغەمبــەری خـــوادا ﷺ هــاتوە، فەرموویـەتی: ﴿لِكُـلِّ نَبِـي حَـوَارِيٌّ وَحَـوَارِيِّ الزُّبِيــرِ﴾ {أَخْرَجَـهُ أَحْـمَد بـرقم: (١٤٦٧٥)، وَالبُخَـارِيُّ بـرقم: (٢٨٤٧)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٦١٩٣)، وَابْـنُ مَاجَـهْ بـرقم: (١٢٢) عَـنْ جَـابِرَ بْـنَ عَبْـدِ اللهِ}، واتــە:

هەموو پێغەمبەرێك هاوەڵێكی زۆر دانستەو تایبەتیی هەبووە، هاوەڵی زۆر دانستەو تایبەتیی من زوبیری كوڕی عەوامە، كە كوڕە پووریشی بووە، واتە: كوڕی خوشكی بابی بووە، كوڕی صەفییە بووە، صەفییەش كچی عەبدولموتتەڵیب بووە، ئنجا حەواریی یەكان لێرەدا واتە: پشتیوانانی عیسا، ئایا بۆچی پێیان دەگوترا حەواریی؟

١) هەندێك گوتوویانە: لە (حَوْر)ەوە هاتوە، واتە: گەڕانەوە، لەبەرئەوەی بۆ لای خوا گەڕاونەوە.

٢) وە هەندێكیش گوتوویانە: لە حەورائەوە هاتوە، (حوراء) واتە: ئافرەتێك كە چاوی زۆر سپیو زۆر ڕەش بن، واتە: ڕەشو سپییەكەی چاوی زۆر دیاربێ.

٣) وە هەندێكیان گوتوویانە: (كَانُوا قَصَّارِيِن) بەرگ سپیكەرەوە بوون، دیارە وەختی خۆی، وەك چۆن ئێستا ئوتوو هەیە، شوێنی جل شۆریو ئوتووكردنە، كاتی خۆی (قصّار) هەبوون، كەسێك بەرگێكی بووبێت داویەتی بەوان، بۆیان سپیو جوانو خاوێن كردۆتەوە.

٤) هەندێكیش گوتوویانە: (كَانُوا صَيَّادِين) ڕاوچیی بوون، ئنجا لەبەرئەوەی كە ڕاوچیی بوون، هەمیشە لە ئاودا بوون، پاكو خاوێن بوون.

٥) هەندێكیش گوتوویانە: بۆیە پێیان گوتراوە: (حوارییـن)، چونكە دڵو دەروونی خەڵكیان لە شیركو بتپەرستی پاك كردۆتەوە، وە ئیمانو تەوحیدیان خستۆتە نێو دڵیان بە فەرمانی خوا.

(يَسْتَطِيعُ ): (أَي: يَقْدِر) واتە: دەتوانێ، (الطَّوْعُ: الإنقِيادُ، يَسْتَطيعُ: يُجيبُ، أَو هَلْ تَقْتَضِي الحِكْمَةُ أَنْ يَفعل ذلكَ؟) دوایی زیاتر ڕوونی دەكەینەوە، چونكە بەكارهێنانی ئەو وشەیە بۆ خوای بەرزو بێوێنە نەگونجاوە بە پێی ڕواڵەتەكەی، بۆچی؟ چونكە حەوارییەكان دەڵێن: ئایا پەروەردگارت دەتوانێ سفرەیەكمان لە ئاسمان بۆ دابەزێنێ؟ هەندێك دەڵێن: (يَسْتَطيعُ) بە مانای (يُجِيبُ) دێ، واتە: ئایا پەروەردگارت وەڵامت دەداتەوە، ئەو سفرەیە دابەزێنێ لە ئاسمانەوە؟ هەندێكیش گوتوویانە: (يَسْتَطيعُ) هەر بە مانای (دەتوانێ) دێ،

واتە: ئایا حیكمەتی خوا ئەوە دەخوازێ ئەوە بكات؟ نەك گومانیان هەبووبێ لە توانای خوا.

(مَآئِدَةً ): (المَائِدَة: الطَبَق الَّذِي عَلَيهِ الطَّعَام، والمَيْدُ: الإِضْطراب)، سینییەك، یان سفرەیەك كە ڕادەخرێ، ئەگەر خواردنی لەسەر نەبێ، پێی دەگوترێ: (طَبَق)، ئەگەر لەسەری بێ، پێی دەگوترێ: (مَائِدَة)، ئەویش لە ئەسڵدا لە (میـد)ەوە هاتوە، دەڵێ: (والمَيْدُ: الإِضْطراب) لەبەرئەوەی سفرەو خوان دەجووڵێنرێ و لادەبرردرێ و هەڵدەگیرێ.

(عِيدًا ): {العِيدُ: مَا يُعَاود مَرَّة بَعْد أُخْرَى، وخُصَّ فِي الشريعة بيَوم الفِطر وَيَوم النَّحْر، وَلَمَّا كَانَ ذَلِكَ اليَوم مجعولاً للسرور في الشريعة، كَمَا نبّه النَّبي بقَولِهِ: ﴿أَيَّامُ أَكْلٍ، وَشُرْبٍ، وَبِعَالٍ﴾ صَارَ يُسْتَعْمَلُ العِيدُ فِي كُلّ يَوْمٍ فِيهِ مسرَّة، وَعَلَى ذَلِكَ قَوله تَعَالى: ﴿رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدٗا ﴾}، واتە: وشەی (عید) جەژن ئەو بۆنەیەیە كە جار لە دوای جار دەگەڕێتەوە، دووبارە دەبێتەوە، جەژن لەبەرئەوەی ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، یاخود لەو ڕۆژەدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە شەریعەتدا تایبەتكراوە بە ڕۆژی ڕۆژوو شكاندن كە یەكی شەووالە لە دوای ڕەمەزان، وە ڕۆژی قوربانیی سەربڕین، واتە: جەژنی ڕەمەزان و قوربان (راغب الأصفهاني) وایگوتوە.

بەڵام وانییە، چونكە هەر لە حەدیسدا هاتوە ڕۆژی جومعەش بە جەژن (عید) ناوبراوە، هەروەها (أيَّام التشريق)یش ئەو سێ ڕۆژانەی كە قوربانییان تێدا سەردەبڕدرێ، ئەوانیش بە جەژن (عید) ناوبراون، وە (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (عید) مەرج نیە هەر بۆنەیەكی ئایینیی بێ، بەڵكو هی نەتەوەیی و نیشتیمانیش هەر پێی دەگوترێ: (عید)، كە ئەو دەڵێ: (وَلَمَا كَانَ ذَلِكَ اليَوم مجعولاً للسرور في الشريعة) وە لەبەرئەوەی وشەی (عید) لە شەریعەتدا بۆ دڵخۆشیی و شادیی بەكارهێنراوە، {كَمَا نبّه النَّبي بقَولِهِ: ﴿أَيَّامُ أَكْلٍ، وَشُرْبٍ، وَبِعَالٍ﴾}، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری كردووینەوە،

فەرموویەتی: ڕۆژانی جەژن ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەو جووتبوونن، (صَارَ يُسْتَعْمَلُ العِيدُ فِي كُلّ يَوْمٍ فِيهِ مسرة) وشەی (عيد) بۆ هەر ڕۆژێك بەکارهاتووە کە دڵخۆشییەکی تێدابێ، بەو پێیە جەژنی نەورۆز، یادی ڕاپەڕین... هتد، هەر بۆنەیەك شادییەکی تێدابێ پێی دەگوترێ (عيد)، ئەو لێرەدا وادەڵێ، بەڵام لەڕاستییدا لە ئەسڵی زمانی عەرەبیدا وەك من لە کتێبی (جەژن و بۆنەو یادەکان و هەڵسەنگاندنێك)دا باسمکردووەو ساغم کردۆتەوە: وشەی (عيد ) بە هەر بۆنەیەك دەگوترێ کە دووبارە بێتەوە، ئەگەر بۆنەیەکی ناخۆشیش بێ، واتە: لەو ڕۆژەشدا شتێکی گەورە ڕوویدابێ، مادام یاد بکرێتەوە پێی دەگوترێ (عيد)، بەڵام زۆرجار لە بەکارهێنانی عورفدا (عيد) زیاتر بۆ کاتی خۆشیی بەکارهێنراوە، ئەگەرنا لە ئەسڵی زمانی عەرەبیدا وانییە، (راغب) بەردەوام دەبێ و دەڵێ: (وَعَلَى ذَلِكَ قَوله تَعَالى): ﴿رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدٗا﴾، لەسەر ئەو بناغەیە فەرموودەی خوای بەرز کە عیسا ﷺ داوا لە خوا دەکات و دەفەرموێ: پەروەردگارمان سفرەیەکی پڕ خواردنمان بۆ بنێرە خوارێ لە ئاسمانێوە، کە بۆمان ببێتە جەژن.

# مانـــای گـــشـــتـــی ئـایـەتـەكـــان

خـوا ﷻ لـەم حـەوت ئایـەتـەدا، هەروەهـا لـە ئایەتـەكـانی دیكەشـدا كـە دێـن، واتـە: پێنـج ئایـەتی كۆتـاییش، كە دەبنە دەرسی كۆتایی تەفسیری ئەم سـوورەتە موبـارەكە، جگـە لـە ئایـــەتی یەكـــەم كـە باسـی پێغەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) دەكــات بەگشـتی، ئەوانی دیكـە هـــەموویان باســی عیسـا ؑ و دایكـی (مەریـــەم) خـوا لــێی ڕازی بێ‌و حـەوارییـەكـانو ... هتـد دەكـەن.

وە لێـرەدا خــوا ﷻ هەنـدێك حەقیقـەتی زۆر گـەورەو گرنگمـان بـۆ دەخاتـە ڕوو، وە كۆمەڵێــــك ئەفســـــانەو بیــــروبۆچوونی هەڵـــــەو پەڵـــــەی نەصـــــرانییەكان هەڵدەوەشـێنێتـەوە، وە هـەندێكـی دیكـەش دەخاتـەوە بیـر نەصـرانییەكان، كـە ڕەنگە بۆخۆشـیان فەرامۆشـیان كردبێ‌و لەبیریان چووبێـتــەوە:

ســـەرەتا خــوا ﷻ دەفــەرموێ: ﴿يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْ﴾، ڕۆژێـك كـە خـوا پێغەمبـەران كۆدەكاتـەوە، دەفـەرموێ: بـە چـی وەڵامدرانـەوە لەلایـەن ئوممەتەكانتـانەوە؟ هەندێك لە توێـژەرەوان دەڵێن: ئـەوە پەیوەستە بـەوەی پێشـیەوە كـە دەفــەرمووێ: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاسْمَعُوا وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ ﴿١٠٨﴾﴾، واتــە: پارێـز لە خوا بكـەنو ببیسـتن، خـوا ڕێنمـایی كۆمەڵی لاڕێبـوان ناكـات، واتـە: پارێـز لـە خـوا بكـەنو فـەرمانی خـوا ببیســتن، بۆئـەوەی لـە ڕۆژێكـدا كـە خـوا پێغەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) كۆدەكاتــەوە، ئێـوە سـەربەرز بـن، دەشـگونجێ ئـەو ڕسـتە سـەربەخـۆ بـێ: ﴿يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ﴾، واتە: یاد بكەنـەوەو بیهێنـنە بەرچاوی خۆتان ئەو ڕۆژەی كـە خـوا هەموو پێغەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) كۆدەكاتـەوە ﴿فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْ﴾، پێیـان دەفـەرموێ: بەچـی وەڵامتـان دراوەتـەوە؟ واتـە: ئوممەتـەكانتـان چیـان وەڵامدانـەوە؟ دیارە خـوا ﷻ یـەك بـە یـەك لێیـان دەپرسـێ ئەگـەرنا وەك لـە حەدیسـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ هاتوە، وە (أحمد) لـە (المسند)دا هێنـاویـەتی، كـە سـەدو بیسـتو چوار هـەزار (١٢٤٠٠٠) دانـە پێغەمبـەر هـەبوون، ئنجا

ئەگەر خوای پەروەردگار لێیان بپرسێ هەموویان پێكەوە وەلام نادەنەوە، بەڵكو یەك یەك، لە هەر پێغەمبەرێك دەپرسرێ: تۆ كە رەوانەم كردی وەحیی و پەیامی خۆمم پێدا ناردی، ئایا قەومەكەت، كۆمەڵگاكەت چۆنیان وەلام دایەوە؟ ئنجا بۆ زانیارییتان لە حەدیسی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە: كە پێغەمبەری وا دێ كەسی لەگەڵ دا نیە، كەس ئیمانی پێ نەهێناوە، هی وا هەیە سێ چوار كەس ئیمانیان پێهێناوە، وە هی وا هەیە كۆمەڵێكی زۆر، هی وا هەیە كۆمەڵێكی كەم، یانی: پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) زۆر تووشی نارەحەتیی و گرفتاریی بوو ون، كە پێغەمبەرێكی پایە بەرزی خوا یەك نەفەر ئیمانی پێ نەهێنێ، ئەوەی دیكە یەكێك، ئەوەی دیكە دووان، ئەوەی دیكە سێ!! بەلام گرنگ ئەوەیە خوا لە هەموویان دەپرسێتەوە، دیارە خوای زاناو شارەزا كە لە پێغەمبەران دەپرسێتەوە بێگومان بۆ سەرزەنشتكردن و سەركۆنەكردنی قەومەكانیانە، ئەگەرنا خوا دەزانێ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) كەمتەرخەمییان نەكردوە، چونكە پێغەمبەران پارێزراو بوون لە هەڵەو كەموكوڕیی، بەلام دەیەوێ لەوان ببیستێ، كە دەفەرموێ: چۆن وەلامدراونەوە؟ كۆمەڵگایەكانیانی پێ سەرزەنشت دەكات ﴿قَالُواْ لَا عِلْمَ لَنَآ﴾، ئەوانیش دەڵێن: ئێمە هیچ زانیاریمان نیە، ﴿إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾، بێگومان هەر تۆ زۆر زانای نهێنییەكانی (عَلاَّم) صیغە موبالەغەی (عَالِم)ە، (عالم) واتە: زانا، (عَلاَّم) واتا زۆر زانا، ﴿ٱلْغُيُوبِ﴾یش كۆی (غَيْب)ە، (غَيْب)یش، واتە: نادیار، پەنهان.

لێرەدا توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: باشە یانی چی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دەڵێن: زانیاریمان نیە گەلەكانمان میللەتەكانمان چۆنیان وەلامداینەوە؟ بۆچی وایان فەرمووە؟ سێ مانایان بۆ ئەو رستەیە لێكداوەتەوە:

رای یەكەم: هەندێكیان گوتوویانە: ئەو رۆژە رۆژێكی هێندە بە ترسە، وەك كوردەواریی خۆمان دەڵێن: مرۆڤ ناوی خۆشی لەبیرچۆتەوە، ئەوەندە بە سام و هەیبەت و هەژمەتە! پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لەو كاتەدا لە

ترسان و لەبەر بەرزیی و گەورەیی خواو لە حەژمەتی ئەو ڕۆژە، هەندێکیان زانیارییان نامێنێ، کە دەڵێن: ﴿قَالُواْ لَا عِلْمَ لَنَآ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾، دیارە خۆیان هیچیان لەبیر نامێنێ لەو کاتەدا، بەڵام من ئەو مانایەم پێ بەهێز نیە.

ڕای دووەم: ئەو ڕایە دەچێتە عەقڵمەوە، لایەنگرانی دەڵێن: ﴿قَالُواْ لَا عِلْمَ لَنَآ﴾، واتە: زانیارییەکمان نیە کە تۆ نەتبێ، هەرچی ئێمە دەیزانین تۆ زیاتری دەزانی، واتە: شتێکمان لەلا نیە بە تۆی ڕابگەیەنین، وە خوای گەورەش کە دەفەرموێ: ﴿مَاذَآ أُجِبْتُمْ﴾، مەبەستی ئەوە نیە کە نەزانێ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە ئەوانی دیکە سەرزەنشت بکات، ئەوانیش دەڵێن: خوایە تۆ لە ئێمە چاکتر دەزانی بۆخۆت دەزانی چۆنیان وەڵامداینەوە.

ڕای سێیەم: وە دەشگونجێ ماناکەی ئاوابێ: خوایە! ئەوەی کە ئێمە دەیزانین لەچاو زانیاری بێسنووری تۆ، وەك نەبوون (عدم) وایە، وە ئێمە زانیارییەکمان نیە شایانی باس بێ، لەچاو زانیاری تۆ. ئەو سێ مانایەی بۆ لێکدراونەوە، کە من زیاتر مانای دووەم و سێیەمم بەدڵن.

ئنجا دێتە سەر باسی عیساو مەریەمی دایکی، بۆ بەرپەرچدانەوەی نەصرانییەکان، وە لەم سوورەتەدا زۆر باسی خاوەن کتێبەکان بەتایبەتی نەصرانییەکان کراوە، وەك چۆن لە سوورەتی (النساء)دا زۆر باسی خاوەن کتێبەکان، بەتایبەتی جوولەکەکان کراوە: ﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ﴾، یاد بکەوە ئەو کاتەی کە خوا فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! یادی چاکەی من بکەوە بەسەر خۆت و بەسەر دایکتەوە، چاکەیەکی زۆر گەورەم لەگەڵدا کردوون، چاکەی خوا لەسەر عیسا ئەوەیە کە کردوویەتی بە پێغەمبەری خۆی، بەبێ باب دروستی کردوە، ئەو هەموو موعجیزانەی پێداون، ڕووحێکی زۆر پاکی پێداوە، وە چاکەی خوا لەسەر دایکی عیسا ئەوە بووە کە

ئـافرەتێکی زۆر پاکـیزە بـووە، خـوا بەسـەر هەموو ئافرەتـانی دنیـادا هەڵیبـژاردوە، وە پاشـان عیسـا بەبـێ باب لـە زگیـدا بۆتـە کۆرپـە، کە ئـەوە موعجیزەیـەکی زۆر گـەورە بـووە، وە دوایـیش خـوای پەروەردگـار عیسـای هێنـاوەتە گـۆو قسـە لـە کاتێکـدا کـە مەلۆتکـە بووەو لەسـەر قۆنـداغـێ بووە، ئنجـا کاتێـك لەگـەڵ خۆیـدا بردوویەتـەوە، بۆ لای گەلەکـەی، ئەو بەرگریـی لە دایکی کردوە، وەك لە شـوێنی دیکەدا فەرموویـەتی:

﴿ قَالَ إِنِّي عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا ﴿٣٠﴾ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا ﴿٣١﴾ وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا ﴿٣٢﴾ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ﴿٣٣﴾ ﴾ مـریم، واتـە: (عیسـا عليه السلام) گوتـی: مـن بەنـدەی خـوام کـتێبی پێـداوەو کردوومـی بـە پێغەمبـەر (یـانی: چـی کردوومـی بـە پێغـەمبەرو کـتێبی پێـداوم؟ واتـە: دەمکاتـە پێغەمبـەرو کتێبـم پێـدەدا، کەواتـە: ئـەو دایکـەی مـن خراپـەکار نیـە)وە خـوا منـی بـە موبـارەك دروسـتکردوە، وە فەرمـانی پێکـردووم نوێـژ بکـەم، وە زەکـات بـدەم، وە لەگـەڵ دایکمـدا چـاك بم، وە من خۆ بەزلگـرو بەدبەخت نیم، وە سەلامم لـێ بـێ ئـەو ڕۆژەی کـە لە دایـك دەبـم و، ئـەو ڕۆژەی کـە دەمـرم و، ئـەو ڕۆژەی کـە زینـدوو دەبمـەوە، ئـاوا عیسـا عليه السلام بەرگریـی لە دایکـی کـردوە.

ئنجـا خـوای پەروەردگـار دێتـە سـەر باسـی سـەرژمێری ئـەو چاکانەی کـە لەگەڵ عیسـادا کردوونـی، دەفـەرموێ: ﴿إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ﴾، کاتێـك کـە پشـگیـریی تۆم کـردو تۆم بەهێـز کرد، بە (روح القـدس)، واتە: بـە جبریـل، ﴿تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا﴾، لەگەڵ خەڵك قسەت دەکرد کە لـە بێشـکەدا بـووی، وە بـە کامڵییـش، هەڵبەتـە هـەموو کـەس بـە کامڵـیی قسـان دەکـات، کـە دەکەوێتـە تەمەنی پەنجـاو شـەسـت سـاڵیی، هـەموو کـەس قسـان دەکات! ئـەدی بۆچـی خـوای کاربەجـێ وەك چاکـەیـەك لەسـەر عیسـا باسی دەکـات؟ واتـە: قسـەکردنت کاتێ کـە لەسەر قۆنـداغ بووی و لـە بێشـکەدا بـووی، وەك قسـەکردنی کـاتی کامڵ بوونـت، وەك یەك بوون، چونکـە منـداڵ ئەگەر هەر بزیقێنـیّ و بزیرێنـێ، هەموو منداڵێك زیقە

زیقی هەیە، وە هەموو منداڵێك هەندێ وشەو دەنگی نامەفهوومی دەبێ، بەڵام منداڵێك مەلۆتكەبێو وەك پیاوی گەورە قسان بكات، ئەوە موعجیزەیە، بۆیەش خوای كاربەجێ قۆناغی كامڵێتیی (كهولة)ی لەگەڵ قۆناغی نێو بێشكەی دا باسكردوە، بۆ قسەكردنی عیسا ﷺ، ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ﴾، وە یاد بكەوە كە من كتێبو حیكمەتو تەوراتو ئینجیلم فێر كردی، ئنجا ئایا تەوراتو ئینجیلیش هەر كتێبو حیكمەت نین؟

زانایان هێندێكیان گوتوویانە: كیتاب لێرەدا بە مانای نووسین دێ، حیكمەتیش واتای هۆش و گۆش و وریاییەكی زۆرم دابوویە، ئنجا تەوراتیشم فێركردی كە شەریعەتێكە بۆ مووسا ﷺ هاتوە، هەروەها نەصرانییەكانیش لەسەری دەڕۆن، وە ئینجیلیش تەواوكەری تەوراتە، هەندێك شت لە تەوراتدا هەبووە لای بردوە، وە هەندێكی دیكەی تازەشی هێناوە، یەكێكی دیكە لە چاكەكانی من لەسەر تۆ ئەی عیسا! ئەوە بووە كە ئەو موعجیزەیەشم پێدای: ﴿وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي﴾، وە یاد بكەوە كە لە قوڕێ شێوەی باڵندەت دروست دەكرد بە مۆڵەتی من، واتە: لە قوڕێ شێوەی باڵندەت دروست دەكردو دەبوو بە باڵندە، جا ئەوە چ جۆرە باڵندەیەك بووە؟ هەندێك دەڵێن: شەمشەمە كوێرە بووە، هەندێك دەڵێن: كۆتر بووە، بەڵام خوا باسی نەكردوە، گرنگ ئەوەیە عیسا ﷺ شێوەی باڵندەی لە قوڕێ دروست كردوە ﴿فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِي﴾، فووت پێدا دەكردو دەبو بە باڵندە، گوتوویەتی بە ناوی خوا، یەكسەر بۆتە باڵندەو فڕیوە، ﴿وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِي﴾، وە كوێری زگماك لەگەڵ بەڵەكت چاك دەكردنەوە، بە مۆڵەتی منو بە فەرمانی من، فووی لێ دەكردنو دوعای بۆ دەكردنو چاك دەبوونەوە، ﴿وَإِذۡ تُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِي﴾، وە كاتێك مردووەكانت دەردەهێنایەوە بە فەرمانی من، دیارە هەموو كەس دەتوانێ مردووان دەرهێنێتەوە

ئەگەر هەر جەنازەکانیان بێ، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە مردووەکانت بە زیندوویی دەردەهێنایەوە، دەڵێ: مردووی وا هەبووە چەند هەزار ساڵ بووە مردوە، عیسا ﷺ چۆتە سەر قەبرەکەی و فەرموویەتی: فلان کەس من عیسای کوڕی مەریەمم پێغەمبەری خوام تۆ کێی؟ مردووەکەش بە قسە کەوتوە، گوتوویەتی: منیش فلان کەسم، گوتوویەتی: دە بە فەرمانی خوا زیندوو ببەوە، زیندووبۆتەوە دەریانهێناوە، قسەی کردوەو پرسیاریان لێکردوە، دوایی فەرموویەتی: بە فەرمانی خوا بچۆوە شوێنی خۆت، شایانی باسە ئەوە لە ئینجیلەکاندا نیە کە مردووی چەند هەزار ساڵ لەوەو پێش زیندوو کرابێتەوە، هەروەها دروستکردنی باڵندەش لە شێوەی قوڕو پاشان فووپێداکردنی و بوونی بە باڵندەی زیندوو، ئەوەش لە ئینجیلەکاندا نیە، ئەوەی لەوێدا هەیە، بۆ وێنە: گەنجێك تازە مردوە، دایکی هاتوە داوای لە عیسا کردوە، دوعای بۆ بکات، ئەویش دوعای بۆ کردوەو لەسەر شوێنی خۆی هەڵساوەتەوە، بەڵام لێرەدا خوای باڵادەست دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ تُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِي﴾، یانی: مردوو کە لە قەبرێ دابوون، زیندووت دەکردنەوە، ئنجا دێتە سەر باسی نیعمەتێکی دیکەی و دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾، وە یاد بکەوە کاتێك وەچەی ئیسرائیلم لە تۆ دوور خستەوە، واتە: جوولەکەکانم لە تۆ دوور خستەوەو تۆم لەوان چەپاڵەدا، کاتێك بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایەکانەوە هاتیە لایان ﴿فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾، ئنجا ئەوانەی بێبڕوابوون لە کافرەکان، لە وەچەی ئیسرائیل گوتیان: ئەوە جادوویەکی ئاشکرایە، بەڵام من تۆم لەوان پاراست، دیارە کە دەفەرموێ: تۆم لەوان پاراست، ئاشکرایە دوایی هەر بە جاسووسیی و بە پیلانی جوولەکەکان عیسا ﷺ گیرا، بە حیسابی نەصرانییەکان گیراو لە دار درا، (لە خاچ درا)، بەڵام ئێمەی مسوڵمان دەزانین لە خاچ نەدراوە، بەڵام بۆچی لێرەدا خوای توانا دەفەرموێ: لەوانم پاراستی؟ دیارە واتە پاراستمی کە بتکوژن، کەواتە: ئەم ئایەتە ئەوەی نەصرانییەکان دەیڵێن بە درۆی دەخاتەوە، چونکە ئەگەر عیسا لە خاچ

درابێ، مانای وایە خوای بالآدەست نەیپاراستوە! هەروەها ئەوەش بە درۆ دەخاتەوە کە عیسا خوای پەروەردگار مراندبێتی، ئنجا بەرزی کردبێتەوە، چونکە مەبەستی جوولەکەکانو ڕۆمەکان ئەوە بووە عیسا بکوژن، ئنجا ئەگەر خوا هەر مراندبێتیو دوایی بەرزی کردبێتەوە بە مردوویەتی، مانای وایە ئامانجی جوولەکەکانو ڕۆمەکان هاتۆتە دی، بەلآم کاتێك ئامانجی ئەوان نەهاتۆتەدی کە بە زیندوویی بەرز کرابێتەوە، وەك عەقیدەی ئەهلی ئیسلام وایە، وە لە سووڕەتی (آل عمران)، لە سووڕەتی (النساء)یشدا لە بەرگی دووەمو سێیەمی ئەم تەفسیرەدا، بە تەفصیل ئەو مەسەلەیەمان باسکردوە.

ئنجا دێتە سەر بابەتێکی دی، دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـۧنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِى وَبِرَسُولِى قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴾، وە کاتێك سرووشم بۆ حەوارییەکان کرد، (یانی: خستمە دڵیانەوەو خورپەم بۆ کردن) کە بڕوا بە خۆمو بە پێغەمبەرەکەم بێنن، گوتیان: ئیمانمان هێنا، شایەدبە کە ئێمە گەردنکەچین، وەحی لێرەدا بە مانای خستنە دڵو خورپە (إلـهام) دێ، نەك بە مانای ئەو وەحییەی کە بۆ پێغەمبەران دێ، چونکە حەوارییەکان پێغەمبەر نەبوون، وە هەندێك گوتوویانە: دەگونجێ حەوارییەکان پێغەمبەر بووبن، بەلآم ئەوەی کە گوتمان لە هەموویان ڕاستترە، چونکە وەحی لە بەکارهێنانی قورئاندا بە چەند مانایەك هاتوە:

١) بە مانای ئاماژە، دێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴿١١﴾ ﴾ مريم.

٢) بە مانای ئیلهامی غەریزیی دێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ ...﴿٦٨﴾ ﴾النحل، واتە: وە پەروەردگارت سرووشی کرد بۆ هەنگ.

٣) وە بە مانای فێرکردن دێ، وەك دەربارەی سرووش کردن بۆ دایکی مووسا عليه السلام دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ ...﴿٧﴾ ﴾القصص، واتە: وەحیمان نارد بۆ دایکی مووسا عليه السلام، کە ئەویش لێرەدا مەبەست پێی خستنە دڵە، کە بە عەرەبی

(إلهام) و بە کوردی (خورپە)یە، لێرەشدا بە هەمان شێوە کە دەفەرمویٚ: کاتێك وەحیم نارد بۆ حەوارییەکان کە ئیمان بە منو بە پێغەمبەرەکەم بێنن، گوتیان: ئیمانمان هێنا، وە تۆش شایەد بە کە ئێمە مسوڵمانین، یاخود ئێمە گەردەنکەچین.

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەو بەسەرهاتە گرنگە دەکات کە بریتیە لە دابەزینی سفرەو خوانێکی پڕ لە خواردن لە ئاسمانەوە، دەفەرمویٚ: ﴿ إِذْ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ﴾، یاد بکەوە کاتێك حەوارییەکان گوتیان: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! ئایا پەروەردگارت دەتوانێ سفرەو خوانێکی پڕ خواردنمان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنێ؟ دیارە برسی بوون، پێویستییان پێی بووە، وەکو دوایی خۆیان پاساویان داوەتەوە بە چەند شتێك، سەرەتا عیسا دەفەرمویٚ: ﴿قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، گوتی: پارێز لە خوا بکەن ئەگەر ئیماندارن، ئەگەر ئیماندارن پارێز لە خوا بکەن کە ئەو جۆرە داوایەی لێ بکەن، خوا سفرەو خوانتان لە ئاسمان بۆ دابەزێنێ، نابێت داوای وا لە خوا بکەن، ئنجا دوای ئەوەی حەوارییەکان ئامانجەکانی خۆیانو پاساوو بەڵگەکانی خۆیان بۆ دابەزینی ئەو سفرەیە دەخەنەڕوو، عیسا قەناعەت دەکات، کەواتە: ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە ئینسان دەبێ ئامانجو مەبەستی خۆی باش بخاتە ڕوو، زۆرجار خستنە ڕووی ئامانجو مەبەست بە شێوەیەکی جوان دەبێتە هۆی ئیقناعکردنی لایەنی بەرانبەر، ئنجا حەوارییەکان دەڵێن: ﴿ قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴾، گوتیان: دەمانەوێ لێی بخۆین، دیارە برسی بوون، وە دڵیشمان ئارام بگرێ، وە بشزانین کە تۆ ڕاستت کردوە لەگەڵمان، وە شایەدیش بین لەسەری، کەواتە: چوار پاساو دێننەوەو دەیخەنەڕوو، ئنجا عیسا ﷺ داوا لە خوای پەروەردگار دەکات ﴿قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾، عیسای کوڕی

مەریەم گوتی: ئەی خوایە پەروەردگارمان! خوانێکمان لە ئاسمانێوە بۆ دابەزێنە، عیساش ﷺ سێ پاساو دێنێتەوە:

﴿تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةً مِّنكَ﴾، بۆمان ببێ بە جەژن بۆ هی یەکەممان یانی: هی ئێستامانو هی دواییمان، واتە: ئەو ڕۆژە بۆ هەمووانمان ببێتە جەژن، وە ببێتە نیشانەو بەڵگەیەك لە تۆوە کە عیسا پێغەمبەری خوایەو لەسەر ڕێبازی خوایە، ﴿وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّٰزِقِينَ﴾، بژیوو ڕۆزییشمان بدەیە، تۆ باشترینی ڕۆزیدەرانی، واتە: عیسا ﷺ مەسەلەی خواردن دەخاتە کۆتایی، ئەوان خستوویانە سەرەتا، گوتیان: ﴿قَالُوا نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا﴾، بەلام عیسا دەیخاتە دوایی، دیارە هەر کەسێك لەقەدەر خۆی شت داوا دەکات هی عیساش ئەوە لە مەقامو پایەی بەرزی ئەو دەوەشێتەوە، ئنجا بزانین خوا چی فەرمووە: ﴿قَالَ اللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ﴾، خوا فەرمووی: من ئەو سفرەیە دادەبەزێنمە سەرتانو بۆتان دەنێرمە خواری، ﴿فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا لَّا أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَٰلَمِينَ﴾، هەر کەسێك دوای ئەوەی ئەو سفرەو خوانە دەنێرمە خوار کافر بێو بێبڕوا بێ، بەجۆرێك سزای دەدەم هیچ کەسم لە جیهانیان ئاوا سزا نەدابێ، جا وەك دوایی باسی دەکەین، زانایان باسی ئەوەیان کردوە، کە ئایا ئەو سفرە دابەزیوە، یان دانەبەزیوە، وە ئەو سفرەیە چی لەسەر بووە؟ ئەوانەی کە لەگەڵ عیسا بوون چەند کەس بوون؟ ئەوە زۆر لە زانایان لەوبارەوە مشتومڕیان هەیە، کە لە مەسەلە گرنگەکاندا ئاماژەی پێ دەدەین.

## چەند مەسەلەیەکی گرنگ

**مەسەلەی یەکەم:** یەکەم کە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ يَجْمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا عِلْمَ لَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾، دیارە بە تەئکید ئەو ڕۆژە کە خوا هەموو پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) کۆدەکاتەوە ڕۆژی قیامەتە، چونکە خوا لە دنیادا هەر پێغەمبەرێکی لە کاتی خۆیدا ناردوە، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە هەمووان پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەڵبەتە لەگەڵ ئۆممەتەکانیشیان، ڕۆژی قیامەتە، جا ئینسان ئەگەر بێنێتە بەرچاوی خۆی (١٢٤٠٠٠) دانە پێغەمبەر هەریەکە ئۆممەتی خۆی لەگەڵدایە چ عەرزێك هەڵی دەگرێ، بە ملیاران ملیار بەشەر؟! بە تەئکید ئەم سەر زەویەی ئێمەش هەڵی ناگرێ، بۆیە خوا دەفەرمووێ: ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾إبراهيم، ئەوە بۆیە بۆتان باس دەکەم، چونکە ڕەنگە خەڵکی عەلمانییو کۆڵکە خوێندەوار، ئەو پرسیارەتان لێ بکەن، بڵێن: جا باشە ئێستا نزیکەی حەوت ملیار بەشەر لەسەر زەوی دا هەیە، خۆ ئەگەر هەتا سەد ساڵی دیکە، دوو سەد ساڵی دیکە نازانی چەندی دیکە بەشەر لەسەر زەوی هەبێ، ئەو حەوت ملیارە ڕەنگە ببێتە هەشت ملیارو بیست ملیارو چل ملیاریش، لە ئادەمەوە کە ئەمە نازانین، تاکو ئێستا دەبێ چەند ملیار بەشەر تێپەڕی بن، ئەو هەموو ملیار ملیار بەشەرانە ئەگەر لەسەر زەوی دایانبنێی، یەکی هەر پێنج سانتیم جێگا بگرن جێیان نابێتەوە، چونکە تۆ وەرە بە مەترو سانتیم حیسابی بکە، ئەو هەموو ملیار بەشەرانە ئەگەر دەریاکانیش ببنە وشکانیو هەموویانی لەسەر دابنێی، جێیان نابێتەوە، ئەی ئەدی چۆن ئەم سەر زەویە جێی ئەو هەمووە خەڵکەی تێدا دەبێتەوە؟

ئێمە لە وەڵامەکەی دا دەڵێین: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾إبراهيم، واتە:

ئـەو ڕۆژە کـە زەوی وەك خـۆی نامێنێتـەوەو ئاسـمانەکانیش وەك خۆیـان نامێننـەوە، هـەمووی دەگـۆڕێ، وەك پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: ﴿يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَـةِ عَلَـى أَرْضٍ بَيْضَـاءَ عَفْـرَاءَ كَقُرْصَـةِ نَقِـيٍّ لَـيْسَ فِيهَـا مَعْلَـمٌ لأَحَدٍ﴾ {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بـرقم: (٦٥٢١)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٦٩٨٦)، وَابْنُ حِبَّان بـرقم: (٧٣٢٠) عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ}، واتـە: لـە ڕۆژی دوایـی خـەڵك لەسـەر زەویەکی سـپی کۆدەکرێنـەوە، وەك نانێکـی سـپی لێـدێ گونـاحی لەسـەر نـەکراوە. ئـنجا نانێکـی سـپی کە گوناحی لەسەر نەکرابێ، مانای وایە ئـەم زەویـەی ئێمـە نیـە، بە شێوەیەکی دیکە خـوای پـەروەردگار هەیئەتەکـەی دەگـۆڕێ، نـازانین چۆنە؟ دیـارە زۆر فـراوان دەبـێ، وە تەشـکیلەی دنیـا کـە ئێسـتا زەویـەو کۆمەڵـەی خـۆرەو کەهکەشانەکانو کەونو کائینات خـوای کاربەجێ بـە جۆرێکـی دیکـە دایدەڕێژێتـەوە کـە بـەس خـوا بۆخـۆی دەزانـێ چۆنـە، ئنجا کـە خـوا پێیـان دەفـەرموێ: ﴿مَاذَآ أُجِبۡتُمۡ﴾، چـیتان وەڵام درایـەوە؟ ئـەوانیش دەڵـێن: زانیارییمـان لـەلا نیـەو هـی ناتـەواویش لایقـی ئـەوە نیـە بـۆ تـۆی بخەینـە ڕوو، ئـەوە یـەك، یـاخود ئـەو زانیـارییەی کـە تـۆ لـە لاتـە، هـی ئێمـە لـە بەرانبەریـدا شـتێك نیـە، کەواتـە: پێویسـت ناکـات ئێمـە بـۆ تـۆی بخەینـە ڕوو، هەڵبـەتە خـوای پەروەردگـاریش مەبەسـتی ئـەوە نـەبووە، کـە ئـەوان لێـرەدا قسـە بکـەنو زانیـارییـەك بخەنـە ڕوو، بەڵـکو مەبەسـتی ئـەوە بـووە کـە سەرزەنشـتی کۆمەڵـگا کـافرەکانیـان بکـات، کـە ئیمانیان پێیان نەهێنـاوە، تـاکو پێغەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) بڵـێن: ئێمـە پێمـان ڕاگەیـاندن، بـەلام خـوایە چـۆنیان وەڵام دایـەوە؟ تـۆ باشـتر دەزانـیو فریشـتەکان نوسـیوویانەو تۆمـارکراوە، با بخـرێتـە ڕوو.

**مەسـەلەی دووەم:** خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ: ﴿إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱذۡكُرۡ نِعۡمَتِي عَلَيۡكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗاۖ وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَۖ وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ

وَتُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ بِإِذْنِي ۖ وَإِذْ تُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِي ۖ وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ۝ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـۧنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِى وَبِرَسُولِى قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴿١١١﴾، كاتێك خوا فەرمووی: ئەی عیسای كوڕی مەریەم! چاكەی من بەسەر خۆت و دایكتەوە یاد بكەوە... لەم دوو ئایەتەدا خوای زاناو توانا (١٠) لە موعجیزەكانی خۆی كە بە عیسای ﷺ داون، دەخاتە ڕوو:

# باسی (١٠) لە موعجیزەکانی عیسا عليه السلام

یەکەم: ﴿إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِ﴾، یاد بکەوە کە تۆم بەهێز کرد بە (روح القدس)، دیارە هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: (روح القدس) واتە: جبریل، وە هەندێك گوتوویانە: (روح القدس) ئەو ئیمانەیە کە عیسا عليه السلام هەیبووە، وە هەندێك گوتوویانە: (روح القدس) ئەو ڕووحە پاکەیە کە عیسا عليه السلام هەیبووە، بەڵام نەصرانییەکان بۆخۆشیان نازانن (روح القدس) چیە؟ دەڵێن (روح القدس) شتێکە لە نێوان خواو عیسادا هاتووە چووە، ناڵێن جبریل، بەڵام زانایانی ئیسلام دەڵێن: یان مەبەست پێی جبریلە، کە ئەو ڕایە بەهێزترە، چونکە خوای بەرز دەفەرموێ:﴿ قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ ﴿١٠٢﴾﴾ النحل، بەڵێ: (روح القدس) لە پەروەردگارتەوە ئەم قورئانەی دابەزاندوە.. کەواتە: (روح القدس) یانی: جبریل، چۆنیەتی بەهێزکردنی عیسا عليه السلام بە (روح القدس) چی بووە؟ ئەوە بووە کە جبریل هەمیشە لەگەڵی بووەو هاوکاریی کردووەو فێری کردوە، پشتی گرتووەو دڵی ڕۆشن کردۆتەوەو پاراستوویەتی.

دووەم: ﴿تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗا﴾، خەڵکی دەدوێنی کە لە بێشکەدای، وە کاتێك کە دەکەویە تەمەنیشەوەو کامڵ دەبی، پێشتریش ئایەتەکانی سوورەتی مەریەممان هێنایەوە، کە خوای پەروەردگار لە سوورەتی مەریەم دا باس دەکات، چۆن جبریل دەنێرێ بۆ لای مەریەم، لە کاتێکدا مەریەم خەریکی خۆشۆردن دەبێ، جبریل لە شێوەی پیاوێکی تێرو تەواودا خۆی بۆ دەنوێنێ، وەك دەفەرموێ: ﴿...فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرٗا سَوِيّٗا ﴿١٧﴾ قَالَتۡ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا ﴿١٨﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمٗا زَكِيّٗا ﴿١٩﴾ قَالَتۡ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞ وَلَمۡ أَكُ بَغِيّٗا

﴿قَالَ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ ...﴾ ٢٠، واتە: (جبریل) بۆی چووە سەر شێوەی بەشەرێکی ڕێکوپێك، ئەویش (مەریەم) گوتی: من پەنا بە خوای بە بەزەیی دەگرم لە تۆ، ئەگەر تۆ کەسێکی پارێزکاری، (جبریل) گوتی: من تەنیا نێردراوی پەروەردگارتم، هاتووم منداڵێکت پێ‌بدەم، گوتی: جا من چۆن منداڵم دەبێ، کە هیچ بەشەرێك دەستی نەگەیاندۆتە من (بە حەلاڵیی)، وە داوێن پیسیش نیم، (مەریەم گومانی خراپی لێ دەکات)، گوتی: پەروەردگارت وایفەرمووە، کە ئەوە بۆ من شتێکی ئاسانە...، جا دوایی دەفەرموێ: ﴿فَأَتَتْ بِهِۦ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُۥ ۖ قَالُوا۟ يَـٰمَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْـًٔا فَرِيًّا ٢٧﴾مريم، واتە: (دوای ئەوەی مەریەم عیسای دەبێ) کۆرپەکەی بەدەستەوە دەبێ دەیباتەوە بۆ لای قەومەکەی، گوتیان: ئەی مەریەم! شتێکی خراپت کردوە، (ئەو منداڵەت لە کوێ بوو، کە مێردت نەکردووەو هەر کچی؟!) مەریەمیش خوای پەروەردگار پێشتر پێی دەفەرموێ: ﴿فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِىٓ إِنِّى نَذَرْتُ لِلرَّحْمَـٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ ٱلْيَوْمَ إِنسِيًّا ٢٦﴾مريم، واتە: ئەگەر بەشەرێکت دی بڵێ: من ئەمڕۆ ڕۆژووم بۆ خوای خاوەن بەزەیی لە خۆم گرتوە، قسە لەگەڵ کەس ناکەم، دیارە ڕۆژووگرتنی ئەو کاتە قسە لەگەڵ نەکردنیشی تێدا بووە، نەدەبوو قسەش بکەن، ئیدی کە دەڵێن: ئەی مەریەم! ئەوەت لە کوێ بووە؟ ﴿يَـٰٓأُخْتَ هَـٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا ٢٨﴾مريم، واتە: ئەی خوشکی هاڕوون! (دیارە مەریەم دەبێ برایەکی هەبووبێ ناوی هاڕوون بێ، یاخود مەبەستیان ئەوەبووە کە مەریەم لە تاعەتدا وەك هاڕوونی برای مووسا بووە، هاڕوون زۆر پیاوێکی نەرمو نیانو مەندبووەو بە شەرمو شکۆ بووە) واتە: مەریەم! تۆ کە لە شەرمو شکۆ هێدیی‌و مەندییدا وەك هاڕوونی برای مووسا بووی، تۆ نە بابت پیاوی خراپ بووە، نە دایکت داوێن پیس بووە، ئێستا ئەوەت لە کوێ بووە؟! ﴿فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ ۖ قَالُوا۟ كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِى ٱلْمَهْدِ صَبِيًّا ٢٩﴾مريم، واتە: (دیارە کە بۆخۆی ئاماژەی کردوە کە من

قسە ناكەم بەڕۆژووم) ئاماژەی بۆ كۆرپەكەی كرد، گوتیان: جا چۆن لەگەڵ منداڵێكدا قسە بكەین، كە جارێ لە بێشكە دایەو لەسەر قۆنداغەو مەلۆتكەیە؟ دیارە پێیان سەیر بووە، ئنجا عیسا یەكسەر دێتە وەڵام: ﴿ قَالَ إِنِّي عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا ﴿٣٠﴾ وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا ﴿٣١﴾ وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا ﴿٣٢﴾ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ﴿٣٣﴾ ﴾مريم، واتە: (عیسا ﷺ گوتی: من بەندەی خوام، كتێبی پێداوم، وە كردوومی بە پێغەمبەر (ئنجا جارێ كە لەسەر حاڵەتی قۆنداغ دایەو مەلۆتكەیە، یانی چی: كردوومی بە پێغەمبەرو كتێبی پێداوم؟!! واتە: دەمكاتە پێغەمبەرو كتێبم پێدەدا، كەواتە: ئەو دایكەی من خراپەكار نیە، ئنجا دەڵێ:) خوا منی بە موبارەك دروستكردوە، وە فەرمانی پێكردووم نوێژ بكەم، وە زەكات بدەم، وە لەگەڵ دایكم چاك بم، وە من خۆ بە زلگرو بەدبەخت نیم، وە سەلامم لێ بێ، ئەو ڕۆژەی كە لەدایك دەبمو، ئەو ڕۆژەی كە دەمرمو، ئەو ڕۆژەی كە زیندوو دەبمەوە، (ئاوا عیسا ﷺ بەرگریی لە دایكی كردوە).

ئاوا عیسا سەلامی خوای لێ بێ بەرگریی و موراڧەعەیەكی باش دەكات لە دایكی، كە مەرج نیە تەنیا یەك جاریش بووبێ، ڕەنگە هەر جارێ پێویست بووبێ و، مەجلیس گیرابێ، دیسان عیسا قسەی كردبێ، ئایەتەكەش نافەرموێ یەك جار بووە، دوورنیە چەندان جار گوتبیان: كوا دەبا ئەو منداڵە قسان بكات، ئەی مەریەم! داخۆ ئەو منداڵەت لە كوێ بووە؟ چونكە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا ﴾، لە لانكەداو بە كاملیی قسە لەگەڵ خەڵكدا دەكەی، نافەرموێ: یەك جار، بەڵكو ڕەنگە چەند جاران پێویستی بووبێ، عیسا ﷺ قسەی كردبێ، وە پێشتریش باسم كرد، بۆیە باسی كاملیی (كهلاً)یش دەكات، واتە: قسەی سەر قۆنداغیی و حاڵەتی كە لە لانكە دابووە، لەگەڵ قسەی قۆناغی كاملییت، وەك یەك بووەو بەڕێوجێ بووە.

سێیەم و چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ عَلَّمْتُكَ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ﴾، دەگونجێ بڵێین: موعجیزەی سێیەمی عیسا ئەوەبووە کە خوا کیتاب و حیکمەتی فێرکردوە، وە موعجیزەی چوارەمیشی ئەوەبوو کە تەورات و ئینجیلی فێرکردوە، لەم تەفسیرەدا زۆرجار باسی کیتاب و حیکمەتمان کردوە، دەگونجێ مەبەست لە کیتاب، (حەڵاڵ و حەرام و یاسا شەرعییەکان بێ)، حیکمەتیش مەبەست پێی ڕەوشت و بەها بەرزو جوانەکان بێ، وەك بە تەفصیلْ لە دەرسەکانی دیکەدا باسم کردوە، وە دەشگونجێ مەبەست لە (كتاب) لێرەدا نووسین بێ، (حكمة)یش عەقڵ و هۆش و شارەزایی بێ، دیارە خوای پەروەردگار یەکسەر ئینجیل و تەوراتیشی فێری عیسا عليه السلام کردوەو خۆی خوێندەواریی (خوێندن و نووسین)ی نەبووە، دیارە ئەوانەش موعجیزەی گەورە بوون.

پێنجەم: ﴿وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ بِإِذْنِى فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِى ۖ وَتُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ بِإِذْنِى ۖ وَإِذْ تُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِى ۖ وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾، وە یاد بکەوە کاتێك کە بە مۆڵەتی من لە قوڕ شێوەی باڵندەت دروست دەکردو، فووت پێدا دەکردو بە مۆڵەتی من دەبووە باڵندە، لێرەدا (تخلُق) یانی: ساز دەکەی، دروستی دەکەی، (تُهَيِّءُ، تَصْنَعُ) دێ، نەك پەیدا دەکەی (تُوجِدُ)، چونکە خوای باڵادەست دەفەرموێ: ﴿أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ۗ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٧﴾﴾النحل، واتە: ئەو کەسەی بەدییدێنێ وەك ئەو کەسە وایە کە بەدیناهێنێ؟ ئایا بیرناکەنەوە! یان دەفەرموێ: ﴿... ٱللَّهُ خَـٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّـٰرُ ﴿١٦﴾﴾الرعد، (خلق) لەم ئایەتانەدا بە مانای بە دیهێنان دێ، واتە: شتێك لە نەبوونەوە پەیدا

بکرێ، کە بەس بە خوا دەکرێ، بەڵام شتێك بۆ شتێك بگۆڕرێ، ئەوە لەڕاستییدا تەنیا مانایەکی (خلق) دەیگرێتەوە، کە بریتیە لە ئەندازەگیریی کردن، کە لێرەدا بە مانای ئەندازە گۆڕینە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێك، یانی: قوڕەکە هەیە وەك کەرەسەی خاو، بەڵام قوڕەکە کێ دروستی کردوە؟ بێگومان خوا، بەڵام لە قوڕەکە کێ شێوەی باڵندەکەی ساز کرد؟ عیسا ﷺ، ئنجا کە فووشی پێدا کردوە، یەکسەر خوای بەدیهێنەر ژیانی خستۆتە بەر ئەو قوڕە، وە بۆتە باڵندەیەکی زیندوو، بۆیەش ناڵێم ڕووح، چونکە من پێموایە ڕووح تایبەتە بە ئینسانەوە، بەڵام زیندەوەر جا هەر لە ڤایرۆس و میکرۆب و ژیانداری یەك خانەیی یەوە، بگرە هەتا کرم و زیندەوەرانی دیکەو، تاکو پەلەوەرو، تاکو ئاژەڵ و ئەوانە هەموویان من پێموایە ژیانیان هەیەو ژیاندارن، ئەگەرنا گیان وەك ڕووح تایبەتە بە ئینسانەوە، ئەو ڕووحەش شتێکی خواییە کە بە بەر ئینسانی دا دەکات، بەڵام باقی زیندەوەرانی دیکە ژیانیان هەیە، بەڵام هەموو جارێ دەفەرموێ: ﴿بِإِذۡنِي﴾، کە (إذن) بە مانای مۆڵەت دێ، وە بە مانای فەرمان دێ، بە مانای ڕێگە پێدان دێ، وە بە مانای ئیرادەو ویست دێ، چەند واتایەکی هەن.

__شەشەم و حەوتەم:__ ﴿وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِي﴾، موعجیزەی شەشەم ئەوە بووە کە کوێری کە هەر بە زکماك کوێر بووە، چاکی کردۆتەوە، بۆیەش دەڵێین: زگماك، چونکە ئەوی دیکە کە ڕەنگە هەر چاوی نەخۆش بووبێ، یاخود چاوی زەرەرێکی پێ گەیبێ، چاوی چاك کرابێتەوە، زۆرجار ئەوە بە غەیری عیساش کراوەو دەکرێ، پزیشکەکان ڕەنگە بتوانن ئەو حاڵەتانە چارەسەر بکەن، بەتایبەت ئێستا ئەوە دەکرێ، کە کەسێك شەبەکەی چاوی پچڕاوە، شتێکی دیکەی لێهاتوە دەگونجێ پزیشك چاکی بکاتەوە، بەڵام کەسێك هەر لە زگماك چاوی هەر کوێر بووبێ، یان هەر شوێنی چاوی قەپات بووبێ، عیسا ﷺ توانیویەتی دوعای بۆ بکات و خوا چاوی چاك بکاتەوە، یان بۆی پەیدا بکات.

موعجیـزەی حەوتـەم: ﴿ وَٱلۡأَبۡرَصَ ﴾، (أبـرص)یش یـانی بەڵـەك واتـە: عیسـا بەڵەكیشـی بـە مۆڵـەتی خـوا چـاك كردۆتـەوە، دیـارە ئێسـتاشی لەگەڵـدابێ نەخۆشی بەڵـەك هـەر چـاك نـابێ.

هەشـتەم: ﴿ وَإِذۡ تُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِي ﴾، ئەوەی كە زۆر جێی سـەرنجە ئەوە كە دەفـەرموێ: كاتێـك كـە بـە مۆڵـەتی مـن مـردووت دەردەهێنـان، ئـەوە نـابێ یەكسـەر مانـا ڕواڵەتییـەكـەی لـێبگـری، چونكە كاتی خۆی مردوو دەرهێنانـەوە لـە گۆڕسـتانان هەبووە، بۆ كفنو شـتی وا، یـان وایانزانیوە شـتی لەگەڵ نێـژراوە، مردوو دەرهێنـانەوە لە گـۆڕ، هیچ نیـە، مردوو بە زینـدوویی دەربێنیـەوە، گرنگە، كە تەنیا عیسـا ؛ ئەوەی كردوە، دوعـای كردووە، ئەو مـردوە بـە زینـدوویی لـە قەبرەكـەی هاتۆتـە دەر، پرسـیاریان لـێـكردوە، هـەتا گێڕراوەتـەوە كـە یـەكێ لـە كوڕەكانی ئادەمی زینـدوو كردۆتـەوەو هەنـدێك پرسـیاری لێكـردوون، بـە هـەر حاڵ ئەوانـە ئێمـە لـە ڕێیەكـی ڕوونـەوە پێمـان نەگەیشـتوون، گـرنگ ئەوەیـە خـوا بەگشـتی دەفـەرموێ: كاتێـك مـردووت زینـدوو دەكردنـەوە، ئنجا مـادام بـە كـۆ (جمـع) هـاتوە: (الـموتی)، دیـارە یەكـێ زیـاتر بـووە، ئنجا سـێ، چوار، پێـنج ... چـەند بوون؟ نازانیـن، بـەڵام كە مردووەكـانی زینـدوو كردۆتـەوە، مانـای وانیـە دوایی هـەر زینـدوو بـوون، بەڵـكو هـەتا ئـەو كاتـەی خـەڵك پرسیارو وەڵامێكیـان لێیـان بووبـێ، مـاونو دوایـی فەرموویـەتی: بـە فـەرمانی خـوا وەك خۆتـان لـێبێتـەوەو، وەفاتیـان كردۆتـەوە.

نۆیـەم: ﴿ وَإِذۡ كَفَفۡتُ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذۡ جِئۡتَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، وە یادبكـەوە كاتێك كە وەچـەی ئیسـرائیلم لـێ دوورخسـتیەوەو تۆم لـە شـەڕو زیـانی وان پاراسـت، كاتێـك كـە بـە بەڵـگە ڕوونو ئاشـكراكانەوە هاتی بـۆ لایـان، ئـەوەش شـتێكی زۆر سـەیر بـووە! عیسـا ؛ پیـاوێكی بـێ پشـتو پـەناو بـە تـەنیا، ئنجا جوولەكەكـان هێنـدە دژایـەتییان كـردووە، سـەرباره ڕۆمەكانیشـیان بـە پشـتەوە بـووە، بـەڵام بـە هـەموویان زەفـەری پـێ نابـەن، ئـەوەش دیـارە كـە خـوا پاراسـتوویەتیو موعجیـزەیەكی دیكـەیەتی.

دەیــــەم: ﴿ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِى وَبِرَسُولِى قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴾، واتــە: وە یادبکــەوە کاتێــك کــە وەحیــیم نــارد بــۆ حەوارییــەکانو پــێم ڕاگەیانــدن (خســتمە دڵیانــەوە)، کــە ئیمــان بــە مــنو بــە پێغەمبەرەکــەم بێــنن، ئــەوانیش گوتیــان: ئیمانمــان هێنــاو شــایەدبە کــە ئێمــە مسـوڵمانین، ئـەوە دە مـوعجیزەو دە نیعمـەتی نـاوازە، کـە خـوای پـەروەردگار بـە عیسای ﷷ داون.

**مەســـەلەی ســـێیەم:** ئنجا خــوای پــەروەردگار دێتــە ســەر باســی ئــەو خــوانەی کــە پێشــتر باسمان کرد، دەفەرموێ: ﴿ إِذْ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۖ قَالَ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، لێــرەدا ﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ ﴾، بــە دوو شــێوە خوێندراوەتــەوە ﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ ﴾، ئایـا پەروەردگـارت دەتوانـێ خـوانێکمان لـە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنـێ پڕ بـێ لە خـواردن؟! ئەویش دەفـەرموێ: پـارێز لـە خـوا بکـەن ئەگـەر ئیماندارن، هەروەها خوێندراویشـەتەوە: (هَلْ تستطيعُ رَبَّـك) یـانی: (هَلْ تَسْتَطِيعُ سؤالَ رَبِّـك) واتە: ئایا دەتوانی داوامان بۆ لە پەروەردگـارت بکەی، ئەوەمان بۆ بکات، عیساش ﷷ کە جارێ باش لـە نیـازو مەبەسـتەکەیان حـاڵی نـەبووە، فەرموویـەتی: پارێز لە خـوا بکەن، ئەگەر ئیماندارن ئەو جۆرە داوایانە لە خـوا مەکـەن.

دیارە بە پێی خوێندنەوەی دووەم: (هَلْ تستطيعُ رَبَّـك) هیچ ئیشکالێك نیە، بەڵام بە پێی خوێندنەوەی یەکەم: ﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ ﴾، ئیشکال هەیە، کە بریتیـە لەوەی حەوارییەکان نەزانن، کە ئایا خوای باڵادەست فڵان کارەی پێـدەکرێ یـان نـا؟! منیـش پێمـوایە بە دوو شـێوە ئەو ئیشـکالە لادەچـێ:

١- مەبەســت لــە: ﴿هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ ﴾، توانینـــی ئەنجامــدان (قــدرة التنفیــذ) نیــە، بەڵــکو مەبەســت ئەوەیــە کــە ئایــا حیکمــەتی خــوای کاربەجــێ ڕێگــا بــە

کارێکــی وا دەدات، یـان نـا؟! کـە ئـەو شـێوازە دەربڕینـەش شـتێك بـاوە لـە زمـان‌و عورفـی گەلانـدا.

٢- وادیــارە حەوارییەکــان ئـەو کــاتە ســەرەتای هیدایـەت‌و خـواناســیی یـان بـووەو مەرج نیـە هـەموو سـیفەتەکـانی خـوایـان ناسـیبێ‌و زانیـبێ.

**مەســەلەی چــوارەم:** حەوارییەکـان پاسـاوو بەڵگەکـانی خۆیـان دەخەنــە ڕوو، کـە بۆچی داوا دەکـەن سـفرەو خـوانێکـیان لـە ئاسـمان بـۆ بێتـە خـوار: ﴿ قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأۡكُلَ مِنۡهَا وَتَطۡمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعۡلَمَ أَن قَدۡ صَدَقۡتَنَا وَنَكُونَ عَلَيۡهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴾، چـوار پاسـاو دێنـنـەوە:

١/ دەڵـێن: (نُرِيدُ أَن نَّأۡكُلَ مِنۡهَا) دەمانـەوێ لـەو سـفرەو خــوانە بخـۆین، دیـارە برسـییان بووەو پێویسـتییان پێـی بووە.

٢/ ﴿وَتَطۡمَئِنَّ قُلُوبُنَا﴾، وە دڵیشـمان ئارام بگـرێ، سـفرەو خـوانێکی گـەورە بـووە، چونکــە وەك لـە ئینجـیلەکــاندا باسـکراوە هەنـدێکیان گوتوویانـە: چـوار هـەزار (٤٠٠٠) کـەس لێیان خواردوە، بەڵـکو زۆربـەیان دەڵێن: پێـنج هـەزار (٥٠٠٠) کـەس لــەو ســـفرەیان خـــواردوە[1]، ئنجــا دوایــی چــەند سـەبەتەیەکیشــیان لــێ هەڵگرتۆتــەوە هـەر لـەو ســفرەیەو، چـەندان خەڵــکی دیکــە لێیـان خــواردوە، کەواتــە: شــتێکی زۆر گـــەورەو ســەرســـوڕهێنەر بـووە، واتـە: تـاکو بەهـۆی ئـەو سـفرەوە، ئیمـانمـان زیـاد بکـات‌و دڵـمان زیـاتر ئـارام بگــرێ.

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد الجديد، إنجيل: مَرقُسْ، الأصحاح: ٦، (يسـوع يطعـم الخمسـة الآف)، ص ٢٠٠٢، وإنجيـل: مَتـّى، الإصـحاح: ١٤، (يسـوع يطعـم الخمسـة الآلاف)، ص ١٩١٩.

بەڵام باسی هاتنە خـوارەوەی سـفرە لە ئاسمان نەکراوە، بەڵکو باسـی ئەوە کراوە کـە عیسـا ﷵ تەماشـای ئاسـمانی کـردووە دوعـای کـردووەو پێـنج نـان‌و دوو ماسـی یەکـە بەرەکـەتیان کـەوتۆتێ‌و زیادیان کردوە.

٣/ ﴿ وَنَعۡلَمَ أَن قَدۡ صَدَقۡتَنَا ﴾، سێیەمیش ئەوەیە کە بزانین تۆ ڕاست دەکەی لەگەڵمان، وە بەڕاستی پێغەمبەری خوای.

٤/ ﴿ وَنَكُونَ عَلَيۡهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴾، وە پاساو بەڵگەی چوارەممان ئەوەیە کە ئێمەش دەبینە شایەد کە تۆ پێغەمبەری خوای، ئەو شتە گەورەیەت کردوە، لێرەدا (سید قطب) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، قسەیەکی جوان دەکات، دەڵێ: تەماشای ئەو هەڵوێستەی حەوارییەکان بکەن (حەوارییەکان واتە: برادەرە دانستەو تایبەتییەکانی عیسا کە زۆر لێی نزیك بوون و زۆر ئینسانی چاك و بە ئیمان بوون) حەوارییەکان داوای سفرەو خوان لە عیسا دەکەن بۆیان دابەزێنێ، دەڵێ: بەڵام هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان داوایەکی وایان لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەکردوە، ڕاستیش دەکات، هەرگیز هاوەڵانی پێغەمبەر خوا لێیان ڕازی بێ داوایان لێ نەکردوە شتێکی وایان بۆ بکات، بەڵێ جاری وا هەبووە خواردنیان کەم بووە، پێغەمبەر ﷺ دوعای لێ خوێندوەو زۆر بووە، یاخود ئاویان لێبڕاوە لەنێو پەنجە موبارەکەکانی دا ئاو هەڵقوڵاوەو شتی دیکەش، بەڵام هەرگیز ئەوان داوایان لێ نەکردوە شتێکی وایان بۆ بکات، کەواتە: هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ هەردەم ئیمانەکەیان تەواوتر بووەو، عەقڵەکەیان کامڵتر بووە، بێگومان ئەوانیش عاقڵ و بە ئیمان بوون، بەڵام پلەی هاوەڵان بەرزتر بووە لە پلەو پایەی حەوارییەکان.

**مەسەلەی پێنجەم**: ئنجا با بزانین عیسا ؑ چی دەفەرموێ: ﴿ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةً مِّنكَۖ وَٱرۡزُقۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾، عیسای کوڕی مەریەم فەرمووی: ئەی خوایە پەروەردگارمان! خوانێکی پڕ لە خواردنمان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنە، ئنجا ئەویش سێ بەڵگەو پاساو دێنێتەوە بۆ دابەزاندنی ئەو خواردنە:

---

١) في ظلال القرآن، ج٢، ص٩٩٨.

١) ﴿ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا ﴾، بۆمـان ببـێ بـە جـەژن بـۆ پێشـینو پاشـینمان، تەماشا بکەین! پێغەمبەران چەند فراوانتر دەبینن، حەوارییەکان یەکسەر گوتوویانە: (نأكل منها) لێی دەخۆین، ئەو جارێ باسی خواردنێ هەرناکا دەڵێ: تاکو ئەو خوان دابەزینە، ببێتە بۆنەیەکی گەورەو جەژنێك بۆ هەموو لایەکمان.

٢) ﴿ وَءَايَةً مِّنكَ ﴾، وە ببێتە نیشانەو موعجیزەیەك لە تۆوە، تاکو ئەو خەڵکە زیاتر ئیمانیان دابمەزرێ.

٣) ﴿ وَٱرۡزُقۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾، ئەوان گوتیان: لێی دەخۆین، ئەو دەفەرموێ: ﴿ وَٱرۡزُقۡنَا ﴾، وە بژیومان بدەیە! ئەو خەڵکە ئاتاجو برسییە، دیارە لە شوێنێکی چۆڵ بوون، وەك لە ئینجیلەکاندا هاتووە دەستیان لە هیچ خواردنێك گیرنەبووە.

**مەسەلەی شەشەمو کۆتایی**: ئەوەیە کە خوا وەڵام دەداتەوە: ﴿ قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدًا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، وەك پێشتریش تەفسیرمان کرد، خوا دەفەرموێ: دایدەبەزێنم بۆتان، بەڵام هەر کەسێك لە ئێوە دوای دابەزینی ئەو سفرەو خوانە، بێبڕوابێ بە جۆرێك سزای دەدەم، کەسم وا سزا نەدابێ لە جیهانییان، بۆچی؟ چونکە سوننەتی خوایە هەر کەسێك خوا نیعمەتی زیاتری بداتێ، دوایی توندتریش لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات، وەك دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ٨ ﴾التكاثر، ئەوەی عەقڵی بەقوەتتر بێ، لێپرسینەوەی قورسترە، ئەوەی زانیاری زیاتربێ، لێپرسینەوەی گرانترە، ئەوەی دەستەڵات، یان پارەو ماڵو سامانی زیاتربێ... هتد، ئەوەی خوا نیعمەتی زیاتری بداتێ، زیاتری

لێدەپرسێتەوە، خوا چەندت بداتێ، ئەوەندەشت لێدەپرسێتەوە، ئەوەی کەمتری بداتێ، کەمتر لێی دەپرسێتەوە، ئنجا عیسا ئەو موعجیزە گەورەیە پێشانی وان بداتو دوای ئەوەش هەر بێبڕوابن! مانای وایە شایستەی ئەوەن بە جۆرێك سزا بدرێن، کە هیچ کەس لەمەو پێش بەو شێوەیە سزا نەدرابێ، چونکە دوایی خەڵك دەڵێن: ئەوانە ئەوەشیان دیوە، ئیمان ناهێنن، ئێستا ئێمە بۆچیو چۆن ئیمان بێنین؟! وە سەرەنجام دەبنە ڕێ شکێن بۆ ئەوە کە خەڵك بیانووبیان بەدەستەوەبێ بۆ کافربوون.

## جا ئایا ئەو سفرەیە دابەزیوە، یان دانەبەزیوە؟! دوو ڕا هەن:

ڕای یەکەم: هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەو سفرەیە دوایی کە عیسا پێی فەرموون، خوا ئاوا دەفەرموێ: هەر کەسێك کافربێ لەمەودوا بەو جۆرەی عەزاب دەدەم، گوتیان: نە سفرەمان دەوێو نە ئەو عەزابەشمان تووشبێ، هەر لێیگەڕێ.

ڕای دووەم: بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەو سفرەیە دابەزیوە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، بێگومان من دای دەبەزێنم، کەواتە: سفرەکە دابەزێندراوە، منیش ئەم ڕایەی دووەمم پێ ڕاستە.

## ئنجا ئایا ئەو سفرەو خوانە چی لەسەر بووە؟

هەندێك گوتوویانە: ماسی بووە، هەندێك گوتوویانە: کولێرەو ماسی بووە، هەندێك گوتوویانە: میوەی بەهەشت بووە، هەندێك گوتوویانە: ... هتد، زۆر شتیان گوتوە، بەڵام هیچی بەڵگەیەکی وای لەسەر نیە، بۆیە (طبري) لە (جامع البیان)ەکەی خۆیدا قسەیەکی زۆر جوان دەکات، کە دیارە نازناوی پێشەوای توێژەرەوانی هەیە، پێموایە نازناوەکەی پڕ بە پێستی خۆیەتی، بەڕاستی هەندێ بنچینەی داناون بۆ تەفسیری قورئان، زۆر بەجێن، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە دەڵێ: ئەو شتانەی کە خوا دەری نەخستوون، پێویست ناکات بەدوایان

دابچـین، ئـەو سـفرەیە چی لەسـەر بـوو؟ چـەند كـەس لێیـان خـوارد؟ چۆن بـوو؟ پێویسـت ناكـات، مادام خـوا باسی نەكردوەو، پێغـەمبەریش باسی نـەكردوە، كەواتـە: نابـێ بـە دوای بكـەوی، چونكە ناگەیـە هـیچ ئەنجـامێك، بـۆ وێنــە: گۆچانەكــەی مووسا لـە چ دارێـك بـوو؟ كەشـتییەكەی نـووح لـە چی دروسـت كـرا بـوو؟ چـەند مەتـر بوو؟ چەند كەسـی تێدا بوون؟ مـادام خـوا باسی نـەكردوەو پێغەمبـەر ﷺ باسـی نەكــردوە، بێگومـان لـە ڕێگـای وەحییــەوە نــەبێ پـەنهان (غیـب) نـازانرێ، هەركـەس بەدوایـدا بگــەڕێ، غەڵــەتە، (طبري) دەڵـێ: (وَأَمَّا الصَّوَاب مِن القَوْل فِيمَا كَانَ عَلَى الـمَائِدَة، فَأَن يقـال: كَـانَ عَلَيْهَا مـأكول، وَجَـائز أن يكون كـان سـمكًا وخُبـزًا، وَجَـائزٌ أَن يَكون كَـانَ ثمـرًا مِـن ثَمـر الجَنَّة، وَغَير نَـافع العِلـم بـهِ، وَلا ضـارٌ الجَهْـل بـه، إِذَا أقـرَّ تَـالي الآيـة بظـاهر مَـا احْتَملـه التنزيـل)[1]، چـەند جـوان دەڵـێ، واتە: قسـەی ڕاسـت ئەوەیە دەربـارەی ئـەوەی كـە لەســەر ئـەو خـوانە بـووە، كـە بگــوترێ: خــواردنێكی لەســەر بـووە، ئنجـا دەگونجـێ ماسـیو نـان بووبـێ، وە دەگونـجـێ میـوەی بەهەشــت بووبــێ، وە دەگونجـێ هەرشـتێكی دیكـە بووبـێ، وە زانیـاری هـەبوون بـەوەی كـە چـی لەسـەر سـفرەكەی بـووە، هـیچ سـوودێكمان پـێ ناگــەیەنــێ، وە كــە نەشــزانین چـی لەســەر بـووە، چ شــتێك بـووە، دیســان هــیچ زەرەرێكمـان لــێ نـادات، مـادام ئـەو كەسـەی كـە قورئانــێ دەخوێنێتـەوە، ئایەتەكـە دەخوێنـێتــەوە، ئیمــانی هەبــێ بــەوەی كــە خــوای پــەروەردگار فەرموویـەتی، كـە ڕواڵـەتی ئایەتـەكە هەڵیدەگـرێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) ج٥، ص١٤٢.

# دەرسی بیست و پێنجەم

## پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا پێنج ئایەتی كۆتایی سوورەتی (المائدة) تەفسیر دەكەین، كە ئایەتەكانی (١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠)ن، لەو پێنج ئایەتە موبارەكەدا چوارەمین بەسەرهات، وە كۆتا بەسەرهاتی نێو ئەم سوورەته خراوەتە ڕوو، كە بەسەرهاتەكە بریتیە لە ڕووداوێكی ڕۆژی دوایی، واتە: ئەم بەسەرهاتە پەیوەندیی بە دنیاوە نیە، بەڵكو وتووێژێكی خوایە ﷻ لە قیامەتدا لەگەڵ عیسا ﷺدا، ئەویش لەبارەی پەرستەرانی عیساو دایكی لەلایەن نەصرانییەكانەوە، كە خوا ﷻ لە عیسا ﷺ دەپرسێ: ئایا تۆ بە خەڵكت گوتوە: خۆم و دایكم بپەرستن، بمانكەنە دوو پەرستراو؟ عیساش ﷺ نكووڵیی لەوە دەكات، كە بە هیچ كەسی گوتبێ خۆی و دایكی بپەرستن، وە ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنێ، كە من تەنیا بە خەڵكم گوتوە: خوا كە پەروەردگاری خۆم و ئێوەشە، بیپەرستن، وە هەتا لە نێویشیاندا بووم، بەسەریانەوە چاودێر بوومو ئاگام لە خەڵكەكە بووە، كە تووشی شیرك و لادان و غەیری خواپەرستن نەبن، بەڵام دوای ئەوەی كە منت بەرزكردۆتەوە، ئەی خوای پەروەردگار! بۆخۆت ئاگاداری داخۆ چییان كردوە؟! ئنجا خوا ﷻ ڕایدەگەیەنێ كە ئەمڕۆ (واتە: ڕۆژی قیامەت) ڕاستان لە ڕاستییەكەیان بەهرەمەند دەبن، ئەوانەی كە ڕاستیان كردوە: دڵیان ڕاست بووە، زمانیان ڕاست بووە، كردەوەیان ڕاست بووە، لەگەڵ خۆیان، لەگەڵ خەڵك، لەگەڵ خوادا ڕاست بوون، ئەمڕۆ بەهرەمەند دەبن لەو ڕاستییەی خۆیان، ئەویش ئەوەیە كە بە بەهەشتی خوای بەخشەر، وە بە ڕەزامەندیی یەكەی شاد دەبن، وە سەرفرازو بەختەوەر دەبن.

ئنجا لە كۆتاییدا خوای باڵادەست خاوەنداریّتی ڕەهاو بێسنووری خۆی ڕادەگەیەنێ، كە ئاسمانەكان و زەوی و هەرچی تێیاندایە، تەنیا موڵكی خوای پەروەردگارن، وە خوا بە هەموو شتێك زاناو ئاگادارە.

﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ
مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ
فَقَدْ عَلِمْتَهُۥۚ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾
مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا
مَّا دُمْتُ فِيهِمْۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾
إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١١٨﴾ قَالَ ٱللَّهُ
هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْۚ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ
رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١٩﴾ لِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا
فِيهِنَّۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌۢ ﴿١٢٠﴾﴾.

## مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((وە (یـاد بکـــەوە) کاتێــك خــوا فـەرمووی: ئـەی عیسـای کـوڕی مەریـەم! ئایـا بـە خەڵکـت گوتـوە: منو دایکـم لە جیـاتی خـوا بکەنـە دوو پەرسـتـراو؟ (عیسـا) گـوتی: پـاکیی بـۆ تـۆ، مـن بـۆم نیــە شــتێك بڵــێم کە بــۆم ڕەوا نەبــێ، ئەگـەر گوتبێتــم تـۆ زانیوتــە، تـۆ نهێــنی نێـو دەروونـی مـن دەزانــی، بـەڵام مـن نهێنــی زاتـی تـۆ نازانــم، بێگومــان هـەر تــۆی زانــای نهێـنییــەکان ﴿١١٦﴾ جگــە لــەوەی تـۆ فـەرمانت پێکـردووم بیڵــێم، کـە خــوای پــەروەردگاری مــنو پەروەردگــارتان بپەرســتن، هیچـی دیکـەم پێنەگوتــوون، وە هەتــا لـە نێویــاندا بـووم، بەســەریانەوە چاودێر بـووم، بـەڵام پـاش ئەوەی منـت بە تەواویـی وەرگـرتو منت لەنێویـاندا نەهێشـت، (و بەرزت کردمەوە بۆ ئاســمان) هـەر خـۆت بەسـەریانەوە چـاودێر بـووی، وە تـۆ ئاگـاداری هـەموو شـتێکیو بەسـەریەوە چـاودێری ﴿١١٧﴾ ئنجـا ئەگـەر سـزایان بـدەی، ئـەوە بێگومـان ئـەوان بەنـدەی تــۆن، وە ئەگـەر لێیــان ببــووری، بێگــومان هـەر تــۆی زاڵــی کاربـەجێ ﴿١١٨﴾ خــوا فەرمــووی: ئەمـە ئـەو ڕۆژەیــە کـە ڕاســتیی ڕاســتان ســوودیان پێدەگەیـەنێ، چـەند باغێکیان هـەن، ڕووباریـان بەژێــردا دەڕۆن، بـە هەمیشــەیی تێیانـدا دەمێننـەوە، خـوا لـەوان ڕازییـەو ئـەوانیش لـەو ڕازیـین، ئـا ئـەوە بردنـەوەی مەزنـە ﴿١١٩﴾ خاوەنداریێتــیی ئاســمانەکانو زەویو هەرچی تێیاندایـە هـی خـوایە، وە ئـەو لەسـەر هـەموو شـتێك بـە توانـایە ﴿١٢٠﴾)).

## شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(إِلَٰهَيْنِ ) واتە: دوو پەرستراو، (إِلـه) واتە: پەرستراو، (إِلـهان) یان (إِلـهَين) واتە: دوو پەرستراو، وشەی (إِلـه) یانی: (مَعْبُود) بە كوردی دەڵێن: پەرستراو، لە چییەوە هاتوە؟ زانایانو شارەزایانی زمانی عەرەبی سێ ئەگەریان داناوە:

١) هەندێكیان دەڵێن: وشەی (إِلـه) لە (أَلَـهَ، يَأْلَـهُ، إِلاهـةً)ەوە هاتوە، واتە: (عَبَدَ، يَعْبدُ، عِبَادَة) كەواتە: (إِلـه) بۆیە وای پێدەگوترێ، چونكە دەپەرسترێ.

٢) وە هەندێكیان گوتوویانە: وشەی (إِلـه) لە (أَلِـهَ، يألَـهُ، أَي: تَحَيَّر،)ەوە هاتوە، واتە: سەرسام بووم، سەرسام دەبێ، لەبەرئەوە كە لە ناسینی پەرستراوی بە هەقدا، كە خوای بێوێنەیە، سەرسام دەبێو خوا لە عەقڵو خەیاڵی ئێمەدا جێگای نابێتەوە، وەك حەقیقەتەكەی، بەس وەك سیفەتو ناوەكانی دەیناسین.

٣)- وە هەندێكی دیكەش گوتوویانە: وشەی (إِلـه) لە (لاهَ، يَلُـوه، لِيَاهـاً، أي: احْتَجَب)ەوە هاتوە، واتە: پەنهان بوو، لەبەرئەوەی خوا پەنهانەو ئێمە بەهەستەوەرەكانمان بە چاوو بە بیستنو بە بۆنكردنو بە تامكردنو بەدەست لێدان، ناتوانین پەی بە خوا ببەین، بەڵكو دەبێ بە عەقڵ شوێنەوارەكانی ببینینو، سیفەتەكانی كە لە شوێنەوارەكانیدا دەدرەوشێنەوە، بناسین.

(سُبْحَٰنَكَ ): واتە: پاكیی بۆ تۆ، یانی: (أُنزِّهُكَ) واتە: تۆ بە پاك دەگرم، جا وشەی (سبحان) لە (سَبْح)ەوە هاتوە دەڵێ: (ئەسڵی وشەی (تَسْبِيح) لە (سَبْح)ەوە هاتوە: (السَّبْحُ: المَرُّ السَّرِيعُ في المَاءِ، أو في الهَوَاءِ)، (سَبْح) واتە: تێپەڕینی خێرا لە ئاودا یاخود لە هەوادا، وەك چۆن ماسی لە ئاودا دەڕۆن، یان مراویو ئەو باڵندانەی كە بە هەوادا دەفڕن، (يَسْبَحُ) واتە: مەلە دەكات، یان بە ئاودا دەڕوات، یان بە هەوادا دەڕوات، خوای پەروەردگار باسی خڕۆكەكان دەكات دەفەرموێ: ﴿كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾﴾الأنبياء، ئنجا (التَّسبيح:

التَّنْزِيــه) بەپــاكــگرتن، ئەمــە لــەوەوە هــاتوە كــە كەســێك بەڕاســتیی خــوای پەروەردگــار بناســێ، بــە پاكــیی دەگــرێ، وە زۆر خێرایــی دەكـات لــە بەندایــەتیی بۆكردنیــدا، وە خـوا بــەدوور دەگــرێ لـە هــەرچی كەموكوڕیــی هەیــە، لـە هەرچی هەڵــەو پەڵــە هەیــە.

(وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَ ) واتە: مـن نایــزانم چــی لــە لای تـۆ پەنهـان‌و شـێردراوەیە، (نَفْــسُ الله: ذَاتُــه)، (نَفْـس) بــە مانــای زات بــەكاردێ، ئــەوە بۆیــەش زانایــان وایانـگوتــوە، چونكــە خــوا وشــەی نەفســی بۆخــۆی بــەكارهێناوە، بــەلام نــەفس بەمانـای ڕووح دێ بۆ ئێمــە، بەلام بۆ خــوای پــەروەردگار بـە مانـای زاتـی خــوا دێ، هــەروەك چــۆن دیتــنی خــوا، بیســتنی خــوا، دەســەلاتی خــوا، بــەزەیی خــوا، حیكمــەتی خــوا، چــوونە سـەر عەرشـی خــوا، لـە سیفەتەكانی ئێمـە جیـان، دیـارە نەفسی خـوا، زاتــی خـواش، لە نەفس‌و زاتــی ئێمــە جیـایە.

(شَهِيدٌ ): واتــە: چـاودێر، یاخــود شــایەد، دیارە شـایەدیش بۆیـە دەتوانــێ شایەدیی بــدات، چونكــە چــاودێر بــووە، ئاگــای لـە شــتەكە بــووە، یـاخود شــایەد بــەمانای ئامــادە بــوو دێ، دەڵــێ (مـن الشُّــهُودِ والشّـهادَةِ: الحُضُـورُ مَـعَ المُشَـاهَدَةِ، إمَّـا بالبَصَـرِ أو البَصِـيرَةِ) واتــە: (شــهيد) لــە (شــهُودُ) و (شَـهَادة)وە هــاتوە، كــە بەمانــای ئامــادەبوون دێــت لەگـەڵ بینـینــدا، چ بینـینی بـە چـاو چ بینینــی بـە عەقــڵ، وە (الشَّـهَادَةُ: قَـوْلٌ صَـادِرٌ عَـنْ عِلْـمٍ حَصَـلَ بِمُشَـاهَدَةِ بَصِـيرَةٍ أو بَصَـرٍ)، (شَـهَادة) بریتــیە لـە قســەیەك كـە دەردەچـێ لـە كەسێكەوە كـە عیلـمێكی هەیـە، بەهــۆی ئــەوەوە كـە بەچاو شـتی بینیـوە، یـاخود بـە عـەقڵ دەركـی پێكـردوە، بـۆی پەیــدابــووە.

(تَوَفَّيۡتَنِي ) واتــە: منــت وەفــات پێكــردوە، وشــەی وەفـات جیایـە لـە وشـەی (مـوت) (أماتـهُ) لـە (توفـاهُ) جیــایە، چونكـە ئەگــەر بلــێی: (أماتـهُ) واتـە مراندوویــەتی، بــەلام (توفَّاهُ)، واتــە: بـە تـەواویی وەریگرتـوە، چـونكە وەك دوایـی باسـی دەكـەین، خـوا كە باسی وەفاتی عیسا دەكات، كە بێگومان عیسـا نـەمردووەو خــوا نەیمرانـدوە، بەڵــكو بـە ڕووح‌و جەستەوە وەریگرتـوەو بـەرزی كردۆتــەوە بـۆ ئاســمان، وەك لـە

سورەتی (آل عمران) و سورەتی (النساء)دا هاتوە، لە بەرگی دووەمو سێیەمی ئەم تەفسیرەی خۆماندا باسمان کردوە، ئنجا دەڵێ: (وتوفية الشيء بَذْلُهُ وافياً، واستيفاؤهُ تناولهُ وَافِياً) کە بگوترێ: ئەو شتەی تەوفیە کرد، واتە: بەتەواویی بەخشی، وە ئەگەر بڵێی: (استيفاؤهُ) یانی: ئەوە کە بەتەواویی وەریبگرێ.

(ٱلرَّقِيبَ): (الرَّقِيبُ الحَافِظُ، وَرَقَبْتهُ: حَفِظْتهُ والمَرْقَبُ: المكان العَالِي الَّذِي يُشْرِفُ عَلَيْهِ الرَّقِيب) وشەی (رقیب) بە مانای پارێزەر دێ، یان چاودێر، (المراقب) واتە: چاودێر، (رَقَبْتهُ) واتە: پاراستم، ئاگام لێی بوو، (مرقب) بەو شوێنە بەرزە دەگوترێ کە کەسێك لەوێوە چاودێریی شتێك بکات، ئەو بورجو شتانەی دادەنرێن بۆ حەرەسیاتو ئێشککرتن، پێیان دەگوترێ (مَرْقَبْ) کۆیەکەی (مراقیب).

(صِدْقُهُمْ): (صِدق) واتە: ڕاستیی، دەڵێ (الصِّدْقُ مُطَابَقَة القَوْلِ الضَّمِير والمخبر عَنْهُ مَعَاً) (صدق) بریتیە لەوە کە قسەیەك کە دەیکەی هەم لەگەڵ نێو دڵتدا ڕاست بێ، هەم لەگەڵ ئەوەدا کە هەواڵی پێدەدەی و هەواڵی لەبارەوە دەدەی.

## مانـای گـشـتـی ئایەتەکـان

خــوا ﷻ لــە كۆتــایی ئــەم ســـوورەتە موبارەكـەدا، كــە ســـوورەتی (الـمائدة)یــە وتووێژێكــی خــۆی لەگــەڵ عیســادا ؑ بــۆ ئێمــە بـاس دەكـات، كـە ئـەو وتووێـژە لـە قیامەتـدا بـووە، واتــە: ئــەم بەسـەرهاتی چـوارەمە كـە لـەم سوورەتی (الـمائدة) دایـە پەیوەنـدیی بـە دنیـاوە نیـە، بەڵـكو لـە قیامەتدایـە، ئەگـەرنا ئـەوانی دی هـەموو دیـارە پەیوەندییـــان بــە دنیـــاوە هـــەبوو، پێشـتـــر باســـمان كــرد: لــە ئایەتــەكانی پێشـــیدا فـــەرمووی: ﴿ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱذْكُرْ نِعْمَتِى عَلَيْكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ ... ﴿١١٠﴾ ﴾، لـەم كۆمەڵـە ئایەتــەدا كــە ئایەتــەكانی (١١٠) تــا (١٢٠)ن، واتــە: یــازدە ئایــەتن هـەموویان باسـی بەرپەرچـدانەوەی بیـــرۆكەی نەصــرانییەتە، كـە عیســا ؑو دایكـــی (واتە: مەریــەم) خـوا لـێی ڕازی بێ، دەپەرستن، لەگەڵ خـوای پاك‌و تاك، خـوای بێ‌هاوتـا بەرپەرچــی ئــەو بیـــرۆكەیە دەداتـــەوە، وە چـــەند ڕاســـتییەك دەخاتــە ڕوو، دەربــارەی وە كــە عیســا ؑ بەندەیەكــی خــوا بــووە، وە خــوا كۆمەڵێــك مـوعجیزەو نیعمـەتی خــۆی پێــداون، ئنجــا لێـــرەدا باســی ئــەو وتوویــژە دەكــا كــە لــە نێــوانی خــوا ﷻ عیســـ ؑدا لــە ڕۆژی قیامەتـــدا ڕوودەدات، دەربــارەی ئــەوە كــە ئایــا عیســـا ؑ بــە خەڵــكی گوتــوە، كــە خـۆی‌و دایكــی بپەرســتن؟ یــان نەصــرانییەكان هــەر لەخــۆوە ئــە ســـەرگەردانیی‌و سەرلێشــــێواوییەیان بۆخۆیـــان پەیـــداكردوە، بــەبێ ئـــەوەی كـــە ئـــەو بیـــرۆكەیە هـــیچ ڕەگ‌و ڕیشـــەیەكی ڕاســـتی هــەبێ‌و، هــیچ پەیوەندییــەكی بــە وەحــی‌و دینــی خــواوە هەبــێ.

دەفــــــەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، وە یـــاد بكـــەوە! كاتێـــك خـــوا ﷻ فـــەرمووی: ئـــەی عیسای كـوڕی مەریـــەم! ئایـــا تـۆ بـە خەڵكـت گوتـوە كە بەندایەتیـــی بۆخـۆت‌و بـۆ دایكت بكەن، واتە: وەكو پەرســتـراو مامەڵەتـــان لەگـــەڵدا بكرێ؟ ﴿ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ﴾، عیســا ؑ گوتـی: پاكـیی بـۆ تـۆ، مـن تــۆ

بە پاك دەگرم، بۆم نیە كە شتیك بڵێم، بۆم هەق و شایستە نەبێ، یانی: ئەوە كە من بپەرستن، یان دایكم بپەرستن و بمانكەنە دوو پەرستراو، شتێكی ناهەقە، وە شتی ناهەق گوتنیش لە من ناوەشێتەوە، ﴿إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ﴾، ئەگەر گریمان گوتبێتیشم، ئەوە تۆ زانیوتە، واتە: كە تۆ بۆخۆت دەزانیی و زانیاری تۆ ئەوەی تێدانیە كەواتە: نەمگوتوە، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوەنیە كە خوای پەنهانزان پرسیاری ڕاستەقینە لە عیسا بكات، كە ئایا واتگوتوە؟ چونكە كەسێك پرسیاری ڕاستەقینە دەربارەی شتێك دەكات، كە نەیزانێ، بەڵام ئایا ئەگەر عیسا ﷵ گریمان گوتبێتی: من و دایكم بكەنە پەرستراو، خوا نەیزانیوە؟ با، كەواتە: پرسیارەكە مەبەست پێی چییە؟ مەبەست پێی سەرزەنشتكردنی نەصرانییەكانە، وە خوا دەیەوێ عیسا ﷵ لە ڕۆژی قیامەتدا ڕایبگەیەنێ كە شتی وایەنەگوتوە، كەواتە: ئەی نەصرانییەكان! ماڵی قەڵب سەربەخاوەنیەتی، ئێوە ئەو قسەیەو ئەو بیرۆكەیەی پەیداتان كرد، كە بریتیە لە پەرستنی سێیەكان (ثالوث)، وەك خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍ ...﴿٧٣﴾﴾ المائدة، واتە: ئەوانە بێبڕوان كە گوتیان: خوا سێیەمی سێیەكانە، یانی: خوا بۆخۆی و عیسا ﷵ و مەریەم، یاخود: خواو عیسا ﷵ و جبریل، مانای وایە ئەو بیرۆكەیە ئەصڵ و بناغەیەكی نیە، تەنیا لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە، ئەگەرنا بێگومان خوا ﷻ پرسیار لە عیسا ﷵ ناكات، ئایا وایگوتوە، یان نا؟ چونكە كەسێك بە كەسێك دەڵێ: واتگوتوە، یان نا؟! كە بۆخۆی نەزانێ، ئەوە دیارە خوا ﷻ هەموو شتێك دەزانێ، بۆیە عیساش سەلامی خوای لەسەر بێ دەڵێ: ئەگەر گوتبێتم زانیوتە، ﴿تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ﴾، تۆ دەزانی چی لە نێو دەروونی مندا هەیە، چی لە پەنهانی مندا هەیە، چ لەلای من شێردراوەیە، بەس من نازانم چی لەلای تۆ شێردراوەیە، واتە: تۆ نهێنیی من دەزانی، بەس من نهێنی تۆ نازانم، هیچی من لە تۆ شێردراوە نیە، ﴿إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾، بێگومان هەر تۆی هەرە زانای نادیارەكان و پەنهانەكان و، ئەو شتانەی كە

کەس نایانزانێ، تۆ زۆر زۆر پێیان زانای ﴿ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِي بِهِۦٓ ﴾، هیچم پێ نەگوتوون: جگە لەوەی کە تۆ فەرمانت پێکردووم کە بیڵێم، ئەویش بریتیە لەچی؟ ﴿أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ﴾، پێم گوتوون کە خوا بپەرستن پەروەردگاری منیش‌و پەروەردگاری خۆشتانە، پەیداکەری منیش‌و پەیداکەری خۆشتانە، خاوەنی منیش‌و خاوەنی خۆشتانە، ﴿وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ﴾، وە من بەسەریانەوە چاودێر بووم کە نەهێڵم بەلارێدا بڕۆن‌و بەهەڵەدا بچن‌و غەیری خوا بپەرستن، ﴿فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ﴾، کاتێك منت وەرگرت بەتەواویی هەر خۆت بەسەریانەوە چاودێربووی، لێرەدا وشەی: ﴿تَوَفَّيْتَنِي ﴾، بەمانای (منت مراند) نیە، چونکە عیسا ﷺ نەمردوە، بۆیەش خوای پەروەردگار وشەی (أَمَاتَهُ)ی بۆ بەکارنەهێناوە، چونکە وشەی (وەفات) مانای مردن دەگەیەنێ، بەڵام ئەوەش دەگەیەنێ کە شتێك بە تەواویی وەربگری، لەبەرئەوەی عیسا ﷺ خوا بە ڕووح‌و بە جەستەوە، بەهۆی فریشتەکانەوە وەریگرت‌و، بە کڵاوڕۆژنەدا بەرزی کردەوەو بردی بۆ ئاسمان، کەواتە: ﴿تَوَفَّيْتَنِي ﴾، یانی (أَخَذتَنِي وَافياً أَخَذتَنِي كَاملاً) واتە: بە تەواویی وەرتگرتم، وە منت لەنێو ئەوانەدا نەهێشت، ﴿كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ﴾، هەر تۆ بەسەریانەوە چاودێر بووی، هەر تۆ ئاگات لێیان بوو، من لەنێویاندا نەمابووم، هەتا ئاگام لێیان بێ، ﴿وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴾، وە تۆ بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێری، وە ئامادەی هەموو شتێکی، وە ئاگاداری هەموو شتێکی.

ئنجا عیسا ﷺ ڕوو دەکاتە خوای پەروەردگارو دەفەرمویٚ: ﴿ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئەگەر سزایان بدەی، ئەوە بەندەی خۆتن‌و، بۆت هەیە سزایان بدەی، لەسەر هەڵەو کەموکوڕییەکانیان، چوند

خـوا ﷻ كاربەجێیــەو دادگــەرە، بـە ناهـەق كــەس ســزا نـادات، وەك دەفــەرموێ: ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾﴾فصــلت، واتــە: پــەروەردگارت ســتەمكار نیــە لــە بەندەكانی، وە لە شوێنی دی دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ ﴿٤٠﴾﴾النســاء، واتــە: خــوا بـە قـەدەر قورسایی گەردیلەیـەك زوڵـم لـە كـەس ناكـات، كەچـی ئەگـەر چاكەیـان هەبێ پاداشـتەكەیان بۆ چـەند قـات دەكـاتەوە، بەڵام زوڵـم ناكـات.

كەواتـە: ئەگــەر سـزایان بـدەی، ئـەوە بەنـدەی خـۆتن‌و، دیـارە هەڵـەیان كـردوە بۆیـە ســزایان دەدەی، ﴿وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، وە ئەگــەر لێشــیان ببــووری، ئــەوە لــێبوردنەكەت لەبــەر بێدەســتەڵاتیی نیــە، بێگومـان هـەر تـۆی زاڵـی كاربـەجێ، تـۆ باڵادەســتیی‌و زاڵـی، وە كاربەجێشــی، كەسێك سـزای بـدەی دەزانـی بۆچـی سـزای دەدەی، وە كەسێك لــێی ببووری، دوای ئـەوەی لـە شــیـرك‌و كوفر تۆبــە دەكات، دیــارە تۆ تۆبـە وەرگـری، جا لێرەدا مەبەست ئـەوە نیـە كـە خـوای پـەروەردگار لەوانـە دەبووری كە گوتوویانە عیسا كوڕی خوایە، وە عیسا دەپەرستن، بەڵكو مەبەست ئەوەیـە، عیسـ ﷺ ویسـتوویەتی ڕایبگەیەنێ، كە ویسـتی خـواو ســەرجەم ســیفەتەكانی خـوا ڕەهاو بێسنوورن، هەر كەسێكی بیـەوێ سـزای دەدات، وە هـەر كەسێكیشــی بیـەوێ لێـی دەبـووریْ، بـەڵام چ سـزادانەكەی، چ لێبوردنەكـەی، لەسـەر بنـاغەیە، وەك خــوای دادگـەر لەسـەر زمـانی شـوعەیب دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٥٦﴾﴾هــــود، واتـە: بێگومـان پەروەردگاری من لەسەر ڕێیەكی ڕاستە، واتە: خـوای پەروەردگــار بـە ڕێیـەكی ڕاســتدا مامەڵە لەگەڵ بەندەكانیدا دەكات، چونكە هەنــدێ مەلاو زۆر لە خەڵكی خـەڵكی مســوڵمان‌و عەوام پێیانـوایە، كە خـوا هەر لە بەهـانەیە!! نەخێر خوا لە بەهــانە نیـــە، یـان بـە شــێوەیەك خــوای كاربەجــێ وێنـا دەكــەن، كـە خــوا بەبــێ بنچــینەو بەبــێ حیســاب‌و كیتــاب خەڵك سزا دەدات، ئەوی دەباتە بەهەشتیْ‌و، ئـەوی دی دەباتـە دۆزەخ!! واد خـوا زاناو كاربەجێیە، وەك پیـرەمێردی شـاعیـر دەڵــێ:

كاكــە خــوا كــاری نــابەجــێ ناكــا    تا كێــو نەبیــنــێ بەفــری تێناكــا

خـوای پەروەردگـار مامەڵـەی حەکیمـانە لەگـەڵ بەندەکـانیدا دەکـات، بەڵـێ ڕەحمـەتو بـەزەیی بـە پـێش تـووڕەیی کەوتۆتـەوە، بـەڵام ئـەوی لێـی ببـوورێ، لەسـەر بنـاغەیـەك لێـی دەبوورێ، ئەوەش کە سزای بدات، لەسـەر بنـاغەیەك سـزای دەدات.

نجـا خـوا ﷻ لـە کۆتـا قسـەیدا دەفـەرموێ: ﴿ قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوۡمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدۡقُهُمۡ ﴾، خـوا فـەرمووی: (واتــە: لـە ڕۆژی قیامەتـدا خـوا ڕایگەیانـد) ئەمـە ئـە ڕۆژەیە ڕاسـتان لە ڕاسـتییەکەی خۆیـان بەهرەمەنـد دەبـن، ڕاسـتیی ڕاستان سوودیان پێ دەگەیـەنێ، جا وشـەی (صادقین) واتـە: (ڕاسـتان) نـەك (ڕاسـتگۆیان) چونکـە گوتن بەشـێکە لە ڕاسـتیی، بەڵام (صدق) تەنیـا لـە ڕاست گوتنـدا خوڵاصە نەبۆتـەوە، دەبێ دڵـت ڕاست بێ، زمانـت ڕاست بێ، کردەوەکانـت ڕاست بـن، دیوی پـەنهانت ڕاست بێ، لەگـەڵ خـوا ڕاست بـێ، لەگـەڵ دۆسـتو لەگـەڵ دوژمـن... هتـد، ئـەوە مانـای ڕاسـتیی (صـدق)ە، ئـەوی دیکــە ڕاسـت گـوتن (صـدق القـول)ە، خــوا دەربـارەی ئیسـماعیل دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ صَادِقَ ٱلۡوَعۡدِ وَكَانَ رَسُولٗا نَّبِيّٗا ﴿٥٤﴾ ﴾مریــم، یـانی: قسـەی ڕاسـت بـوو، بەڵـێنی ڕاسـت بـوو، بـەڵام لێـرەدا کـە دەفـەرموێ: ئـەمڕۆ (واتـە: ڕۆژی قیامـەت) ڕاسـتان لـە ڕاسـتیی خۆیـان بەهرەمەنـد دەبـن، مەبەسـت پێـی ڕاسـتییە بـە مانـای فـراوانو تـەواوی وشـەی: (صـدق)، ئەویش ئەوەیە کە (صادقین) ڕاستان لێرەدا مەبەست پێـی ئەوانـەن کـە بەندایـەتیی ڕاسـتیان بـۆ خـوا کـردوە، بـە دڵ وەك لـە خـوا ترسـاون، ئاوا لە هـیچ شـتێك نەترسـاون، وە وەك خـوایان خۆشویسـتوە، هیچ کـەسو هـیچ شـتێکیان ئـاوا خۆشـنەویسـتوە، وە هـەر پشـتیان بـە خـوا بەسـتوەو بـۆ خـوا ملکـەچبوون، خوایان بە گـەورە گرتـوە تا کۆتـایی.

هـەروەهـا بـە دوای پێغـەمبـەری خـوا ﷺ کـەوتوون، وە بـە شـەریعەتی خـواوە پابەنـد بـوون، بـە ڕێـكو ڕاسـتیی بـە سـاغیی ڕواڵـەتو پەنهـانیان ڕاست بـووە، ئـا ئەوانـە لـەو ڕاسـتییەی خۆیـان بەهرەمەنـدنو، چـۆنیەتی بەهرەمەندبوونەکەشیان وەیـە کـە دەفـەرموێ: ﴿ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾، چـەند باغێکیـان هـەن کـە ڕووبـاریان بەژێـردا دەڕۆن ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗا ﴾، بـۆ هەمیشـەیی تێیانـدا

دەمێننـــەوە. ﴿ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ ﴾، خـواش لەوان ڕازییـەو ئەوانیش لە خـوا ڕازییـن، هەمیشـه خـوا ﷻ ڕەزامەنـدیی خـۆی پـێش دەخـات، چونکە دەبـێ ئینسـان وابێـت کە خوا لـێی ڕازی بێـت، ئنجا خـوا ﷻ ئـەویش وای لـێ دەکات کـە لـە خـوای خـۆی ڕازی بـێ، تـۆ دەبـێ کارێـکی وابکـەی خـوا لـێت ڕازی بـێ، ئنجا دوایـی وات مامەڵـە لەگـەڵدا دەکات، کە تۆ لە خۆی ڕازی بکـا، دوایی زیـاتر ئـەوە ڕوون دەکەینـەوە، لـە مەسـەلە گرنگەکـاندا، ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾، خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ئـا ئـەوە سـەرکەوتنو بردنـەوەی مەزنـە، ئـەو بەهرەمەنـدبوونە لـەو ڕاستییە، وە شادبوونە بـە خـواو دیداری خـواو، بەهەشـتەکانی خـوا، ئەوە بردنـەوەو سـەرکەوتنی گەورەیـە، ئـەوە بە مراد گەیشـتنی هەرە مەزنــە، لـە کۆتـایی دا خـوای بـەرزو مـەزن دەفـەرموێ: ﴿ لِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا فِيهِنَّۚ ﴾، مـوڵکی ئاسـمانەکانو زەویو هەرچـی تێیاندایـە هـەمووی خـوا خاوەنیـەتی، ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرُۢ ﴾، وە خـوا لەسـەر هـەموو شـتێك بەتوانـایە، جگـە لـەوەی کـە ئاسمانـەکانو زەویو هەرچـی تێیاندایـە، هـەمووی هـی خوایـەو، لە ژێر ڕکێفـو حوکمڕانیی دەسـتەڵاتی خـوادایە، دیسان خـوا لەسـەر هـەموو شـتێك بەتوانایە، لـە غـەیری ئاسمانـەکانو زەویشـدا، ئـەو بـوون (وجـود)ە کە دروستی کردوە، لەسەر هەموو شتێکی بەتوانـایە، کە هەر جۆرە تەصـەڕروفێکی تێدا بکـات.

## چەند مەسەلەیەكی گرنگ

**مەسەلەی یەكەم:** كە خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ...﴾، هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: ئەوە لە دنیادا بووە، بەڵام رای راست ئەوەیە، نەك هەر رای راستتر، بەڵكو رای راست ئەوەیە، كە ئەم وتوێژەی هی قیامەتە، خوای پەروەردگار لێرەدا بۆمان دێنێتەوە، جا رەنگە یەكێك بڵێ: خۆ خوا ﷻ جارێ قیامەتی نەهێناوە، چۆن وا دەفەرموێ و بە كرداری رابردووش دەیهێنێ؟ وەڵامەكەی ئەوەیە: لەراستیدا كات (زمن) بۆ ئێمە دابەش دەبێ بۆ سێ حاڵەت: رابردوو (ماضي)، ئێستا (حال)، داهاتوو (استقبال)، ئەوە بۆ ئێمە وایە، بەڵام بۆ خوای پەروەردگار كات وا نیە، جارێ ئەگەر بە قووڵیی سەرنجدەین (كات) بوونی هەر نیەو شتێكی ئیعتیبارییو وەهمیی ئینتیزاعییە[1] ئەگەرنا زەمان بەمانای هەبوو (موجود) بوونێكی سەربەخۆو راستەقینەی هەرنیە، ئەوەی كە هەیە درێژبوونەوەی ماددەیە كە شوێن (مكان) پێكدەهێنێ، وە جووڵەی ماددەیە كە لە مێشكی ئێمەدا، پێی دەڵێین: كات، ماددەیە كە دەجووڵێ، ئێستا ئەگەر زەوی نەخولابایەوە بە دەوری خۆیداو، بە دەوری رۆژدا، نە شەوو نە رۆژ پەیدا دەبوون، نە ساڵو وەرزەكان پەیدا دەبوون.

نجا بەنسبەت خوای پەروەردگارەوە كە لە دەرەوەی كاتو شوێن (زمانو مكان)ە، چونكە خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی، لە دەرەوەی دروستكراوەكانی خۆیەتی، بەو شێوەیە كە بۆ خوا شایستەیە، بۆ خوای پەروەردگار ئێستاو رابردوو داهاتوو، وەك یەكن.

---

١) واتە: مرۆڤ بە خەیاڵو وەهم كات (زمن) وەك هەبوو (وجود)ێكی سەربەخۆ وێنا دەكات، ئەگەرنا لەراستیدا لە جووڵەی ماددەو رووداوەكان دایدەنێو بەرهەمی دێنێ!

پاشان خوا ﷻ لە شوێنی دیكەشدا لە قورئاندا كە باسی بەهەشت دەكات، بە ڕابردوو باسی دەكات‌و دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ ﴿١٣﴾ ﴾التكوير، واتە: بەهەشت نزیك خرایەوە، یان ڕازێنرایەوە بۆ پارێزكاران، یاخود دەفەرموێ: ﴿ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ ﴿٩١﴾ ﴾الشعراء، واتە: وە دۆزەخ هێندرایە دەرێ‌و بەرجەستە كرا بۆ سەرگەردانان، دیسان بە ڕابردوو دەیفەرموێ، لەبەرئەوە كە خوا ئەوەندە بەسەر ئەو شتانەدا دەسترۆیشتوو و زاڵە، وەك چۆن جاری وا هەیە تۆ بەڵێنی شتێك بە كەسێك دەدەی دەڵێ: ئاخر ئایا دەبێ؟! تۆش دەڵێی: بوو بوو، عەرەبیش دەڵێن: (صار، صار) یانی: وا بزانە شتەكە بووە، یاخود یەكێك بەڵێنێك بە كەسێك دەدات، دەڵێ: یانی ئەو شتەم دەدەیە؟ دەڵێ: وا بزانە لە گیرفانت دایە، خوای بێوێنەش دیارە بەسەر هەموو شتێكدا بالادەستە، بۆیە بەشێوەی ڕابردوو دەیهێنێ، وەك ئەوەی كە بووبێ وایە.

ئنجا ئەوە كە خوا دەفەرموێ: وە یادبكەوە كاتێك خوا فەرمووی: ئەی عیسا كوڕی مەریەم! ئایا تۆ بە خەڵكت گوتوە من‌و دایكم لە جیاتی خوا بكەنە دوو پەرستراو، ئەم پرسیارە وەك لە مانا گشتییەكەشدا باسمان كرد، بۆ سەرزەنشتكردنی نەصرانییەكان‌و بۆ سەركۆنەكردنیان وە بۆ بە درۆ خستنەوەیانە، نەك پرسیاركردنی ڕاستەقینە بێ لە عیسا ؏، چونكە پرسیاركردنی ڕاستەقینە كەواتە: خوای زاناو پەنهانزان ئاگاداری لێی نەبووە، داخۆ عیسا ؏ وایگوتووە، یان واینەگوتووە؟ شتی وانیە خوا ﷻ دەزانێ عیسا ؏ واینەگوتووە، بەڵكو نەصرانییەكان لەخۆوە ئەوەیان هەڵبەستووە، لەڕاستیدا ئەصڵ‌و ڕیشەیەكی نیە، ئنجا پرسیارەكی دیكە لێرەدا دەكرێ ئایا نەصرانییەكان كە عیسا ؏ وەك پەرستراو تەماشا دەكەن‌و دەیپەرستن‌و دەڵێن: عیسا كوڕی خوایە، وەك لە دەرسەكانی ڕابردوودا لە (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس[1]) لە چەند شوێنێكدا هێنامان، دەڵێن: عیسا خوایە، نەك هەر بڵێن: پەرستراو،

---

١) بڕوانە: ص ٢٠٧٤، كە گوتوویەتی:
(فإن الله واحد في ثلاثة أقانيم لكنّهم جوهر واحدٌ متساوون منذ الأزل والى الأبد...).

بەڵکو دەڵێن: بەشێکە لە خوا، بەڵام ئایا بۆ مەریەمیش هەروا دەڵێن؟ ئەم ئایەتە وادەگەیەنێ، بەڵام نەصرانییەکان ڕەنگە نکوولّیی لەوە بکەن، ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین: نەصرانییەکان دەڵێن: مەریەم دایکی خوا (أُمّ إلَـهِ)یە! مانای وایە ئەویش هەر خوایە (إِلَـه)ە[1]، پاکییو بەرزیی بۆ خوا.

پاشان ئێمە نەصرانییەکان دەبینین وەك چۆن پەیکەری عیساو وێنەی عیسا لە پەرستگاکانیانو لە کەنیسەکانیاندا هەڵدەواسنو کڕنووشی بۆ دەبەنو گەورەی دەکەنو بە گەورەی دەگرن، بە هەمان شێوە وێنەو پەیکەری مەریەمیش هەمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کەواتە: ئەوەی خوا فەرموویەتی وایە، بە حەقیقەت ئەوان وەك دوو پەرستراو مامەڵە لەگەڵ عیساو لەگەڵ مەریەمدا سەلامی خوایان لێ بێ، دەکەن.

**مەسەلەی دووەم:** ئنجا عیسا ﷺ وەڵام دەداتەوە، دەڵێ: ﴿قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّ﴾، عیسا لە وەڵامی پرسیارەکەی خوای پەروەردگاردا کە دەزانێ پرسیارکردنەکەی بۆ سەرزەنشتکردنو سەرکۆنەکردنو بەدرۆخستنەوەی نەصرانییەکانە، کە بە هەڵە عیساو مەریەمیان کردوە بە دوو پەرستراو، دەزانێ خوای پەروەردگار دەیەوێ ئەوان سەرزەنشت بکات، نەك بیەوێ پرسیارێك لەو بکات، کە ئایا ئەو شتە بووە، یان نەبووە؟ ئەو شتەی گوتوە، یان نەیگوتوە؟ بۆیە عیسا ﷺ پێش هەموو شتێك دەڵێ: پاکیی بۆ تۆ، یاخود تۆ بە پاك دەگرم[2].

---

١) ئەوان وشەی (إلـه) بۆ خوا (الله) بەکاردێنن، کە ئەوە هەڵەیە، وەك پێشتر باسمان کردوە.

٢) (التَّسْبِيحُ تَنْزِيهُ الله تَعَالى وَأَصْلُهُ الْمَرُّ السَّرِيعُ فِي عِبَادَةِ الله تَعَالَى وَسُبْحَانَه، مَصْدَرٌ نَحو غُفْرَان) وشەی (التَّسْبِيحُ) واتە: بە پاکگرتنی خوای بەرز، خوا بە پاکدەگرم بە دووری دەگرم، وە ئەصڵی وشەی تەسبیح لە (سبح)ەوە هاتوە، (سبح) بریتیە لە ڕۆیشتنی خێرا کە لێرەدا مەبەست پێی خێراییکردنە لە بەندایەتی خوادا، وە وشەی (سبحان) لە ڕیشەدا چاوگە وەك (غُفْران). کەواتە: (سبحان الله) واتە: من خوا بە پاك دەگرم.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ﴾، ناڵێ نەمگوتوە، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی دیکە نەفییەکە دەخاتە ڕوو، دەڵێ: ﴿مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ﴾، بۆم نیە شتێك بڵێم کە هەق نەبێ، بۆچی؟ چونکە پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام)، ناگونجێ شتی ناهەق بڵێن، بەتایبەتی ناهەقی هێندە گەورە، چونکە ئامانج لە ناردنی پێغەمبەراندا بە پلەی یەکەم ئەوە بووە کە خەڵك فێری بەندایەتییکردن بۆ خوا تەنیا خواپەرستن‌و خوا بە یەك گرتن (توحید) بکەن، ئنجا بێنن شتێکی وا بڵێن! ئەوە شتێکی زۆر زۆر ناهەقە، بۆیە عیسا ﷺ دەڵێ: ناگونجێ من شتی وا بڵێم‌و شایستە نیە، واتە: لێرەدا عیسا ﷺ، ئەو قسەیە بە شێوەیەك بەرپەرچ دەداتەوە کە هەر ڕێی تێناچێ، وە هەر ناگونجێ شتی وا گوترابێ‌و بگوترێ، نەك هەر نەگوتراوە، هەر ڕێی تێناچێ بگوترێ.

**مەسەلەی سێیەم**: کە دەفەرموێ: ﴿إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ﴾، عیسا ﷺ دیارە بە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئەگەر من ئەو قسەیەم گوتبێ، ئەوە تۆ زانیوتە، واتە: مادام تۆ دەپرسی: ئایا وابووە یان وانەبووە؟ کە دیارە پرسیارکردنەکە پرسیارکردنی ڕاستەقینە نیە، کەواتە: دیارە ئەو مەسەلەیە لە زانیاریی تۆدا نیە، ئنجا ئەی خوایە! مادام ئەو شتە لە زانیاریی تۆدا نیە کەواتە: نیە، چونکە هەر شتێك هەبێ لە زانیاری خوادا هەیە، ئنجا کە دەفەرموێ، ﴿تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ﴾، تۆ دەزانی چی لە دڵی مندا هەیە، لە دەروونی مندا هەیە، لە پەنهانی مندا هەیە، بەڵام من نازانم چی لە زاتی تۆدا هەیە، وشەی نەفس کە بۆ خوای پەروەردگار بەکاردەهێنرێ، واتایەکەی غەیری ئەوەیە کە بۆ ئینسان بەکاردەهێنرێ، نەفسی ئینسان دیارە دروستکراوێکی خوایە، واتە: ڕووحی ئینسان، بەڵام نەفسی خوا واتە: زاتی خوا، دوایی دەفەرموێ:

﴿إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾، بێگومــان هــەر تــۆی زانــای پەنهانــەكــان، واتــە: پەنهان‌و نهێنییەكــان تــۆ زۆر زۆر پێیــان زانــای، هیچ شتێكی نهێنییەكان لە تۆ شێردراوە نیــە.

زانایـان سـەبارەت بـە وشـەی نەفـس كـە فـەرمووی: ﴿تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَ﴾، بە چەند شێوەیەك تەعبیریان لـێكردوە:

یەكـەم: (تَعْلَمُ مَا أُخْفِيَ وَلا أَعْلَم مَا تُخْفِي)، واتـە: تـۆ دەزانـی مـن چـی پەنهـان دەكـەم، بەڵام من نازانـم تۆ چیت پەنهان كـردوە، یان چـی پەنهـان دەكـەی!

دووەم: (تَعْلَمُ مَا عِنْدِي وَلا أَعْلَم مَا عِنْدَك)، واتـە: تـۆ دەزانـی چـی لـەلای منـە، بـەڵام من نـازانم چی لـەلای تۆیـە!

سێیەم: (تَعْلَمُ مَا فِي غَيْبِي وَلا أَعْلَمُ ما فـي غَيْبِـك) تـۆ دەزانـی چی لە نهـێنیی‌و پەنهـانی منـدا هەیـە، بـەڵام من نازانـم چی لە نهێنیـی‌و پەنهـانی تۆدا هەیـە.

چوارەم: (تَعْلَمُ مَا كَانَ مِنِّي فِي الدُّنيا، وَلا أَعْلَمُ مَا كَانَ مِنْكَ فِي الآخِرَة) تـۆ دەزانـی لە دنیـادا چـی لـەلای مـن هـەبووە، بـەڵام مـن نازانـم لـە دوارۆژدا چی لـەلای تۆ هەیـە.

پێنجـەم: (تَعْلَمُ مَا أَقُولُ وَأَفعَل، وَلا أَعْلَمُ ما تَقُولُ وَتَفْعَل) تـۆ دەزانـی مـن چـی دەڵێم‌و چی دەكەم، بەڵام من نازانـم تۆ چـی دەفەرمووی‌و چـی دەكـەی.

ئنجـا وشـەی نەفـس لـێرەدا مانای زاتـە، كەواتـە: (تَعْلَمُ مَا فِي ذَاتِي وَلا أَعْلَمُ ما فـي ذَاتِـك) تـۆ دەزانـی چ لەزاتی منـدا هەیـە، بـەڵام مـن نـازانم چـی لە زاتـی بـێ وێنـەی تـۆدا هەیـە، ئەی پەروەردگـار.

وشـەی ﴿عَلَّٰمُ﴾، پێشـتـریش باسـمان كـرد، صیغە موبالەغـەی (عَالِـم)ە، واتـە: هــەرە زانــا، زۆر زانــا، ﴿ٱلْغُيُوبِ﴾، كـۆی (غَیْـب)ە، (غَیْـب)یـش واتـە: پەنهــان، نادیـار، كەواتـە (غُـیُوب)، واتـە: پەنهـانەكـان، نادیـارەكـان.

**مەسەلەی چوارەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِى بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ﴾، عیسا ﷺ دەفەرموێ: پێم نەگوتوون جگە لەوەی تۆ فەرمانت پێکردووم، واتە: جگە لەوەی کە تۆ فەرمانت پێکردووم، بیڵێم، هیچی دیکەم پێ نەگوتوون، لە بواری ئەوەدا کە کێ بپەرستن، ئنجا ئایا ئەوەی کە خوا فەرمانی پێکردوە بیڵێ: چییە؟! ﴿أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ﴾، ئەویش ئەوەبوو کە تۆ بە منت فەرمووە، پێیان بڵێم: خوا بپەرستن، پەروەردگاری منیش و پەروەردگاری خۆشتانە، ئنجا ئەمە دوو شتی لێوەردەگیرێن:

١) کەواتە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) بە موو، وە بە تۆزقاڵێك لە فەرمانی خوا ﷻ لانادەن، هەرچی بیفەرموون وەك دین، ئەوە دیارە وەحی خوایەو فەرمایشتی خوایە، نە هیچ شتێك لەوەی کە خوا پێی فەرموون، کەم دەکەن، نە لێی دەشارنەوە، وە نە هیچ شتێك لەوەی کە خوا پێی فەرموون، زیاد دەکەن.

٢) ئەوەی کە لەم ڕستە قورئانییە وەردەگیرێ، ئەوەیە نەصرانییەکان کە بەرنامەو بیرۆکەیان بریتیە لە سێ پەرستراوێتیی (تثليث)، ئەو سێکوچکە (ثالوث)ە، شتێکی پووچ و بۆشەو هیچ بناغەیەکی نیە، ئەو حەقیقەتەش خوای تاك و پاك جگە لێرە، لە سێ شوێنی دیکەی قورئاندا، ئەوەندەی ئێستا لە یادم بێ، فەرموویەتی کە عیسا ئاوای فەرمووە:

یەکەم: لە سوورەتی (آل عمران) ئایەتی (٥١)دا، عیسا ﷺ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۗ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾، واتە: بێگومان خوا پەروەردگاری منیش و ئێوەشە هەر ئەو بپەرستن، ئا ئەمە ڕێی ڕاستە.

دووەم: لە سوورەتی (مريم) ئایەتی (٣٦)دا، عیسا ﷺ دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾، واتە: وە بێگومان خوا پەروەردگاری منیش و پەروەردگاری ئێوەشە، ئەمە ڕێی ڕاستە.

سێیەم: لە سوورەتی (الزخرف) ئایەتی (٦٤)دا، عیسا ﷺ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾، واتە: بێگومان خوا هەر خۆی پەروەردگاری منیش و پەروەردگاری ئێوەشە، هەر ئەو بپەرستن، ئا ئەمە ڕێی ڕاستە.

کەواتە: عیسا ﷺ ئەو ڕاستییە مەزنە، یەکتاپەرستیی (توحید)ی، بە نەصرانییەکان گوتووەو پێی ڕاگەیاندوون، بەڵام ئەوان لایانداوەو عیسایان وەك پەرستراو مامەڵە لەگەڵدا کردوە، وە دایکیان وەك پەرستراو مامەڵە لەگەڵدا کردوە، وە ئەو هەڵوێستەیان هیچ بەڵگەیەك پشتڕاستی ناکاتەوە، بەڵکو شتێکە لە گیرفانی خۆیان دەریانهێناوەو وەکو پێشینانیش دەڵێن: (ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی) چونکە عیسا ﷺ لە هەرسێ شوێنەکان {واتە: لە سوورەتەکانی: (آل عمران و مريم و الزخرف)دا} داکۆکیی دەکات و جەخت دەکاتەوە لەسەر پەروەردگاریێتیی خوا، بۆخۆی و، بۆ ئەوان: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦٤﴾ ﴾، بۆچی؟ چونکە نەصرانییەکان پێیانوایە عیسا پەروەردگارە لەگەڵ خواداو، دایکیشی بەشی هەیە لە پەروەردگاریێتیی و لە پەرستراوێتیی دا، بۆیە عیسا ﷺ لەو شوێنانەدا کە خوا ئەو بەسەرهاتەی باس دەکات، لە سوورەتەکانی (آل عمران و مريم و الزخرف)دا، زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوە، کە هەر خوا پەرستراوو پەروەردگارە، پەروەردگاریش سەیید و خاوەن و گەورەیە، وە بەدیهێنەرو مشوورگێڕو پەرستراو هەر خوایە، وە هەموو ئەو شتانەی خۆیشی و هی خەڵکەکەش، هی خوان، بۆیە دەبێ هەر ئەو بەندایەتیی بۆ بکرێ.

**مەسەلەی پێنجەم**: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴾، عیسا ﷺ بە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: وە من بەسەریانەوە چاودێر بووم، هەتا لە

نێویاندا بووم، یانی: کە لەنێو نەصرانییەکاندا بووم، ئاگام لێیان بوو، یەکتایی تۆو خوا بە یەکگرتنم پێ ڕاگەیاندن، وە ئاگام لێیان بوو کە لانەدەن و لە غەیری تۆ نەپەرستن، ﴿فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ﴾، ئنجا کاتێك منت وەرگرت و بەرزتکردمەوە بۆ ئاسمان، هەر تۆ بەسەریانەوە چاودێر بووی، ﴿وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾، وە تۆ لەسەر هەموو شتێك چاودێری و ئاگاداری و ئامادەی، واتە: تا لە دنیا بووم و لە ژیاندا بووم ئاگام لێیان بوو، بەلاّم پاش وەفاتم، تۆ بۆخۆت دەزانی چییان کردوە! تۆ چاودێریان بووی، ئنجا ڕستەی: ﴿فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي﴾، هەندێك لە زانایانی ئیسلام گوتوویانە: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە عیسا ﷺ خوا مراندوویەتی و دوایی جەستەکەی بەرز کردۆتەوە، کە دیارە ئێمە لە سوورەتی (آل عمران) ئایەتی ژمارە (٥٥)دا، وە لە سوورەتی (النساء) ئایەتەکانی ژمارە: (١٥٦ و ١٥٧)دا، لە بەرگی دووەم و سێیەمی ئەم تەفسیرەدا بە تەفصیلْ باسی ئەوەمان کرد، بۆ وێنە: لە سوورەتی (آل عمران)دا کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾﴾، واتە: کاتێك خوا ﷻ فەرمووی: ئەی عیسا! من تۆ وەفات پێدەکەم، وە بۆ لای خۆم بەرزت دەکەمەوە، وە لەوانەی بێبڕوان پاکت دەکەمەوە، لە وێدا بە تەفصیلْ باسمان کردوە، کە لێرەدا (مُتَوَفِّيكَ) (أي: آخِذُكَ كامِلاً) بە تەواویی وەرت دەگرم، نەك دەتمرێنم، خوا نەیفەرمووە: (مُمِيتُكَ) دەتمرێنم، وە لە هەموو شوێنەکاندا خوای پەروەردگار بۆ ئەو حاڵەی عیسا بەس وشەی وەفاتی بەکارهێناوە، بەلاّم لە شوێنی دیکەدا وشەی (أمَاتَ) و (يميت)ی بەکارهێناوە، ﴿فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ ۖ ﴿٢٥٩﴾﴾البقرة، ﴿يُحْيِۦ وَيُمِيتُ ﴿٢٥٨﴾﴾البقرة، ﴿وَٱلَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ ﴿٨١﴾﴾الشعراء، چونکە مراندن ئەوە دیارە، بەلاّم

وەفات پێکردن، هەم بە مانای مراندن دێ، هەم بە مانای ئەوەش دێ کە شتێك بەتەواویی وەربگریو مەرج نیە بیمرێنی، بەڵگەمان لەسەر ئەوە چیە؟ بەڵگەمان ئەو ئایەتەی سوورەتی (الزمر)ە، خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾، واتە: خوا نەفسەکان وەفات پێدەکات لە کاتی مردنیاندا، وە ئەوانەش کە نەمردبن لە کاتی خەوتنیاندا... کەواتە: دیارە وەفاتکردنی کاتی خەوتنو وەفاتکردنی کاتی مردنیش هەیە، وەفاتکردنی کاتی مردن، یانی: خوا ئەو کەسە دەمرێنێ، ڕووحەکەی بەتەواویی وەردەگرێ، کەواتە: ئینسانی خەوتووش خوا ڕووحەکەی وەردەگرێ کە نەشمردووە، واتە: دەگونجێ بەبێ مردنیش خوای پەروەردگار ڕووحی ئینسان وەربگرێ، بەڵام دیارە ئەو وەرگرتن (وفاة)ە بەتەواویی نیە، بۆیەش پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ﴿النَّوْمُ أَخُو المَوْتِ﴾ {أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ في شعب الإيمان برقم: (٤٧٤٥)، وَالديلَمِي برقم: (٦٩٠٧)، وَصَحَّحَهُ الألباني في (السلسلة الصحيحة) برقم: (١٠٨٧)}، واتە: نووستن برای مردنە!

ئنجا لەوێدا کە دەفەرموێ: ﴿ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ﴾، ئەی عیسا ! من وەرت دەگرم بە تەواویی‌و بۆ لای خۆم بەرزت دەکەمەوە، دیارە ڕووحەکان هەموویان دەچنەوە بۆ لای خوا، ئەو شوێنەی کە خوا دەیەوێ، کەواتە: لێرەدا کە بەتایبەت بە عیسا ﷺ دەفەرموێ: بۆ لای خۆم بەرزت دەکەمەوە، واتە بە ڕووحو جەستەوە بەرزت دەکەمەوە، ئەگەرنا هیچ جیاوازییەك لە نێوان کافرو مسوڵماندا نیەو ڕووحەکەیان هەر بۆ لای خوا بەرز دەبێتەوە، بۆ لای ئەو شوێنەی کە خوا دەیەوێ، کە ئەگەر مەبەست ئەوەبێ: ئەی عیسا دەتمرێنم‌و ڕووحەکەت بۆ لای خۆم هەڵدەکێشم، ئەوە هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان عیساو غەیری عیسادا، کەواتە: لێرەدا ﴿إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ﴾، یانی: بە جەستەو ڕووحەوە، وەرت دەگرم‌و بۆ لای خۆم بەرزت دەکەمەوە، وە

ئێستا عیسا ﷺ لە ئاسمانە، وەك لە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەریش ﷺ دا هاتوە، وە لە سووڕەتی (النساء)دا کە بەرگی سێیەمی ئەم تەفسیرەیە، بە تەفصیلْ باسمان کردوە، لەو ئایەتانەدا کە خوا باسی جوولەکەکان دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا ﴿١٥٦﴾ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٥٨﴾ ﴾، واتە: بە هۆی کوفریانەوەو بە هۆی ئەو قسەو بوختانەیانەوە کە بۆ مەریەمیان کرد، (کە گوتیان: مەریەم عیسای بە شێوەیەکی ناشەرعیی بووە، واتە: زۆڵە)، وە ئەو قسەیان کە گوتیان: ئێمە عیسای کوڕی مەریەمی پێغەمبەری خوامان کوشتوە، (دوایی خوا بە درۆیان دەخاتەوە دەفەرموێ:) وە نە کوشتوویانەو نە هەڵیشیان واسیوە، بەڵکو وێنەی عیسایان بۆ برا سەر یەکێکی دیکەو، ئەویان لە جیاتی عیسا هەڵواسیو کوشتیان...، دوایی دەربارەی عیسا دەفەرموێ: ﴿ بَل رَّفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٥٨﴾ ﴾النساء، واتە: بەڵکو خوا بۆ لای خۆی بەرزی کردەوە، واتە: بە ڕووح و جەستەوە، بۆ لای خۆی بەرزی کردۆتەوە.

دیارە لە بەرگی سێیەم دا بە تەفصیلْ باسی چۆنیەتی بەرزکرانەوەی عیسامان کردوە، وە لە ئینجیلی بەرناباوا هێناومانە، هەروەها زانایانی ئیسلام چۆن ئەو ئایەتەیان تەفسیر کردوە؟ هێناومانە، بۆیە لێرە نایهێنین.

**مەسەلەی شەشەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ ۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾، ئەگەر سزایان بدەی، ئازاریان بدەی، ئەی خوایە! ئەوانە بەندەی تۆن، لەسەر ئەوە سزایان دەدەی کە منیان پەرستووە دایکمیان پەرستوە، ئەوە بەندەی خۆتن، کە سزایان دەدەی، هەقی خۆتە، ﴿ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ

﴿ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، وە ئەگەر لێیان ببووری، بێگومان تۆی زاڵی کاربەجێ، هەندێك لە زانایان گوتوویانە: چۆن عیسا ﷺ لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ ﴾، ئایا دەگونجێ خوا لە کەسێك ببووری، کە عیسا بە کوڕی خواو بە پەرستراو دادەنێ و مەریەم دەپەرستێ؟ لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر، عیسا مەبەستی شتێکی دیکەیە، جاری ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە: ئەگەر بە هۆی کوفرەکەیانەوە سزایان بدەی، ئەوە بەندەی خۆتن، وە ئەگەر پاش تۆبەکردنیان لەو کوفرە (هەر لە دنیا) لێیان ببووری، ئەوە تۆ زاڵ و کاربەجێی، ئەوە ماناکەیەتی، ئەدی بۆچی عیسا ﷺ دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، لێرەدا مەبەست دەرخستنی ڕەهایی ویستی خوایە، نەك ئەوە کە خوا لێیان دەبووری، مەبەست ئەوەیە کە خوایە! تۆ هەرچی بتەوێ دەیکەی، ویستی تۆ ڕەها (مطلق)ە و، هیچ سنوورێکی نیە، دەتوانی سزایان بدەی لەسەر کوفرەکەیان، وە دەشتوانی لێیان بووری، دیارە لێبوردنی تۆش بە حیساب و کیتابە، بۆیە لێیان دەبووری لەبەرئەوەی وازیان هێناوە لە کوفرو شیرك، ئەگەرنا هەر کەسێك واز لە کوفرو شیرك نەهێنێ، خوا لێی نابووری، کەواتە: لێرەدا تەنیا مەبەست ئەوەیە کە ڕەهایی ویستی خوامان بۆ دەربخات، ئەگەرنا لە شوێنی دیکەدا خوای کاربەجێ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ...

﴿٤٨﴾ ﴾النساء، واتە: خوا لەوە نابووری هاوبەشی بۆ پەیدا بکری، بەڵام جگە لەوە خوا لە هەر کەسێك یان لە هەر شتێك بیەوێ دەبووری، ئنجا لەبارەی ئەم ئایەتەوە، ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ أَبِي ذَرٍّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللهِ ﷺ ذات لَيْلَةً فقرأ بِآيَةٍ حَتَّى أَصْبَحَ يَرْكَعُ بِهَا وَيَسْجُدُ بِهَا: ﴿ إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، فَلَمَّا أَصْبَحَ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! لَم تزل تَقْرَأُ هَذِهِ الآيَةَ حَتَّى أَصْبَحْتَ، تَرْكَعُ بِهَا وَتَسْجُدُ بِهَا، قَالَ: إِنِّي سَأَلْتُ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ الشَّفَاعَةَ لِأُمَّتِي فَأَعْطَانِيهَا وَهِيَ نَائِلَةٌ إِنْ شَاءَ اللهُ لِمَنْ لا يُشْرِكُ بِاللهِ عَزَّ وَجَلَّ شَيْئًا﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢١٣٦٦)، قال الشيخ شعيب الأرناؤوط:

إسناده حسن} ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ هەتا ڕۆژ بووەوە شەونوێژی کرد، یەك ئایەتی دەخوێند، ئایەتەکەی دەخوێند چەندان جار دووبارەی دەکردەوەو، دووبارەی دەکردەوە، دوایی دەچووە ڕکووع، وە دەچووە سەجدە، دووبارە هەڵدەستایەوە، لە ڕکاتەکانی دیکەشدا هەر ئەو ئایەتەی دەخوێند، ئەویش ئەمەیە: ﴿ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئەگەر سزایان بدەی، بەندەی خۆتن‌و ئەگەر لێشیان ببووری تۆ زاڵ‌و کاربەجێی، (یانی: پێغەمبەر ﷺ لە شەو نوێژەکانیدا جا سەعاتێك بووە، دوو سەعات بووە، چەند بووە، هەر ئەو ئایەتەی خوێندوە، لە هەموو ڕکاتەکاندا)، کاتێك بەیانی کردووە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ تۆ ئەم ئایەتەت دەخوێندەوە، هەتا بەیانیت کردووە، هەر دوای خوێندنی ئایەتە کە تۆ ڕکووعت دەبردو سەجدەت دەبرد، واتە: تەنیا ئەو ئایەتەت دەخوێند لە دوای سووڕەتی فاتیحە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من داوام لە پەروەردگاری زاڵ‌و مەزنم کرد، کە ڕێگام بدات تکا بۆ ئوممەتەکەم بکەم‌و داوای لێبوردنیان بۆ بکەم لە قیامەت، خوای پەروەردگاریش ئەو هەقەی پێدام کە من بۆم هەیە لە قیامەت داوا بۆ ئوممەتەکەم بکەم، وە ئەو شەفاعەتەی من ئەگەر خوا بیەوێ بە نسیب هەر کەسێك دەبێ، کە هیچ شتێك نەکاتە هاوبەشی خوا، (واتە: بە نسیب هەموو ئیمانداران دەبێ، مادام تووشی شیرکی گەورە نەبووبن).

هەروەها دەشگونجێ مەبەست لە ڕستەی: ﴿ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئەوەبێ کە بە ڕەحمەت‌و لێبووردنی فراوان‌و بێسنووری خوا ئومێدەواریان بکات‌و، تەماعی لێبووردنیان وەبەربنێ، ئەگەر دەست لە کوفرو شیرکەکەیان هەڵگرن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا!

**مەسەلەی حەوتەم:** کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ ۚ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ

﴿ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾، خوای پەروەردگار دوای ئەو وتووێژە لەگەڵ عیسادا، ڕایگەیاند: ئەم ڕۆژە ئەو ڕۆژەیە كە ڕاستان لە ڕاستیی خۆیان بەهرەمەند دەبن، چەند بەهەشتێكیان هەن، چەند باغێكیان هەن ڕووباریان بەژێردا دەڕۆن، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە، خوا لەوان ڕازییە، ئەوانیش لە خوا ڕازیین، وە ئەوەش بردنەوەی مەزنە.

ئەوەی لێرەدا پێویستە باسبكرێ، ئەوەیە كە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ ﴾، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە كە ڕاستان لە ڕاستیی خۆیان بەهرەمەند دەبن، وشەی (صادق) ئەوە نیە كە تەنیا قسەی ڕاست بێ و زمانی ڕاست بێ، بەڵكو دەبێ دڵی ڕاست بێ، قسەی ڕاست بێ، كردەوەی ڕاست بێ، لەگەڵ خۆی ڕاست بێ، لەگەڵ خەڵكی ڕاست بێ، لەگەڵ خواش ڕاست بێ، پەنهانی ڕاست بێ، ئاشكرای ڕاست بێ، لەگەڵ دۆست ڕاست بێ، لەگەڵ دوژمن ڕاست بێ، ڕاستیی (صدق)یش ئەوەیە كە ئەو قسەیەی ئینسان دەیكات، لە دڵیشی دابێ، وە كردەوەشی پێ بكات، وە ڕواڵەت و پەنهانی وەك یەك بێ، ئاشكراشە كە كاتێ ئینسان لەگەڵ خوادا ڕاست دەبێ، واتە بەندەیەكی ڕێك و ڕاستی خوا دەبێ، وە شوێنكەوتوویەكی ڕێك و ڕاستی پێغەمبەر ﷺ دەبێ، وە پابەندێكی ڕێك و ڕاستی شەریعەت و قورئان و سوننەت دەبێ، ئینسان ئەگەر لەگەڵ خوادا ڕاست بوو، لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ، لەگەڵ ئیسلام دا، لەگەڵ شەریعەتدا ڕاست بوو، ئەوكاتە لەگەڵ خەڵكیشدا ڕاست دەبێ، پێچ و پەنای نابێ قۆرت و گرێ و درۆ و دەلەسەی نابێ، ڕواڵەت و ئاشكرای پێچەوانەی یەكدی نابێ، قسەو كردەوە، یاخود قسەی زارو دڵی لە یەك جیا نابن.

كە دەفەرموێ: ﴿ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ﴾، لە قورئاندا هەمیشە ڕەزامەندیی خوا پێش خراوە، خوا لەوان ڕازییەو، ئەوانیش لە خوا ڕازین، بۆچی؟ چونكە دەبێ ئینسان بۆخۆی پێشێ وابێ كە خوا لێی ڕازی بێ، شایستەی ئەوەبێ خوا لێی ڕازی بێ، ئنجا دوایی خوای پەروەردگار ئەویش لە خۆی ڕازی دەكات، خوا بە چی لە ئێمە ڕازی دەبێ؟ بەگشتی بە یەك شت، ئەویش ئەوەیە دەفەرموێ:

﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣﴾ المائـدة، واتـە: ئیسـلامم بـە دیـن، بـە بەرنـامە بـۆ پەسـەندكردن، هـەر كەسـێك بـەدوای ئـەو بەرنـامە پەسـەندكـراوە بكـەوێ، كە خـوا لـێی ڕازییـە، كە ئیسـلامە، خـواش لێی ڕازی دەبێ، ئەو ئیسـلامەش دیـارە ئیمـانو عەقیـدەو، عیبـادەتو تـەقواو، حـوكمو سیاسـەتو هـەموو ڕەهەنـدو لایەنەكـانی ژیـان دەگرێتـەوە، هـەر كەسێك بـەدوای بەرنامـە پەسـەندكراوەكـەی خـوا، ئـەو بەرنامەیـەی كـە خـوا لـێی ڕازییـە، بكـەوێ، خـوا لێـی ڕازی دەبـێ، هـەر كەسـێكـیش لـە دنیـادا وایكـرد، خـوا لـێی ڕازی بـێ، لـە قیـامەتدا خـوای پەروەردگـار ئـەو لـە خـۆی ڕازی دەكـات، بەڵكـو مـن دەڵـێم هـەر لـە دنیاشـدا ڕازیـبوونی خـوا لە ژیانی ئینسـاندا دەردەكەوێ، وە ڕازیـبوونی ئینسـانیش لە خـوا، دەردەكەوێ، ئەویـش ئەوەیـە كـە ئەهلـی تەصـەووفو عیـرفان، دەڵێن: بـەرزترین مەقامی مامەڵـەی ئینسـان لەگـەڵ خـوادا، ئەوەیـە كـە لـە خـوا ڕازی بـێ، بەڵـێ پلە ڕازیبوون (مقـام الرضا) بەرزترین پلـەیە، ئەویش ئەوەیە بە جۆرێك بـێ كـە: خـوا هەر شتێكت بەسەربێنـێو، هـەر چۆنێكـت مامەڵـە لەگەڵـدا بكـات، ڕازی بـێو لـە خـوا تووڕە نـەبی، گلـەییت نەبێ، لە دڵـدا گلـەییت نەبـێ، ئەگەرنا هونـەر نیـە بـە زمان دەرینەبڕی، بەڵام دڵـت پڕبـێ لـە گلـەییو ڕەخنــە لـە خـوای پەروەردگـارو كـاربەجـێ!! بەڵكو دەبێ بە دڵـیش هیچ ڕەخنــەو گلــەییو گـرژییەكـت لەگـەڵ خـوای پەروەردگـاردا نەبـێ.

**مەسـەلەی هەشـتەمو كۆتـایی:** كە خـوا دەفـەرمـوێ: ﴿لِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا فِيهِنَّۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرُۢ ١٢٠﴾، موڵـكی ئاسـمانەكانو زەویو هەرچـی تێیـاندایـە هـی خـوایە، وە خـوا ﷻ بەسـەر هـەموو شـتێكدا بـە توانـایە، كەواتـە: عیساو مەریـەم دوو بەندەی خـوانو لـە سنووری مـوڵكی خـوادان، وە خـاوەنی هیچ شـتێك نـین، تـەنیا بەنـدەی خـوان، كەواتـە: ئـەی نەصـڕانییەكان! ئێـوە بەهەڵـەدا چـوون، وە ئـەی بتپەرسـتەكان! هـەموو ئـەو شـتانەی كـە لـە جیـاتی خـوا دەیانپەرسـتن، هـەموویان موڵـكی خـوانو، دروسـتكـراوی خـوانو، بەنـدەی خـوان، ئەگەر فریشـتەو جنـدو ئینسـان بـن، یـاخود موڵـكی خـوان، ئەگـەر شـتەكان بـن، وە

هەموویـــان خـــوا هێنـــاونیـــە دی، کەواتـــە: شـایســـتەی پەرســـتـــران نـــین، ئـــەو کەســـە بپەرســـتن خـــاوەنی هـــەموو شـــتێکەو بەدیهێنـــەری هـــەموو شـــتێکە، پـــەروەردگارو مشـــوورگێڕی هـــەموو شـــتێکە، وە لەســـەر هـــەموو شـــتێکیش بەتوانـــایە.

لێرەشـــدا دێینـــە کۆتـــایی تەفســـیری ســـوورەتی موبـــارەکی (المـائدة).

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دوا پێداچوونەوەی، شـەوی : ٢٦ - رمضان - ١٤٣٥ ك

بەرانبەر شـەوی ٢٤/٢٥- تەمووزی – ٢٠١٢ ز

والحمد لله الّـذي بنعمته تَتِمُّ الصالحات

# سەرچاوەكان

١) تفسير الطَّبَرِي الْمُسمى جامع البيان في تأويل القُرآن لأَبي جَعفَر محمد بن جرير الطَّبَرِي، تحقيق: هاني الحاج، عماد زكي البارودي، خَيْرِي سعيد، المكتبة التوفيقية، ٢٠٠٤ القاهرة.

٢) المِصباَحُ الْمُنِير في تَهْذِيب تفسير ابن كثير للإِمام الجليل عِماد الدِّين أَبي الفِداءِ إِسْماعيل بن عُمَر بن كَثير القرشي الدمشقى، إِعداد جماعَة مِنَ العُلَماء، بإِشراف الشيخ صَفي الرحمن المباركفوري، دار السلام، الطبعة الثانية (١٤٢١هـ - ٢٠٠٠ م).

٣) التفسير الكبير أَو مَفَاتيحُ الغَيْب للإِمام فَخْرَالدِّين محمد بن عُمَرَ بن الحسين بن الحسن ابن علي التميمي البكري الرازي الشافعي، حَقَّقَهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ وَخَرَّجَ أَحَاديثهُ عِماد زكي البارودي المكتبة التوفيقية.

٤) الجامع لأحكام القُرآن، تفسير القُرطُبي لأبي عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القُرطُبي، حَقَّقَهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ عِماد زكي البارودي، خَيْري سعيد، المكتبة التوفيقية.

٥) أَحْكَام القُرْآن لأبي بَكر محمد بن عبدالله المعروف بابن العربي، راجع أصولهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الأولى (١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م).

٦) فتح القدير، الجامع بين فني الرواية و الدراية من عِلم التفسير (تفسير الشوكاني) تأليف: الإمام العلامة محمد بن علي بن محمد الشوكاني، تحقيق: عبدالرزاق الْمَهدي، دار الكتاب العربي، الطبعة الأولى (١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م).

٧) تفسير القاسمي الْمُسمى محاسن التأويل، تأليف: علامة الشام محمد جمال الدين القاسمى، دار الفكر الطبعة الأولى (١٣٩٨هـ - ١٩٧٨م).

٨) تفسير المراغي تأليف أحمد مصطفى المراغي، دار الفكر، بيروت.

٩) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام الْمَنان، تأليف: العلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي، تحقيق: عبدالرحمن بن معلا اللويحق مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى (١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م).

١٠) صفوة البيان لِمَعَاني القُرآن، تأليف: الشيخ حسين محمد مخلوف الطبعة الثالثة.

١١) صفوة التفاسير، تأليف: العلامة محمد بن علي الصابوني، مكتبة الهداية، أربيل/ العراق، الطبعة الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م).

١٢) تفسير القُرآن الحكيم الشهير بـ (تفسير المنار) تأليف: محمد رشيد رضا، دار المعرفة، الطبعة الثالثة.

١٣) الأساس في التفسير، تأليف: سعيد حوى، دار السلام، الطبعة الثانية (١٤٠٩ هـ - ١٩٨٩م).

١٤) في ظِلال القُرآن، تأليف: سيد قطب دار الشروق، الطبعة الشرعية الخامسة والعشرون (١٤١٧ هـ - ١٩٩٦م).

١٥) التفسير الْمُنير في العَقِيدة والشَّرِيعَة والْمَنْهَج، تأليف: الأستاذ الدكتور وهبة الزحيلي، دار الفكر الطبعة الثالثة (١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥م).

١٦) مُفرَدات ألفاظ القُرآن، تأليف: العلامة الراغب الأصفهاني، تحقيق: صفوان عدنان داوودي، دار القلم، الطبعة الثالثة (١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢م).

١٧) المعجم الوسيط، دار الدعوة، الطبعة الثانية.

١٨) لُباب النقول في أسباب النزول، للإمام الحافظ جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي خَرَّجَ أَحاديثهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ عبدالرزاق الْمَهْدِي، دار الكتاب العربي (١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٦م)، (أسباب النزول) للنيسابوري.

١٩) الْموطأ للإِمام مالك بن أنس برواية يحيى بن يحيى الليثي، تحقيق: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨ م)، (أسباب النزول) للواحدي.

٢٠) الْمُسنَد للإِمام أحمد بن محمد بن حنبل، الناشر مؤسسة قرطبة، القاهرة، الأحاديث مذيلة بأحكام شعيب الأنؤوط عليها.

٢١) صَحِيح البُخَارِي للإِمام أبي عبدالله محمد بن إسماعيل البُخَارِي، تحقيق: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار الْمعرفة، الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م).

٢٢) صَحِيح مسلم للإِمام الحافظ مسلم بن الحجاج النَّيسابوري، حقوق أصولُهُ و خَرَّجَ أَحاديثهُ على الكتب الستة: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٢٣) سُنَن أبي داود للإمام أبي داود سُليمان بن الأشعث السجستاني، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المْعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٢٤) سُنَن التِّرمِذِي للإمام الحافظ محمد بن عيسى بن سورة التِّرمِذِي، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المْعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٢٥) سُنَن النَّسَائي للإمام أبي عبدالرحمن أحمد بن شعيب بن علي الشهير بـ(النَّسَائي)، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المْعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨م).

٢٦) سُنَن ابْنُ مَاجَهْ، للإمام أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني الشهير بـ (ابْنُ مَاجَهْ)، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المْعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨ م).

٢٧) سُنَن الدار قُطني، للإمام الحافظ علي بن عُمر الدار قُطني، تحقيق: مجدي بن مَنصور بن سي الشورى، دار الكتب العلمية، الطبعة الثانية (١٤٢٤هـ - ٢٠٠٣ م).

٢٨) الْمُستَدرَك على الصحيحين للإمام الحافظ أبي عبدالله الحاكم النَّيسابوري، تحقيق: صالح اللحَّام، دار ابن حزم، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٢٩) صَحِيح ابْنُ حِبَّان للإمام أبي حَاتِم محمد بن حِبَّان الخُراساني، تحقيق: حقوق أصولهُ وخَرَّجَ أَحاديثه: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار الْمعرفة، الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م).

٣٠) الْمُعجم الكبير للحافظ أبي القاسم سُليمان بن أحمد الطَّبَرَاني، حَقّقَهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ حمدي عبدالمجيد السلفي، مكتبة الأصالة والتُّراث، الطبعة الأولى ( ١٤٣١هـ - ٢٠١٠ م).

٣١) سُنَن الدَّارمي للإمام أبو محمد بن عبدالرحمن بن الفضل بن بهرام الدَّارمي، حَقَّقَهُ وَشَرَحَ ألفَاظَهُ وَجُمَلَهُ وَعَلّقَ عَلَيهِ وَوَضَعَ فَهارِسَهُ: الأستاذ الدكتور مصطفى ديب البغا، دار المصطفى، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٣٢) مشكاة المصابيح، تأليف: محمد بن عبدالله الخطيب التبريزي، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، الطبعة الثانية (١٤٠٥هـ - ١٩٨٥ م).

٣٣) إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، تأليف: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، الطبعة الثانية (١٤٠٥هـ - ١٩٨٥ م).

٣٤) السراج الْمُنير في ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير، للحافظ جلال الدين السيوطي، العلامة محمد ناصر الدين الألباني، رتبهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ: عصام موسى هادي، دار الصديق، الطبعة الثانية (١٤٣٠هـ - ٢٠٠٩م).

٣٥) السنن الكبرى تصنيف: الامام أبي عبد الرحمن أحمد بن شعيب النسائي، تحقيق: دكتور عبدالغفار سليمان البنداري، وسيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية بيروت – لبنان، الطبعة الاولى (١٤١١ هـ - ١٩٩١ م).

٣٦) سلسلة الأحاديث الصحيحة، تأليف: مُحَمَّد ناصر الدّين الألباني، رحمه الله، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، الطبعة الأولى.

# نێوەرۆک